# ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە هەولێر

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

بەرگی یەکەم

٢٠١٨

لەسەر ئەركی بەڕێز دەرباز كۆسرەت ڕەسوڵ چاپ كراوە

ناوی كتێب: ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ك) لە هەولێر
ئامادەكردنی: حەیدەر مەنتك
بەرگ: یەكەم
دیزاین: ئەكرەم فەرەیدون
تایپ: حەیدەر مەنتك
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
نۆرەی چاپ: یەكەم
چاپخانەی:

ژمارەی سپاردن:

# پێشکەشە....

- بەروحی پاکی شەهیدان... بەدایکی خۆشەویستم... بە مامۆستا نازداری هاوسەرم.. بە یارەو لاڤەی کچم.. بە ئەحمەدی کورم.. هاوسەرو منداڵەکانم لەماوەی (٣٠) مانگی کارکردنم لە پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێر زۆر هاوکارم بوون، لەزۆر سەردان و گەشت و خۆشیەکانی ژیان لەم ماوەیەدا بێ بەشم کردن......

**حەیدەر مەنتک**



# بۆ مەرگی ناوادەی (بڕیار)ی جوانە مەرگ

بیرت دەکەم (بڕیاری) خاوەن بریار... هەواڵی کۆچی ناوادەت لە ٢٠١٨/١/١١ کوچەو کۆڵانەکانی شاری پڕ پڕ کرد لەخەم و فرمێسک، تۆ تەمەنێکی کەم و دونیایەک چالاکی و بیرەوەریت بۆ هاوڕێ و هاوبیرەکانت جێهێشت. تۆ بەتەمەن بچووک، بەڵام بیرکردنەوەیەکی جیاواز، بڕیار گیان، تۆ لەهەر کوێ بوو بیت، کارو چالاکی رێکخراوەیی لەوێ بووە، تۆ لە کوێ بووبیت، دەردەشەو پلانی کار لەوێ بووە.

برا جوانەکەم، خۆزگە چاوێکت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک بوایە، بزانە گەنجان و خوێندکاران و کادیرانی هەولێر و شارەکانی تر بۆ ئەم کۆچە ناوەختەت، چۆن پرسەدار و خەمباربوون. تۆ رۆیشتی، وەلێ هەڵوێست و پێشنیار و قسە مانادارەکانت لەهزر و بیری ئێمە مانان دەخولێتەوە.

ئەگەر لەماوەی سێ ساڵی رابردوو بە پۆستەکانی کاکە بڕیاری کۆچکردوو چاو بخشێنینەوە، دەبینین چەندین جار لە دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ حزبی شەهیدان و ئەو یەکێتییەی میللەتێک هیوای لەسەر چنی بوو، بۆ گەڕانەوەی یەکڕێزی و تەبایی نێوان سەرکردەکانی، چەندین پێشنیار و داواکاری نوسیووە، دەیان نووسین و پۆستی بۆ سەرکردایەتی و گەڕانەوەی مسداقیەت و پێگەی یەکێتی بووە لە حزب و حکومەت.

ئەو تەنها ئامانجی سەرکەوتنی یەکێتی بوو، نەوەک دەستکەوتی کەسی. ماوەتەوە بلێم، دوو ساڵ لەمەوبەر کاکە بڕیارم لەرێگای کاک دەشتی کانی لەلەیی ناسی و ووتی لاوێکی خوێن گەرم بەسەلیقەو دڵسۆز هەیە، ئەگەر بۆ پرۆژەی نووسینی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەولێر، لە بواری فۆتۆشۆپ کارت پێ بوو، هاوکارێکی سەرسەخت دەبێ و خۆبەخشانە دێتە پێش.

لە راستیشدا هەر وا دەرچوو.. چەندین وێنەی شەهیدانم بۆ نارد کە پێویستیان بەرتووش و لابردن و چاککردن هەبوو، رۆژێک لەرۆژان سەرگران نەبوو، هەمیشە دەیووت من لە خزمەتی شەهیدان دام. ئەو هاوکارێکی خۆبەخش و دڵسۆزی ئەم پرۆژەیە بوو، زوو زوو، لە چات و پەیوەندی تەلەفۆنی هەواڵی ئەم پرۆژەی لێ دەپرسیم، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودایی نەدا، ئێستا لەگەڵمان ئەم پەرتووکە بەنرخەی شەهیدان بەچاوی خۆی ببینێ.

روحی کاکە بڕیار شادو جێگای بەهەشت بێت.

# وتەیەک

شەهیدبوون و گەیشتن بەپلەی شەهادەت ترۆپکی گیانفیدایی و قارەمانێتی ئەو مرۆڤانەیە کە ژیان و گیانی خۆیان لەپێناو خاک و نیشتمان و نەتەوەدا بەخت دەکەن، بۆیە خەونی هەموو شۆڕشگێڕ و قارەمانێکی ڕاستەقینە گەیشتنیەتی بەو پلە بەرزە.

شۆڕشەکانی کورد بەدرێژایی مێژوو بەخوێنی شەهیدە قارەمان و سەربەرز و گیانلەسەر دەستەکان گەیشتۆتە ئەنجام و ئامانجی پیرۆز و ڕەوای خۆی پێکاوە، بۆیە دەبێ هەموومان لەئاست گڵکۆی شەهیدان دەست لەسەر سنگ و بەوپەڕی حورمەتەوە بوەستین.

ژیان و خەبات و قوربانیدانی هەریەک لەشەهیدانی گەلەکەمان ئەوە دەهێنێ دەیان و سەدان کتێب و نووسینی لەبارەوە بنووسرێ، هەر ئەوەشە وایکردووە بەوپەڕی شانازییەوە هەموومان مێژووی پڕ سەروەرییان بخوێنینەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان هەوڵێکی بچووک، هەنگاوێکی پیرۆزە بۆ خزمەتکردنی شەهیدان و نووسینەوەی مێژووی پڕ شکۆ و سەروەرییان، کە لە دواجاردا پێویستە هەموو داستان و نەبەردی و سەروەرییەکانی شەهیدان لەدوو توێی کتێبی مێژوویی، بەرهەمی ئەدەبی، فیلمی سینەمایی بەدیکۆمێنت بکرێ.

بۆ من...

شەهیدان ئەوپەڕی شانازین و خزمەتکردنیان ئەرکی هەرە لەپێشمە، چونکە باش دەزانم و تێدەگەم شەهیدان چ سەروەتێکی لەبن نەهاتوون بۆ ئەم گەلە، بۆیە شانازییەکی گەورەیە کە بتوانم بە گرتنە ئەستۆی چاپکردنی ئەم کتێبە خزمەتێکی بچووک بە خانەوادە سەربەرزەکانی شەهیدان بکەم و پێشیان بڵێم گیانفیدایی و قارەمانێتی شەهیدانمان ئەمڕۆی بۆ ئێمە بنیاتناوە، بۆیە ئەرکە لەسەرمان بیپارێزین.

**دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ**

# شەهیدان ڕەمزی نەبەزینن

نیشتیمانی ئێمە کەشتیەکە و شەپۆڵە هار و دڵبەردینەکانی چوار دەورمان، هەموو ڕۆژێ باجی هەناسە و ژیانی کوڵەمەرگیمان لێدەستێنن، هەموو جەستەی زامە و خوێنی لێدەچۆڕێ، لەم شەڕی مان و نەمانە تەنیا پیاوە جەربەزەکانی نیشتیمان شک دەبەین بەزەبری خوێن دەمانپارێزن، بۆیە نیشتیمان بۆتە گۆڕستانێک و ڕۆژانە جەستەی پۆلە هەڵۆ لە خۆ دەگرێ، گیانی هەلۆکانیش لەئاسمانەوە بەرزبەرز بە سەر سەرمانەوە دەفڕێ، ئێمەی کورد نەتەوەیەکی سیاچارە و بەدبەختین، وەک لە تەوێڵمان نووسرابێ، دەبێ یان بجەنگین یان ڕەوبکەین، بەڵام زۆربەی کورد مەتەرێزی بەرەنگاری لە خاک و ماڵ وزێدی خۆی هەڵبژاردووە، بێگومان ئەو هەڵبژاردەیەش باجی دەوێ، کە پیاوە جوامێر و گیانبازەکان بێ سڵەمینەوە دەبنە سەرمەشقی کاروانی تێکۆشان و تا ئەوساتەی دەبن بە ئەستێرە و هەیڤی نیشتیمان، هەر ئەوانن دەستی هانا، بۆ گەلی بێ پشت وپەنا، خوێنی ئەوان بوو شۆڕشی نوێ بە قەندیلی باوەڕ هەڵزنا، خوێنی ئەوان بوو بوو بە چرا لەتاریکستانی دەروونمان داگیرسا، کاروانی بێ قۆناغی شۆڕشی نوێ، بە خوێنی ئەوان بوو، ئەمڕۆ و دوێنێ، زۆر هەورازی سەختی تەخت کرد، تەمی نسکۆی لەسەرچاومان لابرد، سامی سێدارەی بە دروشمی کەم ژیان وکەڵ ژیانی سەرکردەکانی شکاند،بە قەڵەمی پێشەنگە ڕووناکبیرەکانی تفەنگی لە تەنیایی ڕزگارکرد، بە پێشمەرگە ئەفسانەییەکانی شکۆی پارێزگاری بەعسیەکانی لە ناو جەرگەی شاری هەولێر شکاند، بە سەبری پێشمەرگەو فەرماندەکانی قەرەچوغ وبەڕانەتی و سەفین و باڵەکایەتی و کۆیە و دێدەوان، شەمامک، خەباتی پارتیزانی بێ ئاوەدانی کردە ناسنامەی شۆڕشی نوێ، شەهیدان هەڵگری پەیامێکن بۆ دواڕۆژێکی گەش وئاسوودەبۆ گەل وخاک، مێژووی یەکێتی مێژووی شەهیدەکانیەتی، ئەگەر هەموو شانازیەکانیتر لە یەکیەتی بسەننەوە، سیمای شەهیدەکانیان پێ ناسرێتەوە، زۆرن ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕانەی ئێش و ئازار و زوڵم وستەم، بۆتە هەوێنی هەڵگرتنی ڕقی پیرۆز لە لایان، کە شەهیدبوونیان بە لە دایک بوونێکێ نوێ زانیوە، هەربۆیەش دڵیان بەوە ئارامی گرتووە کە بە دڵۆپە خوێنی گەشیان بستێک لە خاکی لەت لەت کراوی نیشتیمان ئاوبدەن، هەربەو عەشقەوەش چوونەبەرەو پیری مەرگەوە، ئەو دەنگە ناسازانەش کەلە مانای شەهیدبوون ناگەن، لە خۆشەویستی نیشتیمان بێبەرین، هەوای دیلی وژێردەستی لە هەوای ئازادی، جیاناکەنەوە، لە ئاست قامچی جەلاد و خوێنڕێژەکان بێ دەنگ و بێ هەڵوێستن، خوێنی ئاڵی شەهیدێک وخوێنی ڕەشی نۆکەرێک لێک جیاناکەنەوە، ڕوباری خوێنی شەهیدانی یەکێتی کە شەهیدانی هەموو کوردستانن، چونکە هەر شۆڕشگێڕێک کە شەهیدبوو لە بازنەی حزب و ئایدۆلۆژیایەک دەردەچێت و دەبێتە موڵکی میللەت، چونکە حزب ئامرازە لەوانەیە ڕۆژێک ئەو ئامڕازە نەمێنێ، بەڵام شەهید هەر زیندووە، شەهید و پێشمەرگە دووانەی سکێکن هەر پێشمەرگەیە شەهید دەبێ، (ی ن ک) کە خاوەنی بیست هەزار شەهیدی سەنگەرە،جگە لە شەهیدانی ئەنفال و بێ سەروشوێن، هەر شەهیدە و حەکایەتێکی داستانی گیانبازی و قوربانیدانی هەیە، شەهیدانیش هەموویان سەروەرن، بۆیە کفرە لە یاد کردن و فەرامۆش کردنی هەریەکێکیان، گەرچی دەزگاکانی شۆڕشی نوێ لە شاخ دوو ژمارەیان لە (دەفتەری سەرەوەری) چاپکرد، بەڵام بە داخەوە بەردەوام نەبوون، تا ئەوساتەی

ئەو وشانە؛ دەنووسم  هیچ شتێک لە ئارادانیە، بۆ چاپکردن و کۆکردنەوەی ژیاننامەی شەهیدان، دەبێ دەزگاکانی یەکیەتی بچنە ژێرباری ئەم کارە، چونکە نووسینەوەی ژیاننامەی شەهیدان هەم نووسینەوەی مێژووە، هەم ڕێزلێنانە لە گەورەیی ئەو سەروەرانەی نیشتیمان، بۆیە لێرەدا ئەو ماندووبونەی حەیدەر ئەحمەد بەرز دەنرخێنم کەبە هەوڵی  تاک لایەنە چۆتە ئەو مەیدانە وئەو ئەرکە پیرۆزەی خستۆتە سەرشانی خۆی، کە نووسینەوەی ژیاننامەی شەهیدانی هەولێرە، ئەم کارە مشتێکە لە خەروارێک، لەم بەرگەدا کەژیاننامەی ٤١٥ شەهید لە خۆ دەگرێ، کەبەرهەمی  ٣٠ مانگ شەونخونی و گەڕان وسۆراغی خانەوادەی شەهیدانەبۆ ئەوەی زانیارییەکانی پوخت وبێ هەڵەبن، لەم پێشەکیە جگە لە دەست خۆشی و پیرۆزبایی لێکردن کە شانی داوەتە بەر کارێکی گەورە، کەهیلاکی و ماندووبوونی زۆری دەوێ، بەڵام جێی ڕێز و ئیرەیی پێبردنە کە ئەو شانازیەی بەردەکەوێ، دەبێ بە دۆستی شەهیدان، کەلای من لە هەموومان گەورەتر و شکۆدارتر و خۆشەویستن، دەست خۆشی لە کاک حەیدەر مەنتک دەکەم و هیوادارم بەردەوام بێ، پرۆژەکەی بگەیێنێتە سەر و یەک شەهیدی ڕاستەقینە لەسنوری هەولێر نەمێنێ ناوی نەکەوتێبێتە ئەم دەفتەری سەروەریە، هیواداریشم دەزگا پەیوەندیدارەکانیش لە پرۆژەی گەورەتر نووسینەوەی مێژووی شەهیدانی یەکیتی  بکەنە خەم، چونکە زۆر لەسەروەرییەکانی یەکێتیان لێ دزین، هەر مێژووی شەهیدەکان ماوە، با بەهەموومان بیپارێزین.

**د.عەبدولواحید ئیدریس شەریف**

# چەند وشەیەک ......

سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ گەورەیی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و مرۆڤایەتی دادەنوێنم  بێگومان ئەستەمە بتوانم لەڕێگەی چەندین بەرگی کتێب و نامیلکەوە، باس لە گەورەیی شەهیدان بکەم ،بەڵام هەوڵمداوە، لەڕێگەی ئەم کارە بچووکەوە، بەمەبەستی بەدیکۆمێنت کردنی، ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، سەرەتا لەسنووری پارێزگای هەولێر، دەستم پێکردووە لە دووتۆیی چەند بەرگێک، ژیاننامەو وێنەکانیان چاپ بکەم  بێگومان، دەسپێکی ئەم پرۆژەیە، دەبێتە ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەسنووری پارێزگای هەولێر، کە دووساڵ و نیو لەمەوبەر دەستم پێیکردووە  لەماوەی کارکردنم لە (٣٠) مانگی ڕابردوودا، بۆ بەشی یەکەمی ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەسنووری پارێزگای هەولێر ژیاننامەی (٤١٥) شەهید بۆ بەرگی یەکەم بەچاپ دەگەیەنم  بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەم لەئەنجامی نەبوونی دامەزراوەیەکە کە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی نوێ لەهەولێر لێ دەست بکەوێ وەک سەرچاوە جگە لە لیستی مووچەی شەهیدان بەهەندێ زانیاری سەرەتایی بۆیە وەک خۆبەخشێک وەک وەفایەک بۆ گیانی پاکی شەهیدان، بۆ سەربەرزی ڕۆڵەو خانەوادەکانیان هەڵسام بەم کارە پیرۆزە، ئومێد دەکەم بتوانم لە ئاست گەورەیی و پیرۆزی شەهیدان دابم  خوێنەرانی خۆشەویست، کەسوکاری شەهیدان ئەم پرۆژەیە بەچاپ کردنی ئەم بەرگە تەواو نابێ و کۆتایی نەهاتووە بەڵکو کاردەکەین وبەردەوامین لەسەر نووسین و بەدواداچوونی سەرجەم ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە پارێزگای هەولێر لەساڵی ١٩٧٦ تا شەڕی داعش، دەمەوێ بڵێم من بەرپرس نیم لە ناوەرۆکی سیڤیەکان بەتایبەتی لە مێژوو ژمارەکان چونکە لەخودی خانەوادەکانم وەرگرتووە، بۆیە هەرهەڵەو کەموکوریەکی هەبێت ئەوان بەرپرسن  لەکۆتایی دەمەوێ سوپاسی سەرجەم ئەوانە بکەم کە بەزانیاری و پێدانی ناوی خانەوادەی شەهیدان و پێدانی زانیاری دروست لەسەر شەهیدەکان و لێدوانیان بۆداوم و هاوکارم بوونە هەر لە خانەوادەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهیدان، بەتایبەتی سوپاسی کاک (دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ) دەکەم پەرۆشانەو خەمخۆرانە هاوکارو پشتیوانی بەردەوامم بووە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی ی ن ک لەهەولێر)، جێگای ڕێزو سوپاسە هەمیشە بەوردی لە کەموکوڕی و کارەکانی کۆڵیوەتەوە، لەکۆتاییشدا ئەرکی لە چاپدانی خستە ئەستۆی خۆی، بەم ئەرکە پیرۆزەش جارێکی تر وەفای نواند بەرامبەر شەهیدە سەربەرزەکان  هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی (دکتۆر سامان جەلال، مەسعودی مەلا هەمزە، مامۆستا ئەکرەم فەرەیدون، دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس شەریف) بکەم کە کاتێکی زۆریان تەرخان کرد بۆ پرۆژەی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی ی ن ک لەهەولێر) دەست خۆشیان لێ دەکەم

هەروەها سوپاسی لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی هەولێر- پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر، نووسینگەی تایبەتی لێپرسراوی مەڵبەندی٣ی هەولێر، ستافی بەش و کۆمیتەکانی ڕێکخستنی سنووری مەلبەندی (٣) ی هەولێر، لێپرسراوی مەڵبەند و کادیرانی مەڵبەندی (١٤) کۆیە، کادیرانی مەلبەندی (٦) ی سۆران و کۆمیتە تێکۆشەرەکانیان، مەکتەبی سیاسی لەهەولێر، بارەگای مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگایەتی لەهەولێر، سەرجەم کۆمەڵەو لقەکانی پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری قەزای چۆمان و رواندزو کۆیە، ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی هەولێر، بارەگای ناوەندی کۆمەڵایەتی هەولێر  دەستخۆشی و دونیایەک سوپاسم بۆ هەڤاڵانی ئایتی (بروای خاڵە قاسم، ئاراس قادر حەکیم، بریار جەعفەر کەریم، بەختیار مەغدید، لەڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی لەهەولێر، عومەر تەها ئەحمەد لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) کەبەردەوام هاوکارم بوونە لە کارە تەکنیکی و هونەریەکانی پەیج و فەیسبووک و فۆتۆشۆپ و فۆرم بۆ کەیسی ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێر) دەتوانم بڵێم دەیان بەرپرس و کادیرو پۆلیس و شوفێرو کارمەند هاوکارم بووینە تا تەواوبوونی بەرگی یەکەمی ئەم پرۆژەیە سوپاسی گشت لایەک دەکەم ئەگەر بەتەنها وشەیەک، زانیاریەک هاوکارم بوونە  بۆیە بمبەخشن داوای لێ بوردن دەکەم کەناتوانم ناویان بهێنم، زۆربەشیان ئارەزوو ناکەن ناویان بهێنم چونکە وەک ئەرکی سەرشانیان هاوکارم بووینە، لەپێناو بەرز ڕاگرتنی گیانی شەهیدان  لەکۆتایی دەڵێم چەندین بەرپرس و دەزگاوکەس و لایەن ئامادەیان دەربری ئەم پرۆژەیە بۆچاپ کردن لە ئەستۆ بگرن من لێرەوە سوپاسیان دەکەم ئەمەش نیشانەی وەفاداریتیان

**حەیدەر مەنتک**
**٢٠١٨**

# ناوەڕۆک


| ژمارە | ناوی سیانی شەهید | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئاراس مامەند عوسمان | 21 |
| 2 | ئازاد سابیر تەها | 23 |
| 3 | (ئازد سەعدی عەلی) | 25 |
| 4 | ئازاد سەمیع حەمید | 27 |
| 5 | (ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا) | 30 |
| 6 | (ئازاد محەمەد ئەمین قادر) | 32 |
| 7 | (ئیبراهیم جەمیل مستەفا) | 34 |
| 8 | (ئیبراهیم ڕەسول کسبار) | 36 |
| 9 | (ئیبراهیم مەولود حەسەن) | 38 |
| 10 | (ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن) | 41 |
| 11 | (ئیدریس کاکل حوسێن) | 43 |
| 12 | (ئیسماعیل تەها ئەمین) | 45 |
| 13 | (ئیسماعیل حاجی حاجی) | 47 |
| 14 | (ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم) | 50 |
| 15 | (ئیسماعیل عەزیز عومەر) | 52 |
| 16 | (ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان) | 54 |
| 17 | (ئەبوبەکر عەبدڵڵا شەهاب) | 57 |
| 18 | (ئەبو بەکر ئیبراهیم ڕەحمان) | 59 |
| 19 | (ئەحمەد بایز حەمەدەمین) | 61 |
| 20 | (ئەحمەد برایم حەمەد) | 63 |
| 21 | (ئەحمەد جەمیل حەوێز) | 65 |
| 22 | (ئەحمەد حەمەدەمین ڕەزا) | 67 |
| 23 | (ئەحمەد حەمەدەمین ساڵح) | 69 |
| 24 | (ئەحمەد حەمەدەمین قادر) | 71 |
| 25 | (ئەحمەد عەزیز کەریم) | 74 |
| 26 | (ئەحمەد مەولود حەمەد) | 76 |
| 27 | (ئەحمەد محەمەد کەریم) | 78 |
| 28 | (ئەحمەد مستەفا مەلا) | 80 |
| 29 | (ئەحمەد مستەفا ئەحمەد) | 82 |
| 30 | (ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد) | 84 |
| 31 | (ئەسعەد حەمەد حەسەن) | 86 |
| 32 | (ئەسعەد ئیسماعیل سابیر) | 88 |
| 33 | (ئەکرەم عەزیز حوسێن) | 90 |
| 34 | (ئەکرەم عەلی عومەر) | 92 |
| 35 | (ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد) | 94 |
| 36 | (ئەنوەر شێخان) | 96 |
| 37 | (ئەیوب ڕەشید ئیبراهیم) | 98 |
| 38 | (بارزان تەها حەسەن) | 100 |
| 39 | (باوەجی ڕەحمان سادق) | 102 |
| 40 | (بەکر سدیق ئیبراهیم خەلیل) | 104 |
| 41 | (بەهرام ڕەسول حەسەن حەسەن) | 106 |
| 42 | (بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر) | 109 |
| 43 | (برایم ئەحمەد فەقێ ڕەسول) | 112 |
| 44 | (بورهان عەبدوڵڵا مستەفا ئیسماعیل) | 115 |
| 45 | (بورهان نەجم حەمەد ئیسماعیل) | 117 |
| 46 | (پوشۆ برایم عومەر ئیبراهیم) | 119 |
| 47 | (تاریق عەولا قادر) | 120 |
| 48 | (تاهیر سەلیم قادر حاجی) | 122 |
| 49 | (تەحسین عوسمان مەحمود یوسف) | 124 |
| 50 | (تەحسین ئەحمەد عەزیز) | 126 |
| 51 | (تەها عەبدوڵڵا یونس) | 128 |
| 52 | (تەها محەمەد داود مەحمود) | 130 |
| 53 | (تەیب عەزیز کەریم زەمان) | 132 |
| 54 | (تەحسین یوسف مستەفا وسو) | 134 |
| 55 | (جامی حەسەن ساڵح قادر) | 137 |
| 56 | (جەبار سیامەند حەوێز خدر) | 139 |
| 57 | (جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش) | 141 |
| 58 | (جەعفەر عەبدولواحید ئەحمەد سلێمان) | 143 |
| 59 | (جەعفەر مەحمود محەمەد مستەفا) | 145 |
| 60 | (جەمالەدین محەمەد ئەمین) | 148 |
| 61 | (جەمال عەزیز ئەحمەد قادر) | 151 |
| 62 | (جەمال مەولود پیرداود هەمزە) | 153 |
| 63 | (جەمال هادی ئیبراهیم حوسێن) | 155 |
| 64 | (جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە) | 157 |
| 65 | (جەمال ئیبراهیم مستەفا حەمەد) | 159 |
| 66 | (جەمیل ڕەسول مستەفا حەمەد) | 161 |
| 67 | (جەمیل ساڵح عەزیز) | 162 |
| 68 | (جەمیل عومەر ئەحمەد عەلی) | 165 |
| 69 | (جەنگی پیرداود مەولود پیرداود) | 166 |
| 70 | (جەوهەر حەوێز حەمەگوڵ) | 168 |

| | | |
|---|---|---|
| 71 | (جەوهەر خدر شێخە عەلی) | 171 |
| 72 | (جەوهەر محەمەد مەعروف ئیسماعیل) | 173 |
| 73 | (جەوهەر عەبدوڵڵا حەمەد حوسێن) | 175 |
| 74 | (جەرجیس قادر حەمەد مەلا) | 177 |
| 75 | (جەلال حەمەدەمین ئەحمەد حەمەدەمین) | 179 |
| 76 | (جەلال قادر عوسمان وەسمان) | 182 |
| 77 | (جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد) | 184 |
| 78 | (جەلیل ئەمین سادق) | 186 |
| 79 | (حاجی بەکر ئیبراهیم خدر) | 188 |
| 80 | (حەسەن حسێن حەمەدەمین رۆستەم) | 190 |
| 81 | (حەسەن حوسێن عەلی سلێمان) | 192 |
| 82 | (حەسەن سۆفی محەمەد ئەحمەد) | 194 |
| 83 | (حەسەن محەمەد حەسەن مەولود) | 196 |
| 84 | (حەسەن ئەحمەد سلێمان حەمەد) | 198 |
| 85 | (حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم) | 200 |
| 86 | (حەسەن ئەنوەر حەسەن زێندین) | 203 |
| 87 | (حەمەزیاد حەمەد مستەفا عەبدوڵڵا قادر) | 206 |
| 88 | (حەمە زیاد شەریف عەولا مەحمود) | 208 |
| 89 | (حەمەدەمین حەسەن حەمەدەمین) | 210 |
| 90 | (حەمید حەمەد قادر عوسمان) | 211 |
| 91 | (حەمید قادر حەمەد) | 213 |
| 92 | (حەیدەر جوکل ئیبراهیم فەندی) | 215 |
| 93 | (حەیدەر سادق یابە پیرداود) | 218 |
| 94 | (حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر) | 220 |
| 95 | (حەیدەر عەلی ئیسماعیل محەمەد) | 222 |
| 96 | (حەیدەر عەولا حەسەن) | 224 |
| 97 | (حەمەدەمین مەعروف حەمەد خدر) | 226 |
| 98 | (حوسێن حەسەن یوسف عەزیز) | 228 |
| 99 | (حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسول حەسەن) | 230 |
| 100 | (حوسێن محەمەد رەحمان خەلیفە) | 232 |
| 101 | (حوسێن مستەفا حەمەد نەبی) | 234 |
| 102 | (خالق رەحمان حوسێن تەها) | 236 |
| 103 | (خالید حەسەن حەمەد) | 238 |
| 104 | (خالید سابیر عوسمان) | 240 |
| 105 | (خالید سەعید ئەسعەد محێدین) | 242 |
| 106 | (خالید عەبدوڵڵا حارس ئەحمەد) | 246 |
| 107 | (خالید عەزیز مەعروف) | 248 |
| 108 | (خالید ئیسماعیل خدر ئۆمەر) | 251 |

| | | |
|---|---|---|
| 109 | (خەسرۆ تەها ئەحمەد ڕەسول) | 253 |
| 110 | (خەسرۆ عوسمان حەمەد) | 255 |
| 111 | (خەسرۆ هادی سمایل تەها) | 257 |
| 112 | (خەلیل ئەنوەر حەسەن زێندین) | 259 |
| 113 | (خدر عەزیز باپیر وسوو) | 261 |
| 114 | (خدر ئەحمەد عەولا ڕەسول) | 263 |
| 115 | (خورشید ئیبراهیم ئەحمەد شوان کارە) | 265 |
| 116 | (خولە عەزیز فەرحان قەرەنی) | 266 |
| 117 | (داود محەمەد داود فەقێ مەحمود) | 269 |
| 118 | (دلاوەر باپیر پیرداود عومەر) | 271 |
| 119 | (دڵشاد حەسەن خدر خدر) | 273 |
| 120 | (دڵشاد عەزیز محەمەد) | 275 |
| 121 | (دڵشاد غەفوور دەروێش ئەحمەد) | 277 |
| 122 | (دڵشاد محەمەد قادر کەریم) | 279 |
| 123 | (دلێر محەمەدئەمین قادر حەسەن) | 281 |
| 124 | (دەهام حەمەد باوە حەمەد) | 283 |
| 125 | (دێدەوان محەمەد ئەحمەد) | 285 |
| 126 | (ڕاوێژ نەسرەدین مامە کەریم) | 287 |
| 127 | (ڕەحمان سەیدۆک مەحمود مەولود) | 288 |
| 128 | (ڕەحمان مەولود محەمەد عەبدولعەزیز) | 291 |
| 129 | (ڕەسوڵ مەولود حەمەد مەولود) | 293 |
| 130 | (ڕەسوڵ ئەحمەد فەقێ ڕەسوڵ) | 295 |
| 131 | (رەشاد خدر کەریم حەمەد) | 297 |
| 132 | (رەشاد مراد مەلا وسو) | 299 |
| 133 | (ڕەشید حاجی حەمەدەمین) | 301 |
| 134 | (ڕەشید مەغدید قادر مەولود) | 303 |
| 135 | (رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود) | 306 |
| 136 | (رەمەزان حەمەد عەلی حەمەد) | 311 |
| 137 | (رەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەحمەد) | 312 |
| 138 | (رەمەزان عەلی ئیبراهیم ئەحمەد) | 314 |
| 139 | (رەمەزان عەزیز سەعید مەولود) | 316 |
| 140 | (رەمەزان محەمەد عەلی) | 318 |
| 141 | (رەمزی جەبار عەلی حوسێن) | 320 |
| 142 | (رەئووف سەعید عومەر حەسەن) | 322 |
| 143 | (ڕەئووف فەقێ مستەفا کاک محەمەد) | 324 |
| 144 | (رەسوو برایم مەحمود مەحمود) | 326 |
| 145 | (ڕەفیق عەولا قادر عەولا) | 328 |
| 146 | (رۆستەم عەلی عەبدوڵڵا) | 330 |

| | | |
|---|---|---|
| 147 | (رۆستەم مەولود حەسەن ئەمین) | 332 |
| 148 | (رۆستەم مەحمود فەتاح ساڵح) | 334 |
| 149 | (ڕێبوار سەعدی عومەر کەریم) | 336 |
| 150 | (زانا عەلی عەبدوڵڵا تەها) | 338 |
| 151 | (زاهیر سەلیم قادر حاجی ) | 340 |
| 152 | (زاهیر محەمەد خدر حەسەن) | 342 |
| 153 | (زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد) | 344 |
| 154 | (زاهیر خورشید ڕەسول) | 346 |
| 155 | (زەعیم عەزیز مستەفا مەحمود) | 348 |
| 156 | (زرار تەها ئەحمەد محەمەد) | 350 |
| 157 | (زیاد عوبێد قادر) | 352 |
| 158 | (زیرەک حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود) | 354 |
| 159 | (سابیر ڕەسول قادر حسێن) | 356 |
| 160 | (ساڵح حەمەد عەبدوڵڵا کاکل) | 359 |
| 161 | (ساڵح ڕەسول حەسەن حەمەد) | 361 |
| 162 | (ساڵح مەولود نادر عەزیز) | 363 |
| 163 | (سەباح خدر ئیسماعیل حوسێن) | 365 |
| 164 | (سەدرەدین عەلی محەمەد سەمیر) | 367 |
| 165 | (سەرباز رەشید حەمەد سمایل) | 369 |
| 166 | (سەرحان موحسین تۆفیق سەعید) | 371 |
| 167 | (سەردار سابیر عەزیز پیرداود) | 373 |
| 168 | (سەرکەوت عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا) | 375 |
| 169 | (سەرکەوت عەبدوڵڵا سمک) | 377 |
| 170 | (سەرکەوت ئیسماعیل خدر حەمەدەمین) | 379 |
| 171 | (سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود) | 381 |
| 172 | (سەعد محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد) | 383 |
| 173 | (سەعدی خەلیل سلێمان ئەحمەد) | 385 |
| 174 | (سەعدی عەزیز محەمەدئەمین) | 338 |
| 175 | (سەلام قادر ئەحمەد محەمەد) | 391 |
| 176 | (سەمەد برایم عومەر ئیبراهیم) | 393 |
| 177 | (سەمەد محەمەد ئیسماعیل) | 394 |
| 178 | (سەیفەدین عەزیز حاجی فەقێ مەحمود) | 397 |
| 179 | (ستار سادق محەمەدئەمین حوسێن) | 399 |
| 180 | (سەردار حەمەد عەلی شانان) | 401 |
| 181 | (سەردار سەعید سۆفی حەمەد) | 403 |
| 182 | (سڵاح شەریف تەها حەمەد) | 406 |
| 183 | (سەڵاح سەلام ساڵح حەمەد) | 408 |

| | | |
|---|---|---|
| 184 | (سڵاح عەزیز عەولاّ ڕەسول) | 410 |
| 185 | (سلێمان عارەب ئیسماعیل) | 412 |
| 186 | (سلێمان عومەر مەولود) | 415 |
| 187 | (سلێمان محەمەد حەسەن بابیل) | 418 |
| 188 | (سیامەند هەمزە ڕەسول) | 420 |
| 189 | (سیامەند نوری عەبدوڵڵا) | 422 |
| 190 | (سەید کەریم سەید کەریم سەید ڕەسول) | 424 |
| 191 | (سیروان محەمەد عەبدوڵڵا) | 428 |
| 192 | (شازاد رەشید قادر سەعید) | 430 |
| 193 | (شاکر عومەر عەلی) | 432 |
| 194 | (شاکر محەمەد محەمەدئەمین حەسەن) | 434 |
| 195 | (شەریف عومەر شێخ محەمەد عومەر) | 436 |
| 196 | (شەهریار ساڵح حەمید موفتی) | 438 |
| 197 | (شەریف مەناف نەبی) | 440 |
| 198 | (شوان حەمەد عەزیز قادر) | 442 |
| 199 | (شێخە فەتاح شێخ حارس) | 444 |
| 200 | (شێخە ئیسماعیل ئەحمەد شێخە) | 446 |
| 201 | (شێرزاد ڕەسول محەمەد وەسمان) | 448 |
| 202 | (شێرزاد ساڵح حەسەن حەمەدەمین) | 450 |
| 203 | (شێرزاد عوسمان عەلی) | 452 |
| 204 | (شێرزاد ئیبراهیم جوکل ئەفەندی) | 454 |
| 205 | (شێرکۆ حەمەدەمین ئۆمەر حەسەن) | 456 |
| 206 | (شێروان عەبدوڵڵا ئەمین ئەحمەد) | 458 |
| 207 | (شێروان مەغدید قادر مەولود) | 460 |
| 208 | (شیس عەزیز مەعروف خدر) | 463 |
| 209 | (ساڵح عومەر حەمەدەمین) | 466 |
| 210 | (سەباح حەمە عەلی سلێمان عەبدوڵڵا) | 468 |
| 211 | (سەباح عەبدوڵڵا حەمە ساڵح) | 469 |
| 212 | (سدیق شاباز سلێمان حەسەن) | 471 |
| 213 | (سڵاح ئەحمەد حەمەد کەریم) | 473 |
| 214 | (سڵاح ئیبراهیم محەمەد ئەمین) | 475 |
| 215 | (عارەب عەبدولقەار مستەفا) | 477 |
| 216 | (عالی عوسمان حەمەد عوسمان) | 480 |
| 217 | (عەباس عەلی مەجید ئیبراهیم) | 482 |
| 218 | (عەباس عوسمان حوسێن حەمەد) | 484 |
| 219 | (عەباس مستەفا حوسێن مستەفا) | 486 |
| 220 | (عەبدولباقی حەسەن حەمەدەمین) | 488 |

| | | |
|---|---|---|
| 221 | (عەبدولخالق حەسەن عەباس مەولود) | 490 |
| 222 | (عەبدولخالق رەمەزان سلێمان عەبدوڵڵا) | 492 |
| 223 | (عەبدولڕەحمان برایم عەبدوڵڵا) | 494 |
| 224 | (عەبدولڕەحمان حەمەدەمین ساڵح) | 496 |
| 225 | (عەبدولڕەحمان خدر حارس ئیسماعیل) | 498 |
| 226 | (عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد سەمیر) | 501 |
| 227 | (عەبدولڕەحمان هادی عەبدوڵڵا عەلی) | 503 |
| 228 | (عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر مەولود) | 505 |
| 229 | (عەبدولستار سەلیم کەریم مەحمود) | 508 |
| 230 | (عەبدوسەلام محەمەد رەمەزان یوسف) | 510 |
| 231 | (عەبدولسەلام ئەحمەد سابیر) | 512 |
| 232 | (عەبدولعەزیز برایم عەزیز مەحمود) | 514 |
| 233 | (عەبدولفەتاح محەمەد خدر سلێمان) | 516 |
| 234 | (عەبدولقادر عەلی قادر ئەحمەد) | 518 |
| 235 | (عەبدولکەریم حوسێن مستەفا قادر) | 520 |
| 236 | (عەبدولمەسیح بولیس سلێوا پلندر) | 523 |
| 237 | (عەبدولمەناف عەبدولوەهاب حوسێن) | 525 |
| 238 | (عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر) | 527 |
| 239 | (عەبدوڵڵا قادر شەریف حەمەد) | 529 |
| 240 | (عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەمەد) | 531 |
| 241 | (عەزیز خدر باوکر شێخە) | 533 |
| 242 | (عەلی حەسەن کەریم سەلیم) | 536 |
| 243 | (عەلی حەمە ساڵح ئەحمەد) | 538 |
| 244 | (عەلی حەمەد حەسەن حەمەد) | 540 |
| 245 | (عەلی حەمە سەعید ڕەسول) | 542 |
| 246 | (عەلی ساڵح قادر ئەحمەد) | 544 |
| 247 | (عەلی عەبدوڵڵا عەلی سۆرخان) | 547 |
| 248 | (عەلی عەبدوڵڵا عەلی کۆ ڕەش) | 549 |
| 249 | (عەلی عەزیز حوسێن عەبدوڵڵا) | 553 |
| 250 | (عەلی محەمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا) | 555 |
| 251 | (عەلی مەحمود کەریم عەزیز) | 557 |
| 252 | (عەلی مەحمود ئیبراهیم حەمەد) | 559 |
| 253 | (عەولا سمایل حەمەدەمین حەمە) | 561 |
| 254 | (عەزیز داود حەمدە ڕەش حاجی) | 563 |
| 255 | (عەزیز سابیر خدر) | 567 |
| 256 | (عەزیز مەعروف قادر ڕەسول) | 569 |
| 257 | (عوزێر عەلی ساڵح عەبدوڵڵا) | 571 |

| | | |
|---|---|---|
| 258 | (عوسمان سادق خدر) | 573 |
| 259 | (عوسمان عەبدولڕەحمان حەمەدەمین) | 575 |
| 260 | (عوسمان عەلی عەبدوڵڵا) | 577 |
| 261 | (عوسمان عەلی قادر ئاشور) | 579 |
| 262 | (عوسمان محەمەد سلێمان محەمەد) | 581 |
| 263 | (عومەر سەباح تاهیر عومەر) | 583 |
| 264 | (عومەر مەولود ئەحمەد) | 585 |
| 265 | (عومەر هەمزە عومەر عەبدوڵڵا) | 587 |
| 266 | (عومەر ئەحمەد مەحمود ئەحمەد) | 589 |
| 267 | (عومەر حەمەد عەلی) | 591 |
| 268 | (عومەر ڕەسول قادر) | 594 |
| 269 | (عومەر قادر عەبدوڵڵا پیرداود) | 596 |
| 270 | (غازی ئیسماعیل خورشید ئیسماعیل) | 598 |
| 271 | (غەفوور عەبدوڵڵا حەمەد) | 600 |
| 272 | (فارس ساڵح شەریف رەمەزان) | 602 |
| 273 | (فارس ئەحمەد عەباس ئیبراهیم) | 604 |
| 274 | (فاروق جەبار کەریم کامەلا) | 606 |
| 275 | (فاروق حسێن عەبدوڵڵا وەلی) | 608 |
| 276 | (فاروق سدیق ئیبراهیم خەلیل) | 611 |
| 277 | (فەتحولا ڕەشید حەسەن محەمەد) | 613 |
| 278 | (فەخرەدین ساڵح ئەحمەد محەمەد) | 615 |
| 279 | (فەتاح حەمە ساڵح حەمەدەمین) | 617 |
| 280 | (فەتاح سمائیل خدر شوان) | 619 |
| 281 | (فەرحان بایز حەسەن عومەر) | 621 |
| 282 | (فەرهاد عەزیز حەمەد عەلی) | 623 |
| 283 | (فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد شێخە) | 625 |
| 284 | (فەقێ عوسمان جەرجیس خدر) | 627 |
| 285 | (فوئاد سابیر نادر حەسەن) | 629 |
| 286 | (فوئاد قادر ئیسماعیل ئیبراهیم) | 631 |
| 287 | (فوئاد محەمەد ساڵح ڕەسول) | 633 |
| 288 | (فوئاد هادی قادر ساڵح) | 635 |
| 289 | (قادر عەبدوڵڵا قادر عەزیز) | 637 |
| 290 | (قادر عەولا قادر عەولا) | 640 |
| 291 | (قادر عەزیز باپیر وسو) | 642 |
| 292 | (قادر برایم حەمە ڕەش) | 644 |
| 293 | (قارەمان محەمەد حەسەن محەمەد) | 646 |
| 294 | (قاسم عەبدوڵڵا محەمەد عومەر) | 648 |

| | | |
|---|---|---|
| 295 | (قاسم محەمەد حەسەن بابیل) | 650 |
| 296 | (قاسم محەمەد قادر کەریم) | 652 |
| 297 | (قەهار سەلیم حەمەدەمین حوسێن) | 654 |
| 298 | (کارزان مستەفا عوسمان) | 656 |
| 299 | (کازم حامید محەمەد وسو) | 658 |
| 300 | (کازم حەسەن قادر کاکۆ) | 660 |
| 301 | (کازم حەمەدەمین ڕەئووف فەتاح) | 661 |
| 302 | (کازم کەریم ساڵح ئەمین) | 663 |
| 303 | (کاکەمین یوسف ڕەمەزان محەمەد) | 665 |
| 304 | (کامەران تەها حەسەن جبرائیل) | 667 |
| 305 | (کامەران حەسەن مەولود پیرداود) | 669 |
| 306 | (کامەران عومەر عوسمان وەسمان) | 672 |
| 307 | (کانەبی جەوهەر ڕەشید) | 674 |
| 308 | (کاوە عوسمان بەکر ئیبراهیم) | 676 |
| 309 | (کاوێس عوسمان مستەفا سەلیم) | 678 |
| 310 | (کەمال حاجی خدر عومەر) | 680 |
| 311 | (کەمال حەمە ساڵح حەمەدەمین) | 683 |
| 312 | (کەمال قادر عەلی عومەر) | 685 |
| 313 | (کەمال نادر حەمەد سەلیم) | 687 |
| 314 | (کەریم خدر مەولود عەلی) | 689 |
| 315 | (کەریم ڕەسول قادر حوسێن) | 691 |
| 316 | (کەریم عەزیز ڕەسول مەولود) | 693 |
| 317 | (کەریم عەلی محەمەد سەمیر) | 695 |
| 318 | (کەریم مەولود ئەحمەد) | 697 |
| 319 | (کۆسرەت یاسین حەمەدەمین رسول) | 699 |
| 320 | (لاوکۆ کەریم ئەحمەد حەمەد) | 701 |
| 321 | (لەتیف حەمەدەمین ئەحمەد محەمەد) | 703 |
| 322 | (لۆزان تەها محەمەد عەلی) | 705 |
| 323 | (لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد) | 707 |
| 324 | (لوقمان عەزیز نادر سەفەر) | 708 |
| 325 | (لوقمان قادر ئیسماعیل قادر) | 710 |
| 326 | (مامەند عومەر حەمەدەمین) | 712 |
| 327 | (مەجید ڕەحمان محەمەد ئەمین ئۆمەر) | 715 |
| 328 | (مەشعان سەلیم ڕەسول عەزیز) | 717 |
| 329 | (مەعروف یابە قادر حەسەن) | 719 |
| 330 | (مەغدید برایم عومەر ئیبراهیم) | 721 |
| 331 | (مەولود حوسێن ڕەسول فەتاح) | 723 |

| | | |
|---|---|---|
| 332 | (مەولود خدر سمایل قادر) | 725 |
| 333 | (مەولود هەمزە عومەر عەبدوڵڵا) | 727 |
| 334 | (موتەلیب عەبدولمەجید پیرداود) | 729 |
| 335 | (مەجید حوسێن خدرحوسێن) | 731 |
| 336 | (محەمەد پیرداود خدر ئیبراهیم) | 733 |
| 337 | (محەمەد جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد) | 735 |
| 338 | (محەمەد حەسەن شینە عەوڵا) | 737 |
| 339 | (محەمەد سدیق حەسەن ئۆمەر حەسەن) | 739 |
| 340 | (محەمەد عەباس عەوڵا) | 741 |
| 341 | (محەمەد عەبدولڕەحمان عەزیز تەها) | 745 |
| 342 | (محەمەد عەلی عوسمان عەلی) | 747 |
| 343 | (محەمەد عەزیز کەریم زەمان) | 749 |
| 344 | (محەمەد عوسمان حەمەد عوسمان) | 751 |
| 345 | (محەمەد غەفوور ئەحمەد) | 753 |
| 346 | (محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر) | 755 |
| 347 | (محەمەد قادر نادر) | 758 |
| 348 | (محەمەد مستەفا عەلی) | 760 |
| 349 | (محەمەد مستەفا مەلا ڕەسول) | 762 |
| 350 | (محەمەد مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا) | 764 |
| 351 | (محەمەد مینە برایم ئەحمەد) | 766 |
| 352 | (محەمەد ئیسماعیل مەحمود حەسەن) | 768 |
| 353 | (مەحمود خدر باسە جبرائیل) | 770 |
| 354 | (محێدین ئەحمەد عومەر) | 772 |
| 355 | (محێدین محەمەد سلێمان هەمزە) | 774 |
| 356 | (مزەفەر حامید مەجید) | 776 |
| 357 | (مستەفا ئەحمەد مام کاک) | 778 |
| 358 | (مستەفا حەمەدەمین ڕەسول شێخە) | 780 |
| 359 | (مستەفا حەمەدەمین مستەفا خدر) | 782 |
| 360 | (مستەفا مەلا ڕەسول حاجی) | 784 |
| 361 | (مستەفا ئەحمەد مستەفا) | 786 |
| 362 | (مەسعود حەمە عەلی حوسێن) | 788 |
| 363 | (مەسعود عەزیز نادر سەفەر) | 789 |
| 364 | مەسعود عوسمان عەلی ساڵح) | 791 |
| 365 | (مشیر سەلیم محەمەد) | 793 |
| 366 | (مەعروف کەریم سەعید مەولود) | 795 |
| 367 | (مەغدید تۆفیق خدر عەبدولڕەحمان) | 797 |
| 368 | (میکائیل سمایل ئەحمەد محەمەد) | 799 |

| | | |
|---|---|---|
| 369 | (موحسين جەرجيس سۆفی فەقێ) | 801 |
| 370 | (موحسين حەمەد ساڵح حەمەد) | 803 |
| 371 | (موحسين مەولود حسێن حاجی) | 805 |
| 372 | (مورسەڵ حوسێن مورسەڵ زەمان) | 807 |
| 373 | (مشير محەمەد سادق حوسێن) | 809 |
| 374 | (نادر قادر مەحمود نانەكەلی) | 811 |
| 375 | (نادر ئيسماعيل نادر) | 813 |
| 376 | (ناميق كەريم سمايل مەولود) | 816 |
| 377 | (نەجات رەحمان عەبدوڵڵا شێخە) | 818 |
| 378 | (نەجات عەزيز كەريم زەمان) | 820 |
| 379 | (نەجم ئەحمەدحوسێن مستەفا) | 822 |
| 380 | (نەريمان مەولود محەمەد) | 825 |
| 381 | (نەعمان زرار حەمشين مەحمود) | 827 |
| 382 | (نەوزاد مەولود سلێمان عەبدوڵڵا) | 829 |
| 383 | (نەوزاد يوسف مستەفا وسو) | 830 |
| 384 | (نەجمەدين محەمەد حەسەن حوسێن) | 832 |
| 385 | (نوری سابير عومەر غەيبە) | 834 |
| 386 | (نوری محەمەدئەمين خدر ئەستی) | 836 |
| 387 | (هاشم حەمەدەمين جەميل سادق) | 839 |
| 388 | (هاشم رەشيد نادر حەمەدەمين) | 841 |
| 389 | (هاشم عومەر عوسمان وەسمان) | 843 |
| 390 | (هاوار ڕەحمان قادر ئەحمەد) | 846 |
| 391 | (هەژار ئەنوەر مەجيد) | 848 |
| 392 | (هەينی محەمەد عوسمان مەولود) | 850 |
| 393 | (هەمزە عەباس عوسمان خدر) | 851 |
| 394 | (هۆشيار عەبدولكەريم عەبدولقادر ڕەسول) | 853 |
| 395 | (هيمداد جەلال مەولود) | 855 |
| 396 | (هۆشيار مەغديد ئيسماعيل محەمەد) | 857 |
| 397 | (وريا قادر سەعدی حەميد) | 859 |
| 398 | (وشيار سابير ڕەسول حەوێز) | 861 |
| 399 | (وشيار عەبدولڕەحمان بايز كاوێس) | 863 |
| 400 | (ياسين برايم عومەر ئيبراهيم) | 865 |
| 401 | (ياسين پيرداود حەمەد پيرداود) | 867 |
| 402 | (ياسين سەعيد جوامێر دەلۆ) | 869 |
| 403 | (ياسين سديق حوسێن خدر) | 871 |
| 404 | (ياسين قادر ئەحمەد قادر) | 873 |
| 405 | (ياسين كەريم مام زێندين) | 875 |
| 406 | (ياسين ئەحمەد مەولود) | 877 |
| 407 | (ياسين يوسف مستەفا وسو) | 879 |
| 408 | (يەحيا مەحمود حەمەدەمين مەحمود) | 881 |
| 409 | (يوسف تاهير ئەحمەد داود) | 885 |
| 410 | (يوسف جەميل عەبدوڵڵا ئەحمەد) | 887 |
| 411 | (يوسف حەمەد عەبدوڵڵا عومەر) | 889 |
| 412 | (يوسف حەسەن حوسێن حەمەدەمين) | 892 |
| 413 | (يوسف خدر سادق قادر) | 894 |
| 414 | (يوسف مەحمود وسو) | 896 |
| 415 | (يونس جامی جوكل ئيبراهيم فەندی) | 898 |
| | | |

شەهید (ئاراس شیوەجانی)

# ئاراس مامەند عوسمان



شەهید ئاراس شیوەجانی لە ساڵی ١٩٨٧ لە داستانە کەم وێنەکەی بناری چیای هەیبەت سوڵتان شەهید بوو.
ئەوێ رۆژێ لاوێکی خوێن گەرم وخوێن شیرینی گوندی شیوەجانی لانکەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بێ گوێدانە ترس و تۆقاندنەکانی رژێمی بەعسی فاشی بەوپەڕی جەسوورییەوە نامە نوشتە سیاسیەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی لە شاخەوە دەگەیاندە کۆیەو تەق تەق بێ ئەوەی دوژمن هەست بەکارەکانی بکات، ئەو لەماوەی کارە نهێنیەکانی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام زەروریەتی چوونی بۆ شاخ و لەسەر بڕیاری شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەشۆڕش و شاخ کرد بووە پێشمەرگە لە تیپی (٩٣) کۆیە. هەڤاڵ (چاپووک شێخ عومەر) پێشمەرگەی دێرین و قائیمقامی پێشووی قەزای کۆیە دەربارەی شەهید (ئاراس شیوەجانی وتی: شەهید ئاراس خەڵکی گوندی شیوەجان بوو لە ساڵی ١٩٨٦ بەرلەوەی ببێتە پێشمەرگە پەیوەندی هەبوو بەرێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ نەبەزی ئامۆزای کۆبوونەوەم لەگەڵ ئەنجام داون. هەردووکیان تا بڵێ رێکوپێک و گورج و گۆڵ و هێمن و بە ئیلتزام بوون، دوای ماوەیەکی کەم هەردووکیان بوونە پێشمەرگە.
لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید ئاراس رۆڵەیەکی بەوەفاو بوێرو دلێر بوو، ئەرکەکانی سەرشانی بەدڵسۆزی بەرێوەدەبرد.تا ئەو رۆژەی لە شەرێکی نابەرامبەردا و لەشەوی هەشت لەسەرنۆی مانگی یەکی ١٩٨٧ لەسەر شاخ و ناو گوندی کانی کوردەی بناری چیای هەیبەت سوڵتان هێزێکی گەورەی دوژمن لەچەند قۆڵەوە لەبەرگریەکی بێ وێنەدا کە پێشمەرگەکانی تیپی (٩٣)ی کۆیە بەسەرکردایەتی کاک (رەهبەری سەعید برایم) کەفەرماندەی تیپەکە بوو دوژمنیان هەراسان کردبوو لە گۆڕەپانی ئەم شەڕەدا کاکە ئاراس شەهید بوو. بەندەش یەکێ بووم لەو پێشمەرگانە شاهێد حاڵی ئازایەتی ئەو پێشمەرگانەم بە شەهید ئاراسەوە. ئەو شەوە بەهەزاران سەربازو خۆفرۆش بەتانک و تۆپەوە لەکۆیەوە تا کانی کوردە هێرشیان

دەهێنا لەودیوی چیاوە لە دۆکانەوە تا خەلەکان دوژمن هێرشی دەهێنا سەرهێزی پێشمەرگە، داخەکەم لەو داستانە کەم وێنەیەدا ئاراس شەهید بوو. هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید ئاراس شیوەجانی و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ئاراس مامەند عوسمان حەمەد
- نازناو: ئاراس شیوەجانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: شێوەجان، ناحیەی تەق تەق، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: دەربەندی
- ئاستی خوێندن: تا یەکەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ناوی ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە - کەرتی (٣)
- ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیەی کردووە لەوانە: قەیوان ماوەت، لێدانی بیرەنەوتیەکانی سنووری کەرکووک، شەڕەکانی جادەی دووکان - سلێمانی، شەڕەکانی شاخی کلکە سماق، چەندین شەڕی تری ناوشار بۆ تەمبێ کردنی جاش و جاسوسەکان.
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-١-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: شاخی کلکە سماق

شەهید (ئازاد داربەسەری)

# ئازاد سابیر تەها




شەهید (ئازاد سابیر تەها) ناسراو بە ئازاد داربەسەری یەکێک بووە لە فەرماندە هەرە ئازاکانی دەشتی هەولێر، لەماوەیەکی کەمی ژیانی پێشمەرگایەتی بەهۆی زیاد لە پێویست کراوەیی زۆر خۆشەویست بوو واتە خۆنەویست بووە، خاکی بووە، سادە بووە هەربۆیە پەیوەندییەکانی لەسەر راستگۆیی و هەڵوێست و وەفاداری بۆ برا پێشمەرگەکان توانیبووی رای زۆرینە بەلای خۆی کێش بکات، لەهەر بابەت و قەزیەک. بۆ زیاتر ناساندنی ئەم شەهیدە پێشمەرگەی پارتیزان و دانەبڕاو هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) وتی شەهید ئازاد داڕبەسەری مرۆڤێک بوو هێندە بەرز وەکو شاتان تازە باڵای ئەکرد بەرەو بەرزایی هەڵکشاو دڵی پربوو لە هیوا، وەک عاشقێکی نیشتمان بۆ شۆڕش و کوردایەتی ئەیڕوانی، شەهید ئازاد لەهەر بوارێکی ژیان باسی بکەیت لێوان لێو بوو، لەناو هاوڕێیانی تا بڵێی خۆشەویست بوو، مرۆڤێکی خاکی بوو قسە خۆش و نوکتە باز بوو، لەگەڵ پێشمەرگەکانی کەرتەکەی وەک برا وابوو جیاوازی نەدەکردن و هەر کەموکوڕییەک هەبوایە لەسەر گیرفانی خۆی چارەسەری دەکرد. لەناو جەماوەر رەفتاری بەرز بوو هەڵسوکەوتی جوان بوو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر باش و فراوان بوو، کاکە ئازاد گەنج بوو، بەڵام بیرکردنەوەی زۆر گەورەو بە مەنتقی بیری دەکردەوە. لەراستیدا چاوەڕوانی سەرکردەی دواڕۆژی لێ دەکرا. لە رووی رۆشنبیری و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی بۆ کاری رێکخستنیش زۆر باش و شارەزا بوو، چونکە زوو تێکەڵی سیاسەت بوو، ئەو زۆر نهێنی پارێزبوو، ئەو ناخی زۆر پاک و بێگەرد بوو، ئەو لە رووخساریش گەنجێکی جوان و لە پۆشینی جەلوبەرگ بە ئەتەکێت بوو، رەوشت بەرزیەکەی هێندەی تر جوانتری کردبوو، ئەوانەی هاوڕێی ئازاد بوون یان لەگەڵی پێشمەرگە بوون دەزانن چەند جوامێرو ئازاو چاونەترس بووە. لە زۆربەی شەڕەکان لە پێشەوەی پێشەوە بووە و لێ نەگەڕاوە کەس لە پێش ئەو بگاتە ناو رەبیەو مۆڵگەکانی رژێمی بەعدا. دەتوانم بڵێم ئەگەر شەهید نەبووایە ئومێدێکی زۆر گەورە بوو بۆ گەلەکەمان، لەکاتی تەنگانەدا زیاتر خەندەو پێکەنینی لەسەر لێوەکانی دەباری، هەربۆیە وزەو ورەی

دەدا بە پێشمەرگەکان لەکاتی شەڕدا. پێشمەرگەیەکی زۆر بە هەڵوێست بوو ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم ئەو هەر بەپێوە شەڕی دەکرد تا لە رزگارکردنی ناحیەی تەق تەق هەر بە پێوە شەڕی دەکردو برینداربوو دواتر شەهید بوو. روحت شاد فەرماندە گەنجە جوانەکەی داربەسەری لانەی شۆڕش و کوردایەتی.

- ناوی تەواو: ئازاد سابیر تەها قادر
- ناسراو بە: ئازاد داربەسەری
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی داربەسەر - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لای شەهید ملازم خولە
- لە ساڵی ١٩٨٤ فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (١)ی شەهید کاوە، تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی هەولێری کردووە و بەشداری داستانی رزگاری و شەڕی پشتیوانی لە کوردانی رۆژهەڵات قەیوان ماوەت - کەلکەسماق - کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە (١- لەشەڕی پشتیوانی لە کوردانی رۆژهەڵات ٢- ناوشاری هەولێر ٣- تەق تەق)
- جگە لەخۆی برایەکی تری شەهید بووە.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرتی (٤)ی بەردەباز بووە.
- لە رێکەوتی ٢٩/٣٠-٥-١٩٨٧ بەسەختی بریندار دەبێ بۆ ماوەی ٢٧ رۆژ بێهۆش دەبێ ئینجا ماڵئاوایی دەکات بۆ هەتا هەتایێ.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٧-٦-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: ناحیەی تەق تەق

## شەهید (ئازاد دیبەگەیی)

# ئازاد سەعدی عەلی



ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون و خوێندکار بوون لە ئامادەییەکان بەتایبەتی هەموو حەزو ئارەزوویەکیان ئەوە بوو خوێندن تەواو بکەن و ببن بە پێشمەرگە تا گەلەکەیان ڕزگار بکەن لە زوڵم و زۆرداری بەعسیەکان. یەکێک لەو گەنجانەی دیبەگە کە زۆر خۆشەویست و لایەنی کۆمەڵایەتی بەرزبوو لەناو خەڵک ئەویش (ئازاد سەعدی عەلی تاهیر) بوو.. هەڤاڵ (هەوار دیبەگەیی) عەددەد جیهاز و پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید ئازاد دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بوو برا گەورەی خوشک و براکانی بوو، خۆشەویست وقسە خۆش بوو لەناو هەڤاڵ و هاوڕێکانی. کوڕێکی خەمخۆری خزم و کەسوکاری بوو، ڕوح سوک و سادە، هەموو هیواو ئاواتی ئەوە بوو چەکێک بکاتە شانی و پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەی بکات. ئەو تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو، بەڵام ئەوماوەیەی پێشمەرگە بوو دڵسۆزو بە دیسپلین بوو، گوێڕایەڵ و بەدیقەت بوو. حەیف و مەخابن لە ١٥-٣-١٩٨٨ لە داستانی ڕزگاری شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزار سڵاو لە گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە.

- ناوی تەواو: ئازاد سەعدی عەلی تاهیر
- ناسراوە بە: ئازاد دیبەگەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: ئاکۆیی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧- کەرتی (٢) تیپی (١٩) کۆرەک
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین شەڕی دەڤەرەکەی کردووە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٥-٣-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی رزگاری - دۆڵی جافایەتی - گوندی خورخورە

## شەهید (ئازاد کۆیی)

# ئازاد سەمیع حەمید



ئەوانەی ئاشنان بە مێژووی شۆڕش و کوردایەتی و تێکەڵاوی سیاسەت بوون لە کۆیە دەزانن موفتیەکان پێشەنگی شۆڕش و خەبات و بەرخودان بوونە، بۆ قوربانی دانیش چەندین فەرماندەو پێشمەرگەیان شەهید بووە، یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگە ئازایانەی ڕۆژانی سەختی خەبات (ئازاد کۆیی)یە. ناوبراو لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو بەئەمەکی کوردایەتی بوون، خانەوادەیەک لێوان لێو لە کوردایەتی، هاوکارو پشتیوان بۆ شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەر لە سەرەتای پەیوەندی کردنی بەهێزی پێشمەرگەوە گەنجێکی دڵسۆزو کراوەو ئازاو بەدیقەت بوو، زۆربەی سیفەت و خاسیەتەکانی لە پێشمەرگەیەکی کامل دەچوو، هەربۆیە لە شاخ چەند پلەیەکی وەرگرتووەو ئازایانە لە هێرش و بەرگریەکانی ئەوێ ڕۆژێ ناسرا. لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینش مەردانەو تێکۆشەرانە قۆڵی خەباتی لێ هەلماڵی و لەزۆربەی بەرگری و هێرشەکان بۆ سەر ڕژێم و نەیارانی یەکێتی لە پێشەوەی پێشەوەی سەنگەرەکان بووە، چەندین پلەی سەربازی بڕیوە هەر لە تیپ و هێزو لە شکرو فەرماندەیی لە هەموو قۆناغەکان سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر بەڕێز لیوا (هیوا ڕەش) وتی: ساڵی ١٩٨٧ من شەهید ئازاد کۆیم ناسی لە تیپی (٢٥ی خاڵخاڵان کەرتی (٢) بوو، ئازاد پیاوێکی زۆر ئازا بوو ئەندامی کۆمەڵە بوو، لە زۆربەی شەڕەکانی شیوەسوورو ئاغجەلەر بەشداری کردووەو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، دواتر گواستراریەوە تیپی (٢١)ی کەرکووک تاکو ئەنفالە بەدناوەکان، لەکاتی ئەنفالەکان لەسنووری مەڵبەندی (٢) لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەی تیپی (٢١)ی کەرکووک گەڕانەوە سنووری شێخ بزێنی، دوایی بە پرس و ئاگاداری شۆڕش گەڕایەوە ناوشارو بەنهێنی بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی شانە چەکدارەکان دروست کران یەکێک بوو لە پێشمەرگە چالاکەکانی ئەو هێزە .شەهید ئازاد برایەکی تری لە سێدارە دراوە بەناوی (ڕزگار) لەخانەوادەکەیان چەندین شەهیدی قارەمان هەن لەوانە شەهید (شەهریار). ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووەو ڕۆڵی هەبووە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێر و

کەرکووک، دوای داستانەکەی کۆڕێ هێزەکان ڕێکخرانەوە شەهید کرایە فەرماندەی کەرت و لە زۆربەی شەڕەکان بەشداری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٧ کرایە فەرماندەی هێز لە فەرماندەیی (٢)ی هەولێر.یەکێک لەنەریتە جوانەکانی شەهید ئازاد ئەوە بوو بەردەوام لەناو پێشمەرگە بوو، زۆر خۆشەویست بوو لەناو هاوڕێیانی. بە ئازایەتی خۆی شوێنی خۆی کردەوە پاشان گوازرایەوە بۆ فەرماندەیی (١٦) کرا بە جێگری فەرماندەیی.. لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازاو چاوەڕوان نەکراو لە ٣-١٠-٢٠٠١ لە شاخی شنرویێ هەڵەبجە لەشەڕی دژبە جوندولئیسلام شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە... لێرەوە بە شەهید ئازادو هەموو شەهیدان ئەڵێم ڕێبازەکەتان درێژەی هەیە و هاوسەنگەرەکانتان بەردەوام دەبن تا گەیشتن بە سەرفرازی یەکجاری گەلەکەمان. درووود بۆ گیانی شەهید ئازاد کۆیی و هەموو شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: ئازاد سەمیع حەمید ساڵح
- ناسراو بە: ئازاد کۆیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی بایزئاغا - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مفتی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: هەدیە عەبدوڵڵا نەسرەدین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: پۆلا - محەمەد - ئەحمەد - سۆزان - باخان.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- سەرەتایی پێشمەرگایەتی لە بارەگای بالیسان بووە.
- دواتر گواسترایەتەوە: تیپی (٩٣)ی کۆیە لای شەهید شەهریاری ئامۆزای
- لە ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە تیپی (٢١)ی کەرکووک دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٢٥)ی کەرکووک کەرتی (٢)ی شیوەسوور
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی کردووە لە سنوورەکانی تیپی ٩٣ی کۆیەو خاڵخالان و (٢١)ی کەرکووک. لەگەڵ شەڕەکانی سەرکردایەتی لە هەلاج و سەرگەڵو بەرگەڵو.
- لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی و قارەمانیەتی (٥) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٩١ یەکەم رەتل بووە چۆتە ناوشاری کەرکووک لەسەر داوای کاک نەوشێروان پێش ئازاد کردنی کەرکووک و بەشداری ڕاپەڕین و رزگارکردنی شاروشارۆچکەکان دەکات تا رزگارکردنی کەرکووکی قودسی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٢ دەکرێتە فەرماندەی (سریە) لە لیوای تایبەت
- دواتر لە لەشکری (١٤) دەکرێتە فەرماندەی (تیپ)

- دەرچووی خولی سەربازی قەڵاچۆلانە ئەم خولەی بەسەرکەوتووی تەواو کردووە پلەی ملازمی پێ بەخشراوە.
- دوای تەواوکردنی خوولی تەرقیە پلەی (رائید)ی پێ بەخشراوە.
- دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە فەرماندەیی (٢)ی هەولێر کراوەتە فەرماندەی (هێز)
- لە ساڵی ١٩٩٧ گوازراوەتەوە فەرماندەی (٣)ی کەرکووک کراوەتە جێگر (لەشکر)
- لە ساڵی ١٩٩٩ گوازرایەوە بۆ فەرماندەیی (١٦)ی بابەگوڕگوڕ لەوێ کراوەتە فەرماندەی (لەشکر)
- ساڵی ٢٠٠١ کراوەتە جێگری فەرماندەی (١٦)ی بابەگوڕگوڕ.
- نۆیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣-١٠-٢٠٠١
- شوێنی شەهید بوون: شاخی شنرویٚ شەڕی جوندولئیسلام

## شەهید (ئازادی حەمە گەمحان)

# ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا



ڕۆژگارێک تروسکەی هیوای کورد کزو مەلوول دەبینرا، هەور ئاسمانی سەرکوردستانی تەنی بوو، هیواو دوارۆژی کورد هیچ بەرهەمێکی لێ بەدی نەدەکرا. ڕژێمی بەغدای ئەوساش بەهۆی پیلانگێری و دەیان ڕێکەوتنی سیاسی دەکرد لەگەڵ وڵاتانی ئیقلم و دەورووبەر لەسەر گیانی نەتەوەی کورد و لەناو بردنی. ڕۆژانەش دەیان ڕۆڵەی کورد بە بیانووی بێ بەڵگەو بێ مانا لەڕۆژی ڕووندا بێ ویژدانانە لە کونجی بەندینخانە قایمی دەکردنن. ئا لەم کات و ساتەدا گەنجێکی تەمەن (٢١) ساڵە گۆش کراو بە بیری کۆمەڵەی مارکسی لینین، گەنجێکی گەنم ڕەنگ وەک فریشتە بۆ کۆیە چاوی بۆ شۆڕش و کوردایەتی کرایەوەو بەدەمانچەکەی ژێر کراس و شەرواڵەکەی مەخزنەکەی لە سینگی جاسوس و خۆفرۆشان خاڵی خاڵی دەکردەوە. ڕۆژێگارێک پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وشەی کوردو پێشمەرگەو کوردستان، تەنانەت لەماڵەکانیش دەربڕینی بڤە بوو، وتنی جورئەتی دەویست، کەچی قارەمانەکەی کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ئازادەکەی حەمەگەمحان) بێ ترس و دوودڵی و بەوپەڕی شەهامەتەوە شێر ئاسا لە شارە جوانەکەی شاعیران لەکۆیە بە دروشمی خوێناوی دژی بەعسیەکان هاتە کۆڕی خەبات و دروشمی مەرگی بۆ جاش و خۆفرۆشەکان بەرزدەکردەوە، قەیسەری لە دوژمن کردبووە کونە مشک. ئەوێ ڕۆژێ لە سنووری کەرکووک مامەڕیشە و لە شاری سلێمانی شەهید حەمە ڕەش و لە شاری هەولێری قەڵاومنارە شەهید سەرداری سەعید سۆفی و لە شارەکەی حاجی قادر شەهیدان شەهریارو ئازادی حەمە گەمحان دوژمنیان هێنابووە هەژان و خۆفرۆشان لەترسی ئەم شێرئاسایانە نەیان دەوێرا لەماڵەکەی خۆیان ئۆقرە بگرن. شەهید ئازاد بەهۆی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری و پەیوەندییە فراوانە کۆمەڵایەتیەکەی سنووری هاوڕێییەتی تەنها لە سنووری کۆیە نەبوو، بەڵکو لە سنوورەکانی بیتوێن و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی ڕۆڵی کاراو کاریگەری هەبوو لەسەر پێشمەرگەو ڕێکخستن و جووتیاران و زۆربەی لادێ نشینەکان توانی بووی جێگای خۆی بکاتەوە. بۆماوەیەکیش لەپاڵ پێشمەرگایەتی مامۆستای شۆڕش بوە لە شاخ. ناوبراو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی دیارو بەتواناو چاونەترسی هەردوو سنووری تیپەکانی (٩٣)ی کۆیە و (٩٩)ی بیتوێن بووە. خۆشەویست و خۆنەویست بووە، هەربۆیە ڕێزلێگیراو بوو لەناو هێزی پێشمەرگەو

دانیشتوانی لادێ نشینەکان. لەهێرش و بەرگریەکان شەهید ئازاد لەقۆڵێک یان میحوەرێک بوایە دوژمنی تووشی شۆک دەکرد، هەربۆیە پیاوانی رژێم بەردەوام بوون لەدوای تا شەهیدی بکەن... بەداخەوە خۆفرۆشانی کوردو کوردستان لە سەعات شەشی بەیانی رۆژی ٩ـ١٠ـ١٩٨٧ لە گوندی (قەرەنگوێ) سەربەقەزای دۆکان لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر شەهیدیان کرد.. درووود بۆ گیانت شەهیدی زەبروەشێن..

ـ ناوی تەواو: ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا حەمەد

ـ ناسراو بە: ئازادی حەمە گەمحان

ـ ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٠

ـ شوێنی لە دایک بوون: قەزای کۆیە

ـ ئاستی خوێندن: تا (٥)ی ئامادەیی خوێندووە.

ـ باری خێزانی: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری شەهید: کوردستان خزایی مەحمود

ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: گۆران، سۆران، بۆتان، مهاباد

ـ لە تەمەنی (١٨) ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکات.

ـ لەپاڵ پێشمەرگایەتی لە شاخ دەبێتە مامۆستای شاخ بۆ فێربوونی منداڵانی لادێ

ـ لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەی (٦) مانگ لە تاراوگە دەمێنێتەوە

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات و دەبێتە ئەندامێکی کاراو باڵا لە ڕێکخستنەکانی ناوچەکە. ناوی نهێنی لە ڕێکخستن (قەندیل) بووە.

ـ ئەو ماوەیەی لەکاری ڕێکخستن کاری کردووە زۆر چالاکی ئەنجام داوە تا بە سزاگەیاندنی چەندین خۆفرۆش.

ـ بەهۆی شارەزای لەکاری چاپ و وەک نوسەرێکی لاویش چەندین بڵاوکراوەی لە ئامادەیی کۆیە چاپ کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ـ بەهۆی زۆری ئەنجامدانی چالاکی و جموجۆلی سەربازی و ئازایەتی و قارەمانیەتی چەندین پلەی بریووە.

ـ دوای شەهید بوونی شەهید (سەرباز) لە ١٥ـ٤ـ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٤) تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣

ـ لە سەرەتای مفەوەزات دەگوازرێتەوە تیپی (٩٩) بیتوێن بە پلەی جێگری تیپ کە ئەوکات (غەریب سەعید) فەرماندەی تیپ بووە.

ـ پاش ماوەیەک کراوەتە سەرتیپی (٩٩)ی بێتوێن

ـ شەهید ئازاد لەتەمەنی پێشمەرگایەتی کەم داستان و نەبەردی و چالاکی هەیە لە سنووری کۆیەو بیتوێن و خۆشناوەتی بەشداری تیانەکردبێ و رۆڵی کاراو بەرچاوی تیا نەگێڕابێت و بگرە زۆربەیان خۆی سەرپەرشتی ئەم داستانانەی کردووە.

ـ کات و رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: سەعات (٦)ی بەیانی ٩ـ١٠ـ١٩٨٧

ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی قەرەنگوێ ـ سەر بە قەزای دوکان

ـ دوو هاوسەنگەری تری بەناوەکانی (رزگار عەلی، دڵزار قادر) لەگەڵی شەهید کران.

### شەهید (هیوا قەشقەیی)

# ئازاد محەمەد ئەمین قادر




ئەوانەی ئەوێ رۆژێ پێشمەرگەبوون لە هەرێمی (٨)ی هەولێر لە ساڵی حەفتاکان دەزانن ئازادی مەلا شینەو خانەوادەکەی چەند دڵسۆزو دەروێشانە بۆ کوردایەتی تێدەکۆشان و عاشقی خاکی کوردستان بوون، ئەم خانەوادەیە جگە لەوەی (٣) براو برازێک شەهید بوون هەورازو نشێوی زۆریان بینی کۆڵیان نەدا. لیوا (کاوە سادق قەشقەیی) دەربارەی شەهید وتی: ئازادی مەلا شینە ناسراو بە هیوا قەشقەیی. سەرەتا نابێ رۆڵ و پێگەو کەسایەتی باوکیان (مەلاشینە) بەهەند وەرنەگیرێ و باسی نەکەین، چونکە کەسایەتیەکی کوردپەروەر و خەباتگێڕی ناسراوی گوندی قەشقەو سنووری هەولێرو ناوچەی ساڵەیی بوو، شەهید ئازاد لە منداڵیەوە خۆی براو خوشکەکانی لەلایەن باوکیانەوە بەبیری کوردایەتی گۆش کرابوون و فێری کردبوون کەکەم بژین، بەڵام سەربەرز بژین. بۆیە شەهیدهیوا قەشقەیی زوو رێی خەباتی کوردایەتی دەگرێت و ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە ئەندامی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و هەمان ساڵیش دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) هەولێر لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. پێشمەرگەیەکی ئازاو قسە خۆش و کراوە بوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە زووەوە تووشی نەخۆشی برینی (گەدە) ببوو ئازاری زۆر بووە لە رێگای رێکخستنەکانی شارەوە دەیبەنە ناو هەولێر بە شێوازی مەدەنی پاش چارەسەرو مانەوەی چەند رۆژێک لە هەولێر رەوانەی شاخی دەکەنەوە، بەڵام لە بازگەی هەولێر- کەسنەزان لە رووداوێکی تەمومژاوی ناوبراو دەستگیر دەکرێت، چەند مانگێک لە ئەمنی هەولێر دەیهێڵنەوە دواتر رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێبی دەکەن: لەهەمان کاتدا دلێری براشی لەوێ زیندانی کراوە. کاکە ئازاد لە ١٢-٣-١٩٨٦ لە سێدارە دەدرێت کەچی سێ رۆژ پێشتر دلێری براشی لەهەمان بەندینخانە لە سێدارە دراوە، جێگای داخە خانەوادەکەی دەچن تەرمی دلێر بهێننەوە پێیان دەڵێن ئازادیش لە سێدارە دراوە، تەرمی جووتە برا دەهێننەوە لە گۆڕستانی گوندی قەشقە دەیاننێژن لەسەر وەسیەتی خۆی لەتەنیشت شەهید سەعدی خەلیلی پوورزایان.

درووود بۆ گیانی پاکیان سەرشۆڕی بۆ خیانەتکاران و رژێمی فاشی سەدام.
- ناو: ئازاد محەمەد ئەمین قادر حەسەن
- ناسراو بە: هیوا قەشقەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەڵۆزی، ناحیەی پردێ
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٨
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر
- دواتر لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لەکەرتەکەی شەهید فەقێ گۆمەشینی
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕ و چالاکییەکانی سنووری دەشتی هەولێری کردووە.
بەشداری شەڕەکانی سنووری خۆشناوەتی کردووە، شەڕەکانی هێزی پشتیوانی بۆ کوردانی رۆژهەڵات.
- لە ٢١-٥-١٩٨٥ لە رووداوێکی تەمومژاوی لەبازگەی هەولێر- کەسنەزان دەستگیر دەکرێ
- جگە لەخۆی (٢) براو برازێکی شەهید بوونە.
- لە ١٢-٣-١٩٨٦ لە بەندیخانەی ئەبو غرێب لە سێدارە درا.
- بۆ زانین دلێری برای سێ رۆژ پێشتر لەهەمان شوێن لە سێدارە درابوو.

### شەهید (شوان)

# ئیبراهیم جەمیل مستەفا



سەیرکەن ئەمڕۆ و دوێنێی بیرکردنەوەی بەرپرسەکان لەمەڕ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی سڤیل و پاراستنی کەرامەت و هەستی هاووڵاتی بەگشتی، (٣٠) ساڵ لەمەوبەر لە ١٠-٧-١٩٨٦ لە گوندی سێ گردکانی نزیک تەق تەق شەهیدی فەرماندە رەنجەو هەڤاڵەکانی بۆ ئەوەی رژێم (گوندی سێ گردکان) نەسووتێنێ و خەڵکەکەی ئازار نەدات خۆی و ژمارەیەک پێشمەرگە بەڵێنیان بەخوێنی شەهیدان و دایکانی شەهید دا بەرگری لەم خەڵکە تێکۆشەرەی گوند بکەن تا شەهید نەبن. سەرئەنجام ئەم داستانە بە خوێنی شەهید رەنجەو (٣) پێشمەرگەی تر کۆتایی پێهات. کەچی پاش (٣٠) ساڵ بەرپرسانی کابینەی (٨)ی حکومەتی هەرێم لەبەر چاوی هەموو دنیا دزیەکی نەشیاو، گەندەڵییەکی رەها، قەیران و برسیەتییەکی کارەساتباریان بەسەر دایکانی شەهید و فەرمانبەران بەگشتی هێناوە لەدونیادا هیچ دەسەڵاتێک نییە وەکو دەسەڵاتی کوردی بێ باک و گەندەڵ بێت بەڵکو رژێمەکانیش وا دەسەڵاتیان بەرێوە نەبردووە ئەمەش بیرکردنەوەی بەرپرسانی دوێنێ و ئەمڕۆ. بەڵێ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر گەنجێکی جوان، دڵسۆز، خاوەن هەڵوێستی کوردانە، لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر لەم داستانەی سێ گردکان پاش نەبەردیەکی بێ وێنە بەبریندارى کەوتە بەردەستی بەکرێگیراوەکانی رژێمی بەعس. ئەویش (شەهید ئیبراهیم جەمیل مستەفا) ناسراو بە (شوان) بوو، بەڵام بەداخەوە لە ١-٥-١٩٨٨ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر لە سێدارە دراو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. هەزاران درووود لەگیانت ئەی پێشمەرگەی رۆژانی سەختی خەبات.

- ناوی تەواو: ئیبراهیم جەمیل مستەفا مەحمود
- ناسراو بە: شوان
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی زورنا - ناحیەی باقرت - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: سورچی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فەخریە مەحمود ئیبراهیم
- ناوی منداڵەکانی: نەسرین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
- لە داستانی گوندی سێ گردکان لە ١٠-٧-١٩٨٦ پاش شەرێکی قورس و شەهید بوونی فەرماندە (رەنجەو یاسین موعەلیم و شاکرسۆربەشی) ناوبراو دەستگیر دەکرێ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی (دینۆ
- حەمید) رەوانەی ئەبوو غرێب دەکرێن.
- جگە لەخۆی ئامۆزایەکی شەهیدە بەناوی (عەلی مەحمود تەللخێمی)
- لەو ماوە کەمەی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ١-٥-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: دائیرەی ئەمنی هەولێر

## شەهید (بلە گەڵاڵی)

# ئیبراهیم ڕەسوڵ کسبار



هەشت ساڵ خەبات و بەرگری و هێرش و بەرخودان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵی هەشتاکان ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار بوو بۆ میللەتی کورد و پێشمەرگە بەتایبەتی، چونکە سەرەتای حەفتاکان بۆ پێشمەرگایەتی وائاسان نەبوو بە ئارەزووی خۆت جەولە بکەیت و چالاکی مەیدانی لەشارەکان ئەنجام بدەیت، بەڵکو ئەوکات زۆربەی کات دەبوایە بە پارتیزانی بوایە، چونکە هێزی پێشمەرگە بە ژمارە کەم بوون و ڕژێم جاسوس و سەدان بەکرێگیراوی بەکار دەهێنا بۆ دژایەتی خانەوادەی پێشمەرگە و خودی پێشمەرگەش لەشاخ. سنووری گەڵاڵەش لەمێژووی شۆڕشی نوێ ئەوان خاوەن لانەو هەڵوێست و کوری ڕۆژانی سەختی خەبات بوونە... تیپی (٧٨) کارۆخ کەرتی (٥) یەکێک بووە لە تیپە چالاک و پڕ چالاکییەکانی سنووری باڵەکایەتی و ڕواندز. ئەم کەرتە قوربانی زۆری داوە بەتایبەتی چەندین فەرماندەی کەرت. یەکێک لەو فەرماندانە (بلە گەڵاڵی)یە ناوبراو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی پشوو درێژ، دڵسۆز، خاوەن ئیرادەو ورەبەخش لەکاتی تەنگانە. بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ (هەڵۆ حەسەن) پێشمەرگەی دانەبڕاو پارتیزانی ئەوێ ڕۆژێ و جێگری مەڵبەندی (٦)ی سۆرانی ئێستا دەربارەی شەهید وتی.. شەهید بلە یەکێک بوو لە بناغەدانەرانی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە ئەو کەرتەی بووە قوتابخانەی پێگەیاندنی دەیان پێشمەرگە و فەرماندەی وەکو شەهیدان حاجی گەڵاڵی جەلال حاجی و حوسێن مینەو عەلی زێندین و مەلا گەڵاڵی.... شەهید بلە هەرچەندە پیاوێکی بەشان و شەوکەت بوو، بەڵام پیاوێکی چالاک و چاپوک و ڕوح سووک بوو، هەتا بڵێ قسە خۆش و نوکتەباز بوو، هەر کاتێک ئەو لەبارەگای کەرت وتیپ بوایە جمەی دەهات لە پێشمەرگە ئەوەش هەمووی بەهۆی قسەخۆشی و خاکی بوونی شەهید بلەوە بوو. ئەو شەوەی لە گرتنی ڕەبایەی نێوان گوندی (سەرنەوس) و گوندی (ڕەژوکەریان) لەپێشەوەی پێشەوەی

پێشمەرگەکان بوو بەسەختی بریندار ببوو فەرماندەی قارەمانی ئەوکاتی تیپەکەمان (کاک سەعید حەمە زیاد) بوو خۆی و چەند پێشمەرگەیەکی تەرخان کرد بۆ هەڵگرتن و گەیاندنی کاکە بلە بەگوندی (کەلێتە) بۆ ئەوەی دکتۆر بە فریای بگات و لەمەرگ رزگاری بکات، لە رێگادا کە منیش یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی شەرەفی هەڵگرتنی کاکە بلەم پێ درابوو، شەهید بلە سەرەڕای سەختی برینەکەی هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو بەدەست ئاماژەی دەکرد کە هیچ نییە ئەوەش تەنها بۆ ئەوەی هاورێکانی دڵ تەنگ نەبن. سەد حەیف و مخابن کاتێ گەیاندمانە گوندی کەلێتە و (د. ئاری) گەیشتە سەری ئا لەوکاتە گیانی سپاردو شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانت فەرماندە دوژمن بەزێنەکەی کەرتی (٥)ی گەلاڵە.

- ناوی تەواو: ئیبراهیم رەسول کسبار عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: بلە گەلاڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٤
- شوێنی لە دایک بوون: گەلاڵە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: هەمین عەبدولرەزاق عەبدوڵڵا
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٨
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک
- لە ساڵی ١٩٨١ کە شەهید حەسەن کوێستانی بووە سەرتیپی (١٢)ی سۆران شەهید (بلە گەلاڵی) یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە ئازاو بوێرەکانی ئەم تیپە.
- پاشان لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ درێژەی بە خەبات داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی و بەرگری کارای کردووەو هەمیشە لە هێرشەکان لە پێشەوەی پێشەوە بووە.
- پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەلاڵە
- جگە لە خۆی (٢) برای تری شەهیدە بەناوەکانی (حوسێن و محەمەد)
- لە ساڵی ١٩٧٩ خێزانەکەی بە بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێم شەهید بوو لە کوێستانەکانی گەلاڵە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣٠/٣١-٥-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: رەبیەکانی رەژیکەریان.

### شەهید (مەلا برایم)

# ئیبراهیم مەولود حەسەن



مەلا قەرە مەکۆی پێشمەرگایەتی و خەبات و تێکۆشان بووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، فێرگەو لانەی ڕۆشنبیری بووە لەم سەردەمەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ چەکەرەی دەکرد.. ئەوانەی لە دژی ڕژێم و دەسەڵاتەکەی سەدام لە گوندی مەلا قەرە بوونەتە پێشمەرگە زۆربوون و دواتریش چ لە بواری سیاسی و لە بواری عەسکەری کادیری بە توانایان لێ هەڵکەوت. یەکێک لەو کادیرە دیارانە (مەلا برایم مەلا قەرە) بوو ناوبراو پێشمەرگەو کادیرێکی سیاسی ڕۆشنبیرو خاوەن شیکردنەوەیەکی مەنتقی و وردبوو بۆ پێشهات و ڕووداوە گەورەکان کە بەرۆکی کوردی گرتووە.. ئەو هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی و لە پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەرخان کردبوو.. هەورازو نشێوی زۆری بینیوە، ڕۆژە سەختەکانی لە پێش ڕاپەڕین لە گوندو چیایە سەختەکان بەڕێ کردووە.. لە دوای ڕاپەڕینیش ڕۆڵی کاریگەرو ئەزموونداری شاخ و شاری بەیەکەوە گرێ داو لە زۆربەی هێزو لەشکرەکانی هەولێر بە کۆڕو سیمینارەکانی ڕۆشنبیری و هەواڵە گەرمەکانی ئەوێ ڕۆژێ دەگەیاندە پێشمەرگەو فەرماندەکانی.. ئەو وێڕای ئەوەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەرپرسیاریەتی لەسەر شان بوو، بەڵام سادەو خاکی بوو هەمیشە لە کۆڕو مەجلیسی گوندەکان و بارەگاکانی پێشمەرگە بە قسەی خۆش و بەسەرهاتی زیندوو دانیشتوانانی بۆ خۆی کێش دەکرد.. بەهۆی ئەزموونی پێشمەرگایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوری باڵای هەبووە لە چارەسەری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گوندنشینەکان. پیاوێک هێور، دووربین، ڕۆشنبیر، بەئەزموون لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و قسە خۆش، ڕاستگۆ، بەهیمەت. خاوەنی چەندین شەهیدی بنەماڵەکەیانن و ئێستاش خانەوادەکەی بەردەوامن لە خەبات و کوردایەتی، بەڵام بەداخەوە لە کاتی واجب و بەسەرکردنەوەی چەند پرسەیەک بۆ قەزای مەخموور لەگەڵ کاک سەعدی ئەحمەد پیرە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون، مەلا برایم گەیشتە کاروانی نەمرانەوە ناوبراو دواپلەی جێگری مەڵبەندی (٣) ڕێکخستنی هەولێر بوو، هاوڕێیەکی دێرینی پێشمەرگایەتی مەلا برایم


ئەویش لیوا (کاوە سادق) قەشقەییە لە کۆمێنتێک بۆ من نوسیبووی: مەلا برایم نموونەی پێشمەرگەو فەرماندەو لەهەمان کاتدا کادیرێکی سیاسی سەرکەوتوو بوو، ئازاو بوێرو دڵسۆزو پاک بوو، پیاوی رۆژە سەختەکان بوو، لە هەموو شتێک خاوەن هەڵوێست بوو خاوەنی قسەی خۆی بوو. هەردەم بەرگری لە حەق و راستی دەکرد، لەناو پێشمەرگەدا بە قسەی رەق، بەڵام حەق ناسرابوو، بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە ببووە خۆشەویستی هاورێکانی. دەتوانم بڵێم قوتابخانەیەکی تایبەت بوو، هاورێی نزیکم بوو کاریگەری بەسەر منەوە هەبوو شانازی پێوە دەکەم لێرەوە حەقی خۆیەتی باسی هەڵوێستێکی مەلا برایم بکرێت لە شەڕی ئۆمەرگومبەت بوو لە ساڵی ١٩٨٢ لە گەرمەی هێرشی دوژمن بۆ سەر دێیەکە ئەوکات مەلا برایم لە کەرتی (٢)ی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر بوو دەچێتە سەر بڵندگۆی مزگەوت و هاوار دەکات بەرووی سەربازەکان دەڵێ (الجنود اخواتنا والفاشيون اعدائنا) تاوەکو سەربازەکان لەم شەڕە سارد بکاتەوە کە ئەوە داهێنان بوو بۆ ئەو سەردەمە.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مەلا برایم قەرەو سەرجەم شەهیدانی رێگای کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: ئیبراهیم مەولود حەسەن
- ناسراوە: بە مەلا برایم
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مەلاقەرەی کەندێناوە.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان
- عەشیرەت: ساڵەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: خەیاڵ عەزیز عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی: (بێشە - بڵند - بتوێن - لانە - وڵات)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨١ لە بارەگای سەرکردایەتی
- دواتر گواستراوەتەو سنووری دەشتی هەولێر..
- دواتر وەک پێشمەرگەو کادیری کۆمەڵایەتی درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات لە سنووری کەندێناوە تا ساڵی ١٩٨٨ و دواتریش بۆ سنووری ئێران..
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە راپەرین دەکات و رۆڵی بەرچاوی هەبووە و بەشداری لە رزگارکردنی کەرکووکیش دەکات.
- لەگەڵ تەشکیلاتی نوێی پێشمەرگە لە ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ ناوبراو دەکرێتە مقەدەمی لیوا بەرپرسی دارایی.
- دواتر دەکرێتە رابەر سیاسی لەشکری (١٦)ی دەشتی هەولێر..
- لە دوای ٣١ی ئاب ی ١٩٩٦ لە شاری کۆیە دەکرێتەوە بە رابەر سیاسی لەشکری هەولێر
- دواتر پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەندامی فەرماندەی (٢)ی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٩٨ دەگوازرێتەوە بۆ فەرماندەی کۆیە بە رابەر سیاسی فەرماندەیی.
- بە ئەندامی فەرماندەیی دەمێنێتەوە تا ٢٠٠٣
- لە ساڵی ٢٠٠٤ دەکرێتە جێگری مەڵبەندی پێشمەرگایەتی..

ـ له ساڵی ٢٠٠٦ دەگوازرێتەوە مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر بە پلەی جێگری مەڵبەند
ـ له هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٦ بە پلەی کارگێڕی مەڵبەند هەڵبژێر درا.
ـ بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری دەشتی هەولێر لەپێش ڕاپەرین کردووە لەگەڵ شەڕەکانی ڕاپەڕین و دوای ٣١ی ئاب و ئەو شەڕانەی بەرۆکی یەکێتی و پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتبوو.
ـ له ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە..
ـ (٣)یەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی..
ـ ساڵ و مانگ و ڕۆژی ماڵئاوایی: ١٤ـ٥ـ٢٠٠٧
ـ شوێنی ماڵئاوای: جادەی مەخموور ـ هەولێر
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/٨/٢٠ لە ژمارە (٦٧٥٦) لە لاپەڕە (١٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە.

شەهید (برایمە کۆر)

# ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن



سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ رژێمی بەعس و دەسەڵاتی سەدامیەکان، بۆ کپ کردنەوەی دەنگی نارەزاییەکان، بۆ چەوسانەوەو لە ناوبردنی نەتەوە کەمینەکان هەموو هەنگاوێکی نیگەتیڤی دەنا. بەتایبەت بۆ خانەوادەی پێشمەرگە هەموو رێوشوێنێکی تۆقاندن و ترساندنی ئەگرتەبەر، ئەم توندوتیژیانەی رژێم، هەستی لاوی کوردی رق ئەستوورتر دەکردو کاردانەوەو تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکەوتەوە، دواجار هەستی کوردانەو هەستی خاک و نیشتمان زاڵ دەبوو بەسەر شۆڤینیەکان رووله شاخ و دەبوونە پێشمەرگە، یەکێک لەو لاوانەی دەڤەری مەخموور کە مامۆستا کاوە مەخمووری شەهید دەبێت لە ساڵی ١٩٨٠، (ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن)ی برای راستەوخۆ دەبێتە پێشمەرگەو چەکەکەی ئەو لە شانی دەکات، ناوبراو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دژە رژێم گۆش کرابوو هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ (مام) ئەنوەری باوکی لە بنکەی پۆلیسی مێرگەسوور گەورەترین چالاکی و دەستکەوتی گەیاندە شۆڕشی ئەوکات، شەهید ئیبراهیم پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوە، لەسەر رێچکەی باوک و براو کەسوکارەکەی خەباتی کرد، لەبەر ئازایی و لێهاتووی پلەکانی بەسەرکەوتووی بڕی تا فەرماندەی کەرتی بارەگای تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ. لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین چالاکی و شەڕ و داستانی گەورەی کردووە، لەبەر دڵسۆزی و چاونەترسی لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووەو چاوێکی لە پێشمەرگایەتی کوێر بووە. بەڵام بەداخەوە وەکو دوو برایەکەی تری تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو، بووە سێیەم شەهیدی یەک دایک و باوک. لە رێکەوتی ٢٢ـ٥ـ١٩٨٥ لە نێوان گوندەکانی سیاوـ هێلاوە شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید ئیبراهیمە کۆرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ئیبراهیم ئەنوەر حەسەن زێندین
- ناسراو بە: برایمە کۆر
- تەمەن: ١٩٥٧

- ساڵی لەدایک بوون: قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- عەشیرەت: مەموند
- باری خێزانی: خێزاندار
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٠ لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرتی تیپ بووە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- لە چالاکییەک چاوێکی لەدەست داوە.
- (٢) برای تری شەهیدی سەنگەرە بەناوەکانی (مامۆستا کاوە مەخمووری، خەلیل ئەنوەر مەخمووری)
- لە ماوەی (٥) ساڵی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢-٥-١٩٨٥
- شوێنی شەهیدبوون: سنووری گوندی نێوان سیاو و هێلاوە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٨/٢٥ لە ژمارە (٧٠٥٤) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (ئیدریس جەباری)

# ئیدریس کاکل حوسێن




ڕاپەڕین ئەو خەونە خۆشە بوو سەدان گەنجی خێر لەخۆنەدیوی ژێردەستەی بەعسیەکان حەزو خولیاکانیان خەفە کرابوو هێنایەدی. ڕاپەڕین هەزاران کۆتوبەندی لەدەستی گەنجانی ڕەشپۆش شکاندو دەرگاکانی بەندینخانەکانی والآکرد. هەر ڕاپەڕین بوو ئازادی رادەربڕین و شەفافی خستە نێو شەقامی کوردیەوە. بێ گومان ڕاپەڕین هەزاران باوەشی دایکانی بە کوڕەکانی شاد کردەوە. بە پێچەوانەوەش ڕاپەڕین چەندین دایکی رەشپۆش کرد و چەندین خەونی وەنەوشەیی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە دێرینەکانی نەهێنا بەرهەم و ئەوانەی ڕۆژگارێک دژە کورد بوون دوای ڕاپەرین بوونە خاوەنی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین و حاکمی شار. یەکێک لەو گەنجە جوان و ناخ پاکانەی قەڵاتەسورانی ناوچەی شەمامک کە لەخانەوادەیەکی پێشمەرگەو خاوەن فکرو ئینتمایەکی زۆر بۆ کوردایەتی بۆ یەکێتی بۆ نیشتمان بۆ ڕاپەڕین هەیان بوو ئەویش خانەوادەی شەهید (ئیدریس کاکڵ حوسێن) جەبارییە. ناوبراو لەگەڵ یەکەم تەقەی دەستپێکی ڕاپەڕین بووە پێشمەرگە لای کاکی (سەید کەمال جەباری) کە پێشمەرگەی دێرین بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی کاکە ئیدریس لە پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە بەرواری ١-٤-١٩٩١ شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووود لە گیانت ئەی پێشمەرگە دڵسۆزەکەی ڕاپەڕین.

- ناو: ئیدریس کاکل حوسێن عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: ئیدریس جەباری
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٧٤
- شوێنی لەدایک بوون: قەڵاتەسورانی ناوچەی شەمامک - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: جەباری

- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١١-٣-١٩٩١ بەتالیۆنی (١١) تیپی (٨٨) زورگە زراو
- ناوبراو بەشداری لە ڕزگارکردنی شاری هەولێر کردووە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٤-١٩٩١
- شوێنی شەهیدبوون: گوندی کەڕک - نزیک پیرزین

شەهید (شێخ سمایل چۆمساکی)

# ئیسماعیل تەها ئەمین



روون و ئاشکرایە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی فەخامەتی (مام) شۆڕش چەخماخەی دا، دۆڵی باڵەییان شەرەفێکی گەورەی بەباڵا بڕاو بووە سومبوڵ و پێشەنگی دڵسۆزی و دەنگی حەقبێژی لەم دەڤەرە خەباتکارو کوردپەروەرە. ئەوێ ڕۆژێ خەڵکی دۆڵی باڵەییان بەڵێنیان بۆ (مام) و ڕێبازە پیرۆزەکەی (ی.ن.ک) دوپات کردەوە ئەوان دڵسۆز دەبن خەبات بکەن خۆراگرڕدەبن تاشۆڕش و کوردایەتی بگەینە کەناری ئارام و قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی، ئەوان هەموو بەیەک دەنگ و یەک هەڵوێست دژایەتی خۆیان بەرامبەر ڕژێمی سەدام و سەدامیەکان دەربری. زۆربەی خەڵکی ئەم دەڤەرە بوونە پێشمەرگەو لە مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕش ناویان تۆمارکراو لەم پێناوەش قوربانی گەورەیان بەخشی بە کوردو کوردستان، هەربۆیە باڵەکایەتی و ئەم دەڤەرە بە گشتی لە پێشمەرگایەتی بوونە شانازی گەلێک. یەکێک لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی هەرگیز لە داستان و نەبەردی و چالاکیدا سەری لە ئاست گوللەی دووژمن نەوی نەکردووەو لە هیچ شەرێک نەدۆڕاوە ورەی بەرنەداوە ئەویش شەهید شێخ (سمایلی چۆمساکی) یە. بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێ شەهید (سمایل) هەڤاڵ (موحسین عەبدوڵڵا) وتی: لەڕاستیدا سادەیی و خاکی بوونی شەهیدی فەرماندە (سمایل چۆمساکی) زۆر جیاوازبوو، ناوبراو بەرپرسی بارەگایەکەی ئێمە بوو کەسێکی دڵسۆزو بەدیقەت و ورد بوو لە کاری سەربازی، کەسێکی ئازاو قارەمان و چاونەترس بوو، کەسێکی خۆنەویست بوو بەرژەوەندی هەمووومانی دەویست لە ژیان و گوزەرانی هەمووومانی دەپرسی ئەوەندە خەمی ئێمەی بوو لە کاتی برسیەتی و سەرماو سۆڵەی ئەم چیاو شاخانە ئەوەندە خەمی خۆی نەبوو. لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی خۆشەویست و رێزلێگیراو بوو زۆربەی ئەو کێشانەی سنووری خۆی بەس بهاتبا نێوان ئەم کێشانە چارەسەری بنبڕی بۆ دەدۆزیەوە دواتر دانیشتنێکی ئاشتەوایی بۆ رێکدەخستن. لەماڵەکەی خۆشی زۆر سەربڵندو نانەدرێکی بەپەرۆش

بوو بۆ ئێمە. لەرووی ئاینیەوە کەسێکی بەئاگاو بە ویژدان و پاک بوو، هەموو نوێژەکانی لەکات و ساتی خۆی دەکرد، بەکورتی و بەکوردی کەسێکی کامڵ و لێهاتوو تێگەیشیتوو بوو. لەشەرگەکانیش هەرگیز حسابی بۆ دوژمن نەدەکرد هەر سەنگەرێک هەر میحوەرێک شەهید سمایلی لێ بوایە سەرکەوتن لەوێ بوو، ورە بەرزو ورە بەخش بوو.بەڵام بەداخەوە لە رۆژی ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨ لە شەڕی سەرکردایەتی لە چیای گەرەدێ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد فەرماندە خۆشەویستەکەی کوردستان.

- ناوی تەواو: ئیسماعیل تەها ئەمین تەها
- ناسراو بە: شێخ سمایل چۆمساکی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی چۆمساک ـ دۆڵی باڵەییان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە سەعید مەحمود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: لەتیف، سەلیم، سالْم، هێرش، نەبەز، ئاراز
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: لەمانگی (٩)ی ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لەگەڵ هەریەک لە هەڤاڵانی رێکخستن، مام هێدی، قادر عەریف، زرار حاجی سەعید، پەیوەندیان بە لقی (٣) کردووە لای دکتۆر خدر مەعسوم، پاشان پەیوەندیان بە شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد مەولود) کردووە لە هەرێمی (١٤) لەبەرلێهاتووی و ئازایی کرایە فەرماندەی کەرت لە قوەتی (کارۆخ)
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک
- دواتر لەتیپی (٧٤) باڵەک و لە ساڵی ١٩٨٠ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە ـ پاشان گواسترایەتەوە تیپی ٧٨ی کارۆخ و ساڵی ١٩٨٢ کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی (٢). لە ساڵی ١٩٨٥ لەهەمان تیپ کراوەتە فەرماندەی کەرت ـ پێش شەهیدبوونی کراوەتە جێگر تیپی (٩٠)ی باوەجی..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە لەوانە: کونەکۆتر، شەڕی خانەقا، داستانی سەری ڕەش، داستانی تەق تەق، داستانی قەیوان ماوەت، گرتنی بێتواتە، زۆربەی لێدانی رەبیەکانی باڵەکایەتی و شەڕەکانی سەرکردایەتی.
- ناوبراو (٢) جار برینداربووە لە (شەڕی قەیوان ماوەت ـ سەری رەش)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: شەڕی سەرکردایەتی ـ چیای گەرەدێ.

### شەهید (سمایل وەرتی)

# ئیسماعیل حاجی حاجی



پیاوێک بوێر، جوامێر، دڵسۆز، میوان دۆست، ئازا، زۆر وشەو قسەی لایەقتر هەیە بۆ شەهید سمایل وەرتی بنوسی شایەنیەتی و لە مەیدانی خەبات و بەرخودان لە بەرامبەری تاقی کراوەتەوەو بوونی خۆی لەناو هەموو وشەیەکی جوان و شایستە شەهید سمایلی تیا دەبینیتەوە، فەرماندەیەک بەمانای وشە تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، پێشمەرگەیەک بارتەقای گەورەی خاک خاکی، سادەتر لە شینی ئاسمانی، خۆشەویست وەک یوسف، خۆڕاگرلە چیای کارۆخ و هەڵەموند، ئەوەندەی من بەدواداچونم لەسەرئەم شەهیدە خۆشەویست و خۆنەویستە کردووە لە سنوورەکە بەشەهید بوونی ئاسمان هەورێکی رەش رەش وەک چارۆگەکەی داپیرم بڵاوەی کردوو ئەم هەورە نیگەرانی دەربڕی لەسەرکردایەتی کورد کەبەداخەوە ئاسمانیش لەدەست خۆخۆری کورد و خراپی بیرکرنەوەی کلتوری کوردی وەک رقێک هەموو تورەی خۆی بەتاڵ کردەوە لە منداڵێکی هەژاری بێ باوکی شەڕی کوردکوژی. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (دکتۆر رێبین محەمەد سۆفی) کادیرو پێشمەرگەی دێرینی ئەوێ رۆژێ و هاوڕێی شەهید (سمایل وەرتی) وتی: کێ هەیە لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پێشمەرگە یان کادیر یان فەرماندەیەکی یەکێتی بووبێ، سمایل وەرتی و خانەوادەکەی نەناسیبێ. ئەو تێکۆشەرە لەهەموو ئەو ماوەیەدا وەک پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس و فەرماندەیەکی لێهاتووی ناو گۆرەپانی قۆناغە سەختەکاندا، هەمیشە لەناو بۆتەی خەبات دابوو. بۆیەلای هەموان وەک کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕو بوێر دڵسۆزو خانەدان لە سەنگەری بەرەی گەلدا جێگەی دیاربوو. بێگومان ئازایەتی لە مەیدانی پێشمەرگایەتیدا لە خۆرابەقەد باڵای هەموو پێشمەرگەیەک نەدەبڕا، بەڵکو لە مەیدانی بەرخودان و پەلاماردانی دوژمنانی گەلی کوردستاندا، ئەو خەسڵەتە وەردەگیرا. سمایل وەرتی مەردی مەیدانی ناو داستانەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوو. لە شەوی بەفراوی و بەستەڵەکی ٢٧/٢٨-١-١٩٨٨ لە داستانی سەری رەشدا، کەدەست بەسەرکۆشکی

هاوینەی سەدام حوسێن دا گیرا، سمایل وەرتی وەک فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێ لەوێبوو، لە دوای ئەوە لە داستانێکی تردا لە ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨دا لە دۆڵی بالیسان کە بەر لە هێرشێکی دوژمن گیرا لەو شەڕەدا، کە محەمەد شینەی قارەمان شەهید کرا، سمایل وەرتی وەک فەرماندەی تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) لە جێگای ئەودانرا. ئینجا لە شەڕی ئەنفالەکاندا بەچەکی قورس دوژمنی ئاگردەدا. دیارە شەڕی ئەنفالەکان شەڕی مان و نەمان بوو، چونکە دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی (ئاسایی، تۆپ، راجیمە، زرییپۆش، تانک، فرۆکە، چەکی کیمیایی،چەکی بایەلۆجی) بەکاردەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش لەهەر بەرەیەکی بەرەنگاریدا، پێویستی بەهێز بوایە، سمایل وەرتی بەهانای هاوسەنگەرانی دەچوو.لەبیرمە لەسەرەتای مانگی شەشی ١٩٨٨دا بەخۆی و فەرماندەکانی تیپەکەی بەهێزێکی زۆرەوە بەهانای ئێمەوە هاتن، کە وەک تیپی ١٢ی سۆران لەشاخی (پێبۆ) لەگەڵ دوژمن لە شەڕدا بووین، دواتربۆگۆڕینی تیپی ٣١ی سلێمانی بەهەمان شێوە چونە سەرشاخی (کارۆخ) و ٢٧ رۆژ لە سەنگەری بەرگریدا مانەوە. ئیدی سمایل وەرتی و هاورێ و هاوسەنگەرانی وەک پڵینگ ئاسا لە شاخ بۆ ئەوشاخ لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی تر لەپێناوی بەرگری کردن لە ناوچە رزگارکراوەکان و هاوسەنگەرانیدا، گیانی خۆیان بەخت کرد. بەهەرحاڵ ئەو چەند چالاکییەو ئازایەتیەی ناوبراو کە باس کرا، هەمووی نەبوو، بەڵکو تەنها هی ساڵێکی بوو، لەلایەکی ترسمایل وەرتی هێندە دڵسۆزی شۆڕش و لە خەمی چەکە قورسەکانی تیپەکەی بوو لەکاتی کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر سنوورەکان، چەند رۆژێک پێشتر هەموو چەکە قورسەکانی گەیاندە مالێخی بناری قەندیل، تا دەست دوژمن نەکەون.. نابێ ئەوەشمان بیر بچێ سمایل وەرتی جگە لەو بوێریەی کە هەیبوو لەگەڵ هاورێ و هاوسەنگەرانی زۆر بەرەوشت و بەرێز بوو، بەڵام هەمیشە قسە لە روو بوو. لە هەمان کاتیش ناندەروخانەدان بوو. ئەوانە هەموو لەسەر یەک کەسایەتی و جوامێریان پێ بەخشیبوو. سەد مخابن ئەو قارەمانە لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو. لە کۆتایی دەڵێم نیشانەو هێمای مرۆڤی راستەقینە ئەوەیە کەهەردەم ئامادەی خۆبەخشین بێت.. سمایل وەرتی لەم تێکۆشەرانە بوو، کە هەمیشە بۆ یەکێتی و کوردایەتی گیان لەسەردەست بوو، بۆیە زۆر زوو شەهید بوو، یادی بەخێرو هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو فەرماندە خاکیە..

- ناوی تەواو: ئیسماعیل حاجی حاجی حەمەدەمین
- ناسراو بە: سمایل وەرتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی وەرتی قەزای سۆران
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: حەلیمە خدر عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: چیمەن، قارەمان، سیروان، رێزان، پەیمان، کارزان.
- ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوول: ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٥
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: بەتالیۆنی تایبەت ـ پەڵی ئەسناد
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەرێزەکانی (ی.ن.ک) ساڵی ١٩٧٥
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦

- ئۆرگان:لە ساڵی ١٩٧٦ پێشمەرگە بووە لە مەفرەزە کانی دەورووبەری هەولێر
- لە ساڵی ١٩٧٨ لەکاتی تەشکیلاتی هەرێمەکان کراوەتە (فەرماندەی مەفرەزە)
- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی کەرت
- لە ساڵی ١٩٨٤ فەرماندەی تیپی (٧٣)ی هەڵەموند بووە.
- دواتر گواسترایەتەوە تیپی (١٩) کۆرەک هەربە فەرماندەی تیپ
- پاشان گواسترایەتەوە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر
- ماوەیەکیش فەرماندەی تیپی (٧٤)ی باڵەک بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩٠ فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی ٣ی هەولێربووە
- شەهید سمایل وەرتی بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و رەبیەگرتن و چالاکییەکانی سنووری زۆربەی تیپەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین لەوانە: شەڕی سێ کانیان، شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت، گەروی مەنجەڵ، چیای هەڵەموند، داستانی قەندیل کونە کۆتر، داستانی رزگاری سەرپەرشتی قۆڵی (بالغ و ولاغلو) کردووە، زینی ئەستێرۆکان، شەڕی گردە سماق لە ساڵی ١٩٧٤، شەڕی کۆڕێ و کانی شیلانەو جدیدە بەهاوکاری لەگەڵ هەڤاڵ سلێمان بیرێژی، شەڕی ئاوە سپی لە ساڵی ١٩٧٨، شەڕی سوڵتەی وەرتێ و حافیزو ماویلیان لە ساڵی ١٩٨٠، بەشداری لە شەڕەکانی کوردستانی رۆژهەڵات کردووە دژبە رژێمی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢، شەڕی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣، شەڕی چیای ماکۆک لە ساڵی ١٩٨٥، دۆڵی خۆشناوەتی و شەڕی وەرتێ لە ساڵی ١٩٨٦- شەڕەکانی زینەتیرو ئالانەو مێرگەسەرو شاخی سۆر لە ساڵی ١٩٨٧. دەیان چالاکی تر کەناکرێ باس بکرێ.. لەکاتی ئەنفالە بەدناوەکەی رژێم، شەهید سمایل سەرپەرشتی چەندین چالاکی کردووە دژی سەدامیەکان و خۆڕاگربوو تا دوا پێشمەرگە لە سنوورەکە ماوەتەوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە لە ساڵی ١٩٧٨ لە ئاوەسپی - لە ساڵی ١٩٨٠ لە وەرتێ - لە ساڵی ١٩٨٢ لە چیای ماکۆک - لە ساڵی ١٩٨٤ لەناو وەرتێ - لە ساڵی ١٩٨٥ لە پلێنگان، لە ساڵی ١٩٩٤ لە قەڵادزێ.
- جگە لە خۆی دوو برای تری بەناوەکانی (رەشید) و (سادق) شەهید بووە.
- لەدوای ئەنفالەکان ماوەیەکی زۆربە پارتیزانی ماوەتەوە لەگەڵ چەند هەڤاڵێک
- لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ پێشەنگ و پێشڕەو بووە لە رزگارکردنی دەروازەی ڕاپەڕین لە ٥-٣-١٩٩١ دەوری جوامێرانەی بینیوە. دواتریش بەشداری رزگارکردنی قەزای شەقڵاوەو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە لە سنووری پارێزگای هەولێر.
- لە دوای ڕاپەرین چەندین پۆست و پلەی وەرگرتووە لەوانە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣٤ی هەڵەموند - دواتر کراوەتە فەرماندەی هێزی (٣٧) کارۆخ - پاشانیش کراوەتە فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٥-١٩٩٤ بە سەختی بریندار بووە لە قەڵادزێ.
- بەڵام لە ٢٢-٥-١٩٩٤ واتە پاش ٢٠ رۆژ دواتر لە نەخۆشخانەی جمهوری شەهید بوو.

شەهید (ئیسماعیل مورتکەیی)

# ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم




روون و ئاشکرایە پاش سووتان و تێکدان و رووخانی گوندەکان و ئەنفالەکان بەگشتی تەنها چەند مەفرەزەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک پارتیزانی مانەوە لە کوردستان، تا بە بەعس و رژێمی سەدام بڵێن ئێمە کوردستان بەجێ ناهێڵین و خاک بە هی خۆمان دەزانین و ئێمە مێوان نین، بەڵکو ئێوە بێگانەو داگیرکەری دڵ پڕ لەقینن، ئەوێ رۆژێ رۆژگارێکی سەخت و دژوار بوو، چونکە وێرانکاری گوندەکان و هەزاران کەس ئەنفال کرابوون و لەلایەکی تر پەلامارەکانی عێراق بۆ سەر کوێت هێندەی تر ناوچەکەی هەژاندبوو، هاووڵاتییانی کوردستان تووشی شڵەژان و داماوی هاتبوون چونکە بەهەزاران رۆڵەی کوردی بێ تاوان سەربازبون چارەنووسیان دیارنەبوو، ئا لەم و کات و ساتەدا مەفرەزە پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دروست کردنی رایەڵەو ئامادەباشی بۆ ڕاپەرینی سەرتاسەری لە کوردستان و عێراق بەگشتی لە دەورووبەری شارەکانی کوردستان نزیک ببونەوە یەکێک لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ شەهید هاشم شەمامکی فەرماندەی تیپی (٨٨)ی شەمامک بوو، شەهید (ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم) مورتکەیی بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی گەنجی رووخۆش و ئازاو چاونەترس بوو، لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆنەویستانە بەشداری چەندین چالاکی ونەبەردی کردووە، بەڵام بەداخەوە لەماوەی پارتیزانی لە ١٩ـ٩ـ١٩٩٠ لەگەڵ شەهید هاشم شەمامکی هاورێ و هاوسەنگەری لە سنووری شینایەکانی گوندی دەلووگوڵ گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.. روحت شاد کاکە ئیسماعیلی دەم بەخەندەو روح سووکی خۆشەویستی ناوهێزی پێشمەرگە..

- ناوی تەواو: ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل
- ناسراو بە: ئیسماعیل مورتکەیی

- ساڵی له دایک بوون: ١-٧-١٩٧٣
- شوێنی له دایک بوون: گوندی مورتکه - ناحیه‌ی داره‌توو - پارێزگای هه‌ولێر
- عه‌شیره‌ت: سنجاوی
- ئاستی خوێندن: ناوه‌ندی
- باری خێزانی: سه‌ڵت
- ساڵی په‌یوه‌ندی به ڕێکخستن: ١٩٨٦
- ئۆرگان: کۆمه‌ڵه‌ی ره‌نجده‌رانی کوردستان
- ساڵی په‌یوه‌ندی به هێزی پێشمه‌رگه‌وه: ١٩٨٧
- شوێنی پێشمه‌رگایه‌تی: له که‌رتی (٣) له تیپی (٨٧)ی قه‌ره‌چوغ که‌هه‌ڤاڵ (عومه‌ر ناسر) فه‌رمانده‌ی که‌رته‌که بووه بۆته پێشمه‌رگه، پاشان گواسترایته‌وه که‌رتی سێ له تیپی ٨٦ی ده‌شتی هه‌ولێر دوا شوێنی پێشمه‌رگایه‌تی له ته‌شکیلاتی ساڵی ١٩٨٩ له سه‌ر سنوور گواسرایته‌وه تیپی (٨٨)ی شه‌مامک که شه‌هید هاشم شه‌مامکی فه‌رمانده‌ی تیپه‌که بوو، دواتریش هه‌ربه‌یه‌که‌وه شه‌هید بوون.
- یه‌که‌مین شه‌هیدی بنه‌ماڵه‌که‌یه‌تی
- له ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی یه‌ک جار بریندار بووه له شێخ وه‌سانان به کیمیاوی.
- له ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی به‌شداری چه‌ندین نه‌به‌ردی و چالاکی کردووه له‌وانه (لێدانی ره‌بیه‌کانی نێوان هه‌ولێر پردێ، کارگه‌ی قیر، داستانی گرتنی ته‌ق ته‌ق، داستانی گرتنی دێگه‌ڵه، داستانی گرتنی سه‌ری ره‌ش، شه‌ڕه‌کانی سه‌رکردایه‌تی، داستانی سماقوڵی)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شه‌هید بوون: ١٩-٩-١٩٩٠
- شوێنی شه‌هید بوون: شینایه‌کانی سنووری ده‌لووگوڵ

## شەهید (ئیسماعیل عەسکەری)

# ئیسماعیل عەزیز عومەر



ئیسماعیل عەزیز عومەر لە بنەماڵەیەکی هەژارو کوردپەروەر لە گوندی سەربەشاخی ناوچەی کەندێناوە چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، بەهۆی ئەوەی گوندەکەیان دەوڵەمەند بووە بە سامانی سرووشتی تووشی راگواستن و ئاوارەیی بوونەتەوە چەندین جار. ئەو تاقانەی دوو خوشکیەتی، بۆیە هەمیشە لە ماڵەوە لەناو خزمانی چاوی زۆر لەسەر بووە، بەڵام ناوبراو هەر لە تەمەنی لاویەتییەوە دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەیەک لێوان لێو لە دڵسۆزی، ئازا، چاونەترس، بەهیمەت و بەغیرەت، کامە شەڕ هەیە لە سنووری مەڵبەندی سێی هەولێر ئەو لە پێشەوەی پێشەوە نەبووە، کام شەڕ هەیە لە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو دەستەی هجوم نەبووە. بەڵکو لەبەر ئازایی و دڵسۆزی کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٥)ی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی سەخت و دژوار لەرێکەوتی ٢١-٢-١٩٨٨ لەسەر شاخی پیرە مەگروون شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درود لەگیانت کوڕە ئازاکەی دەشتی کاکی بەکاکیەکی کەندێناوە.

- ناوی تەواو: ئیسماعیل عەزیز عومەر
- ناسراو بە: ئیسماعیل عەسکەری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
- شوێنی لە دایک بوون: سەربەشاخ - ناوچەی کەندێناوە
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- عەشیرەت: سیان
- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە لەوانە (پەڵکە رەش، رەبیەکانی سەر رێگای کەرکووک ـ رێگای کۆیە، شەڕی شەمشولە، بانەمۆرد، داستانی سەری رەش، داستانی ١١ رۆژەی سماقوڵی، شەڕی گەڕەکی ٩٢، لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکووک، شەڕی تەلهەڵالە، جێسمەو قوشتەپە، ماجیداوە، گرتنی سریەی مەخموور، شەڕی گەڕەکی حی سەدام، شەڕی تەق تەق، شەڕی شێخ شەروان وسیاو، شەڕی بەنەباوێ، شەڕەکانی هیران و نازەنین، شەڕی گرتنی دێگەڵە. چەندین شەڕی تر لە دەرەوەی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بریندار بووە.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بوو لە کەرتی (٥) تیپی (٨٧)ی قەرەچووغ
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢١ـ٢ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: لەسەر شاخی پیرەمەگروون.

## شەهید (ئیسماعیل ونکەیی)

# ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان



فیداکاری و بەرخودان لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆڕسکانەیە؟ یان پەروەردەی ڕێبازێکە کە فەرماندەو پێشمەرگەکانی بەور ئاسا لە هێرش و بەرگرییەکان لە پێشبرکێ دابن، مەنتقی بیرکرنەوەو ئامانجی تێکۆشانی ئەوێ ڕۆژێ یەکێتی دۆست و دوژمنی سەرسام کردبوو، یەکێک لەو شەهیدانەی دەمانەوێ یادو یادەوری بۆ نەوەی نوێ پەخش بکەین شەهید (ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا) یە ناوبراو ماوەی (١) ساڵ لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە لای دکتۆر خالیدی کۆیەو ماوەی (٤) ساڵ لەریزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان لەهەرێمی (١٠)ی سەفین لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٤ پێشمەرگە بووە. بۆ ماوەی (سێ ساڵ و نیو) لەرێزەکانی یەکێتی نیشتمانی درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا تا ڕۆژی شەهید بوونی، بەڵام ئەو ماوەیەی لەناو یەکێتی بوو قارەمانانە تێکۆشاو هەوڵە بەردەوامەکانی لەتەکتیک و چالاکییەکان سەرووی خۆی سەرسام کردبوو، هەربۆیە لەداستانی قەیوان ماوەت پلەکەی لە جێگری کەرت بەرزکرایەوە بۆ فەرماندەی کەرت بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (ڕێباز بێرکۆتی) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید ئیسماعیل ونکەیی وتی: شەهیدی جوانەمەرگ ئیسماعیل ونکەیی ناسراو بە (ئیسۆ فیتەر) کەسێکی روح سووک و لەخۆبردوو بوو زۆر لەگەڵ خەڵک گفتوگۆی خۆش بوو، لەناو برا پێشمەرگەکانی کەرتی (٣)ی تیپی (٩١)ی سەفین زۆر خۆشەویست بوو، لەبەر بانگراوندی فیتەری هەم خۆی هەم شەهید وەستا عەلی زۆربەی کەرتەکە بەیەکتریان دەووت وەستا، لە کەرتەکانی تر ئەوسا ئێمە بە یەکتریمان بە (هاوڕێ)، لەرووی جوامێری و ڕەشیدی کەسێکی زۆر ئازاو چاونەترس بوو بەجەرگ بوو. لەبیرمە ئەو شەوەی هێرش کردنە سەر ڕەبایەی جسری دێگەڵە مناقشەی زۆری کرد تاکو ڕێگایان پێ دا ببێتە دەستەی هجوم، حەیف و مخابن لەم شەڕەدا شەهید بوو، شەهید کاریگەریەکی زۆری بەجێهێشت لەسەر کەرت و تیپی (٩١)ی سەفین... هەڤاڵ جووتیار جەبار پێشمەرگەی دانەبڕاو هاوڕێی شەهید

ئیسماعیل وتی: ئەو شەوەی دەچوین بۆ هجووم یەکێک لەپشتەوە منی توند گرت کە ئاوڕم دایەوە ئیسماعیل ونکەیی بوو وتی جووتیار ئەم شەو خەونم بینی من و تۆ بووین لە شەڕێک یەکێکمان شەهید بووین بەس نازانم کامەمان بوین ئێستاش دەڵێم لەم شەڕەی دێگەڵە یەکێکمان شەهید دەبین دواتر لە جیهاز پێیان وتم کە ئیسماعیل شەهید بووە بەڕاستی هەواڵێکی زۆر دڵتەزێن بوو باوەڕ بکەن ئێستاش کە بە دێگەڵە هاتوچۆ دەکەم ئەم گفتوگۆیەو دیمەنەم لەبەرچاو لاناچێ. هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) ڕابەرسیاسی تیپی (٩١)ی سەفین لە کۆمێنتێک چەند دێریکی لەسەر شەهید نوسیوە لە نێویاندا دەڵێ ئەوەی قەت لەبیری ناکەم کە ئیسماعیل شەهید بوو تەنها (سێ سەدو پەنجا فلس و یەک نامیلکەی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی) لە گیرفان بوو. هەزاران درووود بۆ گیانت ئەی هەڤاڵی خۆشەویست و خۆنەویست، ئارامگەت ئارام ئەی فەرماندە خاکیەکەی کەرتی سێی کۆلنەدەر..

- ناوی تەواو: ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: ئیسماعیل ونکەیی یان (ئیسۆ فیتەر)
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: پیرۆز خدر ڕەسول
- ناوی منداڵەکان: شاخەوان، منەوەر، سیروان، تێکۆشەر، نەورۆز
- لەشۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆ پێشمەرگە بووە لای دکتۆر خالید سەعید
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨ لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠ لەرێزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان لەهەرێمی (١٠)ی سەفین - دەبێتە پێشمەرگە لای عریف عەلی لە کەرتی (تەحسینە شەڵ)
- لە ساڵی ١٩٨٤ سەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- لەناویەکێتی لە کەرتی (١)ی شەهیدان کە شەهید تەحسین عوسمان دیبەگەیی بەرپرسی کەرت بوو لە تیپی (٩١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا
- لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە فەرماندەی مەفرەزە
- ماوەیەک سەرپەرشتی کەرتی (١) شەهیدانی کردووە کە شەهید تەحسین دیبەگەیی شەهید بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ لە تەشکیلات و گۆڕانکاری شەهید ئیسماعیل کرایە جێگری کەرتی (٣) کە ئەوکات شەهید جەمال سکتانی فەرماندەی ئەو کەرتە بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٧ ماوەیەک سەرپەرشتی کەرتی (٣) کرد لە شوێنی (شێخ خالید)
- لە کۆتایی شەڕی قەیوان ماوەت لەبەر ئازایی و خۆڕاگری کرایە فەرماندەی کەرتی (٣)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی فەرماندەی کەرتی (٣)ی تیپی (٩١)ی سەفین بووە.
- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

ـ ئەو شەڕانەی بەشداری تیا کردووە لەوانە: لێدانی رەبیەکانی جادەی (کۆیە ـ هەولێر) وگرتنی رەبیەکانی لۆفەکانی خانزاد و مقرفوج گەرۆتە، شەڕی گرتنی رەبیەکانی (هیران ـ شەقڵاوە) شەڕەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێر، لێدانی ئەمنی هەولێر گەڕەکی مەنتکاوە ئیسکان. لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکووک، شەڕی داستانی قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری ناحیەی دێگەڵە.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣/٤ـ٩ـ١٩٨٧

ـ شوێنی شەهید بوون: دێگەڵە

### شەهید (کارزان گڕاوی)

# ئەبوبەکر عەبدوڵڵا شەهاب




ئەگەر بۆ مێژووی پڕ شکۆو کوردانەو پەروەردەی ئایینی خانەوادەی شەهید (ئەبوبەکر عەبدوڵڵا شەهاب) ناسراو بە (کارزان گڕاوی) دابخشێنین دەبینین ئەم بنەماڵەیە زۆر تێکۆشەرو دڵسۆزو کەسایەتیەکی شەهمیان هەبووە، لەشۆڕش و کوردایەتی هەمیشە بەڕێزو سەنگینیەوە لە پێشمەرگەو بەرخودانیان روانیە، دەربارەی شەهید کارزان ئەو لاوێکی خوێن گەرم و هەستی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمانی هەمیشە لە هزرو بیری دەخولایەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٣ واتە لە تەمەنی پانزدە ساڵی تێکەڵ بەکاری رێکخستن و کاری رێکخراوەیی بوو لەناو رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. لەم ماوە توانی ببێتە جێگای متمانەی ئۆرگانەکانی سەرووی خۆی، پاشان لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات لەتیپی (٨٥)ی بەڕانەتی لەکەرتی (٤) کە ئەوکات شەهید (عەلی مەسیفی) فەرماندەی کەرتی چوار بوو درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات. لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (سەعید مەسیفی) وتی: شەهید کارزان گڕاوی لە خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕو لێوان لێو لە کوردایەتی پەروەردە ببوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی قارەمان وئازاو بەهیمەت بوو، هەرچەندە بەتەمەن زۆر بچووک بوو، بەڵام زۆر بەهیمەت و باوەڕی بەخۆی بوو، ئەو خۆشەویست و خۆنەویست بوو بۆیە هەرزوو جێگای خۆی لەناو هێزی پێشمەرگە کردەوە.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو لە رێکەوتی ٢٦ـ٦ـ١٩٨٦ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە، لێرەوە سەری رێزو نەوازش بۆ شەهید کارزان گڕاوی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین.

- ناوی تەواو: ئەبوبەکر عەبدوڵڵا شەهاب عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: کارزان گڕاوی
- ساڵی لە دایک بوون: لە نفوس ٢٤ـ٥ـ١٩٧٠ تۆمار کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ لەدایک بووە.

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گرِاو ـ ناحیەی مەسیف سلاّحەدین ـ قەزای شەقلاّوە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٧ـ١٠ـ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەرِانەتی کەرتی (٤) کە ئەوکات شەهید عەلی مەسیفی فەرماندەی کەرتەکە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی گەورەی کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٦ـ٦ـ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: بناری سەفین نزیک گوندی قەراسنج

## شەهید (خەبات)

# ئەبو بەکر ئیبراهیم رەحمان



شەهید ئەبوبەکر لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو دڵسۆز بۆ رێبازی کوردایەتی پەروەردە کرابوو، ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی بۆ کوردایەتی کامل بوو، ئەو تازە ئامادەیی تەواو کردبوو، بەڵام هەستە نیشتمانپەروەریەکەی زۆر زاڵتربوو لە خۆشیەکانی ژیان، بۆیە لەتەمەنی (١٧)ساڵی تێکەڵ بەکاری رێکخراوەی و رێکخستنی نهێنی ناوشار بوو، دواتر لەتەمەنی (١٩) ساڵی پەیوەندی بە شاخ کردوو بوە پێشمەرگە لای شەهید (جوامێر)ی خاڵی لە تیپی (٩١)ی سەفین. بەڵام کەسەرێکی گەورە بوو پاش (٢٥) رۆژ لەتەمەنی پێشمەرگایەتی لەگەڵ خاڵی جوامێر سەعید کە جێگری تیپی ٩١ی سەفین بوو گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. هەزار سڵاو لەگیانتان ئەی رۆڵە قارەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەی پارێزەری خاکی کوردان.

- ناوی تەواو: ئەبوبەکر ئیبراهیم رەحمان ئیبراهیم
- ناسراو بە: خەبات
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی دارەتوو - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی - لە قوتابخانەی رزگاری لە هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٥لەلایەن شەهید جوامێر سەعید رێکخراوە بۆ رێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٣٠-٥-١٩٨٧ بۆتە پێشمەرگە لای شەهید جوامێر لەکەرتی (١)

ی شەهیدان تیپی (٩١)ی سەفین

- جگە لەخۆی ئامۆزایەکی بەناوی (هیمداد) و خاڵی بەناوی (جوامێر) شەهید بوە.

- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٤-٦-١٩٨٧ شوێنی شەهید بوون: گوندی نازەنین، ناوبراو تەمەنی تەنها (٢٥) ڕۆژ بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید دەبێت.

شەهید (ئەحمەد پەری)

# ئەحمەد بایز حەمەدەمین



(ئەحمەد پەری) ناوێکی دیارو ناسراو بە دەڤەری هەولێرو خۆشناوەتی و بیتوێن و کۆیە، ناوێک ئاشنا بە کوردایەتی و خاک و نیشتمان، ناوێک ئاشنا بە دیوەخان و میوانداری و پیاوەتی، ناوێک ئاشنا بە رێزو لوتف و خۆشەویستی. ئەگەر وەسف و باسکردن بێت لە ئەحمەد پەری ئەوا هەرگیزاو هەرگیز باس کردنی کەڵە پیاوێکی مەنتکایەتی کە لێوان لێوە بووە لە ئازایەتی و دڵسۆزی و خەمخۆری چ لە شۆڕشی ئەیلوول چ لە سەرەتای دروست بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ لە دەستپێکی شۆڕش و کارکردنی وەک بەرپرسی خەتێکی رێکخستن لە بەستی شەرغەوە بۆ ناوشاری هەولێر وەک رایەڵێکی بەهێزی رێکخستن چ لە پەیداکردنی چەک و فیشەک و تەقەمەنی و داو دەرمان، چ نامە نوشتە سیاسەکانی ئەوێ رۆژێ دەگەیاندە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕش. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کادیرێکی زۆر بە پەیوەندی و کراوەی سەردەمی خۆی بوو، واتە پیاوێکی قسەخۆش و ناندەرو جوامێری دەڤەرەکە بوو، هەموو ئەو سیفەت و دڵسۆزییەی نەیارانی پێی تووشی هستریا ببوون بۆیە لە رۆژی ١٧ـ٥ـ١٩٧٧ هێزێکی زۆر لە جەیش و جاش و تانک و دەبابەو (٦) هەلیکۆپتەر چەند چاوساغێکی خۆفرۆش لە سنووری قوشتەپەو کۆیە و تەق تەق هاتن چواردەوری هەردوو گوندی (بەردبڕ) و (بەلەبان)یان گرت لە ئەنجامدا ئەحمەد پەری دەستگیر کرا. سەرەتا رەوانەی فەیلەقی (٥) کراو دواتر رەوانەی هەیئەی کەرکوک کرا. پاش (٦) مانگ ئەشکەنجەو ئازار داوای لیستی ناوی رێکخستنەکانی بەستی شەرغەی لێ دەکرێت، بەڵام یەک وشەش نادرکێنێ، بەڵام خۆفرۆشێک ئیعترافی لەسەردەکات. جێگای خۆیەتی لێرەوە بڵێن بەڕێزان (عوسمان حەمە برای بەکر حەمەو عوسمان لاوە) لەشارەوە زۆر هاوکاری ئەحمەد پەری بوونە. لە کتابەکانی شەهیدان شاخەوان عەباس و رێبازی پارتیزان باسی ناوبراو دەکەن کە چەند ئازاو زەروور بووە بۆ شۆڕش. بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٢١ـ١١ـ١٩٧٧ لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارە دەدرێت و

دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانی شەهید ئەحمەد پەری و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ئەحمەد بایز حەمەدەمین
- ناسراو بە: ئەحمەد پەری
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٣٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بەردبر ـ ناحیەی دێگەڵە ـ قەزای کۆیە
- عەشیرەت: مەنتک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بوو
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: شیرین عەلی قادر
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک منداڵی هەبووە بەناوی (حەلیمە)
- لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووەو پێشمەرگەیەکی ئازا بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن رژێمەوە زیندانی کراوە لە ئیستغباراتی فرقەی (یەک) فەیلەقی (٥).
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٦ بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ـ باڵی بزووتنەوە
- لێپرسراوی شانەی رێکخستنی گوندەکانی مەنتکایەتی بووە لە بەستی شەرغە
- ئەلقەی بەستنەوەی گەیاندنی پەیامی هەرێمی (٨) هەولێربوو بە رێکخستنەکانی ناوشار.
- ئەرکی ئامادەکردن و گواستنەوەی چەک و فیشەک لە ئەستۆ بوو بۆ هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر لە شارەوە بۆ شاخ.
- رۆژی دەستگیرکردنی: ١٧ـ٥ـ١٩٧٧
- رۆژی لە سێدارەدانی: ٢١ـ١١ـ١٩٧٧
- شوێنی لە سێدارەدانی: موسڵ

## شەهید (ئەحمەد برایم)

# ئەحمەد برایم حەمەد



خەبات و بەرخودان، شۆڕش و کوردایەتی لە دەڤەری باڵەکایەتی بۆ نەوەو منداڵەکانیان چەند وشەو چەمکێک بوون وەک وانەی کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لێ هاتبوون. نەوەکانیان منداڵەکانیان گۆش و پەروەردە کرابوون بە ئینتمای نیشتمان و خۆشەویستی بۆ خاک، شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەگەڵ زۆربەی کایەکانی ژیانیان تێکەڵ بەخوێنیان ببوو، هەربۆیە لە تەمەنی هەرزەکاری دەبوونە پێشمەرگەی هێزی بەرگری و دواتر پەیوەندیان بە ئۆرگانەکانی شۆڕش دەکردو دەبوونە ئازاترین پێشمەرگە لە سنوورەکە. یەکێک لەو شەهیدانەی گۆش و پەروەردە کرابوو بە وشەی خاک، پێشمەرگە، شۆڕش، یەکێتی، کوردایەتی.. شەهید (ئەحمەد برایم) کەلێتەییە. ناوبراو لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی تا سەر ئێسقان کوردپەروەر، پێش خۆی برایەکی تری پێشمەرگە بوو لە کەرتی (٤) تیپی ٧٨ی کارۆخ. ئەوان دڵسۆزو خەباتکارێکی سەرسەختی ڕێبازەکەی (مام) بوون، لەدوای ڕاپەرینش درێژە پێدەری شاخ و هەڵگری بیروبازوی ڕەنجدەران و تێکۆشان بوون دژی ستەم و زۆرداری بەعسیزم. شەهید ئەحمەد کەلێتەیی پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو گوێڕایەڵ و بەئەمەک بوون بەرامبەر نیشتمان، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لە شەڕێکی نەگریس و داسەپاو بەسەر یەکێتی لە ڕۆژی ٢٤ـ٨ـ١٩٩٤ لە سنووری قەسرێ شەهید بوو. هەزاران درووd لە گیانت پێشمەرگەو تێکۆشەری ڕێگای سەختی خەبات..

- ناوی تەواو: ئەحمەد برایم حەمەد لاس
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: کەلێتە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە خدر برایم
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هێمن - هیمداد - ڕۆژگار - فەرمان - کاروان
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٨٤
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی (٣) مانگ سجن بووە لە ڕواندز
- ساڵە پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگەی هێزی بەرگری سنوورەکە - دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد بە تیپی (٧٨)ی کارۆخ - کەرتی (٥)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردوو لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.
- لە دوای ساڵی ١٩٩٣ لە لەشکری کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو ماوەیەک لە فەوجی قەسرێ پێشمەرگە بووە کە هەڤاڵ برایمە کۆر ئامر فەوج بووە، سریەی هەڤاڵ (عوسمانی مام ڕەسول)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤-٨-١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: چیای کوخە لە میحوەری قەسرێ

## شەهید (ئەحمەد جەمیل)

# ئەحمەد جەمیل حەوێز



بێ گومان دەڤەری خۆشناوەتی لانەی پێشمەرگەو هەڵقوڵاوی هەستی کوردانە بووە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بناری سەفینە شێتەکەی خۆشناوان فێرگەو مەکۆی شۆڕشگێڕی ڕێبازەکەی مام جەلال بووە بە درێژایی شۆڕش، هەربۆیە دەیان قارەمانی وەک شەهید تەحسین کاوانی و شەهید کارزان شەقڵاوەیی لێ پەروەردە ببوو، ئێستاش سەدان فەرماندەو ئەفسەری خۆشناوەتی لە پێشەوەی پێشەوەی بەرەکانی سەنگەرن لە دژی داعشەکان. ئەوان دەمێکە بەخوێن ئازادی بینا دەکەن، یەکێک لەو فەرماندە شەهیدە تێکۆشەرانەی بۆ ئازادی خاک و نیشتمان بووە پێشمەرگە شەهید (ئەحمەد جەمیل حەوێز)ـە ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی هیلاکییەکی زۆری بینی، (٨) جار برینداربوون (٩) مانگ زیندانی بەعسیەکان، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بە ئازایەتی و ماندووبوونی خۆی چەندین پۆستی سەربازی بینیوە چ لە شاخ و چ لە دوای ڕاپەرین. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (بورهانی سەعید سۆفی) پێشمەرگەی دانەبڕاو و پارتیزان وتی: شەهید ئەحمەد جەمیل یەکێک لە فەرماندە هەرە ئازاکانی یەکێتی بوو ناوبراو ماوەیەک لە دەستەکەی شەهید سەید کەریم بوو، پەیوەندی من و شەهید ئەحمەد جەمیل دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٨٥ ئەوکات لە تیپی ٩١ی سەفین (سڕکرابوو) ئەوکات کاک سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین بوو، شەهید گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی من زۆر هاوکاربوم لەدانانی بە فەرماندەی کەرت، ناوبراو پیاوێکی زۆر ئازاو دڵسۆزو سەر راست بوو، پیاوێکی دەم بەپێکەنین و قسەخۆش بوو، ئەحمەد جەمیل لە هەموو شەڕە قورسەکان دەوری کاریگەری هەبووە، قاچێکی سەقەت بوو لە شەڕی ناوخۆ لە قەندیل لە ساڵی ١٩٨٣ بریندار بوو، ئەو پیاوە قەت بەدانیشتنەوە شەڕی نەدەکرد هەر بە پێوە بەڕاوەستان شەڕی دەکرد، من و ئەحمەد جەمیل کە بڕیاردرا بۆ مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە دوای ئەنفال بەیەکەوە لە (گەڕۆتە) بووین فڕۆکەکانی بەعس هاتن کیمیابارانی کردین من و ئەحمەد

جەمیل لەیەک خانووبوین کە بەساروخ بۆردومانی کردین کاتێ سەیرم کرد تەنگە نەفەس ببووین یەکسەر قیناعمان لەسەرکرد، بەڵام ئەو وتی هیچ نییە، وەزعی بەرە بەرە تێک چوو، تائسیری لە چاوی کرد، ئێمە لە پارتیزانی ماینەوە، بەڵام ئەومان ناردەوە سەرەوە، چونکە چاوی بۆ شەو باش نەبوو، ئەحمەد جەمیل برایەکیشی بەناوی (ئیسماعیل جەمیل) لە رۆژی ٣٠ـ٦ـ١٩٨٧ لەگەڵ شەهید سەرداری سەعید سۆفی شەهید کرا.. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لە شەڕێکی نەخوازراو پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی ٢٤ـ١٢ـ١٩٩٤ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: ئەحمەد جەمیل حەوێز
- ناسراو بە: ئەحمەد جەمیل
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سولاوک ـ دۆڵی خۆشناوەتی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: فاتیمە تۆفیق رفیق
- ناوی منداڵەکان: رێژنە، راوێژ، ئارسن، سێبەر، رووبار.
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٤ـ٦ـ١٩٧٧ بۆتە پێشمەرگە لای شەهید ملازم سەید کەریم
- لە ساڵی ١٩٧٩ لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لە نازەنین بریندار بووە، بەدیلی گیراوە ـ رەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکوک کراوە دواتر گواستراوەتەوە بەندیخانەی ئەبوغرێب بۆ ماوەی (٩) مانگ پاشان بڕیاری ئیعدامی بەسەر سەپێندراوە دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە ئازاد کراوە.
- ساڵی ١٩٨٤ فەرماندەی کەرتی (٤) بووە لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی
- ماوەیەک پێشمەرگە بووە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ـ دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە بۆ تیپی ٩١ی سەفین لەم تیپە فەرماندەی کەرتی (٢) بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٨) جار بریندار بووە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەولێری کردووە.
- ساڵی ١٩٩٢ لە تەشکیلاتی حکومەتی هەرێم کراوە بە فەرماندەی سریە لە لیوای ٣٢ی هەریر
- دواپلەی سەربازی عەقید بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢٤ـ١٢ـ١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: چیای سەفین قەڵاتی ئاقوبان
- دوا پلەی: فەرماندەی هێز بووە لە لەشکری خۆشناوەتی

## شەهید (ئەحمەد حەمەدەمین)

# ئەحمەد حەمەدەمین رەزا



خانەوادەیەکی پێشمەرگەو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر، مام حەمەدەمین تەقریری تێکۆشەرو پێشمەرگەی دێرینی ئەوێ رۆژێ جگە لەخۆی منداڵەکانیشی گۆش و پەروەردە کرد بە دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان، ناوبراو خاوەنی دوو کوڕی شەهیدو خۆشی پێشمەرگەو تێکۆشەری دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو کوڕەکانی تریشی لە دوای ڕاپەرین پێشمەرگەو خزمەتی رێبازی (مام)یان کردووەو لەسەر یەکێتی بوونیان هەورازو نشێوی زۆریان بینیووە. ئەوەی مەبەستمە لەم چەند دێرەی ماوەتەوە بیلێم دەربارەی شەهید (ئەحمەد)ـە ناوبراو هەر لە تەمەنی هەرزەکاری لەلایەن باوکی رێکخرابوو بۆ کاری رێکخستن بەوپەڕی لەخۆبوردوویی‌یەوە ئەرکی سەرشانی مەیسەر کردووە. دواتر خەباتی شاری گواستۆتەوە بۆ شاخ و چەکی شەرەفی کردۆتە شان و بۆتە پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترسی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ. ئەو پێشمەرگەیەکی بێ دەنگ و بە دیسپلین و خۆڕاگرو بە ئەمەک بووە بۆ خاک و نیشتمان، ئەوەندەی من بیستوومە لە هاوسەنگەرەکانی شەهید ئەحمەد هەمیشە ورەبەرزو خۆنەویست بووە، بەڵام بەداخەوە زۆر زوو بوو بۆ ئەو مەرگە ناوەختە چاوەڕوان نەکراوەی. هەزاران درود لە گیانت ئەی پێشمەرگە بەوەفاکەی دەشتی هەولێر، بنوو ئارام بنوو باوکت و برایەکانت تا ئەو ساتەی من ئەم چەند دێرەت بۆ دەنووسم ئەوان لەخەبات و بەرخودان سڵیان نەکردۆتەوەو خەبات لای ئەوان بەردەوامەو هاوسەنگەرەکانیشت ئەوانەی ماون لە ژیان وا لە سەنگەری بەرگرین بەرامبەر دوژمنێکی رەش بەناوی داعش..

ناوی تەواو: ئەحمەد حەمەدەمین رەزا حەمەدەمین


- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٧٠

- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر - قەزای مەخموور - ناحیەی گوێڕ - گوندی تەللخێمی گەورە

- عەشیرەت: سنجاوی
- ئاستی خوێندن: پۆلی سێی ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە: ١٩٨٤ لەڕێگای باوکیەوە ڕێک خرابوو.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتیەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوخ
- چەند جار بریندار بووە: یەک جار بە هۆی بۆردومانی فڕۆکەوە
- ناوبراو جگە لەخۆی برایەکی تری شەهیدە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و چالاکی کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی تیا بینیوە لەسنووری مەڵبەندی سێی هەولێر.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوخ کەرتی (٤)
- ساڵی شەهید بوون: ١٥-٩-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل (تاتی دۆی)

## شەهید (ئەحمەد ژ۳)

# ئەحمەد حەمەدەمین سالّح



یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرو توێژی هەژاران و رەنجدەرانی بیرو بازووی کوردستان بووە، بۆیە ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە باوەڕیان بە یەکسانی ماف و رزگاری چەوساوەکان و بنەماکانی ئازادی و ئازادی ڕادەربرین هەبووە. هەر لە پێناوی خۆشەویستی خاک و دەربازبوون لە ژێردەستەیی ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە لەریزەکانی یەکێتی باکیان بە مردن و شەهید بوون نەبوو. یەکێک لەو شەهیدانەی سنووری قوشتەپەی نزیک هەولێر کە لە گوندی پیرداود لە دایک بووە کە هەستی کوردانەو دڵسۆزی لەناخیدا لەبەرزیدا بوو شەهید (ئەحمەد حەمەدەمین) ناسراو بە (ئەحمەد ژ۳) بوو ناوبراو لە تەمەنێکی جوانی و گەنجی سەرەتا پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان کردوو ئازایانە قۆڵی کوردایەتی لێ هەڵمالّی و دڕی بە شەوە زەنگی تاریکی دا. لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی (٦) مانگ لەلایەن فاشیەکانی هەولێر دەستگیردەکرێ و رەوانەی بەندینخانەی ئەبوغرێب دەکرێ و پاشان بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێ و ئازاد دەکرێ.. دواتر خەبات و چالاکییەکانی گۆڕی بۆ شاخ و بووە یەکێک لە پێشمەرگە ئازایەکانی دەشتی هەولێر لەگەڵ شەهید دکتۆر رەشید درێژەی بەخەبات دا لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستان رۆڵ وجێ دەستی دیاربووە لە رزگارکردنی شاری هەولێرو دەورووبەری. بەڵام بەداخەوە لە ١٠ـ٣ـ١٩٩٣ دەستی تیرۆر لێ نەگەرا کاروانی خەبات بگەینێتە کەناری ئارام و شەهید دەکرێ.. درووود بۆ گیانت ئەی پێشمەرگەو خەباتکاری رێگای رزگاری کوردو کوردستان.....

- ناوی تەواو: ئەحمەد حەمەدەمین سالّح عەلی
- ناسراو بە: ئەحمەد ژ ٣
- تەمەن: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی پیرداود ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ڕێزان محەمەد شێخان
- ناوی منداڵەکانی شەهید: نامۆ ـ ژولیا
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩ ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان، سەربە قادر مستەفا بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی (٦) مانگ دەستگیردەکرێ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب دواتر ئازاد دەکرێ.
- لە ساڵی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لەهەرێمی ٨ی هەولێرکەرتی (٦) لای مام غەفوور.
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکییەکانی سنوورەکەی کردووە.
لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە کۆمەڵگای دارەتوو ـ گوندی مەچلوبە
- لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ شەهید دکتۆر ڕەشید سەنگەری خەباتیان گواستۆتەوە ناو ڕیزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)
- لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢) درێژە بە خەبات دەدا.
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕین دەکات و ڕۆڵی گرنگی هەبوو.
- لە دوای ڕاپەڕین دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ١٠ـ٣ـ١٩٩٣ لە ناوشاری هەولێر گەڕەکی (کوران) تیرۆر کراوە.

### شەهید (ئەحمەد سماقەیی)

# ئەحمەد حەمەدەمین قادر




بێ گومان پاکی مرۆڤ لەناو شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەناخەوە دەرهاوێشتەو ڕەنگدانەوەی خانەوادەو بنەماڵەکەیەتی، مێژوو لەناو یەکێتی سەلماندوویەتی ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ بە گیانێکی پاک و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و ئینتماوە لەناخەوە پێشمەرگایەتیان کردووە، هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانیان لە خزمەتی کوردایەتیدا بووە ئێستاش نەوەکانیان، ئەندامانی خێزانەکانیان درێژە پێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەی باوکیانن یان خاڵ و مامیانن.. سەیرکەن بە نموونە (شەهید ئەحمەد سماقە) یەکێک بوو لەو پێشمەرگە جوامێرانە کە بە دڵسۆزی و ئەوپەڕی پاکی لە ناو شۆڕش و پێشمەر گایەتی جێ دەستی دیار بووە، ئەو یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لە شۆڕش و بەرخودان هەرگیز کۆڵی نەداوە و هەورازو نشێوی زۆر بینیوە و پیاوێکی قارەمان و بەدەست بوە لە ناو پێشمەرگەو کەسوکاری خۆشەویست بووە، دەتوانم بڵێم خانەوادەکەی بە هۆی پێشمەرگایەتیەوە زۆر هیلاک بوونە و ماندووبونیان بە رووخساریان - دیاربووە شەهید (ئەحمەد سماقە) تا دوا دڵۆپ لە سەنگەری مقاوەمەت لە دژی خیانەتکەران و سەدامیەکان لە ٣١ی ئاب لە هەولێری پایتەخت بەرەنگاری کردو چۆکی نەدا تا شەهیدبوون بە خۆی و چەندین پێشمەرگەی خانەوادەکەی شەهید بوون.. ئیستاش. کاکە (گۆران) و کاکە (سۆران)ی کوری و کوڕە ئازاکانی تری و دەیان ڕۆڵەی سماقەییەکان لە ئەرک و واجباتی نیشتیمانین بۆ پاراستنی کوردو کوردستان...ئەگەر بۆ مێژووی شەهیدبوونی (ئەحمەد سماقە) بگەڕێینەوە کە دەکاتە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەبینین هەستی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ خاک و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چ ئاستێکی بەرز خۆی نواندووە. دوا وتە بە پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندووە دەبێ دەبابەکانی ڕژێم بەسەر جەستەو لاشەمان تێ بپەڕێ نەک سەنگەر چۆڵ بکەین، بەراستی ئەوەمان بۆ دەسلمێنێ کە شەهید ئەحمەد سماقە فەرماندەیەکی بە ئەمەک و وەفاداربووە بۆ هەولێرو هەولێرییەکان لەلایەک

له لایەکی تر دیسپلینی عەسکەری وای لەو فەرمانده‌یە کردووە ساتر بڕوات خاک بڕوات ئەو نەڕوات.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ئەحمەد سماقەیی و سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاری کوردستان................
- ناوی تەواو: ئەحمەد حەمەدەمین قادر مەحمود
- نازناو: ئەحمەد سماقەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٤٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سماقە - ناحیەی دێگەڵە - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: خانم نوری قادر
- ناوی منداڵەکانی: گۆران، سۆران، کاروان، کارزان، سەفین، گولێ، سوپاس، هێرۆ
ناوی عەشیرەت: خەیلانی
- ئاستی خوێندن: تا سەرەتایی خوێندووە
- لە ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول لەلای (ئەحمەدی حاجی عەلی)
- لە ساڵی ١٩٧٤ شەهید لە چیای باواجی بەشداری شەڕێکی گەورەی کردووە لەم شەڕەدا (ئەحمەدی حاجی عەلی) شەهید دەبێ و ئەحمەد سماقە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ١٩٧٤ و نسکۆی شۆڕش
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستنەکان: ١٩٧٥ رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦ لەگەڵ بەڕێز مەلا بەختیار
- لە ١٢-١٢-١٩٧٧ بەسەختی بریندار‌بووە لە گوندی کانی سوری کەلکە سماق
- بەگیسی مەحمود عەبدوڵلا دایکی شەهید ئەحمەد سماقە لە ساڵی ١٩٧٩ کۆپتەرەکانی بەعس کە دابەزیونە ناو گوندی سماقە دەستگیری دەکەن و دەیبەن بۆ ماوەی (٢) مانگ لە ئەبوغرێب سجنی دەکەن.
- لە ساڵی ١٩٨٠ شەهید ئەحمەد سماقە لەلایەن بەعس دەستگیر دەکرێ بۆ ماوەی شەش مانگ لە هەیئەی خاسەی کەرکووک پاشان رەوانەی ئەبوغرێب دەکرێ (٢٠) ساڵ حوکم دەدرێ پاش دوو ساڵ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێ و لە ساڵی ١٩٨٢ ئازاد دەکرێ.
- ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکاتەوەلە تیپی ٨٣ی هەورێ
- لە ساڵی ١٩٨٣ وەک فەرماندەی مەفرەزە دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- لە ساڵی ١٩٨٤ دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ئەوکات شەهید سابیر رەسول فەرماندەی تیپ بووە شەهید لە بارەگای تیپ لە کەرتی تیپ وەک فەرماندەی مەفرەزە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات و کاروانی خەباتی بەردەوام دەبێت.
- ساڵی ١٩٨٥ شەڕێکی گەورە لە سماقە کرا مام غەفوور لەوێ بوو حکومەتی بەعس بە سەیارەو دەبابەو کۆپتەرێکی زۆر هێرشی کرد لەم شەڕەدا هەر بە ساڕۆخی کۆپتەر دایکی شەهید دەکرێ.
- لە ساڵی ١٩٨٧ ئەحمەد سماقە دەگوازرێتەوە لای کاک جەلال ئیلنجاغی تا ساڵی ١٩٨٩ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات..

- له ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لە رزگار کردنی هەولێرو کەرکووک دەورێکی کاریگەری هەبووە..
- لە ساڵی ١٩٩١ دەبێتە فەرماندەی تیپ لەگەڵ کاک (ئەحمەد وەسمان) فەرماندەی بەتالیۆنی کۆیە..
- لە ساڵی ١٩٩٢ وەک فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی (٢) بەڕانەتی لە هێزی (١٠) دەشتی هەولێر درێژەی بەخەبات داوە...
- لە ساڵی ١٩٩٣ دەکرێتە فەرماندەی سریە لە تەشکیلاتی حکومەتی هەرێم لە وەزارەتی پێشمەرگە.
- دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری ئامادەی هەولێر
- بەهۆی پێشمەرگایەتی (شەهید ئەحمەد سماقە) ماڵی لە چەندین گوند بووە لەوانە (چیوەی سەروو - چیوەی خواروو - سماقوڵی گرتک - بێستانەی گەورە - بانی ماران - سماقە - کۆتانەکانی ئۆمەر گومبەت، سێ گردکان..
- چەپکێک لەو چالاکی و نەبەردیانەی شەهید بەشداری تیاکردووە.
شەڕی شارۆچکەی بێتواتە - شەڕی ١٣ رۆژەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە سماقوڵی - گرتنی شارۆچکەی تەقتەق - گرتنی ناحیەی دێگەڵە - شەڕەکانی سەرکردایەتی - قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسوور- گرتنی رەبیەکانی کۆیە - رەبیەکانی دێگەڵە - لێدانی رەبیەکانی بیرە نەوتەکانی کەرکووک - شەڕە گەورەکەی حەسەن مترب لە ساڵی ١٩٧٦ بەسەرکردایەتی شەهید سعدی گچکە - شەڕی چیای هەورێ بەسەرپەرشتی شەهید ملازم سەید کەریم - زۆربەی شەڕەکانی دوای ڕاپەڕین بۆ پارێزگاری لە حکومەتی هەرێم. چەندین شەڕی تر لە پێش ڕاپەڕین لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ی ئابی ١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: قەرادگە - سێبیران - هەولێر
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٢/١٠ لە ژمارە (٦٨٦٨) لە لاپەڕە (٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (بروسک)

# ئەحمەد عەزیز کەریم




پێشمەرگەیەک ئەوێ ڕۆژێ لە هەرێمی (٨)ی هەولێر لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی ناسراو بووە سمبولی ئازایەتی، بۆ پاراستنی خاک گیانی خۆی بەخت کرد لە پێناو نیشتمانێک هەموو گیانی قەتماغە بوو، ئەم پێشمەرگەیەش (ئەحمەد سەید عەزیز گردعازەبانی) بوو. ناوبراو ئەوێ ڕۆژێ لەمەرگ نەترساو لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەو سەردەمە بەشداری دەکردوو بێ سڵەمینەوە تێکۆشا، هەڤاڵ (فەرهاد ئیسماعیل) ناسراو بە " فەرهاد کادیر) پێشمەرگەی ئەوێ ڕۆژێ لە قوەتی دەشتی هەولێر لە کۆمێنتێک بۆ منی نوسیووە: شەهید ئەحمەدم دەناسی بەمانای وشە پێشمەرگە بوو لەماوەیەکی کەم بەهۆی چالاکییەکانی زوو ناسرا، ئەگەر زوو شەهید نەبووایە دەبووە فەرماندەیەکی سەرکەوتوو. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لەگوندی تەندوورە ڕووبەڕووی ڕژێمی بەعس بوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بەدیل گیران و دواتر لە سێدارە دران. بەشەهید بوونی ئەم پێشمەرگانە کەلێنێکی گەورە کەوتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە...

- ناوی تەواو: ئەحمەد عەزیز کەریم زەمان
- ناسراو بە: بروسک
-ساڵی لەدایک بوون: ٧ـ٦ـ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دووگردکان
- عەشیرەت: بەرزنجی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری کۆتا ساڵی ئامادەیی پیشەسازی بوو
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- ئۆرگان: ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لەکاری نهێنی رێکخستن بەشداری چەندین چالاکی خوێندکاری و بەرنامەرێژی کردووە لە دژی بەعسیەکان.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٨)ی هەولێر
- لەهەمان ساڵ لە یەکێک لەبازگەکانی هەولێر دەستگیر کراوە رەوانەی هەئیەی کەرکووک کراوە لەبەر بچووکی تەمەنی ئازادیان کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکیەکی دیاری کردووەو رۆڵی کارای هەبووە.
- (٥) برای شەهیدە بەناوەکانی (١ـ ملازم عەبدولسەمەد ٢ـ نەجات ناسراو بە دارا ٣ـ ئەحمەد ناسراو بە بروسک ٤ـ تەیب ناسراو بە سەرباز ٥ـ محەمەد ناسراو بە سامان)
- (١٥) مین شەهیدی خانەوادەکەیانە.
- پلەی شەهیدی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە تیپی (٨٣)ی هەورێ
- لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دروست بوونی تیپەکان گواسترایتەوە تیپی (٨٣) هەورێ
- لە ساڵی ١٩٨٢ بەنهێنی هاتۆتەوە هەولێرو سەرپەرشتی بەشێک لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێری کردووە.
- لە ١٦ـ٥ـ١٩٨٢ لەگوندی تەندورە رووبەڕووی هێزێکی رژێم دەبنەوە پاش شەڕێکی قورس و پێ نەمانی تەقەمەنی لەگەڵ چوار پێشمەرگەی تر بەدیل دەگیرێن بەناوەکانی (عەریف ئەکرەم ـ ئیبراهیم مشاری ـ ئەنوەر لەک ـ بارزان).
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ٢٢ـ٥ـ١٩٨٢
- شوێنی لە سێدارەدان: دائیرەی ئەمنی هەولێر
- چوار پێشمەرگە لە سێدارەدران و (عەریف ئەکرەم) ئەوکات لە ژێر پەتی سێدارە خۆی رزگار کرد، بەڵام دواتر لە ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨ لە چالاکییەکی تر لە کۆمەڵگای گردمەلای نزیک قوشتەپە شەهید بوو.

## شەهید (هەڵۆی قەندیل)

# ئەحمەد مەولود حەمەد





قسەکردن و نووسین لەسەر فەرماندەیەکی وەک شەهید " ئەحمەد مەولود" کە لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەیەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێ تاجی شکۆمەندی لەسەرناو خەبات و تێکۆشانی بەرزو پیرۆزکرد لە سنووری قەندیل و دۆڵی باڵەییان، پیاوێک تا سەر ئێسقان راستگۆ، بەئەمەک، دڵسۆز، ئازاو دلێرو لێهاتوو، پیاوێک سادەو ساکار تا ئەو ڕادەیەی جیانەکرێتەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەک کە تەمەنی پێشمەرگایەتی لە پەنجەکانی دەست زۆرتر نەبێ، لەکوێی حزب و پێشمەرگایەتی رۆژهەڵاتی هەبووە فەرماندەی قوەت بارەگا خاوێن بکاتەوە و خزمەتی خواردووی خۆی بکات، لەکوێی تاکتیک و هێرشەکانی سەربازی بووە فەرماندە دەستەی هجوم بێت و لێنەگەڕێ بەیەک شەقاو یەک بست پێشمەرگەکان پێشی بکەون. هەموو ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیانەی شەهید ئەحمەد وای کرد جەنابی (مام) ناوی لێنا هەڵۆی قەندیل بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەو فەرماندەی دێرین هەڤاڵ (محەمەد سەیدە) دەربارەی شەهید (ئەحمەد مەولود) وتی: یەکێک بووە لەو فەرماندانەی سنووری باڵەکایەتی هەڵکەوتووی مەیدانی خەبات و تێکۆشان بووە، هەمیشە بەئازایەتی و بوێری تایبەت بەخۆی بووەتە جێگەی متمانەی بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی و جەماوەری سنووری ناوچەکە، ئەوەندە پیاوێکی ئازاو چاونەترس بوو لەو شەڕانەی ناوبراو سەرکردایەتی کردووە ئەگەر بەمەتریش بێت لێنەگەڕاوە هیچ فەرماندەو پێشمەرگەیەک پێش ئەو بکەوێ، لەکاتی پشوودانیشدا یان لەناو بارەگادا لەهەموو پێشمەرگەکاندا زیاتر خزمەتی بارەگاو پێشمەرگەکانی دەکرد. لەکاتی پاسەوانی و ئێشکگریدا و لەکاتی دابین کردنی پێویستیەکانی پێشمەرگەکاندا خۆی لە پێشمەرگەیەکی سادە جیانەدەکردەوە، هیچ کەس و فەرماندەو پێشمەرگەیەک هەستی بەوە نەکردووە کە شەهید ئەحمەد خۆی بە برا گەورەو لێپرسراو بزانێت. هەرئەوەش بوو متمانەی تەواوی هاوڕێکانی بەدەست هێنابوو، کەم فەرماندەی باڵەکایەتی هەبوو لە ئاست بەرزی و پیاوەتی شەهید ئەحمەد خۆی بە برا گەورەو لێپرسراو بزانێ.. هەزار رەحمەت لەگیانی پاکت فەرماندە دلێرو خەمخۆرەکەی یەکێتی و

باڵەکایەتی و کوردستان بەگشتی....
- ناوی تەواو: ئەحمەد مەولود حەمەد مەولود
- نازناو: هەڵۆی قەندیل، لەلایەن بەڕێز مام جەلال ئەم ناوەی پێ بەخشراوە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرکان، ناحیەی قەسرێ، قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر، دۆڵی باڵەییان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامان خدر برایم
- ناوی منداڵەکانی: ئیسماعیل، عەبدوڵڵا، بەفرین
- لەشۆڕشی ئەیلوول بەشداری دەکات لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە.
- لە دیلمان بریندار بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦ سەرەتا لەمەفرەزە سەرەتاییەکان.
- لەپایزی ساڵی ١٩٧٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو دانیشتووە خەریکی بژیوی خێزانەکەی بووە..
- لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کردۆتەوە بۆتە پێشمەرگە لای بەڕێز مام جەلال لە قەندیل و دۆڵی باڵەییان
- لەسەردەمی تەشکیلاتی قوەت بەرپرسی قوەتی (کارۆخ) بووە.
- دواتر لە تیپی ٧٨ی کارۆخ بۆتە فەرماندەی تیپ لە ساڵی ١٩٨٣.
- ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٩-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: کونەکۆتر.

شەهید (ئەحمەد بچکۆڵ)

# ئەحمەد محەمەد کەریم




ئەوانەی ئاشنان بە خەبات و بەرخودان دەزانن تەمەنی (١٧) ساڵی بۆ ئەوێ رۆژێی ساڵی ١٩٨٣ گەنجێک ببێتە پێشمەرگە بەم تەمەنە کەمەوە ئاسان نییە بتوانی بەرگەی ساردی و گەرمی شاخەکانی کوردستان بگریت، چ جای رووبەڕووی دڕندەترین دوژمنی سەرسەختی کورد ببیتەوە کەدیکتاتۆر (سەدام حوسێن) قیادەی ئەو رژێمە بکات. بەڵام رژێم و نەیارانی کورد دەیانزانی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوەندە هەورازو نشێوی سەختیان بینیوەو باکیان بە ترس و تۆقانی جاش و سەرباز نییە، بۆیە هێزی یەکێتی لەکوێ بوایە چلکاو خۆرەکانی کورد بەتایبەتی جورئەتی ئەوەیان نەدەکرد خۆیان لە سەنگەرەکانی ئەوان نزیک بخەنەوە هەر بۆیە رژێم لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ پەنای بۆ کیمیاباران بردوو ئەم چەکەشی بە کورد تاقی کردەوە.... یەکێک لەو گەنجانەش کە بەشداری دەیان نەبەردی و داستانی گەورەی کردبوو کۆڵی نەدا شەهید (ئەحمەد بچکۆل سەید عوبێدی) بوو... ئەو سەرەتای بوونی بە پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی تیپ بووە. لە ماوەی پێشمەرگایەتی دوو جار بریندار بوو، چەندین چالاکی ئەنجام دا، خۆڕاگربوو ـ سادە بوو، خۆشەویست و خۆنەویست بوو، بەڵام بەداخەوە لە چیای بۆتێ لە دۆڵی پلینگان لە ١٨ـ٣ـ١٩٨٨ بەر کیمیاباران کەوت و شەهید بوو. هەزاران دروود لە گیانت ئەی پێشمەرگە قارەمانەکەی شاخ....

- ناوی تەواو: ئەحمەد محەمەد کەریم عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: ئەحمەد بچکۆڵ
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سەید عوبێد ـ ناحیەی دیبەگە ـ قەزای مەخموور ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو

- ئاستی خوێندن: تا (٥)ی ئامادەیی خوێندووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ بیروبۆچون و فکرەی لەگەڵ هەڤاڵانی ئاڵای شۆڕش بوو.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٧)ی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر لە کەرتی تیپ
- ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە ڕابەر سیاسی کەرتی (٢)ی مەڵبەندی سێ
- ماوەیەک بەهۆی گۆڕانکاری هەر لە تیپی (٨٦)، بەڵام ژمارەی کەرتەکە بووە کەرتی (٣)ی زوورگە زراو (نوری قادر) فەرماندەی کەرت بوو.
- لەگەڵ جیاکردنەوەی تیپی ٨٦ و ٨٧ شەهید ئەحمەد گواسترایەوە (کەرتی ٧)ی زورگە زراو هەر لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی سنووری تیپەکەی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨-٣-١٩٨٨ بەر کیمیاباران کەوت لە چیای بۆتێ - دۆڵی پرینگان
- شوێنی شەهید بوون: ناوچەی خۆشناوەتی

## شەهید (ئەحمەد وەرتی)

# ئەحمەد مستەفا مەلا




شەهید (ئەحمەد وەرتی) لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو شەهید بەخش هاتۆتە دنیای سیاسەت و شۆڕشگێڕی لە دەڤەری باڵەکایەتی، باوکی شەهید ئەحمەد واتە (مستەفا مەلا ڕەسول) یەکەم شەهیدی یەکێتیە لە سنووری وەرتێ کە لە ١١-٣-١٩٧٧ لە چیای دڕەبی شەهید بووە. هەروەها لە شەڕی بەرگری لەحکومەتی هەرێم برایەکی تری بەناوی (محەمەد سیاسی) شەهید بووە. ئەم خانەوادەیە لەسەر کوردایەتی و شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی زۆر باجی گەورەیان داوەو هەرگیز بۆ ساتێک پشوویان نەداوەو دانەبڕاون لە خەبات و تێکۆشان.. ئەوێ ڕۆژێ کە شەهید ئەحمەد سەربڵندانە چەکی شەرەفی لەشان کردو بووە پێشمەرگە بەعسی و دڕندەکانی ڕژێم لەوپەڕی دەسەڵات و بێ منەتی بوون، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک و گوێڕایەڵ بوو. پێشمەرگەیەک چاونەترس و قارەمان بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ڕۆژی ٢٢-٢-١٩٨١ لە تارینان لە بناری چیای کۆڕەک شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: ئەحمەد مستەفا مەلا ڕەسول حاجی
- ناسراو بە ئەحمەد وەرتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سێ ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨

- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (١٤)ی باڵەک
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە وەک: خۆشناوەتی، دەرگەڵە، خانەقا، بێتواتە، ئێنزێ، لێوژێ، مەلەکان.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢-٢-١٩٨١
- شوێنی شەهید بوون: تارینان، بناری چیای کۆڕەک

## شەهید (فەقێ بورەیی)

# ئەحمەد مستەفا ئەحمەد



سەرەتای نووسینی وشەکانم بۆ ئەم شەهیدە قارەمانە دەڵێم بەراستی شانازیەکی گەورەیە خەڵکی باڵەکایەتی بیت، بەڕاستی گەورەییە لە ژینگەو سروستی باڵەکایەتی پەروەردەو گۆش کرابیت، مێژووی پڕ سەروەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبێ باڵەکایەتی نە باس دەکرێ نە ئەو بایەخەی بۆ ئەژمار دەکرێ، چونکە سەدان فەرماندەی وەک ئەحمەد مەولودو ڕەحمانی حاجی خدرو برایمی حاجی کوێخاو سەلاح دیلمانی و عەزەی داودی و کەمالی حاجی ئاغاو دەیانی تر مێژووی شۆڕشی نوێیان جوانترو پڕشکۆتر کردووە. شەهیدێکی تری ئەم ڕێگا سەخت و دژوارەی ئەوێ ڕۆژێ سیاسەت و شۆڕش ئەوەندە ئاسان نەبوو پەیوەندی بە هەرێمی (٧) کردوو چەکی شەرەف تێکۆشانی کردە شان و بووە پێشمەرگە لەریزەکانی (ی.ن.ک) ئەم هەڵۆ بەرزە فرە شەهید (فەقێ بورەیی) بوو. ناوبراو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی ئازاو دلێرو لێهاتووی هەرێمی (٧) بوو، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر سەختی و نەهامەتی بینی، بەڵام هەرگیز ڕۆژێک پەنجەی پەشیمانی نەگەست و زوویر بێت، بەڵکو بەردەوام بەچالاکی و جموجۆڵی عەسکەری خۆی تازە دەکردەوە، ئەو فەرماندەیەکی پشوو درێژوو خۆڕاگربوو، قارەمان و چاونەترس بوو، لەزۆربەی نەبەردییەکان کاراو چاپووک و لەسەر دەست بوو بۆ لێدان و هێرشەکان. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پیاوێکی کراوەو خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو، بەڵام بەداخەوە هێشتان زوو بوو ماڵئاوایی لەخانەوادەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد. بەشەهید بوونی کەلەنێکی زۆری خستە نێو هاوسەنگەرانی.

- ناوی تەواو: ئەحمەد مستەفا ئەحمەد باس
- ناسراو بە فەقێ بورەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٩

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بوران
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سوهەیلە شێخە ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: توانا، دڵنیا، لەیلێ، سیما، سروە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری چالاکی تیپەکەی کردووە.
- ناوبراو یەک جار بریندار بووە لە قەندیل
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین فەرماندەی (کەرت) بووە لەبارەگای تیپ
- دواتر لە تیپی (٧٤) باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ڕاپەرین بەشداری کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە لەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە.
- دواتر لە بەتالیۆنی (٤) تەشکیلاتی ئەوکاتی یەکێتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ١٩٩٦ لە لەشکری باڵەک میحوەری لێوژە خەباتی درێژە پێداوە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەرین (عەقید) بووە.
- بەشداری خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی کردووە.
- ڕۆژی ماڵئاوایی: ٢-٨-٢٠٠٣

## شەهید (ئەحمەد قەمبەری)

# ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد



ئەحمەد قەمبەری ناوێک ئاشنا بە شۆڕش و کوردایەتی. ناوێک ئاشنا بە هەولێرو دەشتی کۆیەو بەستی شەرغە و دێگەڵەو دەورووبەری، سەرەتای شۆڕش و مەفرەزە سەرەتاکانی یەکێتی بۆ سنووری هەولێر سەخت بوو وەلێ قارەمانێک، جوامێرێک، کادیرێکی کۆمەڵایەتی و جووتیاری خاوەن ئەزموون و ئاشنا بە زمانی خەڵک، تێکۆشەرو چاونەترس قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵکردبوو بۆ ناساندنەوەی شۆڕشێکی نوێ و داکۆکیکەر لە مافەکانی خەڵکی داماوو غەدر لێکراو، گوند بەگوند بە پارتیزانی جاری شۆڕش و پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بڵاودەکردەوە، بۆ ئەوێ ڕۆژێ سەخت بوو پێشمەرگە بیت و کادیر بیت لە سنوورێک پشگیری و هێزێکی گەورەت لەگەڵ نەبێت، بەڵام مێژوو شایەدە بۆ شەهید ئەحمەد قەمبەری چ خەبات و تێکۆشانێکی لەم دەڤەرە ئەنجام داوە و بەمانای وشە مەرگی خۆی خستۆتە پێش ژیان، وەک کادیرو پێشمەرگەکانی ئەم سنوورە بۆیان گێڕاومەتەوە لەکاری ڕێکخستن و دروست کردنی ڕایەڵەو پەیوەندییەکان پیاوێکی بە هیمەت و خاوەن بڕیار بووە، پیاوێک دڵسۆز، ئازا، بوێر، بە پەیوەندی و دۆستایەتی، لە شەڕیش قارەمانێک بووە خاوەن ئیرادەو بەور ئاسا هێرش و بەرگری کردووە. بەڵام بەداخەوە دوژمنانی ناوخۆی کوردو ئەوانەی لە زۆر سەردەم و کاتی خۆی بۆ پووکانەوەی شۆڕشی نوێ پیلان و کارە گلاوەکانیان ڕێگر بوونە یەکێتی پەیام و ڕووئیای ڕۆشنی خۆی بڵاوبکاتەوە و مەبەست بپێکێ ئاریشەو کێشەیان بۆ دروست کردووە شەهید ئەحمەد قەمبەریش خەون و خولیاکانی بە ئەنجام نەگەیشت تەمەنی پێشمەرگایەتی لە شۆڕش و بەرخودان درێژە پێ بدات لە شەڕێکی نەگریس و نەخوازاو پاش داستانێکی نموونەیی بەرامبەر تێکدەرانی شۆڕشی نوێ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، بەڵام خەونی دووژمنان بە شەهید کردنی ئەحمەد قەمبەری نەهاتە دی، چونکە لە دوای خۆی سەدان کادیرو پێشمەرگەی دلێرو چاونەترسی جێ هێشت و خزم و خانەوادەو بنەماڵەکەی لە دوای خۆی هەڵوێست و جوامێریان نواندوە و بەردەوام بوونە لە کاروانی نەپساوەی شۆڕش..قەمبەریەکان لە هەموو هەلومەرجە سەخت و دژوارەکان هەڵوێستی مەردایەتیان نیشان داوەو لەبەرەی گەل و نیشتمان بوونە.. هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی سەردەمی هەرێمی (٨)ی هەولێر وتی: شەهید ئەحمەد خەڵکی

گوندی قەمبەری لێواری بەستی شەرغە بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧ ببووە پێشمەرگە واتە یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕش لەسنووری دەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتی، کورە هەژار بوو بە دڵسۆزی و ئازایەتی ببووە فەرماندە و خۆشەویست لای هاوڕێکانی لەم سەردەمەی ئەوێ رۆژێ، هەرچەندە خوێندەواری نەبوو، بەڵام ئەوکاتانە ئەوانەی لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوون و دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو هەندەسەو مامۆستا بوون، ئەحمەد قەمبەری فەرماندەو بەرپرسیان بوو قبووڵیشیان بوو شانازیان پێوە دەکرد، ئەوە نیشانەی دڵسۆزی و ئازایەتی جوامێری ئەم کورە هەژارە بوو، مەسئوولی هەموومان بوو بەحەقی خۆی. شەهید ئەحمەد قەمبەری زۆر سادەو خاکی و پیاوێکی خۆنەویست بوو، رێزی هەمووانی دەگرت خۆی فەرز کردبوو بە ئازایەتی و دڵسۆزی خۆی، بەڵام بەداخەوە لەگوندی بالیسان لەبەرگری لە رێبازەکەی لە ٢٧-٤-١٩٨٣ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ئەحمەد قەمبەری و تێکڕای شەهیدانی رزگاری نەتەوەی کورد.

- ناو: ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد
- ناسراو: بە ئەحمەد قەمبەری
- تەمەن: ١٩٥٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قەمبەر سەربەناحیەی سێ گردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: بەهۆی نەبوونی قوتابخانە نەچۆتە قوتابخانە لەم سەردەمە لە سنوورەکەدا قوتابخانە نەبووە.
- عەشیرەت: بەگزادە

سالی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٧٢

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە ١٩٧٢ لە بەتالیۆنی حاجی قەڵا تا نسکۆی شۆڕش
- دووبارەبوونەوەی بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ لە ساڵی ١٩٧٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هەرێمی ٣ی ئەوکات
- هەر لە سەرەتای پێشمەرگایەتی وەک کادیر کاری کردووەو شوێن پەنجەی لەدەشتی هەولێر دیار بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی سەرەتای پارتیزانەکانی ئەوسا..
- لەسەرەتای دروست بوونی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨١ شەهید ئەحمەد دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢) لە تیپی (٨٦)ی هەولێر
- ژمارەیەک لەو شەڕانەی شەهید بەشداری کردووە لەوانە: داستانی کەلی سوور، شەڕە بەناوبانگەکەی گوندی ئۆمەر گومبەت کە یەکەم شەڕی یەکێتی بوو لە گوندەکان لەگەڵ رژێم لە پارێزگای هەولێر- شەڕەکانی ناو هەولێرو دەورووبەری - شەڕی داستانی سماقوڵی
- ساڵی شەهید بوون. ٢٧-٤-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: داستانی بالیسان
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/٨ لە ژمارە (٦٨٩٢) لە لاپەڕە (٩)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (ئەسعەد ئاوماڵی)

# ئەسعەد حەمەد حەسەن



شەهید (ئەسعەد ئاوماڵی) یەکێک لەو پێشمەرگە سەرەتاییانەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە لە سنووری تەق تەق کە بە ژمارە زۆر کەم بوون لەگەڵ فەرماندە شەهید (عەلی ساڵح). بازووی خەبات و تێکۆشانیان لێ هەڵماڵیبوو بۆ ئەوێ رۆژێی پێشمەرگایەتی واتە پارتیزانی و خۆ ون کردن لە هەموو مرۆڤەکان، چونکە ئەوێ رۆژێ خەڵکانێ زۆر بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ رژێم هەبوو، بۆ وەرگرتنی پلەوپایە بۆ وەرگرتنی ئافەرینێک خۆفرۆشان دەهاتنە سەرخەت و دوژمنیان دەهێنایە گوندەکان. وەلێ شەهید ئەسعەد لەگەڵ شەهید عەلی ساڵح درێژەی بە پێشمەرگایەتی لە هەرێمی (٨)ی هەولێردا، دواتریش گواسترایەوە هەرێمی (٢)ی کەرکووک لەگەڵ عەلی ساڵح و بەشداریان لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەو سنوورە کرد بەهۆی دڵسۆزی و دیسپلینی پێشمەرگانەو رەوشت بەرزی شەهید عەلی ساڵح ئومێدی زۆری بە شەهید ئەسعەد هەبوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید ئەسعەد ماوەیەک لە دەستەکەی شەهید رێبازو ماوەی (٢) ساڵی تر لەگەڵ دەستەکەی شەهید (مەلا عەزیز) سەر بە میلاکی مەڵبەندی (٣) پێشمەرگە بووە. بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دەستگیر دەکرێت و دواتر ئەنفال دەکرێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. درووود لە گیانت شەهیدی رۆژانی سەختی خەبات و بەرخودان.

- ناوی تەواو: ئەسعد حەمەد حەسەن حەمەد
- ناسراو بە: ئەسعەد ئاوماڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٤٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاوماڵ - ناحیەی سێ گردکان
- ئاستی خوێندن: خوێندەواری نەبووە
- عەشیرەت: لەک

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: عەزیمە حەمەد عەلی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ڕێباز، شەماڵ، بەندی، شەیدا
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی مارکسی لینین - لەلایەن شەهید عەلی ساڵح ڕێکخراوەو ئەو بەرپرسی بووە لە ڕێکخستن. لە لێژنەی جووتیارانی ڕێکخراوی (گۆرقەرەج)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧
- ئۆرگان: هەرێمی (٨)ی هەولێر - پێشمەرگە بووە لە لای شەهید (عەلی ساڵح)
- لە ساڵی ١٩٨٢ درێژە بەپێشمەرگایەتی دەدات لە هەرێمی (٢)ی کەرکووک هەر لای شەهید عەلی ساڵح
- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی کردووە لەوانە شەڕی پشتیوانی لە کوردانی ڕۆژهەڵات ساڵی ١٩٨٢
- لە ساڵی ١٩٨٣ لەگوندەکەی خۆیان پشوو دەدات و بەشداری هیچ چالاکییەک ناکات.
- لەدوای تێکچوونی مفەوەزاتەکەی نێوان یەکێتی و بەغدا بەتایبەتی لەدوای ساڵی ١٩٨٤ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لەگەڵ شەهید ڕێباز بۆ هەندێ جەولەو چالاکی تایبەت.
- لەدوای ساڵی ١٩٨٦ دەگوازرێتەوە دەستەکەی شەهید مەلا عەزیز بەردەسپی سەر بە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بوو درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ١٩٨٨.
- شەشەمین پێشمەرگەی سنووری تەق تەق بووە لە دوای دەستپێکی شۆڕشی نوێ
- زیاتر لە (١٠) شەهیدی تریان هەیە لە خانەوادەکەیان لەوانە (کوڕی - برای - ئامۆزای)
- ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٨
- دەستگیرکراوە و ئەنفال کراوە.

شەهید (ئەسعەد هاوەن)

# ئەسعەد ئیسماعیل سابیر



ئەوانەی لەدوای ڕاپەڕین تەمەنیان تازە چەکەرەی دەکردو ئاواتە خوازبوون لە سایەی حوکمرانی خۆماڵی کوردی و لەسایەی ڕاپەڕین چاویان بە دونیایەک ئاشنابێت یاسا سەروەربێت، ترس و تۆقان نەبێت، یەکرێزی و تەباییی نێو ماڵی کورد ئامانجە گشتیەکە بێت. ئازادی تاک و ئازادی بیروڕا لە شەقامی کوردی بەبێ جیاوازی بوونی هەبێت. بەڵام ئەفسوس هەموو ئەم دەستەواژەو ماف و ویستانەی گەنجانی دوای ڕاپەڕین لە گۆڕنرا، شەڕ جێگای ئەمانەی گرتەوە.. بۆ بەسەرکردنەوەو هەڵدانەوەی شەهیدێکی دوای ڕاپەڕین کە خەڵکی کەندێناوەی هەمیشە شۆڕشگێڕو خەباتکار، کەندێناوەی لانەی شێران و مەکۆی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەویش شەهید (ئەسعەد ئیسماعیل سابیر)ـە لە خانەوادەیەکی دڵسۆزو پێشمەرگەو شەهید بەخش هاتۆتە ژیانەوە لە گوندەکەی (سێ قوچان) ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان بوو لەبەرامبەر دوژمنانی کوردو کوردستان... دواجار لە بەرگرییەک و نەبەردییەکی چاوەڕوان نەکراو لەبەرامبەر هێزێکی فاشی توورک بەپێشڕەوی هیزێکی کوردی لە گردی جاسوسان لە دەڤەری ئاقوبان لە ڕێکەوتی ١١ـ٩ـ١٩٩٧ شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: ئەسعەد ئیسماعیل سابیر
- ناسراو بە: ئەسعەد هاوەن
- تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٧٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سێ قوچان ـ کەندێناوە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەلاڵی
- باری خێزانی: سەڵت

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: دەستپێکی ڕاپەرین ١٩٩١
- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٣)ی زورگە زراو کە هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی ئامر بەتالیۆن بوو- فەرماندەی تیپەکە هەڤاڵ (عومەر ناسر) بوو ـ ناوبراو لە کەرتی هەڤاڵ (سەید کەمال جەباری) بوو.
- لەگەڵ تەشکیلاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە لیوای (٢)ی تایبەت درێژەی بە پێشمەرگایەتی دەدات لە سریەی (١) کە ئەوکات هەڤاڵ (حەسەن عەوێنە) ئامر سریە بوو هەڤاڵ سەید کەماڵ جەباری معاون سریە بوو کاکە ئەسعەد لای ناوبراو ئامر فەسیل بوو.
- لە ساڵی ١٩٩٦ شەهید ئەسعەد ئاوارەی سنووری کۆیە بوو..
- ماوەیەک لای هەڤاڵ ئاسۆ مامەند پێشمەرگە بووە.
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- دواپلەی لە پێش شەهید بوون: فەرماندەی تیپ بووە لە تەشکیلاتی دوای ٣١ی ئاب
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-١١-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: گردی جاسووسان ـ ئاقوبان ـ لە بەرامبەر هێزێکی بێ شوماری توورک و پارتی.

## شەهید (حاجی ئەکرەم)

# ئەکرەم عەزیز حوسێن



شەهید (حاجی ئەکرەم) ئەو تێکۆشەرە ماندوونەناسەی ڕێبازی کوردایەتی بوو، ئەو کادیرە دڵسۆزەی یەکێتی بوو هەمیشە بۆ ڕزگاری و ئازادی خەباتی دەکردو تێڕوانینی بۆ شۆڕش و کوردایەتی جیاواز بوو، ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ڕووی داراییەوە زۆر هەژارو کەم دەرامەت بوو، ئەوێ ڕۆژێ حاجی ئەکرەم بڕی (١٨٠) هەزار دیناری سویسری بە هاوکاری چەند هەڤاڵێک گەیاندە شاخ و بە ئەمانەتەوە تەسلیمی سەرکردایەتی کرد، هەڤاڵ مەلا ئاوات تێکۆشەری دێرین هاوڕێی نزیکی شەهید وتی: شەهید حاجی ئەکرەم زەرگەیی پیاوێکی تێکۆشەری شارو شاخ بوو، جێ پەنجەی دیاربوو لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان زۆر خۆنەویست بوو، زۆر بە ئاگا بوو لە ڕۆژە سەختەکان، بە هەوڵ و هیمەت و زیرەکیەکەی ئەوە بوو ئەوێ ڕۆژێ بڕی (١٨٠٠٠٠) هەزار دیناری ڕژێمی بەعسی خوێن مژی بۆ شۆڕش بردو خۆی ڕزگارکرد، پاشان بەعسییەکان خاوخێزانەکەیان بەدرندەترین شێوە ئەشکەنجەو ئازارداو لە بەندیخانەی هێشتنەوە بۆ ماوەی ساڵێک، ناوبراو کادیرێکی زۆر هۆشیاری ناو جووتیاران بوو، کەسێکی خۆشەویست و کۆمەڵایەتی بوو، لە زستانی ساڵی ١٩٨٢ لەنێوان گوندی (گڕاو۔ هەنارە) نزیک بەستۆرە کەوتنە کەمینی جاشەکانەوە (٣) پێشمەرگە شەهید بوون و ئەوانی تریش هەندێکیان برینداربوون یەکێک لەوانە حاجی بەسەختی بریندار بوو(٦) مانگ لەسەر جێگا کەوت لە بالیسان، شەهید لە کۆنفرانسی (٣)ی محەلی دەرچوو بە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، شەهید مەلا غەفووریش بە لێپرسراویان دەرچوو. بەداخەوە لە ١٨۔١٢۔١٩٨٣ کەوتنە سەر لوغمێک و ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون لەوانە حاجی ئەکرەم. درووود بۆ گیانی شەهید ئەکرەم و تێکڕای شەهیدانی ڕزگاری کوردو کوردستان. ئەوەی ماوەتەوە بڵێین خێزانی (حاجی ئەکرەم) خاتوو (فەیرۆز عەبدولڕەحمان خدر) لە زیندانەکانی ڕژێم بە درندەترین شێوە ئەشکەنجەو ئازار دراوە، بەڵام فەیرۆز خان بەقارەمانی بەندینخانە ناسراوە وەک

دایکە سجن کراوەکان دەگێڕنەوە ناوبراو ژنێکی رۆشنبیرو هۆشیارو بیرکراوە بووە، هەمیشە دڵنەوایی ژنانی ناو سجنی داوەتەوە،و هانی داون نەترسێن و نەچنە بن باڵی ئەو فاشیانە، ناوبراو (١) ساڵ و (٦) مانگ لە سجن مایەوە.

- ناوی تەواو: ئەکرەم عەزیز حوسێن عومەر
- ناسراو بە: حاجی ئەکرەم
- تەمەن:١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخانان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: زەرگە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: هێمن - نەبەز
- شەهید حاجی ئەکرەم بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٥
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٢-٨-١٩٨١
- ئەوکاتی بوە پێشمەرگە بڕی (١٨٠٠٠٠) سەدو هەشتا هەزار دیناری ئەوکاتی لەگەڵ خۆی برد بۆ شۆڕش، ئەم چالاکییە راستەوخۆ کاک کۆسرەت و شەهید عەبدولڕەزاق سەرپەرشتیان دەکرد وەک رێکخراوی شار.
- دوای رۆیشتنی رژێمی بەعس هەردوو کوڕەکەی، باوکی، برایەکی هاوسەری زیندانی کرد تا ماوەی ساڵێک زیاتر.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بەسەختی بریندار بووە لە گوندی گڕاو
- لە ساڵی ١٩٧٠ زیندانی بووە، ئەوکات لە یەکێتی قوتابیان کاری کردووە.
- شەهید هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکانی کۆمەڵە بووە.
- ناوبراو دواپلەی ئەندامی کەرتی شەقڵاوە بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨-١٢-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: ناوچەی قورە بەرازەی ناوچەی بیتوێن

ناوی شەهیدو بریندارەکان: - شەهیدەکان (١- شەهید مەلا غەفوور ٢- شەهید حاجی ئەکرەم ٣- شەهید مامۆستا شەوقی ٤- شەهید ئاشتی ٥- شەهید زاهیر ٦- شەهید بەکر ٧- شەهید هاوار ٨- شەهید جەعفەر ٩- شەهید وشیار) ناوی بریندارەکان: (١- هەڤاڵ حاجی مەمۆ ٢- هەڤاڵ مەهدی کاوانی ٣- هەڤاڵ هەژار شەبیب دووگردکانی ٤- هەڤاڵ جەوهەر ٥- هەڤاڵ یاسین).

شایانی باسە ئەوکاتی شەهید حاجی ئەکرەم لە وەزیفەدا ((لێپرسراوی مەرکەز تەسویقی - گردەشە)) بوو گەنمی هەموو جووتیارانی لێ کۆدەکرایەوە، دواتر رەوانەی سایلۆ دەکرا.

شەهید (غەمبار)

# ئەکرەم عەلی عومەر




پێشمەرگەیەک تازە وەک داری شاتان باڵای بەرز بەرز ئەکرد، خەندەو پێکەنینی لەنێو هاڤاڵانی هەمیشە دڵ خۆشی ئەکردن، ورە بەرزی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان بێ سنوور بوو. پێشمەرگەیەک لێوان لێو بوو لە دڵسۆزی بۆ یەکێتی و بۆ کوردایەتی. ئەو زۆر باوەڕی بە شۆڕش و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە هەبوو، بۆیە هەرگیز کۆڵی نەدەدا و بەردەوام خەمی ئەو خەمی خاک و بەدەست هێنانی مافە سەرەتاکانی مرۆڤ بوو، بۆیە بە چەکە بیکێسیەکەی ماوە ماوە لەداستان و نەبەردییەکان دوژمنی تووشی شۆک دەکرد، لەهێرش و هەڵمەتەکانی شێر ئاسا هەنگاوی دەنا، بەڵام بەداخەوە لەداستانی کونەکۆتر کە ڕژێمی بەعسی ئەوچیایەی تۆپ باران دەکرد یەک پارچە دەبووە ئاگر مەگەر بەس کوڕانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانیبێتیان خۆڕاگربن و بەرگری بکەن. لەم داستانە کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمان خوێنیان بەخشی بەقەندیل و کونە کۆتری هەرگیز لەیاد نەچوو. هەزاران درووود لەگیانت شەهید ئەکرەم گعێتلی.........

- ناوی تەواو: ئەکرەم عەلی عومەر عەباس
- ناسراو بە: غەمبار
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گعێتل، ناحیەی گوێڕ، قەزای مەخموور
- عەشیرەت: شێخانان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤

- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ سەرەتا لە تیپی ٨٣ی هەورێ
- دواتر گواسترایتەوە بۆ تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (٤)
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٩-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: لووتکەی کونە کۆتر - چیای قەندیل

شەهید (عەریف ئەکرەم)

# ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد



ناوچەی کەندێناوەو قەراج و مەخموور، ئەوێ ڕۆژێ بۆ پێگەیاندنی ڕەوتێکی فکری، نیشتمانی، نەتەوەیی، زۆر لەبارتر بوو لە هەندێ ناوچەی تری کوردستان، یان هەستی کوردانەیان جیاوازتربوو بۆ خاک و نیشتمان، ئەگەر بەتەنها سەیری مێژووی شۆڕشی نوێ بکەین، دەبینین ئەم دەڤەرە بە دەیان فەرماندەو کادیری پێشکەوتوو سەدان شەهیدیان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی و هەست کردن بەرامبەر ئازارەکانی میللەت کە دوژمن ڕۆژانە ئاریشەی بۆ دروست دەکردن، کەندێناوەو قەراج و مەخموور فەرماندەو پێشمەرگەی زۆر قارەمان و تێکۆشەری بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەروەردە کردووە، کە داستان و چالاکی و شەڕەکانی ئەوێ ڕۆژێ شایەدی دەدەن هەمیشە مەرگی خۆیان خستبووە پێش بۆ ئەوەی دوژمن وا بە ئاسانی نەتوانێ هەموو ڕۆژێ غەدرمان لێ بکات، یەکێک لەو فەرماندانەی هەمیشە سنگی خۆی کردبووە قەڵغان، شەهید (ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد قادر) ناسراو بە (عەریف ئەکرەم) لە ناوچەی دەشتی هەولێر بەیەکێک لە فەرماندە ئازاو چاونەترسەکانی ئەوێ ڕۆژێ ئەژمار دەکرێ.. ناوبراو وەک هەڤاڵە پێشمەرگەکانی دەگێڕنەوە هەرگیز حسابی بۆ گوللەی دوژمن نەکردووە، ئەو لەشەڕەکان هەرگیز سەری خۆی نەوی نەکردووە، ئەو بە بەردەوامی لە پێشەوەی پێشەوەی پێشمەرگەکان بووە لە شەڕو هێرش و داستانەکاندا، بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی پێشمەرگانەی (عەریف ئەکرەم) گەلێک زۆرە لە زۆربەیان بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتووە، یەکێک لەو بەسەرهاتانەی ناوبراو لە بن پەتی سێدارە لە ساڵی ١٩٨٢ لە معەسکەر ڕەشکین لە هەولێر کە جل و بەرگیشی لەبەرکرابۆوە هەڵاتووە و فیشەکی بەرکەوتووەو رزگاری بووە بە بریندارى، ئەم بەسەرهاتەی ڕزگار بوونی لەبن پەتی سێدارە کە (٤) کەس بوون سێ یەکەی تر رمی کران، ئەگەر بنووسرێتەوە وەک هەڤاڵێک بۆی گێرامەوە ناميلكەيەكى تەواوی لێ دەنووسرێ، شەهید عەریف ئەکرەم پێشمەرگەیەکی ناسراو بەهیمەت و چاونەترس بووە هەربۆیە لەلایەن شۆڕشەوە پلەی فەرماندەو بەرپرسیاریەتی پێدراوە، پێشمەرگەیەک خاکی، کراوە، بە

ویژدان، راستگۆ، بە دیقەت لەکاری سەربازی، نهێنی پارێز، لەناو جەماوەریش بەیەکێک لەفەرماندە خۆشەویستەکانی دەڤەرەکە سەیر دەکرا، پیاوێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ بوو لەگەڵ دەورووبەرەکەی، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٢٨-٢-١٩٨٨ لەنزیک گوندی گردمەلای قوشتەپە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی (ساڵح عومەر حەمەدەمین) و دایک و برایەکی هەڤاڵ حەسەن عەوێنە بەناوەکانی (خاسیە ساڵح ئەمین) و (حاتم سەعید عەلی)، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید (عەریف ئەکرەم) و سەرجەم شەهیدانی کوردستان

- ناوی تەواو: ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد قادر
- نازناو: عەریف ئەکرەم
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی حاجی شێخان ـ کەندێناوە ـ هەولێر
- عەشیرەت: شوان
- خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، بەهۆی خراپی باری گوزەرانی خێزانەکەی نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن (١٩٧٨) بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە (١٩٨٠)
- یەکەم جار لە پێشمەرگایەتی پەیوەندی بە بەرێز عەلی شامار لە ناوچەی زەڵێوە کردووە.
- دواتر گواستراوەتەوە (تیپی ٨٣ی هەورێ لای شەهید ملازم خولە)
- (درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هەردوو تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ ی قەرەچوغ)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بوە
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- ئەو پلانەی بڕیویەتی (پلەی فەرماندەی مەفرەزە تا فەرماندەی کەرتی بڕیوە)
- ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە: کونە کۆتر، شەمامک، هێلاوەو شێخ شەروان، مەرکیە، داستانی قەیوان
- ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ و داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧ ـ داستانی سەری رەش لە ساڵی ١٩٨٨ـ داستانی سماقوڵی ١٩٨٧ـ گرتنی زنجیرە رەبیەکانی جادەی هەولێر ـ کەرکووک ـ لە داستانی گرتنی گوندی ساقیەو دەڤەری گوێڕ رۆڵی بەرچاوی هەبووە ـ لە داستانی بەرەنگار بوونەوەی هێرشەکانی لەشکری ٥ی سوپای بەعس دەورو کاریگەری زۆری هەبوو. گردە سۆر ـ گرتنی تەق تەق، گرتنی دێگەڵە، تەلهەلڵا، تەللخێم، بێتواتە.
- دواپلەی فەرماندەی کەرتی (٤)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بووە.
- ساڵی شەهید بوون (٢٨-٢-١٩٨٨ )
- شوێنی شەهید بوون (کۆمەڵگای گردمەلا نزیک ناحیەی قوشتەپە)
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٤/٧ لە ژمارە (٦٩٣٩) لە لاپەڕە (٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (ئەنوەر شێخانی)

# ئەنوەر محەمەد شێخان



ئەوانەی ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان گرتەبەر بۆ مەهامێک بەتەئکید بۆ ئیمتیاز، پارە، نەوت، خانوو، دەستکەوتە شەخسیەکان نەبوو، هزریان، بەرنامەیان، پلانیان، ئامانجیان تەنهاو تەنها کوردایەتی و ڕزگاربوون بووە لە ڕژمێک دکتاتۆری بەرهەم دەهێنا. ئەوان بەرخودانیان دەکرد بۆ بەدەست هێنانی شوناسێک، کورد لە ژێرسایەو سێبەری بناسرێتەوەو بڵێ نەتەوەیەک، زمانێک، هەیە جیاواز لە عەرەب و فارس و تورک. من وەک کوردێک هەناسە ساردم ئەوان بەو قوربەسەری و نەهامەتیانەی ئەوێ ڕۆژێ چۆن خەباتیان کردووە، ئەوانەی ئێستاش لە دەسەلاتن بەبێ جیاوازی دەڵێم شەڕی دەسەلات و کورسی و بازرگانی نەوتن، میللەتیش خەریکە کۆتایی بە ژیانی دێت لە برسان و ئەو قەیرانە دەستکردە سیاسیەی ئەم و ئەو دروستیان کردووە. ئاخو شەهیدەکانی پێش ڕاپەرین زیندوو ببنەوە ئەو بەرپرسانەی ئەمڕۆ ببینن دەبێ هەڵوێستیان چی بێت؟ یەکێک لەو شەهیدانەی دەشتی هەولێر تەنها ئامانجی بینینی ئاڵاو حوکمێکی خۆماڵی کوردی بوو لەسایەی کەمێک پشوو بدات و منداڵەکانی بە پەروەردەیەکی کوردانەو هەستێکی پاکی نەتەوەیی گۆش و پەروەردە بکات، ئەویش شەهید (ئەنوەر محەمەد شێخان) بوو هەموو تەمەنی جوانی لاوی خۆی لەسەر کوردایەتی داناو چەند جارێک لەمەرگ گەڕاوەتەوە و سەرئەنجام لە نەبەردیەکی قارەمانانەوەو شەڕێکی نابەرامبەر لە (کەڵی قەشقە) بەبرینداری کەوتە دەستی پیاوانی ڕژێم پاش (٢٠) ڕۆژ لە دەستگیر کردنی لە ٦-٢-١٩٨٣ لە بەندینخانەی ئەبوو غرێب لە سێدارە درا. درووd لە گیانت ئەی پێشمەرگەو قارەمانی ڕۆژانی سەختی خەبات.....

- ناوی تەواو: ئەنوەر محەمەد شێخان
- ناسراو بە: ئەنوەر شێخانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی پیرداود

- ئاستی خوێندن: تا پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.
- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: گەلاوێژ رەمەزان
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کاروان، تریفە
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی (حزبی سۆشیالستی کوردستان) لە رێگای شەهید قادر مستەفا.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لای مام غەفوور
- دواتر گواسترایەتەوە لای شەهید دکتۆر رەشید
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە
- دووەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ١٦ـ١ـ١٩٨٣ لە نەبەردیەکی قارەمانانە لەگەڵ رژێمی فاشی لە سنووری کەڵی قەشقە، بەبریندارى کەوتە دەست رژێم.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦ـ٢ـ١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: بەندینخانەی ئەبوغرێب

## شەهید (ئەیوبی حاجی ڕەشید بناوی)

# ئەیوب ڕەشید ئیبراهیم




تیپی (١٩)ی کۆڕەک لە سنووری چالاکی خۆی بۆ ئەوسا تیپێکی چالاک و بە ئەزموون و خۆڕاگربوون، تیپێک بەدیسپلین و ئازاو ڕچەشکێن بوون، فەرماندەو پێشمەرگەکانی لە تەمەنی دروست بوونی ئەم تیپە داهێنانی زۆریان نیشاندا لە لێدان و هێرش و چالاکی جۆراوجۆر کە دوژمن چاوەڕێی نەدەکرد. ئەوان یەک دەست و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بوون هەربۆیە سەرکەوتنەکانیان زۆر بوو. پێشمەرگەکانیان لە سنووری چالاکی تیپەکە خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوون، لەناو دێهات و لادێنشینەکان خۆشەویست بوون، یەکێک لەو پێشمەرگانە شەهید (ئەیوبی حاجی ڕەشید بناوی) پێشمەرگە بوو لە تیپی (١٩) ی کۆڕەک. پێشمەرگەیەکی خاکی، خۆشەویست، بە ئەمەک، بە وەفا، ئازاو دلێر، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا (ئەسعەد عەبدولحەمید) کادیری ڕێکخستنی نهێنی ناوشار لە ئەوێ ڕۆژێ و بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوەی ئێستا لەسەرشەهید ئەیوب دەڵێ: ناسینی من بۆ ئەو تێکۆشەرە لە سەرەتای هەشتاکان لە ڕێکخستنی نهێنی بوو، گەنجێک لەخۆبووردو، چاونەترس، دڵسۆز لەئەرکی حزبایەتی، لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر، باوکیشی (حاجی ڕەشیدی بناوی) پیاوێکی دیاری کۆمەڵایەتی بە سەلیقە دڵسۆز بۆ یەکێتی و کوردایەتی، بەهۆی شەهید ئەیوب سەرجەم خزمەکانی ببوونە ڕێکخستن یا پێشمەرگەی یەکێتی، ئەوسا هەردووکمان ماڵمان لە هەریر بوو، هاوڕێییەتی نێوانمان زۆر خۆش و بە بڕوا بوو، شەهید کۆمەڵێک خەسڵەتی تیا بوو لەم سنوورە کەم کەس وابوو، هێمنی، جوانی ڕەفتار، دڵسۆزی بۆ هاوڕێیەتی، خۆشەویست و بە بڕوا لەلای کەرتی ڕێکخستن و بەرپرسانی سەروو، هەر داوایەکی هەبیوایە لە هەڵسەنگاندن زوو وەردەگیرا، شەهید ئەیوب خۆشەویستی تەواوی دەڤەری دۆڵی بالیسان و ئالانەو هەریرو هەموو ئەوکەسانەبووکەدەیان ناسی، لەناو عەشیرەتەکەی خۆی (هەروتی) و خۆشناو سورچیان سەنگی تایبەتی هەبوو، نموونەی جوامێری و پیاوی تەنگانە بوو، خۆشەویستی جەنابی کاک کۆسرەت

بوو بەتایبەت دوای ڕاپەڕین خۆی و خزمەکانی تا دواساتەکانی ژیان. لەیەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین خۆی و خزمەکانی لەبەرەی پێشی پێشەوە بوونە تا ڕزگارکردنی کەرکووکی قودسی کوردستان، دواتر وەک فەرماندەیەک لەزۆر سەردان و بەسەرکردنەوەی بەڕێزان (مام جەلال و کاک کۆسرەت) بۆ سنووری کەلکین و شەقلاوەو هاتنەوەی هەڤاڵ مام جەلال لەڕێگای زاخۆوە ئەو هێزەی شەهید ئەیوب سەرپەرشتی دەکرد لەگەڵ کۆمەڵێک فەرماندە وەک کاک جەمال، دلشاد باویانی، حوسێن بلۆک، د. وەسمان ئەوانە ئامادە دەبوون بۆ پارێزگاری سەرەڕای هێزە تایبەتەکانی (مام وکاک کۆسرەت)، بەڵام بە ئەسەفێکی زۆرەوەئەم قارەمانە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە گەردەلوولی تۆڵە شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمران، روحت شاد پیاوە تێکۆشەرو رەوشت بەرزەکەی یەکێتی و دەڤەرەکەمان، لەیادمانی هەردەم..

- ناوی تەواو: ئەیوب ڕەشید ئیبراهیم عومەر
- ناسراو بە: ئەیوبی حاجی ڕەشید بناوی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بناوی - ناحیەی خەلیفان - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: هەروتی
- ئاستی خوێندن: تا شەشەمی سەرەتای خوێندووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری خێزان: زینەب ئاودەل سۆفی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: قەیوان، ژیروان، ژاکاو، ژیلە، ڕاژان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ کەرتی ڕێکخستنی رواندز
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (١٩)ی کۆرەک - کەرتی (١)
- ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە وەک داستانەکانی قەیوان ماوەت و ڕزگاری.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کردووە ڕۆڵی کارای هەبووە لە گرتنی بارەگای حزبی بەعس لە باسرمە. دواتر قوشتەپەو تا کەرکووکی قودسی کوردستان.
- سێیەمین شەهیدی خانەوادەکەیەتی..
- لە ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی سریە لەفەوجی تایبەتی بالیسان
- لە ساڵی ١٩٩٥ کراوەتە فەرماندەی تیپ لە لەشکری (١٧)ی هەورێ
- لە ژیانی پێشمەرکایەتی (٢) جار بریندار بووە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٦ لە قەیوان ماوەت دووەم جار لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئیرۆن.
- خولی سەربازی قەڵاچۆلانی لە ٢٧-٧-١٩٩٦ تەواو کردووەو پلەی ملازمی پێ بەخشراوە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١١-١٠-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: ناوچەی شارەزوور لەبناری گمۆ

## شەهید (بارزان تەها)

# بارزان تەها حەسەن



قەدەری ژیان وایە ئەوەی مرۆڤە پاکەکان بەرنامەڕێژی بۆ دەکەن و لە هزریاندا مەبەستیانە پرۆژەیەک، چاکەخوازیەک، هاوکارییەک، خزمەتێک بە نەتەوەکەیان بکەن کەچی لەناکاو لەبەردیدەمان ون دەبن و بۆ یەکجاری هەنگاو بۆ دنیایەکەی تر دەنێن، ئەمە قەدەری ژیانەو بۆ هەموو لایەک وا هاتووەو رازی بوونە بە قەدەری خوا. ئەوەی مەبەستمە لەم چەند دێرە باسی لێوە بکەم گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، گەنجێک لە خانەوادەیەکی پێشمەرگە، دانیشتووی گوندی شێراوەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە ئەویش (بارزان تەها شێراوەیی)ـە ناوبراو برایەکی تری پێشمەرگە بوو بەناوی (کامەران) لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، بەڵام هەستی ئەم گەنجە بۆ شۆڕش و کوردایەتی زۆر زیاتر بوو کە دەبێ هەموو تاکێک حەقی خاک و نیشتمان بدات. لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی بە شۆڕش کردو بووە پێشمەرگە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٤) بەڵام بەداخەوە لە ئەرکێکی پێشمەرگایەتی پەڕینەوە لەزێ لە حاوییەی نزیک سێ کانی ـ شەیتان لە ١ـ٤ـ١٩٨٧ خنکاو شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران دروود لە گیانت پێشمەرگە دڵسۆزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ـ ناوی تەواو: بارزان تەها حەسەن جبرائیل

ـ ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٧

ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی شێراوە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر

ـ عەشیرەت: گەلاڵی

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی لە گوندی شێراوە تەواو کردووە.

ـ باری خێزانی: سەڵت


ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: مانگی (١) ساڵی ١٩٨٧

ـ ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤) کە شەهید عەریف ئەکرەم فەرماندەی کەرتەکە بوو.

- لەچەند چالاکییەک بەشداری کردووە.
- جگە لەخۆی برایەکی شەهیدە بە ناوی (کامەران شێراوەیی)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٤-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: لەحاوییەی نێوان سێ کانی - شەیتان لەئەنجامی پەڕینەوە لە چالاکییەک خنکا.

شەهید (زینەر بانەموردی)

# باوەجی ڕەحمان سادق




شەهید باوەجی لە خانەوادەیەکی دڵسۆز بۆ نیشتمان هاوسۆز بۆ کوردایەتی، دوورو نزیک تێکەڵ بەدنیای بەعس و سەرانی رژێم نەبوونە، لەدوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ برایەکانی قۆناغ دوای قۆناغ بەپێی گونجانی تەمەن بوونەتە پێشمەرگەو بەرگریان لە دەستکەوتەکانی ڕاپەرین و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە. ئەم بنەماڵەیە هەمیشە دڵسۆزبوونە بۆ ڕێبازەکەی (مام) لەسەر ئەم ڕێبازە هەورازو نشێویان زۆر بینیوە، بەڵام تەنازول و ملکەچ کردن لای ئەوان قابیلی قبول نەبووە هەربۆیە لە ٣١ی ئاب هەڵوێستیان وەرگرتوو هەولێریان جێهێشت و لە قەڵادزێ گیرسانەوە. شەهید باوەجی گەنجێکی بەرەوشت و هێمن و خزم دۆست بوو، لاوێکی چالاک و وریاو بەئاگابوو، ئەوێ ڕۆژێ لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە دەبابەو سوپای عێراقی شکۆی پەرلەمان و ئاڵای کوردستانیان لەسەر باڵاترین دام و دەزگای حکومەتی هەرێم هێنایە خوارەوە لەهەولێر، شەهید باوەجی نەیویست لەژێرئاڵایەک بمینێتەوە ئەنفال و داگیرکردن و سوتماک و وێرانکردن هەدەف و پلانی بێت، هەربۆیە شەهیدبوونی لامەبەست بوو نەک مانەوە لەژێر چەتری دڕندەیی بەعس. بەداخەوە سەرەتای تەمەنی خونچەگوڵێک بوو ئەم بێ باکانە نەیانهێشت بپشکوێ و وەراندیان. لە ١٨ـ١٠ـ١٩٩٦ لە سنووری شاری کۆیە دوا ماڵئاوایی لە خانەوادەو کەس و کارو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، بەئارامی بنوو، پشوو بدە ئێستاش خەبات بەردەوامەو ئازادی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ ڕۆژانە پێشێل دەکرێ و ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ خەباتیان بۆ ڕزگاری نیشتمانی و ئازادی تاک دەکرد بوونەتە بازرگان و نەوت و داهاتی ئەم میللەتە خێر لەخۆنەدیوە بە نوێژی نیوەڕۆ ئاودیو دەکرێت و داهاتەکەی ناگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆیە ئێوە بەشەرەف مەندی شەهید بوون و خەمی نەوت و قەیرانی دەست کردو داگیرکارییتان لەسایەی حکومرانی خۆماڵی کوردی نەبینی.

ـ ناوی تەواو: باوەجی رەحمان سادق مەحمود

- ناسراو بە: زینەر بانەموردی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٧٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بانەمۆرد - ناحیەی شۆڕش - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩١
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩٤
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨-١٠-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: گەڕەکی ئازادی - کۆیە
- بە برینداری دەستگیرکراوە دوتر گوللە باران کراوە

شەهید (بەکرە قیت)

# بەکر سدیق ئیبراهیم خەلیل





ئەگەر فلاش باگێک بۆ سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بکەین دەبینین خانەوادەی شەهید (بەکرە قیت) لە ساڵی ١٩٧٦ تێکەڵ بە سیاسەت و حزبایەتی بوونە، لەمەیدانی کوردایەتی رۆڵی کاریگەریان هەبووە لە خەبات و قوربانی دان، هەر لەوساوە سوتماکی شۆڕش و دڵ بەئازاربوونە، لە ساڵی ١٩٧٦ ناوبراو لەگەڵ هەڤاڵ ئەرسەلان بایزو چەندین هاوڕێی تر لە زیندانەکانی بەعس لەژێر ئەشکەنجەو لێدان دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٧٩. برایەکی بەناوی (فاروق) لە ساڵی ١٩٧٨ لە شەرەکەی دەشتێو شەهید دەبێت، کەواتە ئەم خانەوادەیە لە دەستپێکەوە بە ئازاری روحیەوە بەشداری ئەم شۆڕشە مەزنەیان کردووە. دواتر لەپاش ئازاد کردنی بە لێبووردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٠ یەکسەر دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر ,لە پێشمەرگایەتی زۆر ئازاو قارەمان بووە هەربۆیە پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت تا لە ساڵی ١٩٨٥ دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە دوای ڕاپەڕینش چەندین پۆستی وەرگرتووە و تیایدا سەرکەوتووبوە، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٤ـ٥ـ٢٠٠٧ لە رووداوێکی دلتەزێن گەیشتەکاروانی نەمرانەوە لەگەڵ هاوڕێی دێرینی هەڤاڵ مەلا برایم مەلا قەرەیی.. دروود بۆ گیانیان.

- ناوی تەواو: بەکر سدیق ئیبراهیم خەلیل
- ناسراو بە: بەکرە قیت
- تەمەن: ١٩٥٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قورشاغلو ـ ناحیەی قوشتەپە ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزانەکان: نیشتمان رەزا ئیبراهیم - زەیتوون ڕەسول دەروێش
- ناوی منداڵەکان: بنار، پاڵە، هاژە، کەنار، هاوژین، تۆڵە، پۆلا
- عەشیرەت هۆرمزیار
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان - لە رێگای کاک ئەرسەلان بایز رێک خراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن رژێمی بەعس دەستگیر دەکرێ و بە موئەبەد حکوم دەکرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد دەکرێت.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٠ هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٤ دەکرێتە رابەرسیاسی
- ماوەیەک فەرماندەی کەرتی (٥) لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر ئەوکات مام غەفوور فەرماندەی تیپ بووە.
- فەرماندەی کەرتی (٢) بووە لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی
- لە دوای ڕاپەڕین چەندین پلەو پۆستی وەرگرتووە لەوانە (ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ - لێپرسراوی لقی هەولێری پێشمەرگە دێرینەکان.
- برایەکی بەناوی (فاروق) لە شەڕەکەی دەشتێو لە ساڵی ١٩٧٨ شەهید بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٤-٥-٢٠٠٧
- شوێنی ماڵئاوایی: لەسەر رێگای مەخموور - هەولێر

## شەهید (بەهرام خۆشناو)

# بەهرام ڕەسول حەسەن حەسەن



جوامێرێکی ڕێگای سەختی خەبات، فەرماندەیەک لێوان لێو لە خاکی بوون، پێشمەرگەیەک ڕاستگۆ، بەڕەوشت، بەهیمەت، خۆڕاگرو کۆڵنەدەر، هەموو سیفەتە جوانەکانی مرۆڤایەتی لەم خەباتکارە کۆببووە، ئەو لە سەرەتای شۆڕش چەکی شەرەفی کوردایەتی لەشان کردوو گوند بەگوند دەگەڕاو جاڕی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی بەگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵدەدا.. ئەو یەکێک بووە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لەسنووری کۆیە، بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) فەرماندەو پارتیزانی ڕۆژانی سەختی خەبات وتی: پایزی ساڵی ١٩٧٧ بۆ یەکەم جار (٤) پێشمەرگە بەناوەکانی (بەهرام ڕەسول خۆشناو، چەتۆ کەریمە سوور، ڕەفیق زاهیر، خدر خۆشناو) هاتنە گوندی ئیلنجاغ شەو لای ئێمە مانەوە بەنهێنی بۆ ڕۆژی دوای ئێوارەکەی خۆیان کەشف کردو هاتنە مزگەوت کۆبوونەوەیان بەخەڵکی گوند کرد، تەوەری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە سەرهەڵدانی شۆڕش و دروست بوونی مەفرەزەکان بۆ دێهاتەکان. شەهید بەهرام خۆشناو زۆربە پەرۆشەوە باسی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی دەکردوو گەشبین بوو بەسەرکەوتنی ئەم شۆڕشەو بەدیهێنانی مافەرەواکانی میللەتەکەمان. قسەکانی حەماسی زۆرتێدابوو بۆیە هزری ئامادەبوانی بۆ لای خۆی کێش کردبوو لەگەڵ ئەوەی وەزعێکی زۆر نالەبار بەسەر گەلەکەمان هاتبوو، وەک خەون وابوو دوای هەرەس جێگای تێڕامان بوو (٢) ڕۆژ پێشمەرگە بمینێتەوە لەناو جەماوەر بانگەوازی شۆڕش بکات چونکە ڕژێم زۆر دڕندانە بەدوای هەواڵی پێشمەرگە دەگەڕا. ڕژێم داروبەردی کردبووە جاسوس و پیاوی خراپ بە تایبەت موختاری دێهاتەکان... شەهید بەهرام درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا زۆر بەرێک وپێکی بەوپەڕی قەناعەتەوە خزمەتی خاک و نیشتمانی کرد، بەهۆی دڵسۆزی وئازایەتیەوە پلە بە پلە قۆناغەکانی بڕی ماوەیەکی زۆر فەرماندەی کەرت بوو.. بەهۆی بڕیارەکانی شۆڕش و دیسپلینی شەهید بەهرام لەتەمەنی پێشمەرگایەتی لە زۆربەی تیپەکانی سنووری هەولێر پێشمەرگایەتی

کردووە. لەهەر شوێنێک بووبێ جێگای دەستی دیاربووە، لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە پیاوێکی خۆشەویست و خۆنەویست بوو، ماوەیەکی زۆریش بەهۆی دەست پاکی و رەوشت بەرزی بەرپرسی (سجن) بووە... هەڤاڵێکی هاوسەنگەری دانەبڕاوی شەهید وتی: شەهید بەهرام فەرماندەیەکی کەمدوو سیفەتەکانی جوامێرانەو خۆنەویستانە بوو هەمیشە بەرژەوەندی هاوڕێکانی لە پێشەوەی بەرژەوەندی خۆی بوو هەربۆیە رێزلێگیراو بۆچوونەکانی بەهەند وەردەگیرا لە کۆتا تەشکیلاتی یەکێتی لە نۆکان لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٩ کرایە جێگری تیپی (٨٣) هەورێ. لەکۆتایی دەڵێم نووسین و قسەکردن لەسەر فەرماندەیەکی وەک شەهید بەهرام ئاسان نییە بەداخەوە خەونی زۆری هەبوو بۆ راپەرین، بەڵام ڕاپەرینی بینی وەلێ بۆنی ئازادی تێرنەکرد، هەزار دروود لە گیانت و روحت شاد ئەی پێشمەرگە خاکیەکەی نیشتمان.

- ناوی تەواو: بەهرام ڕەسول حەسەن حەسەن
- ناسراو بە: بەهرام خۆشناو
- ساڵی لەدایک بوون: ٨ـ٣ـ١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە مەجید عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کاروان، راسان، کوێستان، پەیمان، تامان، پەیام، شۆخان، داستان.
- لەشۆڕشی ئەیلوول بەشداری کارای هەبووەو لە ساڵی ١٩٦٧ تا ساڵی ١٩٧٥ پێشمەرگە بووەو بەشداری چەندین شەڕی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ مەفرەزەی ناوشار بووە لەگەڵ شەهیدان ئازادی حەمە گەمحان و شەهید جەعفەر.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
- لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە کردووە بەبەڕێز مەلابەختیار.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ لە شەڕێکی دەستەویەو سەخت لەگەڵ پیاوانی رژێم لەگوندی حاجی قەلا لەم شەڕەدا شەهید (بەهرام رەسول) بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ئەنجام دانی چالاکییەک شەهید دێتەوە ناوشار، بەڵام رژێم زانیاری وردی هەبووەو دەستگیریان کردووە ماوەی (٨) مانگ بێ سەرو شوێن بووە دواتر دەزانرێ لە هەئیەی خاسەی کەرکووک بوو پاشان رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب دەکرێ و حکومی (ئەبەدی) بۆ دەردەچێت..
- لە لێبووردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٧٩ ئازاد دەکرێ
- لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردۆتەوە بە پێشمەرگایەتی لەبەر ئازایی و بانگراوندی پێشمەرگایەتی کرایتە فەرماندە مەفرەزە.
- هەرلە هەمان ساڵ رژێمی سەدام دایک و خوشک و برایەکی و خێزانی و دوو منداڵی دەستگیر کرد لەگەڵ کەسوکاری شەهید دکتۆر خالید. ماوەی یەک ساڵ و سێ مانگ لە بەندیخانەی (عمارە) مانەوە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی (٩٠)ی باوەجی کراوەتە فەرماندەی کەرت.
- لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایتەوە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی.

- له ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەوە بۆ تیپی (٩٧)ی بیتوێن
- له شەڕی گرتنی بێتواته به سەختی بریندار دەبێت
- له ساڵی ١٩٨٦ لەسەر داوای سەرکردایەتی دەگوازرێتەوە بۆ بەندینخانەی خەتێ بۆ ماوەی (٢) ساڵ بەرپرسی پاسەوانی ئەم بەندینخانەیە بووە.
- له ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووە.
- له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووەو رۆڵی کارای هەبووە له گرتنی مۆڵگەو رەبیەکانی رژێم له سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێرو سەرکردایەتی و چەندین شوێنی تروەک شەڕی حاجی قەڵا- مەسیف - کۆیە - شەقڵاوە - بێتواتە - هەولێر- کەرکووک - شەڕەکانی سەرکردایەتی - رانیە - دەشتی کۆیە.
- دوا پلەی فەرماندەی جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ بووە له کۆتایی ١٩٨٩ بۆ ساڵی ١٩٩٠ له تۆکان کە ئەوکات قاسمە سوور فەرماندەی تیپ بووە..
- له ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین دەکات و له رزگارکردنی زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان رۆڵی کارای هەبووە.
- له گەڕانەوەی رژێم بۆ ناوچەکوردستانیەکان له ٣١-٣-١٩٩١ له چیای هیبەت سوڵتان بە سەختی بریندار دەبێ و رەوانەی ئێران دەکرێ بۆماوەی (١) مانگ و عیلاجی پێویستی نابێ و پاش (٢) مانگ شەهید دەبێ.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠-٦-١٩٩١

## شەهید (شوان)

# بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر




بێ گومان شەهید بەهرۆز قەشقەیی ناوێکی دیارو تێکۆشەرێکی ماندووی بزووتنەوەی کوردایەتیە، خەباتگێرێکی کۆڵنەدەرو پشوو درێژی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ژیاننامەی ئەم جوامێرە خەباتکارە هەڤاڵ (دکتۆر رێبوار) جێگری مەڵبەندی (٣) رێکخستنی هەولێر وتی: بەهرۆز حەمەد ساڵح ناسراو بە (شوان) لە ساڵی ١٩٧٩ لەرێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەیەکەوە لە رێکخراوی هەولێر کارمان کردووە، ئەندامی رێکخراوی هەولێرو کادیرێکی سەرەکی بنەڕەتی بوو، ئاگادارو شارەزا لە کاری رێکخراوەیی، دڵسۆزو بە دیقەت، بەهیمەت وخاوەن بڕیار، ناوبراو ئەندامی هەردوو کۆنفرانسی دوو، سێی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ناوزەنگ ساڵی ١٩٨٢ بە رووپۆشی و لە ساڵی ١٩٨٤ لە مێرگە پان. ناوبراو لێپرسراوی کەرتێکی چالاکی رێکخستن بوو لە شاری هەولێر، لە دوای کۆنفرانسی (دوو) رێکخراو لەشەش کەس پێک هاتبوو لەوانە (کاک کۆسرەت ـ کاک عەبدوڵڵا تۆفیق، کاک بەهرۆز قەشقە ـ بەندە ـ شەهید عەبدولرەزاق ـ کاک بێستوون) لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە پالێوراو بوو بۆ سەرکردایەتی، ناوبراو رۆڵی بەرچاوە گرنگی هەبووە لە دەست بەسەرگرتنی ١٨٠٠٠٠ هەزار دیناری سویسری لەگەڵ شەهید حاجی ئەکرەم و چەند هەڤاڵێک هەموو پارەکەیان رەوانەی شاخ کرد بۆ شۆڕش، نابێ ئەوەش لەبیربکەین من و شەهید بەهرۆز زۆربەی کاتەکانی ژیانی رێکخراوەیمان شوێنی (وەکر) مان هەبوو بۆ هەڤاڵانی پێشمەرگە، (وەکر) ئەو شوێنەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەی بریندار دەبوون یان بۆ چالاکی دەهاتنە شار بەگشتی، خانووێکە یان شوێنێکە جێگای حەوانەوەی ئەوکەسانە بوو لە رژێمی بەعس یاخی بوون، ناوبراو دەورێکی کاراو کارامەی هەبوو لە هاندان و پشتگیری خۆپیشاندانەکان. شەهید بەهرۆز بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە لە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٤ لە دوای کۆنفرانس لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی پەیوەندی بە شاخ کردوو بووە پێشمەرگە

و کارگێڕی ڕێکخراوی یەک بوو لە سوسێ، لە دوای ڕاپەڕینش چەندین پۆستی وەرگرتووە دواین پۆست لێپرسراوی مەکتەبی مافی مرۆڤ بووە لە شاری سلێمانی. هەروەها هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەری شەهید بەهرۆز قەشقەیی وتی: بەبێ گومان قسەکردن یان نووسین لەسەر شەهید بەهرۆز ناسراوە بەشوان دوونیایەک وشە لەخۆدەگرێت، بەڵام دەمەوێ بەکورتی لە دوو قۆناغی جیای شەهید بدوێم کە یەکەمیان قۆناغی ڕێکخستنەکانی هەولێرە بۆ ئەوەی یادو باسی کاک بەهرۆز بکەین پێویست دەکات کەوا باسێکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی هەولێر بکەین، چونکە بەشێکی زۆری رابردووی ئەوشەهیدە بەندە بەم ڕێکخراوە و سەرەتایی دەرکەوتنی کاکە شوان لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە دەرکەوت، ڕێکخراوی هەولێر لە ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٤ ئەوەندەی من بزانم کادیرە ئەساسیەکان و هەڕەمی ڕێکخراوەکە لەم تێکۆشەرانە پێک هاتبوو.(داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ناوێکم لەبیرکردبێ یان زانیاریەکانم تەواونەبوو من ئەوەندەی لێ دەزانم) لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بەڕێز کاک (کۆسرەت) واتە عەبدوڵڵا ڕەسول بوو، شەهید عەبدولڕەزاق، شەهید بەهرۆز قەشقە، کاک عەبدوڵڵا تۆفیق، کاک بەکر ئەحمەد(بەکرە سوور) شەهید قادر قەرەچوغ، کاک بێستون، مامۆستا ڕێبوار(حەیدەر) ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوون. ئەم ڕێکخراوە بەراستی دەوری هەبوو، ئەم تێکۆشەرانە شەو و ڕۆژ کاریان دەکردو(یاری)یان بەمەرگ دەکرد هەروایان دەزانی خۆیان لێپرسراوی هەولێرن و دونیا تەختەلە پێشیان کەچی ئەگەر ئاوڕێک لەم ڕۆژانە بدەیتەوە ئەوکات بۆت دەردەکەوێ ئەوانە چەند ئازاو چاونەترس وجەربەزە بوونە. قۆناغی دووەمی شەهید بەهرۆز پێشمەرگایەتیە لەم قۆناغە شەهید بەهرۆز زۆر سەرکەوتووبوو وەهەرچی لەسەرشانی بوو بەرێکی ئەنجامی دەداو زوو خۆی ناساند و خۆشەویست بوو لەناو پێشمەرگە و جەماوەری ئەم ناوچەیە شەهید بەهرۆز بەردەوام بوو لەکارو چالاکی لەناوهێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەو جەماوەری سنووری ئازاد کراوهەردەم پەیوەندی توندوتۆڵ وباشی هەبوو لەگەڵ شارو ڕێکخستنەکانی شار کەئەوەش بەسوودی گەورە دەگەڕایەوە بۆ شۆڕش، ناوبراو هەموو جۆرە مەسئوولیەتێکی بینی و دەوری کاریگەری هەبوو لەهەموو قۆناغەکانی ئەم سەردەمە. لەدوای ڕاپەرینیش دووبارە قۆڵی ئازایەتی و شۆڕشگێڕی لێ هەڵماڵی و دەستی کرد بەخەبات کردن، چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرت لە هەموویان نموونەی پیاوی تێکۆشەرو خۆراگربوو. هەروەها بە پیاوی معلوماتی وردو دەقیق و بەڵگەدار هەژماردەکرا، بەمانای وشە پیاوێکی داوێن پاک و سەر راست بوو. دروود بۆ گیانی پاکی شەهید بەهرۆز لە ١ی شوبات ٢٠٠٤ لە تەقینەوەکەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.


- ناوی تەواو: بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر
- ناسراو بە: شوان
- تەمەن: ١-٧-١٩٥٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قەشقە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی یاسا
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: ستی عەلی جوکل

ـ ناوی منداڵەکان (کاروان، کۆچەر، کەنار، کۆسار، گەرمیان).
ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦ لە ڕێگای شەهیدی سەرکردە عەبدولڕەزاق
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ لە بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر- ڕێکخراوی (١)
ـ بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی کردووە
ـ دواپلەی بەرپرسی مەکتەبی مافی مرۆڤ ـ سلێمانی بووە.
ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١ـ٢ـ٢٠٠٤
ـ شوێنی شەهید بوون: بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر

ـ ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٠١٧/٥/٣ لە ژمارە (٧٢٥٧) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

### شەهید (برایمی حاجی کوێخا)

# برایم ئەحمەد فەقێ ڕەسول



ئەگەر باسی هەڵگیرسان و دەسپێکی شۆڕشی نوێ بکەین، لەهەر بوارێکی کایەی سیاسی و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتی و ئیدارەدانی پێشمەرگە، ئەوا بێ سێ و دوو دەبێ باسی ڕۆڵ و بایەخی جوامێری و فەرماندەو خانەخوێیەکانی دۆڵی باڵەییان و باڵەکەیەتی بکەین، دۆڵی باڵەییان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پشکی شێریان بەردەکەوێ لە خەبات و بەرخودان و تەنانەت قوربانیدانیش لە پێشەوەی پێشەوە بوونە. بێ گومان دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕش لەم دەڤەرە بەخوێنی خۆیان دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانیان بەرهەم هێنا، یەکێک لەو شەهیدە بەورئاسایانەی ئەوێ ڕۆژێ لەداستان و نەبەردییەکان هەرگیز لەبەر گوللەی دوژمن خۆی نەوی نەدەکرد شەهید (برایمی حاجی کوێخا) بوو. بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەی دانەبڕاو (مامۆستا خەتاب دیبەگەیی) کارگێڕی مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر دەربارەی شەهید وتی: شەهید برایمی حاجی کوێخا پیاوێکی باڵا بەرز بەهەیبەت و چوار شانە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر زۆربەی ژیانی لە پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە هەر لە شۆڕشی ئەیلوول تاکو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. ئەو کاتەی بووم بە پێشمەرگە لەکەرتی (٣)ی تیپی (٧٤)ی باڵەک شەهید برایم فەرماندەی کەرت بوو، پیاوێکی بەهیمەت و بەجەرگ و ئازاو چاونەترس پیاوێکی خۆشەویست لەناو هێزی پێشمەرگە. ڕێزی هەموو کەسی دەگرت، کەسێکی زۆر ئیداری بوو زۆر جار بۆ خۆی نانی دەکرد بۆ پێشمەرگەکان، فەرماندەو پێشمەرگەیەکی جوامێرو مێرخاس بوو، دڵسۆز بوو بۆ کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کادیرێکی دڵسۆزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لەسەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خۆی و براکانی و ئامۆزاکانی و کەس وکارەکەی دەبن بە پێشمەرگە، پیاوێکی زۆر شارەزا بوو لە هونەری شەڕی بەرگری و هێرش کردن و شەڕی پارتیزانی، شارەزایەکی زۆری هەبوو لە سنوورەکە. هەروەها لە هەڵگرتنەوەی مین و دانانەوەی مین زۆر لێزان بوو، خولی دانان و هەڵگرتنەوەی

مینی بینیبوو، دەتوانم بڵێم لە زۆربەی شەڕەکانی یەکێتی بەشداری کردووەو ڕۆڵی کارای تیابینیوە.
هەر لە شەڕە گەورەکەی شێخ ناسرو گابیرێز کە چەند ڕۆژێک بەرگریان کردووە لە دۆڵی باڵەییان کاتێک دوژمن بە چەند فرقەیەک و هێزێکی زۆر هێرش دەکات، چەند جار دوژمن دەشکێنن و تاوەکو قەسرێ راویان دەنێن لەم شەڕەدا خۆی و براکانی و ئامۆزاکانی و دوایی باوکیشی بەشداری ئەم شەڕە دەکات.
شەهید برایم لە داستانە گەورەکەی ساڵی ١٩٧٨ی مامەندە ئەوکاتەی هەرێمی (٧)ی باڵەک بوو ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لەبەرئازایەتی ئەو هەرێمە بەڕێز(مام جەلال) دەڵێت منیش پێشمەرگەی هەرێمی (٧)ی باڵەکم.. زۆر مخابن بۆ ئەم کەڵە جوامێرە لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە کاروانی شەهیدان لە شەڕێکی زۆر گەورەو نابەرامبەرکە هێزێکی زۆری سەربازی رژێم لە چەند فەوجێکی مغاویرو سەربازی تر پێک هاتبوون لەرۆژی ٧ـ١٠ـ١٩٨٦ سەعات دوای هەشتی بەیانی هێرشیان کرد لە چەندین لاوە ئێمەش تیپەکەمان بە ژمارە زۆر کەم بووین، بەڵام ورە پۆڵاین و ورەمان وەک قەندیل بەرزبوو، لەگەڵ مەفرەزەیەکی شەهید قادر خەبات لە گوندی خەزینەو چەند پێشمەرگەیەکی گومرگ و هێزی بەرگری میللی سنوورەکە، رژێم هێرشی دەست پێ کرد بۆ (قۆپی ئەستێرە) پێش گەیشتنی سەربازەکان چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان گەیشتنە سەرقۆپەکەو هەر بە پێوە تەقەیان لێ کردن، رژێم چەندین هێرشی یەک لەدوای یەکی کرد، بەڵام هەموو هێرشەکان تێک شکێندران تاکو عەسرێکی درەنگ جەیشەکەی رژێم تواناى هێرشی نەما ئا لەم کاتە (حەمە بیکێسی) شەهید بوو. دوای ئەو شەهید حاجی نوری. رژێم دەستی بە تۆپ باران کرد، داوامان لە شەهید برایمی حاجی کوێخا کرد چەند پێشمەرگەیەک لەسەر شاخ بمینێنەوە ئەوانی تر خۆیان بپارێزن لە تۆپ بارانەکە. بەڵام لەبەر گەورەیی سەرکەوتنەکە نەی دەتوانی دابنیشێ هەر بە پێوە بوو بەهۆی خەستی تۆپ بارانەکە پارچەیەکی بەر سەری کەوت و دوا ماڵئاوای لێ کردین. ئامۆزایەکی بەناوی (ڕەسول مینە) بریندار بوو دوای بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید بوو، هەروەها ژنێکیش شەهید بوو بەناوی (زولێخا) هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید برایم و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.. لەدوای شەهید بوونی ئەم کەڵە پیاوانە ئەم قۆپە ناوی نرا قۆپی شەهیدان.....

- ناوی تەواو: برایم ئەحمەد فەقێ ڕەسول
- ناسراو بە: برایمی حاجی کوێخا
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٣٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کۆیلە، دۆڵی باڵەییان، قەزای چۆمان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە مینە بازید
- ناوی منداڵەکانی شەهید: لوقمان، ئازاد، یادگار، بوێر، سەید کەریم، مەحسومە، هەیبەت، نەزیرە.
- سەرەتای تێکەڵ بوونی بە سیاسەت و پێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی شۆڕشی ئەیلوول و دەبێتە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆڕش لای خوالێخۆشبوو (جەلال بەگی دەرگەڵە) و پاشانیش لای شەهید (سەید سەلیم) ئەو ماوەی پێشمەرگەی ئەیلوول بووە بەشداری چەندین شەڕی کردووە لەوانە (کۆسپی سپی، گەلی عەلی بەگ، سەرتیز، زۆزک و هندرێن و کۆڕەک)

ـ له ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران دەبێت تا ساڵی ١٩٧٦
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ـ له ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕش لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر لەم سالە بەشدار بوو لە تێک شاکاندنی گەورەترین هێرشی رژێم بۆ سەر دۆڵی باڵەییان
ـ له تەشکیلاتی هەرێمەکان لە ساڵی ١٩٧٩ کراوەتە فەرماندەی (کەرتی ٣) لەهەرێمی (٧) کە ئەوکاتی کەم کەرت هەبوو ژمارەی پێشمەرگەکانی بگاتە (٥٠) پێشمەرگە بەڵام بەهۆی ئاستی کۆمەڵایەتی و رێزگرتی شەهید لە پێشمەرگە رێژەی کەرەتەکەی لەبەرزبوونەوەدا بوو.
ـ لە تەشکیلات و دروست بوونی تیپەکان لە ساڵی ١٩٨٢ شەهید برایم هەربە فەرماندەی کەرتی ٣ مایەوە
ـ دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٤)ی باڵەک
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری ئەوکاتی هەرێمی حەوت و تیپی ٧٤ی باڵەکی کردووە.
ـ (٢٠)ـمین شەهیدی خانەوادەکەیەتی
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ١٠ـ١٩٨٦
ـ شوێنی شەهید بوون: قۆپی ئەستێرێ
ـ دوو پێشمەرگەی تری لەگەڵ شەهید بوون بەناوەکانی (حاجی نور ـ ڕەسول حەمەدەمین)

شەهید (بورهان سیاوی)

# بورهان عەبدوڵڵا مستەفا ئیسماعیل




میللەتانی ژێر دەستەو غەدرلێکراو هەمیشە زۆرتر هەست بە بۆنی ئازادی و سەرفرازی خاک دەکەن، هەرچەشەو زەبرو زەنگەکانی سەدامیەکان بۆ ئێمەی کورد رەنگدانەوەی زۆر خراپی دەروونی بۆ جێهێشتین، هەر بۆیە لاوەکانمان بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی ئەوێ رۆژێ خەباتیان لە دژی بەعسییەکان ئەنجام داوە، زۆر لە باوکە دڵسۆزو خاوەن هەڵوێستەکان بەوپەڕی شانازیەوە کورەکانیان دەنارده ریزی شۆرش و دەبوونە پێشمەرگە بۆ پارستنی خاک و بەدێهێنانی ئازادییەکان. یەکێک لەو لاوانەی بەعەشقەوە بووە پێشمەرگە (بورهان عەبدوڵڵا مستەفا ئیسماعیل) سیاویە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٦ لە کەرتی (٤)ی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ بووە پێشمەرگە، بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ (رەشاد خدر گەلاڵی) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید وتی: شەهید (بورهان سیاوی) پێشمەرگەیەکی بێ دەنگ، گوێڕایەڵ، بە دیسپلین، بەرێز، هەربە خانەوادە ناسراوبوون و چەندین تێکۆشەریان بەخشی بەرێبازی کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. گوندەکەیان گوندی سیاو لانکەی شۆڕش و خەبات بووە، شەڕی کونەکۆتریش دوایین داستانی شەڕی پێشمەرگە بوو کە شەهید بورهان و چەندین پێشمەرگەی تر شەهیدبوون. لە کۆتایی سەری رێزو نەوازش بۆ شەهید بورهان و شەهیدانی تردادەنوێنم. بەڵام بەداخەوە تەمەنی شەهید بورهان لە پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە رێکەوتی ٣١ـ٨ـ١٩٨٨ لە داستانی شاخی کونە کۆتر لە قەندیل گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: بورهان عەبدوڵڵا مستەفا ئیسماعیل
- ناسراو بە: بورهان سیاوی
- تەمەن: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سیاو ـ ناحیەی شەمامک ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سیان

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەبریە حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی: ئاراس ـ ئارام
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٤) تیپی ٨٧ی قەرەچووغ
- ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە لەوانە: شەڕی لێدانی دێگەڵە، ساقیە، سماقووڵی بنەباوێ، تەق تەق، جادەی کۆیەو هەولێرـ زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- ساڵی شەهید بوون: ٣١ـ٨ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: شاخی کونە کۆتر.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٩ لە ژمارە (٦٩٩٣) لە لاپەڕە (١٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە.

### شەهید (بورهان قەناس)

# بورهان نەجم حەمەد ئیسماعیل



ئەو بە بەردەوامی لە شەڕو نەبەردییەکان قەناسەکەی بە باشترین هاوڕێی دەزانی، قەناسەکەی شانی بورهان قەناس وەک خۆراکی گیانی وابوو بۆی، خۆشەویستی شەهید بورهان بۆ خاک بۆ یەکێتی هەمیشە بەسەوزی لەبەرزترین چڵدا دەگەشایەوە، ناوبراو فەرماندەیەکی ئازاو بەغیرەت بوو، فەرماندەیەک وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە جێگای متمانەو پشت بەستن بوو بۆ هاوڕێیانی لەکاتی شەڕو تەنگانەدا، ئەو لە خێزانێکی دڵسۆزو بەئەمەکی یەکێتیانە پەروەردە ببوو، هەربۆیە بەدڵسۆزی و بەوپەڕی شاهامەتەوە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. لێرەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەم شەهیدە قارەمان و دڵسۆزە دادەنوێنین.

- ناوی تەواو: بورهان نەجم حەمەد ئیسماعیل
- ناسراو بە: بورهان قەناس
- تەمەن: ١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دەلوگوڵ
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سەمیرە ئەحمەد ڕەشید
- ناوی منداڵەکان: کەلسوم، مەعسوم، سەوسەن، کۆسرەت، هەڵمەت، پەرلەمان، ئەڤین.
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨٥ تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی
- شەهیدلە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە لەوانە: شەڕەکانی عەوێنەو شێخ شەروان، شەڕەکانی سەرکردایەتی، گرتنی سەری ڕەش، گرتنی ناحیەی تەق تەق، سەرگەڵو

بەرگەڵو، گرتنی بازگەی مەخموور.

- لە ڕاپەڕین بەشداری کاریگەری هەبووە لەرزگارکردنی هەولێرو دەوروبەری.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بریندار بووە.
- دواپلەی: فەرماندەی تیپ بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ١٠ـ٧ـ١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: هەورازە نەفتە

شەهید (پوشۆ تەللخێمی)

# پوشۆ برایم عومەر ئیبراهیم




شەهید (پوشۆ برایم عومەر ئیبراهیم) ناسراو بە (پوشۆ تەللخێمی) لە بنەماڵەیەکی هەژارو دڵسۆزو کوردپەروەری گوندی تەللخێمی گەورە لە ساڵی ١٩٦٩ چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، خانەوادەی مام برایم لە شۆڕشەکانی کورد بەگشتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆڵ و پێگەیان دیاربووە، خانەوادەی شەهید پوشۆ لە شۆڕشی نوێ (٤) برا شەهیدن، ئێستاش لەسەردەمی حکومەتی خۆماڵی درێژەپێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەی مام جەلالن. ناوبراو پێشمەرگەیەکی چالاک و گوێڕایەڵ بوو، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم گیانی خۆی کردە فیدای نیشتمان.. هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی شەهید پوشۆو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: پوشۆ برایم عومەر ئیبراهیم
- ناسراو بە: پوشۆ تەللخێمی
- تەمەن: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تەللخێمی گەورە - ناحیەی گوێڕ - قەزای مەخموور.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەمیرە محەمەد عەبدوڵڵا
- تەنیا یەک منداڵی هەبووە (دێنەر)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر لای شەهید ڕێباز
- ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: هەولێر

### شەهید (تاریق عەوڵا)

# تاریق عەوڵا قادر



لێرەدا دەمەوێ بڵێم نەوەی نوێ حەقی خۆیەتی بپرسێ ڕاپەرین بۆ؟؟ نەتەوەی کورد سەدان ساڵە ژێردەستەو داگیرکراوە لەلایەن فاشیەکانی عێراق و تورکیاو ئێران و سوریا، ئەمە روونەو مناقشە هەڵناگرێ. دەربارەی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عێراق هۆکاری زوڵم و ستەم و زۆرداریيەکانی سەدامی فاشی بوو دەرحەق بە میللەتی کورد هاتە کایەوە، لەم پێناوەش سەدان رۆڵەی کورد بوونە قوربانی، هەموو لایەنە سیاسییەکان بەڵێنی شەرەف و یەکڕیزی و تەبایی لە دروشمەکانیان دووپات دەکرایەوە، ئەگەر فلاش باگێکی نزیک بۆ دوای ڕاپەرین بکەین لە دوو مێژوو ئەوانەی خۆیان بە سەردارو ڕێبەری کورد دەزانی دەستکێشی دوو وڵاتی دڕندەو فاشی و دژ بەکورد راکێشا بۆ ناو هەرێمی کوردستان یەکیان لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئەوی تریان لە پایزی ساڵی ١٩٩٧. کەواتە خەون و ویست و داواکارييەکانی ئەوێ رۆژێ لەگەڵ ئەم خیانەتانە لەبارچوو، لێرەدا خیانەت و دەسکێشی دوژمنەکانمان فێری نەوەی نوێ کردو حکومڕانی کوردلەپاش (٢٥) ساڵ تەنها گەندەڵی و فەسادی ئیداری بەرهەمەکەمان چنیەوە... بەداخەوە لە ئەنجامی ئەم شەڕە ناوخۆ نەگریسە سەدان رۆڵەی جوان بوونە قوربانی سیاسیە دۆڕاوەکانی کوردستان. یەکێک لەو شەهیدە کوردپەروەرانەی گوندی (ئیلنجاغ)ی دەشتی کۆیە شەهید (تاریق عەوڵا قادر)ـە ناوبراو پێشمەرگەی دێرین و لە خانەوادەیەکی قارەمان و پێشمەرگە پەروەردە ببوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناخۆشی زۆری لە تەمەنی بینیوە و هەر کۆڵی نەدا. ئەوان زیاترلە (٤) برا پێشمەرگەبوون، لە پاراستنی خاکی کوردستان هەوڵ و تێکۆشانیان بەردەوام بووە تا ئەوئاستەی لە یەک مانگ (٣) برا شەهید بن و براگەورەکەیان هەڤاڵ (عوسمان بانیمارانی) سەنگەر بۆ دوژمنانی کورد چۆڵ نەکات و بەردەوام بێت لە خەبات و تێکۆشان.بەڵام بەداخەوە بۆ سەرکردەو سیاسیەکانی کورد لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین و ئەم هەموو قوربانیەیان لە گۆڕنا... کاکە

تاریق عەولا قادریش لە میحوەری سماقوڵی لە ١٣ـ١٠ـ١٩٩٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درووود لەگیانت ئەی شەهیدی بەرەنگاربوونەوەی پاراستنی خاک.

ـ ناوی تەواو: تاریق عەولا قادر عەولا

ـ تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٧١

ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی ئیلنجاغ ـ قەزای کۆیە.

ـ عەشیرەت: شێخان

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ باری خێزانیی: خێزاندار

ـ ناوی هاوسەری شەهید: رەحمە عوسمان عومەر

ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: بەهێز ـ تریفە ـ پەرێز

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١ـ١ـ١٩٨٦ تا ١٥ـ١٠ـ١٩٨٨

ـ شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٢) تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی.

ـ لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە.

ـ جگە لە خۆی (٢) برای تری شەهیدە بەناوەکانی (رەفیق) و(قادر)

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە گرتنی ناحیەی دێگەڵە

ـ دواپلەی فەرماندەی جێگری تیپ بووە لە فەرماندەیی (١٥)ی قەرەچوغ

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژ بە رژێمی سەدامی کردووە لە پێش ڕاپەرین و دوای ڕاپەڕینیش لە زۆربەی بەرگریەکانی لە حکومەتی هەرێم کردووە.

ـ ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٣ـ١٠ـ١٩٩٧

ـ شوێنی شەهید بوون: میحوەری سماقوڵی شەڕ لە دژی سوپای تورکیا و پارتی

## شەهید (تاهیر شورتە)

# تاهیر سەلیم قادر حاجی



لە دوای سالّی هەشتا ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەشەی باشی بەخۆوە بینی و ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ببووە جێگای متمانەی گەنجەکانی ئەوکات، دیبەگەییەکان لە ڕێکخستن و دڵسۆزیان بۆ شۆڕش و کوردایەتی هەستیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەسەندوو پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەو ڕێخکستنەکانی (یەکێتی) دەکرد. ماڵی مام سەلیم دیبەگەییش کوڕەکانیان دەرویشانە بۆ یەکێتی کاریان دەکردوو بێ گوێدانە هەڕەشەو مەترسییەکانی ڕژێمی بەعس، یەکێک لە کوڕەکانی ئەم خێزانە (تاهیر شورتە) بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕێکخستن کردو ساڵی ١٩٨٣ خۆی گەیاندە شاخ و بووە ئازاترین پێشمەرگە لەدەشتی هەولێر، ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی ناو هەولێری کردووە، لەبەر ئازایی و دڵسۆزی پلەکانی فەرماندەی مەفرەزە و جێگری کەرتی بڕی و چاونەترسانە درێژەی بەخەبات و تێکۆشاندا، ناوبراو برایەکی تری بەناوی (زاهیر) فەرماندەی مەفرەزە بوو شەهید بوو. هەڤاڵ (مەلا ئاوات) ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی شەهید تاهیر وتی: شەهید تاهیری مام حاجی سەلیمی بۆڵی دیبەگە ئەو بنەماڵە هەر لەگەڵ چرۆکردنی هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵی بەرچاوو دیارییان هەبووە و بەشداری بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتەکەیان داوە قوربانی زۆر و خوێن و فرمێسکی زۆریان بە خشییەوە و بەڵگەی شورە سوارچاکی ئەو بنەماڵەش زۆرن هەر لەیەکەم دەستپێکی شۆڕش و مقاوەمەت مەزبەتەی داخوازی کوردو کوردستان کاکە جەوهەری براگەورەی بوو کە لەسەر ڕاسپاردەو دیسپلینی حزبی و وەک بەجێگەیاندنێکی ئەرکی نەتەوایەتی دایانە مەخفەری ناحیەی دیبەگە و پاشانیش لەسەر سووتانی ناحیەکە لەگەڵ نەمر سەلیمی حاجی سمایلی مامی شەهیدی نەمر مەحمود سەلمان و نەمر مەحمودی

ئەحمەد مەحمودی برای دوو شەهیدی نەمر حوکم دران و لە زیندانەکانی بەعس و قەومییەکان ماوەی حوکمیان بەسەر برد بنەماڵەی شەهید تاهیر هەر لە شەستەکان شەهید کەریم عارەبی ئامۆزایان تا دوا فیشەک بەرگری کردوو شەهیدیان کرد شەهید زاهیری براشی هەر لە هەشتاکان سەرەتا لە هەرێمی حەوتاو چواری باڵەک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو شەهید قاسمی براشی جاشەکان زەفەریان پێ بردو لە پێشماڵی خۆی تیرۆریان کردوو شەهیدیان کرد شەهید تاهیر کاتێ شورتە بوو لە ناحیەی دیبەگە هەڵسوراوێکی چالاک بوو زۆر دەست و جەربەزە بوو رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو ئێمە لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە سوودی زۆر نهێنی و سوود بەخش بوو مەفرەزەکانی پێشمەرگە و راگەیاندنی (ی.ن.ک) ئەو رۆژە کاریگەری خۆی هەبوو بە هەزاران دروودو لە شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و کوردستان بە گشتی و گیانی شەهید تاهیریش شاد بێت.

- ناوی تەواو: تاهیر سەلیم قادر حاجی
- ناسراو بە: تاهیر شورتە
- تەمەن: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی دیبگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزانی شەهید: کافیە حەسەن قادر
- ناوی منداڵەکان: دڵخواز، کاروان، هێرۆ، شنۆ
- عەشیرەت: بابۆڵی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی تەواو کردووە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- ساڵی ١٩٨٧ فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٣) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر کردووە.
- دوا پلەی جێگری کەرت بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦-١١-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی ساقیەی نزیک گوێڕ

## شەهید (تەحسین دیبەگەیی)

# تەحسین عوسمان مەحمود یوسف



هەڵگرانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەردەمی شاخ بەتایبەتی بۆ پێشمەرگەکانی ورەیەکی پۆڵاینی دەبەخشی بەناخ و هزرو جەستەیان، هەربۆیە بەورئاسا سڵیان لە مردن و ئازار نەدەکردەوە، هەر باس لە مێژوو بەسەرهات و چالاکی هەریەک لە پێشمەرگەو فەرماندەکانی یەکێتی بکەین لەمەر ئازایی و چاونەترسی چەندین خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، یەکێک لەو فەرماندە گەنج وئازایانەی تیپی (٩١)ی سەفین شەهید (تەحسین) بوو. لەم بارەیەوە هەڤاڵ (ڕێباز بێرکۆتی) پێشمەرگەی دێرین وتی شەهید "تەحسین دیبەگەیی " فەرماندەیەکی وریاو چاپووک و هۆشیاربوو، لە ڕووی دیسپلینی پێشمەرگانەوە زۆر بە دیقەت بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ لادێنشینەکان هەبوو، واتە لایەنی کۆمەڵایەتی فراوان بوو، لە چالاکی و نەبەردییەکان ئازاو بە هیمەت بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی شەهید تەحسین درێژ نەبوو مەرگ مەودای نەدا زیاتر خەون و خولیاکانی کوردایەتی لە گۆڕەپانی پێشمەرگایەتی بێنێتە دی. هەزاران درود بۆ گیانی پاکی شەهید تەحسین دیبەگەیی و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.....


- ناوی تەواو: تەحسین عوسمان مەحمود یوسف
- ناسراو بە: تەحسین دیبەگەیی
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی دیبەگە ـ قەزای مەخموور پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- عەشیرەت: گەردی

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ئەو ئۆرگانەی پەیوەندی پێوە هەبووە. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- لە چ کەرت و تیپک پێشمەرگە بووە: لێپرسراوی کەرتی (١) تیپی ٩١ی سەفین بووە.
- ئەو شەڕانەی شەهید بەشداری تیا کردووە وەک: شەڕی بێتواتە - شەڕی ناو هەولێر- بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٥-١٩٨٦
- شوێنی شەهیدبوون: دۆڵی خۆشناوەتی - نزیک هەنارە
- دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (١) تیپی ٩١ی سەفین

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٠/٢٧ لە ژمارە (٧١٠٢) لە لاپەڕە (١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (رێباز خەزنەیی)

# تەحسین ئەحمەد عەزیز



لاوێکی رۆشنبیروخوێندەوار، لاوێک تامەزرۆی نووسین و خوێندنەوەی بابەتە نەتەوەیی و فکرییەکان، لاوێک هەست ناسک و ناخ پاک، لاوێک بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوون بۆ سیاسەت و کوردایەتی، سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بوو ئەو تێکەڵ بە پەیڕەو و بەرنامەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، تێکەڵ بوونێک ئەوین ئاسا بۆ خزمەتی رێکخستنەکان زۆر پەرۆش و دڵسۆزانە بێ ترس و سڵەمینەوە دژایەتی گەورەترین رژێمی فاشی بەعسییەکانی دەکرد، ئەم لاوە خوێن گەرمەش (تەحسین ئەحمەد عەزیز) ناسراو بە (رێباز خەزنەیی) بوو. کاکە رێباز سێ ساڵ کاری نهێنی لەم پیرە هەولێرە بەوپەڕی ئازایتیەوە کارەکانی سەرشانی مەیسەر کرد تا ئامادەیی بازرگانی تەواو دەکات و دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە یەکێک لە پێشمەرگە چاونەترسەکانی قوەتی دەشتی هەولێر، کەئەوکات ئەم قوەتە پێشمەرگەکانی بەژمارە زۆر نەبوون. شەهید رێبازو شەهید ورياو شەهید هۆشیارە سوور سێ هاوڕێی دڵسۆزی یەکتربوون، وەک هاوڕێیانی پێشمەرگەکانی قوەتی دەشتی هەولێر بۆمیان گێڕاوەتەوە، ئەوانە ترس لە گیانیان نەبووە بەردەوام لە جەولەو چالاکی بوونە لە ناوشاری هەولێرو گوێڕو مەخموورو پردێ. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت و دژوار لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکانی رژێم لە بەستی شەرغە ـ نزیک کەڵی سوور هەرسێکیان دەگەنە کاروانی نەمرانەوە.

ـ ناوی تەواو: تەحسین ئەحمەد عەزیز

ـ ناسراو بە: رێباز خەزنەیی

ـ تەمەن: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی خەزنە
ـ عەشیرەت: مەموندی
ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی لە گوندی خەزنە تەواو دەکات، ناوەندی لە قوتابخانەی زۆزان و ئامادەیی پیشەسازی ـ بەشی کارەبا لە هەولێر تەواو دەکات
ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
ـ ناوبراو (٣) ساڵی تەواو کاری لە ڕێکخستن کرد بە دڵسۆزی و کارامایی.
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠ لە قوەتی دەشتی هەولێر.
ـ شەهید لەماوەی پێشمەرگایەتی زۆر چالاکانە بەشداری دەیان چالاکی دەستەویەخەی کردووە لە سنووری پردێ، گوێڕ، مەخموور، دواجاریش شەڕێکی نابەرامبەر لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێم لە بەستی شەرغە.
ـ دوا پلەی: فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨ـ٨ـ١٩٨٢
ـ شوێنی شەهید بوون: بەستی شەرغە ـ نزیک کەلی سوور
ـ شەهید ڕێبازو دوو هاوڕێی تری بەناوەکانی (وریا عەبدولڕەحمان، وشیار ئیلنجاغی) لەگەڵ شەهید دەبێت.
ـ شەهید ڕێباز کادیرێکی هۆشیارو ڕۆشنبیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.
ـ شەهید ڕێباز خەزنەیی ئارەزووی زۆری هەبووە لە نووسین و خوێندنەوە.

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/١٥ لە ژمارە (٧١٤٤) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە

## شەهید (عەریف تەها)

# تەها عەبدوڵڵا یونس



داستانی قۆپی جوانەگاش یەکێکە لەو نەبەردیانەی کوڕانی هەولێر بەخوێنی گەشی ئالیان تۆماریان کرد، بەبێ گومان لەم داستانە پڕ لەسەروەری و دەگمەنانەی ئەوێ ڕۆژێ داستانی قۆپی جوانەگایە کە هێزێکی گەورە بە پشتیوانی دەیان تانک و زرێپۆش و فڕۆکە بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی ئەنجامدا، بەڵام کوڕانی هەولێر پۆڵا ئاسا لەبەرگریەکی مەردانەدا وەڵامی دوژمنیان دەدایەوە. یەکێک لەو شەهیدانەی لەم داستانە شەهید بوو (تەها عەبدوڵلا یونس) ناسراوە بە عەریف تەهایە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆڕاگرو بەهیمەت بوو، ئەو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو کراوەو خۆشەویست بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە لەسنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر، ناوبراو سەرجەم خانەوادەکەی بۆ ماوەی (٣) مانگ لەهەولێر زیندانی کراون لەسەر عەریف تەها، بەڵام خۆڕاگری و دڵسۆزی ئەو رق ئەستوور تر بوو لەسەر خەبات و تێکۆشان.بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو پێشمەرگە جوان و روح سووکە لە ڕێکەوتی ٧ـ٦ـ١٩٨٨ لە قۆپی جوانەگا گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزار درووود لە گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە.

- ناوی تەواو: تەها عەبدوڵلا یونس
- ناسراو بە: عەریف تەها
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای مەخموور ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت ـ بابان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٤
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦
- ناوی ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٤)
- دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٩١)ی سەفین ـ مەفرەزەی تیپ
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و داستانی گەورەی کردووە.
- سەرجەم خێزانەکەی بۆ ماوەی (٣) مانگ لە دائیرەی ئەمنی شیمالی هەولێر زیندانی کراون.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قۆپی جوانەگا
- لەم داستانە (١١) شەهید گیانیان بەخشی لەوانە (کەریم عەزە گورگە، بەختیار حەسەن، ئازاد هیرانی، ئاری شەقڵاوە، شەهید هەژار ـ عەریف تەهای مەلا عەبدوڵڵا، چەند پێشمەرگەیەکش بریندار بوون لەوانە (سەعدوڵڵا کەرکووکی، لادێ شەقڵاوە، عارف سەلیم، نەبەزی شەقڵاوە. سەفین کۆیی، موئەیەد ناسراو بە فەرەیدوون.

## شەهید (تەها محەمەد)

# تەها محەمەد داود مەحمود



ئەوێ رۆژێ لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ دەبابەو مدەرەعە و سەربازەکانی رژێمی بەغدا وەک ئەوەی هەنگیان لەدار دۆزیبێتەوە زۆر درندانە لە هەموو لایەک پەلاماری شاری هەولێریان دا، شکۆی حکومەت و پەرلەمان لەم پیرە هەولێرە بەدەست کێشی و رەزامەندی لایەنێکی کوردی ئاڵاو پیرۆزییەکانی کەوتە ژێر پرسیارەوە، ئەوە (من) نایڵێم مێژووی بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر ئەمەی وەک خۆی تۆماری کردووە. کارەسات ئەوەیە تاوەکو ئەم ساتە حزبی کوردی ئەوەندەی کار بۆ مانەوەی خۆی، دەوڵەمەندکردنی خانەوادەکانیان دەدەن، کەمێک بایەخ بە رۆڵ و پێگەی کورد نادەن چ لەناوەوە چ لـەدەرەوە، ئەو هەموو شەڕە ناوخۆییە کە سەرئەنجام لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتنەوە وەلێ مسقالێک عەقڵیان لێ وەرنەگرت بەگشتی، پاش بیست و یەک ساڵ بەسەر کارەساتی ٣١ی ئاب ئێستاش لێرەو لەوێ باسی دوو ئیدارەیی و شەڕو ململانێ لەناو ئەم حزبە کوردیانە بازاڕیان هەیە.لێرەدا باسی شەهیدێک دەکەین کە لە گوندی دێمەکاری کەندێناوە چاوی بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسوودە هەڵێنابوو، بەڵام بێ بەرنامەیی سەرکردایەتی کورد هیواو ئاواتەکان لە گۆر نران. ئەم شەهیدە (تەها محەمەد داود دێمەکاری)یە. ناوبراو کەسێکی هێمن و خۆشەویست و بەئەمەک بووە بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان، ئەو پێشمەرگەیەکی راستەقینەی رێبازە پیرۆزەکەی مام جەلال بووە. لەخانەوادەیەکی یەکێتی و دڵسۆزی نەتەوەین، لەسەر یەکێتی بوونیان باجی زۆریان داوە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ گەیشتە کاروانی نەمران....

- ناوی تەواو: تەها محەمەد داود مەحمود
- ساڵی لەدایک بوون: ١٢ـ١ـ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دێمەکار، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بندیان

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: رابعە حوسێن مەولود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: تەحسین، پەروین، تارق، فاروق، سەفین
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرین و رزگارکردنی شاروشارۆچکەکانی سنووری هەولێری کردووە.
- لەزۆربەی بەرگریەکانی لەحکومەت و پەرلەمان بەشداری کارای هەبووە.
- ناوبراو برایەکی تری شەهیدە بەناوی (داود) کە لە شاخی کونەکۆتر شەهید بوولە ساڵی ١٩٨٨
- شەهید تەها پێشمەرگەیەکی ئازابوو لە لەشکری تایبەت و ئامادە لای کاک (ئاسۆ مامەند)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٨-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سێبیران

## شەهید (سەرباز)

# تەیب عەزیز کەریم زەمان



خانەوادەی سەیدەکانی گردعازەبان بەتایبەت بنەماڵەی سەید عەزیز سەید کەریمی سەید زمان، یەکێک بوونە لەو کەسانەی زوو تێکەڵ بە سیاسەت و شۆڕش دەبوون. هەستی کوردانەو ئینتیمایان بۆ نیشتمان زۆر بوو، ئەگەر سەیری ژیاننامەی شەهیدەکانیان بکەیت یان ئەوانەی بوونەتە پێشمەرگەو لە ژیان ماون زۆربەیان لە تەمەنی هەرزەکاری پەیوەندیان بە شاخ کردووە، لەوێوە خەباتیان دژی زوڵم و زۆرداری بەعس کردووە. دەربارەی شەهید (تەیب عەزیز) ناسراو بە (سەرباز) سەرەتایی بوونی بە پێشمەرگە هەڤاڵ " لیوا حەسەن عەوێنە" پێشمەرگەی شاخ وتی خانەوادەی شەهید سەرباز زیاتر لە (١٥) شەهیدی سەنگەریان هەیە، بیرمە ئەوکاتی شەهید سەرباز هاتە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی ساڵی ١٩٨٥ بوو ئێمە واجبمان لە چیای مۆتێ لەسنووری شیرێ بوو کەئەم چیایە یەکانگیرە بە چیای شیشار، رژێم هێزێکی بێ شوماری کۆکردبۆوەو بەردەوام بۆردومانی دەکرد، شەهید (عومەر عەوێنە) فەرماندەی کەرتی (١) بوو لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی وتی کاکە (تەیب) تۆ تەمەنت ١٣ بۆ ١٤ ساڵ دەبێت پێمان باشە بگەڕێیتەوە شارو خوێندنەکەت تەواو بکەیت ئینجا وەرە بۆ خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی، شەهید عومەر زۆر هەوڵی دا نەمینێتەوە ئەوکاتیش تۆپبارانەکەش بەردەوام بوو ناوبراو کۆتا قسەی وتی ئەگەر ئێوەش وەرمنەگرن بۆ پێشمەرگایەتی دەچم بۆ شوێنی ترو دەبمە پێشمەرگە، شەهید عومەر وتی رازیم، بەڵام تۆ بەس نان و ئازووقەمان بۆ سەربخە بە ولاغ وتی من هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی تا شەڕ بکەم لەگەڵ ئەم خۆفرۆش وخائینانە و من سەیدم نەوەی سەید زمانم و تۆپ و گوڵەو هاوەنی ئەمانە کار لەمن ناکەن..

بەراستی گەنجێکی دڵسۆزو بەمانای وشە باوەڕی بە خۆی هەبوو زۆر ئازاو چالاک و بزێو بوو واتە ترس لە گیانی نەبوو ماوەی چەند مانگێک لای کەرتەکەی ئێمە مایەوە، بەڵام لای ئێمە ناوی (هەڵۆ) بوو دواتر

خۆی نەقلی لای مامۆستا ئەحمەدی رەحمەتی شۆڕشگێڕان کرد. لێرەوە درووود بۆ گیانی دەنێرم و دەڵێم روحت شادو رێبازت پرشنگدار ئەی گەنجە ئازاو بوێرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

- ناوی تەواو: تەیب عەزیز کەریم زەمان
- ناسراو بە: سەرباز
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردعازەبان
- عەشیرەت: بەرزنجی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ سەرەتا لە کەرتی (١) لای شەهید عومەر عەوێنە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بۆتە پێشمەرگە.. دواتر گواسترایەتەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ لەگەڵ مامۆستا ئەحمەدی شۆڕشگێڕانی رەحمەتی بووە.
- (٥) براشەهید بەناوەکانی (١- ملازم عەبدولسەمەد ٢- نەجات ناسراو بە دارا ٣- ئەحمەد ناسراو بە بروسک ٤- تەیب ناسراو بە سەرباز ٥- محەمەد ناسراو بە سامان )
- (١٥)مین شەهیدی خانەوادەکەیانە.
- لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ رۆڵی کارای هەبووە.
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لەشاخ
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١-٣-١٩٩٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی دەرتووی - سنووری بادینان

### شەهید (تەحسین کاوانی)

# تەحسین یوسف مستەفا وسو



خۆشناوەتی بەهنسکی گریانەوە هەواڵی لەدەستدانی هەڵۆیەکی بەرزەفڕی کاوانیانی بە پیرە قەڵای هەولێر ڕاگەیاند.. ٩ـ١١ـ١٩٩٧ پیرە قەڵای هەولێر بڵند گۆی مزگەوتەکانی شێخەڵلاو منارەی چۆلی و رەشاد مفتی و سەواف و جەلیل خەیات و هەموو ئەومزگەوتانەی راسپارد ئەمڕۆ پرسەی شەهیدێکی سەرکردەی خۆشناوەتیە و دیسان کاوێس ئاغا وتەنی کورد خاینۆ کورد بە دەستی پیسی جەندرمەو پۆستاڵ رەشەکانی فاشی تورکی نەیارانی کوردیان هێناوتە سەرخاکی کوردان.. بەشەهید کردنی تەحسین کاوانی کەڵەنێکی گەورە کەوتە ڕیزەکانی یەکێتی و دەڤەری خۆشناوەتی بەتایبەتی.. ئەو هەموو ژیانی لە پێشمەرگایەتی و خەبات و بەرخودان بەرێ کردبوو، ئەو بەمانای وشە کادیرو پێشمەرگەیەکی خاکی و کراوە بوو.. شەهید تەحسین لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شەهید بەخش پێ گەیشتبوو.. من ماوەی چەند مانگێک لە فەرماندەی (٢) هەولێر کارم لەگەڵی کردبوو، پیاوێک سەر راست و راستگۆ ـ پیاوێک سادەو جوامێر ـ بەرپرسێک لە ئاستی مەسئولیەت ـ ئەگەر باسی خانەوادەکەیان بکەین دەبێ دەست لەسەر دڵمان و ویژدانمان، چاومان، دڵمان بخەینە سەر تەرازووی یەکسان بۆئەوەی پێنووس غەدر لە رابردووی ئەم خانەوادە تێکۆشەرو کوردپەروەرو شەهید بەخشە نەکات، لەیەک خێزان (٣) برا شەهید. ئەم بنەماڵە دڵسۆزە هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە کارەکتەرێکی ئەکتیڤی شۆڕش و پێشمەرگایەتیەوە بوونە، مام یوسفی باوکیان هەمیشە ماڵەکەیان بارەگای پێشمەرگەو لانەی شۆڕشەکانی کوردبووە. لێرەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهید تەحسین کاوانی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری نەوی دەکەین بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ مامۆستا (تەحسین کەریم) کادیرو پێشمەرگەی دێرین لە وەڵامی پرسیارێکی من وتی: ناسینی من لەگەڵ شەهید تەحسین کاوانی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (١٩٧٥) کە (مفوەزی) پۆلیس بوو، کاتی خۆی لەسەر باڵی (مەکتەبی سیاسی) ببووە مفەوەز، ناوبراو زۆربرادەری (محسین)ی برام

بوو، لەپایزی ساڵی ١٩٨١ لە پێشمەرگایەتی لە گوندی (مێرگە سەر) دۆڵی بالیسان چاوم پێی کەوت خۆم پێ ناساندو هەر لەوکاتی دۆستایەتیم لەگەڵی بەهێز بوو، نەمر فەرماندەی کەرت بوو لە قوەتی خۆشناوەتی کە نەمر ملازم خولە فەرماندەی قوەتەکە بوو. هەردوو قوەتی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی یەکیان گرتەوە لە گوندی (وەری) بەرێکەوتین بۆ ماوەیەکی زۆر هەردوو هێزەکان بەیەکەوە بوین لە (وەری). زۆرجار لەگەڵ نەمر تەحسین کاوانی بەیەکەوە دابەش دەبووین، نەمر چەندین برای خۆی خزم و کەسی ناوچەکەی لەگەڵ هێزەکەی بوو، ئەو پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆو قسە خۆش و بەدۆستایەتی و پیاوێکی خاوەن ئەزموون و بەهەڵوێست، هیچ جیاوازییەکی نەدەکرد لە نێوان پێشمەرگەکان وەک برا سەیری هەمووانی دەکرد. کەسێکی خاوەن بیروباوەڕو نیشتمانپەروەر، دڵسۆز، خۆنەویست لە ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی. لەگەڵ ئەوەش لە شۆڕشی ئەیلوول خانەوادەیەکی ناسراو خاوەن شەهید و فەرماندەی وەک نەمر(مەحمود کاوانی) و باوکی پێشمەرگە بووە پیاوێکی خوێندەوار نیشتمانپەروەر بووە راستگۆ بووە، شەهید تەحسین کاوانی یەکێ بوو لەو پێشمەرگانەی کە پێناسەی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمەی تیادا بوو. دەست و دەم و داوێن پاک و ئازاو چالاک و خاوەن بیروباوەڕێکی سەردەم.. شەهید جارێک زۆر بە سەختی لە کۆڕێ لە خوار هاوینە هەواری پیرمام برینداربوو، دواتر چاک بۆوە، لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی پیاوێکی متمانەی شۆڕش بوو تا بوو بە فەرماندەی تیپ لەشاخ، ئەم خانەوادەیە قوربانی زۆریان بەخشی بە کوردو کوردستان لەوانە برایەکی بەناوی نەوزاد لە سەری بەنەباوێ لە گوندی سوسێ، مام دارای برای ئەویش فەرماندەیەکی ئازای ناوهێزی پێشمەرگەبوو لە رووداوێکی دڵتەزێن چووە کاروانی نەمران، براکانی تریشی (ئازادو فەرهادو شێرزاد) هەر پێشمەرگە بوون.. ماوەتەوە بڵێم نەمر خێزاندار بوو تاوەکو ڕاپەرین هەر لە ئێران بوو لەگەڵ (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) بوو دواتر بەشداری ڕاپەرینی کردوو دوای بووە یەکێ لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.... سەد مخابن لە شەڕی ناوخۆ چووە کاروانی نەمران.. هەزاران درووود لە گیانی پاکی..

- ناوی تەواو: تەحسین یوسف مستەفا وسو
- ناسراو بە تەحسین کاوانی
- تەمەن: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی کاوانیان - ناحیەی هیران - قەزای شەقڵاوە، سەر بە پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: جەمیلە مەحمود حەسەن
- ناوی منداڵەکان: ئاسۆ، ئارەزوو، لەنجە، رەنج، کارگەر، رێبین
- لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر باڵی مەکتەبی سیاسی رەوانەی خولێکی (مفەوەزی) دەکرێت لە بەغدا.
- ساڵی بون بە پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆ لە شۆڕشی ئەیلوول
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٣ کۆمەڵەی مارکسی لینینی
- دواترلە شۆڕشی نوێ لە مانگی (٣) ساڵی ١٩٨١ بۆتەوە پێشمەرگە لە بارەگای سەرکردایەتی لە زەڵێ
- دواتر گواسترایتەوە قوەتی خۆشناوەتی لە هەرێمی (٨) کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٢) لەمانگی (٧)

ی هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٩٨١

- لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨١ کە تەشکیلاتی نوێ دروست بوو گواسترایەوە تیپی (٨٣)ی هەورێ هەرلەوێش فەرماندەی کەرتی (٢) بوو

- لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ گواسرایتەوە تیپی (٩١) سەفین بەسەرجەم پێشمەرگەکانی کەرتەکەی هەر بە پلەی فەرماندەی کەرت.

- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٢ کراوە بە جێگری تیپی (٩١)ی سەفین کە ئەوکات شەهید عەلی نەبی سەرتیپ بووە.

- شەهید تەحسین کاوانی درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات بە جێگرتیپی واتە جێگر تیپی ١- شەهید عەلی نەبی ٢- مامۆستا بەکر مستەفا قادر خەبات ئەم بەڕێزانە سەرتیپی ناوبراو بوونە.

- لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە فەرماندەی تیپی (٩١) سەفین

- لە ساڵی ١٩٨٦ هەر بەفەرماندەی تیپ گواسترایتەوە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی

- لەدوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر سنوورەکان لە ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر.

- شەهید تەحسین کاوانی لە ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ ساتێکیش دانەبڕاوە

- بەچەند رۆژێک پێش ڕاپەرین بەنهێنی هاتۆتە شەقڵاوە بۆ ئامادەباشی بۆ ڕاپەرین، بەشداری لەڕاپەرین کردووە و دەورێکی کارای هەبووە تا رزگارکردنی شاری هەولێر.

- سەرپەرشتیاری هێزێکی تایبەتی کردووە بۆ پێشوازی و پاراستنی هاتنەوەی جەنابی مام جەلال لە زاخۆوە تا شەقڵاوە لەکاتی ڕاپەرین

- لەدوای ڕاپەرین کراوە بە فەرماندەی هێزی (٨) خۆشناوەتی

- لە دوای شەهید سابیر ڕەسول وەک یەکەم قائیمقامی شەقڵاوە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان شەهید تەحسین کاوانی لە ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە قائیمقامی شەقڵاوە واتە دووەم قائیمقامی شەقڵاوە بوە لە حکومەتی هەرێم.

- لەیەکەم تەشکیلاتی وەزارەتی پێشمەرگە شەهید تەحسین کاوانی کراوە بە لێپرسراوی هۆبەی زانیاری بەپلەی (مقدم) لە قیادەی مەنتیقەی هەولێر.

- دوا پلەی لە ساڵی ١٩٩٧ ئەندامی فەرماندەی (٢) هەولێر بوو لەشاری کۆیە

- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە ١- کۆڕێ ٢- کاوانیان ٣- کارۆخ.

- بەشداری دەیان داستان و شەڕو چالاکی کردووە لە کوردستان لەوانە (شەڕی سێکانیان، داستانی بێتواتە، داستانی رزگاری، داستانی ١١ رۆژەی بنەباوێ، گرتنی تەق تەق، گرتنی دێگەڵە، گرتنی ئاغجەلەر، هیران - بالیسان، وەرتێ گرتنی سەری رەش، مەسیف، زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لەحکومەتی هەرێم

- ساڵی شەهید بوون: لە ٩-١١-١٩٩٧

- شوێنی شەهید بوون: گردی جاسوسان ناوچەی هیران و نازەنین.

## شەهید (جامی کادیر)

# جامی حەسەن ساڵح قادر



کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان فێرگەو خوێندگایەکی تایبەتی بوو بۆ پێگەیاندنی رۆڵەی کورد، ئەوێ رۆژێ ئەوانەی لەم فێرگەیە پەروەردە بوون جیاوازبوون لە بیرورا، لە تێگەیشتن، لە بریار، لە روانین بۆ سیاسەت، تەنانەت لەرووی کۆمەڵایەتی پایەبەرز بوون بۆ ژیان و تەنانەت لەیەکسانی و مافەکانی مرۆڤ، ئەوان لە پێشەوەی پێشەوە بوون. کادیرەکانی کۆمەڵە هەمیشە رۆڵ و جێ دەستیان دیار بوو بۆ هۆشیاری و رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا بەگشتی و خەڵکی دێهاتەکان بەتایبەتی. یەکێک لەو پێشمەرگانەی بەردەوام لەجەولەو دێهاتەکان دابوو بۆ هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی پەیامی یەکێتی و کۆمەڵەی رەنجدەران شەهیدی رۆشنبیرو کادیر (جامی حەسەن ساڵح قادر) بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی خاکی و خۆشەویست و خۆنەویست بوو، لە رووی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو، لەناو هێزی پێشمەرگەش رێز لێگیراو بوو. لە شەرو داستانەکانیش رۆڵ و پێگەیەکی بەهێزی هەبوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە رێکەوتی ١٦-٦-١٩٨٧ لەکەمینی مەفرەزە خاسەو جاشەکانی سنووری هەولێر لە شەرێکی دەستەویەخە لە نزیک پاڵانیان شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمران.

- ناوی تەواو: جامی حەسەن ساڵح قادر
- ناسراو بە: جامی کادیر
- تەمەن: ١٩٥٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مەلاقەرە
- عەشیرەت: ساڵەیی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی - سەرەتایی و ناوەندی لەمەلاقەرە تەواو کردووە.

- باری خێزانی: خێزاندار.. لە ساڵی ١٩٧٦ ژیانی هاوسەری پێک هێناوە
- ناوی منداڵەکان: نازەنین، سەربەست، زەردەشت، شوان، شاخەوان، ژیلوان.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن. ١٩٨٠ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢ بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- لەبەر دڵسۆزی و ئاستی ڕۆشنبیری هەر زوو دەکرێتە کادیری سیاسی لە ناوچەی کەندێناوە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری کردووە، لەوانە: شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر، قەیوان ماوەت، داستانی ڕزگاری، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٦-٦-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: نزیک گوندی پالانیان سەربەناحیەی قوشتەپەی ئەوکات.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/١٩ لە ژمارە (٧١٧٢) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (جەبار گەزوەشانی)

# جەبار سیامەند حەوێز خدر



ئەگەر بۆ مێژووی خەباتی پێشمەرگانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکان دەبینین جگە لە ئۆرگانی (تیپ و کەرت و مەفرەزە) مەفرەزەی تایبەتی گەڕۆک سەر بە تیپەکان هەبوون بە ئاشکرا یان نهێنی، ئەم مەفرەزانە لە کوڕی گەنج و دڵسۆزو بەدیقەت و چاونەترس دەست نیشان دەکران، لە سنووری دەشتی هەولێریش چەندین مەفرەزەی بچووک بچووک هەبوون سەر بە مەڵبەندو تیپەکان کە زۆربەی ڕۆژەکان لەم هەولێرە بەعسیەکانیان تەمبێ دەکردوو بە سزای گەل و شۆڕشیان دەگەیاندن. لێرەوە نابێ ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی ناوشار فەرامۆش بکەین کە دەوری کاراو جوامێرانەیان دەنواند چ لە دەستنیشانکردنی شوێن و کات و کەسانی بەعسیەکان چ لە شاردنەوەی پێشمەرگە لە ماڵە خزمەکانیان یان چارەسەری بریندارەکانی پێشمەرگە ئەمانە هەموو بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆی ڕێکخستنەکانی ناوشار بوو، یەکێک لەو پێشمەرگانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شەهید ڕێباز هەبوو لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر شەهید (جەبار گەزوەشانی) بوو ناوبراو گەنجێکی گوێڕایەڵ و ئازاو خۆشەویست بوو، پێشمەرگەیەکی بەدەست و بردبوو، لەوماوە کەمەی تەمەنی پێشمەرگایەتی ئەوەی پێسپاردرا بێت وەک خۆی جێبەجێ کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرامبەر لەگەڵ جاشەکانی سنوورەکە لە نەبەردیەک لە ١٣-٨-١٩٨٦ بەبرینداری پاش شەڕێکی سەخت دەستگیرکراو لە ٢٩-٨-١٩٨٦ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب شەهید کراو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: جەبار سیامەند حەوێز خدر
- ناسراو بە: جەبار گەزوەشانی
- تەمەن: ١-٧-١٩٦٢

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەزوەشان
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦ لە رێگای شەهید رێباز
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ لە مەفرەزەی تایبەتی لای شەهید رێباز بووە.
- لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە زورگە زراو
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە ١٣ـ٨ـ١٩٨٦ لە نەبەردییەک بەبرینداری دەستگیرکرا لەسەر رێگای دیبەگە
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدران: ٢٩ـ٨ـ١٩٨٦
- شوێنی لە سێدارەدان: بەندینخانەی ئەبوغرێب بەغدا

### شەهید (دەروێش قائید)

# جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش



فەرماندەیەک ئەوەندە سادەو خاکی، روو خۆش و کراوەو رەوشت بەرز، ئەوەندە ئازاو قارەمان لە شەڕو داستان و نەبەردییەکان دوژمنی تووشی شۆک کردبوو، کام چالاکی و کام نەبەردی و کام هێرش بۆ سەر دوژمن شەهید جەعفەر لە پێشەوەی پێشەوە نەبووە؟ ئەزموونی پێشمەرگایەتی ناوبراو بۆ دەورووبەری زۆر ڕەنگدانەوەی ئیجابی هەبوو، لەماوەی (١٠) ساڵی خەبات و تێکۆشانی ئەو لە کوێ با سەرکەوتن لەوێ بوو. بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (ڕەفیق محەمەد) بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕانیە هاوڕێی شەهید وتی: شەهید جەعفەر حەمە دەروێش لە ساڵی ١٩٨١ چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی کردە شان لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. شەهید جەعفەر هەر لە یەکەم ڕۆژی بوونی بە پێشمەرگە خاوەنی سیفەتی تایبەت بە خۆی بوو، پیاوێکی ڕوح سوک و لەسەرەخۆ، باوەڕ ناکەم هیچ کەس شەهیدی بە گرژی و هەڵچونەوە بینیبێت، بەڵام لە هەڵمەتی پێشمەرگانە بۆ سەر دوژمن بەورئاسا بوو، نەبیستراوە هەر شەڕێک کە تیپی (٩٣)ی کۆیە بەشداری تێدا کردبێت یان چالاکی تیپەکە هی خۆی بووبێت، شەهید جەعفەر بەشداری تێدا نەکربیت، جەعفەر حەمە دەروێش پلە بە پلەی لێپرسراویەتی پێشمەرگایەتی بریوە تا ساڵی ١٩٨٨ و شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال سەرکردایەتی مەفرەزە پارتیزانەکانی دەشتی کۆیەی کرد تا دواجار بە بڕیاری سەرکردایەتی بەرەو سەرکردایەتی کشانەوە و لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشداری ڕزگارکردنی شارەکانی ڕانیە و کۆیە و هەولێری کرد تا لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ لە میانی رزگارکردنی شاری کەرکووک شەهید بوو. کە دواپلەی سەرتیپی (٩٣) ی کۆیە بوو. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید جەعفەر حەمە دەروێش و گشت شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان.

- ناوی تەواو: جەعفەر حەمەد ئەحمەد دەروێش
- ناسراو بە دەروێش قائید
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٩
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پیشەسازی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨١
- ئۆرگان: تیپی ٩٣ی کۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییە بەرچاوەکانی کردووەو بگرە لە هەندێکیان خۆی سەرپەرشتی کردووە.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- دوا پلەی فەرماندەی تیپی (٩٣)ی کۆیە بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: شاری کەرکووک

### شەهید (مامۆستا جەعفەر)

# جەعفەر عەبدولواحید ئەحمەد سلێمان




مامۆستا (جەعفەر عەبدولواحێد) دوای تەواوکردنی خوێندن دەبێتە ماموستای زمانی ئینگلیزی لە شاری هەولێر لە ئامادەیی (جمهوری)، هەمیشە خوێندکارەکانی بە گیانی نەتەوەی و نیشتمانی پەروەردە کردووە، کەسێکی روح سوک و تێکەڵاو و دەنگ خۆش و پڕ لە وزە بووە، لە شۆڕشی ئەیلوول چۆتە ڕیزی پێشمەرگایەتی و دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە هەولێر، بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەندێشەی ماوتسی ئونگ، زۆر بە چاکی لەو فەلسەفەیە قاڵ و قوڵ بۆتەوە و لە ئاڵقەکانی ڕۆشنبیری بۆ پەروەردەکردنی هاوڕێیەکانی پەرتووکی عەرەبی بەدەستەوە گرتووە و ڕاستەوخۆ بە کوردی بۆیانی وەرگێڕاوە، کەسێکی نوکتەچی و بێ باک بووە لە مردن و لە ڕۆژانی زینداندا لەژێر ئەشکەنجەی فاشستەکانی بەغدا کاتی جەللادەکان خەریکی ئازاردانی بوون بۆ ئیعتراف ئەو نوکتەی بۆ گێڕاونەتەوەو شەرمەزاری کردوون. نووسەرو ڕووناکبیرو خەباتکار(مامۆستا فازیل) ناسراو بە مامۆستا جەعفەر لەشۆڕشی نوێ گەلەکەمان هاوڕێ و هاوبیری شەهیدی خۆڕاگری زیندانەکان و قارەمانی ڕێکخستنەکانی هەولێرو کەرکووک (مامۆستا جەعفەر عبدولواحید) بووەو نوسیویەتی: شەهید جەعفەر لەچاو هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەمەن، پیاوێکی بەتوانا، دامەزراو،ڕووناکبیر،قسە خۆش و هەمیشە دەم بە پێکەنین و ورە بەرزبوو. ئاستی تیۆری و ڕۆشنبیری ئەو، لەچاو زۆربەی سەرکردەو کادیرەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) (کملک) بەرزتربوو. پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی فراوانی هەبوو، لەسەر هەر ناوچەیەک، بەزمانی ناوچەکە دەیان نوکتەو قسەی خۆشی دەزانی، لەکاتی زیندان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ دا، شان بەشانی شەهاب و هاوڕێکانی تری نموونەی خۆڕاگری و جوامێری و ورە بەرزی بوو. ئەم هەڵوێستەو گاڵتەکردنی بە ئەقڵی جەلادەکان، مامۆستا جەعفەری کردە ئەفسانەو تا ئەمڕۆش هاوڕێ و ناسیاوەکانی ئیڵهام لە خەبات و تێکۆشان و خۆشەویستی ئەم کەڵەپیاوە وەردەگرن، ئەو سمبولێکی هەرە مەزنی یەکێتیەو جێگای شانازی و سەربەرزی گەلی کوردە. دواجار لە ساڵی ١٩٧٥ یەکترمان لەبەردەم چایخانەی شارەوانی سلێمانی بینی، بەڵێن بوو جارێکی تر یەکتر ببینینەوە، زۆرم چاوەڕێ کردو هەر نەهات، کاتێک بەخۆمم زانی ئەو لە بەردەم پەتی سێدارەیە. ئێستاش پاش تێپەربوونی (٤٢) ساڵ بەسەر شەهید بوونی ئەوو شیهابی شێخ

نوری هەرجارێ بەبەردەم شوێنی چاپەخانەی شارەوانیدا تێدەپەڕم و پۆڵە کۆترێکی سپی بەئاسمانەوە دەبینم هەست دەکەم ئەوە روحی ئەوانە و بە ئاسمانی ئەم شارەدا دەسووڕێتەوە. دەزانم زۆر چاکیش دەزانم، نەمن وەکو ئەوان دەتوانم بفڕم و نەئەوان دەتوانن داببەزنە خوارەوە. رێکەوتێکی سەیری پێزانین وئەمکداری بوو، کەناوی شەهیدێک بۆ من بووە خاچێکی گەورەو گران و تا ئەو رۆژە دەمێنێم بەسەر شانمەوە دەبێت. سەرەتای شۆڕش وا باو بوو، هەر کەسێک دەچووە شاخ هەر لەرێگەوە ناوێکی (نهێنی) نوێی بۆ دادەنرا. شەهید ئارام چەند هەفتەیەک پێش شەهید بوونی خۆی و ساڵێک لە شەهید بوونی شەهید جەعفەر کاتێک زانی (من و مامۆستا جەعفەر عەبدولواحید) هاوڕێی یەکترین، پێشنیاری کرد وەکو زیندوو راگرتنی بیرەوەری سەرکردەو مامۆستایەک، نێوی (مامۆستا جەعفەرم) بەسەر دابڕێت. بەو هیوایەی ئاڵاکەی ئەو نەوی نەکرێت و پەیامی سیاسی ئەو باشتر ڕابگەینرێت.. هیوادارم توانبێتم یەک لە هەزاری ئەو بکەم.....

- ناوی تەواو: جەعفەر عبدولواحید ئەحمەد سلێمان
- نازناو: ئاگر/ ناسراو بە مامۆستا جەعفەر
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی بەفری قەندی قەزای کۆیە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی بەشی ئینگلیزی - کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: قانعە عەلی یونس
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رەوا - رێباز
- سەرەتای تێکەڵ بوونی بۆناو حزبایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی کوردستان.
- دواتر لە شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ بەشداربوو لەو کۆبوونەوەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی لێ دامەزرا.
- پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینین کرایە لێپرسراوی رێکخستنی شاری هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٧٤ سەرکردایەتی کۆمەڵە کۆمیتەیەکی بەناوی ئەستێرەی سوور دامەزراند بۆ سەرپەرشتیکردنی رێکخستنی شارەکان، ئەم کۆمیتەیە ناوبراو بەرپرسیاریەتی کەوتە ئەستۆ.
- شەهید جەعفەر پێش شەهید بوونی سەرپەرشتی رێکخستنەکانی هەولێرو موسڵی دەکرد پاش ئەوەی بەرپرسی رێکخستنەکانی کەرکووک پەیوەندی بەشاخ کرد شەهید مامۆستا جەعفەر رێکخستنەکانی کەرکووکیشی گرتەئەستۆ.
- لە ساڵی ١٩٧٥ دەزگاکانی رژێم کەوتنە گرتن و ڕاودونانی ئەندامانی رێکخستنەکانی کۆمەڵە. لەم ئان و ساتەدا رایەلەو رێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆر کەشف بوون. ئەندامانی سەرکردایەتی کەوتنە ژێرمەترسی و هەڕەشەی گرتنیان لێ کرا. بۆیە بڕیاریان دا عێراق جێ بهێڵن و خۆیان بگەیەنە وڵاتی ئێران و لەوێوە بچنە سوریا.. هەڤاڵان شەهاب شێخ نوری و فەریدوون عەبدولقادرو عەلی بچکۆڵ و عومەری سەید عەلی روویان لە ئێران کرد، بەداخەوە لەوێ هەموویان دەستگیر کران و لە سنووری پێنجوێنەوە رادەستی عێراق کرانەوە. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦ خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عبدولواحید بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو.
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ٢١-١١- ساڵی ١٩٧٦
- شوێنی لە سێدارەدان: بەندینخانەی ئەبو غرێب

شەهید (محەمەد عەجەم)

# جەعفەر مەحمود محەمەد مستەفا




ئەگەر باسی کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنە نهێنییەکانی هەولێر بکەین لە دروست بوونەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەبێ ڕۆڵی ئەم هەڤاڵانە لەبەرچاو بگرین کە شەو و ڕۆژیان بۆ کوردایەتی بۆ نیشتمان خستبووە سەریەک دەیان جار ڕووبەڕووی مەرگ و بەندیخانە بوونەتەوە، سەدان شەو دووربوون لە ماڵەکانی خۆیان و خۆیان دەشاردەوە لە ماڵە خزمان و ماڵە هاوڕێکانیان. (شەهید عەبدولڕەزاق، مەولود هەمزە، کۆسرەت ڕەسول، عەبدوڵڵا تۆفیق، شاخەوان عەباس، ڕێباز، دکتۆر ڕێبوار، مامۆستا سەباح ڕەشید، محەمەد عەجەم، عەلی ساڵح، جەمیل ڕەنجبەر، شێخ قادر، محەمەد عولا قەشقەی، سەعدی خەلیل، محەمەد سەرسپی، حەیدر جوکل، محەمەد مەنگوری، محەمەد قادر نادر، چەند هەڤاڵێکی تر کە بەردەوام لە شوێنی کار وخوێندن و کاتەکانی تر خەریکی کاری ڕێکخستن و ئامادەکارییەکانی دەستەو گروپ و بازنەکانی کاری ڕێکخراوەی بوون.. یەکێک لەو هەڤاڵانەی ئەوێ ڕۆژێ خۆی بۆکاری ڕێکخستن و چالاکی ومەرگ تەرخان کردبوو شەهید (محەمەد عەجەم) بوو، ناوبراو لەسەردەمی باڵی مەکتەبی سیاسی کادیرێکی دیارو هەڵسوڕاو بووە، لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ چەندین جارچۆتە سەرکردایەتی و بەڕێز مەلا بەختیاری بینیوەو ڕێنمایی و ڕاسپاردەی شۆڕشی بۆ ناو هەولێر هێناوەتەوە، لە دامەزراندنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و تەشکیلاتی کۆمیتەی هەرێمەکان شەهید محەمەد عەجەم کراوە بە بەرپرسی دەستەی تەمبێکردنی جاسوس و سیخوڕەکانی بەعس لەناوشاری هەولێر، یەکێک بوە لە چالاکترین ئەندامی ڕێکخستن بۆ ئەوێ ڕۆژێ بەعسیەکان لەوپەڕی بێ ئەخلاقی و دەسەڵات بوون، کەچی شەهید محەمەد عەجەم و هاوڕێکانی شەوانە دەستیان دەوەشاند لە پیاوانی حکومەت، دواتر لە ١١-٥-١٩٧٧ فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەردەچێت و خۆی ناداتە دەست و

له ١٢ـ٥ـ١٩٧٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لای شەهیدی سەرکردە (سەعدی گچکە) ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازا، چاونەترس، خۆڕاگر، بەهیمەت، چاوکراوە، رۆشنبیر، لەرووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەسێکی خۆشەویست بووە، بەڕێز(مەلا بەختیار) بەم شێوە باسی محەمەد عەجەم دەکات: ئەوکاتەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ژیلەمۆی شۆڕشێکی نوێ بوو، لەوکاتەی رژێمی عێراقیش زۆر بەتوندی چاودێری هەموو جووڵانەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی کوردی دەکرد، لەوکاتە سەخت و دژوارەدا شەهید محەمەد عەجەم یەکەم بڕیاری جوامێرانەی خۆی دا بەبێ هیچ سانسۆرێک دەبێتە پێشمەرگە، ئەوە بوو لەگەڵ شەهیدسەعدی گچکە چەکی بەرگری کردن لەخاک و نیشتمانەکەیان کردە شان، دڵسۆزو دلێرانە ئەرکە نیشتمانیەکەی جێبەجێ دەکرد. هەموو دانیشتوانی هەولێرو کۆیەو دەوروبەری شاهێدی دەدەن کە پیاوێکی چەند ئازاو جوامێر بووە، هەربۆیە دوژمنی کورد زۆر هەوڵی دەدا بیکوژن، چونکە باش دەیانزانی چ قارەمانێکەو چەند کاریگەری هەبووە لەسەر گەنجانی هەولێرو کۆیە بەپەرۆشەوە گوێیان گرتووە لە قسەکانی، لە دوو شەڕی گەورە بەشداری کردووە، یەکێکیان لە دەشتی کۆیە کە لە بەیانیەوە تا ئێوارە هەلیکۆپتەرو چەندین دەبابەو چەندین چەکی قورس بە زۆرترین سەربازی رژێمەوە بەکارهاتووە، لەم داستانە شەهید سەعدی گچکە فەرماندەی ئەم شەڕەی کردووە، شەهید محەمەد عەجەم هەرگیز نەیتوە ناچم بۆ ئەم چالاکییەو یان ئەو شەڕە، خۆنەویستانە لە پێشەوەی شەڕەکان بووە. لە نووسێنێکی شەهید "سەعدی گچکە " لەسەر محەمەد عەجەم دەڵێ: ئەوەی واتای پێشمەرگایەتی بزانێت ئەوجا ئەزانێت شەهید محەمەد عەجەم کێیە.... خاتوو نەجیبە خێزانی شەهید محەمەد عەجەم وتی: محەمەد عەجەم کەسێکی لەسەرخۆو بەوەفا بوو، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٦٥ ژیانی هاوسەریم لەگەڵی پێک هێنا، حەوت رۆژپاش هاوسەرگیریمان نەفی کراین بۆ کەلار لەلایەن رژێمەوە، بە فەرمانی جەنابی مام جەلال ئێمەی بۆ کارو چالاکی ناردە موسڵ، محەمەد عەجەم لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٦ بۆ کاری رێکخستن زۆر شارو قەزاو ناحیە گەڕاوین، شاری سلێمانی، ناوچەی چەمی رێزان، بەکرەجۆ، موسڵ، نەفی کەلار بوین، زۆر شوێنی تر، دواتر لەسەرەتای شۆڕشی نوێ بەردەوام بوو، تا رۆژی شەهید بوونی ئەوەی لای گرنگ نەبوو پارەو پۆست بوو. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید محەمەد عەجەم و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: جەعفەر مەحمود محەمەد مستەفا
- تەمەن: ١٨ـ٦ـ١٩٤٨
- ناسراو بە: محەمەد عەجەم
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای رانیە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی رزگاری
- باری خێزانی: خێزاندار
- لە ساڵی ١٩٦٥ هاوسەرگیری لەگەڵ نەجیبەخان کردووە.
- تەنها (٧) رۆژپاش هاوسەرگیری شەهید محەمەد عەجەم نەفی کراوە لەلایەن بەعسەوە بۆ کەلار، کۆمەڵێک بوون لەوانە: عومەر دەبابە، مەلا عەوڵا، شێخ لەتیف، قادر بەردەسپی، خاڵە سەید مەجید، قادر بچکۆڵ، عەلی مەحمود، جەلال کاکۆ،
- ناوی منداڵەکان: شێرزاد، کوردستان، پەخشان، هێرۆ
- عەشیرەت: مەنگوڕ

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦ لە ڕێگای شەهید عەبدولڕەزاقی سەرکردە
- لە ساڵی ١٩٧٦ کە سەرکردایەتی کۆمەڵە دامەزرایەوە هەرێمەکان پێک هاتن ئەوکات شەهید محەمەد عەجەم کرایە بەرپرسی دەستەیەک بۆ چاوشکاندن و تەمبێکردنی جاسوس و سیخوڕو خۆفرۆشەکانی شار،
- ناوبراو کرێکاری هونەری زراعەی هەولێر بوو.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٢ـ٥ـ١٩٧٧ بە شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکە
- دوو جار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە (لە شاخی هندرێن ـ دەشتی کۆیە)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی دیاریکراوی کردووە، بەڵام لە سەردەمی ڕێکخستنی ناوشار بە دەیان چالاکی ئەنجام داوە.
- ساڵ و مانگ و ڕۆژی شەهید بوون: ١٠ـ٤ـ١٩٧٨
- شوێنی شەهید بوون: گۆڕستانی سەید مەعروف

* تێبینی: بۆ دەوڵەندکردنی نووسینەکەو بایەخدان و ناساندنی زیاتری شەهید محەمەد عەجەم سوودمان لە ڕیپۆرتاژێکی گۆڤاری شەهید وەرگرتووە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٢٤ لە ژمارە (٦٩٧٩) لە لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

### شەهید (حاكم جەماڵە سوور)

# جەماڵەدین محەمەد ئەمین




مەرج نییە وشەی تاریكپەرستان تەنها بەرامبەر توندڕەوانی داعش و جوندولئیسلام و ئیخوانە توندڕەوەكان بەكاربێت، بەڵكو بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لەم هەولێرە، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەنووسی و یاساو ڕێساكانی خۆشگوزەرانی نەبوو، لێرەو لەوێ دەستی ڕەشیان بەخوێنی كەسانی ڕۆشنبیرو یاساناس و كادیری پێشكەوتوو سوور دەكرد. ئەوێ ڕۆژێ لەو پیرە هەولێرە كەشاری برایەتی و میوان دۆست و لێقەوماوانە، گرووپێك یان كەسانێك بەنوێژی نیوەڕۆ چەندین دكتۆرو دادوەرو خەڵكی تێكۆشەریان تیرۆر كرد. یەكێك لەو كەسایەتییە ڕۆشنبیرانەی هەموو تەمەنی جوانی لاویەتی خۆی بۆ قەزیەی میللەتەكەی تەرخان كردبوو بەناحەقی تیرۆریان كرد، ئەویش شەهید حاكم جەمال بوو. ناوبراو كادیرێكی پێشكەوتوو، یاساناسێكی سەر ڕاست، ژینگەپارێزو دۆستی سروشت لەم خاڵەی كۆتایی دەربارەی ژینگەو سروشت برادەرێكی شەهید وتی ئەگەر لەسەر ناوبراوت نووسی باس بكە ئەوكاتەی لەدادگای شۆڕش كاری دەكرد چەندین دۆسیەی مەڕدارەكانی سنووری دێهاتەكانی سنووری ئازاد كراوی لابوو كە حەیوانیان لە غابات و شوێنەكانی گەشت و گوزار دەكرد وتی بەجدی غرامەی قورسی بۆدادەنان تا جارێكی تر سەرپێچی نەكەن و زیان بە سروشتی كوردستان نەگەینن، بێ گومان بیرەوەری و كارەچاكەخوازو هەوڵ و كۆششەكانی شەهید بە ئەژمار نایەن بە نووسینی چەند لاپەڕەیەك بۆیە هەرچەندی بنووسین و باس بكەین هەركەمە. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (غازی قادر ئاغا) پێشمەرگەو كادیری دێرین هاوڕێی شەهید وتی: شەهید حاكم جەمال پیاوێكی هێمن و قسە خۆش خوێندەوارو ڕۆشنبیر، دەرچووی كولێژی یاسا، یەكەم جار لە هاوینی ساڵی (١٩٨٢) لەبارەگای دادگای باڵای شۆڕشی نوێ یەكترمان ناسی و پاشان بووین بەهاوڕێی گیانی. شەهید جەمال لەقۆناغی شاخ و خەباتی چەكداری گەلێك بەهرەو توانای باشی تیابوو، بەڵام سەختی ئەو ڕۆژگارەو شێوەی سەرەكی خەباتی چەكداری

ئەو بوارەیان بەئەو پیاوە نەئەدا تا هەموو تواناکانی تاقی بکاتەوە بۆ خزمەتی شۆڕش، بۆیە زۆرجار بیرو بۆچوونە جوانەکانی بە نووسین و پێشنیار ئەدایە سەرکردایەتی. ناوبراو نەتەوەکەی زۆر خۆش ئەویست هەربۆیە خەباتەکەشی بەراست ئەزانی، بۆ ئەم مەبەستەش وەکو یاساناسێک نامیلکەی (مافی چارەنوس لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی) نووسی بەو بەڵگانەش سەلماندی کەنەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری دنیا ئەو مافەی هەیەو مافێکی خودایی و ئینسانیە، هەربۆیەش لەخەباتی پێشمەرگایەتی ئەوەندەی بۆی کراو لەتواناى دابوو کردی. دواى ڕاپەرینیش لە ڕووبەری ئەم سەردەمەدا خزمەتێکی زۆری گەلەکەی کرد، لەبوارەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا چ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و چ لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دەوری پێشمەرگەی هەبوو هەروەها ئەندامێکی کارای سەندیکای پارێزەران و دادوەرێکی جەسوری بەرەی کوردستانی بوو.بەداخەوە تەمەنێکی کورت، هێمنی شاعیر گووتەنی، بەڵام پڕلە شانازی و شەرەف حەیف کەم ژیا ئەگینا زیاتر خزمەتی گەلەکەی دەکرد. نەفرەت لەو دەستە رەشانەی کە ژیانیان لێ زەوت کردوو جەستەو گیانیان لێ ون کرد، هاوژینێک و پێنج جگەرگۆشەی پەپوولە ئاسایان لەنازی باوکایەتی بێ بەش کرد، ئێستا دایکی دڵسۆز جێگای باوگیانی پڕکردۆتەوە شوکر شوێنی (حاکم جەمال) چۆڵ نییە، دایکی نموونەیی وەک ژنی شەهید مناڵەکانی پێ گەیاندن و بوون بە چرای ڕۆشنی نەتەوەکەیان و ڕێچکەی زانستی باوکیان بەردەوامە..

- ناوی تەواو: جەمالەدین محەمەد ئەمین
- ناسراو بە: حاکم جەماله سوور
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: شێخ شێروان، جاران لەسەر ناحیەی قوشتەپە بوو، بەڵام ئێستا لەسەر ناحیەی (شەمامک)ـە.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی لەقوتابخانەی ئازادی تەواو دەکات، ناوەندی لە قوتابخانەی سەلاحەدین تەواو دەکات و ساڵی ١٩٧٥ پاش گەڕانەوەیان لە ئێران درێژە بە خوێندنی دواناوەندی دەدات لە قوتابخانەی کوردستان لە هەولێر پاشان کۆلێجی یاسای بەغدا تەواو دەکات.
- عەشیرەت: دزەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فێنک نادر ئیبراهیم جەرجیس
- ناوی منداڵەکانی: توانا، زانا، یاسا، باکۆ، عەلی
- لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) لەم قۆناغەدا بە نهێنی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا چەند بڵاوکراوەیەک بڵاودەکەنەوە.
- لەقۆناغی دواناوەندی کە هاوکاتە لەگەڵ گفتوگۆی نێوان حکومەت و شۆڕش لە شۆڕشی ئەیلوول، شەهید حاکم جەمال نامیلکەیەکی رەخنەئامێز لەدژی ئەم ڕێکەوتنە بڵاودەکاتەوە ئەم رەخنە گرتنە جێگای قبول کردنی سەرکردایەتی سیاسی ئەوکات نەبووە. بۆیە لە ساڵی ١٩٧٣ دەستگیری دەکەن بۆ ماوەی (٤) مانگ لەبەندیخانەی (رایات)
- لە ساڵی ١٩٧٣ تاوەکو ١٩٧٤ لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕوو لە ئێران دەکەن تا ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێنەوە هەولێر.

- له قۆناغی زانكۆ پەیوەندی دەكات بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان
- له ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ تەواو بوونی زانكۆ پەیوەندی دەكات بە هێزی پێشمەرگەو دەست بەكاردەبێ لە دادگای شۆڕش بەسیفەتی حاكمی شۆڕش لە زەڵێ.
- له ساڵی ١٩٨٢ لەبارەگای كەرتی بەندینخانە بوو كە بارەگا ئەوكات لە گوندی شێخ وەسانان بوو سەر بە مەڵبەندی (٤)
- له ساڵی ١٩٨٣ دەكرێتە حاكمی سنووری تیپی (٨٥) بەڕانەتی لەچوارچێوەی سنووری چالاكی مەڵبەندی (٣)ی هەولێرلە بالیسان.
- دواتر گواستراپتەوە سنووری وەرتێ لەم ماوەیەدا خەریكی نووسین و توێژینەوەی سیاسی بووە.
- له ساڵی ١٩٨٣ شەهید چەندین وتارو نووسین و پەخشنامەی بڵاوكردەوە لەوانە دوو نامیلكە بەناوەكانی (ئەنجومەنی ئاواییەكان - مافی چارەی خۆنووسین) لەوەرتێ چاپ كرا. هەروەها چەندین وتاری بە پێزی لە گۆڤارەكانی (الشراره - ڕێبازی نوێ) بڵاوكرایەوە
- له ساڵی ١٩٨٤دەگوازرێتەوە مەڵبەندی (٤) لە سماقوڵی.
- هەرلە ساڵی ١٩٨٤ ژیانی هاوسەری پێك دێنێ، پاش تێك چوونی دانوستانەكان دەگەڕێتەوە ناوچەكانی هیران و نازەنین.
- بەشداری ڕاپەڕین دەكات لە ساڵی ١٩٩١ و ڕۆڵی كارای هەبووە، پاش كۆرەو لە شەقڵاوە دەبێت تا قۆناغی گفتوگۆ لەگەڵ حكومەت دەكرێتە سەرۆكی دادگای شۆڕش لە شەقڵاوە.
- ڕۆڵی كارای دەبێت لە بەستنی كۆنگرەی یەكێتی نووسەرانی كورد.
- شەهید پێشەكی و پێداچوونەوەی بۆ هەردوو پەرتووكوكەی شەهید ڕێباز لە ژێرناوی (قەندیل بەغدای هەژاند نركەی كوردستان) بۆ نووسین.
- شەهید حاكم جەمال هاوكارو پشتیوانێكی بەهێز بوو لەكۆكردنەوەی نوسەران و ڕۆشەنبیرانی هەولێر بۆ دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی كە بیرۆكەكەی لەلایەن هەڤاڵ كاك (كۆسرەت ڕەسول) گەڵاڵە بوو. شەهید حاكم جەمال هەم گۆشەیەكی یاسایی هەبوو لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ.
- لە درێژەی چالاكییە ڕۆشنبیری و ڕوناكبیرییەكانی توانی ڕۆژنامەی (مافناس) دەربكا تەنها (٤) ژمارەی لێ دەرچوو.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ مەدالیای ڕێزلێنانی بەخشی بەخانەوادەی شەهید لەهەمبەر ئەو هەوڵ و كۆششەی شەهید سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەكە بەئەنجامی گەیاندبوو.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤-٨-١٩٩٢
- شوێنی تیرۆركردنی: شاری هەولێر

**شەهید (جەمال تیکالۆ)**

# جەمال عەزیز ئەحمەد قادر



تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ لە سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر مێژوو شایەدە چ لە شەهیدانی چ لە چالاکییە بەردەوامەکانی لە ناحیەو قەزاو کۆڵانەکانی ناوشاری هەولێر بەردەوام چالاکی و زەبر وەشاندنیان هەبوو، جاران سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مانگانە تەقیمی هەبوو بۆ تیپەکان، ئەوەی شەیانی باس بێت تیپی ٨٧ی قەرەچووغ لە پێشەوەی پێشەوەی سەرجەم تیپەکانی تربوون، کەرتی (٤)یش بەکەرتی دوژمن تۆقێن ئەژمار دەکرا، ئەوەندە فەرماندەو کوڕی قارەمانی تیابوو، چالاکییەکانیان بە ئەژمار نەدەهات، یەکێک لەو پێشمەرگانە (جەمال عەزیز ئەحمەد قادر) ناسراو بە جەماڵ تیکالۆیە. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان بوو، جێ دەستی لە تیپی قەرەچووغ دیاربوە، بەڵام بەداخەوە لە گەورەترین شەڕی سەرکردایەتی لە ڕێکەوتی ٦-٩-١٩٨٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لە چیای دۆڵ بێشک.. روحی ئەم پێشمەرگە ئازاو دلێرە شادبێت و خوای گەورە بەبەهەشتی شاد بکات........

- ناوی تەواو: جەمال عەزیز ئەحمەد قادر
- ناسراو بە: جەمال تیکالۆ
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تیکالۆ - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: پاڵانی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ سەرەتا لە سنووری تیپی ٨٣ی هەورێ لە سنووری چیوە.

- دواتر گواسترایتەوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر کەرتی (٤)

- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو نەبەردی و چالاکی کردووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر..

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.


- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦-٩-١٩٨٦

- شوێنی شەهید بوون: شەڕی قەیوان ماوەت - لە چیای دۆڵ بێشک

### شەهید (جەمال عیشێ)

# جەمال مەولود پیرداود هەمزە



بەرخودان و گیانفیدایی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی ئەوێ ڕۆژێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژانە لەم هەولێرە چالاکی لەسەر چالاکی و داستان لەسەر داستانیان تۆمار دەکرد. ئینتماو خۆشەویستی هەولێر بۆ پێشمەرگەکانی کەندێناوەی سەرکەش و هەمیشە سەوز وای لێ هاتبوو ئەوەندەی لەشاربوون بۆ چالاکی و تەمبێکردنی پیاوانی ڕژێم کەمتر لە گوندەکان دەبینران، یەکێک لەو شەهیدانەی تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها یەک ساڵ بوو، وەلێ ئازایی و دڵسۆزی و چاونەترسی شەهید (جەمال مەولود پیرداود) ناسراو بە جەمال عەیشێ لەماوەیەکی کەم کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٤) کەندێناوە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.. بۆ زانیاری نەوەی نوێ پێشمەرگەیەک زۆر ئازاو چاپووک نەبووایە نەدەکرایە فەرماندەی مەفرەزە، ئەو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر گۆش و پەروەردە ببوو، هەربۆیە مەردانە قۆڵی خەبات و تێکۆشانی لێ هەڵکردبوو.. بەڵام بەداخەوە خەون و خولیاکانی نەهاتە دی و ئازادی و ڕاپەرینی بە چاوی خۆی نەبینی.. لە ٢٠-٣-١٩٨٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە ......... هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید جەمال عەیشێ و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: جەمال مەولود پیرداود هەمزە
- ناسراو بە: جەمال عیشێ
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی (لاوەر) ناوچەی کەندیناوە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: ئەمیرە مەجید عەزیز
- ناوی منداڵەکان: رۆژگار، سازگار، نازدار.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٤)ی کەندێناوە لە تیپی (٨٧) قەرەچوغ
- یەک جار بریندار بووە.
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکی و شەڕێکی ناو هەولێری کردووە
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون. ٢٠-٣-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی منارە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٢٣ لە ژمارە (٧٠٠٥) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (جەمال شورتە)

# جەمال هادی ئیبراهیم حوسێن



پەند وەرگرتن لەهەڵەو رابردوو بۆ هەر وڵات و هەرێم و میللەتێک ئەنجامەکەی بە ئیجابی گەڕاوەتەوە، بەڵام بەداخەوە میللەتی کورد تا وەکو ئێستا پەندو وانەی لەهەڵەکانی پێشووی وەرنەگرتووە بەتایبەتی لەدوای ڕاپەڕین یەکرێزی و تەبایی و خۆشگوزەرانی نەکردۆتە نەهج و پلانی بەرنامەی دەسەڵاتەکەی، ئەوێ رۆژێ سەدان و هەزاران کوردی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر بۆ گەیشتن بە ئازادی و حکومەتی خۆماڵی کوردی گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەم خاکە کەچی دەسەڵاتی کوردیش باکی بەخوێنی ئەم قارەمانانەی دوێنێ نییە کەبەرهەمی ئەم شەهیدانەیە ئێستا ئەوان لەجیاتی شەڕی پێشبڕکێ خزمەت و خۆشگوزەرانی بکەن کەچی شەڕی دەسەڵات و دەستکەوت دەکەن، ئێستا دەبێ خانەوەدەی شەهید (جەمال هادی عاڵڵای) چ بەو دەسەڵاتە کوردیە بڵێن کە تاوەکو ئێستا جەنازەی کوڕەکەیان ونە و ئەوانیش شەڕی بۆڕی نەوت دەکەن، شەڕیش لە پێناو شەهید و ئەنفال و زیندانی و پێشمەرگەی دێرین و فەرمانبەران بەگشتی نا، بەڵکو شەڕ لە پێناو کورسی و بەرژەوەندی چەند کەسێک و گروپێک. شەهید جەمال شورتە پێشمەرگەیەکی ئازاو بەغیرەت و بەهیمەت بووە. پێشمەرگەیەک دڵسۆزو هێمن و رەوشت بەرز بووە، لە نەبەردی و چالاکییەکان کوری رۆژی تەنگانە بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆر بینی کۆڵی نەدا، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٥-٧-١٩٨٨ لەلایەن بەعسییەکان دەستگیر دەکرێ و تاوەکو ئێستا گۆڕی نییە. هەزاران درود بۆ گیانت ئەی پێشمەرگەی رۆژانی سەختی خەبات.

- ناوی تەواو: جەمال هادی ئیبراهیم حوسێن
- ناسراو بە: جەمال شورتە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی عاڵڵا ـ کەندێناوە
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: لەعلی ئەحمەد خدر
- ناوی منداڵەکانی: هونەر پشدەر گۆڤار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٢ـ٥ـ١٩٨٢
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٦)
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی: بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی لە سنووری هەولێر کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٥ـ٧ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سنووری هەولێر

## شەهید (جەمال مێرخوزاری)

# جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە



ئەو تەمەنی تەنها (١٩) بەهاربوو پەیوەندی کرد بەتیپی (٨٦) دەشتی هەولێر، ئەو لاوێکی خوێن گەرم و بەسۆزبوو بۆ کوردایەتی، هەستی کوردانەو دڵسۆزی بۆ ڕێبازی مام و یەکێتی نیشتمانی کوردستان باڵانسەکەی زۆر بەرز بوو، ئەویش شەهید (جەمال ئەنوەر حەسەن لاوەی) مێرخوزارە. خانەوادەی مام ئەنوەر لایەنی نەتەوەو هەستی نیشتمانیان بەهێز بووەو بەردەوام لە خزمەتی کورد بوونە، براگەورەی شەهید جەمالیش کاک (کەمال) پێشمەرگە بوو لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ. قەدەری پێشمەرگەو سەرکردەو فەرماندەی یەکێتی وایە دەبێ شەهید بێ، ئەم شەرەفەش شانازییەکی گەورەیە بۆ خانەوادەکەیان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید جەمال پێشمەرگەیەکی چاپووک و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرووی خۆی بووە. لە شەڕێکی نابەرامبەری هێزەکانی ڕژێمی بەعس لە گوندی کەپەنک ڕەش لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی لە ٢١-٤-١٩٨٥ گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. درود بۆ گیانی شەهید جەمال و شەهیدانی کوردو کوردستان...

- ناوی تەواو: جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە
- ناسراو بە: جەمال مێرخوزاری
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی کوران - هەولێر
- عەشیرەت: ئاکۆ
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر
- لەگەڵ تەشکیلاتی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ شەهید جەمال گواسترایەوە دەستەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لای کاک سەفین مەلا قەرە.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٤)ی کردووە.
- شەهید دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٢١ـ٤ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی کەپەنک رەش

## شەهید (جەمال سکتانی)

# جەمال ئیبراهیم مستەفا حەمەد




شەهید جەمال سکتانی فەرماندەیەکی جوامێرو کەسایەتییەکی جەماوەری و پێشمەرگەیەک لێوان لێواو لە دڵسۆزی بۆ خاک و نەتەوە، پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان خۆشەویست و خۆنەویست. هەڤاڵ (ڕێبوار کونە فلوسەیی) پێشمەرگەی دێرین لە تیپی (٩١)ی سەفین دەربارەی شەهید جەمال وتی: سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهید جەمال سکتانی و سەرجەم شەهیدان دادەنوێنم لەراستیدا لەگەڵ شەهید تەمەنی هاوڕێیەتی و هاوسەنگەریمان نزیکەی ساڵێکی خەیاند، بەڵام ئەوەی بەدرێژایی ژیانم لە بیری ناکەم بوێری و قارەمانی و قسە خۆشی و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو هەڵۆ بەرزە فرەیە. باس کردن لەهەر لایەنێکی ژیانی ئەم شەهیدە بەچەند لاپەڕەیەک تەعبیر ناکرێت، چونکە ئازایەتی ئەم پیاوە بەراستی جێگای سەرسوڕمان بوو بۆ هەموومان. شەهید جەمال جیهانێک بوو لەپاکی، ئاسمانێک بوو پڕ لە هیواو خوێندکارێکی زیرەک و بەسەلیقەو بەهرەمەندی ڕێبازەکەی مامی گەورەمان بوو. پیاوێکی ڕووخۆش و ئەدایەکی جوانی هەبوو لە قسەکانی، ورەیەکی پۆڵاین بوو بۆ پێشمەرگەو هاوڕێکانی، خۆشەویستی و هەستی بۆ نیشتمانەکەی وای لێ کردبوو کە هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوەی شەڕەکان بێت و گورزی جەرگبڕ لە فاشیەکان بدات. شەهید سکتانی لەرووی جەماوەریەوە پیاوێکی کراوەوخاکی بوو هەمیشە بەرەوشتەبەرزەکەی خۆی وا لێ کردبوو گوندنشینەکان ڕێزی زیاتری ئێمەی پێشمەرگە بگرن لەبەر دڵی ئەو.بەڵام داخی گرانم زۆربەی ئەوانەی فەرماندەی ئازاو دلێر بوون تەمەنیان کورت بوو.لە ڕێکەوتی ٥-١-١٩٨٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لە چیای ئاوە گرد...

- ناوی تەواو: جەمال ئیبراهیم مستەفا حەمەد
- ناسراو بە: جەمال سکتانی

- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سکتان - ناحیەی سکتان - قەزای کۆیە
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی خێزان: رەحیم محێدین قادر
- ناوی منداڵەکان: عومەر، ئەحمەد، سەبری، شاخەوان، ئارەزوو، هەدیە
- لەشۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە لە ساڵی ١٩٧٠ تا نسکۆی شۆڕش
- پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی: ١٩٧٩ لای شەهید (مەلا غەفوور) لە سکتان
- پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠ لە ناوچەی خۆشناوەتی
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٩١)ی سەفین
- فەرماندەی کەرتی (٣) بووە لە تیپی ٩١ی سەفین
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی کردووە لەوانە: سەرکەندو زێبار، شەڕی قەراسنج، لێدانی رەبیەکانی کۆڕێ حوجران و کۆیەو لێدانی رەبیەکانی هیزۆپ و کانی ماران، شەڕی بالیسان و لێدانی رەبیەکانی هیران و شەقڵاوەو مەسیف
- یانزدەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٥-١-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: چیای ئاوەگرد هێرشی رژێم بۆ سەر مەڵبەندی (٣)

شەهید (شاسوار هیرانی)

# جەمیل ڕەسول مستەفا حەمەد



شاسوار هیرانی لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو نیشتمانپەروەری گوندی هیران گۆش و پەروەردەکراوە. لە شۆڕشەکانی کورد هیران و هیرانیەکان زۆر بەتەنگ پێشمەرگەو شۆڕشەوە بوون. ئەوان لانەی حەوانەوەو کاروانسەرای پێشمەرگە بوون، بۆیە نەوەکانیان لەتەمەنی لاویتیەوە هەستی کوردانەیان زۆر بووە. کاکە شاسواریش ئەوکاتی بووە پێشمەرگە لە تیپی ٨٣ی هەورێ تەمەنی تەنها (١٥) ساڵ بوو، بەڵام پێشمەرگەیەکی وریاو چالاک و بزێو، پێشمەرگەیەک چاونەترس، دڵسۆز، بەهیمەت، بەهۆی کەمی تەمەنی و بزێویەکەی ببووە خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لە سنووری هیران لە ٢٣-٦-١٩٨٣ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانت هەڵۆ بەرزەفرەکەی هیران..

- ناوی تەواو: جەمیل ڕەسول مستەفا حەمەد
- ناسراو بە: شاسوار هیرانی
- تەمەن: ١-٧-١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: هیران
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ لەڕێگای (جەوهەر هیرانی)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ بە تیپی (٨٣)ی هەورێ
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی ناوچەکەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٣-٦-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: هیران

# شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)

# جەمیل ساڵح عەزیز



مەرج نییە هەموو هەورێک پەڵەی ڕەش و رق و قینەی خۆی بەسەر زەوی بچەسپێنێ و هەڕەشەو گوڕەشەی دەسەڵاتی خۆی ئاراستەی هەواو ئاو بکات، مەرج نییە هەموو ڕەشەبایەک تەخت و تەراجی ژینگە لوول بدات، مەرج نییە باهۆزی گڕوئەوین کۆتاییەکەی خۆشەویستی بێت، وەلێ ئەوێ ڕۆژێ ئاسمانی سەر گوندی (گۆمەگڕو)ی سنووری قوشتەپەی هەولێر رێک بۆ ساڵی ١٩٤٧ هەورێکی هێنا چ هەورجیاواز لەوانی پێشوو تر ڕەنگاو ڕەنگ بەلای ڕەساسی و شینێکی کاڵ، بەڵام تۆختر بەلای ڕەساسی، نەک ڕەش بەسەر گۆمەگڕوو، هەورێک لە چاوانی دەخوێندرایەوە دوور دوور بەدەم خەندەو وەک ئەوەی پێمان بڵێ هەواڵی ئەمجارەمان هەواڵی پەڵەدانی زەوی نا، هەواڵی بروسک و سووتانی دارو مرۆڤ نا، بەڵکو هەواڵی مژدە بەخشە بۆ مام (ساڵح عەزیز) ئەم هەورە ڕەساسیە هەواڵی لە دایک بوونی (جەمیل ڕەنجبەر) ی هێناوە چ جەمیل ڕەنجبەرێک پاک بەئاراستەی پاکی ئەوین، جوانی یوسف، خۆشەویست وەک مەم، رۆشنبیر وەک حاجی و نالی، سەرەتا دەمەوێ بڵێم هەرچی بنووسم لەسەر جەمیل ڕەنجبەرو ئەوانەی وەکو ئەو خەباتیان کردووە، تێکۆشەر بوون، رۆشنبیر بوون، شاعیربوون، سیاسی بوون،ئاراستەی کارکردنیان بۆ کوردایەتی بوو، وا بە ئاسانی وەسف ناکرێ، بۆیە لە هەر بوارێک لە قۆناغە جیاجیاکانی شەهید جەمیل ڕەنجبەر بارگەو بنەکەی پڕن لە زانست و خەبات و تێکۆشان، نووسینەوەی ژیانی ئەم کەڵە پیاوانە مەگەر بەس خۆیان یاداشتیان بکردبایە پێش شەهیدبوونیان، ئەگەرنا حەقی خۆی پێ نادرێ، شەهید جەمیل ڕەنجبەر هەر لەسەردەمی لاویەوە ستەمی زەوی دارەکان بەسەر برا جووتیارەکان هەستی چەوسانەوە غەدری قبوڵ نەدەکرد، لەم سۆنگەوە بیرکردنەوەی جیاوازی هەبوو، ژیانی سیاسی ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ دەستپێ دەکات لەرێگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی دەکات بە باڵی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) لەماوەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی چەندین

پۆست و پلەی حزبی و ڕێکخراوەی وەرگرتووە، چەندین جار دەستگیر کراوەو هیچ وشەیەکی نهێنی نەدرکاندووە، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە، خۆڕاگری شەهید هیچ کاتێک لە زیندانەکان مەترسی نەخستۆتە سەر ژیانی هاورێیانی، ئەوکاتانەی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو پاشانیش لە یەکێتی مامۆستیان جێ دەستی دیار بووەو لەماوەی کارکردنی هاورێکانی زۆر لێی رازی بوونە، دواتر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر بۆتە کادیر، لەبەر لێهاتووی و ئاستی رۆشنبیری و ئازایی پاش ماوەیەک کراوە بە کارگێری لقی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەک کادیرێکی پێشکەوتوو لە سنووری هەرێمی ٨ رۆڵی بەرچاوی هەبووە، شەهید جەمیل رەنجبەر شاعیرێکی هەست ناسک و نەتەوەیی بوو، شاعیرێک لێوان لێو لە جوانی، لێوان لێولە کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەم شۆڕشگێڕو رۆشنبیرو پێشمەرگەیە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو، لەکاتی گەڕانەوەیان لە سەرکردایەتی لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لە نزیک گوندی (پیرانە رەش)ی پشدەر لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکانی رژێم لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ (جەمیل رەنجبەر) و ٨ هاورێی تری پێشمەرگە شەهید دەبن و(١٢) تریش بریندار دەبن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید جەمیل رەنجبەرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: جەمیل ساڵح عەزیز
- ناسراو بە: جەمیل رەنجبەر
- تەمەن: ١٩٤٧
- شوێنی لە دایک بوون گوندی گۆمەگرو- ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گۆران
- خوێندن: لە ساڵی ١٩٥٨ خراوەتەبەر خوێندن لەگەڕەکی کوران دواتر پاش تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات لە ساڵی ١٩٧٠
- باری خێزانی: خێزاندارە ناوی هاوسەرەکەی مامۆستا سەعادەت محەمەد ساڵح
- ناوی منداڵەکانی (هەرەوەز، هەریار، بوێر)
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن (١٩٦٥)
- لە رێگای کێیەوە (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)
- لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)
- لە ساڵی ١٩٧١ بۆتە فەرمانبەر لەسنووری قەزای مێرگەسۆر
- پاش دروست بوونی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (٢) ساڵ پاشتر بوە ئەندامێکی چالاک و دیار.
- ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی عێراق پەیوەندی بە شۆڕش کرد تا ساڵی ١٩٧٥ دواتر گەڕایەوە هەولێرو گەڕاوە سەر پیشەی مامۆستایەتی.
- لە ساڵی ١٩٧٦ بە سکرتێری لقی هەولێری کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی هەڵبژێردرا.
- ساڵی ١٩٧٧ مانگی (١) لەلایەن ئەمنی هەولێر زیندانی دەکرێ بۆ ماوەی مانگ و نیوێک.
- دووبارە دەستگێر دەکرێ لە ١٣-٥-١٩٧٧ حکومی (٥) ساڵ و یەک مانگ زیندانی بەسەر سپێندرا.
- لە ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە (کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ )
- یەکەم جار لە پێشمەرگایەتی پەیوەندی بە (هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر) کردووە.
- دواتر وەک کارگێڕی لقی ٣ی (ی.ن.ک) کاری کردووە وەک کادیر لە سنوورەکانی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٠ بە لێپرسراوی رێکخستنەکانی هەولێری کۆمەڵەی رەنجدەران هەڵبژێردرا.
- لە دوای خۆی دیوانێکی شیعری و چەندین نامیلکەی شیعری جێهێشتوە لەوانە) رازو سکاڵا)
- ساڵی شەهید بوون (١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠)
- شوێنی شەهید بوون (گوندی پیران رەشی ناوچەی پشدەر)

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٢٩ لە ژمارە (٧٠٧٨) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

### شەهید (جەمیل هەرکی)

# جەمیل عومەر ئەحمەد عەلی




کاکە جەمیل عومەر هەرکی پێشمەرگەیەکی روح سوک و خۆشەویست بوو لەناو هەڤاڵانی، ئەو لە خانەوادەیەکی دڵسۆزی یەکێتی و ڕێبازی مام پەروەردە بووە. لەسەر ڕێبازی مام هەرگیز سڵیان لە دوژمن و نەیارانی یەکێتی نەکردووە، هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠٠ ئاوارەی شاری سلێمانی دەبن. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٥ چەکی شەرەف و تێکۆشان لە شان دەکات و دڵسۆزانە چەندین کاری پێشمەرگانەی جێبەجێ کردووە. لە شەڕەکانی دژ بە داعش ئازیانە لە پێشەوەی پێشەوە بووە و کۆڵی نەداوە. هەموو خولیاو ئاواتێکی ئەوەبوو لە پێناو خاک و یەکێتی شەهیدبێ پلەی شەهادەت بۆ نەتەوەکەی بەدەست بێنێت هەرواش بوو لە ٥-٨-٢٠١٤ لە سنووری ناحیەی گوێڕ گەیشتە دوامەنزلگای نیشتمان و شەهید بوو..

- ناوی تەواو: جەمیل عومەر ئەحمەد عەلی
- ناسراوە بە: جەمیل هەرکی
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٢-١٩٨٨
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای خەبات - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: هەرکی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی تەواو کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠٠٥
- شوێنی پێشمەرگایەتی: سەرەتا لە فەرماندەی بادینان
- دواتر پاسەوان بووە لە مەڵبەندی ڕێکخستنی موسڵ - دواتر ماوەی ٦ ساڵ کارمەندی ئاسایش بووە لە بەندینخانەی سوسێ، دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە فەوجی (٤) لیوای (٣) پێشمەرگە بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ ئاوارەی سلێمانی بوونە لەگەڵ خانەوادەکەی.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٥-٨-٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: گوندی کوشاف - گوێڕ - مەخموور

**شەهید (جەرگۆ)**

# جەنگی پیرداود مەولود پیرداود



ئەگەر بۆ مێژووی خەبات و بەرخودان و ماندووبوونی خانەوادەی (مام پیرداود) و برایەکانی بگەڕێینەوە ئەوان لەسەردەمی هەشتاکان لێوان لێو بوون لە کوردایەتی و هەست کردن بە ئازارو مەینەتییەکانی نیشتمان. ئەوان زۆر جیاوازتر لە دەورووبەری خۆیان تێگەیشتنیان بۆ ئازادی ڕا دەربڕین و ئازادی خاک و بەدیهێنەری مافەکانی مرۆڤ هەبووە. خانەوادەی (مام پیرداود) و برایەکانی بەگشتی هەستی نیشتیمانیان هەمیشە باڵانسەکەیان وەک چیای سەفین و دێدەوان لەبەرزی دابووە، جگە لەوەی خاوەنی ژمارەیەک شەهیدی سەنگەری مقاوەمەت و پاراستنی خاکن هەمیشەش لە پێش ڕاپەرینماڵەکانیان لانەو مەکۆی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە، ئێستاش هەستی کوردانەو شۆڕشگێڕی و تێگەیشتنیان بۆ نیشتمان پڕاوپڕە لە دڵسۆزی. ئەوەی مەبەستمە ئاماژەی پێ بکەم پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات شەهید (جەنگی پیرداود) ناسراوە بەجەرگۆیە. ناوبراو لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بەکاری ڕێکخستن وخەباتی نهێنی بوو، دواتر چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بووە پێشمەرگە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ڕەوشت بەرزو بێ ئاریشەو هێمن و هێور بووە. پێشمەرگەیەک ئازاو جاونەترس و بە پەیوەندی بووە لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگە، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتی هەتا بڵێی گوێڕایەڵ بووە، لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە ئازایانە لەپێشەوەی پێشەوەی شەڕەکان ڕۆڵی خۆی بینیوە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها چوارساڵ بوو لە یەکێک لەداستانە گەورەکانی یەکێتی لەبەرامبەر ڕژێمی عێراقی لە داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی لە ١٧- ٩-١٩٨٧ گەیشتە کاروانی هەمیشەنەمرانەوە.. هەوڵم دا پەیوەندی بکەم بە فەرماندەیەک یان پێشمەرگەیەک لەو شەڕەدا بەشداری کردبێ لێدوانێکمان بۆ بدات بۆ ئەم مەبەستە لیوا (شەفیق چاوشین) کە ئەوکات سەرپەرشتی کەرتی (٤)ی بەردەبازی دەکرد لەم

شەڕەدا وتی بۆ مێژوو دەڵێم شەهید جەرگۆ یەکێک بوو لە ئازاترین پێشمەرگەکان کەلەم شەڕەدا رۆڵی فەرماندەی بینی کە ترس لە گیانی ئەم لاوە نەمرە نەبوو، پێشتریش لە ٣ تا ٥ چالاکی ناوشاری ئەنجامدا جێگای سەرسورمان بوو، بۆ هەر چالاکییەکمان ناردبێ ئەو سەرکەوتوو دەبوو، چونکە ئازاو بەغیرەت و بەدەقیقەت و کارامە بوو من زۆر شانازی پێوە دەکەم کە لە ژیانی پێشمەرگایەتی جەرگۆ هەرگیز حسابی بۆ دوژمن نەدەکرد کە شەهیدیش بوو کەلەنێکی گەورەی دروست کرد لە کەرتی (٤)ی بەردەباز. هەزاران سڵاو لە گیانت ئەی کورە ئازاکەی دەشتی هەولێر، روحت شاد کاکە جەرگۆ..

- ناوی تەواو: جەنگی پیرداود مەولود پیرداود
- ناسراو بە: جەرگۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر.
- دواتر هاتوونەتە گوندی باغەمرەی شەهاب سەربەناحیەی دارەتووی ئێستا لەوێ گیرساونەتەوەو ژیانیان لەوێ بەسەربردووە .
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: تاپۆلی یەکی ناوەندی خوێندوە .
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣ بە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرکەرتی (٤)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی چالاکی کردووە لە سنووری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر و لەگەڵ ئەو داستانەی سنووری سەرکردایەتی.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە واتە جگە لەخۆی شەهیدان (کامەران مەلا حەسەن) و(کرێکار قادر) لەم خانەوادەیە شەهیدن.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٤) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ئێوارەی ١٧-٩-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: داستانی (١١) رۆژەی سماقوڵی - قۆپی سوسێ بریندار بوو لە هەمان رۆژ لە چیای هەورێ شەهید بوو.

## شەهید (جەوهەری ناسکە)

# جەوهەر حەوێز حەمگوڵ



ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگەی یەکێتی بوون باش ئاشنان بەئازایەتی و قارەمانیەتی فەرماندەیەک لەرۆژە سەختەکان هەڵوێستی جوامێرانەی دەنواندو لە رۆژە سەختەکان شێرئاسا رووبەڕووی درندەترین دوژمن دەبۆوە. ئەوانەی نەیاری یەکێتی بوون باش دەزانن ئەو شەرگەیەی جەوهەری ناسکەی لێ بووایە ساتر- خاک - برۆیشتبا جەوهەر ناسکە ناروا هەربۆیە دوژمن سەرسام بووبە ئازایی ئەم فەرماندەیە. ئەو کەسێکی دڵسۆزو خاکی و پیاوێکی جەماوەری بوو، ئەو غەدرو ستەم و زۆرداری قبوڵ نەدەکرد، ئەوەی جێگای باس کردنە سەرەڕای ئەو هەموو ئازایەتیە ئەو هەموو رێزو خۆشەویستیەی بەرپرس و سەرکردایەتی بۆیان هەبوو چەندین جار داوای ئەوەیان لێ کردووە بەرپرسیاریەتی وەربگرێ رەتی کردۆتەوە وتویەتی من خزمەت دەکەم خەبات دەکەم دژی جاش و بەعسیەکان دەوەستم بۆیە خەبات درێژەی هەیە، بۆیە پێشمەرگەیەکی سادە بیت فەرماندە بیت سەرکردە بیت هەر تێکۆشانە تا قۆناغی رزگاری، بۆیە من هیچ پۆست و پلەیەکم ناوێت. پێشمەرگەیەکی دێرین وتی راستە ئەو حەزی بە پلە وەرگرتن نەبوو، بەڵام بەچاوی فەرماندەیەکی باڵا یان سەرتیپێک سەیر دەکراو گوێ لە ڕاوبۆچوونی ڕادەگیرا.شەهید جەوهەر یەکەم شەهیدی ڕاپەرینی کۆیە بوو، پێشمەرگەی دێرین و جێگری مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگایەتی هەڤاڵ (کۆچەر عەبدوڵڵا) لەمەر جوامێری و ئازایەتی و هەڵوێستێکی مێژوویی شەهید (جەوهەر ناسکە) کە لەوێ ئامادەیی هەبووە وتی: دەمەوێ باس لە هەڵوێستێکی جوامێرانەی شەهیدی فەرماندە جەوهەر ناسکە بکەم کە لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٨٨ رژێمی بەعس لە چەند قۆڵێکەوە شاڵاوی بەدناوی ئەنفالی بەرەو دەشتی کۆیەو بەری قەڵا سێوکەو شێخ بزێنی سەروو دەستپێ کرد. پێشمەرگەکانی تیپی (٩٣) ی کۆیە بەشێکی کەم مابووین شەهید جەوهەر ناسکەش یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە لە سنوورەکە مابۆوە، هەر چۆنێک بوو تاوەکو دوای نیوەڕۆ لە چەند قۆڵێکەوە بەرگرییەکی باش کرا، دوای نیوەڕۆ

لەلایەن کاک شێخ جەعفەرەوە ئاگادار کراینەوە لە گوندی بانە گوڵان یەکتربگرینەوەو بەرەو ڕۆژئاوای کۆیە بڕۆین، ئێوارەکەی کۆبوونەوەیەک لەگوندی بانەگوڵان کرا و کاک شێخ جەعفەر داوای لە فەرماندەو پێشمەرگەکان کرد چەند کەسێک وەک چاوساغیمان بکەن هەرچەندە ئەرکێکی گران و مەسئولیەتێکی قورس بوو، ئاسان نەبوو لەم کاتەدا، بەڵام شەهید جەوهەر ناسکە دوای وتەکانی شێخ هەڵسایە سەرپێ و زۆر جوامێرانە گووتی برادەرینە نابێت خۆمان لەم ئەرکە پیرۆزە بدزینەوە بۆیە من وەک جەوهەر ناسکە ئامادەم دەلیلی ئەم هێزە بکەم بەهاوکاری کاک ئەحمەد کوردەو دەستەکەی. هەربۆیە پێشمەرگەو خەڵکێکی زۆر رزگاریان بوو لە پرۆسەی ئەنفال کردنی بەعسیەکان. ئەمە راستیەکی مێژووییە و بەڕاستی لەو ڕۆژگارە زۆر کەم کەس هەبوو ئەو مەسئوولیەتە بخاتە ئەستۆی خۆی.

شەهید: جەوهەر حەویز حەمگوڵ

- ناسراو بە: جەوهەری ناسکە
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی خرابە - دەشتی کۆیە
- عەشیرەت: مەنمی
- ئاستی خوێندن: تا پێنجی ئامادەیی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سەوزە عەبدوڵڵا حوسێن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: چیمەن - سەرگوڵ - هەژار هەوار - نەبەرد - نەبەز
- لە ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆ.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٧٨ دەستگیر دەکرێ لەلایەن ئەمنی کۆیە.
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ دوو هەڤاڵ سجن دەشکێنن بەناوەکانی (سوورە قۆریتانی - حەربی عەزیز) لە سجن هەڵدێن.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: بارەگای سەرکردایەتی لای شەهید ملازم سەید کەریم
- ساڵی ١٩٨٠ ماوەیەکی کەم دانیشتووەو وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ساڵی ١٩٨١ بۆتەوە پێشمەرگە لەرێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٨٢ ماوەیەک سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو بزووتنەوەی سۆشیالستی.
- لەناو بزووتنەوەی سۆشیالستی پلەی جێگری فەرماندەی کەرت بوو.
- پاشان لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە تیپی (٩٣)ی کۆیە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا شەهید بوونی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام داوەو لەزۆربەی شەڕەکان لە دەستەی هێرش کردن بووە. لەوانە شەڕەکانی: قەیوان ماوەت، هەلاج دابان، بیرەنەوتەکانی کەرکووک، گرتنی بێتواتە، گردی چادر، زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی ٩٣ی کۆیەو

مەڵبەندی ٣ی هەولێر.

- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی: ٣ جار بریندار بووە لە کۆیە - چیای بۆتێ - گەرمیان

- لە قۆناغی چواری ئەنفال بەسەرپەرشتی شێخ جەعفەر و بە چاوساغی شەهید جەوهەری ناسکە نزیکەی ١٢٥٠کەس لە ژن و منداڵ و پێشمەرگەی کۆیەو گەرمیان رزگاردەکەن.

- لەدوای ئەنفالەکان روو لە ئێران دەکەن بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە دێلزێی پیرانشهری ئێران نیشتەجێ دەبن.

- پێش دەسپێکی ڕاپەرین لەسەر راسپاردەو بڕیاری کاک نەوشێروان مستەفا رەوانەی کۆیە دەکرێ و نامەی نەوشێروان مستەفا دەگەیەنێتە جاش و مستەشارەکان بۆ خۆئامادەکردنی ڕاپەرین.


- بەشداریەکی کارا دەکات لە ڕاپەرینی رانیەو چوارقوڕنە و دواتریش گرتنی قشلەی کۆیە ناوبراو چەند هەڤاڵێک دادەنێن تا قشڵەی کۆیە ئازاد بکەن.

- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-٣-١٩٩١

- شوێنی شەهید بوون: قشڵەی کۆیە

شەهید (ڕەوەند)

# جەوهەر خدر شێخە عەلی



ئەو تەمەنی تەنها یەک ساڵ بوو باوکی لەسەر کوردایەتی لەلایەن (حرس قەومی) شەهید کراوە، ئەم خانەوادەیە لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو تێکۆشەری بزووتنەوەی کوردایەتی گۆش و پەروەردە کراون، ئەو گەنجێکی بزێو چاپووک و چاونەترس بوو، ئەو لەسەردەمی کاری نهێنی ڕێکخستنیش گەنجێکی کراوەو بەدەست و بەهیمەت بوو، ئەم لاوەش شەهید (جەوهەر خدر شێخە عەلی) ناسراو بە" ڕەوەند "ە. ناوبراو لە تەمەنێکی زوو پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو جێگر کەرت و فەرماندەی کەرتی بڕی، پیاوێک بەمانای وشە قارەمان وتێکۆشەر، دڵسۆزو کراوە، بەهیمەت و بە دیقەت، لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست و خۆنەویست، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی ناو کۆڵانی کردووە، هەڤاڵ (قارەمان شینە) پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی کەرتی ئەوێ ڕۆژێ دەربارەی شەهید ڕەوەند وتی: بەرای من هەرچەندی لەسەر ڕەوەند بنووسین حەقی خۆی پێ نادەین، چونکە ئازایەتی ناوبراو بێ سنوور بوو، خۆشەویستی ئەو بۆ شۆڕش و یەکێتی بێ سنووربوو، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتی زۆر گوێڕایەڵ بوو، دەتوانم بڵێم یەکێک بوو لە پێشمەرگە دەگمەنەکان بۆ متمانەو باوەڕ پێکردن لە کاتی شەڕو تەنگانە، قەناعەتێکی بۆ خۆی دروست کردبوو لەکاتی شەڕەکان (bkc) هەڵدەگرت بۆ ئەوەی بیر لە هەڵاتن نەکاتەوە لەزۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر بەشداری کاریگەری هەبوو زۆر جار تووشی دەنگەدەنگ دەهات ئەگەر لە دەستەی هجوم دانەنرابووایە،جێگای متمانەی بەڕێزان کاک کۆسرەت و شەهید ڕێباز بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنە بوو لە هەڵمەتی ڕەبیە گرتن لە ڕێکەوتی ٣-٣-١٩٨٧ لە نزیک ڕەبیەکانی گوندی دۆڵە بەکرە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو دروود بۆ گیانی پاکی شەهید ڕەوەندو تێکڕای شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: جەوهەر خدر شێخە عەلی
- ناسراو بە: رەوەند
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەڵۆزی ـ ناحیەی پردێ ـ پارێزگای کەرکووک
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- عەشیرەت: بلباس
- لە دوای شەهیدکردنی باوکی خانەوادەکەی روو لە شاری هەولێر دەکەن و لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ دەبن.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٣ لە کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری دەبێتە پێشمەرگە.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە.
- ماوەیەک فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (١) لای کاک قارەمان شینە.
- دواتر کراوە بە جێگری کەرتی (٤)
- دواتر کراوەبە سەرپەرشتیاری کەرتی (٤)
- یەک رۆژ پێش شەهید بوونی بە بڕیاری کاک کۆسرەت کراوە بە فەرماندەی کەرتی (٤)ی بەردەباز.لە تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٣ـ٣ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: رێگای هەولێر ـ کەرکووک ـ نزیک رەبیەکانی گوندی دۆڵەبەکرە.
- شەهید تەرمەکەی دەکەوێتە دەست رژێمی بەعس. بەبڕیاری کاک کۆسرەت تەرمەکەی بە (٤) سەربازی دیل دەگۆڕدرێتەوە..
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/١٢ لە ژمارە (٧١٦٦) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

شەهید (جەوهەری مەلەک ئاغایی)

# جەوهەر محەمەد مەعروف ئیسماعیل



پێشمەرگەیەک بۆ خاک و نیشتمان تێکۆشابێت، شۆڕشگێڕێک بەرخودان لەهزری خزمەت بێت بۆ رزگاری گەلەکەی ئەم پێشمەرگەیە وەفادار دەبێت بەرامبەر سامان و نەوەی داهاتووش، پێشمەرگایەتی لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوێ رۆژێ یەکسان بوو بە شەهید بوون. ئەوانەی رۆڵەو نەوەکانیان شەهید دەبوو لە ناو یەکێتی شانازیان دەکرد کە یەکێتین، چونکە یەکێتی بوون شەرەفێکی زۆر گەورەو هەیبەتێکی تایبەتی هەبوو، یەکێک لەوخانەوادە سەربڵندو نیشتمانپەروەرانەی دەشتی هەولێر بەوپەڕی هەست کردن بە دڵسۆزی نیشتمان و خەبات لە پێناو رزگاری هاتنە مەیدانی شۆڕش. خانەوادەی شەهید (جەوهەر) بوون. ناوبراو پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد تا شەهید بوونی جگە لە قارەمانیەتی و خەبات و تێکۆشان هیچ ئەرک و قورساییەکی مادی و مەعنەوی لەسەر شۆڕش نەبوو. پێشمەرگەیەکی خاکی و خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگەو ناو جەماوەر بوو. بەڵام بەداخەوە لە نەبەردییەکی قارەمانانەدا لە سنووری گوندی گەرۆتە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تربەناوی (مام قادری عارەب کەند) شەهید بوون و گەیشتنە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. روحتان شاد رۆڵە بەوەفاکەی گەل و نیشتمان.


ناوی تەواو: جەوهەر محەمەد مەعروف ئیسماعیل

- ناسراو بە: جەوهەری مەلەک ئاغایی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلەک ئاغا
- عەشیرەت: گەلاڵی

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: موعتەبەر عوسمان عەولا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: مەغدید، جوان، درەخشان، سەلاح، کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین شەڕی کردووە لەسنووری تیپەکەی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٣-٥-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی گەرۆتە

## شەهید (جەوهەر هەروتی)

# جەوهەر عەبدوڵڵا حەمەد حوسێن




دەڤەری کەندێناوە و بناری قەرەچوغ هەمیشە مەکۆو لانەی شۆڕش و کوردایەتی بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. بۆ ئەوێ ڕۆژێ کوڕانی بناری قەرەچوغ شێرئاسا هەڵمەتیان دەبردە سەر مۆڵگەو بازگەو بەعسیە زۆردارەکانی ڕژێم. تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ بۆ ئەوێ ڕۆژێ یەکێک بوو لەو تیپە ئازاو پڕ چالاکیانەی ڕۆژانە چالاکی ئەوتۆیان ئەنجام دەدا بەعسیەکانیان تووشی شۆک کردبوو، ئەم تیپە زۆربەی پێشمەرگەو فەرماندەکانی خەڵکی سنووری بناری قەرەچوغ و بەگشتی قەزای مەخموورو دەوروبەری بوون، هەر لەم پێناوەشدا وێڕای خەبات و بەرخودان سەدان شەهیدی قارەمانیان بەخشی بە خاک و نیشتمان. یەکێک لەو شەهیدە گەنجانەی کەتەمەنی (٢٠) بەهار بوو بووە پێشمەرگەو شەهید بوو، ئەویش (جەوهەر عەبدوڵڵا حەمەد حوسێن) گردە شینەیی بوو. ناوبراو کوڕێکی هۆشیارو خوێندەوار بووە، هێمن و ڕەوشت بەرزبوو، ئازاو چاونەترس بوو. لەتەمەنی (٧) مانگی پێشمەرگایەتی خۆشەویستی ناو هەڤاڵانی و دەوروبەری بوو. لە زۆربەی چالاکییەکان لە پێشەوەی پێشەوەی نەبەردییەکان بووە، بەڵام بەداخەوە خەون و خولیاکانی نەدی و لە نەبەردیەکی سەختی پێشمەرگایەتی لە شەوی ٧/٦ی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٧ لە سنووری گوندی ساقیە شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران درووود لە گیانت کوڕە ئازاکەی بناری قەرەچوغ......

- ناوی تەواو: جەوهەر عەبدوڵڵا حەمەد حوسێن
- ناسراوە بە: جەوهەر هەروتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گردەشینە، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: هەروتی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣ لەلایەن هەڤاڵ (سەرهەنگ حەسەن)ی ڕێکخراوەکان ڕێکخراوە بۆ ناو ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی ١٩٨٤ بیرۆبۆچونی گۆڕاوە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی (ئاڵای شۆڕش)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٨٧
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤)ی کەندێناوە (مەفرەزەی (٢) کە ئەوکات هەڤاڵ سابیرکاریتانی فەرماندەی مەفرەزە بوو.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی کە نزیکەی (٧) مانگ پێشمەرگە بوو تا شەهید بوونی بەشداری زۆربەی چالاکی و نەبەردییەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ٦/٧ـ١١ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: ڕەبیەکانی سنووری گوندی ساقیە

شەهید (وریا)

# جەرجیس قادر حەمەد مەلا




که باس له یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکرێت مێژووەکەی پڕاو پڕە له داستان و چالاکی و سەروەری ئەمە بۆ یەکێتی بۆ پێشمەرگەکانی هەزاران چیرۆکی تراژدیاو هەزاران سەرکەوتن و تا رادەیەکی زۆر بیرەوەری و نوکتەو قسەی خۆش و گاڵتەئامێزی بۆ دەفتەری بیرەوەرییەکان جێ هێشتووە، داستانی کونەکۆتریش یەکێکە لەو داستانانەی نەک یەکێتی، بەڵکو دەبێ هەموو شۆڕشگێڕو کوردپەروەرێک شانازی پێوە بکات، چونکە تەنانەت ئەو پێشمەرگەو فەرماندانە دەزانن دوژمن چ زەربەیەکی گەورەی پێ کەوتووە و چۆن دەرس دراون کە یەکێتی بەئینتمایەکی نیشتمانی بە هەستێکی کوردانە داکۆکی لەبست بەبستی ئەم کوردستانە دەکات، یەکێک لەو شەهیدانەی سنووری هەولێر کەلەم داستانە کەم وێنەیە شەهید بوو(جەرجیس قادرحەمەد مەلا) ناسراو بە (وریا) ناوبراو یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە بێ دەنگ و بێ ئاریشەکانی سنووری تیپەکەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، ئەو زۆر دڵسۆزو خاوەن ئینتمایەکی پاک و خاکی بووە بۆ شۆڕش وکوردایەتی، پێشمەرگەیەکی زۆر جوان وخاوێن و بە ئەتەکێت بووە لە رووی ئەداو پۆشینی جلوبەرگ و سیما، زۆر گوێڕایەڵ و بەدیقەت بووە لەکارەکانی بۆی دیاری کراوە. ئەو یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی بەبڕیاری سەرکردایەتی رەوانەی دەڤەری بادینان کراوە بەبێ ئەوەی لەدڵی گران بێت لەوێش بەشداری دەیان شەڕو چالاکی کردووە. بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٢ـ٩ـ١٩٨٨ لە داستانی کونە کۆتر گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەڤاڵ (عومەر گردەسۆری) پێشمەرگەی دانەبڕاو هاورێ شەهید وتی: شەهید وریا هەرچەندە گەنج بوو تازە پێ دەگەیشت، بەڵام خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو لەرووی کۆمەڵایەتی کەسێکی زۆر راستگۆو دەست و دەم و داوێن پاک بوو، هەمیشە روو بەخەندەو خۆش مەجلیس بوو زۆرڕێزی بەرامبەرەکەی دەگرت بۆیە زۆر خۆشەویست بوو لای هاورێیانی، ئەگەر باسی دیسپلین بکەین شەهید وریا نموونەیەکی زیندوو بوو بۆ پابەندبوون و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی و ڕاپەراندنی ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی. لەراستیدا پێشمەرگەیەکی چوست و چالاک و گوێڕایەڵ بوو

لەئاست بڕیارەکانی سەرووی خۆی، ئەگەر باسی دڵسۆزی بکەین نموونەی دڵسۆزی و وەفا بوو بۆ خاک و نیشتمانەکەی، هەزار درود بۆ گیانت ئەی هەڤاڵی خۆشەویست روحت شاد ئەی هەڤاڵی خۆنەویست.

- ناوی تەواو: جەرجیس قادرحەمەد مەلا
- ناسراو بە: وریا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوێڕ ـ قەزای مەخموور
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٨٦ دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەکەرتی (٤)
- لەگەڵ هێزێک رەوانەی بادینان کراوە.
- لەسنووری بادینان بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییەکانی کردووە
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژومانگ وساڵی شەهید بوون: ٢ـ٩ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل کونە کۆتر

## شەهید (جەلال حاجی گەلاڵی)

# جەلال حەمەدەمین ئەحمەد حەمەدەمین



دەڤەری گەلاڵەش لە مێژووی شۆڕشی نوێی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە خەبات و بەرخودان و تێکۆشانی ئەوێ رۆژێ، کورانی ئەم ناوچەیە بوون ببوونە سیمبوڵی ئازایەتی و پێشەنگ لە قارەمانیەتی و تێک شکاندنی هێزەکانی رژێم.. ئەوێ رۆژێ (گەلاڵییەکان) خۆنەویستانەو خاکیانە دژی بەعسیەکان وەستانەوەو بەرنامە گڵاوەکانی رژێمیان مایەپووچ کرد، کە دەیانویست ئەم ناوچەیە رووبەڕووی راگواستن و سووتان و تێکدان بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەوانەی بوونە جێگای شانازی گەلێک لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەکی شەرەفیان لەشان کردوو ئەم خەونەی رژێمیان لەباربرد. هەڵوێست و جوامێری خەڵکی گەلاڵە زۆرن و بە ئەژمارنایەن بەتایبەتی هەموو ماڵێک ببووە لانەو مەکۆی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەو خزمەت کردنی کەسوکاری پێشمەرگەش لایەنێکی تری سەروەری ئەم ناوچەیە. یەکێک لەو خەباتگێڕو پارتیزان و قارەمانانەی ناوچەی گەلاڵە شەهید (جەلال حاجی گەلاڵی)یە. پێشمەرگەی دێرینی ئەوێ رۆژێ و کادیری پێشکەوتووی ئەمڕۆی یەکێتی نیشتمانی هەڤاڵ (هەڵۆ حەسەن) دەربارەی شەهید وتی: بێگومان شەڕی ئەوێ رۆژێی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پێویستی بە دیسپلینی سەربازی توند هەبوو چونکە لایەنی چۆنایەتی فکری و ئایدۆلۆژی پێشمەرگە تاکە رێگابوو بۆ راگرتنی هاوسەنگی بەرامبەر زۆرو زەوەندی رژێمی فاشستی بەغدا و چەکە مۆدێرن و پێشکەوتووەکانی، لەم بارەیەوە شەهید (جەلال حاجی) لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی رۆژانەی پێشمەرگایەتی هەمیشە مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕێکی چەپ و شۆڕشگێڕانە بوو. ناوبراو خاوەن ئیرادەو دیسپلینێکی بەئەزموون و دەگمەنی سەردەمی خۆی بوو، هەر ئەوەش بوو ببوە هۆی ئەوەی سەرووی خۆی رۆژ دوای رۆژ و زیاتر لە توانا شاراوەکانی تێبگەن، هەروەها رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبووە جێگای متمانەی هەڤاڵەکانی و ئەرکی فەرماندەیی پێشمەرگایەتی پێ دەسپێردرا. لە رووی کۆمەلایەتی

شەهید جەلال خاوەن کەسایەتییەکی کارامەی دەگمەن بوو لەدروست کردنی پەیوەندی قوڵ و بەرفراوان لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکان هەرئەوەش وای کردبوو لەگەڵ سەدان پێشمەرگەی یەکێتی و لایەنەکانی تر پەیوەندی گیانی بەگیانی پێکەوەبنێ و ئەم پەیوەندیانەش گەشەی پێ بدات و بپارێزێ. هەر ئەو پەیوەندییە فراوانەش بوو شەهید جەلالیان لە فەرماندەیەکی ناوچەیەی بکاتە فەرماندەیەکی کوردستانی و ئەم پەیوەندیانەش بۆ قۆناغی پارتیزانی زەمینەی خۆش کرد لەناوچەکە بمینێتەوە. لەرووی دڵسۆزی و پاکیەوە یەکێک بوو لە فەرماندە دڵسۆزەکان و جێگای متمانەی سەرکردایەتی و هەڤاڵەکانی بوو. کاتێ بووە پارتیزان دوای ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ زۆربەی ئەوچەک و تەقەمەنیانەی مەڵبەندی (٣) کە بۆ خەباتی پارتیزانی داهاتوو شاردرانەوە بەسەرپەرشتی شەهید جەلال بوو، چونکە جێگای هەموو متمانەو بڕوایەکی شەهید هەڤاڵ کوێستانی و هەڤاڵانی سەرکردایەتی بوو.


ناوی تەواو: جەلال حەمەدەمین ئەحمەد حەمەدەمین

- ناسراو بە: جەلال حاجی گەلاڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی گەلاڵە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: نەسرین مەحمود عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئارا - ئاوا - ئاسا
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٣-١٠-١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک
- ئۆرگانی رێکخستن کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لە رێکەوتی ٢٩-٧-١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە - دواتر کراوە بە جێگری کەرتی (٥)ی گەلاڵە لە تیپی (٧٨) کارۆخ
- لە رێکەوتی ٩-٦-١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەلاڵە
- لە رێکەوتی ٢٤-٧-١٩٨٧ کراوەتە جێگری تیپی (١٩)ی کۆرەک
- لە رێکەوتی ٣-٩-١٩٨٩ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێ
- شەهید بەشداری لە ڕاپەرین دەکات و رۆڵی هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان تا کەرکوکی کوردستان و لەوێ بریندار دەبێ...
- لەرێکەوتی ٢٣-٤-١٩٩١ کراوەتە جێگری بەتالیۆن
- لە رێکەوتی ٥-٥-١٩٩١ کراوەتە بەرپرسی بەتالیۆنی (٢٣)ی زۆزک
- لەتەشکیلاتی کردنەوەی هێزەکان لەهەمان ساڵ کراوەتە فەرماندەی هێزی زۆزک
- لە رێکەوتی ١٥- ٢- ١٩٩٣ کراوەتە جێگری لیوای (٣٣)
- لە رێکەوتی مانگی ٥ی ساڵی ١٩٩٤ کراوەتە بەرپرسی میحوەری باڵەکایەتی
- لەهەمان ساڵ کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی (سۆران)

- له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و بەرگری و چالاکییەکانی سنووری باڵەکایەتی و سەرکردایەتی کردووە و بگرە لە هەندێ شەرگە خۆی سەرپەرشتی کردووە.
- لەبەر ئازایەتی و چاونەترسی و قارەمانیەتی و پێشەنگ لەشەڕەکان لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٨) جار بریندار بووە لە گوندی کانیە زیل لە ساڵی ١٩٨١ لە دۆڵی خانەقا لە ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی کەلێتە لە شەوی ١٧/١٨-٢-١٩٨٦، لە سپیلک لە شەوی ١٠/١١-٢-١٩٨٧، دۆڵی خانەقا شەوی ٧/٨-٩-١٩٨٧، لە کەرکووک ٢٠-٣-١٩٩١، شەڕەکانی سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٨٨، دواجار لە ٩-١-١٩٩٥ دواتر شەهید بوو
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-١-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: قەسرێ

### شەهید (جەلال قادر)

# جەلال قادر عوسمان وەسمان




دەڤەری خۆشناوەتی مێژوو شایەدی بۆ دەدات کە پێشمەرگەکانی یان فەرماندەکانی چەند ئازاو بە هیمەت و خۆڕاگربووینە لە شۆڕشەکانی کورد بەگشتی و بەتایبەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. ئەوان چ لەسنووری تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەدوژمنیان هێنابووە هەژان بەردەوامیش بۆ هاوکاری تیپەکانی تر پاڵپشت و هاوکار بوون بۆ زەبروەشاندن لە سنوورەکانی سەرکردایەتی و تیپەکانی دەورووبەر، ئەوەی دەمانەوێ ئاماژەی پێ بکەین رۆڵ و پێگەی شەهیدێکی خۆشناوەتیە لەسنووری بەڕانەتی ئەسپی خۆی تاودەدا، بەڵام لە تەشکیلاتێک لەدەرەوەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ (عوسمان دەشتی) کادیری پێشکەوتوو لەشاخ دەربارەی شەهید (جەلال قادر) و ئەو تەشکیلاتە تایبەتەی ئەوێ رۆژێ وتی: لە ساڵی ١٩٨٣ بەفەرمانی سەرووی رێکخستن بڕیاردرا کەوا مەفرەزەیەکی نهێنی پێک بهێنن بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی ناوشارو شارۆچکەکان، شەهید جەلال یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی ئەو مەفرەزەیە لێرەدا حەقی خۆیەتی بڵێین ناوبراو ئەوەندە دڵسۆزو کاراو چاونەترس بوو بۆیە پاش فراوان بوونی ئەم تەشکیلاتە کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەم کرایە فەرماندەی مەفرەزە کە ئەوکات هەڤاڵ (کاروان مەسیفی) سەرپەرشتی دەکردن، لەم سەروبەندە لە ساڵی ١٩٨٥چەند هەڤاڵێکی رێکخستن لە سنوورەکە دەستگیر کران، ئەوانیش هاتنەشاخ و پەیوەندیان بەکۆمیتەی شاخ کرد لە گوندی خەتێ کە هەڤاڵ عەبدوڵڵا حەبیب لێپرسراوی ئەم کۆمیتەیە بوو. کوڕانی خۆشناوەتی رۆڵ و پێگەی سەرەکیان لەم مەفرەزە هەبوو وەک (کاروان مەسیفی، شێرکۆ ناسراو بە شووشە، سمکۆ، مەجید عەولا، بەکری برای شەهید هاشم جیهاز، شەهید جەلالی دۆنگزاوا)ی. لە ساڵی ١٩٨٧ پێشنیارێکیان بۆ هەڤاڵ مام جەلال بەرزکردەوە کەوا بەهۆی فراوان بوونی رێکخستن و کارو چالاکییەکانیان رێگا بدات کەوا سێ لق

بکەنەوە بەناوی (ناوچەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەهەر یەک ناوچەکانی (شەقڵاوە، رواندز، کۆیە) جەنابی مام پێشنیارەکەی لا پەسند بوو هاوکاری تەواوی ناوچەکانی کردبە ناردنی (٦٠ کلاشنکۆف و بڕێک پارە) لەهەمان ساڵ ستافی ناوچەکانیان دەستنیشان کرد بەرسمی هەریەک لە هەڤاڵان (فریاد رەواندزی بۆ ناوچەی رواندز۔ مەجید میرخان بۆ ناوچەی کۆیە، بەندەش بۆ ناوچەی شەقلاوە) دواتر ژمارەیەک پێشمەرگەو چەک و پارە درایە ناوچەکان. ئێمە وەک ناوچەی شەقلاوە بارەگامان دانا لەناو باخچەکانی خوارووی هیران بینایە کۆنەکەی نادی بارەگامان ڕێکخست و دەستمان بەکارو چالاکی کرد. بەڵام بەداخەوە شەهید جەلال قادر تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو چونکە بەپێی نەخشەو پلانێکی پتەو دارێژراو لە شەوی ٦/٧ـ١١ـ١٩٨٧ بەسەرکردایەتی کاک کۆسرەت کە لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٥ی بەرانەتی لەگەڵ تۆپخانەی مەڵبەندی (٤) پێکهێنرا لەبەرئەوەی چالاکییەکانی ناوچەی شەقلاوە لەسنووری تیپی بەڕانەتی بوو هەردوو مەفرەزەکەی هەڤاڵان کاروان مەسیفی و جەلال قادر خرانە گەر کاک عوسمان بانیمارانی لە تیپی ٨٥ی بەرانەتی بۆ لێدانی فەوجی پاسەوانی کارگەی (کبریتی میشراق) ئەم شەوە چالاکییەکە بەسەرکەوتووی تەواو بوو دەیان لاشەی دوژمن لە مەیدانی شەڕ کەوتبوو زیان و زەرەرێکی زۆر بە دوژمن کەوت، بەڵام بەداخەوە ئەم داستانە بەخوێنی گەشی کاکە جەلال قادر دۆنگزاوایی و (١٠) پێشمەرگەی تر نەخشێندرا. هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید جەلال و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: جەلال قادر عوسمان وەسمان
- تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دۆنگزاوا ـ ناحیەی مەسیف ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نەخشین مستەفا جوندی
- ناوی منداڵەکان: سۆران ـ ئەژین ـ گۆران
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ هێڵی خەتی گشتی
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: مانگی ٧ی ١١ی ساڵی ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی ساقیە لێدانی کبریتی میشراق

شەهید (جەلیل ئیلنجاغی)

# جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد



ئەوانەی ڕێگای خەبات و شۆڕش و کوردایەتیان هەڵبژارد بەتەئکید سەختی و ناخۆشیەکانی پێشمەرگایەتیان لەهزردا تاوتوێ کردبوو ئینجا بڕیاریان دابوو خۆیان بگەیەننە شاخ و ببن بە پێشمەرگەی خاک و وڵات، ئەم بڕیارەش بۆ ئەوێ ڕۆژێ لاوەکانمان وەلائێکی تایبەتی لەپشت بوو بەتایبەت بینینی ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی سەدامیەکان دەرهەق بە تاکی کوردیان دەکرد. لەلایەکی تر شۆڕش و کوردایەتی ئەوکات شەرەفێکی گەورە بوو بەرامبەر دوژمنێک بوەستیتەوە لەڕووی هێزو تەقەمەنیەوە زۆر نابەرامبەر بوون. لەسنووری کۆیەو تەق تەقیش گەنجێکی زۆر پەیوەندیان بەشاخ کردوو بوونە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر یەکێک لەو پێشمەرگە گەنج و ئازاو خۆڕاگرانەی گوندی ئیلنجاغی شێخانان کاکە (جەلیل حەمەد ساڵح) بوو. ناوبراو تازە تەمەنی گەیشبووە (١٩) ساڵ، بەڵام خۆشەویستی ئەو بۆ کوردستان و کوردایەتی هەمیشە لە هزری دەخولایەوە و چۆن پەیوەندی بکات بە شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەو لە ساڵی ١٩٨٦ چەکی کوردایەتی لەشان کردوو بووە پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و ئازاو بە دیقەت. درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا تا هێزی پێشمەرگە دەستی بە پاشەکشەکرد بۆ سەر سنوورەکان. لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین بەشداری دەکات و قارەمانانە لە هێرش و بەرگرییەکان ڕۆڵی گرنگی بینیوە. بەڵام بەداخەوە لە ٣١-٣-١٩٩١ لە زوورگەکانی سنووری دیبەگە شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد
- ناسراو بە: جەلیل ئیلنجاغی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٧

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: بڕوانامەی نەبوو، بەڵام دەیزانی بخوێنێتەوە
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٦) ئەو کات هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی بەرپرسیان بووە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە.
- جگە لە خۆی (١١)مین شەهیدی خانەوادەکەیانە لەناویاندا برایەکی بەناوی (شەهید موحسین).
- شەهید جەلیل بەشداری لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کرد لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ـ٣ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: زورگەکانی سنووری ناحیەی دیبەگە.
- لەم بەرگریە (٣) هاوڕێی تری شەهید بوون بەناوەکانی (مەعروف کەریم باداوەیی، زاهیر هەمزە ئیلنجاغی، شێرکۆ ئۆمەر وەسمان.

### شەهید (رەنجە)

# جەلیل ئەمین سادق




لاوێکی سیما جوان، ناخ جوان، لە کوردایەتی دڵسۆز، جوان لە خەبات و بەرخودان، پاک بۆ دەورووبەر، شەهید "رەنجە تەللخێمی" لاوێکی تەمەن (٢٢)ساڵی رۆشنبیرو بەتوانا خوێندکاری کۆلیجی ئاداب بەشی ئینگلزی، سەیرکەن گەنجێک خوێندکاری زانکۆی مستەنسریەی بەغدا بێت، بێگومان خۆشیەکانی زیاترو زۆرترە لە کەسێکی پێشمەرگە و یاخی لەشارو نازو نیعمەتەکانی شار، وەلێ هەستێک، ویژدانێکی زیندوو، کوردبوونێک لەسەر ئەساسی خۆشەویستی خاک، شەهید رەنجە هەموو خۆشیەکانی ژیان، دەستکەوتە مادییەکان، شەهادەو دوارۆژی خوێندنەکەی کردە پەیامێک بۆ سەدامیەکان، وتی ئازادکردنی خاک و نەتەوەکەم زۆر گەورەترە لە دەستکەوتە شەخسیەکان، ئا لەو کاتە لە بەغداوە بۆ بەستی شەرغەو سنووری مەنتکایەتی لە قەڵەمی دەستیەوە بۆ کلاشنکۆفە مزەلیەکەی قۆناغی پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٩٨١ دەستیپێ کرد.. پێشمەرگەیەک جوامێر۔ دڵسۆز۔ ئازا۔ کۆڵنەدەر۔ لەداستان و شەڕو چالاکییەکان پێشمەرگەیەکی بەهیمەت و چاونەترس و بەورە بوو، لەکاتی تەنگانەو شەرە دەستەویەخەکان بەردەوام رێنمایی و تەوجیهاتی پەخش دەکرد بۆ هاورێیانی، فەرماندەیەک خاکی و خۆشەویست بوو لەناو هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەک بەدیقەت ـ تا ئاستێکی بەرز رۆشنبیر۔ زۆر سیفەتی جوان لە شەهید رەنجە کۆببۆوە ـ خۆشەویستیەکی زۆری هەبوو بۆ هەژارو جووتیارو لادێ نشینەکان، بەهەمان شێوە خەڵکیش لە هەموو چین و توێژەکان شەهید "رەنجەیان "خۆش دەویست، شەهید رەنجە پیاوێکی کراوەو بە مەجلیش قسە خۆش بووە، لە کۆڕو دانیشتنەکان هەمیشە نوکتەو بەسەرهاتی تازەی لابوە، لە رووی هونەریەوە گەنجێکی دەنگ خۆش و شارەزا بووە لە تۆن و دەنگ و نۆتە دەیتوانی بەرهەمی ناوازە پێشکەش بکات.. ناوبراو خاوەنی (٢) بەرهەمی کاسێتی گۆرانی بوە، لە هاورێیەتی زۆر راست و رەوان و شەفاف بووە، هەمیشە ئەوەی بۆ هاورێیانی دووپات دەکردەوە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی پەیوەندییەکان مەبەستن،

بەڵکو پەیوەندییەکانتان لەسەر ئەساسی خۆشەویستی و ڕێزو پیاوەتی و چاکەخوازی بێت.
ـ ناوی تەواو: جەلیل ئەمین سادق
ـ ناسراو بە (ڕەنجە) لە ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی تەللخێم ی گەورەی ناوچەی کەندێناوەی سەر بە ناحیەی گوێڕی هەولێر لە دایک بووە..
ـ لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆلیجی ئاداب بەشی تەرجەمە لە زانکۆی مستەنسریەی بەغدا وەدەگیرێ، لە قۆناغی سێیەم لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە دەکات، وەک کادیرێکی لێهاتووی ئەو حزبە درێژەی بە خەبات دەدات.
ـ لە ساڵی ١٩٨٢ خەباتی پێشمەرگایەتی گواستەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەبەر لێهاتوویی خۆی لێپرسراوی ناوچەی (شەمامک و کەندێناوەو قەراجی) پێ سپێردراوە.
ـ لە ساڵی (١٩٨٤) بەشداری کۆنفرانسی (٣) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کردووە،بۆ ئەنجامدانی چالاکی چۆتە بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٤ کراوە بە فەرماندەی کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.
ـ لە زنجیرە چیای گەرۆتە لەو شەڕەدا بریندارببوە، پاشان کاک کۆسرەت بڕیاری دابوو بیکاتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، شەهید ڕەنجە بەشداری فەرماندەیی چەندین داستان و شەڕو چالاکی هەمەجۆری کردووە لەوانە: بێتواتە ـ هیران ـ پارێزگاری مەڵبەندی چوارـ شەڕی بالیسان ـ گەرۆتە ـ چەمە دووبزـ گردقۆشەنەـ مەلا عومەر ـ ڕێگای کۆیە ـ دێگەڵە ـ ڕێگای هەولێرـ گوێڕ ـ ڕێگای هەولێر کەلەک ـ کەورەبەن ـ سەیتەرەی هەولێر ـ مەخموور ڕێگای هەولێر ـ دیبەگە ـ ڕێگای هەولێر ـ کەرکووک ـ جادەی کوبیان ـ بیرەبات ـ شەڕی زمارە ـ دەشتی کۆیە ـ نەبەردییەکانی ناوشاری هەولێر (ئیسکان ـ ڕووناکی ـ حی زراعە ـ ماجیداوە ـ لەتیفاوە مەجید عەیشێ ـ معمل قیرو ـ کوران ـ حی عەسکەری) لە ١٠ـ٧ـ١٩٨٦ لە کاتێکدا ڕژێم بە کۆپتەرو تانک و زرێپۆش و هێزێکی گەورەی ڕژێم لە جەیش و جاش هێرشیان کردە سەر گوندی (سێ گردکانی) ڕۆژئاوای کۆیە لە نەبەردەیەکی بێ وێنەدا کاکە ڕەنجەو یاسین موعەلیم و شاکر سۆربەشی شەهید دەکرێن، شەیانی باسە شەهید ڕەنجە برایەکی تری بەناوی (ئەحمەد ئەمین سادق) شەهید کراوە.. شەهید ڕەنجە جگە لە وەی فەرماندەیەکی قارەمان و بوێر بوە لە چەندین بۆ نەو ئاهەنگ وەک شاعیرو گۆرانیبێژ بەشداری کردووە.. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید ڕەنجەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٣/٩ لە ژمارە (٦٩١٨) لە لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (حاجی عەوێنەیی)

# حاجی بەکر ئیبراهیم خدر



ئەوێ ڕۆژێ گوندی عەوێنەی شەهید بەخش و لانەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆڵ و پێگەیان لەشۆڕش و کوردایەتی باڵانسەکەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەرزی بوو، ئەوان بیرکردنەوەو هزریان لەچوارچێوەی کوردایەتیەکی تۆخ ئەخولایەوە، ئەوان بەرخودان و تێکۆشانیان کردبووە پەیڕەو و پڕۆگرامی ژیانیان، بۆ ئەوێ ڕۆژێ گوندی عەوێنە لە ڕووی دانیشتوانەوە گەورەترین گوندی دەشتی هەولێر بوو، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەیان پێشمەرگەو چەندین فەرماندەی تێکۆشەریان هەبوو لەمەیدانی خەبات ئەسپی شۆڕشگێڕی خۆیان تاودەدا. ئەگەرباس لە شەهید و قوربانیانی ئەم گوندە خۆڕاگرە بکەین دەبینین لە خوێن بەخشینش سەرقافلەو پێشەنگن. یەکێک لەوخانەوادانەی دەمانەوێ ئاماژەی پێ بکەین بنەماڵەی شەهید (حاجی بەکر ئیبراهیم) عەوێنەییە. لەیەک خێزان (٥) برا شەهید لەگەڵ (٨) کەسی ترله (مام و ئامۆزاو برازا). شەهید حاجی عەوێنەی بۆ ئەوەی کاروانی شۆڕش نەپساوەبێت دەبێتە پێشمەرگە تا ئازادی و سەرفرازی بۆ میللەتە چەوساوەکەی بەچاوی خۆی ببینێ و دڵی ئاسوودە بێت لەپاش ئەو هەموو قوربانی و خوێنەی بەخشیوە بە کوردستان. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە داستانی قەیوان ماوەت لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. ڕوحت شاد، ئارامگەت ئارام کوڕە ئازاکەی دەشتی هەولێر..

- ناوی تەواو: حاجی بەکر ئیبراهیم خدر
- ناسراوە بە: حاجی عەوێنەیی
- ساڵی لەدایک بوون ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی عەوێنە - ناحیەی گوێر - قەزای مەخموور

- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- ساڵی ١٩٨٣ بۆ ساڵی ١٩٨٤ زیندانی بووە لە بەندینخانەی بەغدا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٥
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦ لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤)ی کەندێناوە
- جگە لەخۆی (٤) برای تری بەناوەکانی (عوسمان - شاکر - نەبی - زکری) شەهیدن. دوو ئامۆزای بەناوەکانی (محەمەد - عەباس) شەهیدن. دوو برازای بەناوەکانی (عزەت - کاوە) شەهیدن. مامی بەناوی (حاجی جەمیل) و ژمارەیەک ژنیش کە ئامۆزاو کەسی نزیکی شەهید حاجی عەوێنە)ن بەدەستی عەرەبە شۆڤێنیەکان شەهید کراون.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و داستانەکانی سنووری تیپەکەی و شەڕەکانی سەرکردایەتی کردووە.
- دووجار لەژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦-٩-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: قەیوان ماوەت دۆربێشک

شەهید (کرێکار ئاومالی)

# حەسەن حوسێن حەمەدەمین رۆستەم



تیرۆر سنووری نییە، لەوکاتەی کورد بوونی هەیە، ئەنفال، سێدارە، کیمیا باران، کوشتن، تیرۆر، دەکرێت. ئەوە دوای ئەوە میللەتی کورد تووشی نەهامەتی و ئاریشەی تازە دەبێتەوە، لە دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق، ماوە ماوە تیرۆریستان دەستی رەشیان بەخوێنی رۆڵەی کورد سوور کردووە، دیارترین تەقینەوەش کە زۆرترین قوربانی لێ کەوتۆتەوە هەردوو تەقینەوەکەی بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر و بارەگای لقی ٢ی پارتی بوو، یەکێک لەو شەهیدانەی لە بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر خوێنی تێکەڵ بەخاکی کوردستان بوو، (حەسەن حسێن حەمەدەمین رۆستەم) ئاومالی بوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و چاوکراوەو خۆشەویست بوو، لە سەرەتایی راپەرینەوە لەلای شەهید (مەلا عەزیز) بۆتە پێشمەرگە رۆڵی کاریگەری هەبووە لە ئازاد کردنی هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان، لە زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لە حکومەتی هەرێم بەشداری کردووە تا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، دواتر هەڵوێستی سیاسی نواندووە ئاوارەی شاری کۆیە بوە، شەهید حەسەن درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە مەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر لە کۆیە لای شەهید (دێدەوان) دواتر بەبێ دابڕان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ٢٠٠٤، بەڵام بەداخەوە دوژمنانی کوردو نەیارانی حکومەتی هەرێم، تیرۆریستانی دژ بە دیموکراسی هەڵیانکوتایە سەر بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە رێکەوتی ١-٢-٢٠٠٤ یەکەم رۆژی جەژن گەورەترین تەقینەوەیان ئەنجام دا بووە شەهیدبوونی دەیان کادیری پێشکەوتوو و پێشمەرگەو هاووڵاتی سڤیل لە ناویاندا شەهید حەسەن ئاومالی.هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید حەسەن و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: حەسەن حوسێن حەمەدەمین رۆستەم
- نازناو: کرێکار ئاومالی

- تەمەن: ١٩٧٢
- شوێنی لە دایک بوون: ئاوماڵ
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: تا ٢ ی ناوەندی خوێندووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: ژینۆ - کاژیان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٩١ لای شەهید مەلا عەزیز بەردەسپی
- لە هێزی ١١ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. بەهۆی تەشکیلاتەکانی ئەوکات بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی
- دواترلە ساڵی ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە لای شەهید (دێدەوانی سەید محەمەد) تا ساڵی ٢٠٠٤
- ساڵی شەهید بوون: ١-٢-٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: تەقینەوەکەی هۆڵی مەڵبەندی ٣ی هەولێر

ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٣ لە ژمارە (٦٩٦١) لە لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (کوردۆ)

# حەسەن حوسێن عەلی سلێمان



ئەو لاوێکی خوێن گەرم و سیما رەنگ گەنمی، ئەو خوێندکاری زانکۆ بوو، ئەو رۆشنبیرێکی تازە هەڵکەوتووی دەشتی کاکی بەکاکیەکەی هەولێربوو، دڵسۆزی و هۆشیاری کوردانەی ئەوێ رۆژێ وای لێ کردبوو لەسەرەتای تەمەنی تێکەڵ بەکاری سیاسی بێ، ئەم لاوە رۆشنبیرەش (حەسەن حوسێن عەلی سلێمان) ناسراو بە (کوردۆ) خەڵکی گوندی (قولتەپە)ی سەربەناحیەی قوشتەپەیە. لە دوای هەرەس خزایە ناو کاری رێکخستن وسەرەتایی ساڵی هەشتا پەیوەندی کرد بە رێزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان بووە پێشمەرگەو دواتر سەنگەری گواستەوە بۆ رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەلێ چ پێشمەرگەیەک ئازا، چاونەترس، بەهیمەت و بە غیرەت، پیاوێکی سادەوساکار وخاکی، پێشمەرگەیەک راستگۆ، رەوان و بەدیقەت، لەبەر ئازایی و قارەمانی هەر زوو کرایە فەرماندەی مەفرەزەو دواتر جێگری کەرت. مێژوو شایەدی بۆ دەدات ئەم پێشمەرگەیە لە ژیانی خەبات و تێکۆشانی لە هێرش و بەرگری و چالاکییەکان چ رۆڵێکی هەبووە، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٢-١١-١٩٩٧ مەرگ مەودای نەداو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاکە کوردۆو سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: حەسەن حوسێن عەلی سلێمان
- ناسراو بە: کوردۆ
- تەمەن: ١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قولتەپە - سەر بە ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مەنمی

- ئاستی خوێندن: خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری سلێمانی بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: زولێخا کەریم حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکان: هەژار - رۆژگار - محەمەد - راوێژ - ئەحمەد
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٥
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ٢٠-٤-١٩٨١ سەرەتا لەرێزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان بۆتە پێشمەرکە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- ساڵی ١٩٨٥ جێگری کەرتی (١) شەهید کاوە بوە لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە کەرتی (١) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، جێگری کاک سوارە بیستانە بووە
- لە: ١٢-١١-١٩٩٧ ماڵئاوای لە خانەوادەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٧/٢٨ لە ژمارە (٧٠٣٠) لە لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (حەسەن سۆفی)

# حەسەن سۆفی محەمەد ئەحمەد



پیاوێک راستگۆ، جوامێرێک پاکترلە ئەوین، پێشمەرگەیەک خاکی تر لە نیشتمان، دڵسۆزێک مەگەر بەس خۆی بزانێ چەند بە پاکی هەنگاوی ناوە بۆ تێکۆشان و بەرخودان. مەگەر بەس خۆی بریار لە چۆنیەتی ویژدان و ئاراستەی خەبات و شۆڕشگێڕی خۆی بکات لە دنیایەکەی تر کە ئەمەش جێگای فەخرو شانازی خانەوادەو یەکێتی و خاک و کوردایەتیە بەگشتی. ئەو هەرگیز لەخەونیش خیانەتی لە شۆڕش و ئینتیمای کوردایەتی نەکردووە، ئەوان ژمارەیەک تێکۆشەرو پیاوی رۆشنبیرو ئاینی لەبارەگایەکی سەر بە مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بوون، چالاک و گورج وگۆڵ بوون لە مەیدانی کاروباری شۆڕشدا.. لەرووی جەماوەری و خۆشەویستی لادێ نشینەکان شەهید حەسەن سۆفی پێشمەرگەو فەرماندەیەکی رێزلێگیراو بوو. ئەم خانەوادەیە زۆر دڵسۆزو کوردپەروەرو شۆڕشگێڕبوون لە دەڤەرەکە، لەسەر یەکێتی بوونیان باجی قورسیان داوەو هەر کۆڵیان نەداوە چونکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پارێزەرو داکۆکیکەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەزانن. بەڵام بەداخەوە زۆر جێگای نیگەرانییە پاش ئەو هەموو خەبات و بەرخودانە لەشەرێک شەهید بیت باوەڕت پێ نەبێ و لەهزرت هەمیشە نەفرەت لێ کراوبیت ئینجا تیایدا شەهید بیت، ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین سەرجەم هاورێ و هاوسەنگەرانت بەڵێن دوویات دەکەنەوە رێبازە پیرۆزەکەت بەرنەدەن و خەبات درێژەی هەیە نەسرەوتن تا سەرکەوتن. هەزار درودو لە گیانت پێشمەرگە خاکیەکەی نیشتمان..

- ناوی تەواو: حەسەن سۆفی محەمەد ئەحمەد
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی وەرتێ - قەزای سۆران
- عەشیرەت: باڵەک

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: هەمین مەلا حەسەن لە ساڵی ١٩٧٢ هاوسەرگیری کردووە.
- ناوی منداڵەکانی شەهید: سورمە، بەهار، کامیلە، سەرباز، هاوار، هێمن، ئاوارە، شنۆ، هیمداد
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک
- ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی ئەوێ ڕۆژێی کردووە وەک: قەیوان ماوەت، هەڵەموند، زاوڵ، خۆشناوەتی، مێرگەسەر، ئالانە، زینەتیر، بانەسەر، وەرتێ، داستانی سەری ڕەش، شاخی سۆر، بالیسان. چەندین شەڕی تر کە ناکرێ ئاماژەی پێ بدەین.
- یەک جار بریندار بووە لە کیمیابارانی بالیسان
- لە پێش ڕاپەرین فەرماندەی پێشمەرگەکانی یەکێتی زانایان بوو لەمەڵبەندی سێ
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی ئێران بوو لە ئۆردوگای هەنگەوێ نیشتەجێ بوو.
- ناوبراو بەشداری ئازادکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە بە کەرکووکی قودسی کوردستان
- ماوەیەک لەهێزی مامە ڕووت - لەشکری کارۆخ - میحوەری وەرتێ درێژەی بەخەبات داوە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨/٢٩-٥-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: کێلی دەرگەڵە سنووری ناحیەی وەرتێ

شەهید (حەسەن ئەبو شوارب)

# حەسەن محەمەد حەسەن مەولود



کۆمەڵێک کادیری ڕێکخستنەکانی ئەوێ ڕۆژێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری هەولێر لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو تەنها بەرنامەی ڕێکخستنیان راپۆرت نووسین و پلان دانان نەبووە بۆ هێزی پێشمەرگە تا بێن چالاکی ئەنجام بدەن، بەڵکو خۆشیان دەیان گرووپ گرووپی بچووک بەژمارە لەم هەولێرە سەدان ئەفسەرو ئەمنی داوێن پیسیان بەسزای گەل و نیشتمان دەگەیاندو قەیسەریان لە بەعسیەکان کردبووە کونە مشک. ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ لەرێکخستنی نهێنی کاریان دەکرد نهێنی پارێزو دڵسۆز نیشتمانپەروەر بوون، ئەوان زۆربەیان خاوەن بڕوانامەو کەسی ڕۆشنبیربوون، جگە لە کوردایەتی و هەست کردن بەبەرپرسیاریەتی هیچ بەرژوەندییەکی شەخسیان لەم کارە نەبوو، زۆرباش دەیانزانی شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی پڕ لەسەروەری، بەڵام دوا ئەنجام گەلێک رزگاری دەبێت لەستەم و زۆرداری بەعس. بێ گومان نەک من، بەڵکو کەس ناتوانێ بە نووسین تەعبیر لە ئازایی و دڵسۆزی و شەهامەتی ئەوان بکات، بەڵام ئەوان مێژوویەکی پاک و داینەمۆی شۆڕش بوون، بۆیە ناکرێ ناو ناوبانگیان و وێنەیان لە پەرتووکی سەروەری تۆمار نەکرێ و سیڤییان بۆ نەوەی نوێ بەیان نەکرێ و ئاشنایان نەکەین بە ئایندە. یەکێک لەو شەهیدانەی رێگای ئازادی و رزگاری کوردستان شەهید (حەسەن محەمەد حەسەن) باقرتییە، ناوبراو یەکێک بووە لەکادیرە هەرە بزێوەکانی رێکخستن کە رۆڵ و پێگەیەکی زۆری هەبووە لە چالاکییە مەیدانیەکانی ئەوێ ڕۆژێی شاری هەولێر،ئەوەی جێگای دڵخۆشیە نەوەکانی ئەم شەهیدە قارەمان و خاکیە ئێستا بڕوانامەی بەرزیان هەیەو لەبواری پەروەردە و فێرکردن وانە بەنەوەی کورد دەڵێنەوە تا ئایندەیەکی گەش و روون بۆیان دەستەبەردەکەن... بەڵام بەداخەوە شەهید حەسەن لە رێکەوتی ٢٨ـ٦ـ١٩٨٨ لەگەڵ مامۆستا محەمەد سەرسپی و هاوڕێکانی لەسێدارەدران و گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە لە گۆڕستانی معمل قیر نێژراون.. هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانت ئەی شەهیدی خاک و وڵات..

ـ ناوی تەواو: حەسەن محەمەد حەسەن مەولود

- ناسراوه به: حەسەن ئەبو شوارب
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٢
- شوێنی له دایک بوون: گوندی باقرته، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێیەمی ناوەندی ـ خوێندنگای سەیداوه
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: سەروەر، وشیار، هەژار، مهاباد
- ساڵی پەیوەندی به رێکخستن: ١٩٧٩ لەرێگای (مامۆستا عەبدولڕەحمان)
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: دائیرەی ئەمنی هەولێر
- ئەم هاوڕێیانه بەیەکەوه له سێداره دران (١ـ شەهید محەمەد سەرسپی ٢ـ شەهید موحسین خەیات ٣ـ شەهید نورەدین ٤ـ شەهید تەحسین دەرگەڵەیی ٥ـ شەهید جەوهەر خۆشناو ٦ـ حەسەن محەمەد حەسەن

## شەهید (حەسەن بۆڵی)

# حەسەن ئەحمەد سلێمان حەمەد



مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لە سنووری باڵەکایەتی جوامێرو تێکۆشەری زۆر بە ویقاری لێ پەروەردە بوو، مەگەر هەر جەنابی مام جەلال و هەندێ هەڤاڵی تر لەو سەردەمە بتوانن تەعبیر لە ئازایەتی و خۆڕاگری و بەهێزی ئەوان بکەن لە رووی بەرخودان و دڵسۆزی و چاونەترسیان. ئەوان بەوپەڕی متمانەو باوەڕی بەهێزیان بە دەستپێکی شۆڕش و بەرخودان بە ڕابەرایەتی جەنابی (مام) هەبوو هاتنە مەیدانی کوردایەتی لە دژی رژێمێک باوەڕی بە مافە سەرەتاییەکانی کورد نەبوو. ئەوان هاتن بڵێن بەڵێ نەتەوە هەیە بەناوی کورد، بەڵێ هاتن بڵێن خەبات لێرەوە دەستپێ دەکەین لە قەندیلی سەرکەشەوە لەو قەندیلەی قادر خەباتی ڕەحمەتی بن بەردو چیاو دۆڵ نەما باسی شۆڕشی نوێی تیا نەکات و پارتیزانی و کۆلنەدانی کردە چرای خەبات تا شۆڕش هەرەس نەهێنێ. یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگە ئازایانەی ئەوێ رۆژێ باکی بەبرسیەتی و ماندووبوون و هیلاکی و سەرماو گەرمای قەندیل و باڵەکایەتی نەدا. هێرش و ترس و تۆقی رژێم بەلایەوە گرنگ نەبوو فەرماندە (حەسەن بۆڵی) بوو. ئەو فەرماندەیەی هەرگیز لە شەڕ نەدۆراوە، ئەو فەرماندەی رژێم تۆقی لێ چوو بوو. شەهید حەسەن بۆڵی لە قەندیل و دەڤەری باڵەکایەتی لەراستیدا رەقەم بوو،دیارو ئازاو قارەمان بوو، زۆربەی پلە عەسکەرییەکانی بڕیبوو بەماوەیەکی کەم تا بەرپرسیاریەتی هەرێم. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو لە رۆژی ١٨ـ١٢ـ١٩٨٠ شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.. روحت شادو کاروانە پڕ سەروەریەکەت ئاوەدان ئەی فەرماندە خاکی و سادەکەی باڵەکایەتی و ئاکۆیان...

- ناوی تەواو: حەسەن ئەحمەد سلێمان حەمەد
- ناسراو بە: حەسەن بۆڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٨

ـ شوێنی لەدایک بوون: ئیندزە
ـ عەشیرەت: ئاکۆ
ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوار نەبووە
ـ باری خێزانی: خێزاندار بووە
ـ ناوی خێزان: حەلیمە کاملا ئاغا سەلیم
ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: حوسێن، ئەیرەج، ئەحمەد، خەدیجە، نەشمیل
ـ لە ساڵی ١٩٦٨ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە تا ساڵی ١٩٧٤ لە هێزی باڵەک پێشمەرگەیەکی دیارو ئازای سنوورەکە بووە.
ـ لە ساڵی ١٩٧٥ واتە دوای نسکۆ تا ١٩٧٦ پێش کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ زیندانی بووە لە گەلاڵە
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
ـ لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (باڵی بزووتنەوە)
ـ ناوبراو فەرماندەی هەرێمی (١٤)ی سۆشیالست بووە لە سنووری باڵەکایەتی
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە لەوانە: کەلەکی باڵەییان، شەڕی گابیریس، داستانی سماقوڵی.
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨ـ١٢ـ١٩٨٠
ـ شوێنی شەهید بوون: وەرتێ

### شەهید (حەسەن کویێستانی)

# حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم



شەهید حەسەن کویێستانی ناوێکی دیارو کەسایەتییەکی کامل و خەباتگێڕێکی نیشتمانی خۆنەویست بووە، هەر لەسەرەتای تەمەنی بۆ ناو دنیای سیاسەت وەک کوردێکی دڵسۆزو کارا بێ حساب کردن بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆی و خانەوادەکەی مەیدانی کوردایەتی پڕاو پڕ کردووە لەخەبات و بەرخودان، لای هەموو لایەک روون و ئاشکرایە لەئەوێ رۆژێ کە کویێستانی لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنەکانی ناوشار بوو بەسەردەمی زێرینی تێکۆشان و گەشەی رێکخستنەکان ئەژمار دەکرێ، کویێستانی کوڕی رۆژی تەنگانەو لێقەوماوان بوو، سادەیی ئەو خۆنەویستی ئەو زۆربەی کارەکانی رێکخستنی بۆ مەیسەر کردبوو لە لایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، چونکە بەو خاسیەتە جوانانەی سەرنج و بیری دەورووبەری بۆ لای خۆی کێش دەکردن و رێزی لەگەورەو بچووک دەنا. کەپەیوەندی دەکات بەشاخ و دەبێتە پێشمەرگە لەوێش بەهەمان نەفەسی شارو بگرە زیاتریش بە بەرنامەو پلانی تازەوە دنیایەکی تر لە تێکۆشان و بەرخودان و چالاکی دروست دەکات و مەیدانی پێشمەرگایەتی دەکاتە رایەڵەیەک بۆ ئاستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری هێزی پێشمەرگەو دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری چالاکی کاردا. دڵسۆزی و خۆنەویستی ئەم سەرکردە خاکیە لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی یەکێتی بەدیارکەوت و لەزۆربەی تەشکیلاتەکان کویێستانی پلەکانی بەرزبۆتەوە تا ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی. ناکرێ لەم یادەو نووسینە باس لە رۆڵی خانەوادەی کویێستانی نەکەین کە لەسەردەمی رژێمی سەدام لەسەر کویێستانی رووبەڕووی چ ئازارو ئەشکەنجەو زیندانی و تاڵانکردن بوونەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ تا ١٩٨٢ زۆربەی ئەندامی خێزانەکەی کویێستانی بەدایک و باوک و خوشک و براکانی لە زیندان بوونە، بەڵام هەرگیز کویێستانی ورەی پۆڵاینی لەبەرامبەر هەڕەشەو تۆقان و ئازارەکانی خێزانەکەی دانەبەزیووەو کۆڵی نەداوە. هەر لەو پێناوەشدا (٣) براو (١) ئامۆزای شەهید بوونەو چوونەتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

لەکۆتایی دەلێم هەرچی بنووسین و بڵێین لەسەر کوێستانی حەقی خۆی پێ نادەین، بەڵام هەڤاڵ (مام جەلال) لە١٢ـ٥ـ٢٠١٢ لەیادی ١٨ ساڵەی شەهیدبوونی سەرکردە (حەسەن کوێستانی) بەچەند وشەیەک دڵسۆزی و ئەمەکداری و ئازایەتی و خۆنەویستی کوێستانی خستە روو نوسیویەتی: دوای کارەساتی هەکاری لە دۆڵی (نێی)ـەوە بەناچاری بەرەو (دۆڵی خیلاپ) بەرێکەوتین تا رزگاربین لەبۆردومانی رۆژانەی هەلیکۆپتەرەکانی (شا) هەموومان (٤٤) پێشمەرگە مابووینەوە، نیوەمان بێ چەک بووین، زۆریش بێ پارە بووین دەستمان نەدەگەیشتە شارەکانیش واتە لە تەنگانەدا بووین. بەڵام کە لە دۆڵی (خیلاپ) گواستمانەوە بۆ دۆڵی (سەرشێخان) توانیمان پەیوەندی بکەین بە رێکخستنی کۆمەڵەوە کە لێپرسراوەکەی شەهیدی نەمر حەسەن کوێستانی بوو.ئەویش دلێرانە فریامان کەوت. هەم خواردن و کەلوپەل و هەم پارەشی بۆ دابین کردین، هەم زۆریش دڵی خۆش کردین بەگەشەکردنی رێکخستنەکانی ناوچەکە کە سەدان تێکۆشەری ئازاو بەجەرگی لەخۆ کۆکردبۆوە. ئەوە یەکەمین جار بوو شەهید حەسەن و کردارەکانیم دەبیست هەر لەو ساوە بۆم دەرکەوت کە رۆڵەی رۆژی تەنگانەیە. پاشان ئەوە بوو هاتە دەرەوەش بۆ پێشمەرگایەتی، لەم بوارەدا هەر رۆڵەیەکی قارەمان و خۆڕاگرو بێباک بوو لە زەحمەتیەکان و گێچەڵ و گیروگرفتەکانی شۆڕش، ئەمە جگە لەوەی کە رۆڵەیەکی ژیرو هۆشیاربوو. هەربۆیە زوو پێش کەوت و لە ژێڵلاهێنای تا گەیشتە پلەی سەرکردایەتی لە پێشمەرگایەتی و حزبایەتیدا. سەرەرای ئازایەتی و هۆشیاری شەهیدی نەمر خەباتگێرێکی روو خۆش و قسەخۆش و گونجاو بوو لەگەڵ پێشمەرگە جیاجیاکاندا، زمانی کۆمەڵایەتی خەڵکیشی دەزانی، بۆیە کە دەچووە ناویان خێرا جێگەی خۆی و ئەرکەکانی لەناویاندا دەکردەوە. هەر بەراستی تێکۆشەرێکی جەماهیری و خاکی و گونجاو و لێزان بوو. سەد مخابن لە شەڕی گڵاوی ناوخۆدا لە هەوڵێکدا بۆ دامرکانەوەو کووژاندنەوەی شەڕو پێکدادان شەهید کرا، لەوەختێکدا کە لەهەوڵی چەسپاندنی هودنەو راگرتنی شەڕی براکوژە بوو. بەڵام ناوی شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی لەمێژووی گەلەکەمان و شۆڕشەکانی (ی.ن.ک) دا هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

- ناوی تەواو: حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم
- ناسراو بە: حەسەن کوێستانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠
- شوێنی لەدایک بوون: شارۆچکەی گەڵاڵە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە حەمەدەمین ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هەژار، هێرۆ، هەژان، هەورین، هەوار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە: ١٩٧٢ لەناوشار چاونەترسانە کاری کردووە تاپلەی بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستن لەناوشار تا ساڵی ١٩٧٩ دەچێتە شاخ
- ناوبراو لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی راپەرین بوو سنووری کارکردنی زۆر فراوان بوو.

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ساڵی ١٩٧٩ کراوەتە لێپرسراوی کۆمێتەی ئازادی.

- ساڵی ١٩٨٠ کراوەتە رابەری سیاسی هەرێمی (٧)ی باڵەک

- لەكۆتایی ساڵی ١٩٨١ كراوەتە فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی سۆران
- لە تەشكیلاتی نوێی تیپەكان كرایە یەكەم فەرماندەی تیپی (١٢)ی سۆران.
- لە ساڵی ١٩٨٣ كرایە لێپرسراوی عەسكەری مەڵبەندی (٣)
- لە ساڵی ١٩٨٤ لە كۆنفرانسی سێیەمی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان بە ئەندامی یەدەگی سەركردایەتی هەڵبژێردرا
- لە ساڵی ١٩٨٥ بووە ئەندامی سەركردایەتی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان.
- هەرلە ساڵی ١٩٨٥ كرایە بەرپرسی مەڵبەندی (٣)
- لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفالەكان سەرپەرشتی مەفرەزە پارتیزانەكانی سنوورەكەی كردووە.
- لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٨ دووبارە كراوەتەوە بەرپرسی مەڵبەندی (٣)
- لە مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٩٠ كوێستانی كراوەتە ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان.
- شەهید كوێستانی چەندین بابەتی بە پێزی لە بڵاوكراوەو گۆڤارەكانی ئەوكاتی شاخ بڵاوكردۆتەوە.
- لە ڕاپەرین بەشدار بووە دەورێكی كاریگەری هەبووە لە رزگاركردنی زۆربەی شارو شارۆچكەكانی شەقڵاوەو پیرمام و ناوشاری هەولێر.
- رۆڵی كاریگەری هەبووە لە بەرگری لە داستانی (كۆرێ) لە مانگی (٤) ساڵی ١٩٩١كە رژێم هێرشی كردەوە سەر كوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان هەڵبژێردرا
- هەرلە ساڵی ١٩٩٢ كراوەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)ی بادینان
- خاوەنی گۆڤاری (سەرهەڵدان) بووە لە بادینان. یەكەم ژمارەی لە مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.
- شەهید حەسەن كوێستانی جگە لەخۆی (٣) برای تری پێشمەرگەی دێرین بوو لەپێناو خاك شەهید بوون بەناوەكانی (١- عوسمان ناسراو بە حەمە ڕەش) ٢- (شەهید حاجی) ٣- (شەهید مەحمود ناسراوە بەخولە) ئامۆزایەكی بەناوی (یوسف) شەهیدە كەئەویش لەشاخ فەرماندەیەكی ئازاو دلێر بووە.
- رۆژو مانگی ساڵی شەهید بوون: لە ١٧-٥-١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: لەنێوان چۆمان و حاجی ئۆمەران
- شەش پێشمەرگەی تری بەناوەكانی (یوسف برایم گەلاڵی - خدر ڕەسول مینە - محەمەد عەلی مستەفا - خدر حەمەدەمین خدر - مینە ئەحمەد ئیسماعیل - مەحمود ئەحمەد عەبدوڵڵا.
- تێبینی: بۆ ئامادەكردنی ئەم ژیاننامەیە سوود لە ئینسایكلۆپیدیای یەكێتی، رۆژنامەی كوردستانی نوێ، نووسین و بڵاوكراوەكانی یەكێتی، هەندێ سەرچاوەی تایبەتم بینیوە.

## شەهید (مامۆستا کاوە مەخمووری)

# حەسەن ئەنوەر حەسەن زێندین



بێگومان میللەتانی ژێر دەستەو ئازاد نەکراو چیرۆک و تراژدیای مەرگەسات و چەوسانەوەی چینایەتی هەمەجۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەو میللەتانەی خاکیان داگیرو دابەش کراوە، بێبەش دەکرێن لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان، لە سنووری هەولێر ئەوەی رژێم لە کۆتاییەکانی سەرە مەرگی خۆی ناحەقی بەرامبەر خاکی کوردستان کرد زۆر شوێن بوو، یەکێک لەو شوێنانە قەزای مەخموور بوو لە رووی جوگرافیاوە خستیە سەر پارێزگای موسڵ. قەزای مەخموور لە سەردەمی رژێم لە شەستەکانی رابردوو بەر داگیرکردن و زوڵم و زۆری بەعسییەکان بۆتەوە، هەر بۆیە رۆڵەی مەخمورییەکان زۆرتر لە ناوچەکانی تر هەستیان بە غەدرو چەوسانەوەو داگیرکردن کردووە. لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان چ لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان چ لە بواری پێشمەرگایەتی دەڤەری مەخموور پشکی شێری لە شۆڕشگێڕی و قارەمانیەتی و بەرخودان و تەنانەت شەهید بوونیش بەرکەوتووە، یەکێک لەو خانەوادانەی رۆڵ و پێگەو جێدەستیان لە شۆڕشەکانی کورد هەبووە، بنەماڵەی شەهیدی فەرماندەو کادیری سیاسی هەرێمی (٨) ی هەولێر شەهید مامۆستا کاوە مەخمووری بووە، ناوبراو (٥) برای پێشمەرگە بووەو خاوەنی (٢) برای تری شەهیدە شەهیدی پلە دووشی لە خودی خێزانەکەی خۆیان هەیە، تەنانەت مام ئەنوەری باوکی لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی (پ.د.ک) یەکێک لەو چوار پۆلیسەی مێرگەسور بووە لە ساڵی ١٩٦١ مانگی ٩ دەستیان بەسەر مەخفەرەکەدا گرتووە (٨٠) پارچە چەک و(٢) جیهازی کۆڵە پشت و(٥٠) سندوق فیشەک و بری (حەڤدە هەزارو حەفت سەد دیناری) سویسریان برد بۆ شۆڕش کە بەگەورەترین چالاکی ئەم سەردەمە ئەژمار دەکرا. شەهید کاوە مەخمووری ئەو بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە تا نسکۆ، لە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ (عەلی هەژار) کاری رێکخستنی ئەنجام داوە، لەکاتی مامۆستایەتیش لە سنوورەکانی باڵەکایەتی دەورو کاریگەری زۆر هەبووە لە م سنوورە بۆ پەروەردەو رێکخستنیان لە رێزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، مامۆستا کاوە مەخمووری هەورازو نشێوی زۆر بینیوە لەسەر کوردایەتی، هەر بۆیە دوژمن هەردەم چاوی لەسەر بووە، بۆ ماوەی ساڵێک نەفی کراوە بۆ باشووری عێراق. لەبەر ئازایی و خۆڕاگری لە پێشمەرگایەتی لەیەک کات فەرماندەی کەرت

و رابەری سیاسی هەرێمی (٨) هەولێر بووە. بەڵام بەداخەوە دوژمنانی کورد خەونەکانی ئەم مرۆڤە گەورەیان لە گۆڕنا لە گوندی قەرەسنج لەگەڵ ملازم سەید کەریم تووشی شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر هاتن مخابن لە ٢٥-١٢-١٩٨٠ مامۆستا کاوە مەخمووری و پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (ئەنوەر سلێمانی) شەهید دەبن. هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید وتی: شەهید مامۆستا کاوە خەڵکی مەخموور بوو، لە خێزانێکی کوردپەروەر بوو، باوکی لە شۆڕشی ئەیلوول لە پێشمەرگایەتی دیارو خاوەن کەسایەتی خۆی بوو. شەهید مامۆستا کاوە لەگەڵ کاک ئەرسەلان بایزو مامۆستا ئیبراهیم سەید غەفوور پێکەوە کۆمەڵە بوون و یەکتریان باش دەناسی، من لە ساڵی ١٩٧٨ لە ڕێگای مامۆستا سەیفەدین ناسیم و بوو بە لێپرسراوی شانەکەی ئێمە. هەر لەسەرەتای ناسینم زۆر سەرنجی راکێشام کە کادیرو کەسێکی زانا لەسەرخۆ و خاوەن تەجروبەو قسە خۆش بە وورە، جارووبار لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین دەچوینە لای ئەو لە بەستۆرە، ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە جەژن بوو کە کۆبوونەوەمان دەبوو لەگەڵ مامۆستا کاوە. ئێمەشی باش سازدابوو ئامادەی کردبووین وەک خۆی، لە ساڵی ١٩٧٩ ئاشکرابوو چەند ڕۆژێک لای (م. سەیفەدین) مایەوە دواتر هاتە ماڵی ئێمە و ڕۆژی دواتر بەرێمان کرد لەگەڵ شەهید مەلا غەفوور ڕۆیشتن بۆ دەرەوە بوون بە پێشمەرگە لە سەرەتای پێشمەرگایەتیان خولێکیان بۆ کردبوونەوە لە سەرکردایەتی لەناوچەی خری ناوزەنگ ژمارەیەکی زۆر کادیر بەشداری ئەو خولە بوون لەم خولەدا مامۆستا کاوە یەکەمی سەر خولەکە بوو لە وتاری کۆتایی خولەکەدا هەڤاڵ مام جەلال وتبووی (١٠) کادیری وەک مامۆستا کاوەم بدەنێ هەموو کوردستان ڕێک دەخەم دواتر کلاشنکۆفێکی بەدیاری پێ دابوو، لە ساڵی ١٩٨٠ مانگی (٥) هەرێمی (٨) هەولێریان دروست کرد مامۆستا کاوە کرایە رابەر سیاسی هەرێم و شەهید جەمیل ڕەنجبەر کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنی هەرێمی (٨) و ناوچەی هەولێر، شێخ عەلی کرایە لێپرسراوی هەرێم نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠ پێشمەرگەیان هەبوو. ئاخیری مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٠ بەنهێنی هاتنە ناو شاری هەولێر لە ماڵی مامۆستا (ئیبراهیم سەید غەفوور) بوو (مامۆستا سەیفەدین) ئاگاداری کردم و شەو چوومە لای زۆرم پرسیار لێ کرد، زۆر لام گەورەو پیرۆز بوو، پاشان وتی وەعدێکت بەمن داوە لەسەر وەعدی خۆت ماوی کەببی بە پێشمەرگە وتم چاوەڕوانی ئەم خەبەرە خۆشەت بووم، ماوەی (٧) ڕۆژم لێ وەرگرت و چووم بۆ پێشمەرگایەتی لە هەرێمی (٨) و مامۆستا کاوە. من و شەهید سابیر ڕەسول و کاک هەژار کانیمارانی و شەهید شێخ سلێمان بالیسانی لەدەستەکەی ئەو درێژەمان بە پێشمەرگایەتی داتا شەهید بوونی ئەم کەڵە پیاوە مەزنە. لەشەوی ٥/٦-١٢-١٩٨٠ کە ئەوکات شەهید سەید کەریم ئامر هەرێم بوو چووینە گوندی قەلاسنجی سەروو لە دۆڵی سماقوڵی - بناری شاخی سەفین بەیانیەکەی ئەوەندەمان زانی دەورمان گیرابوو بەسەربازو جاشێکی زۆر، دیارە خەبەریان لێمان دابوو ئەوکات خەڵکی خۆفرۆش زۆربوو، شەڕێکی زۆر گەورەبوو بۆ ماوەی ٦ تا ٧ سەعاتی خەیاند سەید کەریم دەورێکی سەرەکی لەم داستانە بینی، بەڵام بەداخەوە مامۆستا کاوەو پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (ئەنوەر) خەڵکی سلێمانی بوو شەهید بوون لەم شەڕەدا ١٥-١٦ جاش کوژران و چەند دیلێکیش هەبوو، بەڵام شەهید بوونی مامۆستا کاوە زۆر کاری کردە سەر هەموومان. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مامۆستا کاوەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: حەسەن ئەنوەر حەسەن زێندین
- ناسراوە بە: مامۆستا کاوە مەخمووری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٠
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای مەخموور

ـ عەشیرەت: مەموندی
ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە مەخموور تەواو دەکات دواتر پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر تەواو دەکات.
ـ لە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە ساڵی ١٩٦٢ هاتۆتە ڕێزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.
ـ لە ساڵی ١٩٦٦بۆ ١٩٦٧ لە خانەی مامۆستایان وەردەگیرێ.
ـ لە ساڵی ١٩٦٧ شەهید کاوەو هەندێک لە برادەرانی مەخموور پەیوەندی بەرێکخستنەکانی (پ.د.ک) دەکەن بە خوالێخۆشبوو (عەلی هەژار)
باری خێزانی: خێزاندار (١٥ـ٦ـ١٩٧٣) هاوسەرگیری کردووە.
ـ ناوی خێزان: ژیان ئەنوەر یابە
ـ ناوی منداڵەکان: ئاوارە، یادگار، نیگار.
ـ سەرەتا بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە تا هەرەس هێنانی شۆڕش
ـ دواتر گواسترایەوە باشووری عێراق، پاش یەک ساڵ گەڕاوەتەوە مەخموور.
ـ لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دەکات.
ـ لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزراوە بە مامۆستا لە گوندی (وەلزێ) ـ دواتر گواسترایەوە قوتابخانەی شیناوە نزیک بەستۆرە..
ـ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ بڕیاری دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی ڕژێم بۆ دەرچوو، بەڵام ناوبراو شاری جێ هێشت.
ـ لە ساڵی ١٩٧٩ مانگی ٢پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر لەگەڵ شەهید مەلا غەفوور بەیەکەوە دەبن بەپێشمەرگە.. کە ئەوکاتی شەهید سەید کەریم بەرپرسی هەرێم بووە.
ـ سەرەتا سەرکردایەتی وەکو کادیری کۆمەڵایەتی و جەماوەری ڕەوانەی بناری کۆسرەتی دەکات کەناوبراو ڕۆڵێکی باشی بینیوە.
ـ پاشان دەکرێتە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی دۆڵی بالیسان.
ـ شەهید مامۆستا کاوە کەدەبێتە پێشمەرگە ڕێکخستنەکانی تەسلیم بە (سەید ئیبراهیم سەید غەفوور مەخمووری) دەکات.
ـ لە ساڵی ١٩٨٠ شەهید مامۆستا کاوە دەکرێتە فەرماندەی کەرت و ڕابەر سیاسی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.
ـ ڕۆژی شەهید بوون:سەعات (٨)ی بەیانی ٢٥ـ١٢ـ١٩٨٠ پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ شەهید دەبێت بە ناوی (ئەنوەر) خەڵکی سلێمانی دەبێت.
ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی قەڵاسنج
ـ ئەم خانەوادەیە (٤) شەهیدی بە خشیوە بە کوردستان جگە لە مامۆستا کاوە (٢) براو ئامۆزایەکی تری.
ـ شەهید مامۆستا کاوە (٥) برای پێشمەرگە بوونە لە شاخ.
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٣/١٥ لە ژمارە (٧٢١٩) لە لاپەڕە (١٢و١٣)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (زیادەی سێگردکان)

# حەمەزیاد حەمەد مستەفا عەبدوڵڵا قادر



ئەو لە خانەوادەیەکی خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگەو شۆڕش هاتۆتە دنیاوە، ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەزانن ماڵی مام (حەمەد مستەفای سێگردکان) هەمیشە لانەو مەکۆی پێشمەرگە بوونە، ئەوان زۆر زیاتر لە پێویست خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە، هەربۆیە (حەمە زیادی) کوڕیان هەست و نەستی کوردانەی هەر زوو لە هزردا بووە خولیاو بووە یەکێک لە پێشمەرگە چاپووکەکانی ناو هێزی پێشمەرگە، لە دوای ڕاپەڕینیش بووە فەرماندەیەکی ئازاو دلێری سنووری هەولێر. شەهید زیادەی سێگردکان چ لە ڕاپەڕین و چ لە پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان دەوری کارای هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لە شەوی ٢٨/٢٩-٣-١٩٩٥ شەهید دەبێت. نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید زیادی سێگردکان و تێکڕای شەهیدان...

- ناوی تەواو: حەمە زیاد حەمەد مستەفا عەبدوڵڵا قادر
- ناسراو بە: زیادەی سێگردکان
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سێگردکان - ئێستا بۆتە ناحیەی سێگردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: دەربەندی
- ئاستی خوێندن: ٣ی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار

ـ ناوی خێزان: عایشە عەزیز قادر
ـ ناوی منداڵەکان: سنەوبەر ـ کارۆخ ـ کۆرەک ـ کەرکووک
ـساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨ لە رێگای شەهید عەلی ساڵح رێکخراوە بۆ رێکخستن.
ـ لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن بەعسییەکان دەستگیر دەکرێت، بەڵام بەهۆی نەدرکاندنی هیچ زانیارییەک و ئیعتراف نەکردنەوە ئازاد دەکرێت.
ـ ساڵی ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لەهەمان ساڵ هاوسەرگیری کردووە، بەڵام لە شەوی بووک و زاوایەتی بەسەری دادەدەن پاش شەڕێکی سەخت، بەڵام خۆی رزگاردەکات
ـ لە ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لەلای شەهید شاخەوان
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لە ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری شەڕی زۆری کردووە لەوانە: رزگارکردنی تەق تەق، شەڕەکانی سەرکردایەتی، بەستی شەرغە، لە دەشتی کۆیە.
ـ لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٦ لە لای شەهید عەبدولڕەزاق پێشمەرگە بووە.
ـ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەورێکی کارای هەبووە لە رزگارکردنی ئۆردوگای کەورگۆسک و خەبات، بەشداری لە ئازادکردنی هەولێرو کەرکووک کردووە.
ـ لە دوای ڕاپەرین فەرماندەی بەتالیۆنی (٢) دەربەندی بووە لە لای شەهید عەبدولڕەزاق.
ـ لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٩٥ دەکرێتە فەرماندەی هێز
ـ لە شەوی ٢٦/٢٧ی ٣ـ١٩٩٥ بەسەختی بریندار دەبێت.
ـ پاش (٤٢) سەعات لەدوای برینداربوونی لە شەوی ٢٨/٢٩ـ٣ـ١٩٩٥ شەهید دەبێت.

شەهید (خارە حەمە زیاد)

# حەمە زیاد شەریف عەوڵا مەحمود



شەهید (خارە حەمە زیاد دێمەکاری) لەتەمەنی هەرزەکاری لە باڵی مەکتەبی سیاسی پێشمەرگە بووە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە دەشتی هەولێر لە بەتالیۆنی شەهید ئەحمەد حاجی عەلی تا نسکۆ، ناوبراو ئاوارەی ئێران دەبێت و لە قەزوین گەڕەکی (بەمبە) نیشتەجێ دەبێت، خارە حەمە زیاد ماوەیەک دەبێتە پێشمەرگە لە لەشکری ئیسلامی کوردستان، دواتر لەگەڵ دەسپێکی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر لە کەرتی (١) دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ دەگوازرێتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغی دوژمن بەزێن کەرتی (١)ی شەهید کاوە، ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر هێمن و بە دیقەت بووە، لەرووی کۆمەڵایەتی و جەماوەری خۆشەویست و خۆنەویست بووە. بەڵام بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٥-٩-١٩٨٥ لەگەڵ (٢) هەڤاڵی تر دەکەونە بۆسەی دوژمنانەوە پاش شەڕێکی سەخت و دژوار (خارە حەمە زیاد) شەهید دەبێت دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانی ئەم قارەمانە.

- ناوی تەواو: حەمە زیاد شەریف عەوڵا مەحمود
- ناسراو بە: خارە حەمە زیاد
- تەمەن: ١٩٥٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دێمەکار، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی تەواو کردووە.
- باری خێزانی: خێزاندار

ـ ناوی خێزان: ڕاهیدە خدر قادر

ـ ناوی منداڵەکان: بەفرین، سامان، پەری خان، سورمەخان، توران، سیروان، ئەژین.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆ

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرلە کەرتی (١)

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراپتەوە بۆ تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (١) شەهید کاوە.

ـ ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغی کردووە.

ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٥ـ٩ـ١٩٨٥

ـ شوێنی شەهید بوون ـ کلکەی میزانی چیای قەرەچوغ، دوو پێشمەرگەی تری بەناوی (محەمەد شینەو مەلا برایم ئاغای لەگەڵ بوو ئەوان لەم شەڕەدا ڕزگاریان بوو.

## شەهید (باپیر نێرەگینی)

# حەمەدەمین حەسەن حەمەدەمین



گوندی نێرەگینی شەهید بەخش لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان زیاتر لە (٣٠) شەهیدی بەخشیوە بەخاک و نیشتمان، ئەم گوندە لانەی پێشمەرگەو نان دەرێکی هەمیشەی شۆڕشەکانی کورد بوونە، زۆرجاریش شەڕی گەورەی لێ کراوە، تەنانەت لە یەک خێزان زیاتر لە (١٥) شەهیدو ئەنفال هەیە ئەویش خانەوادەی مەلا محەمەد نێرەگینیە، ئەوان هەورازو نشێوی سەختیان بینی و کۆڵیان نەدا، ئێستاش زۆربەی نەوەکانی ماڵی مەلا پێشمەرگەن و لە سەنگەری بەرگری و مقاوەمەت دان. یەکێک لەو شەهیدانە (حەمەدەمین حەسەن حەمەدەمین)ـە ناسراو بە باپیر، ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بێ ئاریشە بوو، لەناو هێزی پێشمەرگەش خۆشەویست و خۆنەویست بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ساڵی ١٩٨٧ لە نێوان سنووری نەبیاللای دووشیوانی مەنتکان و گوندی کانی بزرە دەستگیردەکرێت و ئەنفال دەکرێت.. هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید باپیرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: حەمەدەمین حەسەن حەمەدەمین
- ناسراو بە: باپیر نێرەگینی
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوونی: گوندی نێرەگین ـ ناحیەی دێگەڵە ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخانی
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- شوێنی پێشمەرگایەتی: پێشمەرگە لە کەرتی (٦) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- ساڵی شەهید بوون: کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ دەستگیر دەکرێت دواتر ئەنفال دەکرێ
- شوێنی دەستگیر کردنەکەی نێوان گوندی دووشیوان ـ کانی بزرە

### شەهید (حەمید سماقە)

# حەمید حەمەد قادر عوسمان



گوندی سماقە دەکەوێتە سنووری دەشتی کۆیەی پارێزگای هەولێر، ئەم گوندە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەمیشە لانەو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە. هەست و دڵسۆزی دانیشتوانی گوندەکە لە قۆناغە سەخت و دژوارەکان لە دوای نسکۆ هەستێکی کوردانەو نیشتمانپەروەرانە بووە بۆیە دوژمن هەمیشە چاوی لێ بووە، ئەوەندەی من بزانم لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ١٩٧٨ تەنانەت چەند جارێک هەلیکۆپتەری دوژمن نیشتیتەوە بۆ گەڕان بەدوای پێشمەرگە، چونکە ئەوکات گوندی سماقە پێشمەرگەی وەک شەهید (ئەحمەد سماقە)ی هەبوو. دواتر چەندین لاوی تر لەم گوندە چەکی کوردایەتیان لەشان کردوو بوونە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێک لەو گەنجە جوان و ڕێک پۆشانە (حەمید حەمەد قادر) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و بێ ئاریشە بوو، لە ڕووی دیسپلینی پێشمەرگانەوە گوێڕایەڵ، هێور، نهێنیپارێز، دەست پاک، هەربۆیە کرایە فەرماندەی مەفرەزەو سەرکەوتووانە زۆر لە قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە. لە ڕاپەڕینیش بەشداری کاریگەری هەبووە و تا ڕزگارکردنی شاری کەرکووک و سەرجەم ئەو شەڕانەی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم. وەلێ مخابن لەهاتنی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنی هەولێر بە هاوکاری هێزێکی کوردی لە ٣١ی ئاب لە قەرادگەو سێبیرانی نزیک هەولێر شەهید بوو. بۆ مێژوو بۆ نەوەی داهاتوو بۆ هەموو تاکێکی هەولێر پێش شەهیدبوونیان لەگەڵ فەرماندە ئەحمەد سماقە بەڵێنیان بەخاک دا بەڵێنیان بەدایکی شەهیدان دا بەڵێنیان بە یەکێتی و قەڵات و منارە و سوڵتان مزەفەردا ساتر بڕوات ئەوان هەلنێن تا دەبابە بەسەرجەستەو لاشەیان نەکەوێ ئەوان نەڕۆن، بەڵێ بەڵێنەکەیان بەجێگەیاندو شەهید بوون و دەبابەکانی سەدامیەکان بەسەر لاشەکانیان کەوتن لە پێناو هەولێرو پیرۆزییەکانی هەولێر، هەزاران درووود بۆ گیانتان ئەی شەهیدی خاک و وڵات.

ـ ناوی تەواو: حەمید حەمەد قادر عوسمان

- ناسراو بە: حەمید سماقە
- تەمەن: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سماقە، ناحیەی شۆڕش، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: جاف
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: وەعدیە کەریم قادر
- ناوی منداڵەکان: هۆگر، هێمن، ڕێبوار، هەرێم، بەناز، چنار.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر سەرەتا لە کەرتی (١) و دواتر دەگوازرێتەوە کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە لەوانە: داستانی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی، بێتواتە، نێرەگین، کەلی سوور، سماقە، سێ گردکان، تەقتەق، ڕەبیەکانی جادەی کۆیە، هەولێر.
- ناوبراو (٢) جار بریندار بووە.
- لە پێش ڕاپەڕین دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبووە.
- لە دوای ڕاپەڕین چەندین پلەی عەسکەری وەرگرتووە دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری ئامادە.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٣١ی ئاب ی ١٩٩٦
- سنووری گوندی سێبیران
- شەهید لەگەڵ شەهیدی فەرماندە ئەحمەد سماقەو (٥) لە خزمانی سماقە شەهید بووە.

### شەهید (مامۆستا حەمیدی نفوس)

# حەمید قادر حەمەد



شەهید حەمید قادر حەمەد ناوێکی دیارو کادیرێکی ناسراوی هەولێرو دەڤەری خۆشناوەتی و چۆمان و مێرگەسۆرو قەراج و کەندێناوەو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بووە. ئەو کەسێکی ئاسایی نەبوو رۆشنبیرێکی بیرتیژو زمانزان و قورئانزان بوو، ئەو لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز بوو، پیاوێکی نیشتمانی و کادیرێکی بەئەزموونی سەردەمی خۆی بوو، پێشمەرگەیەکی دلێرو بەدیقەت بوو، لە وەزیفەی ئیداری بەرپرسێکی زۆر سەرکەوتوو بووە، لەکاری رێکخستن لە کەندێناوەو قەراجەوە تا دەڤەری خۆشناوەتی و چۆمان و مێرگەسۆرو گەڵاڵەوە (نامە) نوشتە سیاسییەکانی بری دەکرد، بۆ زانیاری زیاتر کاک مەلا ئاوات کادیری رێکخستن و تێکۆشەری دێرین وتی: شەهید حەمید زۆر لەمن نزیک بوو، من باسی ئازایەتی ئەو ناکەم، چونکە پلان و چالاکییەکانی جێگای سەرسورمانن. بەڵام شەهید حەمید کادیرێکی پێگەیشتوو تێگەیشتوو بوو، بەرپرسێکی کراوەو لێهاتووبوو، لە ساڵی ١٩٨١ جەنابی مام جەلال بروسکەی بۆ هەرێمی (٧)ی باڵەک کرد کەتێدا هاتبوو (مامۆستا حەمید قادر) بەپەلەو بێ دواکەوتن بگەیەننە سەرکردایەتی، (بەندەو شەهید قادر خەبات) شەهید حەمیدمان بە جێبی (حوسێن قوتە سۆری) سەرنەوس بردمانە گوندی (کۆپتان) لەوێشەوە مەفرەزەیەک پێشمەرگە بردیانە سەرکردایەتی بۆ لای مام جەلال، لەوێش جەنابی مام کلاشنکۆفی شانی خۆی پێشکەش کردبوو. لە کۆتاییدا دەڵێم نووسین و قسەکردن لەسەر شەهید حەمید تەواو نابێ.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە رێکەوتی ٤-١-١٩٨٢ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. داواکارین خوای گەورە بەبەهەشتی شادبکات..


- ناوی تەواو: حەمید قادرحەمەد پیرەژن
- ناسراو بە: مامۆستا حەمیدی نفوس
- تەمەن: ١-٧-١٩٥٠

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەید عوبێد، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی ئیبن مستەوفی
- عەشیرەت: بابان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: ئەژین، ژین
- لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە تا هەرەس
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٥
- ناوی ئۆرگان: خەتی گشتی (ی.ن.ک)
- لە ساڵی ١٩٧٥ کاتب نفوسی مێرگەسۆر بووە.
- ساڵی ١٩٧٦ چاپی لقی کشتوکاڵی چۆمانیان گەیاندۆتە شاخ و فەرمانگەکەشیان سوتاندبوو تا نەزانرێ جیهازی چاپەکە بردراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ بەرپرسی ناوچەی خەتی گشتی بووە لە ناو (ی.ن.ک)
- ناوبراو کادیرێکی کارامەو خۆشەویست و دڵسۆز بووە لە ناو رێکخستنەکان.
- لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی فراوانی هەبووە چ لەناو هەولێر چ لە سنووری خۆشناوەتی و دەڤەری چۆمان.
- لە ساڵی ١٩٧٦ گواسترایەوە بۆ نفوسی چۆمان هەفتەی (٢) رۆژ لە گەڵاڵەش دەوامی دەکرد.
- لەسەر راسپاردەی بروسکەی بەڕێز مام جەلال پەیوەندی بەشاخەوە کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠ لەدەڤەری خۆشناوەتی.
- کە بۆتە پێشمەرگە سەردانی هەڤاڵ مام جەلالی کردووە، مام جەلال چەکەکەی خۆی بەدیاری داوەتە شەهید حەمید کە کلاشنکۆفێکی مزەلی سیخۆپاک و جوان بووە.
- یەک جاربریندار بووە لە سنووری سەری رەش.
- شەهید مامۆستا حەمید لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خزمی خۆی لە چالاکییەکی کەم وێنەدا هەڵسان بەچەک کردنی ژمارەیەک لەو کەسانەی کلاشنکۆفی رژێمیان هەڵگرتبوو هەر لە گوندی کورتان دروو تا گوندەکانی قەراج و مەخموور.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری سەرجەم شەڕەکانی دەڤەری خۆشناوەتی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٤-١-١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: زیارەت

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٠/٢٧ لە ژمارە (٧١٠٢) لە لاپەڕە (١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

**شەهید (بڕوا)**

# حەیدەر جوکل ئیبراهیم فەندی



لەدوای دەرچوونی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسول) لەشارەوە بۆ شاخ و بوونی بە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەند ئەوێ رۆژێ یەکێک لەخەتەکانی ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان رادەستی گەنجێکی هۆشیارو ئازاو چاونەترس و بەدیقەت و بەهیمەت کە بە داینەمۆی نەک هەر ڕێکخستن، بەڵکو فەرماندەیەکی بزێوی پێشمەرگە ئاسا کرا ئەویش شەهید (حەیدەر جوکل) بوو وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە هەرگیز حسابی بۆ بەعسییەکان نەدەکردو ترس لای ئەو بوونی نەبوو، بەنوێژی نیوەڕۆ مهام و راسپاردەکانی سەرووی خۆی لەم پیرە هەولێرە جێبەجێ کردووەو باکی بە شەهید بوون نەبووە. بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) هاوڕێی شەهید لەکاری ڕێکخستنی نهێنی و پێشمەرگەی دێرین وتی: مێژووی ئەو نەتەوە هەژارە پڕە لەسەروەری و قارەمانیەتی خەڵکی ئازاو چاونەترس کە نموونەیان دەگمەنن. شەهید (حەیدەر جوکل) یەکێکە لەو کەڵە پیاوانەی مێژوو کەماوەیەکی زۆر ئاشنایەتیم لەگەڵی هەبوو ئەم هاوڕێتیەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان لە راستیدا نازانم بەچی ئەو پیاوە دا هەڵبڵێم بەپیاوەتی یا ئازایەتی یا ڕاستگۆی یا وەفاداری یا شۆڕشگێڕی یا نیشتمانپەروەری یان خۆشی لە هاورێیەتی. باوەڕبکەن ئەوانەی دەڵێم نەزیادەڕۆییە و نەنووسینی پەخشانە بەڵکو مشتێکە لە خەروارێکی شەهم و پیاوەتی ئەو پیاوە تێکۆشەرە، تەنهاش ئەوانە گەواهیم بۆ دەدەن کە لەگەڵی ژیاون، تێکەڵاویمان بەشێوازێکی فراوان لە سیاستدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان کاتێ بەڕێز(عەبدوڵڵا تۆفیق) بەرپرسی هەردووکمان بوو لە ڕێکخستنی نهێنی بەتایبەتی دوای بوونی کاک (کۆسرەت ڕەسول عەلی) بە ئەندامی سەرکردایەتی و بوونی بە بەرپرسی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر و تەسلیم کردنی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە پۆلێک خەڵکی تازە کە شەهید (حەیدەرجوکل) و (بەندەش) تێدا بوو. لە راستیدا شەهید دەوری ئەساسی دەگێڕا هەموو لایەکی


سەرسام کردبوو بە دروست کردنی پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ لایەنی جۆراوجۆر هەرگیز عەقڵ قبوڵی نەدەکرد، من و ئەو زۆر نزیک بووین لەیەکتری لە زۆربەی چالاکییەکان بەیەکەوە بووین. هەروەها لایەنی چالاکی پێشمەرگایەتی باس ناکرێ لەم سات و کاتە باس بکرێ هەر ئەوانە دەزانن جوکل چی کردووە. ئەو سەردەمە بیرمان لە رێکخستنێک دەکردەوە دژی لادان لە پرەنسیپی کوردایەتی و پەیڕەوی کۆمەڵە بوو. ناوبراو لە ژیانی سیاسی زۆر سەرکەوتوو بوو بنەمای سەرکردایەتی تیایدا بوو، هاوشێوەی شەهید ئارام، بەڵام وەکو پێویست دیارنەکەوتبوو، چونکە کارەکان نهێنی بوو. دڵنیام ئەو شەهیدە شاراوانانە بمابوونایە ئەمڕۆ نە وەزعی کورد بەمشێوە دەبوو. پیاوێکی خۆشەویست بوو هەموو کات خۆی بە پێش هاورێکانی دەدا بۆ هەر مەترسیەک. رۆژێکیان من و ئەو دەچووینە سەرکردایەتی لە دوکان سەرکەوتین تووشی مەفرەزەیەکی ئیستخباراتی عەسکەری بووین دیار بوو زانیاریان بەدەست گەیشت بوو لەسەر هەندێ شت نەک لەبەر ئێمە رایانگرتین هەویەکانیان لێ وەرگرتین لە سەیارەکە دووریان خستینەوە هەرچی بەڵگەنامەی رێکخراوی هەولێر هەبوو لەناو سەیارەکەدا بوو.. دووجار سەیارەکەیان پشکنی هیچیان نەدۆزیەوە. لەو ماوەیەدا بەمنی وت ئەگەر گیراین پەلاماریان دەدەین، چونکە هەر ئیعداممان دەکەن. لە ئیفادەش من دەڵێم ئەوە هی منە دەڵێم ئەو سەیارە هی کاک بەکرە بەکرێ گرتوومە بۆ ئەوەی هەر یەکێکمان لەسێدارە بدرێت، بەڵام دوایی هەرچۆنێک رزگارمان بوو. هەر لەبەر ئەم چالاکییەو چالاکییەکانی تر کەوتینە بەر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان. رۆژێکیان برادەرێکمان بەناوی (موعتەسەم) بانگکرا بۆ دائیرەی ئەمن و چەند پرسیارێکیان لێ کردبوو لە هەلەیەکی ئەمنەکان زۆر شتمان بۆ بەدیار کەوت کە ئێمە وەزعمان لە خراپی دایە. قسەمان لەگەڵ کاک نەوشیروان کرد باوەڕی نەدەهات وتی ئێوە خەڵکێکی ترسنۆکن دەبێ هەر لەناوشار کاربکەن، ئێمەش گەڕاینەوە دواتر بەماوەیەکی کەم کەشف بوین شەهید حەیدەر جوکل دەستگیرکراو ئێمەش هەریەکەو بۆ لایەک هەڵاتین. دوا قسەم لەسەر ئەم قارەمانە ئەوەیە هەرچەند لەسەر شەهید حەیدەرو بنەماڵەکەیان بنووسین بەتایبەتی هاوسەرەکەی تەواو نابێت. راستیان ووتوە لە پشت هەر پیاوێکی ژیرو سەرکردە ژنێکی گەورە هەیە. بەراستی (هەڵاڵە) خان لەو ژنە قارەمانانە بوو کە لە پشتی ئەو پیاوە گەورەیە بوو. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم قارەمانە.

- ناوی تەواو: حەیدەر جوکل ئیبراهیم فەندی
- ناسراو بە: بروا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ناسر - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: دزەیی
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی کشتوکاڵ
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: هەڵاڵە محەمەد داود
- ناوی منداڵەکان: لانە، لاجان، بروا، رەنج
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن لە باڵی مەکتەبی سیاسی ١٩٦٨
- بەرپرسی خوێندکارانی ناوەندی بووە لە قوتابخانەی دیبەگە
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦

- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٨٥ زیندانی بووە لە شاری هەولێر
- خاوەنی کۆمەڵێک شەهیدن لەوانە: شەهید سەعید جوکل، سەباح جامی، جەوهەر رەحمان، شێرزاد ئیبراهیم، یونس جامی.
- لە ژیانی کاری رێکخراوەی بەرنامەرێژی بۆ دەیان چالاکی رێکخستوە بۆ هەڤالانی پێشمەرگە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨ـ٦ـ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: بەغداد ـ بەندینخانەی ئەبوو غرێب.
- یانزدە مانگ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدان بووە بێ ئەوەی یەک نهێنی و وشەیەک بدرکێنێ.

شەهید (وەستا حەیدەر)

# حەیدەر سادق یابە پیرداود



ئەوێ رۆژێ بوون بە پێشمەرگە بڕیارێکی وا ئاسان نەبوو لەبەر دڕندەیی ڕژێمی بەعس تێکەڵ بە سیاسەت و کوردایەتی باجەکەی ئێجگار گران بوو لەلایەن بەعسییەکانەوە، خانەوادەی حاجی سادق مەرزانی لە ساڵی ١٩٨٢ سێ لاوی چاپووک و چاونەترسی ڕەوانەی شاخ کرد بە چەکی مزلی سیخۆو و تاقم و پڕدێنی هەشت مەتریەوە، ئەم خێزانە لەڕووی داراییەوە وەزعی مادییان زۆر باش بوو، بەڵام هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری وای لێکردن بەشداری شۆڕش بکەن، یەکێک لەو سێ پیاوە مەردە (حەیدەر حاجی سادق) بوو. ناوبراو لەتەمەنێکی کورتی پێشمەرگایەتی خۆی ناساند بە ئازایەتی و چەلەنگی خۆی، لەم بارەیەوە هەڤاڵ (نەریمان باشتەپەیی) پێشمەرگەی دانەبڕاو وتی: شەهید حەیدەر مەرزانی پێشمەرگەیەکی ئازاو بە غیرەت بوو، لەگوندی چیوەی سەروو ئێمە مەفرەزەیەکی (٨) کەسی بووین تووشی کەمینی جاش بووین کە زیاتر لە (٤٠) جاش دەبوون، شەهید حەیدەر یەکەم کەس بوو لە مەفرەزەکەی ئێمە دەست ڕێژی تەقەی لێکردن، پاش شەڕێکی کەم جاشەکان هەڵاتن (٩) کوژراویان جێ هێشت، ئێمەش بە سەلامەتی دەرچووین. بەڵام بەداخەوە شەهید تەمەنی درێژنەبوو لە پێشمەرگایەتی زوو شەهید بوو، هەزاران سڵاو و درووود دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهید حەیدەرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: حەیدەر سادق یابە پیرداود
- ناسراو بە: وەستا حەیدەر
- تەمەن: ١٦ـ٩ـ١٩٥٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گردەپان ـ دەشتی قەراج
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: عەتیە سدیق پیرداود

- ناوی منداڵەکان: سوعاد ـ بێریڤان ـ دیار
- عەشیرەت: مەرزانی
- ئاستی خوێندن: ٣ ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن. ١٩٨٠ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی (٨٣)ی هەورێ
- ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە: بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوورەکەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٧ـ٤ـ١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: بالیسان نزیک مەڵبەندی (٤)

## شەهید (دکتۆر حەیدەر منارەیی)

# حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر



دکتۆر(حەیدەر منارەیی) یەکێک لەو پێشمەرگە روح سووک و کراوانەی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، هەم خۆشەویست و خۆنەویست و لەو کوڕە خاکیانە بووە رۆڵی زۆری بینیووە لەهێرش و نەبەردی و داستانەکاندا. ئەو هەم پێشمەرگەو هەم گەنجێکی رۆشنبیر بوو، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگانە هەتا بڵێی ئیداری و بەدیقەت و وردبین بوو، بەڵام دڵسۆزی و هەستی نیشتمانی ئەوەندە بەهێزبوو هیلاکی و ماندووبوونی بەلاوە دەناو بەپیر دەنگی هەڤاڵانی دەچوو لەکاتی هێرش و تەنانەت لەکاتی تۆپبارانیشدا ئەو باکی بەمردن نەبوو. داستانی کونە کۆتر بەیەکێک لەداستانە پڕ سەروەری و سەختەکانی ئەوێ رۆژێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەژمار دەکرێ کە رژێم بەهەموو هێزو توانایەکیەوە هێرشی کردە سەر قەندیل و کونەکۆتر، پێشمەرگە ئازایانەو قارەمانانە لێیان هاتنە دەست و دەرسێکی وایان دا بە سەدامیەکان تەنانەت ئەو سەربازو جاشانەش دەزانن کە ماون لە ژیان چۆن مەرگیان بەچاوی خۆیان بینیوە. لەم داستانە شەهید دکتۆر حەیدەر لەواجب نەبوو واتە لە پشووی خۆی بوو، بەڵام کەزانی پێشمەرگەو هاوڕێکانی ژیانیان لەمەترسییە خۆی گەیاندۆتە سەنگەری شەرەف هەم بەرگری بکات هەم بتوانێ چارەسەری بریندارەکان بکات ئەوەندەی بۆی مەیسەربێ بەراستی ئەم هەستەو دڵسۆزییە، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو هەر لەم داستانە شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. درووود لە گیانت دکتۆرو پێشمەرگەو خەباتکاری رۆژانی سەخت.

- ناوی تەواو: حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر
- ناسراوە بە: دکتۆر حەیدەر منارەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی منارە - ناحیەی شەمامک

- عەشیرەت: شێخ بزێنی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی برین پێچی کوڕان.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی تیپ کە شەهید هاشم جیهاز بەرپرسی ئەم کەرتە بووە.
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- شەهید لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکی سنووری تیپەکەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٩-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی کونە کۆتر
- تاوەکو ئێستا جەنازەکەی لە سنووری (شێخ ئایشە) لە سنووری قەندیل نەگەڕاوەتەوە زێدی خۆی.

## شەهید (پشتیوان)

# حەیدەر عەلی ئیسماعیل محەمەد



شەهید حەیدەر عەلی ئیسماعیل ناسراو بە (پشتیوان) لە گوندی شێخ شەروانی شەهیدان لە ساڵی ١٩٥٨ هاتۆتە دونیاوە، لە ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی (١)ی شەهید هاوڕێ کاوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر، وەلێ پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان دڵسۆز بۆ کوردایەتی و خاک و نیشتمان، لێوان لێو لە پاکی و نهێنیپارێزی، پێشمەرگەیەک بێ دەنگ و بێ ئاریشەو گوێڕایەڵ. ئەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی رێنمایی و راسپاردەکانی شۆڕشی وەک خۆی مەیسەر دەکرد، ئەو خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگەو کەرتەکەی بوو، لەشەڕو نەبەردییەکانیش جێ پەنجەی دیاربوو، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی ئەوێ رۆژێ بەدڵ و بەگیان لەگەڵ سەدام و بەعسییەکان بوون و کون بەکون بەدوای پێشمەرگەو کەسوکاریان دەگەڕان ئەوان بوون شەهیدان (حەیدەرعەلی و کەریم سارۆخ و لوقمان عزەدین)یان شەهید کردوو هەر ئەوان و چەندان ئامرسریەو مەفرەزەخاسەی تر لەم هەولێرە بەلیواو پلەی باش خانەنشین کراوە یان ئێستا هەمان چەکی ئەوکاتی کاکەڕەشی لەشانەو ئەوان کوردپەروەرو ئیمەمانان موخەریب. لێرەوە پەیامان بۆ شەهیدەکان ئەوەیە ئێستاش ئێمە رزگارمان نەبووە ئێوەش هەر پشوو بدەن ئەو دنیای ئێوە لێی دەژین ئازادی بەرقەرارە و ئارامگەتان ئارام ئەی کوڕانی رێگای ئازادی و پێشمەرگە قارەمانەکانی رێبازی مام...

درورد لە گیانت شەهید حەیدەر شێخ شەروانی..

- ناوی تەواو: حەیدەر عەلی ئیسماعیل محەمەد
- ناسراو بە: پشتیوان
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخ شەروان - ناحیەی شەمامک - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: هورمزیار
- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کەرتی (١) شەهید کاوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی هەولێری کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٩ـ١٢ـ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی تەللخێمی گچکە لەگەڵ دوو هاوڕێی تری پێشمەرگە بەناوەکانی (کەریم سارۆخ) و (لوقمان عەزیز نادر سەفەر) مەخمووری، گەیشتنە کاروانی نەمران.

## شەهید (حەیدۆ مەخمووری)

# حەیدەر عەولا حەسەن




شەهید حەیدۆ مەخمووری لەماوەیەکی کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی ناسرا، بووە یەکێک لە قارەماناکانی دەشتی کەندێناوەو قەراج و مەخموور. ساڵی ١٩٨٣ ناوبراو بووە پێشمەرگە لەیەکەم رۆژی پێشمەرگایەتی تووشی شەڕێک بوو داستانی کەپەنک رەش کە شەڕێکی زۆر سەخت و دژوار بوو بۆ ئەوێ رۆژێ کە پێشمەرگە باشترین چەکی ئارپێچی بوو. ناوبراو درێژەی بەپێشمەرگایەتی دا زۆر ئازایانە، زۆر قارەمانانە هەوڵەکانی بۆ تەمبێ کردنی پیاوانی رژێم بەردەوام بوو تا ڕاپەڕین. ئەو پێشمەرگەیەکی تا بڵێی هێمن و بێ دەنگ و رەوشت بەرزبوو، هەر کارێکیان پێبسپاردبا ئەو بەوپەڕی دیسپلینی سەربازی گوێڕایەڵ دەبوو جێبەجێ دەکرد. لەرووی جەماوەری و کۆمەڵایەتی گەنجێکی روو خۆش و خۆشەویست بوو هەر زوو دەچووە ناو دڵانەوە. واتە خۆشەویستی ناو پێشمەرگە بوو. بەڵام بەداخەوە لە بەرگریەک لە ڕاپەڕین لە ٣١-٣-١٩٩١ لە ناوچەی دوبس گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزار درورد لە گیانت ئەی پێشمەرگە دڵسۆزەکەی هەولێر.

- ناوی تەواو: حەیدەر عەولا حەسەن
- ناسراو بە: حەیدۆ مەخمووری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣

- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی سێی ساڵی ١٩٨٣
- شوێنی ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (١)
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەوانە: شەڕی سەرکردایەتی، شەڕی بیرەنەوتەکانی کەرکووک، شەڕی گرتنی تەقتەق، شەڕی قەیوان ماوەت، شەڕی کونە کۆتر، شەڕی قەرەچوغ (کەپەنک رەش) شەڕی گرتنی مەخموور، شەڕی دوبس، زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی.
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: سنووری ساڵەیی - ناحیەی دوبس

## شەهید (حەمەدەمین خەزایی)

# حەمەدەمین مەعروف حەمەد خدر



هەڵوێست و خاسیەتەجوان و جوامێرییەکانی شەهید (حەمەدەمین خەزایی) لەسنووری رواندزو دەوروبەری رۆڵ و پێگەی تایبەتی هەبوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتیش ئەرکی سەرشانی وەک خۆی مەیسەر دەکردو پێشمەرگەیەکی خۆنەویست و دڵسۆزی رێبازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە شەهم و بەرێزو رێز لێگیراو بوو لەلایەن کەسایەتییەکانی دەڤەرەکە، لەنەبەردی و ئازایەتیدا پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بوو. لەزۆر قۆناغە سەختەکانی یەکێتی هەڵوێستی جوامێرانەی نواندووەو کۆڵی نەداوە.. لە زۆربەی داستانەکان، نەبەردییەکان، بەرگرییەکان لەپێشەوەی پێشەوە بووە و خۆی بەخاوەنی خاک و نیشتمان زانیوە. بەڵام بەداخەوە لەشەرێکی نەخوازاو داسەپاو لە رۆژی ٢ـ٨ـ١٩٩٥ لە سنووری رواندز شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووود لەگیانت پێشمەرگەو فەرماندە ئازاکەی نیشتمان....

- ناوی تەواو: حەمەدەمین مەعروف حەمەد خدر
- ناسراو بە: حەمەدەمین خەزایی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاکۆیان ـ قەزای رواندز ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەچۆتە قوتابخانە، بەڵام خۆی فێرە نووسین و خوێندنەوە کردبوو.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە حوسێن حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: حەمەد، عەزیز، پێشرەو، هەژار، سۆران، گەلاوێژ، شیلان.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩لەرێگای شەهید (خالیدە رەشی بنمێردە) رێکخرابوو بۆکاری

ڕێکخراوەیی

- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران لە کەرتی تیپ بۆتە پێشمەرگە.
- دواتر لەکەرتی (٤)ی شەهیدان تیپی ١٢ی سۆران درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و چالاکییەکانی سنووری تیپی (١٢)ی سۆرانی کردووەو رۆڵی باشی تیا بینیوە. لەوانە (قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، کۆرەنگ، دۆڵی خانەقا، دۆڵی ئاکۆیان، کێل کێل، گرتنی ناحیەی بێتواتە، شەڕەکانی کاتی ئەنفال، چەکوچ، سادر.
- دواپلەی لە شاخ فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- شەهید لە ڕاپەرین بەشداری کاریگەری هەبووە لە سنووری خۆیان تا کەرکووکی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەفسەرو فەرماندەی سریە لە لیوای (٣٣)ی سۆرانی حکومەتی هەرێم.
- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە. لە دوای ڕاپەرین.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٨-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: رواندز

شەهید (حوسێن دۆشكە)

# حوسێن حەسەن یوسف عەزیز



حوسێن دۆشكە ناوێكی دیار لە سەرەتای بزووتنەوەی كوردایەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەكەمان، پێشمەرگەیەكی كارامەو بەهەیبەت و لێهاتوو، ئەو لە ساڵی ١٩٦٨یش بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی كردبوو لە هێزی سەفین، ناوبراو بەهۆی خۆشەویستی لە سنووری مەنتكایەتی بەردەوام مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی قارەمانی لەگەڵ بووە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ پەرتووكەكانی شەهیدان (ڕێبازو شاخەوان عەباس) قەندیل بەغدای هەژاند سەفەری كوردایەتی، دەبینین گەورەیی حوسێن دۆشكە لە ئازایی، قارەمانیەتی، شارەزایی لە ناوچەكان، لە پارتیزانی و هونەری شەڕ، دەردەكەوێ ناوبراو فەرماندەیەكی ئاسایی نەبووە، جگە لەمانە پیاوێكی كراوەو جەماوەری بووە هەربۆیە لەماوەیەكی كەم كراوەبە فەرماندەی كەرت لە هەرێمی (٨) هەولێر، شەهید حوسێن دۆشكە شارەزاییەكی زۆری هەبووە لە چەكی دۆشكە ناوبراو لە گوندی سناوە هەلی كۆپتەریكی خستۆتە خوارەوە بووە هۆی دڵخۆشی سەركردایەتی كوردو جەماوەری ناوچەكە. لە كۆتاشەڕدا لەگەڵ چەند هەلیكۆپتەرێك و هێزێكی زۆری جەیش لەبەیانیەوە تا مەغریب پاش شەڕێكی سەخت و نابەرامبەر لە گوندی شوپیرانی نزیک بەستی شەرغە لە ڕێكەوتی ٣١-٧-١٩٧٩ چواردە پێشمەرگە شەهید دەبن و (٤) پێشمەرگەش بەبریندارى فیشەكیان پێ نەماو دەستگیردەكرێن و بە هەلیكۆپتەر شەهیدو بریندارەكان دەگوازنەوە. یەک پێشمەرگەش بەبریندارى ڕزگاری دەبێت.. هەزاران سڵاو و درووود بۆ گیانی پاكی شەهید حوسێن دۆشكەو سەرجەم شەهیدانی كوردستان..

- ناوی تەواو: حوسێن حەسەن یوسف عەزیز
- ناسراو بە: حوسێن دۆشكە
- تەمەن:١٩٥٢

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی حەسەن موترب - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مەنتک
- باری خێزانی: خێزاندار
- تەنها یەک منداڵی هەبووە بەناوی (سەنگەر)
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە ١٩٦٨ لە هێزی سەفین دواتر ماوەیەک لەسەر چەکی دۆشکە بووە. بەماوەیەکی کەم شارەزایەکی باشی لەسەر پەیدا کردووە.
- لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٧٦ شەهید حوسێن دۆشکە دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر.
- ناوبراو لەبەر ئازایی و دڵسۆزی و کارای دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە.
- دواتر کراوە بە فەرماندەی کەرتی (٦)ی هەرێمی (٨)ی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوورەکەی کردووە، لەوانە (شەڕی حەسەن موترب، شەڕی گوندی سناوە، لێدانی ماڵی پارێزگای هەولێر.
- ناوبراو لە شەڕی سناوە هەلیکۆپتەرێک دەخاتە خوارەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ برایەکی بەناوی (ئەسعەد) دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ خۆی.
- لە ساڵی ١٩٧٧ باوکی دوور خرایەوە بۆ خوارووی عێراق.
- برایەکی لەسەر شەهید حوسێن (٢) جار زیندانی کراوە.
- مام یەعقوبی مامی (٣) جار زیندانی کراوە.
- شەهید یاسینی برازای (٣) جار زیندانی کراوە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٧-١٩٧٩
- شوێنی شەهید بوون: گوندی شوپیران نزیک بەستی شەرغە
- لەم شەڕەدا (١٤) پێشمەرگە شەهید بوون و(٤) پێشمەرگەش بەناوەکانی (عەزیز خدر، جەوهەر مەولود، زرار قادر، مەغدید ڕەمەزان بەبرینداری فیشەکیان پێ نەما بەدیلی گیران و بە هەلیکۆپتەر گواسترانەوە. پاش ١٨ ڕۆژ مانەوە لە سجن بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی ساڵی ١٩٧٩ کەوتن. پێشمەرگەیەکی تریش بەبرینداری بەناوی (حەسەن حەمەد سلێمان) خۆی دەخاتە ناو بیرێکی ئاو ڕزگاری دەبێت.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/٨ لە ژمارە (٧١٣٨) لە لاپەڕە (١٤)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

## شەهید (حوسێن بندایزانی)

# حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسول حەسەن




یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مێژووی دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا سەدان قارەمانی وای بەخشیوە هەرگیز حسابیان بۆ گوللەو ترس و تۆقی رژێم و نەیارانی نەکردووە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دڕی بەشەوە زەنگ دا و شکشتی بەشکست داو باکی بەمردن نەبوو، تاکە حزبە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین چالاکی بەرامبەر رژێمەکەی ئەنجام دابێ و سەدان داستان و نەبەردی و قارەمانیەتی نواندووە کە بە ئەژمار نایەت و نایەتە نووسین. یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگە ئازاو چاونەترسانەی ئەوێ رۆژێ کە دوژمنی سەرسام کردبوو بە ئازایەتی و جوامێری و لایەنی کۆمەڵایەتی لێوان لێو بوو لە بەخشندەیی و لێبووردەیی و پیاوەتی، ئەم بەورئاسایەش شەهید (حوسێن بندایزانی) بوو، پێشمەرگەو فەرماندەی دێرین هەڤاڵ (رەهبەری سەید برایم) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی کۆیە لەسەر شەهید (حوسێن بندایزانی) نووسیویەتی بندایزان لەناوچەی باڵەکایەتی، گوندێکی دیمەن جوانە،لەناو چیاو کوێستانە، سەربەقەزای چۆمانە، لە دۆڵی سەکرایەتی، گوندێکە لەباوەش شاخان، لە نێوان گردمەندیل وکۆدۆ حەساری سەکران، بندایزان هاوینە هەوارە، ئاوی سازگارە، لەدەم رووبارە، ئاوەکەی رووباری (باسان)ـە، ئاوەکەی تەزی و زۆر روون و رەوانە، ئاوی بەفری تواوەیە، بۆیە پاک و ساردو بەفراوەیە، لە ساڵی ١٩٥١ لەگوندی بندایزان (حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسول حەسەن) ناسراو بە حوسێن بندایزانی) ناوکی بڕا بەداسێکی ژەنگاوی گۆشکرا لەکۆشی کوردایەتی، لە کوورەی خەبات پەروەردەبوو. باوکی پێشمەرگەی ئەو کوردە بوو، لە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦٢ لەسەر قۆپکی گەرۆتەی خۆشناوەتی لە نەبەردیەک شەهید کرا، شەهید حوسێن بندایزانی، نازی نەدەزانی، تەمەنی یانزدە ساڵ، کاڵ و مێردمنداڵ، کەوتە ژینێکی ناخۆش و تاڵ، بەدبەختی بە خەم و سەختی، تا شەشەمی سەرەتایی خوێندو نەیتوانی، ببووە رەزەوان و بەرخەوان و هەنگەوان و دارەوان، کەوتە بنباری گرانی ژیان، بەپێی نەریتی کوردەواری بە (١٧) ساڵی بەهەرزەکاری هاوسەری ژیان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. لەگەڵ دەستپێکی

هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ لە کوردایەتی هەرگیز نابێ جوێ، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیەوە دەکات. دێتەوە کایە بۆ گۆڕەپانی خەبات، لە ڕێکخستن بە جوولەو چالاک دەبێت، سەرئەنجام مل لەشاخ دەنێ، لە هاوینی ساڵی ١٩٨١ دەست دەداتەوە چەک لەبەر دڵسۆزی و چاکی و چالاکی وپاکی، دەبێتە فەرماندەی کەرت لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال. دوایی دەگوازرێتەوە تیپی (٧٨)ی کارۆخ و گەشە دەکات و دەبێتە جێگری تیپی (١٩)ی کۆڕەک، پاشان دەکرێتە فەرماندەی تیپی ٧٨ی کارۆخ لەئاڵوگۆڕکرنی فەرماندەی تیپەکان، دەگوازرێتەوەو دەبێتە فەرماندەی تیپی (١٩)ی کۆڕەک. لە دەیان شەڕ فەرماندەو سەرپەرشیاربووە. لە ژیانی (٢) جار بریندار بووە. کوڕە گەورەکەشی لەگەڵی پێشمەرگە بووە، کوڕەکەی چاوێکی لەدەست داوەو پێنج جار برینداربووە حوسێن بندایزانی منەتی مردنی نەدەزانی، چاونەترس و ئازا، هەڵۆی قەندیل ئاسا دوژمنی پێ دەتاساو، دلێرو جوامێر، لە ڕیزی شێران بوو ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێڕان بوو. ئەو فەرماندە قارەمانە لە شەڕی ١٣ ڕۆژەی بنەباوێ لەبەرگری و شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە ٩-٩-١٩٨٧ لەسەعات ١١ی نیوەڕۆ لەسەر قۆپکی (گەرۆتە) شەهید کرا. کەباوکی لە شۆڕشی ئەیلوول لەهەمان قۆپکی (گەرۆتە) شەهید کرا. ڕێکەوتێکی سەیرە باوک و کوڕ لە یەک قۆپ شەهید بوون چەندین ساڵی بەین بوو. کوردستان پڕە لە ڕووداوی دڵتەزێن، مەرگ و ژین خوا هەر بەخۆی دەزانێ، سڵاو لە خۆت و باوکت کوڕی ڕەسەن شەهید حوسێن بندایزانی..

- ناوی تەواو: حوسێن عەبدوڵڵا ڕەسول حەسەن
- ناسراو بە: حوسێن بندایزانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بندایزان - قەزای چۆمان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئایش باوەکر مەحمود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: عەبدوڵڵا، عومەر، مستەفا، کامەران، گوڵناز
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨١
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) کارۆخ
- ساڵی ١٩٨٥ فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ
- ساڵی ١٩٨٦کراوەتە جێگری تیپی (٧٨)ی کارۆخ
- دوا پلەی: فەرماندەی تیپی (١٩)ی کۆڕەک بووە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و بەرگری و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-٩-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: هیران - قۆپکی گەرۆتە

شەهید (حوسێن کورداوە)

# حوسێن محەمەد رەحمان خەلیفە



(حوسێن کورداوەیی) لە خانەوادەیەکی خاکی و خۆنەویست و دڵسۆز بۆ کوردایەتی گۆش و پەروەردە بوو، ئەم خانەوادەیە لەسەر شۆڕش و کوردایەتی هەوراز نشێوی سەختیان بڕی و کۆڵیان نەدا، ناوبراو لە کۆتایی ساڵی حەفتاکان چەکی کوردایەتی لەشان کردوو کوردانە بۆ کورد تێکۆشا، پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، لەزۆربەی شەڕو داستانە گەورەکانی یەکێتی ئەو لە پێشەوەی پێشەوە بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بەسەختی بریندار بوو هەر کۆڵی نەدا، دوو برای شەهید بوو هەر کۆڵی نەدا، ئەو هەموو ئازایەتی و برینداربوونەی وای کرد ببێتە فەرماندەی مەفرەزەو تا پلەی جێگری کەرت، ئەو پلەی لاگرنگ نەبوو ئەوەندەی ئارەزووی زەبروەشاندن بوو لە دوژمن، ئەوەندەی مەبەست بوو لە هێرشەکان لە پێشەوە بێت و تەقەی سەرکەوتن و فیشەکی گردار لەناو رەبیەو مۆڵگەکانی دوژمن هەڵبدات، بەڵام مەخابن لە مانگی ٩ـ ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە/ هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی ئەم شەهیدەو تێکڕای شەهیدان.

- ناو: حوسێن محەمەد رەحمان خەلیفە
- ناسراو بە حوسێن کورداوە
- تەمەن: ١٩٦٠
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی کورداوە ـ ناحیەی کەسنەزان ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەڵاڵی
- باری خێزانی: خێزاندار، لە ساڵی ١٩٨٦ ژیانی هاوسەرگیری پێک هێناوە
- تەنها یەک کچی هەیە بەناوی (ژیلوان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: سەرەتایی ساڵی ١٩٧٩ بە حزبی سۆشیالستی کوردستان

- له ڕێکەوتی ١ـ٥ـ١٩٧٩ مەفرەزەیەکی (٧) کەسی بوون لە گوندی قۆریتانی نزیک هەولێر ڕووبەڕووی هێزەکانی دوژمن بوونەوە پاش شەڕێکی سەخت و دژوار پێشمەرگەیەک شەهید دەبێ و (٤) پێشمەرگەی تر بەدیل دەگیرێن یەکیان حوسێن کورداوە دەبێت، ڕەوانەی سجنی ئەمنی کەرکووکیان دەکەن، بەڵام بەر لێبووردنەکەی ساڵی ١٩٧٩ دەکەون ئازاد دەکرێن.

- هەمان ساڵ واتە ١٩٧٩ پەیوەندی دەکاتەوە بەشاخ و دەبێتەوە پێشمەرگە لە ڕێزەکانی سۆشیالست تا ساڵی ١٩٨٣

- لە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرتی (٢) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی گەورەی کردووە لە سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێرـ لەوانە: شەڕەکانی سەرکردایەتی، گرتنی ناحیەی دێگەڵە، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، لێدانی ڕەبیەکانی کۆیەو دێگەڵە ـ لێدانی ڕەبیەکانی جادەی هەولێر کەرکووک، شەڕی سماقوڵی.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بە سەختی بریندار بووە. ١ـ لە ڕەبیەکانی نێوان دێگەڵەو کۆیە ٢ـ لە گرتنی ناحیەی تەق تەق

- جگە لە خۆی (٢) براو باوکی شەهیدن.


- دواپلەی: جێگری کەرت بوە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

ساڵی شەهید بوونی: مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٨

- شوێنی شەهید بوون: ئاقاری بردبری سنووری بەستی شەرغە

### شەهید (حوسێن وەردی)

# حوسێن مستەفا حەمەد نەبی



شەهید (حوسێن وەردی) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو شەهید بەخش و دڵسۆز بۆ شۆڕش و کوردایەتی هاتۆتە مەیدانی تێکۆشان، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش تەنازولیان بۆ رژێم و جاش و بەعسییەکان کردبێ، ئەم بنەماڵەیە بەخوێنی گەشی پیرۆزی براو ئامۆزاو خزمە نزیکەکانی سەروەری خاک و نیشتمانیان ئاودێرکردو پیرۆزو پیرۆزتریان کرد. ناوبراو تەمەنی جوانی و لاوی خۆی لەشاخەکانی کوردستان کردە قوربانی، بۆ ئەوەی تەنها رژێم بزانێ میللەتێک هەیە بەخوێن و جەستەی خۆیان لێ ناگەڕێن بەعسیەکان پۆستاڵی رەشیان بخەنە سەرخاکی پیرۆزی کوردستان. شەهید حوسێن پێشمەرگەیەکی خاکی و سادەو راستگۆو دڵسۆزبوو بۆ رێبازەکەی (مام) خۆنەویست بوو بەرامبەر پیرۆزیەکانی نیشتمان، ئەوان بەپاکی کوردایەتیان کردو بەپاکی شەهید بوون، هەموو ویست و خواستێکی پێشمەرگەکانی ئەوێ رۆژێ بۆ هێنانەدی ئازادی و سەربەستی و رزگاری نیشتمانی بوو، ئەوان شۆڕشیان هەڵگیرساند تا گەل ئاسوودە بێت تا خانەوادەی شەهیدان شانازی بە رۆڵەو نەوەکانیان بکەن کە شەرەفی شەهید بوونیان بە باڵا براوە، بەڵام بەداخەوە سەد جار بەداخەوە لە دوای ٢٦ ساڵ حکومرانی خۆماڵی کوردی کورە شەهید لەژێر دەستی کورە مستەشارو چلکاوخۆرەکانی بەعس پێشمەرگەو فەرمانبەری دەوڵەتن.. هەر ئەوەندە دەڵێم شەهید (حوسێن وەردی) ئێوە بە ئاسوودەیی و ئۆقرەی بنوون ئێوە ئارام ئارام پشوو بدەن و ئازادیتان باش و دڵسۆزیتان باش لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە پلەی شەهیدتان بۆ تۆمار بکات.

- ناوی تەواو: حوسێن مستەفا حەمەد نەبی
- ناسراو بە: حوسێن وەردی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی وەردی - قەزای چۆمان

- ئاستی خوێندن: تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە.
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: شوکریە هەمزە خدر
- ناوی منداڵەکانی شەهید: پەیمان، نەرمین، شەرمین، هێمن، نیشتمان، کوردستان.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستنەکانی (ی.ن.ک) ١٩٧٧ لە دۆڵی خانەقا
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)ی باڵەک لای شەهیدی فەرماندە (رەحمان سەیدە) چەکی شەرەفی لەشان کردووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی هەورازونشێوی زۆری بینیوەولە زۆربەی داستان و نەبەردییەکان بەشداری کردووە بەنمونە: شەڕەکانی ساڵی ١٩٨٢، بێتواتە، قەیوان ماوەت، شەڕەکانی سەرکردایەتی، گرتنی ژمارەیەک رەبیەی جادەی هەولێر- کەرکووک، چەندین نەبەردی تر کەناکرێ ئاماژەی پێ بدەین.
لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە دۆڵی خانەقاو - لەسەر رێگای هەولێر- کەرکوک.
- برایەکی تری بەناوی (حەسەن وەردی) لەزیندانەکانی رژێم لە ژێر ئەشکەنجە شەهیدبووە لە ٤-٤-١٩٨٩
- ئامۆزایەکی بەناوی (عەبدوڵلا وەسمان) لە ١١-٣-١٩٩١ لە پارێزگای هەولێر شەهید بووە.
- دوا ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی ٧٨ی کارۆخ کەرتی (١)ی بارەگای تیپ کە ئەوکات شەهید رەحمان سەیدە فەرماندەی تیپ بوو کاک ڕەسول قەندە فەرماندەی کەرت بوو
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨-١١-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: دۆڵی خانەقا
- پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوی (محێدین حەسەن خۆشکانی)

### شەهید (خالید ئینگلیزی)

# خالق رەحمان حوسێن تەها



خالق رەحمان حوسێن تەها مورتکەیی ناسراو بە (خالید ئینگلیزی) ئەم نازناوەی لەلایەن شەهیدی سەرکردە (شاخەوان عەباس) لێ نراوە یان نازناوی خالیدی دەواجن، ناوبراو پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە لە مەفرەزەکەی شەهید قادر مستەفا لە باڵی بزووتنەوە لە ساڵی ١٩٧٧، ناوبراو بەشداربووە لەیەکەم شەڕی دوای دروست بوونەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە بیرەنەوتەکانی شەریکەی نەوتی شیواشۆک لە ١٣-٢-١٩٧٧ کە ئەوکات (٤) مەفرەزە لە سنوورەکە بوونیان هەبووە وەک مەفرەزەی شەهید قادر مستەفا مەفرەزەی شەهید (عەبدولڕەحمان سۆنە گوڵی) و مەفرەزەی (جەلالی کوێخا رەفیقی لەک) و مەفرەزەی (وەسمان بەگ) بۆ زانیاری خوێنەران لەم شەڕەدا عەبدولڕەحمان سۆنەگولی شەهید دەبێ و کاک ئەحمەد کوردەش چەکێکی ئینگلیزی دەگرێت. ناوبراو پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ بوو، کاکە خالید لە ساڵی ١٩٧٩ دەستگیر دەکرێ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێرەوە، بەڵام بەر لێبووردنە گشتییەکە دەکەوێ و ئازاد دەکرێ، ناوبراو پەیوەندی دەکاتەوە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە، زۆر ئازاو چالاکانە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت لەدەواجنەکانی سنووری گردمەلا، ماڵەکەی وەک کاروان سەرای رێکخستن و هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت و بەردەوام ئەو مەفرەزانەی دەهاتنە شار زۆربەیان بۆ زانیاری وەرگرتن و پەیوەندییە نامە نوشتە سیاسیەکانیان کە لەشێوەی نووشتەی دوعا وابوو دەیانبرد یان لای ئەو دایان دەنا، کام دایک و خوشک و باوکە پێشمەرگەی دەشتی هەولێر ماوە سەری لە ماڵی خالیدی دەواجن نەدابێ بۆ بینینی نەوەکانیان یان بردنی جلوبەرگ و خواردەمەنی.. ئەو سەربازێکی ونە ئەگینا دەبووایە لە مەفرەقی ناحیەی قوشتەپە پەیکەری بۆ بکرابا.. جگە لەم کارانەی دەیان جار بەهانای پێشمەرگەکان چووە لە دەوروبەری گوندی گردمەلاو شەڕی دژی جاشەکان کردووە دواجار لەشەڕەکەی شەهید عەریف ئەکرم تیا شەهید بوو ئەو بەشداریەکی راستەوخۆی لەگەڵ

پێشمەرگەکان کردبوو تا جەنازەکە نەکەوێتە دەست جاشەکان.دەربارەی سەردەمی کاری ڕێکخستنی نهێنی هەڤاڵ (شاخەوان مەلا محەمەد) لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی هێزەکانی ناوخۆ لەهەولێر وتی: شەهید خالیدم لە ساڵی ١٩٨٠ ناسی، بەڵام ئەوکاتەی من ناسیم شەهید خالید لە ساڵەکانی ١٩٧٧ بۆ ساڵی ١٩٧٨ پێشمەرگە بوو دواتر نیشتەجێی گوندی مورتکە بوون ڕێکخستنەکانی ئەم سنوورە بە من سپێردرا ناوبراو لای من بوو لە ڕێکخستن تا شەهید بوونی ئەو ئەندامێکی دڵسۆزو بەدەیقەت بوو بەهۆی ئەوەی پێشتر پێشمەرگایەتی کردبوو دەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوسەردەمەی کاری ڕێکخراوەیی بکات، بەڵام بەداخەوە لە ٢٥-١٠-١٩٨٩ بەکارەساتێک گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: خالق ڕەحمان حوسێن تەها
- ناسراوەبە: خالید ئینگلیزی
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مورتکەی گەورە - ناحیەی دارەتوو- قەزای بنەسڵاوە - پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: کەلهوری
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: مهاباد خەلیل عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکان: پێشرەو، رووپاک، پێشەوا، کۆچەر، چۆڵی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- بە باڵی بزووتنەوە لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧ لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە سنووری دەشتی هەولێر لە مەفرەزەکەی قادر مستەفا
- لە ساڵی ١٩٧٩ دەستگیرکراوە لەلایەن ئەمنی هەولێر دواتر گواسترایتەوە هەیئەی خاسەی کەرکووک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی کەوتووەو ئازاد کراوە.
- لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ماوەیەکی زۆر ماڵی لەسەر دەواجنەکانی گوندی گردمەلا دەبێ، زۆرترین کات پێشمەرگەو کادیرەکان ماڵی ئەو وەک شوێنی چاوپێکەوتن و دیداری خانەوادەو کاری تری حزبی لێ ئەنجام دەدەن. واتە زۆربەی کاتەکان پێشمەرگەی بریندار لە ماڵی شەهید خالید ئینگلیز بەڕێ دەکرا بۆ شارو دواتر دەگەڕایەوە ماڵی ناوبراو..
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٥-١٠-١٩٨٩
- شوێنی شەهید بوون: ڕێگای قوشتەپە - بیستانە.

## شەهید (خالید سێقوچانی)

# خالید حەسەن حەمەد



هەندێ جار لێرەو لەوێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان لە رووپەری رۆژنامەکان بۆ هەندێ سەرکردەو دەستڕۆیشتووەکانی حزبەکان وشەی سادەم بەرچاو دەکەوێت دەڵێن فلان سادەو خاکیە، وەلێ سادەبوون لە ناخە نەک رووکەش، ئەوەندەی شەهید خالیدم ناسیبێ لەناخەوە لە نزیکەوە لە زۆر واجب و ئەرکی پێشمەرگایەتی لە خۆشی و ناخۆشیدا لە بوون و نەبووندا شەهید نەگۆڕ بوو بەمانای وشە سادەبوو خاکی بوو.. ئەو لە تەمەنی لاویتیەوە هۆگری کوردایەتی بوو ئەو بۆ کوردستان بۆ یەکێتی چەکی شەرەفی کردە شان، بەڵام چ چەکێک ئەو چەکەی ئەو لە هەر سەنگەرێک کاریگەری خۆی هەبوو، ئەو چەکەی ئەو دوژمن بەزێن بوو، دەزانن شەهید هەرگیز سڵی لە گوللەی دوژمن نەدەکردەوە و هەمیشە بە پێوە شەڕی دەکرد.. ئازایی شەهید هەڤاڵانی سەرسام دەکرد، ناوبراو لە دوای ڕاپەڕینەوە ٢٤ ساڵ بێ دابڕان رۆژ لە دوای رۆژ پێشمەرگایەتی لا پیرۆزتر و خۆشەویستتر دەبوو.. رۆژ لە دوای رۆژ هەستی نیشتیمانی چەکەرەی دەکرد.. یەکێتی بوون رۆژ لە دوای رۆژ لای ئەو باڵای دەکرد، هەرگیز نەبوونی و کێشە تایبەتییەکانی تێکەڵ بە پێشمەرگایەتی نەدەکرد، دڵسۆزی ئەو تا شەهید بوونی بۆ خانەوادەکەی بۆ دەورووبەرەکەی مایەی سەرنج بوو، بنوو سێ قوچانی بنوو بە ئارامی بنوو خەوێکی خۆش هاوڕێم پێت رادەگەینم هاوڕێیانت عەمید سەربازگراوی عەقید دلشاد بەحرکەیی ئەوانیش لە دوامەنزڵگەی نیشتمان بۆ لای تۆ سەفەری ئەبەدیان کردووە.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید خالید سێقوچانی و شەهیدانی رزگاری کوردستان....

- ناوی تەواو: خالید حەسەن حەمەد
- ناسراوە بە خالید سێقوچانی
- ساڵ و شوێنی لە دایک بوون: ١٩٧٠ گوندی سێقوچان.. ناحیەی قوشتەپە.. قەزای بنەسڵاوە..

پارێزگای هەولێر.
ـ ئاستی خوێندن: ٣ی ناوەندی
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٧لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر....
ــ لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی دەکاتەوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری لە ڕاپەڕین دەکات و دواتر دەکرێتە فەرماندەی کەرت لە تیپی شەهید جوامێر لە هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر.
ــ لە ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی شاری کۆیە دەبێت بەهۆی ئینتمای سیاسییەوە.
ــ لە ساڵی ١٩٩٧ دەکرێتە فەرماندەی تیپ لە هێزی بەڕانەتی.
ــ لە ساڵی ١٩٩٩ بەشداری خولی ئەفسەران دەکات لە قەڵاچۆلان بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات و دەکرێتە جێگری هیز.
ــ لە ساڵی ٢٠٠٠ دەکرێتە فەرماندەی هێز لە فەرماندەی ٢ی هەولێر.
ــ لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشداری کاریگەری هەبووە لە پرۆسەی رزگاری عێراق هەمان ساڵ دەگوازرێتەوە بۆ لیوای (٢)ی سەرۆک کۆمار لە بەغدا..
ـ ساڵی ٢٠١٣ دەگوازرێتەوە بۆ یەکەی ٧٠ لیوای ١١٢ دەکرێتە فەرماندەی فەوجی ٤
ـ بەشداری دەیان شەڕی کردووە لە ماوەی ٢٤ ساڵی رابردوو بۆ بەرگری لە حکومەتی کوردستان و ئازادکردنی چەندین شارو شارۆچکە..
ــ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ٣ جار بریندار بووە..
ــ ساڵێک زیندانی سیاسی بووە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر
ــ لە ساڵی ١٩٩٢ خێزانی پێکهێناوە خاوەنی (٧) منداڵە بەناوەکانی (شاباز، شاهەنگ، شاکێو، شامێر، شاسوار، دلما، دڵنیا)
ــ بە داخەوە لە ٢٥ـ١ـ٢٠١٥ لە چیای بەعەشیقە شەهید دەکرێت و دەچێتە رێزی نەمرانەوە..
ــ ئەم نووسینە لە بەرواری ٦ـ٣ـ٢٠١٥ لەژمارە (٦٦٢٢) لە لاپەرە (٨)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

### شەهید (نەبەز)

# خالید سابیر عوسمان



ئەگەر کەمێک بۆ مێژووی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی ئەوێ ڕۆژێی هەولێر بگەڕێینەوە دەبینین ئامادەییەکانی کشتوکاڵ زۆرترین کادیرەکانی لە ئامێز گرتووە، هەر لە هەڤاڵان (کۆسرەت ڕەسول، شاخەوان عەباس، شەهید ڕێباز، شەهید مەلا سلێمان، شەهید فاقە مەخمووری، بەکرە سوور- خالید هەرکی، سەفین مەلا قەرە، بەکر مستەفا، مەلا قادر، شەهید عومەر عەوێنەو حاجی ئەکرەم، ڕەهبەری سەید برایم، شەهید بەهرۆز قەشقە) و چەندین کادیرو ئەندامی دیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم ئامادەییە کاری نهێنی ڕێکخستنیان کردووە. یەکێک لەو کادیرە چالاک و چاونەترسانەی هەرگیز سڵی لە دوژمن نەکردۆتەوە شەهید (خالید سابیر عوسمان) ناسراو بە نەبەز بوو.ئەویش خوێندکاری ئامادەیی کشتوکاڵ بوو. ئەوێ ڕۆژێ ناوبراو لەگەڵ شەهید محەمەد عەجەم لەو هەولێرە چەندین چالاکیان ئەنجام دا دڵی دوژمنیان هێنابووە هەژان هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ کاک خالید هەرکی و شەهیدان ڕێبازو شاخەوان عەباس و محەمەد عەجەم هاوڕێتیەکی پتەو و بەهێز بوو، هەربۆیە لە زۆربەی چالاکی و لێدانی پیاوانی ڕژێم ئەوان سەرکەوتووبون، ناوبراو کادیرێکی نهێنیپارێزو ڕاستگۆ بە دیقەت بوو، یەکێک بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کاک (خالید هەرکی) دەربارەی شەهید وتی: لە ئامادەیی کشتوکاڵی خەبات کەلەک دوو ساڵ بەیەکەوە بووین و شوێنی خەوتنیشمان بەیەکەوە بوو، کوڕێکی کەم دوو بوو، هەستەکانی خۆی بەخەندەو بێدەنگی دەردەبڕی، لە بڕیارەکانی خۆی پاشگەز نەدەبۆوە، زۆر دڵسۆز بوو بۆ هاوڕێیانی، هەمووکەسێکی بە هاوڕێی خۆی نەدەزانی، تا سەر ئێسقان دڵسۆزو کوردپەروەرو هەژار دۆست بوو، چونکە خۆشی کوڕە هەژار بوو، حەزی لە زیادە مەسرەفی نەدەکرد، هەموو هەڵسوکەوتی لە ڕوانگەی کوردایەتی دەبینی، سەرەڕای ئەوەی دوو ساڵی خوێندکاری

و بەشی ناوخۆی بەیەکەوە بووین، لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٧٤ هەر بەیەکەوە بووین، بۆیە مەعدەنی ئەو قارەمانە چاک دەناسم، دەزانم بۆ کوردایەتی و یەکێتیانە چ کەسێک بووە، بەڵام مخابن بەهەوڵی ناپاکان بەدەستی داگیرکەران شەهید کرا.. لەبەر پەرۆشی و خۆشەویستی ڕێکخستنەکان لەگەڵ شەهید محەمەد عەجەم بۆ چالاکییەک گەڕابوونەوە ناوشاری هەولێر لەپاش ئەنجامدانی چالاکییەکە لە گەڕانەوەیان لەناو گۆڕستانی سەید مەعروف لە ڕێکەوتی ٩/١٠ی مانگی ئایار ساڵی ١٩٧٨ تووشی بۆسەی دوژمن بوون و پاش شەڕێکی سەخت هەردووکیان شەهید دەبن و گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید خالید سابیرو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: خالید سابیر عوسمان
- ناسراو بە: نەبەز
- تەمەن: ١٩٥٥
- عەشیرەت: گردوان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: کافیە عەبدولقادر
- ناوی منداڵەکان: نازەنین ـ هێمن
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی تەیراوەی پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی و ناوەندی هەر لە گەڕەکی تەیراوە تەواو کردووە، دواتر ئامادەیی کشتوکاڵ لە قەزای کەلەک تەواو دەکات: کەدەبێتە پێشمەرگە قۆناغی یەکەمی کشتوکاڵ بووە لە کۆلیژی بەغدا
- لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەیەک ئاوارەی ئێران بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری هەولێر دامەزراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- لە ١٣ـ٥ـ١٩٧٧ فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەردەچێت لەگەڵ هاوڕێیانی (شەهید ڕێباز- شەهید شاخەوان شەهید محەمەد عەجەم)
- لە ١٦ـ٥ـ١٩٧٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.
- بە بڕیاری شۆڕش ئەرکی ڕێکخستنەکانی ناوشاری پێ سپێردراوە بەهۆی ئاشنا بوون و شارەزایی لە کاری نهێنی ڕێکخستن.
- ئێوارەی ١٠ی ٤ی ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هاوڕێی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستنە نهێنییەکانی شار (محەمەد عەجەم) کەوتنە ناو بۆسەی پیاوانی ڕژێم لە گۆڕستانی سەید مەعروف شەهید کران..

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٢٢ لە ژمارە (٧٠٧٢) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

### شەهید (دکتۆر خالید)

# خالید سەعید ئەسعەد محێدین



خالید سەعید: ناسراوە بە دکتۆر خالید لە ١ـ٧ـ١٩٣٤ لە دایک بووە، سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردووە پەیمانگای پزیشکی لە کەرکووک لە ١٩٥٥ تەواو دەکات هەر لە کەرکووک دادەمەزرێت و دواتر دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەی کۆیە، لەگەڵ دامەزراندنی (ی.ق.ک) لە ١٩٥٣ ناوبراو تێکەڵ بە ژیانی ڕێکخراوەیی و جموجۆڵی سیاسی بووە و ساڵێک دواتر دەچێتە ڕیزی (پ.د.ک) لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ لە ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە لە ١٩٦١ دەست دەداتە چەکی پێشمەرگایەتی و لەگەڵ (عومەر دەبابە) یەکەم بنکەی شۆڕش لە گوندی بێتواتە ناوچەی خۆشناوەتی دادەمەزرێنن. بەسەرپەرشتی جەنابی مام جەلال بەبەشداری شەهید دکتۆر خالیدو مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بۆ دەست بە سەر داگرتنی ئەو بڕە پارەیەی وەک مووچەی فەرمانبەرانی کۆیە لە هەولێرەوە دەنێردرێتە کۆیە لە نزیک گوندی شێخەروان دەست بەسەر پارەکە دادەگرن و بەمەش شۆڕش کە تازە هەڵگیرسابوو توانی خۆراک و مەسروفی پێشمەرگە دابین بکات. دکتۆر خالید لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە فەرماندەی قوەتی کۆسرەت بووە کەسێکی بە توانا و خۆشەویست بووە دوای نسکۆ دەچێتە ئێران و دواتر کە بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەدرێت لە ١٩٧٦/٨/٨ لەگەڵ هەریەک لە عومەر دەبابە و شەهید سەعدی گچکەو چەند هەڤاڵێک ڕودەکاتەوە شاخ و جاڕی شۆڕشی نوێ دەدەن، لە هەکاری بە دەستی قیادە موقەتە شەهید دەبێت بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ژیانی منداڵی و هەرزەکاری و هاتنەکایەی ناو سیاسەت هەڤاڵ (کەمال محێدین) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ باڵی مەکتەبی سیاسی ئەوکات و خزمی نزیکی دکتۆر خالید بۆی گێڕامەوەو وتی: کاک خالید منداڵێکی بزێو و ئازاو چالاک بوو، ئەوکاتی منداڵانی دوو گەڕەک هەمیشە لە ململانێ و شەڕە بەردیان دەکرد، کاک


خالید سەرپەرشتی شەڕە گەڕەکێکی ئەوکاتی کۆیەی دەکرد کە ناوی قەڵات بوو لەگەڵ هاوڕێیانی خالید ڕەشید و، بەندە. لەئەنجامی ئەم شەڕە چەندین جار بریندار بووە، زۆر ئارەزووی لە چەک و تەقەمەنی و نیشان شکاندن بوو لەگەڵ هاوڕێیانی (کاکە سوور، مەحمود ئاغا، غەفوور محێدین). بەڵام خوێندکارێکی زۆر زیرەک بوو بەتایبەتی لەوانەکانی ئایین، زانست، بیرکاری، زۆرجار مامۆستاکانی داوایان لێ دەکرد کەدەرسەکان بڵێتەوە بۆ قوتابیان. کاک خالید گەنجێکی باڵا بەرزو گەنم ڕەنگ موو ڕەش بوو زۆر باوەڕی بەخۆی بوو. یەکێک بوو لەو قوتابیانەی کەجەنابی مام جەلال وانەی کوردایەتی و مارکسی فێردەکرد لە ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ و ١٩٥٥، بەهۆی چالاکی و زۆری جموجۆڵی سیاسی (٢) جار لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی بەند کراوە.لەیەکەم ڕۆژی دروست بوونی شۆڕشی ئەیلوول ناوبراو دەستی داوەتە چەک و خەباتی درێژە پێ دا لەزۆربەی چالاکییەکانی سنووری کۆیەو خۆشناوەتی و چەمی ڕێزان ڕۆڵ و جێ دەستی دیاربووە. یەکەم داهێنەری دانانی بنکەی پێشمەرگە بووە لە بێتواتە لەگەڵ هەڤاڵان (عومەر دەبابەو مەلا ماتۆڕو ئیسماعیل حوسێن و مام تەها. پاش کودەتای بەعس لە ٨-٢-١٩٦٣ دکتۆر خالید لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە هاتنەوە ناوشاری کۆیەو بوو بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە لەکۆیە بەندەش ئەوکات بەرپرسی ناوچەی کۆیە بووم کاروباری شارەکەم بەڕێوە دەبرد.پاش هاتنی (بارزانی نەمر) بۆ شاری کۆیە لە ١٤-٣-١٩٦٣ بۆ مفاوەزات لەگەڵ حکومەتی بەعس گەورەترین کۆنگرەی کوردستان بەسترا لە کۆیە چەندین سەرکردەو کەسایەتی و مامۆستاو ڕۆشنبیر ئامادەی بوون، لێژنەیەک دروست کرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بەسەرۆکایەتی مام جەلال داوای (ئۆتۆنۆمی و نەتەوایەتی و کەرکووکی کرد، کە مفاوەزات تێک چوو شەڕ دەستیپێ کردەوە، لێژنەی ناوچەی کۆیە بڕیاری دا کۆیە ئازاد بکەن لەم هەنگاو پرۆسەیە شەهید دکتۆر خالید ڕۆڵی ئەساسی هەبوو کۆیە ئازاد کراو چەند برادەرێکی تریش ڕۆڵیان هەبوو وەک (عەلی مام ڕەشید، مەلای مەلا قادر، لێژنەیەک پێک هێنرابۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی شاری کۆیە لە بەرێزان (عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، عەبدوڵڵا کانی مارانی، مەلا مەعسوم، کەمال محێدین) تا ١٩-٥-١٩٦٣. دواتر ڕژێم هێرشی کردە سەر کۆیە (٧) ڕۆژ بەرگری کرا کە دکتۆر خالید دەوری سەرکی هەبوو لەم شەڕەدا. لەکۆتایی دەڵێم باس کردن لە ژیان و خەباتی دکتۆر خالید بە پەرتوکێک تەواو نابێ. هەروەها هەڤاڵ (عەدنان موفتی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوەڵامی پرسیارێکی مندا نوسیوویەتی: ناسینی من لەگەڵ شەهید دکتۆر خالید دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە شەهید هاتبووە سەردانی منداڵەکانی لە سووریا، ئەو پیاوێکی ڕاستگۆو ئازابوو، زۆریش باوەڕو متمانەی بەخۆی و ڕێبازی کوردایەتی هەبوو، دوای چەند هەفتەیەک لەگەڵ ڕەسول مامەندو دکتۆر مەحمودو کاک شەمسەدین موفتی و برادەرێکی عەرەب بەناوی (عونی القلمجی) گەڕانەوە کوردستان. لەمانگی تشرینی ١٩٧٧ منیش لەگەڵیان بووم بەرێگای تورکیا بەهاوکاری و ڕێنمایی برادەرانی ڕێکخستنەکانی (D.D.Q.D) دە دە قە دە، تا گەیشتینە وان و هەکاری، ئەوان ڕۆیشتوون بۆئەو شوێنەی کە مام جەلال و برادەران چاوەڕوانیان دەکردن. شەهید دکتۆر خالید پیاوێکی جەماوەری بوو، لەناو هێزی پێشمەرگەش کەسێکی خۆشەویست و خۆنەویست بوو، هەم خاوەن کاریزمای خۆی بوو، زۆر لێهاتوو بوو وەک سەرکردەی مەیدانی، زۆربەی ژیانی بۆ کوردو کوردایەتی بەخت کرد، لەڕووداوو پێشهاتەکان دووربین و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەی خۆی بوو، هەموو ئەو سیفەت و خاسیەتانە لەدکتۆر خالید بوونیان هەبوو، هەربۆیە لە کایەکانی سیاسەت و پێشمەرگایەتی سەرکەوتوو بوو. درود بۆ گیانی شەهید دکتۆر

خالید و هاوڕێکانی.
- ناوی تەواو: خالید سەعید ئەسعەد محێدین
- ناسراو بە: دکتۆر خالید
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٣٤
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە - گەڕەکی قەلات
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای پزیشکی (برین پێچی) لە کەرکووک تەواو دەکات،
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: لوتفیە سەعدی ئەسعەد محێدین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شۆڕش، ڕزگار، کارۆخ، خەبات، بنار
- لەناوەڕاستی ساڵی پەنجاکان لەرێگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان تێکەڵ بە سیاسەت بووە.
- دواتر بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٥٨ پاش ڕاگەیاندنی کۆماری عێراق ئەوکات پارتی بە ئاشکرا کاری کردووە دکتۆر خالید کراوەتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی کۆیە.
- لە ساڵی ١٩٦١ کە ئەوکاتی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم پشتگیری خێڵەکانی کرد شەهید دکتۆر خالید بەخۆی و مەفرەزەیەک لەشاخ مانەوە تا ساڵی ١٩٦٢ تا ئەو کاتەی جووڵانەوە سیاسییەکە ڕێکخرایەوە.
- لە ٢٤-٤-١٩٦٣کە کۆیە ئازاد کرا شەهید دکتۆر خالید لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە بووە لە کۆیە.
- لەدامەزراندنی یەکەمین بارەگای هێزی پێشمەرگە لە گوندی بێتواتە داندرا بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو (عومەر دەبابە) و ئەندامیەتی شەهید دکتۆر خالید و مەلا عەوڵا) بوو
- دکتۆر خالید یەکەم نوێنەری بارزانی نەمر بووە کەنامەی بارزانی بردووە بۆ شاری (نەجەف) بۆ بەڕێزو گەورەی شیعەکان (موحسین حەکیم) لەوێوە گەورەی شیعەکان فتوای دا شەڕکردن و کوشتنی کورد کوفرو حەرامە.
- شەهید دکتۆر خالید لە ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٤ لێپرسراوی دەزگای چارەسەرکردنی هەموو بریندارو نەخۆشەکانی دەڤەرەکەی دەکرد وێڕای ئیشوکاری عەسکەری.
- لەشۆڕشی ئەیلوول دەیان پلەو پۆستی وەرگرتووە وەک سەرلق و فەرماندەی بەتالیۆن و فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکانی کردووە.
- ماوەی ساڵێک فەرماندەی هێزی شۆڕشی کوردستان بوو لەناوچەی بادینان.
- لە ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە پاڵ هەڤاڵانی باڵی مەکتەبی سیاسی.
- لەپاش بەیانی ١١ی ئازار نیشتەجێی شاری بەغدا دەبێت و لە نەخۆشخانەی (نەعمان) دەکرێتە بەرپرسی ئیدارەی ئەو نەخۆشخانەیە.
- پاش نسکۆ گەڕایەوە عێراق و دامـەزراوە لەنەخۆشخانەیەک لە بەغدا لەوێ پەیوەندی کردۆتەوە بەهەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٧١ دکتۆر خالید بوو بە بریکاری سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە بەغدا بە نوێنەرایەتی (پارتی)

ـ دکتۆر خالید لەگەڵ چەند هەڤاڵێک لە ٢٠ـ٣ـ١٩٧٥ راوبۆچونیان جیاوازبوو بەرامبەر مەلا مستەفای رەحمەتی لەسەر چەک دانان و کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کورد. واتە نسکۆی شۆڕش.
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٥ لە شۆڕشی نوێ
ـ لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (بزووتنەوە)
ـ بەشداری کردووە لەدامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان.
ـ دکتۆر خالید ئەوکاتی رای وابووە باڵی بزووتنەوە ببێ بەباڵێکی ناو یەکێتی.
ـ لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆژەی دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا چۆتەوە شاخ.
ـ لە ١٤ـ٤ـ١٩٧٦ دکتۆر خالید نامەیەکی ناردووە بۆ تێکۆشەر قادر خەبات لەقەندیل بارەگا بکەنەوە. قادر خەبات داواکەی جێبەجێ کردووە ئەوکات ٤٠ تا ٥٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بووە.
ـ لە ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە ناوچەی (برادۆست) بۆ پێشوازی و گەڕانەوەی جەنابی مام جەلال و نەوشێروان مستەفای ڕەحمەتی.
ـ لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆبوونەوەی برادۆست بووە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)
ـ بەهاری ١٩٧٨ لە رەتڵی یەکەمی ئەو هێزە بووکە یەکێتی بۆ سەر سنووری عێراق ـ تورکیای نارد کەدەیانویست بنکەو بارەگا لە برادۆست دابنێن. لەوێوە چەک و تەقەمەنی لەسوریاوە بەناو خاکی تورکیا بهێنن.
ـ لە شەڕێکی سەخت و دژواردا لەگەڵ خێلەکانی ئەم دەڤەرە دواتر لەگەڵ هەریەک لە هەڤاڵان (عەلی عەسکەری و حوسێن بابە شێخ و سەدان پێشمەرگەی تر ڕادەستی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادە موەقەتە) کران و شوێن بزر کران..
ـ شەهید دکتۆر خالید جگە لەخۆی برایەکی تری شەهیدە بەناوی (جەوهەر)
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٧ـ١٩٧٨
ـ شوێنی شەهید بوون: ناوچەی هەکاری

## شەهید (خالید عەبدوڵلا)

# خالید عەبدوڵڵا حارس ئەحمەد




بێ گومان دەڤەری باڵەکایەتی لە مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بەگشتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەتی لەخەبات و بەرخودان پێشەنگ و بەردەوام بوونە لەکاروانی تێکۆشان و کوردایەتی دژی ستەم و زوڵمی داگیرکەرانی رژێمە یەک لەدوا یەکانی عێراق. جێگای خۆیەتی بۆ نەوەی نوێ باس بکەین (وەرتییەکان) بوونەتە رەمزی خەباتگێڕی و نیشتمانپەروەری لە شۆڕشی نوێ، ئەوانەی ئەوێ رۆژێ پێشمەرگە بوونە لەنزیکەوە دەزانن و ئاشنا بە مێژووی تێکۆشەرانی (وەرتیەکان) چەندین فەرماندەو کادیرو پێشمەرگەی هەڵکەوتوو و لێهاتووی بۆ شۆڕش پێگەیاندووەو لەو پێناوەش قوربانی زۆریان داوەو هەر باکیان بەشەهید بوون نەبووە بۆ ئەوەی شۆڕش سەربکەوێ گیانیان فیدای خاک و کوردستان کردووە. یەکێک لەو شەهیدانەی وەرتێ (خالید عەبدوڵلا حارس)ـە. ناوبراو لە خانەوادەیەکی ماندوونەناس و تێکۆشەری نیشتمانپەروەر گۆش و پەروەردە بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی کەسێکی جوامێرو بەهەڵوێست و خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە بووە، کەسێک خۆنەویست و چاکەخوازبووە بۆ دەورووبەرو خزمان، پێشمەرگەیەک جێگای متمانەو باوەڕی سەرووی خۆی بوو، فەرماندەیەک قارەمان و چاونەترس، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتی زۆر گوێڕایەڵ، رەوشت بەرز، ئەرک و فەرمانەکانی سەرووی خۆی وەک خۆی جێبەجێ دەکرد، لەهێرش و بەرگریدا فەرماندەیەکی بوێر بوو. لەزۆربەی داستان و نەبەردییەکان جێگای دیاربوو، هەمیشە ورەو هێزو متمانەی بە پێشمەرگە دەبەخشی، بەڵام بەداخەوە لەشەڕێکی قورس و نابەرامبەردا لە داستانی قەیوان ماوەت لە ٢٠-١١-١٩٨٦ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد کورە چاونەترسەکەی تیپی ٧٨ی کارۆخ. ئارامگەت ئارام بەورئاساکەی وەرتێ، بە ئاسوودەیی بنوو جێگات خاڵی نییە کاکە شەماڵی کوڕت، خزمانت، هاوسەنگەرانت ئێستاکە درێژە پێدەری رێبازە پیرۆزەکەی (مامن).

- ناوی تەواو: خالید عەبدوڵڵا حارس ئەحمەد
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێدن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: ئایش سمائیل حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: مستەفا، شەماڵ، نێرگز
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- ئۆرگان: هەرێمی (هەرێمی ٧ی باڵەک)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە: لەوانە شەڕەکانی سەرکردایەتی، بێتواتە، کونە کۆتر، قەیوان ماوەت، هەڵەموند
- دواتر لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- شەهید خالید جێگری فەرماندەی کەرتی (٧) بوو لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ کە ئەوکات هەڤاڵ (حارس حەمەداغا) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠-١١-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: قەیوان ماوەت - چیای سەنگەر
- لەم شەڕەدا دوو هەڤاڵی پێشمەرگەی تر شەهید بوون بەناوەکانی (حاجی حەمەدەمین ناسراو بە حاجی مامۆ) (محەمەدی مەلا برایم ناسراو حەمە لاس)
- هەر لەم شەڕەدا (٥) پێشمەرگە بریندار بوون.

### شەهید (خالیدە رەش)

# خالید عەزیز مەعروف



شەهید (خالیدە رەش) بە یەکێک لەفەرماندە هەرە ئازاو چاونەترسەکانی ئەوێ رۆژێی تیپی (١٢)ی سۆران ئەژماردەکراو لەناو جەماوەریش پێگەیەکی تایبەتی هەبوو، خۆشەویستی ئەو بۆ خەڵک و شۆڕش و کوردایەتی خۆشەویستیەکی جیاوازو خۆنەویستانە بوو هەر بۆیە بۆچوونەکانی هەڵوێستەکانی رێزلێگیراو بوو لەلایەن سەرووی خۆی لەلایەن جەماوەری ناوچەکە. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم شەهیدە خۆڕاگرە هەڤاڵ (موعین مستەفا) ناسراو بە (شاهۆ) جێگری مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەو پێشمەرگەو کادیر لە تیپی (١٢)ی سۆرانی ئەوکات دەربارەی شەهید خالید وتی: لەمێژووی دروست بوونی تیپی (١٢)ی سۆران لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢ تاکو ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، کۆمەڵێک پێشمەرگەو فەرماندەی زۆر قارەمان و ئازاو دڵسۆزی لێ هەڵکەوت، بەشێکی زۆریان گەیشتە کاروانی نەمران و شەهید بوون، بەشێکی تریان ئێستا کادیرو فەرماندەی پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن و هەمان رێبازی هەڤاڵانی شەهیدەکانیان درێژە پێ دەدەن. تیپی (١٢)ی سۆران یەکێک لە تیپە هەرە ئازاکانی ئەوێ رۆژێ بوو، بەسەدان چالاکی و نەبەردی ئەنجام داوە، هیچ لووتکەو شاخێ، پێدەشتێ، گوندو شارێ نەمابوو چالاکی نەبەردییەکانی تیادا نەکات و خوێنی پێ نەبەخشێ، دەیان فەرماندەی شەهیدو سەدان پێشمەرگەی شەهید گەواهی ئەوێ رۆژێن. یەکێک لەو تیپانەیە کە زۆرترین فەرماندەی شەهید بوون.یەکێک لە فەرماندە شەهیدەکان فەرماندەی کەرتی (٤) (خالید عەزیز مەعروف)ـە ناسراو بە (خالیدە رەش) ناوبراو بەرزتر لە ورە، ورەیەکی بەرزتر لە دار چنارەکەی سەروچاوی کۆڵان، لە خۆڕاگریدا ئیرەیی پێ دەبرا، هێندە مەزن و کێوەکانی هەندرێن و کۆرەک لە ئاستیدا تەپۆڵکەو بناربوون بەهەموو واتای خۆشەویستی خۆشەویست بوو. شەهید لە ساڵی ١٩٨٥ کاتێ کرایە فەرماندەی کەرتی (٤) لەبەر خۆشەویستی و دڵسۆزی و ئازایەتی خۆی کەرتەکە بەشێوەیەکی زۆر بەباشی گەشەی کرد


تا شەهید بوونی فەرماندەی هەمان کەرت بوو. لە شەوی ٧/٨-٩-١٩٨٧ لەکاتی ئەنجامدانی داستانێکی تری (ی.ن.ک) لە دۆڵی خانەقا و وەرتێ، کە سەرکەوتنێکی تری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، تیپی (١٢)ی سۆران بەشێک لەو هێزە بوو، شەهید خالیدە ڕەش وەکو فەرماندەی کەرتی (٤) و ئێمەش لەگەڵیا بوون (٢٥) پێشمەرگە بووین (١٣) پێشمەرگە یان تازە ببوون بە پێشمەرگە یەکەم شەڕ بوو بەشداربوون. شەوەکە زۆر تاریک بوو مۆڵگەی چەتە جاشەکانمان بۆ نەدۆزرایەوە بەهەڵە ئاراستەکەمان وەرگرت لەکاتی دەستپێکی شەڕو (کاتژمێر سفر) جاشەکان ئێمەیان لە دواوە دایە بەر دەستڕێژی گولله، ئەوکات زانیمان ئێمە بەهەڵە ڕۆیشتوون و شوێنەکەمان بەهەڵە کردۆتە ئامانج، بەهۆی هەلەکەوە هێزەکەمان پەرتەوازەو لێکدابڕا، تەنها شەش کەسمان ڕووەوجاشەکان پەلامارمان دەستپێ کرد، بەڵام جاشەکان لە دەرەوەی مۆلگەکەیان دامەزرابوون بۆیە زیانێکی زۆریان لێ داین لە ئەنجام دا سێ بریندارکە دووانیان شەهید بوون یەکێکی تر عەدەد R.B.G بوو چیمان بۆ نەکرا تەنها توانرا بریندارەکان دەرباز بکەین کەبەداخەوە دووان لە بریندارەکان پاش ماوەی نزیکەی کاتژمێریک شەهید بوون، یەکێک لە شەهیدەکان خالیدە ڕەش فەرماندەی کەرتەکەمان بوو. دروود بۆ گیانی شەهید خالیدە رەش دەنێرین..

- ناوی تەواو: خالید عەزیز مەعروف
- ناسراو بە: خالیدە ڕەش
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بنمیرد، قەزای ڕواندز
- ئاستی خوێندن: تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: سەروەر وەسمان وسو
- ناوی منداڵەکانی شەهید: پشتیوان، هەژار، نارین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران - لەدەستەی تیپ بۆتە پێشمەرگە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی تیپ
- لە ساڵی ١٩٨٤ لەبەر ئازایی و لێهاتوویی کراوەتە جێگری کەرت
- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٤)ی شەهیدان
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و بەرگرییەکانی سنووری (١٢)ی سۆرانی کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە هەڵمەت و هێرشەکاندا لەوانە: گرتنی فەوجی ئاکۆیان، لێدانی فەوجی دۆڵی خانەقا، گرتنی ڕەبیەی باسرمە، گرتنی قاتع جەیشی شەعبی تەق تەق، گرتنی ڕەبیەی بەردی بازنان لە گەلی عەلی بەگ، داستانی ڕزگاری.
- شەهید خالید (٢) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ تۆپێکی ڕژێمی بەرماڵەکەی کەوت خێزانەکەی بەسەختی بریندار بوو بەهۆی سەختی برینەکەی هەمان ساڵ شەهید بوو.

- بۆ مێژوو شەهید خالید یەکێک بووە لەو فەرماندە چاونەترسانەی هەرگیز حیسابی بۆ گوللەی دوژمن نەکردووە، کەسایەتییەکی بەسەنگ و کۆمەڵایەتییەکی فراوانی هەبوو لەگەڵ پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکە.
- جگە لەخۆی برایەکی تری فەرماندەی رۆژانی سەختی خەباتی بەناوی (خاڵە سیسۆ) شەهید بوو لە رۆژی رزگارکردنی شاری کەرکووکی قودسی کوردستان لە ٢٠-٣-١٩٩١
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧-٩-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: دۆڵی خانەقا
- لە پاککردنەوەی جاش و جەیش شەعبی رژێم

## شەهید (خالید سیاوی)

# خالید ئیسماعیل خدر ئۆمەر



بێ گومان لێرەو لەوێ زۆربەمان گوێبیستی داستانی کونەکۆتر بووین کە ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگەکانی یەکێتی بە ئینتماو باوەڕێکی پۆڵاینی شۆڕشگێڕانەی بەهێز سنگی خۆیان کردبووە قەڵغان بۆ پاراستنی کونەکۆترو گشت لووتکەو چیاو پێدەشتەکانی کوردستان، قۆناغی رزگاری لەهەموو وڵات و هەرێمێک ئەوانەی دەیکەن ئەوان زۆر بەدەگمەن بەرهەمەکەی دەبینن، بەڵکو ئەوانەی بەرهەمەکەی دەدورنەوە زۆربەی ساردی وگەرمی رۆژانی سەختی خەباتی نەبینیوە، بەڵام حکومەت و دەسەڵاتداران رێز لەخانەوادەو کەسوکاریان دەگرێت بەپێی یاساو رێنمایەکانی وڵات، ئەوەی جێگای داخە لەم هەرێمە سوتماکە کەسانی شۆڕشگێڕو خانەوادەکانیان وەک پێویست گوێیان لێ رانەگیراوە.. وەلێ رزگاربوون لە ستەمکارو زۆردار بەبێ خوێن نایەتە بوون.. یەکێک لەو شەهیدانەی کە خوێنی خۆی کردە قوربانی تا میللەتەکەی رزگاری بێت لە چەوسانەوە (خالید ئیسماعیل خدر) سیاوییە. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازای کەرتی چواری کەندێناوەی دوژمن تۆقێن بوو لەتیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.ئەو پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەری دەشتەکاکی بەکاکیەکەی کەندێناوە بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی نەگەیشتە سێ ساڵ لە داستانی خوێناوی کونەکۆتر گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. روحت شاد کاکی سیاوی، بەهەشت شوێنت بێت قارەمانەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

- ناوی تەواو: خالید ئیسماعیل خدر ئۆمەر
- ناسراو بە: خالید سیاوی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سیاو

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: بلباس
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ سەرەتا لە تیپی (١٢)ی سۆران لەکەرتی (٣)
- دواتر گواستراپتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٦) لای شەهید هاشم شەمامکی
- دواتر لەهەمان تیپ بەڵام گواسترایتەوە کەرت (٤)ی کەندێناوە لای شەهید عەریف ئەکرەم
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی (٨٧)ی قەرەچووغی کردووە. لەوانە: لێدانی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور، گرتنی دێگەڵە - گرتنی تەقتەق - گرتنی سەری رەش - لێدانی ساقیە- هەلاج و دابان - بەنەباوێ - جادەی مەخموور - لێدانی رەبیەکانی جادەی کەرکووک
- لە گرتنی ناحیەی تەق تەق ناوبراو بریندار بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣-٩-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی کونەکۆتر

## شەهید (شێرکۆ تەرجانی)

# خەسرۆ تەها ئەحمەد ڕەسوڵ



دەشتی شەمامک بۆ سەرەتای ساڵی هەشتاکان شوێنی ڕێکخستنەوەو ڕێکخستنی ئەندامان و هەوادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. نابێ ئەو راستیە لەبیرخۆمان بەرینەوەو ئەرکی سەرشانمانە نەوەی داهاتووش ئاشنابکەین بە ڕۆڵ و پێگەی شەهیدان (مەجیدە سۆری تۆغەران و شەهید هاشم شەمامکی) لەهۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی چەندین هەڤاڵ کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر بەرپرسن و رۆڵیان هەیە لە کایەی سیاسی لەم هەرێمە. ئەم دوو شەهیدە قارەمانە رۆڵ و پێگەو توانا هزری و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان خستۆتە گەڕ بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی تاکی کورد لەلایەک، لەلایەکی تر مەترسییەکانی رژێمیان بۆ دانیشتوانی ئەم دەڤەرە خستۆتە روو. ئەوان پەرۆش بوونە تا گەنجی کورد نەکەونە ژێر رکێفی پیلانە گڵاوەکانی بەعسییەکان هەربۆیە شەمامک و شەمامکییەکان ئینتمای کوردایەتی و شۆڕشگێڕیان لەوپەڕی بەهێزی دابووە. ئاشکراشە لەم پێناوەدا قوربانی زۆریان بەخشی بە کوردو کوردستان، یەکێک لەو شەهیدانەی دەڤەری شەمامکی خۆڕاگر(خەسرۆ تەها) ناسراو بە (شێرکۆ تەرجانی)یە ناوبراو پەروەردەی دەستی ئەم شەهیدانە بوو کە لە پێشەوە ئاماژەم پێ داوە. شەهید خەسرۆ هەرچەندە تەمەنی پێشمەرگایەتی نەگەیشتە (٢) ساڵ، بەڵام ئازایەتی و خۆڕاگری و دڵسۆزی بەدیارکەوت ئەو هەرگیز حسابی بۆ گوللەی دوژمن نەکردووە، ئەوانەی لەم کەرتەی شەهید خەسرۆ پێشمەرگە بوون لەگەڵی لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی دەزانن ئەو چەند قارەمان و شۆڕشگێڕو چاونەترس بووە. بەڵام بەداخەوە لە چالاکییەک لە ڕۆژی ١٢-٦-١٩٨٢ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد پێشمەرگە قارەمانەکەی دەشتی شەمامک.

- ناوی تەواو: خەسرۆ تەها ئەحمەد ڕەسول
- ناسراو بە: شێرکۆ تەرجانی

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تەرجان - ناحیەی گوێڕ - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: مەموندی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٣-٢-١٩٨١
- ئۆرگان: تیپی (٨٣)ی هەورێ کەرتی (١)
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی - کەرتی (١) فەرماندەی کەرتەکەیان شەهید مەجیدە سوور بوو
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری ژمارەیەک شەڕی کردووە لە سنووری تیپەکەی.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٢-٦-١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سفییە - گوێڕ

شەهید (خەسرۆ عوسمان)

# خەسرۆ عوسمان حەمەد



لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول و ئاشبەتاڵ پێ کردن خەڵک و بەرپرس و پێشمەرگە بێ هیوا بوون، بێ هیوا بوون تا ئەو ئاستەی چەکەکان رادەستی وڵاتێکی دراوسێ و حکومەتی عێراق بکرێن و سەرکردەکانیش بەرەو وڵاتانی دەرەوە کۆچ بکەن.. وەلێ دەستەیەک هەرپاش هەرەس بەڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال درپان بەشەوە زەنگی تاریکی داو بڵێسەی شۆڕشیان هەڵگیرساندو جارِی شۆڕشیان دا، ساڵێک بەڵێ تەنها ساڵێک بۆ رێکخستن و کاروباری رێکخراوەیی رێکخستن دواتر شۆڕشی چەکداری وردە وردە چەخماخەی داو سەدای شۆڕش پەخش و بڵاوبۆوە.. ئەوێ رۆژێ ئەوانەی بەنان و بەرگ و خواستی خۆیان بوونە پێشمەرگەو کاری نهێنی رێکخستنیان دەکرد ئەوانە بەژمارە کەم بوون، بەڵام کاریگەرو بە ئەزموون و بەورە بوون، ئەوانە رۆژگارێک لە حکومەت و تەنانەت خزم و کەسوکاریان یاساغ بوون لەشۆڕش جێگای متمانەو باوەڕبوون، شۆڕش رۆژبەرۆژ لەگەشەو پێشکەوتن بوو.. رێکخستنەکانی ناوشاریش شانە بەندی بۆ دەکراو ژیرانە کاری نهێنیان دەکرد.. لە دوای ساڵانی هەشتاکان رێکخستنە نهێنییەکانی هەولێرشانە بەندیەکی پتەو و پوختیان لەگەڵ یەک گرێ دابوو تەنانەت فاشیەکانی تووشی شۆک کرد بوو، یەکێک لەو لاوە جوان و خوێن گەرمانە (خەسرۆ عوسمان حەمەد) بوو ئەو کەسێکی هێمن و هێور، کادیرێک خۆشەویست، لێوان لێو لە پاکی، وردو باریک لە کاری رێکخراوەیی، نهێنی پارێز لە حزبایەتی، ئەو لە زیندانیش خۆڕاگرو بەتوانا.. ئەو هەورازو نشێوی زۆری بینی لە زیندانەکانی بەعس، بەڵام هەرگیز قسەیەکی سادەی نەدۆراند، ئەو لە زیندانیش نموونەی زیندانی قارەمان و خۆڕاگری نواند، ئەو لە زیندانیش وانەی شۆڕشگێڕی و خەبات و بەرخودانی بەو زیندانە تازانە دەوتەوە و بەرنامەو پرۆگرامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی بۆ راڤە دەکردن..دوای ڕاپەڕینش (خەسرۆ عوسمان) ناوێکی دیارو رۆشنبیری سنووری مەڵبەندی (٣) رێکخستنی هەولێر بوو، پلەکانی رێکخستنی بەوپەڕی دڵسۆزی و شەونخونی بڕی تا بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستن ئەو بۆماوەیەکی زۆر لە ئاوارەیی و دواتریش لەگەڵ

گەڕانەوەی مەڵبەند بۆ هەولێر هەر بەرپرسی کۆمیتە بوو بەڵام کۆمیتەیەک زۆرترین ئەندام و لایەنگرو هەواداری لێ کۆببۆوە.. بەڵام بەداخەوە شەمشەمە کوێرەکانی جەهڵ و تاریکی لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەک جەژن لە ١ـ٢ـ٢٠٠٤ لە پێشوازی میوانانداا تیرۆریستێک لە بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر خۆی تەقاندەوە (خەسرۆ عوسمان) و چەندین هەڤاڵی تر بوونە قوربانی و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە...

- ناوی تەواو: خەسرۆ عوسمان حەمەد
- ساڵی لە دایک بوون: ١٤ـ٧ـ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی شاخۆران ـ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا چواری ئامادەیی خوێندووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سەبیحە ئیبراهیم مستەفا
- ناوی منداڵەکانی: فریشتە ـ تریسکە ـ تریفە ـ هەنگاو ـ هێژا ـ هاژە ـ هەڤرێست
- عەشیرەت: گەردی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان: ١٩٨٠
- ساڵ و ڕۆژی ئاشکرا بوون و دەستگیرکردنی لەلایەن ئەمنی هەولێر: ٢٠ـ٣ـ١٩٨٦
- شوێنی مانەوەی لە بەندیخانە: ئەبوو غرێب
- ساڵ و ڕۆژی ئازادکرنی: ١٤ـ٩ـ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی کەوت
- ساڵی پەیوەندی کردنەوەی بە ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە: ١٩٨٩
- لە ساڵی ١٩٩١ وەک کادیرێک ڕۆڵی بەرچاو گرنگی هەبوو لە ئازادکردنی هەولێرو دەورووبەری..
- لە ساڵی ١٩٩٢ سەرەتا لە کۆمیتەی (٣) هەولێر کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ پلەی کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی خوێندکاران بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی کرێکاران بووە.
- دواتر ئاوارەی شاری سلێمانی و کۆیە بووە.
- لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە کۆیە لێپرسراوی کۆمیتەی ٣ ڕێکخستن بووە..
- ئەندامی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.
- لەگەڵ گەڕانەوەی مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٣. کراوە بە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێر.
- ساڵی شەهید بوون: یەکی شوباتی ٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: لە ناو هۆڵی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بەدەستی تیرۆریستان.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١١/٥ لە ژمارە (٦٨١٣) لە لاپەڕە (١٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (خەسرۆ شێرە)

# خەسرۆ هادی سمایل تەها




ئەگەر بۆ رابردووی سەرەتای درووست بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بگەڕێینەوە دەبینین چ لەوانەی دەستەی دامەزرێنەر بوون چ لە ستافی سەرکردایەتیەکەی بۆنی بنەماڵەی لێ نەهاتوەو دانانی کەسە نزیکەکانی سەرکردایەتی بە بڕیارو میزاجی شەخسی نەبووەو هەریەکەو هی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوون. جیاوازی یەکێتی لەگەڵ حزبەکانی تری مەیدانی خەبات ئەوەیە کورە هەژارو بێ دەرامەتەکان گەیشتوونەتە لووتکەی دەسەلات، هەمیشەش لە داستان و نەبەردییەکان سەرکردەکانی یەکێتی لە پێشەوەی پێشەوە بوون. یەکێک لەو شەهیدە سەرکردانەی هەولێر لە شانەو پۆلەوە تا ئەندامی سەرکردایەتی بە پلەبەندی و خەبات و تێکۆشانی خۆی گەیشتە سەرکردایەتی ئەویش شەهید (خەسرۆ شێرە) بوو. هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) پێشمەرگەی دێرین و لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی (٢٠)ی مەخمووری پێشوو وتی: ئەو رۆژەی مرۆڤ لە دایک دەبێ ئەبێ بمرێ ئینجا چ زوو یا درەنگ چونکە ئەوە یاسای ژیانە و کەس ناتوانێ لەبەر ئەو یاساییە را بکات، ئەوەش پێی دەڵێن یاسای هاوسەنگی سروشت. بەڵام هەندێ کەس نامرن، بەڵام لەبەرچاوی مرۆڤەکانی تر ون دەبن، ئەگینا هەموو کاتێ لەبیروهۆشی خەڵک دەژین. شەهید خەسرۆ شێرەو هاورێکانی لەو کەسانەن کە بۆ خۆیان مێژوویان دروست کردووە کە جیاوازن لە خەڵکی تر ئەوەش خۆبەخت کردنە لە پێناو خاک و نیشتمان و میللەتەکەیان و مرۆڤایەتی و هەرلەو پێناوەش دا سەردەنێنەوە بۆیە ئەوانە بە زیندوویی دەمێنێنەوە لە هزری نەوە لەدوای نەوەدا. وەلێ ئەوەی جێگای داخە بەشەهید بوونی هەڤاڵ خەسرۆ شێرەو هاوڕێکانی لە رۆژێکدا بوو کە خەڵک لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبوونەوە گەردەن ئازادانە لە یەکتری دەکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیان بۆ یەکتری تازە دەکەنەوە. کەچی ئەو دەستە رەش و قین لە دڵ و چرکنانە کە دوورن لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی دەستی چەپەڵی خۆیان بەخوێنی سەدان قارەمان و تێکۆشەری ئەو میللەتە ستەم دیدەیە سوور کرد. شەهید خەسرۆ شێرەو ئەو پۆلە شەهیدە سەرکردەو کادیرو ئەندام و دۆستە دڵسۆزەی یەکێتی لەکاتێکدا شەهید بوون هێشتان بزووتنەوەی کوردایەتی پێویستی بە خەبات و خزمەتی ئەوان

هەبوو، بەڵام ئەو تاریک بیرانە بەهەڵەدا چوون، چونکە خوێندنگای کوردایەتی ئەوەندەی ئەزموون هەیە زۆر بەئاسانی توانی ئەو کەلێنە پر بکاتەوە و ئاڵای ڕێبازەکەی شەهید خەسرەو و هەڤاڵەکانی هەمیشە لەبەرزیدا بشەکێتەوە. درووود بۆ گیانی شەهید خەسرەو شێرەو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: خەسرۆ هادی سمایل تەها
- ناسراوە بە: خەسرۆ شێرە
- تەمەن: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر - گەڕەکی تەیراوە
- عەشیرەت: سنجاوی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: پەروین عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکان: ڕامێن - داهێن - ڕاهێن - ڕەهەند
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٨ لە ڕێگای شەهید (کەریم ڕەسول)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١.
- وەک کادیری سیاسی لە سنووری مەڵبەند درێژەی بەخەبات داوە.
- لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ١٩٩٢ دەکرێتە ئەندامی کۆمیتەی مەخموور
- لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی کۆنگرەی (١)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت.
- لە ساڵی ١٩٩٢ بە هەڵبژاردن دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەی (٤)ی ڕێکخستن، لەم هەڵبژاردنە یەکەم دەنگ بەدەست دێنێ.
- لە ساڵی ١٩٩٣ لە فەوجی دووی پاراستنی هەولێر دەکرێتە ڕائید بەرپرسی بەشی ئیدارە دەبێت.
- لە ساڵی ١٩٩٤ دەکرێ بە کارگێڕی مەڵبەندی موسڵ - ئاکرێ و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لە ئەستۆ دەگرێت.
- لە ساڵی ١٩٩٥ دەکرێ بە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی هەولێرو سەرپەرشتیاری کۆمیتەکانی کۆیەو تەقتەق.
- لە ساڵی ١٩٩٦ وەک کارگێڕی مەڵبەند بەرپرسی ئیدارەی مەڵبەند دەگرێتە ئەستۆ.
- لە ساڵی ١٩٩٧ وێڕای لێپرسراویەتی بەشی ئیدارەی مەڵبەندی (٣) سەرپەرشتیاری ڕێکخستنە نهێنییەکانی شاری هەولێر دەکات.
- لە ساڵی ١٩٩٧ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و سەرپەرشتیاری ڕێکخستنە نهێنیەکانی هەولێر.
- لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٩٩ بە جێگری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر هەڵدەبژێردرێت.
- هەر لەهەمان ساڵدا ١٩٩٩ نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبێت لە لێژنەی ئاشتی (pmf)
- لە ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ دەکرێتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی یەکێتی لە کۆیە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ هەیئەی سەرکردایەتی هەولێر بەڕێزان (عەدنان موفتی، سەعدی ئەحمەد پیرە،شەهید شاخەوان) دەگەڕێنەوە هەولێر ئەرکی لێپرسراوی ڕێکخستنی مەڵبەندی (٣)ی هەولێری پێ دەسپێردرێت.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٢-٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر

## شەهید (خەلیل مەخمووری)

# خەلیل ئەنوەر حەسەن زێندین



بنەماڵەی (مام ئەنوەر حەسەن) لە سنووری قەزای مەخموور و دەوروووبەری بەبنەماڵەیەکی تێکۆشەرو دڵسۆزی رێبازی کوردایەتی ناسراون، ئەگەر فلاش باگێک بۆ مێژووی خەبات و پێشمەرگایەتی ئەم خانەوادەیە بکەین لە ساڵی ١٩٥٨ روحیەن تێکەڵ بە سیاسەت و کوردایەتی بوونەو پەیوەندیان بە شۆڕش کردووە، مام ئەنوەری باوکی شەهید خەلیل لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ (٤) پۆلیسی تر زیاتر لە (٨٠) پارچە چەک و دوو جیهازو(٥٠) سندووق فیشەک و بڕی (حەڤدە هەزارو حەفت سەد دیناری سویسری) لە مەخفەری پۆلیسی مێرگوو سەردەست بەسەردادەگرن و دەست کەوتیان گەیاندە شاخ و تەسلیم بە شۆڕشیان کرد، لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمانیش بە ڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال، هەر (٥) کوڕەکەی بوونە پێشمەرگەو خەباتیان لەدژی رژێم کرد هەربۆیە سێ کوڕی فەرماندەو ئازای بەخشی بەنیشتمان و شەهید بوون، یەکێک لەو شەهیدانە (خەلیل ئەنوەر حەسەن) ناسراو بە (خەلیل مەخمووری) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بە وەفا بەرامبەر خاک، ئازاو بەهیمەت لەکاتی هەڵمەت بردن، خۆڕاگر لەکاتی بەرگری، ئەو هەردەم خەون و خولیای ئەوەی لەهزردا ئەخولایەوە شوێن و پێگەی برایەکانی شەهیدان (مامۆستا کاوە و ئیبراهیمە کوڕ) خاڵی نەبێت و ببێتە درک بۆ چاوی دوژمن، شەهید ڕاپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١ بەچاوی خۆی بینی و رۆڵی کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان، بەڵام حەزو ئارەزووەکانی تێر نەبوو لە راوەدوونان و تەمبێ کردنی بەعسیەکان، ئەمجارەیان بۆ رزگارکردنی دەڤەری دیبەگە و دەوروووبەری لە شەڕێکی سەخت و دژواردا لە ١٢-٣-١٩٩٥ شەهید دەکرێ و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید خەلیل و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: خەلیل ئەنوەر حەسەن زێندین
- ناسراو بە: خەلیل مەخمووری
- تەمەن: ١٩٦٠
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- عەشیرەت: مەموند
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نەجیە عوسمان سەعید
- ناوی منداڵەکان: خۆگر، جێگر، سیلال، دیلان.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٤
- ناوبراو لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢) پێشمەرگە بوە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی تیپ بووە لەبەتالیۆنی دەشتی هەولێر.
- پێش ڕاپەڕین بەشداری زۆربەی شەڕو داستان و چالاکییەکانی سنووری ئۆرگانی خۆی کردووە، دوای ڕاپەڕینیش دەورو کاریگەری زۆر هەبووە لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووک و ڕاماڵینی بەعسییەکان: سەرئەنجام لە رزکارکردنی خاکی کوردستان شەهید بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٢/١٣/٣ـ١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: سنووری شارەدێی دیبەگە.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/٨ لە ژمارە (٧١٣٨) لە لاپەڕە (١٤)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (خدر خورمەڵەیی)

# خدر عەزیز باپیر وسوو



لە ساڵی ١٩٨١ ئەوێ ڕۆژێ کە شەهید شاخەوان عەباس بەرپرسی قوەتی دەشتی هەولێر بوو ئەم تەشکیلەیە یان ئۆرگانە تازەیەی ئەو سەردەمە خۆی لە دوو کەرت و دەستەیەکی بەرپرسی قوەتەکە دەبینیەوە، کەرتی (١) شەهید هاوڕێ کاوە بوو، کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری بوو، دەستەکەش شەهید شاخەوان خۆی سەرپەرشتی دەکرد. یەکێک لەو پێشمەرگە چالاک و بزێو خۆنەویستانەی کەرتی (٢) شەهید (خدر عەزیز) بوو. ئەو لە خانەوادەیەکی ڕەنجدەرو هەژاری سنووری ناحیەی دیبەگە گۆش و پەروەردە ببوون، خانەوادەیەک دۆست و لایەنگری کوردایەتی بوون، دووبرایتری پێشمەرگە بوون و کۆڵیان نەدا تا یەکیان شەهید بوو بەناوی (قادر شوعی). شەهید (خدر) ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بوو چ لە قوەت چ لەو ئۆرگانانەی تر هەمیشە بیروباوەڕی ڕەنجدەران و بیروبازووی هەژارانی لەهزردا دەخولایەوەو بیرکردنەوەی بۆ کوردایەتی زۆر تۆخ و جیاوازبوو، هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی بەهێزبوو، باوەڕی بە یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ هەبوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆڕاگرو چاونەترس بوو. بەڵام بەداخەوە لە چالاکییەکی چاوەڕوان نەکراو شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: خدرعەزیز باپیر وسوو
- ناسراو بە: خدر خورمەڵەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی خورمەڵە - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ لەلایەن هەڤاڵ (کاکلە ڕەش) ڕێکخراوە
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: قوەتی دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
- دواتر گواسترایەوە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە لەسنووری قوەت و تیپەکانی سنووری هەولێر.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٥ـ٤ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چیغلوک، ناحیەی دیبەگە
- پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ بریندار بوو بەناوی (دلێری مەلا شینە) بەدیل گیرا دواتر لە ئەبوغرێب لە سێ دارەدرا لە ٩ـ٣ـ١٩٨٦..

## شەهید (خدر گەڵاڵی)

# خدر ئەحمەد عەوڵا ڕەسوڵ



کۆرەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کارەسات و ستەم و زوڵمێکی تری بەعسییەکان بوو دەرحەق بە گەلی کوردستان کە خەڵکی کوردستان ئاوارەو دەربەدەری شاران و شاخ و کێوەکان بوون، لەم کۆڕەوە هاونیشتیمانیان ڕووبەڕووی ترس و تۆقێکی زۆرو برسیەتی و تێنویەتی بوونەوە، لەلایەکی تر هەڕەشەیەکی تر بوو بۆ سەر منداڵان و پیرو پەکەوتەکان، چەندین لاوی خوێن گەرم شەهید بوون و گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. مانگێک تێنەپەڕی بوو بۆنی ئازادی و هەوای ئازادی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتبۆوە، ڕاپەرین خەونی لەمێژینەی گەلی کوردبوو کەچی کۆڕەو جەرگی دەیان دایکی سووتاندو سەدان منداڵی چاوگەشی هەتیو کرد. زۆربوون ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاری ڕێکخراوەیان دەکردو زۆرترین مەترسی لەسەر ژیانی خۆیان و خانەوادەیان دروست کردبوو، کەچی هەر بەردەوام بوون لە کوردایەتی لەناوشارەکان. یەکێک لەو لاوە جوان و بەهەڵوێستانەی گوندی (مەلەک ئاغا) شەهید خدر ئەحمەد گەڵاڵی بوو، ناوبراو لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو کوردانەی شاری هەولێر پەروەردە ببوو، لەسەر کوردبوون و دڵسۆزیان بۆ ڕێبازی یەکێتی هەورازو نشێویان زۆربینی. بەڵام بەداخەوە ئەم پێشمەرگە خاکیە لە ڕۆژی ١-٤-١٩٩١ لەنزیک بازگەی شاوێس لە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ سەرانی ڕژێم شەهید بوو. روحت شادو ویژدانت ئاسوودە کاکە (خدر).

- ناوی تەواو: خدر ئەحمەد عەوڵا ڕەسول
- ناسراو بە: خدر گەڵاڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلەک ئاغا
- عەشیرەت: گەڵاڵی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: نەورۆز سەعید مەولود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: جووتیار، کرێکار
-ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- ئۆرگان: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١ـ٤ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: بازگەی شاوێس مەسیف

شەهید (خورشید ئیبراهیم)

# خورشید ئیبراهیم ئەحمەد شوان کارە



شەهید خورشید گەنجێکی هێمن و لەسەرخۆ، گەنجێک دڵسۆز بۆ نیشتمان، ڕەوشت بەرزو خۆشەویست لەناو خزمان و دەورووبەر، ناوبراو پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەلایەن هەڤاڵ (سەرهەنگ پالآنی) ڕێک خرابوو بۆ کاروباری ڕێکخستنە نهێنییەکان، دواتر لە مانگی (٤)ی ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد لە ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغی دوژمن تۆقێن. ناوبراو هەرچەندە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو، بەڵام بەهۆی گوێڕایەڵی و دیسپلینی پێشمەرگایەتی خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو، لەو ماوەکەمەدا بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کرد، وەلێ بەداخەوە لە ٢٧ـ٧ـ١٩٨٧ لە چالاکییەکدا شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: خورشید ئیبراهیم ئەحمەد شوان کارە
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلەک ئاغا ـ ناحیەی دیبەگە ـ قەزای مەخموور ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەلآڵی
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٧
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٥)
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- ناوبراو بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە لە سنووری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٧ـ٧ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: سنووری قەراج نزیک گوندی مشار

شەهید (ملازم خولە)

# خولە عەزیز فەرحان قەرەنی



نووسین و قسەکردن لەسەر ئەفسەرو فەرماندەیەکی ئەکادیمی سەربازی قسەکردنە لەسەر کۆمەڵێک بنەماو رێسای سەربازی، ئەوانەیساڵی حەفتاکان لە پایتەختی عێراق خولی سەربازیان تەواو دەکرد دەبوونە جێگای متمانەی فرقەیەک یان لیوایەک یان هەر یەکەیەکی سەربازی، چونکە بەدەرچوونیان لەم فێرگەیە کەسێکی کامل و شارەزا لەدایک دەبوو. دەبووە مامۆستای سەدان سەربازی تر. بۆ ئەوێ رۆژێ یەکێک لەو گەنجانەی شاری هەولێرو دەشتە کاکی بەکاکیەی گوندی گەرەسۆر پەیوەندی بەرێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد "ملازم خولە" بوو. ناوبراو یەکێک بوو لەو ئەفسەرە شارەزاو بەتوانایانەی دەرچووی خولی ئەفسەری شاری بەغدا بوو پەیوەندی بە بارەگای سەرکردایەتی کردوو لەماوەیەکی کەم بووە دۆستی هەڤاڵ مام جەلال و خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە. ملازم خولە هەر زوو کرایە فەرماندەیەکی عەسکەری و رۆڵی خۆی بینی لەچەند چالاکییەک هاورێیانی بەهۆی ئازایی و خۆراگری لەکاتی شەرِدا تووشی شۆک کردبوو. جگە لە قارەمانیەتی ئەو کەسێکی رۆشنبیرو خوێندەوارو بەئەزموون بوو، چونکە لە شۆرشی ئەیلوولیش سەرلقی (٢) بوو لە بەتالیۆنی (٤)ی زۆزک. شەهید خولە فەرماندەیەکی دیارو کارامەو چالاک بووە لە مەجالی سەربازیدا. ئەو سادەو خاکی و نەرم و نیان بووە لەگەڵ پێشمەرگەو دەستەو دەوروبەریدا. بۆ زیاتر زانیاری پێشمەرگەی دێرین و گەنج لە ئەوێ رۆژێ هەڤاڵ " سەفین عومەر فریزی) لە هەردوو شۆرش پێشمەرگەی شەهید ملازم خولە بووە لەوەڵامی پرسیارێکی من دەربارەی شەهید خولە وتی: لەشۆرشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٤ من لە پێشمەرگایەتی گوازرامەوە بەتالیۆنی ٤ی زۆزک کە ئەفسەری پۆلیس معاون (دێوالی) ئامر بەتالیۆن بوو، (ملازم) خولەش سەر لقی ٢ بوو لەو بەتالیۆنە. هاورێیەکم بەناوی " سامی خانەقینی" و من کەوتینە

لای ملازم خوله کە ئەوکات من بچووکترین پێشمەرگە بووم لەو بەتالیۆنە، ملازم خوله گەنجێکی چاپوک و عەسکەریەکی تەواو بوو، هەر لەو کاتە ئاگادارکراینەوە کە (شێخ عوسمان و شێخ خالید) و کۆمەڵێک لە بارزانییەکان پەیوەندیان بە حکومەت کردووە دەیانەویت خۆیان دەرباز بکەن، ئێمەش لقەکەی ملازم خوله بۆ ڕێگریکردنیان هێرشمان برد، بەڵام کۆپتەرەکانی ڕژێم فریایان کەوتن ئەوانیان هەڵگرت ئێمە تووشی شەڕێکی قورس بووین، بەتانک تۆپ و تەیارە هێرشیان کردە سەرمان لەو شەڕە جێگر لقەکەمان بەناوی " هادی " شەهید بوو. قارەمانی و لێهاتوویی شەهید ملازم خولەم لە و شەڕە بۆ بەدیارکەوت، لە دوای هەرەس لە یەکتر دابراین شۆڕش کۆتایی هات. ئەم جارە شۆڕشی نوێ دەستی پێکرد بە ڕابەرایەتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، ڕێکەوت و قەدەر وابوو لە شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگە کرد لە دوڵی خۆشناوەتی ئەوکاتە دۆڵی خۆشناوەتی لانکەی شۆڕش بوو چەندین سەرکردەی سیاسی و عەسکەری و فەرماندە سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد کاک نەوشێروان، کاک مەلا بەختیار، شەهید ملازم سەید کەریم، شەهید ملازم خوله دزەیی، ملازم سمکۆ دزەیی و دەیان فەرماندەی تر کە ئەمانە لە ساڵی ١٩٨١ و بەدواوە وە پێشتریش دەیان سەرکردەو فەرماندەی ناودار لە داستانەگەورەکان چوونە کاروانی شەهیدان.. لە ساڵی ١٩٨١ کە پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگە کرد لە دۆڵی خۆشناوەتی دۆڵی بالیسان دیسان کەوتمەوە لای ملازم خوله لە قوەی خۆشناوەتی و تیپی ٨٣ی هەورێ هەمان پێشمەرگەی هاوڕێشم سامی خانەقینی لەگەڵیدا بوو بەداخەوە دوای ڕاپەرین لە تەقینەوەکەی زەڵم لەگەڵ شەهید (عەبۆ لاسووتا) و شەهید (باپیر گۆمەشینی) شەهید بوو، ملازم خوله سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕو ڕۆشەنبیرو خاکی و سادە و ساکار بوو بەردەوام لە ناو پێشمەرگەکان بوو، لێیان دانەدەبڕا هەرچەندە ماڵی لە نزیک بارەگای تیپ بوو لە بالیسان خۆی و فوئادی برای و برایمی ئامۆزای بەردەوام نانیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەخوارد بەدەگمەن لەماڵەوە بوو لەکاتی پشووەکان. لەگەڵ پێشمەرگە بەڕیز دادەنیشت لەسەر ئەرزەکە هەروەک پێشمەرگەکان تا نۆرەی دەهات بۆ خواردنەکە لەلایەن خەفەری ڕۆژانەی خواردن و هەرگیز ڕازی نەدەبوو نۆرە بری بۆ بکرێت، ڕۆژێکیان لە ژێر ساباتەکەی بارەگا پێشمەرگەیەکی زۆر بەڕیز دانیشتبووین من لەسەری سەرەوە بووم جەمەدانی و جلێکی پۆشتەم لەبەردا بو و تاقم و کلاشینکۆفێکی باشم پێ بوو شەهید ملازم خولەش لە خواری خوارەوەی پێشمەرگەکان دانیشتبوو بەسادەییەکەی خۆی هەرگیز ڕێگای نەدەدا جێگای بۆ چۆڵ بکرێت و خۆی لە پێشمەرگەکان بە بچووکتر دەزانی و خۆی جیا نەدەکردەوە، لەو کاتە وەفدێکی پێشمەرگەی حزبی شوعی هاتن بەرپرسەکەیان ناوی " مام خۆشناو " بوو. سەرکەوتن ملازم خولەیان نەدەناسی بۆیە لێی ڕەت بوون یەکسەر بۆ لای من هاتن چاک و چۆنی گەرمیان کرد وایان زانی من ملازم خولەم بە هۆی پۆشتەیی جلوبەرگەکەم و لە سەری سەرەوەی مەجلیسەکەش بووم بۆیە هەڵسەنگاندنی وابوو منیش بە خێر هاتنم کردو لە تەنیشت خۆم دامنا و بەناوی ملازم خولەوە قسەی لەگەڵم دەکرد و ئیشێکی زەرورو پەلەشیان هەبوو، بۆیە من ملازم خولەم پێناساند، سەری سوڕما کە بینی فەرماندەیەکی ئاوا ناودار زۆر بە سادەیی لە خواری خوارەوەی هەموو پێشمەرگەکان دانیشتووە.. ئەوکاتە تەشکیلاتی تیپی (٨٣)ی هەورێ پێک هاتبوو لە شەهید ملازم خوله دزەیی فەرماندەی تیپ، قادر دۆشکە جێگری فەرماندەی تیپ، فاروق عەلی مەولود ڕابەری سیاسی تیپ، مامۆستا بەکر مستەفا لە ڕێکخستنی تیپ، چەند کەرتێک کە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەیان لەخۆ گرت بوو کەرتەکانیش پێکهاتبوون لە؛ شەهید ڕێباز، شەهید تەحسین کاوانی،

شەهید جوامێر فەرماندەی کەرتی تیپ بوو، کەیفی بەگی وەرێ، ئازاد خۆشناو جێگری کەیفی بەگ بوو، خالید رۆستەم، شەهیدان بەکرە قیت و عەلی نەبی کەرتێکی هاوبەشیان هەبوو بۆ چالاکی و سەردان، کاک مەجید میرخان فەرماندەی کەرت بوو، ئەم تیپە لەسەرەتای دروست بوونی چەندین فەرماندەی مەفرەزەی بوێری هەبوو وەک: ئەحمەد کوردە، محەمەد غەفوور مەنتک، شەهید مەجیدە سوور، شەهید رەنجە تەللخێمی، شەهید عەلی مەسیفی، شەهید سۆران مەسیحی، شەهید عومەر عەوێنە، شەهید یاسین کاوانی (مام دارا)، شەهید کارزان شەقڵاوە، مامۆستا تەحسین کەریم، مەریوان (حوسێن کەریم)، شەهید تەحسین عوسمان دیبەگەیی، عەولا مەندێری، خالید حاجی، عوسمان بچکۆل، سەفین عومەر فریزی، شەهید سەردارە قیت، مامۆستا تاهیر بەکر شەهید مەغدید تەللخێمی.. لەکۆتایی داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هەڵەیەک یان ناوێکم لە بیرکردبێ چونکە ٣٥ ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر ئەو بیرەوەریە بۆ زانیاری هەموو لایەک تەشکیلاتی ئەوکاتیش زوو زوو گۆڕانکاری بەسەردەهات و زۆر ئۆرگانی تر لە سنووری تیپی ٨٣ی هەورێ چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و رێکخستنیان هەبوو ناکرێ ئاماژە بەناوی هەموویان بدەین.. هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەوانە دەخوازم کە لە ژیان ماون..

- ناوی تەواو: خولە عەزیز فرحان قەرەنی
- ناسراو بە: ملازم خولە
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٤٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەرەسۆر
- عەشیرەت: دزەیی
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر کولیەی سەربازی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠ تەواو دەکات.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: کیشخان محەمەد حوسێن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هێرش، سالم، سەرکەوت، ئاری، هێرۆ، هەتاو.
- لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووە فەرماندەیەکی سەربازی کارا بووە، سەرلق بووە لە بەتالیۆنی (٤)ی زۆزک.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ساڵی ١٩٨٠ بۆ ساڵی ١٩٨١
- ئۆرگان: سەرەتا لە مەفرەزە سەرەتاییەکان و دواتر لە قوەتی خۆشناوەتی.
- لە ساڵی ١٩٨٢ فەرماندەی تیپی (٨٣)ی هەورێ بووە.
- شەهید دووجار برینداربووە لە ناوەزەنگ و لە شەڕی هێزی پشتیوانی لە برایانی دیموکرات لە رۆژهەڵات.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی تا شەهید بوون بەشداری دەیان نەبەردی و داستان و چالاکی گەورەی کردووە و خۆی سەرپەرشتی مەیدانی و رۆڵی گەورەی تیا بینیووە.
- جگە لەخۆی شەهید خولە برایەک و کوڕێکی بونەتە قوربانی رێگای رزگاری کوردو کورستان.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٥-٧-١٩٨٩

شەهید (داود محەمەد)

# داود محەمەد داود فەقێ مەحمود



لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەغدا هێرش و بەرنامە سەربازییەکانی چڕترو بەهێزتر کرد بۆ سەر بارەگاو سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە قەندیل و سەر سنوورەکان، ڕژێمی فاشی بەغدا ئەو پیلان و هەنگاوانەی دەیویست بەرامبەر کوردبەگشتی جێبەجێ بکات بە کیمیاباران و وێرانکردنی دێهاتەکان کۆتایی پێ هێناو هەزاران کورد بە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە بوونە قوربانی ئەم سیاسەتە چەوتەی سەدامیەکان. شاخی (کونەکۆتر)یش لە چیای قەندیل لەهەرێمی کوردستان بەدەرنەبوو لەو هێرش و پەلامارە دڕندانەی بەعس. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی شاخ و چیاو دۆڵ و دێهاتەکان چۆڵ نەکات و بە بەعسیەکان بڵێ نا بۆ جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاباران لەهەموو شوێنەکان بەرگری بەهێزی کردوو نەبەردی و داستانی گەورەی تۆمارکرد، بەڵام بەداخەوە لە داستانی کونە کۆتر چەندین پێشمەرگە خوێنیان بەخشی و گیانیان فیدای خاکی کوردستان کرد. یەکێک لەو شەهیدانە لاوێکی جوان و عاشقی خاک و شەیدا بەنەتەوەو کوردایەتی بوو، ئەم لاوەش (داود محەمەد داود) دێمەکاری بوو ناوبراو لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی هەژارو جووتیاری کەندێناوەی سەرکەش پەروەردە ببوو، ئەو پێشمەرگەیەکی بە ڕەوشت و هێمن و بە دیسپلین بوو، هەمیشە ئارەزووی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو تا زیاتر تێکەڵ بە جەماوەری ناوچەکە بێت، بەڵام بەداخەوە لەنەبەردیەکی قارەمانانە شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.. ڕوحت شادو مەنزڵگەت ئاسوودە کورە دڵسۆزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان..

- ناوی تەواو: داود محەمەد داود فەقێ مەحمود
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دێمەکار، ناحیەی دیبەگە، کەندێناوە
- عەشیرەت: بندیان

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ - کەرتی (٤) کە ئەوکات کاک بەکر گردەسۆری فەرماندەی کەرت و هەڤاڵ سابیر کاریتانی جێگری ئەو کەرتە بووە.
- ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە.
- برایەکی تریشی لە ٣١ی ئاب شەهید بووە بەناوی (تەها)
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٣١-٨-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل - شاخی کونە کۆتر

شەهید (ملازم دلاوەر)

# دلاوەر باپیر پیرداود عومەر



لاوێک لە سەرەتای تەمەن و تەمەنێک لێوان لێو لە دڵسۆزی و دڵسۆزێک بۆ نیشتمان هەمیشە سازو ئامادە، ئەوێ ڕۆژێ لەدوای ڕاپەرین پێشمەرگایەتی هەستێکی پیرۆزو خزمەتێکی زەروریەتی هەنووکەیی بوو بەرامبەر دوژمنێک سەرەتاترین مافەکانی کوردی لاگرنگ نەبوو، بەڵکو چەوسانەوەو کوشتن و ئەنفالی بەرامبەر بەکورد بە حەقی خۆی دەزانی، یەکێک لەو لاوانەی مەردانەو ئازایانە هاتە کۆڕی خەبات و پێشمەرگایەتی هەڵبژاردو بەشداری لە رزگارکردنی شاری هەولێر کرد لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ئەویش شەهید ملازم (دلاوەر باپیر پیرداود) بوو. ناوبراو بەهۆی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری بۆ ئەوێ ڕۆژێ لەناو ئۆرگان و پێکهاتەکانی پێشمەرگایەتی رێزلێگیراو و خۆشەویست بوو، دواتر بەشداری خولی ئەفسەرانی کردوو سەرکەوتووانە قۆناغەکانی کۆلیژی سەربازی تەواو کردوو گەڕایەوە تیپی ئەسنادی هێزی پێشمەرگەو لە سنووری کانی قرژاڵە کرایە فێرکاری مەشقی سەربازی. لەڕووی دیسپلین و دڵسۆزی ئەفسەرێکی خۆشەویست و کارامە بوو. لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەڵوێستی کوردانەی نیشان داو هاتە سنووری قەزای کۆیەو درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا.. بەڵام بەداخەوە لەهاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی خۆشەویستی کوردستان لە داستان و نەبەردیەکی نابەرامبەرو چاوەڕوان نەکراو لە ڕێکەوتی ٢٣ـ١٠ـ١٩٩٧ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران سڵاوو درووود بۆ گیانی شەهید ملازم دلاوەرو تێکڕای شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان...

- ناو: دلاوەر باپیر پیرداود عومەر
- ناسراو بە: ملازم دلاوەر
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی دواتر کۆلیژی سەربازی تەواو دەکات
- عەشیرەت: مەمان
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و بەشداری لە ڕزگارکردنی شاری هەولێر کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکی و بەرگریەکانی حکومەتی هەرێمی کردووە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- بەشداری یەکەم خولی سەربازی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی کردووە لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ماوەی (٢) ساڵ
- دوا پلەی سەربازی (ملازمی یەک) بووە.
- ساڵی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٥ شەهید دلاوەر ئامر فەسیل بووە، سەید کەمال جەباری جێگر سریە بووە کاک زانا کوشافی ئامر سریە بووە، کاک عومەر ناسر فەرماندەی فەوجی (١) بووە کاک بورهانی سەعید سۆفی ئامرلیوای (٢)ی تایبەت بووە.
- ماوەیەکی زۆر مامۆستایی مەشقی سەربازی بووە لە تیپی (ئەسناد)ی هێزی پێشمەرگە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەید بوون: ٢٣ـ١٠ـ١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: ئاقوبان ـ دەڤەری هیران

### شەهید (دڵشادی حەسەن ئاغا)

# دڵشاد حەسەن خدر خدر




زۆر نین ئەوانەی دەبنە جێگای متمانەو باوەڕی سەرۆک و کاربەدەستانی میری، زۆر نین ئەوانەی خاسیەت و سیفەتە جوانەکانیان بۆ هاوڕێ و دەوروبەریان پەخش و بڵاودەکەنەوە، بە ژمارە کەمن ئەوانەی ئاست و پایەو دەسەڵاتیان هەیە، وەلێ خاکیانەو سادانە لەمەیدانی کاردا دەبینرێن و خۆشەویستی و کارئاسانی بۆ خوار خۆیان بەیان دەکەن. لەڕاستیدا هەموو ئەو نەرم و نیان و خۆشەویستیە لەناخی شەهیدی کادیرو پێشمەرگەو فەرماندە (دلشادی حەسەن ئاغا) بوونی هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (چاپووک شێخ عومەر) کادیری دێرین و قائیمقامی پێشووی کۆیە دەربارەی شەهید دلشاد وتی: یەکەم جار کاک دلشادم لە ڕۆژی ١٩٨٢/١/١٣ ناسی، ئەوکات لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال بوو، کوڕێکی باڵابەرزی قۆز کلێتەیەکی لەسەر بوو پوزەوانەیەکیشی تا چۆکان بەستبوو، زۆر لێهاتوو هاتە بەرچاوم. لەو ڕۆژەوە بوینە برادەری خۆشەویستی یەکتر بەردەوام ئاگاداری یەکتربوین و لە هەواڵی یەکترمان دەپرسی و لە دیداردا قسەو گفتوگۆی زۆرمان هەبوو، وێنەشمان پێکەوە هەیە لەگەڵ کاک دکتۆر فوئاد و مامۆستا نازم.. هەر لە سەرەتاوە زانیم کاک دلشاد خوێنەوارێکی زۆرباشەو زانیاری زۆری لایەو دەخوێنێتەوە، لە قسەکردندا وشەکانی وابەستە بەیەکەوە بوو دەیزانی چی دەڵێ نەرم قسەی دەکردو تۆنی دەنگی نەرم بوو بێگومان بوونی ئەویش لای مام زیاتر لە ڕووی سیاسیەوە زانیاری هەبوو. ئەو تەنیا باش قسەی نەدەکرد، زۆر باشیش گوێی دەگرت مەبەستی بوو تێت بگات ئەوەش یەک لە سیفەتە هەرەباشەکانی کادیری زیرەکە، زۆر بەڕێز بوو لەگەڵ برادەری خۆی تا بڵێی گورج وگۆڵبوو، مرۆڤ زوو تێیدەگەیشت کە ورەیەکی باشی هەیەو ئەو کەسەیە پشتی پێ ببەسترێ و کۆڵنەدەرەو ڕێبوارێکی جێ باوەڕی کاروانە دوورو درێژەکەیە، لەلایەن (مامە)وە کاندید کرا بۆ پلەی سەربازی باش و دواتر بۆ ڕێکخستن و کاری ئیداری وەک ئەندام مەڵبەندو جێگری تیپ و چەندین بواری تر لە هەموویان سەرکەوتوو بوو.

کاک دلشاد لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی باشی لەگەڵ خەڵک و هاوڕێکانی خۆی هەبوو، ئەوەش خاڵی پۆزەتیفی سەرکەوتنەکانی بووهەمووەمان خۆشمان دەویست، جێگەی باوەڕو نهێنی پارێز بوو، لە پشتەوەی برادەرەکەی خۆیەوە گەلێ دڵسۆزتربوو بەڕاستی لە برادەرایەتی بە وەفا بوو.لەروی حزبیەوە بە بیروباوەڕو جێگەی باوەڕ راگرێکی باشی رێکخستنەکان بوو، هەڤاڵان ئیعتمادی باشیان لەسەر دەکرد. ناوبراو لە هیچ شەڕێک خۆی نەبواردیەو چارەنوسی خۆی لە هی هیچ پێشمەرگەیەکی تر جیانەکردۆتەوە. بریندار بووەو ماوەتەوە لە گۆڕەپانەکە هەرچی روویدابێ، بۆیە بەچەکی کیمیایی بریندار بووە. هەرچی بنوسم بۆ کاک دلشادمافی خۆیم نەداوەتێ، جگە لە هەموو ئەوانەش بۆ من هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست و باوەڕ پێکراو بوو. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەی.

- ناوی تەواو: دلشاد حەسەن خدر خدر
- ناسراو بە: دلشادی حەسەن ئاغا
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دەربەندی رایات، قەزای چۆمان
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: چیمەن ئەبوبەکر عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ژیار، دەروون، دیار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١-٨-١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٣٠-٩-١٩٨٠
- شوێنی پێشمەرگایەتی: سکریاریەتی جەنابی مام جەلال - دەستەی تایبەتی
- ساڵی ١٩٨١ کراوەتە لێپرسراوی دەستەی پارێزگاری هەڤاڵ (مام جەلال)
- ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە جێگرتیپی (١٢)ی سۆران
- ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە لێپرسراوی ناوچەی باڵەک و رواندزی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە کارگێڕی لقی (یەک)
- ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە ئەندامی مەڵبەندی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی لە سنووری مەڵبەندی ٣ کردووە، ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕاپەڕین.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بەرکیمیا کەوتووە (١) جار بە گوللە بریندار بووە لە (بالیسان، مەلەکان، وەرتێ، خانەقا)
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کراوەتە ئەندامی سەرپەرشتیاری میحوەری هەریر
- لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێم کراوەتە بەڕێوەبەری ئاسایشی چۆمان
- لەمانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٥ کراوەتە جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کاروباری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی: ٢٩-٧-٢٠٠٢.

## شەهید (دڵشاد بەحرکەیی)

# دڵشاد عەزیز محەمەد



هاوڕێم دەزانم شەهید بوون لە پێناو خاک سەروەرییە، گەورەییە، جیهادە ـ وەلێ هەواڵی شەهید بوونت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چل ڕۆژ لەمەوبەر هەموومانی تووشی شۆک کرد.. هەواڵی شەهید بوونت ئەوەندە بە ئازار بوو دڵ وا بە ئاسانی قبولی نەدەکرد... هاوڕێم دەزانی وێنەکانت لەبەرەکانی شەڕ دژ بە شەمشەمە کوێرەکانی تاریکستانی جەهل و نەفامانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێستاش کەسەیریان دەکەم یان هاوڕێیانی پێشمەرگەو هاوسەنگەرانت لە شەنگال سەیری دەکەن ورە بەرزییە شانازییە بۆیان باوەڕ بکە ئەو سەنگەرەی تۆی لێ شەهید بوویت ئێستاش داعشەکان بە ترس و لەرزۆکەوە لێی دەڕوانن هەرگیز ناوێرن زەفەر بەم سەنگەرە دوژمن تۆقێنەبەرن، بۆ مێژوو دەڵێم ئەوەندەی شەهید دڵشادم ناسیبێ بەتایبەتی لە دوای ٣١ی ئابەوە هەمیشە بەوپەڕی ورە بەرزییەوە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دابووە... هەمیشە لە ڕۆژگارە ناخۆشەکان لەسەردەمی ئاوارەیی ئەو بەور ئاسا، چاونەترسانە هەرچی بڕیاری سەرووبوایە وەک خۆی جێبەجێ دەکرد، ئەو دڵسۆزبوو بۆ کوردایەتی، ئەو دڵسۆز بوو بۆ خاک، ئەو دڵسۆز بوو بۆ یەکێتی، ئازایی شەهید دلشاد لە دیسپلینی سەربازییەکەی ڕەنگی دابۆوە هەر بۆیە زۆربەی پلە سەربازییەکانی بە ئاسایی و ئازایی دەبڕی، ئەو ماندووبوون و هیلاکی نەدەزانی ئەو پەروەردەی (ی.ن.ک) بوو ئەو پەروەردەی ڕێبازەکەی مام بوو، ئەو پەروەردەی فەرماندەی ٢ی هەولێر بوو... هاوڕێم دەزانم خولیاو خەونە سەربازی و پێشڕەویەکانی هێزی پێشمەرگەت لەم دەڤەرە هێشتان زۆر مابوو بێتە دی، پەلەت بوو یان شەهیدبوون یان ڕزگاری شەنگالی بریندار شەنگالی بێ ناز، شەنگالی غەدرلێ کراو.. ئەو شەنگالەی بەسیاسی کراوەو ئازاد نەکردنی کەس نازانێ بۆ؟ تۆ هەورازو نشێوت زۆر بینی، ساردی و گەرمای بست بەبستی ئەم کوردستانەت بینی کۆڵت نەدا، شەڕی هەموو لایەکت بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ یەکێتی بە دڵسۆزی کرد لە خۆبایش نەبووی، تۆ فەرماندە سادەو خاکیەکەی


هێزی تایبەتی فەرماندەی (٢)ی هەولێر بووی نەمان بینی بۆ ساتێکش بێزاربیت و هەر هەنگاوت نا بۆ سەرکەوتنەکانی (ی.ن.ک) بۆ پاراستنی خاک، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بۆ ئازادی تۆ هەمیشە لە هەوڵی خۆ پێگەیاندنی لایەنی رۆشنبیری بوویت هەمیشە بەدوای رۆژنامەو گۆڤارە سیاسییەکان بوویت، تۆ هاورێیەکی بەردەوامی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بوویت، تۆ خوێنەر بوویت بە مانای وشە، دەتووت فەرماندەی سەربازی سەرکەوتوو بەبێ لایەنی رۆشنبیری و هۆشیاری نابێ و لاسەنگە.. شەرەفمەندییە بۆشەهیدێکی وەک تۆ بەوپەڕی شکۆمەندیەوە پلەی شەهید بوونت بۆ تۆمار کرا - تۆ نە کەمت کرد نە درەنگ هاتی، تۆ تاجی سەروەریت لەسەرنا هاورێم، خوات لەگەڵ فەرماندە ئازاکەی یەکێتی، ماڵئاوا خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە، سەرکردەکانت، فەرماندەکانی سەرووی خۆت، کادیرەکانی رێکخستن سەربەرزن پێت، ئێستاش لە هۆلی شەهیدانی ١ی شوبات ماتەم دەگێرین.. خەمگین و خەفەتبارین، بەڵام خاک و یەکێتی و خانەوادەکەت و هاورێیانت درێژە پێدەری رێبازە پیرۆزەکەتن. بەردەوام دەبین بۆ بەدیهێنانی سەرجەم خەون و خولیاکانت... سەری رێزو نەوازشیش بۆ تۆ و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نەوی دەکەین..

- دلشاد عەزیز محەمەد... ناسراو بە دڵشاد بەحرکەی
- لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری هەولێر لە دایک بووە
- لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی (ی.ن.ک) کردووە
- لە ساڵی ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٥) بەرانەتی
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لەراپەرینی کوردستان دەکات رۆڵی بەرچاوی هەبووە
- لە ساڵی ١٩٩٢ بۆتە ئاسایش بە پلەی مفەوەز
- لە ساڵی ١٩٩٦ بۆتە فەرماندەی تیپ لە هێزی تایبەت
- لە ساڵی ١٩٩٧ بەشداری کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان دەکات و بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات.
- پلەکانی سەربازی بریوە تا جێگری فەرماندەی فەوجی (٣)ی لە لیوای (٨)ی فیشخاپور.
- شەهید بەشداری زۆربەی شەرەکانی پێش راپەرینی کردووە دژ بەحکومەتی فاشی بەعس.
- شەهید لە دوای راپەرین بەشداری سەرجەم ئەو شەرانەی کردووە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان.
- بە داخەوە لە ١٦-٢-٢٠١٥ لە شارۆچکەی شەنگال شەهید دەکرێ.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە بیلال نوری
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئەڤین، دلۆڤان، لاڤین، محەمەد، شالاو، شاهین

- ئەم نووسینە لە بەرواری ٣-٤-٢٠١٥ لەژمارە (٦٦٤٤) لاپەرە (٨)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە....

## شەهید (دڵشادی مام غەفووری)

# دڵشاد غەفوور دەروێش ئەحمەد



گەڕانەوە بۆ مێژووی قەراج و کەندێناوە لە شۆڕشەکانی کورد مێژوویيەکی پڕ لە سەروەری و تێکۆشان و خەباتێکی نەپساوەی لە ئامێز گرتووە، ئەم هەولێرە مێژوویەکی کۆنی هەیە لە جوامێری، لە میهرەبانی، لە تێکۆشان، لە خوێن بەخشین، لەناو هەموو ئەو سەروەریانەی پارێزگای هەولێر خانەوادەیەک پشکی شێریان لە نیو سەدە تێکۆشان، خەبات، بەردەکەوێ ئەویش بنەماڵەی (مامە غەفەن) ئەوان لە شۆڕشەکانی کورد بەگشتی هەورازو نشێویان زۆر بینیوە، ئەوان بەرخودانیان کرد لە شاخەوە تا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دواتریش بەردەوام بوون لە پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستاش مامە غەفەو کوڕو خانەوادەکەیان لە شەڕەکانی دژبە داعش سڵیان نەکردەوە لە بەرگری، لە هێرش، لە گرتن و ڕاوەدوونان، خوێن بەخشین بۆپاراستنی خاک و نیشتمان لەناو ئەم خێزانە بوونی هەبووە تەنها لەکەسە نزیکەکانیان زیاتر لە (١٥) شەهیدیان بە خشیوە، یەکێک لەو شەهیدانە دلشادی مام غەفوورە، ناوبراو ژیانی نەهامەتی لەسەرەتای تەمەنی دەستپێ دەکات تەمەنی تەنها (٣) بەهار بوو لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ژمارەیەک لە خێزانەکەیان دەستگیر دەکرێن لە بەندیخانەی (فەزیلە) تا ساڵی ١٩٨٢ دواتریش ڕوو لە شاخ دەکەن هەر لەم گوندانەی بەستی شەرغەو سنووری کۆیە لەگەڵ باوکیان دەمێنینەوە، شەهید دلشاد لە دوای ڕاپەڕین لای باوکی دەبێتە پێشمەرگەو درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات، ئەو کەسێکی ڕووخۆش و ڕاستگۆو بە پەیوەندی بووە هەر بۆیە بۆتە باوەڕپێکراوی مامە غەفەی باوکی و کاروبارەکانی بۆ بەڕێوە دەبات، شەهید دلشاد پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بووە، لە زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لە حکومەتی هەرێم ئەو دەوری کارای هەبووە، ئەو بۆدەستەبەری مافەکانی برا پێشمەرگەکانی هەمیشە داکۆکیکەرێکی سەرسەخت بووە، هەر بۆیە زۆر خۆشەویست بووە لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی کاکە دلشاد لە پێشمەرگایەتی

درێژنە بوو لە شەڕێکی سەخت و داسەپیو چاوەڕوان نەکراو لە ڕێکەوتی ١١ـ٧ـ١٩٩٥ لە هەورازەنەفتەی کەسنەزان نزیک هەولێر شەهید دەبێ و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درود بۆ گیانی شەهید دلشادو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

ـ ناوی تەواو: دلشاد غەفوور دەروێش ئەحمەد

ـ ناسراو بە: دلشادی مام غەفووری

ـ ساڵی لە دایک بوون: پایزی ١٩٧٦

ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی ـ سەید عوبێد ـ دەڤەری کەندێناوە

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.

ـ عەشیرەت: ئۆرمزیار

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١

ـ ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٩١ لەلای مام غەفووری باوکی.

ـ تەمەنی تەنها (٣) ساڵ بووە لە گەڵ دایکی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی فەزیلەی بەغدا سجن بووە.


ـ ساڵ و مانگ و ڕۆژی شەهید بوون: ١١ـ٧ـ١٩٩٥

ـ شوێنی شەهید بوون: هەورازە نەفتەی نزیک هەولێر

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/١٦ لە ژمارە (٦٩٩٩) لە لاپەڕە (١٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

شەهید (دڵشاد محەمەد)

# دڵشاد محەمەد قادر کەریم




شەهید (دلشاد محەمەد کۆیی) لەخانەوادەو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی نیشتمان لەشاری ئەدیب دۆستانی کۆیە چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، ئەو سەرەتا لە شۆڕشی ئەیلوول دەستی بەخەبات و تێکۆشان دەکات پاش نسکۆ بۆ ماوەیەکی کەم پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینین، ناوبراو کەسێکی ئاست بەرزو خاکی و سادە بووە لەماوەی کاری رێکخراوەیی، ناوبراو دڵسۆزانە هاتۆتە مەیدانی خەبات و هەرگیز سڵی لەدوژمن نەکردووەو نەترساوە لەمەرگی خۆی. دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ چەکی شەرەف تێکۆشان لەشان دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە قوەتی کۆسرەت لە هەرێمی (٨). ئەو هاوڕێ و برادەری گیانی بەگیانی شەهید جەمیل رەنجبەرو ئەو هاوڕێیانە بوو کە بەیەکەوە شەهید بوون. شەهید دلشاد بەهۆی ئاستی رۆشنبیری و کرانەوەی بەرووی خەڵک و جەماوەر ببووە خۆشەویستی خەڵک بەگشتی. ئەوان ژمارەیەک کادیری پێشکەوتوو بوون هەمیشە لەخەمی ئەوە دابوون چۆن هاونیشتیمانیان هۆشیار بکەنەوە لە دڕندەیی بەعسیزم و پەیامی یەکێتی بۆ لادێ نشینەکان و مەبەست لە هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بۆ؟؟. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی سەخت و دژواردا لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکانی رژێم لە دەڤەری پیران ڕەشی بیتوێن لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەرو ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکی تر بریندداربوون.. هەزاران دروود بۆ گیانی شەهید دلشادو تێکڕای شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: دلشاد محەمەد قادر کەریم
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٣
- شوێنی لەدایک بوون: کۆیە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- باری خێزانی: سەڵت
- لەشۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووەو لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆی شۆڕش

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (٨) قوەی کۆسرەت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- ناوبراو دووجار بریندار بووە لە سەرکردایەتی و بناری کۆسرەت
- ناوبراو کادیرێکی هۆشیارو چاوکراوەی سەردەمی خۆی بووە
- برایەکی تری شەهیدە بەناوی (قاسم)
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠
- شوێنی شەهید بوون: پیرانە رەش

## شەهید (دلێری مەلا شینە)

# دلێر محەمەدئەمین قادر حەسەن



مەلا شینەی باوکی شەهید (دلێر) لە سنووری پارێزگای هەولێر بەیەکێک لە خەباتگێڕو پیاوە هەرە دڵسۆزەکەی سەردەمی خۆی ئەژمار دەکرێ، بنەماڵەیەک تا سەر ئێسقان دڵسۆز بۆ کوردایەتی و مەردایەتی، چاونەترس بۆ پاراستنی خاک، بوێر بۆ بە سزاگەیاندنی بەعسیە فاشیەکان، سێ براو براژنێک شەهید لەیەک خێزان، لە زیندانەکانی ئەبوغرێب (دلێر) رەمزی مقاوەمەت و جوامێری و پیاوی بە هەڵوێست و قارەمان بوو. لیوا (کاوە سادق نادر قەشقەی) رۆشنایی زیاتری خستە سەر دڵسۆزی و وەفاداری ئەم خانەوادەیەو وتی: شەهید دلێری مەلا شینە پـەروەردەی بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو کوردپەروەری گوندی (قەشقە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەیە، مەلا شینەی باوکی کەسایەتییەکی رۆشنبیرو خەباتگێڕی کاریگەری ناوچەکە بووەو شەهید دلێرو منداڵەکانی تری بەگیانی شۆڕشگێڕی گۆش کردووە، دلێر لەتەمەنی هەرزەکاریەوە چەندی بڵێ لاوێکی وشیارو وریاو جەربەزەو بوێر، ئازاو چاونەترس، ژیرو رۆشنفکر بوو، لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بەتەواوی سەرەدەری لە سیاسەت و کوردایەتی و بیری شۆڕشگێڕی دەردەکرد، بۆیە بە پازدە ساڵی پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کرد، بەهۆی بزێوی لە رادەبەرەوە هەرزوو متمانەی پێکراو بوو بە یەکێک لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی رێکخستنی ناوشاری هەولێر، بەماوەیەکی کەم کرایە تەتەری نێوان رێکخستنی شارو سەرکردایەتی لەشاخ. شەیانی باسە شەهید دلێر لەپاڵ چالاکی پێشمەرگانە ئەرکی کادیری رێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە دێهاتەکان پێ سپێردرا، لە زیندانیش رەمزی مقاوەمەت و شۆڕشگێڕی بوو لەم ماوەیەدا لە زیندان دوونامەی بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتی نارد کە لەسەر کاغەزی کیسەی چەمەنتۆ نووسرابوو، ناوبراو چەندین شیعری شۆڕشگێڕانەو بەرگری کردن لە چینی چەوساوەی نووسیوە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی

پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ٥-٤-١٩٨٥ پاش شەڕێکی سەخت و دژوار لە گوندی چیغلۆک سنووری کەندێناوە بەبریندارى کەوتە دەستی رژێم و لە ٩-٣-١٩٨٦ لەبەندینخانەی ئەبوغرێب لە سێدارە درا، درووود بۆ گیانی شەهید دلێری مەلا شینەو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: دلێر محەمەدئەمین قادر حەسەن
- ناسراو بە: دلێری مەلا شینە
- تەمەن: ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەلۆزی - ناحیەی پردێ
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی ئامادەیی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨ بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٨١ بۆ ١٩٨٢ رێکخستنەکانی کۆمەڵە بەر شاڵاوی گرتن کەوتن ناوبراو دەستگیر دەکرێ بە (١٠) ساڵ حکوم دەدرێت دواتر بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت.
- دوای ئازاد کردنی لە ساڵی ١٩٨٢پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە. دەیان چالاکی بەفەردی ئەنجام داوەو چەندین خۆفرۆشی بە سزای گەل گەیاندووە.
- جگە لە خۆی (٢) براو برازێکی شەهیدن.
- دواپلەی کادیری رێکخستن بووە.
- لە٥-٤-١٩٨٥ لە شەڕێکی دەستەویەخە لە گوندی چیغلۆک لە ناوچەی کەندێناوە لەگەڵ هێزیکی رژێم بەبریندارى دەستگیر دەکرێت و کادیرو پێشمەرگە (خدر عەزیز باپیر)یش شەهید دەکرێ دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.
- لە بەرواری ٩-٣-١٩٨٦ لە بەندینخانەی ئەبو غرێب لەسێدارە دەدرێت.

شەهید (دهام باوە)

# دەهام حەمەد باوە حەمەد



" دەهام باوە " لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو ڕێبازی کوردایەتی لە دەڤەری کەندێناوەی هەولێر هاتوونەتە دونیاوە، ئەو خانەوادەیە لە هەموو شۆڕشەکان پشکی شێریان لەشۆڕش و کوردایەتی بەرکەوتووە، شەهید دەهام باوەش لەشۆڕشی ئەیلوول دەورێکی کاریگەری هەبووەو تا نسکۆی شۆڕش پێشمەرگە بووە، دواتر لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە تا ڕۆژی شەهید بوونی.. هەڤاڵ بورهان مەلا قەرە پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید دەهام باوە پێشمەرگەیەکی دیارو ئازاو دڵسۆزی دەشتی هەولێر بوو، من لەنزیکەوە دەمناسی ناوبراو پیاوێکی گران وسەنگین و بە هەیبەت بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمان و خاکی بوو، لەڕووی کۆمەڵایەتی پێشمەرگەیەکی بە شەخسیەت بوو، زوو تێکەڵی جەماوەرو پێشمەرگە دەبوو هەر بۆیە لەم دەشتی هەولێرە ببووە جێگای متمانەی جەماوەرو هێزی پێشمەرگە، لە شەڕیشدا پێشمەرگەیەکی چاونەترس و بەدەست بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ڕێکەوتی ١٢ـ٨ـ١٩٨٨ کەوتنە کەمینی جاشەکانەوە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دەهام باوەو تێکڕای شەهیدانی رزگاری کوردستان.

- ناوی تەواو: دەهام حەمەد باوە حەمەد
- ناسراو بە: دهام باوە
- تەمەن: ١٩٥٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مەلاقەرە - ناحیەی کەندێناوەی پێشوو - دیبەگە - قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- عەشیرەت: ساڵەیی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزان: نەجیبە عوسمان
- ناوی منداڵەکان: سەرهەنگ، بەدرخان، کامەران، نەسرین، کاژیان.
- لە شۆڕشی ئەیلوول لە تەمەنی گەنجیەوە لە ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆڕش
- دواتر لە شۆڕشی نوێ بەشداری کردۆتەوە تا شەهید بوونی.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لە ڕیزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان
- لە هەرێمی (٧) دەشتی هەولێر لای مام غەفوور
- دواتر کراوە بە لێپرسراوی کەرتی (١) لە قوەی زورگەزراو
- دواتر سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کردووە.
- ماوەی ساڵێک لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ ماوەتەوە لەگەڵ هەڤاڵ سەفین مەلاقەرە
- دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- دواپلەی جێگری تیپ بووە
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٢-٨-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: رەبیەکانی بەرامبەر گوندی مورتکە- جادەی هەولێر - کەرکووک
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/١ لە ژمارە (٧١٣٢) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (دێدەوانی سەید محەمەد)

# دێدەوان محەمەد ئەحمەد



دێدەوان گیان دەزانم زۆر ئەستەمە بتوانم خۆم لە قەرەی، وەسفێک، سیفی یەک، ژیاننامەیەک بدەم لێوان لێو بێت لە خەبات، دڵسۆزی، وەفا، بەرخودان، وەلێ تۆ ئەوەندە گەورە بوویت ئەوەندە سەر راست بوویت هەموو ئەو سیفاتانەت لەژێر سادەیی و خاکیەکەت بە کەسێکی هاکازایی دەچوویت نەک بەرپرس. تۆ ناخت تۆ جەستەت، تۆ رابردووت پڕاو پڕ بوو لەبەرپرسیاریەتی، بەڵام ئێمەمانان رۆژێک ساتێک چرکەیەک نەمــــان بینی هەستمان نەکرد تۆ بە چاوی بەرپرس هەڵسوکەوت لەگەڵ کادیر بکەیت. ئەوەندە خاکی بوویت زوو دەچوویتە دڵان و دەورووبەرەکەت ئارەزوویان بوو کاریان پێ بسپێری.. ژوورەکەت هەمیشە جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی تر، ژووری تۆ ئەو ژوورە بــوو بەناوەندو سەنتەری رۆشنبیری و پێگەیاندنی کادیر دەچوو، هەمیشە ئەوەت دووپـات دەکردەوە بخوێنەوە سەرچاوە پەیداکەن.. برۆن خۆتان پڕ چەکی زانست و رۆشنبیری بکەن.. دواجار دوا گفتوگۆی من و تۆ چەند رۆژێک بەر لە شەهید بوونت بەدرێژای رێگای کۆیە و هەولێر بوو بەیەکەوە هاتینەوە.دەتووت مەنتک کاری نووسین و رۆژنامەوانی جیهانێکی خۆشە ئەگەر بنەماکانی ئیتکی رۆژنامەوانی رەچاو بکەیت.. سیفەتەکانی کادیریت یەکە یەکە هەژمار دەکرد بۆ سەرکەوتنی کاری رێکخراوەیی.. شەهید دێـدەوان هەمیشە ترسی لە ئیسلامی سیاسی هەبوو لەسەر ئەو ئەزموونەی حکومەتی هەرێم هەر بۆیە نامیلکەیەکی قەشەنگی لەسەر ئیسلامی سیاسی هەبوو.. هەڤاڵ (سیامەند رەحمان) بەرپرسی پەیمانگای کادیرانی هەولێر هاورێی شەهید دێدەوان وتی: شەهید دێدەوان کادیرێکی دڵسۆزو بەهەڵوێست و لێهاتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، لە بوای رێکخراوەیدا شارەزایەکی تەواوی هەبوو، هەم لە هێنانە رێزی هەڤاڵان، هەم لە کۆکردنەوەو پەروەردەکردن و ئاراستە کردنیان بۆ مەیدانی خەبات، شەهید دێدەوان کادیرێکی ئاست بەرزوتێگەیشتوو پێگەیشتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ناوبراو زۆر گرنگی بە ئەنجام دانی کۆبوونەوەکان و کات و ساتەکانیان

دەدا، هەمیشە لای گرنگ بوو لە کۆبوونەوەکاندا بابەتی فکری، سیاسی، ڕێکخراوەیی بوروژێنێت، لە بواری ڕووناکبیریدا شەهید هەمیشە هەوڵی دەدا زیاتر خۆی پەروەردە بکات و هەڤاڵانی خۆشی گۆش بکات بەو بابەتە فکری وسیاسیانەی کە خۆی ئەیانخوێندەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا کادیران شان بەشانی کاری ڕێکخراوەیی شارەزایەکی باشیان هەبێت لە بواری فکرو نووسیندا ئەوەبوو چەند نامیلکەیەکی دەرکرد لەسەر بابەتەکانی ئیسلامگەرایی وکاروباری ڕێکخراوەی لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ناوبراو لەرووی جەماوەریدا شارەزایەکی زۆرباشی هەبوو لە هونەری چوونە ناو جەماوەردا لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا دەیتوانی خۆی بگونجێنێ بە زمانی ئەواندا بدوێ بۆیە خۆشەویست بوو لای جەماوەرو هەڤاڵاندا، بەڵام بەداخەوە شەم شەمەکوێرەکانی جەهل و تاریکی لە ڕۆژێکی پیرۆزی جەژن دا لەیەکی شوبات لەبارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر شەهیدیان کرد.. درووود بۆ گیانی پاکی شەهید دێدەوانی سەید محەمەد، تێکرای شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان.

ناوی تەواو: دێدەوان محەمەد ئەحمەد

نازناو: دێدەوانی سەید محەمەد

ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٧

شوێنی لەدایک بوون: گوندی سێگردکان - ناحیەی تەق تەق

ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١ لە ڕێگای شەهید دلشاد سێ گردکانی..

ساڵی ١٩٨٤ شەرەفی ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەرانی پێ بەخشرا..

ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان ساڵی ١٩٨٤ و خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی زمانی کوردی زانکۆی کۆیە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤.

ئەو پلانەی بینیوتی لە پێش ڕاپەڕین: کارگێڕی ڕێکخراوی شاری هەولێر بووە بەرپرسی شانە چەکدارەکانی سرک پاشان بروسک بووە لە ناوشاری هەولێرو دەورووبەری هەولێر

لە ساڵی ١٩٨٦ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە لە خانەی مامۆستایان..

لە لە ساڵی ١٩٩١ کارگێڕی کۆمیتەی ٥ی هەولێر بووەو بەرپرسی بەشی ڕێکخستن بووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ کارگێڕی کۆمیتەی کاسبکاران بووە لەهەمان کات بەرپرسی بەشی سیاسەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە..

دواتر هەڤاڵ نوری نانەکەلی شەهید دەبێ لە ساڵی ١٩٩٤ دێدەوان سەید محەمەد دەبێتە لێپرسراوی کۆمیتەی کاسبکاران.

لە دوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ دەکرێتە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە کۆیە

. سەرۆکی گۆڤاری هوما بووە لە زانکۆی کۆیە. چەند نامیلکەیەکی بەچاپ گەیاندووەو بەردەوامیش لە چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەک دەینوسی...


لەپاش خۆی سێ منداڵی بەناوەکانی: بەرزی - شاهێز - نڤار جێهێشتووە

دواپلەی: کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر

ساڵی شەهید بوونی: ١ی شوبات ٢٠٠٤ لەتەقینەوەکەی بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر

### شەهید (راوێژ نەسرەدین)

# ڕاوێژ نەسرەدین مامە کەریم



شەهید (راوێژ) تەمەنی (٢) بەهار بووە بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی شاری سلێمانی دەبن واتە هەڵوێستی نیشتمانی (عەمید بارانی) باوکی ئەوەندە کوردانەو شۆڕشگێڕانە بووە قبوڵی دەسەڵاتێکی نەکردووە بەردەم پەرلەمانەکەی سەربازو جەیشی عێراقی پێشمەرگەیان لێ شەهید کردبێ !! لەلایەکی تر کاکە راوێژ وێڕای ئەوەی تەمەنی (٢) ساڵان بووە دایکی وەفاتی کردووە هەرچەندە قەدەری خوایە، بەڵام بێ دایکی ژیانێکی ئەستەمە. ئەو لەشاری هەڵمەت و قوربانی گەورەو پەروەردە دەبێت، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٦ دەبێتە پێشمەرگە لە لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسول عەلی) جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) لە زۆربەی بەرگری و نەبەردییەکانی دژ بە داعش تێکۆشاوەو ئازایانە ڕۆڵی خۆی بینیوە... بەڵام بەداخەوە لە یەکەم ئۆپراسیۆنی رزگارکردنی دەورووبەری شاری موسڵ لە ١٧-١٠-٢٠١٦ لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.. هەزار درووود لە گیانت ئەی گەنجە خێر لە خۆنەدیوەکەی هەولێر.

ناوی تەواو: ڕاوێژ نەسردین مامە کەریم

- ساڵی لەدایک بوون: سەعات هەشت و سی و حەوت دەقیقەی رۆژی ٣٠-٦-١٩٩٤
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی موفتی - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری شەشەمی ئامادەیی
- ناوبراو تەمەنی تەنها (٢) ساڵ دەبێت خانەوادەیان لە ٣١ی ئاب ئاوارەی سلێمانی دەبن
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ٢٠١٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی دژ بەداعشی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: سەعات هەشت و سی و حەوت دەقیقەی بەیانی ١٧-١٠-٢٠١٦
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری خازر- گوندی خەرابە سوڵتان

## شەهید (ڕەحمان سەیدە)

# ڕەحمان سەیدۆک مەحمود مەولود



شەهید (ڕەحمان سەیدە) لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو قاڵبووی خەبات و بەرخودان، خانەوادەیەک لێوان لێو لە دڵسۆزی و کوردایەتی، ئەوان لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڵوێستی سیاسی کوردانەیان هەورازو نشێوی زۆریان بینی و هەر کۆڵیان نەداو درێژەیان بە ڕێبازی (مام) داو بوونە سیمبولی جوامێری و بەرخودانی باڵەکایەتی.. شەهید هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویەتی هزرو هەستی کوردانەی بۆ خاک و نیشتمان هەستێکی خاکیانەبوو بۆیە لەگەڵ دەستپێکی شۆڕش پەیوەندی بەمەفرەزە سەرەتاییەکان کردوو بووە یەکێک لە خۆشەویستانی فاخامەتی جەنابی (مام جەلال). لە زۆربەی داستان و نەبەردییەکان ئەو لە پێشەوەی پێشەوەی هێرشەکان بووە و هەمیشە سەرکەوتن لەچاوەڕوانی ئەم فەرماندە بووە. هەڤاڵ (حیکمەت وەلاشی) کادیری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوڕێی شەهید ڕەحمان سەیدە لە لەیادێکی تایبەت بە شەهید نووسیویەتی: مەبەستم هەڵدانەوەی قەتماغەی برینی شەڕی نەگریسی براکوژی نییە، بەڵام ناکرێ هەڵوێستی شەهیدێک وا بەئاسانی پشت گوێ بخەین، چونکە شەهید ڕەحمان سەیدە هەڵوێستی لێوان لێو بوو لە گیانی تەبایی و برایەتی و گیانی کوردانەو خزمەتکاری.چەندین جاری تریش باسم لە هەڵوێست و خاسیەتە تایبەتەکانی شەهید ڕەحمان سەیدە کردووە، چەند ڕۆژێک پێش شەهید بوونی لەمەر شەڕی خۆکوژەوە پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی کە ئەوکات شەڕە پەڕۆی زەردو سەوز بوو بیرم دێ لە ڕاوەشاندنی پەرۆکەکان پارتییەکان دەیان وت (بۆیە پێت دەڵێن کاکە چونکە رابردووت پاکە)یەکێتییەکانیش دەیان وت (کێ رابەرە مامە کێ سەروەرە مامە) من و شەهید رەحمان هاوسەفەر بووین لە شارۆچکەی (پیرمام) ئەوەی پارتییەکانی بینی بەم شێوەیە بوو، هاتین گەیشتینە گەلی عەلی بەگ کەوتینە ناو کەژاوەی گەشتیارانی خوێندکارانی زانکۆ ئەوانیش ئەم دۆڵەیان پڕ کرد بوو لە (مامە ـ مامە) شەهید وتی دەزانی ئەم شەڕە پەڕۆیە زۆر بێ مانایە و ئەمە

شەڕێکیماڵوێرانکەری بەدوایە. بڕوا بکە هەمووومان تێدایە زەرەرمەند دەبین لە پێش هەمووشیان من تیایدا دەکوژرێم، چونکە بڕوای پێ نەبوو نەی وت تێدا شەهید دەبم وشەی کوژرانی بەکارهێنا. دووبارە رووی تێ کردم وتی با هەمووومان هەوڵ بدەین رێگری لەم شەڕە پەرۆیەو شەڕە بێ مانایە بگرین. منیش لە دوای شەهید ڕەحمانی براو ئازیزم نەفرەتم لە شەڕی براکوژی کرد. چەندجارێک لە هەڵبژاردنەکان لەوپەڕی توندی نێوان یەکێتی و پارتی پەنام نەبردۆتە بەر هەڵواسینی ئارم و لۆگۆی حزبەکەم کە دەبوو لە بانگەشەی هەڵبژاردن کاری لەسەربکەم کەچی نەم کردووە لەبەر خاتری ئامۆژگاری شەهید ڕەحمان سەیدە. هەتا زۆر جار لە هاوڕێیانم گلەییان دەکرد لێم و هەتا جارێکیان لای مەلا بەختیار شکایەتیان لێ کردبووم کەبەسەرهاتەکەم بۆی گێڕایەوە وتی خۆزگە هەمووومان وەک شەهید نەفرەتمان لە شەڕی براکوژی بکردبایە. هاوڕێیان ئەمە بوو هەڵوێستی شەهید لە شاخیش روح و هەستی پێشمەرگانەی جیاوازبوو لە سادەیی و خاکی بوون، لە جوامێری و بەدەنگەوە هاتن، لە ئازایەتی و خۆڕاگری، لە بەرخودان و هەڵمەت بردن.. روحت شادو ئارامگەت ئارام فەرماندە تێکۆشەرو دڵسۆزەکەی یەکێتی.


ناوی تەواو: ڕەحمان سەیدۆک مەحمود مەولود

- ناسراو بە: رەحمان سەیدە
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: ناوپردان - گوندی شیوە لۆک
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: عایشە نەبی عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: چاوەڕێ، شنە، رۆشنا، هۆزان، داستان، گوڵستان، سازان.
- ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦
- هەرلە ساڵی ١٩٧٦ هێزێکی گەورەی دوژمن دەورەی گوندی شیوەلۆک دەگرن شەهید رەحمان سەیدەو حاجی عوسمان دەگرن لەگەڵ چەند هاووڵاتییەک لەوانە (ڕەسول ئەحمەد و حاجی سمایل و سوارە حەمەد) شەهید رەحمان رەوانەی هەئیەی خاسەی کەرکوک دەکرێ پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هیچ نهێنیەک نادرکێنێ و پاش (٦) مانگ دەستگیرکردن ئازاد کرا..
- لە ساڵی ١٩٧٨ لەسەر بانگیشنامەی جەنابی مام جەلال (ڕەحمان سەیدەو سەید سەلیم رواندزی) پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگە کردوو چوونە لای جەنابی مام جەلال.
- هەرهەمان ساڵ لەسەر بڕیاری (مام) کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی (٧) باڵەک رەوانەی ناوچەی ئاکۆیان و مەلەکان کرا.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە و هەرگیز شکستی نەهێناوە لە هێرش و بەرگریدا.
- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٤)ی باڵەک
- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٨)ی کارۆخ

- ماوەیەک فەرماندەی بەتالیۆنی (٤)ی باڵەک بووە.
- شەهید لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەرزگار کردنی هەندێ شارو شارۆچکەی کوردستان تا رزگارکردنی کەرکووکی قودسی کوردستان.
- لە دوای ڕاپەرین شەهید رەحمان کراوەتە فەرماندەی هێزی (٣٣)ی باڵەک
- ماوەیەک جێگری بەڕێز عەبدوڵڵای مام عەلی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سنوور
- دواتر کراوەتە بەرپرسی پۆلیسی سنوور
- دواتر کراوە بە جێگری مەڵبەندی (٦)ی سۆران
- دوا پۆستی لە ژیان کراوەتە بەرپرسی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧-٥-١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: بەرزایەکانی ئیسقەڵا لە قەزای رواندز

شەهید (کاروان)

# ڕەحمان مەولود محەمەد عەبدولعەزیز



ئەو گەنجێکی خوێن گەرم و هۆشیارو چاوکراوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، ئەو ئینتماو خۆشەویستی بۆخاک ئەوەندە زۆربوو هەموو خۆشیەکانی ژیانی بەلاوە نابوو، شەهید کاروان دڵسۆزی و کوردایەتی لێ دەباری و ڕەفاهیەتی شارو پەیمانگاو دەستلەملانێ کچانی چاوشین و گەردەن زرافی بەلاوەنا بۆ بن پەتی سێدارەو شەهید بوون، ئا ئەمەیە خۆشەویستی بۆ خاکێک لەئەوێ ڕۆژێ هەموو بەهاجوانەکانی مرۆڤایەتی لە ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری ڕێکخستن خۆی دەبینەوە بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (جەبارە ڕەش) جێگری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر دەربارەی شەهید وتی: شەهید کاروان خوێندکاری ئامادەیی ئازادی بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە)وە کرد دواتر لەپەیمانگای تەکنیکی موسڵ وەرگیرا. کوڕێکی ئازاو چاونەترس و چالاک بوو لەکاری ڕێکخراوەیی و زۆر شارەزا لەکاری نهێنی، بۆیە زوو لەناو ڕێکخستنەکان و ڕیزەکانی کۆمەڵە گەشەی باشی فکری و سیاسی کردووە لەسۆنگەی وشیاری و خۆپەروەردەکردنی و چوست و چالاکی ڕێکخراوەیی. سەرئەنجام وەک کادیرێکی وشیارو ئاست بەرز لە ڕیزەکانی ئەڵقە ڕۆشنبیرییە سەرەتاییەکانی نهێنی (ئاڵای شۆڕش) کاری کردووە لەڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش لەناوشار بوو بە لێپرسراوی کەرتی (٣)ی ڕێکخستنی شەهید ئەسعەد، لە ئاڵای شۆڕش تا ئەوکاتی گیرا لە ٢١-١-١٩٨٧ لێپرسراوی کەرت و ئەندامی لێژنەی کۆکردنەوەی پیتاک بوو لە ناوشار. بەداخەوە لە ڕۆژی ١٦-٢-١٩٨٧ لەژێر ئەشکەنجەی جەلادەکانی ئەمنی هەولێر گیانی پاکی بەخشی بەخاک و کوردستانی سوتماک. نەمری بۆ شەهیدان، ڕووڕەشی بۆ دوژمنان و خۆفرۆشانی گەل و نیشتمان.

- ناوی تەواو: ڕەحمان مەولود محەمەد عەبدولعەزیز
- ناسراو بە: کاروان
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٨

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلا قەرە
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی موسڵ
- باری خێزانی: سەڵت
-ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵە)
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ سەنگەری ڕێکخستنی گواستۆتەوە ناو ڕێکخستنەکانی (ئالآی شۆڕش)
- لەبەرچاونەترسی و دڵسۆزی و ئاستی وشیاری کراوەتە بەرپرسی کەرتی شەهید ئەسعەد
- لەبەر دەستپاکی و ڕەوشت بەرزی کراوەتە ئەندامی لێژنەی کۆکردنەوەی پیتاک لەشاری هەولێر
- ڕۆژو مانگ و ساڵی دەستگیرکردنی: ٢١ـ١ـ١٩٨٧
- ڕۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ١٦ـ٢ـ١٩٨٧
- شوێنی لە سێدارەدان: ئەمنی هەولێر
- دوای ڕاپەرین جەستەکەی واتە لاشەی شەهید کاروان لەکارگەی قیری هەولێر دۆزراوەتەوە.

شەهید (ڕەسوڵ مەولود)

# ڕەسوڵ مەولود حەمەد مەولود



خانەوادەیەک خەمخۆر بۆ شۆڕش و کوردایەتی، پەرۆش بۆ ئازادی و خاک و نیشتمان، بەئەمەک بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان.ئەم خانەوادەیە لەسەر شۆڕش و کوردایەتی تووشی دەیان سەختی و نەهامەتی هاتوون، بەڵام هەرگیز بۆنی پەشیمانی و بۆنی هیلاک بوونیان لێ نەهاتووە،ئەم دوو برایە هەمیشە بەرپرس و پلەی عەسکەریان هەبوو، وەلێ بەهۆی سادەیی ورێزداریان پێشمەرگەو فەرماندەو جەماوەر ڕێزی تایبەتی لێ گرتوون. شەهید ڕەسول بەدەستی خۆی فەرماندەیەکی قارەمان و بە شەهامەت بوو.. شەهید ئەحمەدی براشی تا شەهید بوو دەروێشێکی بەوەفاو خۆشەویستی مام جەلال بوو، بۆ زیاتر زانیاری لیوا (ڕەسول قەندە) پێشمەرگەو فەرماندەی ڕۆژانی سەخت و هاوسەنگەری شەهید ڕەسول مەولود وتی: لە ژیانی پێشمەرگایەتی پیاوێکی دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست بووە. نموونەی پێشمەرگەی دەست پاک و بەوەفا بووە بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد مەولود)ی برای دەیگووت ڕەسولی برام لەمن ئازاترە لە کاروباری پێشمەرگایەتی، بەڵام ئەوە برا گەورایەتییە کە ڕێزم دەگرێت. لەگەڵ شەهید ڕەسول لە ئەنفالەکان بەیەکەوە بووین لەسنووری بەری مەرگە لە گوندەکانی (تەبکە قەڵ و شارستێن) کە دوژمن هێرشی هێنا بۆسەر ناوچە ئازاد کراوەکان شەهید ڕەسول بەرپرسی بەشێکی هێزەکە بوو، بەندەش بەرپرسی بەشەکەی تر بووم، لەکاتی پێویست یەکترمان بەدل دەکرد هەر دوو شەو جارێک، بەردەوام شەڕو پێکدانان هەبوو، بەیانیەکیان کە هەستاین دوژمن زۆر نزیک بوو لە سەنگەرەکانمان لای شەهید ڕەسول دوو بریندارمان هەبوو یەکیکیان (سەید ئەحمەدی گەلاڵە) بوو لەکەرتی (٥) شەهید ڕەسول هەردوو بریندارەکەی بە پشت گواستەوە بۆ پشتی سەنگەرەکان، لەگەڵ گواستنەوەش هەر شەڕی دەکردو دەگەڕایەوە ناو سەنگەر، ماوەی (٢٥) ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو وێڕای ئەوەی کەش و هەوایەکی باراناوی و ساردی هەبوو. تاوەکو بڕیاری کشانەوەمان بۆ هات بەردەوام شەڕمان کرد، پێش ئەوەی بڕیاری کشانەوە بێت کاک نەوشێروان مستەفا نامەیەکی بۆ شەهید ڕەسول مەولود نارد

که پێی ووتبو نابێت سەنگەرەکان چۆڵ بکەیت تۆ برای شەهید ئەحمەد مەولودی لەراستیشدا سەنگەری چۆڵ نەکردوو خۆڕاگرانە بەرگری کرد.دواتر ناوبراو ماوەیەک گواسترایەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی شۆڕشگێڕان لەخەتێ سنووری مەڵبەندی سێی ئەوکات. بەڵام دوای ئەوەی کە شەڕی ئەنفالەکان کەوتە سنووری وەرتێ و تیپی (٧٨)ی کارۆخ شەهید ڕەسول خۆی و مەفرەزەکەی گەڕایەوە چیای هەڵەموند و سەنگەری بەرگری. بەڵام بەداخەوە لە ٣١-٥-١٩٨٨ بەهۆی بۆردومانی دوژمن خۆی و پێشمەرگەیەکی قارەمان بەناوی (هیوا رەزانی) شەهید بوون و چوونە کاروانی سەروەران..

- ناوی تەواو: ڕەسول مەولود حەمەد مەولود
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرکان، دۆڵی باڵەییان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: هەمین ڕەسول ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی: کارۆخ
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: سەرەتا لەمەفرەزە سەرەتاییەکان
- لە ساڵی ١٩٧٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو خەریکی پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ دووبارە بۆتەوە پێشمەرگە لە هەرێمی (١٤)

لە ساڵی ١٩٨١ لە قوەتی کارۆخ بووە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لە ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ ماوەیەک فەرماندەی کەرت بوو.
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە جێگری تیپی ٧٨ی کارۆخ کە ئەوکات شەهید (برایم حەمەد حوسێن) ناسراوەبە (برایمە کۆر) فەرماندەی تیپ بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ دووبارە کراوەتەوە بەجێگری تیپی (٧٨)ی کارۆخ کە ئەوکات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی تیپ بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٥-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: لووتکەی کارۆخ (هەڵەموند)

### شەهید (ڕەسوی حاجی کوێخا)

# ڕەسوڵ ئەحمەد فەقێ ڕەسوڵ




بێ گومان قسە کردن لەسەر خەڵکی گوندی کۆیلە لە دۆڵی باڵەییان لەبواری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، قسە کردنە لەسەر مێژووییەک لێوان لێوە لە بەرخودان و قوربانی دان، ئەوێ ڕۆژێ کە جاڕی شۆڕش و کوردایەتی درا زۆربەی ئەوانەی هەستی شۆڕشگێڕیان بەرامبەر قەزیەی میللەتەکەیان هەبوو بڕیاریان دا لە دەسپێکی ئەم شۆڕشە نوێیە خۆیان خاوەن و خەمخۆری بیرۆکەی رزگاری نیشتمان و گەلە ستەمدیدەکەیان بن. هەر بۆیە دانیشتوانی دۆڵی باڵەییان ژمارەیەکی زۆر ئەم شەرەفەیان بە باڵا بڕا. یەکێک لەو شەهیدانەی دەمانەوێ گوزەرێک بە ژیاننامەکەی بکەین کاکە (رەسووی حاجی کوێخا)یە. ئەم خانەوادەیە لەسەر کوردبوون و ئینتمای خەباتگێڕیان هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، قوربانی زۆریان داوە، بەڵام ئەوان هەر لە پێشەوەی پێشەوە بوون بەتایبەتی شەهید برایمی حاجی کوێخای برای، ئەگەر کەس شایەدی بۆ نەدات مێژوو دێتە گۆ ئەم کەلە پیاوەی باڵەییان چ شێر ئاسایەک خەباتی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەهیدی فەرماندە کاکە رەسوو هەڤاڵ (شێرزاد رەنجەرۆ) لێپرسراوی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە تیپی (٧٤) باڵەک لە ئەوێ رۆژێ و جێگری مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگایەتی لە ئێستا وتی: لەناوەڕاستی ساڵی هەشتا شەهید ڕەسول حاجی کوێخام ناسی کەهەم بۆ کاروباری رێکخراوەیی سەردانی کەرتی رێکخستنی چۆمانی دەکرد هەم سەردانی بۆ لای خزمان و هەڤاڵان و برایەکەی شەهید برایمی حاجی کوێخای دەکرد. شەهید ڕەسول لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو نیشتمانپەروەرچاوی بە ژیان هەڵێنابوو، کە هەمیشە دژی زوڵم و ستەمی دەربەگ و ئاغاکان بوو، بۆیە شەهید ڕەسوو پیاوێکی بە دەمارو تووند تەبیعەت بوو بەرامبەر بەعسییەکان. ناوبراو دڵسۆزی خاک و گەلەکەی بوو، بەعس زۆر رقی لێ دەبۆوە.. هەمیشە لەژێر

چاودێری دابوو بەردەوام بانگ دەکرا بۆ لێپرسینەوە، بۆیە تەحمولی ئەم وەزعەی نەماو لە ساڵی ١٩٨٧ خەباتی شاخی هەلبژاردو کرایە فەرماندەی تیپی (٧٤)ی باڵەک، لەماوەیەکی کورت زۆر بە جووڵە بوو توانی چەندین چالاکی ئەنجام بدات و فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو رژێمی تووشی شۆک کردبوو. شەهید ڕەسول زۆر بە ورەو خۆڕاگربوو لەناو پێشمەرگەو خەڵکی باڵەیان زۆر خۆشەویست بوو، بەداخەوە کە بۆ چاودێری و جموجۆڵی جەیش و جاش لەشاخی شەگەوەر کە بەرزایەکی گرنگ بوو بۆ بارەگاو خەڵکەکە. زۆر جار دەچوو پارێزی دەبرد لە دوژمن نزیک دەبۆوە ئاگاداری جموجۆلی دوژمنی بەعس بوو. بۆیە لەم وەزعەدا مینێکی دوژمن پیایا تەقیەوەو چووە کاروانی سەروەرانەوە. بەشەهید بوونی رەسووی حاجی کوێخا هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەسارەتێکی زۆری لێ کەوت. سڵاو لە روحی شەهید ڕەسول و سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: ڕەسول ئەحمەد فەقێ ڕەسول
- ناسراو بە: ڕەسوی حاجی کوێخا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کۆیلە - دۆڵی باڵەییان - قەزای جۆمان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فات حەمەدەمین فەقێ ڕەسول
- ناوی منداڵەکانی شەهید: زرار - عەبدوڵڵا - رزگار - شالاو - شەوکەوت - پیرۆز
- سەرەتا (٣) ساڵ پێشمەرگەی ئەیلول بووە لەگەڵ باوکی......
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٦
- ئۆرگان (مەفرەزەی سەرەتایی)
- لە ساڵی ١٩٧٧ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەو هەندێک چالاکی دەکەن لەوانە داستان و شەڕەکانی (گابێرێز - بایناوێ - دواتر واز لە پێشمەرگایەتی دێنێ، بەڵام پەیوەندی رێکخستنی راستەوخۆی لەگەڵ فەرماندە (برایمی حاجی کوێخا) هەبووە.
- لەمانگی (١)ی ساڵی ١٩٨٧ دەبێتەوە بێشمەرگە و دەکرێتە سەرتیپی ٧٤ی باڵەک
- جگە لەخۆی برایەکی شەهیدە بەناوی برایمی حاجی کوێخا
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٢-٦-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوونی: لە چیای شەگوەڕ

### شەهید (ڕەشاد زەمزەمۆکی)

# ڕەشاد خدر کەریم حەمەد



دانان و پلانی هەر تاکێک بۆ ئایندەی خودو نیشتمان بەگشتی پێویستی بە ئینتماو باوەڕبوونە بەو ئامانج و ویستانەی لەمەیدانی کاردا هەنگاوی بۆ دەنێ. بەبێ گومان گەنجانی ئەوێ ڕۆژێ بەتایبەت لەناوەڕاستی سالآنی ١٩٧٠ بۆ سەرەتایی سالّی ١٩٨٠ بەهۆی تێگەیشتنیان لە بەرنامەو پەیڕەوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بەتایبەتتر ئەو مادەو بڕگانەی هەلوەستەیان لەسەر ئازادی رادەربرین و مافی مرۆڤ و یەکسانی و رزگاری میللەت لە ژێردەستەیی ئەمانە کۆمەڵێک مەنهەج بوون کادیران و پێشمەرگەکانی یەکێتی وابەستە بوون و کاری جدیان لەسەر دەکرد. لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بە ژیاننامەی شەهیدێک بکەم کە گۆش و پەروەردەی ڕێکخستنەکانی ڕێبازی (مام) بوو ڕێبازێک کاری لە پێناو نەمانی رژێمێک دەکرد کە درندەترین رژێمی سەر زەوی بوو، ڕێبازێک لێوان لێو لە ئامانج و گەیشتن بە خواستەکانی نەتەوەیەک. ئەم شەهیدەش (ڕەشاد زەمزەمۆکی)یە. پێشمەرگەیەک هێمن و بەرەوەشت، گەنجێک دڵسۆز بۆ خاک، لاوێک خۆشەویست و پاک، هەموو خواست و ویستەکانی گەیشتن بوو بە هەرێم و وڵاتێکی سەربەخۆو ئازاد، بەڵام بەداخەوە لە ٢١ـ٥ـ١٩٨٨ لەشەڕێکی دژ بە دوژمنان شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە....

- ناوی تەواو: ڕەشاد خدر کەریم حەمەد
- ناسراوەبە: ڕەشاد زەمزەمۆکی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی زەمزەمۆک، ناحیەی گوێڕ، قەزای مەخموور
- عەشیرەت: کوردە

- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: ناوەندی لە گوندی عەوێنە تەواو کردووە.
-ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: ناوچەی یەکێتی شۆڕشگێڕان
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١-٥-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سنووری شەمامک نزیک گوندی پیرداود

## شەهید (شێرکۆ)

# رەشاد مراد مەلا وسو



شەهید (رەشاد مراد مەلا) ناسراو بە (شێرکۆ) گەنجێکی جوان و باریکەلەی خوێندەوارو هەست ناسکی گەڕەکی خانەقای هەولێر بوو، ناوبراو خوێندکاری ئامادەیی بوو هەستی نیشتمانی و ئینتمایی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی لا بەرزو پیرۆز بوو. ئەو لاوێکی خوێن گەرمی ناو رێکخستنەکانی شاری هەولێر بوو، خۆشەویستی و خۆنەویستی لەناو خوێندکارە هاورێکانی زۆر بالآنسی بەرزبوو هەربۆیە زۆرترین کاری رێکخستنی بێ ترس و دڵەڕاوکێ مەیسەر دەکرد. فەرماندەیەکی رۆژانی سەختی خەبات کە هاورێی شەهید بووە هەڤاڵ (وەرزێر خدر)ـە وتی: شەهیدم لەشار ناسی لەرێکخستنی نهێنی لە کۆمیتەی راپەرین کاری دەکرد کادیرێکی زۆر بە دیسپلین بوو بیری مارکسیەتی باش وەرگرتبوو، کاتێکش بەهۆی بزێوی هەندێ لە هاورێیانی رێکخستنەکان ئەندامان کەوتنە بەرلافاوی گرتن شەهید (رەشاد)یش گیراو لەمانگی سێ ی ساڵی ١٩٨١ بوو گواسترایەوە هەئیەی خاسەی کەرکووک تەحقیقی لەگەڵ کراو حکوم درا دواتر رەوانەی ئەبوغرێب کرا. تا عەفووەکەی ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کراو پەیوەندی بەشاخ کردوو بووبە پێشمەرگە لە کەرتی رێکخستنی شەقڵاوە، ئەوکات ئێمە لەو کەرتەبووین سنووری کارمان لە بەرانەتی بوو. شەهید رەشاد دەستی بەکار کرد وەک کادیرێک، هەردەم دەیویست ئەوەی بەتێوری فێری بووەلە کارەکانی جێبەجێی بکات.بۆیە لە هاورێیانیش رازی نەدەبوو لەم رێکارە لابدەن، پێکەوە ئاڵای شۆڕشمان کردە ئامانجی کارکردنمان، ئەو بەهۆی کارکردنی لە رێکخستنی نهێنی ناو شارو شارەزایەکی زۆر و پەیوەندییەکی فراوان لەلایەکی تر بۆتەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە رەوانەی شاری دەکەنەوە لە ٢٥ـ٤ـ١٩٨٧ دەستگیر کراو ئەمجارە رژێم لە ٢ـ٨ـ١٩٨٧ لە سێدارەی دا، روحی شادو ئارامگەی ئارام بێت ئەم شەهیدە خاکیە.

ـ ناوی تەواو: رەشاد مراد مەلا وسو

- ناسراو بە: شێرکۆ
- تەمەن: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی خانەقا - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: فەهیمە سابر حەمەد
- ناوی منداڵەکان: خەندە، کۆچەر
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧
- سەرەتا پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە دواتر پەیوەندی بە ئاڵای شۆڕش کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن رژێمەوە لەهەولێر دەستگیر دەکرێ و دواتر رەوانەی بەندینخانەی ئەبوغرێب دەکرێت و بە (١٥) ساڵ حکوم دەکرێ.
- لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێ
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە کەرتی رێکخستنی شەقڵاوە.
- ناوبراو بەشداری چەندین شەڕو نەبەردی کردووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- لە ٢٥-٤-١٩٨٧ دەستگیر دەکرێت لەهەولێر
- لە ٢-٨-١٩٨٧ لە هەولێر لە سێدارە دەدرێت لە معمل قیری هەولێر (١١) کەس لەناو یەک گۆڕ دەشارنەوە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/١٩ لە ژمارە (٧١٧٢) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە...

# شەهید ( رەشید وەرتی)

# ڕەشید حاجی حەمەدەمین




گوندی وەرتێ یەکێک بووە لەو گوندە ناوچە ئازاد کراوانەی هەمیشە لانەو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە، دانیشتوانەکەشی زۆربەیان پێشمەرگەو خاوەن هەڵوێستی کوردانەی بەئینتماو خۆشەویستیان بۆ خاک و نیشتمان ئێجگار بەرزبووە. وەرتیەکان لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان قوربانی زۆریان داوە، بەردەوامیش بەڵێنیان بەمام و ڕێبازە پیرۆزەکەی یەکێتی داوە هەرگیز نەسرەوون تا سەرنەکەون. یەکێک لەو شەهیدانەی کە تەمەنی تەنها (١٣) ساڵ بوو پەیوەندی بەشاخ کرد، ئەویش کاکە (ڕەشیدی حاجی حەمەدەمین) برای شەهیدی فەرماندە (سمایل وەرتی بوو. شەهید ڕەشید لاوێکی خوێن گەرم و دڵسۆزو روح سووکی ناو هێزەکانی پێشمەرگە بوو، لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو، لەگەڵ شەهید سمایلی برای بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنوورەکەی کردووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوو هیلاکی زۆری بینی تا گەلە ستەم دیدەکەی ئۆقرە بگرێ و بۆنی ئازادی بکەن، لەدوای ڕاپەرینیش ڕۆڵی کاراو جێ دەستی دیاربووە لە هێرش و بەرگری و پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.. ئەو هەرگیز باوەڕی بە شەڕی خۆکوژی نەبوو کەچی لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە ١١-١٠-١٩٩٦ لە شیوە ڕەزی سنووری قەڵادزێ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.. ڕوحت شاد پێشمەرگەو کوڕە ئازایەکەی وەرتێ و باڵەکایەتی و باڵەییان و سۆران و هەولێری قەڵاو منارە.. ئارامگەت ئاسوودە شێرە کوڕەکەی باڵەک..

- شەهید: ڕەشید حاجی حەمەدەمین
- ناسراو بە: رەشید وەرتی
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٧٠

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سوهەیلە عەبدولڕەحمان سەمیع
- ناوی منداڵەکانی شەهید: دیاکۆ - سیاکۆ
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: سەرەتایی ساڵی ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٧٣) هەڵەموند
- لە تەمەنی (٧) ساڵی پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەرین بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لەوانە: قەیوان ماوەت، چیای ماکۆک، چیای هەڵەموند، گەرووی مەنجەڵ، سادر، کۆرەک زینەتیر، کونەکۆتر، داستانی رزگاری.
- لە دوای ڕاپەرینش (٦) ساڵ پێشمەرگە بووە بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لە حکومەتی هەرێم کردووە .پلەکانی پێشمەرگایەتی (فەرماندەی هێزو دواتریش لە دوا تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە کراوەتە فەرماندەی تیپ)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە (لە ساڵی ١٩٨٣ لە وەرتێ لە ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵەموند)
- جگە لەخۆی (٢) برای تری شەهیدە بەناوەکانی (سمایل سادق)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-١٠-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: شیوەرەز- قەڵادزێ

## شەهید (دکتۆر ڕەشید)

# ڕەشید مەغدید قادر مەولود



بێ گومان ئەوانەی نزیک بوونە لە شۆڕش و کوردایەتی دەزانن دکتۆر ڕەشید کێیەو چۆن لەو هەولێرە سیخورو پیاوانی ئەمن و بەعسیەکانی بەنوێژی نیوەڕۆ دەدایە بەر ڕێژنەی گوللەو وەک پڵنگ ئاسا خۆی دەگەیاندەوە سنووری ئازاد کراو.. ناوبراو کەسایەتییەکی دیارو فەرماندەیەکی قارەمانی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر بوو لە ڕێزەکانی بزووتنەوە، لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری و وەفاداری بۆ میللەتەکەی لەناو پێشمەرگەو جەماوەری لادێنشینەکان خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بوو، ئاستی هۆشیاری و لایەنی پەروەدەی زۆر بوو لە دانیشتن و مزگەوت و کۆڕو کۆبوونەوەکان.لە ساڵی ١٩٨٧ سەنگەری خەباتی چەکداری گواستەوە ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەتیپی (٨٧)ی قەرەچوغ درێژەی بەپێشمەرگایەتی داو بووە فەرماندەی کەرتێکی ئازاو چاونەترس، لەناو یەکێتی پلەی زیاتریشی وەردەگرت، بەڵام خۆی ئارەزووی پلەی نەبوو ئەوەندەی مەبەستی بوو خەبات بکات و تێبکۆشی بۆ ئازادی و گەیشتن بەمافەکانی تاکی کوردی. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم شەهیدە هەڤاڵ مامۆستا (کاوە حەمەدەمین) پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی خولی پێشوو پەرلەمان وتی: شەهید دکتۆر ڕەشید لە ژیانی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی فەرماندەیەکی زۆر ئازاو ژیربوو، بەردەوام چالاکی کەم وێنەی دەنواند هەرگیز دوژمن بیری بۆ نەچوو، بۆ نموونە لێدانی مەفرەزەیەکی ئەمن لەناحیەی گوێڕ لەگەڵ کاک بورهان مەلاقەرەو دوو پێشمەرگەی تر دەست بەسەر چەکەکان دابگرن و خۆشیان دەرباز کرد ئەو چالاکییە لە سنوورەکە دەنگ و سەدای زۆری دایەوە کە بۆ ئەو کاتی چالاکییەکی دیار بوو، دەمەوێ لەم چەند دێرە باسی یەکەم چالاکی و چۆنیەتی بوونی بەپێشمەرگایەتی شەهید دکتۆر ڕەشید باس بکەم. ناوبراو وەزیفەی پەرستیار بوو لە بنکەی تەندروستی مەسیف سلاحەدین بەرپرسی بنکەکە کابرایەکی عەرەبی بەعسی بوو، زۆر زەختی لە دکتۆر ڕەشید دەکرد بیکاتە بەعسی، دکتۆریش ئەندامێکی چالاک و چاونەترسی ڕێکخستن بوو، کار گەیشتە

ئەوەی چیتر تەقبولی ئەو رەفیق حزبیە نەکات، بڕیاری دا لەدەرفەتێکدا کاتی ئێشکگری شەو بیکوژێ و یەکسەر پەیوەندی بکات بەهێزی پێشمەرگەوە، ئەوە بوو شەوێک لەکاتی ئێشکگری بەدەمانچە چەند گوللەیەکی لێ دەدات و بەسزای شۆڕش و گەلی گەیاند پاشان روون بۆوە ئەم بەعسییە نەمردووە، هەر بەم شەوە بەپێ رادەکات بەرەو شاری هەولێر درەنگانێ شەو دەچێتە ماڵی (دکتۆر پەروەر) و هەڤاڵانی تری رێکخستن دەیگەیننە هێزی پێشمەرگە. ئەو چالاکییەی دکتۆر رەشید ساڵی ١٩٨٠ کە رژێم لەوپەڕی بەهێزی دابوو، چالاکییەکی دەگمەن و کەم وێنە بوو لەو رۆژگارەی ئەوێ رۆژێ. جگە لەوەی چەندین جار لەگەڵ سیخوڕەکانی ئەمنی هەولێر تووشی شەڕو گێچەڵ بووە، چونکە شەهید دکتۆر رەشید تەقبولی رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی ئەمنەکانی نەدەکرد کە لە بازاڕو شوێنە گشتیەکان بەرامبەر ژن و کچی کورد دەیان کرد، ماوەتەوە بڵێین ئەم خانەوادەیە لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزیان هەورازو نشێوی زۆریان بینی.. روحت شاد کاکە دکتۆر ئارامگەت ئارام فەرماندە ئازایەکەی دەشتی هەولێر..

- ناوی تەواو: رەشید مەغدید قادر مەولود
- ناسراو بە: دکتۆر رەشید
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی پیرداود - ناحیەی شەمامک
- عەشیرەت: شوانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای تەندروستی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: جەمیلە عەبدوڵلا مستەفا
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک کوڕی هەیە بەناوی (لێزان)
- لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسکۆی شۆڕش پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٠ چالاکییەکی ئەنجام داوە ئینجا بۆتە پێشمەرگە.
- ئۆرگان: هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر (حزبی سۆشیالستی کوردستان)
- ناوبراو فەرماندەی کەرتی (٦) بووە لە هەرێمی (٨)ی ئەوکات
- شەهید دکتۆر رەشید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە: شەڕی بەستی شەرغە (خەبیران) لێدانی ئەمنەکانی کەندێناوە، داستانی ترپەسپیان، شەڕی سەرکردایەتی سەرگەڵو بەرگەڵوو، سەری رەش، قۆپی جوانەگا، دۆڵی بالیسان، شەڕەکانی گوندەکانی بێراوەو مێرگەسەر، شەڕەکانی قەندیل و کونەکۆتر، گۆمی کرمە سوران، مەچلوبە، شەڕی ساوسێوکان. زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لەشەڕی بەستی شەرغە.
- دکتۆر رەشید لە دەستەی دامەزرێنەری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو تا مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٧
- لەمانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٧سەنگەری پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان.

- ئۆرگان: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ - کەرتی (٢) شەهید دەکرێتە فەرماندەی کەرت لەم تیپە دوژمن بەزێنە.

- جگە لە خۆی دوو برای تری شەهیدە واتە سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

- خانەوادەکەی لەسەر دکتۆر ڕەشید ڕووبەڕووی زۆر ئازارو ئەشکەنجە بوونەتەوە ماوەیەکی زۆر دایک و باوک و خوشکێکی زیندانی بەعسیەکان بوونە دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون.

- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١١-١٠-١٩٨٨

- شوێنی شەهید بوون: خانێ - سنووری ئێران

## شەهید (ڕێباز)

# ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود



(لۆت لار بم شۆڕش چەند گەلۆر نانت دەخوا) ئەمە وتەی شەهید ڕێبازە ئەو ڕێبازەی لە پێناو ڕێبازی کوردایەتی و مەردایەتی کۆششی کرد تا (گەل) ئازاد بێت، تا خاک پشوو بدات، تا جووتیارو گوندنشینەکان بە ئاسوودەیی زەوییەکانیان بەراو بکەن.. ئەم وتەیەی شەهید ڕێباز لەوە سەرچاوەی گرتووە غەدرە ئەوانەی بە شۆڕش و کوردایەتی ماندوو نەبوونە شۆڕش خزمەتیان بکات و بیانکاتە بەرپرس و دەسەڵاتدار.. ئەم وتەیەی شەهید ڕێباز(٣٠) ساڵ لەمەوبەرە ڕێک بۆ سەردەمی ئێستا وتراوە کە حکومەتی کوردی سەدان جاش و کەسی سەردەمی بەعسی نان دەداو دەست ڕۆیشتووی حکومەتی کوردین.. جموجۆڵی کاری ڕێکخراوەی ئەوکاتی (ڕەفعەت عەبدوڵڵا) ناسرابوو بە (ڕەنجاو) لەتەمەنی لاوی ئەوکاتی دەسەڵاتدارانی هەولێری تووشی شۆک کردبوو لە ساڵی ١٩٦٩ دەستگیر دەکرێت. ناوبراو پاش تەواوکردنی ئامادەیی کشتوکاڵ لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول وەک گەنجێکی قارەمان پەیوەندی بە شۆڕش کردو دەورێکی کاریگەری هەبوو لە پێشمەرگایەتی و دەزگا جیاجیاکانی شۆڕش.. ئەو ماوەی پێشمەرگە بوو لەناو شۆڕش جێدەستی دیار بوو واتە وەک کادیرێکی پێشکەوتوو حسابیان بۆ دەکرد.. لەگەڵ دەسپێکی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێبازی بیروبازوو. ڕێبازی هەژاران و چەوساوەکان، ڕێبازی خەمخۆرانی گوندنشینەکان پەیوەندی کرد و قوڵی مەردایەتی و شۆڕشگێڕی لێ هەلکردوو ژمارەیەک لاوی خوێن گەرمی ئەوکاتەی هەولێر بوونە سەر مەشق و پێشڕەوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە واتە سەردەمی زێرین و مەنتقی هێزی ڕێکخستن بۆ ئەوێ ڕۆژێ مێژووی خۆی تۆمار کرد،دواتر شەهید ڕێباز یەکێکە لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەگەڵ شەهیدی سەرکردە (شاخەوان عەباس) بەیەک ڕۆژو یەک سەعات لە ١٦ـ٥ـ١٩٧٧ دەبنە پێشمەرگە.. دیارە پێشمەرگایەتی سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ زۆر سەخت و دژوار بووە واتە یەکێتی بوون بۆ ئەوێ ڕۆژێ قورس بووە وەلێ نەک هەر دوژمنی سەرەکی چاوی لەسەرت بووە، بەڵکو هێزێکی ناوخۆش بە پشت و پەنای دەوڵەتانی دراوسێ هەمیشە بۆسەو

کەمینی بۆ دەنانەوە.. بەڵام شارەزایی و سەبرو خۆڕاگری جەستەو هزری شەهید ڕێباز زۆر گەورەترو بەهێزتربوو لە پیلان و بیرکردنەوە سەقەتەکانی ئەوان، دۆست و دوژمن دەزانن ئەو شەڕانەی بەسەرکردایەتی شەهید ڕێباز بووایە لە هەر سنووری میحوەرێک دوژمن خۆی لەبەر هێرش و بەرگرییەکانی ڕانەدەگرت.. ئازایی شەهید ڕێباز سنووری نەبوو، ئەو جیاوازبوو لەسەرکردەو بەرپرسانی تر (کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیر، سیاسی، جووتیاری، کادیری هەژاران، ئیداری عەسکەری، نووسەرو ڕۆژنامەنووس، پارتیزان) هتد.... ئەو لەڕووی کۆمەڵایەتی هەموو خەڵکی ئەم سنوورەی هەولێر شایەدی بۆ دەدەن شەهید ڕێباز چەند پیاوێکی بە پەیوەندی و دۆستایەتی بووە و لەگەڵ ئەمەش بەوەفا بووە جگە لەمە دەستێکی باڵای هەبووە لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕووی ڕۆشنبیری کادیرێکی خوێندەوار هەمیشەو بە بەردەوامی گوێگرێکی ڕادیۆو کتابە تازە چاپ کراوەکان بووە و لە زۆربەی دانیشتن و کۆڕو کۆبوونەوەکان ئەو وەزع و پێشهاتەکانی تاوتوێ دەکردو ڕای خۆشی دەووت، وەک هەڤاڵانی دەگێڕنەوە دەڵێن لە زۆر ڕووداوی مەنتیقەکە پێشبینی ئەو دەهاتەدی.. لەڕووی سیاسییەوە کادیرێکی کامل و شامل بووە و وتاری سیاسیشی هەبووە، لە ناو جووتیارانیش شەهید ڕێباز دەوری کاریگەری زۆری هەبووەو هەمیشە هاندەرو پشتیوانی جووتیاران بوە. لە دوای ڕاپەڕینش لە سەردەمی بەرەی کوردستانی ئەوانەی خزمەتی پێشمەرگەو شۆڕشیان کردبوو بەپێی چەند یاساو ڕێنماییەک لە سنووری گوندەکان ئەو زەویانەی گەڕاندەوە کە بەعسیەکان بە میزاجی شەخسی و وەلائیان بۆ بەعس هەبوو دای بە جووتیاری سنوورەکان.. لەگەڵ هەژاران دۆستێکی سەرسەخت و بەرگریکارێکی بەردەوام بووە هەربۆیە ئێستاش کەلە ژیان نەماوە خەڵکانێ زۆر شەهید ڕێباز بە خاکی وەسف دەکەن. لە ڕووی ئیداریەوە پیاوێکی ڕاستگۆ، ئەمین، کراوە،دەست پاک، شارەزا، شەفاف، لەڕووی عەسکەرییەوە مێژوو شایەدە ئەو ئۆرگانانەی شەهید ڕێباز لە بواری سەربازی سەرپەرشتی و سەرکردایەتی کردوون سەدان داستان و شەڕی گەورەن لە مێژووی پێشمەرگایەتی تۆماری کردوون، لە پێشمەرگایەتی زۆر خاکی و خۆنەویست، نەرم ونیان لەگەڵ پێشمەرگە، بەردەوام بە قسەو نوکتەو بەسەرهاتی خۆش لەگەڵ هەڤاڵانی کاتی بەسەر بردووە پیاوێک بووە هەمیشە ئارەزووی لە خوێندنەوەو نووسین کردووە لەسەردەمی شاخ بەردەوام ڕۆژمێرەکەی وەک هاوڕێیەکی لە گیرفان بووە هەموو ئەو داستان و ڕووداو تێبینیانەی ڕۆژانەی تۆمار دەکرد هەر بە هۆی ئەم ڕۆژمێرەوە (٢) کتابی خستە ناو کتێبخانەی کوردیەوە بە (٥) بەش بە هەردوو کتابەکەوە بەناوەکانی (قەندیل بەغدای هەژاند) و (نرکەی کوردستان) نووسەرێکی بەتواناو بەسەلیقە بووە، لە قۆناغی بزووتنەوەی کوردایەتی (پارتیزانی) قۆناغێکی سەختی شەهید ڕێباز بووە کە سەرکردایەتی ڕەتلی هەولێری کردووە بۆ ماوەی (١٤) مانگ لە گوندەکانی دەورووبەری هەولێر وەک پارتیزان ماوەتەوە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە، بۆ مێژوو دەڵێم شەهید ڕێباز بە وەفاترین پێشمەرگەو سەرکردە بووە لە دوای ڕاپەڕین سەردانی زۆربەی گوندەکانی کردۆتەوە ئەو خەڵکانەی بەسەر کردۆتەوە ڕۆژگارێک بەرامبەر پێشمەرگەو شۆڕش هەڵوێستیان هەبووەو خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە، ئێستاش گوندنشینەکان کەباس دێتەسەر وەفاداری سەرکردەکان شەهید ڕێباز بە نموونەی سەرکردەی خاکی و وەفاداری وەسف دەکەن. ئەوەی شەهید ڕێبازی بە خۆشەویست و گەورەیی هێشتەوە سادەیی و خۆنەویستی و دەست پاکی بوو هەمیشە خەمی هاووڵاتییانی بە هەند وەردەگرت، لە دوای ڕاپەڕین حکومەتی هەرێم تووشی قەیرانی دارایی هات و نەیتوانی مووچەی فەرمانبەران بدات بەگشتی شەهید ڕێباز هەموو بەیانیەک چاودێری نرخی بازاری دەکرد و نرخی شتومەک و خۆراکی وەردەگرت و لە پەڕاوێک دەینووسی و دەهاتەوە بارەگا ئاخی هەڵدەکێشا دەیووت ئەمڕۆ لەبەرنەبوونی و بێ پارەیی مامۆستایان دەبێ سەلاجە بفرۆشن یان مەکتەبەی

ماڵەوە بفرۆشن یان کاڵایەک بفرۆشن. خەمی هاونیشتیمانانی لە کۆڵ نابوو بۆیە ڕێبازی هەژاران و جووتیاران بوو.. ناوبراو لە ناو توێژی هەژاران خۆشەویست و خاوەن جەماوەرێکی ئێجگار زۆر بوو هەر بۆیە ڕێباز لە کوێ بووایە هەژارو جووتیارو گوندنشینەکان لەوێ بوون ئەویش بێ ئەوان نەدەژیاو هەمیشە دڵی لای ئەوان بوو.بەڵام بەداخەوە مێژوو شایەدە چ لە ساڵانی هەشتاکان چ لە دوای ڕاپەرین ئەوەی باوەڕی پێی نەبوو شەهید ڕێباز شەڕی ناوخۆ بوو، لە زۆر دیدارو وتارو کۆبوونەوەی عەسکەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیدانەی شەڕی براکوژی دەکرد و ئەم شەڕەی بە شەڕی نەگریس و ماڵوێرانی وەسف دەکرد، بەڵام بەداخەوە لەلایەن (پ.د.ک) لە ٧ـ٥ـ١٩٩٤ بەدیلی دەستگیر دەکرێ و شەهید دەکرێ.. هەڤاڵ لیوا (کاوە ئەنوەر نادر) ناسراوە بە مامۆستا کاوە پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان و هاوسەنگەرو هاوپارتیزانی شەهید ڕێباز لە یادی شەهید بوونی ئەم سەرکردەیە لە فەیسبووکی خۆی نوسیبووی: شەهید (ڕێباز) هەر بە تەنیا شۆڕشگێڕێک و فەرماندەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەو ئەزموونە زۆرەی کە هەیبوو لە قوناغەکانی شۆڕش و سەردەمە جیاوازەکان کە لە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە بەشداری کاراو ڕاستەوخۆی هەبوو وەک سەرکردەیەکی کارامەو دیاری نێو هێزی پێشمەرگە ئەو بەڕاستی و بە کردەوە لە دارشتنی نەخشەو پلانی شەڕەکان و پەلاماری گرتنی ڕەبیە و تێکشکانی هێرشەکانی دووژمن هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی دەبینی سەرەڕای ئەوەی لە بواری سیاسیشدا هەم لە نێو جەماوەرداو هەمیش لە نێو هێزی پێشمەرگەدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەری هەبوو کەم ڕۆژ هەبوو شەهید (ڕێباز ) کۆبوونەوە لەگەڵ کەرت و تیپەکانی سنوورەکەی نەکات و سەبارەت بە مەسەلە گرنک و پێویستەکان قسەیان بۆ نەکات کۆبوونەوەکانی ئەو زۆرجار سنووری تیپەکانی هەولێری تێدەپەڕاند بەتایبەتی لەکاتی جەولەکان وە شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی کۆبوەنەوەکانی ئەو، چونکە ڕاستگۆیانە و لەناخەوە بوو هێندە کاریگەر بوو لەسەر هێزی پێشمەرگە، بۆیە زۆرجار قسەکانی ئەو لەسەر زاری پێشمەرگە بە نموونە دەهێنرانەوە شەهید (ڕێباز) لە کۆبوونەوەکانیدا دەیتوانی گەنج و لاوەکانی پێشمەرگە وەها بێنێتە جۆش و خروش کە بە عەشقەوە پێشمەرگایەتی بکەن و لە شەڕەکانیشدا ئازاو بەهەڵمەت بن ئەو بە قسەکانی دەیتوانی روحی بەرزی پێشمەرگە بهێنێتە سەر ئەوەی بگری بۆ وڵات و نیشتمانی خۆی، لەهەمان کاتدا دەیتوانی بیانهێنێتەوە سەر رقی پیرۆزیان بەرامبەر بە دوژمنان و داگیرکەران، ئەو شیکەرەوەیەکی گەورەی سیاسی بوو نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەیی ڕووداو و پێشهاتەکانی شیدەکردەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی مەسەلە گەورەکان و دنیاش تەنانەت لە بواری ئابووری و سەربازیش شەهید (ڕێباز) شەوان تا درەنگی شەو گوێی لە دەنگ و باسی رادیۆ جیاوازەکانی دنیا رادەگرت جاری واهەبوو بەرنامەی ئەوتۆمان لە رادیۆکەی گوێ لێدەبوو، لە کەناڵی رادیۆی وڵاتە ئەورووپییەکان کە هەرگیز نەمان بیستبوو ئەو وڵاتانە کەناڵی دەنگ و باسی عەرەبیان هەبێ، ئەوەی جێگای سەرنج بوو شەهید (ڕێباز) هەموو کاتە جیاوازەکانی ئەو کەناڵانەی دەزانی و بەپێی زنجیرەی گرنگیشیان جگە لەوەی گوێی لێدەگرتن لە هەمان کاتدا تێبینیشی دەنووسی.. ئەو کە شیکردنەوەی بۆ بوارێکی سەربازی یا سیاسی دەکرد زۆر ئەکادیمیانە و سەردەمیانە بە بەڵگەو بە داتاو ئامار قسەی دەکردوو دەیسەلماند.. شەهید ڕێباز لە ژیان و خەباتیدا هیچ بوارێکی فەراموش نەدەکرد لە بواری مێژووشدا بەتایبەتی لە بواری مێژووی شۆرشەکانی کورد دا شارەزاییەکی زۆری هەبوو، چونکە ئەو خۆی لە بەشێکی زۆری ئەو مێژووەدا بەشداری و رۆڵی ڕاستەوخۆی هەبوو، بۆیە مێژووی یەک بە یەکی ڕووداو و هەڵوێست و شەڕەکانی دەزانی زۆر ڕاستگۆیانە و بابەتیانە ئەو مێژووانەی بەئەمانەتەوە دەگێڕایەوە، شەهید ڕێباز هەر تەنها لەو بوارانەدا کە باسم کرد شارەزا نەبوو، بەڵکو لە بواری شیعرو ئەدەبی کوردیشدا شارەزاییەکی زۆری هەبوو ئەو لەو

روانگەیەوە دەیڕوانی کە ئەدەب و سیاسەت ئەبێ هاوشانی یەک و بەیەکەوە خزمەت بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بکەن، زۆر کارامەو شارەزایانە کاری لەسەر ئەدەبی کوردیدا دەکرد، هەر بۆیە شیعرو دیوانی زۆر لە شاعیرە ناسراوەکانی کوردی لەبەر بوو بەتایبەتی شاکارە بەرزو فەلسەفییەکانیان.. شەهید ڕێباز عاشق و سەوداسەری نیشتمان بوو هاوڕێی کانی و ڕەزوو باغ و کەژو کێوی کوردستان بوو ئەو عەشقەشی بە کردەوەو بە بەخشینی هەموو ژیان و تەمەنی سەلماند بوو، هەر بۆیە لە پێشمەرگایەتی هەر جارەی کە لە چیایەک سەردەکەوت و دیمەنی جوانی ڕەنگینی کوردستانی دەبینی ئەم دێرە شیعرەی دەگووت (وڵاتی جوان و دڵگیرم هەزار جار لە بەرت مرم). شەهید ڕێباز لەکاتی ئەنفالەکان کاتی کە کەژو کێوەکانی دەبینی لەلایەن هێزی سەربازی دوژمنەوە دەسووتێنرێن ئەویش لە دڵەوە دەسووتاو دەیگووت وادەزانم ئاگر لە جەستەی من بەر دەدەن. شەهید ڕێباز بەرامبەر بە شەهیدو هاوسەنگەرەکانی بە ئەمەک و وەفادار بوو هەرگیز لە یادی نەدەکردن تەنانەت لە ڕۆژە ڕەشەکە کاتی دوای ئەنفالیش کە لێپرسراوی ڕەتلی پارتیزانەکان بوو ژیانی لەوپەڕی مەترسیدا بوو شەوان خۆی دەگەیاندە ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ماڵە شەهیدەکانی بەسەر دەکردەوە، دڵنەوایی دەکردن و بەپێی توانا هاوکاری دەکردن، شەهید ڕێباز هێندە خاکی و خونەویست بوو هەرگیز خۆی لە پێشمەرگە جیانەدەکردەوە، ژیانی، خواردنی، جل و بەرگی، وەکو ئەوان بوو، هیچی لە پێشمەرگە چاو نەبوو هەر جارەی قاتێ جل یا چەکێک یا هاوکارییەکی لە سەرکردایەتی یا لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆ بهاتایە یەکسەر دابەشی دەکرد تەنانەت جاری وا هەبوو کە دەچووینە دووکانی ئۆردوگایەک پارەی کڕینی کێک و ساردیەکی پێ نەبوو هەر ئەم هەڵوێست و خووە بەرزانەش وایکرد شەهید ڕێباز خۆشەویسترین و ڕوح سوکترین فەرماندەی نێو هێزی پێشمەرگە و خەڵک بێ، لە کۆتایی ئەم نووسینەو ئەم یادە پڕشکویەدا دەمەوێ ئەو ڕاستیە دووپات بکەمەوە کە شەهید ڕێباز سەرکردە و شۆڕشگێڕێکی مێژوویی و کەم وێنە بووە مێژووی پڕ لە سەروەری ئەم تێکۆشەرە ئەوە دەهێنی بکرێ بەسەرمەشق و وەک نموونەیەکی بەرزی فیداکاری چاوی لێبکرێ ساڵانە یادی بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێبازی شەهید ڕێباز کە ڕێچکەیەکی تایبەتی و ڕاست و دروستی هەبوو لە خەباتدا بکرێ بە دەرس و پەند بۆ سەرکردەکانی ئێستا کە ئەگەر دەیانەوێ لە یادەوەری مێژووی میللەتەکەیاندا بە زیندوویی نەمری بمێننەوە با چاو لە شەهید ڕێباز بکەن درووود بۆ گیانی نەمر و پرشکۆی شەهید ڕێباز ڕوسوری و سە ربەرزی هەتا هەتایی بۆ جگەرگۆشە و کەسوکاری.

- ناوی تەواو: ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود
- ناسراو بە: ڕێباز
- تەمەن: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: سیان

باری خێزانی: خێزاندار

- شەهید ڕێباز دوو کوری بۆ کوردستان جێ دەهێڵێ بەناوەکانی (محەمەد و ڕێبان)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٥ نازناوی (ڕەنجاو)
- ساڵی ١٩٦٩ زیندانی کراوە بە هۆی کاری سیاسیەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ لەدوای بەیانی ١١ی ئازار چالاکانە بەشداری کاریگەری هەبووە لەکاری ڕێکخستن و خەباتی خوێندکاری و جەماوەری.
- لە ساڵی ١٩٧٢ ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێری تەواو کردووە.

- له ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلوول لە دەزگا جیاجیاکانی شۆڕش کاری کردووە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥..
- له ساڵی ١٩٧٥ بۆتە فەرمانبەر لەبەڕێوەبەرایەتی هەولێر..
- له ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- له ٥-٥-١٩٧٧ لەلایەن ڕژێمەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت.

له ١٦-٥-١٩٧٧ له شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بۆتە پێشمەرگە یەکەم گوند چەمرگە بوو کە پێشمەرگە پێشوازیان لێ کردووە، ئەم ڕۆژە شەهید ڕێباز لە ڕێگای سیامەندی برای بە ئۆتۆمبێلێکی جێب کەخاوەنەکەی (خەلیل عەدۆ) بوو دایکی شەهید ڕێبازو پلکی لەعلی و حاجی سافیە هاوسەفەری شەهید ڕێبازبوون.. هەمان ڕۆژیش شەهیدی سەرکردە شاخەوان عەباس پەیوەندی کرد بە هێزی پێشمەرگەوە..

شەهید (ڕێبان) لە ژیانی پێشمەرگایەتی (فەرماندەی کەرت و فەرماندەی تیپی تیپەکانی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ بە لێهاتوویی بڕیوە..

- شەهید بەشداری و سەرکردایەتی دەیان چالاکی و داستانی کردووە.
- له ساڵی ١٩٨٨ لە دوای ئەنفال بۆ ماوەی (١٤) مانگ سەرکردایەتی ڕەتلی پارتیزانەکانی هەولێری کردووە.
- له ساڵی ١٩٩٠ لەسەر داوای (مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) گەڕاوەتەوە سەرکردایەتی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئەوروپا لەسەر کێشەی کورد..
- له ساڵی ١٩٩١پێش چەند ڕۆژێک بەر لە ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- لە ڕاپەڕین دا بەشداری کاریگەرو بەرچاوی هەبووە لە ڕزگارکردنی زۆربەی شاروشارۆچکەکانی سەربەپارێزگای سلێمانی و هەولێرو دەوروبەر. هەروەها لە ڕزگارکردنی شاری کەرکووک بەتایبەتی ڕەبایەکانی دۆمەڵان.
- له دوای ڕاپەڕین لەبەرەی کوردستانی لێپرسراوی سەربازی بووە بۆ چەسپاندنی یاساو خزمەت کردنی هاووڵاتیان..
- له ساڵی ١٩٩٣ جێگری قیادەی مەنتیقەی دهۆک بووە لە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- (شەهید ڕێبان) خاوەنی کتێبەکانی قەندیل بەغدای هەژاند ٣ بەش - نرکەی کوردستان ٢ بەش..
- له ڕێکەوتی ٧-٥-١٩٩٤ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ دوای کاروانێکی پڕ سەروەری بە بریندای دەستگیر دەکرێ پاشان بە دیلی شەهید دەکرێ.
- له ڕێکەوتی ١٤-١١-١٩٩٤ تەرمی پیرۆزی لە کەرنەڤاڵی جەماوەری و شایستەدا گەیەنراوە گۆڕستانی گردە ڕەشە لە شاری هەولێر بەخاک سێردرا.
- لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال مەدالیای پارتیزانی بۆ شەهید ڕێباز بەخشرا بە خانەوادەکەی.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٥/٨ لە ژمارە (٦٩٦٥) لە لاپەڕە (٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (ڕەمەزان بچکۆڵ)

# ڕەمەزان حەمەد عەلی حەمەد




شەهید ڕەمەزان لە خانەوادەیەکی هەژارو کوردپەروەر لە گوندی قەیباشی هاتۆتە دنیاوە، وەک زۆربەی منداڵانی تر دەچێتە بەرخوێندن و لەهەمان کات هاوکاری دایک وباوکی دەکات..لەتەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بە کاری نهێنی ڕێکخستن دەبێت، دەربارەی ژیانی پێشمەرگایەتی هەڤاڵ لیوا (بەکر گردەسۆری) وتی: روحی شاد بێت شەهید ڕەمەزان سەرەتای بوونی بەپێشمەرگە پەیوەندی بە بەندەوە کرد پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو چاونەترس بوو، کوڕێکی روح سووک و خوێندەوارو کراوەبوو، لەو ماوە کەمەی تەمەنی پێشمەرگایەتی بەهۆی خۆگونجاندن و سادەییەکەی جێگای خۆی لەناو دڵی پێشمەرگەکان کردبووەوە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرلە داستانی گوندی قەشقە لە ٧-٣-١٩٨٥ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران درووود لە گیانت کورە ئازایەکەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.......

- ناوی تەواو: ڕەمەزان حەمەد عەلی حەمەد
- ناسراو بە: ڕەمەزان بچکۆڵ
- ساڵی لە دایک بوون: ٥-٢-١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەیباشی - عەشیرەت - سیان
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣ لەلایەن هەڤاڵ (قادر کادیر) ڕێکخراوە.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ سەرەتا لای فەرماندە (بەکر گردەسۆری دەبێتە پێشمەرگە
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (٤)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧-٣-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: داستانی گوندی قەشقە

شەهید (رەمەزانی برازای مام غەفوور)

# رەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەحمەد



خانەوادەیەک لێوان لێو لە کوردایەتی، لێوان لێو لە دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان، خانەوادەیەک نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشان، خانەوادەیەک بەخوێن سەلماندیان ئەم میللەتە پێویستی بە بەرخودان هەیە تا ئازادی بێتە دی و مافە رەواکانی کورد قۆناغ دوای قۆناغ بەدەست بێت. ئەم بنەماڵەیە لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێویان زۆربینی، بەڵام کۆڵیان نەداو تاوەکو ئێستاش لە رووبەڕووبونەوەی شەڕی تیرۆری داعشەکان ئەوان بەرگری لەم خاکە سوتماکەی کوردستان دەکەن، یەکێک لەو شەهیدانەی بنەماڵەی مام غەفوور شەهید (رەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەحمەد)ـە ناوبراو یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی ساڵی ١٩٧٩ کە ئەوکات لەدەشتی هەولێر پێشمەرگە بەژمارە زۆر کەم بوو، ناوبراو لەبەر ئازایی و دڵسۆزی کرایە فەرماندەی کەرتی بارەگای هەرێمی (٧)ی قەرەچوغ. ئەو چوار ساڵەی پێشمەرگە بوو تا شەهید بوونی بەشداری دەیان شەڕو نەبەردی کردووە، لە هەمووی گرنگتر بردنی (٢) خەبیرە فەرەنسیەکە بۆ بەستی شەرغە ئەم چالاکییە بووە هۆی ناوبانگێکی زۆر بۆ هێزی پێشمەرگە کە رژێمی سەدام زۆرترین پێشمەرگەو کەسوکاری پێشمەرگەی ئازاد کرد لە زیندانەکان بەبەدیلی ئەم دوو خەبیرە، هەزاران سڵاوو دروود بۆ گیانی شەهید رەمەزان و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: رەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەحمەد
- ناسراو بە: رەمەزانی برازای مام غەفوور
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تەللخێم
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بوو
- عەشیرەت: ئۆرمزیار

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨ بزووتنەوەی سۆشیالستی
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هەرێمی (٧)ی قەرەچوغ، کەرتی بارەگا
- یەک جار بریندار بووە. لە گوندی بەردەسپی
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ناوچەکەی کردووە. وەک شەڕی نێرەگین، بەردەسپی، جادەی هەولێر ـ کەرکووک ـ دیبەگەو مەخموور
- دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە کەرتی بارەگای هەرێم.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٥/١٦ـ١ـ١٩٨٣ سەعات (٩)ی شەو
- شوێنی شەهید بوون: گوندی بیرە عارەبان
- لەم شەڕەدا (١٠) پێشمەرگە شەهید بوون.

## شەهید (رەمەزان عەلی تەرجانی)

# رەمەزان عەلی ئیبراهیم ئەحمەد



دڵسۆزی و ئەمەک و وەفا بۆ ئەوێ رۆژێی ساڵی ١٩٨٧ کە رژێمی لەناوچووی بەعس لەوپەڕی هێزو درندەیی دابوو، رژێمێک نەک هەر بۆ ناوخۆی وەک سەگی هاربوو بگرە ماوەی (٧) ساڵ بێ دابڕان شەڕی وڵاتی ئێرانی کردوو پیلانی شەڕی تری لەهزربوو بۆ داگیرکردن و شەڕ فرۆشتن بەهەندێ وڵاتی دراوسێ. ئا لەم کات و ساتە دژوارەی کوردستان کوڕە خوێندەوارو باڵابەرزەکەی تەرجانیان، کوڕە جوان و چاونەترسەکەی مام عەلی بێ دوو دڵی و بەوپەڕی شانازیەوە خۆی گەیاندە سنووری هێزی پێشمەرگەو لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (٣) چەکی کوردایەتی و شەرەفی کردە شان و بڕیاری دا تا دوا دڵۆپی خوێن خەبات بکات دژی زوڵم و ستەمی سەدامیەکان. ئەویش شەهید (رەمەزان عەلی ئیبراهیم) تەرجانی بوو. ناوبراو کەسێکی خاوەن بڕوانامەو هۆشیارو خۆشەویست بوو لەناو خزم و هاوڕێ و دەوروبەری. بەهۆی دڵسۆزی و دیسپلینی پێشمەرگایەتی بەماوەیەکی زۆرکەم ناسراو بووە جێگای متمانەی هەڤاڵانی... ئەو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو خاکی پەروەردە ببوو بۆیە هەمیشە بەچاوی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و رێزەوە دەیروانیە بەرامبەرەکەی، لەو ماوە کەمەی تەمەنی پێشمەرگایەتی دڵسۆزانە بەشداری چەند چالاکییەکی کردوو هەڤاڵەکانی شایەدی ئازایەتی بۆ دەدەن.. هەڤاڵ (کەیفی عەلی) کارگێڕی مەڵبەندی (٣)ی رێکخستنی هەولێر هاوڕێی خوێندکاری شەهید رەمەزان وتی: ئەو کوڕێکی رەوشت بەرز هێمن دڵسۆز، لە چالاکییەکانی ناوشار لەگەڵ شەهید دلێری مەلا شینەی قەشقە ئێمە کۆمەڵێک خوێندکار بووین بەشداری زۆربەی خۆنیشاندان و کێشە دروست کردن بووین بەرامبەر دام و دەزگا بەعسیەکان، ئێوارانیش لە قسمی داخیلی گفتوگۆی فکری و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری و ناساندنی یەکێتیمان بەگوێی خوێندکارەکاندا دەدا تاوای لێهات سەرجەم خوێندکارەکان کەخەڵکی گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بوون زۆربەیان بوون بە پێشمەرگە و کادیر لەناویاندا شەهید

ڕەمەزان سەرقافلەو لە پێشەوەی ئەم خەباتەو ڕێبازە بوو. وەلێ ئەوەی بەقەد شەهیدبوونەکەی خەفەتم بۆ خوارد ئەو ساتانە بوو کە دەستگیرانەکەی بەخۆشەویستی مارەیی بڕیبوو، بەڵام نەی گواستبۆوە دەستگیرانەکەی لەکاتی ناشتنی سوور بوو بچێتە گۆڕ لەگەڵی، بەداخەوە زۆر جگەربڕو ویژدان هەژێن بوو ئەو ساتانەم قەت بیرناچێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لەگەڵ (٣) فڕۆکەی ڕژێم پاش شەڕێکی سەخت لە ٢٨-٥-١٩٨٧ لە نزیک گوندی نۆغەران لەگەڵ (٢) هاوڕێی تر شەهید بوون.. هەزاران درووود لە گیانت کوڕە ئازایەکەی تەرجانیان.

- ناوی تەواو: ڕەمەزان عەلی ئیبراهیم ئەحمەد
- ناسراو بە: ڕەمەزان عەلی تەرجانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تەرجان
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی لە گوندەکەیان تەواو کردووەو پاشان ناوەندی و ئامادەی لەهەولێرو دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای مامۆستایان تەواو دەکات.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- لەرێگای شەهید (هاشم شەمامکی) رێکخرابوو بۆ رێکخستن.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی - کەرتی (٣)
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨-٥-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی نۆغەران - شەمامک
- دوو پێشمەرگەی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوەکانی (یاسین پیرداود) و (عوسمان محەمەد ناسراو بەشێرۆ)
- بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ سێ کۆپتەری ڕژێم شەهید بوون.

## شەهید (رەمەزان عەزیز)

# رەمەزان عەزیز سەعید مەولود



ڕاپەڕین خەونی لەمێژینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ویست و داخوازییەکانی گەنجان بوو لەلایەک و لەلایەکی تر بۆ بەدیهێنانی نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار لە ئامێزی حکومەتێکی حکومڕانی کوردی ئاواتێکی خۆش بوو، سەرئەنجام ئەم خەونە لە لەمانگی ٣ی ساڵی ١٩٩١ هاتە دی، بەڵام بەرهەمی ڕاپەڕین بۆ گەنجانی ئەم هەرێمە خێر لەخۆنەدیوە بە ئیجابی نەکەوتەوە، بەڵکو پەیڕەو کردنی حزبایەتیەکی تەسک هەموو خەون و خولیاو خواستەکانی گەلی کوردی بەهەدەرداو نەتوانرا یەکڕیزی نیشتمانی بپارێزن و نیشتمانێک بێتە بوون لەسایەو سێبەری بەری ڕەنجی ئەم هەموو قوربانیە بهۆنینەوە.. لەو پێناوەدا شەڕی نەگریسی ناوخۆ تەمومژێکی ڕەش خۆی سەپاندو چەندین دایک جەرگ سووتاو بوون و چەندین گەنج بوونە قوربانی یەکێک لەو شەهیدانەی شەڕی ناوخۆ کاکە (رەمەزان عەزیز سەعید) بوو. ئەو لە خانەوادەیەکی هەژارو کوردپەروەر چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە. لە تەمەنی ١٦ ساڵی خولیاو هەستی نیشتمانی لەهزریدا چەسپاو بڕیاریدا لە ڕاپەڕین بەشداربێت و ببێتە پێشمەرگە لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.. ناوبراو لە زۆربەی بەرگرییەکانی ئەوکاتی لە حکومەتی هەرێم دژی بەعسیەکان تێکۆشا... وەلێ ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا پاش ئەو هەموو زولم و غەدرەی بەعسیەکان بە کوردیان کرد ئەمجارە کورد خۆی غەدر لەخۆی بکات بەداخەوە کاکە رەمەزان لەپێناوەدا لە ١٠-١١-١٩٩٥ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.. ڕوحت شاد ئارامگەت ئارام.

- ناوی تەواو: رەمەزان عەزیز سەعید مەولود
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سەید عوبێد - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: خۆشناو

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری رزگارکردنی هەولێرو بەرگرییەکانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٠-١١-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: بینایەی کارەبای هەولێر.

### شەهید (رەمەزان محەمەد)

# رەمەزان محەمەد عەلی



تروسکەو هیوای نەتەوەی کورد لە خەیاڵدانی هەر تاکێکی ئەم میللەتە ستەمدیدە وا بەئاسانی وێنا نەدەکرا، خەبات و بەرخودانی ئەوێ رۆژێ لە دژی رژێمە یەک لە دوایەکەکانی ناوەند، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی تاکی کورد بوو، خەون و خولیاکانی هاونیشتیمانیان بۆ ئازادییەکان بۆ کوردستانیان دانانی بناغەیەکی تەندروستە بۆ دروست بوونی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ دواتر سەربەخۆیی و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، ئەم هەنگاوانەش پێویستی بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی فکری و چەکداری هەبوو، لە رۆژگارێک هەورو تەم و مژێک ئاسمانی کوردستانی تەنی بوو، رووناکیەک، کرانەوەیەک، دەرگایەک، بەدی نەدەکرا، وەلێ حەکیمێک، پارێزەرێک، دانایەکی وەکو جەنابی مام جەلال و ژمارەیەک هاوڕێی دڕیان بە شەوەزەنگی تاریکی داو شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان هەڵگیرساندو ئەم تەم و تومانەیان رەواندەوە، شۆڕشیان لە دژی بەعسیەکان ڕاگەیاند. هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە خەڵکی هەولێری شەرەفمەند شەرەفی گەورەیان بەباڵا برا، ژمارەیەکی زۆر شۆڕشگێڕو دڵسۆز پەیوەندیان بە رێکخستنەکان و هەندێکیان چوونە شاخەکان بوونە پێشمەرگە، یەکێک لەو لاوە خوێن گەرم و کارایەی سەرەتا لە بواری رێکخستن رۆڵی گرنگی بینی و دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ چەکی شەرەف تێکۆشانی کردە شان و بووە یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. شەهید رەمەزان لەبەر ئازایی و چاونەترسی کرایە فەرماندەی مەفرەزە، دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی ٨٧ی قەرەچوغ مەفرەزەی تایبەتی بارەگای تیپ، ئەو کەسێکی جوامێرو نهێنیپارێز بوو، لەرووی کۆمەڵایەتی پەیوەندی فراوان و قسە خۆش بوو، خانەوادەکەشیان زۆر دڵسۆز و کوردپەروەر بوون، خاوەنی چەندین شەهیدی فەرماندەو پێشمەرگەی ئازان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەوانە شەهیدان (عەریف ئەکرەم و شەهید ساڵح)، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٩/٣/٢٠-١٩٨٥ لەنەبەردییەکی سەخت لە لێدانی رەبیەکانی سنووری

کەندێناوە گەیشتەکاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ڕەمەزان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ڕەمەزان محەمەد عەلی
- تەمەن: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سێبیرانی کەندێناوە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ماریە ئیسماعیل عەلی
- عەشیرەت: شوانی
- تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣ لە کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بوە لە مەفرەزەی تایبەتی بارەگای تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی تیپەکانی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو(٨٧)ی قەرەچووغی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٩/٢٠ـ٣ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: ڕەبیەکانی گوندی یەدقوی سنووری کەندێناوە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/١٦ لە ژمارە (٦٩٩٩) لە لاپەڕە (١٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (ڕەمزی یەدی قزلەری)

# ڕەمزی جەبار عەلی حوسێن



ئەوێ ڕۆژێ ڕژێمی فاشی بەغدا دەیویست بەهەرچی شێوەیەک بێت شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی جەنابی (مام جەلال) کاریزمایی کوردایەتی شکست پێ بێنێت، نەتەوەی کورد لەسەر زەوی ئاسەواری ڕەش بکاتەوە، هەر بۆیە پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدو سووتان و تێکدانی گوندەکانی کردە بەرنامەو پیلانی شەڕەنگێزەکانی خۆی، ڕژێمی بەعس لە درێژەی هەڵمەتە گڵاوەکانی هێرشە یەک لە دوایەکەکانی دەست پێ کرد بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی و گوندەکانی سەر سنووری ئێران تا لەوێوە هەرەس بە پەیام و بڕیارەکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بهێنێت.. ئا لەم کات و ساتەدا تیپەکانی سەربە مەڵبەندی (٣)ی هەولێردا بە بەرنامەڕێژی و سەرپەرشتی جەنابی کاک کۆسرەت بڕیاردرا هێرش بکرێتە سەر کۆشک و تەلارەکانی سەدام حوسێن و فەوج و سریەو ڕەبیەکانی پاسەوانی سەری ڕەش. سەرئەنجام کوڕە ئازاکانی تیپەکانی سنووری هەولێر بەماوەیەکی کەم بەرنامەڕێژیەکەیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام دا. لەم داستانەدا دەیان جاش و سەرباز بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنران و سەدانی تر بە دیل گیران و دەستکەوتی چەک و تەقەمەنیش ئەژمار نەدەکران. بەڵام جێگای داخە لەم داستانە مەزن و کەم وێنەیەدا (١٣) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و لەنێویاندا هەندێکیان لەناو بەفر بۆ هەتا هەتایێ خوێنی ئاڵی ڕەنگینیان سوورکرد و تێکەڵ بەفری سپی بوو، بەفری سپیش بێ بەزەیی بوو بەرامبەر ئەم پێشمەرگانە. یەکێک لەو شەهیدانە (ڕەمزی جەبار عەلی یەدی قزلەری) بوو.. ناوبراو پاش تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی هەست و هزری بۆ لای سیاسەت و کوردایەتی کێش کردبوو، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بەشاخ و دەبێتە پێشمەرگە لە سنووری بالیسان، بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنی خزمەکانیان ڕەوانیان کردبۆوە و کاری ڕێکخستنیان پێ سپاردبوو تا قۆناغێکی تر بۆ پێشمەرگایەتی،

بەڵام شەهید رەمزی ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی دەکاتەوە بەشاخ و دەبێتە پێشمەرگە لە مەفرەزەی تایبەتی مەڵبەند. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو رێکپۆش و بەپەیوەندی بووە لەگەڵ دەوروبەرو پێشمەرگەکانی مەڵبەند. بەهۆی گوێڕایەڵی و رەوشتبەرزی ببووە جێگای متمانەو خۆشەویستی سەرووی خۆی، هەربۆیە بۆ جەولەی بادینان شەهید ئازاد هەورامی لەگەڵ خۆی دەیبات، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و داستانی گەورەی کردووە. بەڵام بەداخەوە لە داستانە گەورەکەی سەری رەش لە شەوی ٢٧/٢٨ـ١ـ١٩٨٨ لەگەڵ (١٢) پێشمەرگەی تر شەهید بوون.. روحت شادو ئارامگەت ئارام کوڕە ئازاکەی یەکێتی..

ـ ناوی تەواو: رەمزی جەبار عەلی حوسێن

ـ ناسراو بە: رەمزی یەدی قزلەری

ـ ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٦

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی یەدی قزلەر

ـ عەشیرەت: مەرزانی

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥

ـ ئۆرگان: لەمەفرەزەی مەڵبەندی (٣)

ـ دواتر لەگەڵ شەهید ئازاد هەورامی و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر رەوانەی بادینان کران لەوێش بەشداری داستانی (کونەماسی)یان کرد.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی دەستەویەخەی لە سنووری هەردوو تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو (٨٧)ی قەرەچوغی کردووە.

ـ پاش گەڕانەوەی لە بادینان لەسەر راسپاردەی کاک کۆسرەت گواسترایەتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٣) کە هەڤاڵ (عومەر ناسر) فەرماندەی کەرتەکە بووە.

ـ یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٢٧/٢٨ـ١ـ١٩٨٨

ـ شوێنی شەهید بوون: داستانی سەری رەش

ـ ناوی شەهیدەکانی ئەم داستانە مەزنە.(جەمال حەمەد پیرداود ـ رەمزی جەبار عەلی ـ سۆران ئیسماعیل شەوگێڕی ـ شێرزاد عەبدولسەمەد تۆفیق ـ عەزیز مەولود ڕەسول ـ عوسمان مامەند عومەر ـ فەخرەدین ساڵح ئەحمەد گۆمەشینی ـ کەمال عەزیز ئەحمەد ـ نوعمان زرار حەمشین ـ هاشم رەشید نادر ـ هێرش سوار ئەحمەد شەوگێڕی ـ عەلی مەحمود کەریم مەخمووری ـ عەدنان سەمەد تۆفیق)

## شەهید (ڕەئووف نێرەگینی)

# ڕەئووف سەعید عومەر حەسەن




ئاسان نییە بەچەند دێرو لاپەڕەیەک خەبات و تێکۆشانی خانەوادەو کەسایەتی و پیاوماقول و کوردپەروەری ئاینی مەلا محەمەد نێرەگینی باس بکەیت و بتەوێ بەشێکی کەمی ئەو هەموو کوردایەتی و قوربانیەی بۆ شۆڕشی نوێی بەختیان کردحەقی پێ بدەیت، بەڵام ناکرێ دەستەوەستان بوەستیت و وەفایەک نەنوێنی بەرامبەر ئەم خانەوادە شەهید بەخشە. لەسەردەمی شۆڕش ئەم بنەماڵەیە دانیشتووی گوندی نێرەگینی سەر بەناحیەی شۆڕش بوون و زۆربەی کورو کەسە نزیکەکانی پێشمەرگە بوون جگە لەمە ماڵەکەی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد نێرەگینی کاروان سەراو لانەی پێشمەرگەکانی شۆڕش بوو، زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و بوارەکانی تری ژیان لەم دیوەخانەی نێرەگین چارەسەرو ڕێگاچارەی بۆ دەدۆزرایـەوە لە سەردەمی شۆڕش. بەڵام بەداخەوە زیاتر لە (٢٠) کوڕو برازاو ئامۆزاو نەوەکانی شەهید و ئەنفال بوون. یەکێک لەو شەهیدانە (ڕەئووف نێرەگینیە) ناوبراو فەرماندەیەکی ئازاو بەهەیبەت و جوامێری تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین نەبەردی و داستانی کردووەو ڕۆڵی فەرماندەی تیا گێڕاوە، لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست و ڕێزلێگیراو بە ڕەوشت بوو هەر بۆیە گەورەو بچووک ڕاو بۆچوونەکانیان بەهەند وەردەگرت. بەڵام بەداخەوە لە داستانی گەورەی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی لە ١٣-٩-١٩٨٧ شەهید بوو گەیشتە کاروانی سەروەران.. درووود لەگیانت فەرماندەو پێشمەرگە خاکیەکەی دەشتی هەولێر.

- ناوی تەواو: ڕەئووف سەعید عومەر حەسەن
- ناسراو بە: ڕەئووف نێرەگینی
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی نێرەگین - ناحیەی دێگەڵە- قەزای کۆیە- پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: شێخانی
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٣
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و شەڕەکانی سەرکردایەتی و سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- دواپلەی جێگری فەرمانده‌ی کەرت بووە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەڵام بڕیاری فەرماندەی کەرتی بۆ دەرچوو بوو بەسەری دا شەهید بوو لەشەڕی سماقوڵی..
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١٣-٩-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: داستانی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی بنەباوێ
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٢/٢٣ لە ژمارە (٧٢٠٢) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (ڕەئووف سەردڕە)

# ڕەئووف فەقێ مستەفا کاک محەمەد



هەست و سۆزی کوردایەتی بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بۆ ناوچەی باڵەکایەتی هەست و سۆزێکی گەرماو گەرم بوو، گەنج و پیرو ریش سپییەکان لە پەرۆشیان بۆ شۆڕش و کوردایەتی زۆربەیان بوونە پێشمەرگەو لەوێوە جاڕی شۆڕشیان داو شۆڕش لە باڵەکایەتیەوە دەستپێ کردوو قەندیل بۆ کوردایەتی باشترین بنکەو حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە بوو، ئێستاش دەمانەوێ باسی شەهیدێک بکەین لەسەر کوردبوون و یەکێتی بوونی دەیان جاسوس و بەعسی زۆر داخ لە دڵ بوون بەرامبەری ئەویش شەهید (ڕەئووف فەقێ) یە بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (مستەفا سەکری) لێپرسراوی پێشووی مەڵبەندی (٦)ی سۆران وتی: کورد لە کوردستان شانازی بە چیاوە دەکات، چونکە هەمیشە چیا پەنای ئازادیخوازان بووە بەتایبەت بناری چیانشینەکان قەت ناتوانن ژیانی ژێر دەستەیی قبووڵ بکەن، شەهید ڕەئووف سەر دڕەیش لە دایک بوو پەروەردەی بناری چیا سەرکەشەکەی مامە رووت بوو لە باڵەکایەتی، بۆیە سەرەڕای کارەساتە ئومێد بڕەکەی ساڵی ١٩٧٥، شەهید ڕەئووف بێ ئومێد نەبوو و چۆکی بۆ دوژمن دانەدا، هەر لە سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناوبراو پەیوەندی کرد بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتی و دواتر چەکی شەرەف تێکۆشانی کردە شان بۆ ئازادی نەتەوەکەی هاوسەرو جگەر گۆشەکانی جێهێشت و بەگیانێکی پۆڵاین هاتە مەیدانی خەبات تاکو بۆ کوردو کوردستان گیانی خۆی کردە قوربانی بۆ ساتێکیش سڵی لە دوژمن نەکردەوە، شەهید ڕەئووف بووە بە سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان.. روحت شادو ئارامگەت ئارام کورە ئازاو چاونەترسەکەی باڵەکایەتی.

- ناوی تەواو: ڕەئووف فەقێ مستەفا کاک محەمەد
- ناسراو بە: ڕەئووف سەردڕە
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەردڕە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نەفیسە عەلی کاک محەمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کوردستان، فەرهاد، شیرین
- لە ساڵی ١٩٧٢ تا ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوول لە سنووری رواندز- هندرێن
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ٢٥-٩-١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) رێکخراوی مامە رووت
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)
- دواتر لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- یەک جار بە سووکی بریندار بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ٢١/٢٢-١-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: پەردانگە دۆڵی شاورێ.

## شەهید (ڕەسووی حاجی برایم)

# ڕەسوو برایم مەحمود مەحمود



نووسین و باسکردنی سیڤی هەندێ شەهید پێویستی بە تەعبیری درێژو شیکردنەوەو هەندێ وشە نییە بۆ ناساندنی، چونکە ئەوکەسە لە مەیدانی شۆڕش و بەرخودان زۆر بەچاکی ئەسپی خۆی تاوداوەو ئەوەندە خزمەتی کردووە ئەوەندە تێکۆشەر بووەو خاک یا نیشتمان ناتوانێ بڵێ ئەم ڕۆڵەیە قەرزارمە، بۆ نموونە شەهید ڕەسوی حاجی برایمی زارگەلی لەسەر کوردایەتی هەورازو نشێوی زۆر بینیوە. بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (حکیمەت وڵاشی) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید وتی: شەهید ڕەسول حاجی برایم زارگەلی یەکێک بوو لەو فەرماندانەی کە پیاوێکی ئازاو خاوەن هەڵوێست بوو، کەسایەتییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو، یەکێک بوو لەو فەرماندانەی کە زۆرترین ئەرکی دەخستە سەرشانی و کەمترین داواو داخوازی هەبوو. لەکاتی شکستدا ورەی زۆر لەوکاتە بەرز تربوو کە کاتی سەرکەوتنی بوو. ناوبراو هێندە بە توانا و هیمەت بوو، بەڵام بەداخەوە لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ شەهید بوو: ئەو کەسانەی کە چوبوونە سەرجەنازەکەی خەفەتیان بۆ خواردبوو، وتوویان وەڵڵا حەیفە ئەو قارەمانە شەهید بێ چونکە پیاوێکی زۆر بەهێز بوو لەسەنگەری مقاوەمەت دا، لەڕاستیدا باس کردنی شەهید رەسوو لەهەر بوارێک مرۆڤ ناتوانێ حەقی خۆی پێ بدات، شەهید بوونی زیانێکی گەورەو کەلەنێکی زۆری جێهێشت لە دۆڵی زارگەلی و ئەم دەڤەرە بەگشتی. بەشەهید بوونی ئەم دەڤەرە ماتەم گێڕبوو دۆست و دوژمنی تووشی شۆک کرد بەتایبەت بۆمن برینێکی قووڵ بوو لە جەستەم دا قەت لەیاد ناکرێ، بەبیرم دێ جارێکیان کە هەڤاڵ قادری حاجی عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو وتی (١٠) پێشمەرگەی وەکو رەسووی حاجی برایمم هەبێ لە هیچ سەنگەرێک ناشکێم و لە شکانیش نائومێد نابم وتی دەبێ بەراستی پێشمەرگەو فەرماندە ئەوها بن لەکۆتایی قسەکانی وتی حەیفە بەهەموو فەرماندەیەک بڵێی فەرماندە کە هەواڵی شەهیدبوونی کاکە ڕەسوو هات کاک قادری حاجی عەلی زۆر بۆی نیگەران بوو نەتدەتوانی سەیری روخساری بکەیت بەحەقیش شایانی ئەوە بوو، چونکە ئەو تا شەهید بوونی فەرماندەیەکی تەواو جیاواز بوو لە دڵسۆزی

و ئازایەتی. روحت شادو جێگات بەهەشت بێت کاکە ڕەسوو..
- ناوی تەواو: ڕەسوو برایم مەحمود مەحمود
- ناسراو بە: ڕەسووی حاجی برایم
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: ناودەشت - زارگەلی
- عەشیرەت: ئاکۆ
- ئاستی خوێندن: تا پێنجی سەرەتایی خوێندووە.
- باری خێزانیی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: حەلیمە ئەبوبکر مەحمود مەحمود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: برایم، سەرگوڵ، ڕۆژگار، ڕەوشەن، ئازار، خەدیجە
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- ئۆرگان: هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ
- دواتر لە تیپی (کارۆخ) درێژەی بە خەبات و بەرخودان داوە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ڕۆڵی قارەمانانەی بینیوە لە زۆربەی داستان و نەبەردی و شەڕەکانی بەرگری لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لە ئەوێ ڕۆژێ لەوانە: بناری کێوە ڕەش، شەڕی بێتواتە، شەڕەکانی سەرکردایەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە (ماکۆک - حاجیاوە)
- دواپلەی لە شاخ واتە پێش ڕاپەڕین فەرماندەی کەرت بووە.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەڕین کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.
- لەدوای ڕاپەڕین چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە لە تەشکیلاتە جیاوازەکان دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ پێش شەهیدبوونی بەبڕیاری هەڤاڵ قادری حاجی عەلی کرا بە فەرماندەی قوەتی دۆڵی زارگەلی ناودەشت.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٣/١٢- ٧- ١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: چیای درە بی

## شەهید (ڕەفیق عەوڵا)

# ڕەفیق عەوڵا قادر عەوڵا




ئەبێ هەست و ناخی مرۆڤ لەو کاتانەی ئەزیزترین کەست لەدەست بدەی بیرو هزر بۆ کێ (بڕ) بکات ئەو گەنجێکی پاک و ڕوح سوک و نیشتمانپەروەر بوو، ئەو لە خانەوادەیەکی خەباتکار بوون، ئەو لەسەر کوردایەتی هەورازو نشێوی زۆری بینی بوو، ئەو زیندانەکانی بەعسی بینیبوو بۆ ماوەی یەک ساڵ کۆڵی نەدا، ئەو خەڵکی گوندێک بوون زۆربەی ڕۆڵەکانی پێشمەرگە بوون بە برایەکانیشیەوە، ئەو خەڵکی گوندێکە یەک گۆڕستان شەهیدیان هەیە، هەر بەردەوام بوو ئەویش ببێتە پێشمەرگە ئەم گەنجەش ناوی (ڕەفیق عەوڵا قادر)ـە خەڵکی گوندی ئیلنجاغی دەشتی کۆیەن، برای سەرکردە (عوسمان بانیمارانی) یە. دڵسۆزی ئەم خانەوادەو لاوە بزانن تا چ سەرکێشیەک بۆ بەرخودان و دڵسۆزی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پاراستنی خاک بەردەوام دەبێ: تاریقی برای لە ١٣ـ١٠ـ١٩٩٧ شەهید دەبێ سەنگەر چۆڵ ناکەن قادری برای و خۆشی ٢٨ رۆژ پاشتر شەهید دەبن ئەمجارەیان کاک عوسمان بانیمارانی سەنگەرچۆل ناکات.. ئەمە ئەوپەری خۆڕاگری و جورئەتە لەمەیدانی شەڕدا بەرگری بکەیت و سەنگەر چۆڵ نەکەیت. شەهید ڕەفیق فەرماندەیەکی ئازاو بەهیمەت بوو بۆیە هەر زوو کرایە فەرماندەی کەرت لە فەرماندەیی (١٥)ی قەرەچوغ. بەڵام بەداخەوە لە داستانێکی گەورەی بەرگری لە بست بەبستی کوردستان لەبەرامبەر تانک و فرۆکەکانی تورکیاو هێزێکی بێ شوماری پارتی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لە ٨ـ١١ـ١٩٩٧ لەگەڵ شەهید قادری برای لە میحوەری سماقوڵی... هەزاران درووود لە گیانیان.. ڕوحیان شادو ئاسوودە بێت............

- ناوی تەواو: ڕەفیق عەوڵا قادر عەوڵا
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٧٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئیلنجاغ ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە

- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری شەهید: شوکریە ڕەشید رەزا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رێناس، مامز، رێمان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١-١٠- ١٩٩٤
- شوێنی پێشمەرگایەتی: فەوج و هێزو لەشکرەکانی سنووری هەولێر
- ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ زیندانی بووە.
- جگە لەخۆی (٢) برای تری شەهید بەناوەکانی (قادر) و(تاریق)
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لەحکومەتی هەرێم و شەڕەکانی دوای ٣١ی ئابی کردووە.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە لە فەرماندەی (١٥)ی قەرەچوغ
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨-١١- ١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری سماقوڵی شاخی هیشکۆر

## شەهید (رۆستەمی عەلی سۆر)

# رۆستەم عەلی عەبدوڵڵا




سەیرکەن خانەوادەیەک جگە لە دڵسۆزی و ئەمەک و وەفا بۆ شۆڕش و کوردایەتی هیچ بەرژەوەندییەکی تریان لە پێشمەرگایەتی و شۆڕش نەبووە. ئەوان بە درێژایی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەردەوام (٥) کەسیان پێشمەرگە بووە، دڵسۆزی خانەوادەی شەهید عەلی سۆر بۆ کوردایەتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پێوەری نەبوو لە دڵسۆزی و خۆشەویستی، لەسەر شۆڕش و کوردایەتی ئەم خانەوادەیە هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، کەچی خیانەت و دەست تێکەڵ کردنی رۆڵەی کورد بەدەستی کورد ئەم خانەوادەیەی تەخت و وێل کرد، هەر بۆیە ئەوانەی ئەوێ رۆژێ لەشاخ بوون پێیان خۆشە هەوڵ و تێکۆشانەکانیان لە حکومەتی خۆماڵی بەرز رابگیرێت لەگەڵ تێکڕای خانەوادەی شەهیدانی تری کوردستان، شەهید رۆستەم یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی سنووری هەولێر، چاونەترس، خۆڕاگر، بەهیمەت، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە، بەڵام بەداخەوە بە بریندداری بەردەستی غەدرو خیانەت کەوت و گیانی پاکی ئەم رۆڵە دڵسۆزەی تووشی مەرگ کردەوە، درووود بۆ گیانت گەنجە مەردەکە. ئارامگەت ئارام پێشمەرگە ئازاکە.

- ناوی تەواو: رۆستەم عەلی عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: رۆستەمی عەلی سۆر
- ساڵی لە دایک بوون: مانگی ٥ ی ساڵی ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی ئازادی هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە.
- عەشیرەت: نانەکەلی
- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٢
- ناوی ئۆرگانی رێکخستن: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان:
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٨٤ لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر لای هەڤاڵ سەفین مەلا قەرە، دواتر لای شەهید رێباز.
- دواتر دەگوازرێتەوە بۆ تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٣)
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو چالاکی و نەبەردی کردووە و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە. بەشداری شەڕەکانی سەرکردایەتی کردووە.
- شەهید جگە لەخۆی (٣) براو باوکی شەهیدی رێگای کوردایەتین.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەند جارێک بریندار بووە
- لە ١٣-٥- ١٩٨٨ بە برینداری لەناو باخچەی نەبیاڵڵای سنووری دووشیوانی مەنتکان دەستگیر دەکرێت بەدەستی خیانەت و غەدر شەهید دەکرێت.

## شەهید (مامۆستا رۆستەم)

# رۆستەم مەولود حەسەن ئەمین



ئەو تازە خانەی مامۆستایانی تەواو کردبوو، گەنجێکی خوێن گەرم و رۆشنبیرو بیرکراوەی سەردەمی خۆی بوو، ئەو هەستی کوردانەی هەمیشە پاڵنەری پەیوەندی کردنی هەبوو ببێت بە پێشمەرگە تا هەرچی زووە رق و کینەی کوردانەی برژێنێتە ئەو دەسەڵاتەی بەنوێژی نیوەڕۆ زوڵم لە کەس و کاری پێشمەرگە دەکات، ئەو تەمەنی تەنها (١٦) بەهار بوو تێکەڵ بەکاری رێکخستن وکاری رێکخراوەی بوو لە رێگای شەهید مامۆستا حەمید قادر سەید عوبێدی، دووجار پەیوەندی بەشاخ کرد بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنیەوە دەیان ناردەوە، شەهید (رۆستەم مەولود حەسەن ئەمین) ناوبراو لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو پێشمەرگە پەروەردە بوونە، لەیەک خێزان (٤) برای پێشمەرگە بوون. شەهید رۆستەم لەتەمەنی (١٨) ساڵی بۆتە پێشمەرگە لەبەر ئازایی و چاونەترسی هەر زوو کرایە فەرماندەی مەفرەزە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە رێکەوتی ١٢ـ٢ـ١٩٨٣ لە گوندی نێرەگین گەیشتە کاروانی نەمرانەوە ..... هەزاران دروود بۆ گیانی شەهید رۆستەم و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: رۆستەم مەولود حەسەن ئەمین
- ناسراو بە: مامۆستا رۆستەم
- تەمەن: لە نفوس نووسراوە ١ـ٧ـ١٩٦٣، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ٥ی ١٩٦٣ لەدایک بووە.
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلاقەرە، ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: سەرەتای لە مەلاقەرەو ناوەندی لە دیبەگەو خانەی مامۆستایان لە هەولێر تەواو دەکات.هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەپلەی یەکەم بڕیوە.
- عەشیرەت: ساڵەیی

ـ باری خێزانی: سەڵت
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩ لە رێگای شەهید حەمید قادر حەمەد پیرەژن رێکخراوە بۆ رێکخستن.
ـ لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ماوەی (١٥) رۆژ زیندانی کراوە لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
ـ سەرەتا لە قوەتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە کە ئەوکات شەهیدی سەرکردە شاخەوان عەباس بەرپرسی قوەی هەولێر بووە.
ـ لە گۆڕانکاری و تەشکیلاتی نوێ کە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دروست بوو سەرەتا (٢) کەرت بوو لەگەڵ دەستەی تیپ، شەهید رۆستەم لەم دەستەیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی کردووە لەوانە: لێدانی مقەری جەیش شەعبی لە گوندی دۆڵەبەکرە، چەک کردنی ژمارەیەک گوندەکانی قەراج، شەڕەکانی پشتیوانی لە سنووری ئێران بۆ ماوەی (٢) مانگ، شەڕی ئۆمەرگومبەت کە لەم شەڕە شەهید (٤) گولە ئارپێچی لە تەیارەکانی رژێم گرت، چەندین شەڕی تری دەڤەرەکە.
ـ دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە ,
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٢ـ ٢ـ١٩٨٣
ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی نێرەگین
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/٢٢ لە ژمارە (٧١٥٠) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

## شەهید (ڕۆستەم مەحمود)

# ڕۆستەم مەحمود فەتاح ساڵح




کەرتی (٦)ی دێدەوان لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە شەهید (خاڵە مامەند مەنتک) فەرماندەی کەرتەکە بوو، کۆمەڵێک فەرماندەی مەفرەزەو پێشمەرگەی قارەمانی لە ئامێز گرتبوو کە جێگای متمانەو جێگای چاویان تێدابوو لە دوارۆژ فەرماندەی بەهێزو کادیری پێشکەوتوویان لێ پەروەردە ببێت، بەڵام بەداخەوە شەهید بوون ڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینیان بەچاوی خۆیان نەدی یەکێک لەو شەهیدانە کاکە (ڕۆستەم مەحمود) باقرتی بوو. بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەی دێرینی ئەوێ ڕۆژێی کەرتی (٦) ی دێدەوان هەڤاڵ (سەید ئەنوەر عوسمان) گۆمەتاڵی دەربارەی شەهید وتی: شەهید ڕۆستەم هەموو جوانیەکانی داگیرکردبوو، گەنجێکی جوان و ڕەوشت بەرز بەوەفا قارەمان بە دیسپلین، ئەو تەنها پێشمەرگەیەک نەبوو، بەڵکو شۆڕشگێڕێکی ڕۆشنبیر بوو، پیاوێکی بە ویقار بوو، هەژارێکی دەست پاک و داوێن پاک بوو، ئەو پێشمەرگەیەکی ئەوەندە بەهێز بوو تەنانەت برسی نەدەبوو تێنوو نەدەبوو، کوڕێکی ئارام و خۆڕاگر بوو، لە ڕوحی دا خۆشەویستیەکی ڕادەبەدەری بۆ گەل و نیشتمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەبوو. ئەوەی ئەوی نارەحەت دەکرد خۆ پەروەردە نەکردن بوو حەزی دەکرد پێشمەرگە تەنها چەک لە شانێک نەبێ، بەڵکو پێشمەرگە ئەو مرۆڤە خاکیە بێ بۆ گەل و نیشتمان هەمیشە ئامادەی قوربانی دان بێ، زۆر زۆر بەهیوا بوو زۆر جار بە ئێمەی دەگوت ئەو ڕۆژە سەختانە کەم دەخایەنێ مادام ئێمە باوەڕمان بە کەم ژیان و کەڵ ژیان هەیە دەبێ خۆڕاگربین و سەرکەوتن نزیکە. هەزاران سڵاو بۆ ڕوحی جوانی شەهید ڕۆستەم و تەواوی شەهیدانی گەلەکەمان و سڵاو لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ڕۆستەم مەحمود فەتاح ساڵح
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی سەیداوە - پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: پۆلی شەشەمی لە گەڕەکی سێتاقان لە قوتابخانەی (کامەران) تەواو کردووە، پۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەی (١٤)ی تەمموز لە گەڕەکی ئازادی تەواو کردووە.
- عەشیرەت: ئۆمەربل
- باری خێزانی: خێزاندار
- خاوەنی (٢) منداڵە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر - کەرتی (٦)ی دێدەوان کە ئەوکات شەهید سابیر ڕەسول فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری تیپەکەی کردووەو رۆڵی ئازایانەی تیا بینیوە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٢٧-٨-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی باقرتە
- هۆی شەهیدبوون: بە بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێم، (١٧) هاووڵاتی سڤیلی گوندەکانی باقرتەو قوشاغلو سێبیران و منارە شەهید بوون.

## شەهید (ڕێبوارە خڕە)

# ڕێبوار سەعدی عومەر کەریم



ئەگەر سەیری گەورەیی خودی پێشمەرگە بکەین لە دڵسۆزی، خۆنەویستی، بەم ژیانە سەختەی پیایدا تێپەڕ دەبن لەرووی سادەترین مافی هەر تاکێک کە لە وڵاتان و دەورووبەر ئەم مافانە هی باس کردن هەرنین، کەچی لێرەو لەوێ سیاسییەکانمان بەرپرسەکانی ئەم هەرێمە شوومە ئەو مافانە بە پێشمەرگە و هاووڵاتیانی خۆیان دەفرۆشنەوە، وەک ئەوەی هەنگیان لەدار دۆزیبێتەوە.. دەبینین گەنجێک بە گیرفانی بەتاڵەوە، گەنجێک چارەنووسی ماڵ و منداڵەکانی داوەتە دەست قەدەر بەوپەڕی لەخۆبوردیەوە لەبەرەکانی شەڕەوە بەرگری دەکات، شەونخونی دەبینێ، ساردی و گەرمی دەکێشێ، هەورازو نشێوی زۆر بینیوە لەسەر کوردایەتی کەچی حکومەتەکەی لایەنە سیاسیەکان شەڕی موزایەدەو راگەیاندنی لەسەر حیسابی پێشمەرگە دەکەن، نایەن نەرمی بنوێنن، تەنازول بکەن، ڕێک بکەون تا ئاشتی و ئازادی و وەزعی قەیرانی دارایی ئەم هەرێمە چاک بکەن. ئەوەتا گەنجێک لە ناحیەی دیبەگەی کەندێناوەی سەرکەشەوە هاتووە خەبات بکات، تێبکۆشێ، بەرخودان بکات، ئازایانە بەرگری دەکات لەم کوردستانە کەچی هیچ خۆشیەکی لەم کوردستانە نەبینیوە بەهۆی گەندەڵی و ناشەفافی لە ئیدارەدان مخابن لە ئازاد کردنەوەی ناحیەی جەلەولا شەهید دەبێ و ئاواتەکانی بە چاوی خۆی نەدی ئەویش شەهید (ڕێبوار سەعدی عومەر) دیبەگەییە. ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری لە زۆربەی بەرگرییەکانی لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ٢٣ـ١١ـ٢٠١٤ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

ـ ناوی تەواو: ڕێبوار سەعدی عومەر کەریم

ـ ناسراو بە: ڕێبوارە خڕە

ـ ساڵی لە دایک بوون: ٣ـ٢ـ١٩٨٤

- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سورچی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندارە ساڵی ٢٠٠٩ هاوسەرگیری کردووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: روخسار هادی عومەر
- ناوی منداڵی شەهید: ڕەهێل
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١١ـ١١ـ٢٠٠٩
- شوێنی پێشمەرگایەتی: فەوجی (٤) لیوای (٣)ی تایبەت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی کردووە بۆ بەرگری لەخاکی کوردستان.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٣ـ١١ـ٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: ناحیەی جەلەولا

## شەهید (زانا چیوەیی)

# زانا عەلی عەبدوڵڵا تەها




بەبێ گومان قۆناغی رزگاری و سەندنەوەی ئەوخاکەی لە سەد ساڵی رابردوو لەلایەن رژێمە داگیرکراوەکانی عێراق ببووە گرێیەکی گەورە لە دڵی کوردانی باشووری کوردستان وا ئێستاکە بەخوێن بەخشین و کۆڵ نەدان زۆربەی خاکی کوردستان هاتۆتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەویش بە ئازایەتی و خۆنەویستی برایانی پێشمەرگە. یەکێک لەو گەنجانەی بەڵێنی بەدایکانی شەهید و خاکی نیشتمان دا تا یەک بست کوردستان لە ژێر هەرەشەی دوژمنان مابێت ئەوان کۆڵ نەدەن. ئەویش شەهید (زانا عەلی عەبدوڵڵا چیوەیی) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترسی لیوای تایبەتی پاسەوانی بەرێز کاک کۆسرەت بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر دڵسۆزو بە دیسپلینی سەربازی بوو. لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە واتە ١٦ـ٣ـ٢٠١٥ لە داقوق گوندی سەعد شەهید بوو گەیشتە رێزی نەمرانەوە. هەزاران درورد لە گیانت پێشمەرگە روح سووکەکەی لیوای سێی دوژمن بەزێن.

- ناوی تەواو: زانا عەلی عەبدوڵڵا تەها
- ناسراو بە: زانا چیوەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ٤ـ١١ـ١٩٨٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی چیوەی سەروو ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: کنێر عەلی عەبدوڵڵا

ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: زانیار- بەهرە ـ باران
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٢٠٠٦
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠١٠
ـ شوێنی پێشمەرگایەتی: لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لە خاکی کوردستان کردووە.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٦ـ٣ـ٢٠١٥
ـ شوێنی شەهید بوون: داقوق ـ گوندی سەعد

## شەهید (زاهیر دیبەگەیی)

# زاهیر سەلیم قادر حاجی




جێگای شانازیە بۆ دیبەگەییەکان لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی جەنابی (مام جەلال) ژمارەیەکی زۆریان پێشمەرگەو فەرماندەی لێهاتووبوون لە ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جێگای دەست خۆشیە پێشمەرگەی زۆر ئازاو خۆنەویست و خۆشەویستیان هەبوو کە لەبەرئازایی و دڵسۆزیان لە شەڕو داستانەکان لە پێشەوەی پێشەوەبوون و سەرکەوتن دوای سەرکەوتنیان تۆمار دەکرد بۆ تیپەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر. ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەیان شەهید بوون لە پێش ڕاپەڕین و لەسەردەمی شاخ، یەکێک لەو شەهیدانەی دیبەگە (زاهیر سەلیم) بوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، ئەوان لە خێزانێکی کەم دەرامەت و نیشتمانپەروەر ئەژمار دەکران لە سنووری دیبەگە. لە ساڵی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لەسنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو داستان و نەبەردی گەورەی کردووە لەگەڵ شەهید تاهیر شورتەی برای. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها (٣) ساڵ بوو لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران سڵاو لە روحت ئەی پێشمەرگەی قارەمان.

- ناوی تەواوی:زاهیر سەلیم قادر حاجی
- ناسراو:زاهیر دیبەگەیی
- تەمەن: ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: بۆلی
- باری خێزانی: سەڵت

- جگە لەخۆی برایەکی تری بەناوی (تاهیر شورتە) شەهید بووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ کۆمەڵەی ڕەنجدەران
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١-١٠-١٩٨٣ بە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- ماوەیەک لەکەرتی (٣) پێشمەرگە بووە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: بیستانەی نزیک هەولێر.

## شەهید (دیار ئاژگەیی)

# زاهیر محەمەد خدر حەسەن



بەڵێ باڵای بەرز بەرز وەک شاتان بوو، هزرو ئاستی بیرکردنەوەی پاک پاک وەک پەری، وەک گوڵە نەسرین و جەمال و شەوبۆ بوو، هەستی ناسک ناسک وەک پەلکی داری ڤیکس و ئەرخەوان. سیما جوان وەک یوسف، لە ئازایەتی و خۆڕاگری شێرئاسا هەڵمەتی بۆ سەر دوژمن دەبردوو لەمردن سڵی نەدەکردەوە. رووخۆش و کراوەو دەم بەخەندە بوو، هەر بۆیە هەموو سیفات و کردەوە جوانەکانی لە ئامێز گرتبوو. ئەمە کەسێکی ئاسایی نەبوو ئەمە پێشمەرگە بوو پێشمەرگە، پێشمەرگەیەک بۆ ئەوێ رۆژێ واتە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووی پیشەسازی بوو کەسێکی خوێندەوارو رۆشنبیرو تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو، لەداستان و نەبەردییەکان هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بوو هەر بۆیە لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار ببوو. ئەم سوارچاکەی رێبازی کوردایەتی و شۆڕش و خەبات هەمیشە لەبیری رزگاری و ئازادی و دیموکراسی دا بوو ئەم پێشمەرگەیەش شەهید (دیار ئاژگەیی) بوو. ناوبراو لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی لەشاخ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لەتیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، لەزۆر قۆناغی تری خەبات ئەو رۆڵی کارامەو گرنگی بینیوە، لە رێکخستنەکان لە دوای ڕاپەرین کادرێکی پێشکەوتووی کۆمیتە بووە، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٢٤ـ١٢ـ١٩٩٤ لە ئاقوبانی سەروو شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزار دروود لە گیانت فەرماندە ئازاکەی خۆشناوەتی..

- ناوی تەواو: زاهیر محەمەد خدر حەسەن
- ناسراو بە: دیار ئاژگەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاژگە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو

- ئاستی خوێندن: پیشەسازی میکانیک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: نەجیبە عەلی قادر
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کرێکار ـ ئاگرین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٢) ساڵی ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٥) بەڕانەتی ـ ئەوکات بارەگای تیپ لە زیارەت بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی و داستانی کردووە. وەک داستانی سەرکردایەتی، داستانی سەری رەش، گرتنی دێگەڵە، زیارەت، فریز، سماقوڵی ـ بالیسان.
- ماوەیەک نزیک بوو لە رێکخستنەکانی (ئاڵای شۆڕش)
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار برینداربوو(٢) جار لە شەقڵاوە (١) جار دێگەڵە.
- دوا پلەی لەشاخ فەرماندەی مەفرەزە بووە لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی
- بەشداری لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کردووەو رۆڵی کارای هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان ـ دواتر بۆتە کادیری رێکخستن و دواپلەی کارگێڕی (کۆمیتە) بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ١٢ـ١٩٩٤
- شوێنی شەهیدبوون: گوندی ئاقوبانی سەروو.

## شەهید (هەڵگورد)

# زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد



ئیلینجاغییەکان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شانازییەکی گەورەیان بۆ مێژوو بۆ خاک بۆ ویژدان تۆمار کردووە. ئەوێ رۆژێ ئیلنجاغییەکان بەوپەڕی دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتیان بەرامبەر نیشتمان هاتنە کۆڕی خەبات و لەزۆربەی تیپ و کەرتەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) پێشمەرگەیان هەبوو، هەر ئەم پەرۆشی و ئەمەکدارییەیان بوو بەرامبەر خاک زۆرترین قوربانیان داوەو کۆڵیان نەدا. لەزۆر قۆناغی سەختی خەبات و بەرخودان کوڕانی گوندی ئیلنجاغی شێخانان یان ئیلنجاغی شەهیدان بەخۆڕاگری ماونەتەوەو هەوڵ و تێکۆشانیان بەردەوام بووە، بەتایبەتی دواقۆناغی شۆڕش یان کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان لە پێش راپەرین ژمارەیەک پێشمەرگە ماونەتەوە بەپارتیزانی لەمەشیان خۆڕاگریان بۆ کوردایەتی دووپات کردەوە، وەک هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی و مامۆستا کاوەی ئەنوەر نادرو کاکە ئەحمەدی رەحمەتی پارتیزان بوون هتد... ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم هەڵدانەوەی مێژووی شەهیدێکە وێڕای ئەوەی پێشمەرگەیەکی ئازاو بەرەوشت و دڵسۆزی ڕێبازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، پێشمەرگەیەک بوو لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو پێشمەرگەو شەهید بەخش بووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال. ئەویش شەهید (زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد)ـە ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە لەبەشێک لە قۆناغی پارتیزانی بەشداربووە تا مانگی (١)ی ساڵی ١٩٨٩ دواتر دابڕاوە، بەڵام هاوکاری پارتیزانەکانی کردووە بە بردنی خواردن و پێداویستیەکانیان. ناوبراو بەشدارییەکی کارای کردووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، بەڵام بەداخەوە لە ٣١ـ٣ـ١٩٩١ لە سنووری ناحیەی دیبەگە لەگەڵ ژمارەیەک لە خزمانی ئیلنجاغی شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووd لە گیانت شەهید زاهیر.

- ناوی تەواو: زاهیر هەمزە سالّح حەمەد
- ناسراو بە: هەڵگورد
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر ـ لە کەرتی (٦) لەلای هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی بۆتە پێشمەرگە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی وچالاکی کردووە وەک شەڕەکانی (ئیلنجاغ ـ تەق تەق ـ دێگەڵە ـ سەری رەش ـ سەرگەڵو بەرگەڵوو. چەندین نەبەردی تر.
- شەهید زاهیر بەردەوام بووە لە خەبات بەهاوکاری و ناردنی خواردن و پێداویستیەکان بۆ پارتیزانەکانی سنوورەکە.
- جگە لەخۆی (٧)ـمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە سەرەتایی راپەڕین پەیوەندی بە شانەی بروسک کردووەو دواتر بەشداری راپەڕینی کردووەو بۆتەوە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی ٣ی زورگە زراو لای کاک جەلال ئیلنجاغی.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: زوورگەکانی سنووری دیبەگە.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە لە پێش شەهید بوونی.
- ئەم هەڤاڵانەی لەگەڵ شەهید بوون (جەلیل حەمەد سالّح ـ شێرکۆ ئۆمەر وەسمان ـ مەعروف کەریم باداوەیی.

### شەهید (لاوە)

# زاهیر خورشید ڕەسوڵ



مەخموورو کەندێناوە و قەراج هەڵکەوتەی جوگرافیایی بۆ یەکێتی وا هەڵکەوتووە ژمارەی شەهیدانی ژمارەی فەرماندەو کوڕە ئازاکانی لە شۆڕش و بەرخودان لە پێشەوەی پێشەوە بن.. ئەم سنوورانە بۆ یەکێتی جێگای بایەخ و شوێنی چالاکی و خۆڕێکخستنەوەی هێزەکان و دروست بوونەوەی شانەی ڕێکخستنە نهێنیەکان بووە.

دەتوانم بڵێم یەکێک لەو شەهیدانەی کە دەمانەوێ بە ژیان و سیفی و چالاکییەکانی ئاشنابین لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆر دیوە ئەویش شەهید (لاوە)یە، ئازایی ئەم شەهیدە قارەمانە لە شەڕو چالاکییەکان سنووری نەبووە، کارامەو بوێرو ژیر بووە لە چالاکییەکان، شەڕ لەکوێ بووە ئەو بوونی لەوێ بووە سەختی ژیان لە کوێ بووە ئەولەوێ بووە، لەسەردەمی گەنجی ئەو لە کەندێناوەو مەخموورو قەراجەوە جاڕی بە پێشمەرگایەتی دا و لە کەرتەکەی شەهید ئەحمەد قەمبەری پەروەردە بوو گیرسایەوە، ئەگەر بە سیڤی و ژیاننامەکەی بچیتەوە دەبینی پێشمەرگەیەک بووە لێوان لێو لە خاکی ـ سادەتر لە ژیان ـ ئازاتر لەبەور، سەردەمانێک لەناو ڕیزەکانی یەکێتی پێشبڕکێی بوو لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە دەستەی هجوم و هێرش کردن، زۆر جار زویربوون پەیدا دەبوو لە نێوان فەرماندەی کەرتەکان و پێشمەرگەکان کە ناویان نەدەهات بۆ دەستەی هجوم، ئەوەیە پەروەردە، ئەوەیە ئینتماو خۆشەویستی نێوان هەڤاڵانی پێشمەرگەی یەکێتی، ئەوەیە دەربرینی هەستی خۆشەویستی بۆ خاک.. شەهید لاوە یەکێک بووە لەو پێشمەرگانەی هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بووە، ئەوەندە ئازاو چاو نەترس بووە (٥) جار بریندار بووە بەسەختی لە مەرگ گەڕاوەتەوە، ئەو لە شاخ ناخۆشی زۆری بینی بۆ ئازادی کوردستان کۆششی زۆری کرد ڕاپەرینی بینی و ڕۆڵی گەورەی تیا بینی، بەڵام خەون و خولیاکانی نەهاتە دی بە ڕاگەیاندن و بینینی دەوڵەتی کوردی و سەرەتاکانی مافی کورد لە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا، بەداخەوە دوژمنانی کورد نەیان هێشت شەهید لاوە و سەدان تێکۆشەری وەکو شەهید لە ژێر سێبەرو ساباتی ئەم ئازادیەی هەرێم پشوویەک بدەن، بەداخەوە لە ٢٢ـ٢ـ١٩٩٥ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید

لاوەو سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردو کودستان......

ناو: زاهیر خورشید ڕەسول

نازناو: لاوە

ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٣

شوێنی لە دایک: گوندی (مەل حەوال)، بەڵام لە گوندی قۆریتان نیشتەجێ بوونەو ژیاون.

باری خێزانی: خێزاندار

ساڵی هاوسەرگیری: ١٩٨٧

ناوی هاوسەری شەهید: کافیە حوسێن عەولا

ناوی منداڵەکانی: گۆڤەند ـ سۆما ـ گۆڤار

ناوی عەشیرەت: گەردی

ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە.

ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١ لە رێگای شەهید کاوە مەخووری

ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی ٩ی ساڵی١٩٨٣

ـ سەرەتای پێشمەرگایەتی لە کەرتی (١) شەهید هاوڕێ کاوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە شەهید ماوەتەوە لەم کەرتە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٤

دواتر تیپی ٨٧ی قەرەجوغ تەشکیل کرا شەهید گواستراوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە کەرتی (١)ی شەهید هاوڕێ کاوە بەردەوام بووە..

ـ لە هەمان کەرت لە ساڵی ١٩٨٤ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە

دواترلە ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە جێگری کاک جەلال ئیلنجاغی لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ مەفرەزەیەک شەهید لاوە دەچێتە بادینان.

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ ماوەیەک جێگری کاک (کەریمە رەش) بووە کەرتی (٥) تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

ـ ماوەیەک کراوەتە (جێگری کەرت) لای فوئادە گچکە

ـ لە ساڵی ١٩٩٢ نەقیب بوە لە فەوجی (٢) تەواری

ـ لە ساڵی ١٩٩٣ بەپلەی ئەفسەر لە ئاسایشی ئاکرێ دەست بەکار بووە.

ـ لەگەڵ دروست بوونی لیوای رۆژهەڵات کرایە فەرماندەی فەوج

ـ ٥ جار بریندار بووەو لە مەرگ گەڕاوەتەوە

ـ ئەو شەڕانەی بەشدار بووەو دەوری کاریگەری تێدا بینیوە (داستانی بێتواتە لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٣ ـ شەڕە سەختەکەی قۆریتان لە ساڵی ١٩٨٥ ـ گرتنی مۆڵگەکانی ئەبو جەعفەر مەنسوور لە سێقوچان ناوبراو لەم شەڕە بریندار بووە ـ لە گرتنی شەڕی تەق تەق دەوری گرنگی بینیوە ـ لێدانی بازگەی مەخموور ناوبراو تیایدا بریندار بووە ـ داستانی قەیوان ـ ماوەت ـ سەرگەڵوو ـ زۆربەی ئەو شەڕانەی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر ی ئەوکات ناوبراو دەوری باڵای تیابینیوە ـ لە دوای ڕاپەڕین بەشداری ئازاد کردنی شاری هەولێر ـ کەرکووک ـ مەخموور ـ کەندێناوە کردووە ـ ناحیەی تۆبزاوە بەسەرپەرشتی شەهید لاوە ئازاد کراوە، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.

ـ ساڵی شەهید بوون: ٢٢ـ ٢ـ ١٩٩٥

ـ شوێنی شەهید بوون: ناحیەی کەسنەزان

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٢/٨ لە ژمارە (٦٨٤١) لە لاپەڕە (٩)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (زەعیم ماجیداوەیی)

# زەعیم عەزیز مستەفا مەحمود




دڵسۆزی و ئازایی و دەست پاکی لەرێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناخ و هزری هەموو فەرماندەو پێشمەرگەیەک بوونی هەبوو، خاڵێک زۆر گرنگ بوو کە لەکاتی هێرش و چالاکییەکان فەرماندەو پێشمەرگەکان کۆک نەبوون لەسەری و زۆر جار دەبووە مایەی نیگەرانی و گفتوگۆ مەسەلەی دەستەی هجووم بوو، کە هەموو بەیەک دەنگ داواکاربوون لەدەستەی هجووم دابنرێن ئەمەش مایەی دڵخۆشی و دڵسۆزی و ئازایی ئەم هێزانەی یەکێتی بوو، کە هەمیشە مەرگی خۆیان ئەخستە پێشەوەی خۆشیەکانی ژیان. وەفاو ئەمەکداری ناو هێزی پێشمەرگە رەنگدانەوەی دڵسۆزی و متمانە بەخشین بوو بە هاورێیەتییەکی راستگۆ لە نێوانیان، یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگانەی ئەوێ رۆژێ شەهید (زەعیم عەزیز)ـە. ناوبراو پێشمەرگەیەکی خوێندەوارو ئازاو وردبین بوو لە بواری پێشمەرگایەتی، ئەو هەمیشە ئارەزووی لە چالاکی زەبروەشێن بوو لە بەعسییە فاشییەکان. لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەیان نەبەردی و چالاکی سەرسوڕهێنەری تۆمار کردووە کە بەعسیەکان تا تێنەکەوتبان عەقڵیان بەسەر نەدەشکا، چاونەترسی ئەو دوژمنی سەرسام کردبوو، لەبەر دڵسۆزی و ئازایی کرایە فەرماندەی مەفرەزە لای شەهید (رەنجە تەللخێمی)، بەڵام بەداخەوە لە چالاکییەکی دەستەویەخە بە نوێژی نیوەڕۆ لەسەر جادەی کۆیە لە ١٣ـ١١ـ١٩٨٥ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمران. هەزاران سڵاو و درووود لەگیانی شەهید (زەعیم) و تێکرای شەهیدان...

- ناوی تەواو: زەعیم عەزیز مستەفا مەحمود
- ناسراو بە: زەعیم ماجیداوەیی
- ساڵی لە دایک بون: ١ـ٧ـ١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی ماجیداوە ـ ناحیەی گوێڕ ـ قەزای مەخموور

- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٧) کەرتی (٢) فەرماندەی کەرتەکەیان شەهید (رەنجە) بووە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و داستان و چالاکی سنووری دەشتی هەولێرو مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە (سماقوڵی شامامەر)
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە لای شەهید رەنجە تەللخێمی
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٣-١١-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: رێگای کۆیە نزیک گوندی گۆمەتاڵ

## شەهید (مامۆستا زرار)

# زرار تەها ئەحمەد محەمەد



ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ شەرەفی ئەندامیەتیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەردەکەوت یان وەردەگرت لای ئەو کەسە گەورەترین ڕێزو شکۆو ئینتما بوو. ئەم شەرەفەش بۆ ئەوێ ڕۆژێ کۆمەڵێک لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا ئەگینا وابەسووک و ئاسایی ئەم بڕیارەی لێ نەدەدرا، ئەندام بوون لەناو کۆمەڵە بەمانای (دەستپاکی، دەمپاکی، ڕاستگۆیی، دڵسۆزی، نیشتمانپەروەری، خۆڕاگری، نهێنیپارێزی) چونکە ئەندام بوون هیچ بەرژەوەندییەکی مادی تیا نەبوو، وەک ئێستاش نەبوو بۆ هەڵبژاردن خەڵک و ئەندام بەپارە و سەیارەو خانوو و چەک بۆ لای خۆت و حزبەکەت کێش بکەیت. ئەندام بوون لە ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی تەنها خزمەت و هەست کردن بووبە خاک و کوردایەتی ئەگینا هەموو کات ژیانت لە خەتەرو مەترسی و بەندیخانەو خانوو ڕوخانی لێ دەکەوتەوە.. سەدوهەشتا پلە ئەندام بوونی ئەوێ ڕۆژێ لەگەڵ ئێستا جیاوازە.. یەکێک لەو مرۆڤە پاک و نیشتمانپەروەرانەی شاری هەولێر لە  ساڵی ١٩٧٧ شەرەفی ئەندامیەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی وەرگرت (مامۆستا زرار تەها قەشقەیی) بوو. ناوبراو لە ڕووی پەروەردەوە فێرکردن سەدان منداڵی کوردی فێری ئەلف و بێی کوردی کردووە، ماوەیەک مامۆستا بوو لە گوندی پۆریجەی ناحیەی قوشتەپە و چەند گوندێکی تر، ئەو ئەندامێکی چالاک و بزێوی ناو ڕێکخستنەکان بوو زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ شەهید محەمەد جەمیل برای شەهید خارە یوسف قەشقەیی بەیەکەوە بوون، ڕێکخستنەکان زۆر پێویستیان بە مامۆستا زرار بوو هەم لەبەر دڵسۆزی و ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی هەم ناوبراو خاوەنی سەیارەی خۆی بوو بۆ ئەوکات سەیارە بە ژمارە زۆر کەم بوو. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودایی نەدا لە ١٧ـ٧ـ١٩٨٠ لەگەڵ مامۆستا محەمەد جەمیل قەشقەیی و کادیرێکی تری کۆمەڵە بەناوی کاکە سوور سلێمانی لە شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی بەردەست ڕێژی گوللەکانی ملازم موحسین کەوتن و شەهید بوون. درود بۆ گیانی شەهید زرارو

تێکڕای شەهیدانی کوردستان.
- ناوی تەواو: زرار تەها ئەحمەد محەمەد
- ناسراو بە: مامۆستا زرار
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە - ناحیەی قوشتەپە - قەزای بنەسڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧-٧-١٩٨٠
- شوێنی شەهید بوون: شاری سلێمانی
- لەلایەن ملازم محسین بەردەست ڕێژی گوللە دەدرێن لەگەڵ دوو کادیری پێشکەوتووی یەکێتی شەهید دەکرێن بەناوەکانی (محەمەد جەمیل قەشقەیی و کاکە سوور خەڵکی سلێمانی دەبێت.

## شەهید (زیاد گەزنەیی)

# زیاد عوبێد قادر



مێژوو شاهێدە ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی ئەوێ رۆژێ دانەبراو بوون، پارتیزان بوون یان لەسەر سنوورەکان بەڵێنی شەرەفیان بە کوردو کوردستان دا چەک دانەنێن خەبات درێژە پێ بدەن تا بانگی ئازادی و سەرکەوتن بە گوێی دوژمن هەڵنەدەن تەسلیم نەبن نەگەڕێنەوە باوەشی دوژمن.. مێژوو شاهێدە جگە لە فەرماندەو پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم شاخانەی کوردستان کەس بوونی نەبوو، جگە لە پارتیزانەکانی یەکێتی پێشمەرگەی هیچ لایەنێک بوونی نەبوو، یەکێک لەو پێشمەرگانەی بەردەوام بوو بێ دابران شەهید (زیاد گەزنەیی) بوو ناوبراو وێڕای ئازایی و هێمنی پێشمەرگەیەکی زۆر بە دیسپلینی سەربازی بووە، ئەو گوێڕایەڵ ئەو دڵسۆز ئەو بەمانای وشە پێشمەرگەیەکی بە ئەخلاق بووە ئەو لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەرو دڵسۆزی ناوچەکە بوون، ئەو چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان بۆ رزگاری کوردستان، بۆ ئازادی نەوەی نوێ، بۆ خۆشگوزەرانی میللەتەکەی، سەرەتای ناسینی من لەگەڵ ئەم فەرماندەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ لە میحوەری سێبەردان ئەوکات شەهید زیاد گەزنەیی جێگری تیپی کاک سوارە بیستانە بوو ـ ئەوەی سەرنجی منی بۆ لای خۆی کێش کردبوو سادەیی ئەو فەرماندەی بوو ئەو زۆر ئیداری و قسە خۆش و کارامە بوو. ناوبراو زۆر پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرجەم پێشمەرگەکان و دەستەکەی خۆی هەبوو، بەهەمان شێوەش دەستەکەی زۆر رێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست، بۆیە ئەو ئەوەندە سادەو خاکی بوو خۆی جیا نەدەکردەوە لە پێشمەرگەکانی.. بەڵام بەداخەوە لەشەڕێکی نەگریسی داسەپاو بەسەر حکومەتی هەرێم و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بناری قەندیل لەسەر چیای کوزینە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید زیاد گەزنەیی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

ـ ناو: زیاد عوبێد قادر

- ناسراو: بە زیاد گەزنەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٧
شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەزنە
ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٤
- شوێنی پێشمەرگایەتی کەرتی (٣) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (٢)
- لە ساڵی ١٩٨٨ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ بۆتە جێگری کەرت.
- شەهید لە ساڵی ١٩٨٤تا رۆژی شەهیدبوونی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی لە پێش ڕاپەڕین کردووەو دوای ڕاپەڕینش دەورێکی باڵای هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی سنووری هەولێرو دەورووبەری بە شاری کەرکووکی قودسی کوردستانیشەوە.. بەشداری کردووە لە زۆربەی ئەو شەڕانەی بۆ بەرگری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بووە....
- شەهید (٢١) ساڵ بەبێ دابڕان پێشمەرگە بوو لە ئامر مەفرەزەوە تا فەرماندەی هێز پلەکانی بڕیوە..
- دەرچووی کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان بوو لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ناوی هاوسەری شەهید: شادیە محەمەد حوسێن
- خێزاندار بوو خاوەنی ٣ کورو کچێکە بەناوی دیار - هونەر - عومەر - نیگار
- رۆژی شەهید بوون: ١٠-١٢-٢٠٠٠
- شوێنی شەهید بوون: بناری قەندیل سنووری گوندی کوزینە.....

- ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٣-٧-٢٠١٥ لەژمارە (٦٧٣٦) لە لاپەرە (١٤)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

## شەهید (زیرەک حەسەن)

# زیرەک حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود



بێ گومان لەدەست دانی کەسێک یان رۆڵەیەک لەخوێن و گۆشتی خۆت بێت ئاسان نییە، سارێژی برین و جەرگ سووتان چ جای ئەو کەسەش پێشمەرگە بێت، بۆ بەرگری و پاراستنی خاک و وڵات خوێنی خۆی کردبێتە خەڵات، تا دوژمنان و نەیارانی کورد نیشتمانمان داگیرنەکەن. دەمەوێ بڵێم تەنها ئەوانە هەست بە ژان و برینی جەرگیان دەکەن کە کەسە نزیکەکانیان لە ژیان نەماوە، بۆیە لەسەر هەموو تاکێک واجبە نیشتمانی خۆی خۆش بوێت، بەرگری لێ بکات، لێرەدا هێزی پێشمەرگە رۆڵی خۆی بینیوە لە پاراستن و بەرگری، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی وڵات بەرێوە دەبەن خۆیان بە خاوەنی ئەم کیانەو ئەم هەرێمە نازانن، کە زۆرترین قوربانی بەخشیوە بەخاک و نیشتمان. لێرەوە ئاشناتان دەکەین بە ژیاننامەی شەهیدێک کە جگە لە دڵسۆزی بۆ کوردستان هیچ سەروەت و سامانێکی نییە لەدەستی بدات، ئەو پێشمەرگەیەک بوو بە تەمەن بچووک، بەڵام لەناخ و بیرکردنەوە گەورە، ئەویش شەهید (زیرەک حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود) ـە. ناوبراو سەرەتا لە فەرماندەیی (٢)ی هەولێر دەبێتە پێشمەرگە، دواتر دەگوازرێتەوە پاسەوانی سەرۆک کۆمار، لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە زۆر شوێن و ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خەباتی کردووە. دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت رەسول عەلی) جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بووە. لە زۆربەی نەبەردییەکانی بەرگری و هێرشەکانی سەر داعش رۆڵی کارای هەبووە. بەڵام بەداخەوە لە ١١ـ٩ـ٢٠١٥ لە شەڕی دژی داعش لەمیحوەری داقوق گوندی (تل الرابع) گەیشتە کاروانی سەرووەران.

- ناوی تەواو: زیرەک حەسەن عەبدوڵڵا مەحمود
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٨٤
- شوێنی لە دایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: لەک

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢٠٠٤
- شوێنی پێشمەرگایەتی: فەرماندەی (٢)ی هەولێر
- ماوەیەک پێشمەرگە بووە لە دەستەی پاسەوانی سەرۆک کۆمار
- ماوەیەک پێشمەرگە بوە لای بەڕێز رێباز بێرکۆتی
- پاشان لە کەتیبەی ئەندازیاری هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١ـ٩ـ٢٠١٥
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری داقوق گوندی تل الرابع

## شەهید (سابیر ڕەسوڵ)

# سابیر ڕەسوڵ قادر حسێن



ئەگەر باسی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بکەین لە ساڵانی هەشتاکانی ئەویش ڕۆژێ فەرماندەیەک، جوامێرێک، تێکۆشەرێک، ڕۆڵێ گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە خەبات و تێکۆشان، خانەوادەیەک لێوان لێو لە دڵسۆزی و کوردپەروەری، بنەماڵەیەک لەیەک خێزان (٣) برا شەهید. یەکەم قائیمقامی شەقڵاوە لە دوای ڕاپەرین ئەویش تێکۆشەری گەلەکەمان فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر نەمر (سابیر ڕەسول)ە ناوبراو فەرماندەیەکی مەیدانی، خاکی، سادە، پاک، گوێڕایەڵ، ئازا، خۆشەویست، خۆنەویست، پیاوێکی جەماوەری، قسەخۆش، قسە لەڕوو، لەڕووی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەگەڵ دانیشتوانی گوندنشینەکان پەیوەندییەکی فراوان و باشی هەبوو، لەهەمان کاتدا دڵێکی فراوانی هەبوو واتە کەسێکی لێبووردە بوو بۆ زۆر بابەت پەیوەست بەخۆی، واتە کەسێکی ڕق ئەستوورو دڵ پڕ لە کین نەبوو. ئەو لە زۆربەی داستان و شەڕو چالاکییەکان ڕۆڵی فەرماندەو کارای هەبووە، دەیان سەرکەوتن و سەدان دەستکەوتی نایابی بۆ شۆڕش دەستەبەر کردووە، لەسەردەمانێک سابیر ڕەسول فەرماندەی کەرت و فەرماندەی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر بوو، ڕژێم لەوپەڕی بەهێزی و دڕندەیی بوو، بەڵام خۆی و تیپە دوژمن شکێنەکەی لەم هەولێرە (قەیسەریان لە دوژمن کرد بووە کوونە مشک) لەسنووری تیپەکانی ٢١ی کەرکووک و ٢٥ی خاڵخاڵان بەهەمان هەست و نەفەسی دەشتی هەولێر ئەسپی خۆی تاو داو خۆشەویستی خۆی و نیشتمانی بۆئەوانیش دوپات کردەوە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی زۆری بریندارببوون و ساچمەیەکی زۆر لە جەستەی ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم کراو ساچمەکان زەفەریان پێ برد ناوبراو بەداخەوە لە ڕێکەوتی (٨-٨-١٩٩٦) گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەڤاڵ (مامۆستا سەیفەدین) پێشمەرگەی دێرین و بەڕێوەبەری پێشووی گشتی ئاسایشی سلێمانی هاوڕێی ڕەحمەتی سابیر ڕەسول لەوەڵامی پرسیارێکی من وتی: من نامەوێ ئەو شتانەی تۆ نوسیووتە دووبارەی بکەمەوە چونکە تۆ زۆر جوان

وەسفت كردووە بەتایبەتی مێژوو ژیاننامەكەی، بەڵام هەرچی لەسەر ئەم پیاوە مەزنە بنووسرێ شایستە بەخۆیەتی، چونكە كەسایەتی و تێكۆشانی ئەو هیچ لەكەیەكی خراپی لەسەر نییە، كاكە سابیر بەكوردی تێكۆشەرێكی هەقانی و راستگۆو قسە لەروو بوو، قارەمانیەتی و ئازایەتیشی قسەی لەسەر نەبوو، سادەو خاكی و مرۆڤ دۆست بوو ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم كاك سابیر لەدوای بەیانی ١١ی ئازار وردە وردە چالاكی سیاسی كوردانی ناو سوپای عێراق نیمچە ئاشكرا دەبێ، لەو ماوەیەدا كە رێكخستنەكانی سەربە كورد لەگەڵ رێكخستنەكانی پارتی هەڵدەچنن و لە ئەنجامی ئەو تەنگەتاو كردنە كاك سابیرو چەند برادەرێكی تر ناچار دەبن رێزەكانی سوپای عێراق لە (كەتیبەی شەشەمی شاخاوی) (الكتیبە للجبلیە السادس) جێ بهێڵن و پەیوەندی بە قوتابخانەی شۆڕشی ئەیلوول بكەن لەناو پردان. درێژە بەخەبات و تێكۆشان بدەن دوای رێكەوتنامەی شوومی جەزائیر كاك سابیر بەهەناسەی ساردەوە دەگەڕێتەوە هەولێرو دەبێتە فەرمانبەر لە چاپخانەی شارەوانی.. دوای ئەوە دووبارە پەیوەندی بەرێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان دەكات و چالاكانە ئەركەكانی رێكخستن جێبەجێ دەكات دواجار لە ١٢ـ٩ـ١٩٨٠ خواحافیزی لە ماڵ و منداڵ و كەسوكارو شاری هەولێر دەكات و پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ و هێزی پێشمەرگە دەكات. كاكە سابیر وێڕای ئەوەی چاوێكی لەدەست دا، بەڵام دووبارە درێژەی بە پێشمەرگایەتی دەداو لەمانگی شەشی ساڵی ١٩٨٢ بەقاچاغ دەگەڕێتەوەو رێگای هات و نەهاتی گرتەبەرو ئەشقی كوردایەتی باڵی پێ دەگرێت و ژیانی خۆی دەخاتە ناو لەپی دەستی و بە كورتی تەنها چیرۆكی ئەو گەڕانەوەیە بۆ كوردستان داستانێكەو دەكرێ ئەوانەی بەدوای ئەم جۆرە نهێنیانە عەوداڵن سۆراغی ئەو داستان بكەن و بۆ نەوەی نوێ تۆمار بكەن، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بزانن ئەو رۆژەی ئەمرۆ بەهیمەتی ئەو دڵسۆزانە هاتۆتە دی. وێستگەو كاروانە نەپساوەكەی كاكە سابیر زۆری لەهەگبەدایە، بەڵام پرۆژەكەی تۆ وا رێكخراوە بەكورتی بچینە نێو ژیانی شەهیدەكانمان بۆیە ماوەتەوە بڵێم هەزاران سڵاو لە گیانی پاكی شەهید سابیر ڕەسول و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری كوردستان.

- ناوی تەواو: سابیر ڕەسول قادر حوسێن
- ناسراو بە: سابیر ڕەسول
- تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٤٨
- شوێنی لەدایك بوون: گوندی پونگینە، قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی تەواو كردووە لە قوتابخانەی ئیسكان، لە گەڕەكی ئیسكان.
- باری خێزانی: خێزاندار لە ساڵی ١٩٧٠ هاوسەرگیری كردووە
- ناوی خێزان: خاسێ حوسێن حەسەن، ناسراو بە مەحبوب
- ناوی منداڵەكان: تاڤگە، تریفە، تریسكە، هونەر، كەریم.
- ساڵی پەیوەندی بە رێكخستن: ١٩٧٦
- لەرێگای شەهید (كەریم ڕەسول)ی برای رێكخراوە بۆ رێكخستن.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی:١٢ـ٩ـ١٩٨٠ لەگەڵ، سابیر هەژار، یاسین ڕەسول بەیەكەوە بوونەتە پێشمەرگە لەیەك رۆژ.
- یەكەم جار پەیوەندی بە بەڕێز شێخ عەلی كردووە بۆ پێشمەرگایەتی.

- له ساڵی ١٩٨٠ له ماخۆ بزنان بریندار بووه به بۆردومانی هەلیکۆپتەر بۆ عیلاج رەوانەی ئەڵمانیاو سوید کراوه
- له ساڵی ١٩٨٢ کراوه به فەرماندەی کەرتی (٤) له تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- له ساڵی ١٩٨٤ کراوه به فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- دواتر له ساڵی ١٩٨٥ کراوه به فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکووک.
- له ساڵی ١٩٨٦ کراوەته فەرماندەی تیپی (٨٣) هەورێ
- له ساڵی ١٩٨٧ کراوەته لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- پاشان کراوه به فەرماندەی ٢٥ی خاڵخاڵان.
- لەشەڕەکانی قەیوان ماوەت بەبڕیاری جەنابی مام جەلال کراوه به بەرپرسی کەتیبەکانی تۆپخانە و وەک فەرماندەیەکی عەسکەری کارا رۆڵی بینیوە.
- له ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووه له شەڕەکانی (ماخۆبزنان، گۆمەسپان، چەمی رێزان)
- له ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی زۆری ساچمەو گولله له جەستەیەوە رەوانەی سوید کرایەوە، تا ساڵی ١٩٩١
- له ٣-٦-١٩٩٣ کراوه به قائیمقامی شەقڵاوە.
- له ٨-٨-١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٣٠ له ژماره (٧٠١١) له لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (خاڵە سەید)

# ساڵح حەمەد عەبدوڵڵا کاکل



شەهید لەگوندی سماق شیرینی گەورە سەر بە ناحیەی دێگەڵە لە خێزانێکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ نیشتمان لەدایک بووە، بنەماڵەکەیان هەمیشە دۆستی شۆڕش و هاوکاری پێشمەرگە بوونە لە قۆناغە جیاجیاکانی کوردایەتی، کە خۆشی تەمەنی گەیشتە (١٧) ساڵی چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان لەبارەگای مەڵبەندی (٣) هەولێر، لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان درێژەی بەخەبات و بەرخودان دا، ئەو کەسێکی خۆنەویست و خۆشەویست بوو، دڵسۆز، گوێڕایەڵ، بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی ئەرکی سەرشانی مەیسەر دەکرد، لە ژیانی پێشمەرگایەتیش بەشداری زۆربەی شەڕو داستان و نەبەردییەکانی کردووە لەسنووری تیپەکانی ٩١ی سەفین و ٩٣ی باواجی. ناوبراو لەبەر ئازایی و قارەمانی چەندین جار بریندار بووە و جارێکیان بەر چەکی کیمیاوی کەوتووەو لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی ڕەوانەی شاری دەکەنەوە، بەڵام ڕژێم دەستگیری دەکەن دواتر بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێ لە ساڵی ١٩٩٠، شەهید سەید ساڵح بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەکات هەر لە ڕزگارکردنی شاری کۆیە تا کەرکووکی قودسی کوردستان. لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین پۆستی سەربازی وەرگرتووە تا پێش شەهید بوونی جێگری فەرماندەیی بووە لە فەرماندەییەکانی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال. بەڵام بەداخەوە لە دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق بەئەرکێکی سکرتاریەت لەرێگای حەمرین کەوتنە کەمینی تیرۆریستانی جەهل و تاریکی لە ڕێکەوتی ١٢ـ٥ـ٢٠٠٣ شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

ـ ناوی تەواو: ساڵح حەمەد عەبدوڵڵا کاکل

ـ ناسراوە بە: خالە سەید

ـ تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٦٦

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سماق شیرینی گەورە، ناحیەی دێگەڵە - قەزای کۆیە- پارێزگای هەولێر.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەبریە ئەمین
- ناوی منداڵەکان: سەفین، هاوژین، کاروان، ئەردەلان.
- عەشیرەت: بەرزنجی
-ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ سەرەتا لە کەرتی (سجن) لەبارەگای مەڵبەندی (٣) بۆتە پێشمەرگە لە دۆڵی سماقوڵی.
- لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە بۆ تیپی ٩١ی سەفین
- دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی ٩٣ باواجی
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی گەورەی کردووە (داستانی بێتواتە، داستانی سماقولیێ، سەرگەڵو و بەرگەڵوو، داستانی سەری رەش، گەلی مەنجەلان، شەڕەکانی سەرکردایەتی، دێگەڵە، دۆڵی بالیسان، زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەند جارێک بریندار بووە.
- ناوبراو لە دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان بەرچەکی کیمیای کەوتووە.
- ناوبراو زیندانی سیاسی بووە لە ٢٤-١٢-١٩٨٩ لەهەولێر دەستگیر دەکرێت سەرەتا لە مەنزومەی شیمال و دواتر رەوانەی ئەمنی عامەی بەغدا دەکرێت.
- لە ساڵی ١٩٩٠ ئازاد دەکرێت بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە ئەگینا بریاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی شاری کۆیە - هەولێر- کەرکووک.
- لەگەڵ تەشکیلاتی هێزی سکرتاریەتی جەنابی مام جەلال شەهید سەید ساڵح دەکرێتە جێگر کەرت
- لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری خولێکی ئەفسەران دەکات بەناوی خولی (شەهید محەمەد سەراوی)
- بەشداری زۆربەی شەڕەکانی جوندولئیسلامی کردووە لەسنووری هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارە
- لە دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق ئەرک و واجباتیان دەچێتە بەغدای پایتەخت لەگەڵ سەرۆک مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق - دوا پلەی جێگری فەرماندەیی بووە.
- رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٢-٥-٢٠٠٣
- شوێنی شەهید بوون: چیای حەمرین

شەهید (مام ساڵح)

# ساڵح ڕەسوڵ حەسەن حەمەد




دڵسۆزی و ئەمەک و وەفا بۆ کوردایەتی ترس و کوشتن و نەمان نازانێ، خۆشەویستی نیشتمان و هەست کردن بە ئازارەکانی گەل یەکسانە بە ئازارگەیشتنی جەستەی خود، خانەوادەی مام ساڵح گەڕەسۆری لەناخەوە هەستیان بە ئازاری خاک و ئازاری نیشتمان و خۆشەویستی نیشتمانیش بۆ ئەوان یەکسان بوو بە خۆشەویستی دایک. هەر بۆیە براو مام و کوڕ لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان ئەوێ ڕۆژێ لە دژی بەعسی و خۆفرۆشان تێدەکۆشان.. مام ساڵح هەر لەسەرەتای شۆڕش لە ساڵی شەستەکان چەکی کوردایەتی لە شان کردو بووە یەکێک لە پێشمەرگەو فەرماندە ئازاکانی دەشتی هەولێر، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هاوشانی گەنجەکان درێژەی بەخەبات داو خۆنەویستانە کۆڕی مەیدانی کوردایەتی جۆشداو دڵسۆزانەو خاکیانە لە زۆر داستان و نەبەردی زێڕین بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەخشاندوو لەم پێناوەدا هەورازو نشێوی زۆربینی هەر کۆڵی نەداو بەڵێنی بەکەسوکاری شەهیدان دا تا دوا دڵۆپ کاروانی خەبات لای ئەو نەپساوە بێت... قۆناغی شاخ و قۆناغی ڕاپەڕین و قۆناغی دوای ڕاپەڕین و بەرگری لەدەستکەوتەکانی حکومەت و بەرهەمی خوێنی شەهیدان بڕی هەر باڵانسی دڵسۆزی مام ساڵح لە بەرزی دابوو.. ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی پیاوێکی سەر ڕاست و قسە خۆش و مەجلیس گەرم بوو، بەهۆی سادەیی جێگای خۆی لە دڵی هەموو لایەک کردبۆوە. بەڵام بەداخەوە لە ڕووداوێکی تەم ومژاوی لە بەرواری ١٠ـ١١ـ٢٠٠٩ شەهید کراو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە، ڕوحت شاد فەرماندە جوامێرەکەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی..

- ناوی تەواو: ساڵح ڕەسول حەسەن حەمەد
- ناسراو بە: مام ساڵح

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٣٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مناروەی - ناحیەی شەمامک
- ئاستی خوێندن: دەیزانی بنووسی و بخوێنتەوە
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زارێ کەریم حەمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: فاروق، محەمەد، مهاباد
- ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوول: ١٩٦٢
- ئەندامی کۆنگرەی (٧)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە پێشمەرگە ی پارتی تا نسکۆی ١٩٧٥
- لە ساڵی ١٩٦٧ کرایە سەرپەڵ
- لە ساڵی ١٩٧١ کرایە سەرلق
- خێزان و منداڵەکانی بۆماوەی (١) ساڵ ماڵیان لە ئۆردوگای (بەهرام) بووە لە ئێران
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨١ لەلایەن شەهید رەنجەوە رێک خرابوو.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەپێشمەرگایەتی: لە زستانی ساڵی ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی (١) کە هاوڕێ کاوە فەرماندەی کەرتەکە بووە.
- درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لەم کەرت و تیپە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣
- لەم کەرتە فەرماندەی مەفرەزە بووە،
- لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ گواسترایتەوە بۆ تیپی (٨٥) بەرانەتی پلەکەی کراوەتە جێگری کەرتی (٢) کە شەهید بەکرە قیت فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٢) لەهەمان تیپ
- ناوبراو بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا ساڵی ١٩٨٨ و دواتر لەسەر بڕیارو بە پرسی شۆڕش گەڕاوەتەوە شار.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی مەخفەرەکەی تۆپزاوە یەکەم گولە ئارپیچی مام ساڵح تەقاندوویەتی. تا رزگارکردنی هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردان.
- لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ شەهید رێباز بووە لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر
- لە تەشکیلاتی یەکەمی وەزارەتی پێشمەرگە کراوەتە جێگری فەوج
- لە ساڵی ١٩٩٣ کراوەتە فەرماندەی فەوج لە کانی قرژاڵە
- لە لەشکری (١٨)ی بەرانەتی کراوەتە فەرماندەی تیپ لای مامۆستا موحسین عوسمان.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٠-١١-٢٠٠٩
- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی گەرەسۆرو قەزای مەخموور
- لە رووداوێکی تەمومژاوی تیرۆر کرا

شەهید (هونەر ماستاوەیی)

# ساڵح مەولود نادر عەزیز




زستانی ساڵی ١٩٨٦ زستانێک بوو باراناوی، ساردو سڕ، بەفراوی، کوردەواری وتەنی زستانێکی (تووش) ئەم زستانە هەور بەردەوام یەخەی سەفینە شێتەکەی خۆشناوانی دەگرت و تووڕە تووڕە هەرچی ڕق و قینەی خۆی هەبوو بەسەر سولاوک و ناوداروکان و ئەم گوندانەی دامێنی سەفین هەیە دەیباراندو لەوێوە هەڕەشەی لە شەمامک و قەراج دەکرد رۆڵەکانتان خۆی لەقەرەو دامێنم نەدەدەن ئەگینا خوێنتان حەلاڵە بۆ سەفین و قەندیل و هەڵگورد. ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگەکانی تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٦ی دەشتی هەولێر ئەو شەوانەی ئەنگوستەچاوبوو، تاریک تاریک وەک تورکمانی هەولێر وتەنی (شەوی پێشمەرگەیە) هێرشیان کردە سەر زنجیرە رەبایەکی رژێم بۆ ئەوێ شەوێ مەگەر بەس پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بیان توانیبوایە ئەم نەبەردی و داستان و چالاکیانە ئەنجام بدەن، ئەگینا باوەڕ بکەن پێشمەرگەی حزبەکانی تر لەناو بارەگاو خانووە گەرمەکانیان لەسەرمان خەویان لێ نەدەکەوت، کەچی پێشمەرگەکانی هەولێر سەدان مێژووی گەورەو پڕ لە سەروەریان بۆ یەکێتی و بزووتنەوەی کوردایەتی تۆمار کردووە. لە ئێوارەی ٢٠-٢-١٩٨٦ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە شەوێکی ماتەم و تاریک و ئەنگوستەچاو لە زنجیرە رەبایەکی رژێمیان داو سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمار کرد لەم نەبەردیە قارەمانەدا پێشمەرگەی ئازاو خۆڕاگرو بەهیمەت (هونەر ماستاوەیی) شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە هەزاران درووود لە گیانت ئەی پێشمەرگەی قارەمان.. ئەی رۆڵە بەوەفاکەی رێبازی کوردایەتی..

- ناوی تەواو: ساڵح مەولود نادر عەزیز
- ناسراو بە: هونەر ماستاوەیی

- ساڵی له دایک بوون: ١-٧-١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ماستاوه، ناحیەی شەمامک، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری دوا قۆناغی ئامادەیی بازرگانی
- عەشیرەت: هورمزیار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢ سەرەتا لە تیپی (٨٣)ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگە
- دواتر لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (١)ی شەمامک درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە. ئازایانە ڕۆڵ و پێگەو جێ دەستی دیاربووە لە هەموو چالاکییەکان.
- لەداستانی بێتواتە بە سووکی بریندار بووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٠-٢-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: دامێنی چیای سەفین

## شەهید (بەشدار کونەفلوسەیی)

# سەباح خدر ئیسماعیل حوسێن




خەون و خولیاو خواستەکانی ئەوێ رۆژێ زۆربەی لاوەکانی کوردستان رزگاربوون بوو لە رژێمێک هەرگیز رێزی بۆ تاکی کورد دانەدەنا بگرە سەرکوت کردن و ئازاردان پیشەی هەمیشەیی رژێمەکەی بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ماف و ئازادییەکانی تاکی بەهەندی وەرنەدەگرت هەر بۆیە ئەوانەی تەمەنیان دەگەیشتە نزیک هەژدە ساڵی پەیوەندیان بە شاخ و شۆڕش دەکردوو دەبوونە پێشمەرگە لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. یەکێک لەو لاوە ئازاو چاونەترسانە شەهید (بەشدار کونەفلوسەیی) بوو. پێشمەرگەی دێرین (رێبوار کونەفلوسەیی) وتی: شەهید بەشدار جگە لەوەی خزمم بوو هاورێ و هاوسەنگەرم بوو بەرپرسی سیاسیشم بوو لەسەردەمی شاخ. نموونەی پێشمەرگەی ئازاو چاونەترس بوو، هەمیشە هەولی ئەوەی دەدا پێشەنگ بێت لەناو هاورێکانی جا چ لەرووی سیاسی بێت یان پێشمەرگایەتی. هەروەها خۆشەویستی سەروو خواروی خۆی بوو لەناو کەرت و تیپ و جەماوەریشدا، لەهەموو شەرو داستانەکاندا لە پێشەوەی پێشەوە بوو، چونکە باوەری وابوو کەشۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەنەمانی رژێمی بەعس و رووخانی کۆتایی پێ دێت. بەلاَم بەداخەوە پاش چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی و تۆمار کردنی دەیان چالاکی و داستانی گەورە شەوی ٢١/٢٢-٤-١٩٩٢ بە دەستێکی چەپەڵ شەهید کراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە هەزاران درورد بۆ گیانت ئەی قارەمانی شاخ وشار..

- ناوی تەواو: سەباح خدر ئیسماعیل حوسێن
- ناسراو بە: بەشدار کونەفلوسەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: سەر قەلاَتی هەولێر

- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پیشەسازی هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- تەنها یەک منداڵی هەبوو بەناوی (رێژین)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- لەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بەهۆی چالاکییەکانی شەرەفی ئەندامی وەرگرتووە.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- لە تیپی ٩١ی سەفین کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ماوەیەک رابەری سیاسی کەرتی (٢) بووە ئەوکات شەهید کارزان شەقڵاوە فەرماندەی کەرت بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە ١ـ لە کونەکۆتر. ٢ـ داستانی سەری رەش.
- ناوبراو یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە پێش راپەرین بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی کردووە، لەگەڵ زۆربەی شەڕەکانی سەرکردایەتی، داستانی رزگاری، شەڕی قۆپی جوانەگا
- لە راپەڕین بەشداری کاریگەری هەبووە
- بەهۆی ئازایی و قارەمانیەتی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆنی (١)ی سەفین
رۆژو مانگ و ساڵی: شەوی ٢١/٢٢ـ٤ـ١٩٩٢
- شوێنی شەهید بوون: لەسەر قەڵاتی هەولێر

## شەهید (سەدرەدین مشاری)

# سەدرەدین عەلی محەمەد سەمیر




خانەوادەیەک لێوان لێو لە تێکۆشان و بەرخودان، خانەوادەیەک لێوان لێو لە کوردایەتی و هەستکردن بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی. ئەوان لەرووی فکری و نەتەوەیی و ئینتمای حزبی زۆر لێک نزیک بوون بۆیە ئەم خێزانە تێکڕا بوونە پێشمەرگە، شۆڕش و کوردایەتی هەڵگری پەیامێکی پیرۆز بوو لەلایان لەدژی سەدامیەکان بووە نەهجێک بەموو لێی لانەدەن نەسرەوتن تاسەرکەوتن یان ئەگەر مەرگ لەو پەیامە پیرۆزەی هەڵیان گرتبوو لەخاک و نیشتمان جیان بکاتەوە، ئەگینا ئەوان کۆڵ نەدەن، سێ برا لەیەک خێزان پێشمەرگە ئەمە بەدەم ئاسانە ئەگەرنا بۆ دایک و باوکیان دەبێ چ ئازارێک چ سانسۆرێک لەسەر دڵیان بێت، یەکێک لەو برا شەهیدانە شەهید (سەدرەدین عەلی) مشاری بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەئەمەک و خۆڕاگرو بێ ئاریشە بوو، لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی ڕۆڵی کارای هەبووە، لە ڕاپەرینش بەشداریەکی کاریگەری هەبوو، لەشەڕەکانی دژ بە ڕژێم بۆ بەرگری لەکوردستان ئەو هەمیشە ئامادەباشی تێدابوو تا گەلەکەی جارێکی تر نەکەوتە ژێر چەپۆک، بەڵام بەداخەوە لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن سەربازانی ڕژێم دەستگیر دەکرێ و دواتر لەبەغدا لە سێدارە دەدرێت. دروود بۆ گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە. ڕوو ڕەشی بۆ خیانتکاران و بکەرانی لەسێدارەدانت..

- ناوی تەواو: سەدرەدین عەلی محەمەد سەمیر
- ناسراو بە: سەدرەدین مشاری
- تەمەن: ١-٧-١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مشار
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزان: زولێخا حەمەدەمین سەمیر
- ناوی منداڵەکان: ئاسۆ ـ کوردۆ ـ ئارام ـ کۆسرەت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵە
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی (١) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- ناوبراو بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- لە دوای ڕاپەڕینیش ڕۆڵی کارای هەبووە لە بەرگرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- جگە لەخۆی (٢) برای تری بەناوەکانی (کەریم، عەبدولڕەحمان)
- لە: ٣١ـ٨ـ١٩٩٦ دەستگیر دەکرێت
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: لە سێدارە درا لە بەغداد

## شەهید (سەرباز خەیلانی)

# سەرباز ڕەشید حەمەد سمایل



لە ڕاستیدا گەورەیی و بەهای پێشمەرگە بەتایبەتی لە شەڕی دژ بەداعش بەهیچ پێوەرێک مقیاس ناکرێ چونکە قارەمانیەتی و چاونەترسی پێشمەرگە ئێستا بۆ کوردستان بەدیارکەوت، ئەگەر ئەوان نەبوونایە چارەنووسی هەولێرو سلێمانی و دهۆک باشتر نەدەبوون لە موسڵ و شەنگال و ئەو شارانەی داعش داگیری کردن بەهەزارانی زیندەبەچاڵ کرد.. خۆڕاگری و ئەو هەستە جوانانەی برایانی پێشمەرگە دەریان دەبڕی و دەیان وت ئێوە بەئارامی بخەون و خۆشگوزەران بن ئێمە ئێوە دەپارێزین ئەمە ئەوپەڕی هەست کردنە بەبەرپرسیاریەتی و ئەخلاقی مرۆڤە پاکەکان.. کەناوی پێشمەرگەی ڕاستەقینەی سەنگەرەکان دێت و دەبیستم هەست بەبوونی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو بەش مەینەت دەکەم کە نایەوێ جارێکی تر بکەوینە ژێر ڕکێفی زۆرداران، کە هاوپەیمانان و وڵاتانی تری ئەوروپا باسی ڕۆڵ و ئازایەتی پێشمەرگە دەکەن لە دژی داعش من لێرەوە خەفەتبارم دەسەڵاتی کوردیش شایستە داراییەکانی پێشمەرگە نادات و ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە بەهەند وەرناگرن... بەداخەوە کە پێشمەرگە سەروەت و سامان و گیانی ئەم هەموو هاووڵاتیە دەپارێزێ هەندێک حزب و بەرپرسی گەورەی پێشمەرگە هەن بەدوای بندیوارو خواردنی نەسریەو گەندەڵین لە وەزارەت و یەکەکانی هێزی پێشمەرگە.... لێرەدا ئاشناتان دەکەین بە ژیاننامەی شەهیدێک مەگەر بەس هاوڕێیانی بزانن چەند ئازاو قارەمان و خۆڕاگر بووە لە شەڕو نەبەردییەکان ئەویش شەهید (سەرباز ڕەشید خەیلانیە) ناوبراو پێشمەرگەیەکی بە ڕەوشت و بە دیسپلینی سەربازی بووە تا ڕۆژی شەهید بوونی. لەماوەی (٢) ساڵی تەمەنی پێشمەرگایەتی لە لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی) بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژ بە داعش کردووە. بەڵام بەداخەوە لە ٢١-١٠-٢٠١٦ لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی گەڕەکی تسعینی شاری کەرکوک گیانی سپاردوو شەهید بوو. هەزار دروود لە گیانت کوڕە ئازاکەی خەیلانیان.

- ناوی تەواو: سەرباز رەشید حەمەد سمایل
- ناسراوە بە: سەرباز خەیلانی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٨-٩-١٩٩١
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی (٦)ی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: توران خەلیل سەید
- منداڵی نەبووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٢٠-١١-٢٠٠٨
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠-٦-٢٠١٤
- شوێنی پێشمەرگایەتی: سەرەتا لیوای ١١٢ دواتر فەوجی (٤) لە لیوای (٣)ی تایبەت شوفێری مودرەعەبووە.
- ئەو شەڕانەی بەشداری تیا کردووە. عەلیە رەش، چیای باشیک، چیای زەرتک، تلسقۆف، عەتشانە، حوزێریە، مجمع شەهید، البومخرج، مزرعە دولە، بەشیر، سەید خلف، حومیرە، البونجم، حرڕە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢١-١٠-٢٠١٦
- شوێنی شەهید بوون: ناوشاری کەرکوک - گەڕەکی تسعین - شەڕی داعش

### شەهید (سەرحان هەولێری)

# سەرحان موحسین تۆفیق سەعید



لای هەموو لایەک روون و ئاشکرایە داستانی قەندیل کونەکۆتر بەداستانێکی مەزن و دیار لە شۆڕشی نوێ و چالاکییەکی دەگمەن و پڕ لە سەروەری سنووری مەڵبەندی (٣) ئەژمار دەکرێ، ئەم داستانە بەهیمەت و خۆڕاگری پێشمەرگەکانی سنووری هەولێر هاتە ئەنجام دان و دوژمن تووشی شۆک بوو، لەبەرامبەر ئەو بەرگریەی هێزی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەک پێشمەرگە بەخوێنی ئاڵیان ئەم داستانەیان تۆمار کرد، دوژمنیش زیانێکی گەورەی گیانی و مادی و مەعنەوی بەرکەوت، ئەوەی دەمانەوێ ئاماژە بە سیفیەکەی بکەین کاکە سەرحان هەولێرییە. هەڤاڵ (ئەحمەد بچکۆڵ) پێشمەرگەی دانەبڕاو و هاوڕێی شەهید سەرحان وتی: زۆرن ئەوانەی هەموو ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ خەبات و خزمەت کردنی گەلەکەیان، مێژووی خەباتی پڕ لەسەروەری گەلە کۆڵنەدەرەکەمان بەدەیان و سەدان لەم جۆرە قارەمانەو کەڵە مێردانەی لە خۆ گرتووە، شەهید سەرحانیش وەک دەیان شەهیدی تر سەدان داستانی پڕ لەسەروەری تۆمار کردووە، شەهید کەهات بۆ پێشمەرگایەتی جلی وەرزشی لەبەر بوو، تۆپێکی لەبن باڵی بوو وتمان برام هاتووی بۆ یاری تۆپانێ ئێمە پێشمەرگەین، ئەویش وتی منیش هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی زۆر پێکەنین و وتمان تورکمان بەجلی وەرزشی و پێشمەرگایەتی، وتی من سەربازبووم لەکاتی وەرزش کردندا بەهەلم زانی و هەر بەجلی وەرزشەوە هاتووم تا لەرێگا هەست بەهیچ نەکەن و نەزانن لە سەربازی هەڵاتووم. ئەوکاتەش کە بریندار بوو بەرۆژوو بوو ئەی وت تیمارم مەکەن بارۆژووم نەشکێ، زۆر قسە خۆش و بەکەیف بوو، کورێکی کراوەو نوکتەچی و دەنگ خۆش بوو، ئازاو چاونەترس و دڵسۆز بوو.. بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو، زوو شەهید بوو. هەزاران درووود لەگیانت پێشمەرگەو کورە جوانەکەی هەولێرێ.

- ناوی تەواو: سەرحان موحسین تۆفیق سەعید
- ناسراو بە: سەرحان هەولێری یان سەرحان تورکمان

- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: قەڵات ـ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ ـ کەرتی تیپ
- لەماوەی (٢) ساڵی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- یەک جار لەماوەی ئەم دووساڵە بریندار بووە لە داستانی ڕزگاری.
- یەکەمین شەهیدی خانەوادەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٩ـ٨ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل ـ داستانی کونەکۆتر.

شەهید (سەرداره قیت)

# سەردار سابیر عەزیز پیرداود



حزبی شەهیدان و ڕێبازی کۆڵنەدان و ڕووبارێک خوێن لە پێناو خاکێکی داگیرکراو، دەپرسم ئەوێ ڕۆژێ دەبێ پێشمەرگەکانی یەکێتی چەند فیداکارو گیان لەسەردەست بن، ئاخۆ ئەبێ پێشمەرگەکانی یەکێتی چەند بەور ئاسا هەڵمەتیان بردبێ و لەبەرگریش شێر ئاسا وەڵامی نەیارانیان دابێتەوە، ڕۆژگار هات و ڕۆیی سەرئەنجام لەم کوردستانە سوتماک و خامۆشە تەنها پێشمەرگە پارتیزانەکانی یەکێتی بوون خاک و نیشتمانیان جێ نەهێشت، لە زۆر قۆناغی تر تا شەڕی داعش پێشمەرگەکانی یەکێتی سەلماندیان ساتر بڕوات ئەوان نەڕۆن، خاک بڕوات ئەوان نەڕۆن..هەربۆیە شەهیدبوون لە ناو یەکێتی شەرەفێکی گەورەیە و بە حزبی شەهیدان ئەناسرێتەوە. یەکێک لەو فەرماندە ئازایانەی ئەوێ ڕۆژێ لە سەرەتای تەمەنی بوو، بوو بە پێشمەرگەو شەرەفی ئازایەتی بەباڵا بڕاو کرایە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری ئەویش (سەردار سابیر عەزیز پیرداود) ناسراو بە (سەرداره قیت)ە بۆ زانیاری زیاتر عەمید (کەریم عەزیز باشتەپەیی) پێشمەرگەی دێرین وتی سەرداره قیت ناوەکەی بەخۆیەوە بوو، چونکە پێشمەرگەیەکی هەتا بڵێی جوان بوو، بە ئەتەکێت بوو لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندییەکانی فراوان بوو، لە ناو هێزی پێشمەرگە زۆر خۆشەویست بوو، پێشمەرگەیەک ئازا، بەهیمەت، خۆڕاگر، بە دیقەت بوو، لەگەڵ جووتیارو گوندنشینەکان زۆر گونجاو بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی درێژنەبوو زوو شەهید بوو، هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید سەردارو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: سەردار سابیر عەزیز پیرداود
- ناسراو بە: سەرداره قیت

- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەمیرە قادر سادق
- ناوی منداڵەکان (کارزان، کاروان، محەمەد، ئاریان، جێلان، هەرمان)
- عەشیرەت: ئۆرمزیار
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- لە ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- سەرەتا لای شەهید ملازم کەریم بۆتە پێشمەرگە، دوای شەڕی بێتواتە دەگوازرێتەوە بۆ تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر - کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری - دوای تەشکیلاتی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ شەهید سەردار گواستراوەیەوە لەگەڵ شەهید رەنجە بەکەرتەوە ئەم کات شەهید سەردار فەرماندەی مەفرەزەوە بووە.
- سێیەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- لە ساڵی ١٩٩٤ بریندار بووە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغی کردووە بەتایبەتی شەڕەکانی سەرکردایەتی، قەیوان ماوەت - شەڕەکانی ناو هەولێر - شەڕی رەبیەکانی دوژمەلان لەسنووری تیپی ٢١ی کەرکووک، لەشەڕەکانی دۆڵ بێشک دەوری کاریگەری هەبووە. بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لەحکومەتی هەرێم کردووە. بەشداری لە شەڕی مەعەسکەر خالیدو سنووری دوبزو مەخموورو شەڕی کۆڕێ رۆڵی کاریگەری هەبووە.
دوا پلەی جێگری فەوج بووە لە لیوای تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢٧-٣-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: هەولێر سێ بەردان

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠/١٠/٢٠١٦ لە ژمارە (٧٠٩٦) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (سەرۆ گردەسۆری)

# سەرکەوت عەبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا



گوندی گردەسۆر ئەوێ رۆژێ مەڵبەندو لانەو شوێنی بەرنامەو پلانی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بووە، گردە سۆریەکان هەمیشە لە شۆڕشەکانی کورد پێشەنگ و خاوەن هەڵوێستی سیاسی و کوردانەی خۆیان بوون، رۆڵەکانی ئەم گوندە سەربەرزە دەیان فەرماندەو کادیری پێشکەوتوویان پێگەیاندووە و ئێستاش ژمارەیەک لە مەیدانی کوردایەتی درێژە بە رێبازی مام دەدەن. یەکێک لەو فەرماندە شەهیدانەی خزمانی گردەسۆر شەهیدی فەرماندە (سەرکەوت عەبدولقادر سۆفی) ناسراو بە سەرۆیە، لە رۆژگارێک تەنها تەمەنی (١٨) بەهار بوو تێکەڵ بەکاری رێکخستن بوو، زۆر دلێرانە پەیامی شاخی دەهێنا بۆ شارو هی شاری دەبردەوە بۆ شاخ کەئەوکات بەعسییەکان لەوپەڕی دەسەڵات و بەهێزی دابوون، ئەو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو پێشمەرگە پەروەردەو ئاشنابە رێبازەکەی کۆمەڵە گۆش کرابوون، شەهید سەرۆ لاوێکی خوێن گەرم و چاونەترس و ئازابووە، هەربۆیە کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە، لەم بارەیەوە هەڤاڵ (بەکر گردەسۆری) پێشمەرگەی دێرین وتی شەهید سەرۆ پێشمەرگەیەکی جوان، بە ئەتەکێت، خۆشەویست، گوێڕایەڵ، ئازا، بەمانای وشە پێشمەرگەیەکی کامل بوو، زۆر کراوەو خۆشەویست بوو، لە رووی جەماوەریەوە زۆر پەیوەندی فراوان بوو. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لەگەڵ کۆپتەرەکانی رژێم لە سنووری چەمرگە لە ١-٥-١٩٨٨ لەگەڵ فەرماندەیەکی تربەناوی (کازم کەریم ساڵح) ناسراو بە هەڵکەوت گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران دروود بۆ گیانی شەهید سەرکەوت وسەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: سەرکەوت عبدولقادر سۆفی عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: سەرۆ گردەسۆری
- تەمەن: ١٩٦٤

ـ شوێنی لە دایک بوون: هەولێر
ـ عەشیرەت: سیان
ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی
ـ باری خێزانی: سەڵت
ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٢
ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
ـ شوێنی بوون بە پێشمەرگە: کەرتی (٢) تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر
ـ هەندێک لەو شەڕانەی شەهید بەشداری تیا کردووە: شەڕی مەلەکاغا ساڵی ١٩٨٣، لێدانی تعریبەکانی سنووری دەربەند لە ساڵی ١٩٨٣، لێدانی قوەی تەواری لە ساڵی ١٩٨٥، کەمینی گەڕەکی ماجیداوەی ناو هەولێر لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٨٥ و (گرتنی رەبیەکانی جادەی کۆیە هەولێر لە شەوی ٣/٤ـ٣ـ١٩٨٥) شەڕی قەشقە لە ٧ـ٣ـ١٩٨٥، شەڕی شامامەر لەم شەڕە دەستکەوتی باش هەبوو بۆ هێزی پێشمەرگە، شەڕی (١١) رۆژەی بنەباوێ لە ساڵی ١٩٨٦، شەڕی گوندی ئیلنجاغ، شەڕی جادەی کەرکووک ـ هەولێر، داستانی قەیوان ماوەت لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٨، داستانی سەری رەش، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢)جار بریندار بووە.
ـ لە خانەوادەکەیان ژمارەیەک شەهیدی سەنگەریان هەیە.
ـ دوا پلەی (فەرماندەی مەفرەزە بووە
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١ـ٥ـ١٩٨٨
ـ شوێنی شەهید بوون: نزیک گوندی چەمرگە
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/٢٩ لە ژمارە (٧١٥٦) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

### شەهید (سەرۆ)

# سەرکەوت عەبدوڵڵا سمک




ئەویٚ رۆژیٚ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەور ئاسا بەرامبەر جەندرمەی تورکی و سەربازانی عێراقی و ئەوانەی دەستکێشی دوژمنانیان دەکرد دەوەستانەوە، بەرگریان لەخاک و نیشتمان دەکرد دوور لە بەرژەوەندی و ئینتمای سیاسی، ئەویٚ رۆژیٚ خاک هەڕەشەی هێزەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لەسەربوو، وەلیٚ پێشمەرگە قارەمانەکان خۆنەویستانە سینگی خۆیان دەدا بەر گوللە وێلەکانی دوژمنان، تا خاک داگیرنەکریٚ و ئازادییەکان نەکەونە ژێر هەڕەشەی ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی نییە، لەم سۆنگەیەوە یەکێتی نیشتنمانی باجی گەورەی دا بەتایبەتی لە دەستدانی دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی خۆڕاگر، لەوانە شەهید (سەرکەوت عەبدوڵڵا) ناسراو بە "سەرۆ". هاوڕێی شەهید مقەدەم (کەریم مەناف) دەربارەی شەهید وتی: سەرەتا سەری رێزو نەوازش بۆ شەهید سەرۆ و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم ناسینی من لەگەڵ شەهید سەرۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ کە هەردووکمان یاریدەدەری هێزی (٢٣٧) بووین لە فەرماندەیی (٢)ی هەولێر. ناوبراو پیاوێکی شەهم و بە هەڵوێست و ئازاو خاوەن هەڵوێستی تایبەتی خۆی بوو، لەنزیکەوە هاوڕێم بوو، ئەوەندە خۆنەویست و دڵسۆزو پاک بوو بۆیە هەمیشە گیرفانی بەتاڵ بوو، بەڵام عیزەتی نەفسی زۆر بەرز بوو، لەژیانی رۆژێک لە رۆژان دەستی بۆ کەس پان نەدەکردەوە. ئەو خۆشەویستی ناو پێشمەرگەو هاوڕێیانی بوو، بەشەهید بوونی لە شەوی ٦/٧-مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٧ هەموومانی تووشی شۆک کردو تاساند. بیرمە ئەو رۆژەی بەریٚ ئەکەوت بۆ بەرەکانی پێشەوەی بەرگری زۆر پۆشتەو رێک و پێک بوو وەک ئەوەی بۆ زەماوەند بچیٚ. بەداخەوە هەر ئەم شەوە لە لووتکەی (کەپووی سپی) لە دۆڵی سماقوڵی چووە کاروانی نەمرانەوە. هەرئەم شەوەش هاوڕێییەکی تری بەناوی (لوقمانی عومەر عەلی گۆجی کۆیە) شەهید بوو... روحتان شادو ئارامگەتان ئارام شەهیدانی بەرگری لەخاک ونیشتمان.

- ناوی تەواو: سەرکەوت عەبدوڵڵا سمک
- ناسراو بە: سەرۆ
-ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٣
- شوێنی لەدایک بون: گەڕەکی تەیراوە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- تەنهایەک کچی هەبوو بەناوی (ئیمان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٧-٣-١٩٩١
- ئۆرگان: تیپی (٨٨)ی شەمامک کەرتی (٣)ی شەهید ئیدریس جەباری ئەوکات هەڤاڵ سەید کەمال جەباری فەرماندەی ئەو کەرتە بووە. بارەگایان لە شەقڵاوە بووە شەهید سەرکەوت فەرماندەی مەفرەزەبوو.
- ماوەیەک بەرپرسی پاسەوانەکانی هەڤاڵ (عومەر ناسر) بووە
- لەتەشکیلاتی لیوای (٢)ی تایبەت کراوە بە جێگری فەسیل
- لە ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی لە میحوەری سێبەردان لای مام غەفوور.
- لە ٣١ی ئاب ئاوارەی دەڤەری سنووری سەوز بووەو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- لەماوەی پێشمەرگایەتی (٦) ساڵ تەمەنی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: شەوی ٦/٧- مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری سماقوڵی
- لەبەرگری خاکی کوردستان لەبەرامبەر هێزەکانی تورکیاو پارتی شەهید بوو.

## شەهید (سەرۆ چاوشین)

# سەرکەوت ئیسماعیل خدر حەمەدەمین



نەتەوەی کورد زۆر دەمێکە ژێردەستەو ماف خوراو بێ دەرامەتە، نەوە لەدوای نەوە پەرۆشی ئازادی و رزگارکردنی خاک و نەتەوەکەیەتی، بەڵام ئەفسوس ئەو خەون و ویستانەی هەمان بوو (٢٥) ساڵ لەمەوبەر بەشێکی گرنگی هاتە دی و ڕاپەرین لەدایک بوو، فەراحیەک بەدڵ و دەروونی نەتەوەکەمان دا هات. بەڵام وەک چۆن میللەتێکی ژێردەستەو داگیرکراوبووین تا ئەو ساتەی من ئەم چەند دێرە دەنووسم هەمیشە عەقڵیەتی بەعسزیزم و رژێمە داگیرکەرەکانمان زاڵە بەسەر هەست و بیرکردنەوەمان، هەمیشە کار بۆ یەکتر شکاندن و سڕینەوەی یەکتر دەکەین، کار بۆ یەکڕێزی و بنەماکانی خۆشەویستی ناکەین، بۆیە متمانە لەناومان خوداحافیزی کردووەو ناگەین بە تەوافوقێک، میللەتەکەمان لەژێر سایەو ساباتی پشوویەک بدات. سەیرکەن گەورەترین دوژمنی سەرسەخت و دڕندەترین هێزی چەکدار لەژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی هەڕەشەمان لێ دەکات و سەدان گەنج و لاوی لێ شەهید کردین، هێشتان موزایەدە بەخوێنی شەهیدەکان و هێزی پێشمەرگە دەکەن.. یەکێک لەو شەهیدانەی دەستی داعش (سەرکەوت ئیسماعیل خدر حەمەدەمین)ـە ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو. پێشمەرگەیەک سڵی لەمەرگ و ناخۆشییەکان نەدەکردەوە، هەمیشە خۆڕاگری و قارەمانیەتی لەهزرو بیرکردنەوەی دەخولایەوە.. بەڵام بەداخەوە شەمشەمە کوێرەکانی جەهل و تاریکی نەیان هێشت خەون و خولیاکانی لەبەرزترین چڵدا لەنگەر بگرێت و لە ١٧ـ١٠ـ ٢٠١٦ لە خازر- لە گوندی خرابە سوڵتان گیانی بەخشی و شەهید بوو.. هەزاران درووود لە گیانت پێشمەرگە ئازایەکەی لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسول عەلی).

- ناوی تەواو: سەرکەوت ئیسماعیل خدر حەمەدەمین
- ناسراو بە: سەرۆ چاوشین
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٤ـ١٩٨١

- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی (٦) سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: نێرگز حوسێن دەروێش ساڵح
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئەنەس، ئەیمەن، سەرکەش، ئیمان.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢٠-٥-٢٠٠٠
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لە حکومەتی هەرێم کردووە. بەتایبەتی شەڕەکانی جوندولئیسلام شەڕەکانی داعش
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧-١٠-٢٠١٦
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری خازر - گوندی خەرابە سوڵتان

### شەهید (سەعد بندیان)

# سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود



لە زۆربەی شۆڕشەکانی دنیا ئەوانەی خەبات و بەرخودان و خاوەن قوربانین لەقۆناغی رزگاری ئەوانن لەریزی پێشەوەی پێدانی مافە سەرەتاییەکان و ژیانێکی خۆش بۆیان دەستەبەر دەکرێ و لەزۆر بوارەکانی ژیان بەتایبەتی خوێندن و نیشتەجێ و شوێنە گشتییەکان بۆ خۆیان و نەوەکانیان حسابی تایبەتیان بۆ دەکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ لە شۆڕشی نوێ قوربانیان دا هەورازو نشێوی زۆریان بینی لەم قۆناغەی ئێستای حکومەتی هەرێم نەک هەر حسابیان بۆ ناکرێ، بەڵکو فشار لەسەر قووتی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دا هەیە... مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رووبارێک خوێنی بەخشی و بۆتە حزبی شەهیدان لە سنووری قەراج و کەندێناوەش گوندو کێو دەشتاییەکان شایەدی دەدەن کوڕانی ئەم ناوچەیە چەند قارەمان و تێکۆشەر بوون. یەکێک لەو شەهیدانەی قەراج شەهید (سەعد حەسەن بندیان)ـە ناوبراو لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو خاوەن رابردوویەکی پڕ لە سەروەری و تێکۆشانن.. لەسەر کوردبوون، لەسەر ڕێبازی مام زۆر باجی گەورەیان داوە.. شەهید (سەعد)یش پێشمەرگەیەکی بزێو و چاونەترس و خۆڕاگربوو، لەتەمەنی هەرزەکاری عەشقی کوردایەتی و بوونی بە پێشمەرگە لەهزری چەکەرەی کرد. لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی سنووری مەڵبەندی هەولێری کردووە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو لە ڕێکەوتی ٢ـ٩ـ١٩٨٨ لە داستانی کونە کۆتر شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود
- ناسراو بە: سەعد بندیان
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئازی کەند ـ قەراج ـ مەخموور

- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: تا ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٥ لەڕێگای کاک پیرداودی برای ڕێکخراوە بۆ ناو ڕێخکستن
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ لە کەرتی (٤) تیپی (٨٧) قەرەچوغ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و شەڕی گەورەی کردووە.
- یەک جار بریندار بووە لە نزیک گوندی گردمەلای نزیک ناحیەی قوشتەپە لەگەڵ شەهید عەریف ئەکرەم
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٩-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی کونە کۆتر

### شەهید (سەعدی گەرمکی)

# سەعد محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد




شەهید (سەعدی گەرمکی) هەر لە تەمەنی لاویەتی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەكات و دەبێتە پێشمەرگە و خەبات لە دژی رژێمی بەعسی دەكات، دەبێتە خەباتكارێكی چالاك و بە دیسپلینی بواری پێشمەرگایەتی تا نسكۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥.دواتر هەر لە سەرەتاو دروست بوونی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان بەڕابەرایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان كۆمەڵێك لاوی خوێن گەرمی كۆیەو تەق تەق پەیوەندیان بە رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان كرد لەوانە شەهید سەعدی بوو درێژەی بەكاری نهێنی رێكخستن دا تا ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستان كرد لە شاخ و كەرتی (٤) تیپی (٩٣)ی كۆیە بووە مەكۆو شوێنی تێكۆشانی ئەم قارەمانە. بەهۆی ئەزموون و خەباتی پێشوو هەموو ئەو ئەرك و واجباتانەی پێ دەسپێرا وەك پێویست جێبەجێ دەكرد.. وەك هاوڕێیانی سەنگەری پێشمەرگایەتی بۆیان باس كردم ناوبراو پێشمەرگەیەكی بێ دەنگ و خاكی و ئازاو بوێر بووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو تا خەون و ویستەكانی لە بەرزترین چڵدا لەنگەر بگرێ و خەمی میللەتەكەی بگەیەنێتە كەناری ئارام.. ئەم پێشمەرگە خۆنەویست و خۆڕاگرە لە رێكەوتی ١٥-٤-١٩٨٣ لەگوندی باداوەی بناری كۆسرەت شەهید بوو گەیشتە كاروانی نەمرانەوە.. روحت شاد و جێگات بەهەشت و روو رەشی بۆ دووژمنان..........

- ناوی تەواو: سەعد محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد
- ناسراوە: بە سەعدی گەرمكی
- ساڵی لە دایك بوون: ١٩٥٠
- شوێنی لە دایك بوون: گوندی گەرمكی ساتووقەڵا - ناحیەی تەق تەق - قەزای كۆیە - پارێزگای هەولێر.

- عەشیرەت: پالانی
- ئاستی خوێندن:خوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: حەلاوە حەسەن حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: حەیات، خەبات، نەبات،، نیشتمان، ئاڵا
- لە ساڵی ١٩٧٠ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥
- لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوە
- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە کەرتی (٤)
- لە ساڵی ١٩٨٢ لە چالاکییەکی کەم وێنە بۆ ئەوێ رۆژێ جیهازێکی چاپی تابیعەو رۆنیۆیەکیان گەیاندۆتە شاخ.
- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.چەندین کەسی نزیکی بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٥-٤-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: گوندی باداوەی بناری کۆسرەت.

## شەهید (سیروان)

# سەعدی خەلیل سلێمان ئەحمەد



بۆ ئەویَ رۆژیَ ئاسان نەبوو کارکردن لە شانەو رایەڵەی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کە تازە زۆربەی سەرکردەکانی کۆمەڵە خرابوونە بەندینخانەکانی رژێم، کوردستان پشێویەکی زۆری بەخۆیەوە بینی بوو، وەزعەکە ئەوەندە نالەبارو مەترسیدار بوو، برا لای برا نەیدەوێرا باسی سیاسەت بکات، ئا لەو رۆژە رەشانەدا گەنجێک بەهەموو ئینتماو خۆشەویستیەوە لەگەڵ چەند هاورێیەکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر شانیاندا بەر ئەم ئەرکە پیرۆزە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان سەرلەنویَ شانەبەندی بکەنەوە، بە شێوازێک نەکەونە تەلەو بۆسەکانی پیاوانی خۆفرۆش وبەعسیە شۆڤێنیەکان. ئەم لاوە خوێندەوارو رۆشنبیرەش (سەعدی خەلیل سلێمان ئەحمەد خەلیفە) قەشقەیی بوو، ناوبراو پیاوێکی جەسوور و بەتواناو بەدیقەت و راستگۆ بوو، بۆ زیاتر زانیاری بەیاوەری هەڤاڵان (مام یاوەر قەشقەیی و لیوا کاوە کوێخا سادق) سەردانیماڵی مامۆستا (کوردە سەعید) هاوسەری شەهید (سەعدی خەلیل) مان کرد پاش پێشوازی و رێزێکی زۆر، بۆی گێڕامەوە کە سەعدی خەلیل لەسەر کوردایەتی چەند هەورازو نشێوی بینیوە، ئەو کادێریک بوو ماندوو بوون و هیلاکی نەدەزانی و لەمەرگ نەدەترسا لە ژیانی پێشمەرگایەتیش بەنەفەسی شار زیاتر تێدەکۆشا و بەرخودانی دەکرد، ئەوەی بیرم مابێت جارێکیان سەرکردەکانی کۆمەڵە وەک مەلا بەختیارو کاک نەوشێروان مستەفا هاتن بۆ ماڵمان کۆبوونەوە لەگەڵ سەعدی، چەندین جاری تر لەماڵی ئێمە کۆبوونەوەی گرنگ گرنگ دەبەستراو کاری رێکخستنەکانی کۆمەڵە بەشایەدی ئەوانەی ماون لە ژیان دەزانن سەعدی خەلیل پیاوێکی ئاسایی نەبوو، چونکە باوەڕپێکراوی شەهید ئارام و ئەوانی تربوو، لە درێژەی قسەکانی کوردەخان وتی رۆژێک شەهید شاخەوان عەباس هاتە ماڵمان جا خەسووم هەر دەیووت (محەمەد) نەی دەووت شاخەوان وتی ئەوە لەکویَ هاتووی کاک شاخەوانیش ووتی لەبەغداوە هاتووم خەسووم وتی ئەو کراش و جلە تۆزاویەت تخوا هی بەغدایە بەخوا شتێکت لەبن سەردایە ئاخیری خێربێت.. باوەڕبکەن شەهید سەعدی زۆر شت هەبوو بەمنیشی نەدەووت، رۆژێکیان دوو مەسئوولی گەورە بەنهێنی هاتبوونە شارو هاتنە ماڵی ئێمە چەکیان پیَ نەبوو سەعدیش وتی برۆ (شفتی) بکڕە کەهاتمەوە چەک و تاقمیان پیَ بوو مەزانە سەعدی چەک و تاقمی لەناو حدیقە شاردبویەوە بۆی

دەرهێنابوون. بەسەرهات و چیرۆکەکانی شەهید سەعدی ئەوەندە زۆرن مەگەر بەس بیکەتە پەرتووک ئەگینا تەواو نابێ. لێرەوە جێگای خۆیەتی دونیایەک رێزو سوپاس و دەست خۆشی بۆ مامۆستا کوردە سەعید هاوسەری شەهید سەعدی بنێرین کە سەرجەم منداڵەکانی بەبێ باوکی بەجوانی و ئاستێکی بەرز پەروەردە کردو توانی لەقۆناغەکانی خوێندن بەسەرکەوتوویی پێیان تەواو بکات، یەکێکی تر لە هاورێیە نزیکەکانی شەهید سەعدی خەلیل هەڤاڵ (حاجی مەمۆ)یە لە پەرتووکی (لەهەواری یادەوەرییەکانمدا) لە لاپەرە(١٦٤) و (١٦٥) باس لە ناوبراو دەکات و نووسیویەتی: سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بوو دەیان هاورێی کۆمەڵە لە هەولێر گیرا بوون، شیرازەکانی رێکخستنی پەرش و بڵاوببووەوە هێڵەکانی رێکخستن و کۆمیتەی هەولێر لێک ترازا بوون و چەند هاورێیەک دابڕابوون. لێرەدا جێگای خۆیەتی وەک مێژوو شایەتی بە رۆڵی جوامێرانەو شۆرشگێرانەی نەمر(سەعدی خەلیل) بەنازناوی (سیروان) بدەم، کەبەدوای ئەو کارەساتەی رێکخستنەکانی هەولێر تووشی هاتبوون، ئەو کەڵە پیاوە لەگەڵ نەمرو کادیری ماندوونەناسی پێشمەرگایەتی، شەهید مەلا غەفوور لەناوشاری هەولێر لەلایەن خۆیانەوە، لەپاڵ هێڵە شاراوەکانی دیکە، کە بەیەکتریان نەدەزانی، ئەوان خەریکی سەرلەنوێ بووژانەوەی رێکخستن بوون. بەهەستێکی پیرۆزو دڵسۆزییەکی رچەشکێن درێژەیان بەخەبات دا، یەکەم بناغەی سەرلەنوێی رێکخستنەکانی کۆمەڵەیان لەهەولێر خستە دەمی گاگۆڵە کردنەوە. ئێستاکەیش بەبیرمە رۆژانە بۆ یاری شەترەنج، دوای دەوامی دائیرە، دەچووومە چایەخانەکەی عەبۆ، لەنزیک قەڵای هەولێر. هەموو جارێ (سەعدی خەلیل) بەتەنیا یان لەگەڵ (مەلا عەزیز) دەهاتن و پێکەوە هەندێ قسەمان دەکرد، بەڵام قسەکانمان زیاتر گشتی بوون، من و سەعدی لەرۆژانی ساڵی ١٩٦٩ـەوە یەکتریمان دەناسی. کە ئەو دەم من لە قوتابیانی سەربەباڵی (م.س) و سەعدیش سەر بە باڵی (بارزانی) بوو. بەڵام هەمیشە نێوانمان خۆش بوو. ئەو بەو راستیەی دەزانی کە ئێمە لە خەبات و چالاکی ئەوانمان چاو دەپۆشی، هەرگیز ئامادە نەبووین بۆ دەزگاکانی رژێم دەستنیشان و ئاشکرایان بکەین، سەرباری ئەوەی باڵەکەی ئێمە لەگەڵ حکومەت بوو. ئیتر ئەو رێزو خۆشەویستیە لەنێوانمان جۆرە وەفا و راستگۆییەکی هاورێیانەی نێوانمان دروست کردبوو. تاکو رۆژێکیان (سەعدی) نامەیەکی (سالار عەزیز) لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢ لێپرسراوی شانەکەی ئێمە بوو لە زانکۆی بەغدا، بەبێ ئەوەی بزانێ کەمن و هەندێ هاورێ لەهەولێر خەریکی رێکخستنەوەی خۆمانین و راستەوخۆ پەیوەندیمان بە (ئارام)ەوە هەیە. منیش بەبێ ئەوەی لە سەرەتا بچمە ژێرییەوە نکۆڵیم کردو پێم گوت من رێزم بۆ سالار هەیە، بەڵام بەراستی نامەوێ بەشداریتان بکەم، چونکە گومانم هەیە لەناوتان خەڵکی گومان لێکراو هەبێ، سەعدی خەلیل زۆر راشکاوانە قسەی لەگەڵ کردم و ئەگەر من پەیمان بدەم بۆ هاوکاریکردنی، ئامادەیە هەموو شیرازەی رێکخستنەکانم بۆ باس بکات کە خۆی و مەلا عەزیز گرتویانەتەوە. بەدوای چەند مانگێک سەعدی خەلیل منی بردەوە ماڵی خۆیان لە گەرەکی سێتاقان، کەتازە خانووێکیان بۆ خۆیان تەواو کردبوو، کوردەخانی هاوسەری لەماڵ نەبوو. سەعدی تێکرای ناوی هاورێیانی خستە بەردەمم، کە زۆربەیان لە دائیرەی کشتوکاڵ فەرمانبەر بوون، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی سەرەتایی،کە بەداخەوە ناوی هەموویانم لەبیرنەماوە، بەڵام هەرە دیارەکانیان ئەمانە بوون: بەهرۆز قەشقە، حاجی ئەکرەم، فوئاد قەشقە، دلێر مەلا شینە، سەفینی مەلا قەرە، مەلا عەزیز، محەمەد جواد، خدر، بێستوون، سەردار...... هتد. سەعدی هەموو شتەکانی خۆی لای من درکاند، بێ ئەوەی داوای هیچ لەمن بکات، چونکە بروایەکی لەبن نەهاتووی بەمن هەبوو، چەند جارێکیش بەیەکەوە سەردانی (مەلا شینەو سەید غەوسەمان) کرد کە ئەویش چەند هەوادارو دۆستێکی هەبوو کە دواتر بۆ ناو رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سوودێکی زۆری لێ وەرگیرا. لە سەردانێکی زیندانی

ئەبو غرێب دا، ئەرسەلان بایز ناوی سەید برایم غەفووری پێدام لەگەڵ ناوە نهێنیەکەی کەماوەیەک لە ڕێکخستنەکان دابڕا بوو. دوای گەڕانەوەم ڕۆژێکیان هاوڕێیانی سلێمانی لە ڕێگای یونس کەسەرپەرشتی گەراجەکەی شەهید جەماله ڕەشی دەکرد، جوابیان بۆ ناردم و چوومە سلێمانی. لەناوشار چاوم بە (ئارام) کەوتەوە ڕەزامەندی خۆیان نیشان دا ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی سەعدی خەلیل بەیەکەوە کۆمیتەیەک دروست بکەین. لەوێ من بەباشم زانی کە سەعدی خەلیل لێپرسراوی یەکەم بێت و گفتم بە ئارام دا هەموو کارئاسانی و هاوکارییەکی بکەم.

- ناوی تەواو: سەعدی خەلیل سلێمان ئەحمەد
- نازناو: سیروان
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٤٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: لە ساڵی ١٩٥٧ چۆتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی سۆران لە گەڕەکی سێتاقان دواتر لەناوەندی ئیسکان هەر لە سەیداوە خوێندووە، بەڵام بەهۆی وەزعی نالەباری سیاسی دادەبڕێت لەخوێندن لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ساڵی ١٩٧٧ بەتاقی کردنەوەی دەرکی شەشەمی ئامادەیی تەواو دەکات.
- باری خێزانی: خێزاندار
- لە ٢٨-١-١٩٧٢ هاوسەرگیری کردووە
- ناوی هاوسەری شەهید: کوردیە سەعید عەزیز عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکان: هێرۆ- هەتاو- هاوژین - ئارام - ڕۆژگار
- ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی دەکات بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان
- لە کۆنفرانسی یەکێتی قوتابیان لە ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان شەهید سەعدی خەلیل یەکەم دەنگی کۆنفرانسەکەی هێنا.
- لە ساڵی ١٩٧٢ کرایە لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی شاری کەرکووک بوو.
- لە ساڵی ١٩٧٤ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول
- دوای نسکۆ دەچێتە ئێران
- لە مانگی (٦)ی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق
- لەمانگی ٨ ی ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر دەکرێ بۆماوەی دوو مانگ و نیو زیاتر
- لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٠-٨-١٩٧٨ سەرەتا دەچێتە گوندی دەرماناو دواتر دەچێتە گوندی پەرکانەی نزیک قەشقە و دواتر دەچێتە گوندی خدران کە بارەگای پێشمەرگەی لێ بووە لە هەرێمی (٨) دەبێتە پێشمەرگە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣-٧-١٩٨٠
- شوێنی شەهید بوون: بناری کۆسرەت

## شەهید (سەعدی گچکە)

# سەعدی عەزیز محەمەدئەمین



شەهیدی سەرکردەو ماندوونەناسی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان (سەعدی گچکە) ناوبراو یەکێک بووە لەسەرکردە بەئەزموونەکانی بواری عەسکەری کە ئەوێ رۆژێ هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی متمانەی زۆریان بە ئەزموونی خەبات و بەرخودانی ئەم شەهیدە قارەمانە هەبوو، ئەو کێوێک بوو لە ورەو خۆڕاگری، ئەو فێرگەیەک بوو بۆ شۆڕش و کوردایەتی، دڵسۆزی و لێهاتوویی ئەو رەنگدانەوەی زۆری هەبوو لەسەر دەورووبەرەکەی. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (قادر عەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەساڵیادی ٣٩ ساڵەی شەهید بوونی شەهید سەعدی و هەڤاڵەکانی نووسینێکی لە پەیجەکەی خۆی بڵاوکردۆتەوە پاش (ڕا) وەرگرتن لەبەڕێزیان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە ئێمەش سوودمان لێبینی... کاک قادر نووسیویەتی: شەهیدی سەرکردە (سەعدی گچکە) ساڵی (١٩٦٣) ریزی سوپای عیراقی بەجێهێشتووەو پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، سەرەتا لەناوچەی دەشتی کۆیە و دوای ئەوەش چەمی ڕێزان و پاشان لە ناوچەی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی درێژەی بەکاری پێشمەرگایەتی داوە بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوویی لە شەڕو نەبەردییەکاندا هەر زوو پلەی سەرپەل و پاشان سەرلق و دواجاریش فەرماندەی بەتالیۆنی بەدەست هێناوە. لەزۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، کۆیە، باڵەکایەتی بەشداری دیارو کاریگەری هەبووە ساڵی (١٩٧٤) یەکێک لە فەرماندە مەیدانییەکانی شەڕەکانی ماکۆک بووە، دوای (٣) مانگ لەبەرگریکردنی بەردەوام بریندار بووە. هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٧٤ ورەی پێ بەرنەداوە و بەڵکو هەرزوو خولیای دروستکردنەوەی مقاوەمەت و سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە بووە، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لەمانگەکانی هەوەڵی دوای هەرەس لە مەهاباد و ئورمیە لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیر و سەرکردە تێکۆشەرەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە مشوری دروست کردنی ڕێکخراوێکی تازەدا بووە و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو لایەکیان گەڕاونەتەوە عێراق و دواتر لە بەغدا ئەو ڕێکخراوەیان بە ناوی (بزووتنەوەی سۆساڵیستی کوردستان) دامەزراندووە. دوای دامەزراندنی (بزووتنەوەی سۆساڵیستی کوردستان) بە چەند مانگێک

لەسەر راسپاردەی مام جەلال و بە هەماهەنگی هاوبەشی یەکێتی و بزووتنەوە و کۆمەڵە بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژی (١٩٧٦/٨/٨) لەگەڵ تێکۆشەران (عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، ملازم تایەری عەلی والی، یاسین قادر، سەید کاکە، قادر عەزیز، جەعفەر ئەسوەد) و چەندین کادیر و پێشمەرگەی تری بزووتنەوە گەیشتوونەتە چیاکانی کوردستان و دەستیان بەدروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پارتیزانی کردووە، لەدوای چەند مانگێک لە هاتنە دەرەوەی بووە بە فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێرو سەرکردایەتی یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی بۆ ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر کردووە و یەکەم چالاکی پێشمەرگانەشی لە (١٩٧٧/١/٤) لەجادەی نێوان بەستۆڕەو مەلا ئۆمەر بووە کە بووە هۆی کوشتنی بەڕێوەبەری ئەمنی پیرمام (سابر زێدان) و پارێزەرەکانی و هەر لەو چالاکییەشدا بریندار بووە. شەهید سەعدی یەکێک بووە لە سەرکردە هەرەئازاو شارەزاکانی شەڕی پارتیزانی و لەماوەی ساڵێک و حەوت مانگدا لە دەسپێکی هەڵگیرساندنی شۆڕشدا سەرکردایەتی چەندین شەڕی قارەمانانەی دژ بە ڕژێمی ڕەگەز پەرستی بەغدا کردووە، لەناویاندا شەڕەکانی (خانزاد، هەورێ، سەفین، دیدەوان، حاجی قەڵا)، لەشەڕی (حەسەن موتربی) (بناری دێدەوان)یش جارێکی تر بریندار بووە. شەهید سەعدی لە ڕێگەی چوونی بۆ سەرکردایەتی، بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبوونەوەی فراوانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە ڕۆژی (١٩٧٨/٣/٨) لەدیارترین و بەناوبانگترین شەڕی دەستەویەخە کە بەشەڕی (دەشتێو) ناسراوە لەناوچەی قەڵادزێ لەتەک (١٢) کادیر و پێشمەرگەی تردا شەهید بووە بە شەهید بوونی زەرەرو زیانێکی گەورە لە شۆڕش کەوت.. داستانی دەشتێو بەپێی سەنگی هێز ئەو زەرەر و زیانە زۆرەی کە لەو شەڕەدا بە دوژمن کەوت بە یەکێ لە شەڕ و داستانە هەرە گەورەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەژمار دەکرێت. شەڕی (دەشتێو) کاتێک ڕوویدا کە کاک سەعدی بە یاوەری سەید کاکە فەرماندەی هەرێمی خۆشناوەتی و ژمارەیەک لە کادیر و پێشمەرگەکانی هەردوو هەرێمی دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی کە ژمارەیان (٤٢) کەس بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و کۆبوونەوەی فراوانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بەرەو نێوزەنگ و نۆکان بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێوە بوو، شەڕی (دەشتێو) کە بەهۆی پلانی پێشوەختی سوپای ڕژێم و نەشارەزایی هێزەکەی پێشمەرگە لە هەر چوار لاوە گەمارۆ درابوون لە لایەن (ئیسماعیل تایە النعێمی) فەرماندەی فیرقەی (١)ی سوپای عێراق سەرپەرشتی دەکرا، لەو شەڕەدا کە لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە تا درەنگانی ئێوارەی خایاند بە قسەی (ئیسماعیل تایە النعێمی) کە سەرپەرشتیاری شەڕەکەی دەکرد زیانی دوژمن بریتیبوو لە کوژرانی (١٦٠) سەرباز و ئەفسەر و برینداربوونی (٢٥٠)ی تر و پێکانی (٨) تەیارەی هەلیکۆپتەر و کەوتنە خوارەوەی (٢)یان لە مەیدانی شەڕەکەدا بوو، بەداخەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بە شەهیدبوونی کاک سەعدی خۆی و (١٦) کادیر و پێشمەرگەی قارەمان نووسرایەوە کە (١٢)یان لە مەیدانی شەڕەکە شەهید بوون و (٤)ی شیان دوای برینداری و بەدیلگیران دواتر لە سێدارەدران. گرنگی شەڕی (دەشتێو) لەوەدابوو کە (ئیسماعیل تایە النعێمی) دوای شەڕەکە نامیلکەیەکی بە ناوی (بساگ ناجح فی منگقە قلعدزە) (تجربتی مع القیادە) نووسیوە و لە ریزەکانی سوپادا بڵاوی کردۆتەوە. لە نامیلکەکەدا هۆشداریدەداتە سوپا کە پێشمەرگە شەڕی لەگەڵ سوپا قۆناغی پارتیزانی تێپەڕاندووە و چۆتە قۆناغی شەڕی گەڕۆک (الحرب المتحرکە) کە ئەمەش بۆ سوپا لەمەودوا

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگە دژوار دەکات.
- ناوی تەواو: سەعدی عەزیز محەمەدئەمین
- ناسراو بە سەعدی گچکە
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سێبیران - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مەمان
- ئاستی خوێندن: دواناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: بەسێ خدرئیسماعیل
- ناوی منداڵەکان: هێرش، هێمن، لەنجە،ماکۆک
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و دوا پلەی (ئامر بەتالیۆن) بووە.
- شەهید سەعدی گچکە دەستەی دامەزرێنەری بزووتنەوەی سۆشیالست بووە.
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦
- ئۆرگان: مەکتەبی سیاسی
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: دەڤەری خۆشناوەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی ڕێکخراوەیی کردووە لەسنووری پێشمەرگایەتی و ناوشاری هەولێر.
- ناوبراو (٣) جار بریندار بووە لە داستانی شیشار، داستانی ماکۆک، سەر پردی بەستۆرە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨-٣-١٩٧٨
- شوێنی شەهید بوون: سنووری قەلادزێ داستانی دەشتێو
شەهیدانی شەڕی (دەشتێو) ئەمانەن:.
١ سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە و ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر.
٢ فاروق سدیق ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵە و رابەر سیاسی هەرێم (هەولێر گوندی قوشاعلۆ).
٣ فەرخ قادر پێشمەرگە (هەولێر –\ قەراج). ٤ فەریق هەمزە پێشمەرگە (کەرکووک – ساڵەیی).
٥- شاهێن عزەدین پێشمەرگە (پردێ). ٦ تاهیر محەمەد عەلی پێشمەرگە (هەولێر – قەراج).
٧ جەبار ئیسماعیل پێشمەرگە (هەولێر). ٨ عوسمان باوە پێشمەرگە (هەولێر).
٩ سامی عوبێد پێشمەرگە (هەولێر). ١٠ سەباح جەمیل پێشمەرگە (هەولێر).
١١ ئەحمەد محەمەدئەمین پێشمەرگە (هەولێر – چەمرگە).
١٢ ئەحمەد محەمەد پێشمەرگە (هەولێر – پیرەرەش).
هەروەها لەو شەڕەدا (٤) پێشمەرگە بەدیل گیران کە پاشان لە ڕۆژی (١٩٧٨/٦/٢١) لە زیندانی موسڵ لە سێدارەدران. ١ جەعفەر ئەسوەد کۆیی. ٢ جەواد کەریم گۆمەشینی. ٣ کەمال واحد گۆمەشینی. ٤ حوسێن عەبدولڕەحمان گۆمەشینی.
تێبینی: عەزیز باپیر – ناسراو بە سەید عەزیز گۆمەشینی دوای گیرانی بە ماوەیەک بەهۆی بچووکی تەمەنیەوە بە لێبووردنی گشتی ئازادکرا.

شەهید (سەلام قادر)

# سەلام قادر ئەحمەد محەمەد




کۆیەو گوندەکانی دەوروبەری بۆ مێژوو دەڵێن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خەمخۆرانە هاتوونەتە کۆڕی خەبات و ویژدانیان بەرامبەر خاک ئاسوودە کردووە، هەر گوندێک لەو گوندانەی دەشتی کۆیە چەندین پێشمەرگەی قارەمانیان هەبوو خەباتیان لەدژی رژێم دەکرد، ژمارەیەکی زۆر رۆڵەیان بەخشی بەخاکی پیرۆزی کوردستان و شەهید بوون، لەلایەکی تر دانیشتوانە تێکۆشەرەکەی سنووری قەزای کۆیە ببوونە خانەخوێی پێشمەرگەو ببوونە هاوڕێ و هاوخەباتی هێزی پێشمەرگە. ئەگەر سیستەم و بەرنامەڕێژی هەبووایە لەدوای ڕاپەرین دەبووایە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بەشێوازێکی مۆدێرن و بەوپەڕی شارستانیەت گوندەکانیان ئاوەدان بکردباوە، هاوکاری کەرتی کشتوکاڵ و هەموو پێداویستیەکانیان بۆ گوندنشینەکان دابین بکردبایە.. بەڵام بەداخەوە تەنها لەکابینەی شەشەم هەندێ بڕیارو یاسا هاتە جێبەجێ کردن بۆ گوندنشینەکان ئەویش بەهۆی قەیرانەوە بڕیارەکان وەستان، یەکێک لەو شەهیدانەی دەشتی کۆیە دەمانەوێ تیشکی بخەینە سەر بۆ ناساندنی بەنەوەی نوێ شەهید (سەلام قادر)ـە ناوبراو خەڵکی شیواشۆکی سنووری قەزای کۆیە بوو. هەستی نیشتمان و خۆشەویستی بۆ خاک لەناخیدا دەخولایەوە، خەون و خولیاکانی بۆ پێشمەرگایەتی خەونێکی هەمیشەیی بوو، هەربۆیە ئاواتەکەی هاتەدی و بوو بە پێشمەرگە لەسنووری کۆیەو جوامێرانە ئەرکی سەرشانی کوردانەی خۆی بەوپەڕی ئەمانەتەوە مەیسەر دەکرد، بەهۆی دڵسۆزی و ئەمەکداری بۆ یەکێتی و شۆڕشی نوێ کراوەتە بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی دەشتی کۆیە. لە زۆر قۆناغی پێشمەرگایەتی و حزبیدا ئەرک و واجباتی بینیوە. کەسێکی خۆشەویست و راستگۆ بووە.. لەدوای ڕاپەرینش دڵسۆزانە هاتۆتەوە کۆڕی خەبات، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

ـ ناوی تەواو: سەلام قادر ئەحمەد محەمەد

- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی سەرباغ، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: ئاغا سوری
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: گوڵناز سمایل ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هەژار، بەشدار، هاوکار، محەمەد، شیرین، شەوبۆ، نیرشە، شاناز
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە لە ساڵی ١٩٦٨ تاوەکو ساڵی ١٩٧٤ لە سنووری دەشتی کۆیە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە:١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی ٩٣ی کۆیە درێژەی بەخەبات داوە.
- ماوەیەک زیندانی بووە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگانەی کردووە
- دووجار بریندار بووە لە دۆڵی خەلەکان و دەشتی کۆیە.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووەو ڕۆڵی کارای بینیوە.
- شەهید سەلام جگە لە خۆی برایەک و چوار ئامۆزای شەهیدە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چەمرگە سەربە قەزای بنەسڵاوە.

شەهید (سەمەد تەللخێمی)

# سەمەد برایم عومەر ئیبراهیم



ئەوێ ڕۆژێ ئەوانەی بە ناسنامە کوردبوون وەلێ دڵیان دابوو بە سەدامیەکان بەناوی مەفرەزە خاسەو فەوجی خەفیفە و ڕاوە پێشمەرگەیان دەکردوخۆیان خۆشەویست دەکرد لەلای سەرانی بەعس فەوج بۆ فەوجێک جیاواز بوو لە هەڵسوکەوتیان، هەندێکیان دەستیان سور بوو بە خوێنی برا پێشمەرگەکان، ئێستاش لەهەمان شوێنی ڕاوە پێشمەرگەی لێ کردووە بە کۆمەڵێک نەجمەوە سنوورێکی فراوانیان داوەتە دەستەوە، یەکێک لەو شەهیدانەی ئێستا لەسەری دەنووسین بەخۆی و برایەکی و هاوولاتیەکی تر لە ساڵی ١٩٨٥ کەوتنە بۆسەی جاشەکانەوە، ئەویش شەهید (سەمەد برایم عومەر)ـە ناوبراو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر گۆش کرابوو، لەیەک خێزان (٤) برا شەهید، دنیایەکی سەیرە خانەوادەی مام برایم کوردایەتیان دەکرد تا ئازادی بەرهەم بێت و کوردچیتر نەچەوسێتەوە، کەچی بەداخەوە ئێستا لەم هەولێرە خانەوادەی مام برایم بە کرێچی ئەژمار دەکرێن و ئەوانەی پێشمەرگەیان شەهید دەکرد بوونەتە خاوەن ماڵ.. هەزاران درووڈ بۆ گیانی پاکی شەهید سەمەدو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: سەمەد برایم عومەر ئیبراهیم
- ناسراو بە: سەمەد تەللخێمی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تەللخێمی گەورە - ناحیەی گوێڕ - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: ڕۆژبەیانی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٤
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- شوێنی پێشمەرگایەتی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٦-٨-١٩٨٥ برایەکی تری بەناوی (مەغدید) لەگەڵی شەهید بوو.
- شوێنی شەهید بوون:نزیک سێ چارە گوێڕ

### شەهید (فریاد قەسرۆکی)

# سەمەد محەمەد ئیسماعیل



سپێدەیەک لەگەڵ جریوە جریوی باڵندەکانی بانی تاڵەبان و غەمگینی ئەستێرەکانی ئاسمانی دەڤەری تەق تەق و هات و هاواری دایکانی شەهیدانی قەسرۆک، بەڵێ ئەو بەیانیە وەک بڵێی کاروان سەرا رێرەوی خۆی نەگرتبێ یان عەشقێکی پاک نەگەیشبێتە دوا مەنزڵگا، ئالەم کاتە هەنسکی گریانی دایکانی شەهیدو منداڵانی بێ نازی شەهیدان بەرۆکیان گرتم و نەیان ئەویست وا بە هاکەزایی پێم بڵێن شۆرە سوارێک، بەرزە فرێک. هەڵۆکەی بناری خاڵخاڵان پێشمەرگەی ساڵانی هەشتاکان (فریاد قەسرۆکی) لە هەڵمەتێکی پاککرنەوەی تیرۆریستان لە چیای سورێنی هەورەمان شەهید بووە.. نەبادا لە بەیت و بالۆرەی ئەم هەواڵە خاڵخاڵان تێ بگات و بروسکەی شەڕ ئامێز بنێرێ بۆ سوورێن و سوورێنیش لە داخانا بتوێتەوە ببێ بەخاک و ئەندێشەو ئازار.. چونکە (فریاد قەسرۆکی) فەرماندەیەکی لێهاتوو و کادیرێکی بە توانای ناو شۆڕش و قاڵبووی خەبات و تێکۆشان بوو.. ئەوەی بۆ تەنها رۆژێک کاکە فریاد قەسرۆکی ناسیبێ دەزانێ هاوڕێیەتی لای ئەو چەند بەنرخ و دۆستایەتی دەبردە قۆناغەکانی دوا چرکەی ژیان.. لەگەڵ ئەوەی پلەکەی جێگری فەرماندەی فەرماندەیی ٣٧ی خاڵخاڵان بوو.. بەڵام تەشکیلاتی فەرماندەی فەرماندەیی بۆ کرابوو وەلێ خۆی بە پێشمەرگەیەکی ساڵانی هەشتاکان دەزانی و تەکەبوور لای ئەو قابیلی قبوڵ نەبوو.. بێ گومان ئەوەی دڵی ئێمەو هاوڕێیان و خانەوادەکەی هێورو دڵنەوایی کردەوە ئەم سپێدەیە لەگەڵ بەرێکردنی کەژاوەی جەماوەری و حزبی و حکومییە بەرفراوانیە بۆ بەخاک سپاردنی تەرمەکەی بۆ گوندی قەسرۆک ئەوکات هەستت دەکرد شەهید فریاد بە گەیشتن بەم شوێنە پیرۆزە بۆ لای شەهید نەهرۆ قەسرۆکی.. چەند ئاسوودەیە و چەندان نەوەی بۆ شۆڕش گۆش کردووە. ئەو کاتەی کەژاوەی رێوڕەسمەکە گەیشتە بەرامبەر خاڵخاڵان.. خاڵخاڵان دەست لە سینگ و فرمێسک بەڵێ فرمێسک بە روخسارییەوە هاتە خوارێ و شەهیدانی ئەم دەڤەرەی ئاگادار کردەوە پێی وتن دڵنیابن بەگەیشتنی شەهید فریاد بۆ لاتان لەژێر سێبەرو ساباتان کەسوکارو نەوەی نوێ بە رۆژێکی پرشنگدار

و رۆژی ئازادی دەگات.. ئێوەش ئەی شەهیدان بە دڵنیای و دڵی شاد بنوون.. هاوڕێ و هاوسەنگەرو پێشمەرگەو فەرماندەی ئەوێ رۆژێ و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لە ئێستادا هەڤاڵ (دلێر تەق تەقی) لەسەر شەهید فریاد قەسرۆکی نووسیویەتی: ئاسان نییە دەربارەی پیاوێک بدوێێ کە تەواوی لاویەتی دواجار گیانیشی بەخشی بە گەلەکەی و لە دەیان داستان و نەبەردی گەورەدا بەشداربووبێ و رۆڵی دیارو بەرچاوی تێدا دی بێت و وەک فەرماندەیەکی ئازاو بە ئەزموونی ناوچەکە ناسرابێت، شەهید فریاد یەکێکە لەو پیاوە دەگمەنانەی کەم هەڵدەکەوێ کە بتوانێ کۆمەڵێک خەسڵەتی جوان لە خۆیا کۆبکاتەوەو ببێتە سومبولی قارەمانی و جوانی و خۆشەویستی ناو جەماوەرو هێزی پێشمەرگە، بەڵێ شەهید فریاد هەم ئەوکەسە بوو هەم فەرماندەیەکی ئازاو بە ئەزموون بوو، هەم پیاوێکی سادەو قسەخۆش و نوکتەچی بوو، هەروەها پیاوێکی باڵابەرزو بەتاقەت و بەهێزی خاوەن هەیبەتێکی سەربازی تایبەت بوو. جێگای بڕوا بوو، لە سەرەتای پێشمەرگایەتیەوە ئولفەتی بە چەکی (ئاربیکە) وەرگرتبوو کە بە (چل خۆر) ناسرابوو لەگەڵ هەشت مەخزەن کە بەردەوام کە لە سەرووی (٣٥٠) فیشەکی هەڵدەگرت، بۆیە کە دەچووە شەڕ لەبەرگری یان لە هێرش کردن بووایە دەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕ بکات و رۆڵی بەرچاو ببینێ لە یەکلایی کردنەوەی شەڕەکە. بۆیە بۆ هاوسەنگەرانی هەمیشە پشتیوانیەکی گەورەو جێی فەرامۆشی بوو بۆ هێزی بەرامبەریش مایەی ترس و تۆقان بوو، ئەو پیاوێکی سەر راست بوو ئەوەی لەناو دڵی دابوو لەسەر زمانیشی بوو. لە کۆتایی دەڵێم بەئارامی بنوو ئەی فریادی براو هاوسەنگەرمان، ئەی فریادی قەسرۆک و تاڵەبان و هەموو وڵات، هاوسەنگەری شەهیدان ئەحمەد بەگ و نەهرۆو بەدرخان، بەئارامی بنوو دڵنیابە ئاوەدانە سەنگەرتان. کاک دلێر تەق تەقی ئەم شیعرەشی پێشکەش بەروحی پاکی شەهیدان کردووە..

شـــــەهـید

ڕۆڵەی ڕاستەقینەی گەلەو

نیشتمانی خۆشویستوە

سوێندی بە کوردستانی بوونی کەرکووک خواردووە

بۆیە گیانی پێشکەش بە خاکی کردووە

بڕوانامەی شەهید بوون و دواپلەی نیشتمانپەروەری وەرگرتووە

ئەو لەباڵا بەرزی و جوانیدا بێ وێنەیە

درەختێکە وشک نابێ

چونکە ڕەگی لە خوێنایە

ڕوحی شادە

ئەو هەمیشە لەبەرزیە

بۆ کەس و کارو،

بۆ وڵات هەردەم، جێگای شانازییە

- ناوی تەواو: سەمەد محەمەد ئیسماعیل

- ناسراو بە: فریاد قەسرۆکی


- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تاڵەبانی گەورە ـ ناحیەی تەقتەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: پالانی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی خێزان: ریحان ساڵح ئۆمەر ـ ئامینە عەلی ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رێبوار، دەرباز، رێباز، رەنجدەر، رێژین، شاناز
- ئاستی خوێندن:شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: هەرێمی (٢)ی کەرکوک لەلای عەلی بچکۆل بۆتە پێشمەرگە
- دواتر گواسترایتەوە تیپی (٢١) کەرکووک
- شەهید فریاد قەسرۆکی بەشداری زیاتر لە (٤٥) داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە لە سنوورەکانی هەولێر، کەرکووک، شەڕەکانی سەرکردایەتی.
- دوا پلەی فەرماندەی فەرماندەیی (٦٣) شێخ بزێنی بووە
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٣ـ٢٠٠٣
- شوێنی شەهید بوون: گوندی بانی شارـ لەدامێنی چیای سورێنی هەورامان.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ١٩ـ١٢ـ٢٠١٤ لە ژمارە (٦٥٥٩) لە لاپەڕە (٦)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

## شەهید (سەیفەدین دێمەکاری)

# سەیفەدین عەزیز حاجی فەقێ مەحمود



بۆنی خاک و بۆنی دایک و خۆشەویستی نیشتمان لە چوار چێوەی کوردایەتی ئەوێ ڕۆژێ نەک ئێستا یەک بۆن و یەک هەست و یەک ئینتیمایان هەبوو. ئەگەر ئازارو مەترسی دایکان بۆ سەر ڕۆڵەکەی هەست پێ بکەیت چ برینێکی قووڵی هەیە، بەبێ گومان ئەوا مەترسی داگیرکردنی نیشتمانیش لە ئازاردان و ئەشکەنجەو کوشتن بۆ ئەوێ ڕۆژێی ڕژێم دەرهەق بە گەلی کوردی دەکرد ئازارەکەی بۆ ڕۆڵەی کورد هەمان ئازاری دایکی هەبوو، بۆ ئەو کات برینێک بوو لەجەستەی نەوەی کورد قبوڵ کردنی وائاسان و ئازارێکی کەم نەبوو. ئەوێ ڕۆژێ زۆربەی ئەوانەی چەکی شەرەف و تێکۆشانیان دەکردە شان و دەبوونە پێشمەرگە وەزعی مادی و گوزەرانیان لەوپەڕی باشیدابوو، یان دەرچووی ئەکادیمیاو یان خوێندکاربوون لە ئاستە جیاجیاکانی قۆناغی خوێندن. بۆیە هەست و خۆشەویستی و ئینتمای کوردایەتی ئەوێ ڕۆژێ هەست کردن بووە بە ئێش و ئازارو ئاریشەکانی میللەتەکەیان بۆیە هەمیشە مەرگی خۆیان دەخستە پێش تا ڕژێم و خۆفرۆشانی کورد خەونە گڵاوەکانیان نێتە دی!! یەکێک لەو گەنجانەی ئەوێ ڕۆژێ بووە پێشمەرگە (سەیفەدین عەزیز حاجی فەقێ مەحمود) دێمەکاری بوو، لە ڕۆژگارێک خۆی گەیاندە سنووری هێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خۆفرۆشانی کورد ئەوانەی بەجدی جاشایەتیان بەخەبات و تێکۆشان دەزانی و فرچکیان بە خیانەت و خۆفرۆشی گرتبوو بۆ بەدەست هێنانی وەرگرتنی ئافەرینێک (کەللە سەر)ی ڕۆڵەی کوردیان تەسلیم بەدائیرەی ئەمن دەکردەوە، ئالەم ڕۆژگارە کاکە سەیفەدین خۆی گەیاندە تیپی (٨٣)ی هەورێ و لای (ملازم خولە) بووە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەک ئازاو دڵسۆزو بە هیمەت، پێشمەرگەیەک خۆڕاگرو قارەمان، لە خانەوادەیەک شۆڕشگێڕو کوردپەروەر، ئا لەم ڕۆژگارەی ساڵی ١٩٨١ حاجی کەمالی برای چەکێکی مزەلی لۆکی بە بڕی دوو هەزارو پێنج سەد دیناری عێراقی بۆ کڕی و بۆی برد کە ئەوکات زۆر ئەستەم بوو چەک و تەقەمەنی بگەیەنیتە سنووری پێشمەرگە. بەڵام بەداخەوە بۆ ئەم پێشمەرگە قارەمانە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو لە ٢٨-٨-١٩٨٢

له چالاكییەكی كەم وێنەو نابەرامبەری جاشەكانی سنوورەكە لەگەڵ هاوڕێیەكی تری پێشمەرگە بەناوی (عەباس عوسمان) گەیشتنە كاروانی نەمرانەوە . هەزار درووود بۆ گیانت كاكە سەیفەدینی هەمیشە لەیاد ..

- ناوی تەواو: سەیفەدین عەزیز حاجی فەقێ مەحمود
- ناسراو بە: سەیفەدین دێمەكاری
- ساڵی لەدایك بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایك بوون: گوندی دێمەكار
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێكخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ لە تیپی ٨٣ی هەورێ لای ملازم خولە
- لە ماوەی ساڵ و نیوی تەمەنی پێشمەرگایەتی شەهید سەیفەدین بەشداری چەند چالاكییەكی كردووە .
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨-٨-١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی (حەسەن بلباس) بناری قەرەچوغ
- لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەكی تری لەگەڵ شەهید بووە بە ناوی (عەباس عوسمان)

### شەهید (ستار سادق)

# ستار سادق محەمەدئەمین حوسێن



ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بخشێنینەوە لە ئەنجامی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و ئینتمایی کورد بوون دەبینین چەندین خانەوادە لەیەک خێزان زیاتر لە (٥) شەهیدیان هەیە، یەکێک لەو خانەوادانەی شاری هەولێر بنەماڵەی شەهید (ستار سادق محەمەدئەمین مەنتک) سەرمەزراین، کە جگە لەخۆی (٤) براو دایکی و ئامۆزایەکی شەهیدی ڕێگای کوردو کوردستانن: ئەم خێزانە خێر لەخۆنەدیوە زۆربەی ئەندامەکانیان پێشمەرگە بوونە لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئازایانە چەکی شەرەف تێکۆشانیان کردۆتە شان بەرامبەر دوژمنێک سەدان ساڵە ماف و ئازادییەکانی ئەم گەلە بەبەرچاوی جیهانەوە پێشێل دەکات. دیارە لە نووسینێکی وا کورت ناتوانم باسی قارەمانیەتی ئەم شەهیدانەی خزمانی مەنتک بکەم، بەڵام یەکێک لەبرایەکانی شەهید ستار کەناوی (سلێمان) دەبێت ئەوکات سەرپەل بووە عەدد دۆشکەیەکی شارەزا دەبێت لە چیای (بێرمکە) فڕۆکەیەکی دوژمن دەخاتە خوارەوە، ئەوکات (مەلا مستەفا) دەمانچەیەک و دووربینێکی دەکاتە خەڵات. شەهید (ستار)یش یەکێک بووە لە پێشمەرگە ئازاکان لەگەڵ شەهید سلێمانی برای. لەپاش نسکۆی شۆڕش ناوبراو هەر زوو پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەو زۆر چاونەترسانەو دڵسۆزانە کارەکانی مەیسەر دەکات، بەڵام لەمانگی (٥)ی ساڵی ١٩٧٧ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرادەبن ناوبراو و چەندین کادیری دیارو ئەندام دەستگیرکران، حەیف ومخابن لە ١٢ـ٧ـ١٩٧٧ لە بەندینخانەی موسڵ لە سێدارەدراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ستار سادق محەمەدئەمین حوسێن
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرمەزرا، ناحیەی دارەتوو، قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا سەرەتایی خوێندووە.
- عەشیرەت: مەنتک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: کافیە حەسەن ڕەسول
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕش: ١٩٧٢ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول هێزی دەشتی هەولێر لای شەهید سلێمانی برای.
- ناوبراو (معاون سەرلق) ئەسناد بوو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو چاونەترس بووە لە شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش.
- شەهید لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی نوێ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان زۆر چالاکانە ئیشوکاری ڕێکخستنی ئەنجام داوە.
- لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە شاخ بۆ ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕازی نابن ببێتە پێشمەرگە، چونکە ناوبراو (٤) براو دایکی شەهید ببوون وتیان ئێمە لەشار کارمان بەتۆیە بۆیە دەگەڕێتەوە، چالاکانەتر بەرپرسانەتر ئەرکی ڕێکخستن لە ئەستۆ دەگرێ.
- لە ١١ـ٥ـ١٩٧٧ ڕژێمی بەعس هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردنی کادیران و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی دەستپێ کردوو ناوبراو دەستگیرکرا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تری کادیران.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدانی: ١٢ـ٧ـ١٩٧٧
- ناوبراو جگە لە خۆی (٤) براو (دایکی) و (ئامۆزایەکی) بەناوی خاڵە مامەند مەنتک شەهیدن.
- شوێنی لە سێدارەدانی: بەندینخانەی موسڵ

## شەهید (سەردار مەخمووری)

# سەردار حەمەد عەلی شاناز



تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر لەهێرش و بەرگرییەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) و چ شەڕەکانی سەرکردایەتی پێشەنگ بوون و وانەو پەندی وایان نیشانی رژێم و جاشەکانی سەر بەحکومەت دەدا، مەگەر هەر ئەوانەی ماون لەژیان بزانن چۆن قەیسەریان لێ ببووە کونە مشک. هەر پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون شەو و رۆژیان نەبوو لە ئەنجامدانی چالاکی و تەمبێ کردنی ئەو سەرۆک جاش و داروەدەستەکانیان کە بەرۆژ پیاوی ناوژنان بوون و شەوانیش نەدەوێران سەر لە کۆڵانەکانیان دەربێنن. لە سەرلەبەیانی ٢٢-١٠-١٩٨٦ رژێمی سەدام حوسێن بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری سەربازو جاش و مجاهیدین و دەیان تانک و چەندین فڕۆکەی جەنگی هێرشیان کردە سەر پۆلێک پێشمەرگەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر لە گوندی ئیلنجاغی سەربە قەزای کۆیە، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی بە هاوکاری هێزێکی پشتیوانی خۆبەخشی گوند لێنەگەڕان دوژمن یەک بست نزیک بکەوێتەوە تا نزیک مەغریب، لەم داستانە مەزنەدا دوژمن زیانێکی زۆری لێ کەوت و بە سەرشکاوی و پاشۆڵی پیسیانەوە سەر لێشێواوانە، پاش بەجێهێشتی گوند لەلایەن پێشمەرگەوە تا زیان بەخەڵکی گوند نەکەوێ پاش مەغریب دوژمن هاتبوونە ناو گوند... هێزی پێشمەرگەش ئەم داستانەی تۆمارکرد بەخوێنی (٦) پێشمەرگەو خۆبەخشێک بەناوی (عوزێر حوسێن ئۆمەرئیلنجاغی) و(٣) منداڵی چاوگەشی گوندی ئیلنجاغ. یەکێک لەو شەهیدانەی ئەم داستانە (سەردار حەمەد عەلی شاناز) مەخمووری بوو. ناوبراو لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر، دڵسۆز، ئازا، بەغیرەت گۆش ببوو، ئەو لە زۆربەی نەبەردییەکان لە پێشەوەی پێشەوە بوو، خۆنەویست بوو بۆیە ببووە خۆشەویستی ناو هەڤاڵەکانی، بەڵام بەداخەوە لەم داستانە لە ٢٢-١٠-١٩٨٦ بریندارەدەبێ بەسەختی و رۆژو شەوێک پاشتر لە نەخۆشخانەی شۆڕش لە چەمی رێزان شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. دروود لە گیانت پێشمەرگەی رۆژانی سەختی خەبات وبەرخودان.... ناوی (٥) پێشمەرگەی شەهیدمان وەرگرتووە لەوانە (١- یوسف جەمیل عەبدوڵڵا ناسراو بە خارە یوسف. ٢- عەبدولخالق رەمەزان شەمامکی ناسراو بە توانا. ٣- ئەسکەندەر مەناف عەلی گۆمەشینی. ٤- سەردار حەمەد مەخمووری. ٥- مەغدیدە

قەڵەو ٦ـ ....................) چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

ـ ناوی تەواو: سەردار حەمەد عەلی شاناز

ـ ناسراو بە: سەردار مەخمووری

ـ ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٥

ـ شوێنی لەدایک بوون: قەزای مەخموور ـ پارێزگای هەولێر

ـ عەشیرەت: گەردی

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢

ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٣

ـ ئۆرگان: سەرەتا پەیوەندی بەکەرتی سجنی مەڵبەند کرد لە شێخ وەسان

ـ مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە کەرتی (٤)ی کەندێناوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری دەیان نەبەردی کردووە لەوانە لێدانی رەبیەکانی جادەی کەرکووک ـ لێدانی رەبیەکانی جادەی کۆیە ـ داستانەکەی ناحیەی هیران ـ گوندی مەلاکاغا ـ شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) و چەندین نەبەردی تر..

ـ ناوبراو دووەم شەهیدی خانەوادەکەیان بوو.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٣ـ١٠ـ١٩٨٦

ـ شوێنی شەهید بوون: داستانەگەورەکەی گوندی ئیلنجاغی سنووری قەزای کۆیە.

شەهید (سەردار سەعید)

# سەردار سەعید سۆفی حەمەد



لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ژمارە زۆر نین ئەو خانەوادانەی سەرجەم ئەندامەکانی یەک خێزان پێشمەرگە بن. یەکێک لەو خێزانانەی هەموو ژیانیان بۆ کوردایەتی و خاک و نیشتمان تەرخان کردووە، بوونەتە ڕەمزێک لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خانەوادەی مام (سەعید سۆفی) بوون.ئەم خانەوادەیە لە ساڵانی شەستەکان زولم و ستەمی بەعسییەکانیان قبوڵ نەبووە، لە سنووری دەربەندی گۆم و دەورووبەری بە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ نیشتمان ناسرابوون و یاخی بوون لە ڕژێم. مام سەعید لە ساڵی ١٩٦٣ زیندانی سیاسی بووە لە بەندیخانەی موسەئیب، مام سۆفی باپیری لە ساڵی ١٩٥٣ زیندانی سیاسی بووە لە بەندیخانەی کەرکووک، لە ساڵی ١٩٨٤ شەش ئەندامی خودی خێزانی مام سەعید سۆفی بۆ ماوەی (١٤) مانگ زیندانی بوونە بەناوەکانی (دکتۆر دانا، کوردۆ، پێشەوا، هەردوو خێزانی مام سەعید (خانێ) و (خەزار)، لەگەڵ هێرۆی کچی). لەڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێگەو جێدەستی کوڕەکانی مام (سەعید سۆفی) زۆر دیار بووە لەوانە (مامۆستا محەمەد) ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دیکۆمێنت و کۆکردنەوەی بڕیارەکانی ڕژێم لەمەر ئەنفال و تەعریب کردنی هەرێمی کوردستان، بورهانی سەعید سۆفی لەپارتیزانی و ڕۆڵی لەبواری عەسکەری لەسنووری پارێزگای هەولێر ئازایەتی و دڵسۆزی و خاکی بوون شایەدی بۆ دەدەن چ قارەمان بووە، نەهرۆ سەعید سۆفی پێشمەرگەو کادیرێکی دیارو کارامە بووە، دکتۆر (دانا سەعید سۆفی) کادیرێکی بە ئەزموون و ڕۆشنبیرو کراوەو مەیدانی و ئەندامێکی کارای پەرلەمانی و سەردەمی بووە. هەریەک لە (نەورۆز، خەسرۆ، سەرتیپ و سۆران و هێمن و پێشەوا) لەگەڵ خانەوادەکەیان لەشاخ بوون لەگەڵ ئەوانی تریش کەلە زیندان بوون ئازاد کران هاتنە شاخ، ئەوانی تریش هەریەکەو لە مەجالێک لە پێشمەرگایەتی و مەکتەب و ڕێکخراوەکانی تری یەکێتی ڕۆڵی خۆیان بینیوە، ئەوەی دەمەوێ لەم نووسینە هەڵوەستەی لەسەر بکەم بەتایبەت شەهید (سەرداری سەعید سۆفی)یە ڕوون و ئاشکرایە ناوبراو لەسەرەتای تەمەنی لاویەتیەوە کاری ڕێکخراوەیی لەگەڵ خوێندکاران و

ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە لە کاتی خوێندکاری لە قۆناغی ئامادەیی، لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ئەوێ ڕۆژێ ڕێک ساڵی ١٩٨٢ ڕۆڵی پێشەنگ و گرنگی گێڕاوە لە دژی ڕژێم. هەستی نیشتمانی و کوردانەی لە لووتکە بووە، هەر بۆیە ڕژێم چاودێری چڕی خستۆتە سەر، ئەو هەموو هیوایەت و ئاواتی ئەوەبوو ببێ بە پێشمەرگەو شەهید بێت لە پێناو خاک، لە قۆناغی پێنجەمی ئامادەیی پەیوەندی کرد بە شۆڕش و بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی ڕێکخستنی چۆمان و تیپی ٨٣ی هەورێ. بەهۆی ئازایی و چاونەترسی لەماوەیەکی کەم کرا بە فەرماندەی مەفرەزە، جموجۆڵی زیاد لە پێویستی پێشمەرگانەی شەهید سەردار لێپرسراوانی سەرووی خۆی سەرسام کردبوو، دیارە ڕوون و ئاشکرایە لەسەردەمی شاخ وەرگرتنی پلە تەنها لەسەر ئازایی و چالاکی و ڕەبایە گرتن بوو شەهید سەرداریش لەگەڵ (بەختیار کاوانی و ئەیوبە گڕە) بەردەوام لە ناوشاری هەولێر بوون بۆ تەمبێ کردنی پیاوانی ڕژێم و جاسوسەکانیان، ئەوەی شەیانی باسە وەک هاوڕێیانی باس دەکەن ناوبراو حەزی بە پلە وەرگرتن نەبووە، چونکە سنووری ئازادی بۆ گەڕان و چالاکی کردن کەم دەکرایەوە، هەرچەندە یەکێک بووە لەفەرماندەی کەرتە چاپووکەکانی ئەوکات، بەڵام سنووری چالاکییەکانی زۆر فراوان بوو، تا شەهیدبوونی بە (٨٤) چالاکی فەردی و گرتنی ڕەبیە و هەڵمەتی شەڕی دەستەویەخەو داستانی گەورە بەشدار بووە. سەرداری سەعید سۆفی لەبەر ئازایی بە سەرداری بەور لە زۆربەی شیعرو نووسینەکان ناوزەند کراوە، ناوبراو بۆ دۆست و دوژمنی سەلماند یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەتوانێ بە نوێژی نیوەڕۆ، مەخزەنەکانی خالی خالی بکاتەوە لە سینگی پارێزگاو جاسوس و موختارو هەرچی بیانەوێ تەمبێی دەکەن.. بەڵام بەداخەوە لە داستانی بەرگری لە چیای کێشکێ لە کاتی هێرشی دوژمن لە ١٩٨٧/٦/٣٠ گیانی بەخت کرد. گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید سەردارو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.


- ناوی تەواو: سەردار سەعید سۆفی حەمەد
- تەمەن: ١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی سێتاقان - هەولێر
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی خوێندووە.
- ئەو قوتابخانانەی تیای خوێندووە: پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەربەندی گۆم تەواو کردووە، تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە خوێندنگاکانی (بێتووش - ئازادی - سەربەستی - هەڵمەت) لە هەولێر تەواو کردووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٩٨٠
- لەتەمەنی (١٤) ساڵی کاری تەتەری کروە لەنێوان (هەولێرو بەستەستێن) نامەکانی هەولێری بردووەو نامەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی ڕێکخستن و چاپەمەنییەکانی گەیاندۆتەوە هەولێر.
- سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ کاتێک پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو دەزگا ئەمنییەکان دەستگیریان کرد، بەڵام پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر هیچی نەدرکاندووەو ناچار ئازادیان کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٣ لەسنووری مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر
- یەکەمجار پەیوەندی بە: کاکە عەبە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان کردووە.

ـ ناوی ئەو ئۆرگانەی کاری تیا کردووە: کەرتی ڕێکخستنی چۆمان
ـ دواتر لە تیپی ٨٣ی هەورێ و دوای دروست بوونی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دێتە ئەو تیپە و لەکەرتی ٣ بەردەوام دەبێ
ـ لە ساڵی ١٩٨٥ بە قارەمانی گرتنی یەکەم رەبیەی پاش کۆتایی هاتنی وتوێژی نێوان یەکێتی و رژێمی عێراق لە ناوچەی هیران دادەنرێت.
ـ دواتر خۆی بۆ چالاکییە فەردیەکان ئامادە کرد بۆ لێدانی ئەفسەرانی سوپاو بەرپرسە باڵاکانی حکومەت.
ـ لە ١٩ی ئازاری ١٩٨٦ لەگەڵ دوو هاوڕێی تر لەسەر شەقامی مەنتکاوە تەقەیان لە ئیبراهیم زەنگەنە پارێزگای هەولێر کردوو برینداریان کرد، ئەم چالاکییە رەنگدانەوەیەکی گەورەی دایەوە.
ـ ساڵی ١٩٨٦ لەبەر زۆری چالاکی و ئازاییەکەی کراوە بە فەرماندەی کەرتی ٣ی شەهیدان لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ٣ جار بریندار بووە.
ـ ئەو پلەی بڕیویەتی: ١ فەرماندەی مەفرەزەی ناوشار. ٢ فەرماندەی کەرتی بارەگای تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
ـ شەهید سەردار بۆ هەر چالاکییەک رۆیشتبێ چوارچەکی بردووە (کلاشینکۆف، بیکەیسی، ئارپیجی، دەمانچە).
ـ ئەو شەڕانەی بەشداری تێدا کردووە: زیاتر لە ٨٤ چالاکی ناو هەولێر و جادە سەرەکییەکانی چوار دەوری هەولێر و جادەی کەرکووک ـ جادەی مەخموور جادەی قوشتەپە- کۆیە- هەولێر- جادەی موسڵ
ـ لە دەرفەتێکی دەگمەندا چالاکییەکی گەیاندۆتە نزیک شارۆچکەی بەرتللەی سەربە پارێزگای نەینەوا ـ لێدانی پارێزگاری هەولێر ئیبراهیم زەنگەنە و سەرجەم ئەو شەڕانەی مەڵبەندی ٣ و تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کە لەو ماوەیەدا ئەنجام دراوە.
ـ ساڵ و مانگ و رۆژی شەهید بوون: ٣٠ـ٦ـ١٩٨٧
ـ شوێنی شەهید بوون: چیای کێشکێ

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/٣٠ لە ژمارە (٧٠١١) لە لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (خەباتی مام شەریف)

# سڵاح شەریف تەها حەمەد



شەهید خەباتم لەدوای گەڕانەوەی بارەگای مەڵبەندی (سێ)ی ڕێکخستنی هەولێر ناسی لە ساڵی ٢٠٠٣. پیاوێکی بەهەیبەت و گران و بەدیقەت بوو لەکاری ڕێکخستن، بەرپرسی یەکێک لەکۆمیتەکانی هەولێر بوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوان بوو جەماوەرو خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد، بەڵام شەمشەمە کوێرەکانی جەهل و تاریکی نەیانهێشت خەونە بەدی نەهێناوەکانی بۆ خزمەتی کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێنێتە دی. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەمێژووی ئەم پێشمەرگە دانەبراوە هەڤاڵ (شۆڕشی سەید مەجید) پێشمەرگەی دانەبڕاو هاوڕێی نزیکی شەهید وتی: شەهید خەباتی مام شەریف گەنجێکی جوان و روح سووک، هەم لە سیماو رووخسار هەم لە دڵ و دەروونندا پاک و بێگەرد، راستگۆو قسە لە روو بەوەفاو خۆشەویست و رێزلێگیراو لەناو هاوڕێیانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا. شەهید خەبات جگە لەوەی پەروەردەی دەستی خوالێخۆشبوو (مام شەریف)ی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشان بوو، خۆشی قاڵبووەوەی خەباتی نهێنی ناو رێکخستنەکانی ناوشار بوو.بۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان و زۆری پێ نەچوو کادیرو پێشمەرگەیەکی هۆشیارو بە ئاگای لێ دەرچوو، ناوبراو هەرزوو بووە جێگای متمانەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، خەباتی روح سووک بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆنەویستیەوە پابەندبوون بە دیسپلینەکانەوە ئەرک و فەرمانەکانی سەرشانی خۆی چ لە خەباتی سەختی پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەرین یان خەباتی ڕێکخستن و خەباتی جەماوەری لە دوای ڕاپەرین بێ دابڕان و پسانەوە تا ڕۆژی شەهید بوون ئازیانەو چاونەترسانە جێبەجێ کرد. شەهید خەبات جگە لەخۆی مام شەریفی باوکی و کاک سەباح و کاک کەمال و کاک تۆفیق پێشمەرگەی دیاری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون.. هەزار سڵاو و درووود بۆ گیانت ئەی هەڤاڵی ڕێگای سەختی دانەبراوم.

- ناوی تەواو: سڵاح شەریف تەها حەمەد
- ناسراو بە: خەباتی مام شەریف

- ساڵی لە دایک بوون: ١-١-١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: نانەکەلی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سناعە - بەشی کارەبا
- باری خێزانی: خێزاندار لە ساڵی ١٩٩٠ هاوسەرگیری کردوو لە شاری مهاباد لە رۆژهەڵات
- ناوی منداڵەکان: رانیە راژان
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٨
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٩-٢-١٩٨٢ سەرەتا لەکەرتی رێکخستن دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.
- جگە لە خۆی (٣) ئامۆزای شەهیدە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە دەشتی کۆیە.
- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی و شەڕی کردووە.
- لەڕاپەڕین بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شاری هەولێر.
- دواین پلەی ئەندامی مەڵبەند بووە و بەرپرسی کۆمیتەی رۆژئاوای هەولێر بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٢-٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: تەقینەوەکەی بارەگای مەڵبەندی (٣)ی هەولێر

### شەهید (سەڵاح ریشە)

# سەڵاح سەلام ساڵح حەمەد




گەنج وخەونی ڕاپەرین دوو دەستەواژەو تێڕوانینێکی مژدەبەخش و هۆنینەوەی کۆمەڵێک هیوای لێ چاوەڕوان دەکرا کەئیتر گەنجی کوردیش خەونەکانی لەبەرزترین چڵدا لەدوای ڕاپەرین لەنگەر بگرێ. نەهامەتی و ناخۆشییەکانی سەردەمی ڕژێم بۆ گەنج خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکە کۆتایی نایەت. ئێمەی هەرزەکارو گەنجی ئەوێ ڕۆژێ لە دوای ڕاپەرین دونیایەک هیواو ویستمان لەناخدا کۆکردبۆوە و بتوانین لەئاستە جیاجیاکان خزمەتێک بەگەل و نیشتمان بکەین، بەڵام بەداخەوە دووبەرەکی و نەهامەتی لەسەر دەستی سەرکردایەتی کورد بەرۆکی گەنجی کوردیان گرت و ئاگری شەڕی ناوخۆیان بەگەنج جۆش داو گەنج بووە سووتەمەنی سەرکردەکانی کورد.. یەکێک لەو گەنجە جوان و نیشتمانپەروەرانەی دەڤەری تەق تەق کە لەخانەوادەیەکی پێشمەرگەو شەهید بەخش چاوی بۆ ژیان هەڵێنابوو، خانەوادەیەک زیاتر لە (١٢) شەهیدی بەخشیوە بەنیشتمان و کوردایەتی ئەویش شەهید (سلاح ریشەیە) ناوبراو پێشمەرگەیەکی بەئەمەک و وەفاداربوو بەرامبەرخاک و شۆڕش، ئەو لە دەستپێکی ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد لە ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئازایانە بەشداری لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کرد بە کەرکووکی قودسی کوردستانیشەوە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە ٢٢-٢-١٩٩٥ لە میحوەری سێبەردان گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود لە گیانت کوڕە ئازاکەی نیشتمان.

- ناوی تەواو: سەڵاح سەلام ساڵح حەمەد
- ناسراو بە: سەڵاح ریشە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئیلنجاغ - ناحیەی تەق تەق - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: شێخان
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- شەهید بەشداری ڕاپەرین و رزگارکردنی شاری کۆیەو هەولێرو دیبەگەو کەرکووکی کردووە.
- ئۆرگان: بەتالیۆنی (٣)ی زورگە زراو کە هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی بەتالیۆنەکە بووە. ناوبراو تا ساڵی ١٩٩٤ لای کاک جەلال پێشمەرگە بووە.
- دواتر لە کۆتای ساڵی ١٩٩٤ گواسترایەتەوە لەشکری (٤) لای هەڤاڵ (عوسمان بانیمارانی) کە ئەوکات سەرلەشکری (٤) بووە.
- شەهید لەزۆربەی بەرگرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کردووەو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس بووە.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢-٢-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری سێبەردان

شەهید (سڵاح گەڵاڵی)

# سڵاح عەزیز عەوڵا ڕەسوڵ



دڵسۆزانی گەڵ و نیشتمان لەپێناو خاک ئامادەبوون خوێن ببەخشن تا هاونیشتمانیان نەکەونە ژێر رکێفی رژیمێک سەدان ساڵە لە ستەم و غەدرکردن هیچی لێ چاوەڕێ نەدەکرا. رژێمێک ئامادە نەبوو گفتوگۆیەکت لەگەڵ بکات سەرەتاترین مافەکانت پێ بدات، بەڵام لەشەنسی کوردو بە بەرنامەڕێژی ئەمریکییەکان رژێم کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات لە کوردستان ڕاپەڕین لەدایک بوو خۆشی و شادی کوردستانی گرتەوە، بەڵام بەداخەوە پاش (٢٥) رۆژ رژێم بەوپەڕی دڕندەییەوە هێرشی کردەوە سەرکوردستان کۆڕەوی میلۆن کەسی بەرەو وڵاتانی دراوسێ دەستپێ کردوو لەم رۆژە نەهامەتیە سەدان گەنجی کوردستان لەکاتی بەرگری شەهید بوون، یەکێک لەو شەهیدانە (سڵاح عەزیز ڕەسوڵ)ـە ناوبراو لەرۆژگارێکی سەخت و پڕ مەترسی لە رێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاریان دەکردو رۆڵ و پێگەی دیاربوو لە چالاکی و جموجۆلە حزبییەکان، بەڵام بەداخەوە لە کۆرەوە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ شەهید بوو گەیشتە کاروانی سەرەوری. درووود لە گیانت پێشمەرگەو بەرگریکاری خاک و نیشتمان.

- ناوی تەواو: سڵاح عەزیز عەوڵا ڕەسوڵ
- ناسراو بە: بە سڵاح گەڵاڵی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلەک ئاغا
- عەشیرەت: گەڵاڵی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٦

- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: (١٩٩١)
- ئۆرگان: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٤-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: بازگەی شاوێس

### شەهید (مەلا سلێمان)

# سلێمان عارەب ئیسماعیل



ئەو تەمەنی تەنها چوادە بەهار بوو تێکەڵ بەکاری ڕێکخراوەی سیاسی بوو، تێکەڵ بوونێک لێوان لێو لە دڵسۆزی و پەرۆشی، تێکەڵ بوونێک بە ئامانجی گەیشتن بە دەستکەوتی سیاسی و گەیشتن بە ئاواتی مافەکانی نەتەوەیی، ئەو کادیرێک لەسەر ئەساسی دیسپلینی ڕێکخراوەیی ـ دیکۆمێنت، ڕاپۆرت، گوێگرتن لە خواری خۆی و بەدواداچونی مەیدانی بۆ کاروبارەکانی سنووری دەسەڵاتی، لەگەڵ سەرووی خۆی ڕاستگۆ، شەفاف، لەروو، ئەو لەسەردەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر بە مانای وشە ڕەقەم بوو واتە کارو چالاکییەکانی ئەوەندە بەرچاو و کاریگەر بوو ئۆرگانەکانی سەرووی خۆی سەرسام کردبوو لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٧٤ لە ئامادەیی کشتوکاڵی (کەڵەک) ئەوەندە کاریگەری لەسەر خوێندکاران هەبوو سەدان خوێندکار لەگەڵ ئەو بەرەو شاخەکان چوون و بوونە پێشمەرگە و مەلا سلێمان وەک ئەفسەر لە تۆپخانەی شۆڕش دەست بەکاربوو.. لەسەرەتای دروست بوونی کۆمەڵەی مارکسی لینین (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە هەولێر پێشڕەو بوو ـ بۆ زانینی هەموو لایەک ماڵەکەی مەلا سلێمان بارەگایەکی نهێنی کۆمەڵە بوو لە ناوشار ـ ساڵی ١٩٧٩ شەهید مەلا ئەندامی لێژنەی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە وەک هاوڕێیانی باسی لێوە دەکەن ئەوەندە چاونەترس و ئازاو بەهیمەت بووە گوێی بەهەڕەشەو ئاگادارکردنەوەی پیاوانی ڕژێم نەدەدا تا ئاشکرابوونی شانەیەکی ڕێکخستن و مەلا دەستگیر دەکرێت، بەڵام دڵسۆزی و ورەی پۆڵاینی ئەوەندە بەرز بووە تەنانەت وشەیەک نادرکێنێ و دواتر بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێ و ئازاد دەکرێ ـ بەڵام شۆڕش بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئەوکاتی دەیهێڵنەوە تا ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لەسنووری دەشتی هەولێر، ناوبراو پێشمەرگەیەکی هێمن و قسە خۆش و ڕۆشنبیر، پێشمەرگەیەک ئازا بە ئەزموون و بە توانا، پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان دڵسۆز، بیرکردنەوەو ڕەهەندی سیاسی مەلا سلێمان زۆر جیاواز بوو، ڕووئیا بینینی بۆ شۆڕش و کوردایەتی لەوپەڕی متمانەو سەرکەوتن بوو بۆ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ئەو تەنها لە بواری پێشمەرگایەتی ئازاو شارەزا نەبوو، ئەو لە بواری کۆمەڵایەتی کادیرێکی بە ئەزموون

و بە دیقەت بوو، کامە کێشەو گرفت ئاڵۆزبا شەهید مەلا سلێمانیان دەنارد بۆ چارەسەری، لەگەڵ توێژی جووتیاران پەیوەندییەکی باش و بەهێزی هەبوو ـ لەگەڵ دروست بوونی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی شەهید مەلا دەکرێتە فەرماندەی (کەرت) پێشمەرگەکانی ئەم دەڤەرە دانیشتوانی سنووری ئەم گوندانەی بەڕانەتی شایەدی میهرەبانی ئەم مرۆڤە پاکە بەوەفایە دەدەن کە تەمەنی جوانی خۆی چەندبەپەرۆشی بۆ یەکێتی تەرخان کردبوو.. ئەوەی سەیری ژیاننامەی مەلا بکات دەبینێ شۆڕش و یەکێتی لەبەر لێهاتوو بۆ سنوورە جیاجیاکان بۆ کارەجیاجیاکان مەلا زوو دەگوازرێتەوە لەبەر بەئەزموونی لە ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، تا کشانەوەی پێشمەرگە بۆ سنوورەکان دواتر مەلا سلێمان بۆ ماوەی (١٤) مانگ لەگەڵ شەهید رێبازو بورهانی سەعید سۆفی و جەلال ئیلنجاغی و ژمارەیەک پێشمەرگەو فەرماندەی تر بە پارتیزانی لە سنوورەکانی دەوروبەری هەولێر دەمینێنەوە، خۆڕاگری مەلاو ئەو هەڤاڵانە لەسەردەمی پارتیزانی خۆی لە خویدا گیانفیداییە، چاونەترسیە، بوێریە، قارەمانیە، ئەوە بەس بەدەم خۆشە باس کردنی ئەگینا سەرەتاپای برسیەتیە سەرماو سۆڵەیە، گەرمایە، دوورییە، بەڵام هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی خاک و بڕیاری سیاسی یەکێتی بۆ مانەوەی پێشمەرگە لە خاکی کوردستان ئەمانە هەمووی خۆڕاگری ئەم پارتیزانانەبوو بەڵێنی خۆیان تا سەر گەیاندە سەر تا بوونە ڕابەڵەی نێوان سەرکردایەتی و خەڵکی بەشەرەفی هەولێر بۆ دەستپێکی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١.... شەهید مەلا سلێمان لە دوای ڕاپەڕین چەندین پۆست و پلەی جیاجیای بینی چ لە حزب چ لە حکومەت. وەک چۆن لە شاخ سەرکەوتووبوو بەهیمەت بوو خاوەن بڕیاربوو لە سەردەمی حکومرانیش خاوەن ئیرادەو بەهێزبوو.. ئەوەی باوەڕی پێ نەبوو لەبەرنامەو هزری مەلا نەبوو شەڕی براکوژی و شەڕی ناوخۆ بوو کەچی لە واجبێکی نێوانگیری و لێژنەی تەنسیق بەناحەقی لە ٥ی ئایاری ١٩٩٤ لە دەڤەری ئاکرێ شەهید دەکرێ و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید مەلا سلێمان و تێکڕای شەهیدانی بزووتنەوەی کوردایەتی..

- ناوی تەواو: سلێمان عارەب ئیسماعیل
- نازناو: مەلا سلێمان
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دەربەندی گۆمی سپانان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زەینەب ڕەسول ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی: (ئارەزوو ـ ساکار ـ هاوکار ـ هۆگر ـ سکاڵا ـ بەختیار ـ بەشدار)
- ناوی عەشیرەت: سپان
- ئاستی خوێندن: سەرەتا لەگوندی دەربەند چۆتە بەرخوێندن، بەهۆی شاڵاوی حەرەس قەومی گوندەکەیان بە کاملی خاپوور کراوە لە ساڵی ١٩٦٣بۆیە هاتۆتە هەولێر بۆ خوێندن. پاشان بە چەند قۆناغ ئامادەیی کشتوکاڵی لە ئاسکی کەلەک تەواو کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان: لە تەمەنی (١٤) ساڵی پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات زۆر چالاکانە کارەکانی مەیسەر دەکات.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە. لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ سەدان خوێندکاری دەڤەرەکە دەبنە

پێشمەرگە مەلا سلێمان دەکرێتە ئەفسەری تۆپخانەی شۆڕش.. دوای نسکۆ دەگەڕێتەوە هەولێرو درێژە بەخوێندن دەدات و ئامادەیی کشتوکاڵ تەواو دەکات.
له ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (مارکسی) ماڵیان دەبێتە یەکێک لە شوێنە نهێنیەکانی ناوشار.
- لە ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە ئەندامی لێژنەی ڕێکخستن، دوای ئاشکرابوونی شانەیەکی کۆمەڵە دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەمنی هەولێر و دەستگیر دەکرێت، بەڵام هەموو جۆرە ئەشکەنجەو ئازارێکی دوژمن ناتوانن کار لە ورەو پۆڵاینی بکەن و نهێنییەکانی پێ بدرکێنن.
- لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێری هەولێر
- لە ڕۆژی ١٦-٨-١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت.
- ساڵی بوونەوەی بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٨٢
- لە دوای دروست بوونی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دەبێتە فەرمانده‌ی کەرت لەتیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
- لە ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- کە شەهید ڕێباز وەک فەرماندەی ڕەتلی پارتیزانەکانی هەولێر دەست نیشان کرا شەهید مەلا سلێمان کرایە جێگری ڕەتل. بۆ ماوەی (١٤) مانگ بە پارتیزانی مانەوە..
- لە ڕێکەوتی ١٤-٧-١٩٩٠ دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (٨)
- لە ڕێکەوتی ٢٥-١١-١٩٩١ لەکۆنفرانسی ناوخۆی بۆ کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتی) لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم دەنگی لەبازنەی دەڤەرەکە هێناوە..
- لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەبێتە فەرماندەی ١١ی بەڕانەتی پاشان دەکرێتە جێگری میحوەری هەولێر..
- لە ساڵی ١٩٩٢ دەکرێتە فەرماندەی فەوجی (٢)ی ئامادەی هەولێر..
- لە یەکەم هەڵبژاردنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر دەنگی یەکەمی هێنا..
- دوای دروست بوونی مەڵبەندی (٧)ی نەینەوا دەکرێتە جێگری مەڵبەند بۆ کاروباری عەسکەری و لێپرسراوی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی ئاکرێ..
- ٣ جار بریندار بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا.
- چەپکێک لەو چالاکی و نەبەردیانەی شەهید بەشداری تیاکردووەو یان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە لەوانە... لە ساڵی ١٩٨٦ لە شەڕێکی بەرگریدا لە سەرکردایەتیدا شەهید مەلا سلێمان لە هەلاج و دابان زۆربە سەختی بریندار دەبێت و لەبەر سەختی برینداریەکەی ڕەوانەی وڵاتی ئێران دەکرێت - ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەردوو مەڵبەندی (٣) و(٤)ی کردووە لە ژمارەیەک داستان و شەڕی گەورە شەهید ملاسلێمان خۆی سەرپەرشتی کردووە.. لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لە ڕزگارکردنی شاری هەولێر دەوری کاریگەری هەبووە لە ڕزگارکردنی کەرکووک ڕۆڵی خۆی بینیوە..
- ساڵ و مانگی و ڕۆژی شەهید بوون: ٥ی ئایاری ١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: ئاکرێ
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٢/٢٨ لە ژمارە (٦٨٥٨) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (سولە قۆریتانی)

# سلێمان عومەر مەولود



لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی واهاتووە ئەوانەی پەیوەندیان بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکرد و دەبوونە پێشمەرگە و گۆش دەبوون بە پەیڕەو و پرۆگرام و ڕێبازی مام و ڕێبازی شەهیدان جیاوازو ئازاو چاونەترس پەروەردە دەبن، ئەمە پیاهەڵدان و قسەیەکی هاکەزایی نییە من بیکەم یان وایان وت، ئەمە مێژووی تیپ و کەرت و ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نیشانی داین سەدان داستان سەدان چالاکی گەورە، گرتنی هەزاران ڕەبیەو مەقەر فەوج بەڕۆژ بەشەو شەڕی دەستەو یەخەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بووە، باوەڕتان هەبێ ئەم داستان و چالاکیانە کات و ساتی نەبووە.. یەکێتی سەدان بگرە هەزاران مامەڕیشەی هەبووەو ئێستاش هەیەتی لە بەرامبەر داعش سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغان و ساتر بۆ بەرگری لەو هاونیشتیمانیانەی دەمێکە خەون بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد دەبینن، ئەوەی مایەی شانازی و مەنتقی هێز بووە بۆ یەکێتی و پێشمەرگەکانیان لە ماوەی (٤٠) ساڵی ڕابردوو پشت بەستن بووە بە هێزی ناوخۆی یەکێتی نەک چاوی لە هاوکاری ئەم و ئەو بێت بۆ بەرگری و هێرش کردن، یەکێتی هەورازو نشێوی زۆر بینی نەگلا، قۆناغەکانی پارتیزانی، شەڕی دەستەو یەخەو کۆڵان بە کۆڵان و شەڕی گوندان و شەڕی تەیارەو کیمیابارانی بینی کۆتایی نەهات. هەربۆیە یەکێتی ڕەگی داسەپیوی لەناو قوڵایی جەماوەر هەیە بۆ بەدیهێنانی سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی بۆ میللەتی کورد، یەکێک لەو شەهیدانەی دەبێ هەموو کورد شانازی پێوە بکات شەهید (سلێمان عومەر مەولود) ناسراو بە (سولە قۆریتانی) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و بوێر وەک شێر هەڵمەتی دەبردە سەر ڕەبیەو پیاوانی ڕژێم ئەو جیاوازبوو هەمیشە ئارەزووی لە چالاکی فەردی ناوشار بوو بۆ زەبر وەشاندن و هێنانی سەیارەو چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕش، ئەوەندەی بە دوای پیاوانی

خراپی رژێم و جاشەکانەوە بوو لە ناوشارو دەورووبەری شار وەک دەگێڕنەوە ئەوەندە ئۆقرەی نەدەگرت لە بارەگاو گوندە ئازاد کراوەکان، ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆکردنە شەهید سولە ئارەزووی لە وەرگرتنی پۆست و پایە وەرگرتن نەبووە ئەگینا چەند قۆناغێکی دەبڕی شایستە بێت بەو هەموو چالاکییە هەمە جۆرەی ئەنجامی دەدا، بەڵکو (سولە قۆریتانی) حەزی بە نیمچە ئازادییەک دەکرد بەتایبەتی بۆ ناوشارو چالاکییەکان ئەوەندە بەرپرسیاریەتی ئۆرگانی لەسەر شان نەبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتی پیاوێکی جەماوەری و خۆشەویستی گوندنشینەکان بووە و هەمیشە هاوکارو پشتیوانی خەڵکی هەژارو داماوەکان بووە. بەڵام بەداخەوە لە چالاکییەکی تەکنیکی سەخت و کەم وێنەدا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر شەهید دەبن لە ڕێکەوتی ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨ لە سنووری موسڵ.. هەڤاڵ لیوا کاوەی کوێخا سادق پێشمەرگەی دێرین وتی شەهید (سولە) یەکێک بوو لە پێشمەرگە هەرە ئازاو لە خۆبردووەکان، خاوەنی ئەزموون و تاکتیکی کەم وێنەی شەڕو جموجۆڵ و چالاکی مەفرەزە بچوکەکان بوو، شارەزاییەکی یەکجار زۆری لە لاڕێ ورێگا سەرەکی و لاوەکی و کوچەو کۆڵانەکانی ناوشارو لادێکانی هەبوو. شارەزایەکی باشی لە باخچەو بێستانەکانی دەشتی هەولێرو دەشتەکانی قەراج و کەندێناوەو بەڕانەتی و دەورووبەری موسڵ و زۆر لەناوچە عەرەب نشینەکانی هەبوو، لەرووی کۆمەڵایەتی زۆر تێکەڵ بوو ئاشنایەتیەکی باشی لەگەڵ جووتیاران هەبوو، پیاوێکی زۆر قسە خۆش و روح سووک بوو، بەشەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە لە یەکێتی و شۆڕش کەوت. هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید سولە قۆریتانی وسەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری..

ناوی تەواو: سلێمان عومەر مەولود

نازناو: سولە قۆریتانی

تەمەن: ١٩٦١

شوێنی لە دایک بوون: گوندی قۆریتان: ناحیەی شەمامک: پارێزگای هەولێر

عەشیرەت: شوانی

باری خێزانی: خێزاندار

ناوی منداڵەکان: دیمەن، چیمەن، نێرگز، سەیران، نەبەز

ئاستی خوێندن: سەرەتایی لە گوندی قۆریتان تەواو کردووە، دووی ناوەندی لە خوێندنگای ئازادی کوڕان تەواو کردووە لەبەر باری ناتەواوی مادی خێزانی ناتوانێ درێژە بە خوێندن بدات.

ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

- دواتر دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەکەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ١٩٨٤

- لە ساڵی ١٩٨٤ لەسەر بڕیاری بەڕێز کاک کۆسرەت دەگوازرێتەوە بۆ دەستەی مەفرەزەی تایبەتی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر تا ساڵی ١٩٨٦

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە

- بنەماڵەکەیان خاوەنی (١٢) شەهیدی قارەمانن

- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە ئەژمار ناکرێ، چونکە بەردەوام لە

هەولێرو دەورووبەری چالاکی ئەنجام دەدا واتە سەدان چالاکی دەستەویەخەو ناو کۆڵان و شەقامەکانی ناو هەولێری هەیە کە دوژمنی هەراسان کردبوو، بەشداری دەیان شەڕو داستانی تری کردووە وەک (لێدانی رەبیەکانی هەولێر- مەخموور جادەی هەولێر - کەرکووک - لێدانی دائیرەی ئەمنی هەولێر - لێدانی سەیتەرەی هەولێر - داستانی رزگاری - قەیوان ماوەت - شەڕی ١٣ رۆژەی سماقوڵی - گرتنی هیران - شەڕی (زمارەو تەللخێم و قۆریتان) بەشداری عەمەلیاتەکانی موسڵ و هەولێر.

- لەسەر بڕیاری کاک کۆسرەت رەوانەی بەعشیقەی سنووری موسڵ دەکرێت بۆ لێدانی بورجێکی تەشویش لەسەر رادیۆی گەلی کودستان لەگەڵ هاوڕێیەکی تر بەناوی (د. جەودەت کەرکووکی)

- لە ٢٨ -٢- ١٩٨٨ شەهید دەکرێن

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٣/٩ لە ژمارە (٦٩١٨) لە لاپەڕە (٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (سلێمان نێرەگینی)

# سلێمان محەمەد حەسەن بابیل



لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەوەی شەرەفی پێشمەرگایەتی بە باڵا برابێت ئەمە ئەوپەڕی هەستکردنە بە مەسئوولیەت و مێژوو بەوپەڕی شەرەفمەندی لەسەری نووسیوە، تا نەوەی نوێ هەست بەبەرپرسیاریەتی زیاترو زیاتر بکەن، ئەو خانەوادانەی شەهیدیان بەخشیوە و ئەو خاکە تێنوەیان بە خوێن تێر کردبێ ئەبێ بە چ چاوێکی رێزو حورمەتەوە سەیر بکرێن و خوای گەورە چۆن پاداشتیان بداتەوە، نێرەگین و نێرەگینیەکان رووباری خوێنیان پێشکەش بە نیشتمان کردووەو ئێستاش سەربڵندو شکۆمەندن لەناو میللەتەکەمان، یەکێک لەو شەهیدە قارەمانانەی دەشتی هەولێر شەهید (سلێمان محەمەد حەسەن بابیل) ناسراو بە سلێمان نێرەگینییە. ناوبراو فەرماندەیەکی ئازاو دلێری تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر بووە، پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و بە دیقەت، فەرماندەیەک گوێڕایەڵ و کامل، خۆشەویست و خۆنەویست. کراوەو بەهیمەت. لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر دەورو کاریگەری هەبووە، بەڵام قەدەری پیاوی ئازاو مەردە تەمەنی درێژنابێت تا گەلەکەی بگەیەنەتە کەناری ئارام لە رێکەوتی ٤/٣ی مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٥ لە نێوان رەبیەکانی دێگەڵەو کۆیە لە گردی تاییە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.


درووود بۆ گیانت ئەی فەرماندە.

- ناوی تەواو: سلێمان محەمەد حەسەن بابیل
- ناسراو بە: سلێمان نێرەگینی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی نێرەگین ـ ناحیەی دێگەڵە ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخانی

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لەکەرتی (٣) تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر
- جگە لە خۆی (٤) برای شەهیدە، بەڵام لە خێزانەکەی بەگشتی (١٧) شەهید و(٤) کەسیان (ئەنفال) ـە.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی گەورەی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ٤/٣ مانگی ٣ی١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: رەبیەکانی نێوان دێگەڵە ـ کۆیە ـ گردی تاییەی

## شەهید (سیامەند هەمزە)

# سیامەند هەمزە ڕەسوڵ



ئەو لەخانەوادەیەکی جووتیاری گوندی دێمەکاری سەر بە قەزای مەخموور لە ساڵی ١٩٥١ هاتۆتە دنیاوە، ئەم ناوچەیەش بەهۆی ڕاگواستن و داگیرکاری بەعسییە سوونەکان چەندین جار تووشی دەربەدەری و ئاوارەیی بووینە، بۆیە هەستی ستەم و زۆرداری لای ئەوان زیاتر بووە لە ناوچەکانی تر هەر بۆیە لەشۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگە، لەدوای ڕاپەرینیش بۆتەوە پێشمەرگە تا خەون و خولیاکانی بۆ ڕزگاری خاک و نیشتمان بینێتە جێ ئەم جوامێرە پێشمەرگەیەش شەهید (سیامەند هەمزە ڕەسول) بوو، بەڵام بەداخەوە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە خیانەتێکی نیشتمانی دیسان دەبابەو سەربازە سوونەکانی بەعس پۆستاڵی ڕەشیان هێنایە سەرخاکی هەولێرو سەدان تێکۆشەرو هاووڵاتی سڤیل بوونە قوربانی سیاسەتێکی هەڵە. هەزاران سڵاو لە گیانت.

- ناوی تەواو: سیامەند هەمزە ڕەسول
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دێمەکار، قەزای مەخموور
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: مرسیل عوسمان مەولود
- ناوی منداڵەکان: ئومێد، هەرێم، هێرۆ، مایرۆ، ئاوات
- لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول
- لە ساڵی ١٩٧٤ بریندار بووە لە گوندی عاڵڵای کەندێناوە
- لە بەهاری ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەرین دەکات

- لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی لە ساڵی ١٩٩٤ دەکرێتە فەرماندەی کەرت.
- پاشان لە لەشکری ئامادە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٨-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: قەلاتکەو سێبیران

## شەهید (سیامەند نوری)

# سیامەند نوری عەبدوڵڵا




هاوڕێ دەزانم زۆر سەختە بتوانم وشە بهۆنمەوە بارتەقای دڵسۆزیت، جوامێریت، ئازاییت، پڕاو پڕ بێت بەو مێژووەی بۆ کوردستان، بۆ یەکێتی پەخش و نمایشت کرد، دەزانم پێنووسەکەی من ئەو پێنووسە نییە وەسفی گەورەیی تۆ بکات و بتوانێ خۆی لە قەرەی نیشتیمانپەروەریت بدات ئەوەی من لە بارەی تۆ دەزانم دڵم هەستم چاوم پەی پێدەبات، بەڵام پێنووسەکەم بەلایدا ناروات و ناتوانێ حەقی خۆتی بداتێ، دەمەوێ فلاش باگێک بۆ مێژوو بکەم وەلێ زۆر دوورنا، بەڵکو بۆ ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٥ ئەوکاتەی لە لەشکری ١٦ی دەشتی هەولێر بووین تۆ پێشمەرگەیەکی جیاواز بوویت نەرم و نیان و چاپووک، بێ کێشە، دیسپلینی عەسکەری تەواو، بیرمە وتەکانت، هەنگاوەکانت. ئاماژەکانت بۆ ئێمەمانان هەموو پەندو دەرس بوون، بیرتە ڕۆژانە وەک زەنگ بۆ هەموومان ئەوەت دووپات دەکردەوە پێشمەرگە ئەبێ گیان لەسەردەست و توندوتۆڵ بێت و هەمیشە چاو و دڵی لەلای تاخم و کلاشنکۆفەکەی بێت.ئەمجارەیان دوژمنانی کورد وەکو زۆر جاری تر کورد خاینێ پۆستاڵی ڕەشیان هێناوە سەر خاکی کوردستان کورد بەدەستی کورد ئاوارە بوون سەدان پێشمەرگەی قارەمان شەهید کران.... ئەمجارەیان شۆڕش و خەبات و بەرخودان لە شارەکەی حاجی قادر بڵێسەی داو لە کارگەی توتنەکەی کۆیە پێشمەرگە جوانەکەی شاری کەرکووک و بابەگوڕگوڕم بینیەوە، بەڵام زۆر چالاکتر زۆر بەور ئاساتر لە مەیدانی شەڕا سەلماندی ئەگەر خاک بڕوات ئەو نەڕوات ئەگەر چیای بەنەباوێ بڕوات ئەو نەڕوات مخابن لە شەڕێکی داسەپاودا لە ٧-١١-١٩٩٧ لە چیای بەنەباوێ شەهید دەکرێ.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سیامەندو سەرجەم شەهیدانی ڕزگاری کوردستان..

- ناوی تەواو: سیامەند نوری عەبدوڵڵا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩

ـ شوێنی لەدایک بوون: قەرەسالم
ـ عەشیرەت: مەنتک
ـ باری خێزانی: خێزاندار بووە
ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
ـ لە ساڵی ١٩٨٦ چەکی هێزی بەرگری لە شان دەکات تا ساڵی ١٩٨٨ بەشداری چەندین شەڕی ناوچەکەی کردووە وەک شەڕی توولکی و کاولە سوارو تەواوی شێخ بزێنی..
ـ لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردۆتەوە بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕاپەرین و شەڕەکانی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دواتر درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە هێزەکانی ١١ی سەفین و لە شکری ١٦ی دەشتی هەولێر تا کارەساتەکەی ٣١ی ئابی ١٩٩٦....
ـ لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە شاری کۆیە پەیوەندی دەکات بە هێزەکانی کاک کۆسرەتەوە بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە دەوری کاریگەری هەبووە لە هەردوو گەردەلوولی تۆڵەوە
ـ پلەکانی پێشمەرگایەتی بریوە تا پلەی جێگری هێز..
ـ بەداخەوە لە ڕۆژی ٧ـ١١ـ١٩٩٧ لە چیای بنەباوێ شەهید دەکرێ و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە
ـ شەهید سیامەند: شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی..
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٣٠ـ١ـ٢٠١٥ لە ژمارە (٦٥٩٢) لە لاپەڕە (٨)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

## شەهید (ملازم سەید کەریم)

# سەید کەریم سەید کەریم سەید ڕەسوڵ



نووسین و قسەکردن لەسەر سەرکردەو خەباتگێڕێکی وەکو (ملازم سەید کەریم هاودیانی) ئاسان نییە، بەڵام دەمانەوێ چەند سەرە قەڵەمێکی کەمیش بێت لە ژیانی گوزەرێک بەناو مێژوو و داستان و نەبەردی و هونەرو تاکتیکی سەرکردەیەکی بە ئەزموونی وەک ناوبراو لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەک بخەینە ڕوو، وەلێ زەرورە مشتێک لەخەرمانی ئەم سەرکردە خاکیە بۆ نەوەی نوێ بخەینە سەر لاپەڕەی مێژووی گەلەکەمان.شەهید سەید کەریم هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویەتی فەرماندەیەکی عەسکەری شارەزاو بە ئەزموون بووە، سەرکردەیەک لێوان لێو لە ئازایەتی و چاونەترسی و بەورئاسا بوو لە هێرش و بەرگریدا.. کە باسی شەهید سەید کەریم دەکرێ ئێستا یان وێنەیەکی دەبینرێ لە سایت و لاپەڕەکانی سەروەری ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگە بوون یەکسەر سەریان بادەدەن و دەڵێن مخابن بۆ ئەو سەرکردەیەی لەمەرگ نەترساو گوللە لەئاستی شەرمەزار بوو، دەڵێن سەرکردەیەک سەنگەرو ساتر لە ئاستی بچووک بچووک خۆی نمایش دەکردو لەهەر میحوەرێک بووایە دوژمن بیزانیبایە سەید کەریم لەوێیە دوژمن خۆی پاشەکشەی دەکرد. هەڤاڵ (رزگار هاودیانی) پێشمەرگە لە دەستەکەی شەهید ملازم سەید کەریم وتی: بێگومان شەهید سەید کەریم خەباتێکی دووروودێژو پڕ لە سەروەری بۆ کوردو یەکێتی نیشتمانی تۆمار کرد، من نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای پێشمەرگایەتی شەهید چ لە شۆڕشی ئەیلوول چ لە شۆڕشی نوێ، چونکە داستان و نەبەردییەکانی زۆر زیاترن لەوەی باسی لێوە کراوە لە بۆنەکاندا، بەڵام پێم باشە ئەوە بخەمە ڕوو کە ڕژێمی سەدام چەند پەرۆشی ئەوە بوو زوو شەهیدی بکات. حکومەتی عێراقی زۆر جار هەوڵی کوشتنی دا، بەڵام هەوڵەکانی هەموو مایە پووچ بوون. زانیاری تەواو هەبوو لەکاتی گفتوگۆیەکان دوژمن دەیەوێ دەست لەچەند سەرکردەو فەرماندە بوەشێنێت و لەناویان ببات. من خۆم ئاگاداری هەموو ئەو زانیاریانە بووم، یەکەمیان لە کۆنفرانسی چواری کۆمەڵە لە مێرگە پان بەرەسمی

ئاگاداریان کردەوە لەگەڵ مامە ریشە نەچنە ناوشارەکانەوە. دووەمیان (ب.ح. ن) رواندزی هاتە لامان لەبارەگای جەنابی مام جەلال بووین کە زیاتر لەیەک سەعاتی لەگەڵ دانیشتین سێ قۆڵی وتی هەوڵەکانی هەواڵگری و ئەمنی عێراقی ئاگادارکراینەوە چ پیلانێکیان داناوە بۆ لەناوبردنی سەید کەریم، سێیەمیان بەرێز(م، ز، ا) کە خەڵکی هاودیانە سێقۆلی دانیشتین وتی کاک سەید ئیستغباراتی ناوچەی سلێمانی بروسکەیان داوەتە کۆشکی کۆماری دەڵێن سەید کەریم دووجار لە کەمین دەربازی بووە، بەڵام هەوڵی سێیەم هەیە و بەردەوامن لەسەر شەهید کردنت. وتی ئاگاداری خۆت بە من بروسکەم بینیوە..

لەو دوو جارەی کە کەوتە کەمین جاری یەکەم لە بەنزینخانەی عقاری لە سلێمانی کە ئێستا بازاڕێکی گەورەی لێیە تەنها من و ئەو بووین بەبێ تەقە رزگاربووین، جاری دووەم دوو سەیارە بووین لە باغی بەختیاری بووین تووشی کەمینێکی گەورەی بەعسیەکان بووین کەزانیمان نیازیان خراپە یەکسەر دابەش بووین و چەکەکانمان ئامادە کرد لەوێ کاک هێمنمان لەگەڵ بوو شەهید سەباح و شەهید محەمەد بیکێسی و شەهید یاسین و حوسێن دیشمەلەو کاوەی کاک هێمن، ئەو جارەش بەبێ تەقە رزگارمان بوو.. دوا دیدارم لەگەڵ شەهیدی نەمر سەید کەریم رۆژی پێنج شەممە سەعات ١١ی سەرلەبەیانی لەبارەگای مام جەلال بووین لە سورداش کە چووینە خوارەوە بۆ مەکتەبی سیاسی دوای ماوەیەک هاتەوە وتی با بڕۆین وتم بۆ کوێ وتی بۆ سلێمانی منیش وتم خاڵە وەزعی سلێمانی خراپەو وەزعەکە باش نییە دەڵێن شەڕ بووە من بچم باشترە نەک تۆ، لەم مشتومڕە بووین لێم تووڕە بوو هاتە خوارێ و پیلی گرتم و هەڵی دامە خوارێ منیش زۆر نیگەران بووم، چونکە پێشبینی ئەوەم کردبوو کە تووش ئەبین ئەوە بوو تەنها کاک سەباح و کاک نەهرۆی لەگەڵ خۆی برد، چاوەڕێ بووم تا ناخۆشترین کارەساتبارترین هەواڵم پێگەیشت وتیان سەیارەکی پێشمەرگە کەوتۆتە کەمینەوە زۆر تێکچووم چوومە ماڵی مام جەلال، هێرۆخان لەبەر دەرگا وەستا بوو وتم دادە هێرۆ راستە سەیارەیەکی پێشمەرگە کەوتۆتە کەمین؟ وتی وا ئەڵێن وتم خاڵم شەهید بووە وتی برۆ لای مام جەلال لە ژوورەوەیە کاتێ چووم مام جەلال وتی وەرە رۆڵە وتم مامە راستە ئەو هەواڵە وتی بەڵێ راستە وتم خاڵم شەهید بووە.. زۆر توڕە بوو وتی سەید کەریم گوللە نایبرێ و تەلەفۆن بکە بۆ هەولێر، بەڵام نەمانتوانی، وتم مام با هەوڵی هێنانەوەی تەرمەکانیان بدەین ئەمە بوو تەرمی شەهید سەباح و شەهید نەهرۆیان لە (تب عدل)ـە. بەڵام لە رێی خزمێکمان بەناوی محەمەد توانرا بزانرێ کە سەدام داوای تەرمی سەید کەریمی کردبوو بردبوویان بۆ لای.. لە رۆژی شەممە کاتژمێر (سێ و پانزدە دەقیقە)ی ئێوارە لە تاسڵوجە ١٥ـ٩ـ١٩٨٤ کەوتنە کەمینی جاشەکانی ناوچەکە کەوتنە بەر یەکێک لە تاوانە گەورەکانی ئەوێ رۆژێ گیانی ئەو قارەمانەی پڕ بوو لە داستانی نیشتمانی و نەتەوەیی کەم وێنە شەلالی خوێن کردو لەگەڵ هەردوو پێشمەرگە گیانیان سپاردو بۆ هەتا هەتایێ ماڵئاواییان لێ کردین، سڵاو لە گیانی پاکیان.

- ناوی تەواو: سەید کەریم سەید کەریم سەید ڕەسول
- تەمەنی تەنها (٣) مانگ بووە باوکی (کوژراوە) بەناوی باوکی کراوە
- ناسراو بە: ملازم سەید کەریم
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی هاودیان ـ قەزای رواندز
- باری خێزانی: خێزانداربووەو خاوەنی دوو هاوسەر بووە

- ناوی منداڵەکانی شەهید: شۆخەو ڤیان
- ئاستی خوێندن: لە ساڵی ١٩٦٩ چۆتە کۆلیژی سەربازی بەغدا
- لە ساڵی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٢ بەپلەی (ملازمی دوو) دەرچووە بە ئەفسەری جەیشی عێراقی.
- لە ساڵی ١٩٧٤ لە فەوجی پاراستنی دۆکان بووە.
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول: ١٩٧٤ لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی (١)ی سەفین
- لە دوای کارەساتەکەی ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلوول ماوەیەک لە ئێران دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر ئەچێتە وڵاتی سوریا لەوێ لەگەڵ بەڕێزان (مام جەلال و نەوشێروان مستەفا یەکتر ئەناسن و ماوەیەکی زۆر پێکەوە ئەبن.
- لە ساڵی ١٩٧٦ لە سوریا بەپێ دێنەوە بەرەو کوردستانی باکوورو بەرەو ناوچەی برادۆست و باڵەکایەتی و چیای سەرکەشی قەندیل هەر لەوێ دەست دەکەن بە جموجۆڵی پێشمەرگانەو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکەو جاڕی شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەدەن.
- هێزە سربازیەکەی حکومەتی ئەوسای عێراقی لەم دەڤەرە زۆر هەوڵی کوشتنی ئەدەن، بەڵام لەبەرئەوەی شەهید سەید کەریم پیاوێکی گورج و سەربازی و ئازا بوو نەیانتوانی زەفەری پێ ببەن.
- لە ساڵی ١٩٧٧ جەیشی عێراق ویستویەتی لە چیای هەورێ هێز دابەزێنێ کاتێ هەلی کۆپتەرەکە هاتووە کاک سامان گەرمیانی لەگەڵ سەید کەریم بووە وتویەتی سامان ئێستا ئەم هەلی کۆپتەرە لە ژێر ئەم دارە دەنیشێ کۆپتەرەکە هاتۆتە ئەو شوێنە وتوویەتی نابێ تەقەی لێ بکەن ئەیگرین، بەڵام کۆپتەرەکە ئەیەوێ بنیشێ لەهەمان ئەم جێگایەی شەهید سەید کەریم وتوویەتی دەنگی تەقە دێت و کۆپتەرەکە بەرزدەبێتەوەو دەسترێژی لێ دەکەن و دەکەوێتە خوارەوە ناو باخەکانی گوندی چیوەی دۆڵی بالیسان.
- ساڵی ١٩٧٧ بۆ ١٩٧٨ لەگوندی سناوە دوا نیوەڕۆ دەبێ لە نزیک گوندی نازەنین سەید کەریم بەپێشمەرگەکان دەڵێ هەندێکتان حەرەسبن هەتا پارێ نان دەخۆین، شەهید سەید کەریم وتی پارووی دووەمم ئەخوارد کە هەنگوین بوو حەرەسەکە هاواری کرد کاک سەید کۆپتەرێک لەلای شەقڵاوە دەرکەوت ئەویش پێی وت چاودێری بکە دواتر وتی گەیشتە هیران دواتر وتی وەلا رووی لە لای ئێمەیە. منیش وتم هەستن کورینە کۆپتەرەکە ویسوویەتی هەر لە پشتی گوندی سناوە ئەو سەربازانەی باری کردووە دایانگرێ، بەڵام راکردنی شەهید سەید کەریم و پێشمەرگەکان لەگەڵ کۆپتەرەکە گەیشتوونەتە سەر ئەو زوورگانەی پشت گوند لەوێ ئەکەونەبەر دەسترێژی گوللە و ئەکەوێتە خوارەوەی ناو باخچەکانی سناوە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ کراوە بە فەرماندەی (هەرێمی ٧ی باڵەکایەتی)
- لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێک حکومەتی عێراق پەلاماری شاخی مامەندە دەدات لە پشتی شاری قەڵادزێ، ئەوێ رۆژێ بارەگاکانی یەکێتی هەموو لەوێ بوون بە بارەگای سکرتێری گشتی و جێگرو سەرکردایەتی ناوەندی کۆمەڵە. هاوکات لەگەڵ پەلاماری هێزی عێراقی شەو بەفرێکی زۆر ئەبارێ کە ئەمە دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ تێک شکاندنی هێرشەکەو بەرکەوتنی کوژراوێکی زۆر لە دوژمن لەم هێرشەدا شەهید سەید کەریم بەرپرسی قۆڵێکی بەرگری بوو کە رۆڵێکی بەرچاوی تیا گێڕا.
- لە ساڵی ١٩٨٢ لە شەڕی هیشکۆری زیارەت کە تیایدا (١٣) ناقیلەی دوژمن بەشداری تیا کرد دەوری هێزەکەی شەهید سەید کەریم یان دا کە ئەو رۆژە شەهید قادر خەباتیش لەگەڵ بوو پاش دوو سەعات

شەڕکردن دوژمن شکاو راونرا تا دەربەندی گۆمەسپان.

ـ شەهید سەید کەریم بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکی و بەرگریەکانی لە خاکی کوردستان کردووەو لە هیچ شەڕێک نەشکاوەو هەمیشە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

ـ ناوبراو بەشداری هەموو کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەی کردووە.

ـ ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بووە لە کۆنفرانسی یەک.

ـ دواتر بۆتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ مەڵبەندی هەولێر دامەزرا بارەگای لە گوندی وەرتێ بوو هەڤاڵ (دکتۆر کەمال خۆشناو) بەرپرسی مەڵبەند بوو، شەهید سەید کەریم بەرپرسی عەسکەری مەڵبەند بوو.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٥ـ٩ـ١٩٨٤

ـ شوێنی شەهید بوون: بازگەی تاسلۆجە

## شەهید (سیروان شەقڵاوەیی)

# سیروان محەمەد عەبدوڵڵا




خۆشناوەتی دەمێکە خوێن شاباشی خاک دەکات و خاکیش تێرخوێنی سەفینە شێتەکەی خۆشناوان نابێت، تەنانەت هەوروبارانیش زۆر دەمێکە رقوکینەی خۆی شێتانە بەسەر سەفین و دەڤەری خۆشناوەتی دەبارێنێ.. دەبێ چ قسمەتێک بێت لە بادینان لە هەولێرلە کەرکووک و لە هەڵەبجە، لەشەنگال لە جەلەولا و دوزخورماتوو، هەر هەواڵە و هەرپەیامە ئاراستەکەی رووەو هیرانەو نازەنینە، ئەمجارەیان شەقڵاوەیەو هەواڵی شەهید بوونی جوامێرێکە چ پێشمەرگەیەک پاک وەک پەڕەی گوڵی سپی، جوان وەک گوڵە جەمال، بەهێز وەک چیای سەفین، بەور ئاسا وەک شەهید سەرداری سەعید سۆفی، سادەو خاکی، ئەویش فەرماندە عەمید (سیروان شەقڵاوەیی)یە ئێوارەی ٢٣ لەسەر ٢٤-٤-٢٠١٦ لە دوزخورماتوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد فەرماندە ماندووەکە خوات لەگەڵ تێکۆشەرە دێرینەکە، ئارامگەت ئارام کوڕە خۆشناوەکەی شەقڵاوە.

- ناو: سیروان محەمەد عەبدوڵڵا
- ناسراوە بە: سیروان شەقڵاوەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: لە دامێنی چیای سەفین لە شەقڵاوە لە دایک بووە.
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ڤیان دارا بەحری
- لە دوای خۆی سێ کوڕو دوو کچی لە دوای خۆی جێ هێشتووە. کاروان، دانا، زانا، یارا، لارا.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- بەشداری لە ڕاپەڕین کردووە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە رزگارکردنی شاری شەقڵاوە.
- کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلانی تەواو کردووە.
- دوا پلەی سەربازی (عەمید) بووەو جێگری لیوای پۆلیسی فریاکەوتنی چەمچەماڵ بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤-٤-٢٠١٦
- شوێنی شەهید بوون: دووز خورماتوو

## شەهید (شازاد مەخمووری)

# شازاد رەشید قادر سەعید



هۆنینەوەی وشە بۆ پێشمەرگەیەک ئازاتربێت لە بەورو بەهێزتر بێت لە باهۆزی باو هەمیشە گیان فیدابێت بۆ گەلەکەی بۆ نەتەوەو خاکە هەمیشە سوتماکەکەی رێزکردنی وشە وا سووک و ئاسان نییە، پێشمەرگەیەک لەمەرگ نەترسێ و باکی نەبێ لەشەهید بوون لە پێناو ئازادی و فەراهەم بوونی سەرەتاکانی مافەکانی کورد من چۆن بتوانم حەقی خۆی پێ بدەم.. ئەمجارەیان دەمەوێ باس لە چیرۆکی شەهیدێک بکەم لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی دەڤەری مەخموور خانەوادەیەک ئازا بۆ ململانێی پیاوانی رژێم و دەسەڵاتی فاشی سەدامییەکان، چاونەترس بۆ رەتکردنەوەی بەرنامەو پلانە گڵاوەکانی رەفیقەکان، ئەویش شەهید (شازاد رەشید قادر سەعید مەخمووری)یە نەک هەر خۆی، بەڵکو (مام رەشید)ی باوکی لەسەر کوردایەتی و دڵسۆزی بەدەستی سەدامیەکان شەهید کراوە، شەهید شازاد رق ئەستوور بەرامبەر بەعسییەکان لە تۆڵەی باوکی و سێ خالی تری شەهید و ئەو زوڵم و تاوانانەی رۆژانە لەم هەولێرە دەرهەق بەخەڵکی دەکرا شازادی خوێن گەرم بەردەوام چالاکی فەردی و مەفرەزەی بچووک بچووکی دەهێنایە ناو هەولێر بۆ بە سزا گەیاندنی پیاوانی رژێم. ناوبراو جگە لە بەشداری دەیان داستانی گەورەو گرتنی شارۆچکەو رەبیەکانی فەوجە خەفیفەکان هێشتان دڵی لای ئەو لاوە خێر لە خۆنەدیوو خانەوادەی پێشمەرگەوە بوو، کە موختارو رەفیق حزبیەکان تەشەقەڵە یا ئیهانەیان دەکردن، شەهید شازاد دەیان سیخورو رەفیقی بە نوێژی نیوەڕۆ لەم پیرە هەولێرە بە سزا گەیاندووە هاوشانی هەڤاڵان (رەحمانە شێت و شێرۆی رێبازو محەمەد عوسمان و ئازۆی کاک کۆسرەت و رەنجەو حەمیدو شەفیق چاوشین، چالاکە کۆر، شەهید سەرداری سەعید سۆفی، بەختیار کاوانی، ئەیوبە گرە) مێژوو شایەدە (قەیسەریان لە دوژمن کردبووە کونە مشک) گەورەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوە دایە هەر پێشمەرگەیەک خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەک بووە بۆ تاکتیک و تەکنیکی شەڕی دەستەویەخەی ناوشارو هێرش بۆ مۆڵگەو رەبیەکانی دوژمن.. بەڵام بەداخەوە بۆ شەهید شازاد ئەم ئازادیەی بە چاوی

خۆی نەبینی لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین لە هێرش بردن بۆ سەر مۆڵگەکانی ڕژێم لە شارۆچکەی دارەتوو شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، شایەنی باسە لە دوای شەهید بوونی شەهید شازاد سەرجەم برایەکانی چاونەترسانە چەکی شەرەف تێکۆشانیان کردە شان و زۆر ئازایانە بەرگریان لەم کوردستانە کردووەو هەڵوێستیان هەبوو تەنانەت لە هاتنی سوپای عێراق لە ٣١ی ئاب ئاوارەی شاری کۆیە بوون و (شەماڵ)ی برای فەرماندەی تیپ بوو لە فەرماندەی دووی هەولێری دوژمن بەزێن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید شازادو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: شازاد ڕەشید قادر سەعید
- ناسراو بە: شازاد مەخمووری
- تەمەن: ١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای مەخموور
- عەشیرەت: زەنگەنە
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣ لە ڕێگای شەهید (عەلی پونگینەیی) خاڵیەوە
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە (مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٥)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە یەکەم جار لە ڕەبیەکانی قوشتەپە، دووەم جار لە بەستی شەرغەی بناری دێدەوانی مەنتکان..
- شەهید جگە لە خۆی باوکی و سێ خاڵی شەهیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن.
- ئەو شەڕانەی بەشداری تیا کردووە لەوانە: قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور لە سێ قوچان - شەڕی قەیوان ماوەت - کێل کێل جوانەگا - لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکووک - لێدانی ڕەبیەکانی هەولێر - کەرکووک - لێدانی ڕەبیەکانی قوشتەپە - شەڕی سێ گردکان - شەڕی ئاوماڵ - شەڕی ئیلنجاغ - داستانی گرتنی شارۆچکەی تەق تەق - گرتنی شارۆچکەی دێگەڵە - بەشداری دەیان چالاکی دەستەو یەخەی ناوشاری هەولێرو دەوروبەری.
- فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٣) لای فەرماندەی کەرت کاک (لەتیفە سۆر)
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە مەفرەزەی تایبەتی تیپ لای شەهید ڕێباز
- دوا پلەی جێگری کەرتی (٤) بووە فەرماندەی کەرتەکەی (عومەر ڕەئوف داربەسەری) بووە لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی خەتێ لە تەشکیلاتی نوێ ئەم پلەی وەگرتووە.
- لە ڕێگای شەهید عەبدولڕەزاق و شانە نهێنییە چەکدارەکانی بروسکەوە نامەی بەڕێز کاک کۆسرەت بۆ شەهید شازاد هاتووە و کراوە بە سەرپەرشتیاری گرتنی ناحیەی دارەتوو.
- یەکەم گوللە ئارپێچی لە ڕۆژی ڕاپەڕین شەهید شازاد لە دائیرەی ئەمنی دارەتووی داوە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی دارەتوو.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/١٤ لە ژمارە (٦٨٩٧) لە لاپەڕە (١٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (شاکر سۆربەشی)

# شاکر عومەر عەلی




شەهید شاکر سۆربەشی لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو خەباتکار لەسنووری قوشتەپەی هەولێر گۆش و پەروەردە بووە، جگە لەخۆی براو ئامۆزاو خزمە نزیکەکانی لە مەیدانی شۆڕش و خەبات تێدەکۆشان لە دژی بەعسییەکان و زۆڵە کوردەکانی ئەوێ رۆژێ، ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترسی کەرتی (٧) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بوو. لە رۆژێکی گەرمای هاوینی ٩ـ٧ـ١٩٨٦ شەهید رێباز کە جێگر تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو ئەوکات سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد چونکە کاک سەفین لەگەڵ کاک کۆسرەت سەفەری وڵاتی ئێرانی کردبوو، هەڤاڵ مامە غەفەش فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو شەهید رێباز زانیاری وردی بۆ هاتبوو کە رژێم بە پاڵپشتی جاشەکانی سنوورەکە هێرش بۆ گوندی سێگردکان دەکەن و ئەم گوندە دەسووتێنن، بەسەرپەرشتی شەهید رێبازو مامە غەفە کۆبوونەوەیەکی بە پەلە لەگوندی ئاوماڵ ئەنجام درا، سەرجەم فەرماندەی کەرتەکان ئەوەی لەم سنوورە بووە ئامادە بوون، وا بڕیاردرا مامە غەفەو تیپەکەی بچن بۆ گوندی نێرەگین و شەهید رێبازیش بچێت بۆ گوندی بانەمۆرد هەم بۆ سەلامەتی خەڵکی ئەو گوندانەی لە جادە نزیکن هەم بۆ سەلامەتی پێشمەرگە لەلایەکی تر بۆ شەڕیش پێشمەرگە دەیتوانی بەرگری باشتر بکات لەم گوندانەی ناومان هێنان.. بەڵام شەهید رەنجە تەللخێمی رای جیا بوو وتی من لە سێگردکان دەمینێمەوە دواتر نوری قادر کە فەرماندەی کەرتی (٧) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو ئەویش لەبەر رێزو خۆشەویستی رەنجە تەللخێمی وتی منیش دەمینێمەوە، وەک پێشمەرگەیەکی دێرین بۆی گێڕامەوە هەردوو کەرتەکە نزیکەی ٤٥ پێشمەرگە دەبوون ئەوانیش هەندێک پێشمەرگەیان لە پشوو بوون یان لە جەولە بوون. بۆ رۆژی دواتر ١٠ـ٧ـ١٩٨٦ رژێم بەهێزێکی زۆرو چەکی قورس هێرشی کردە سەرگوندی سێگردکان و شەڕ دروست بوو لە نێوان ئەوان و پێشمەرگەدا،

له ئەنجامدا شەهید رەنجەو یاسین موعەلیم و شاکر سۆربەشی شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەکش بریندراربوون و دوژمنیش زەرەروزیان بەرکەوت، رژێم جەنازەکانی بردبوو دواتر شارەوانی کۆیە بەخاکی سپاردبوون. هەزاران درووود لە گیانی ئەم شەهیدانەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: شاکر عومەر عەلی
- ناسراوە بە: شاکر سۆربەشی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سۆربەش، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- عەشیرەت: مەموندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٤
- ئەو ئۆرگانەی تیایدا بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر - کەرتی (٧) کە ئەوکات نوری قادر فەرماندەی کەرتەکەیان بووە.
- ناوبراو لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەشداری کاریگەری لە نەبەردی و داستان و چالاکییەکانی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠-٧-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی (سێگردکان) ئێستا بۆتە ناحیەی سێ گردکان
- داستانی سێ گردکان بەخوێنی فەرماندە شەهید رەنجە تەللخێمی و شەهید یاسین موعەلیم تۆمار کرا.
- بەداخەوە ئەوکات رژێم تەرمەکانیشی برد.

## شەهید (شاکر قادیانەیی)

# شاکر محەمەد محەمەدئەمین حەسەن



ئەوانەی هەست بەبوونی خۆیان دەکەن بەرامبەر نیشتمان مەرج نییە لە تەمەنی کامل بووندابن، ئەوانەی ئینتمایان بۆ خاک هەیە مەرج نییە پێشتر لە ڕێکخراو ئۆرگانی سیاسی کاریان کردبێ، زۆرجار خوێندنەوەی زۆری مێژووی گەلانی ستەملێکراو یان زەبرو زوڵمی ڕژێمی زۆردار بەرامبەر گەلەکەت وات لێ بکات هەست بەبوونی خۆت بکەی و ئەرکی پاراستنی نیشتمان بارتەقای خەمی تاک بکەوێتە سەرشانت و لەوێوە بڕیار بدەیت چەکی شەرەف تێکۆشان بخەیتە شان و ڕێگای شاخ هەڵبژێری. ئەوێ ڕۆژێ لەم کوردستانەی خۆمان زوڵم و ستەمی بەعسیەکان، هەرەشەو ئیهانەکانی جاشە خۆفرۆشەکان لاوانی ئەم هەرێمەیان هاندەدا ڕێگای کوردایەتی بگرنە بەرو خەبات بکەن، تا قۆناغی ڕزگاری یان شەهیدبوون لە پێناو ئازادی و نەهێشتنی زەبرو زەنگی بەعسیەکان.دەمەوێ باس لە کوڕە هەرزەکارێکی وشیاری بزێووی گوندی قادیانی شەقڵاوەی خۆشناوەتی بکەم کەتەمەنی تەنها (١٣) بەهار بوو، خۆشەویستی نیشتمان و تێگەیشتنی بۆ قۆناغی ڕزگاری و گەیشتن بە سەرەتاترین مافی کورد لە ئەوێ ڕۆژێ بوو بە پێشمەرگە لەمەکتەب عەسکەری لای شەهید ملازم سەید کەریم، ئەم پێشمەرگەو خەباتکارەش کاکە (شاکر محەمەد قادیانەیی) بوو، کوڕێکی دەم بەخەندەو سادەو خۆنەویست، ڕەوشت جوان و بە دیسپلین، پاش هەوڵێکی زۆری هەڤاڵان کە جارێ تەمەنی بچووکە بگەڕێتەوەو دواتر درێژە بە تێکۆشان بدات، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ سوود بوون تا شەڕی قەندیل لەوێ کاکە شاکر بریندار دەبێ و ڕەوانەی گوندی دەکەنەوە...جارێکی تر پەیوەندی دەکاتەوەو دەبێتە پێشمەرگەو پێیوایە ویژدانیەن ئەوەی لەسەر شانی بووە مەیسەری نەکردووە بۆ دواجار لە داستانی جوانەگا مەرگ ڕێگانادات ئەم گەنجە خاکیە زیاتر بەرخودان بکات لە ڕۆژی ٦ـ١٠ـ١٩٨٨ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە... ڕوحت شاد پێشمەرگەو

گەنجە ئازاکەی قادیانە... بەئارامی بنوو، پشوو بدە ڕێبازە پیرۆزەکەی جەنابی (مام) بەردەوامی هەیە نەسرەوتن تا سەرکەوتن).
- ناوی تەواو: شاکر محەمەد حەمەدەمین حەسەن
- ناسراو: بەشاکر قادیانەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قادیانە، ناحیەی هەریر، قەزای شەقڵاوە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- یەک منداڵی هەیە بەناوی (جێگر)
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٨٤
- ئۆرگان: بارەگای مەکتەب عەسکەری لای شەهید ملازم سەید کەریم، ماوەیەکیش لای کاک بەکر مستەفا پێشمەرگە بوو..
- لە شەڕی قەندیل شەهید شاکر بریندار دەبێ بەهۆی کەمی تەمەنی کە (١٣) ساڵ بوو ڕەوانەی گوندیان کردۆتەوە.
- دووبارە ئەمجارەیان لە ساڵی ١٩٨٨ دەبێتەوە پێشمەرگەو بەردەوام دەبێت لە خەبات
- ئۆرگان: تیپی (٩١)ی سەفین کەرتی (٢)
- ناوبراو لەتەمەنی ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەند داستان و چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦-١٠-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی جوانەگا چیای کۆرەک
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لەم داستانە دوو هاوڕێی لەگەڵ شەهید بووە بەناوەکانی (ڕێناس عەوێنەیی و شێخ جەمال)

شەهید (شەریفە سۆر)

# شەریف عومەر شێخ محەمەد عومەر



ئەگەر بەدیقەت فلاش باگێک بۆ مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بکەین بەتایبەت سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، واتە لایەنی سەربازی لە شۆڕشی نوێ ئەوا بێ سێ و دوو پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی خۆی لە ئینتمایەکی یەکڕیزی یەکێتی ناو یەکێتی و دڵسۆزی و باوەڕبوون بە خاکی بوونی یەکێتی و راستگۆیی و خۆشەویستی نێو هەڤاڵان دەبینیەوە. ئەوانەی گۆش و پەروەردەی یەکێتی بوون سەداسەد دیسپلینی پێشمەرگایەتیان لا گرنگ بوو. ئەوێ رۆژێ کە رێنمایی و پەخشنامەیەکی تایبەت دەهاتە خوارێ لە سەرکردایەتیەوە بۆ ئۆرگانەکانی تیپ و کەرت و مەفرەزەکان وەک بیلبیلەی چاو رێزلێگیراوو پەسند بوو لای هەموو لایەک. لەم سۆنگەی هەست کردنە پێشمەرگەیەکی قارەمان لە دەشتە کاکی بەکاکیەی قەراج قۆڵی هەڵمەت و جوامێری و شەرەفی کوردانەی لە رێزەکانی یەکێتی بە باڵا بڕا و گەنجێکی قسە خۆش و راستگۆو بەئەمەک بۆ رێبازی (مام) ئەویش شەهید (شەریف عاڵڵایی) بوو. ناوبراو هەتا بڵێی پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و بەهیمەت بوو، ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە تا رۆژی شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و متمانە پێکراوی ناو هاوڕێیانی بووە. بەڵام بەداخەوە قەدەری پێشمەرگەی یەکێتی وابووە تەمەنیان درێژنەبێ و چارەنووسیان شەهید بوون و کەمئەندام و ژیانێکی هەژارو بەنەداری سەربنێنەوە. روحت شاد کاکە شەریف رێبازت ئاوەدان و پەیڕەوانت سەرفرازبن.


ناوی تەواو: شەریف عومەر شێخ محەمەد عومەر

- ناسراو بە: شەریفە سۆر
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی هەمزە ئاغای قەراج

- عەشیرەت: مامەسێنی
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سافیە عەلی شینە
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئارەزوو، ساکار، ئاکار، دڵگەش
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١١ـ١٠ـ١٩٨٦ سەرەتا لەکەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری بۆتە پێشمەرگە.
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچووغ کەرتی (١)
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٣ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: گوندی تەندووره ـ کەندی کۆدەرە
- پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوی کەمالەرەش

شەهید (شەرهرە)

# شەهریار ساڵح حەمید موفتی




شۆڕش و کوردایەتی دوو چەمک و دوو وشەی نزیک لە نیشتمان و ئینتمان ئاوێتەن بەمێژووی نەپساوەی خەبات و بەرخودانی تێکۆشەرانی کۆیە، لەمێژووی شۆڕشەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دڵسۆزانی کۆیە هەمیشە پێشرەو و پێشەنگی شۆڕشگێڕی بوونە، بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان چەندین سەرکردەو فەرماندەی دلێرو قارەمان و خەباتگێڕی وای لێ هەڵکەوتووە دوژمن لە ئاست چاونەترسیان تووشی شۆک بووە. ئەگەر فلاش باگێک بۆ سەرەتای تەمەنی شەهیدێک لەو شەهیدانەی کۆیە بکەین دەبینین هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵی لەچاوی دەخوێندرایەوە ئایندە بۆ کوردو شۆڕش هەڵۆیەکی چاونەترسی لێ گۆش و پەروەردە دەبێت، ئەویش شەهید (شەهریار)ی کۆیەیە. ناوبراو لە قۆناغی ئامادەیی تێکەڵ بەکاری رێکخراوەیی و رێکخستن بوو تێکەڵ بوونێک لێوان لێو لە دڵسۆزی و قارەمانیەتی، ئاوێتەبوونێک مەگەر تەنها ئەوانە بزانن کە هاوبیرو بۆچوونی شەهریاربوون لە مەیدانی کاری رێکخراوەییدا. کەپەیوەندی بەشاخ کردووە پشتوپەنایەکی زۆر بۆ هاوسەنگەرانی پەیدا بووە، چونکە شەهریار باکگراوندێکی چەکداری و کاری نهێنی و رێکخستنی ناوشاری هەبووە، هەم کەسێکی چاونەترس و کاراو کوردپەروەر بووە، هەم لەرووی کرانەوەی بیری کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەهێز بووە. بێگومان نووسین و باسکردنی مێژوو تێکۆشانی شەهید شەهریار وابەئاسانی نانووسرێتەوە ئەگەر بەوردی باس لە خەبات و بەرخودانی بکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی ناو و وێنەو مێژووی بەسەروەری لە ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێر بەرز رابگرین لەخوارەوە بەکورتی تەنها ئاماژەمان بە چەند سەرە قەڵەمێک کردووە ئەگینا ژیاننامەی شەهید شەهریار بە چەند لاپەڕەیەک وەسف ناکرێ.... داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی شەهید شەهریار زۆر زیاترە لەوەی ئێمە دەستمان کەوتووە.

- شەهریار ساڵح حەمید موفتی
- ناسراو بە: شەهرە

- ساڵی لەدایک بوون: ١-١٠-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای کۆیە
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی
- لە بنەماڵەی: موفتین
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووەو لە ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر بووە.
- لەشۆڕشی ئەیلوول فەرماندەی مەفرەزەی پارێزگاری تۆپخانە بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦
- سەر بە رێکخستنەکانی بزووتنەوە بووە تا ساڵی ١٩٨٣
- دواتر گەڕاوەتەوە ناو رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧
- هەر لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی مانگێک و بیست و پێنج رۆژ لەسەر پێشنیازی کاک نەوشیروان مستەفا رەوانەی شار کراوەتەوە بەمەبەستی هەندێ کاری حزب.
- لە بەرواری ١١-٨-١٩٧٩ بەشداری شەڕی قورەبەرازەی کردووە.
- ئۆرگان: لە مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٨١ لە قوەتی کۆسرەت بووە - دواتر لە قوەتی حاجی قەلا.. قوەتەکان سەربە هەرێمی (٨)ی هەولێر بوو - دواتر لە تیپی (٩٣)ی کۆسرەت بووە - پاشان بەردەوام بووە لە تیپی (٩٣) کۆیە.
- دواتر گەڕاوەتەوە ناو رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ گواسترایەتەوە تیپی (٩٣) کۆیەو دەکرێتە فەرماندەی کەرت
- لە ساڵی ١٩٨٥ دەگوازرێتەوە تیپی (٩٩)ی بیتوێن.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی ناوشاری کردووە تەنها هەندێک لەو داستان و چالاکیانە ئاماژە پێ دەدەین لەوانە: داستانی قورە بەرازە، لێدانی رەبیەکانی کۆیە، لێدان و زەبر وەشاندن چەندین جار لە مۆڵگەو بارەگاکانی حزبی بەعس لە کۆیە، لێدانی شارۆچکەی تەق تەق، رەبیەکانی نزیک خەلەکان، رەبیەکانی کانی وەتمان، لە ساڵی ١٩٨١ لە قافلەیەکی عەسکەریان دا لەنزیک گوندی تەکەوەر، لێدانی ناحیەی ئاغجەلەر، داستانی قەیوان ماوەت، دابان، شەدەڵە، شەڕی شاخی ساتر، دەروو کۆتر، گەرووی مەنجەڵ، بیرەنەوتەکانی کەرکووک، گرتنی دێگەڵە، شەڕەکانی سماقولی، شەڕەکانی کەلکە سماق، شەڕەکانی قەندیل.
- لە تەمەنی خەباتی پێشمەرگایەتی (٨) جار بریندار بووە لە (قورەبەرازە - خەلەکان - قەیوان - سماقوڵی - گەرووی مەنجەڵ - قەندیل - ئاغجەلەر - کانی وەتمان.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی فەرماندەی کەرتی (٢) بوو لە تیپی (٩٩)ی بیتوێن.
- لە ١٦-١٠-١٩٨٧ لە شەڕێکی دەستەویەخەو لێدانی قافلەیەکی سەربازی رژێم لە جادەی کانی وەتمان بەبریندار کەوتە رژێم.
- لەشەوی ٣/٤-١١-١٩٨٧ بەشەهید کراوی لە کۆپتەرەوە لەئاسمانی چوارقورنەوە فڕێ درابۆوە خوارێ ئێستاش گڵکۆی پیرۆزی لە دەڤەری رانیەیە..

### شەهید (کاوە)

# شەریف مەناف نەبی



ئەوانەی ئەوێ رۆژێ بە نهێنی لەشارەوە نامە نوشتە سیاسییەکانیان دەپێچاوە بۆ گوندو شاخە سەرکەشەکانی کوردستان بە ژمارە زۆر نەبوون، ئەوانەی ئەوێ رۆژێ لە رێکخستنە نێهێنییەکان روح و دڵ و گیانیان دەخستە مەترسیەوە بۆ نووسینی سەر دیوارەکان بە دروشمی (کەم ژیان و کەڵ ژیان) (یان بژی پێشمەرگە) یان (بروخێ سەدام و رژێمەکەی) ئەوانە خەڵکی سادەو ساکار نەبوون، ئەوانە لە رووی ئینتماو هەستی نیشتمانی زۆر جیاواز بوون، ئەوانە شانەیەک ئۆرگانێک فکرەیەک کۆی کردبوونەوە بۆ دژایەتی رژمێک کە چەندین ساڵ نەتەوەیەکی بێبەش کردبوو لە سادەترین مافەکانی مرۆڤ، رژمێک زیندەبەچاڵی کردین، ئەنفالی کردین، کیمیاباران و گوندەکانی خاپوور کردین، هەربۆیە رێکخستنە دێرینەکان بۆ هاوکاری و کارئاسانی هێزی پێشمەرگە لە ناوشار بەرنامەو پلانی ئەوتۆیان دادەنا دوژمن تووشی شۆک دەبوو، یەکێک لەو کادیرانەی هەمیشە رۆڵی ئەکتیف و بەرچاوی هەبوو هەڤاڵ (شەریف مەناف نەبی) بوو، ناوبراو لاوێکی هەست ناسک، هێمن، رووخۆش، لێزان، قسە خۆش، کادیرێک لێوان لێو لە دڵسۆزی، پاک، نهێنیپارێز، چالاک و چاپووک، شەهید شەریف بەردەوام بە خوێندنەوەو خۆرۆشنبیرکردن خەریک بوو هەمیشە وێڵ بوو بە دوای کتاب و بڵاوکراوە سیاسییەکان، بۆ خوێندنەوەی ئەوکات نامیلکەیەک پەخشنامەیەک چەندین دەستاو دەستیپێ دەکرا، لە زۆربەی چالاکی و خۆپیشاندان و بەرنامەکانی حزب دەوری کاریگەری هەبوو، شەهید شەریف لە ١٥-٨-١٩٨٣ بۆ یەکەم جار پەیوەندی بە شانەی شەهید (ستار سادق) سەربە رێکخراوی بروسک دەکات لەبەر ئازایی و بوێری و چاپووکی حزب زوو زوو دەیگواستەوە بۆ شانەو رێکخراوەکانی تر..لە بەدواداچوونی سیڤی و چالاکییەکانی شەهید شەریف بۆ ئەم نووسینە لەمەر ئازایی و چاونەترسی شەهید (شەریف مەناف نەبی) هەڤاڵێکی بە ناوی (حسام عومەر) بۆی گێرامەوە وتی: ساڵی ١٩٨٤ ئێوارەیەک لەکاتی گەڕانەوەمان لە کۆبوونەوەی شانە لەگەڵ

چەند هەڤاڵێکی ڕێکخستن لەیەکێک لە گەڕەکەکانی ناوشاری هەولێر تووشی هێزی موشتەرەکەی جاش و ئیستغبارات بووین هێزەکە سەیارەیەکی ئیڤاشیان لەگەڵ بوو ژمارەیەک چەکداری تیابوو هەموومان پۆستەرو وێنەی شەهیدانی حزب و بڵاوکراوەمان پێ بوو شەریفی ڕەحمەتی ڕوومانەیەکی پێ بوو وتمان کاکە شەریف ئێمە تازە تیاچووین و فەوتاین وتی ئێوە مەترسن خۆتان مشەوەش مەکەن ئەگەر بانگیان کردین بۆ هەویەو پشکنین من ڕوومانەکە فڕێ دەدەمە ناو ئیڤاو هێزەکە ئێوەش ڕاکەن پاشان شکور بۆ خوا هێزە موشتەرەکە سەرقاڵ بوون و بانگی ئێمەیان نەکرد....، بۆیە دەڵێم باوەڕی زۆر بە هێزبوو نەدەترساو بەردەوامیش لە هەوڵی ڕێکخستنی تازەدابوو.. دواتر لەشانەکانی ڕێکخستن ئاشکرا دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات لە ساڵی ١٩٨٧ لە هەرێمی (٧)ی قەرەچوغ لەبارەگای سماقوڵی لە سەروچاوە.. تا خۆ ئامادەکردنی ڕاپەڕین شەهید شەریف بەردەوام بوو.. ناوبراو تەسلیم بە ڕژێم نەبۆوە ئاودیوی سنووری ئێران بووە، دواتر بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کردو زۆر دڵسۆزانە لە پاککردنەوەی شاری هەولێر لە بەعسیەکان بەشداری کرد.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی نەگەیشتە تەنها بەهارێک لە ڕاپەڕینە مەزنەکە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درووود بۆ گیانی پاکی شەهید (شەریف مەناف نەبی) و سەرجەم شەهیدانی ڕزگاری کوردو کوردستان

- ناو: شەریف مەناف نەبی..
- ناسراو بە: کاوە
- سالێ لە دایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دووشیوان ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت بووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣ لە شانەی شەهید ستار سادق سەربە ڕێکخراوی بروسک ـ حزبی سۆشیالستی کوردستان.
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٧
- شوێنی پێشمەرگایەتی: هەرێمی (٧) قەرەچوغ لە سماقوڵی سەروچاوە
- ڕۆژی شەهید بوون: ٢١ـ٣ـ١٩٩١

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/٩/٣ لە ژمارە (٦٧٦٦) لە لاپەڕە (٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

### شەهید (شوانەی مام خەلیفە)

# شوان حەمەد عەزیز قادر



چل ساڵ لەومەوبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان شۆڕشی چەکداری ڕاگەیاند و مەفرزە سەرەتاییەکان لەزۆربەی ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان دەستیان بە جەولەو سەردانی دێهاتەکان کردوو ڕێکخستنەکانی ناوشاریان بەنهێنی شانە بەندی کرد، ئەگەر سەیربکەین دەبینین یەکێتی لەتەمەنی دروست بوونی سەدان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەو یەخەی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان تۆمار کردووە. یەکێک لەو داستانانەی یەکێتی و میللەتەکەمان شانازی پێوە دەکەین داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵییە کە ڕژێم هەموو هێزو توانەکانی عەسکەری لەبەرامبەر هێزی یەکێتی تاقی کردەوە، بەڵام دوژمن بەو هەموو هەلیکۆپتەرو تۆپ و دەبابەو هێزو جەیشە نەیتوانی ورەی پۆڵاینی هێزی پێشمەرگە بشکێنێ، بەڵام وێڕای ئەوەی دوژمن بە سەدان کوژراوی هەبوو شکستێکی گەورەی بەرامبەر یەکێتی هێنا، ئەم داستانەش بەخوێنی چەند پێشمەرگەیەک تۆمار کرا لەوانە (شوان حەمەد عەزیز) ناسراوە بە شوانەی مام خەلیفە. ناوبراو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ ڕێبازی مام تێکۆشاون. کاکە شوان تەمەنی تەنها ٢٠ بەهاربوو شەیدای کوردستان و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بوو، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ بووە یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی کەرتی (٤)ی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر لیوا (شەفیق چاوشین) پێشمەرگەی دێرین و فەرماندە لە داستانی (سماقوڵی) وتی: بێ گومان داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی تەنها گێڕانەوەی بەدەم خۆشە ئەگینا زۆر خۆڕاگرو ئازا نەبووای مانەوەت ئاسان نەبوو، من دەڵێم ئەوانەی بەشداریان تێدا کردووە دەزانن ئەم داستانە چەند قورس وسەخت و دژوار بووە، چونکە دوژمن لە چەندین قۆل و میحوەرەوە بە گەورەترین چەک و هەلیکۆپتەرو تۆپەوە بۆماوەی (١١) ڕۆژ بەردەوام بوو، لەم داستانە ڕژێم گەورەترین خەسارەتی گیانی و مادی دا کەچی ورەی پۆڵاینی هێزی پێشمەرگە باڵانسەکەی هەر لەبەرزبوونەوەدا بوو، داستانی سماقوڵی بەخوێنی چەندین شەهید نەخشێندرا، لەم

داستانە من فەرماندەی قۆپێک بووم (٢١) پێشمەرگەم لەلابوو (٣) شەهیدبوون (شوان مام خەلیفە، جەنگی پیرداود باغەمرەیی، ئازاد) وە (٩) پێشمەرگەش بریندابوون دەربارەی شەهید (شوان حەمەد عەزیز) باداوەیی هەتا بڵێی لاوێکی قسە خۆش و بێ ئاریشە بوو- ئازاو خۆڕاگرو دڵسۆز بوو، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتی من زۆر لە ئەدای رازی بووم. بەمانای وشە پێشمەرگەیەکی خاکی خۆنەویست بوو... بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها ساڵێک و حەوت مانگ بوو لە داستانی (١١) رۆژەی سماقوڵی بەنەباوێ ـ قۆپی سووسێ لە ١٦ـ٩ـ١٩٨٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درووود بۆ گیانت ئەی قارەمانەکەی شاری هەولێر.

ـ ناوی تەواو: شوان حەمەد عەزیز قادر

ـ ناسراو بە: شوانەی مام خەلیفە

ـ تەمەن: ١٩٦٦

ـ شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر

ـ عەشیرەت: شێخ بزێنی

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٤

ـ لەرێگای ئازاد سەعید دیبەگەیی رێکخراوە بۆ رێکخستن.

ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١ـ٢ـ١٩٨٦

ـ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٤)

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

ـ جگە لە خۆی برایەکی شەهیدە بەناوی (ئەنوەر)

ـ شەهید لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی هەولێر بەشداری کردووە.

ـ رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوونی: ١٦ـ٩ـ١٩٨٧

ـ شوێنی شەهید بوون: شەڕی سماقوڵی ـ بەنەباوێ ـ قۆپی سووسێ

شەهید (رابەر)

# شێخە فەتاح شێخ حارس



شەهید (شێخە فەتاح) ناسراو بە رابەر رواندزی هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری کەسێکی هێمن و لەسەرخۆو روح سووک بووە، بەهۆی راستگۆیی و خۆنەویستیەوە هەمیشە لای دەوروبەری راو بۆچوونەکانی بەهەند وەردەگیرا، پاش تەواوکردنی خوێندن تێکەڵ بەکاری رێکخستن و سیاسەت بوو بەو هۆیەشەوە پەرۆش بوو بۆ خوێندنەوەو بەدواداچوونی بابەتە فکری و سیاسییەکانی ئەوێ رۆژێ، لەبەرئەوەی بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتەوە ئەرکی سەرشانی بۆ رێکخستنەکان تەرخان کردبوو، لاوێکی کاراو بەئەمەک بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەلایەن رژێمەوە بۆماوەی (١) ساڵ دەستگیرکرا لە هەیئەی خاسەی کەرکووک زۆرترین ئەشکەنجەو ئازار درا، بەڵام هیچ دانپێدانانێکی نەبوو ناوی هیچ لەهاوڕێیانی رێکخستنی نەدرکاند لە ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کرا... لە ساڵی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی رێکخستنی ئەوکاتی (رواندز) لە قۆناغی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆر بینی، بەڵام ورەو متمانەی بە شۆڕش و کوردایەتی خۆڕاگربوو وەک چیای هەڵەموند. ماوەتەوە بڵێین شەهید (رابەر رواندزی) عەدەد جێهازێکی کارامەو لێهاتوو شارەزابوو هەربۆیە ماوەیەکی باش لە تیپی (١٢)ی سۆران ماوەتەوە، لە کۆتا قۆناغ کراوەتە عەدەد جیهازی لۆکاڵی رەتلی پارتیزانەکانی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، بەڵام بەداخەوە لە رزگارکردنی شاری کەرکووکی قودسی کوردستان لە ٢٠-٣-١٩٩١ شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

- شەهید: شێخە فەتاح شێخ حارس
- نازناو: رابەر
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: رواندز
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی هەولێر

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: فاتیمە عەبدوڵڵا ئیبراهیم
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هانا ـ لانا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- لە ساڵی١٩٨١تا ١٩٨٢ زیندانی بووە لە هەئیەی خاسەی کەرکووک
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: سەرەتا لە کەرتی ڕێکخستنی (ڕواندز) بۆتە پێشمەرگە
- دواتر وەک عەدەد جیهاز گواسترایەتەوە تیپی (١٢)ی سۆران تا ساڵی ١٩٨٨
- لەبەر دڵسۆزی و کارامەیی کرایە عەدەد جیهازی بەرەی کوردستانی کەبارەگایان لە (ڕاژان) بوو.
- بەهۆی جفرەیەکی تایبەتەوە سەرپەرشتی جیهازی راکاڵی رەتلە پارتیزانەکانی ڕاپەڕینی کردووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی مەزنی ساڵی ١٩٩١ دەکات.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠ـ٣ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: کەرکووک
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٤/٥ لە ژمارە (٧٢٣٣) لە لاپەڕە (١٨)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە

## شەهید (شێخۆ)

# شێخە ئیسماعیل ئەحمەد شێخە



سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکجار زۆرن، شانازییەکانی یەکێتی بە ئەژمار نایەن، دەستکەوت و بەرهەمەکانی یەکێتی بۆ کوردو کوردستان جێگای دڵخۆشین، ئەوەی بۆتە سمبول و رەمزی کوردایەتی شەهیدانی یەکێتییە، خوێنی شەهیدانی یەکێتی درێژەپێدەری خەبات و مانەوەیەتی، وەک مام فەرموویەتی یەکێتی حزبی شەهیدانە، منیش دەڵێم یەکێتی بوون شانازییە شەهیدبوونیش لەناو یەکێتی لەپێناو یەکێتی سەربڵندیە.. کەم حزب هەیە وەک یەکێتی سەرکردەو فەرماندەو کادیری پێشکەوتووی لە سەنگەری بەرگری شەهید کرابێت لەپێناو خاک، بۆ دۆست و دوژمن ئاشکرابووە پێشمەرگەو ئەفسەرەکانی یەکێتی لە سەنگەری بەرگری و هێرش بردن جێگای متمانەن و پێشمەرگەی یەکێتی لە کوێ بێت سەرکەوتن و متمانەی ئازادی لەوێیە.. هەولێرو هەولێرییەکان لەناو یەکێتی پشکی شێریان لە شەهید کردن بەردەکەوێ و بوونەتە جێگای شانازی و خۆبەختکەر لەپێناو ئەو خاکەی نزیکەی سەدەیەکە دوژمنانی کورد لەم عێراقە ببووە ژێر دەستەو غەدر لێکراو، بۆ رزگاری بست بەبستی ئەم کوردستانە کام شاخ کام دۆڵ کام شارو شارۆچکەو لادێ و کۆڵان هەیە یەکێتی چالاکی و داستان و سەروەری لێ تۆمار نەکردووەو شەهیدی لێ نەداوە، بۆ کەرکووکی قودسی کوردان زۆردەمێکە پەرۆشە، کۆششی بۆ داوە، تا ئازاد کردنی لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام پلان و بەرنامەی بۆی هەبووە، بەردەوام یەکێتی خەمی گەورەی کەرکووکییەکان بوو بۆ ئەم ئازادیەش خوێنی پێشمەرگەکانی یەکێتی و هەولێرییەکان تێکەڵ بە خاک و هەوای کەرکووک بوو یەکێک لەو شەهیدانەی پرۆسەی ئازادی شەهید (شێخە ئیسماعیل ئەحمەد) بوو ناوبراو لە خانەوادەیەکی هەژارو نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی گوندی باشتەپەی ناحیەی قوشتەپەن،

گوندی باشتەپە لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شەهیدی سەرکردە (شاخەوان عەباس) و دەیان فەرماندەی عەسکەری پێشمەرگەی ئازای گۆش و پەروەردە کردووە، شەهیدی ئەفسەر(کاکە شێخە) لەتەمەنی لاوی تێکەڵ بە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بوو، زۆر ئازایانە ڕۆڵ و پێگەی دیار بووە لە خەبات و تێکۆشان بەتایبەتی لە کەتیبەی تۆپخانە ئەکادیمیانە ڕۆڵی خۆی مەیسەر دەکرد، بەڵام بە داخەوە لە پرۆسەی ئازادی لە ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی (نەقیب شێخە) و سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردو کوردستان..

- ناوی تەواو: شێخە ئیسماعیل ئەحمەد شێخە
- ناسراو بە: شێخۆ
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- عەشیرەتی: شێخ مەمودی
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی باشتەپە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر..
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە ١٩٨٧

شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

بەرپرسی ئەوکاتی (شەهید محەمەد شینە) بووە

- دوو جار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە
- دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە کەتیبەی تۆپخانە لە فەرماندەی گشتی بە (پلەی نەقیب).

ئاستی خوێندن: تا چوارەمی ئامادەیی خوێندووە.

- دەرچووی کۆلیژی قەڵاچۆلان بوو

باری خێزانی: خێزانداربووە و خاوەنی (٣) منداڵی چاوگەش بووە بە ناوەکانی (دیاکۆ- زمناکۆ - شاهۆ).

- بەشداری دەیان شەڕو چالاکی سنووری مەڵبەندی ٣ی ئەوکاتی کردووە.. لە ڕاپەڕین بەشدارییەکی کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان و زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ساڵی شەهید بوون: ٢٨-٩-٢٠٠٣
- شوێنی شەهید بوون: شاری کەرکووک
- برایەکی تری بە ناوی (فەرهاد) لە ئازادکردنەوەی هەولێر لە ساڵی ١٩٩١ شەهید بووە.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٢/٨ لە ژمارە (٦٨٤٢) لە لاپەڕە (٩)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (شێرۆ)

# شێرزاد ڕەسول محەمەد وەسمان




لە ٧ـ٣ـ١٩٨٥ ڕژێمی بەغدا بەهێزێکی زۆری سەربازی و جاشی سنوورەکەو بە پشتیوانی چەندین هەلیکۆپتەر، هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کردە ئامانج لە گوندەکانی (ئازیانەو قەشقە). لەم دوو نەبەردیە هێزەکانی پێشمەرگە بەرگری و شەڕێکی دەستەویەخەیان کرد، ئەو ژمارە کەمەی هێزی پێشمەرگە بە بەراورد لەگەڵ ئەو هێزە زۆرەی سەربازو جاش و هێزە تایبەتییەکان و فڕۆکە جەنگییەکان زۆر نابەرامبەر بوون. کەچی پێشمەرگە بەور ئاسا هێرشەکانیان تێک شکاند.. ئەوەی مەبەستمە بڵێم لەم دوو نەبەردیە لە گوندی ئازیانە هەڤاڵان (باقی بارزانی و موحسین حەمەد ساڵح ئیلنجاغی) و چەند هاووڵاتیەکی گوندەکە شەهید بوون. لە گوندی قەشقە چەند هەڤاڵێک شەهید بوون لەوانە (لاوکۆ کەریم قولتەپەیی، ڕەمەزان حەمەد عەلی قەیباشی، شێرزاد ڕەسول محەمەد قورشاغلوی) شەهید شێرزاد گەنجێکی تەمەن (١٥) ساڵی بوو ماوەی چەند مانگێک هاتبوو ببووە پێشمەرگە، گەنجێکی بێ دەنگ و بەرەوشت و گوێڕایەڵ بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی نەگەیشتە ساڵێک و لەم نەبەردیە بەدیل گیراو ساڵی ١٩٨٦ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب لە سێدارە درا... درووود لە گیانت ئەی پێشمەرگەو خەباتکاری نیشتمان.

- ناوی تەواو: شێرزاد ڕەسول محەمەد وەسمان
- ناسراو بە: شێرۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٧٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قورشاغلو ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: ئورمزیار

- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٥) واتە کەرتی تیپ
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە شەڕێکی سەخت و دژوار لە گوندی قەشقە لەگەڵ بەعسیەکان لە ٧ـ٣ـ١٩٨٥ بەدیل دەگیرێ
- لە ساڵی ١٩٨٦ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت.

شەهید ( ئازادە خڕە)

# شێرزاد ساڵح حەسەن حەمەدەمین




ئەو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر هاتۆتە دنیاوە بەدڵسۆزیش بۆ ماوەی (٣) ساڵ کاری ڕێکخستنی لەناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنهێنی ئەنجام داوە، زۆرترین بەرنامەڕێژی بۆ کاروبارەکانی ڕێکخستن مەیسەر کردووە، لەکاتی پێشمەرگایەتیش پێشمەرگەیەکی قارەمان و بەهیمەت بووە.. پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید ئازادە خڕە هەڤاڵ (حەمە سدیق هیرانی) وتی: شەهید شێرزاد ناسراو بە ئازادە خڕە کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو لەناو خەڵک، گەنجێکی کراوە بوو لە رووی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، کوڕێکی چاونەترس و بوێر بوو هەستێکی ژیرانەی هەبوو لەناو هاوڕێکانی، هەستێکی شۆڕشگێڕی هەبوو بەردەوام باسی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی دەکرد. مهامی پێشمەرگەی بۆ هاوتەمەنەکانی ڕون دەکردەوە بەحکومی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردبوو، بەحەقیقەت گەنجێکی چاوکراوە بوو هەستی کوردانەی لەناخدا وەک کڵپەی ئاگر بەرز دەبۆوە لەناخیدا هەڵدەقوڵا و باسی کوردایەتی بەحەماس بۆ دەکردن. لە پێشمەرگایەتیش ڕۆڵ و پێگەی لە ئازایەتی و خۆڕاگری دیاربوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو لە ئێوارەی ٧/٨ـ٦ـ١٩٨٨ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: شێرزاد ساڵح حەسەن حەمەدەمین
- ناسراو بە: ئازادە خڕە
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: هیران

- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگایەتی: ١٩٨٦ لە کەرتی (١) تیپی (٩١)ی سەفین
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوورەکەی کردووە لەوانە: داستانی رزگاری، داستانی سەری ڕەش، گرتنی ڕەبیەکانی مەسیف، گرتنی ڕەبیەکانی گردی جاسوسان، شەڕەکانی پونگینەو ئاقوبان، چەندین شەڕی تر.
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- یەک جار بریندار بووە لە سەری ڕەش
- ساڵ و مانگ و ڕۆژی شەهید بوون: ئێوارەی ٧/٨ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قۆپی جوانەگا

## شەهید (حاکم شێرزاد)

# شێرزاد عوسمان عەلی




بیرکردنەوەو روانینی هزرو فکری حزبی شەهیدان ئامانجە گشتییەکەی خزمەت کردنە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئامانجە بۆ جێبەجێ کردنی سەرجەم یاساو برگەو مادەکانی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی سڤیل، ئامانجە گشتیەکانی (ی.ن.ک) تا ئەو شوێنە بڕ دەکات و خۆی بەخاوەن دەزانی لەبەرژەوەندی تاک بەتاکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت. بیرکردنەوەو ئاراستەکانی کارکردنی کادیرانیشی رەنگدانەوەی پەیرەو و پرۆگرامەکەیەتی بێ جیاوازی. یەکێک لەو کادیرانەی هەمیشە بە عەقڵێکی کراوەو دونیا بینینێکی جوان کاری حزبی دەکرد شەهید حاکم (شێرزاد) بوو. ناوبراو لەتەمەنێکی کەم تێکەڵ بەکاری سیاسی و رێکخراوەیی بوو، لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناوبراو پەیوەندی کردو لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەر لەو مەیدانە بەپاکی و خاکیانە، بەمەردی و دەروێشانە ئەسپی خۆیان لەمەیدانەکە تاودا. حاکم شێرزاد کوردانە بیری دەکردەوەو خزمەتێکی جوانی تاکی کوردی دەکرد، بۆیە نەیارانی کورد بە رەشی سەیریان دەکرد، هەرچەند لەسەر شەهید حاکم شێرزاد بنووسی لەرووی کۆمەڵایەتی ـ چاونەترسی، جەماوەری، ئیدارەدان، دڵسۆزی، پاکی، خاکی بوون، ناتوانین حەقی خۆی پێ بدەین. هاوڕێی شەهید (بەکر ئەحمەد یەعقوب) لێپرسراوی پێشووی مەڵبەندی (٢٠)ی مەخموور وتی: حاکم شێرزاد زۆر لەمن نزیک بوو هەم وەکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەم وەکو پەیوەندی حزبی، بەراستی ئەو کادیرێکی جیاواز بوو لەهەموو کادیرەکانی ناو رێکخستنە نهێنیەکان، چونکە هەم وەک بیرکردنەوەی فکری و وەکو کارو چالاکییەکانی، دوای پەیوەندی کردنی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەهەمان شێوەی رابردووی بەردەوام بوو. هەر لەبەر دڵسۆزی و خەمخۆری چالاکییەکانی بوو شەهیدیان کرد، ئەو پیاوێکی چاونەترس و بەهەیبەت بوو، بەهەر نرخێک بووایە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی جێبەجێ دەکرد،

جێ چاوی تێدا بوو، بەڵام دوژمنانی راستی و رەوایی کۆمەڵایەتی شەهیدیان بە کۆسپ دەزانی لەبەردەم بەرنامەکانیان بۆیە شەهیدیان کرد، هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانی پاکت هاورێی هەمیشە لەیاد. هەر ئەوەندە دەڵێین روحت شاد ـ بکوژانت شەرمەزار، ئەی شەهیدی خەڵک وخاک...

- ناو: شێرزاد عوسمان عەلی
- ناسراو بە: حاکم شێرزاد
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سۆربەش، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی یاساو رامیاری لە بەغدا
- عەشیرەت: مەموندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: جوان حەسەن ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رەنجدەر، رێبەند، رەوەز، هاورێ
- ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی دەکات بە رێزەکانی (پ.د.ک)
- ساڵی ١٩٧٢ دەکرێتە بەرپرسی لێژنەی قوتابیان لە قوتابخانەی (قەندیل)
- لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٧٧ لەرێکخستن لەخەتی رێکخستنی شەهید جەمیل رەنجبەر کاردەکات کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوونە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ پاش ئاشکرابوونی پەیوەندی بە شاخ دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە دۆڵی خۆشناوەتی.
- لە ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی سنووری ئێران دەبێت.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەسەر بریاری سەرکردایەتی رەوانەی شار کراوەتەوە بۆ کاروباری حزب.
- لە ساڵی ١٩٩١ دەکرێتە لێپرسراوی کۆمیتە.
- دەستەی دامەزرێنەری مافی مرۆڤ بووە لە کوردستان.
- ئەندامی کۆنفرانسی (٢)ی یەکێتی بوە
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢١/٢٢ـ١١ـ١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوونی: هەولێر

شەهید (مامۆستا شێرزاد)

# شێرزاد ئیبراهیم جوکل ئیبراهیم ئەفەندی



سەیرکەن ئەوێ رۆژێ لەشاخ یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێبازەکەی، فەلسەفەو ئایدیاو دروشمەکانی سەدان گەنجی رۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەو کاسب و شوان و دەربەگ و فەرمانبەری لەئامێز گرتبوو، هەر لە زاخۆ تا خانەقین خۆی بەشەهید کردن دەدا تا خاک ئاسوودەبێت، دوژمن لە مەراقە تووشی شۆک بێت، نەیاران و دوژمنانی یەکێتی چاویان کوێر بێت، ئەمە یەکێتی نیشتمانی بوو دوژمن لێی تۆقیبوو، دوژمن قەیسەری لێ ببووە کونە مشک. گەورەیی یەکێتی لەمەدابوو سەرکردایەتی تاخوارو سادەو ساکاروخاکی بوون، قوەت و هێزی یەکێتی لەمەدابوو یەک دەنگ ویەک رەنگ و هاورابوون بۆ یەکرِیزی گەلەکەمان و ئازادی و ئازادی رادەربڕین، باس کردن لە شەهیدانی هەولێر باس کردنە لە دونیایەک وەفا بۆ ئینتماو خۆشەویستی بەرامبەر یەکێتی، ئەوەتا شەهید (شێرزاد ئیبراهیم جوکل) لە بناری قەرەچوغەوە بەوپەڕی هەست کردن و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر نیشتمان بۆتە پێشمەرگەو چەکی شەرەفمەندی لەشان کردو بووە پێشمەرگەیەکی ئازاو بە دیسپلین و بەئەمەک بۆ شۆڕش و کوردایەتی.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ٨ـ٥ـ١٩٨٧ لە بۆردومانی فرۆکەکانی سەدامی خوێن مژ شەهید بوولە گوندی چاڵاوەی دۆڵی جافایەتی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

- شێرزاد ئیبراهیم جوکل ئیبراهیم ئەفەندی
- ناسراو بە: مامۆستا شێرزاد
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ناسر، بناری قەرەچوغ، ناوچەی کەندێناوە، قەزای مەخموور
- عەشیرەت: دزەیی

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ٣ی ناوەندی و قوتابی چوارەمی ئامادەیی بوو.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: سەرەتا لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە
- دواتر گواسترایتەوە تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (٥) کە شەهید عومەر عەوێنە فەرماندەی کەرت بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی ناوشاری کردووە چ لەسەردەمی کاری نهێنی چ لەکاتی پێشمەرگایەتی.
- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە..
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨ـ٥ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چالاوەی دۆڵی جافاتی
- بە بوردومانی فرۆکە شەهید بووە.

## شەهید (شێرکۆ سیان)

# شێرکۆ حەمەدەمین ئۆمەر حەسەن





هەندێک داستان و نەبەردی لەهزرو بیری مرۆڤی ناوچەکە وا بەئاسانی بیر ناچنەوە، ئەگەر سەیری داستانەگەورەکانی یەکێتی بکەین لە مێژووی شۆڕشی نوێ ئەوا باسکردنیان چەندین پەرتووکی گەورە لە ئامێزدەگرێ، بەڵام ئەمەی من دەمەوێ باسی لێوە بکەم نەبەردیەکە کەماوەی (١٠) سەعاتی خایاندووە لە گوندی (ئیلنجاغی سەربەناحیەی تەق تەق)ـە بەهۆی قارەمانیەتی و شۆڕشگێڕی پێشمەرگەو هێزی بەرگری گوندەکە تۆمار کراوەو دوژمن زەرەروزیانێکی گەورەی گیانی و مادی بەرکەوت، هێزەکانی دوژمن شۆک ببوون لەبەرامبەر ئەو بەرگریە بەهێزە کە پێشمەرگە دەیکەن، بەڵام بەداخەوە ئەم داستانە بەخوێنی شەهیدی فەرماندە (خارە یوسف) و شەش پێشمەرگەو ژمارەیەک هاووڵاتی سڤیلی گوندی ئیلنجاغ تۆمارکراو تاوەکو ئێستا ئەم داستانە لە مێشکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە دەخولێتەوە... یەکێک لەو شەهیدانە (شێرکۆ حەمەدەمین سیان)ـە ناوبراو پێشمەرگەیەکی وریاو چالاک و بەدیقەت بوو، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو، شان بەشانی شەهید خارە یوسف بەرگری لە گوندی ئیلنجاغ دەکرد، بەڵام بەداخەوە لەم داستانە لە ٢٢ـ١٠ـ١٩٨٦ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.... درووود لە گیانت ئەی پێشمەرگەی شاخ.........

- ناوی تەواو: شێرکۆ حەمەدەمین ئۆمەر حەسەن
- ناسراو بە: شێرکۆ سیان
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: سیان

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٤
- ئۆرگان: ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) کە ئەوکات شەهید خارە یوسف فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنووری دەشتی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و چالاکی و نەبەردی کردووەو دەوری کاریگەری هەبووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٢-١٠-١٩٨٦
- شوێنی شەهیدبوون: گوندی ئیلنجاغ تەق تەق قەزای کۆیە

### شەهید (شێرۆ مەخمووری)

# شێروان عەبدوڵڵا ئەمین ئەحمەد



خانەوادەیەک دڵسۆز بۆ کوردایەتی، خانەوادەیەک لێوان لێو لە یەکێتی بوون، ئەوان لەسەر پێشمەرگایەتی و نیشتمانی سوتماک هەورازو نشێوی زۆریان بینی، ئەوان هەوڵ و کۆشش و خەباتیان لەدژی بەعسییەکان بەردەوام بوو بێ ئەوەی سڵ لە گیران و شەهید بوون بکەنەوە. ئەم خانەوادە مەخمووررییە نەوەکانیان قەیسەریان لە موختارو پیاوانی رژێم کردبووە کونە مشک، ئەویش خانەوادەی شەهید (شێروان عەبدوڵڵا ئەمین ئەحمەد) ناسراو بە شێرۆ مەخمووری. ناوبراو لەسەرەتای تەمەنی لاوی تێکەڵ بەکاری رێکخستنی نهێنی و دواتر پەیوەندی کرد بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەمیشە لە گرتنی رەبیە و مۆڵگەکانی رژێم لە پێشەوەی پێشەوە بوو، لە چالاکی ناوشاریش بەور ئاسا بەعسییەکانی بەرەو مەرگ و کۆتایی بەژیانیان دەهێنا. ئەو هەرگیز بڕیارو رێنماییەکانی سەرووی خۆی پێشێل نەکردووە، بەڵکو پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و ئازاو مەردبووە هەرگیز بەقەرز لەکەس نەترساوە بەڵکو شێرانە حەقی لەوکەسانە دەکردەوە بەخراپی سەیری منداڵێکی کوردیان بکردبایە. لەپێش ڕاپەرین و لەتیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەکەرتی (٢) بەیەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی ئەم سنوورە دادەنرا... لە دوای ڕاپەرینش وەک فەرماندەیەکی سەربازی رۆڵ و جێدەستی دیاربوو لە پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان... بەڵام بەداخەوە لەشەڕێکی داسەپاو بەسەر یەکێتی لە رێکەوتی ٢١/٢٢ـ٢ـ١٩٩٥ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران درود بۆ گیانی پاکی شەهید شێرۆ مەخمووری و تێکڕای شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: شێروان عەبدوڵڵا ئەمین ئەحمەد
- ناسراو بە: شێرۆ مەخمووری

ـ ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٨
ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی خورمەڵە
ـ عەشیرەت: ئۆمەر بل
ـ ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ ناوی هاوسەری شەهید: لەیلێ رەشید مستەفا
ـ ناوی منداڵەکان: رەوەز رێباز
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن:سەرەتای ساڵی ١٩٨٥
ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٧
ـ ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢) کە ئەوکات نوری قادر فەرماندەی کەرت بووە لەم تیپە
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ و سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لەگەڵ ئەو چالاکیانەی ئەوێ رۆژێی ناوشاری هەولێر.
ـ لەخەباتی پێشمەرگایەتی زیاترلە سێ جار بریندار بووە
ـ لە راپەرین بەشداری کاریگەرو جێ دەستی دیاربووە لە رزگارکردنی شاری هەولێرو دەوروبەری.
ـ ماوەیەک لە هێزی ئامادە ئازایانە ئەرکەکانی جێبەجێ کردووە کە ئەوکات هەڤاڵ ئاسۆ مامەند بەرپرسی ئەم هێزە بووە.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١/٢٢ـ٢ـ١٩٩٥
ـ شوێنی شەهید بوون: پیررەش نزیک هەولێر

## شەهید (شیوان مەغدید)

# شێروان مەغدید قادر مەولود



بەدرێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، کورد پێشمەرگەیەکی زۆرمان لە ئەنجامی لێک تێنەگەیشتن و هەندێ جیابوونەوەو (ڕای جیاواز) بوونەتە قوربانی، زۆر جاریش نەیارانی کورد بە پیلان و بەرنامەرێژی بۆ درز خستنە نێو هێزی پێشمەرگە کاری وایان ئەنجام داوە گومان لەیەکتری بکەین، ئەو شەهیدەی دەمانەوێ تیشکی بخەینەسەر ژیاننامەکەی یەکێکە لەو قوربانیانەی لە ئەنجامی لێک تێکنەگەیشتن شەهید بووە، بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (موحسین عوسمان) فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید شێروان مەغدید کوڕە هەژارێکی ناوچەی شەمامک بوو، هەتا بڵێی کەم دوو، ڕەوشت بەرزو شەرم بەخۆوبوو، پێشمەرگەیەکی دێرین و ئازاو دلێرو بەئەمەک بوو. سڵی لەمردن نەدەکردەوە پێشمەرگەیەک بەمانای وشە پێشمەرگە زۆر خاسیەت و سیفەتی جوانی تیابوو، ئەم قارەمانە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو نیشتمانپەروەر گۆش کرابوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لەدوای ڕاپەرین ئێمە بارەگامان لە یاریگای دیانای حزبی سۆشیالستی کوردستان بوو، بەیانی بوو دەنگی تەقەیەکی زۆر هات کە چووینە دەرەوە (٣) کەس لەسەر جادەکە تەقەیان لێ کرابوو یەکیان لەسەردەم کەوتبوو، دوانەکەی تر بەلاکەوتبوون یەکیان شەهید شێروان بوو. بەپەلە ئەوانمان گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام بەداخەوە هەرسێکیان تەواو ببوون.ڕوو ڕەشی بۆ پیلانگێران و لەت کردنی هێزی پێشمەرگە. پێشمەرگەو هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید شێروان (مام ئاراس) لە کۆمێنتێک نووسیبووی: شەهید شێروان تا بڵێی بە ئەخلاق و خاوەن هەڵوێست و چاونەترس بوو هەمیشە ورە بەرزو بوو، لە کاتێک دەچووین بۆ چالاکی دایم ورەی بە هەڤاڵانی دەبەخشی، هەموو کات لە هەڵمەت بردن لە پێشەوەی هەڤاڵەکانی بوو، زۆرجار ڕووبەرووی مەرگ بۆتەوە، بەڵام قەت سڵی لێنەدەکردەوە بیرەوەریم زۆرە لەگەڵ هەردوو برای شەهید. لەکاتی شەڕەکانی مەڵبەندی سێ من و شەهید شێروان بە بڕیاری شەهید دکتۆر ڕەشید لە بەستی شەرغە

مابووینەوە لەوکاتە خەڵک زۆر دەچوونەوە هەندێک کەس خەڵکیان شەهید دەکرد بۆیە دەبوو بزانی لەگەڵ کێ هەڵسووکەوت دەکەی ئەوە بوو من و شێروان لەگەڵ شەهید دەهام و ئەنوەر عەزیز باوەو ماموستا تەحسین و موحسینی برای لە قوتابخانەکەی بەلەبان بووین شەهید دەهام گوتی ئەوە (دەولەت) تەسەلیم بۆتەوە ئێرە بەکەلک نەما بڕیاریان دا بە چەند مەفرەزەیەکی بچووک خۆمان بزرکەین شەهید دەهام گوتی کاک شێروان لەگەڵ مام ئاراس و غەفوور قۆریتانی و ئەنوەرو رزگاری ئامۆزام بەیەکەوە دەبین ئێوارە کە بەرێکەوتین بۆ شەمامک بڕۆین لەسەر جادەی کەرکووک کەوتینە کەمین کاک دەهام باوە شەهید بوو جەنازەکەی لە بەینی ئێمە و جاشەکان بوو شەهید شێروان گوتی دەبێ ئەم جەنازەیە ببەینەوە بەهەر نرخێک بێت هێنامانەوە مەبەستم تەنها هەڵوێستی شێروانە، شەهید شێروان زۆر خاسیەت و رەوشتی جوانی هەبوو بەتایبەتی هاوڕێیەتی و وەفاو ئەمەکداری زۆربوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو. روحت شاد هەمیشە لە دڵمانی لە یاد ناکرێن، ئارامگەیان ئاسوودە بێت..

- ناوی تەواو: شێروان مەغدید قادر مەولود
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایک بوون: پیرداود - شەمامک
- عەشیرەت: شوانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ساڵی ١٩٧٨
- ناوی ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆشیالیست
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێری سۆسیالیست
- لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن ئەمنی قوشتەپە گیراو دواتر رەوانەی ئەمنی هەولێر کراو پاشان رەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکووک ماوەی شەش مانگ دەستگیر کراو بەهۆی لێهاتوویی و خۆڕاگری خۆی ئیعترافی نەکرد تا ئازادکرا.
- سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

لە زۆربەی چالاکییەکانی ناوشاری هەولێر بەژداری کردووە ئەو شەڕانەی بەژداری تیاکردووە: شەڕی خەبیران لە بەستی شەرغە، بەژداری شەڕی ڕژێمی ئێرانی کردووە لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیموکرات، شەڕی داستانی ترپە سپیان دەورێکی کاریگەری هەبووە عەدەد بیکەیسی بووە لەو شەڕەدا کە بە قیادەیی شەهید دکتۆر ڕەشیدی برای بووە، شەڕی گرتنەوەی سەری ڕەش شەڕی سماقوڵی، شەڕی ڕەبییەکانی ساقییە، شەڕی دێدەوان، شەڕی دارەتوو، شەڕی تەرجان، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناقیلەی ڕژێم، شەڕەکانی قۆپکی جوانەگاو، شەڕی دۆڵی بالیسان و گوندەکانی بێراوەو مێرگەسەر شەڕی قەندیل و کونە کۆترو گۆمی کرمە سوران شەڕی چیای هەڵەموند، دۆڵی ساوسێوکان، شەڕی بەنەباوی لەتۆڵەی هەڵەبجە بەژداری هێرشەکەی بۆسەر مەچلوبە کرد.

لە ساڵی ١٩٨٧ هاتنە نێو ڕێزەکانی یەکێتی لەگەڵ شەهید دکتۆر ڕەشید لەو ساتەوە لەهەموو شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی سێ بەشداری کردووە لەزاری هاورێ و هاوسەنگەروو تێکۆشەرانی گەلەکەمانەوە

بەردەوام بە پێیەوە بەڕاوەستان شەڕی کردووە بەرامبەر بە دوژمن بەشاهێدی هەموو لایەک هیچ کاتێک باکی نە بە دوژمن وە نە بە شەهید بوون نەبووە.

- ناوبراو دووجار بریندار بووە جارێک لە گوندی ئاومار بەهۆی بۆردومانکردنی فڕۆکەکانی ڕژێم بەعس جارێکی تریان لە شەڕی بەنەباوی لە سنووری شەڕەکانی مەڵبەندی سێ

- باوک و دایک و خوشکێکی شەهید شێروان لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێن و لەدائیرەی ئەمن تا ئەوکاتەی سەدام حسن لێبووردنی گشتی دەردەکات و ئەوکات ئازاد دەکرێن

- پێش ڕاپەڕین لەنێو بزووتنەوەی سۆسیالیست فەرماندەی مەفرەزەبوو

دواپلە لەپێش ڕاپەڕین: جێگر کەرت بوو لەنێو یەکێتی لە کەرتی (٢)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١-٤-١٩٩١

شوێنی شەهید بوون: دیانە - سۆران

## شەهید (خاڵە سیسۆ)

# شیس عەزیز مەعروف خدر



ئەوانەی رۆژگاریک لەقۆناغی شۆڕشی نوێ بڕیاریاندا بەرخودان بکەن و کوردایەتی بکەنە ئامانج بۆگەیشتن بەئازادی و دەرچوون لە ژێرسایەی رژێمێکی فاشی وەکو بەغدا بڕیارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو قوربانی و هیلاکی و خوێن بەخشینی دەویست.ئەوانەی ئەوێ رۆژێ خۆشی و رەفاهیەتی شاریان بەلانا بۆ ئەوەی بە دوژمنەکەیان بڵێن ئێمەش هەین و چیتر زولم و ستەم قابیلی قبوڵ نییە بۆ ئەوێ رۆژێ زۆر نەبوون، یەکێک لەو خانەوادانەی سنووری رواندز کە هەموو تەمەنیان بەخشی بە کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، خانەوادەی شەهید خاڵە سیسۆ بوو وێڕای ئەوەی فەرماندەیەکی تێکۆشەرو خاکی و بەئەمەک بوو بۆ خاک، جوامێرێکی خۆنەویستی سنوورەکەش بووە.هەڤاڵ (بێباک رواندزی) کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران دەربارەی شەهید (خاڵە سیسۆ) وتی: دیارە بۆ من وەک هاوڕێیەک و هاوسەنگەرێکی شەهید کە زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ شەهید (خاڵە سیسۆ) ئاشنایەتیم هەبوو، بۆ من هەم مایەی شانازی و هەم جێگای داخیشە کە بتوانم باس لە ژیانی ئەم پیاوە قارەمانە بکەم، شەهید خاڵە سیسۆ ئەستێرەیەکی تری ئاسمانی بنەماڵەکەی و ر ێبوارێکی تری کوردایەتی و رێبازی پیرۆزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. ناوبراو وێڕایی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی و زۆر بەدڵسۆزی و نموونەی ئازایەتی و لە خۆبوردەیی بوو، لەنێو هەڤاڵەکانی زۆر خۆشەویست و بەرێز بوو، شەهید جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی وەک کادیرێکی کۆمەڵایەتی دەوری بەرچاوی دەبینی لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچە ئازاد کراوەکان..دیارە شەهید لە مەیدانی هونەریش بەدەنگە خۆشەکەی ئەسپی خۆی تاو دەدا لە گشت بۆنە نەتەوەییەکان بەدەنگە زوڵاڵەکەی سروودی نیشتمانی دەوتەوە، بەڵام سەد مخابن لە رێکەوتی ٢٠ـ٣ـ١٩٩١ لە کەرکووکی قودسی کوردستان گیانی بەخشی بەخاک و وڵات...یادی بەرزو پرشکۆبێت

کاروان بەردەوام..
کاک (هەلۆ حەسەن) جێگری مەڵبەندی (٦)ی سۆران خوارزای شەهید خاڵە سیسیۆ لەچەند دێره شیعریک لە رۆژی شەهیدبوونی نوسیویەتی:

«بۆ بووکی کەرکووک»

هۆ خاڵە گیان
دوێنێ بەهەنگاوی زرنگ
بەهەورازی پرژانی ئازارو ئێشا
نازی کیژۆڵە شۆخەکەی
وڵاتی زیندە بەچاڵ و لادێی سووتاوت دەکێشا!
ئەوە ئەمڕۆش، زۆر بە پەرۆش
بۆ (بووکی) (کەرکووک)ی چاو رەش!
گیانت دەکەی بە کەژاوەو
دەینەخشێنی بە خوێنی گەش!
..........


- ناوی تەواو: شیس عەزیز مەعروف خدر
- ناسراوە بە: خالە سیسۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بنمێردە - دۆڵی ئاکۆیان - قەزای رواندز
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری خێزان: عەیش کەریم ئەحمەد خوار
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رێباز - سەرباز
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ لە رێکخستن ناوی (رێباز) بووە.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران، کەرتی (٤)
- لە ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە
- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە جێگری کەرت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی خاڵە سیسۆ بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنووری تیپی (١٢)ی سۆرانی کردووەو هەندێ جاریش بۆ هاوکاری تیپەکانی تریش بەشداربووە.. شەڕەکانی (سنووری خۆشناوەتی، دۆڵی ئالانە، دۆڵی خانەقا، دۆڵی جافایەتی، ئاسۆس، مەرگە، شەڕەکانی سەردەمی ئەنفالەکان.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە ساڵی ١٩٨٦ لە (بنمێردە) و لە ساڵی (١٩٨٨) لە چیای کێل کێل.

- له ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی تۆپ بارانی رژێمەوە کورێک و برازایەکی و براژنی بریندار بوون.
- له ساڵی ١٩٨٧ دوای شەهیدبوونی فەرماندە (خالیدە رەشی) برای کە فەرماندەی کەرتی (٤)ی شەهیدان بوو لە تیپی (١٢)ی سۆران. کرایە فەرماندەی هەمان کەرت.
- له ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بوون و لەوێ نیشتەجێی ئۆردوگاکانی دێلزێ، هەنگەوێ، لاوین، بوون.
- خاڵە سیسۆ بەهۆی دەنگ خۆشی و دەنگە زوڵاڵەکەی لەئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٩ چەند سروودێکی چری لەوانە (ئەی شەهیدان) و (شەهید ئازاد تۆ نامری) کە بۆ شەهید ئازاد هەورامی نوسرابوو. بە چرینی ئەم سروودانە هزری ئامادە بووانی بۆلای خۆی کێش کرد.
- له ٢٢-٢-١٩٩١ لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (جەلال حاجی) و چەند پێشمەرگەیەک لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی رەوانەی خوارەوە کران لەگەڵ رەتلی رزگارکردنی رواندزو سۆران. بۆئامادەکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو رێکخستنەکانی ئەم دەڤەرە بۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٩١.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٠-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: گەڕەکی عەرەفەی کەرکووک
- پێشمەرگەیەکی لەگەڵ شەهید بوو بەناوی (سەردار محەمەد قلۆ)

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٤/١٩ لە ژمارە (٧٢٤٥) لە لاپەڕە (١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

### شەهید (ساڵح عومەر)

# ساڵح عومەر حەمەدەمین



کورد بوون بە مانای وشە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەیەکی تەندروستی خێزان و ناساندنی مافەکانی کوردبوون وئاشنابوون بە بنەماکانی کوردایەتی بۆ نەوەکانی، نەک لەسەر ناسنامە کوردبوونی خۆت بسەلمێنیّ، لە کوردستانیش زۆر خێزان توانیان نەوەکانیان بە پاکی و هەستی کوردانە گۆش بکەن و پەروەردەی شاخ و کێوانیان بکەن و بیان نێرن بۆ پێشمەرگایەتی بۆ ئەوەی گەلەکەیان لەستەم و زۆرداری بەعسییەکان رزگار بکەن. یەکێک لەو خێزانانەی ناوشاری هەولێر خانەوادەی شەهید (ساڵح عومەر حەمەدەمین)ـە ناوبراو هەستی نیشتیمانی و کوردانەی لەوپەڕی بەهێزی دابوو کە بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگەو چەکی ئومێدو بەرگری لەشان بکات بۆ ئایندەیەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو خۆی گەیاندە ئامۆزایەکانی شەهیدان عەریف ئەکرەم و شەهید رەمەزان، بووە یەکێک لە پێشمەرگە چاپووکەکانی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ لەکەرتی (٤) لای شەهیدی فەرماندە (عەریف ئەکرەم). ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بوو تا شەهید بوونی رۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبوو لەشەڕەکانی ئەویّ رۆژێی سنووری مەڵبەندی (٣) هەولێر، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژبێت لە رێکەوتی ٢٨-٢-١٩٨٨ لەگەڵ فەرماندە (عەریف ئەکرەم) و ژمارەیەکەیەکی تر لە کەسوکاری هەڤاڵ (حەسەن عەوێنە) دایکی بەناوی (خاسیە ساڵح ئەمین) و برایەکی بەناوی (حاتم سەعید عەلی) گەیشتنە کاروانی نەمران و شەهید بوون، هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید ساڵح و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: ساڵح عومەر حەمەدەمین
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٩
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی خانەقای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- عەشیرەت: شوانی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٧
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٤) تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ لای شەهید عەریف ئەکرەم
- بەشداری شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لە سەردەمی ئەوێ رۆژێ.
- خاوەنی ژمارەیەک شەهیدی سەنگەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانن.
- رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٢ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: گوندی گردمەلای نزیک ناحیەی قوشتەپە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٦/١ لە ژمارە (٦٩٨٦) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

شەهید (سەباح ئاوماری)

# سەباح حەمە عەلی سلێمان عەبدوڵڵا



ئاوماریەکان چ لەکاری ڕێکخستن چ وەک پێشمەرگە بەشداری کاریگەریان هەبووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ئەوانەی پێشمەرگە بوونە لەدەشتی هەولێر دەزانن گوندی ئاومار بنکەو بارەگای هەمیشەیی پێشمەرگەکانی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرو (٨٧)ی قەرەچوغ بووە لە پێش ڕاپەرین، لەپێناو شۆڕش و کوردایەتی قوربانی زۆریان داوەو هەورازو نشێویان زۆر بینیوە، یەکێک لەو شەهیدە قارەمانانەی گوندی ئاومار (سەباح حەمە عەلی سلێمان عەبدوڵڵا)ـە ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆشەویست و جەماوەری بووە، کەسێکی خاکی و ئیداری بووە لەناو هێزی پێشمەرگە، لەشەڕو چالاکییەکانیش وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا خەونەکانی بۆ کوردایەتی بگاتە دوا کەناری ئارام لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: سەباح حمە عەلی سلێمان عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: سەباح ئاوماری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی ئاومار - ناحیەی سێگردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر.
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ٣ی ناوەندی
- عەشیرەت: شێخ بزێنی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ لەلایەن هەڤاڵ (سابیر ئاوماری) رێکخراوە.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ پێشمەرگە بووە لای هەڤاڵ نوری قادر
- شەهید بەشداری سەرجەم ئەو شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- ناوبراو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆز گۆش و پەروەردە کراوە.
- ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٨ دەستگیر دەکرێت و ئەنفال دەکرێ.

### شەهید (شۆڕش ئاوماری)

# سەباح عەبدوڵڵا حەمە ساڵح



(شۆڕش ئاوماری) لە خانەوادەیەکی هەژارو کوردپەروەر لە گوندی ئاومار هاتۆتە دونیاوە، لەتەمەنی (١٨) ساڵی تێکەڵ بەکاری ڕێکخستن و حزبایەتی بووە لە ڕێگای هەڤاڵ (شاخەوانی مەلا محەمەد) دواتر بەهۆی کاری سیاسیەوە لەلایەن بەعسیەکانەوە لەپردێ زیندانی دەکرێ، پاش ئازاد کردنی دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی (٤)ی کەندێناوەی دوژمن بەزێن لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، شەهید شۆڕش پێشمەرگەیەکی قارەمان و جەربەزەو چاونەترس بووە، ئەو تەنها بەشداری لە شەڕو نەبەردی و داستانە گەورەکانی هێزی پێشمەرگە نەکردووە بۆسەر ڕەبیەو مۆڵگەکانی بەعس، بەڵکو زۆربەی ڕۆژەکان لەگەڵ بانگدانی نوێژی بەیانی ئەو بەرێ دەکەوت بۆ ناوشار تاوەکو نێچیری قەڵەو چەوریان دەس کەوێ، ناوبراو دەیان چالاکی گرنگی لەناوشاری هەولێر ئەنجام داوەو بۆ ئەوکاتی شۆڕش دەستکەوتی مادی و چەک و سەیارەی زۆریان بەدەست هێناوە. لەلایەنی کۆمەڵایەتی و جەماوەری پێشمەرگەیەکی خۆشەویست سادە بووە. لەبەر زۆری چالاکییەکان کرایە فەرماندەی مەفرەزە، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو لە ٢٤ـ ٦ـ ١٩٨٦ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی شەهید (شۆڕش ئاوماری)

- ناوی تەواو: سەباح عەبدوڵڵا حەمە ساڵح
- ناسراو بە: شۆڕش ئاوماری
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاومار ـ ناحیەی سێگردکان قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- عەشیرەت: شێخانی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ لەڕێگای هەڤاڵ (شاخەوانی

مەلا محەمەد)

- زیندانی کراوە لە ناحیەی پردێ ماوەیەک لەسەر کاری ڕێکخستن لە ١٩٨٣ تا ١٩٨٤
-ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: سەرەتای ساڵی ١٦-٧-١٩٨٤ لە کەرتی (٤)ی کەندێناوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
- یەک جار بریندار بووە لە ڕەبیەکانی جادەی هەولێر ـ کەرکووک
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بوو.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ ١٠ـ ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: نزیک گوندی سۆربەش

## شەهید (سدیق مەنتک)

# سدیق شاباز سلێمان حەسەن



ئەو تازە لاوێکی خوێن گەرم و گەشبین بوو بەرامبەر کوردایەتی، لەگەڵ دەسپێکی ڕاپەرین وەک گەنجێکی خەمخۆر بۆ پرۆسەی رزگارکردنی هەولێر هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە چەکی شەرەف تێکۆشانی کردە شان بۆ رزگاری کوردستان و رزگاربوون لە ستەم و زۆرداری بەعسییەکان، ئەم لاوەش (سدیق شاباز سلێمان) بوو. ناوبراو رۆڵی کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی شاری هەولێر، دواتر بووە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی هێزی دەی دەشتی هەولێر.. لەبەر ئازایی و گوێڕایەڵی لە ساڵی ١٩٩٦ کرایە فەرماندەی کەرت لە لیوای تایبەتی بەڕێز (بورهانی سەعید سۆفی) ناوبراو کەسێکی سادەو ڕووخۆش و بێ ئاریشە بوو، زوو تێکەڵ دەبوو هەربۆیە لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست بوو، بەڵام مخابن تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە ڕێکەوتی ٢٠ـ ٦ـ ١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانت هاوڕێ (سدیق مەنتک) ئارامگەت ئارام کورە جوانەکەی فاتیلۆک، روحت شاد کورە باڵا بەرزەکەی گەڕەکی ٩٢.. پشوو بدە ئێمە مانان بە ئامانەتەوە خەبات و ڕێبازە پیرۆزەکەی یەکێتی و مامی گەورەمان بەرنەداوەو درێژە پێدەری کەم ژیان و کەڵ ژیانین.

- ناوی تەواو: سدیق شاباز سلێمان حەسەن
- ناسراو بە: سدیق مەنتک
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٣ـ١٩٧٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی پەلکە ڕەش - ناحیەی دێگەڵە - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بوو.
- عەشیرەت: مەنتک
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٩١ بە کۆمیتەی ڕێکخستنی رۆژهەڵاتی هەولێر

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٩١

- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی هەولێر دەکات، بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێم بەشداری چەندین شەڕی کردووە لە شەڕی دژی ڕژێمی بەعس.

- ناوبراو فەرماندەی کەرتی (١)ی بەتالیۆنی (١٢) هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر بووە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لای بەڕێزان (بورهانی سەعید سۆفی) و (ئەحمەد تەرەقە) بووە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠- ٦- ١٩٩٦

## شەهید (سڵاح ئەحمەد)

# سڵاح ئەحمەد حەمەد کەریم



ناوی پێشمەرگە و بەرخودانی پێشمەرگە بۆ سەردەمی شاخ پیرۆزی و هەیبەتی کوڕانی یەکێتی بوو، کە دەبوونە پێشمەرگە نەک خانەوادەکەی بگرە خەڵکی گوندەکەش بەگشتی شانازیان دەکرد کە لاوێکی گوندی چەکی شەرەف و تێکۆشان لەشان دەکات و بەرگری لە خاک و وەتەن بکات. پێشمەرگەو ناوە پیرۆزەکەی هەیبەت و هەیمەنەی هەبوو، بەدرێژایی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کە ببوونە جێگای متمانەو خۆشەویستی لادێنشینەکان. پێشمەرگەو جەماوەر رایەڵەیەکی پتەویان دروست کرد بوو بۆ نێوان خۆیان لە شارەوە بۆ شاخ و لەشاخەوە بۆ شار. یەکێک لەو لاوە جوان و خوێندەوارانەی سنووری ناحیەی قوشتەپە سەرەتای تەمەنی بوو هەستی کوردانەو دڵسۆزی بۆ خاک لەبەرزی بوو، پەیوەندی بەشاخ کردو هێمنانە درێژەی بەپێشمەرگایەتی داو بووە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو چاوکراوەی سەردەمی خۆی.ئەم پێشمەرگەیەش شەهید (سڵاح ئەحمەد)ـە ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بوو لەشاخ تاشەهید بوونی هەرئەرک و واجبێکی پێ سپێردرابێت وەک خۆی جێبەجێی کردووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی درێژ نەبوو لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر شوێن بزرکراو شەهید بوو لە پێناو خاک و نیشتمان. روحت شادو گیانت ئاسوودە کوڕە نازدارەکەی کوردایەتی...

- ناوی تەواو: سڵاح ئەحمەد حەمەد کەریم
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەڕەشێخان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی هاوسەری شەهید: خەمیسە عوسمان ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رۆژان، رۆکان، رەوەند
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (١) کە ئەوکات شەهید محەمەد شینە فەرماندەی کەرت بوو دواتر شەهید مەلا عەزیز بووە فەرماندەی ئەو کەرتە.
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لەم تیپە تا ساڵی ١٩٨٨
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی کردووە.
- رۆژو ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٨
- شوێنی ئەنفال کردنی: سنووری هەولێر

**شەهید (سڵاح دیلمانی)**

# سڵاح ئیبراهیم محەمەد ئەمین




ساڵێک لەمەوبەر بەڵێ رێک وەک ئەمڕۆ پارتیزان و فەرماندەو لیوا خەمخۆرەکەی باڵەکایەتی و دەڤەری رانیەو پشدەر بووە میوانی عەمید (سەرباز گڕاوی) و(عەقید خاید سێقوچانی) و (لیوا شێرکۆ فاتح) و (لیوا حوسێن مەنسور)، ئەو دەمێکە خەم لەدەڤەری باڵەکایەتی میوانیەتی، ئەو دەمێکە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە پشدەر میوانیەتی، ئەو دەمێکە خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی لەکۆڵ نابوو، کام شاخ و دۆڵ و بستێکی ئەم کوردستانە ماوە کاکە سڵاح دەست لەملانێ و خەباتی پێشمەرگایەتی پێ ئاشنا نەکردبێ و ساردی و گەرمی ئەم کێوانەی بەجۆشەوە نەچێشتبێ، تۆ قارەمانی پارتیزان و هەڵۆ بەرزە فڕەکەی دەڤەری رانیەی، باوەڕبکە بۆنی پیرۆت نەبی و ڕاپەرینت لێ دێ... باوەڕبکە بۆنی کێوە رەش و مامەندەو هەڵەموندت لێ دێ، باوەڕبکە هەواڵی شەهیدبوونت کوردستانی هێنا لەرزین، تۆ ئاسوودە بنوو، تۆ کەمێک پشوو بدە سەرکردە خاکیەکەی دیلمان، ئێمەش بەڵێن دەدەین رێبازە پیرۆزەکەت بەرنادەین و بەدروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان یەکێتی سەوزترو سەوزتر گەشە پێ دەدەین تا سنووری حەمرین و ناوچە داگیرکراوەکان ئازاد نەکەین ناگەڕێنەوە، دڵنیات دەکەینەوە سەرکەوتن زۆر نزیکە... بۆ زیاتر ناساندنی شەهید سڵاح دیلمانی هەڤاڵ مامۆستا خەتاب پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاو وتی (چۆن شەهید سڵاح دیلمانیم ناسی) ئەوکاتەی بووم بە پێشمەرگە لە تیپی (٧٤)ی باڵەک لەکەرتی (٣)ی ئەوکاتە شەهید سڵاح فەرماندەی مەفرەزە بوو لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ. ناوبراو یەکێک بوو لە پێشمەرگە دڵسۆزو بەجەرگەکانی باڵەکایەتی، لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی پیاوێکی ئازاو خۆڕاگرو چاونەترس بوو، زۆر گوێڕایەڵ بوو بە فەرمانەکان، لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست وسادەو خاکی بوو، بەقسە خۆشەکانی خۆی لەناو دڵی جەماوەرو پێشمەرگە کردبۆوە، بەتایبەتی کە دەیووت (روحێ برای) شەهید سڵاح پیاوێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەبوو. روحت شاد پیاوە مەردەکە - ئارامگەت ئارام پێشمەرگە چاونەترسەکە. هەزاران سڵاو و دروود لەگیانی پاکت فەرماندە خۆنەویستەکەی باڵەکایەتی...

- ناوی تەواو: سلاّح ئیبراهیم محەمەد ئەمین
- نازسراو بە: سلاّح دیلمانی
- تەمەن: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دیلمانی باڵەکایەتی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٦ بە (ی.ن.ک)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧ لە هەرێمی (٧) باڵەک
- ساڵی ١٩٧٩ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی شەهید ئەحمەد مەولود
- ساڵی ١٩٨٣ کراوە بە جێگری کەرت لە تیپی ٧٨ی کارۆخ
- ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە فەرماندەی کەرتی (٥)ی گەڵاڵە لەتیپی ٧٨ی کارۆخ
- ساڵی ١٩٨٨ کراوە بە جێگری فەرماندەی وەحدەی کارۆخ - مەفرەزە پارتیزانەکان - ماوەیەک بە پارتیزانی ماوەتەوە.
- ساڵی ١٩٨٩ کراوە بە جێگری فەرماندەی تیپی ٤١ی قەندیل.
- ساڵی ١٩٩١ کراوە بە فەرماندەی تیپی ٤١ی قەندیل
- ساڵی ١٩٩٢ کراوەبە جێگری بەتالیۆنی قادر خەباتی نەمر
- ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە جێگری فەرماندەی فەوج لە سوپای یەکگرتوو
- ساڵی ١٩٩٤ کراوە بەفەرماندەی پێشمەرگە دێرینەکان لە باڵەکایەتی.
- لە ساڵی ١٩٩٥ کراوە بە جێگری فەرماندەی لەشکری ١١ی باڵەک
- لە ساڵی ١٩٩٦ کراوەبە فەرماندەی لەشکری باڵەک
- لە ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە کارگێڕی مەڵبەندی ٦ی سۆران.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر بڕیاری مام جەلال کراوە بە فەرماندەی فەرماندەیی باڵەک
- لە ساڵی ٢٠٠٤ کراوە بە فەرماندەی لیوای ١١٨ی باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی منداڵەکان: مژدە - هێرش - شێرزاد - باجوان - مەجید - سەنگەر - سەرباز.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری سەدان چالاکی و نەبەردی و شەڕی شاخ و شارو ناو کۆڵانی کردووە تا ڕاپەڕین و پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەت و دوا شەڕەکانی جەهل و تاریکی داعش بەشداری کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.
- بەشداری دوو کۆنگرەو سێ پلینیۆمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە.
- بەشداری خولی فەرماندەیی کردووە لە کۆلیژی قەڵاچۆلان.
- چوارەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- ماوەی یەک ساڵ زیندانی بووە لەگەڵ خانەوادەکەی لە زیندانەکانی بەعس لەسەر ئەوەی برایەکەی پێشمەرگەی سەرەتایی یەکێتی بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١٢-٥-٢٠١٥
- شوێنی شەهید بوون. گوندی عەتشانەی گەرمەسێر
- دواپلەی: لیوا بووە.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٥/١٢ لە ژمارە (٦٩٦٩) لە لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

شەهید (كاردۆ گەلاڵی)

# عارەب عەبدولقەهار مستەفا



ناوهێنانی شەهیدان كاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار وەک دوو ناوی دیارو دوو سەركردەی ئەوێ ڕۆژێ قاڵبووی خەباتی نهێنی و دوو كەسایەتیی شەهم و خاوەن بڕوایەکی بەتین لە هەستی نیشتمان و خاک و کوردایەتی، ئەوێ ڕۆژێ ئەوان دوو سەرکردەی خۆنەویست و خۆشەویستی هەولێرو هەولێرییەکان بوون، بەعسی و ئەمنەکانی هەولێر بەردەوام ئەوانیان لەژێر چاودێری دانابوو دەیزانی ئەوان حساب بۆ ڕژێم و داروودەستەکانیان ناکەن، هەربۆیە رق و کینەی ئەوان لەبن نەهاتوو بوو، کارو چالاکییە بەردەوامەکانی شەهید کاردۆ هەڤالانی سەرانی بەعسی رق ئەستوورتر کرد، تا لە کاتی دەوام لە بینایەی دادگای هەولێر هەردووکیان دەستگیر کران.. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (بەهرۆز گەلاڵی) نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا دەربارەی شەهید کاردۆ وتی: شەهیدان ڕەمزو سیمبولی خەباتی نەتەوایەتی و چرای ڕووناکی و تێکۆشان و کوردایەتین. هەروەک ڕوونە ژیان خۆشە .بەڵام خۆشتر لە ژیان شەهید بوونە لە پێناوی خاک و نیشتمان و گەل و نەتەوەدا. بۆیە شەهیدان گیانی خۆیان بێ گوێدانە گشت خۆشییە بێسنوورەکانی ژیان، کردۆتە قوربانی و هەموو شتێکیان لەپێناوی گەل و نیشتماندا بەختکردووەو بوونەتە مۆمی ڕووناکی و فیداکاری تا گەلەکەیان ئازاد بکەن و بەسەربەستی بژین.شەهید ژیانە، شەهید شاخە، شەهید قوربانی دان و خەباتە، شەهیدان مێژوویەکی گرنگ و پرشنگداریان هەیە چرای ڕووناککەرەوەی هەموو ماڵێکن. لە ١٩٧٩/٤/٩ لە مێژووی کوردو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو. چونکە لەم ڕۆژەدا دوو سەرکردەی زۆر ئازاو چاونەترس. دوو پارێزەری هەژاران و دوو مافناسی مرۆڤپەروەر، دوو نوسەری ڕێگای ئەدەب و نووسین و کوردایەتی لەکاتی کارکردنیاندا لەناو مەحکەمەی هەولێر بەبەرچاوی خەڵکەوە بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین و دڵڕەق و دڕندانە، هەردوکیان (کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار) گیران و لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی بەعسدا ڕفێندران. دەستگیرکردنی

هەردوو سەرکردەو پارێزەرو تیکۆشەری گەورەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و گەلەکەمان. کە لەلایەن درندەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیستەوە لەناو دادگای هەولێر زۆر نامرۆڤانە ڕفێنران و بەرەو قوژبنی زیندانەکانی دائیرەی ئەمنی هەولێر گواسترانەوەو شوێنبزرکران.گیرانی ئەم دوو هەڤاڵەمان، ئەوکاتی دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لە کوردستان هەبوو. خەڵکی کوردستان زۆر بەپەرۆشەوە باسی گیران و ڕفاندنی ئەو دوو سەرکردەیەی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستانیان دەکرد.کە ئەو کات دوو هەفتە بوو بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیابووبووەوە. بێگومان بەهۆی ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی کە لەو سەردەمیدا لەنێوان سەرکردەو لایەنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە ئارادابون. لە ئەنجامی ئەو ململاێیانەشدا بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان لە ١٩٧٩/٣/٢١ دوورکەوتنەوەی خۆی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیاندو بەتەواوی لە یەکێتیی جیابوویەوە، چونکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بنچینەدا دوو ڕێکخراوی سەرەکی تیایدا بەشداربون. ئەوانیش بزووتنەوەو کۆمەڵە. دوای ئەو جیابونەوەیە بڕیار بوو عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی کە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوون. لە ١٩٧٩/٤/٢٠ بڕۆنە دەرەوەو و ببن بە پێشمەرگەو بڕۆنە ناو شۆڕش. بەداخەوە لە ١٩٧٩/٤/٩ هەردووکیان لەناو مەحکەمەی هەولێر گیران. هەر ئەو شوێن بزرکردنەش بوو جارێکی تر نەخۆیانمان بینیوە تەنانەت دوای ئیعدامکردنیشیان جەنازەکانیشان نەداینەوە. پاش چەندین ساڵ لەلێدان و تەعزیب و ئەشکەنجەدان، لەلایەن دامو دەزگاکانی بەعس لە موسڵ ئیعدامکران. بەبێ ئەوەی نە خێزانی ئێمە. نەخێزان و کەسوکاری شەهید عەلی هەژاریش نەمانتوانی بۆ ماوەی چرکەیەکیش چاومان پێیان بکەوێت. گەیشتنە کاروانی شەهیدانی کوردو کوردستان و بوونە فیداکاری و چرای ڕوناککەرەوەی کوردستانەکەمان. ئەم دوو قارەمانە خۆ ڕاگرە لەگەڵ ئەو هەموو لێدان و ئەشکەنجەدان و تەعزیبکردنانەشدا، هیچ جۆرە ئیعترافێکیان نەکرد. لەبەرانبەر جەلادەکانی بەعسدا جوامێرانە وەستانەوەو قارەمانانە خۆیان ڕاگرت. لەکاتێکدا ئەوان سەرکردەی هەموو ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان بوون لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکووک دهۆک و بەغداش.. تەنانەت ناوی یەک کەسیشیان نەداو جەسورانە ڕووبەڕووی جەلادەکان وەستانەوە و شیعاری کوردستان یان نەمانیان بۆ جەلادەکانی بەعس دەوتەوە. ئەو دوو شەهیدە کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار لە مێژوودا زوڵمی زۆریان لێکرا، تەنانەت لەو شارە گەورەیەی هەولێر کە هەردووکیان خەڵکی هەولێرن، نە لەناو مەحکەمە وە نە لە ناوشاری هەولێر تا ئێستا شەقامێکیشیان بەناو نەکردن. لەکاتێکدا دەبووایە لەناو مەحکەمەی هەولێر دوو هەیکەلیان بۆ دروست بکردبانایە، چونکە هەردووکیان هەم لەشۆڕشی ئەیلوولی مەزن ڕۆڵیان هەبووە، هەمیش لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شوێنیان بەرچاو بووە. لەناو دادگای هەولێریشدا ڕفێنران و گیران. هەردووکیشیان پارێزەر بوون. هەموو ساڵێک لەیادی پیرۆزیاندا سەری ڕێزو نەوازش بۆ تەواوی شەهیدانی کوردستان و هەردوو شەهیدی سەرکردە کاکە کاردۆ گەلاڵی و کاک عەلی هەژار دا دەنەوێنین. پەیمانیش بۆ هەردوو شەهید دووبارە دەکەینەوە کە ڕێبازو خەباتی کوردپەروەرانەتان لەبیر نەکەین و وەفادار بۆتان بمێنینەوە. بەندە بە حکومی ئەوەی شەهید کاردۆ گەلاڵی ئامۆزام بوو، هەمیشە لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە پێکەوە بووین. زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری هەموو چالاکییەکانیان بووم. لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەش لە نزیکەوە کارم لەگەڵیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٩ لەو کاتەی ئەو سەرکردانە گیران، کەم کەس هەبوو بتوانێ باسی کوردایەتی و حزبایەتی بکات. بێگومان لەو سەروبەندیەدا تەنیا دوو ڕێکخراو

بزووتنەوەو کۆمەڵە بەنهێنی و بە چالاکی کارمان دەکرد. شەهید کاردۆ گەلاڵی خۆی کە پارێزەر بوو، شانبەشانی کارە حزبییەکانی، هەمیشە ئیشوکاریی پارێزەرایەتیەکەشی هەر لە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی هەژارو بێدەرەتان و لێقەوماوانی کوردستان دا بوو. بێگومان کاتێ لە بەغداش خوێندکاری کۆلێژی یاسا بوو زەحمەتییەکی زۆری چەشت کە لە بەغدا وەک خوێندکار دەیخوێند. باوکم زۆر یارمەتی دەدا. بەداخەوە لەتەمەنی ٢٧ بیست و حەوت ساڵیدا بوو کە شەهید کاردۆ لە ٩ ٤ ١٩٧٩ گیرا. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ ئیعدام کرا. ئیتر بۆ هەتا هەتایە نەمانبینیەوە. هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکت، ئەی هەڤاڵ و ئامۆزای ئازیزم، دڵنیابە بیرو بۆچوونەکانت و ئامۆژگارییەکانت لە دڵ و دەروونمدا هەمیشە دەزرینگێتەوە. کاردۆ گیان بیرت دەکەم. ڕوحتان شادو، ناوتان هەر بەرزو سەرفراز بێ.

- ناوی تەواو: عارەب عەبدولقەهار مستەفا
- ناسراو بە: کاردۆ گەلاڵی
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی کەردز ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەلاڵی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی بەشی یاسا لەزانکۆی موستەنسریەی بەغدا.
- لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کرد.
- ناوبراو ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووەو لەم ماوەیەدا گۆڤارێکیان دەرکردووە بۆ لقی هەولێر
- ماوەیەک پەیامنێری ئێزگەی دەنگی کوردستان بووە.
- لەپاش هەرەس لە ئێران گیرساوەتەوە دواتر هاتۆتەوە هەولێرو لە بەغدا درێژەی بە خوێندن داوە
- لەگەڵ هەڤالان (ساڵح یوسفی و عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا بەشداربووە لە دامەزراندنی حزبێکی نهێنی بەناوی (بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان)
- ماوەیەک لە بەغدا لە (کۆڕی زانیاری) کاری کردووە وەک (هەڵەچن)
- لە ساڵی ١٩٧٨ کۆلیژی تەواو کردووەو کاری پارێزەری کردووە.
- هاوکات لەگەڵ کاری پارێزەری بەردەوام خەریکی دروست کردنی رایەڵەو بازنەکانی رێکخستن بووە بۆ بزووتنەوەی سۆشیالستی.
- ئەدیب دۆست و نووسەرێکی بەتوانا بوو خاوەنی دوو کتێب بوو لە ژێر ناوەکانی (عەلی شون هەڵگر ـ زێدەبایی) و خاوەنی چەندین وتارو نووسینی سیاسی بە پێز بووە.
- لە ٩ـ٤ـ١٩٧٩ لەکاتی دەوام و کاری پارێزەری لەناو دادگای هەولێر لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر کرا لەگەڵ شەهیدی سەرکردە (عەلی هەژار)
- لە١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ لە کەرکووک فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە.
- تاوەکو ئێستا شەهیدان کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار گۆڕیان نییە.

## شەهید (عالی عوسمان)

# عالی عوسمان حەمەد عوسمان



پەروەردەی خێزانی وانەیەکی درەوشاوەی بەرهەم دارە بۆ نەوەکانی ئایندەی خێزان دەست نیشان دەکات، گۆش کردنی منداڵ لەقۆناغی سەرەتایی بە شێوازێکی دروست ئەنجامەکەی حەسانەوەیە لەژێر سایەی نەوەکانت، لەدەستپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لەدۆڵی خانەقا بنەماڵەی مام (عوسمان حەمەد) ڕۆستی بەهۆی پەروەردەیەکی دروست و تەندروست منداڵەکانی گۆش کرابوون بە ئینتمای کوردایەتی و خۆشەویستی خاک. ئەوێ ڕۆژێ شۆڕش لەرووی مادی و نەبوونی خۆراک لەبارەگاکانیان ماڵەکانی قەندیل و باڵەکایەتی و دۆڵی خانەقا ببوونە لانەو شوێنی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە. بەهۆی بوونی ئینتمایەکی زۆری نیشتمان، بوونی کوڕو خزم و کەسە نزیکەکانیان لەناو شۆڕش ماڵی مام عوسمان هەمیشە دەرگایان بۆ پێشمەرگەو کۆڕو کۆبوونەوە کراوە بوو. شەهید (عالی) ئەوکات پێشمەرگە بوو لە دەستەکەی خوالێخۆشبوو قادر خەبات پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ، ڕەوشت بەرز، ئازا، خۆشەویستی ناو مەفرزەکانی ئەوکاتی هێزی پێشمەرگە.. لەکاتێک ئەو بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە بەژمارە پێشمەرگە زۆر کەم بوون دوژمنیش بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو ئەم سنوورە داگیر بکات تا هێزی پێشمەرگە لەم دەڤەرە گەشە نەکات، بەڵام هەڤاڵ قادر خەبات و ئەحمەد مەولودو برایمی حاجی کوێخاو پێشمەرگەکانیان لێ نەگەڕان ئەو خەونەی دوژمن بێتە دی... بەڵام سەد حەیف و مخابن لە بۆسەیەکی دوژمنان کە عالی شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە..شەیانی باسە برایەکی تری بەناوی (محەمەد) فەرماندەیەکی دێرینی هێزی پێشمەرگە بوو لە ڕاپەرین شەهید بوو.. ئێستاش کاک زوبێر عوسمان لەئەنجومەنی ناوەند درێژەپێدەری ڕێبازە پیرۆزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

- ناوی تەواو: عالی عوسمان حەمەد عوسمان
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥
- شوێنی لەدایک بوون: ڕۆست، چۆمان

- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: لە مەفرەزە سەرەتاییەکان هەڤاڵ (قادرخەبات) فەرماندەی مەفرەزەی بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠-٣-١٩٧٧
- شوێنی شەهید بوون: خانەقا، لە نێوان کۆسپی وەرتێ و خانەقا کەوتۆتە کەمین

## شەهید (عەباس عەوێنە)

# عەباس عەلی مەجید ئیبراهیم




لەسایەی ئەو حکومەتە فاشیەی سەدام حوسێن لەم کوردستانە خێرلەخۆنەدیوە کێ هەیە بەخوێن بە جەستە یان دەرونیەن تێک نەشکابێ و شەهیدی نەدابێ و تووشی دەیان ئاریشەی نەخوازراو نەهاتبێ، کام گوند کام شارۆچکە بەر شاڵاوو دڕندەیی ئەم بەعسیانە نەکەوتووە، یەکێک لەم گوندانەی دەشتی هەولێر گوندی عەوێنەیە زۆر شەهیدی بەخشیوە بە کوردستان، یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانانە بە دەست و بازووی شۆڕشگێڕانەی خۆی زەبری کوشندەی لە دوژمن داوە لەسەر تاوانەکانی رژێم دەرهەق بە میللەتی کورد کردوویەتی شەهید (عەباس عەلی مەجید) ناسراو بە (عەباس عەوێنەیی) ناوبراو پێشمەرگەیەکی هێمن و بێ دەنگ بووە لەرووی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی فراوانی هەبووە، لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست و رێز لێگیراوبووە، وەک هەڤاڵانی شەهید وتیان زۆر ئازاو بە هیمەت بووە لەشەڕەکان، لەزۆربەی نەبەردییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ بەشداری کاریگەری هەبووە، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٧-٧-١٩٨٧ شەهید دەبێ لەبناری قەرەچوغ دەگاتە کاروانی نەمرانەوە، هەزار درورد لە گیانت پێشمەرگەو شانازی گەلێک..

- ناوی تەواو: عەباس عەلی مەجید ئیبراهیم
- ناسراوە بە: عەباس عەوێنە
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی عەوێنە
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- عەشیرەت: گەردی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٥لە کەرتی (١)ی شەهید کاوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- یەک جار بریندار بووە.
- زیاتر لە ١١ شەهیدی بنەماڵەکەیان هەیە لەناویاندا (دایکی) لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن جاشەکانی بادینان شەهید کراوە..
- شەهید عەباس لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوورەکەو سەرکردایەتی کردووە لەوانە: قەیوان ماوەت، داستانی ١٣ رۆژەی سماقوڵی، کەپەنک رەش، دێگەڵە، سیاو شێخ شەروان و هێلاوە، سێ قوچان، تەلەخێم، شەڕی گوندەکانی عەرەبان..
- رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧-٧-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون:کلکەی میجانی قەرەچوغ

## شەهید (عەباس دارەتوویی)

# عەباس عوسمان حوسێن حەمەد




بەبێ گومان دڵسۆزی و ئازایەتی و هەستی نیشتمانی پێوەرناکرێ و شتێک نییە بە چاو ببینرێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، مەرجیش نییە ئەوانەی قسەی بریقەدارو رستەی جوان دەهۆننەوە دڵسۆزو خۆشەویستیان بۆ خاک لە لووتکە بێت. دڵنیام زۆر دەگمەنن ئەوانەی گیرفانیان پڕ بێت و خاوەن سەرمایەو پوڵێکی زۆربن وەلائیان بۆ شۆڕش و کوردایەتی بێت، بەڵکو شۆڕش هەمیشە لەسەردەستی خەڵکانی هەژارو خاوەن ویژدان و چەوساوەکان گەشەی دلخۆشکەری کردووە. کوڕانی هەولێریش بۆئەوێ رۆژێ رۆڵ و بەشداریان لە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ بە رابەرایەتی (ی،ن.ک) رۆڵێکی کارا بووە. یەکێک لەو شەهیدانەی دەمانەوێ یادی بکەینەوە (عەباس عوسمان دارەتوویی)ـە کە رۆژگارێک چەکی خەباتی کردەشان بەعسییەکان لەوپەڕی بەهێزی و دڕندەیی بوون. وەلێ ئازایی و چاونەترسی کاکە عەباس باکی بە دڕندەیی سەدامیەکان نەبوو، لە ساڵی ١٩٨١ بووە پێشمەرگە لەلای شەهید ملازم خولە. بەڵام بەداخەوە ماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی نزیکەی ساڵێک بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی تری بەناوی (سەیفەدین دێمەکاری) لەبناری قەرەچوغ لە ٢٨ـ٨ـ١٩٨٢ شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی نەمرانەوە. روحتان شادو بەهەشتین ئینشاڵڵا.

- ناوی تەواو: عەباس عوسمان حوسێن حەمەد
- ناسراو بە: عەباس دارەتوویی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دارەتووی نزیک هەولێر، ئێستا بۆتە ناحیەی دارەتوو، سەر بە قەزای بنەسڵاوەیە.
- عەشیرەت: بەیاتی

- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: سەرەتای ساڵی ١٩٨١ لەشانەی شەهید هۆشیار چاوشین بووە.
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١ـ٦ـ١٩٨١
- ئۆرگان: تیپی ٨٣ی هەورێ لای شەهید ملازم خولەو شەهید جوامێری دارەتوو.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆڕاگرو دڵسۆز بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٨ـ ١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی حەسەن بلباس ـ بناری قەرەچوغ

## شەهید (عەباس سیاوی)

# عەباس مستەفا حوسێن مستەفا



شەهید (عەباس مستەفا حوسێن) لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر لە گوندی سیاو چاوی بۆ ژیان و کوردایەتی کرایەوە، خانەوادەکەیان لەسەر شۆڕش و یەکێتی بوون ئازارو ئەشکەنجەو ئاریشەی زۆریان چەشتووە، شەهید لە تەمەنی ١٩ ساڵی تێکەڵ بە سیاسەت و کاری ڕێکخستن بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ چەکی شەرەف و کوردانەی لە شان کردوو بوو بە پێشمەرگە، ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگە بوون لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شایەدی ئەوە دەدەن" عەباس سیاوی" پێشمەرگەیەکی چەند بە هیمەت و ئازاو تێکۆشەر بووە، چەند خۆڕاگرو دڵسۆزو قارەمان بووە، ناوبراو لەبەر ئازایی و دڵسۆزی و ڕاستگۆی و دەستپاکی شۆڕش بڕیاری فەرماندەی مەفرەزەی پێ دا، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و جەماوەری پیاوێکی گونجاو و دیاری ناو هێزی پێشمەرگەو گوندنشینەکان بوو. لە داستان و چالاکی و شەڕەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر بەشداری کردووە، بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی پارتیزانی و سەردەمێکی هەستیار لە ڕێکەوتی ٢٥ـ١٢ـ١٩٨٩ لە سنووری گوندی سیاو دەڤەری شەمامک شەهید بوو لەگەڵ فەرماندەیەکی تر بەناوی (عوسمان عەلی سۆر) گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید عەباس سیاوی و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواوی: عەباس مستەفا حوسێن مستەفا
- ناسراو بە: عەباس سیاوی
- تەمەن: ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سیاو

- باری خێزانی: سەڵت
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی ١٢ی ١٩٨٣
- لە کەرتی (٤)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بۆتە پێشمەرگە.
- بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لەوانە: گرتنی یەکەم ڕەبیەی شێراوە، شەڕی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور، شەڕی زمارەو تەللخێم، شەڕی سیاو شێخ شەروان، قەیوان ماوەت، سەرکردایەتی، داستانی ڕزگاری، داستانی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی، داستانی سەری ڕەش، کونە کۆتر،
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە.
- ڕۆژی شەهید بوون: ٢٥-١٢- ١٩٨٩
- شوێنی شەهید بوون: لە سنووری سیاو ناوچەی شەمامک
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٧/٢٨ لە ژمارە (٧٠٣٠) لە لاپەڕە (١٣)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (باقی بارزانی)

# عەبدولباقی حەسەن حەمەدەمین حەسەن



روون و ئاشکرایە لە سەرەتای دروست بوونی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەقۆناغە یەک لەدوای یەکەکان هەیکەل و تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە گۆڕانکاری بەسەرهاتووە سەرەتا هەرێم و دواتر قوەت و پاشان تیپ. لەسەرەتای ساڵی هەشتاکان قوەی دەشتی هەولێر هەبوو کە سەرکردە (شاخەوان عەباس) بەرپرسی قوەتەکە بوو، دواتر کرایە تیپ و کەرت و مەفرەزە، ئەوەی مەبەستمە بڵێم پێشمەرگەیەک زۆر ئازاو دڵسۆزو پشوو درێژ نەبووایە لە پێشمەرگایەتی نەدەگەیشتە پلەی فەرماندەی (کەرت و جێگری کەرت) یەکێک لەو پیاوە دیارو سادەو خاکیانە کرایە فەرماندەی کەرتی (٢)ی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر ئەویش (عەبدولباقی حەسەن حەمەدەمین حەسەن) ناسراو بە باقی بارزانی بوو. بۆ ئەم مەبەستە پێشمەرگەی دێرین و پارتیزانی دەشتی هەولێر هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) دەربارەی شەهید باقی بارزانی وتی: من لە ساڵی ١٩٨٥ جێگری شەهیدی فەرماندە باقی بارزانی بووم، ئەو فەرماندەو پێشمەرگەیەکی سادەو خاکی و هێورو مەندبوو، ئەو کەسایەتیەکی تایبەتی و جوانی هەبوو، قسەخۆش و رۆشنبیر بوو، لە رووی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەتایبەتی لەناو خزمانی بارزانی سەنگ و پێگەی خۆی هەبوو، لە رووی دیسپلینی پێشمەرگانەوە گوێڕایەڵ و چاپووک بوو، لە شەڕی ئازیانە لە ٧-٣-١٩٨٥ من جێگر کەرتی ناوبراو بووم بەراستی شەڕێکی قورس و مێژوویی و چارەنووس بوو، چونکە لە رووی هێزووچەک و تەیارەوە زۆر نابەرامبەر بووین، بەڵام پێشمەرگە شەڕێکی زۆر مەردانەیان کرد، وەلێ باقی بارزانی شەهید کرا، من سەرپەرشتی راستەوخۆی شەڕەکەم کرد. هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانی پاکی شەهید باقی بارزانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان...

- ناوی تەواو: عەبدولباقی حەسەن حەمەدەمین حەسەن
- ناسراو بە: باقی بارزانی
- تەمەن: ١٩٥٤

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گردە رەشەی نزیک کەلەک - ناحیەی عەنکاوە - پارێزگای هەولێر - ئەوکات نەفی ئەم گوندە کرابوون.
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی خێزانەکانی: (عائیشە سالّح حمد) و(سەلیمە حاجی میرخان مەحمود)
- ناوی منداڵەکان: عەبدولبەسیر، ئەرکان، عەبدولباقی، رۆیدە، فایدە، سویدە، شوعلە، زایدە.
- عەشیرەت: شێروانی
- ئاستی خوێندن: تا چواری ئامادەیی خوێندووە.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
دوا پلە: فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ئەوکاتی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
رۆژی شەهید بوون: ٧-٣- ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی ئازیانەی سەربە ناحیەی قوشتەپە ی پارێزگای هەولێر.
- پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوی (موحسین حەمەد سالّح حەمەد) ئیلنجاغی.

## شەهید (بەختیار)

# عەبدولخالق حەسەن عەباس مەولود



ئەوێ رۆژێ ئەوانەی زوڵم و ستەمی بەعسییەکانیان قبوڵ نەبوو، ئەوانەی ئەوێ رۆژێ هەستی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمانیان لا گرنگ بوو بارتەقای خۆشەویستی دایک و باوکیان ئەوانە بەرخودانیان کرد بۆ رزگاری بۆ دیموکراسی بۆ ئازادی، ئەوانە زۆر بە پاکی تێکۆشان بۆ ئەوەی میللەتەکەیان بگەیننە قۆناغێکی خۆشگوزەران نەک قەیرانی دارایی و پێشل کردنی سەروەری یاسا، شەهیدانمان رەمزی جوانی و ئاشتی و پێکەوە ژیان بوون، نموونەی لێبووردەیی و پاکی و یەکسانی بوون، مەرگی خۆیان کردە قوربانی تا نەوەی کورد چیتر ژێر پۆستاڵی رەشی جوندیەکانی بەعس و زۆرداران نەکەون، ئەوان توێژیکی رۆشنبیرو بیر کراوەی سەردەمی خۆیان بوون، چوونە شاخ و هەورازو نشێوی زۆریان بینی، ساردو گەرمی بێ هاوتایان لەم شاخ و کێوە بەبرسیەتی بە تێنوێتی سەلماندیان پێشمەرگە هەیەو داوای مافی گەلێک دەکات، پەیرەو و پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوتا لەگەڵ بەرنامەکەی لەسەرەتای دروست بوونی بۆ خزمەتی خەڵک و گەیشتن بە سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤ بووە بۆ داکۆکی کردنیان لێی، ئەگەر سەیری لیستی ناوی شەهیدانی یەکێتی بکەین دەبینین یەکێتی خاوەنی زۆرترین شەهیدەو شەهیدانیشی هی سەرجەم شارو شارۆچکەکانیەتی هەر بۆیە بە حزبی شەهیدان ناسراوە، یەکێک لەو شەهیدانەی دەڤەری مەخموور کە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی گەلەکەمان بەبیری کۆمەڵە پەروەردە بوو شەهید (عەبدولخالق حەسەن عەباس مەولود مەخمووری ناسراو بە (بەختیار) تەمەنی جوانی خۆی بەخشی بە خاکی کوردستان، ناوبراو پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و چاونەترس و دڵسۆز بوو بەشداری دەیان شەڕی سەختی ئەوکاتی کردووە و دواترین داستانیش داستانی قۆپی جوانەگابووکە شەڕێکی دەستەویەخەو کەم وێنە بوو (٢٥) رۆژ بەردەوام بوو، بەڵام بەداخەوەشەهید بەختیار لە ٦ـ٧ـ١٩٨٨ گەیشتە کاروانی شەهیدانەوە، هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید بەختیارو سەرجەم شەهیدانی

کوردو کوردستان.

ـ ناوی تەواو: عەبدولخالق حەسەن عەباس مەولود مەخمووری

ـ ناسراو بە: بەختیار

ـ تەمەن: ١٩٦٨

ـ شوێنی لەدایک بوون: دۆڵی رۆستێ

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ عەشیرەت: پالأنی

ـ ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی هەنجیرۆک لە قەزای خەبات (کەلەک)

ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٤

ـ ناوی ئەو ئۆرگانەی کاری تیا کردووە: رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦

ـ شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٩١ی سەفین کەرتی (٥) فەرماندەی کەرتەکە کاک جەلال سۆرکانی بووە.

ـ بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە لەسنووری چالاکی تیپەکەی لەماوەی پێشمەرگایەتی دا.

ـ ساڵی شەهید بوون: ٦ـ٧ـ ١٩٨٨ سەعات نۆی بەیانی بریندار بوو ئێوارەکەی گیانی سپارد

ـ شوێنی شەهیدبوون: چیای کێل کێل قۆپی جوانەگا

ـ ئەم داستانەی ناوبراو لێی شەهید بووە شەڕی دەستەو یەخە بووەو ماوەی (٤٠) رۆژی خایاندووە.

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٣/٢٤ لە ژمارە (٦٩٢٨) لە لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (توانا)

# عەبدولخالق رەمەزان سلێمان عەبدوڵڵا



هەڤاڵ (موئمین حاجی عەلی) پێشمەرگەی دێرین و بەشداربوویەکی کارای نەبەردیەکەی گوندی ئیلنجاغ وتی: کاتژمێر (٨)ی بەیانی ٢٢ـ١٠ـ١٩٨٦ حکومەتی بەعسی فاشی هێزێکی زۆرو بێ شوماری لە جاش و عەسکەری و مجاهیدینی هێنایە دەورووبەری گوندی ئیلنجاغی شەهیدان، واتە ئیلنجاغی سنووری قەزای کۆیە، شەڕ دەستیپێ کرد بەردەوامیش فڕۆکەکانی رژێم جەیشی دادەبەزاند و بەهەموو شێوەیەک تۆپبارانەدەکراین و هێرشیان بۆ سەر دەهێناین، هێزەکەی ئێمە نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ پێشمەرگە دەبووین ئەم هێزە شەهید دەشتی موهەندیس کە جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو سەرپەرشتی دەکرد کە هەڤاڵان (قارەمان شینە، شەماڵ) فەرماندەی کەرت بوون. بۆ مێژوو (سلاح شینەش) لەوێ بوو کە فەرماندەی کەرت بوو، بەڵام مەفرەزەیەکی بچووکی لەگەڵ بوو ئەوان پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوون. لەداستانێکی کەم وێنەدا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوژمنیان سەرسام کردبوو، لەبەیانیەوە تاوەکو پێش مەغریب لێنەگەڕان دوژمن بستێک بێنە پێشەوە بەیانیەکەی دوژمن بەردەوام لە شکانی گەورەدابوون، تا پێش مەغریب دواتر هێزەکەی دوژمن لەرووی ژمارەوە دەقە لەدوای دەقە زۆرتر دەبوو، شەویش داهات بۆ بەرژەوەندی گوندە کە سەرپەرشتی هێزەکەی خۆمان بڕیاری کشانەوەی دا، دوژمن زەرەرو زیانی زۆربوو، بەڵام بەداخەوە هێزی پێشمەرگەش (٦) شەهیدی بەخشی بەخاکی کوردستان و ئیلنجاغ. چوار کەسی دانیشتووی خەڵکی ئیلنجاغ کە دوو کوڕو کچێک منداڵ بوون و پیاوێک بەناوی (عوزێر حوسێن ئۆمەر) هێزی پشتگیری بوو شەهید بوو. یەکێک لەو شەهیدانەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر (عەبدولخالق رەمەزان سلێمان شەمامکی بوو ناسراو بە (توانا) ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، پێشمەرگەیەک دڵسۆزو قارەمان. بەڵام بەداخەوە لەم رۆژە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (خارە یوسف) لە ٢٢ـ١٠ـ ١٩٨٦ شەهید بوون لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر. هەزاران سڵاو

له گیانت کاکه توانای هەمیشه له یاد...جێگای خۆیەتی باسی رۆڵی هێزی پشگیری خەڵکی گوندی ئیلنجاغ بکەین که رۆڵی کارایان هەبوو شان بەشانی هێزی پێشمەرگه بەرگریان دەکرد لەوانه (محەمەد چاوشین ـ مام سواره ـ چەندین هەڤاڵی تر.

ـ ناوی تەواو: عەبدولخالق رەمەزان سلێمان عەبدوڵڵا
ـ ناسراو به: توانا
ـ ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٦٧
ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی بنبێرز ـ ناحیەی شەمامک ـ پارێزگای هەولێر
ـ عەشیرەت: شێخ مەموندی
ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی
ـ باری خێزانی: سەڵت
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ـ ساڵی پەیوەندی به هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
ـ ئۆرگان: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٢) فەرماندەی کەرتەکه شەهید خاڵه یوسف بوو.
ـ جگه لەخۆی چەند شەهیدێکی تری خانەوادەکەیان هەیه
ـ ناوبراو له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنوورەکەی کردووه.
ـ رۆژمانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢ـ١٠ـ ١٩٨٦
ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی ئیلنجاغ
ـ لەم نەبەردیه خاڵه یوسفی فەرماندەو (٥) پێشمەرگه شەهید بوون.

### شەهید (عەبدولڕحمان سۆنەگۆلی)

# عەبدولڕەحمان برایم عەبدوڵڵا



لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی چەکداری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی کاریزمای کورد جەنابی مام جەلال، دەیان لاوی خوێن گەرم و ژیرو مەند، لە رقی بەعسییەکان پەیوەندیان بەم شۆڕشە کردو بەلێنیان دووپات کردەوە بۆ خانەوادەی شەهیدان کە زەبرو زەنگی کاسەلێسانی کورد سەر بە رژێم نەیان ترسێنێ و ئەوان درێژەپێدەری خەباتی نەپساوەی شەهیدەکانیان بن، یەکێک لەو دڵسۆزانەی گەلەکەمان لەگەڵ دەسپێکی چەخماخەی شۆڕش لەسنووری هەولێرو دەشتی کۆیە بووە پێشمەرگە لە (١-٦-١٩٧٦) شەهید عەبدولڕەحمان برایم عەبدوڵڵا ناسراو بە عەبدولڕەحمان سۆنەگۆلی هەندێ جاریش بە مامە بانگ دەکرا، ناوبراو بەپێی هەندێ زانیاری یەکەم شەهیدی پێشمەرگەی دەشتی هەولێرە لە دەسپێکی شۆڕش. دەربارەی شەهید (عەبدولڕەحمان سۆنەگۆڵی) هەڤاڵ (ئەحمەد کوردە) پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ لە دەشتی هەولێر لە پەرتووکەکەی خۆی بیرەوەری رۆژانی سەختی خەبات ئاوا باسی ئەم چالاکییەو شەهیدبوونی سۆنەگۆلی دەکات: شەریکەی شیواشۆک کۆمەڵێک ڕەبیەی بۆ پاسەوانی لێ بوو (شوورتە) بوون هەموو ئێواران دوو سەیارەش پڕ حیمایە لە کۆیەوە دەهاتنە ناو شەریکەو بۆ بەیانیەکەی دەگەڕانەوە، شەهید قادر مستەفا منی نارد بۆ تاقیب کردنی ڕەبیەکان ئەوە بوو من چەند رۆژێک خۆم کردە شوان لەگەڵ شوانەکانی داربەسەرو شیواشۆک، بەهەرحاڵ شوێنێکی باشم هەڵبژارد بۆ لێدانی رەبیەو هاتنی شوێنی سەیارەکان، گەڕامەوە لای قادر مستەفاو بۆم گێڕایەوە و بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ قادر مستەفا و ئامر مەفرەزەکانی ترکە پێک هاتبوون لە (عەبدولڕەحمان سۆنەگۆڵی، وەسمان بەگ، جەلالی کوێخا رەفیق) چووم بۆ نیشان دانی شوێنەکان، هەر ئەو شەوە گەڕاینەوە گوندی داربەسەر، بۆ رۆژی چالاکییەکە بەیانیەکەی زوو بەرێ کەوتین بۆ ناو باخچەیەکی قەیسی بوو خاوەنەکەی

ناوی مام مەولود بوو، لەوێ ماینەوە تا سەعات (٤)ی عەسر دواتر هێزەکەمان کردە سێ بەش، ئەو رۆژە لە جیاتی (٢) سەیارە (٣) سەیارە بوون هەردوو کەمینەکە زۆر بەباشی هاتنە دەست و هەردوو سەیارەکە ئیبادە بوو سەیارەکەی تر دوور تر بوو وەڵامی ئێمەیان دایەوە شەڕێکی زۆرباشیان کرد نەیان هێشت ئێمە بچینە سەر سەیارەکانی تر پۆلیسێک هجومی دەکردوو نەدەگەڕایەوە هەڤاڵان لێیان داو کوژرا منیش چووم کلاشنکۆفەکەم هێنا رووسی بوو، ئەم چالاکییە بەخوێنی کاکە عەبدولڕەحمان سۆنەگۆڵی نەخشێندراو یەک پێشمەرگەشمان بریندار بوو بەناوی (محەمەد عەبدولڕەحمان) لە کۆتایی ماوە بڵێم شەهید سۆنەگۆلی فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان و بەهیمەت بوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو لە ١٣-٢-١٩٧٧ لە بیرە نەوتیەکانی شیواشۆک شەهید دەکرێ. درووود بۆ گیانی ئەم شەهیدە قارەمانەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان برایم عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: عەبدولڕحمان سۆنەگۆلی - هەندێ جاریش بە مامە بانگ دەکرا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٦
- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی سێگردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: دەربەندی
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزانەکان: عیسمەت محەمەد - مریەم ئەحمەد ئێستا لە ژیان نەماوە.
- ناوی منداڵەکان نعمان - سیروان - لوقمان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١-٦-١٩٧٦
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٣-٢-١٩٧٧
- شوێنی شەهید بوون: بیرە نەوتەکانی شیواشۆک
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرزە بووە..
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٢/١٦ لە ژمارە (٧١٩٦) لە لاپەڕە (١٢)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (تەنیا)

# عەبدولڕەحمان حەمەدەمین ساڵح



(عەبدولڕەحمان حەمەدەمین ساڵح) ناسراو بە (تەنیا) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر هاتوونەتە دنیاوە، ناوبراو لە تەمەنی لاوی پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لە سنووری تیپی ٨٣ی هەورێ، ئەو پێشمەرگەیەکی دلێرو گوێڕایەڵ بووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر ئارەزووی بە دیسپلینی پێشمەرگانەو کاری ڕێکوپێک دەکرد، ئەو کەسێکی خۆشەویست و خۆنەویست بوو، هەمیشە بیری لە بەیەکەوە ژیان و تەبایی نێوان هەڤاڵەکانی دڵی ئەوی ئاسوودە دەکرد. کاکە تەنیا لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام داوە، هەمیشە سنگی خۆی دابوو نەبادا گوللە بە هاوڕێیەکی بکەوێ، لەڕاپەڕینیش ڕۆڵی کاراو گرنگی هەبوو لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووک. لە دوای ڕاپەڕینیش لە ئاسایشی هەولێر ئیداریانە کارەکانی خەڵکی مەیسەر دەکرد. چەندین پلەی پێشمەرگایەتی و پلەی ئەفسەری بڕیوە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو و داسەپیو بەسەر یەکێتی نیشتمانی لەڕێکەوتی ١٨ـ١٠ـ١٩٩٦ لە چیای بەنەباوێ شەهید دەبێت و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی شەهید تەنیاو تەواوی شەهیدانی کوردستان.

- ناو: عەبدولڕەحمان حەمەدەمین ساڵح
- ناسراو بە: تەنیا
- تەمەن: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی تەیراوە - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی منداڵەکان: پاڤێڵ، بێلان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ لەتیپی ٨٣ی هەورێ دواتر گواسترایەتەوە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە کەرتی (٤) دوتریش لە کەرتی (١) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری بەڕانەتی کردووە.
- برایەکی بەناوی (ساڵح) شەهیدە
- لە سوپای یەکگرتووی کوردستان فەرماندەی (سریە) بووە.
- دواتر گواسترایەتەوە ئاسایشی هەولێر لەوێ پلەی رائید بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨-١٠-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: چیای بەنەباوێ

## شەهید (ڕەحمانی حاجی خدر وەرتێ)

# عەبدولڕەحمان خدر حارس ئیسماعیل



شەهید رەحمانی حاجی خدری وەرتێ لەیەکەم چەخماخەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پشت ئەستوور بە رێبازەکەی (مام) شانی دا بەر خەبات و بەرخودان بەبێ ئەوەی سڵ لە هیلاکی و ساردی و گەرمی و برسیەتی ئەوێ رۆژێی پێشمەرگایەتی بکاتەوەو هەموو لایەکیش دەزانن جگە لەشاخەکان کەس دۆستی شۆڕش و پێشمەرگایەتی نەبوو. ناوبراو (١٤) ساڵی خەبات و کۆششی پێشمەرگایەتی بەبێ دابڕان کردە خەڵاتی خاک کە زۆربەی ئەو خەباتە لێوان لێوە لە تۆمارکردنی داستان و نەبەردی و تێکۆشان و (٤٠) رۆژ پارتیزانی و سەدان رۆژ برسیەتی و تینوێتێ، بەڵام ئەم قارەمانە هەر کۆڵی نەداو گەشبین بوو بەوەی یەکێتی نیشتمانی هەموو ئەو خەباتەی هەنگاوی بۆی ناوە ئاسۆی روونەو بەرهەمەکەی دەگەینێتە کەناری ئارام، بەڵام بەداخەوە زۆریش جێگای خەمە فەرماندەو پارتیزان و پیاوێکی جوامێری وەکو شەهید (رەحمان) بەهاری ئازادی بینی، بەڵام بۆنی گوڵە نێرگزو هەڵاڵەو بەیبونی نەکردوو لە دوا رۆژەکانی ڕاپەرین لە ٣١-٣-١٩٩١ گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە... هەڤاڵ (دکتۆر رێبوار ئیسماعیل) لێپرسراوی رێکخستنەکانی تیپەکانی (٧٨)ی کارۆخ و (٧٤)ی باڵەک لە ئەوێ رۆژێ و جێگری مەڵبەندی (٣) رێکخستنی هەولێری ئێستا هاورێ و هاوسەنگەری شەهید وتی: من لە ساڵی ١٩٨٦ کە گوازرامەوە بۆ تیپی ٧٨ی کارۆخ وەک لێپرسراوی رێکخستنی کۆمەڵە ئەوکات تیپی کارۆخ شەهید حوسێن بندایز سەرتیپ بوو، تیپەکە لە ٧ کەرت پێک هاتبوو شەهید رەحمانی حاجی خدر لێپرسراوی کەرتی ٣ بوو کە لە ٤٢ پێشمەرگە پێک هاتبوو، سەرکردە و فەرماندەیەکی لێهاتو بوو لەرووی سەربازی و پێشمەرگایەتی و ئیداری دا، کاک رەحمان خەڵکی گوندی وەرتێ بوو خۆشەویست بوو لە نێوان خەڵکدا لە زۆربەی چالاکییەکاندا بەشداربوو لەشەڕەکەی ساڵی ١٩٨٨ کە رژێم بەهەموو توانای

هێرشی کردە سەر کارۆخ   وەرتێ ڕەحمانی حاجی خدر پیاوێکی بەتوانابوو لە قۆپەکانی هەڵەموند خۆی قایم کردبوو هەرچی دوژمن هەوڵی دا تۆپ باران و بۆردومانی کرد نەیتوانی ڕەحمانی حاجی خدر و پێشمەرگەکانی تۆزقاڵێک ورەیان بێننە خوارەوە، هەل و مەرجێکی زۆر ناخۆش بوو من لەیادمە پەیوەندی کرد کە فریای بکەوم و بەهانایەوە بچم لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە، منیش هەرچی هێزی پێشمەرگە و کادیری ڕێکخستن هەبوو خۆمان ئامادەکرد و عومەر ئاغا (لێپرسراوی جیهازی تیپی کارۆخ)م ئاگادار کرد کە لەکارەکەی بەردەوام بێت لەم ساتانەدابوو خێزانەکەی (ئامینە خان) هاتە لام و وتی خواردنم بۆ ڕەحمان ئامادە کردووە وتم باشە ئێستا ئێمە بەرێ ئەکەوین، کە ئامادەبووین بینیمان ئامینە خان خۆی پێچاوەتەوە و شەرواڵی لەپێ کردووە و خواردنەکەی بەکۆڵی خۆی داداوە پێم گووت چیە گوتی خۆم دێم بەڵێ ئەو ژنە ئازایە و چاونەترسە لەگەڵ ئێمە بەرێکەوتین و گەیشتینە هەڵەموند کە بەراستی تۆپ باران و ڕاجیمە باران لەهەموو لایەک بەسەرماندا ئەباری، ڕۆژێکی سەخت بوو کاک ڕەحمان وتی چی بکەم مامۆستا، بەیەکەوە نەخشەی تازەمان دانا و من لەوێ بریندارببووم. کاک ڕەحمان بەهێز و بەهەڵوێست و قارەمانانە بێ باک لەهەموو ناخۆشییەکان وتی مامۆستا ترسی ئەوەت نەبێت دوژمن بێتە پێشەوە، بەڵێ ڕاستگۆ بوو دوژمن نەیتوانی لە هەڵەموند سەربکەوێت، ئێمە بەردەوام بووین لە ئەرکی خۆمان لە هەڵەموند و کارۆخ، ڕژێم لەمانگی ١٠ی ١٩٨٨ دوا هێرشی کردە سەر سنوورەکە، لەو کاتە بڕیاردرا کە هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە بکشێتەوە. بەڕێز کاک کۆسرەت من و کاک ڕەحمانی بانگ کرد، منی ڕاسپارد کە ٧٠ چەک هەبوو بچم ئەم چەکانە بشارمەوە کاک ڕەحمانی ڕاسپارد ئەویش لەگەڵ (پ، م) کان لە هەڵەموند بمێنێتەوە و شەڕبکەن تا دوافیشەک ئینجا بکشێتەوە. هەردووکمان خۆمان ئامادەکرد، من چەکەکانم ئامادەکرد لە ٣ بار وڵاغ، لەگەڵ کادیران هاوڕێ باپیر و کاکە حەمە وشیار و عەلی زراعە. کاک ڕەحمانیش خۆی ئامادە کرد و کارەکانی خۆی جێبەجێ کرد.مانەوە وەک پارتیزان: دوای کشانەوەی هێزەکانمان بۆ قەندیل و چۆڵ کردنی ناوچەی کارۆخ و وەرتێ کاک ڕەحمان وەک فەرماندەیەکی پارتیزان لە ناوچەکە هەوڵی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و پێشمەرگە دابڕاوەکانی ئەدا لە ناوچەکە، بەڕێز کاک حەسەن کوێستانی سەرپەرشتیاری پارتیزانەکان بوو، ئاگاداری کردینەوە کە بروسکە هاتووە لە (م. س) کە بگەڕێتەوە بۆ قاسمەرەش بۆیە هەردوولامان هەریەک بە ڕێگای تایبەتی کشاینەوە بۆ قاسمەرەش. هەزار سڵاو لەگیانی پاکی کاک ڕەحمانی حاجی خدر فەرماندەی قارەمانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەمری بۆ تێکڕای شەهیدان........

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان خدر حارس ئیسماعیل
- ناسراو بە: ڕەحمانی حاجی خدر وەرتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی وەرتێ
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە مەلا حەسەن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شەماڵ، شەیلاز، ئاواز، بەناز، داستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦

ـ ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
ـ لە ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی (کەرت)
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری کارای لە دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی هەبووە بگرە لە هەندێکیان خۆی سەرپەرشتی کردوون، لەوانە: دۆڵی خانەقا، کارۆخ، ئازاد کردنی رواندز، شەڕی بەنی هەریر، دۆڵی جافایەتی، زینی وەرتێ، قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، دەشتی کۆیە، شەڕی (٣) مانگەی هەڵەموند خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو شەڕەی کردووە،
ـ ئەو کاتەی هێزی پێشمەرگە بەرەو سنووری ئێران کشانەوە شەهید (رەحمان) ٤٠ رۆژ بە پارتیزانی لە چیای کارۆخ ماوەتەوە لەم ماوەیەشدا (٢) چالاکیان ئەنجام داو چەند سەربازیان بە سزای گەل گەیاند.
ـ لە ساڵی ١٩٨٧ بۆتە جێگری تیپی (کارۆخ)
ـ لە ساڵی ١٩٨٨ کراوە بەفەرماندەی وەحدەی تیپی کارۆخ
ـ لە ساڵی ١٩٨٩ کراوە بە فەرماندی تیپی (٧٢) هەڵەموند
ـ لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری مەیدانی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە لە ڕاپەڕین تا رزگارکردنی شاری کەرکووک.لەم میحوەرە سەرپەرشتی چەند قۆڵێکی کردووە بە فەرمانی کاک کۆسرەت.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ـ٣ـ١٩٩١
ـ شوێنی شەهید بوون: لە نێوان شارۆچکەی پردێ و ناحیەی قوشتەپە.

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ١٢ /٤/٢٠١٧ لە ژمارە (٧٢٣٩) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (ئاوارە)

# عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد سەمیر



لەڕاستیدا تا لەنزیکەوە کارم لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شەهیدانی هەولێر نەکردبوو هەروام دەزانی چەند خێزانێک زیاتر لە شەهیدێکیان بەخشیوە بەو خاکە سوتماکەی سەدان ساڵە خوێن ئەبەخشێ لە پێناو کوردبوون، لەپێناو ئازادی خاک، لە پێناو بوونی نەتەوەیەک کە تا ئێستا کۆک نین لەسەر دەستکەوت و ئیمتیازاتی شەخسی، ئەوە تاوانێکە دەرهەق بەو رووبارە خوێنەی سەد ساڵی رابردوو ئەکرێ بێ جیاوازی خوێن ئەبەخشێ، لەماوەی (٢) ساڵی رابردوو چەندین خێزانم بەسەر کردۆتەوە کە زیاتر لە دوو تا پێنج شەهیدی بەخشیوە لەناو یەک خێزان، ئەمجارەیان بارگەی خەممان لە گوندی مشاری خزمانی سارمەمی بۆ خوێنەرانمان هەڵدەرێژین کە لەیەک خێزان (٣) برا شەهیدن ئەویش خانەوادەی مام عەلی محەمەد مشارین. ئەم خانەوادە خێرلەخۆنەدیوە بەدرێژایی شۆڕش و کوردایەتی بێ پسانەوە کۆڵیان نەداوە و لەسەر کوردبوونیان هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، یەکێک لە کوڕەکانی مام عەلی شەهید (عەبدولڕەحمان مشار)یە کەناوبراو لەتەمەنێکی کەم لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە بۆتە پێشمەرگە لەتیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەکەرتی (٤). لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە و پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و بە دیسپلین بووە، ئەو لەڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ رۆڵی کاری هەبووە، بەڵام بەداخەوە لە راماڵین و نارەزایی خەڵک لەدام و دەزگاکانی بەعس لە هەڵمەتێکی شێرانە لە ١٧-٧-١٩٩١ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووود لە گیانت ئەی شەهیدی خاک و نیشتمان.

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد سەمیر
- ناسراو بە: ئاوارە

- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مشار
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٦
- ئۆرگان: کۆمەڵە
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧ دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی (٤) تیپی (٨٧)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- جگە لەخۆی دوو برای تری بەناوەکانی (کەریم - سەدرەدین) شەهیدە
- ڕۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧-٧-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: بەردەم پارێزگای هەولێر

## شەهید (مام رەحمان وەرتی)

# عەبدولڕەحمان هادی عەبدوڵڵا عەلی




تێکۆشەرانی ڕێگای سەختی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ ئەوێ ڕۆژێ لێرەو لەوێ بە ژمارە زۆرنەبوون، هەڵبژاردنی ڕێرەوی ڕاست ڕەوی شۆڕش و خەبات کردن ئاسان نەبوو. ئەوانەی بڕیاریان دا بەشداربن لەم شۆڕشە زۆربەی ئەو کادیرو ئەندامانەی سەربە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوون و لەشارو لادێیەکان گۆش و پەروەردە دەکران و ڕەوانەی ئۆرگانە جیا جیاکانی ناو هێزی پێشمەرگەو سنووری مەڵبەندەکان دەکران، هەربۆیە سەرکەوتوو بەردەوام دەبوون لە خەبات و بەرخودان. ئاشنابوون بە ژیاننامەی شەهیدێکی دەڤەری باڵەکایەتی و وەرتێی هەمیشە سەوزی کوردایەتی کە تەمەنێکی زۆری بەخشی بە ڕێکخستنەکان و دوای ڕاپەرینیش پێشمەرگەو فەرماندەیەکی شارەزاو بەئەزموون لە بواری سەربازی ئەویش (عەبدولڕەحمان هادی وەرتی)یە. ناوبراو کەسایەتی و شەخسیەتێکی تایبەت و خۆشەویستی ناو جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. ئەو لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی ڕێبازی (مام) پەروەردە ببوو. بێگومان نووسین و باس کردن لەسەر کەلەپیاوێکی وەکو مام ڕەحمان وەرتی ناتوانین تەعبیر لەخەبات و ماندووبونی بکەین هەرئەوەندە دەڵێین ڕوحت شادو ئارامگەت هەمیشە ئاسوودەو هاوسەنگەرانت ئێستاش لەخەبات و تێکۆشان بەردەوامن بەڵێن دەدەن ڕێبازە پیرۆزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شەهیدان چۆڵ نەکەن. ئەم قارەمانەش لە ڕۆژی ١٣ـ ١٠ـ ١٩٩٧ لە کۆڵی تاری گەیشتە کاروانی شەهیدان و میوانی شەهیدانی وەرتێ و باڵەکایەتی بوو.

- ناوی تەواو: عەبدولڕەحمان هادی عەبدوڵڵا عەلی
- ناسراو بە: مام ڕەحمان وەرتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٤٩

- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزانداربووە
- ناوی هاوسەری شەهید: رابی عەلی عوسمان
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کەلسوم، عەبدولهادی، ڕەسول، خونچە، بەفرین، شەهلە،، شیرین، هاوژین، خالید
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە)
- شەهید بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- لە بەتالیۆنی (٣٤)ی هەڵەمۆرد درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ناوبراو (١) جار بریندار بووە لە (قەسرێ)
- لەتەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە لەشکری کارۆخ بووە تا رۆژی شەهید بوونی.
- دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری کارۆخ
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٣-١٠-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: کۆڵی تاری

## شەهید (عەبدولڕەزاق محەمەد)

# عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر مەولود



ئەگەر بۆ مێژووی کوردایەتی بگەڕێینەوە لە شۆڕشەکانی کورد بەگشتی " وراتی کۆیە" چەندین سەرکردەی شایستەو رۆشنبیرو جەماوەری تیایدا هەڵکەوتووە، یەکێک لەو سەرکردانە (شەهید عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر مەولود) سێ گردکانی بوو، ناوبراو هەر لە تەمەنی لاویەوە تێکەڵ بەکاری رێکخراوەیی و کاری سیاسی بوو، بەهۆی هێوری و هێمنی و جوامێری خۆی لە زۆر قۆناغی کاری رێکخراوەی کارەکانی زۆر بە سەرکەوتوو تەواو دەکرد، شارەزایی و ئاستی رۆشنبیری ئەو کەڵە پیاوە ماندوو نەناسە لەکاری سیاسی ببووە جێگاو متمانەی سەرووی خۆی. هەر بۆیە زۆرترین کاری رێکخستن لە قۆناغێکی سەختی ململانێی شۆڕش و بەعسیەکان لەو پیرە هەولێرە بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆی شەهید (عەبدولڕەزاق) بوو. دەتوانین بڵێین گەشەو سەرکەوتنی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە هەولێر شانازیەکەی زۆربەی بۆ شەهید عەبدولڕەزاق دەگەڕێتەوە. لەکۆتایی دەڵێم نووسین و گێڕانەوەی چالاکی و نەهامەتیەکان ودەستکەوتەکان وا بە ئاسایی و ئاسانی نە دەنووسرێتەوە نە دەگێڕدرێتەوە چونکە (٣٥) ساڵی پڕاو پڕ لە کارو چالاکی ئەم کەڵە پیاوە پێویست بە پەرتووکێکی گەورە دەکات لەسەری بنووسرێت.. بەڵام بەداخەوە ئەم سەرکردە مەزنە وەک پێشمەرگەیەک لە سنووری ئێرانەوە بەشداری لە رزگارکردنی بست بەبستی کوردستان کرد تا کەرکووکی قودسی کوردستان ئەم رزگارکردنەشی بە خوێنی ئاڵی خۆی نەخشاندو خەونەکەی هاتە دی. هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین لەسەر شەهیدی سەرکردە وتی: شەهید عەبدولڕەزاق کەسێکی هێمن و لەسەرخۆو جوامێر بوو پڕ بەمانای وشە، شەهید لەسەرەتای دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی لینین) ئەندام و کادیرێکی کاراو دیاربووە، لە زۆر قۆناغ بەرپرسی رێکخستنەکانی هەولێر یا کەرکووک بووە وەک لە نووسینەکانی کاک فەریدوون عەبدولقادرو کاک ئەرسەلان بایز خوێندوومەتەوە، چەند جارێک رێکخستنەکان ئاشکرا ئەبوون یا ئەگیران شەهید عەبدولڕەزاق جارێکی تر رێکخستنەکانی کۆ ئەکردەوە و ئەیدۆزینەوە سەرپەرشتی

ئەکردن بەتایبەت لەناوەندی حەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکان، شەهید لە کۆنفرانسەکانی (کۆمەڵە) لە (مالیمۆس) نزیک گوندی کانی زەردو لە کۆنفرانسی دووش لە خری ناوزەنگ بەشدار ئەبوو، بەڵام ئەوانە خۆیان ئاشکرا نەدەکرد دەم وچاویان ئەبەستەوە، لە کۆنفرانسی سێ لە مێرگە پان بەشدار بوو. پاشان لەسەر بڕیاری ناوەندی کۆمەڵە و ڕەزامەندی خۆی هاتنە دەرەوە بوون بە پێشمەرگە ناوبراو کرایە لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە مەڵبەندی ٣ لە دۆڵی بالیسان کە ئەوکات لێپرسراوی مەڵبەند شەهید حەسەن کوێستانی بوو. شەهید عەبدولڕەزاق دەوری زۆری هەبوو لە کۆکردنەوەی کادیران و ئەندامان چونکە ڕێزی هەموو کەسی دەگرت و هەموو لایەکمان بە براگەورەو لێپرسراوی خۆمان دەزانی، دەوری زۆری هەبوو لە نزیک کردنەوەی برادەران لە ناکۆکیەکان، هەموومان خۆشمان دەویست بەقەناعەتەوە بە لێپرسراوی خۆمان دەزانی. لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دەوری زۆری هەبوو لەهەموو شوێنەکان تا هەولێر پاشان بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک خۆی بەخاوەنی دەزانی لەسەرەتاوە کەویستمان بچین بۆ کەرکووک برایەکی شەهید عەبدولڕەزاق شەهید بوو بەناوی (خولە) پاش ناشتنی کاک عەبدولڕەزاق خۆی ئامادەکردبوو بەرەو کەرکووک بڕوات کاک کۆسرەت زۆر تکای لێ کردبوو لەپرسەکەی برای بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەببوو نەمایەوە و گەڕایەوە بۆ کەرکووک لە ڕێگادا لایدا بۆلای من لە پردێ کەمن سەرپەرشتی هێزەکانی بەرەی کوردستانیم ئەکرد بۆ ڕزگارکردنی دوبز لەلای سەربەشاخیش شەهید ڕێباز و شەهید فاقە خەریک بوون و تەنسیقمان هەبوو، ئێوارە بوو شەهید عەبدولڕەزاق هاتەلامان لە حدیقەی قایمقامیەت لە پردێ کۆبوونەوەم بە فەرماندەکان دەکرد پاش بەخێرهاتنی وتم کاک عەبدولڕەزاق فەرموو چ ئەمرێکت هەیە ئەمر بکەو وتی نامن دەڕۆم بۆ کەرکووک بۆ مەعەسکەر خالید وەزعەکە لەوێ باش نییە، دوای خوداحافیزی و تەوقەکردن وتم داوای لێبوردن دەکەم نەمتوانی بەشداری ناشتنی شەهید خولە بم وتی ئاساییە ئێوە هەموو برای منن. ڕاستی دەکرد وەزع باش نەبوو لە کەرکووک بۆ ڕۆژی دوایی پێش نیوەڕۆ هەر لە کەرکووک و مەعەسکەر خالید شەهید بوو، بەشەهید بوونی هەموومان تاساین چونکە زۆر لامان گەورەو خۆشەویست بوو.. جێگاکەی تا ئێستاش پڕنەکراوەتەوە، چونکە ئەم پیاوە جوامێرانە زۆر کەمن. هەروەها هەڤاڵ (قاسم عەزیز) کادیری دێرینی ڕێکخستنی کۆمەڵە و یەکێک لەو کادیرانەی ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێر دەستگیرکراو ئیعترافی نەکرد لەچەند دێرێک بۆمنی ناردووە نووسیویەتی: بێ گومان ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە کادیرە ئەساسیەکانی کۆمەڵە دەستگیرکراین لەزۆربەی شارەکان. پاش ئەوەی کە تەحقیقمان لەئەمنی عامە لەبەغدا تەواو بوو ساڵی ١٩٧٦ کە ئیعترافمان نەبوولەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەوکات (٣٦) کەسمان ئازاد کراین ئێمە (٣) هاوڕێ خەڵکی هەولێر بووین (شەهید شاخەوان ـ عەلی بەگ برای کاک ئەرسەلان بایز ـ بەندە) کە هاتینەوە هەولێر ڕێکخستن زۆر شڵەژاو بوو زۆر لە برادەران خۆیان شاردبۆوە، بەڵام بەبەربوونی ئێمە دەتوانم بڵێم برادەران ورەیان بەرزبۆوە، یەکەم هاوڕێ کە هاتە لای من بەناوێکی نهێنی (فستق فرۆش) شەهیدی سەرکردە (عەبدولڕەزاق) بووکەپێشتر بەو ناوە نەمناسی بوو، ئەوە بوو پاش هەواڵ پرسینی برادەرانی بەندینخانەوە و پرسینی ژیان و گوزەرانیان، دواتر وتی من لەلایەن برادەرانی سەروو هاتووم و ڕاسپێردراوم تۆ ببینم، وتی پاش گرتنی سەرکردایەتی برادەرانی سەرکردایەتی بڕیاردراوە کۆمیتەی شارەکان دروست کەین وتی (تۆو من و مەولود هەمزەو محەمەد زەنگەنە) بێ لام و جیم بێ بیرکردنەوە بۆکاتێکی تر یەکسەر وتم ڕازیم. ئەوە بوو دەستمان بەکاری خۆمان کرد هەموو برادەرانمان ڕێکخستەوە تا ١١ـ٥ـ١٩٧٧ لە ئەمنی هەولێر گیراین

نزیکەی (٨٥) برادەربووین لەماوەی (٦) رۆژ بوو.لەکۆتایی دەڵێم شەهید عەبدولڕەزاق یان فستق فرۆش کادێرێکی دڵسۆزو بەئەمەک و خۆڕاگربوو، کەسێکی نهێنی پارێزو هی ئەوە بوو پشتی پێ ببەستی.. هەزاران سڵاو دروود بۆ گیانی شەهیدی سەرکردەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

ـ ناوی تەواو: عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر مەولود

ـ نازناو: لە رێکخستنە نهێنییەکانی ساڵانی حەفتاکان لە ناو کۆمەڵەی رەنجدەران نازناوی (فستق فرۆش بوو) کەبووە پێشمەرگە ئەو نازناوە نەما.

ـ ساڵی لە دایک بوون: ١٩٤٨

ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی سێگردکان ـ قەزای کۆیە: پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان لە هەولێر تەواو کردووە.

ـ عەشیرەت: دەربەندی

ـ باری خێزانی: خێزاندارە

ـ ناوی خێزان: شوکری عەلی محەمەدئەمین

ـ ناوی منداڵەکان: هەڵمەت، تارا، تۆڵە، ئالان.

ـ لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی دەکات بەڕێزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

ـ لە ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

ـ لە ساڵی ١٩٧٥ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ دەکرێتە لێپرسراوی رێکخراوی هەولێرـ کەرکوک، هەمان ساڵ دەکرێتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن بەعسەوە زیندانی دەکرێت.

ـ لە ١٩ـ٨ـ١٩٧٩ ئازاد دەکرێت.

ـ لە ساڵی ١٩٧٩ پاش ئازاد کردنی پەیوەندی دەکاتەوە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ لەسەر داوای سەرکردایەتی پەیوەندی دەکات بەشاخەوەو دەبێتە پێشمەرگەو دەکرێتە لێپرسراوی رێکخراوی (٢) کۆمەڵە.

ـ یەکێک بووە لەسەرکردە دیارەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان هەر لە ئێرانەوە تا کەرکووکی قودسی کوردستان.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٣ـ١٩٩١

ـ شوێنی شەهید بوون: شاری کەرکووک

## شەهید (چەتۆ موهەندیس)

# عەبدولستار سەلیم کەریم مەحمود



ڕێکخستنە پۆلاینەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بۆ ئەوێ ڕۆژێ سەدان لاوی خوێن گەرم و ڕۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەی بەرزی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوەو لە ئامێز گرتبوو، ئەوێ ڕۆژێ لەناو زانکۆکانی بەغداو موسڵ و سلێمانی و سەلاحەدین شانەو ڕایەڵەکانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی وەک فێرگەیەکی پێگەیاندنی لێ هاتبوو دەیان سەرکردە و کادیری سیاسی بۆ یەکێتی بەرهەم هێناو لەوێوە پاش تەواو کردنی خوێندن پەیوەنیان بەشاخ دەکرد. ئەگەر بۆ مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بگەڕێینەوە کادیرو پێشمەرگەکانی خەڵکێکی زۆری نوخبەو خاوەن بڕوانامەی بەرز بوون و تێڕوانین و دیدیان بۆ شۆڕش و بەرخودان جیاواز بوو بەراورد بە حزبەکانی تری کوردستان. ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ پاش تەواوکردنی زانکۆ چەندین کادیری ڕۆشنبیری وەک (دەشتی موهەندیس ـ ئەکرەم موهەندیس ـ چەتۆ مەهندیس) ڕویان لەشاخ کردوو بوونە پێشمەرگەو بەڵێنیان بە دایکانی شەهید دا نەسرەون تا شۆڕش سەردەکەوێ. یەکێک لەو شەهیدانە (عەبدولستار سەلیم کەریم مەحمود) ناسراو بە (چەتۆ موهەندیس) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ و خاکی بوو، ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بەرزبوو هەر بۆیە لەماوەیەکی کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی کرایە ڕابەری سیاسی تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی. ئەو ماوەی پێشمەرگە بوو تا ڕۆژی شەهیدبوونی دڵسۆزانە تێکۆشا و خەباتی کرد بۆ نەمانی زوڵم و ستەمی بەعسیەکان لە میللەتی کورد. بەلام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە ڕێکەوتی ١٥ـ١٢ـ١٩٨٥ لە سنووری زیارەت شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزار دروود لە گیانت ئەی کادیرو پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات.

ـ ناوی تەواو: عەبدولستار سەلیم کەریم مەحمود

ـ ناسراو بە: چەتۆ موهەندیس

-ساڵی لەدایک بوون: ١-٧- ١٩٦٠
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی یەدی قزلەر - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مەرزانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری - زانکۆی سەلاحەدین - بەشی شارستانی ساڵی ١٩٨١ -١٩٨٢
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لە رێکخستنەکانی خوێندکاران رۆڵی کارای هەبووە لە خۆپیشاندان و لێدانی سەدان پۆستەراتی شەهیدان و دروشمی نیشتمانی و نووسین دژی بەعسییەکان.
- شەهید چەتۆ لە رێکخستنەکانی ناوشار دەورێکی کاریگەری هەبووە.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١١-٦- ١٩٨٢
- سەرەتا لەناوەندی کۆمەڵە بۆتە پێشمەرگە دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٨٥)ی بەرانەتی - لە کەرتی تیپ درێژەی بەخەبات داوە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ژیانی پێشمەرکایەتی (١) جار بریندار بووە لە راوەدونان و چەک کردنی جەیش شەعبیەکانی دەشتی هەولێر.
- لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی سنووری دەشتی هەولێری کردووە.
- دوا پلەی رابەری سیاسی تیپی (٨٥) بەرانەتی بووە
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٥-١٢- ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: سماقوڵی - سنووری زیارەت
- هەر لەم نەبەردیە کادیرێک بەناوی (حەمە عەلی) شەهید بوو یەکێکی تریش بەدیل گیرا بەناوی (مامۆستا ئەمیر) دواتر لە سێدارە درا.

## شەهید (سەلام گۆران)

# عەبدوسەلام محەمەد رەمەزان یوسف




لە کەرتی (٣) تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی لاوێکی خوێن گەرم و گۆش کراو بە رێبازی مام لە دەڤەری بەڕانەتی گۆش و پەروەردە ببوو، ئەو پێشمەرگەیەکی بەسەلیقەو دیقەت و بزێوی ناو هێزی پێشمەرگە بوو، بەهۆی قارەمانیەتی و هەڵسوکەوتە جوانەکانی لەگەڵ دەوروبەر خۆشەویستی ناو هاوسەنگەرانی و جەماوەری سنوورەکەی بۆخۆی کێش کردبوو، شەهید سەلام هەرگیز لەدوژمن نەترساوەو حسابی بۆ ئەوانە نەدەکرد کە ئەوێ رۆژێ خیانەتیان لە گەلی کورد دەکرد.. هەڤاڵ (هەرێم کەمال ئاغا) ئەندامی سەرکردایەتی و هاوسەنگەری شەهید سەلام وتی: لە ژیاننامەی شەهیدێکی تری یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرەتا دەڵێم سەری رێزو نەوازش بۆ شەهید سەلام گۆران و تێکڕای شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاری گەلی کورد دادەنوێنم، شەهید سەلام لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر، خاکی، هەژارو جووتیار، خۆشەویست و خۆنەویست، دڵسۆز بۆ کوردایەتی لە گوندی گردەچاڵ هاتوونەتە ژیانەوە. ناوبراو هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە تێکەڵ بەکاری رێکخراوەیی بوو لەناو رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بەهۆی خۆشەویستی و ئینتمای بۆ خاک تێنویەتی نەدەشکا بەکاری رێکخستن بەڵکو هاتە شاخ و چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان، بۆ ئەوەی دژی بەعسی و خۆفرۆشانی وڵات بجەنگێ. جێگای خۆیەتی بڵێین لە سنووری بەرانیان هەڵسوڕاوێکی بزێو چالاک بوو، شەهید سەلام خۆشەویستی هەموو ماڵە جووتیارێک بوو، هەموو کات بۆ کاری رێکخستن بۆکاری پێشمەرگایەتی هەمیشە ئامادەبوو، هیچ کارێک بۆ ئەو قورس نەبوو. ئەو زۆر چاو نەترس بوو لە پێناو یەکێتی بوونی قوربانی زۆری داوە لە پێناو یەکێتی هەورازو نشێوی زۆربینی تا شەهید بوونی هەرکۆڵی نەدا، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لەداستانی تەق تەق بەیەکەوە بووین بریندار‌بوو گولەیەکی وێڵی فاشیەکان دەمارێکی سەرەکی خوێنی بڕیبوو دواتر شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. روحت شادو ئارامگەت ئارام کورە

خۆشەویستەکەی هەموو لایەک.
- ناوی تەواو: عەبدولسەلام محەمەد رەمەزان یوسف
- ناسراو بە: سەلام گۆران
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردە چاڵ - ناوچەی بەڕانەتی
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زاهیدە حەمەد سێودین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: سەردار، رزگار، رێباز، خونچە.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی - کەرتی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی هەمە جۆری کردووە لەوانە: شەڕی گەزنە، لێدانی رەبیەکانی هیران و نازەنین، شەڕی کەپەنک رەش، سماقوڵی، لێدانی ناحیەی تەق تەق، شەڕی مەڵبەندی (٤) قەیوان ماوەت.
- رۆژو مانگ و ساڵێ شەهیدبوون: ١٩-٥-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: ناحیەی تەق تەق

## شەهید (سەلام تەللخێمی)

# عەبدولسەلام ئەحمەد سابیر



بێ گومان لەسەردەمی شاخ و لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەتی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لەهەر میحوەرێک بوونیان هەبووایە ئەم شەرگەیە دوژمن حسابی بۆ دەکرد چونکە پێشمەرگەکانی دەشتە کاکی بەکاکیەکەی هەولێر سوێندیان بۆ یەک دەخوارد ساتر بڕوات، خاک بڕوات ئەوان نەڕۆن، بۆیە تیپەکانی هەولێر کام شارو کام شاخ و لووتکەو قۆپ ماوە داستان و نەبەردیان لێ تۆمار نەکردبێ و خوێنیان شاباشی خاک نەکردبێ. سەیرکەن ئەمجارە شەهیدەکەمان لە داستانی رزگاری و لە نەبەردی گوندی چالاو لەگەڵ (٤) پێشمەرگەی تری قارەمانی هەولێر بە خوێنیان داستانی رزگاریان نەخشاند.. هەڤاڵ ملازم (کەمال) پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی مەکتەبی رێکخستن دەربارەی شەهید سەلام وتی: شەهید سەلام ئەحمەد سابیر تەللخێمی لە خانەوادەیەکی دڵسۆزو خاوەن هەڵوێستی کوردایەتی بوون لەسەر شۆڕش و ئینتمای کوردبوون هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە. شەهید سەلام تا بڵێی پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و رووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو. لە رووی کۆمەڵایەتی زۆر تێکەڵ بوو، زۆر حەزی لە یاری فۆتبۆڵێن بوو، لەهەمووی گرنتر زۆر بزێو بوو نەیدەتوانی سەعاتێک لە شوێنێک دابنیشێ، هەموو جارێ دەیووت ئامادەم لە هەموو شەروو چالایەک بەشداربم بەس مەڵێن یەک سەعات ئیختفا بە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵی رێنماییەکانی سەرووی خۆی بوو هەربۆیە خۆشەویستی ناو کەرتەکەی بوو. روحی شادو ئارامگەت ئاسوودە شەهیدی رێگای رزگاری..

- ناوی تەواو: عەبدولسەلام ئەحمەد سابیر
- ناسراو بە: سەلام تەللخێمی
- تەمەن: ١٩٦١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تەللخێم، ناحیەی گوێڕ، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: مەرزانی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پیشەسازی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- ئۆرگان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢٢-٣-١٩٨٣ دەبێتە پێشمەرگە لای شەهیدی فەرماندە رەنجە تەللخێمی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی: دووجار بریندار بووە.
- خاوەنی کۆمەڵێک شەهیدی سەنگەرن لە گوندی تەللخێم
- ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨-٥-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: داستانی رزگاری - گوندی چاڵاوە لەگەڵ (٤) هاورێی تری شەهید بوون بەم ناوانە (قادر مستەفا قۆریتانی - بێستونە سووری گعێتلی - سەمەد سەلیم شێخ شەروانی - شێرۆ ناسری).
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١١/١٠ لە ژمارە (٧١١٤) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە

## شەهید (عەبدولعەزیز باڵەکی)

# عەبدولعەزیز برایم عەزیز مەحمود



ڕاپەڕین و دەرکردنی بەعسیەکان لەخاکی پیرۆزی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩١ مژدەو هەواڵ و کرانەوەیەکی ئازادی بەرووی گەنجان و لاوانمان هێنا، ئەوەندە دڵخۆشکەرو دڵەکان خێراتر لێیان دەداو فرمێسکی خۆشی لەسەر رووی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قەتیس مابوو، باوەڕکردن بە نەمانی سەدامیەکان وەک خەون وابوو. لەم ڕۆژە مێژووییەدا سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین و شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دادەنوێنین.لە ٣١-٣-١٩٩١ لاوێکی خوێندەوارو رۆشنبیرو خوێن گەرمی دەڤەری باڵەکایەتی هەمیشە سەوز لە هەولێری قەڵاو منارە کەوتە ژێر تایەی دەبابەکانی بەعس و بێ بەزەییانە شەهیدیان کرد، ئەم لاوەش (عەبدولعەزیز برایم عەزیز مەحمود) باڵەکی بوو. ناوبراو لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر گۆش و پەروەردە ببوو، لە ساڵی ١٩٨٤ تێکەڵ بە کاری رێکخراوەیی بوو. دڵسۆزانەو کوردپەروەرانە هاتبووە مەیدانی خەبات، بەڵام بەداخەوە بۆن و بەرامی ئازادی نەکردوو شەهید بوو.. هەزار درووت بۆ گیانت کوڕە لاوەکەی باڵەکیان.

- ناوی تەواو: عەبدولعەزیز برایم عەزیز مەحمود
- ناسراو بە: عەبدولعەزیز باڵەکی
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی باڵەکیان ـ قەزای سۆران
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤

- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٩١
- ئۆرگان: شانە چەکدارەکانی بروسک ـ کەرتی شەهید سەید کەریم
- شەهید بەشداری رزگارکردنی قەزای کەلەک و هەولێرو مەخموورو کەرکووکی قودسی کوردستانی کردووە.
- رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ـ٣ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: ناوچەی پیشەسازی ـ هەولێر
- دەبابەکانی رژێم بەسەر لاشەی تێپەڕیبوون

## شەهید (مەریوان)

# عەبدولفەتاح محەمەد خدر سلێمان



ئەو دەرچووی زانکۆی موسڵ بوو، ئەو گەنجێکی لەدایک بووی گەڕەکی سێتاقانی هەولێر بوو، ئەو لاوێکی خوێن گەرم و هۆشیارو رۆشنبیری سەردەمی خۆی بوو، هەمیشە ئارەزووی خوێندن و خوێندنەوەی هەبوو، ئەم لاوەش (عەبدولفەتاح محەمەد خدر) ناسراو بە (مەریوان)ـە ناوبراو لەگەڵ تەواو بوونی خوێندنی زانکۆ راستەوخۆ پەیوەندی دەکات بەناوەندی کۆمەڵەو دەبێتە پێشمەرگەو لەبەر زیرەکی و ئاستی هۆشیاری بۆ ئەوەی رەوانەی ناو جەماوەری بکەن داخیلی خولی کادیرانیان کردووە و بە ئاستێکی بەرز دەرچوو لە خولەکەدا، هەربۆیە لەماوەیەکی کەم کراوەبە ئەندام کەرت لە سنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. وەک کادیرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسنووری دەشتی هەولێر دەورێکی باڵای هەبووە ـ لەناو هێزی پێشمەرگەو جەماوەریش خۆشەویست بووە. ناوبراو لە ٢٢ـ١٠ـ١٩٨٦ لە شەڕێکی سەخت لەگەڵ رژێم لەگوندی زمارەی سابیر بریندار دەبێ و رۆژی دواتر لە گوندی قازیخانە شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.....

ـ ناوی تەواو: عەبدولفەتاح محەمەد خدر سلێمان

ـ ناسراو بە: مەریوان

ـ تەمەن: ١٩٥٧

ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی منارە ـ ناحیەی شەمامک ـ پاریزگای هەولێر

ـ باری خێزانی: سەڵت


ـ ساڵی ١٩٥٨ ماڵیان هاتۆتە هەولێرلە گەڕەکی سێتاقان نیشتەجێ بوونە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی موسڵ وەرگیراوەو خوێندنی زانکۆی بەسەرکەوتوویی

تەواو کردووە.
- ساڵی ۱۹۷۷ تێکەڵ بەسیاسەت بووە و لەرێگای هەڤاڵ (جەبار یاوەر) رێکخراوە بۆ رێکخستنەکان.
- لەسەرەتای ساڵی ۱۹۸۱ پەیوەندی کردووە بەهێزی پێشمەرگەوە لەگەڵ پۆلێک هاورێی خویندکاری تر،
- سەرەتا پەیوەندی دەکات بە ناوەندی کۆمەڵەوە لەوێ چەندین خولی هۆشیاری و کادیری بینیوە.
- دوای کۆنفرانسی دوو لەگەڵ کۆمەڵێک کادیری دیکە دابەشی سنووری جوگرافیای خۆیان دەکەن.
- لەسنووری تیپی (۸٦) دەشتی هەولێر دەکرێتە (ئەندام کەرت)
- لە کۆنفرانسی ناوچەییەکان هەڵبژێردراوە بە ئەندام کۆنفرانس، شەهید مەریوان یەکەم دەنگی هێناوە.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەوانە: هێزی پشتیوانی بۆ یارمەتی دانی پێشمەرگەکانی دیموکرات و کۆمەڵە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. شەڕی بێتواتە، شەڕی سێقوچان، شەڕی رەبایەکانی باواجی، شەڕی سەرکردایەتی لە ساڵی ۱۹۸۵، شەڕی قولتەپە کە شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ پیاوانی مەنزومەی ئەمن و مدیر ناحیەی تیا بوو زەبرێکی باشیان لە دوژمن دا، بەشداری دەیان شەڕی تر لە سنووری کۆیەو خۆشناوەتی.
- رۆژی ۲۲-۱۰- ۱۹۸٦ لە گوندی (زمارەی سابیر) لەشەڕێکی سەختدا بریندار بوو
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ۲۳-۱۰-۱۹۸٦
- شوێنی شەهیدبوون: گوندی قازیخانە.

شەهید (عەبدولقادر خۆشناو)

# عەبدولقادر عەلی قادر ئەحمەد



خوێنەرانی خۆشەویست ئێوە تەنها سەیری وێنەکەو ئەتەکێتی بەرگی ئەم گەنجە نیشتمانپەروەرە بکەن بۆ ئەوێ رۆژێ کە چل ساڵ لەمەوبەرە بزانە چەند بەپەرۆشەوەیە بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش، چەند بەپەرۆشەوەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی گەلەکەی، ئەو خوێندکارێکی تازە پێگەیشتووی شاری هەولێری دێرین بوو، ئەو کوردایەتی راستەقینەی لە هزردا چەکەرە کردبوو، ئەو رۆشنبیرێکی بیر کراوەو رق ئەستوور بوو بەرامبەر بەعسیە شۆفینیەکان، لەسەرەتایی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ١٩٧٦ شەهید (عەبدولقادر خۆشناو) پەیوەندی دەکات بەرێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بە هەڤاڵ (تەلعەت رەحمان مەولود) ناسراو بە تەلعەتە رەش. بەڵام پەیوەندییەک تا سەر ئێسقان راستگۆو دڵسۆز بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان. زۆر کاری گەورە دەکەن لەناوشاری هەولێر، بەتایبەتی بردنی (چاپی رۆنیۆی) ئامادەیی (الاخوە) بۆ سەرکردایەتی لەگەڵ هاورێکانی. بەڵام بەداخەوە لەسەر رەحلەی ئیمتحانات بە (٢) دەمانچەوە لە ئامادەیی پیشەسازی کارەبای هەولێر دەستگیر دەکرێ لە ٩ـ١٠ـ ١٩٧٧ لە سێدارە دەدرێت لەگەڵ هاورێیەکی تر بەناوی (عەبدولقادر حکمەت رواندزی. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم (٢) شەهیدەو تێکڕای شەهیدان.

ـ ناوی تەواو: عەبدولقادر عەلی قادر ئەحمەد

ـ ناسراو بە عەبدولقادر خۆشناو

ـ تەمەن: ١٩٥٧

ـ شوێنی لەدایک بوون: کەرکووک، بەڵام لە هەولێر ژیاوە

ـ ئاستی خوێندن: کە دەستگیر کراوە خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازی کارەبای هەولێر بووە.

ـ عەشیرەت: گەردی

ـ باری خێزانی: خێزاندار بووە.
ـ ناوی خێزان: سەبریە حەمە کەریم
ـ تەنها یەک منداڵی هەیە بەناوی (تریسکە) پێش لە سێدارەدانی باوکی وەسیەتی کردووە ئەگەر کچ بێت ناوی تریسکە بێت، ئەگەر کوڕ بێت (پۆڵا) بێت..
ـ ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش
ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٦ لە رێگای (تەلعەت حەسەن مەولود (ناسراو بە تەلعەتە رەش) بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
ـ ئەو ماوەی لە رێکخستن کاری کردووە: چەندین چالاکی جۆراوجۆری کردووە لەوانە: بردنی (تابیعەی رۆنیۆی) ئامادەیی الاخوە بۆ سەرکردایەتی لەگەڵ هاورێکانی.
ـ لە ٥ـ٦ـ١٩٧٧ لەسەر رەحلەی ئیمتحانات لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر بە ٢ دەمانچەوە دەستگیر دەکرێت.
ـ لە ٩ـ ١٠ـ١٩٧٧ لە سێدارە دەدرێت.
ـ شوێنی لە سێدارە دان (بەندیخانەی موسڵ).
ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٣/٢ لە ژمارە (٧٢٠٨) لە لاپەڕە (١٢)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (هاوڕێ کاوە مەخمووری)

# عەبدولکەریم حوسێن مستەفا قادر



ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ بخوێنیتەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد، شۆڕشی چەکداری ڕاگەیاندو پێشمەرگە پارتیزانەکانی ساڵی ١٩٧٦ مەفرەزەی بچووک بچووکی لە هەموو کوردستان بڵاوکردەوە بەسەر هەرێمەکان بە ژمارە نەدەگەیشتنە (٢٠٠) پێشمەرگە، بەرنامەو زەروریەتی دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێیان بۆ خەڵک شی دەکردەوە، گوند بە گوند بە شێوازی پارتیزانی شەوان لەمزگەوت وماڵەکان کۆبوونەوەیان بە خەڵک دەکرد، یەکێک لەو پێشمەرگانەی لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی ئەوێ ڕۆژێ بەشدار بووەو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە شەڕو داستانەکان و لە جەولەو بەسەرکردنەوەکانی سەردەمی هەرێمەکان بە تایبەتیش لەگەڵ بەڕێز (مەلا بەختیار) کوڕە ئازاو بوێرەکەی مەخموور" عەبدولکەریم حوسێن مستەفا قادر" ناسراو بە هاوڕێ کاوە بووە. ناوبراو سەرەتای پێشمەرگایەتی لە ناوچەی سلێمانی و قەرەداغ بووە لەبەر ئازایەتی و متمانەو ڕەوشت بەرزی بەردەوام لەکۆبوونەوەکانی باڵا پرس ورای وەرگیراوەو بانگێشت کراوە بۆ سەرکردایەتی ئەوکات، ئەو وێڕای ئەوەی پێشمەرگەیەکی ئازاو بە دەست و بە دیقەت بووە، کادیرێکی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی بووە، لەبەر ئازایی و چاونەترسی لە ساڵی ١٩٧٨ لە ناوچەی سلێمانی دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە، لەگەڵ تەشکیلاتی هەرێمەکان هاوڕێ کاوە دەکرێتە یەکەم فەرماندەی کەرتی (١)ی هەرێمی (٨)ی هەولێر... پێشمەرگەی دێرین " خاڵە عەبد مەخمووری" بۆی گێڕامەوە وتی ساڵی ١٩٨٣یە من لەگەڵ هاوڕێ کاوە پێشمەرگە بووم هاوڕێ کاوە فەرماندەیەکی ئازاو هۆشیارو بە دیقەت بوو هەواڵمان بۆ هات کە شێخ جەعفەرو شەهید محەمەد شینەو شەهید ڕەنجەو نزیکەی (٧٠) پێشمەرگەی یەکێتی لە گردەسۆری سیانان دەوریان گیراوەو وەزعیان خراپە ئێمەش لە سنووری (تەللخیمی گەورە) بووین چوار سەیارە فوڵ پێشمەرگە نزیکەی (٤٥) پێشمەرگە دەبووین کات دەوروبەری نوێژی نیوەڕۆیە تا دەگەینە گردەسۆر دەبێ

چەندین رەبایەو سنووری شەمامک و کەندێناوەو مرکێ و ٢ جادەی سەرەکی ببڕین شەهید هاوڕێ کاوە وتی هەڤاڵان سواری سەیارەکان بن ئەوە زۆر ئاساییە من بە گرێنتی دەتان گەینمە ناو شەڕەکە، لێرەدا کارامایی و شارەزایی هاوڕێ کاوە بەم هەموو متمانە بە خۆی زۆر گرنگ بوو لەراستیش دا بەسەلامەتی ئێمەی گەیاندە گوندی (پۆریجە) کۆبوونەوەیەکی پوخت و بە رێنمایی و تەکنیکی ئەم جۆرە شەڕانەی بۆ باس کردین تا دونیا تاریک بوو بە هانای برا پێشمەرگەکان چوین بەچەند قۆلێک ئێمەی دابەش کرد گردێکی بڵند هەیە بەلای شاقازییەوە موسەیتر بوو بەسەر گردەسۆر هەر زوو ئەو گردەمان گرت نزیکەی ١٣ سەرباز هەر لەم گردە کوژران دوژمنمان راوناو دەست کەوتی باشمان لە چەک و تەقەمەنی هەبوو دوژمن زیانێکی گەورەی پێ کەوت و تەنانەت ناقیلەیەکیان جێ هێشت بوو لەم شەڕەدا هاوڕێ کاوە بەردەوام تەوجیهاتی دەداو خۆی بەسەر پێشمەرگەکان دەسووڕایەوەو سەرپەرشتی هەموومانی دەکرد، وتی لەگەڵ جوامێر برۆن گولە ئارپێچی بێنن کە گەڕاینەوە شەهید کاوە"مار" پێوەی دابوو.. دیارە لە نووسینێکی وا کورت باسی ئازایی و بوێری ئەم فەرماندەو سەرکردە خاکیەی ئەوێ رۆژێ ناکرێ، بەڵام بۆ گەیشتن بە زانیاری زیاترو گەورەیی ئەم کەڵە پیاوە جوامێرە، بیرەوەری و یاداشت و پەرتووکەکانی شەهیدان رێبازو شاخەوان عەباس و وتارەکانی (مەلا بەختیار) لە بۆنەکانی تایبەت بەهەولێر لەکۆڕەکانی لە دانیشتنەکانی تەنها ئەو لە تێکۆشەری وپاکی و دڵسۆزی و قارەمانیەتی هاوڕێ کاوە ئاشنایە هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین دەربارەی هاوڕێ کاوە وتی: شەهید خەڵکی گوندەکانی باشووری مەخموور بوو، لە خێزانێکی جووتیارو نیشتمانپەروەر بوو، گەنجێکی زۆر زیرەک و بەتواناو بزێوو بوو، لە ساڵی ١٩٧٧ بوو بە پێشمەرگە کە پێشمەرگایەتی ئاسان نەبوو ئەوکات. لە پێشمەرگایەتی بە زیرەکی و دڵسۆزی خۆی بوو بوو بە لێپرسراوی دەستەی حیمایەکانی" مەلا بەختیار " ئەوکات مەلا بەختیار لەناوەندی کۆمەڵە بوو دەوری زۆری هەبوو زۆر لە ناوچەکانی قەرەداغ و شارباژێرو شارەزوورو دەشتی هەولێر دەسوڕایەوە وە لێپرسراوی ناوچەکان بوو، هاوڕێ کاوە لەگەڵ ئەو پەروەردە ببوو فێری لەهجەی سلێمانیش ببوو، چونکە هەموو خەڵکەکەی دەورووبەری خەڵکی ناوچەی سلێمانی بوون. زۆر خۆشەویست بوو لەناو هەڤاڵەکانی بۆیە ناویان نابوو هاوڕێ کاوە لە دڵسۆزی بۆ کۆمەڵە ئەوناوەیان لێ نابوو. پاشان هاتە هەرێمی (٨)ی هەولێرو بوو بە ئامر مەفرەزە دواتر کرایە فەرماندەی کەرت لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر فەرماندەی کەرتی ئەو کاتە زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەرکەکەی وا ئاسان نەبوو، کەسێک زۆر ئازاو گونجاو و دڵسۆز نەبووایە نەدەبوو بە ئامرکەرت، لە ساڵی ١٩٨٣ پایزەکەی مارپێوەدا وەزعی زۆر خراپ بوو بۆ پشوو هاتبوو بالیسان هەر لەوێش دکتۆر دەیبینی، زۆر برادەرو خۆشەویستی یەکتر بوین ماوەیەک لای من میوان بوو پاشان لەناو گوندی بالیسان بەغەدرو نامەردی ئێوارەیەک شەهیدیان کرد، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو، هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی شەهید کاوەو سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان.

- ناوی تەواو: عەبدولکەریم حوسێن مستەفا قادر
- ناسراو بە: هاوڕێ کاوە مەخمووری
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مەحسوناوە ـ قەراج ـ مەخموور
- عەشیرەت: گەردی

- خوێندن:تا دووی ناوەندی خوێندوە
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن (مانگی ٦- ١٩٧٧)
- ناوی ئۆرگان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)

لە ساڵی ١٩٧٧پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ کردووە.

- لە ساڵی ١٩٧٨ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە ناوچەی سلێمانی
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ کراوە بە فەرماندەی کەرتی (١)ی دەشتی هەولێر لە هەرێمی (٨)
- لە ساڵی ١٩٨٣ لە نزیک گوندی گردەسۆر (مار) پێوەی دەدات وەزعی تەندروستی زۆر خراپ بوە رەوانەی بالیسان کراوە..
- ساڵی شەهید بوون (١٩٨٣)
- شوێنی شەهید بوون (بالیسان)

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/١٤ لە ژمارە (٦٨٩٧) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە....

### شەهید (سۆران مەسیحی)

# عەبدولمەسیح بولیس سلێوا پلندر



" سۆران مەسیحی "ناوێکی شەهم و پیاوێکی دیارو کەسایەتیەکی بەرز، ئەو هەستی کوردانەی باڵانسەکەی لە لووتکە دابوو، رەوشت بەرزی ئەم کەڵە پیاوە مەگەر بەس خوایی گەورە بزانێ چەند بڵندو بەهێزبووە بەرامبەر خەڵک و خاک و نەتەوە، خۆڕاگری سۆران هێندەی سەفینە شێتەکەی خۆشناوان و هەڵگوردو کۆدۆ یەکانگیربوو، دڵسۆزی و خۆنەویستی ئەو پێوەری نەبوو. لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو دڵسۆز پەروەردە ببوو، بەهۆی ئەوەی سۆران پێشمەرگە بوو لەرێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەیەک کات (١٠) کەسی نزیکی لە خانەوادەکەی لە زیندانەکانی بەعس دابوون لەم (١٠ کەسەدا (٨) کەسیان لە سێدارە دران سەرجەمیان دایک و باوک خوشک و برایەکانی و خێزانی و کچەکەی بوون. شەهید سۆران بەهۆی ئاستی رۆشنبیری و کراوەیی لە هزریدا پەیوەندییەکانی لەناو هێزی پێشمەرگە زۆر فراوان بوو، لەبەر ئازایی و دڵسۆزی و نهێنی پارێزی کرایە مەفرەزەی ناوشار بۆ لێدانی پیاوانی رژێم.لەئەنجامی زۆری چالاکییەکانی لەماوەیەکی زۆرکەم (٢) جار بریندار بوو. پێشمەرگەی دێرین (وەرزێرخدر) دەربارەی شەهید سۆران وتی: شەهید وەک تاکە مەسیحیەک کە خەڵکی عەنکاوە بوو وێڕای دڵسۆزی و ئازایەتی و خاوەن فکرێکی باوەڕو رۆشنبیر رێزێکی تایبەتی لای هەموو یەکێتیەک هەبوو، هەردەم حساب لەسەر راو بۆچونەکانی دەکرا، پێشمەرگەیەکی ئازاو بەغیرەت و بە هیمەت بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لە ١٤ـ٨ـ١٩٨٨ لە نزیک دەواجینەکانی پیرزین گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: عەبدولمەسیح بولیس سلیوا پلندر
- ناسراو بە: سۆران مەسیحی
- تەمەن: ١٩٥٦

- شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی عەنکاوە ـپارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزانی: سێبەر سلێوە برایمۆک
- تەنهایەک کچی هەبووە بەناوی (ژاڵە)
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی لەعەنکاوە تەواو دەکات ـ ناوەندی لەقوتابخانەی (زازا) تەواو دەکات ئامادەیی سناعەی هەولێر تەواو دەکات و دواتر دەبێتە مامۆستا: ماوەیەک لەخوێندنگای ناوەندی کاوە لە دهۆک ـ دواتر گوازرایەتەوە بۆ خوێندنگای ناوەندی ئیسکان لە هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨ لە ڕێگای مامۆستا زاهیر ڕانیەیی.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ لەلای کاک عەزیز بەگ لەبارەگای سەرکردایەتی.
- دواتر گوازرایەتەوە مەڵبەندی هەولێر وەک کادیری کۆمەڵایەتی دەست بەکار بووە لەسنووری دەشتی هەولێر.
- ناوبراو یەکێک بووە لە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- پاش ساڵێک کراوە بە مەفرەزەی ناوشار لەسنووری بەڕانەتی.
- (١٠) کەس لە خێزانەکەی لە زیندان بوو، (٨)یان لە سێدارە دران، تەرمی (٥) کەسیان دۆزراوەتەوە لەپاش ڕاپەرین، (٣) کەی تر تەرمەکەیان نەدۆزراوەتەوە.
- شەهید سۆران لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە، یەکەمیان لە جادەی شەستی هەولێر، دووەمیان لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێر.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون ١٤ـ٨ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: نزیک پیرزین و مەنتیقەی دەواجنەکان خیانەتی لێ دەکرێ و شەهید دەکرێ، تەرمەکەی دەکەوێتە دەست پیاوانی دائیرەی ئەمنی هەولێر.
- جگە لە خۆی ئەم ناوانەی خوارەوە تەنها لە خێزانەکەی لەسەر شەهید سۆران لە سێدارەدراون..
١ـ بولیس پلندر ـ باوکی شەهید
٢ـ نرکس یونا گلیانا ـ دایکی شەهید
٣ـ حمامە بولیس ـ خوشکی شەهید
٤ـ سەبیحە بولیس ـ خوشکی شەهید
٥ـ نادیە بولیس ـ خوشکی شەهید
٦ـ شزی بولیس ـ خوشکی شەهید
٧ـ سێبەر سلێوا ـ خێزانی شەهید
٨ـ ژالە عبدولمەسیح کچی شەهید تەمەنی (٤٠) شەو بوو

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٦/٧ لە ژمارە (٧٢٨٧) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (مەناف)

# عەبدولمەناف عەبدولوەهاب حەمەد حوسێن



فەرماندەی کەرتەکانی ئەوێ ڕۆژێی دەشتی هەولێر هەندێ خاسیەت و تایبەتمەندی جیاوازیان هەبوو لەگەڵ سنوورەکانی تر، ئەوان هەر فەرماندەی عەسکەری نەبوون، بەڵکو زۆربەیان لایەنی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و سیاسیان هاوتەریب بوو، پێشتر کادیری سیاسی بوون دواتر دەهاتنە گۆڕەپانی سەربازی و لەوێ ئەسپی خۆیان تاودەدا بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوون، وەکو شەهیدان شاخەوان عەباس، ڕێباز، دەشتی موهەندیس، محەمەد شینە، جوامێر، ڕەنجە تەللخێمی،....... هتد ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم شەهید (مناف عەبدولوەهاب)ـە ناوبراو سەرەتا لەشار زۆر دڵسۆزانەو بەوپەڕی چاونەترسیەوە دەیان لاوی ڕۆشنبیری بۆ لای شۆڕش و کوردایەتی کێش کرد. کەهاتە شاخ و بووە پێشمەرگە وەک کادیر کاری پێ سپێدراو دواتر وەک هاوڕێیانی باس دەکەن بووە فەرماندەیەکی زۆر ئازاو قارەمان، ئەو کەسێکی قسەخۆش و بیرکراوەی سەردەمی خۆی بوو، بەئەتەکێت و جوان و نەرم و نیان بوو، ئەو زوو تێکەڵ دەبوو، کەسێکی بەوەفاو خۆڕاگرو بەهیمەت بوو لەکاتی داستان و نەبەردییەکان جێ دەستی دیار بووە، لەناو جەماوەرو خەڵکی گوندنشینەکان کەسێکی خۆشەویست و بەڕێز و کراوە بوو، لەرووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زوو تێکەڵ دەبوو، بەپیر خەڵکی هەژارو بەساڵاچوو دەچوو، کەسێکی گوێگرو بە سەلیقە بوو لەکاتی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە بە قسە خۆشەکانی کێشەکانی هێور دەکردەوە. بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ عەمید (سەید جەواد) پێشمەرگەی دێرین و ئامر لیوای (١١١) لە سنووری شەنگال لەبارەی شەهید مەناف وتی: هاوڕێیەتی من و شەهید مەناف دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەرزەکاری کەتەمەنمان (١٣) ساڵی بوو، زۆر هاوڕێ بووین، شەهید مەناف لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەربوون، ئەو پەروەردەو تەئسیراتی کوردایەتی و سیاسی ئامۆزای شەهید (مامۆستا حەمید قادری نفوسی) لەسەر بوو، دواتر خۆی و دوو برای تری لەشاخ پێشمەرگە بوون. چەندین جار خانەوادە تێکۆشەرەکەیان لەبەرئەوەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون لەلایەن ڕژێمەوە زیندانی کراون. تەنانەت دایکی مەناف لە زیندان منداڵی بووە، من لە ڕێگای شەهید مەناف هەستم بە کوردایەتی کردوو هاتمە ڕێزی

پێشمەرگایەتی، تا شەهیدیش بوو بەیەکەوە بووین. من خۆم تەرمەکەم هێناوە، هەرچەندی باسی شەهید مەناف بکەین هەر کەمەو حەقی خۆی پێ نادەین، ئەو دڵسۆز، جوان، قۆز، قسە خۆش، ئازاو بەغیرەت، کراوە، دڵساف، یەک جار قسەت لەگەڵ بکردبا خۆشت دەویست. من لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٧ کە شەهید بوو بەیەکەوە بووین، نەمان دەتوانی بێ یەکتری بژین و لەیەکتر داببڕێن، لەشەڕی بێتواتە بەیەکەوە برینداربووین، لەگرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور هەربەیەکەوە برینداربووین، برادەران بۆ پێکەنین دەیان وت: ئەمانە دوانەن تەنانەت بەیەکەوەش بریندار دەبن لەوانەشە بەیەکەوەش شەهید بن. بەڵام داخەکەم بەیەکەوە بووین لەو شەڕەش ئەو شەهید بوو ئێمەش ماوین درێژە بە ڕێبازو پەیام و ڕێنمایەکانی ئەو دەدەین. شەهید مەناف ئومێدی زۆر بوو هەموو ئومێدەکانی کردە قوربانی نیشتمان. گۆڕت پڕ نوور بێت. روحت شادو ئارامگەت ئاسوودە فەرماندە خاکی و خۆشەویستەکەی دەشتی هەولێر.

- ناوی تەواو: عەبدولمەناف عەبدولوەهاب حەمەد حوسێن
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەید عوبێد، ناحیەی دیبەگە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بابان
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩ هەر لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی بۆ ماوەی یەک ساڵ دواتر باوکی دەهێنێتەوە بەهۆی کەمی تەمەنییەوە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- ئۆرگان: کۆمیتەی سەرکردایەتی
- لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەتەوە سنووری خۆشناوەتی - ناوچەی شۆڕشگێڕان - بە پلەی کادیر تا ساڵی ١٩٨٤.
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- ناوچەی شۆڕشگێڕان بەپلەی کادیر.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کراوەتە جێگری کەرتی (١)
- لە ساڵی ١٩٨٧ پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ فەرماندەی کەرتی (٥) لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- شەهید مەناف نەک هەر بەشداری لە زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکان سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە بگرە لە زۆربەشیان وەک فەرماندەی کەرت لە زۆر شوێن ئەو سەرپەرشتیاری قۆڵێک یان میحوەرێکی شەڕەکەی کردووە و ئەو لە کوێ با سەرکەوتن لەوێ بوو وەک (داستانی بێتواتە، داستانی رزگاری، گرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، شەڕەکانی تەللخێم و زمارەو بەرزەوار، رەبیەکانی ئۆمەراوە، چەندین چالاکی تر کە ناکرێ ئاماژەیان پێ بدەین.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە شەڕەکانی بێتواتەو گرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور.
- لە ساڵی ١٩٨٦ دوو خولی هەڵگرتنەوەی لوغم و بەکارهێنانی هاوەنی بینیوە لە وڵاتی ئێران.
- دووەمین شەهیدی خانەوادەکەیەتی.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٩/٣٠-٧-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: قەراج - گەڕە سۆر

شەهید (حاجی شێخ وەسانی)

# عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر




یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکاروانە پڕ سەروەریەکەی گوندو چیاوشاخ و شارو نەخۆشخانە نەماوە خوێنی تیا نەبەخشیبێ، شوێن نەماوە بیرەوەری و یادگاری تاڵ و شیرینی لێ تۆمار نەکردبێ، کام حزب کام لایەن، کام گرووپ و بزووتنەوە بەقەد یەکێتی سەنگەری لەدوژمن گرتووەو هێرش و داستان و نەبەردی تۆمار کردووە، کام حزب و لایەن و بزووتنەوە هەیە شانازی میللەتێکی بەدەست هێنابێ و باوەڕی بە هەڵبژاردن و دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربرین هەبێ و لای گرنگ بێ. ئێوە سەیرکەن هەر شەهیدێک کەمێژووەکەی دێتەباس و گفتوگۆ سیڤیکەی لێوان لێوە لەقارەمانیەتی و خەبات و بەرخودان. بۆ ئەم جارەیان باس لە شەهیدێکی ناوچەی سوتماک و غەدرلێکراوی دەستی ڕژێمی بەعس دەکەین کەبەردەوام سەدامیەکان بەهەموو چەکێک بۆردومانیان کردووە، ئەم ناوچەیەش بالیسانی سەوزو مەکۆی شۆڕش و لانەی شۆڕشگێڕانەو ئەویش شەهید (حاجی شێخ وەسانی)ـە ناوبراو هەر لە تەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بەکاری ڕێکخستن و لایەنی سیاسی بوو، لەتەمەنی (١٧) ساڵی بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول، دواتر لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەشداری کاریگەرو بەرچاوی هەبووە لە زۆربەی چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر، ئەو کەسێکی جوامێرو ڕەوشت بەرزو دیاری شێخ وەسانان و دەڤەرەکە بووە. لە قۆناغە جیاجیاکانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆربینیوە، زۆرجار لەمەرگ گەڕاوەتەوە، بەزۆر شاخ و تەلان و بەرزی دا هەڵگەڕاوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە.. بەڵام بەداخەوە بەرکەوتنی بەرکیمیاوی و برینداربوونی چەندین جار جەستەی ئەم قارەمانەی وێران کردوو بۆ دواجار لە ٢٥ـ٤ـ٢٠٠٥ گیانی سپاردو گەیشتە کاروانە پڕ سەروەریەکەی نەمران.

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر
- ناسراو بە: حاجی شێخ وەسانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٥

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخ وەسانان، ناحیەی بالیسان، قەزای شەقلاوە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زولێخا حەمەدەمین عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: نەبەز، رێباز، سەرباز، فاتیمە، نەعیمە، نەورۆز
- لە ساڵی ١٩٧٢ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول
- لە ساڵی ١٩٧٤ لەهیزۆپی لای بیتوێن بەبریندارى لەگەڵ (٧) پێشمەرگەی تری هاورێی کە سەرجەمیان خەڵکی شێخ وەسانان بوون دەستگیرکرا. فەرمانی ئیعدامی لەبەندینخانەی موسڵ بۆ دەرچوو، تەنانەت داری تابووتیش بەکەس وکارەکەی ئامادە کرا بۆ وەرگرتنەوەی جەنازەکەی، بەڵام جێبەجێ نەکراو بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا لە ساڵی ١٩٧٧.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٩ رێکخراوە لای (سەید سەلیم)
- لایەنی سیاسی: بزووتنەوەی سۆشیالستی
- لە ساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لای هەڤاڵ (بەکر توتمەیی)
- لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لای شەهید سەید کەریم، ناوبراو زۆر رێزی لە شەهید حاجی شێخ وەسانی گرتووە و خۆشی ویستووە.
- دوای شەهید بوونی (سەید کەریم) ناوبراو لەگەڵ دەستەی شەهید سەید کەریم دەگوازرێنەوە تیپی (٨٣) هەورێ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە (داستانی هیزۆپ، شەڕەکانی خۆشناوەتی، بەنی هەریر، دۆڵی شاورێ، سەرگەڵوو، زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- ناوبراو (٥) جار بریندار بووە لەم شوێن و رێکەوتانە (١- ساڵی ١٩٧٤ بەبریندارى دەستگیراکراوە. ٢- لە ساڵی ١٩٨١ لەبەنی هەریر. ٣- لەرۆژی ١٠-٣-١٩٨٦ لە رەبیەی قۆپی سوور زۆربەسەختی بریندار دەبێ. ٤- لە ساڵی ١٩٨٧ خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بەر کیمیاوی کەوتوون. ٥- ساڵی ١٩٩٠ لە دۆڵی شاورێ) دووجاریش بە سووکی بریندار بووە.
- دوای ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ وەک پارتیزان لەگەڵ ڕەتلەکەی شەهید محەمەد بیکەیسی ماوەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٠ واتە لە قۆناغی پارتیزانی لە دۆڵی شاورێ نزیک سەرکەپکان کەوتنە کەمینی دوژمنەوە لەوێ دا هەڤاڵ غازی بێراوەیی شەهید بوو شەهید حاجی شێخ وەسانی برینداربووە بەرێکەوت رزگاری بووە.
- بەشداری لە راپەرین کردووەو رۆڵی باشی بینووە لەرزگارکردنی سنووری چالاکیدا.
- ماوەیەک لەدوای ڕاپەرین لای شەهید مەلا نەجم پێشمەرگە بووەو سەرەڕای تەندروستی لەبار نەبوو بەهۆی زۆری بریندار بوونی و بەرکەوتنی بە چەکی کیمیاوی، بەڵام لای شەهید مەلانەجم حسابی تایبەتی بۆدەکرا.
- لەدوای ڕاپەرین سەنگەری خەباتی لە عەسکەری گۆڕیوە بۆ سیاسی و کارگێڕی کۆمیتە بووە
- رۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی: ٢٥-٤-٢٠٠٥ بەهۆی سەختی برینەکانی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

شەهید (عەبدوڵڵای مەلا قادر)

# عەبدوڵڵا قادر شەریف حەمەد



ئەو گەنجێکی خوێن گەرم و خوێندەوارو رۆشنبیر بوو، ئەو لەتەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بەکاری رێکخستن و کاری سیاسی بوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و جەماوەریەکانی زۆر فراوان بوو،گەنجێکی روح سوک و دەم بەخەندەو خۆشەویستی ناو هاورێیانی بوو،ئەو تاقانەی کۆمەڵێک خوشک بوو هەر بۆیە خانەوادەو خزم و کەسەکانی هەمیشە چاویان لەسەری بوو. جموجۆڵە بەردەوامەکانی وای لێ کردبوو رژێم چاودێری زۆری بخاتە سەر،بەڵام ئەو بێ باک بوو لە ئەشکەنجەو سزا دان، هەربۆیە دووجار خرایە بەندینخانە،جاری یەکەم هەفتەیەک بەند کراو جاری دووەم (٢) مانگ بێ سەروو شوێن کرا، ئەم دەستگیرکردنەو ئەشکەنجەدانانە نەک هەر ناوبراوی ساردنەکردەوە لەکاری سیاسی، بەڵکو ئەمجارەیان گرنگی زیاتر بەخوێندن و کاری رێکخستن دا، ئەم گەنجەش (عەبدوڵڵای مەلا قادر) بوو بۆ جاری سێیەم رژێم رق ئەستوورانە بڕیاری دەست گیرکردنی بۆ دەرکرد، بەڵام ئەو خۆی نەدایە دەست و لەساڵی ١٩٨٤ بووە پێشمەرگە لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی. ناوبراو لە پێشمەرگایەتی لەبەرئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کرایە کادیری تیپ و ماوەیەکیش کرایە دارایی تیپ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە. زیاتر لە دووجار بریندار بووە، لە ڕاپەڕینیش بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.. ناوبراو چەندین پلەی پێشمەرگایەتی و حزبی وەرگرتووە. دواجار لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی رۆژهەڵاتی هەولێر بووە، بەڵام بەداخەوە لەرێکەوتی ١١ـ٥ـ١٩٩٤ لەناو بارەگای کۆمیتە شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانت ئەی شەهیدی تاقانە... بەشەهید بوونت ئەم رۆژە لە هەولێری قەڵاو منارە ماتەم و دڵتەنگی سەرجەم گەڕەکەکانی شاری گرتەوە......

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا قادر شەریف حەمەد
- ناسراو بە: عەبدوڵڵای مەلا قادر

- تەمەن: ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دەربەندی سیانان
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی هەولێر تەواو دەکات و لە پەیمانگای تەکنیکی وەردەگیرێت و بەسەرکەوتوویی پەیمانگای تەکنیکی کارەبا لە موسڵ تەواو دەکات.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: مهاباد سابیر
- ناوی منداڵەکانی: هێژا ـ ڕەوا
- ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- دوو جار لەلایەن بەعسیەکان دەستگیر کراوە، یەکەم جار بۆ ماوەی یەک هەفتە ـ دووەم جار بۆماوەی (٢) مانگ بێ سەروو شوێن دەکرێت، بەڵام هیچ زانیارییەک نادرکێنێ و ئازاد دەکرێت.
- لە ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی کەرتی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە.
- ماوەیەک کادیری سیاسی تیپی (٨٥) بەڕانەتی بووە.
- دوو جار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە.
- ماوەیەک دارایی تیپی (٨٥) بەڕانەتی بووە لە ساڵی ١٩٨٧.
- هاوڕێی زۆر نزیکی شەهید ڕێبازو مەلا سلێمان بووە.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کردووەو لە زۆربەی شەڕەکانی هەولێرو گوێڕو کەندێناوەو دواتر شەڕی ئازاد کردنی کەرکووکی کردووە.
- بەشداری خولی کادیرانی کردووە پلەی یەکەمی لەسەر خولەکە بەدەست هێناوە.
- دوا پلەی لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١ـ٥ـ١٩٩٤.
- شوێنی شەهید بوون: ناو بارەگای کۆمیتەی ڕۆژهەڵات سەر ڕێگای هەولێر ـ کەرکووک.

### شەهید (سەرباز گراوی)

# عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەمەد




من دەزانم هاوڕێم ئەو سەفەرە ئەبەدیەی تۆ هێشتان زوو بوو، ئەو وون بوونەی تۆ لە ناکاو بوو بۆ دنیاکەی ترهێشتان زوو بوو، من دەزانم تۆ زۆر ئارەزووت بوو سەفەربکەیت بۆ وڵاتان بۆ ناسینی کەلتوورو هونەرو خەباتی میللەتان نەک سەفەرێک هەموومانت تووشی شۆک کرد، هاوڕێم دەزانی بەگەیشتنی هەواڵی شەهید بوونت بۆیەکەم جار لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر باوەڕم پێ دەکەیت وەک هەواڵێکی ناراست دەخوێندرایەوە دەزانی فەیسبووک بۆ ماوەی چەندین هەفتە وێنەو بیرەوەری و یادگاریەکانی تۆی لە ئامێز گرتبوو، دەزانی زۆربەی هاوسەنگەرانت هاوڕێیانت خزمانت لە پرۆفایلەکانیان وێنەی تۆیان دانابوو، ئەو وێنانەی تۆ ئێستاش لەوە ناچێ لەو سەفەرە ئەبەدیەت نەگەڕێتەوە.. فەرماندە ئازاکەم دەزانی هەواڵی ئازاد کردنی شاری جەلەولا ئەوەندەی دڵخۆشی کردین بە شەهید بوونت هەموو خۆشی و سەرکەوتنەکانی بیر بردینەوە، لێرەوە دەڵێم هەزار سڵاو لە گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە.. ئەی فەرماندە ئازاکەی هەولێری هۆلاکۆ شکێن.. ئەی سەربازە دەم بەخەندەو کادیرە دڵسۆزەکەی یەکێتی.. پشوو دە بە ئارامی بنوو زۆر هەورازو نشێوی سەختت بڕی..

- ناوی تەواو: عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەمەد
- ناسراو بە: سەرباز گراوی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گراو.
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.

- ناوی هاوسەری شەهید: زوهریە ڕەسول محەمەد
- ناوی منداڵەکانی: شامێر، خۆشەنک، خۆش میر، خۆشەوی، شاد، شاباز.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٥
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی ناوشاری کردووە لەوانە: داستانی گرتنی سەری ڕەش، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، گرتنی ناحیەی دێگەڵە، قۆپی جوانەگا،
- لە پێش ڕاپەڕین شەهید سەرباز پەیوەندی دەکات بە شانە چەکدارەکانی بروسک و ڕۆڵی کارای هەبووە لە پەیوەندی کردن بە هاوڕێ پێشمەرگە دێرینەکان و ڕێکخستنەکانی ئەوکاتی سنوورەکە.
- ناوبراو لەڕاپەڕین بەشداری کاریگەری دەبێ لەگەڵ هاوڕێیانی حاجی مەسیفی و شەهید تەنیا لەگرتن و ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی هەولێر بەتایبەت (مەرکەزی فاروق). هەر لەم ڕۆژە ئامۆزایەکی بەناوی (سالار مەجید) شەهید بوو.
- لە کۆچ ڕەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هەڤاڵان (خورشید گڕاوی و فاروق گڕاوی) بەسەختی بریندار‌دەبێت.
- شەهید سەرباز لەبەرگری لەشاری هەولێر لە میحوەری بەحرکە بریندار دەبێت.
- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بەهۆکاری سیاسی ئاوارەی کۆیە دەبێت.
- لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری و لێهاتوویی لە ساڵی ١٩٩٧ دەکرێتە فەرماندەی تیپ.
- لە ساڵی ١٩٩٧ جارێکی تر بەسەختی بریندار دەبێ لە قۆپی دارەبەن.
- لە ساڵی ١٩٩٩ بەشداری خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلان دەکات و پلەی ملازمی پێ بەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ فەرماندەی (هێز) لە فەرماندەی (٢)ی هەولێر.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ برایەکی بەناوی (محەمەد گڕاوی) شەهید دەبێت لە چیای کورتەک.
- شەهید سەرباز پلەکەی بەرزبۆتەوە بۆ جێگر لەشکر.
- لەشەڕی بەرگری و وەدەرنانی (جوندولئیسلام) دەورێکی کارامەی هەبووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ دەکرێتە جێگری لێپرسراوی بنکەی مەشقی (دۆڵە بەفرە) تا ساڵی ٢٠٠٨.
- لە ساڵی ٢٠٠٨ کراوەتە فەرماندەی فەوجی (١١) لە نەوتی باکوور هێڵی عێراق ـ تورکیا لە موسڵ تا ساڵی ٢٠١٢.
- لە ساڵی ٢٠١٢ دەگوازرێتەوە فەرماندەیی گشتی یەکەکانی (٧٠) و لیوای ١١٨ی باڵەک درێژە بەخەبات دەدات.
- دوا پلەی سەربازی (عەمید) بووە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ٧ـ٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: لە گرتنەوەی ناحیەی جەلەولا. گوڵاڵە
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٧ـ٣ـ٢٠١٥ لە ژمارە (٦٦٣٨) لە لاپەڕە (٨)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە....

### شەهید (مەلا غەفوور)

# عەزیز خدر باوکر شێخە



شەهید مەلا غەفوور ناوێکی دیارو ئاشنا بە ڕێکخستنەکانی نهێنی و کادیرێکی شەهم لەرووی جەماوەری و کۆمەڵایەتی سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، پێشمەرگەیەک لێوان لێو لە جوامێری و بەهەیبەت و خۆشەویست لەناو لادێکان و هێزی پێشمەرگە لە دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی تا سەرکردایەتی ڕێزلێگیراو بوو، ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ ئەندام و کادیر بوون لای ئەم تێکۆشەرە ماندوونەناسە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری یان تەجاوزی مەنتقی فکری یان کردووە، ئێستاش خۆیان بەقەرزاری شەهید مەلا دەزانن. ئەندامێکی ئەوسای کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لینین و کادیری پێشکەوتووی ئێستای یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوڕێی مەلا غەفوور هەڤاڵ (مەلا ئاوات) دەربارەی شەهید وتی: شەهید مەلا غەفوور لە کادیرە سەرەتاکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی تێزی ماوتسی تۆنگی شاری هەولێر بوو، پاش ئەوەی زەروریەتی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی و گیرانی سکرتێرو سەرکردایەتی کۆمەڵە پاشان ڕێکخستنی هەرێمەکان کاک (مەلا بەختیار) سەردانی هەولێری کرد ئەو ماوەیەی بۆ کاری ڕێکخراوەیی مایەوە زۆربەی کاتەکانی لەماڵی شەهید مەلا غەفوور دەمایەوە (خەجیج) خانی هاوسەری ڕێک وەک خۆی پەروەردە کردبوو لە خۆڕاگری، ماندوونەناس، بەرگە گرتنی نەهامەتیەکان، خۆنەویستی، بەشێوەیەکی زۆر جوان لەگەڵ ئەو هەموو کێشەو گرفتانە منداڵەکانی بەوپەڕی تەندروستەوە پەروەردەی کردن. من لەساڵی ١٩٧٧ پاش نەکسەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەو ساڵە ناسیم پاش گیرانی شەهید مەولود هەمزەو هاوڕێکانی بەوهۆیەوە من پچرام و شەهید مەلا غەفوور پەیوەندی پێوە کردم و پاش ماوەیەک بە هەڤاڵ (وەرزێر خدر)ی ناساندم، شەهید مەلا غەفوور کادێریکی هەڵسوراو کارامەو بەرچاو بوو لە کۆمیتەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ کاری ڕێکخراوەیی ئەنجام دەدا، فەرمانبەری زراعەی کەلەک بوو

له خۆیەتی کاری نووسەری ئەو بەشە بوو. زۆر بوێر بوو بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت زۆر جار بۆ نووسینەوەی ئەدەبیاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کۆپی کردن هەر خۆی بەو چاپەو تابیعەیە کاری لەسەر دەکردو ژمارەی زیادی دەنووسیەوە، پاش دزەکردن و ئاشکرابوون و زەفەر پێ بردنی دەزگا سیخوریەکانی بەعس بڕیاری گرتن و گیرانی هەندێ لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ڕاپەڕین کە شەهیدی نەمر (حەسەن کوێستانی) لێپرسراویان بوو زۆر لە هاوڕێیانیان دەربازبوون و پەیوەندیان بەهێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی کرد، دوو لەو هاوڕێیانەی شەهید کچ بوون ئەوانەی من دەمناسین هاوڕێ (ئاشتی برایمە فەندی) و هاوڕێ (خەجیجە) بوون. شەهید مەلا غەفووری نەمریش لەو کاتە پەیوەندی بە خەباتی شاخ کرد لە شاخیش هەڵسوڕاوێکی بەرچاوی ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی و جەماوەری بوو، لەهەر گوندو ئاوەدانیەک لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەک ببینرا بووایە دەزانرا خۆشەویستی ناو ئەو خەڵکەیە و جێگای سەرنج و گوێڕایەڵینە، لەهەر هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنێک جێگای ڕەزامەندی پێشمەرگەو کادیرو ڕێکخستنەکان بوو. لە کۆنفرانسی محەلیەکەی ساڵی ١٩٨٣ دەنگی یەکەمی هێنا بووە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی (شەقڵاوە)، بەڵام بەداخەوە لە گەڕانەوەی جەولەی ڕێکخستن و بەسەرکردنەوەی سنووری کەرتەکەی خۆی و هاوڕێیانی کەرتەکەی لەنزیک گوندی (قورەبەرازەی) سنووری بیتوێن کەوتنە سەرلوغمێکی کۆنی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، لەم کارەساتە خۆی و ژمارەیەک کادیر شەهید و برینداربوون.. بەشەهید بوونی مەلا و هاوڕێکانی زەرەرێکی گەورە بەر شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت. زەرەرێکی گەورە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و چینایەتی کەوت. هەزار دروود بۆگیانتان و ڕوحتان شاد ئارامگەتان ئارام.

- ناوی تەواو: عەزیز خدر باوەکر شێخە
- ناسراو بە: مەلا غەفوور
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٤٠
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر - عالڵاوە
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: خەدیجە عەزیز عەولا
- ناوی منداڵەکان: ڕەقیب، حەسیب، تەیب، حەبیب، بەگم، دارا.
- لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٥
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦
- لەسەردەمی کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکی بێ وێنەی ئەنجام داوە کەباس کردنیان جێگای سەرسامیە.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩ لە سنووری خۆشناوەتی - سەرکردایەتی
- دوا پلەی: لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی سنووری خۆشناوەتی و سەرکردایەتی کردووە.

- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٨- ١٢- ١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی قورە بەرازەی سنووری بیتوێن.
- شەهیدەکان: (١- شەهید مەلا غەفوور. ٢- شەهید حاجی ئەکرەم. ٣- شەهید مامۆستا شەوقی. ٤- شەهید ئاشتی. ٥- شەهید زاهیر. ٦- شەهید بەکر. ٧- شەهید هاوار. ٨- شەهید جەعفەر. ٩- شەهید وشیار). ناوی بریندارەکان: (١- هەڤاڵ حاجی مەمۆ. ٢- هەڤاڵ مەهدی کاوانی. ٣- هەڤاڵ هەژار شەبیب دووگردکانی. ٤- هەڤاڵ جەوهەر. ٥- هەڤاڵ یاسین).

## شەهید (عەلی مەسیفی)

# عەلی حەسەن کەریم سەلیم




بێ گومان نووسین سەختە لەسەر هەندێ کەلە پیاوی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کەلە ژیانی پێشمەرگایەتی ڕۆڵ و پێگەی ئەوەندە بەجوانی و جوامێری مەیسەر کردووە، تەعبیرو نووسین ناتوانێ حەقی خۆی پێ بدات بۆیە بەناچاری تا ناو و ناوبانگی ون نەبێت و بە بەرزی و شکۆمەندی بمێنێتەوە هەر هیچ نەبێت لە چوارچێوەیەک سیڤیەکی بۆ بنەخشێنین، یەکێک لەو فەرمانداندەو پێشمەرگە ئازایانەی تیپی (٨٥) بەڕانەتی شەهید (عەلی مەسیفی)یە بتوانین بەچەند دێڕێک بەسەری بکەینەوە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی رابردوو پاک و بەئەزموونی بواری پێشمەرگایەتی بووە لە ژیانی خۆیدا. ئەو فەرماندەیەکی لێهاتوو، چاونەترس، بە دیسپلین، خۆشەویست، بە پەیوەندی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی هەمیشە حساب بۆ کراو بوو لە ناو دێهاتەکان. لە شەڕو هێرشەکان ئەو هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بووە، هەر بۆیە لە تەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە تەکنیک وتاکتیکدا فەرماندەیەکی عەقڵ کراوە بووە، دەربارەی شەهید (عەلی مەسیفی) هەڤاڵ (نەهرۆی سەعید سۆفی) پێشمەرگەی دێرین و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵە) لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی وتی: من لە ساڵی ١٩٨٤وە لە تیپی بەڕانەتی لەگەڵ شەهید عەلی مەسیفی یەکترمان ناسی، ئەوکات شەهید عەلی فەرماندەی کەرت بوو منیش لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووم لە تیپی بەڕانەتی، ناوبراو پیاوێکی ئازاو تێکۆشەرێکی ناسراوی ناوچەکە بوو، بەشداری زۆربەی داستان و شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردبوو، تا داستانی ڕزگاری و شەڕی قەیوان ماوەت، ئەو لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری کوردایەتی گوندی گەلیاوە لە دایک بوو. دوابەرگری لە چیای گۆجاڕ بوو.. لە ٢٣-٤-١٩٨٧ شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە لە دۆڵی جافایەتی، ئەوەی من بیرم مابێ شەهید عەلی جێگری تیپی بەڕانەتی بوو، هاوڕێ حاجی مەسیفی کە ئامۆزایی بوو تەرمەکەی لەگەڵ هاوسەنگەرانی هێناوە خوارێ. هەزار دروود لە گیانت ئەی فەرماندە ئازاکەی بەڕانەتی..

- ناوی تەواو: عەلی حەسەن کەریم سەلیم
- ناسراو بە: عەلی مەسیفی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەلیاوە، مەسیف پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: ناوەندی لە مەسیف تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن رژێم زیندانی کراوە لە هەئیەی خاسەی کەرکووک
- لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە.
- ئۆرگان: قوەتی شەهید سلێمان بیرێژی - لە سنووری مەسیف سلاحەدین
- دواتر لە تیپی (٨٣)ی هەورێ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات هەر لەم تیپە کراوەتە جێگری کەرتی (٢).
- دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٩١)ی سەفین لە ساڵی ١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٨٤ لەوێ کراوەتە فەرماندەی کەرت.
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی هەربە پلەی فەرماندەی کەرت تا ساڵی ١٩٨٦
- لە ساڵی ١٩٨٧ پلەی بەرزبۆتەوە بۆ جێگری تیپی (٨٥) بەڕانەتی.
- پلەکانی پێشمەرگایەتی بریوە لە فەرماندەی مەفرەزەوە تا جێگری تیپ.
- سێ جار بریندار بووە.
- لەسەر شەهید عەلی، دایک و باوکی زیندانی کراون.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون. ٢٣-٤-١٩٨٧
- شوێنی شەهیدبوون: داستانی رزگاری چیای گۆجاڕ

## شەهید (عەلی بەردەسپی)

# عەلی حەمە ساڵح ئەحمەد



شەهید (عەلی حەمە ساڵح ئەحمەد) بەردەسپی یەکێک بووە لەو کەسانەی سەرباز بووە لە سنووری شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٨٢، بەڵام ناوبراو سەربە رێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی بووە، بەچەکەوە پەیوەندی دەکات بەشاخ و دەبێتە پێشمەرگە لای شەهید قادر مستەفا لە هەرێمی (٨)ی هەولێر، ماوەیەکیش لای مام غەفوور بووە لە هەرێمی (٧)ی قەرەچووغ، بەڵام پێشمەرگەیەکی بەجووڵەو چالاک، پاشان لە ساڵی ١٩٨٤ ناوبراو سەنگەری گواستۆتەوە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە لیوا (شەفیق چاوشین) وتی: بەڵێ بیرمە شەهید عەلی حەمە ساڵح مەروان لە سنووری سلێمانی چەکی حکومەتی هێناو بووە پێشمەرگە لەناو بزووتنەوەی سۆشیالستی، لە پێش ٣١ی ئاب لای من پێشمەرگە بوو بەراستی پێشمەرگەیەکی ئازاو بە غیرەت بوو، گوێڕایەڵ و ئیداری بوو، لەناو هێزی پێشمەرگە خۆشەویست بوو، بەڵام بەداخەوە لە ٣١ی ئاب ناوبراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، لێرەوە سەری رێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کورد کوردستان دادەنوێنین. سەربەرزی بۆ خانەوادەی شەهیدان.

- ناوی تەواو: عەلی حەمە ساڵح ئەحمەد
- ناسراو بە: عەلی بەردەسپی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی بەردەسپی ـ ناحیەی سێ گردکان ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بلباس تیرەی مەروان
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: گەلاوێژ حوسێن ڕەسول
- ناوی منداڵەکان: زریان، زێدان، شۆخان

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: شۆڕشگێڕان (ی.ن.ک)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ سەرەتا پەیوەندی دەکات بە بزووتنەوەی سۆشیالستی لای شەهید قادر مستەفا لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەتەوە لای مام غەفوور لە هەرێمی (٧)ی قەرەچووغ.
- لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ گەڕانەوەی مام غەفوور بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی ناوبراو سەنگەری گواستۆتەوە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- دواتر لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لای مام غەفوور
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی دەڤەرەکەی کردووە، لە دوای ڕاپەڕینیش بەشداری کاریگەری هەبووە لە پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی کەرت بووە لە هێزی ئامادەی هەولێر.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ی ئاب ی ١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: نزیک بینایەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەولێر.
- شایەنی باسە ئێستا دوو کورەکەی (زریان و زێدان) پێشمەرگەن درێژە پێدەری ڕێبازی باوکیانن.

## شەهید (ئاسۆ)

# عەلی حەمەد حەسەن حەمەد




لێرەو لەوێ بەنهێنی و بەوپەڕی ئەمانەتەوە دەنگۆی پەیدابوونی پێشمەرگەو سەرهەڵدانی مەفرەزەی دوو کەسی و سێ کەسی لە سنووری بەستی شەرغە گوێ بیست دەبووی لەو کەسانەی هەستی کوردایەتی و شۆڕش و بەرخودانیان هەیە. وەلێ باس کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە سنووری بەستی شەرغەو کۆیەو دێدەوان بەبێ شەهیدان عەلی ساڵح و ئەحمەد قەمبەری و ڕێبازو شاخەوان ناکرێ و لەنگیەک دروست دەبێ، هاوشانی ئەمانەش چەند پێشمەرگەیەکی تریش هەن، بەڵام لەبەر لەبیرکردنی ناوی هەندێکیان ناکرێ ئاماژە بەناوەکان بکەین، ئەوەی مەبەستمە بیلێم لەسەر شەهیدێک لەسنووری تەق تەق و بەستی شەرغە شەهید (عەلی حەمەد ئاوماری)یە لەگەڵ شەهید ئەسعەدی برای لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بوونەتە پێشمەرگە لەلای شەهید (عەلی ساڵح) ناوبراو پێشمەرگەیەکی چوست و چالاک و بەئەمەک بووە بۆ خاک و نیشتمان، لەژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆربینی، بەڵام خۆڕاگری و دڵسۆزی شەهید عەلی هەمیشە ورەی بەرزبووەو یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی شەهید عەلی ساڵح، لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی هەڤاڵ مەلا بەختیار لە ساڵی ١٩٧٩چەکێکی لیبی یەک لاقی (لۆک) پێشکەش بە شەهید دەکات.. بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٨ بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێ و تاوەکو ئێستاش گۆڕی نییە.. درووود لە گیانت پێشمەرگەو پارتیزانی مەفرەزە سەرەتاییەکان.

- ناو: عەلی حەمەد حەسەن حەمەد
- ناسراو بە: ئاسۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاوماڵ
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە.

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زینەت حەمەدەمین حەسەن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: بێگەرد - بێخاڵ - بێلان.
-ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- ئۆرگان: کۆمەڵەی مارکسی لینین
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی مانگی پایزی ساڵی١٩٧٧
- ئۆرگان: هەرێمی (٨) مەفرەزەی شەهید (عەلی ساڵح)
- دواتر دەگوازرێتەوە هەرێمی (٢)ی کەرکووک لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید عەلی ساڵح درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا شەهید بوونی (عەلی ساڵح) لە ٢٠-٣-١٩٨٢
- ماوەی (٢) ساڵ هەر لە گوندەکەی خۆیان پشوو دەدات جاروبار جەولەی پێشمەرگایەتی دەکرد، بەڵام بە رەسمی لەهیچ ئۆرگانێک نەبوو.
- لە دوای ساڵی ١٩٨٤ گەڕایەوە دەستەکەی شەهید رێبازو درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا
- لە دوای ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەوە دەستەکەی شەهید (مەلا عەزیز) بەردە سپی تا ساڵی ١٩٨٨
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- برایەکی تری شەهیدە بەناوی (ئەسعەد ئاوماڵی )
- لە ساڵی ١٩٨٨ دەستگیردەکرێن و ئەنفال دەکرێن.

شەهید (حەمەد عەلی)

# عەلی حەمە سەعید ڕەسوڵ



ئەو لە بنەماڵەیەکی هەژارو جووتیاری گوندی (هەلەجە)ی سەربەناحیەی قوشتەپە چاوی بۆ ژیانێکی پڕ لەخۆشی هەڵێناوە، بەڵام بەهۆی هەژاریەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەیان دەیان گوندو ناوچەیان کردووە تا نانێکی حەڵاڵ دەست کەوێ، چاویان لەدەستی زۆردار نەبێت دواتر روویان لە دەڤەری قەراج و مەخموور کردووە. ئەم خێزانەش خانەوادەی شەهید (حەمە عەلی سەعید) بوون ناوبراو لەتەمەنی هەرزەکاری دەستی بۆ کاروکاسبی بردووە هەربۆیە نەچۆتە بەر خوێندن، بەڵام ئەو حەزو ویستەی هێنایەدی خۆی فێرە خوێندن و نووسین کرد.. لە شەستەکانی رابردوو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە و چەندین پۆستی سەندیکاکانی شوفێری و سەندیکاکانی تری وەرگرتووە لە هەولێر. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ کردووە تا ساڵی بوونی بە پێشمەرگە لە ١٩٨٥، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کورت بوو لە ١٦ـ ١٢ـ١٩٨٥ پاش شەڕێکی زۆر سەخت و دژوار لە دۆڵی سماقوڵی و سولاوک دواتر لە گوندی زیارەت شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. هەزار درووود بۆ گیانت ئەی کادیری ماندوونەناس.

- ناوی تەواو: عەلی حەمە سەعید ڕەسول
- ناسراو بە: حەمەد عەلی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٤٢
- شوێنی لەدایک بوون: هەلەجە
- عەشیرەت: شێخ بزێنی
- ئاستی خوێندن: بەهەوڵ و کۆششی خۆی فێرە خوێندەواری کردبوو واتە نەچۆتە بەرخوێندن.
- باری خێزانی: خێزاندار

ـ ناوی منداڵەکان: سەردار، ڕێدار، ئاوات، مەمەخان، ژیان، ڤیان، جووتیار.

ـ لەساڵی شەستەکان پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی دەکات.

ـ لە ساڵی ١٩٦٣ بۆماوەی (١١) مانگ دەستگیر دەکرێت لە بەندینخانەی دیوانیە.

ـ لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ سەرۆکی سەندیکای شوفێرانی هەولێر بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ تا ساڵی ١٩٧٦ جێگری سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی هەولێر بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان


ـ لە ١٢ـ٣ـ١٩٨٥ پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەو پەیوەندی دەکات بە ناوچەی شۆڕشگێڕانی کوردستان لقی دەشتی هەولێر کەئەوکات (مامۆستا محسین عەولا) لێپرسراوی ناوچەکە بوو.

ـ ڕۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٦ـ١٢ـ ١٩٨٥

ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی زیارەت، لە شەڕێکی سەخت و قورس لەگەڵ حکومەتی بەعس

## شەهید (عەلی ساڵح)

# عەلی ساڵح قادر ئەحمەد



کاروانی شەهیدانی یەکێتی دوورو درێژە، خەباتی نەپساوەی یەکێتی پشوو درێژە، بوون بە یەکێتی کارێکی سەختە، درێژەدان لەناو یەکێتی کامڵ بوونە، ئازادییەکانی ناو یەکێتی بێ رەهاو بێ سانسۆرە، شەهیدبوونیش لەناو یەکێتی شەرەفێکی گەورەیە.یەکێک لەو شەهیدانەی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش و قارەمانی سنووری دەشتی هەولێرو کۆیەو سنووری شوان و بەستی شەرغەو پارتیزانی ئەوێ رۆژێ سەرەتای خەباتی شۆڕشێکی نوێ و بیری نوێ و خوێنی تازە بوو شەهید (عەلی ساڵح)ـە کە باسی شەهید عەلی ساڵح دەکرێ واتە خەبات، تێکۆشان، مەردایەتی، خاکی بوون، کوردبوون، پاکی، جوامێری، لێبووردن، ئازایی، هەموو ئەو سیفەت و خاسیەتانە لە شەهید عەلی ساڵح بوونی هەبوو، ناوبراو یەکێک بووە لە فەرماندەو پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: لە دوای هەرەس بۆ پەیداکردنی بژێوی دایک و باوک و خێزانەکەی رووی لە هەولێر کرد لە کارگەی جگەرەی هەولێر دامەزرا، لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکات و زۆر دڵسۆزانە ئەوەی سەرووی خۆی پێیان دەسپارد وەک خۆی جێبەجێی دەکرد، لەبەر جموجۆل و چالاکییە بەردەوامەکانی رژێم چاودێری بەردەوامی خستبووە سەر، بەڵام وردبوون و هەستیاری لە کاری رێکخستن، دوژمن زەفەری پێ نابات، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧ بەشێک لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ئاشکرابوون، هەندێکیان دەستگیرکران، هەندێکیان خۆیان ون کرد، هەندێکیان بوونە پێشمەرگەو لە شاخەکانی کوردستان گیرسانەوە، شەهید (عەلی ساڵح)یش بووە پێشمەرگە لە سنووری کۆیەوە پەیوەندی کرد، بەڵام چ پێشمەرگەیەک خاوەن بیروباوەڕێکی بەهێز، نهێنی پارێز، خاوەن بڕیار، خۆشەویست و جەماوەری، پەیوەندی راستەوخۆی هەبووە لەگەڵ شەهید ئارام و بەڕێز مەلا بەختیار، لە پەرتووکەکەی شەهید رێباز (قەندیل بەغدای هەژاند) شەهید رێباز دەڵێ ئەوکاتی من بینیم لە سنووری بەستی شەرغە

شەهید عەلی ساڵح زیاتر لە (١٥) نامەی شەهید ئارام و مەلا بەختیارو سەرکردایەتی لابوو، لام وایە نووسین لەسەر فەرماندەیەکی وا قارەمان ئاسان نییە، بەڵام بۆ ئاشنا کردنی نەوەی نوێ ئەم فەرماندەو سەرکردانە زەرورە ناساندنیان. بۆیە هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی ئەوێ رۆژێ و هاورێ لەگەڵ شەهید وتی: شەهید (عەلی ساڵح) فەرماندەو کادیرو پێشمەرگەیەکی ئازاو پیاوێکی جوامێر بوو، رێزلێگیراو بوو بەهۆی پیاوەتی و دڵسۆزی و لەسەرخۆیی و شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاورێکانی، من زۆر لێی نزیک بووم زۆر رێزم دەگرت وە بەبراگەورەو لێپرسراوی خۆم دەزانی من کە بوومە پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو جێگری هەرێمی (٨) هەولێر بوو بۆ ئەوکات پلەیەکی زۆر گەورە بوو - زۆر دڵسۆزی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، خوێندەواری نەبوو، بەڵام هەموو نامەو بڵاوکراوەکانی دەناسیەوە، کۆمەڵێک شتی لە گیرفان دەردەهێنا و دەیگوت ئەمەم بۆ بخوێنەوە ئەمەم زۆر لێ دیوە، لەهەموو شەڕەکانی دەشتی هەولێر، کۆیە، خۆشناوەتی، بەری کەرکووک، بەشداربوو تا لە ساڵی ١٩٨٢ لە ناوچەی خاڵخاڵان تووشی شەڕێکی زۆر سەخت بوون لەو شەڕەدا شەهیدو بریندار هەبوو، جەیش و جاش زۆر نزیک دەبنەوە عەلی ساڵح بریندار دەبێ بەشایەدی برادەرەکانی خۆی دەکوژێ نەوەک بەدیلی بگیرێ کە ئەوە لووتکەی ئازایەتی و جوامێری مرۆڤە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید (عەلی ساڵح) و شەهیدانی کوردو کوردستان.

ژیاننامەی شەهید عەلی ساڵح

- ناوی تەواو: عەلی ساڵح قادر ئەحمەد
- تەمەن: ١٩٣٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سێگردکان - ناحیەی تەق تەق - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: دەربەندیە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: کافیە پیرداود مەحمود
- ناوی منداڵەکان: کاوە - نەهرۆ - مهاباد
- لەبەر هەژاری و قورسی بەرێوەبردنی ژیان نەخراوەتە بەر خوێندن.
- لە ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دروست بوو لەنێوان رژێم و کورد بۆتە پێشمەرگە و بەشداری شۆڕشی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە شاری هەولێر- دواتر بۆ بژێوی ژیان و خزمەت کردنی دایک و باوکی لە گوندی کانی سلێمانە گیرسانەوە، دەستی بە جووتیاری کرد.
- هەر لە ساڵی ١٩٧٥ لە کارگەی جگەرەی هەولێر دامەزراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ بەشێک لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کارگەی جگەرە ئاشکرابوون ناوبراو لە دەشتی کۆیە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.
- ماوەیەک لە دۆڵی جافایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هاوینی ١٩٧٨
- پاشان کراوە بە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.
- دواتر گواسترایەوە بۆ هەرێمی (٢) کەرکوک بە پلەی جێگری هەرێمی (٢).
- ساڵی شەهید بوون: ٢٠-٣-١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی مۆردخواردەی بناری چیای خاڵخاڵان.

ـ لەم شەڕەدا (٦) پێشمەرگەی هاوسەنگەری شەهید بوون و خۆی بریندار بوو بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن بەدەستی خۆی دوا فیشەکی بەخۆیەوە وەنا و خۆی شەهید کرد.ناوی شەهیدەکانی ئەم داستانە گەورەیە (١ـ عەلی ساڵح قادر. ٢ـ م. پێشرەو تۆبزاوەیی. ٣ـ ئەحمەد بەگ قەسرۆکی. ٤ـ شاخەوان گۆپتەپەیی. ٥ـ مەلا شەریف هەولێری ـ عوسمان گوگجەیی) ناوی بریندارەکان (١ـ مەلا ئاراس. ٢ـ عەبدوڵڵا جەلەمۆردی. ٣ـ مەلا ئەحمەد گۆگجەیی. ٤ـ سەنگەر هەولێری. ٥ـ کاوەی عەلی ساڵح. ٦ـ نەقیب سیروان) ئەم دوو هەڤاڵەش بەدیل گیران (١ـ زانا کۆچەکی. ٢ـ خاڵە بەخە.) دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١٠/١٣ لە ژمارە (٧٠٩٠) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (عەلی پونگینە)

# عەلی عەبدوڵڵا عەلی سۆرخان



ئەوێ ڕۆژێ جیاوازتر لە ئەمڕۆ بەرپرسیاری و مەسئولیەت بۆ خزمەت و شەهید بوون بوو نەک بۆ ئیمتیازو خۆبادان، ئەوێ ڕۆژێ مەسئولیەت بۆ گەیاندنی پەیامێک بوو دژی ڕژێم و فاشیەکان، نەک وەک ئەمڕۆ بۆ دەسەڵات وبەدەست هێنانی کورسی. فەرماندەکانی ئەوێ ڕۆژێ کەشەهید بوون بۆنی خاک و سادەیی و ئازادیان لێ دەتکا، فەرماندەکانی ئەوێ ڕۆژێ کە شەهیدبوون خۆشەویستی جەماوەرو ناو هێزی پێشمەرگە بوون بەگیرفانی هیچ بەخۆنەدیوو، یەکێک لەو فەرماندە شەهیدانەی ئەوێ ڕۆژێ لێوان لێو بوو لە جوامێری و قارەمانی و خەبات و بەرخودان شەهید (عەلی پونگینە)یە. ناوبراو لە خێزانێکی هەژارو کوردپەروەری گوندی پونگینەی نزیک قەزای بنەسڵاوە چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە، لە تەمەنی لاوی تێکەڵ بە سیاسەت و پێشمەرگایەتی بووە، سەرەتا لە ڕێزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان و دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەبەر ئازایی و چاونەترسی پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو جێگری کەرت و دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. بەڵام بەداخەوە لە ١٠-٦-١٩٨٨ لە نزیک بنەسڵاوە دەکەونە کەمینی خۆفرۆشانەوە پاش شەڕێکی زۆر بە برینداری شەهید دەبێ و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، جاش و خۆفرۆشەکانی ڕژێم ئەوەندە مەبەستیان بوو عەلی پونگینە شەهید بکەن لاشەکەی بەدوای سەیارە دەخەن و بەناو بنەسڵاوەو ئەو سنوورە ڕایدەکێشن. هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی شەهید عەلی و تێکڕای شەهیدانی سەنگەری کوردستان.

- ناوی تەواو: عەلی عەبدوڵڵا عەلی سۆرخان
- ناسراو بە عەلی پونگینە
- تەمەن: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی پونگینەی سەر بە قەزای بنەسڵاوە

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نەجیبە محەمەد ئەحمەد
- ناوی منداڵەکان: زریان ـ چیمەن ـ دیمەن
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بوو
- عەشیرەت: گەردی
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە:١٩٧٩
- دوا پلە: فەرماندەی کەرتی (٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- لە بنەماڵەکەیان خاوەنی چەندین شەهید بوو لەوانە دووبرای بەناوی (جەوهەر) و(ئەنوەر) برازایەکی بەناوی (محەمەد)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی و شەڕی سنووری مەڵبەندی (٣) ئەوکاتی کردووە. لەگەڵ ئەو شەڕانەی سەرکردایەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- ڕێکەوتی شەهید بوون: مانگی ١٠ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: بنەسڵاوە
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/٥ لە ژمارە (٧١٦٠) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە

## شەهید (عەلی هەژار)

# عەلی عەبدوڵڵا عەلی کۆڕەش



زۆر دەگمەنن ئەوانەی دەبنە سەرکردە تا ئەوپەڕی خاکی بوون لەخۆشی و ناخۆشی گەلەکەیان بەشدارن، هاوخەمی هاووڵاتیانی سڤیل بەخەمی خۆیان دەزانن و دەبنە پردو رایەڵە بۆ چارەسەری کێشەو نەهامەتییەکانیان، دەگمەنن ئەوانەی دەبنە سەرکردەو خۆیان جیا ناکەنەوە لە هەژارو کەم دەرامەتەکان.

شەهید عەلی هەژار یەکێک بوو لەو تێکۆشەرو خەباتکارانەی هەمیشە خەمی هەژارو لێقەوماوانی بەخەمی خۆی دەزانی. هەژارێک بوو لە پێناو هەژاران تێکۆشاو هەژارێک بوو دەیان کەیسی یاسایی لە ئامێزگرت بۆ داکۆکی لە هەژاران و جووتیاران و خوێندکاران.. ئەو کەسێکی رەوشت بەرزو سادەو پاک بوو، ئەو جوامێرێکی رێگای ئاشتی و خەبات و بەرخودان بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی گەلی کورد، پارێزەرێکی بەئەزموون و جێگای متمانەی دادگاو هاوپیشەکانی بوو، بۆ زانیاری زیاترو بەتایبەت دەستگیرکردنەکەی هەڤاڵ (بەهرۆز گەلاڵی) نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا وتی: زۆر جار ناوی شەهیدان عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی دووبارە دەبێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ئاگاداری پێشینەیەک لە ژیان و تێکۆشانی ئەو شەهیدانە بێ. حەز دەکەم هەندێ یادەوەری تایبەت و چۆنیەتی گیرانیان باس بکەم.دوای ئەوەی ئەم دوو هەڤاڵ و برادەرە لە رادەبەدەر هۆگری یەکتربوون لە ژیانی تێکۆشانی خۆیاندا تواوبوونەوە. هەردوکیان ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بوون. منیش هەمیشە ئاگاداری ئەو خەباتەیان بووم لە نزیکەوە. هەم لە رێکخستن بووم و هەمیش شەهید کاردۆ گەلاڵی کوڕی مامم بوو، و هەمیشە پێکەوەبووین. هەر ئەوە بوو کە ناوی عەلی دەهات یەکسەر دەبوو ناوی کاردۆشی لەگەڵدا بێ و وەک دووانەیەک تەماشایان دەکرا. ئێستاش لە یادمە لە ١٩٧٨/١٢/٢٠ من و شەهید کاردۆ بەمەبەستی کاروباری رێکخستن سەفەرێکمان هاتە پێش بۆ بەغدا. کاردۆ داوای لێکردم کە ئۆتۆمبێلەکەی باوکم وەربگرم، بەڵام لەماڵەوە باوکم نەزانێ کە ئێمە دەچینە

بەغدا، منیش ئۆتۆمبێلەکەم لە باوکم وەرگرت بە بیانووی گوایە برادەرێکم خەریکی ژن گواستنەوەیەو دەبێ منیش بۆ بەشداری کردنی ئاهەنگەکەی بچم؟ ئەوەبوو هەر ئەو ڕۆژە کەوتینەڕێ بەرەو سلێمانی لەوێشەوە بەرەو سەنگەسەر کەوتینەڕێو لەوێ چەند برادەرێکی ڕێکخستنمان بینی، لەوانە حاجی برایم ڕۆستەم و مەحمودی حەمەڕەش. بەیاننامەو ئەدەبیاتی بزووتنەوەمان وەرگرت لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا حەشارمان داو گەڕاینەوە. ئەو ڕۆژە لە چنارۆک بەفرێکی زۆر باری بووە، سەرکەوتن بەسەر ئەو شاخەدا زۆر ئەستەم بوو، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی ناسیاو بەلاماندا تێپەڕیو ئێمەی دەناسی و پرسیاری کرد کە چی دەکەین لێرە. کاردۆش یەکسەر وەڵامی دایەوە کە دەعوایەکی لە سلێمانی هەبووەو بەکاری پارێزەریەوە چۆتە ئەوێ. منیش گرفتێکی گەورەم بەوە بۆ دروست بوو. چونکە ئەو ئێمەی باش دەناسی و دەترسام لەوەی ئەمە بۆ باوکم بگێڕێتەوە کە ئەو ئێمەی لەم وەزعەو لەم شوێنەدا بینیوە، بەراستی حاڵەتێکی ناخۆش بوو بۆ من، بەڵام کاردۆ لەو کاتەدا وتی بەهەرزۆ چاوت لێیە ئێمە لەچ حاڵەتێکدا دەژین و چۆن کاری سیاسی و ڕێکخستن ئەنجام دەدەین، بەڵام هەندێک دەیانەوێ لەبەر چاوی خەڵکدا ناومان بزڕێنن و بمانخەنە حاڵەتی گومانەوە. هەوڵدەدەن سومعەی جەماوەریمان لەکەدار بکەن، منیش وتم کورە کاکە وازبێنە لەو قسانە ئێستا من بیر لەوە دەکەمەوە ئەو شوفێرە ناسیاوە کە گەیشتەوە هەولێر ئەو وەزعە بۆ باوکم بگێڕێتەوە کە ئێمە لێرە بووین و باوکم چ گۆبەندێکم بۆ دەنێتەوە بەڵێ بەڕاستیش وا دەرچوو، ئەوەبوو کاتێ سەعات دووی شەو گەیشتینەوە هەولێر باوکم بەتەواوی وەزعەکەی زانیبوو لەسەر ئەوە باوکم تووڕە ببوو منیش تامانگێک نەچوومەوە ماڵەوەو لای ماڵی کاردۆو لە ژوورەکەی ئەودا مامەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٨ من و شەهیدان عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لە هەولێرەوە بەرەو شارۆچکەی سەنگەسەر بەڕێکەوتین. بەمەبەستی دانانی ڕێوشوێنوکاتی دەرچوونی ئەو دوو هەڤاڵە بۆ دەرچوونی یەکجاری بۆ (گۆڕەشێر). ئەو کاتە سەرکردایەتی بزووتنەوە بارەگاکەی لە گوندی (گۆڕەشێر) دانابوو.شایانی باسە (تازە ململانێیەکە توند بوو بوو لە نێوانمان و ئێمە وەک بزووتنەوەی سوشیالیستی کوردستان لە ٢١ ٣ ١٩٧٩ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جیاببووینەوە و سەربەخۆیی خۆمان لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕاگەیاندبوو. لە ئەنجامدا هێرشی ناڕەوا بۆ سەر یەکتری دەستپێکرد بوو. جۆرەها قسەو قسەلۆکیان بۆ هەڤالانی ئێمە دروست کرد بوو). ئێمەش زۆر بەتوندی ئەوکاتی ڕەدمان دەدانەوە.لایەنە سیاسییە ناکۆکەکانی ئەحزابی کوردی پیشەمانە لەکاتی ناکۆیدا جۆرەها بوختان وناوو ناتۆرە بۆ یەکتری هەڵدەبەستین لە دوایشدا ئاشت دەبینەوە. ئێمە لەسەنگەسەرەوە چووینە ماڵی دوو هەڤاڵی ڕێکخستنی خۆمان کە ئەوانیش حاجی برایم ڕۆستەم و مەحمودی حاجی حەمەڕەش بوون. خۆشبەختانە حاجی برایم ڕۆستەم لە ژیاندا ماوە. کەبۆ ئەم مەبەستەو گواستنەوەیان بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، هەڤاڵەکانی ڕێکخستن ڕێگەیان بۆ دابین کردن، بەڵام کاک عەلی لەبەر هەندێ کاری ڕێکخستن ماوەی پەیوەندی کردنەکەی دواخست و وای بەباش زانی بۆ ماوەیەکی تر بمێنێتەوە تا (١٩٧٩/٤/٢٠). ئەو مەوعیدە بڕیاری لەسەردرا. بۆ ئەوەی هەردووکیان پەیوەندی بەدەرەوە بکەن و بچنە ریزی شۆڕش..ئەوە بوو ئەو ڕۆژی گەڕاینەوە بەرەو هەولێر، کاتێ لە گەڕانەوەماندا گەیشتینە کۆیە؟ بینیمان وەزعی کۆیە شڵەژاوەو تەواو نییە پیاوانی ڕژێم لە هاتووچۆدا بوون ئەوەبوو کاک عەلی هەژار منی نارد بۆ لای هەڤاڵێکی خۆمان لە کۆیە ناوی خۆی عەبدولڕەحمانە، روتە بوو ئێمە (مامە ڕووتە) مان پێدەگوت بۆ ئەوەی لە شڵەژان و وەزعی کۆیە ئاگادارمان بکات.کاتێ چوومە لای مامە ڕووتەو باسی وەزعی کۆیەم لەگەڵدا کرد وتی کێت

لەگەڵدایە وتم (حەسیب و سوارە). کە ناوی نهێنی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی بوو، ئەویش یەکسەر وتی با ئاگاداری خۆیان بن و بەزوویی لەکۆیە بڕۆن چونکە ئەمڕۆ زۆر لە هاوڕێیانی کۆمەڵە لێرە گیراون و وەزعەکە شڵەژاوە، ئێمەش کە دەرچووین و گەیشتینە سەیتەرەی لای کۆیە هەولێر بینیمان تەفتیشاتێکی زۆر هەیە، لەوکاتەدا کاردۆ بەعەلی هەژاری وت کاکە ئەوجارە دەبێ هەر بڕۆین باوکم تۆ بەبەرتەوە هەیەو قەڵەوی سەد داریشت لێدەن گوێت لێ نییە. بەڵام من بەدارێک لەژێر ئازاردا دەمرم، ئێمە سەعات ٤ی ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتینە شاری هەولێر کاک عەلی چووەماڵی خەزووری (کاک عەلی ماڵی خۆی لە بەغدا بوو). من و کاردۆش چووینەوە ماڵەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٩ ئەو ڕۆژەی کە هەردوو تێکۆشەر عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی تیا دەستگیرکران.کاتێ کاردۆ لە ماڵەوە دەرچوو وتی ئێستا من دەچمە مەحکەمە نیوەڕۆ میوانمان هەیە، لەهەمان ڕۆژدا شەهید عەلی هەژاریش چووبوو بۆ مەحکەمە، کاک عەلی بڕیار بوو ئەو ڕۆژە لەگەڵ خێزانەکەیدا بچنەوە بەغدا، چونکە ماڵیان لەوێ بوو. سەعات ١١ کاک عەلی تەلەفۆنی بۆ خێزانەکەی کردبوو وتبووی خۆت ئامادەبکە من لێرە تەواوبم دێمەوە ماڵەوەو سەعات ١ یەکی نیوەڕۆ دەچینەوە بۆ بەغدا. خێزانەکەشی پرسیبووی ئێستا لە کوێ وە تەلەفۆن دەکەی؟ کاک عەلی وتبووی ئێستا لای کاردۆ لە ژووری پارێزەران دانیشتووم.سەعات یەکی تەواو تەلەفۆنێک بۆ خێزانی عەلی هەژار دەکرێ و دەڵێ: تۆ خێزانی عەلی هەژاری؟ خێزانەکەشی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ بەڵێ. کەسێک لە تەلەفۆنەکە دەڵێ عەلی سەفەری خۆی کرد کەواتە تۆش سەفەری خۆت بکە حەسەب ئیتفاقتان. خێزانەکەی دەڵێ تۆ کێی؟ کابرا تەلەفۆنەکە دادەخاو ناوی خۆی ناڵێ. واتە هەر ئەو کاتە لە ٩ ٤ ١٩٧٩ لە دادگای هەولێر لە هەمان ڕۆژ هەردووکیان گیران. ئەم بیرەوەریەم لەسەر چۆنیەتی گیرانی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (١٩٩٤/٤/٨)دا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٦٥٥)دا دەقاو دەق جارێک بڵاوکردۆتەوە. بەداخەوە زۆر لەو برادەرە پارێزەرانەی شەهید کاردۆو شەهید عەلی هەژار کە چەند دەقیقەیەکی کەم پێش دەستگیرکردنیان لایان دانیشتبوون لە ژووری پارێزەران، تائێستاش بێ دەنگن و زانیارییەکی ئەوتۆیان ڕانەگەیاندووە لە چۆنێتی دەستگیرکردنیان و چۆنیەتی داڕشتنی پیلانەکە بە تایبەت کە ئێستا سام و ترسی بەعسیە فاشستەکان ڕەویتەوەو لە ئارادا نەماوە. دوای گیران و دەست بەسەرکردنیان، عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی قارەمانانە بەرگەی ئازارو داپڵۆسینی فاشیستەکانی بەعسیان کرد و بەسوربوونەوە داکۆکیان لەبیرو باوەڕو ڕەوشی شۆڕشگێڕانەی خۆیان کرد، لەناو هەموو ئازارەکاندا دەتلانەوەو ئامادەنەبوون وشەیەکیش لەسەر ڕێکخستن بدرکێنن و هەڤاڵ و برادەرەکانی خۆیان تووشی پیلانی فاشستەکانی ئەمن بکەن ئەوان گیانی خۆیان کردە قوربانی گەلە ستەمدیدەکەیان و تا دوا هەناسەی ژیان هوتافیان بۆ ڕێبازە پیرۆزەکەیان لێدەداو درووديان بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیست دەنارد. ئەو کاتە گەرمەی تێکۆشانی جەماوەر بوو لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان وەک بیروباوەڕێکی ڕۆحی ناوچەی هەولێرو لە هەموو کوردستان، میوانی هەموو ماڵێک بوو. لە ١٩٧٩/٤/٢٠ سەردانی کاک ڕەسولم کردووە لە گۆڕەشێر. سێ ڕۆژ لە سەرکردایەتی مامەوە بۆ سۆراخی عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی. چونکە ئەوکاتی دائیرەی ئەمن بڵاویان کردەوە کە عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی چوونەتە ناو پێشمەرگە. لەکاتێکدا خۆیان هەردووکیان گرتبوون. لە دواییدا لە دوای ڕاپەڕین دوای گرتنی دامودەزگاکانی ڕژێم لە هەولێر دەرکەوت کە هەردووکیان ئیعدام کراون و بوونە قوربانی خاک و گەلی کوردستان و چوونەتە ڕیزی کاروانی شەهیدانەوە.. کاتی خۆی ساڵی ١٩٩٨ لە کتێبێکدا بەناوی (ئەوەی

لەبیرم مابێ) هەموو ڕووداوەکەم چۆنیەتی گیران و شوێن بزرکردن و شەهیدکردنیان هەموی بڵاوکردۆتەوە. هەر کەسێک بیەوێ دەتوانی سەردانی ماڵپەڕەکەم بکات (dahatu.org www.) تا بەتەواوی شارەزا بێت لە چۆنیەتی گیران و شەهیدکردنی ئەم دوو سەرکردەیەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی پاکی ئەو دوو سەرکردە تیکۆشەرو قارەمانەی گەلەکەمان عەلی هەژارو کاردۆ گەلاڵی...

- ناوی تەواو: عەلی عەبدوڵڵا عەلی کۆڕەش
- ناسراو بە: عەلی هەژار
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی عەوێنە ـ ناحیەی شەمامک ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: کاکەسێنی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان ـ دواتر کۆلیجی یاسای لەبەغدا تەواو کردووە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ماجدە تۆفیق ـ نەسرین حەسەن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: برزۆ، بەهرۆز، باوەڕ، چالاک، تاڤگە، تارا، چنار، چرا، چنوور، چیلە
- لەناوەڕاستی ساڵی پەنجاکان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٥٦ کراوەتە ئەندامی لیژنەی پیشەیی جووتیاران.
- لە ساڵی ١٩٥٨ لەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ لەکۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە.
- لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەک لە وڵاتی ئێران ماوەتەوە.
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٥
- لایەنی سیاسی: باڵی بزووتنەوە لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٧٦ وێڕای سەرقاڵی بەکاری پارێزەری. لەم ماوەیەدا لەگەڵ (ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، ڕەسول مامەند، عومەر مستەفا کەسانی تر بەشدار بوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان)
- لە ساڵی ١٩٧٦پاش دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەشۆڕشی نوێ بەرێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەهید عەلی هەژار بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و کاروباری ناوخۆی بزووتنەوەی سۆشیالستی پێ سپێردرا.
- شەهید عەلی هەژار لە ساڵی ١٩٧٧ هەموو کاروبارەکانی ڕێکخستنی ناوخۆی پێ سپێردرا کە لقەکانی ڕێکخستنی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک، بەغدا).
- لە ٩ـ٤ـ١٩٧٩ دەزگا (ئەمنیەکان هەڵیان کوتایە سەر بارەگای دادگای هەولێرـ ژووری پارێزەران خۆی و شەهید کاردۆ گەلاڵی)یان دەستگیر کرد.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ١٥ـ٦ـ١٩٨٢ لە کەرکووک فەرمانەکە دەرچووە.
- شوێنی لە سێدارەدان: هەرلە کەرکووک جێبەجێ کراوە

## شەهید (عەلی دیبەگە)

# عەلی عەزیز حوسێن عەبدوڵڵا



پیاوێک تا سەر ئێسقان پاک، بە دیسپلین، بێ دەنگ و بێ ئاریشە، فەرماندەیەک لێهاتوو، پێشمەرگەیەک خۆشەویستی خەڵک و جەماوەر، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ کوردایەتی، لەتەمەنی (١٦) ساڵیەوە تێکەڵ بە سیاسەت و کاری ڕێکخراویی بووە، ئەویش شەهیدی فەرماندە (عەلی عەزیز حوسێن) ناسراو بە (عەلی دیبەگەیی)یە لە سەردەمانێک پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو فەرماندەی کەرتی وەرگرتووە ڕۆژگارێکی سەخت و دژواری میللەتەکەمان بووکە دوژمن لەوپەڕی بەهێزی و دڕندەیی دابوو، بەڵام شەهید هەرگیز سڵی لەدوژمن نەکردۆتەوە، هەڤاڵ مامۆستا محسین عوسمان دەربارەی شەهید عەلی دیبەگە وتی: شەهید عەلی دیبەگە پێشمەرگەیەکی پشوو درێژ، یەکێک لەهەرە قارەمانە تێکۆشەرەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات، پیاوێک لێوان لێو لە شەهامەت، پیاوێکی سروشت ئارام، پیاوێکی خۆشەویست و بێ ئاریشە، هەزار ڕەحەتی لێ بێت بەراستی خاکی و سادە بوو. بەداخەوە بۆ ئەم قارەمانە لە شەڕێکی نەخوازراو کارەساتێکی ناخۆش کە هەرگیز چاوەڕوان نەکرابوو لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانی پاکی شەهید عەلی و تێکڕای شەهیدانی کوردو کوردستان.

ژیاننامەی شەهید عەلی دیبەگە

- ناوی تەواو: عەلی عەزیز حوسێن عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: عەلی دیبەگە
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی سەربەشاخی کەندێناوە ـ ناحیەی دیبەگە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: خێریە ڕەشید حسێن

- ناوی منداڵەکان: بێگەرد، بەیان، بنار، چنار، دانیال، دابان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- عەشیرەت: سیان
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول: لە ساڵی ١٩٧٣ ئەندامی سەندیکای کرێکارانی کوردستانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە تا نسکۆی شۆڕش.
- لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە ئەوکات تەشکیلاتی هەرێم بوو لە هەرێمی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە .دواتر لە قوەی دەشتی هەولێرو پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر تا ساڵی ١٩٨٤
- پلەکانی لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە - لە ساڵی ١٩٨٣کراوە بە جێگری کەرت - لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ دروست بوونی تیپی (٨٧) ناوبراو کراوە بە فەرماندەی کەرتی تیپ لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە (نەبەردییەکانی پشتیوانی هێزەکانی رۆژهەڵات ئەوکات فەرماندەی مەفرەزە بووە - شەڕی گردەسۆر، داستانی سەری رەش، شەڕی قەراسنج، گرتنی دێگەڵە - گرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور، شەڕەکانی سەرکردایەتی، قەیوان - ماوەت، شەڕی گۆپتەپە- شەڕەکانی جادەی کۆیە هەولێر، جادەی هەولێر- کەرکوک، ناوچەکانی کەندێناوە، قەراج، مەخموور، دیبەگە، شەمامک، سەرجەم شەڕەکانی پاراستنی حکومەتی هەرێم لە دوای راپەرین.
- لە دوای راپەرین چەندین پۆستی سەربازی وەرگرتووە کە تیایدا خزمەتی زۆری گەیاند بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- دوا پلەی جێگری لەشکر بووە لە لای بەڕێز مامۆستا محسین عوسمان
- رێکەوتی شەهید بوون: ٣١-٨-١٩٩٦ بەدیل گیراوە

ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/١٢ لە ژمارە (٧١٦٦) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (عەلی ئاوماری)

# عەلی محەمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا



ئەمە هەستکردنە بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی و دڵسۆزی بۆ خاک و نەتەوە لەتەمەنی (١٣) ساڵی ببیت بە پێشمەرگەو هەست بە ئازاری نەتەوەکەت بکەیت، ئەمە ئەوپەڕی باوەڕبوونە بەخۆی لەم تەمەنە هەرزەکاریە بتوانی گیانی مقاوەمەت لە خودی خۆت دروست بکەیت تا ئاریشەی نەتەوەکەت تۆزقاڵێک کەم بکەیتەوە، شەهید (عەلی محەمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا) ناسراو بە (عەلی ئاوماری) لە ساڵی ١٩٧٩ لەلای شەهیدی فەرماندە عەلی ساڵح دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەیەکی چالاک، گوێڕایەڵ، دڵسۆز، خاکی، ئازاو بە غیرەت، بوون بە پێشمەرگە لەم قۆناغەی ئەوکات مل خشان بوو لە چەقۆی تیژ، چونکە رژێم لەوپەڕی قوەت و هێزدا بوو، شاخەکانیش ئەوەندە پێشمەرگەی لێ نەبوو، دەتوانم بڵێم ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی جاسوسەکانی هەولێر زۆر زیاتربوو لە ژمارەی پێشمەرگەکان، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەهید عەلی ئاوماری هەڤاڵ (سابیر کاریتانی) پێشمەرگەی دێرین وتی ناوبراو فەرماندەی مەفرەزەی من بووە لەکەرتی (١)ی تیپی (٨٧) قەرەچوغ، بەراستی شەهید عەلی وابەئاسانی وەسف ناکرێ، چونکە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان پیاوێکی کامل و شامل بوو، فەرماندەیەکی خوێندەوارو خۆشەویست بوو، لەرووی شەڕو چالاکییەکان هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بوو، پیاوێکی نەرم و نیان و قسە خۆش بوو، لەگەڵ پێشمەرگە زۆر گونجاوبوو. هەزاران درود بۆ گیانی پاکی شەهید عەلی و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- عەلی محەمەد حەمەدەمین عەبدوڵڵا
- ناسراو بە عەلی ئاوماری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاومار - ناحیەی سێگردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: تا ٢ی ناوەندی خوێندووە.
- عەشیرەت: شێخ بزێنی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زینەت حەمەدەمین حەسەن
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک کچی هەیە بەناوی (بەهار)
- ساڵی پەیوەندە بە رێکخستن: سەرەتای ساڵی ١٩٧٩
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ لەلای شەهید عەلی ساڵح لە هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٢ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە
- لەساڵێ ١٩٨٥ فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (١) تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بەر هەڵمەتی ئەنفال کەوتووە.
- برایەکی بەناوی (رەزا) ئەنفال کراوە.
- دوو ئامۆزای بەناوەکانی (عومەر حەمە عەلی سەباح حەمە عەلی)
- تاوەکو ئێستا گۆڕیان نییە.

شەهید (مام عەلی)

# عەلی مەحمود کەریم عەزیز



لە ئەنجامی بەدواداچون و پرس کردنم لەمەر گرتنی داستانی سەری رەش مەگەر بەس ئەوانەی خۆیان مەیدانی لەم نەبەردیەدا بەشداربن ئەوان بتوانن تەعبیر لەو چالاکییەو سەرماو سۆڵەی ئەو ساڵە بکەن کە ژمارەیەک پێشمەرگە بەهۆی سەرماوە شەهیدبوون.داستانی سەری رەش و گرتنی کۆشکەکانی سەدام حوسێن و فەوج و رەبیەکانی سەری رەش رژێمی تووشی شۆک کرد، سەرانی رژێم قەت چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد رۆژێک لەرۆژانی شەختەو بەستەلەک و بەفربارین چالاکییەکی جەرگ هەژێن لەماوەیەکی کەمدا بتوانن هەموو ئەو بەرنامەڕێژیانەی هێزی پێشمەرگە دایانناوە لە ماوەیەکی کەم مەیسەر بکرێت.بەڵام بەداخەوە لەم داستانە مەزنەدا (١٣) پێشمەرگە بەخوێنی ئاڵی جوانیان ئەم داستانەیان نەخشاندو بۆ هەتا هەتایێ ناو و مێژووی خۆیان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان لەبەرزترین شوێنی مێژوو تۆمارکرد. یەکێک لەو شەهیدە خاکی و ئازاو بە هەڵوێستانەی دەڤەری مەخموور کە لە داستانی سەری رەش شەهید بوو(عەلی مەحمود کەریم) ناسراو بە (مام عەلی)ـە کە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی جێگری کەرتی (٣) بوو کە ئەو کات هەڤاڵ بورهان سەعید سۆفی فەرماندەی ئەو کەرتە بووە. ناوبراو لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری پێشمەرگایەتی کردووە. بەڵام بەداخەوە لەشەوی ٢٧/٢٨ـ١ـ١٩٨٨ی بەفراوی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. روحت شاد پێشمەرگە دلێرەکەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی..

- ناوی تەواو: عەلی مەحمود کەریم عەزیز
- ناسراو بە: مام عەلی
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گردی گۆم ـ قەزای مەخموور

- عەشیرەت: ئۆمەربل
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: مامز قەرەنی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ژیان، ڤیان، جوان، ئاڤان، چنار
- لە ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٤ لە ریزەکانی (پ.د.ک) پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی (گولان)
- لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی لە کەرتی (٤) دریژە بە پێشمەرگایەتی دەدات. پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە ئەوکات شەهید عەلی مەسیفی فەرماندەی کەرتی (٤) بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی لەناو یەکێتی ناوبراو بەشداری چەندین چالاکی گەورەی کردووە لە سنووری هەردوو تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ) و (٨٥) بەڕانەتی لەوانە (گرتنی ناحیەی دێگەڵە، رەبیەکانی بەرامبەر کانی دەربەند، گەزنە، هیران، قەراسنج) چەندین داستان و نەبەردی تر.
- لە ساڵی ١٩٨٧ ماوەیەک لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری کە شەهید رەنجە فەرماندەی کەرت بووە ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- بەهۆی ئەوەی ماڵی لە هەولێرەوە بۆ هاتە شاخ و نیشتەجێ گوندی ناودارۆکان بوو دووبارە گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی کرایە جێگری فەرماندەی کەرتی (٣) لای کاک بورهانی سەعید سۆفی.
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ٢٧/٢٨-١- ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانە گەورەکەی سەری رەش
- ناوی شەهیدەکانی ئەم داستانە مەزنە.(جەمال حەمەد پیرداود - رەمزی جەبار عەلی - سۆران ئیسماعیل شەوگێڕی - شێرزاد عەبدولسەمەد تۆفیق - عەزیز مەولود ڕەسول - عوسمان مامەند عومەر - فەخرەدین ساڵح ئەحمەدکۆمەشینی - کەمال عەزیز ئەحمەد - نوعمان زرار حەمشین - هاشم رەشید نادر - هێرش سوار ئەحمەد شەوگێڕی - عەلی مەحمود کەریم مەخمووری - عەدنان سەمەد تۆفیق)

شەهید (عەلی تەللخێمی)

# عەلی مەحمود ئیبراهیم حەمەد



ئەگەر بۆ مێژووی بەرخودان و تێکۆشانی لادێ نشینەکان بگەڕێینەوە بەگشتی دانیشتوانی گوندنشیەکان ڕۆڵی کاراو هاوکاربوونە لە قۆناغی شۆڕش و کوردایەتی، وەفاداربوون بەرامبەر پێشمەرگە، ژیانی پێشمەرگەیان لەرووی خواردنەوە لە ئەستۆ گرتبوو. بەڵام چەند گوندێک لە سنووری دەورووبەری ناوەندی هەولێر بەگوندی شەهیدان دەناسرێنەوە لەوانە گوندەکانی: قەشقە، عەوێنە، ئیلنجاغ، تەللخێمیش یەکێکە لەوگوندانەی شەهیدی زۆری بە خشیوە بە کوردو کوردستان. تەللخێمیەکان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پێشمەرگەی ئازاو دڵسۆزو بەوەفایان هەبوو لە دژی ڕژێم و سەدامیەکان چەکی شەرەف و تێکۆشانیان کردبووە شان بۆ ڕزگاری و ئازادی، بۆ گەیشتن بەئامانجی هەرێمێکی سەربەخۆ کورد خۆی حوکمڕانی خۆی بکات. یەکێک لەو کوڕە ئازایانەی تەللخێمیەکان لە ساڵی ١٩٨٤ بووە پێشمەرگە لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەکەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری. شەهید (عەلی مەحمود ئیبراهیم تەللخێمی بوو، ناوبراو لە خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕو تێکۆشەری کوردایەتی پەروەردە کرابوو، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و خۆشەویست و خۆنەویست بوو، لەسەر شۆڕش و خەبات هەورازو نشێوی زۆری بینی تەنانەت بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانەکان ماوەتەوە، بەڵام بەداخەوە لە دەستپێکی ڕاپەڕین تێربۆنی ئازادی نەکرد لەبەردەم دائیرەی ئەمنی هەولێر لە ١١ـ٣ـ ١٩٩١ بریندار دەبێت و لە ١٣ـ٣ـ١٩٩١ شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. هەزار دروود بۆ گیانت کوڕە ئازایەکەی تەللخێم و تەللخێمیەکان.

- ناوی تەواو: عەلی مەحمود ئیبراهیم حەمەد
- ناسراو بە: عەلی تەللخێمی
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٦١

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی تەللخێم ـ ناحیەی گوێڕ ـ مەخموور ـ پارێزگای هەولێر
ـ عەشیرەت: سورچی
ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ ناوی هاوسەری شەهید: سەبیحە مەجید ئیبراهیم
ـ ناوی منداڵەکانی: نەهلە ـ هالە ـ جەزا ـ هاوژین ـ ئەژین ـ رەشوان
ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣
ـ ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ سەرەتا لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢)ی ئەحمەد قەمبەری.
ـ پاش تەشکیلاتی تازەو دروست بوونی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ ناوبراو گواسترایەوە ئەم تیپەو لە کەرتی تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
ـ لە چالاکییەکی ناوشار لە ساڵی ٢٦ـ١٢ـ١٩٨٦ لە نزیک مزگەوتی شێخ قادر لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک رووبەڕووی مەفرەزەیەکی دائیرەی ئەمنی هەولێر دەبنەوە لە ئەنجام دا بەبریندار دەستگیردەکرێ پاش (٢) ساڵ واتە ساڵی ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووەو ئازاد دەکرێ.
ـ لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شاری هەولێر.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
ـ جگە لە خۆی ئامۆزایەکی تریشی شەهیدە بەناوی (ئیبراهیم جەمیل) ناسراو بە (شوان)
ـ لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی سنووری تیپەکەی کردووە.
ـ لە ١١ـ ٣ـ ١٩٩١ بریندار دەبێت و لە ١٣ـ٣ـ ١٩٩١ واتە دوو رۆژ پاشتر شەهید دەبێت

## شەهید (عەوڵا قەسپ)

# عەوڵا سمایل حەمەدەمین حەمە



بەبێ گومان ئەوێ رۆژێ لەناوچە ئازاد کراوەکان بژێوی ژیان سەخت و (نەبوونی) هەموو گوندەکانی هیلاک کردبوو، تەنانەت رژێم بە حساب و کتاب رێگای بە لادێ نشینەکان دەدا ئاردو خۆراک ببەن، زۆربەی خواردنەکانی ئەوکات (ساوار) بوو جا ساوار بە چەندین شێواز خۆی دەگۆڕی و خۆی ئیبراز دەکرد هەر بۆیە پێشمەرگەی ئەوێ رۆژێ دوژمنداریەکی سەرسەختی ساواریان دەکرد، بۆمێژوو دەیڵێم هەندێ ماڵ ساواریشی نەبوو بگرە ژەمە خواردنی بە هێلکەو زەڵاتەو ماستاو بەرێ دەکرد کەواتە بۆ خاوەن ماڵ ئەوها بێت دەبێ برا پێشمەرگەکان خواردنیان چۆن بێت کە دەمی هەر پێشمەرگەیەک بکەیتەوە دەیان چیرۆکی ناوازەی لایە لەسەر خواردنی ساوار، لێرەوە دەست خۆشی و سوپاسگوزاریم بۆ هەموو ماڵە لادێ نشینەکان هەیە کە بەوپەڕی هەست کردن بەدڵسۆزی و کوردایەتی خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە. ئەم چەند دێرەی سەرەوەم ئاماژەیەکە بۆ نووسینی سەردیواری دیوەخانی یەکێک لە ماڵەکانی گوندی وەرتێ کە نوسیبووی (یاخوا بەخێربێت مێوان) ئەم ماڵەش ماڵی پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسێکی دڵسۆزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەناوی (حاجی عەوڵا سمایل) وەرتی ناسراو بە (عەوڵا قەسپ) ناوبراو وێڕای ئەوەی پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست بوو، کەسێکی چاوتێرو کراوەو نان دەرێکی دیارو بەخولق بوو، بەردەوام دیوەخانەکەی میوانی لێ بوو هەرگیز رۆژێک لە رۆژان دڵ تەنگ نەبوو بەمێوان چ پێشمەرگە یان کەسوکاری پێشمەرگە. لە ژیانی پێشمەرگایەتیش کەسێکی کۆمەڵایەتی و خۆشەویست وخۆنەویست بووە. بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٢ بەکارەساتی (ئۆتۆمۆبێل) گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: عەوڵا سمایل حەمەدەمین حەمە
- ناسراو بە: عەوڵا قەسپ

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: خەج خدر عەبدوڵڵا
- ناوی منداڵەکانی شەهید: توانا، زانا، ژیان، درەخشان، پەیمان، سۆزان، بەیان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: (ی،ن،ک)یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٦ ئۆرگان (مەفرەزە سەرەتاییەکان) کە ئەوکات شەهید دکتۆر خالیدو شەهید عەلی عەسکەری لە سنووری وەرتێ بوون..دواتر لە هەرێم و قوەتەکانی سنوورەکەو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ دابڕاوە
- ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردۆتەوە بە پێشمەرگایەتی لە هەرێمی (٧) تا ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگە بووە.
- شوێنی پێشمەرگایەتی: لەسنووری مەلەکان، وەرتێ، خۆشناوەتی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت بووە لە کەرتی (٣) تیپی (٧٨)ی کارۆخ
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە ڕۆڵی کارای بینیوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٢

## شەهید (عەزەی داودی)

# عەزیز داود حەمدە ڕەش حاجی



مێژووی شۆڕشی نوێ و خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕەکانی ئەم حزبەی شەهیدان لێوان لێوە لەفەرماندەو کادیرو قارەمانی ڕۆژانی سەختی خەبات، ئێستا گێڕانەوەی داستان و نەبەردییەکانی بۆ نەوەی ئێستا وەک فلیمی هیندی لێهاتووە، کە دەڵێم فلیمی هیندی ئازایەتی و قارەمانیەتی و نەگەڕانەوەیان بۆ سەر مۆلگەو ڕەبیەکانی دوژمن بۆتە جێگای گومان، لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان شوێنی پێشمەرگەی ترسنۆک نەدەبۆوە، بەڵکو مێژوو شایەدە هەمیشە فەرماندە عەسکەرییەکانی یەکێتی لە پێشەوەی پێشی نەبەردی و داستانەکان بوونە، باوەڕبکەن سەدان شەو بۆ هێرش و لێدانی ڕەبیەکانی ڕژێم پێشمەرگەو فەرماندەکان تووشی دەمەقاڵێ بوونە لەسەر دەست نیشان کردنی دەستەی هجووم هەموو دەیانگووت دەبێ لەدەستەی هجووم بین، ئەمە گیانی کوردایەتی و خۆنەویستییە.. لێرەدا باسی شەهیدێکی قارەمانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر دەکەین ئەویش شەهید (عەزیز داودی)یە بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەو کادیری پێشکەوتووی ڕۆژانی سەختی خەبات هەڤاڵ (محەمەد سەیدە) وتی: شەهید عەزیز داود یەکێک بووە لەو فەرماندە ناسراوانەی ناو یەکێتی لە سنووری باڵەکایەتی هەڵس و کەوتی ناوبراو جێی متمانەی هەموو ئەوانە بوو کەلە نزیک و دوور دەیانناسی.. لە هەر شەڕێک کە سەرکردایەتی تیادا کردبێت یان بەشدار بووبێت خۆی لە سەنگەری پێشەوەی پێشەوە بووە و لە کاتی گەڕانەوەشی کۆتا فەرماندە و پێشمەرگە بووە، سەرەڕای ئەوەی ناوە ناوە هەموو سەنگەرەکانی بەسەر دەکردەوە بۆ ئەوەی لە شێوەی شەڕو زیانەکان ئاگادار بێت، هەر بۆ نموونە لە ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٣ لە شەڕێکی لەناکاو و نابەرامبەردا یەکەم دەستڕێژی جەیش و جاش و ڕووبەڕووبوونەوە پێشمەرگەی ئازاو بوێر کاکە کەمال محەمەد قادر مژدەبنانی شەهید بوو، یەکسەر وتی بە دووسێ پێشمەرگە بیگوازنەوە دواوەی شەڕەکە، دوای پێنج سەعات و چل و پێنج دەقیقە خۆی کۆتا پێشمەرگەبوو لەکاتی گەڕانەوەی بینی شەهیدەکە بەتەواوی

دوور نەخراوەتەوە، یەکسەر خستمانە سەر کۆڵی و بێ ڕاوەستان تا شوێنی مەبەست ڕانەوەستا، سەرەڕای ئەوەی سێ ٣ هەلیکۆپتەر بەسەرمانەوە بوون ئەوەندە نزم بوون پێشمەرگەو جاشەکانی جیا نەدەکردەوە. تاکو ئێستا نەمدیوە و نەمزانیوە کادیر و فەرماندەیەک هەبێت وەک شەهید عەزەی داودی بەزەیی بە دیل و بریندارەکانی دوژمن و نەیارەکاندا بێتەوە، لە هاوینی ١٩٨١ هەندێ بریندار و دیل و کوژراوێکی نەیار گیران، بەهۆی ناوچەگەری ویسترا دیل و بریندارەکان بکوژرێن، بەڵام شەهید عەزە دەستی دانایە سەر میلی چەکەکەی و گوتی.. هەرکێ بیانکوژێ دەیکوژمەوە، لەهەمان کات کوژرا و شەهیدی نەیار و دیل و بریندارەکەی بە سواری وڵاخ ڕەوانەی ناوچەکەی خۆیانی کردەوە، کەم فەرماندە و پێشمەرگە هەبووە تەواوی پێداویستییەکانی ڕۆژانە و هەم بارەگا هەم لەکاتی جەولە پێی بێت، شەهید عەزە کۆڵە پشتێکی گەورەی پێبوو پڕ بوو لە خواردن، کەتری چا لێنان، دەرزی و داو، ترش و خوێ، تەنانەت ناڵ و بزمار و چەکوشی پێبوو، بۆ ئەوەی لەکاتی جەولە وڵاخەکانی بێ ناڵ نەبن، جگە لە کۆمەڵێک داو دەرمانی سەرەتایی، شەهید عەزە لەناو یەکێتی سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نەبوو تەنها و تەنها یەکێتی بوو، لەکاتی شەڕو جەولەی پێشمەرگایەتی ئەو کادیرەی لەگەڵیدابوو ئەگەر لای ناوبراو کارو کردەوەی باشی هەبووایە لەکاتی گەڕانەوەی سوپاسنامەیەکی بۆ ڕێکخراوەکەی دەنارد، بۆ نموونە لە شەڕێک کاکە شێرزاد ڕەنجەڕۆی لەگەڵ بوو لە سوپاس نامەکەدا نوسیبووی بەڕاست کادیرە و جێی پشت پێبەستنە. شەهید عەزەی داودی لە هەر پایەکدا بووبێت بۆ هەموو کۆبوونەوەکان بانگ دەکرا و قسەی خۆی دەکرد، ڕانەدەوەستا تا کۆتایی کۆبوونەوە یان سەرەی خۆی دەیگوت من خوێندەوار نیم دوای لەبیرم دەچێتەوە ئێستا قسەکەم دەکەم، جارێک پرسیار لە بەڕێز مام جەلال دەکات و دەڵێت مامە ئەگەر کورد ڕزگار بوو چی بۆ ئێمە دەکەن، لە وەڵامدا مامی بەڕێز دەڵێت تۆ سجن دەکەین ئەویش دەڵێت بۆ؟ مام دەڵێت لەبەرئەوەی تۆ پیاوێکی نەخوێندەواری و چاوەڕێی یاسا ناکەی و پۆلیس دەتگرێ و سجنت دەکات. ساڵی ١٩٨٩ کاک نەوشیروان لە هەندەران گەڕاوە قاسمەڕەش کۆتا کادیر و پێشمەرگە شەهید عەزە و کاک ڕەسول قەندە و بەندە چووینە بەخێر هاتنەوەی، کاک نەوشێروان و کاک فەرەیدون و کاک ملازم عومەر لە پەنجەرە ئێمەیان دیتبوو، بە پاسەوانەکەیان گووتبوو بڵێ کۆبوونەوەیان هەیە، بەڵام ئەگەر جوێنیش بدا توورە نەبیت، لەپێش دەرگا شەهید عەزە گوتی کێ لەوێیە گوتی کۆبوونەوەیان هەیە گووتی دەچمە ژوورێ گوتی ناچی گووتی هەر دەچم، کەتەماشامان کرد ئەوانەی ئاماژەم پێدان لەژورەوە لەپەنجەرە تەماشامان دەکەن و پێدەکەنن ئەوکات زانیمان گاڵتەیەکیان ساز کردووە، پێش بچینە ژوورەوە کاک نەوشێروان گوتی عەزە کەچەڵ جنێوت پێداوم گووتی چیم گوتووە گووتی گووتووتە کاک نەوشیروان بەجانتای بەتاڵ گەڕاوەتەوە، شەهید عەزە گوتی کاک نەوشێروان زۆر جار بەچاکە باسم کردووی کەس بۆی گێڕاوەیەوە گوتی نەوەڵڵا، شەهید عەزە گوتی دەنا ئەوانە هیچ نین کە بۆیان گێڕاویەوە، نزیکی نان خواردن بوو ویستمان بڕۆین کاک نەوشیروان گوتی عەزە دەبێت لەگەڵ ئێمە نان بخۆن، لەڕووی سیاسی فەرماندەیەکی زۆر هوشیار و قسەزان و شارە زا بوو جارێک لەگەڵ کادیرێک دەکەوێتە قسە کردن و دەڵێت ئەگەر حزب پێی گوتی بڕۆ براکەت بکوژە دەبێت بچی کادیرەکە دەڵێت چۆن دەبێ نابێ بزانم تاوانی چییە؟ شەهید عەزە پێی دەڵێت دەبێ بیکوژی دوایی پرسیار بکە و بڵێ تاوانی چیبوو، بەو نەخوێندەواریەی خۆی لە شۆڕشی ئەیلول دەورەی تایبەتی ئەلغام هەڵگرتنەوەو تەقینەوەی کردبوو، هەر بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ لەشاخی مامەڕوت کە بەسەر قەسرێ دەڕوانی پەلاماری ڕەبایەکی

سەربازیمان دا لەپێشەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە ڕەبایە کە نزیک ببینەوە ٣ سێ ڕیز ئالغامی بەو شەوە هەڵگرتەوە و لەگەڵ ئارپیجی یەکەم و دەست ڕێژی تەقە ڕەبایەکە چۆڵ بوو و ڕایان کرد بۆ بەیانی بەپێش چاوی خەڵکی قەسری ٤ چوار کوژراویان بردبۆوە بارەگای فەوجەکەیان..

- ناوی تەواو: عەزیز داود حەمدە ڕەش حاجی
- ناسراو بە: عەزەی داودی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سۆربان - ناحیەی قەسرێ
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: مێر ئەحمەد وسو
- ناوی منداڵەکانی شەهید: گەلاوێژ، شادیە، سەلیم، سەرکەوت، شەیدا، پەرێشان، ئومێد
- لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی ئەیلوول
- لە شۆڕشی ئەیلوول دەکرێتە فەرماندەی (مەفرەزە) لەلای هەڤاڵ (سەید سەلیم)
- لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری چەند شەڕێکی دیاری کردووە وەک (سەرتیز، زۆسک، هندرێن) چەند شەڕێکی دژ بە ڕژێم لە سنوورەکە.
- شەهید عەزیز لە ١٨-١٢-١٩٧٥ پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ (مێرخان)
- لە ١٤-٤-١٩٧٦ ڕژێمی بەعس ماڵی شەهید عەزیز و چەند ماڵێک ڕادەگوازێت بۆ ناحیەی (شامیە) سنووری پارێزگای (دیوانیە).
- دوای (٥) مانگ لە ڕاگواستن بەنهێنی گەڕاوەتەوە سنووری گوندەکەیان و دەستی بەکاری ڕێکخستن کردووە لەرێگای شەهید دکتۆر خالید و عومەر دەبابەو ئەحمەد مەولودو عەلی کۆ.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ: ١٧-٩-١٩٧٦
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان لای شەهید مەحمود سەیدە بۆتە پێشمەرگە
- لە ٥-١٠-١٩٧٦ لەگەڵ دکتۆر خالید و عومەر دەبابەو ئەحمەد مەولود و چەند هەڤاڵێکی تر دەچنە ناوچەی بادینان لە ١٩-١٢-١٩٧٦ بەشداری داستانی (گابیرین) دەکەن لەدژی ڕژێمی بەعس
- ڕژێم لە ١٣-٧-١٩٧٧ هێرشەکانی چڕ کردەوە بۆ سنووری باڵەکایەتی و قەندیل بە دابەزاندنی سەرباز لە ڕێگای فڕۆکەوە شەهید عەزیز بەرەو سنووری ئێران بەرێ دەکەون لە سنووری (سونێ) تەسلیم دەبێتەوە .ڕژێم (١٠) مانگ زیندانی دەکات دواتر بەکەفالەت ئازادی دەکات.
- لە ٢٢-٢-١٩٧٩ دەبێتەوە پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێ
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) لای شەهیدی فەرماندە (ئەحمەد مەولود)
- شەهید عەزەی داودی لە ساڵی ١٩٧٩ تا ڕاپەڕین داستان و نەبەردی و چالاکی نییە بەشداری تیانەکردبێ و ڕۆڵی قارەمانانەی تیانەگێڕابێ و لە زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی ٧٨و ٧٤ باڵەک جێ پەنجەی دیاربووە هەرگیز لەشەڕەکان نەدۆراوە.
- چەندین جار بریندار بووەو لە مەرگ گەڕاوەتەوە لەوانە (لە گوندی وەلاشە، بناری قەندیل، چیای سەفین)

- جگە لەخۆی دوو کوڕی بۆتە قوربانی خاکی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (سەلیم و سەرکەوت)
- لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٩ (چوار) جار ماڵەکەی سووتاوە.
- زۆربەی پلە سەربازیەکانی بڕیوە وەک (فەرماندەی مەفرەزە، فەرماندەی کەرت، فەرماندەی تیپ و بەتالیۆن و دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی (فەوج) بووە لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی حکومەتی هەرێم.
- لە ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی کەرت لەتیپی (٨٣)ی هەورێ کە ئەوکات بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە ناوچەی خۆشناوەتی بوو ئەم تیپە پارێزگاری لە بارەگای مەڵبەند دەکرد.
- لە ٦ـ ١٢ـ ١٩٨٦ لە گوندی توتمێ ی دۆڵی بالیسان ماڵەکەی شەهید عەزیز بەر تۆپی ڕژێم کەوت وخاپوور بوو لەم تۆپ بارانە کوڕێکی (خۆی) و چوار پێشمەرگە شەهید بوون.
- لە ١٦ـ٤ـ١٩٨٧ لە کیمیابارانی بالیسان ماڵەکەی ئەویش بەر کیمیاوی دەکەوێ.
- شەهید لە ساڵی ١٩٨٩ جێگری تیپ بوو ئەوکات شەهید ڕەحمان سەیدە فەرماندەی تیپی ٧٨ی کارۆخ بوو. بۆ مێژوو هاوڕێیانی دەڵێن دەکرایە فەرماندەی تیپ، بەڵام خۆی ئەم پلەی نەدەویست.
- لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ڕاپەڕین ئەرکی بەرپرسیاریەتی دەخەنە ئەستۆ بۆ ڕزگارکردنی چەند شوێنێک... ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبووە لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی شەقڵاوەـ قاتع جەیش شەعبی هەولێر، فڕۆکەخانەی کەرکووک.
- لە ساڵی ١٩٩٢ دەکرێتە فەرماندەی بەتالیۆنی (٢٥) ساکۆت
- ناوبراو ئەندامی کۆنگرەی (١)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.
- لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان دەبێتە فەرماندەی فەوجی هێزی پێشمەرگە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٣ـ٦ـ١٩٩٣

## شەهید (عەزیز سەر ڕەق)

# عەزیز سابیر خدر



چل ڕۆژ لەمەوبەر هەور یەخەی ئاسمانی دارەتووی تەنیی بوو وەلێ چ هەورێک پەڵەی ڕەش وەک نەخش و سیمای شتێک لە شێوەی بەیداخی کوردستان بێت، ماوە ماوە هەڵبەزو دابەزینی بە گوێ زەوی دەکردو لەسیمای نهێنیەکی پەنهان دابوو.. هەندێک جاریش ئەم پەڵە هەورە ڕەشە خۆی وانمایش نەدەکرد هەواڵی خەمناک و دڵتەزێنی پێ بێت، ئەو پەڵە هەورە ڕەشە زۆر ئاشنا بوو بەمێژوو خەبات و سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دیدی دەخوێندرایەوە پێمان بڵێ ئێوە ڕووبارێ خوێنتان بەخشیوە بە کوردستان قوربانی زۆرتان داوە.. توخوا مەگرین وەکو جارەکانی پێشوو هەواڵی شەهید بوونی تێکۆشەرێک و ئەفسەرێکی تری دەڤەری هەولێرم بۆ هێناون.. توخوا مەگرین شەهید پاک لە پەڕی گوڵ دەچوو.. شەهید ڕاستگۆ لەگەڵ خوا لەگەڵ خاک لەگەڵ ئەستێرەو هاوڕێ و هەڤاڵەکانی بەوەفاو ئەمەک وسەر ڕاست لەگەڵ میرەو ئیدارەو دارایی، سەر ڕەق لەگەڵ بەگژا چوونەوە بەرامبەر گەندەڵی و داکۆکی کردن لە بەفیڕۆنەدانی سەروەت و دارایی هێزی پێشمەرگە..بۆیە شیوەن و گریانی ئێوە بۆ ئەو باوەڕ بکەن نیگەرانی ئەوە لەمەڕ ئەو گرێبەستەی لەگەڵ خاک و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردووە. ئەو لە خاک دروست بووە و بۆ خاکیش ژیاو تێکۆشاو بەرخودانی بۆ نەوەکانی داهاتووی کرد هەر لەو پێناوەش پلەی شەرەف خەڵاتی بوو.. شەهید عەزیز زۆر نەتەوەیی.. زۆر خاکی.. دڵسۆز بە مانای وشە.. تیرۆریستانی جەهل و تاریکی دووربین نەبوون لە شۆڕشگێڕی و ئازایی و بوێری هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەگینا هەرگیزاو هەرگیز بەگژ هێزەکانی یەکێتی نەدەهاتنەوە مەیدانی شەڕیش بۆ گروپەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق و شام بە دیارکەوت.. شەهیدانی دەستی تیرۆر بە ئارامی بنوون.. پشوو بدەن، هاوڕێ و هەڤاڵەکانتان سەنگەرەکانی بەرگری و مقاوەمەت چۆڵ ناکەن.. دەبنە سکۆ دەبنە قەڵغان بۆ کوردستان..... هەرسێ کوڕەکەت کۆسرەت، سەروەر، سەرهەنگ سەربەرزن ڕێبازە پیرۆزەکەت چۆڵ ناکەن.. پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (حاکم سابیر) بەرزەواری دەربارەی شەهید

(عەزین) وتی: لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ کاکە عەزیزم ناسی. ئەوکات کاکە عەزیز گەنجێکی ڕەش تاڵەی دەم وچاو پڕی چاوێکی گەورەو قژێکی پڕ و بێدەنگێکی گوێگرو پێشمەرگەیەکی مولتەزیم، پیاوێکی بەهیمەت ولە ڕۆیشتنا لەپێشەوەو لەهاوکاری هەڤاڵانی کە ماندوو دەبوون هاوکارێکی باش، لەکاتی شەڕ جێگای خۆی چۆڵ نەدەکرد. لە هەڵمەت و هێرش کردن کوڕێکی چالاک و بەدەست بوو، لەگەڵ خەڵکی مەدەنی و لادێ نشینەکان زۆرباش و خۆشەویست بوو. زۆر ڕێگامان بڕی بەیەکەوە لەزۆر شەڕ سەرکەوتین بەیەکەوە، لەکاتی پشوو قسەی خۆشمان زۆر کرد، ئەوەی جێگای دڵخۆشی کاکە عەزیز بوو لای ئێمە پاشملە غەیبەتی کەسی نەدەکرد، لە کۆبوونەوەکاندا هەر ڕەخنەیەکی هەبووایە بەڕاشکاوی و بەهێمنی لەهەڤاڵەکەی دەگرت. بەڵام بەداخەوە زوو شەهید بوو ماڵئاوایی لێ کردین.. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاکە عەزیزو گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری...

- ناوی تەواو: عەزیز سابیر خدر خالید
- ناسراو بە: لەشاخ بە (هێمن) و لە دوای ڕاپەڕین بە عەزیز سەر ڕەق ناسرابوو
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی سێتاقان - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: نەسرین ڕەمەزان عەزیز
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کۆسرەت، سەروەر، سەرهەنگ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١-٨-١٩٨٥
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٨٧ تا ساڵی ١٩٩٠
- ئۆرگان: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- دووەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە. لە گەردەلوولی تۆڵە - میحوەری سماقوڵی
- لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستانی کردووە.
- دوا پلەی (رائید بووە لە لیوای (٤)ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٨-٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: زوومار

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٤-١٠-٢٠١٤ لە ژمارە (٦٥١١) لە لاپەڕە (٦)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

## شەهید ( نەهرۆ قەسرۆکی)

# عەزیز مەعروف قادر ڕەسوڵ



ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ ڕێگای خەبات و بەرخودانیان کردە نەخشە ڕێگای ئایندەی میللەتەکەیان و بە پاکی پێشمەرگایەتیان کردوو نەسرەوتن تا سەرکەوتن، ئەوانە لەناو خەڵک و بەرامبەر مێژوو سەربڵندو ویژدانیان لە دنیایەکەی تریش ئاسوودەیە.. ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ تێڕوانینیان بۆ کوردایەتی و گەیشتن بە ئازادی و مافەکانی کوردبوون هەبوو لە چوارچێوەی تێکۆشان و ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر سەدامیەکان ئاسۆیان ڕوون بوو، هەربۆیە خوێنی خۆیان کردە شاباشی خاک و سەرئەنجام ڕاپەڕین و ئەو حکومەتەو پەرلەمانە لەدایک بوو.. یەکێک لەو شەهیدانەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆربینی و هیلاک نەبوو شەهیدی فەرماندەو کوڕە ئازایەکەی دەشتی کۆیە کاکە (نەهرۆ قەسرۆکی) بوو، بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەو فەرماندەی دێرینی ئەوێ ڕۆژێ و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی ئەمڕۆ کاک (ئەبوزێد تەق تەقی) وتی: شەهید نەهرۆ قەسرۆکی یەکێک لەفەرماندە قارەمان و ئازاو پڕ هەیبەت و شکۆ لەبەرامبەر هێزی دوژمن، هەردەم ورە بەرزو خۆڕاگر، لەهەر نەبەردی و داستانێکدا ڕەمزی ئازایەتی و ورە بەخشین بوو. لە زۆر شەڕی نابەرامبەردا لەبەرامبەر ڕژێمی پێشوو پێویستی بە پاشەکشە یان خۆپاراستن لە هێزە زەبەلاحەکەی دوژمن هەبووایە ئەوەندە چاونەترس و بەهەڵمەت و گورج و گۆڵ و باوەڕی بەخۆی بوو دەستی لە دوژمن دەوەشاندو دوژمنی تووشی شۆک دەکرد. لە هاوڕێیەتی و هەڤاڵەیەتی ناو پێشمەرگە وەک پێشمەرگەیەکی سادەو ساکار ڕەفتاری لەگەڵ هەڤاڵانی دا دەکرد. هەستت نەدەکرد کە فەرماندەیەو بەرپرسە، کوڕێکی خاکی و خۆنەویست بوو، لەسەرەتای پێشمەرگایەتی تا شەهید بوونی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو، خۆشەویستی ناو خەڵک و جەماوەر بوو، پەیوەندی هەڤاڵانەی لەگەڵ هاوڕێیەکانی هەردەم هاوڕێتیەکی ڕاستگۆ ڕاشکاو برایانە بوو. لە ڕووی ئینتما بۆ خاک لە لووتکە بوو، قسە کردن و نووسین لەسەر فەرماندەو تێکۆشەرێکی وەک نەهرۆ زۆر هەڵدەگرێ بۆیە

دەڵێم روحت شاد هاوڕێ و هاوسەنگەرو پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات، ئارامگەت ئارام کوڕە ئازایەکەی دەشتی کۆیەو کەرکووک و هەولێرو گەرمیان.. بەئارامی بنوو دڵنیات دەکەینەوە ڕێبازە پیرۆزەکەت بەردەدەین...

- ناوی تەواو: عەزیز مەعروف قادر ڕەسول
- ناسراو بە: نەهرۆ قەسرۆکی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کانی رەش - ناحیەی تەق تەق - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: باجەلان
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- ناوی هاوسەری شەهید: خوناو مامەند ڕەسول
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کاروخ، بێلان، بێگەرد، ئالان.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١
- ئۆرگان: هەرێمی (٢)ی کەرکوک
- دواتر لە تەشکیلاتی نوێی تیپەکان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٢١)ی کەرکووک.
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٢٥)ی خاڵخالان
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆری بینیوە کۆڵی نەداوە و بەشداری دەیان نەبەردی و داستان و چالاکی کردووە لەوانە لێدانی بازگەی کەرکووک، شیوەسوور، رەبیەکانی جادەی چەمچەماڵ، لێدان و گرتنی ناحیەی تەق تەق، داستانی رزگاری، قەیوان ماوەت، دۆڵی رەقە، دۆڵی ئاکۆیان، کێوە رەش، خەجە لەرزۆک، گرتنی ئاغجەلەر، گرتنی (٢) جار قەڵاتەی تەق تەق، ولاغلور، حەسەن بەگ، بێتواتە، بیرە نەوتەکانی کەرکووک و گۆپتەپە.
- دووجار بریندار بووە لە شەڕەکانی (شیوەسوور - تەوەکەڵ)
- لە ساڵی ١٩٨٥ سەرپەرشتیاری کەرتی (٣)ی چەمچەماڵ بووە لە تیپی (٢٥)ی خاڵخالان.
- دواتر کرایە فەرماندەی کەرت لە هەمان تیپ
- لە ساڵی ١٩٨٨ فەرماندەی کەرتی شیوە سوور بووە.
- لە پێش ڕاپەڕین واتە ساڵی ١٩٨٩ دوا پلەی جێگری تیپ بووە لە تیپی (٢١)ی کەرکووک.
- برایەکی بە خۆی و هاوسەرو منداڵەکانی ئەنفال کراون.
- لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کردووەو رۆڵی کارای هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.
- لە دوای ڕاپەڕین لە هێزی (٧)ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لەگەڵ دروست بوونی لەشکرەکان شەهید نەهرۆ دەکرێتە جێگری لەشکری کۆیە لە میحوەری دێگەڵە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٧/٢٨- ٨-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: سەرشاخی کێشکە.

## شەهید (عوزێر عەوێنەیی)

# عوزێر عەلی ساڵح عەبدوڵڵا



لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم، چەندین هێزو گروپ لەلایەن وڵاتانی دەورووبەر هاندەدران و پشتگیری دەکران بۆ پشێوی و تێکدانی ئەم ئەزموونەی کە دەمێک بوو کورد خەونی پێوە دەبینی، ئەوەبوو زۆربەی هێزە کوردییەکان بەناوی جیاجیاو لە ژێر تەوژمی توندو تیژی تەقینەوەو دەستڕێژی گوللەو بۆسەی هەمەجۆریان بۆ دەستەی پاسەوانیەکان و بەرپرسان دادەناوە، بۆ ئەوێ ڕۆژێش ئەم کەش و هەوای کوردستان نیگەرانی زۆری دروست کرد بوو، بۆیە ناوە ناوە پێشمەرگەو دکتۆرو خەڵکی بازرگان دەکرانە هەدەف. یەکێک لەو شەهیدانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگەیەکی سادەو خاکی گوندی (عەوێنە) بوو بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ (تەحسین عەوێنەیی) لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی پێشووی گوێڕ هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید وتی: سەرەتا دەڵێم سەری ڕێزونەوازش بۆ شەهید عوزێرو تێکڕای شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم، دەربارەی شەهید عوزێر هەرچەندە ئێمە خەڵکی یەک گوندین، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین ماوەی ساڵێک بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، ئەو لەخانەوادەیەکی دڵسۆزو بەئەمەک بۆ کوردایەتی پەروەردە ببوو، کوڕێکی زۆر مەندوو هێمن و خۆشەویست بوو، پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و بە دیسپلین بوو، ئازاو چاونەترس و خۆڕاگربوو، لەو ماوە کەمەی تەمەنی پێشمەرگایەتی ببووە جێگای متمانەو خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا زیاتر خەبات و بەرخودانی درێژە پێ بدات لە سەعات یەکی شەوی ٢٦-١٢-١٩٩٣ لەلایەن تاریک پەرستان گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزار دروود لە گیانت ئەی هاوڕێ و هاوسەنگەری خەباتم.

- ناوی تەواو: عوزێر عەلی ساڵح عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: عوزێر عەوێنەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١- ٧- ١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی عەوێنە - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: دەستپێکی ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١
- هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر تیپی (٨٧) قەرەچوغ ئەوکات کاک عومەر ناسر سەرتیپ بوو شەهید کاوە عەوێنەیی فەرماندەی کەرت بوو - بارەگای تیپ لە شەقڵاوە بوو - دواتر بارەگایان گواستۆتەوە بنەسڵاوە لە قوتابخانەی (لانە) بوونە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شاری هەولێر لە ڕاپەرین
- شەهید عوزێر بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی کردووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای کابینەی دووەم.
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە دەستەی پاسەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاک (کۆسرەت ڕەسول عەلی) لەمەفرەزەی شەهید (کاوە عەوێنەیی)
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٦-١٢-١٩٩٣
- شوێنی شەهید بوون: هەولێر شەقامی سی مەتری

شەهید (دکتۆر چیا)

# عوسمان سادق خدر




ئەمە چ دڵسۆزیەکە، ئەمە چ هەستێکە، ئەمە چ بیرکردنەوەیەکە، بۆ خوێندن بچیت بۆ پاکستان، ئیرلەندا، بەغدا شار بۆ شارو وڵات بۆ وڵات بگەڕێیت تا بڕوانامەیەکی بەرز بهێنیتەوە تا لەم ڕێگایەوە خزمەتی پێشمەرگەی پێ بکەیت و خۆت ئامادە بکەیت بۆ شەهید بوون.. ئەمە پەروەردەی خێزانێکە لێوان لێون لە دڵسۆزی بۆ کوردو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.. ئەمە پەروەردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ڕۆڵەکانی گۆش دەکات تا میللەتێک ڕزگاری بێت لە چەوسانەوە و کوشتن و بڕین، دکتۆر چیا کێویک بوو لە هەڵوێست، دوندێک بوو لەبەرزی، شاخێک بوو لە ورە، ناوبراو بەمتمانەیەکی زۆرەوە دەیڕوانیە ئایندەی کوردستان، لە ئەرک و واجباتی سەرشانی بەوپەڕی دڵسۆزی کارەکانی مەیسەر دەکرد.لە ژیانی پێشمەرگایەتی جگە لە دکتۆری لە شەڕو نەبەردییەکان دەیان جار بەشداری کردووە. خەون و خولیاکانی شەهید چیا زۆر گەورە بوو بۆ ئایندەی کوردستان.. بەڵام مخابن نەیارانی کورد، دەستێکی چەپەڵ نەیان هێشت زیاتر خزمەت بەنەوەو نەتەوەکەی بکات. ڕوحت شاد دکتۆرەکەی شاخ ـ ئارامگەت شاد ئەی هەڤاڵی پێشمەرگەی شاخ، بنوو بەئارامی بنوو هاوڕێ و هاوسەنگەرانت ڕێبازە پیرۆزەکەت بەرنادەن..

- ناو: عوسمان سادق خدر
- ناسراو بە: دکتۆر چیا
- تەمەن: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی زەمزەمۆک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی برینپێچی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٨١
- ناوبراو بۆ خوێندن چۆتە پاکستان ـ ئیرلەندا لەسالانی ١٩٧٧ـ ١٩٧٩
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: ئاری، ئاسۆ، هێرۆ، شەوبۆ

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨١ لە نەخۆشخانەی سەرکردایەتی دەست بەکاربوو لە گوندی (قولە هەرمێ)
- لە ساڵی ١٩٨٢ ناوبراو گواسترایەوە بۆ هەردوو تیپی (٧٤)ی باڵەک و (٧٨)ی کارۆخ
- هەمان ساڵ لە گوندی (سەرنەوسی) دۆڵی خانەقا شەهید نەخۆشخانەیەکی بۆ پێشمەرگەکان دروست کرد
- لە ساڵی ١٩٨٤ وەک کادیرێکی لێهاتوو بۆ کاری جەماوەری دەست نیشان کراوە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە دکتۆری نەخۆشخانەی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە: لەوانە داستانی سەری رەش، گرتنی ناحیەی تەقتەق، شەڕەکانی سەرکردایەتی، داستانی بەنەباوێ.
- لە ساڵی ١٩٨٨ پاش ئەنفالەکان وەک پارتیزان ماوەتەوە لە چیای بەنەباوێ.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووەو رۆڵی کارای هەبووە لە بوارەکەی خۆی.
- دوای پێک هێنانی فەوجی مەکتەبی سیاسی کراوەبە ئەفسەری پزیشک
- لەبەر لێهاتوویی خۆی کراوە بە کارگێڕی کۆمیتەی مەکتەبی سیاسی و سەرپەرشتی گەورەترین کەرتی کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: سەعات هەشت و پێنج دەقیقەی ٢٥ -٣-١٩٩٦

## شەهید (وریا تەللخێمی)

# عوسمان عەبدولڕەحمان حەمەدەمین مامە



سەرەتای ساڵی هەشتاكان ژمارەی پێشمەرگەكان لە دێهات و شاخەكانەوە ئەوەندە زۆر نەبوون، فرۆكە جەنگیەكانی عێراق ترس و تۆقیان هەبێ لە پێشمەرگە، بۆیە لە هەندێ شوێنی كوردستان پاش شەڕێكی سەخت و دژوارو تەواو بوونی فیشەكی پێشمەرگە فرۆكەكان دەنیشتنەوە تەرم و بریندارەكانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. یەكێك لەو شەهیدانەی سنووری دەشتی هەولێر شەهید (عوسمان عەبدولڕەحمان حەمەدەمین) تەللخێمی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لەسنووری بەستی شەرغە سنووری دێدەوانی مەنتكان پاش شەڕێكی سەخت و نابەرامبەر پاش شەهید بوونیان فرۆكە جەنگییەكان جەنازەكەشیان لەگەڵ خۆیان بردو تاوەكو ئێستا شوێنی گۆڕستانیشیان نییە..ناوبراو لە خانەوادەیەكی تێكۆشەرو دڵسۆزو خەباتگێڕ هاتۆتە دنیاوە، هەر لەتەمەنی لاویەوە تێكەڵ بە سیاسەت و پێشمەرگایەتی بوو. هەڤاڵ (فەرهاد ئیسماعیل) پێشمەرگەی دێرین وای بۆ گێڕامەوە: شەهید عوسمان لەپێشمەرگایەتی بە (وریا) ناسرا بوو بەراستیش وریا بوو لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٠ پاش تەواوكردنی خوێندن لە هەرێمی (٧) ئەوكاتە بووە پێشمەرگە لای شەهید حاجی برای حەسەن كوێستانی ئەوكات كوێستانی رابەر سیاسی هەرێم بوو، پاشان لە ساڵی ١٩٨١ لە دوای دروست بوونی قوەتی دەشتی هەولێر شەهید وریاو بەندەو كاك وەرزێرو چەند پێشمەرگەیەكی تر گواسترانیەوە بۆ قوەتی دەشتی هەولێر، شەهید وریا بەردەوام خەریكی خوێندنەوە بوو، جارجار شەهید فەقێ گۆمەشینی دەیووت تۆ زۆر توندڕەوی لەبەر دڵسۆزی پێی دەوت. ئەو ماوە كەمەی پێشمەرگایەتی چەندین چالاكی لە كەندێناوەو شەمامك ئەنجام دا. بەڵام بەداخەوە ئێوارەیەك لە گوندی بەردەسپی بەرەو گوندی ئاوماڵ دەچوون سەیارەیەكی تویتا فەلاحیان لابوو، لەناكاو فرۆكە جەنگییەكانی بەعس زۆر دڕندانە هێرشی بۆ كردن پاش شەڕێكی سەخت و دژوار(ڕێبازو وریاو وشیارە سور شەهید بوون، مەرگ مەودای نەدان لە ٨-٨-١٩٨٢ گەیشتنە كاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانی پاكی شەهید عوسمان و تێكڕای شەهیدان..

ـ ناوی تەواو: عوسمان عەبدولڕەحمان حەمەدەمین مامە
ـ نازناو: وریا تەللخێمی
ـ ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢
ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی تەللخێم ـ ناحیەی گوێڕ ـ قەزای مەخموور
ـ عەشیرەت: گەردی
ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی کەلەک
ـ باری خێزانی: سەڵت
ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠ لە هەرێمی (٧) دواتر لە قوەتی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە.
ـ لە کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
ـ بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوورەکەی کردووە.
ـ دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨ـ٨ـ١٩٨٢
ـ شوێنی شەهید بوون. بەستی شرغەی بناری دێدەوان
ـ ناوبراو لەگەڵ ئەم برا پێشمەرگانە شەهید بووە (تەحسین ناسراو بە ڕێباز خەزنەیی، شەهید وشیار ئیلنجاغی)
ـ شەڕێکی دەستەو یەخە بووە لەگەڵ فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێم تاوەکو ئێستاش جەنازەکانیان نەدۆزراوەتەوە.

### شەهید (عوسمان عەلی سۆر)

# عوسمان عەلی عەبدوڵڵا



هەستە پاکەکانی نێو تاکی کوردەواری لە بزووتنەوەی نیشتمانی بۆ قۆناغی رزگاری لەناو هەندێ خانەوادە هەڵوێستەکان ئەوەندە جوان بوون، ئەوەندە بەهێزبوون، مرۆڤ شانازی بە میللەتەکەی خۆی بکات، رژێمی لەناوچووی بەعس ئەوەندە شۆڤێنی و بەدرندەیی بیری دەکردەوە بۆ لەناو بردنی کورد، هەموو تاکێکی کورد ئەو زوڵم و زۆرەی پێ قبووڵ نەدەکرا، یەکێک لەو خانەوادانەی بە خێزانەوە روویان لەشاخ کرد بنەماڵەی شەهیدی ئازادیخواز (عەلی سۆر) بوون. ئەم خێزانە باوک و چوار کوڕ پێشمەرگە بوون، خێزانێک تاسەرئێسقان شۆڕشگێڕو خەباتکار بوون، دەمەوێ لەم نووسینە هەڵوێستەیەک لەسەر خەبات و بەرخودانی شەهید (عوسمانی عەلی سۆر) بکەین. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک و بە ئەزموون بوو لە بواری پێشمەرگایەتی، قارەمانیەتی ئەو لە شەڕو نەبەردییەکان جێگای شانازی و هەست کردن بوو بە بەرپرسیاریەتی، ئەوەندە بوێر بوو شۆڕش پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێ دا.. لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و شەڕە دەستەویەخەکانی ناو هەولێرو سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا تا قۆناغی مانەوەی پارتیزانەکان وەک چۆن لەسەرەتا باسی شۆڕشگێڕی و هەستە پاکەکانی هەندێ خێزانی کوردمان کرد، بە پێچەوانەوەش رۆڵەی کوردی وا هەبوو تامەزرۆی سەری پێشمەرگەیەک بوو تەسلیمی بکاتەوەو خۆی پێ (عفوو) تەبریە بکاتەوەو مەفرەزەیەکی خاسەی پێ وەربگرێت. بەداخەوە هەرلە دێرزەمانەوە ئەم زۆڵە کوردانە هەر هەبووە لەناو کۆمەڵگای کوردی، مخابن لەرێکەوتی ١٤-١٢-١٩٨٩ بەدەستی خیانەت کارانی کورد شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: عوسمان عەلی عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: عوسمان عەلی سۆر

- ساڵی لە دایک بوون: ٦ـ٧ـ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قازیخانە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٥) سەرەتایی خوێندووە.
- عەشیرەت: نانەکەلی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٤
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٣)
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە. بەشداری شەڕەکانی سەرکردایەتی و قەیوان ماوەت و رزگاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی فشاری هێزەکانی سەدام لەگەڵ زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە دەچێتە سەر سنووری عێراق ئێران لە گوندی نۆکان بەردەوام دەبێت لە پێشمەرگایەتی، دواتر لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی دەگەڕێتەوە دەشتی هەولێر.
- دواپلەی جێگری فەرماندەی کەرت بووە. بەڵام لە هاتنە خوارەی پێشمەرگە پارتیزانەکان فەرمانی فەرماندەی کەرتی بۆ دەرچووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٤ـ ١٢ـ١٩٨٩
- شەیانی باسە ناوبراو بە غەدرو خیانەت شەهید کراوەو دواتر تەرمەکەی تەسلیم بە دائیرەی ئەمنی هەولێر کراوە.
- ناوبراو خاوەنی کۆمەڵێک شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.

شەهید (عوسمان قەشقەیی)

# عوسمان عەلی قادر ئاشور




عوسمان عەلی قادر لەک لەخانەوادەیەکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەری گوندی قەشقەی شەهیدان گۆش و پەروەردە بووە، ناوبراو هەر لەتەمەنی گەنجیەوە شۆڕش، خەبات، بەرخودان لەهزریەوە دەخولایەوەو تێکەڵ بەکاری سیاسی و پێشمەرگایەتی بوو، ئەو لەشۆڕشی ئەیلوول بۆتە پێشمەرگەو ڕۆڵ و جێ دەستی لەچەند نەبەردیەک دیاربووە و بە ئازایی و شارەزایی لەبواری پێشمەرگایەتی ئەوێ ڕۆژێ کراوەتە (سەرپەڵ) و توانیبووی ئیدارەی نەبەردی و ڕۆژانی سەختی خەبات بدات لەگەڵ هەڤاڵەکانی. پاش نسکۆ پەیوەندی دەکات بەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان و لەگەڵ شەهید نادر قەشقەیی دەبێتە پێشمەرگە، لە ماوەیەکی زۆرکورت توانیان چەند چالاکییەکی دیار لە سنووری تیپی (٩٠)ی باوەجی و تیپی (٩٣)ی کۆیە ئەنجام بدەن، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆرکەم بوو لە بۆسەو کەمینێکی جاش و ئەمنەکانی قوشتەپە لە گوندی سابلاغ لەشەوی ٢١/٢٢-١٠-١٩٨٢ شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی شەهیدان و سەفەری ئەبەدی کرد بۆ لای (فوئاد قەشقەو دلێرو ئازادی مەلا شینەو سەعدی خەلیل و محەمەد جەمیل و خاڵە یوسف و خزمانی تری قەشقەیی.. ڕوحت شاد مام عوسمانی هەمیشە زیندوو.

- ناوی تەواو: عوسمان عەلی قادر ئاشور
- ناسراو بە: عوسمان قەشقەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٣٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: کەمێک خوێندەواری هەبووە
- عەشیرەت: لەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: بەسێ ئەحمەد قادر

- ناوی منداڵەکان: ئەشقی ـ کۆسرەت ـ لەعلی ـ پەیمان
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە لە ساڵی ۱۹۷۳ دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ کۆمەڵێک خزمانی گوندی قەشقە تا نسکۆی شۆڕش بەردەوام دەبێت..
- دواپلەی لە شۆڕشی ئەیلوول: سەرپەل بووە.
- لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری چەند داستان و نەبەردی کردووە وەک: داستانی خواکوڕک، ماخۆبزنان، شەڕێک لە دۆڵی سەرکەپکان.
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و دووبارە دەبێتەوە پێشمەرگە لە ۳ـ۳ـ۱۹۸۲
- سەرەتا لە تیپی (۹۳)ی کۆیە دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید حاجی نادرو سیامەند قەشقە
- دواتر بۆماوەی (۳) مانگ لەسەرکردایەتی درێژە بەپێشمەرگایەتی دەدات لە زەڵێ و ناوزەنگ
- دواجار دەگوازرێتەوە تیپی (۹۰)ی باوەجی کە ئەوکات ملازم سمکۆ سەرتیپ بووە
- لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکی و نەبەردیەکی گەورەی کردووە.
- ڕۆژومانگ وساڵی شەهید بوون: ۲۱/۲۲ـ۱۰ـ۱۹۸۲
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سابلاغ جاران سەربەناحیەی قوشتەپە بوو، بەڵام ئەم گوندە ئێستا سەربەناحیەی دارەتووە.
- ناو براو جگە لەخۆی حاجی نادرـ محەمەد غەفوور ـ مەنتک محەمەد سەعید ـ محەمەد مەحمود لەم نەبەردیە شەهید بوون، سێ پێشمەرگەی تر بریندار بوون.

## شەهید (شێرۆی مرور)

# عوسمان محەمەد سلێمان محەمەد



بیرکردنەوە لە رابردووی شەهیدە نەمرەکانمان، بیرکردنەوە لە سووتانی (٥) هەزار گوندی سوتماک بیرکردنەوە لە ١٨٢ هەزار ئەنفال، ئەو هەموو بیرکردنەوانە سەرئەنجام بۆ رزگاربوون و فەراهەم کردنی ئازادییەکانی گەلی کوردبوون، ئەو هەموو قوربانی و خەبات کردنە لەپێناو هێنانەدی حکومەتێکی خۆماڵی کوردی بوو، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەگەر شەهیدەکانی پێش ڕاپەرین دەیانزانی سەرکردەکانی کورد بیرکردنەوەیان بۆ حوکمڕانی و دەسەڵاتی کوردی ئەوهایە، ئەوها رێز لە خانەوادەی شەهید و زیندانی و کەم ئەندامان و فەرمانبەران بەگشتی دەگرن، دەبێ شەهیدەکانمان هەڵوێستیان چۆن بووایە. یەکێک لەو شەهیدانەی هەمیشە مەرگی خۆی لامەبەست نەبوو بۆ بە سزا گەیاندنی پیاوانی بەعسیەکان، بۆ هێنانەدی خەونە وەنەوشەییەکانی گەلی کورد، ئەویش شەهید (عوسمان محەمەد سلێمان محەمەد) ناسراو بە شێرۆی مرور بوو. ناوبراو لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆرترین کاتەکانی لەناو هەولێر بوو بۆ دەست وەشاندنی سیخوڕو ئەو جاشانەی ئێستا لەم حکومەتە کاربەدەست و سەرشانیان وەکو جاران پڕە لە نەجمەی زەردوو سپی... درووود بۆ گیانی شەهید شێرۆی مرورو تێکڕای شەهیدانی کوردستان، سەرشۆڕی بۆ جاشە خۆفرۆشەکانی ئەوێ رۆژێ.

- ناوی تەواو: عوسمان محەمەد سلێمان محەمەد
- ناسراو بە: شێرۆی مرور
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بیرەجنە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ٣ ناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، کەرتی ٣ی شەهید سەرداری سەعید سۆفی.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو چالاکی ناوشاری کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢٨-٥-١٩٨٧ سێ فڕۆکەی هەلیکۆپتەر هێرشی کردنە سەرو شەهیدی کردن.

- شوێنی شەهید بوونی: نێوان گوندی (نۆغەران و دێرێ) لەگەڵ (٢) هاوڕێی تری بەناوەکانی (یاسین پیرداود) و (ڕەمەزان عەلی تەرجانی)

شەهید (عومەر سەباح)

# عومەر سەباح تاهیر عومەر



تیرۆریستانی داعش وەحشیگەرانە لە هەموو سنوورەکانی کوردستان پەلاماری کوردیان دا، بەڵام پێشمەرگە ئازاو دڵسۆزەکانی کوردستان بە هاوکاری هاوپەیمانان لە ئاسمانی هەرێمی کوردستان ئاگربارانیان دەکردن، ئەم خۆڕاگری و هیمەتەی پێشمەرگە چانسێکی گەورەی داوە بە میللەتی کورد، ئەگینا چارەنووسی هاونیشتیمانیان وەکو شەنگالی لێ دەهات.. پێگەو ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە لە شەڕی دژ بە داعش ناوبانگی پێشمەرگەی لە هەموو جیهان پیرۆزترو ئیبرازتر کرد، بەڵام مخابن لەم شەڕە داسەپیوەی داعش بەسەر کوردستان سەدان پێشمەرگەی قارەمان گەیشتە کاروانی سـەروەران، یەکێک لەو شەهیدانە پێشمەرگەیەکی خۆڕاگرو بە هیمەت و خۆشەویستی ناو فەوجەکەی بوو. ئەویش (عومەر سەباح تاهیر عومەر)ـە. ناوبراو هەر لەیەکەم چرکەساتی پێشمەرگایەتی بوونی خۆی سەلماند بوو لە دڵسۆزی، ئازایی، گوێڕایەڵی، لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژ بە داعشی کردبوو. بەڵام بەداخەوە لە ٢٣ـ١١ـ٢٠١٤ لە سنووری ناحیەی جەلەولا بریندار دەبێت دواتر ٢ـ١٢ـ٢٠١٤ گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. هەزاران درورد لە گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگەی ئازاو قارەمان.. بنوو ئارام بنوو لیواکەی (٣)ی تایبەت لە جیاتی خوێنی ئێوە سەدان داعشی مل هوڕی بە سزای گەل و نیشتمان گەیاندووە.

- ناوی تەواو: عومەر سەباح تاهیر عومەر
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٨١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی عەزە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت:ئۆمەربل
- ئاستی خوێندن: تەنها زانیویەتی بخوێنێتەوەو بنووسێ

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: گوستان یەحیا سەلیم
- ناوی منداڵەکانی شەهید: محەمەد ـ موژگان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٢٠٠٣
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٣ـ٦ـ ٢٠٠٨
- شوێنی پێشمەرگایەتی: فەوجی (٤) لیوای (٣)ی پاسەوانی تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی بەرگری لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی برینداربوون: ٢٣ـ١١ـ٢٠١٤
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون ٢ـ١٢ـ٢٠١٤
: شوێنی شەهید بوون: ناحیەی جەلەولا

## شەهید (عومەرە ڕەش)

# عومەر مەولود ئەحمەد




هەستی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان بۆ بەرگری و خەبات بۆ قۆناغی رزگاری و ئازادی زۆرکات بۆ ئەوێ رۆژێ پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و خوێندەواری کەسەکە نەبوو. ئەگەر فلاش باگێک بۆ سەرەتای شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کورد بکەین زۆربەی فەرماندە ئازایەکان نەخوێندەوار بوون، بەڵام دڵسۆزی و هەستیان بەرامبەر خاک لێوان لێو بووە .ئەمەش هۆکارەکەی بەهۆی نەبوونی خوێندنگا لە لادێ و گوندە سەر سنوورەکان و ڕێگری هەندێ لە ئاغاکانی ئەو سەردەمەی کە نەیان دەویست کوڕی هەژارو جووتیارەکان ئاشنابن بە پەروەردەو فێرکردن، دەشکرێ هۆکاری کاروکاسبی ڕێگریەکی تربێت، بۆ ئەم جارە دەمانەوێ شەهیدێکی تری ڕێگای رزگاری کوردستانتان پێ ئاشنابکەین وێڕای ئەوەی نەخوێندەوار بوو، بەڵام تێگەیشتنی بۆ خەبات و بەرخودان بۆ ئازادی و رزگاری لەوپەڕی هەستیاری دابوو. پێشمەرگەیەک ئازاو دڵسۆزو گوێڕایەڵ ئەویش شەهید (عومەرە رەش) بوو. ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بوو جێگای متمانەو باوەڕی نێو هەڤاڵانی بوو، پێشمەرگەیەکی بەوەفاو رەوشت بەرز بوو، بەڵام بەداخەوە لەکاتی ئەنفالەکان لە سنووری هیران و شەقڵاوە دەستگیرکراو بێ سەرو شوێن کرا تاوەکو ئێستا تەنانەت گۆڕیشی نییە . هەزاران دروود لەگیانت ئەی پێشمەرگەی ئازاو دلێر.

- ناو سیانی: عومەر مەولود ئەحمەد
- ناسراو بە: عومەرە ڕەش
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قۆریتان - ناحیەی شەمامک
- عەشیرەت: هۆرمزیار
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٩١)ی سەفین ـ کەرتی تیپ ـ درێژەی بە خەبات داوە
- ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە لەوانە داستانی سەری ڕەش
- ڕۆژو مانگ و ساڵی دەستگیرکردنی: ١٦ـ٨ـ١٩٨٨
- شوێنی دەستگیرکردنی: شارۆچکەی شەقڵاوە
- بێ سەرو شوێن کراوە لەلایەن ڕژێمی سەدام

### شەهید (عومەر هەمزە)

# عومەر هەمزە عومەر عەبدوڵڵا




بەبێ گومان ئەگەر باسی شۆڕش و کوردایەتی لەشاری هەولێر بکرێت لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەت دەستپێکی رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بێ لام وجیم دەبێ باسی خانەوادەی (هەمزە عومەر عەبدوڵڵا) بکرێت واتە باوکی شەهیدان (مەولود هەمزەو عومەر هەمزە) ئەوانەی ئەوێ رۆژێ لەرێکخستنەکانی شاری هەولێر رەقەم بوون دەزانن ئەم خانەوادەیە لەسەر شۆڕش و کوردایەتی رژێمی لەناوچوو تووشی چ ئاستەنگ و ئاریشەیەکی گەورەی کردوون. لێرەدا دەمەوێ بڵێم بۆ ئەوێ رۆژێ کە عومەر هەمزە پەیوەندی بەشاخ کرد رژێم ئەوەندە بەهێز بوو ئاگری دەکردەوە. کەچی ناوبراو بۆ وەڵامێک بۆ بەعسییەکان وەک هاوڕێیانی بۆیان گێڕامەوە ئازایەتی و مەردایەتی ئەو چیرۆکێکەو کۆتایی نایێ. پێشمەرگەیەک تا سەر ئێسقان ئازا بەغیرەت، بەئەمەک و بەوەفا بۆ شۆڕش و کوردایەتی، زۆر سادەو خاکی کە ببووە خۆشەویستی ناوهێزی پێشمەرگەی کوردستان. هەڤاڵ (یاسین عەبدوڵڵا گەلاڵی) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید عومەر هەمزە لەکەرتی (٣) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆماوەیەکی باش بەیەکەوە درێژەیان بەخەبات داوە لەکۆمێنتێک نووسیبوی: دەتوانم بڵێم شەهید عومەر ئازاترین پێشمەرگەی کەرتەکەمان بوو لە هەموو چالاکییەک دەبووایە لەدەستەی هجوم بووایەو لە پێشەوەی هەمووومان دەگەیشتە ناو مۆڵگەی دوژمن. جگە لەوەی زۆر ئازاو بەغیرەت و دڵسۆز بوو زۆر بەئەمەک و راستگۆو گونجاوبوو لەگەڵ هاوڕێیانی، قسە خۆش و بەڕێز بوو لەگەڵ دەوروبەری، هەموو ئەو سیفەتەجوانانەی وای کردبوو نەک تیپی ٨٦ بگرە هەڤاڵانی تیپی ٨٧ی قەرەچوغیش دەیانناسی...
بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو لە ٥-٩-١٩٩٦ لە نەبەردیەکی بەرگری لە شاری هەولێر لە گوندی چەمرگە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: عومەر هەمزە عومەر عەبدوڵڵا

- ناسراو بە: عومەر هەمزە
- تەمەن: ١-٧-١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی سەیداوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: هەمەوەند
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەرانی شەهید: ١- رازیە کوێخا عومەر ٢- حەسیبە حوسێن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئاوارە - ئاراس - رازاو - بەڕێز.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١-٣-١٩٨٢
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی
- ساڵی پەیوەندی هێزی پێشمەرگەوە: ١-٩-١٩٨٢
- شوێنی پێشمەرگایەتی لەسەرەتادا: سنووری بێتوێن لەکەرتی هەڤاڵ تۆفیق کانی وەتمانی بۆتە پێشمەرگە.
- ماوەیەک لەدەستەی پارێزگاری کاک کۆسرەت پێشمەرگە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥ گواسترایتەوە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی ناوشاری کردووە
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە (سماقولی، دەشتی هەولێر، چەمرگە)
- فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٣) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە ماوەی ساڵی ١٩٨٦ بۆ ساڵی ١٩٨٧
- دواتر کرایە جێگری کەرت لە تیپی ١٢ی سۆران لای سلاح شینە. بەڵام زۆری نەخەیاند گەڕاوەتەوە کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- جگە لەخۆی برایەکی تری بەناوی (مەولود هەمزە) شەهیدە کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵە بوو لە سێدارە دراوە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووەو رۆڵی کارای هەبووە لە رزگارکردنی شاری هەولێر
- لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم پلەی (مفەوەز) بووە لە ئاسایشی هەولێر.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٥-٩-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چەمرگەی سەربە قەزای بنەسڵاوە.

## شەهید (عومەر عەوێنە)

# عومەر ئەحمەد مەحمود ئەحمەد



لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، گوندی عەوێنە هەمیشە ڕۆڵەکانیان لەڕێزەکانی کوردایەتی بەرێژەیەکی زۆر پێشمەرگەیان هەبووە، عەوێنەییەکان لە شۆڕش و بەرخودان هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، بێ ئەوەی سڵ بکەنەوەو ماندوو بن لە تێکۆشان، دڵسۆزی و خەبات و خزمەتی خزمانی عەوێنەییەکان بۆ شۆڕشەکانی کورد بەگشتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە نووسینێکی چەند لاپەڕەیی تەواو نابێت، ئەوێ ڕۆژێ عەوێنە گوندێکی گەورەو دانیشتوانەکەی خاوەن بیرو باوەڕێکی پتەوهزرێکی گۆش کراوی بەهێز بوون بۆ یەکێتی بۆ خاک، بۆ نەتەوە، وەک باسمان کرد ڕۆڵەکانیان زۆر پێشمەرگە بوون جێگای دەستیان لە شۆڕش دیاربوو، یەکێک لەو پێشمەرگانەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد لە ناوچەی خۆشناوەتی شەهیدی فەرماندە (عومەر عەوێنە) بوو ناوبراو بەهۆی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، هەمان ساڵ شۆڕش بەباشی زانی ڕەوانی خولی کادیرانی بکات.. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆزو خاوەن ڕای خۆی بوو، کارامەو جوامێرو ورد بوو لە هەڵسوکەوتی، پیاوێکی ڕاستگۆو شەفاف بوو لە کاری پێشمەرگانەی، کادیرێکی وشیارو بە ئاگابوو لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی پیاوێکی تێکەڵ و بە پەیوەندی بوو، بەزمی خۆش بوو لە دانیشتن و شوێنە تایبەتییەکان، لەڕووی پاکی هەتا بڵێی دەست و دەم و داوێن پاک بوو، نهێنی پارێزبوو، کادیرێکی بە هەیبەت و شەخسیات بوو، لەناو هێزی پێشمەرگەش خۆشەویست و خاوەن هەیبەت و سیقەو متمانەیەکی ڕەها بوو، سۆزو عەتفی خۆی بێ جیاوازی هەبوو بۆ برا پێشمەرگەکان، بۆ هێرش و هەڵمەت بردن پیاوێکی بە ویقارو دەست و برد بوو، چاونەترس وبەور ئاسا بوو، لەڕووی دیسپلینی عەسکەری پێشمەرگانە فەرمانەکانی سەرووی خۆی وەک خۆی جێبەجێ دەکرد، هەر بۆیە

شەهید عومەر عەوێنە نموونەی فەرماندەی ئازاو بە دیسپلین و ئەخلاق بوو. بەڵام بە داخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها حەوت ساڵ بوو لە ١٢ـ٧ـ١٩٨٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لە دوای خۆی تەنها کاکە (کۆسرەت)ی بۆ کوردستان و بۆ یەکێتی جێهێشت. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید عومەر عەوێنەو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: عومەر ئەحمەد مەحمود ئەحمەد
- ناسراو بە: عومەر عەوێنە
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بون: گوندی عەوێنە
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی عەوێنە تەواو دەکات و ئامادەیی کشتوکاڵ لە قەزای کەلەک تەواو دەکات
- باری خێزانی: خێزاندار، لە ساڵی ١٩٨٧ هاوسەرگیری کردووە، خاوەنی یەک منداڵە بەناوی (کۆسرەت )
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن (١٩٧٩) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) دەکات
- ناوی ئۆرگان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە لە (١٥ـ١ـ١٩٨٠) لە ناوچەی خۆشناوەتی لە ئۆرگانی (خەتی گشتی) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ وەک کادیر لەناو یەکێتی شۆڕشگێڕان لە تیپی ٨٣ی هەورێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.هەمان ساڵ خولی کادیران تەواو دەکات.
- لە ساڵی ١٩٨٣ کراوە بە جێگری کەرت لە تیپی ٨٥ بەرانەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە
- لە ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕی قرناقەو پشئاشان بریندار دەبێت
- لە ساڵی ١٩٨٣ لەداستانی گرتنی بێتواتە بریندار دەبێت.
- لە ساڵی ١٩٨٥ لە گوندی ئەرمەوان بەسەختی بریندار دەبێت.
- لە ساڵی ١٩٨٦ لەسەر داوای خۆی دەگوازرێتەوە بۆ تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (٥)
- لە ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە کەرتی (٦) هەمان تیپ
- دواپلەی فەرماندەی کەرتی (٦)ی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ بوە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و شەڕو چالاکی گەورەی کردووە لەوانە (شەڕی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسور لە سێ قوچان، شەڕی زیارەت، شەڕی شێخ شەروان، سفیەی کەلەک، شەڕەکانی سەرکردایەتی، داستانی رزگاری، شەڕەکانی (کۆیە، تەق تەق، دێگەڵە)
- ساڵی شەهید بوون: ١٢ـ ٧ـ ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: سەر رێگای کانی قرژاڵە ـ موسڵ بریندار دەبێت لە گوندی ئاوماڵ شەهید دەبێ.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٤/٢٨ لە ژمارە (٦٩٥٧) لە لاپەڕە (١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (دەشتی موهەندیس)

# عومەر حەمەد عەلی



یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیاوازتر لەحزب و کۆمەڵەو بزووتنەوەی سیاسی، تەنانەت لە پێکهاتەی دەستەی دامەزرێنەرو بگرە لە کادیرو پێشمەرگەکانی لەرووی ئاستی رۆشنبیری و ئاستی خوێندنیان ئەژمار دەکران و جیاوازتر بوون..لەساڵانی هەشتاکان شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پەیتا پەیتا خەڵکی خاوەن بڕوانامەو رۆشنبیرو تێگەیشتوو و پێگەیشت و پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە دەکرد، ئینتماو هەستی نیشتیمانی ئەو کادیرانە هاوشان لەگەڵ کادیرانی عەسکەری ئاوێتەی یەکتری بوون و شۆڕش پایەکانی دروست بوونی رۆژ بە رۆژ لە بەهێزبووندا بوو، واتە شۆڕشێکی تەنها عەسکەری و عەشایەری و بنەماڵەیی نەبوو، بەڵکو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شۆڕشێکی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوو بە پشت بەستن بە بنەماکانی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و ئازادی را دەربرین و نووسین و نووسەرانی ئازاد لەشاخ لە هەناوی یەکێتی هاتە کایەوە. ئەوێ رۆژێ کادیرانی یەکێتی بۆ پەروەردەو دانەبڕانی نەوەی گوندەکان سەدان کادیرانی خاوەن بڕوانامە بوونە مامۆستا تا پرۆسەی خوێندن و پەروەردە نەوەستێ و دوا نەکەوێ دیارە لەسەر دەستی ئەم کادیرە رۆشنبیرانە سەدان دەستکەوت و سەروەری هەیە تیشکی بخەینە سەر کە یەکێتی نیشتمانی خاوەنیەتی.....

یەکێک لەو شەهیدانەی لە دەڤەری هەولێر رەمزی رۆشنبیری و جوانی و جوامێری بوو شەهید دەشتی موهندیس بوو، دەشتی مهەندیس یەکێک لەو کادیرە نهێنی پارێزو دەست ودەم و داوێن پاکانەی سەردەمی خۆی بوو کە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتی وەک خۆی جێبەجێ دەکرد. لەسەردەمی لاوی و خوێندکاری زانکۆی سلێمانی یەکێک بووە لە کادیرە چالاکەکانی هەولێر- ئازا- چاونەترس - نهێنیپارێز- بەبڕیار - ورد لە هاتوچۆ بەرنامەو شارەزاو بە تەکتیک - لە بواری سیاسیش وەک پێشمەرگە دانەبڕاوەکان بۆیان گێڕاوەوە کادیرێک بووە لێوان لێو لە زانیاری و شارەزا لەکاروباری سیاسی، بۆ ناو

جەماوەریش کادیرێک بە سەلیقەو گفتوگۆ هەر زوو جێگای خۆی لەناو دڵی خەڵک دەکردەوەو دەبووە خۆشەویستی گوندنشینەکان.. سێ گردکان ـ دووشیوانی مەنتکان ـ ئۆمەرگومبەت ـ گردەسۆر ـ ئەو گوندانەن شایەدی ئەوە دەدەن کە شەهید دەشتی موهەندیس هەوێنی برایەتی و تەبایی نێوان خەڵک و پێشمەرگە و بەرژەوەندییە گشتییەکان بووە، دەشتی موهەندیس بەردەوام ئارەزووی لە ئەتەکێتی جلوبەرگ و بایەخی بە پاک و خاوێنی داوە تەنانەت لە کاتی دەوام و ئیلتیزام هەمیشە پێشمەرگەیەکی خاوێن بووە ئەمەش سەرنجی هەموو لایەکی بۆخۆی کێش کردبوو.. خۆشەویستی دەشتی موهەندیس ئەوەندە زۆر بوو، لەلایەن خەڵکەوە سەیرت دەکرت لەکوێ قەرەباڵغی و شێوەی کۆبوونەوە دروست بووایە ئەمە بێ گومان شەهید دەشتی لەوێ بوو، بەڵام بەداخەوە قەدەری فەرماندەو کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وابووەو وا دەبێ لە شەڕو داستانەکان کێبڕکێ هێرش و دەستەی هجوم بکەن بۆیە شەهید دەشتی یەکێک بووە لەو فەرماندانە خۆی لەپێشەوەی پێشەوەی شەڕو داستانەکان بووە مخابن لە شەڕێکی سەخت و دژوار و داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی کە گەورەترین شەڕی ئەوکاتی بوو بۆ یەکەم جارلە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە شەڕێکی مان و نەماندا تەنها پێشمەرگەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) هەولێر بێ پشتیوانی مەڵبەندەکانی تر ئەو شەڕە بەڕێوە چوو بەسەدان عەسکەرو جاش کوژران و دەست کەوتی هەمە جۆر هاتە دەستی هێزی پێشمەرگە کە لەم شەڕەدا دەشتی موهەندیس ڕۆڵی سەرکردەی بینی و تواناو سەرپەرشتی کردنی میحوەرەکەی ئەو لەم شەڕەدا بووە جێگای شانازی.. هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) پێشمەرگەی دێرین وبەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشووی (٢٠)ی مەخموور وتی: شەهید دەشتی موهەندیس بەراستی پیاوێکی شەهم بوو، زۆر ئازاو قارەمان بوو، نموونەی مرۆڤی پاک و رەوشت بەرز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی لەبابەتی ئەو لەو سەردەمە کەم بوون، چونکە دکتۆرو موهەندیس لەناو شۆڕش بە پەنجەی دەست ئەژمار دەکران، بەڵام بەداخەوە تازە هاوسەرگیری کردبوو وەلێ ئەرکی شۆڕش و نیشتمانەکەی زۆر لا گەورەتر بوو، بۆیە هاتنی بۆبەرەنگاربوونەوەی دوژمن بەلای پیرۆزتر بوو. بۆیە دەبووایە شەهید دەشتی دەیان داستان و چیرۆکی لەسەر بنووسرا بووایە و پەیکەرێکی زێڕ بۆ ئەم قارەمانە دروست بکرابووایە. بەڵام بەداخەوە یەکێک لەخەراپەکانی ئێمەی کورد زوو دوێنێ لەبیر دەکەین. شەهیدی خاک و وەتەن شەهید دەشتی ڕۆژی ١٢ـ٩ـ١٩٨٧ لە داستانی گەورەی سماقوڵی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە هەزران سڵاو درووود بۆ گیانی پاکی شەهید دەشتی موهەندیس و تێکڕای شەهیدانی شۆڕشی نوێ گەلەکەمان................

ـ ناوی تەواو: عومەر حەمەد عەلی

ـ نازناو: دەشتی موهەندیس

ـ ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایک بوون: هەولێر

ـ عەشیرەت: فەقێ مرکی

ـ ئاستی خوێندن: ئەندازیاری کارەبا ... خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بابە تاهیرو خوێندنی ناوەندی لە خوێندنگای رزگاری و دواتر ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا پلەی یەکەم بەدەست دێنێ و لە کۆلیجی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات

ـ باری خێزانی: خێزاندار بوو تەنها هەشت ڕۆژ بوو ژنی هێنابوو کە شەهید بوو

ـ لەخۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلاحەدین لە هەولێر لەئەمنی هەولێر دوو هەفتە دەستگیر دەکرێ و بەبێ ئەوەی ئیعتراف بکات ئازاد دەکرێت.

ـ ئارەزووی لە خوێندنەوەو سیاسەت بووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨ زانکۆی سلێمانی

ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: سەرەتای ساڵی ١٩٨٢

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ رابەر سیاسی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ کراوە بە جێگری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

ـ شەهید بەشداری دەیان چالاکی و داستانی کردووە لەوانە: رزگار کردنی ناحیەی تەق تەق داستانی قەیوان ماوەت رزگارکردنی قاتع جەیش شعبی ئەبو جەعفەر مەنسور لە سێ قوچان ـ داستانی بێتواتە

ـ هاوکاری برا دیموکراتەکانی ئێران لە خاکی ئێران ـ داستانی ئیلنجاغ. چالاکی فلکەی زراعە لە شاری هەولێرـ دواجار شەڕی سماقوڵی کە دەورێکی گرنگی تیا بینی و هەر لەم شەڕەش شەهید بوو.


ـ رێکەوتی شەهید بوون: ١٣ـ٩ـ١٩٨٧

ـ شوێنی شەهید بوون سماقوڵی

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٢/١٧ لە ژمارە (٦٨٤٩) لە لاپەڕە (٧)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (عومەر ڕەسوڵ)

# عومەر ڕەسوڵ قادر




ئینتما بوون و خۆشەویستی بۆ خاک هەستە، هەستیش بەرپرسیاریەتیە لەزۆر چرکەو ساتی قۆناغەکانی ژیان، کوردایەتی و بەرخودان لە سەردەمی رژێم کارێکی وا ئاسان نەبوو، سیاسەت و پێشمەرگایەتی بۆ کورد ماڵوێرانی بوو لەتێڕوانینی رژێمی بەعس، ئەوانەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوو لە وەزعێکی ناخۆش دەژیان، بنەماڵەی مام ڕەسول لەهەولێر قاڵبووی ناو خەبات و تێکۆشانن بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان زۆر تووشی کێشەو ئاریشەی گەورە بوونە لەسەر کوردایەتی و ئامادەگیان لە سیاسەت و پێشمەرگایەتی هەبووە، هەورازو نشێویان زۆر دیوە، لە کاتە هەستیارەکانی شۆڕش "مام ڕەسول " (٣) کوڕی تێکۆشەرو خەباتگێری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شەهید بوە. ئەوانی تریشی بە کاری رێکخستن و کاری نهێنی بۆ شۆڕش لە تێکۆشانی کوردایەتی دا بوون، یەکێک لە شەهیدەکان (کاکە عومەر) بوو، ناوبراو کادیرێکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو بوو، ئەو ئاستی رۆشنبیری و فکری کامل بوو، دەرچووی زانکۆی موسڵ بوو، پێشمەرگەیەک هێور، بەدیقەت، قسە خۆش، دڵسۆز، لەسەردەمی خوێندکاری زانکۆدا ئەو رۆڵی گرنگی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی لاوەکانی ئەوێ رۆژێ، لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران، لە کاری نهێنی ناوشار، لە پێشمەرگایەتیش دڵسۆز، کارامە، وردبین، ئازاو خۆشەویست لەناو هاوڕێیانی، بەڵام بەداخەوە شەهید عومەر تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها (٥) بەهار بوو، خەون و خولیاکانی ناوبراو بۆ ئازادی تاکی کورد، بۆ هاتنەدی مافەکانی رۆڵەی کورد، بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی، ئەوانە نەهاتنەدی کاکە عومەرلە رێکەوتی ٢٦-٢-١٩٨٨ گەیشتە کاروانی نەمران و خەون و خولیاکانی بە ئەمانەتەوە رادەستی هاوڕێیانی کرد.. درووود بۆ گیانی پاکی شەهید عومەرو سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: عومەر ڕەسول قادر

- ناسراو بە: عومەر ڕەسول
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی سەیداوە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن:سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە
- ساڵی ١٩٧٨لە کۆلیژی کشتتوکاڵ / زانکۆی موسڵ وەرگیراوە
- لە ساڵی١٩٨٢بە پلەی زۆر باش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە.
- تەنها (٤٠) رۆژبوو ژنی هێنا بوو مۆڵەت بوو کۆتایی بە مۆڵەتەکەی هێنا کە شەڕی مەڵبەندی ٣ بوو گەڕایەوە ئەم شەڕەو شەهید بوو.
- لە ساڵی ١٩٧٦پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە، کارەکانی بە دڵسۆزی ئەنجام داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەتا لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، دواتر گواسترایتەوە تیپی ٢١ی کەرکوک، دواتر گواسترایتەوە تیپی ٨٣ی هەورێ.
- دوا پلەی (رابەر سیاسی تیپ) بووە لە تیپی ٨٣ی هەورێ
- ناوبراو بەشداری چەندین شەڕو چالاکی و داستانی گەورەی کردووە لەوانە (داستانی هەردوو گوندی تەعریب کراوی گەلۆزی نزیک جادەی کەرکوک، داستانی گۆپتەپە، داستانی قەیوان ماوەت، سەرکردایەتی، شەڕی دەستەویەخەی گۆجاڕ، داستانی رزگار کردنی ٢١ رەبیەی چیای هەڵاج و دابان، شەڕەکانی مەڵبەندی ٣ی هەولێر، داستانی سەری رەش، قۆپی سوور، کەپکی حەمەداغا، چیای شەکرۆک، دەیان نەبەردی و شەڕی تر)
- دوو برای تری شەهید بووە بەناوەکانی (سابیر ڕەسول، کەریم ڕەسول)
- ساڵی شەهید بوون: ٢٦-٢-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: لەسەر دۆندی چیای مۆتە

## شەهید (سەرباز)

# عومەر قادر عەبدوڵڵا پیرداود



بەڵێ نازناوی سەرباز بۆ شەهید (عومەر قادر عەبدوڵڵا پیرداود) تەرجانی رێک بەباڵای بڕابوو، چونکە هەموو ئەو سیفەت و خاسیەتانەی لەمەرجەکانی بوون بە پێشمەرگە هەیە بوونی هەبوو لەناوبراو، ئەو پێشمەرگەیەکی خاکی و راستگۆو سەر ڕاست بوو، ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، ئەو هەمیشە خەونی بەئازادی و رزگاری گەلەکەی دەبینی، ئەو پەروەردەی دەستی کادیرو فەرماندەیەکی وەک شەهید (مەجیدە سۆر نۆغەرانی) بوو، شەهید سەرباز لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی کوردایەتی گۆش و پەروەردە کرابوو، هەربۆیە هەستی نیشتمان و پاراستنی خاکی بەواجبی سەرشانی دەزانی.. ئەو لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی ٨٣ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگەو ئازایانە کارەکانی سەرشانی رادەپەڕێنێ و خۆی بەخاوەنی خاک و نیشتمان دەزانی، لە هێرش و نەبەردییەکان هەردەم لە پێشەوەی پێشەوە بووە. ئەم دڵسۆزیەی ئەو سەرووی خۆی سەرسام کردبوو، بۆیە لەماوەیەکی کەم دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی.. وەک هەڤاڵانی دەگێڕنەوە لە زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکییەکانی سنوورەکە بەشداری کردووەو رۆڵی کارای هەبووە. بەڵام بەداخەوە لەنەبەردییەکی قارەمانانەدا لە سنووری مەسیف ئارمەوان لە رێکەوتی ٥-٢-١٩٨٥ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە. هەزار درورد لە گیانت ئەی پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست. ئەی قارەمانی شەوە تاریکەکان.

- ناوی تەواو: عومەر قادر عەبدوڵڵا پیرداود
- ناسراو بە: سەرباز
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧- ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی تەرجان
- عەشیرەت: مەلازادە

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١ لەلایەن شەهیدان (مەجیدە سوورو عومەر عەوێنە) رێکخرابوو بۆ رێکخستن.
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ سەرەتا لە تیپی ٨٣ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگە لای شەهیدی فەرماندە مەجیدە سوور
- لە ساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (١) دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەی (١)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار لە سنووری بالیسان
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٥ـ٢ـ ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: مەسیف ـ نزیک ئەرمەوان

شەهید (رائید غازی)

# غازی ئیسماعیل خورشید ئیسماعیل




ئەگەر ئاوڕێک بۆ مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بدەینەوە، چ لەشاخ و چ لەدوای ڕاپەڕین دەیان ئەفسەری ئەکادیمی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر ویستویانە لەئەکادیمیای سەربازی بخوێنن و دواتر خزمەت لەناو یەکێتی بکەن، دیارە هەمیشەش یەکێتی ڕێزی تایبەت و حسابی تایبەتی بۆ ئەم ئەفسەرە ئەکادیمیانە داناوە، چونکە ئەکادیمیاو زانستی سەربازی بۆ هەر هەیکەل و ئۆرگانێکی سەربازی زەروریەت و سەرکەوتنی ئەم هێزو ئۆرگانەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەهید (رائید غازی) پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (ڕێباز بێرکۆتی) وتی: رائید غازی ئیسماعیل بەحرکەیی پیاوێکی ئەکادیمی سنفی مدفعی لە سوپای عێراق، لە ساڵی ١٩٩٣ لەدامەزرێنەری تۆپخانەی هەولێر بوو کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بوو، ئەفسەرێکی زۆر ئازاو چاونەترس بوو، موجازەفەی بە ژیانی خۆی دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی سەرووی خۆی، بەڵام بەداخەوە بۆ کادیرو ئەفسەرێکی ئەکادیمی تەمەنی خزمەتی پێشمەرگانەی زۆر کورت بوو لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ بەڕێز شێخ تارق بەدیل گیران تاوەکو ئێستا بێ سەرو شوێنن..

- ناوی تەواو: غازی ئیسماعیل خورشید ئیسماعیل
- ناسراو بە: رائید غازی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بەحرکە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: حسنیە عەبدوڵڵا سلێمان
- ناوی منداڵەکان: لاوین، ساوین، محەمەد، سانا، هانا.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- دەرچووی خولی ئەفسەری بەغدا بەپلەی ملازم
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٩١دەبێتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (١٧) لای کاک بورهانی سەعید سۆفی
- لە ساڵی ١٩٩٣یەکێک بووە لە دامەزرێنەری تۆپخانەی هەولێر سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.
- دواتر لە تۆپخانەی هەولێر درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە.
- دواپلەی سەربازی (رائید) بووە.
- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ەوە بێ سەروشوێنە.

## شەهید (مەلا عەزیز)

# غەفوور عەبدوڵڵا حەمەد



بەستی شەرغەو گوندی بەردەسپی دوو شوێن و دوو ناوی ئاوێتەو لێک نزیکی شۆڕش و خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانن، سەرەتای ساڵی هەشتاکان بەستی شەرغە لانەو حەوانەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، لەم دەڤەرە دەیان لاوی خوێن گەرم بەبیرو بازووی رەنجدەران و گەیشتن بە ئاواتی بوون بە پێشمەرگەو شەرەفی بەرخودان و چەک هەڵگرتن بۆ بەرگری و بۆ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکان کۆششی زۆریان کرد، مێژووی یەکێتی شایەدە لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان شەهیدان (عەلی ساڵح و ئەحمەد قەمبەری) رۆڵ و کاریگەریان بۆ رێکخستن و هاتنە رێزی هەڤالان لەم سنوورە بۆکاری رێکخستن و پێشمەرگایەتی هەبووەو توانیان زۆرترین هەڤاڵ رێک بخەن لە رێزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. یەکێک لەو پێشمەرگانە کە لە رێگای شەهید (عەلی ساڵح) بۆتە ئەندامی رێکخستن و پێشمەرگە (مەلا عەزیز بەردەسپی) بوو، ئەو تەمەنی تەنها نۆزدە بەهاربوو پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، لاوێک سەر راست نهێنی پارێز-دەست و دەم و داوێن پاک ـ گوێڕایەڵ ـ خۆشەویست و بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ـ ئازاو (بەڕاو) تەکبیر بوو بۆ ئەو کارانەی لەلایەن سەرووی خۆی پێی دەسپێردرا۔ ئەو بۆ مەیسەرکردنی کارو چالاکییەکان هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ دەورووبەرەکەی ـ دوو ساڵ پاشتر لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە، پێشمەرگەیەک خاکی، بەدەست و برد، بوێرو ئازا، لەبەر ئازایی و دڵسۆزی پلەکانی پێشمەرگایەتی فەرماندەی مەفرەزەو جێگری کەرت و فەرماندەی کەرتی زوو بڕی و بۆ ساڵی هەشتاکان فەرماندەی کەرت گەیشتن بوو بە لووتکەی بەرپرسیاریەتی ئەوەی زۆر ئازاو بە تەکتیک و خاکی و چاونەترس نەبووایە ئەم پلەی نەدەبڕی.. ئەو لە ساڵی ١٩٨٤ دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری بۆ زانیاری خوێنەران ئەم کەرتە چەندین فەرماندەی کەرتی شەهید بووە... ناوبراو بەردەوام دەبێ لە خەبات


و تێکۆشان و بەشداری زۆربەی چالاکی و شەڕەکان دەکات تا ڕاپەڕین. لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.. لە دوای ڕاپەڕین درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە زۆربەی ئەو شەڕانەی بەرۆکی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرت ناوبراو ڕۆڵی باشی بینیوە.. لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ئەوکات سەرلەشکری تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام بەداخەوە بەسەختی بریندار دەبێ و بۆ ڕۆژی دواتر شەهید دەبێ دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەلا عەزیز بەردە سپی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: غەفوور عەبدوڵڵا حەمەد
- ناسراو بە: مەلا عەزیز
- لە ساڵی ١٩٥٩ لەگوندی بەردەسپی سەربەناحیەی سێگردکان قەزای کۆیە لە دایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە لە ڕێگای شەهید عەلی ساڵح
. لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٢ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە
- لە ساڵی١٩٨٣ دەکرێتە جێگری فەرماندەی کەرتی (٢) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٤ دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢)شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ماوەی پێشمەرگایەتی: بەشداری دەیان شەڕو چالاکی کردووە لەوانە: شەڕی بالیسان شەڕی ئازیانەو شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) و گرتنی دێگەڵەو تەق تەق و داستانی ڕزگاری و سەرکردایەتی زۆربەی شەڕەکانی سنووری دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جاربە سەختی بریندار بووە.
- لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەوری کاریگەری بینیوە لە ڕزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان.
- پاش هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ ڕۆڵی زۆری بینیوە لە پاراستنی حکومەتی هەرێم ئەوکات فەرماندەی بەتالیۆن بوە لە هێزی سەفین
- لە ساڵی ١٩٩٥ کرایە سەرلەشکری تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت سەرۆکی حکومەت
- بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە بەرگری لە شاری هەولێر لەبەرامبەر هێزەکانی بەعس و هێزێکی کوردی بە سەختی بریندار دەبێ و ڕۆژی دواتر شەهید دەبێ ماڵئاوایی دەکات..
- لە دوای خۆی دوو منداڵ بەناوەکانی (سەهەند و ساوێن) بۆ نیشتمان وبۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان جێ دەهێڵێت..

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٠/١٥ لە ژمارە (٦٧٩٥) لە لاپەڕە (١٠)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید ( فارس نۆغەرانی)

# فارس ساڵح شەریف رەمەزان



داستانی کونه کۆترو تۆمارکردنی ئەو نەبەردیە مەگەر هەر ئەو فەرماندەو پێشمەرگانە بزانن سەختی و هێرشە بەردەوامیەکانی رژێم لەسەریان چۆن بووە، وەک گوێبیست بوومە لە پێشمەرگە دێرینەکان ئەوانەی شەهید بوون زۆربەیان بە بۆردومانی فرۆکەو هاوەن و تۆپی دورهاوێژ بووە، ئەگینا رژێم لەسەرجەم هێرشەکان تێک شکاون، بەڵام بەردەوامی تۆپ و هاوەن و بۆردومانی فرۆکەکان پێشمەرگەکانی تووشی شڵەژان کردبوو. لەم داستانە مەزنە ژمارەیەک پێشمەرگەی لاو گیانیان فیدای کونە کۆترو خاکی کوردستان کرد، یەکێک لەو شەهیدانە (فارس ساڵح شەریف رەمەزان) نۆغەرانی بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی رووخۆش، کراوە، دڵسۆز، ئازاو چاونەترس بەقەد کونەکۆترو قەندیل ئازایەتی لێ دەباری، خۆڕاگری و ئازایەتی شەهید فارس لە رادەبەدەر بوو، بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەی دێرین و هاورێی شەهید (حاکم سابیر) وتی: دۆستایەتی من و شەهید (فارس نۆغەرانی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان لەو کاتەی چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە تیپەکانی هەولێر ئامادەکاریمان دەکرد بەرەو بادینان بچین، لە کۆبوونەوەی پێش بەرێکەوتن یەکتریمان باشتر ناسی.شەهید فارس کەسێکی باڵا بەرز چوارشانە تازە ریش و سمێڵی دادەنا پرچێکی رەشی خاوی کورت، دەموچاوێکی رەنگ گەنمی و چاوێکی گەشی هەبوو، کەسێکی کەمدوو بوو قاتێکی پێشمەرگایەتی خاکی و پشتێنێکی سووری دەنکی سپی گەورەی دەبەستا، شەش مەخزەن بەتاقمێکی حاجی مەجید دەبەستا، پیاوێکی ئازاو جەربەزە بوو لەکاتی شەڕ هەڤاڵەکانی زیاتر دەپاراست لەخۆی چونکە وەک قائید هەڵسوکەوتی دەکرد لەشەڕدا، لە چەندین چالاکی قارەمانانە بەشدار بوو بە ئازایەتی ناوی دەرکرد لە تەمەنی کەمی پێشمەرگایەتی وەک کادیرێکی سەربازی دیارکەوت. بە داخەوە کاکە فارس لە شەڕێکی گەورەو سەختی بەرگری لە ئاخر بستی کوردستان کە ناسراوەبە شەڕی کونە کۆتر لە هێرشی گەورەی جاش و جەیشی رژێمی سەدامی ئەوکات شەهید بوو لە ٣١-٨-١٩٨٨ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درووود بۆ گیانت ئەی

پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت........
- ناوی تەواو: فارس ساڵح شەریف ڕەمەزان
- ناسراو بە: فارس نۆغەرانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧- ١٩٦٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی نۆغەران
- عەشیرەت: شێخانی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٦
- ناوی ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٦)
- یەکەمین شەهیدی خانەوادەکەیەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لە سەرگەڵوو ئەوکات برادەرێکی لەگەڵ شەهید بووە بەناوی تەحسین گعێتلی.
- ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکی و داستانەکانی کردووە، ئازایانە ڕۆڵی بینیوەو خۆڕاگربووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١- ٨- ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل کونە کۆتر

### شەهید ( فارسی مامە شەلە )

# فارس ئەحمەد عەباس ئیبراهیم




خائین هەر خائینە ئەگەر لەهەر نەتەوەو ئایین و مەزهەبێک بێت، بەڵام ناخۆشترو جێگای داخە ئەو خائینە لەیەک نەتەوەو یەک زمان و لەسەر یەک خاک چاویان بۆ ژیان هەڵهێنابێت، ساڵ ساڵی (١٩٧٧)ـە شۆڕش شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، لێرەو لەوێ ڕێکخستنەکانی سەرەتایی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەشارەکانەوە شانەبەندیەکی زۆر بەنهێنی و دڵسۆزانە پشت ئەستوور بە ڕێبازی (مام) جووڵەیەک پەیدا بووە، لە قوتابخانەو ئامادەییەکان تا لەوێوە ژمارەیەک ئەندام ئامادە بکەن بیان نێرن بۆ شاخ و بە (پارتیزانی) بە بەعسیەکان بڵێن ئێمەی کوردیش هەین و داوای سەرەتاترین مافی کورد دەکەین، ئەوێ ڕۆژێ گوندەکانی قەشقەو خوڕخوڕو بەردەسپی وکانی سلێمانەو قەمبەرو سماقەو چەند گوندێکی تر لە سنووری بەستی شەرغە لاوەکانیان دڵسۆزانەو کوردپەروەرانە جاڕی شۆڕش و کوردایەتیان ڕاگەیاندو بە (پارتیزانی) لێرەو لەوێ ئەمنی قوشتەپەو کۆیەو هەولێریان تووشی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن کردبوو. یەکێک لەو لاوە خوێن گەرمانەی گوندی خوڕخوڕ لەناوەندی هەولێر دەیخوێند و لەوێ هەستی نیشتمان و خاکپارێزی لەهزریدا دەخولایەوەو لە ساڵی ١٩٧٦ ببووە ئەندامی کۆمەڵە و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٧ لەلای شەهید (قادر عەولا) بووە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو خۆنەویست و چالاک، ئەویش شەهید (فارس ئەحمەد عەباس) ناسراو بە فارسی مامە شەلە بوو. ئەو ماوەی پێشمەرگە بوو لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید قادر عەولا هەڵمەتێکی زۆریان کرد لە گوندەکان بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشێکی تر بە ڕێبەرایەتی جەنابی (مام جەلال). بەڵام بەداخەوە چەند خۆفرۆشێکی کورد بۆ دەستخۆشی و ئافەرینێک یان بۆ وەرگرتنی مەفرەزە خاسەو یان وەرگرتنی فەوجێکی جاشان گەورەترین خیانەتیان لە خزم و هاوڕێیانی خۆیان دەکرد.. بەداخەوە لە ٢١ـ١٢ـ ١٩٧٨ دەستی خیانەت گەیشتە گەردەنی پاکی کاکە فارس شەهیدیان کرد لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوی (قادر عەولا) فەرماندەی مەفرەزەو (حەسەن ئۆمەر قادر) دوو پێشمەرگەی تریش بریندار بوون. هەزاران سڵاو لە گیانی شەهید فارس و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: فارس ئەحمەد عەباس ئیبراهیم
- ناسراو بە: فارسی مامە شەلە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی خورخوڕ - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی لەگوندی قەشقەو ناوەندی لەهەولێر خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید:ئەدیبە ئەسعەد ڕەشید
- ناوی منداڵەکانی: سەنگەر - کاڵێ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦ لەڕێگای شەهید (قادر عەولا)
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧ هەرێمی (٨)ی هەولێر
- ناوبراو لەلای شەهید قادر عەولای قەشقەوە بۆتە پێشمەرگە.
- جگە لەخۆی ئامۆزایەکی بەناوی (شکر ڕەشید) شەهیدە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١ -١٢- ١٩٧٨
- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی بانەمۆردو گوندی بەردە سپی (لوولی بەردەسپی)

شەهید ( فاروق جەبار)

# فاروق جەبار کەریم کامەلا



(فاروق جەبار) ناوێکی دیارو ئاشنا بەپێشمەرگایەتی بە دیقەت لە کاروباری ئیدارەو حکومەت لە کابینەی دووەم ڕۆڵ و پێگەی بۆ خزمەتی هەژاران و لێقەوماوان زۆر بووە، ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، پێشمەرگەیەک بەئاگا لە گۆڕانکارییەکانی حزب و حکومەت و دەوروبەر، شەهید فاروق پێشمەرگەیەکی ئازاو ئیداری بوو لەسەردەمی شاخ و چ لە سەردەمی شارو حکومڕانی خۆماڵی کوردی ناوبراو لەمەکتەبی تایبەتی سەرۆکی حکومەت زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی سەرشانی مەیسەر دەکرد، پیاوێکی قسەخۆش و رووخۆش و بەڕێز بوو، پەروەردەی خانەوادەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو جگەلە خۆی چەندین ئەندامی خێزانەکەیان پێشمەرگە بوون، لەسەر کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە.لە دوای ڕاپەرین ناوبراو شوێنی کارەکەی زۆر تایبەتمەندی تیابوو لەمەکتەبی تایبەتی سەرۆکی حکومەت، وەک پێشمەرگە دێرینەکان دەگێڕنەوە: پیاوێکی خاکی بە هەستی شاخ هەڵسوکەوتی دەکرد لەگەڵ ئەو کەسانەی بەشۆڕش و پێشمەرگایەتی هیلاک و ماندووببوون، پیاوێک بە ئەتەکێت و رێزەوە سەیری مراجع و هاووڵاتیانی دەکرد، واتە کادیرێکی هەڵسوڕاو بەدیقەت بووە وەک ئەوەی لەشاخیش فەرماندەیەکی لێهاتوو بە هەیبەت بووە . جێگای متمانەو باوەڕی بەڕێز کاک کۆسرەت بووە .. لەمبارەیەوە هەڤاڵ (بورهان سەعید سۆفی) پێشمەرگەی دێرین و پارتیزان وتی: شەهید فاروق پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆزو رووخۆش، ئەقڵی کراوە لە ئیدارەدان، کادیرێکی زۆر بەتوانابوو، هاوکارێکی زۆرباشی بەڕێز کاک کۆسرەت بوو، لەبەرئەوەی زۆر نزیک بووین بەیەکەوە ئاگاداربووم زۆر کێشەو کەم و کوڕی هەبوو هەمووی چارەسەر دەکرد بەبێ ئەوەی کاک کۆسرەت ئاگادار بێت، پەیوەندی من وکاکە فاروق لە ساڵی ١٩٩١ زیاتر پتەوتر بوو کاتێ ئامر لیوای تایبەت بووم هەموو رۆژێک بەیەکەوە بووین، فاروق زۆر هۆشیار بوو پیاوێکی زۆر دەست پاک بوو زۆر هاوکاری هەژاران بوو، هیچ رۆژێک

نییە من فاروقم نەکەوێتە خەیاڵەوە و نیگەران نەبم، چونکە کە شەهیدیش بوو (٢٠) مەتر لەمن دوور بوو، بەشەهید بوونی فاروق بۆشاییەکی گەورە کەوتە مەکتەبەکەی کاک کۆسرەت تاکو ئێستا شوێنی پڕنەکراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو داسەپاو بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپاراستنی هەولێر لە ٥ـ٩ـ١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید فاروق جەبارو تێکڕای شەهیدان.

- ناو: فاروق جەبار کەریم کامەلا
- ناسراو بە: فاروق جەبار
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی سێتاقان - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: ئاری کوتک
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەعدیە برایم رەحمان
- ناوی منداڵەکان: باڤێ - بوێر - باسنێ
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٢ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٨٤ بەتیپی (٩١) سەفین
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە مەفرەزەی تایبەتی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە لەوانە: لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداری شەڕێکی دەستەویەخەی کردووە لە سماقوڵی، شەڕی دوو مانگەی دۆڵە رەقە، شەڕی داستانی رزگاری لە ساڵی ١٩٨٧، داستانی ١١ رۆژەی سماقوڵی - بەنەباوێ، چەندین چالاکی فەردی و مەفرەزەی ناوشار بۆ فراندنی ئەفسەرو بەرپرسی ئەمنی رژێم لە ساڵی ١٩٨٧- زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر....
- لە ڕاپەڕین ناوبراو رۆڵی کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شارەکان هەر لەسنووری ئێران تا هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان.
- لە دوای دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەهید فاروق لێپرسراوی مەکتەبی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاک کۆسرەت بووە.
- سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی بووە ماوەیەک لە دوای ڕاپەڕین.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٥ـ٩ـ ١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چەمرگە - نزیک قەزای بنەسڵاوە.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٨ لە ژمارە (٧٠٦٦) لە لاپەڕە (١٤)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (فاروق حوسێن)

# فاروق حوسێن عەبدوڵڵا وەلی



ئەوکاتەی ئاسمانی مەخموور هەور یەخەی گرتبوو وەلێ چ هەورێک رەش رەش وەک ئەوەی چیتر ئاسمان رەنگی شین بەخۆیەوە نەبینێ و ڕەنگی شین خوداحافیزی لە ئەستێرەکان بکات و ئەستێرەکانیش چیتر سڵاو لە رۆژ نەکەن و وەک بڵێی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٥ بەم پەڵە هەورە رەشانە نامەیەک بۆ خزمانی مەخموور بنێرێ و نامەیەک پڕ بێت لە سۆز ئامێز، نامەیەک دوا نامەی قارەمانێک بێت بۆ نەتەوەکەی بۆ شارەکەی بڵێ بمبەخشن من دەمێکە کۆشش دەکەم بۆ رزگاری بۆ ئازادی بۆ داکۆکی لە مەینەتی و ناخۆشی گەلەکەم، بەڵام ناتوانم دوای نەورۆز چیتر بمبە قەڵغان بمبە سەکۆ ببمە ساترو بەرگریکار ئەم پەیامەی من هەڵمگرتبوو دەیدەم بە هەڤاڵانم ئەوان بەدروشمی کەم ژیان کەڵ ژیان درێژە بەم خەباتە دەدەن، دەزانم یادکرنەوە و نووسین لەسەر شەهیدێکی فەرماندەو تێکۆشەری وەکو (فاقە مەخمووری) پێنووس لە ئاست گەورەیی و بوێری و تێکۆشەری ناتوانێ وشە رێزبکات و بارتەقای خەبات و تێکۆشانی حەقی خۆی پێ بدات، بەڵام ناکرێ ونابێ شەهیدێک هەموو تەمەنی لاوی و جوامێری خۆی بۆ خۆشەویستی خاک و پاراستنی نەتەوەکەی تەرخان کردبێ، قارەمانێک سەدان داستان و چالاکی و بەرخودان و شەڕی دەستەویەخەی ئەنجام دابێ و دەبابەی بە ئارپێچیەکەی سەرشانی سووتاندبێ و هەرگیز سەری بۆ گوللەی دوژمن نەوی نەکردبێ، نەوەی نوێ نەیناسن و مێژوو باسی نەکات و ناوی نەخرێتە وانەی مێژووی پەروەردەوە، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مێژوو شایەدە سەدان مامە ریشە ئاسا هەڵۆی بەرزە فڕ بوون، دوژمن بەزێن بوون، بوێر، ئازا، بەتەکتیک، چاونەترس وەکو فاقە مەخمووری ئەم قارەمانانە هی هەر دەوڵەت و نەتەوەیەک بان پەیکەریان بۆ دروست دەکراو لە شوێنی تایبەت دادەنراو دەبوونە سیمبوڵ، شەهید فاقە مەخمووری یەکێکە لەو فەرماندانەی قەڵا ـ


منارە ـ شانەدەر ـ سوڵتان مزەفەر ـ شانازیت پێوە دەکەن ـ کام شاخ، کام دۆڵ، کام لووتکە ـ کامە شەقامی هەولێرو مەخموورو کەندێناوەو قەراج و دێدەوان و بەستی شەرغەو کۆڵانی ئەم شارە هەیە تۆ شەڕت تیا نەکردبێت و داستانت لێ تۆمار نەکردبێت ؟ـ تۆ ئەوەندە خاکی بوویت، سادە بوویت، بە دیسپلین بوویت هیچ جیاوازیەکت نەبوو لەگەڵ پێشمەرگەیەک سەرەتایی بێت لە پێشمەرگایەتی ـ شەهید فاقە تۆ جگە لە دڵسۆزی و خزمەت و داکۆکیت لە خەڵکی هەژارو داماو هیچ بەرژەوەندیەکی شەخسیت نەبوو، لەپاش ڕاپەڕین ئەو ماوەیەی لە دارەتوو بوویت خەڵکی ناحیەی دارەتوو ئێستاش باسی جوامێری و خەمخۆریت دەکەن، باسی مەردایەتیت دەکەن، تۆ هەمیشە ڕێزت لە یاساو بەرژەوەندی گشتی دەگرت، بە ئارامی بنوو هەڤاڵانت پێشمەرگەکانت هاوسەنگەرانت تاوەکو ئێستا لەبەرگریدان وەک خۆت ئاسا لە شەڕێکی نەخوازراودا لەبەرامبەر داعشدا کوردستان دەپارێزن، بێ خەم بە پێشمەرگەکانی یەکێتی وەک نەفەسی شاخ بەور ئاسا چۆکیان بە داعشەکان داوە... تۆش ناوت، سەروەریەکانت، جوامێریت هەمیشە لەگەڵمان لە دڵماندایە و باس دەکرێت.. ڕوحت شاد، هەزار درووود بۆ گیانی پاکت (شەهید فاقە مەخمووری) هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) پێشمەرگەی دێرین و بەرپرسی مەڵبەندی پێشووی (٢٠) ی مەخموور لەسەر ئەو نووسینەی من لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی: ئەرێ هۆ...... هۆ.......هۆ.....فاقە پێشمەرگە گەنجە بێ نازەکەم، هۆ فەرماندە تازە پێ گەیشتووەکەم، لەکوێوە باست بکەم و لەکوێوە دەست پێ بکەم. نازانم چ وشەیەک بەکاربێنم پێناسەی بەڕێزتی پێ بکەم، زۆر سەرم هێناو سەرم برد هیچ وشەو ڕستەیەکم نەدۆزیەوە تا پێناسەی تۆی پێ بکەم و نەشکرا بێ دەنگ بم لەئاست پێناسەکردنت. کاتێ باسی قارەمانەکانی کوردو شۆڕشەکانی کورد دەکەیت (فاقە) لەڕێزی پێشەوەیە. نازانم (فاقە) بەکوێندەرێت دا هەڵبڵێم هەرچەندە لێک نزیک بوونی من و تۆ ماوەکەی کورت بوو، بەچاکەو پیاوەتیت یان وەفاداریت، یان بە خۆشەویستیت لەناو هاوڕێیانتدا هەڵبڵێم، فاقە تۆ زۆر شیرین بوویت، قسەت زۆر خۆش بوو، دەمت بە پێکەنین بوو، هاوڕێی جوانەمەرگی شەهیدم وەڵڵا بەژن و باڵاو دەم وچاوت ئەوەندە جوان نەبوو نازانم لای هاوڕێیانت بۆ ئەوەندە خۆشەویست بووی. ئای ئەگەر باسی قارەمانیت بکەم کام دێ قەراج و کەندێناوەو شەمامک و دەشتی هەولێرو بەستی شەرغەو دۆڵی خۆشناوەتی و سەرلووتکەو چیای کوردستان نەماوە کەدەیان شەڕی دەستەویەخەت لەگەڵ دوژمنانی کوردو خیانەتکارانی کورد نەکردبێ و دوژمنت نەبەزاندبێ و دوژمنت لەناوەکەت نەتۆقاندبێ. بۆچی لە تەنها شەڕێک وەکو پێویست نەبوون؟ بەو شێوەیە بڕیارت دا دوا شەڕو دوا ماڵئاوایی بێت، ئای من بەر لە شەهیدبوونت بەچەند کاتژمێرێک لە بەرەکانی جەنگ هاتمەوە تەنها بۆ دیتنی تۆ و سارکردنەوەت لەسەربانی بارەگای مەکتەبی سیاسی ماوەی (٣) کاتژمێر قسەمان کرد بەڵێنت دا وتت برۆ دڵنیابە ئاگاداری خۆم دەبم، بەڵام وات نەکرد لە پڕ هەواڵی شەهید بوونتم زانی شۆک بووم بەداخەوە چونکە خەڵکی وەک تۆ کەم بوون بەشەهید بوونت کەلەنێکی گەورە کەوتە ڕیزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت و هاوڕێیکانت.

- ناوی تەواو: فاروق حسێن عەبدوڵڵا وەلی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای مەخموور
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی منداڵەکانی: ئارۆز ـ ئاریان ـ ئاڤان ـ ئارین ـ ئارەزوو ـ ئالان ـ ئاڤێستا
- ناوی عەشیرەت: پاڵانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ساڵی ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٢ ساڵی هەرێمی دەشتی هەولێر
- ساڵی ١٩٨٣ پلەی فەرماندەی مەفرەزەی وەرگرتووە لە تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لە کەرتی (٤) کەندێناوە
- ساڵی ١٩٨٥ پلەی جێگری کەرتی پێ دەدرێت. لەکەرتی (١)ی شەهید کاوە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ساڵی ١٩٨٦ دەکرێتە فەرماندەی کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ساڵی ١٩٨٨ دەکرێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ساڵی ١٩٨٩ پلەی فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغی پێ دەدرێت.
- لە ساڵی ١٩٩١ دەکرێتە جێگری بەتالیۆنی (١٧)ی قەرەچوغ
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی (١٧)ی قەرەچوغی پێ دەدرێت.
- لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێتە لێپرسراوی فەوجی (٢) پاراستنی هەرێم بە پلەی مقەدەم.
- لە ساڵێ ١٩٩٤ بەڕێوەبەری ئاسایشی ئاکرێ.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی لیوای تایبەتی رۆژهەڵات.
- چوار جار بریندار بووە
- چەپکێک لەو چالاکی و نەبەردیانەی شەهید فاقە بەشداری تیاکردووەو یان راستەوخۆ سەرپەرشتی کردووە لەوانە (داستانەکەی بێتواتە لە پایزی ١٩٨٣ ـ گرتنی شارۆچکەی هیران لە ساڵی ١٩٨٥ ـ گرتنی زنجیرە رەبیەکانی رێگای کۆیە و هەولێر لە شوباتی ١٩٨٥ـ چەندین چالاکی لە قەراج و کەندێناوە ـ شەڕی قەیوان ماوەت ساڵی ١٩٨٦ ـ لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک ١٩٨٦ ـ گرتنی شارۆچکەی شێخ شەروان لە ١٣ـ ١١ـ ١٩٨٦ شەڕە گەورەکەی تەللخێم لە ساڵی ١٩٨٦ ـ گرتنی ناحیەی تەق تەق ـ گرتنی قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسور رەبیەکانی دەوروبەر لە ساڵی ١٩٨٧ ـ گرتنی سەری رەش ـ شەڕی کونە کۆتر قەندیل لە ساڵی ١٩٨٨، گرتنی گوندی مەچلوبە لە تۆڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لە ساڵی ١٩٨٨ ـ گرتنی قەزای مەخموورو ناوچەی قەراج و کەندیناوە بەسەرپەرشتی شەهید فاقە مەخمووری لە راپەڕینی ١٩٩١ ـ لە داستانە گەورەکەی کۆڕێ شەهید فاقە دەبابەیەکی رژێمی سەدامی سوتاند ـ گرتنی کەتیبەو تۆپخانەکانی سنووری دیبەگە شەهید فاقە سەرپەرشتی ئەم چالاکییەی دەکرد.. بەرپرسی گرتنی فەوجی (٢٠) سەر بە لیوای دیبەگە و مەخموور بوو.. چەندین چالاکی ترکە شەهید بەشداری و سەرپەرشتی کردووە.. بەڵام بە داخەوە ئەم فەرماندە سەربازیە تێکۆشەرە لە شەوی ٢٦ـ٢٧ مانگی ٣ی ساڵی ١٩٩٥ لە ناحیەی کەسنەزان شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە...
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١١/١٩ لە ژمارە (٦٨٢٥) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (فاروق سدیق)

# فاروق سدیق ئیبراهیم خەلیل



ئەو لە سەرەتای تەمەنی گەنجی بوو وەک کەسێکی لێهاتوو، خوێندەوار بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کرد تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، بەهۆی باکگراوندێکی نیشتمانی و کوردانەی خانەوادەکەی زۆردەمێک بوو ئەوان دۆستی کوردایەتی و خەبات و تێکۆشانیان لە پێناو رزگاری نەتەوەکەی کردبوو، زەحمەتی و هیلاکیەکی زۆریان بینی خانەوادەکەی بەهۆی شەهید (فاروق) نەفی کران بۆ کوت و عەمارە و شەهید بەکرە قیتی برای (١٥) ساڵ حوکمی بۆ دەرچوو لەسەر ئەو چەندین ئاریشەی ماددی و کۆمەڵایەتان رووبەڕوو بۆتەوە، بەڵام ئەوان هەربەردەوام بوون لە خەبات و تێکۆشان. شەهید فاروق پێشمەرگەیەکی ئازاو بەهیمەت و قارەمان بوو، کادیرێکی ئاست بەرزو رۆشنبیرو بیرکراوەی سەردەمی خۆی بوو، لە ساڵی ١٩٧٧ رابەر سیاسی هەرێمی هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر بوو بەراود لەگەڵ ئێستا پلەیەکی بەرزو مەکانێکی رێزلێگیراوی حزب و شۆڕش بوو. ئەو کەسایەتییەکی خۆشەویست و دیاری ناو بزووتنەوەی کوردایەتی بوو. رژێمی بەعس زۆرترین زوڵم و ستەم و غەدری لەو بنەماڵەیە کرد، کەچی شەهید فاروق هەرگیز بیری لە وازهێنان و تەنازول نەکرد، ئەو زۆر خۆڕاگرو بەوەفا بوو بۆ شۆڕش و کوردایەتی، بەڵام بەداخەوە تەمەنی درێژنەبوو لەداستانی دەشتیو لەگەڵ سەرکردە سەعدی گچکەو کۆمەڵێک هەڤاڵ لە رۆژی ٨ـ٣ـ١٩٧٨ گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.. روحت شادو گیانت ئاسوودە فەرماندەو پێشمەرگە خۆڕاگرەکەی دەشتی هەولێر.

- ناوی تەواو: فاروق سدیق ئیبراهیم خەلیل
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قورشاغلو
- عەشیرەت: ئورمزیار

- ئاستی خوێندن: دەرچووی دواناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ناوبراو پێشمەرگە بووە لە ساڵی ١٩٧٠ تانسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لە شۆڕشی ئەیلوول
- لەدوای نسکۆی ١٩٧٥نەفی کراوە بۆ کوت و عەمارە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٥ لە کوت و عەمارەوە پەیوەندی بە رێکخستن کردۆتەوە
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ناوبراو کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان
- دواتر تەشکیلات بۆتە هەرێم لەهەرێم درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- شەهید فاروق رابەری سیاسی هەرێمی (٨) بوو
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨-٣-١٩٧٨
- شوێنی شەهید بوون: شەڕی دەشتێو - قەڵادزێ
- لەم داستانە مەزنەدا ئەم پێشمەرگانە تیایدا شەهید بوون: سەعدی گچکە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی هەرێمی (٨)، فەریق هەمزە، شەهید عزەدین، تاهیر محەمەد عەلی، جەبار ئیسماعیل، عوسمان باوە، عەزیز باپیر، سامی عوبێد، سەباح جەمیل، ئەحمەد محەمەد ئەمین، ئەحمەد محەمەد.
- لەم داستانەدا (٤) پێشمەرگە بەدیل گیران دواتر لە بەندینخانەی موسڵ لە سێدارەدران (جەعفەر ئەسوەد، حوسێن عەبدولڕەحمان، جەواد کەریم، کەمال واحید.

## شەهید (فەتحوڵڵا رەشید)

# فەتحوڵا ڕەشید حەسەن محەمەد



شەهید (فەتحوڵای شێخانان) لەخانەوادەیەکی پێشمەرگەو خوێن بەخش هاتۆتە دنیاوە، جگە لەخۆی برایەکی تری شەهیدەو دوو برای تری پێشمەرگەبوون لەشاخ. ئەوان هەربەخانەوادە لەپێناو کوردو کوردستان تێکۆشاون و خزمەتی زۆری شۆڕش و کوردایەتیان کردووە. شەهید فەتحوڵا پێشمەرگەیەکی تا بڵێ ئازاو چاونەترس و بێکێشە بووە، واتە جێبەجێکەری بڕیارەکانی سەرووی خۆی بووە. بۆ زانیاری زیاتر لیوا (شەفیق چاوشین) پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید (فەتحوڵای مام ڕەشیدی شێخانان) لە کەرتەکەی ئێمە واتە کەرتی (٤)ی بەردەباز تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر پێشمەرگەبوو شەهید خاڵە (مامەند مەنتک) فەرماندەی کەرت بوو منیش جێگر کەرت بووم. فەتحوڵای نەمر پێشمەرگەیەکی بەهیمەت و بەغیرەت بوو، زۆر رەوشت بەرزو پیاوانەو بەهەڵوێست بوو باوەڕ بکە نموونەی پێشمەرگەی قارەمان بوو، ئێمە زۆر لە هەڵسوکەوت و لایەنی کۆمەڵایەتی رازی بووین، چونکە هەوێنی برایەتی و چاکەخوازی بوو، ئێمە بارەگامان لە گوندی نێرەگین بوو ئەو شەوەی شەهید بوو هێنامانەوە گوندی نێرەگین لەگەڵ خاڵە مامەندو هەڤاڵان ناشتمان دوای (٢) سەعات کاک سەعدوڵڵای برای هات، ناوبراو پێشمەرگەبوو لە تیپی ٩١ی سەفین وتی کوا فەتحوڵای برام ئێمەش ووتمان چۆتە سەرئاوی بەستی شەرغە، وتی تازە لە شوانێکی بانەقەراتم پرسی وتی ئەم شەو شەڕ هەبووە شەهیدیان داوە، ئێمەش ویستمان پشووەک بدات و هەندێک هێور ببێتەوە ئینجا وتمان برام کاکت شەهید بووە یەکسەر وتی لە کوێتان ناشتووە وتمان هەر لە نێرەگین وتی هەڵسن بچین بۆ سەر گۆڕەکەی کە گەیشتینە سەر گۆڕەکەی وتی برام شانازیت پێوە دەکەم کەسەربەرزین لە پێناو خاک شەهید بوویت بەبێ ئەوەی بگری. دواتر وتی هەواڵتان ناردووە بۆ دایک و باوکم وتمان هەواڵمان بە هەڤاڵ (کەریم پیلاتۆز) رەوان کردیە وتی نا با خۆمان بچینە دارەتوو هەواڵیان پێ بدەین ئێمەش لەگەڵ خاڵە مامەند و دوو سەیارە پێشمەرگە رۆیشتین بۆ کۆمەڵگای دارەتوو کەنزیک بووینەوە باوەڕبکە لە خۆمان رانەبینی ئەم هەواڵە جەرگبڕەیان پێ بڵێین.

دواتر لەگەڵ خاڵە مامەند هانامان بۆ مام (پیرداود) برد چەند رۆژێک لەمەوبەر کورێکی شەهید ببوو بەناوی (جەرگۆ)، کە چووینە ژووریَ و مام پیرداود بە ئوسلوبێکی جوان و هێنانەوەی چەند نموونەیەک هەواڵەکەی پێ راگەیاندن برا گەورەکەی شەهید فەتحوڵا گریا، دایکی شەهید وتی ئەوە بۆچی دەگرییَ خۆ ژن نیت ئەوە شانازیە ئەی فەتحوڵا بۆ شەهید بوون نەبۆتە پێشمەرگە بەراستی بۆ ئەو ساتوکاتە ئەم دایک و باوکە زۆر بە هیمەت بوون. هەزاران درووود لەگیانت فەتحوڵای هەمیشە زیندوو فەتحوڵای قارەمان.

- ناوی تەواو: فەتحوڵا ڕەشید حەسەن محەمەد
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخانان ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٨ـ٤ـ١٩٨٧
- سەرەتا دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی ٩١ی سەفین ـ کەرتی (١)
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٤)ی بەردەباز
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- لە بەرواری ٨ـ١١ـ١٩٨٧ لەنەبەردیەکەی ساقیەو مەچلوبە بەسەختی بریندار بوو
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠ـ١١ـ١٩٨٧
- بەهۆی سەختی بریندابوونەکەی ٢ رۆژ پاشتر شەهید بوو.

## شەهید (بەرخە)

# فەخرەدین ساڵح ئەحمەد محەمەد



شەهید فەخرەدین ساڵح گۆمەشینی ناسراو بە (بەرخە) لە پاش نسکۆ واتە ساڵی ١٩٧٥ دادەمەزرێ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی (کۆیە) بە فەرمانبەر تا ساڵی ١٩٨٠. شەهید بەرخە لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهۆی دڵسۆزی و ئاستی رۆشنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سنووری کۆیە زۆر ڕێزلێگیراو و خۆشەویست دەبێ، لە ڕێکخستنەکانی ناوشار یەکێک دەبێ لە ئەندامە دڵسۆزەکانی ئۆرگانەکانی ئەوکات، دواتر لە ٢٣- ٩- ١٩٨٠ پەیوەندی بە شاخ دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە بارەگای تایبەتی جەنابی مام جەلال لە سەرکردایەتی. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو کارامەو راستگۆ دەبێت لەگەڵ هاوڕێیانی و سەرووی خۆی هەربۆیە (مام) دەیکاتە شوفێری تایبەتی خۆی. بۆ ماوەی یەک ساڵ لەدیمەشق شوفێری بۆ رابەری کوردایەتی (مام جەلال) دەکات. دواتریش تا ساڵی ١٩٨٥ هەر لای مام جەلال دەمێنێتەوەو پێشمەرگەیەکی بەوەفاو قارەمان و خاکی و جێگای متمانە دەبێت..لە ساڵی ١٩٨٥خۆی دەگوازێتەوە بۆ تیپی (٩٣)ی کۆیە کەرتی (١) پاش ماوەیەک ئازایەتی و چاونەترسی بۆ هەموو لایەکی سەلماند لەناو جەرگەی هەولێر جارێک لەگەڵ شەهید سەرداری سەعید سۆفی و جارێک لەگەڵ مەفرەزەیەکی تر سەیارەو ژمارەیەک ئەمن ورەفیق حزبیان هێنا شاخ و چالاکی دوای چالاکی شەهید بەرخە ناسراو کرایە فەرماندەی مەفرەزە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی تا فەرماندەی کەرت لە تیپی (٩٣)ی کۆیە. وەک هاورێیانی دەگێڕنەوە و دەڵێن دەبووایە لە هێرشەکان لەدەستەی هجووم بوایە ئەگینا تووڕە دەبوو هەر ئەو دڵسۆزی و ئازایەتی بوو (٧) جار برینداربووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی جگە لەکاتی شەهید بوونی.. بەڵام بەداخەوە لە داستانی سەری رەش لە شەوی ٢٧/٢٨-١- ١٩٨٨ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درود لە گیانت پێشمەرگەی

ڕۆژانی سەخت. ئارامگەت ئارام کوڕە خۆشەویستەکەی کۆیە...
- ناوی تەواو: فەخرەدین ساڵح ئەحمەد محەمەد
- ناسراوە بە: بەرخە
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٥٥
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی بەفری قەندی ـ قەزای کۆیە
- عەشیرەت: بەرزنجی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢٣ـ٩ـ١٩٨٠
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: بارەگای تایبەتی بەڕێز مام جەلال لە سەرکردایەتی
- بۆماوەی (١) ساڵ شوفێری تایبەتی (مام) بووە لە دیمەشق و ماوەی (٤) ساڵی تریش شوفێری بۆ کردووە لە سەردەمی شاخ و دەرەوە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراتیەوە تیپی (٩٣)ی کۆیە کەرتی (١)
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە فەرماندەی (مەفرەزە)
- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە جێگری فەرماندەی کەرت
- لەداستانی هەلاج و دابان بەهۆی ئازایەتی و دەست نیشان کردنی دوو مقەر سریە بۆی کە چاونەترسانە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لە ساڵی ١٩٨٧ یەکسەر کرایە فەرماندەی کەرت لەهەمان تیپ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٧) بریندار بووە لەم شەڕانە (١ـ بیرە نەوتەکانی کەرکووک ٢ـ سەرشاخی کەلکە سماق٣ـ قەیوان ماوەت ٤ـ دیسان قەیوان ماوەت ٥ـ گرتنی مەخفەری دێگەڵە ٦ـ بەنەباوێ ٧ـ گرتنی ناحیەی تەق تەق.
- شەهید بەرخە بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و گرتنی ڕەبایەو چەند جارێکیش لەگەڵ سەرداری سەعید سۆفی و چەند مەفرەزەیەک چالاکی ناوشاری هەولێری کردووە لە سنووری چالاکی تیپی ٩٣ی کۆیەو سنووری سەرکردایەتی.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٧/٢٨ـ١ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی گرتنی سەری ڕەش

## شەهید (فەتاح گەرمکی)

# فەتاح حەمە ساڵح حەمەدەمین ئیسماعیل




خانەوادەی مام حەمە ساڵح گەرمکی لەوەتەی کوردایەتی دەکرێت لە قۆناغەکانی پێشوو تاوەکو ئێستا لەمەیدانی سیاسەت تێکۆشاون و بەردەوام چەندین لاویان لەم مەیدانە ئەسپی خۆیان بەدڵسۆزی تاو دەدەن. کەمن دەمەوێ چەند وشەیەک بنووسم لە حزوری شەهید (فەتاح)ی کوڕی ئەوان هەمیشە پێگەو ڕۆڵیان لە شۆڕشەکانی کورد دیارو کاریگەربووە. دڵسۆزی و ئینتمایان بۆ خاک هەمیشە بەرزو خۆشەویست بووە، دڵیان لای کوردستان و چاویان لەسەر ئاڵای کوردان بووە. لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەم خانەوادەیە هەمیشە لەپێشەوەی پێشی خەبات و بەرخودان بوونە هەر لەسەر ڕێبازی (مام) دوو کوڕی ئازاو دلێری پێشکەش بە خاک و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە. شەهید (فەتاح) سەرەتا پەیوەندی بەڕێکخستنەکان کردوو ئەرکی سەرشانی بەدڵسۆزی مەیسەر کردووە. دواتریش لەکاتی سەربازی چەکێکی کلاشنکۆفی سیخۆی هێناو بووە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. ئەو تەنها (٣) مانگ تەمەنی پێشمەرگایەتی بەڕێکرد مخابن لە چالاکییەکی سەخت و دژوار لە شەوی ١٦/١٧ـ١٠ـ١٩٨٢ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. ڕوحت شادو ئاسوودە پێشمەرگە دڵسۆزەکەی خاک و وڵات...

- ناوی تەواو: فەتاح حەمە ساڵح حەمەدەمین ئیسماعیل
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەرمک، ناحیەی تەق تەق، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: لە حوجرەی مەلا فێری نووسین و خوێندنەوە بووە.

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١ بۆ ساڵی ١٩٨٢ ئەوکات سەرباز بووە لە سنووری قەزای رواندز
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: لە ناوەڕاستی مانگی ٦ی ١٩٨٢ لەسەربازی رادەکات و چەکێکی کلاشنکۆفێکی سیخۆ دەهێنێت و دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر.
- شەهید لەتەمەنی سێ مانگی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ناوبراو برایەکی تری شەهیدە بەناوی (کەمال)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٦/١٧ـ١٠ـ١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی قەرەبەگ
- شەهید فەتاح لە چالاکییەکی هاوبەشی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٢١ی کەرکووک شەهید دەبێت.

شەهید (فەتاح بندیان)

# فەتاح سمائیل خدر شوان



شەهید لە خانەوادەیەکی بێ ئاریشەو دڵسۆز بۆ نیشتمان هاتوونەتە ژیان، خانەوادەیەک نەتەوەیی، دۆستی خاک، زۆربەی ساڵەکانی تەمەنی ژیانیان بۆ شۆڕش و کورایەتی تەرخان کردووە، لە قۆناغە جیاجیاکانی کوردایەتی ئەوان ڕۆڵ و پێگەیان دیار بووە.هەمیشە ماڵەکانیان لانەو پێگەی پێشمەرگە بووە، هەر بۆیە کاکە (فەتاح سمائیل)ی کوریان بە پەروەردەیەکی پاک، دڵسۆز پەروەردە کردبوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەکەرتی (٤)ی دوژمن تۆقێن. ئەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی دڵسۆزانە بەشداری زۆربەی چالاکی و شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی کردووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو. درووود بۆ گیانی شەهید فەتاح و تێکرای شەهیدان..

- ناوی تەواو: فەتاح سمائیل خدر شوان
- ناسراو بە: فەتاح بندیان
- تەمەن: ١-٧-١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دێمەکار - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: بندیان
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی ١٩٧٢ ماڵیان هاتۆتە هەولێرو لەگەڕەکی کوران نیشتەجێ بوونە
- ئاستی خوێندن: سەرەتا یی تەواو کردووە لە قوتابخانەی زانیاری، دواتر لە قوتابخانەی پێشەوا چۆتە ناوەندی، بەڵام ناوەندی تەواو نەکردووە.

- ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە بە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر کەرتی (٤)
- دواتر گواسترایەتەوە بۆ تیپی (٨٧)ی قەرەچووغ کەرتی (٤)
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە وەک: گرتنی رەبیەکانی کۆیە، گرتنی شارۆچکەی هیران، شەڕی ئیلنجاغ، شەڕی سەرکردایەتی، زۆربەی ئەو شەڕانەی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢٤/٢٥ـ/١٠ـ١٩٨٦ لەکاتی هێنانەوەی تەرمی شەهید مەغدید تۆفیق خدر کەوتنە بۆسەی خائینانەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بەناوی شۆڕش ئاوماڵی گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.

## شەهید (چەتۆ)

# فەرحان بایز حەسەن عومەر




سەرکەوتنی هەر مرۆڤێک پەیوەستە بە متمانەو باوەڕ بەخۆبوون، ئەوانەی بیر لە دوارۆژێکی پڕشنگدار دەکەنەوە بۆ خۆیان و گەلەکەیان هەمیشە لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری هەندێ هەڵسوکەوتی جیاواز تەنانەت لەیاری و دانیشتنەکاندا وەک گەورەیەک مامەڵە لەگەڵ دەورووبەریان دەکەن، زۆرجار دەڵێن کوڕی فلان لەمنداڵیش لەیاری کردندا دەیووت کێ دەبێتە لای من نەیوتوە من ببمە لای کێ ئەم بیرکردنەوەی قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری لەهزری ئەم تاکە بوونێک هەیە، باوەڕبوونێک بەخود هەیە بۆیە ئەوانە ئایندە لەچاوەڕوانیاندایە، هاوکات لەگەڵ نووسینی ژیاننامەی شەهیدێک کەلەبەر دەستم دابوو پێشمەرگەیەکی دێرین وتی شەهید (فەرحان منارەیی) تازە هاتبوو بۆ شاخ و پەیوەندی بە شۆڕش کردبوو کوڕێکی چالاک و توندو تۆڵ بوو، کوڕێکی باوەڕ بەتین بوو بە کوردایەتی و شۆڕش کردن، لەماوەیەکی کەم خۆی ناساندو لە چەندین نەبەردی و چالاکی بەشداری کردوو ئازایانە لەهێرش و نەبەردییەکان لە پێشەوەی پێشەوە بوو، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی وەک کەسێکی ئەزموندار بوو لەبواری پێشمەرگایەتی خۆی بە مەسئوول دەزانی بەرامبەر نیشتمان و قۆناغی رزگاری، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، ئازا، بەهێز بوو، هەمیشە دەم بەخەندەو پێکەنین بوو. لەراستیدا کەسێکی شایستەو بە پەیوەندی بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر نەبوو. هەزار دروود لەگیانت پێشمەرگە خۆڕاگرەکەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر.

- ناوی تەواو: فەرحان بایز حەسەن عومەر
- ناسراو بە: چەتۆ
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی منارە - ناحیەی قوشتەپە

- عەشیرەت: سورچی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان - کۆمەڵەی رەنجدەران
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: سەرەتای ساڵی ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر - کەرتی (٢)
- لەو ماوەیەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند شەڕێکی کردووە لەوانە:رەبیەکانی جادەی کەرکووک - هەولێر،قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسور، سماقوڵی، تەقتەق، دێگەڵە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٥-٩- ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: ناحیەی دێگەڵە

## شەهید (فەرهاد باشتەپەیی)

# فەرهاد عەزیز حەمەد عەلی



شەهید " فەرهاد عەزیز حەمەد عەلی " ناسراو بە فەرهاد باشتەپەیی، لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەرو دڵسۆزی سنووری قوشتەپەی هەولێرن، بنەماڵەکەیان لەسەرەتای شۆڕشەکانی کورد هەڵوێستیان جوامێرانە بووە چ لە خزمەت کردنی پێشمەرگەو چ لە هاوکاری بۆ شۆڕش، ئەو کاتەی منداڵەکانیشیان گەورە بوون راستەوخۆ بوونەتە پێشمەرگەو بەرگریان لەم کوردستانە کردووە، دەتوانم بڵێم زۆربەی کورەکانی " مام عەزیز باشتەپەیی " پێشمەرگە بوون و دەورو کاریگەریان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەبووە، ئەوێ رۆژێ هەڤاڵ لەتیف سووری برای فەرماندەی کەرت بووە، هەڤاڵ کەریم فەرماندەی مەفرەزەو مەجیدە سوری برایان پێشمەرگەی بوو، واتە خانەوادەکەیان سەرجەم فەرماندەو پێشمەرگە بوون، شەهید فەرهاد باشتەپەیی فەرماندەیەکی دیارو بە هەیبەتی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بووە، وەک هەڤاڵێکی پێشمەرگەی دێرین بۆی گێڕامەوە وتی: شەهید فەرهاد نموونەی پێشمەرگەی ئازاو خۆڕاگری بووە، ئەو دەمێکە پێشمەرگە بووە لە ڕیزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان دەورو کاریگەری زۆری هەبووە لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەوێ رۆژێ هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر، لە دوای مفەوازاتەکەی ساڵی ١٩٨٤ خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەی گواستەوە ناو ڕێزکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە تیپی ٨٥ بەرانەتی شێر ئاسا درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا، لەبەر ئازایی و گوێڕایەڵی و چاونەترسی لەناو یەکێتی لە سنووری ئەم تیپە قارەمانە کرایە فەرماندەی مەفرەزە .دواتر لەبەر بەرژەوەندی گشتی حزب گواسترایەوە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر سەرەتا لە کەرتی (٣) و دواتر لە کەرتی (٤)ی بەردەباز لای شەهیدی نەمر " خاڵە مامەند مەنتک "، شەهید پێشمەرگەیەکی هەتا بڵێ هێور، جوان دڵسۆز، کارامە، خۆشەویست، گونجاو، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگانەوە ئازا، خۆڕاگر، گوێڕایەڵ، بە ئەدەب، لە

ڕووی کۆمەڵایەتی هەتا بڵێی پیاوێکی تێکەڵ و جەماوەری بووە، بەڵام بەداخەوە لە داستانێکی گەورەدا لە سنووری گوندی ساقیە پاش شەڕێکی سەخت و دژوار لە ئێوارەی ٧ی ١١ی ١٩٨٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید فەرهادو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: فەرهاد عەزیز حەمەد عەلی
- ناسراو بە فەرهاد باشتەپەیی
- تەمەن: ١ ـ٧ـ ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی باشتەپە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مامەسێنی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: مریەم، فەریدە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٢ لە ڕێزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان، لە هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر.
- لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٤ سەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ ناو ڕێزەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە کەرتی (٣) درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی دا.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- ئەو شەڕانەی بەشداری تیاکردووە (سماقوڵی، زنجیرە ڕەبیەکانی هەولێر ـ کەرکووک، شەڕی ئازیانە و قەشقە، داستانی ڕزگاری، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، گرتنی شارۆچکەی دێگەڵە، داستانی ١٣ ڕۆژەی سماقوڵی، زۆربەی ئەو شەڕانەی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- ساڵی شەهید بوون: شەوی ٦/٧ـ١١ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی ساقیە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٣/٢٤ لە ژمارە (٦٩٢٨) لە لاپەڕە (١٣)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

### شەهید (فەرهادی باشتەپە)

# فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد شێخە



بۆ ئەوێ رۆژێ یەکێتی بوون و کاری نهێنی رێکخستن لەو پیرە هەولێرە کارێکی سەخت و مل خشان بوو لە چەقۆ، ئینتماو دڵسۆزی بۆ رێکخستنەکانی یەکێتی لەو پیرە هەولێرە سنووری نەبوو، ئەوێ رۆژێ لاوەکانی هەولێر دڵیان تەنها بەکاری رێکخستن ئاوی نەدەخواردەوە، بەڵکو زۆر جار بێ ئەوەی ئاشکرا بن لە کاری نهێنی پەیوەندیان بە شاخ دەکردو دەبوونە پێشمەرگە، پێشمەرگەی یەکێتی، کادیری سیاسی یەکێتی، رێکخستنە دێرینەکانی یەکێتی تەنانەت لە زیندانەکانی (بەغداو، ئەبووغرێب و کەرکووک و موسڵ) ئاستی هۆشیاریان، ئەتەکێتی گفتوگۆیان، خۆڕاگریان، تەنانەت نهێنی پارێزی وتا بن پەتی سێدارە یەکێتی بوونیان پێوە دیاربوو، ساڵی هەشتاکانی هەولێر ساڵی بەرەنگاری و هێرش کردن بوو بۆسەرجەم دام و دەزگانی بەعس لەو شوێنانەی حکومەتی سەدام خۆی بەهێز دەزانی، بەڵام کورانی رێکخستن و پێشمەرگەکانی تیپەکانی (٨٦) دەشتی هەولێرو (٨٧) قەرەچوغ چالاکی و هێرشی جەرگبڕیان دەوەشاند.. شەوە تاریک و ئەنگوستە چاوەکان لە هەولێر باو بوو دەیان وت ئەم شەو شەوی پێشمەرگەی یەکێتییە، بۆ مێژوو دەڵێم گوندەکانی دەشتی هەولێر کادیرو پێشمەرگەی زۆر قارەمان دڵسۆزی لێ هەڵکەوتبوو یەکێتی و شۆڕش شانازی پێوە دەکردن، یەکێک لەو کوڕە ئازایانەی هەولێر چ لەکاری رێکخستن چ ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە چاونەترسانەو بوێرانە ئەرکەکانی شۆڕشی وەک خۆی جێبەجێ کرد بوو شەهید (فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد)ـە کە لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو ماندووی گوندی (باشتەپە)ن ئەم گوندە سەرکردەی وەک شەهید شاخەوان عەباس وچەندین شەهیدی داوەو چەندین پێشمەرگەو فەرماندەی وەک کاک (نەریمان باشتەپە) و کاک (لەتیف سوور) و (فەیسەڵ عەباس) و کادیرو فەرماندەی دیاری یەکێتی بوون جێگای دەستیان دیارەو ئیستاش بەردەوامن.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی شەهید (فەرهاد) لە کاری نهێنی و پێشمەرگایەتی کورت بوو تا خەون و خولیاکانی لە بەرزترین لووتکە لەنگەر بگرێ و زیاتر خزمەتی نەوەکانی ئەم میللە چەوساوەو غەدرلێکراوەی بکات لە

رۆژی ١٧ـ٧ـ١٩٩١ بەدەستی سەدامیەکان گەیشتە کاروانی نەمرانەوە درووود بۆ گیانی پاکی ئەم شەهیدە خوێندکارە

ناوی تەواو: فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد شێخە

ناسراو: بە فەرهادی باشتەپە..

ساڵی لە دایک بوون: ١ـ ٧ـ ١٩٧٠

شوێنی لە دایک بوون: گوندی باشتەپە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر..

ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٧

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە ١٩٩١

شوێنی پێشمەرگایەتی: لێژنەی تەنسیقی هەولێر

بەرپرسی ئەوکاتی (ئازۆ مەخمووری) بووە

ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی.

باری خێزانی: سەڵت

ـ لەڕاپەڕین بەشداریەکی کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان

ـ ساڵی شەهید بوون: ١٧ـ ٧ـ ١٩٩١


ـ شوێنی شەهید بوون: بەردەم پارێزگای هەولێر

ـ برایەکی تری بە ناوی (شێخە) لە پرۆسەی ئازادی لە کەرکووک شەهید بووە.

ـ ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١١/٥ لە ژمارە (٦٨٨٣) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (فەقێ گۆمەشینی)

# فەقێ عوسمان جەرجیس خدر



شەهید " فەقێ گۆمەشینی" لەسەرەتای دامەزراندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شەرەفی ئەندامیەتی وەرگرتووەو کاری ڕێکخراوەیی زۆر بە دڵسۆزی مەیسەر کردووە، ناوبراو لەسەردەمی کاری نهێنی لەشار بەرپرسی کۆمیتەی خوێندکارانی هەولێر بووە، لە زیندانیش قارەمانی زیندان و خۆڕاگرو بەهیمەت بووە، کاتێ دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید خاڵە یوسف نموونەی پێشمەرگەی ئازاو دڵسۆزو خاکی بووە، هەمیشە ڕۆڵی کارای هەبووە لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە مرۆییەکان. لەم بارەیەوە هەڤاڵ (ڕەهبەری سەید برایم) لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ڕێکخستنی کۆیە، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٦ لە شاخ لە ڕۆژنامەی " ڕزگاری " کە دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەری دەکرد لە ژمارە (١٣) لەسەر شەهید (فەقێ گۆمەشینی) نووسیویەتی: جەللادەکان لە هۆڵی قوتابخانە دەریانهێنای بەرەو قەسابخانەی خوێن و ئەشکەنجە، لەوێ وەک قارەمانێکی بەهەڵوێست و خۆڕاگر لەژێر کێبڵ و (کارەبا) پاش چەند ساڵێک ئازاد کرای و چەکی شەرەفت لەشان کردوو بووی بە پێشمەرگە پلە بە پلە تاجێگری فەرماندە. هێشتان برینی قەتماخەی نەگرت بوو، گوللەی شەڕی دۆشکە گرتنی لە دەست مابوو، وێڕای ئەوەی جارێکی تریش بریندار کراو لە قەسابخانە لە کارەبا درا، ئەنجام بەکارەساتی کارەبا شەهید کرا.. هاوڕێ فەقێ تروسکەیەک بووی لە ئاسمانی (گۆمەشین) هەڵگیرسای، بەڵام ئەستێرەیەکی پرشنگداربووی لە ئاسمانی کوردستاندا پڕشای، خۆت چراو مۆم بووی بۆ زەحمەتکێش و ڕەنجدەرانی کوردستان دەسووتای، ڕووناکی و تروسکەی هیوا بووی لە شەوەزەنگی ئەنگوستەچاودا دەبریسکایەوە، چەپکێ گڕ بووی ڕووبەڕووی داگیرکەران دەپڕژای ئەی چۆن بە کارەبا شەهید بووی کە خۆت کارەباو داینەمۆی ڕووناکی بووی.. هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە (فەقێ گۆمەشینی) و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.

- ناوی تەواو: فەقێ عوسمان جەرجیس خدر
- ناسراو بە: فەقێ گۆمەشینی
- تەمەن: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گۆمەشین - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێروانی
- ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی لە گوندی گۆمەشین تەواو کردووە و ناوەندی و دواناوەندی خوێندنگای رزگاری لەهەولێر خوێندووە.
- ناوبراو نیشتەجێی گەڕەکی سەیداوەو دواتر لە گەڕەکی گلکەند نیشتەجێ بوونە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە عەبدولڕەحمان عەلی
- ناوی منداڵەکان: هاوکاری، گران.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: هاوینی ١٩٧٦ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە رێگای بەڕێزان (کاک کۆسرەت، شەهید شاخەوان عەباس، شەهید رێباز، محەمەد زەنگەنەوە بووە.
- لە ١٦-٨-١٩٧٩ دوای ئەوەی لە زیندانی ئەبوغرێب بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، دواتر لە ٢٨-٩-١٩٨١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات لەگەڵ شەهید خاڵە یوسف لەقوەی دەشتی هەولێرو دواتر تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێرو سەرکردایەتی کردووە.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی. واتە (٣) برا لەیەک خێزان شەهیدن
- لەسەردەمی کاری رێکخراوەیی شەرەفی ئەندامیەتی و دواتر بەرپرسی کۆمیتەی خوێندکارانی پێ دراوە، لە پێشمەرگایەتیش پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەی وەرگرتووە تا فەرماندەی جێگری تیپی ٩٣ی کۆیە.
- ئەندامی کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە بووە.
- چەندین خولی کادیران و بازنەکانی رۆشنبیری شاخی بینیوە.
- پیاوێکی جوامێرو لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان بوو، رۆڵ و کاریگەری هەبوو لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان.
- ساڵی شەهید بوون ٤- ٧- ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: دەشتی کۆیە

## شەهید (فوئاد قەشقەیی)

# فوئاد سابیر نادر حەسەن



گوندی قەشقەی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی هەولێر جگە لەوەی لانەو مەکۆو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، زۆر لەخانەوادەی ئەم گوندە کوردپەروەرە لەهەر شوێنێک شەڕ هەبووایە هەستیان، دڵیان، ویژدانیان، هزریان لای پێشمەرگە بووە، مێژوو شایەدە دانیشتووی ئەم گوندە خنجیلانەیە خاوەنی چەندین شەهیدی فەرماندەو کادیری سیاسی و پێشمەرگەی قارەمانن، یەکێک لەو شەهیدانەی بەتەمەن لە گشتیان بچووکتر، بەڵام بزێو و دڵسۆزو ئازا لەمەیدانی شەڕو سیاسەت و کاری ڕێکخراوەیی ئەویش شەهید (فوئاد قەشقە)یە. لیوا (کاوە سادق قەشقە)ی پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید (فوئاد سابیر نادر قەشقەیی) لە ڕۆژگاری پڕ نائومێدی دوای هەرەسی شۆڕش و کزبوونی تروسکەی هیوای بەردەم چارەنووسی گەڵ، کەم بوون بە ژمارە ئەوانەی هیواو ئومێدیان گەڕاندەوە و دریان بە تاریکی و میردەزمەی نائومێدی دا. ڕەنگە لای خەڵکانێک ئاسان نەبێت باوەڕ بەوە بهێنن هەرزەکارێک کە هەموو ساڵەکانی بە پلەی یەکەم و نایاب دەبڕی لەتەمەنی پازدە ساڵی بەهۆی بزێوی و هەستی بەرزی شۆڕشگێڕانەیەوە پەیوەندی بە هەرێمی سەرکردایەتی ئەوکاتەوە بکات و ببێتە پێشمەرگە بەڵێ ئەوە شەهید فوئاد قەشقە بوو. بەڵام دوای مانەوەی چەند مانگێک لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا لەبەر بچووکی تەمەنی و سەختی خەباتی پێشمەرگایەتی لەم ڕۆژگارەدا و لەسەر داوای بەڕێز مام جەلال بۆ تەواو کردنی خوێندن دەگەڕێندرێتەوە بۆ شار. ئەویش لەسەر ڕاسپاردەی شۆڕش درێژەی بە خوێندن و خەباتی ڕێکخراوەیی دەدات و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و چەند لاوێکی خوێن گەرم دەهێنتە ڕیزی کۆمەڵەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١. ڕژێم هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ڕێکخستنەکانی دەستپێ کردوو چەند هاوڕێیەکی شەهید فوئاد دەستگیر کران، ناوبراو پەیوەندی بە شاخ کردوو بوو بە پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەو دواتر گواسترایەوە تیپی (٨٣)ی هەورێ.

ئەو گەنجێکی بەتوانا، زیرەک، ڕەوشت بەرز، چاونەترس، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت بوو لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ ژمارەیەک جاش و خۆفرۆش لەنێوان گوندی (گڕاو) و (دۆنگزاوە) لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بەناوەکانی (کەمال) و (جاسم) کە خەڵکی گوندی گڕاو بوون شەهید کران لە ٢٤ـ١٢ـ١٩٨٢ ڕوحیان شادو ئارامگەیان ئاسوودە بێت..


- ناوی تەواو: فوئاد سابیر نادر حەسەن
- ناسراو بە: فوئاد قەشقەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە، ناحیەی قوشتەپە، قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک

باری خێزانی: سەڵت

- ئاستی خوێندن: دوا قۆناغی ئامادەیی پیشەسازی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- سەرەتا پەیوەندی بە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە کردووە، دواتر گواسترایتەوە تیپی (٨٣)ی هەورێ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخراوە بەشداری چەندین چالاکی مەیدانی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ١٢ـ١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی گڕاو ـ دۆنگزاوەی سنووری سەری ڕەش

### شەهید (فوئاد مشاری)

# فوئاد قادر ئیسماعیل ئیبراهیم



ئەو هەمیشە دەم بەخەندەو هەمیشە نوکتەو قسەی خۆش و بەسەرهاتەکانی لەسەرزاربوو، ئەو لاوێکی جوان و پوخت و پۆشتە بوو، ئەو لاوێکی کراوەو دۆستی هەموو هاوڕێیانی بوو، خۆنەویست بوو، سادە بوو، پێشمەرگەیەکی رەوشت بەرزو هێمن بوو. لایەنی پێشمەرگایەتی زۆر کامل بوو، دیسپلینی زۆر، گوێڕایەڵ، بەدیقەت، لە هەڵمەت و هێرش بردن بۆسەر دوژمنان ترس لە گیانی نەبوو، ئەو لەتەمەنی پێشمەرگایەتی لەزۆربەی داستان و هێرشەکان لە دەستەی هجوم بووە. ئەم پێشمەرگەیەش (فوئاد قادر ئیسماعیل) مشاری بوو. کۆتا داستان کە هاوڕێیانی بۆیان گێڕامەوە شەهید فوئاد بێ ئەوەی حساب بۆ گوللەی خۆفرۆشان بکات یەکەم پێشمەرگەبووە گەیشتۆتە رەبایەی دەست نیشان کراو چەندین خۆفرۆش لەم نەبەردیە بە سزای گەل گەیشتووە، بەڵام بەداخەوە ئەم نەبەردیە بەخوێنی گەشی کاکە فوئاد لە ٢٢ـ٦ـ١٩٨٨ تۆمارکراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە روحت شاد پێشمەرگە قارەمانەکەی کەرتی (٧)ی دوژمن بەزێن.

- ناوی تەواو: فوئاد قادر ئیسماعیل ئیبراهیم
- ناسراو بە: فوئاد مشاری
-ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مشار ـ قەزای مەخموور
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (١)
- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٧) کە شەهید هاشم جیهاز لێپرسراوی کەرتەکەیان بووە. تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە وەک: گرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسور، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، شەڕەکانی شێخ شەروان، تەللخێم، داستانی رزگاری،
- بۆماوەی یەک ساڵ رەوانەی بادینان کراوە بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی ئەو سنوورەی کردووە لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە.
- پاش گەڕانەوەیان هێزەکەیان بەشداری داستانی دۆڵی بالیسانیان کردووە لەکاتی گرتنی رەبیەک لەسەر چیای بێترخێن شەهید بووە.
- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- برایەکی تری شەهیدە بەناوی (تەیب)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢-٦-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سەرچیای بی ترخێن

### شەهید (فوئادە گچکە)

# فوئاد محەمەد ساڵح ڕەسوڵ



گۆمەشین و گۆمەشینییەکان مێژوویەکی پڕ پڕ لە سەروەری و نەبەردی و دڵسۆزی و شۆڕشگێڕیان لێ کۆبۆتەوە، ئەم گوندە وێڕای ئەوەی دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانیان هەبوو، گوندەکەیان لانەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بووە لە شۆڕشەکانی کورد بەگشتی و بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان هەمیشە باوەشیان باوەشێکی نیشتمانی و کوردانە بووە.هەستیان هەستێکی خاکیانەو بەسۆز بووە بۆ لاواندنەوەو حەوانەوەی برا پێشمەرگەکانیان. خزمانی گۆمەشین دەیان شەهیدی تێکۆشەریان بەخشیوە بە بزووتنەوەی کوردایەتی.. ئەوەندەی من زانیاریم هەبێ زیاتر لە (٣٠) شەهیدی سەنگەریان هەیە، یەکێک لەو شەهیدە فەرماندانە (فوئاد محەمەد ساڵح ڕەسول) ناسراو بە (فوئاد گچکە)یە خانەوادەی ناوبراو قاڵبووی ناو خەبات و کوردایەتی بوون چ لە رابردوو چ لە ئێستادا. شەهید فوئاد پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەر بووە، هەر لە تەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بەکاری سیاسی و کاری نهێنی رێکخستن بوو. لە پێشمەرگایەتیش فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو سەرکەوتوو بووە، هەر بۆیە دوا پلەی فەرماندەی کەرتی (٦)ی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بووە. بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٤ـ٦ـ١٩٨٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد فەرماندە ئازاکەی یەکێتی.


- ناوی تەواو: فوئاد محەمەد ساڵح ڕەسول
- ناسراو بە: فوئادە گچکە
- تەمەن:١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گۆمەشین ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر.

- عەشیرەت: شێروانی
- بای خێزان: خێزاندار- بەڵام منداڵی نەبووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٩ لەگەڵ هەڤاڵ حەکیم عەبدوڵڵا گۆمەشینی لە دۆڵی پلینگان پەیوەندیان کردووە.
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و شەڕو چالاکی جۆراوجۆری سەربازی کردووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر هەر لەدەشتی هەولێرو ناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی کۆیە تا شەڕەکانی سەرکردایەتی.
- دوا پلەی فەرماندەی کەرتی (٦) بووە لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٤-٦-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: لە گرتنی ڕەبیەکانی شێراوە و قاتع ئەبو جەعفەر مەنسور لە سێ قوچان.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٢/١٦ لە ژمارە (٧١٩٦) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (فوئادە ڕەش)

# فوئاد هادی قادر ساڵح




دەمێک ساڵە سووتەمەنی شۆڕشە یەک لەدوایەکانی ڕژێمی شۆڤێنی عێراقن، هەربۆیە ئێش و ئازاری مەخمووررییەکان بەس خۆیان دەزانن چەند بەسۆیە، ئەگەر سەیری مێژووی تیپەکانی دەشتی هەولێر بکەیت لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەبینی زۆربەی فەرماندەو پێشمەرگەکانی سنووری قەزای مەخموورن واتە ئازارو چەوساندنەوەکانی ڕژێمی عێراق بەردەوام هەبووە بۆیە هەستی نەتەوایەتی و شۆڕش و کوردایەتی بوونی زۆر هەبووە. لەم پێناوەش شەهیدێکی زۆریان هەیە. پێشمەرگەی دێرین و لێپرسراوی مەڵبەندی (٢٠) مەخمووری پێشوو هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) وتی: دەربارەی شەهید (فوئاد هادی) ناسراو بە (فوئادە ڕەش)یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی ناوچەی (مەخموور) هەمیشە جێگای شانازیە جێ پەنجەی دیارە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا بەتایبەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، زۆر زوو چەکی شەرەفی کوردایەتی لەشان کردو ڕووبەڕووی دوژمن بۆوە. بەماوەیەکی کەم وەک کادیرێکی سیاسی و فەرماندەیەکی سەربازی و کۆمەڵایەتی دەربکەوێ و پلەی فەرماندەی کەرت لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی وەربگرێ، ناوبراو لەدەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخە بەشداری کردووەو دەوری باڵای بینیوە، دوا چالاکی ئەو چالاکییە هاوبەشە بوو لەنێوان تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٩١ی سەفین بوو کەبەندەشتان بەشدار بوو لەم چالاکییە بێ وێنەیەدا. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەم شەهید فوئاد زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کەرتەکەی لە پێشەوەی پێشەوە بێت دواتر هەندێ کێشەشی لەسەر دروست بوو. چالاکییەکە تەواوبوو بە سەرکەوتنێکی گەورە، تەنها هەواڵی برینداربوونی فوئادە ڕەش هەبوو،ئەم شەوەش زۆر ساردو تاریک بوو، هەر کەسەو خەریکی کۆکرنەوەو پاشەکشێی هێزەکەی بوو. بەڵام من پەیوەندی کۆمەڵایەتیم لەگەڵی هەبوو، بۆیە گەرام بەدوای هەرچەندە ئەو لە تیپێکی تربوو، کە چوومە لای هەردوو دەستی گرتم وتی شەهید دەبم هەندێ دڵم دایەوە وتی سووم لەخۆم نابێتەوە، چونکە

ڕێگایەک خۆم هەڵمبژاردووە ئەگەر ئیمڕۆش شەهید نەبم بەیانی هەر دەبێت، بەردەوام بوولە قسەکانی ناوی کۆمەڵێک شەهیدی هێنا وتی خۆمن لەمانە زیاتر نیم. بەڵام ئەوەی جێگای داخەمن ژمارەیەک منداڵی وردم هەیەو کەسێکی واش نییە چاویان لێ بێت داوات لێ دەکەم تا ماوی خۆت و خوداو ئەو منداڵانە. لە دوایدا شەهید بوو هەرچەندە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە وەک برایم مشاری و یونس و هاوڕێ شینەو چەند کەسێکی تر ناویان لەهزرم نەماوە. بەڵام برینەکەی کاریگەری هەبوو، ئەوە مشتێکە لە خەروارێکی ئەو خەباتە خوێناویەی کوردایەتی. هەندێ کەس وادەزانن ئەوەی ئیمرۆ بەئاسانی بەدەست هاتوون. درورد بۆ گیانی شەهید فوئادە رەش و تێکڕای شەهیدان.

- ناوی تەواو: فوئاد هادی قادر ساڵح
- ناسراوە بە: فوئادە ڕەش
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دووگردکانی دەڤەری قەراج
- عەشیرەت: ئۆمەربل
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری شەهید: خاسێ عەزیز ناسر
- ناوی منداڵەکان: گەیلان، جێگر، محەمەد، شیلان، جوان، بەهار، ڕێزان، سۆزان، ڤیان.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١-٣-١٩٧٩
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندە بە هێزی پێشمەرگەوە: ١-١-١٩٨١
- دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- دووەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی هەولێرو بەڕانەتی کردووە لەوانە.شەڕەکانی پشتیوانی لە کوردانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢- شەڕی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٣- شەڕی گەزنە لە ساڵی ١٩٨٥- شەڕی قرناقەو پشت ئاشان لە ساڵی ١٩٨٣- شەڕی ئازادکردنی ناحیەی دێگەڵە لە ساڵی ١٩٨٧- شەڕی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی لە ساڵی ١٩٨٦- شەڕی ئازادکردنی سەری ڕەش لە ساڵی ١٩٨٧.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٣-١٢-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: مەسیف سەلاحەدین

## شەهید (قادر عەولا)

# قادر عەبدوڵلا قادر عەزیز



ئەگەر فلاش باگێک بۆ مێژووی مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەتی لەدەشتی هەولێر بکەین، لەوانەیە بە نووسین و گێڕانەوەی ئەوێ ڕۆژێ ناخۆشیەکانی ئەوەندە بەئازارو ناخۆش نەبێت، وەلێ ئەوانەی پێشمەرگە بوونە ئێستا لە ژیان ماون دەزانن چەند کارەسات و تراژیدیای مەرگ ئامێزیان بەچاوی خۆیان بینیوە، ئەوێ ڕۆژێ شەهید قادر عەولاو هەڤاڵانی بڕیاری بوونیان بە پێشمەرگایەتی دا ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار بوو، چونکە کەس سیقەو متمانەی بەبرای خۆشی نەبوو، ڕژێم داروبەردی ئەم کوردستانەی کردبووە جاسوس و خۆفرۆش، ئەوان بەقۆناغی پارتیزانی دەستیان بە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش کرد، کە بۆ ئەوکات ئاسان نەبوو. مەرجی بەعسیەکان بۆ خۆفرۆشەکانی ئەوێ ڕۆژێ ئەوە بوو هێنانەوەی سەری پێشمەرگەیەک، یان هێنانەوەی جەنازەیەکی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاکان، وەرگرتنی فەوج و مەفرەزەی ئەمنت مسۆگەر بوو. لەمیانی بەدواداچوونم بۆ ژیاننامەی شەهید (قادرعەولا) ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە لە باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەو دڵسۆزانەو چاونەترسانە ئەسپی خۆی تاو داوە لەمەیدانی شەڕو سیاسەتی ڕەوای کوردایەتی ئەوێ ڕۆژێ... لە شۆڕشی ئەیلوولیش ناوبراو فەرماندەیەکی بەدەست و بازووی خۆی بەغیرەت بوو. ئازا، دڵسۆز، کارامە، بەغیرەت و بەهیمەت بووە. هەر بۆیە کراوەتە (سەرپەل) لێرەوە نابێ ڕۆڵی شۆڕە ژنی هاوسەری شەهید قادر عەولا لەبیر بکەین کە لەتەواوی ژیانی لەخۆشی و ناخۆشییەکان نەک لەگەڵی بووە، بەڵکو هاوکارو پشتیوانی بووە ئەویش (فاتیمە ئەسعەد ڕەسول) ناسراو بە (فاتە بۆر) بۆی گێڕامەوەو وتی: لەسەر کوردایەتی هەورازو نشێوی زۆرمان بینی لەگەڵ قادر عەولا ئەو زۆر خاکی و کوردپەروەر بوو، لەشەستەکانی رابردوو زۆر هیلاکی و ماندووبونی بینی، لە ساڵی ١٩٧٧ من لەگەڵی

بووم چووین بۆ سەرکردایەتی کۆبوونەوەی هەبوو لەگەڵ مەلا بەختیارو ئەوانەی لەوێ مەسئول بوون. قادر عەوڵا زۆر بەدڵسۆزی ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکرد، ئەو ساڵانەی ئەو پێشمەرگە بوو رژێم لەوپەڕی بەهێزی بوو، لەسەر یەک جاسوسی کردن ئەم سنوورەی بەستی شەرغە فوول جەیش و جاش دەبوو، ئەوان بە پارتیزانی خەباتیان دەکرد، ئەو شەوەی شەهید بوو مەغریبەکەی شلە ساوارێکی بە گۆشت بەتام و خۆشم بۆ دروست کردبوو مەفرەزەیەک پێشمەرگەی لەگەڵ بوو خزمەتم کردن، دواتر رۆیشتن شەوەکەی ئەو خیانەتە گەورەیان لێکردن و شەهیدیان کردن، بەیانیەکەی هەواڵیان پێدام و چووم، قوەتی رژێم ئەو ناوەی هەموو تەوق کردبوو لەبەردەسپی بوو جەنازەکەی ئەوو (فارسی مامە شەلە) و (حەسەنی کانی سلێمانە). وتیان لە نێوان گوندی بەردەسپی و بانەمۆردە، بەهەر شێوەیەک بوو خۆم گەیاندە ئەو ناو شاخانە دووشۆڕە ژنی قارەمانم بە گەڵ کەوت بەناوەکانی خاتوو (عەنیف ئاوماری) دایکی کاک سابیر ئاوماری و خاتوو (سەوزە) خێزانی مام نوری بەردەسپی لێرەوە سڵاو و سوپاسم بۆ ئەم دوو ژنە قارەمانە هەیە. بەڵام قوەتەکە نەیدەوێرا بێت ئەوان شەهید ببوون هێشتان لە جەنازەی قادر دەترسان، نەیان دەزانی بەتەئکید چۆنە بەهەرحاڵ بە هەرسێکمان جەنازەی قادرو فارسمان دوور خستەوە لەناو ئەو شاخانەو بە پووش و درک و دار شاردمانەوە جەنازەی شەهید حەسەنیش نەمابوو خانەوادەکەیان بردبوویان.. کاتێک ئاوڕم دایەوە ژنەکانیش رۆیشتن و منیش بەرەو بانەمۆرد رۆیشتم تا مەغریب، شەو بەتەنیا گەڕامەوە سەر هەردوو جەنازەکە تا بەیانی بەدیاریانەوە دانیشتم، بەیانیش بەرەو گوندی ئاوماڵ گەڕامەوە چووم دوو سێ پیاوم هێنا بە دوو وڵاخەوە فەردەی کامان برد تا خەڵک شک نەکات، بە وڵاخەکانەوە جەنازەی شەهید قادرمان هێناوە گوندی ئاوماڵ و لە گۆڕمان ناو کێڵ و بلوک و ئەوشتانەمان دانەنا لە ترسی حکومەت چونکە دەمانزانی دەریدەهێننەوە تا پۆست و پلەی پێ وەربگرن، سەر گۆڕەکەمان بە درک و دارو پووشەوە شاردەوە.. دائیرەی ئەمنی قوشتەپە و جاشەکان حەوت رۆژ دەهاتنە گوند بۆ بردنەوەی ئەم جەنازەیە کەس پێی نەدەوتن دواتر وازیان هێناو منیش هەر خۆم دەشاردەوە. جا شەهید قادر بیرەوەری و چالاکی زۆری هەیە ئەگەر باس بکەین... هەزار درووود لە گیانت شەهید قادر لەگەڵ شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: قادر عەبدوڵڵا قادر عەزیز
- ناسراو بە: قادر عەوڵا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: فاتیمە ئەسعەد ڕەسول
- ناوی منداڵەکان: زرار، ستار، عەلی، عومەر، هەژار، نەعیمە، جوان.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٦٥ باڵی مەکتەبی سیاسی
- لەشۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە، رۆڵی گرنگی هەبووە دواپلەی لەم شۆڕشە (سەرپەل) بووە
- لەگەڵ دەستپێکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی مارکسی لینین پەیوەندی دەکات و دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ

شەهید عەلی ساڵح لەیەک شانەی ڕێکخستن بووە لەشاری هەولێر.

- لە پایزی ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات بە هەرێمی (٨)ی هەولێر

- بەهۆی ئازایەتی و شارەزایی لە بواری پێشمەرگایەتی دەکرێتە فەرماندەی (مەفرەزە)

- جگە لەخۆی دوو شەهیدی تریان هەیە لەخانەوادەکەیان.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١ -١٢-١٩٧٨

- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی بانەمورد - بەردەسپی

- جگە لەخۆی (٢) پێشمەرگەی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوەکانی (فارس ئەحمەد عەباس) ناسراو بە (فارس مامە شەلە) و(حەسەن ئۆمەر قادر) ناسراوەبە حەسەن کانی سلێمانە) و یەکێکیش بەناوی (ڕەحمان ڕەشید) لەشاخ فڕێیان دابۆوە خوارەوە بریندار ببوو- شایەنی باسە پێشمەرگەیەکی تریش بەفیشەک بریندار بوو لەگەڵ خۆیان بردبوو تەسلیم بە ڕژێمیان کردەوە بەناوی (یاسین چەتۆ) خورخوری.

## شەهید (قادر بانیمارانی)

# قادر عەوڵا قادر عەوڵا



خانەوادەی (مام عەوڵا قادر) واتە باوکی هەڤاڵ (عوسمان بانیمارانی) لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی ئیلنجاغی سنووری کۆیەن، بەڵام کاک عوسمان لە گوندی بانیماران نیشتەجێ بووە بە بانیمارانی دەناسرێنەوە. ئەم خانەوادەیە زۆر دەمێکە تێکەڵ بە شۆڕش و کوردایەتین، ئەم بنەماڵەیە لەسەر کوردایەتی بوونیان باجی گەورەیان داوەو لە خەبات و تێکۆشان قوربانی گەورەیان بەخشیوە بەخاک و نیشتمان، هەڤاڵ (عوسمان بانیمارانی) هەر لە سەردەمی شاخەوە فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس بووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەدوای ڕاپەرینیش پشکی شێری بەرکەوتووە لە بەرخودان و بەرگرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخەباتی پەرلەمانیش دەنگێکی دلێرو داکۆکیکەری هەژاران و لێقەوماوان بووە. لە دوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەڵوێستی ئەم خانەوادەیە جوامێرانەو هەڵوێستێکی کوردانەو شۆڕشگێڕانە بووە لە دژی ڕژێمی سەدام و ئەوانەی سەدامیەکانیان هێنایە سەر پەرلەمان. ئەم خانەوادە خەباتکارە لە بەرگرییەکان هەمیشە سنگیان لە پێشەوە بووە بۆ رزگارکردنی خاکی کوردستان، بەڵێ ئەمجارە لە نەبەردیەکی قارەمانانە لەماوەی (١) مانگ (٣) برا شەهید بوون. یەکێک لەو برایانە شەهید (قادر عەوڵا بانیمارانی) بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو فەرماندەیەکی خوڕاگر بوو هەر لە سەردەمی شاخەوە، ئەو لە ساڵی ١٩٨٦ لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی لە کەرتی (٢) درێژەی بەخەبات داوەو پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و بەڕەوشت بوو.. لە زۆر قۆناغەکانی پێشمەرگایەتی چ لە ڕاپەڕین و ٣١ی ئاب و شەڕەکانی گەردەلوول خۆنەویستانە هاتۆتە کۆڕی خەبات و حسابی بۆ دوژمن نەکردووە، تا دوا جار لە شەڕێکی نەخوازراو چاوەڕوان نەکراو لەبەرامبەر دەبابەو فڕۆکەکانی تورکیاو هێزەکانی پارتی لە ٨ـ١١ـ١٩٩٧ لە سنووری میحوەری سماقوڵی شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە هەرئەم ڕۆژەش برایەکی تری بەناوی (ڕەفیق) لە نزیک خۆی شەهید دەبێ.. هەزاران درووود لە گیانت ئەی قارەمانەکەی دەشتی کۆیە.

- ناوی تەواو: قادر عەولا قادر عەولا
- ناسراو بە: قادر بانیمارانی
- ساڵی لە دایک بوون: ٢١-٧- ١٩٦٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی ئیلنجاغ - ناحیەی تەق تەق - قەزای کۆیە
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: خەجیج ئەنوەر ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: بێگەرد، ئەڤین، ئاڤان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (٢)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژ بە بەعسیەکانی کردووە لە سنووری تیپەکەی لە دوای ڕاپەڕینیش بۆ بەرگری لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان لە زۆربەی نەبەردییەکان بەشداری کاریگەری هەبووە.
- لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە ڕاپەرینە مەزنەکە رۆڵی کارای هەبووە.
- جگە لە خۆی (٢) برای تری بەناوەکانی (ڕەفیق) و (تاریق) شەهید بووە لە بەرگری کوردستان
- لە دوای ٣١ی ئابی خوێناوی بۆ ئەوەی چەتەکانی تورک و نەیارانی کورد پۆستاڵە پیسەکانیان نەخەنە سەرخاکی کوردستان لە زۆربەی بەرگرییەکان بەشداری بەرچاوی هەبووە.
- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە لە فەرماندەی (١٥)ی قەرەچوغ
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٨-١١-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: میحوەری سماقولی

## شەهید (قادر شوعی)

# قادر عەزیز باپیر وسو



هەرێمی (٨)ی هەولێر دەیان فەرماندەو کوڕی ئازای هەولێری لە ئامێز گرت و شێر ئاسا پەروەردەی ڕێبازێکی تەندروست بە کوردایەتی و خۆشەویست بە خاک و بەئەمەک بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد. ئەوانەی پێشمەرگە بوونە لە ساڵی ١٩٨٠ لە هەرێمەکان دەزانن ئاسان نەبوو پێشمەرگایەتی وەلێ هەمیشە دەبووایە پارتیزان بووان، بەشەویش لە دێهاتەکان تەنها ئەو ماڵانە دەبوونە لانەو مەکۆی حەوانەو تیایدا لەتێک نان بخۆن کە سەربە ڕێکخستنەکانی خۆیان بن یان کەسوکاری پێشمەرگە بن چونکە داروبەردی ئەم کوردستانە لە دیدی پێشمەرگەوە باوەڕپێکراو نەبوون ئەمەش حەقی خۆیان بوو، چونکە ڕژێمی سەدام لەلایەک موختارو لەلایەک جاسوس و هەموو ڕێگایەکی تاقی دەکردەوە بۆ شکستی شۆڕش و لەناو بردنی ئەو مەفرەزە پێشمەرگانە.. ئا لەم سات و کاتە دژوارانەی پێشمەرگایەتی کوڕە گەنجێکی باریک و قۆزو دەم بەخەندە واتە لە ساڵی ١٩٨٠خۆی گەیاندە شاخ و بووە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨)ی ئەوکاتە، ئەم پێشمەرگە لاوە شەهید (قادر شوعی) بوو، ناوبراو کە دەبێتە پێشمەرگە سەرەتا تووشی مەفرەزەیەکی حزبی شوعی دەبێت بۆماوەی (٢) مانگ دەمینێتەوە لایان دواتر پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی (ی.ن.ک) لە هەرێمی هەشت.. شەهید قادر پێشمەرگەیەکی بوێرو شارەزا لە بواری چالاکی و لێدانی پیاوانی ڕژێم. کادیرێکی ئەوێ ڕۆژێی ئەم هەرێمە بۆی گێڕامەوەو وتی شەهید قادر بە تواناو قودرەتی ئازایەتی و جوامێری خۆی کە بەردەوام لە سنووری قەرەچوغ و ئەم دەڤەرەی کەندێناوە جەولەی دەکردو چالاکی دەنواند تا چەکی جوانی دەست بکەوێ و ئەوانەی جاسوسی دەکەن بە سزای گەلیان بگەینێ و دوژمن بزانێ کورد بەشاخەوەن بۆ بەدیهێنانی سەرەتاترین مافەکانیان. لە ئازایەتی و چاونەترسی پێشبڕکێی دەکرد هەربۆیە ساڵێک لەتەمەنی پێشمەرگایەتی تێپەڕی کرد کرایە فەرماندەی مەفرەزە. پلە وەرگرتنی ئەوکات لەسەر ئازایەتی و بەجێ گەیاندنی چالاکی مەیدانی و دەستەویەخەی

شاربوو، لەرووی دڵسۆزی و دەست پاکی و بەرەوشتی بەیەکێک لە پێشمەرگە نایابەکان ئەژمار دەکرا. ئەم قارەمانە لە ١١ـ١١ـ١٩٨٣ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە..

ـ ناوی تەواو: قادر عەزیز باپیر وسو

ـ ناسراو بە: قادر شوعی

ـ ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایک بوون: گوندی خورمەڵە ـ ناحیەی دیبەگە ـ قەزای مەخموور

ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بووە.

ـ عەشیرەت: گەردی

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: بەهاری ساڵی ١٩٨٠

ـ سەرەتا دەبێتە پێشمەرگەی حزبی شوعی بۆ ماوەی (٢) مانگ

ـ دواتر سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ـ ئۆرگان: هەرێمی (٨)ی هەولێرو دواتر قوەتی دەشتی هەولێر لای شەهید شاخەوان عەباس

ـ لە رێکخستنەکانیش سەربە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووە.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردییەکانی سنووری هەولێری کردووە بە شەڕی هاوکاری برایانی رۆژهەڵاتەوە.

ـ جگە لەخۆی برایەکی تری شەهیدە بەناوی (خدر)

ـ لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٢ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە


ـ پێش شەهید بوونی سەرپەرشتی کەرتەکەی شەهید هاوڕێ کاوەی دەکرد.

ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١١ـ١١ـ١٩٨٣

ـ شوێنی شەهید بوون: مەلاک ئاغا

شەهید (مامە قالە)

# قادر برایم حەمە رەش



زۆرن ئەوانەی لەدوای ساڵی ١٩٨٨ بە پرس و رای شۆڕش و سەرکردایەتی هاتنەوە شارو ویستیان لە عەفووەکەی حکومەتی ئەوکاتی عێراقی سوودمەندبن و ژیانێکی نوێ لەناو خێزان و کەسوکاریان دروست بکەن، پشوویەک بدەن، بەڵام بەداخەوە رژێم لە ئاست متمانەو بەرپرسیایەتی بەڵێن و واژووی خۆی نەبوو، سەدان پێشمەرگەی بێ هیواو شوێن بزر کرد و تاوەکو ئێستا (گۆڕیان نییە)یەکێک لەو پێشمەرگە بە دیسپلین و دڵسۆزەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆربینی و خانەوادەکەشیان هیلاکی زۆریان بینی لەسەر شۆڕش و کوردایەتی شەهید (مامە قالەی کاریتان) بوو. ناوبراو یەکێک بوو لە پێشمەرگە ئازاو خۆشەویستەکانی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٦)ی شەمامک... هەزاران دروود لە گیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە..

- ناوی تەواو: قادر برایم حەمە رەش
- ناسراو بە: مامە قالە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کاریتان - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: پاڵانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ڕازیە عوسمان حەمە ڕەش
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رۆژگار، یادگار، شوان، دێدەوان
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣

- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٦)ی شەمامک
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە.
- چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١ـ ٧ـ ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: دەشتی شەمامک، لە ڕووداوێکی تەم و مژاوی و لە عەفوە (٤٨) کاتژمێریەکە ون بووە تاوەکو ئێستا گۆڕیشی نییە.

## شەهید (قارەمان باداوەیی)

# قارەمان محەمەد حەسەن محەمەد




ئەوکات تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو بەڵێ نۆزدە بەهار، تێکەڵ بەنەسیمی سروشت و شاخ و جیهانێک بوو لێوان لێو لەخەونی وەنەوشەیی، جیهانێک لەویست و ئارەزووی گەنجێک تێرتێر بۆنی گوڵە بەیبوون و جەمال و نەسیمی نەکردبێ، باهۆزی خۆشەویستی لوولی بدات بۆ ئەو چڵ دەبێ چ هەستێکی ناسک چ بیرکردنەوەیەک، بەئاراستەی عاشق بوون بۆ خاک و بۆ کوردستانێک، سەدان دایکی بە رەشپۆشی رەوانەی ئەودیوی سنوور کردبێ. ئەمە (ئەوین)ـە یان خەونێکە بۆ رزگاری نەتەوەیەک، یان سەربەخۆیی بۆ نەوەیەک تاکو ئێستا بۆنی ئازادی و بۆنی خۆشگوزەرانی بەبن لووتی نەهاتووە. ئازادییەک تەنها بۆ دەربڕینی وشە نا، سەربەخۆییەک تەنها بۆ مزایەدەی سیاسی نا، دەوڵەتداریەک تەنها بۆ رەفاهیەتی چەند بنەماڵەیەک نا، بەڵکو ژیانێک سادە وەک مام وتەنی گەڕانەوە بۆ خانووە قوڕەکان، بەڵێ کاکە (قارەمان باداوەیی) تەمەنی تەنها نۆزدە بەهاری سەوز بوو بڕیاری دا چیتر لەپێخەفی گەرم رۆژنەکاتەوە، چیتر پیاسە نەکات لە شەقامی باتاو سیروان و ژێر قەڵا، بەڵکو تاقم و کڵانشکۆفەکەی سەرین بێت و ئاسمان بکات بە پێخەف و لە ماڵە رەوەندەکانی مەنتکایەتی نانی تیری و چایەکی سیلانی قەدیم لە ژێر رەشماڵ بخواتەوە، هەر واشی کرد و خەونەکانی بەبانەدا، بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٠ بووە پێشمەرگەیەکی جوان و رێک لە هەرێمی (١٤) لای سوارە ئاغا، دواتر سەفینەشێتەکەی خۆشناوان بۆ ماوەیەکی زۆر کاکە قارەمانی لە ئامێز گرت، ناوبراو بووە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی تیپی (٩١) سەفین و پلەکانی جێگری فەرماندەی مەفرەزە تا جێگری کەرتی بە ئازایی و قارەمانیەتی بڕی.. بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ٤ـ٨ـ١٩٨٥ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.. لە نووسینی کۆمێنتێکی فەیسبووک لەسەر ژیاننامەی شەهید قارەمان هەڤاڵ (فەرهاد ئیسماعیل) ناسراو بە فەرهاد کادیر پێشمەرگەی

دێرین نووسیویەتی: لەیادمە ئەو ڕۆژەی قارەمان شەهید بوو جەژنی قوربان بوو هێزەکان لە دۆڵی سماقوڵیەوە بەرێکەوتین بۆ زیارەت و خۆران و بناری سەری ڕەش ئێمە بەرەو بناری سەری ڕەش بەرێکەوتین بەفەرماندەیی (عەریف عەلی) شوێنەکەمان زۆر سەخت بوو شاخێ بوو سەرکەوتنی وا ئاسان نەبوو بەهەرحاڵ توانیمان گوللە قازیفەیەک و چەند دەست ڕێژێک بکەین بۆ ناو سەری ڕەش، لە نزیک کابینەکان عارەبێکی زۆری لەوێ بوون دوای دوژمن تۆپ بارانی کردین، شەهید قارەمان و هێزەکەی لای ئەوانیش لە خوار ئێمە بوون گوێمان لە گرمەی قازیفە و گرمەی تۆپباران بوو، کاتێ لەسەر ئەوشاخە بەرزەوە سەیری هەولێرمان دەکرد هەولێرمان لێ دیاربوو گلۆپەکان تیشکی دەدایەوە دیمەنێکی جوانی دەبەخشی. بۆ بەیانییەکەی لە نزیک گوندی خۆران زۆربەی هێزەکان یەکترمان گرتەوە کاک کۆسرەت سەرپەرشتی هەموو هێزەکانی دەکرد. هەواڵ هات وتیان قارەمان بریندارە، بەڵام بەداخەوە دوایی شەهید بوو، بۆ ئێوارەکەش لەگەڕانەوەمان بۆ سماقوڵی لە نزیک گوندی زیارەت چەند کۆپتەرێ هاتە سەرمان بۆمبباران و تیربارانی کردین و سەیارەکەی پێکا فیشەکێکی زۆری تێدابوو هەموو تەقیەوە سەیارەکەش هی ڕێکخرابوو شەهید شاخەوان عەباس بەرپرسی ڕێکخراوەکە بوو ڕوحت شاد ئەی هەڤاڵی یەکێتی، ئارامگەت ئارام ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە.

- قارەمان محەمەد حەسەن محەمەد
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: باداوە
- عەشیرەت: مەنمی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- لە ساڵی ١٩٧٧ بۆتە یاریزانی وەرزشی زۆرانبازی
- لە ساڵی ١٩٧٩ لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە لە یاری زۆرانبازی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩ لەرێگای شەهید جوامێر هاتۆتە ناو ڕێکخستن
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: لە مانگی سێ ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە لەهەرێمی (١٤) کەئەو کات (سوارە ئاغا) لێپرسراوی هەرێم بووە.
- لە ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە قوەت
- لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (٩١)ی سەفین لە کەرتی (١)
- لە ساڵی ١٩٨٥ دواپلەی جێگری کەرت بووە لە تیپی (٩١)ی سەفین
- جگە لەخۆی باوکیشی شەهیدە واتە دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە (١ـ قەراسنج. ٢ـ بەستی شەرغە. ٣ـ مەسیف.)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی (٩١)ی سەفینی کردووە.
- بۆ تەمبێ کردنی جاش و پیاوانی ڕژێم چەندین چالاکی دەستەویەخەی ئەنجام داوە لەناوشار.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٤ـ٨ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: سنووری مەسیف

## شەهید (قاسم مەنتک)

# قاسم عەبدوڵڵا محەمەد عومەر



بە نەبوونی خاک بۆ تاک بۆ کۆمەڵگا کە ژێردەستەبی هیچ بەهایەک نامێنێتەوەو هەستی نیشتمانی و ئینتمای نەتەوەیی بەتۆ چی، ئەگەرخاک هەبێ، بەڵام خاک و نیشتمانت بکەوێتە مەترسیەوە و هەڕەشەی کوشتن هەموو کاتێک یەخەت بگرێ ئەوکات هەموو بوارەکانی ژیان مانایەکی نامێنێ بۆ ژیان، نەتەوەی کورد ئەوەندەی من تێگەیشتبم ئازارو مەینەتییەکانی سەد ساڵی رابردووی بیر چۆتەوە دوژمنانی چیان پێ نەکردووەو، سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەبووایە بە ببرای ببرا بیریان لە ململانێ و شکانی یەکتر نەکردبووایە، بەڵکو یەک دەنگ و یەک دەست و یەک رەنگ بۆ دەستەبەرکردنی هەموو مافێکی کورد شەونخونیان بکردبایە نەک ئازاری یەکتریان بدابووایە، بە نەمانی متمانە لە نێوان سەرکردە سیاسییەکان و گرژی نێوانیان سەدان گەنجی جوان کۆتایی بە ژیانیان هات.. بۆ ئەمجارەیان یادی شەهیدێکی گەنجی قەلای سەوزی بنەسڵاوەی هەولێر دەکەینەوە دەڵێم نووسین و یادکردنەوەی ئازیزانت لەناخەوە سۆزو عەتفی خۆی بۆ لای تۆ کێش دەکات، ئەوانەی سەردەمانێک لەگەڕەک جیران و هاورێ و دۆستی گیانی بەگیانی بوون ئەستەمە لەبیرکردنیان چ جای ئەوەی بێ کێشەو ئاریشە ژیان لەگەڵ یەکتری بەسەرببەن، یەکێک لەوماڵانەی گەڕەکی کوردستان لەیەکتر نزیک بووین ماڵی شەهید (قاسم عەبدوڵڵا) بوو ئەو گەنجێکی جوان و خزم دۆست و بێ کێشە بوو. لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەرین چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان و بوو بە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێشمەرگەیەک دڵسۆزو بەوەفا بۆ خاک، بە ئەمەک بۆ ڕێبازی شەهیدان و (ی.ن.ک) ئەو گوێڕایەڵ و دڵسۆز بوو بۆ ئۆرگانەکەی، وەک هاورێیانی دەگێڕنەوە شەهید لاوێک راستگۆ، نەرم و نیان، ئازا، چاونەترس، بەهەڵوێست بەرامبەر هاورێیانی، بەڵام بەداخەوە تەمەنی شەهید درێژ نەبوو لە کوردایەتی، لە پێشمەرگایەتی، لە خەبات و بەرخودان. لە رۆژی ٢٣ـ٥ـ١٩٩٤ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید قاسم و سەرجەم شەهیدانی

بزووتنەوەی کوردایەتی..
- ناوی تەواو: قاسم عەبدوڵڵا محەمەد عومەر
- ناسراو بە: قاسم مەنتک
- تەمەن: ١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بەلەبان ـ ناحیەی دێگەڵە ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: خێزاندار ـ خاوەنی یەک منداڵ بەناوی (ڕێمەند)
- عەشیرەت: مەنتک
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١ لە هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر دواتر لە لیوای تایبەت
- ساڵی شەهید بوون:٢٣ـ٥ـ١٩٩٤
- شوێنی شەهید بوون: باداوە
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/١/٢١ لە ژمارە (٦٨٧٧) لە لاپەڕە (٥)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

# شەهید (قاسم کرێکار)

# قاسم محەمەد حەسەن بابیل




چل ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٧٦ (قاسم کرێکار) دەبێتە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بەعسییەکان دەستگیری دەکەن لەگەڵ کۆمەڵێک کادیری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاساڵی ١٩٧٩ بە لێبووردنی گشتی ئازاد کرا. ناوبراو تەنها یەک مانگ لەبەر میوان لەگوندی نێرەگین مایەوە دواتر شەهید شاخەوان کلاشنکۆفێکی مزلی سیخۆی بۆ بردوو لەهەمان ساڵ بۆتە پێشمەرگە، دواتر وەک کادیری ڕێکخستن کاری کردووە لە سنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، کادیرێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، کراوەو بە دیقەت. لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکییەکانی کردووە و دووجاریش لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە. بەڵام بە داخەوە خەون و خولیای ئەم شەهیدە قارەمانە لە ١٣-٥-١٩٨٥ لەگوندی سماقە پاش شەڕێکی سەخت و دژوار لەگەڵ بەعسییەکان گەیشتە کاروانی نەمرانەوە...

- ناوی تەواو: قاسم محەمەد حەسەن بابیل
- ناسراو بە: قاسم کرێکار
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی نێرەگین - ناحیەی دێگەڵە - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخانی
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی خێزاندار بووە. بەڵام منداڵی نەبووە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٦ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی ١٩٧٦ زیندانی کراوە، تا ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە و ئازاد کراوە

- له ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بەهێزی پێشمەرگە
- ناوبراو کادیری کەرتی رێکخستن بووە لای مەلا خدر لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەوێر
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- دووجار بریندار بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی
- جگە لە خۆی (٤) برای تری شەهیدە
- (١٧) کەس لە خانەوادەکەیان شەهیدی شۆڕشی نوێ و (٤) کەسیان ئەنفالە
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٣ـ ٥ـ ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سماقەی دەشتی کۆیە

## شەهید (قاسم محەمەد)

# قاسم محەمەد قادر کەریم



سنووری چالاکی تیپی (٩٣)ی کۆیە لە ساڵی دامەزراندیەوە تاوەکو ڕاپەڕین چەندین سەرکردەو دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی دلێرو چاونەترسی بەخشیوە بەخاکی کوردستان و ڕێبازە پیرۆزەکەی مامی گەورەمان مام جەلال. ئەم دەڤەرە قارەمانی زۆر میهرەبان و تێکۆشەری شەهید بووە وەک دکتۆر خالیدو جەعفەری حەمە دەروێش و سەربازو شەماڵ و شەهریارو ئازادی حەمە گەمحان و جەوهەری ناسکەو فەقێ گۆمەشینی و فەرخەو ئازاد کۆیی و سەدان فەرماندەو پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات کەناکرێ ناوەکانیان یەک لەدوای یەک ئاماژە پێ بکەم. سەرەڕای لێهاتوویی و قارەمانیەتی فەرماندەی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستی زۆری تیابوو کەهەمیشە لەکاتی سەرکەوتنەکان ئەوان شادی و خۆشی و هەڵپەرکێی کوردەواریان کردووە، بۆ بەرزبوونەوەی هێزو توانای پێشمەرگە واتە ئەوان لەگەڵ ڕاپەراندنی ئەرکە نیشتیمانییەکان جەوی خۆشیان دروست کردووە. کۆیەو کۆییەکان هەستی نیشتمانی و کوردایەتی لای ئەوان لەزۆر شوێنی تر جیاوازتر بوو، خۆشەویستی ئەوان بۆ خاک بۆ نیشتمان لێوان لێو بوو، دەمەوێ لەم چەند دێرە باسی خانەوادەیەکی شاری کۆیە بکەم کە بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد ئەوان خەمخۆرو دڵسۆزو پێشمەرگەو قوربانی دەربوونە بۆ کوردایەتی، ئەم بنەماڵەیە هەوڵ و کۆششەکانیان لەپێناو یەکخستنی نێو ماڵی کوردو تێکۆشانیان لە پێناو ئازادی و ڕزگاری تاکی کورد بوو. ئەویش ماڵی شەهید (قاسم محەمەد) برای شەهیدی قارەمان و مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ (دڵشاد محەمەد کۆیی) کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ شەهید جەمیل ڕەنجبەرو ژمارەیەک پێشمەرگەی تر لەبناری کێوەڕەش شەهید بوون و برای هەڤاڵ (ڕەفیق محەمەد) بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی کۆیە، شەهید قاسم گەنجێکی ڕاستگۆ، خاکی، ڕۆشنبیر، ئازاو دلێری تیپی (٩٣)ی کۆیە بوو، پێشمەرگەیەکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو، کەسێکی دڵسۆزو بێ ئاریشە بوو، پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و خۆنەویست

بوو.. لە زۆربەی چالاکییەکانی ئەوکاتی ڕۆڵی کارای هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە ١٩٨٦/١٠/١١ لە لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکووک بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ کردین.. روحت شادو ئارامگەت ئاسوودە گەنجە جوانەکەی شاری حاجی قادری کۆیی..

- ناوی تەواو: قاسم محەمەد قادر کەریم
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٩
- شوێنی لەدایک بوون: کۆیە
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پیشەسازی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: قوەی کۆسرەت سەر بە هەرێمی (٨)
- دواتر لە تیپی (٩٣)ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بووە لە تیپی ٩٣ی کۆیە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-١٠-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: بیرە نەوتییەکانی کەرکووک

## شەهید (قەهار مەرزانی)

# قەهار سەلیم حەمەدەمین حوسێن



لەمێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان مەرزان و مەرزانییەکان لەهەر کوێیەکی کوردستان بن ئینتماو هەستی شۆڕشگێڕیان هەبووەو خەباتیان لەدژی رژێمە زۆردارەکانی عێراق کردووە. ئەگەر باسی گوندی (مەرزان)ی سنووری قەزای کۆیەش بکەین دەبێ باسی خانەوادەی مام سەلیم حەمەدەمین حوسێن مەرزانی بکەین کە لەیەک خێزان سێ رۆڵەی چاوگەشی ئازاو قارەمان و دڵسۆزی بەخشیوە بە کوردو خاکی کوردستان. ئەم خانەوادەیە لە شۆڕشی نوێی گەلەمان ماڵەکانیان لانەو پێگەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووەو لەمەیدانی کوردایەتیش چەندین رۆڵەیان پێشمەرگە بووە لە پێش راپەرین و دوای راپەرین، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ژیاننامەی شەهید (ملازم قەهار) مەرزانی. ناوبراو لەتەمەنی (١٥) ساڵی و لەگەڵ یەکەم تەشکیلاتی لیوای کۆیە دەبێتە پێشمەرگەو چاونەترسانە درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدات.. ئەو هەرچەندە تەمەنی بچووک بوو، بەڵام گوێڕایەڵ، هێور، بێ دەنگ، دڵسۆز، دەست پاک، خۆشەویست لەناو هەڤاڵەکانی. بەهۆی دڵسۆزی و ئازایەتی لە تیپی پاسەوانی مەڵبەندی سۆران دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزەپاشان لە ١١ـ٩ـ٢٠١١ دەبێتە ملازم و لە ساڵی ٢٠١٤ پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ (ملازمی یەک) دواتریش لە قۆناغەکانی تری پێشمەرگایەتی فەرماندەی فەسیل و دواپلەی جێگری سریە بووە. لە فەوجی (٢) لیوای (١٢٦)ی کۆیە. شەهید قەهار لە زۆربەی نەبەردی و بەرگرییەکانی لە شەڕی (داعش) بەشداری کاریگەری هەبووەو ئازایانە تێکۆشاوە، بەڵام بەداخەوە لە ٣٠ـ٩ـ٢٠١٥ لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تری خزمانی مزوری بەناوی (ئەردەوان) لە باشووری کەرکووک گوندی (کوازعارەب) شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی نەمرانەوە. دروود بۆ گیانت ئەفسەرە بە دیسپلینەکەی لیوای کۆیە..

ـ ناوی تەواو: قەهار سەلیم حەمەدەمین حوسێن

- ناسراو بە: قەهار مەرزانی
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٧٩
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی مەرزان ـ قەزای کۆیە
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- عەشیرەت: مەرزانی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: نازەنین عەبدولجەبار عەبدوڵڵا تەیب
- ناوی منداڵەکانی شەهید:سۆزان، بەهێز، بەسۆز، پەرێز، بەڕێز، ئارێز.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٩٤
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٩٤ دەبێتە پێشمەرگە لە فەوجی (٢) لیوای کۆیە لە قەڵاتەی تەق تەق.
- لە ساڵی ١٩٩٥ دەگوازرێتەوە تیپی پاراستنی بیرە نەوتەکانی شیواشۆک.
- لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە فەرماندەی (٢)ی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٩٨ دەگوازرێتەوە فەرماندەی (١)ی تایبەت لە تاسڵوجە.
- بەهۆی گۆڕانکاری و تەشکیلاتی ئەوکات دەگوازرێتەوە فەرماندەی (١٥)ی قەرەچوغ.
- ماوەیەک فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی بووە لە تیپی پاسەوانی مەڵبەندی (٦)ی رێکخستنی سۆران
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەبێ دابران (٢١) ساڵ پێشمەرگە بووە لە زۆربەی نەبەردی و بەرگرییەکانی لە خاک و حکومەتی هەرێم بەشداری کاریگەری هەبووە بەتایبەتی سەرجەم شەڕەکانی جوندولئیسلام و تاریک پەرستانی داعش.
- دواپلەی ملازمی یەک ـ جێگری سریە بووە لە فەوجی (٢) لیوای (١٢٦)ی کۆیە.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣٠ـ٩ـ ٢٠١٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی (کواز عارەب) باشووری کەرکووک لە شەڕی دژ بە داعش

شەهید (كارزان شەقڵاوەیی)

# كارزان مستەفا عوسمان



(كارزان مستەفا عوسمان) هەر لە سەرەتای تەمەنی ئارەزووی خوێندن وخۆپێگەیاندنی هەبوو ئامادەیی پیشەسازی تەواو كرد، ئەو لەرووی كۆمەڵایەتی و جەماوەرییەوە پەیوەندییەكانی لە كەسێكی جوامێرو بەتەمەنی دنیا دیدە دەچوو، هاورێیەتی كەسانی بە هەیبەت و كەسانی هەژاردۆست و دڵسۆزی نەتەوەی دەكرد هەربۆیە خۆشەویست بوو لە سنوورەكە، كەتێكەڵ بەكاری سیاسی و رێكخراوەیی بوو كارەكانی بەباشی بەرێوە دەچوو، لە پێشمەرگایەتیش هاورێیانی شایەدی بۆ دەدەن چەند بە دیسپلین و ئازاو تێكۆشەر بووە، چەند خۆراگرو بەهیبەت و بە دیقەت بووە، لەژیانی پێشمەرگایەتی رۆڵ و پێگەی دیاربووە لەهەر رەبیەو سەنگەرو میحوەرێك بووایە، لەناو هێزی پێشمەرگەش زۆر خۆشەویست و خۆنەویست بووە واتە كەسێكی دەم بەخەندەو سادەو خاكی بووە، ناوبراو فەرماندەیەكی عەقڵ كراوەو دووربین بووە لە هەڵسوكەوتی پێشمەرگانەی لەگەڵ سەروو خواری خۆی، لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی گەورەی كردووەو سەركەوتنی گەورە بەدەست هاتووە لەژێر فەرماندەیی ئەو. لەبەر ئازایی و دڵسۆزی لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بریندار بووە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێكی داسەپیوو نەخوازراو لە چیای هەیبەت سوڵتان شەهید بوو گەیشتە كاروانی نەمرانەوە.

- ناو: كارزان مستەفا عوسمان
- ناسراو بە: كارزان شەقڵاوەیی
- ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لە دایك بوون: قەزای شەقڵاوە
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزان: پەری سلێمان
- ناوی منداڵەکان: هێدی، هێما
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی سیارات
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٨ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢ تیپی ٩١ی سەفین
- ناوبراو بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی گەورەی کردووە. لەوانە: داستانی ١١ رۆژەی بەنەباوێ، نازەنین، داستانی رزگاری، دۆڵی سماقوڵی، شەڕی کونە کۆتر، شەڕی سەفین
- لە شاخ فەرماندەی کەرتی (٢) بووە لە تیپی (٩١)ی سەفین
- لە ڕاپەرین بەشداری کاریگەری هەبووە لە رزگارکردنی شەقڵاوە، هەولێر، مۆڵگەی شێراوە، کەرکووکی قودسی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٣ کراوە بە مقەدەم لیوای ٣٢
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین پۆست و پلەی وەرگرتووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٣-١٢-١٩٩٣
- شوێنی شەهید بوون: هەیبەت سوڵتان

شەهید (کازم ئیتۆ)

# کازم حامید محەمەد وسو



ڕێبازو ڕێنماییەکانی (مام) بۆ پێشمەرگەو کادیرانی هەمیشەو بەردەوام گەشبینی دەدا بەوەی کە بەخۆڕاگری و یەکڕیزی و تەبایی مافەکانمان دەستەبەر دەکەین، دەبێ بە عەقڵانی دەستکەوتەکان بپارێزین و نابێ لەسەر چەپکە گوڵی دەستکەوتەکان بخەوین. یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەردەمی شاخەوە بەرنامەو پلانی دوورودرێژی هەبووە بۆ گەڕانەوەی خاکی کوردستان لەهەرسات و زەمەنێک بێت، هەرچەندە شەڕی داعش بەرامبەر کورد شەڕێکی نەخوازراو بوو، بەڵام یەکێتی بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و گەڕانەوەی خاکە داگیرکراوەکانی کوردستان هەنگاوی جدی ناو سەر ئەنجام ئێستا پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ئەو سنوورانەی کەناویان لێنرابوو کێشە لەسەر لەسنووری دەسەڵاتی یەکێتی هەمووی ئازاد کراوە.. ئازادیش خوێن بەخشینی دەوێ یەکێک لەو شەهیدە گەنجانەی لە ناحیەی گوێڕ لەدایک بووە لە ئازادکردنی ناحیەی جەلەولا شەهید بوو کاکە (کازم حامید محەمەد وسو) گوێڕی بوو. ئەو پێشمەرگەیەکی قارەمانی فەوجی (٤)ی لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسول عەلی) بوو. ئەم لیوایە ڕۆڵی کاراو بەرچاوی هەبوو لە هەموو میحوەرەکانی شەڕ لە دژی داعش هەر لە خانەقین و جەلەولا تا کەرکوک و گوێڕو مەخموورو دەورووبەری موسڵ. ناوبراو لەسەرجەم بەرگری و پێشڕەوییەکان وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە چاونەترسانە و مەردانە شەڕی کردووە. بەڵام بەداخەوە لە ناحیەی جەلەولا شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. دروود لە گیانت ئەی پێشمەرگە ئازاکەی لیوای ٣ی تایبەتی دوژمن بەزێن.

- ناوی تەواو: کازم حامید محەمەد وسو
- ناسراو بە: کازم ئیتۆ
- تەمەن: ٢٣ـ٤ـ١٩٨٤

- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی گوێڕ - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخ بزێنی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: کابان سەباح
- ناوی منداڵەکانی شەهید: کەنار - کارزان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠٠٨
- شوێنی پێشمەرگایەتی: لە فەوجی (٤) لیوای ٣ی تایبەت دواتر گواسترایەتەوە دەستەی پاسەوانی تایبەتی بەڕێز کۆسرەت ڕەسول عەلی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی بەرگری و هێرشەکانی دژ بە داعشی کردووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٣-١١- ٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: جەلەولا

شەهید (قارەمان)

# کازم حەسەن قادر کاکۆ




کازم حەسەن قادر ناسراو بە (قارەمان). لە خانەوادەیەکی هەژارو کوردپەروەر لە گوندی (گەزوەشانی) ناوچەی کەندێناوە هاتۆتە دنیاوە، هەر لەتەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بەکاری رێکخستن و کوردایەتی بوو. ئەو گەنجێکی بە ئینتماو دڵسۆزو خاوەن هەڵوێستی سیاسی و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، لە ماوەی (٥) ساڵی خەباتی ناوشار بۆ رێکخستنەکان مایەی دڵخۆشی هاورێکانی بوو، مایەی ورەو هێز بوو بۆ هەڤاڵەکانی. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەشاخ کردوو بووە بەپێشمەرگە لە مەفرەزەی تایبەتی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.لەماوەیەکی کەم چەند چالاکییەکیان ئەنجام دا، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی لە چەند مانگێک تێنەپەری لە چالاکییەک و رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ جاشەکانی سنوورەکە ناوبراو شەهید بوو هاورێیەکی تری بەبریندای دەستگیر کراو دواتر لە سێدارە درا.
هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانی ئەم بەرزە فرەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: کازم حەسەن قادر کاکۆ
- نازناو: قارەمان
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گەزوەشان - ناوچەی کەندێناوە
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: سەرەتایی ساڵی ١٩٨٦
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لەماوەی چەند مانگی ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٣-٨-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: زورگە زراو

## شەهید (کازم شێخانی)

# کازم حەمەدەمین رەئووف فەتاح



چ ئاوازو ریتمێکی ناوازەو شازتر هەیە لەبەرەبەیانی لادێیەکا دەنگی چۆلەکەو کوختی و هەندێ جاریش گارەگاڕی مریشک و قازو مراوی لەسەروچاوەی کانیاوی لادێکا، یان لەپشتی ماڵەکانی نزیک مزگەوتا لەخەوی شیرین بەئاگات دێنن و ئەو هەموو خۆشیانەی گوند تێکەڵ بە نەسیمی بەهار دەبوو، ئا لەم لاشەوە دوو دوو پێشمەرگە بە یاتاغ و بەتانیەوە شۆڕ دەبنەوە بۆ خانەخوێ و هەندێ جاریش مالەکان خۆو شەنس بەریان دەکەوتوو چاوەڕێی ئەو دایک و پیرەژنانەیان دەکرد لەبەر ئاگردانی دووکەڵاوی ئەستوکێک یان نانێکی مەزرەقەو چایەک رەنگ کاڵ ببێتە قسمەتی کوڕانی دەشتی هەولێرو لەوێوە بەرێ بکەون بۆ سماقوڵی یان کەندێناوەی لانەی شێران، یان بناری دێدەوانی مەنتکان، ئا لەو ساتەوە پێشمەرگەیەکی تازە پێگەیشتوو، خوێندکارێکی ئامادەیی کشتوکاڵ، کوڕە هەژارێکی بەئەمەک و وەفاداری گوندی ئیلنجاغی وراتی کۆیە بەهەگبەیەکی پڕ لە دڵسۆزی و کوردایەتی و خەمێک بۆ ئازادی و خەمێک نیشتمانی لەکۆڵی ناوە و هاتووە ببێتە پێشمەرگە بەوپەڕی ئینتماو باوەڕ بەخۆبوون ئەم پێشمەرگەیەش (کازم حەمەدەمین رەئووف فەتاح) ئیلنجاغییە. گەنجێک رۆشنبیر، بەرەوشت، هۆشیار، هێمن و هێور، ئەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە ناوزەنگ و لەبەر ئاستی هۆشیاری و دڵسۆزی بۆ ماوەی (٣) مانگ بەشداری خولی رۆشنبیری کردووە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر ئازاو بەدەست و هیمەت بووە. لە زۆربەی داستان و چالاکییەکان پشکی شێری بەرکەوتووە. لەرووی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەوە پەیوەندییەکانی زۆر فراوان و کراوە بووە، بۆیە بووە جێگای متمانەو خۆشەویستی ناو پێشمەرگەو لادێنشینەکان، لەزۆر قۆناغی شۆڕش رۆڵی کاراو بەرچاوی بینیوە، بەڵام بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لەناوشاری هەولێر گەیشتە کاروانی نەمرانەوە

ـ ناوی تەواو: کازم حەمەدەمین رەئووف فەتاح
ـ ناسراو بە: کازم شێخانی
ـ ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٢
ـ شوێنی لە دایک بوون: گوندی ئیلنجاغ ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
ـ عەشیرەت: شێخانی
ـ ئاستی خوێندن: تا قۆناغی دووەمی ئامادەیی کشتوکاڵی خوێندووە لە ئاسکی کەلەک (قەزای خەبات)
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: کرێکار، نسار، کەنار، ساکار
ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٨ لەلایەن شەهید وشیار ئیلنجاغی رێکخرابوو بۆ بازنەکانی رێکخستن.
ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ سەرەتا بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨)ی هەولێر لای ملازم سەید کەریم هاودیانی.
ـ بۆ ماوەی (٣) مانگ خولی بینیوە لە ناوزەنگ.
ـ لەقوەتی دەشتی هەولێر کە شەهید شاخەوان لێپرسراوی قوەتەکە بووە ـ لە کەرتی (٢) لای شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
ـ دواتر تەشکیلات گۆڕا بۆ تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر لەوێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
ـ لە ساڵی ١٩٨٢ شەهید مامە ریشە بەمەبەستی جەولە کردن هاتووە بۆ دەشتی هەولێر داوای چەند پێشمەرگەیەکی ئازای کردووە یەکێک لە دەست نیشان کراوەکان شەهید (کازم شێخانی) بووە.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی جۆراوجۆری کردووە. لەوانە شەڕی سێکانی، شەڕی هێزی پشتیوانی لە کوردانی رۆژهەڵات، لێدانی زۆربەی رەبیەکانی نێوان تەق تەق ـ کۆیە ـ هەولێر ـ کەرکوک ـ چەندین نەبەردی تر کە ناکرێ ئاماژەی پێ بدەین.
ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە لە رزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان.
ـ لە دوای ساڵی ١٩٩٢ لە سەرجەم بەرگرییەکانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار بووەو رۆڵی کارای بینیووە.
ـ لە دوای دەست بەکاربوونی بەڕێز کاک کۆسرەت وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی دووەم شەهید کازم کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە دەستەی پاسەوانی بەڕێزیان.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٤ـ١ـ١٩٩٥
ـ شوێنی شەهید بوون: هەولێر

## شەهید (هەڵكەوت)

# كازم كەریم ساڵح ئەمین



ئەو وەكو هەموو لاوە خێر لەخۆنەدیوەكانی كوردستان خوێندكار بووەو هەمیشە كاروكاسبی كردووە بۆ بژێوی دایك و باوك و خێزانەكەی تا تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی، دواتر زەبرو زەنگی بەعسییەكان و زۆرداریـان بەرامبەر نەتەوەی كوردو بەتایبەت گرتن و سووكایەتی بەخانەوادەی پێشمەرگە وا لە (كازم كەریم ساڵح) دەكات ببێتە پێشمەرگە لەشۆڕشی ئەیلوول، دواتر پاش نسكۆ پەیوەندی دەكاتەوە بەشۆڕشی نوێی گەلەكەمان دەبێتە یەكێك لە پێشمەرگە هەرە ئازاو چاپووكەكانی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێرـ ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی كردووە بەبێ دابڕان.. بۆ زیاتر ناساندنی لە ژیانی پێشمەرگایەتی لیوا (شەفیق چاوشین) وتی: شەهید كازم بەحەق پێشمەرگەیەكی ئازاو دڵسۆزو بێ ئاریشە بوو، لەرووی ئازایەتیەوە حسابی نەبوو، دەتوانم بڵێم هی ئەوەبوو پشتی پێ ببەستی، لە چالاكییەكی ناوشار لەگەڵ من بوو لە گەڕەكی باداوەی ناو هەولێر لەم شەڕەدا ناوبراو بریندار‌بوو، لێرەوە درووود بۆ گیانی پاكی شەهید كازم و تێكڕای شەهیدان دەنێرم، بەڵێن دەدەین ڕێبازەكەیان ون نەكەین.

- ناوی تەواو: كازم كەریم ساڵح ئەمین
- ناسراو بە: هەڵكەوت
- تەمەن: ١-٥-١٩٥٥
- شوێنی لەدایك بوون: گوندی قازی خانە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: گەلاوێژ نوری ساڵح
- ناوی منداڵەکان: هەڵکەوت، ڕێگر، ڕەنجدەر، کۆڵنەدەر، فەریدە، ڕێما، ئاریان.
- ناوبراو بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووەو پێشمەرگەیەکی ئازا بووە.
- لە ڕێکەوتی ١٠-٤-١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکان کردۆتەوە، ئەوکات چالاکی زۆری ئەنجام داوە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە ٥-٢-١٩٨٣ لە مەڵبەندی ٣ی هەولێر پێشوازی لێ کراوە
- دواتر ڕەوانەی کەرتی (٢) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کراوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە لەوانە: داستانی سەری ڕەش، شەڕەکانی سەرکردایەتی، شەڕی فولکەی زراعە، شەڕی قۆریتان، ڕەبیەکانی ڕێگای هەولێر، زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- ٣ جار بریندار بووە لە داستانی سەری ڕەش، ڕێگای مەخموور هەولێر. ناو گەڕەکی باداوە
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٣) تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١-٥-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: نزیک گوندی چەمرگە

## شەهید (کاکەمین براغی)

# کاکەمین یوسف ڕەمەزان محەمەد



ڕوون و ئاشکرایە ماوەی دوو ساڵ زیاترە شەڕێکی چاوەڕوان نەکراوو داسەپیوو بەسەر هەرێمی کوردستان دا هاتووە کە هێزێکن بە (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) و کورتکراوەی (داعش) خۆیان ناساندووە. کە هێزێکی دڕندەو دوور لە بەها پیرۆزەکانی ئیسلام هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوەی نەشیاوە لەسەر ڕووی زەوی ئەنجامیان دا.. خۆشبەختانە بە هەوڵ و هیمەتی پێشمەرگەو هاوپەیمانان و سەربازانی عێراقی چارەنووسیان بەرەو کۆتایی دەڕوا... لەم پێناوەشدا سەدان گەنجی جوانی کوردستان بۆ ئەوەی داعشەکان قاچی گڵاویان نەخەنە سەر خاکی کوردستان خوێنیان بەخشی و شەهیدو بریندداربوون. یەکێک لەو گەنجە باڵا شاتانەی سنووری ناحیەی شاوێس و گوندی براغی نزیک هەولێر شەهید (کاکەمین یوسف براغی) بوو لەم پێناوەدا شەهید بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمان و تێکۆشەری فەوجی (٣)ی لیوای (٣)ی پاسەوانی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو. لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردییەکانی بەرگری لە خاکی کوردستان کردووە چ لەسەردەمی جوندولئیسلام و زۆربەی ڕووبەڕووەکانی دژ بە داعشە خوانەناسەکان. بەڵام بەداخەوە لە ٣٠ـ١ـ٢٠١٥ لەمەکتەب خالیدی کەرکوک گیانی سپاردو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە...

- ناوی تەواو: کاکەمین یوسف ڕەمەزان محەمەد
- ناسراو بە: کاکەمین براغی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٧ـ١٢ـ١٩٨٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی براغ - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەردی

- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار لە ١-٤-٢٠١١ هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ (ئیڤان کاوە شاکر)
- تەنها یەک کۆرپەی چاوگەشی هەبووە بەناوی (کەویار)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٢٠٠٤ کۆمیتەی رێکخستنی شاوێس
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٨-٢- ٢٠٠٨ فەوجی (٣) لیوای (٣)ی تایبەت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژی داعشی کردووە.
- رۆژی ٣٠-١-٢٠١٥ بریندار دەبێ لەمەکتەب خالیدی کەرکووک
- دوو رۆژ دواتر لەنەخۆشخانە گیانی سپاردو شەهید بوو.

شەهید (کامۆ)

# کامەران تەها حەسەن جبرائیل



شەهید کامەران شێراوەیی لە خانەوادەیەکی هەژارو زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتۆتە دنیاوە، وەکو زۆربەی منداڵانی لادێکان سەرەتا بەخوێندن و دواتر هاوکاری دایک و باوکی کردووە لە بواری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ.. لە تەمەنی (١٨)ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووەو بۆتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ ـ کەرتی (٤)ی دوژمن بەزێن. ناوبراو پێشمەرگەیەکی هێورو هێمن و رەوشت بەرزبوو ـ لە هێرش و بەرگرییەکان خۆڕاگرو گوێڕایەڵ بووە، بەهۆی ئەوەی پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و ئازا بووە بۆتە خۆشەویستی ناو کەرت و تیپەکەی، بەڵام بەداخەوە لەکۆتایی مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵمەتێکی بەعسییەکان دەستگیر دەکرێ و ئەنفال دەکرێ تاوەکو ئێستاش ناوبراو گۆڕی نییە... هەزاران دروود لە گیانت پێشمەرگە چاونەترسەکەی کەرتی (٤).

- ناوی تەواو: کامەران تەها حەسەن جبرائیل
- ناسراو بە: کامۆ
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێراوە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: گەلاڵی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی تەواو کردووە.
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤)

دوا شوێنی پێشمەرگایەتی کەرتی (٤) بووە هەڤاڵ (بەکر گردەسۆری) فەرماندەی کەرت بووە لە شوێنی

شەهید عەریف ئەکرەم

ـ لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکی و نەبەردییەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.

ـ ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو بەرەوشت بووە.

ـ جگە لەخۆی برایەکی تری شەهیدە بەناوی (بارزان) لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پێشمەرگە بووە.

ـ لە کۆتایی مانگی (٨) ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال کراوەو تاوەکو ئێستا کەس نازانێ زیندەبەچاڵ کراوە یان گوللە باران کرابێت. شەیانی باسە پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ ئەنفال کراوە بەناوی (تاریق)

شەهید (کامەران بچکۆل)

# کامەران حەسەن مەولود پیرداود



لەراستیدا دەمویست بارتەقای خەبات و بەرخودانی شەهید کامەرانی مەلا حەسەن بەدوای چەند دێریک وشەی شایستەو لایەق بە ئازایەتی و ئاستی وشیاری ئەم لاوەی لەسەرەتای تەمەنی جوانی بوو، شۆڕش و کوردایەتی هەڵبژارد لە جیاتی خۆشییەکانی ژیان. بەڵام دواتر لە بەدواداچوونی ژیاننامەی ئەم لاوە هەست ناسکە هەڤاڵان (جەلال ئیلنجاغی) و (دێدەوانی یەعقوب) لە دوو وێستگەی جیاواز یەکیان لە شاخ و ئەوی تر لە زیندان هیچ وشەو دێرێکی وایان بۆمن نەهێشتەوە بیکەمە پێشەکی ئەم نووسینەم بۆیە فەرماندەو پارتیزانی خاکی هەڤال (جەلال ئیلنجاغ)ی دەربارەی شەهید (کامەرانی مەلا حەسەن) کە ماوەیەک لێپرسراوی بووە لە کەرتی (٢)ی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر وتی: پێش ئەوەی باسی چەند لایەنێکی ژیانی ئەم شەهیدە بکەم پێم خۆشە ئەم شعرە پێشکەشی گیانی پاکی ناوبراو بکەم.

" هاوڕێی شەهیدی نەبەزو دلێر<br>
چوویتە بەرپەتی سێدارە وەک شێر<br>
هەرگیز دوژمنت بەهیچ نەزانی<br>
وەک هەڵۆی چاوتیژ دورت ئەڕوانی<br>
پڵنگی سەفین قارەمانی شار<br>
لەناو جەرگەی شار بەدوای تاوانبار<br>
لە کوچەو شەقام راوت ئەکردن<br>
بەعسیت ڕەوانی دۆزەخ ئەکردن"

پاشان وتی کامەران گەنجێکی هێدی و ئارام بوو لە گفتوگۆ، پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو، خۆشەویست

بوو لەناو خەڵک و پێشمەرگە، هێندە بەڕێزو بەحورمەت بوو لەناو لادێکان لەکاتی دابەش بوونی پێشمەرگە بەسەر ماڵەکاندا بۆ پشوو و نان خواردن ئەو زۆرجار نانی نەدەخوارد دواتر لە دوکانەکان کێک و بیبسی دەخوارد، پێم دەگووت نابێ لەکاتی دابەش بوون شەرم بکەیت، چونکە سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە جەماوەرە، دەیگووت لای من خواردن هەندە گرنگ نییە ئەوەندەی بیرم لە لای ئەو ماڵە هەژارانەی لادێکانە، چونکە ئەم خەڵکە زۆر هەژارن. شەهید کامەران بەتەمەن زۆر بچووک بوو، بەڵام بیرکردنەوەی زۆر گەورە بوو، پێشمەرگەیەکی زۆر هۆشیارو وشیاربوو، روح سووک بوو، تێڕوانینی هەمە لایەنەی هەبوو لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. بۆیە دەڵێم چاوەڕوانی کادیرێکی دڵسۆزو فەرماندەیەکی بەئەمەکی لێ دەکرا، چونکە هەتا بڵێ هەڵسوکەوتی جوان و رەوشت بەرز بوو، هەروەها لەرووی سەربازی جگە لەوەی زۆر دەچووە ناوشار بۆ چالاکی و تەمبێکردنی بەعسی و خۆفرۆشەکان، لەگەڵ ئێمە بەشداری گەورەترین داستانی دەشتی هەولێری کرد لە گوندی ئازیانە لە رێکەوتی ٧-٣-١٩٨٥ بەشدارییەکی مەیدانی کە دەورێکی زۆر بەرچاوی هەبوو کەتیایدا بریندداربوو،بە ویژدانەوە دەیڵێم هیچ حسابی بۆ گوللەی دوژمن نەدەکرد. بەڵام بەداخەوە بە پیلانی خۆفرۆشان کەوتە دەستی رژێم زۆر نامەردانە لەسێدارە درا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر.... دواتر زیندانی سیاسی ئەوێ رۆژێ و نووسەرو رۆژنامەنوسی ئەمڕۆ هەڤاڵ (دێدەوان یەعقوب) هاوڕێی زیندانی شەهید (کامەرانی مەلاحەسەن) وتی: شەهید کامەران زۆر قارەمان و خۆڕاگرو بەهێز بوو بەرامبەر بەعسیەکان، هەرگیز سەری نەوی نەدەکرد لەبەرامبەر ئەمنە فاشیەکان، زۆر جار لەبەیانیەوە دەیانبردە تەحقیق واتە ئازارو ئەشکەنجەو ئەزیەت دان بەهەموو شێوەیەک، کە ئێوارێ دەیانهێنایەوە لێمان دەپرسی چۆنی وەڵامی ئەوەبوو دەیگووت مادام دانپیانانم نەبووە واتە ئیعترافم نەکردووە زۆرباشم ئەو ئازاری جەستەی بەلاوە گرنگ نەبوو تەنها خۆڕاگری بەلاوە گرنگ بوو. ئەو رۆژەی لەهەولێرەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ ئەمنی عامەی بەغدا بەیەکەوە بووین، رۆژی یەکەمی دادگایش لە مەحکەمەی سەورە هەربەیەکەوە بووین، بەڵام سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ دووبارە (کامەران) و(سەدیق) ی هاوڕێی بانگکرانەوە بۆ بەردەم (عەواد حەمەد بەندەر)ی رەئیس دادگای سەورە نەهاتنەوە دەرەوە. ئێمە زانیمان حکومیان بە ئیعدام دراوە.کە ئێوارە داهات مەئمورەکەی ئەمنی عامە ناوەکانی (کامەران و سەدیقی) هاوڕێی خوێندەوە لە هۆڵەکە نەبوون ئینجا ئەفسەرێک پەنجەکانی لێک بادا و بە مەئمورەکەی وت (کامەران و سەدیق) هیچ واتە بەم شێوە لەناو دەبرێن. کە هاتینە دەرەوە بۆ ئەوەی بمان هێننەوە بۆ ئەمنی عامە، چونکە ئێمە هیچ قرارێکمان بۆ دەرنەچوو بوو، ئەوکات دیتمان هەردووکیان بە پەرۆکی رەش داپۆشرابوون.. دواتر لە رارەوەکە دووبارە ئەوانمان دیتەوە زۆر ئازاریان دابوون سەریان لەناو چۆکیان نابوو، ئەفسەرەکەی ئەمنی عامە بە نوێنەرەکەی دادگای سەورەی وت من چۆن ئەوانە وەربگرم کە بڕیاریان بۆ دەرچووەو بەیانی رۆژی هەینییە. نوێنەرەکەی دادگای سەورەش وتی ئەوانە رەوانەی ئەمنی شیمال دەکرێن لەوێ گولله باران دەکرێن هەر ئەمشەوە لێرەن، ئیتر دەستیان لەشیشی ناوەڕاستی رارەوەکە بەستانەوە تا بەیانی دەنگی کەلەپچەکانیان دەهات و هاتن لای ئێمە بەتانیان بۆ بردن گوایە بەشانیان دادەن بەیانیەکەی رەوانەی هەولێریان کردن. هەزاران دروود بۆ گیانی شەهید کامەرانی مەلا حەسەن.

- ناوی تەواو: کامەران حەسەن مەولود پیرداود (کامەران مەلا حەسەن)
- ناسراو بە: کامەران بچکۆل

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەشێخان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر.
- دواتر هاتوونەتە گوندی باغمرەی شەهاب لەوێ گیرساونەتەوە.
- عەشیرەت: لەک
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ لە تیپی (٩١) سەفین کەرتی (١) کە ئەوکات شەهید (تەحسین دیبەگە) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٥گواسترایتەوە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢)
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەر دوو تیپی (٩١) و (٨٦)ی دەشتی هەولێری کردووە بەتایبەتی چالاکییەکانی ناوشار.
- جگە لەخۆی خاوەنی (٢) شەهیدی ترە بەناوەکانی (جەنگی پیرداود) و(کرێکار قادر)
- لە ١٠-٤-١٩٨٥ بەهۆی خۆفرۆشێکی خیانەتکار دەکەوێتە بۆسەی رژێم و دەستگیر دەکرێ.
- رۆژو مانگ وساڵی لە سێدارەدان: ١٥-٦-١٩٨٦
- شوێنی لە سێدارەدان: سەربازگەی هەولێر.

## شەهید (نەقیب کامەران)

# کامەران عومەر عوسمان وەسمان



کامەران گیان شەهید بوون پلەیەکی گەورەیە لەلایەن پەروەردگارو خزم و نەتەوەکەت بەتایبەتی، شەهید بوون شەرەفێکی گەورەیە تەنها ئەوانەی قارەمان و چاونەترس و دڵسۆزن بۆ گەلەکەیان ئاواتە خوزازن شەهیدبن، کە تۆ شەهید بوویت قەڵاو منارە بۆچەند رۆژێک ماتەم باربوون، کەتۆ شەهید بوویت شار رەشپۆش و خەمگین بوو، بەشەهیدبوونت بوویتە چوارەم برا شەهید لەخێزانەکەت، ئەم هەواڵە هەواڵێکی سادەو ئاسایی نەبوو، چونکە ئێوەی چوار برا شەهید خاک و نەتەوەو یەکێتی نیشتمانیتان زۆر قەرزبار کردەوە. ئێوە لەخێزانێک پەروەردەو گەورە بوون لەوەتەی شۆرش و کوردایەتی هەیە ئێوە بوونتان هەیە، خەبات و بەرخودانی ئێوە بەردەوام بووەو هەورازو نشێوی زۆرتان برِی هەر کۆڵتان نەدا، ئەی کورە ئازاکەی لیوای (٣)ی دوژمن بەزێن. لێرەوە دەڵێم هەواڵی شەهیدبوونت هەموومانی تووشی شۆک کرد، ئاخۆ دەبێ ئەم پیرە دایکە سێ جار جەرگ سووتاوەت بەم هەواڵەی تۆش چ هەستێکی هەبێ باوەڕبکەن ئەم دایکە میهرەبانە مەگەر بەس خوای گەورە بزانێ ئاهو ناڵەی لەناخەوە چۆن بسووتێ. کامەرانی دەم بەخەندەو سادەو خاکی بەئارامی بنوو، ئاسوودە بە، دڵگیر مەبە، چونکە خانەوادەکەتان تاجی سەروەری لەسەرناو پرسەکەت هیچی کەمتر نەبوو لە پرسەی سەرۆکێک کە زۆرترین خزمەتی بە وڵاتەکەی کردبێ، باوەڕبکە زیاتر بەجۆش و خرۆش بوو نەک کەمتر... من هیچ ووشەیەک نابینم تەعبیر لە دڵسۆزی ئێوەو خانەوادەکەتان بکات، چونکە بەس بەدەم ئاسانە لەیەک دایک و باوک (٤) رۆڵە شەهید لە پێناو خاک و رزگاری نیشتمان.... روحت شاد ئەی سەروەرترین مرۆڤ. هەزار سڵاو و درووود لە گیانت پێشمەرگەو داکۆکیکاری خاک و نیشتمان...

ـ ناوی تەواو: کامەران عومەر عوسمان وەسمان

- ناسراوەبە: نەقیب کامەران، کامەرانی برای هاشم جیهاز
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٣-١٩٧٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دۆنگزاوە - ناحیەی مەسیف سەڵاحەدین - قەزای شەقڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە عەبدوڵڵا گڕاوی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئاکام، کاژین، سەهەند، ئارام، ئاڵان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٧ بە شەهید هاشم جیهازەوە.
- لەساڵەکانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ و ١٩٩٠ زۆرترین هاوکاری نان و خـواردن و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ پارتیزانەکانی سنووری بناری سەری ڕەش کە هاشم جیهازی برای یەکێک بوو لە پارتیزانەکان بەردەوام بووە.
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- ناوبراو درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ١٩٩٣
- لە ساڵی ١٩٩٣ لەسەر داواکاری کاک سەفینی مەلاقەرە دەکرێتە ئاسایش لە دەستەی پاسەوانی تایبەت دواتر پلەی بەرزدەکرێتەوە بۆ مفەوەزی ئاسایش.
- شەهید کامەران لە پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق لە ڕزگارکردنی شاری کەرکووک بەشداری دەکات.
- لە سەرەتای دامەزراندنی هێزی دژە تیرۆر لە ساڵی ٢٠٠٣ پەیوەندی بەم هێزەوە دەکات.
- دوای ساڵێک بەشداری خولی (٥)ی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کولیەی عەسکەری قەڵاچۆلان دەکات. خولەکە بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات و پلەی ملازمی پێ ئەبەخشرێ.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ دەچێتە سەرۆکایەتی ئەرکان - کەتیبەی راجیمات بەردەوام دەبێت تا ٢٠٠٩
- دواتر دەگوازرێتەوە سەر فەوجی ٣ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت.
- دواتر لە تەشکیلاتی لیوای (٣) لە ساڵی ٢٠١٣ ناوبراو دەکرێتە فەرماندەی سریەو رابەرسیاسی فەوج و ئەندامی کۆمیتە.
- لە تەشکیلاتی ساڵی ٢٠١٦ لە لیوای (٧) فەوجی (٢) دەبێتە یاریدەدەری فەوج.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و بەرگرییەکانی لەحکومەتی هەرێم کردووە. لە شەڕی دژی تیرۆریش هەر لە سەرەتاوە لە شەڕەکانی جوندولئیسلام تا کاتی شەهید بوونی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژ بە داعشی کردووە لە سنوورەکانی کەرکووک، جەلەولا، مەلا عەبدوڵڵا. مەخموور، گوێڕ، داقوق، عەتشانە- بەشیر.
- تەنها لە خێزانەکەی جگە لەخۆی (٣) برای تری بەناوەکانی (سەفین - هاشم جیهاز- عەقید بەکر شەهیدەو (١٢) هەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧-١٠-٢٠١٦
- شوێنی شەهیدبوون: گوندی خەرابە سوڵتان. لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ.

## شەهید (کانەبی مامەسینی)

# کانەبی جەوهەر ڕەشید



شەهید کانەبی جەوهەر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزو دەروێشانە بۆ کورد تێکۆشاون و لە مەیدانی خەبات هەمیشە بوونیان هەبووە، بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکانی کورد هەمیشە شانیان بەچاکی داوەتە بن ئەو ڕەورەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، هەربۆیە ناوناوبانگیان بە پیرۆزی لە دەفتەری مێژووی کوردایەتی بە پاکی ماوەتەوە. ئەگەر بێینە سەر ڕابردووی شەهید کانەبی دەبینین لە تەمەنی هەرزەکاری تێکەڵ بە کاری سیاسی و کاری ڕێکخستن بووە. دواتر پەیوەندی بەشاخەوە کردووەو بۆتە پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێر، لە دوای ڕاپەڕینیش ئەم شەهیدە بەشداری سەدان شەڕی کردووە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلەکانی لە فەرماندەی مەفرەزە بڕیوە تا سەرلەشکری تایبەت لە لای بەڕێز کاک کۆسرەت، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراوی داسەپاو بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی تورکیاو هێزێکی دەست کێشی کوردی شەهید دەبێ و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، درووود بۆ گیانت ئەی فەرماندە پڵنگ ئاساکەی یەکێتی، نەمری و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی بەدەستی بێگانە ڕۆڵەی کوردیان شەهید کردووە...

- ناوی تەواو: کانەبی جەوهەر ڕەشید
- ناسراو بە: کانەبی جوهەر یان کانەبی مامەسینی
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرگەڕان - ناحیەی کەندیناوە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: مامەسینی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: خاوەر عەبدوڵڵا سلێمان

ـ ناوی منداڵەکان: هەنگاو، زانکۆ، گەشاو
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان.
ـ ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی ١٩٨١ لە کەرتی (٢) هەرێمی (٨) هەولێر حزبی سۆشیالستی کوردستان.
ـ لە ساڵی ١٩٨٧ سەنگەری خەباتی پێشمەرگانەی گواستۆتەوە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ـ درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە تیپی (٨٧) قەرەچوغ کەرتی (٢)
ـ ئەو پێشمەرگە قارەمانە بەشداری دەیان نەبەردی و داستانی کردووە لەوانە (داستانی سێگردکان، قەرەچوغ، ترپە سپیان، داستانی گرتنی دێگەڵە لەم شەڕەدا ناوبراو ناقیلەیەک دەگرێت.داستانی سەری رەش، داستانی تۆڵەی شەهیدانی هەڵەبجە، نەبەردییەکانی دۆڵی وەرتێ، قۆپی جوانەگا، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ رۆڵی کارای هەبووە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان
ـ لە ساڵی ١٩٩١ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە لە هێزی تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت.
ـ لە زۆربەی شەڕەکانی کانی قرژاڵە، سێبەردان، پیر رەش، بیوکە، گرتنی بارەگای فەوجی دیبەگە، پونگینە، چەمرگە، دێگەڵە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، بەشداری کاریگەری هەبووە لە شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵە لەسەر سنوور تا ئازادکردنی شاری کۆیە.
ـ شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەند جارێک بریندار بووە.
ـ دواپلەی سەرلەشکری تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت بووە
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩ـ١١ـ١٩٩٧
ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی گەرۆتەی دەڤەری هیران.

## شەهید (کاوە عەوێنە)

# کاوە عوسمان بەکر ئیبراهیم



مەفرەزە تایبەتیەکەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ چەندین پێشمەرگەی ئازاو چاونەترسی لەئامێزگرتبوو لەگەڵ شەهیدی فەرماندە دەشتی موهەندیس بەیەکەوە چەندین پلانیان بۆ لووت شکانی جاش و مەفرزە خاسەکانی ئەوێ رۆژێی هەولێر دادەڕشت. یەکێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزو چاپووکانەش شەهید (کاوە عەوێنەیی) بوو. هەڤاڵ (سەید کەمال جەباری) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید وتی: من و شەهید کاوە زۆر برادەر بوین، زۆر لێک نزیک بووین ئەو لەخانەوادەیەکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر گۆش و پەروەردە کرابوو، لەسەر کوردایەتی باجی زۆریان دابوو هەر بۆیە زۆرباسی هەژاری و دەردەسەری خۆیان دەکرد کە لەسەر کوردایەتی چیان بەسەر هاتووە . کاوە زۆر نوکتەچی و قسە خۆش بوو،زۆر خۆشەویستی ناو هێزی پێشمەرگەبوو هەمیشە هاوکارو کارئاسانی دەکرد لەگەڵ هاوڕێیانی واتە کەسێکی سینگ فراوان و لێبوردە بوو، لە شەڕو نەبەردییەکان جێ پەنجەی زۆر دیاربوو، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسێکی کراوەو بە پەیوەندی بوو، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراو لە دوای ڕاپەڕین شەهید بوو. هەزاران سڵاو درووود بۆ گیانی ئەم پێشمەرگە قارەمان و دڵسۆزەی ڕێبازی کوردایەتی..

- ناو: کاوە عوسمان بەکر ئیبراهیم
- ناسراو بە: کاوە عەوێنە
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی عەوێنە
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزان: نازدار سادق
- ناوی منداڵەکان: ژاکاو - تۆڵە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ تیپی ٨٧ی قەرەچوغ - لە مەفرەزەی تیپ لای شەهید دەشتی موهەندیس
- کە دەشتی موهەندیس شەهیدبوو ناوبراو گواسترایەتەوە کەرتی (٥) هەمان تیپ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە لەوانە: شەڕی قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسوور، ئازاد کردنی تەق تەق، داستانی (١١) ڕۆژەی سماقوڵی، داستانی سەری ڕەش، لێدانی کبریتی شەرگات، لێدانی بەدەویەکانی ساقیە، شەڕی شێخ شـەروان، شەڕی سێگردکان، دێگەڵە، کونەکۆتر، لە شەڕی کونەکۆتر ئامۆزایەکی شەهید بوو بەناوی (عزەت عەزیز) شەڕەکانی سەرکردایەتی، شەڕی مەچلوبە
- (١١)مین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٣-١٢-١٩٩٣
- شوێنی شەهید بوون: هەولێر

### شەهید (کاوێس عەلی رەشی)

# کاوێس عوسمان مستەفا سەلیم




مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پڕاوپڕە لە نەبەردی و چالاکی و بەسەرهاتی قارەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زۆرجار گوێبیستی ئەوە بووینە فڵان لەبەرکەمی تەمەنی وەرنەگیراوە لە پێشمەرگایەتی، ئەمە هەستە، ئەمە دڵسۆزییە، ئەمە ئەوپەڕی هەست کردنە بە بەرپرسیاری تەمەنی نەبۆتە (١٨)ساڵ دەیەوێ خەبات بکات لە دژی نەیارانی نەتەوەکەی، یەکێک لەو پێشمەرگانەی تەنها تەمەنی (١٤) ساڵ بوو پەیوەندی بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی کرد ئەویش (کاوێس عوسمان مستەفا سەلیم) عەلی رەشی بوو. بەڵام ئەمجارەیان نەیان توانی ئەم لاوە قەناعەت پێ بێنن و رەوانەی شاری بکەنەوە، ناوبراو گەنجێکی گوێڕایەڵ، ئازا، هێمن و هێور، لەماوەیەکی کەم توانی جێگای خۆی بکاتەوە لەناو هێزی پێشمەرگە.. لەبەر ئازایی و دڵسۆزی کرایە فەرماندەی مەفرەزەو بووە یەکێک لە کوڕە ئازاکانی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.. ناوبراو بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی گەورەی سنوورەکەی کردو ڕۆڵی کارای هەبوو لە شەڕو پێکدانانەکان، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ کرایە جێگری کەرتی (٥)ی دوژمن بەزێن. ناوبراو لە زۆربەی شەڕەکان لە پێشەوەی پێشەوەی هێرشەکان بوو، لە ئازایەتی وەسفی ناکرێ وەک هاوڕێ و هەڤاڵانی باسی دەکەن. بەڵام بەداخەوە لە سنووری مێرگەسەر گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، درووود بۆ گیانی شەهید کاوێس و تێکڕای شەهیدانی کوردو کوردستان........

- ناوی تەواو: کاوێس عوسمان مستەفا سەلیم
- ناسراو بە: کاوێس عەلی رەشی
- تەمەن:١٩٦٩
- شوێنی لە دایک بوون: عەلیە رەش، قەراج، قەزای مەخموور، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- عەشیرەت: سیان
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ لە کەرتی (١) شەهید کاوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٤ ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ساڵی ١٩٨٦ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە
- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوە بە جێگری کەرتی (٥) تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغی کردووە لەوانە: شەڕەکانی سەرکردایەتی، شەڕی بێتواتە، قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، بازگەی مەخموور، بازگەی کەرکووک هەولێر- داستانی ١١ رۆژەی سماقولی - بنەباوێ، گرتنی سەری رەش، شەڕەکانی دۆڵی بالیسان، گرتنی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسوور لە سێقوچان، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک، شەڕەکەی کلکەی میجان لە قەرەچوغ. چەندان شەڕی تری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە کلکە میجان لە بناری قەرەچوغ و لەشەڕی ساقیە
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون. ٨-٢-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون. مێرگە سەر شاخی مووسەک

## شەهید (کەمالی حاجی ئاغا)

# کەمال حاجی خدر عومەر



بەبێ گومان ئەوانەی ئەو سەردەمەی پێشمەرگە بوون لە سەرکردایەتی، یان هەرێمەکان، باش دەزانن پێشمەرگایەتی ئاسان نەبوو، دەڤەری باڵەکایەتیش مێژوو شایەدە لە شۆڕشەکانی کورد چەند دەستپێشخەرو پێشەنگ بوونە لە پێشمەرگایەتی و خەبات و بەرخودان، ئەگەر باسی شەهید (کەمالی حاجی ئاغا)ش بکەین ئەوا هیچ چیاو کێوو دەشتایی و ئەشکەوت و بن بەردێکی ئەم کوردستانە نەماوە ئاشنا نەبێت بە رابردوو خەباتی ئەم تێکۆشەرە خاکیە. ئەو هەموو تەمەنی جوانی و لاوی خۆی لەسەر ئینتمایی کوردایەتی بەخت کرد و کۆڵی نەدا، هەرچی سیفەتی جوان و جوامێری هەبوو لەشەهید (کەمال) کۆببۆوە، ئەو جگە لەوەی زۆر قارەمان و ئازاو چاونەترس بوو، پیاوێکی مەردو بە رەوشت و ناخ پاک بوو،لەرووی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەوە جگە لەوەی خۆشەویست و رێزلێگیراو بوو، دەوری هەبوو لە چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دەڤەرەکە. هەڤاڵ مامۆستا (بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین دەربارەی شەهید کەمال وتی: شەهید کەمالی حاجی ئاغا پێشمەرگەو کادیرو فەرماندەیەکی دیارو ئازاو خۆشەویست بوو لەناو هەڤاڵانیدا. سەرەتای یەکتر ناسینمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨١) لە گوندی وەرتێ کە شەهید کەمال فیشەکێک بەر قاچی کەوتبوو بریندار ببوو، منیش لەگەڵ هەریەک لە هەڤاڵان شەهید سەید کەریم و شەهید ئیسماعیل وەرتی چووین بۆ سەردانکردنی، دوای ئەم دیدارەش بووین بەهاوڕێ و دۆستی نزیکی یەکتر، دیارە یەکەم جاری بوو کەبریندار ببوو، بەڵام دواتر چەند جارێکی تریش بریندار بوو، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئازایەتی و چاونەترسی و خۆنەویستی ناوبراو. شەهید هەردەم ئامادەو چەک لەشان بوو، زۆریشی لێ دەهات، بەراستی چەک هەر لەخۆی جوان بوو، لەگەڵ ئەوانەشدا هەمیشە چەکەکەی بەباشی بەکاردەهێنا، بە ویژدانەوە دەڵێم لەم هەموو ساڵانەی پێشمەرگایەتیمان لەهەر شوێنێک شەڕ بووبێت و هێز کۆکرابێتەوە شەهید کەمالم بینیوە و ئامادە بووە. یەکێک بووە لەفەرماندە هەرە دیارو ئازاکان.

بەهۆی ئەم ئازایەتی و چاونەترسیەوە هەر زوو کرایە فەرماندەی مەفرەزەو فەرماندەی کەرت و تیپ. وەک دیارە ئەوکات ئاسان نەبوو بگەیت بەو پلانە، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئازایەتی و بوێری شەهید کەمال.
لەو ساڵانەی من لە مەڵبەندی هەولێر بووم، زیاتر سەردانی یەکترمان دەکرد و دۆستایەتیمان گەرمتر بوو، لەزۆر مناسەبەو کۆبوونەوە ئاگادارم دەکردەوە. رۆژێک لەگەڵ کورەکانی هاتنە لام لەمەڵبەند گوتی بۆ ئەوەم هێناون تا لەنزیکەوە هاورێکانم بناسن و ئێوەش هەر کارێکتان پێیان هەبێت ئامادەن. زۆر دڵی بە کورەکانی خۆشبوو، هەربەوەوە نەدەوەستا کە خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردن بەخاکی پیرۆزی کوردستان، بەڵکو کورەکانیشی ئامادە کردبوو. بەراستی منداڵەکانیشی باش پەروەردە کردبوو، خۆشەویست لەناو خەڵک و سەرکەوتوو لە خوێندن، کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جوامێری و لێهاتوویی شەهید کەمالی فەرماندە. گەورەترین قوربانیدانیشی ئەوە بوو بەم تەمەنەی وەک جاری جاران وەک فەرماندەو پێشمەرگە چووە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ لە دژی تیرۆریستان تا گیانی پاکی کردە قوربانی خاکی پیرۆزی کوردستان. هەزار درووود بۆ گیانی پاکی شەهید کەمال و هەڤاڵانی....

- ناوی تەواو: کەمال حاجی خدر عومەر
- ناسراوە بە: کەمالی حاجی ئاغا
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئێنێ - دەڤەری باڵەکایەتی - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: تەنها دەیزانی بنووسێ و بخوێنێتەوە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: سەعدیە مەلا ئەحمەد قادر
- ناوی منداڵەکان: سیڤەر، توانا، تۆڵە، دانا.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٨
- لە ساڵی ١٩٨١ سەرجەم بنەماڵەکەیان پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە.
- ساڵی ١٩٨٢ بۆتە فەرماندەی کەرتی (٢)ی تیپی (٧٤) باڵەک
- ساڵی ١٩٨٥ بۆتە جێگری تیپی (٧٤) باڵەک
- ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەتەوە تیپی (٩٩) بیتوێن بە جێگری تیپ هەر لەم ساڵە بەشداری لە داستانی (قەیوان ماوەت) کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ سەرپەرشتیاری تیپی (١٢) سۆرانی کردووە لە داستانی رزگاری.
- لە ساڵی ١٩٩١ وەک فەرماندەیەکی قارەمان بەشداری زۆربەی نەبەردییەکانی پێشمەرگەی کردووە تاوەکو رزگارکردنی کەرکووکی قودسی کوردستان.
- ساڵی ١٩٩٢ بۆتە جێگری فەوج لەسوپای هاوبەش.
- لە ساڵی ١٩٩٣ لە شەرێکی نەخوازراودا بەسەختی بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ لەسەر بریاری سەرۆک (مام جەلال) بووە بە فەرماندەی لەشکری باڵەک
- لە ساڵی ١٩٩٩ بۆتە فەرماندەی فەرماندەیی (پارێزگاری)

- ساڵی ٢٠٠٣ وەک فەرماندەی فەرماندەیی باڵەک رۆڵی کاریگەری هەبووە لەشەڕی دژە تیرۆردا.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە فەرماندەی لیوای (١٢٢)ی بیتوێن تاکو رۆژی شەهید بوونی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا (٥) جار بریندار بووە.
- بەشداری دوو کۆنگرەو سێ پلینیۆم و سەرجەم کۆنفرانسەکانی (ی.ن.ک)ی کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری سەدان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە لە سنووری چالاکی تیپەکانی ناوچەکە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢ـ٨ـ٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: بەرزایەکانی جەلەولا ـ گەرمەسێر.

## شەهید (کەماڵە سوور)

# کەمال حەمە ساڵح حەمەدەمین ئیسماعیل



بێ گومان بۆ ئەوێ ڕۆژێ لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان گوندەکانی سنووری تەق تەقی سەربە قەزای کۆیە چەندین فەرماندەو پێشمەرگەو کادیری ڕێکخستنی لە ئامێزگرتبوو، خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە دژی بەعسی و جاشەکانی سنوورەکە بەردەوام و بێ کۆڵدان بوو. یەکێک لەو گوندانە گوندی گەرمک بوو کە هەمیشە پشت و پەنای شۆڕش و کوردایەتی بوون. ئەوەی دەمانەوێ هەڵوەستەیەکی لەسەربکەین و لەخزمەتی دابین هەرچەندە ناتوانین حەق بە خەبات و بەرخودانی پشوو درێژی شەهید (کەمال) بدەین، بەڵام وەک وەفایەک هەر هیچ نەبێ یادی بەرزو پیرۆز بکەین بۆ ئەم مەبەستە هەڤاڵ (ئەبوزێد ساڵح) پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند) وتی: شەهید کەماڵە سووری گەرمک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بێ دەنگ، پێشمەرگەیەکی گونجاو خۆشەویست لەناو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، کوڕێکی ئازاو چاونەترس و خۆڕاگر بەرامبەر ئەرک و فەرمانی پێشمەرگانە. ناوبراو لەوپەڕی گوێڕایەڵی و دیسپلینی حزبی دابوو، هیچ شتێکی لا قورس نەبوو سەرجەم خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی پێشمەرگایەتی لەم قارەمانە بەدی دەکرا. دوا بەرگری و دواداستان کەتیایدا شەهید بوو داستانی کەلی سمایل بەگی بوو لە ٢١/٢٢-٣-١٩٩٥ کە شەهید کەمال و (٣) پێشمەرگەی تر شەهید بوون و (٦) پێشمەرگەی تر برینداربوون، لەم داستانە (١٤) ڕەبیەی ڕژێم دەستی بەسەرگیرا لەگەڵ بەدیل گرتنی (٦) ئەفسەرو (٣٣) سەربازو (٩٥) پارچە چەک و قەناس و بی کەیسی دەستکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون.. لێرەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهید کەمال و تێکڕای شەهیدان دادەنوێنین بەڵێن دەدەین بەردەوام بین و خەبات بکەین تا ڕزگاری یەکجارەکی.....

- ناوی تەواو: کەمال حەمە ساڵح حەمەدەمین ئیسماعیل
- ناسراو بە: کەماڵە سوور
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٧

- شوێنی لە دایک بوون:گوندی گەرمک، ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە، پارێزگای کۆیە.
- عەشیرەت: شێخان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سەنیە مراد بایز
- ناوی منداڵی شەهید: تەنیا
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: هاوینی ساڵی ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی (٩٣)ی کۆیە پاشان گواسترایەتەوە لای جەلال ئیلنجاغی لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- دواتر لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان گواسترایەتەوە لای هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر تا ساڵی ١٩٨٨ لە کەرتی (٦) ماوەیەکیش لای هەڤاڵ (ئەحمەد کوردە) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە: شەڕەکانی (بێتواتە، تەق تەق، سەری ڕەش، لێدانی گوندەکانی عەرەبان لە سنووری مەخموور، لێدانی قاتع ئەبو جەعفەر مەنسور، فەوجی مغاویری رواندز، شەڕەکانی سەرکردایەتی، لێدانی ڕەبیەکانی نێوان هەولێر-کۆیە ـ هەولێر- کەرکووک ـ ڕەبیەکانی جادەی تەق تەق، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک.
- لەپێش ڕاپەڕین فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبووە و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە.
- لە دوای ڕاپەڕین بەرگری کردووە لە دەست کەوت و بەهاکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان.
- لەبەر ئازایەتی و قارەمانیەتی (٢) جار بریندار بووە لە رزگارکردنی شاری کەرکووک ـ و برینداربوونی لە پشتی قەڵادزێ.
- لە سوپای یەکگرتووی کوردستان فەرماندەی (فەسیل) بووە لە هێزی (٧) فەوجی تەق تەق ـ لیوای تایبەتی هەولێر.
- جگە لە خۆی برایەکی بەناوی (فەتاح) لە ساڵی ١٩٨٢ شەهید بووە.
- شەهید کەمال دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە لە فەرماندەی (٩)ی کۆیە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١/٢٢-٣-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: کەلی سمایل بەگ ـ سنووری ناحیەی شوان لەشەڕی دژبە رژێمی فاشی سەدام

شەهید (کەماڵە ڕەش)

# کەمال قادر عەلی عومەر



لاوێک لێوان لێو لە دڵسۆزی و بوێری، وەک شێر لە هەڵمەت و ئازایی، پێشمەرگەیەک بەمانای وشە تێگەیشتوو قسەزان، پێشمەرگەیەک بۆ سەرکەوتنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو ساتێک قوربانی بەخۆی دەدا، تا گەل ئازادو سەرفراز بێت، ئەویش (کەمال قادر) ناسراوە بە (کەماڵە ڕەش) ـە ناوبراو پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ و هێمن و قسە خۆش بوو. زۆر جەماوەری و لێزان بوو لەکاتی گفتوگۆ، هەرچەندە لاوێکی ڕەش ئەسمەر بوو، بەڵام لەناو هێزی پێشمەرگەو لادێ نشینەکان زۆر خۆشەویست بوو. لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی نەبەردی و چالاکی و داستانەکانی سنووری هەولێرو سەرکردایەتی کردووە، بەڵام بەداخەوە لەدوای ڕوخانی گوندەکان و نەمانی دانیشتوانی گوندەکان ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵانی پێشمەرگە بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٨لەنزیک گوندەکانی هەولێر تووشی شەڕو ڕووبەڕووبونەوە دەبوونەوە، یان خیانەتیان لێ دەکرا تەسلیم بە ڕژێم و دائیرەی ئەمنی هەولێر دەکران و تا ئێستاش تەنانەت جەنازەو گۆڕیشیان نییە.. لە ٧ـ٣ـ١٩٨٨ چوار پێشمەرگەی قارەمان کەوتنە کەمینی جاشەکانی سنووری هەولێر لە ئەنجام دا (کەمال قادر) و (شەریفە سۆر) شەهید بوون گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درورد بۆ گیانی شەهید کەمال و تێکڕای شەهیدان.

- ناوی تەواو: کەمال قادر عەلی عومەر
- ناسراوە بە: کەماڵە ڕەش
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەڕەسۆر ـ قەزای مەخموور
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٨٤
- ئۆرگان: سەرەتا لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٢) بۆتە پێشمەرگە ـ دواتر گواسترایتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) کە ئەوکات شەهید خاڵە یوسف فەرماندەی کەرت بووە. ماوەیەکیش درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی..
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی..
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ ٣ـ ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: گوندی تەندورە ـ کۆدەرە

شەهید (کەمال مەسیفی)

# کەمال نادر حەمەد سەلیم



رون و ئاشکرایە ئەوانەی بە ناخێکی پاک و بەهەستێکی کوردانە تێکەڵ بە سیاسەت بوون و شاخیان هەڵبژارد بۆ پێشمەرگایەتی زۆرتر هیلاک بوون، هەورازو نشێوی زۆرتریان بینی، خوێنیان بەخشی، قوربانیان دا، تێکۆشان، بەرخودانیان کرد، ئەمانە کەمتریش بەرهەمی خەباتیان هۆنیەوە لەپاش ڕاپەرین، وەلێ سەربەرزبوون، شەرەفمەند بوون، کەسوکاری شەهیدان ئەوانن خاوەنی ئەم بەرهەمەی حکومرانی کوردستانن، یەکێک لەو خانەوادانەی جێگای فەخرو شانازی میللەتی کوردن، جێگای شانازی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن، بنەماڵەی شەهید (کەمال مەسیفی)ین واتە برای پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (حاجی مەسیفی)ین.. تێکۆشان و بەرخودانی ئەوان، دڵسۆزی و وەفای ئەوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ کورد بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان باڵانسەکەی لەبەرزی دابووە تا ئێستاکەش،، ئەوان خاوەنی (٥) شەهیدی قارەمانن. ئەگەر باسی قارەمانیەتی شەهید کەمال بکەین بەبێ گومان لە نووسینێکی وا ناتوانین خۆمان لە قەرەی بدەین، ئەو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، بەئەمەک، ئازا، بەدیقەت و بە هیمەت، وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە ئەو هەمیشە لە شەڕو داستان و نەبەردییەکان پێشبڕکێی ئەوەی بووە لە هێرشەکان لە پێشەوەی پێشەوە بێت.. لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی و شەڕی گەورەی کردووە کە لە خوارەوە ئاماژەمان بە هەندێ شەڕ کردووە. لەبەرئازایەتی و هەست کردن بەبەرپرسیاریەتی (٢) جار بریندار بووە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەگریس و خیانەتێکی گەورەی وەک ٣١ی ئاب ناوبراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد شەهید کەمال، ئارامگەت ئارام کوڕە ئازاکەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی..

- ناوی تەواو: کەمال نادر حەمەد سەلیم
- ناسراو بە: کەمال مەسیفی

- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: مەسیف سەلاحەدین
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: خدیجە محەمەد ڕەسول وەسمان.... منداڵیان نەبووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٢ـ٧ـ١٩٨٢ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ماوەی چوار مانگ زیندانی بووە لەکاتی کاری ڕێکخستنی دەکرد لە ساڵی ١٩٨٢ زیندانی بووە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢١ـ٤ـ ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە تیپی (٨٥) بەڕانەتی ـ کەرتی (٤)
- لە شاخ واتە لە پێش ڕاپەڕین ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- (٥)ـمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی (دووبرا) و(دوو ئامۆزا)
- چوار برا لەیەک خێزان پێشمەرگەن
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە لەوانە: شەڕی زیارەت ـ گرتنی سەری ڕەش ـ گرتنی ناحیەی دێگەڵە ـ گرتنی ناحیەی تەق تەق ـ شەڕی ساقیە ـ شەڕی کێل کێل ـ داستانی ١١ ڕۆژەی سماقوڵی ـ شەڕی شاخی سوور لە بەنی هەریر- شەڕی گرتنی شارۆچکەی هەریر ـ شەڕی کۆمیتەی مەسیف ـ داستانە مەزنەکەی شاری هەولێر لە مانگی سێ ـ شەڕەکانی ٣١ی ئاب و دواشەڕ لە سنووری چەمرگە..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە. لەداستانی کێل کێل و داستانە مەزنەکەی کۆمیتەی مەسیف،
- ناوبراو بەشداریەکی کارای هەبووە لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان تا شاری کەرکووک.
- ماوەیەک جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی مەسیف سەلاحەدین بووە.
- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری (٤) هەولێر.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٥ـ٩ـ١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی گردیش سەربە قەزای بنەسڵاوە.

### شەهید (کەریم سارۆخ)

# کەریم خدر مەولود عەلی



رون و ئاشکرایە لەسەردەمی بەعسیزم لەهەولێر ئەوانەی نەدەکەوتنە ژێر رکێفی بڕیارو فەرمانی رژێم، بێ گومان هەستی کوردانەو سەرەداوێکی نهێنی رێکخستنیان لەگەڵ شۆڕش و سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەتی لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، ئەوانەی خۆشەویستیان بۆ پێشمەرگە هەبوو زۆر دەگمەن بوو ببێتە جاش و جەیش شەعبی جگە لەوانەی لەسەر بڕیاری شۆڕش بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە دەیانناردەوە و کاری ناوشاریان پێ رادەسپارد. یەکێک لەو گەنجانەی ئەوێ رۆژی نەهج و بەرنامەی بەعسیە فاشیەکانی قبوڵ نەبوو لە گوندی پالآنیانی قەزای مەخموور شەهید (کەریم سارۆخ) بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی هێورو ناخ جوان و بەدیسپلین بوو، ئەو فەرماندەیەکی گەنجی سەردەمی خۆی بوو، ئەوەندە سادەو بێ ئاریشە بوو خۆشەویستی ناوچەکەی بەدەست هێنا بوو. لە رێکخستنی نهێنی شاریش وەک رێکخەرەکەی بۆی گێڕامەوە گەنجێکی مەرد و دەست پاک و بێ ئاریشە بوو، زۆربەی کارەکانی رێکخستنی بەباشی مەیسەر کردووە. لەسەردەمی پێشمەرگایەتیش هەڤاڵ (سەرهەنگ پالآنی) وتی هەرچەندە ماوەی پێشمەرگایەتیەکەی نزیکەی دوو ساڵ کەمتر بوو، بەڵام زوو شوێنی لەدڵی خەڵکی کردەوە و لەرووی کۆمەڵایەتی پیاوێکی سەنگین و بەکەڵک بوو. هەتا بڵێی ئازاو بەهیمەت و بەغیرەت بوو.

- ناوی تەواو: کەریم خدر مەولود عەلی
- ناسراو بە: کەریم سارۆخ
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی پالآنی - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: گەلالّی

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: سەرەتای ساڵی ١٩٨٣
- لەلایەن سەرهەنگ پالآنی و کەمال محەمەد رێکخراوە بۆ رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٣
- سەرەتا پەیوەندی دەکات بەکەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- دواتر دەگوازرێتەوە کەرتی (٢)ی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی هەولێری کردووە.
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٩ـ١٢ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی تەللخێمی گچە

شەهید (سەرفراز)

# کەریم ڕەسول قادر حوسێن



لەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٧٦ لە هەولێری لانەی شێرانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بۆ ئەوێ ڕۆژێ کۆمەڵێک گەنجی خوێندەوارو چاونەترس دەیان شانەو گروپ گروپی نهێنی پارێز خۆنەویستانە دەروێشانە تێدەکۆشان بۆ بەرەو پێش چوونی ڕەوتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بەبێ گومان ئەوێ ڕۆژێ ئەوانەی لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کاریان دەکرد مەرگیان هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی دوژمن بزانێ توێژێک هەیە بە ڕەش بڵێ ڕەش و بە سپی بڵێ سپی چەندین خانەوادە لەم هەولێرە بڕیاریان دابوو بە چالاکی و دروشم و پەخشنامەو نووسینی سەر دیوارەکان بەعسییەکان هەراسان بکەن، یەکێک لەو بنەماڵە تێکۆشەرو دڵسۆزو دیارانە خانەوادەی مام (ڕەسول قادر) بوون، باوکی شەهیدان (سابیر ڕەسول ـ عومەر ڕەسول ـ کەریم ڕەسول) ئەمانە لەقۆناغە جیا جیاکانی سەردەمی هۆشیاری ڕێکخستنەکان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵ وپێگەیان زۆربوو، لەسەر کوردایەتی هەورازو نشێوی زۆریان بینی لە دوای ساڵی هەشتاکان خاوەنی (٢) شەهید بوون برایەکانی تری فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان بوون لە شاخ هەرگیز کۆڵیان نەدا و بۆ ساتێکش لەبەرخودان دانەبڕان. شەهید کەریم یەکێک بوو لەو کادیرە پێشکەوتووانەی بەرپرسی شانەیەک بوو هەرگیز حسابی بۆ دوژمن نەدەکرد چەندین جار دەستگیر کراوە و بانگ کراوە بۆ دائیرەی ئەمن، هەرگیز باکی بەمەرگ نەبووەو تەنانەت لە ژێر ئەشکەنجەیەکی زۆریش بووە، بەڵام تەنها وشەیەکی نەدرکاندووە و نەبۆتە مەترسی بۆ سەر هەڤاڵانی لە ڕێکخستنەکان. بەڵام بەداخەوە لە مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٨١ دەستگیر دەکرێت و لە ١٠ـ٨ـ١٩٨١ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دەدرێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.


ـ ناوی تەواو: کەریم ڕەسول قادر حوسێن

ـ نازناو: لە نووسینەکان نازناوی (کوردی)یان (سەرفراز)

- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٤٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی پونگینە ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: جەمیلە، گەلاوێژ، بەختیار، خەبات، هێرۆ، هاژە، ئاڵا
- سەرەتا لە باڵی مەکتەبی سیاسی ـ پارتی، کاری کردووە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن ١٩٧٣
- ئۆرگان: کۆمیتەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ
- جگە لەخۆی (٢) برای تری شەهیدە بەناوەکانی (عومەر ڕەسول ـ سابیر ڕەسول)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠ـ ٨ـ١٩٨١
- شوێنی شەهید بوون: بەغدا

### شەهید ( کەریمی عەزە گورگە )

# کەریم عەزیز ڕەسول مەولود




شەهید هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵی هەستی بە ئازارو ستەم و زۆرداری بەعسییەکان کرد، کەبەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجامیان دەدا هەر بۆیە بەم تەمەنە کەمەوە چەکێکی لە جاشەکانی سنوورەکە بردبوو پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردو بووە پێشمەرگە، پاش هەرەس لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ناوبراو پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە لەگەڵ زۆربەی مەفرەزە تایبەتەکان دەهاتە شارو چالاکیان ئەنجام دەدا. ئەو کوڕێکی ئازاو چاونەترس و نیشتمانپەروەر بوو. ئەو لەخانەوادەیەکی تێکۆشەرو شەهید پەروەر گۆش و پەروەردەببوو، باوکیشیان لە ساڵی ١٩٦٩ شەهید کراوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی زیاتر لە دوو جار بریندار بووە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ٧ـ٦ـ١٩٨٨ لە قۆپی جوانەگا شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران سڵاو و درووود بۆ گیانت کوڕە ئازاو بەوەفاکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان..

- ناوی تەواو: کەریم عەزیز ڕەسول مەولود
- ناسراو بە: کەریمی عەزە گورگە
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گورگە ـ ناحیەی سەرگەڕان
- عەشیرەت: مامەسێنی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئەسمەر حەسەن عەزیز
- ناوی منداڵەکانی: هەڤاڵ ـ هەژار ـ بەختیار ـ سەعدیە

- له تەمەنی (١٤) ساڵی چەکێکی جاشان دەبات و دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ناوبراو له ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ زۆربەی مەفرەزەکانی سنووری مەخموور چالاکی ئەنجام داوە بەتایبەتی شەهید فاقە مەخمووری، بەڵام لەمانگی (٤) ساڵی ١٩٨٧ بە فەرمی بۆتە پێشمەرگە سەرەتا لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ.
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (١)
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٩١)ی سەفین لەوێ درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە (مەچلوبە، رێگای قوشتەپە، سنووری مەخموور)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٦ـ ١٩٨٨ سەعات (٦)ی بەیانی
- شوێنی شەهید بوون: قۆپی جوانەگا

## شەهید (کەریم مشاری)

# کەریم عەلی محەمەد سەمیر




ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ واتە ساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگە بوونە هەر ئەوان دەزانن ئەرک و واجباتی پێشمەرگایەتی چەند سەخت و دژوار بووە لە ئەوێ ڕۆژێ، ئەوکات ژمارەو مەفرەزەکانی پێشمەرگە ئەوەندە زۆرنەبوون، هەربۆیە لە زۆر دەڤەرو ناوچەکانی کوردستان دەبووایە بەڕۆژ پارتیزان بن و خۆیان ون بکەن نەبادا خەڵکی خراپ و خۆفرۆشەکان خەبەری دوژمن بدەن، ئەوانەی زۆر دڵسۆزو ئینتمای نیشتمانیان بەهێز نەبووایە قبوڵی ئەو هەموو ناخۆشی و تاڵی و سوێری ژیانی پێشمەرگایەتیان نەدەکرد، ئا لەم کات وساتە لاوێکی خوێن گەرمی گوندی مشار بارگەی کوردایەتی لەشان کردوو بەڵێنی بە مەخموورو قەراج و کەندێناوە دا، بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاستگۆیی بەرامبەر خاک و نیشتمان خەبات بکات، تا خوێنی شاباشی کوردستان و ئینتمای تازە بکاتەوە بۆ ئازادی، بۆ ڕزگاری، بۆ شۆڕش. ئەم لاوە خوێن شیرینەش (کەریم مام عەلی مشاری) بوو. ناوبراو بووە پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەڵام چ پێشمەرگەیەک (مەند، دڵسۆز، بەهیوا، ئازا) لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییەکانی سنوورەکەی کردووە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە ١٤ـ١٠ـ١٩٨٣ لە بێتواتە شەهید دەبێ و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانت ئەی قارەمانی داستانی بێتواتە بەئارامی بنوو تۆ بەڵێنەکەت گەیاندە جێ مەخموورو دیبەگەو گوێر سوپاسگوزاری تۆن کە ڕۆڵەی وەک تۆیان هەبووە.

- ناوی تەواو: کەریم عەلی محەمەد سەمیر
- ناسراو بە: کەریم مشاری
- ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مشار
- عەشیرەت: سارمەمی

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- کەرتی (١)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- جگە لە خۆی (٢) برای تری بەناوەکانی (سەدرەدین عەبدولڕەحمان) شەهید بووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٤-١٠-١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: بێتواتە

## شەهید (پۆڵا)

# کەریم مەولود ئەحمەد



دەشتی هەولێر شایەدە بۆ مێژووی شۆڕشی نوێ گوندەکانی، خەڵکەکەی باش دەزانن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوێ ڕۆژێ بە چ هەستێک بە چ پاکیەک بە چ نیەتێک لە بڵندگۆی کوردایەتیەوە جاڕی شۆڕش وخەبات و تێکۆشانیان دا.. ئەوێ ڕۆژێ جوگرافیای دەشتی هەولێر بۆ پێشمەرگەکانی سنووری دەشتی هەولێر مەیدانی ڕێکخستن و پلان و نەخشەسازی سەربازی مەڵبەندی ٣ی هەولێر بوو دژی حکومەتی بەعسی سەدام.. ئەوێ ڕۆژێ قەڵاو منارەی هەولێر شانازی بەبوونی خۆی دەکرد کە ڕۆڵەی وەک سەرداری سەعید سۆفی و ئەیوب و بەختیار کاوانی و خالیدمەنتک و سەدانی وەکو ئەوانەی بۆ چالاکی و هێرشەکانیان لەناو یەکەبەیەکەی گەڕەکەکانی هەولێر لە باوەش دەگرت.. ناکرێ لە نووسینی وا ناوی سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی هەولێر بنووسین، لاوێکی باڵا بەرز ـ خوێن شیرین ـ خۆشەویست ـ تێکەڵ بەلایەنەکانی کۆمەڵایەتی.. نەتەوەیی بۆ ئەوسا گەنجێکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو ئەویش کاکە (کەریم مەولود ئەحمەد) ناسراو بە (پۆڵا) دیارە وێڕای ئەوەی خۆی سەرقاڵی کاروکاسبی سەرتاشی کردبوو هەر زوو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کرد، هاوڕێ و هەڤاڵانی کاکە پۆڵا ئەوەیان دووپات کردەوە ناوبراو کەسێکی نهێنیپارێزو دەست و دەم پاک بوو هەر زوو بووە جێگای متمانەی ڕێکخستنەکان و سەرووی خۆی.. لەماوەی ٣ ساڵی ڕێکخستنی نهێنی ناوشار تا پەیوەندی بە شاخەوە کرد زۆرترین چالاکی و بەرنامەڕێژی بۆ ڕێکخستنەکان و هاوکاری شاخ لەسەر دەستی شەهید پۆڵا هاتۆتە کایەوە.. لەسەردەمی شاخیش ئەوانەی تیپی ١٢ی سۆران شایەدی دڵسۆزی و ئازایی و لێهاتوویی رابەر سیاسییەکەیان دەدەن و دەڵێن ئەوەندە سادەو خاکی بوو، ئەوەندە لێبووردە بوو، ئەوەندە لێهاتوو بوو مرۆڤ شانازی پێوە دەکرد، لایەنی فکری و ڕۆشنبیری کاکە پۆڵاش کادیرێکی

فکری و سیاسی بوو هەمیشە لەناو کۆڵە پشتەکەی کتاب و نامیلکەی تیا بوو، بەردەوامیش هۆشداری بە تیپەکەی دەداو لە نوێترین هەواڵ بێ بەشی نەدەکردن.. بەڵام بەداخەوە خەون و خولیاکانی کاکە پۆلا نەهاتە دی و لە شەڕێکی قارەمانانەو شەڕێکی مێژوویی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە (٣٠-٥-١٩٨٨) لە قۆناغی پێنجەمی ئەنفال شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە... هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید پۆلاو سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردستان..

- ناوی تەواو: کەریم مەولود ئەحمەد
- نازناو: پۆلا
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قورشاغلو - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- قۆناغی خوێندن: ناوەندی
- بۆ پێگەیاندن و بژێوی ژیان ساڵی ١٩٧٣ لە گوندەوە هاتوونەتە ناوشاری هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩ لە رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ٢- ٨- ١٩٨٢
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٣ی هەورێ
- لە ساڵی ١٩٨٣ دەکرێتە ئەندام کەرتی رێکخستنی رواندز
- ساڵی ١٩٨٥ دەکرێتە رابەرسیاسی (١٢)ی سۆران
- لە ماوەی پێشمەرگایەتی: بەشداری شەڕەکانی (قەیوان ماوەت - سەرکردایەتی - دۆڵی جافایەتی - دۆڵی ئاکۆیان - دەشتی هەریر - داستانی سەری رەش - زۆربەی ئەو شەڕانەی سنووری تیپی (١٢) سۆران بەشداری تیادا کردووە.
- یەک جار بریندار بووە لە گرتنی فەوجی (رواندز)
- رۆژی شەهید بوون: ٣٠- ٥- ١٩٨٨ لە قۆناغی پێنجەمی ئەنفال
- شوێنی شەهید بوون: چیای کێل کێل سنووری هەولێر قەزای رواندز

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/١٠/٨ لە ژمارە (٦٧٨٩) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە.

## شەهید (كۆسرەت سارتكی)

# كۆسرەت یاسین حەمەدەمین رەسوڵ



سارتک و سارتکییەکان لەمێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شوێن دەستیان زۆر دیاربووە هەمیشە لانەی شۆڕش و مەکۆی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆڵەپشتی شۆڕشیان لە کۆڵ بووە. بۆ ئەوێ رۆژێ بەستی شەرغەو سارتک قەشقەو خوڕ خوڕ شوێنی حەوانەوەو دیداری خانەوادەی پێشمەرگەکانی تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ بوون. ئەوێ رۆژێ دانیشتوانی ئەم سنوورە دڵسۆزە لەخەمی پێشمەرگەو لە خزمەتی پێشمەرگەدا بوون وەک یەک خانەوادەو یەک بنەماڵە ئاوێتەی یەکتر بوون بۆیە دوژمن لەکاتی هێرشەکان و بۆردومانی کۆپتەرەکانی جیاوازی پێ نەدەکردن. سارتیکییەکان هەستی نیشتمانی و هزری کوردایەتیان هەمیشە بەرزبووەو بۆ کوردایەتی هەورازو نشێویان زۆر بینیوە، لە پێش راپەڕین بەتایبەتی سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ هاوکارو پشتیوانی بەردەوامی پێشمەرگە پارتیزانەکان بوونەو لە دوای ساڵانی هەشتاش دۆست و دوژمن دەزانن ئەم سنوورە وەک پۆڵاین بوونە بۆ مانەوەو درێژە دان بە شۆڕش، لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردووش بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەدان لاوی ئەم سنوورە لەرێزەکانی پێشمەرگایەتی خزمەت دەکەن و سارتکییەکان دەیان شەهیدی قارەمانیان بەخشیوە بە خاک و نیشتمان، ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ئێستاش چەندین ئەفسەرو پێشمەرگەی شێر ئاسایان لەبەرەکانی دژبە داعش لە سەنگەردان. یەکێک لەو شەهیدانەی دەمانەوێ تیشکی بخەینە سەر شەهیدی لاو (كۆسرەت یاسین سارتکی)یە ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو گوێڕایەڵ بووە لە لیوای (١١) وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان، پێشمەرگەیەک خۆشەویست، کراوە، دەم بە خەندەو بە پەیوەندی، لەگەڵ ئەمەش هونەر دۆست و دەنگ خۆش و سازلێدەرێکی بە تواناو بە سەلیقە.. لە زۆربەی بۆنەو دانیشتنەکانی سنوورەکە بەشداری هونەری هەبوو، ئەو لەگەڵ ئەوەی

پێشمەرگەیەکی روح سووک و بە ئیلتیزام بوو لایەنی هونەرییەکەشی بەردەوام گەشە پێ دەدا. بەڵام بەداخەوە شەمشەمەکوێرەکانی جەهڵ و تاریکی خەون و خولیاکانی ئەم پێشمەرگەو هونەر دۆستەیان لە ٣١ـ١ـ٢٠١٥ لە گۆڕناو لە سنووری تەللوەردی کەرکووک گەیشتە کاروانی نەمرانەوە ...... هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەم شەهیدە روح سووک و دەروون پاکە...

- ناوی تەواو: کۆسرەت یاسین حەمەدەمین ڕەسول
- ناسراو بە: کۆسرەت سارتکی
- تەمەن: ١٤ـ٢ـ١٩٨٩
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای بنەسڵاوە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بابان
- خوێندنی سەرەتایی لە قەزای بنەسڵاوەو ناوەندی لە ناحیەی سێگردکان تەواو کردووە تا پۆلی (٥) ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکانی (تەنها یەک کچی لە دوای شەهید بوونی لە چلەکەیدا لە دایک بووە بەناوی (خۆشەویست)
- ناوبراو زۆر بایەخی بە هونەری گۆرانی و ژەنینی ساز دەدا لەم بوارە زۆر سەرکەوتوو بوو لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ئاهەنگ و دانشتنەکانی دەرازاندەوە.
- زۆر بایەخی بە وەرزش و یاری کردن دەدا لەم بوارەش هەوڵی زۆری دەدا.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن ( ٢٠٠٦)
- ئۆرگان: (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە (٩ـ ١١ـ٢٠١٢)
- یەکەم جار لە پێشمەرگایەتی پەیوەندی بە (مقەدەم لوقمان سارتکی مامیەوە) کردووە
- ئەو ئۆرگانەی پەیوەندی پێوەکردووە لیوای (١١) فەوجی (٤) سەربە وەزارەتی پێشمەرگە بووە..
- یەکەم شەهید کە (مامی) بووبە ناوی (کازم) لە بنەماڵەکەیان لەگوندی کڵێسەی دەشتی کۆیە لە ٢٤ـ٣ـ١٩٨٠ شەهید بووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.
- حەوتەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە بۆ پاراستنی حکومەتی هەرێم و سەرجەم شەڕەکانی مەلا عەوڵا و تەللوەردو هەموو شەڕەکانی سنووری کەرکووک لە دژی داعش
- ڕۆژو ساڵی شەهید بوون (٣١ـ١ـ ٢٠١٥)
- شوێنی شەهید بوون (سنووری کەرکووک لە تەللوەرد)

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/٨ لە ژمارە (٦٨٩٢) لە لاپەڕە (٩)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید ( لاوکۆ قولتەپەیی)

# لاوکۆ کەریم ئەحمەد حەمەد



گوندی قولتەپەش وەکو باقی گوندەکانی تری کوردستان دانیشتوانەکەی هەم خەمخۆری شۆڕش و هەم لانەو مەکۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، هەم بەخوێنیش بەشداریان لەو دەستکەوتانەی کوردستان کردووە. خانەوادەی شەهید لاوکۆش یەکێک بوونە لە دڵسۆزانی کوردایەتی و هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، تا دانەبڕێن لە سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەم خانەوادەیە لە ڕاپەرینیش باوکیان شەهید بوو بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (جەلال شێراوەیی) پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێی شەهید وتی: (لاوکۆ کەریم) چونکە لە خێزانێکی کوردپەروەرو خاکی پەروەردە ببوولەناخی دا دڵسۆزییەکی تەواوی هەبوو بۆ خاک ونیشتمان. هەربۆیە وەک گەنجێکی خوێن گەرم بە باوەڕێکی پۆڵایین وەلائی بۆ ڕێبازی (مام) دووپات دەکردەوە، لاوکۆ پێشمەرگەیەکی روح سووک و خۆشەویست و توندوتۆڵ بوو، زۆربەی کاتەکان کلاشنکۆفەکەی بەدەستەوە بوو ئامادە بوو بۆ هەر ئەگەرێک، ئەو خۆشەویستی ناو هەڤاڵەکانی بوو. دەم بە پێکەنین و سادەو خاکی بوو، لە ماوەی پێشمەرگایەتی لە هەموو شەڕەکان جێ دەستی دیاربوو.دواجار لەبەرەبەیانی ٧-٣-١٩٨٥ هێزێکی گەورەی جاش و سەرباز هێرشی کردە سەر گوندەکانی قەشقەو ئازیانە ئێمەش لە گوندی قەشقە بووین هێزێکی لە ڕادەبەدەر زۆر کە پێک هاتبوو لە جاش و سەرباز بە پاڵپشتی دەبابەو هەلیکۆپتەرو تۆپی دوور هاوێژ، هەروەها فرۆکەی سیخۆش بەکار هات، ئەم شەڕە ماوەی (١٤) سەعاتی خەیاند، دوژمن زیانێکی زۆری پێ گەیشت، بەڵام بەداخەوە شەهید لاوکۆو (٢) پێشمەرگەی تر لەم داستانە گەورەیە شەهید بوون بەناوەکانی (رەمەزان حەمەدعەلی قەیباشی) و (شێرزاد ڕەسول قوشاغولی) بەخوێنی ئەوان ئەم داستانە نەخشێندرا. هەزار درووود لەگیانت ئەی پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست..

- ناوی تەواو: لاوکۆ کەریم ئەحمەد حەمەد
- ناسراو بە: لاوکۆ قولتەپەیی
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قولتەپە - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خەیلانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٤
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- بۆماوەی (٧) رۆژ لەلایەن رژێم زیندانی کراوە گومانیان هەبووە سەر بە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام بەنەبوونی بەڵگەی دروست ئازاد دەکرێت.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: سەرەتا پەیوەندی دەکات بە کەرتی (٥)ی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر- دواتر لە کەرتی (٣) هەمان تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکی و نەبەردییەکانی سنووری تیپەکەی کردووەو جێ دەستی دیاربووە لەهەڵمەت و بەرگرییەکانی ئەوێ رۆژێ.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧-٣-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی قەشقەی سەربەناحیەی قوشتەپە

### شەهید (لەتیف بی کێسی)

# لەتیف حەمەدەمین ئەحمەد محەمەد



ئەو خانەوادەیەکی هەژارو دڵسۆزو کوردپەروەر لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی سێبیرانی کەندێناوە هاتۆتە دنیاوە. ناوبراو لە سەرەتای دروست بوونی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید هاوڕێ کاوە لەکەرتی (١) لە ساڵی ١٩٨٢ هەر هەمان ساڵ بەشداری شەڕی پشتیوانی کوردانی ئێرانیان کردووە لە رۆژهەلات، پێشمەرگەی دێرین و کادیری سیاسی (فەرهاد کادیر) وتی: شەهید لەتیف لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ بوو هات بۆ پێشمەرگایەتی لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کەرتی (١) کە ئەوکات هاوڕێ کاوە مەخووری فەرماندەی کەرتەکە بوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، قسە خۆش بوو، زۆر خۆشەویست بوو لەناو پێشمەرگە، ئەوکات خێزاندار بوو منداڵی زۆری هەبوو، لەسەرەتای گفتوگۆدا ناقیلەیەکی گرت لەنزیک قوشتەپە، بەماوەیەکی کورت پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێدرا، بەڵام بەداخەوە ژیانی پێشمەرگایەتی کورت بوو ١٩-١٢-١٩٨٤ لە دەشتی قەراج لە رووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ هەندێ جاشدا لەشەڕێکی دەستەویەخەدا شەهید بوو. درووود بۆ گیانت ئەی شەهیدی ماندوونەناسی رێگای خەبات.

- ناوی تەواو: لەتیف حەمەدەمین ئەحمەد محەمەد
- ناسراو بە: لەتیف بی کێسی
- تەمەن: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سێبیران - کەندێناوە - سەرگەران
- عەشیرەت: شێروانی
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: مامز جەعفەر حوسێن

- ناوی منداڵەکان: کەیفی، شێروان، جەمیلە،وەزیرە، ئەمیرە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی دەکرێ لە هەیئەی خاسەی کەرکووک.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣) و شەڕی پشتیوانی لە کوردانی رۆژهەڵات کردووە.
- لەماوەی خەباتی پێشمەرگانەیدا (٢) جار بریندار بووە لە شەڕی پشتیوانی لە کوردانی ئێران قەراسنج
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (١) شەهید کاوە فەرماندەی کەرتی ئەوکات شەهید محەمەد شینە بووە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١٩-١٢-١٩٨٤
- شوێنی شەهید بوون: گوندی چواربەردەی قەراج

شەهید (کاروان)

# لۆزان تەها محەمەد عەلی



لاوێک هەست ناسک و رۆشنبیر، لاوێک تێڕوانینێکی ژیرانە بۆ ئایندەی میللەتێک کەسەرتاپای ژیانی بە ژێردەستەیی رژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق مەیسەر کردووە، ئەوپاش تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی بازرگانی وەک هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی سەرشانی بۆ کوردایەتی لەتەمەنی (١٩) ساڵی خۆی گەیاندە شاخ و بووە پێشمەرگە لە کەرتی (٤)ی کەندیناوەی دوژمن بەزێنی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ. هەرچەندە تەمەنی ئەو زۆر نەبوو، بەڵام گوێڕایەڵی و دیسپلینی پێشمەرگانەی ببووە سەرکەوتنی ئەم لاوە خوێن گەرمە ئەویش (لۆزان تەها محەمەد عەلی) ناسراو بە (کاروان)ـە ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و داستانی وەک قەیوان ماوەت و داستانی سەری رەش و داستانی بنەباوێ سماقوڵی کردووە. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراو لە پاراستنی حکومەتی هەرێم لە رێکەوتی ١ـ١ـ١٩٩٤ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درود بۆ گیانی شەهید کاروان بندیان.

- ناوی تەواو: لۆزان تەها محەمەد عەلی
- ناسراو بە: کاروان
- تەمەن: ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی کوران هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی بازرگانی
- عەشیرەت: بندیان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: زولفان مستەفا محەمەد
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٤ بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە رێگای هەڤاڵ (عەبدوڵڵا

سوڵتان)

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ کەرتی (٤)ی کەندێناوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ

- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و شەڕی گەورەی کردووە لەوانە: داستانی قەیوان ماوەت، گرتنی سەری رەش، شەڕی ١١ رۆژەی بەنەباوێ، گرتنی دەیان رەبیەکانی جادەی هەولێر-کەرکووک کۆیە.

- لە رزگارکردنی ڕاپەڕینی هەولێرو کەرکووک بەشداری کاریگەری هەبووە.

- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-١-١٩٩٤

- شوێنی شەهید بوون: هەولێر

### شەهید (لوقمان بێریاتی)

# لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل



شەهید (لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل) لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزی نەتەوەکەمان بۆ پێشمەرگایەتی وەک بلێی پەروەردە بوونە. ئەم بنەماڵەیە زۆر دەمێکە تێکەڵ بەکاری سیاسی و کوردایەتی بوونە، شەهید لوقمان پێشمەرگەیەکی ئازاو بەهیمەت بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەو ماوەیەی لەخەبات و تێکۆشاندابوو بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی گەورەی کردووە. لە رووی کۆمەڵایەتیش پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و خۆنەویست بووە، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لە ساڵی ١٩٨٥ شەهیدبوو لە کەندی سیاو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: لوقمان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئیسماعیل
- ناسراو بە: لوقمان بێریاتی
- تەمەن: ١-١-١٩٦٦
- شوێنی لە دایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ بەتیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر- کەرتی (٣)
- پاشان گواسترایەوە بۆ تیپی (٨٥)ی بەرانەتی
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو نەبەردی کردووە دەوری کاریگەری هەبووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جاربریندار بووە.
- ساڵی شەهیدبوون: ٢٨-٦-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: کەندی سیاو

## شەهید (لوقمان مەخموری)

# لوقمان عەزیز نادر سەفەر




هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لێرەو لەوێ بە شێوازی جیاجیا بە فیتی نەیارانی کورد چەندین حزب و گروپ کێشەو ئاریشەی بەردەوامیان بۆ یەکێتی دروست کردووە، هەر لە هێنانی چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی و جیهازی رادیۆ لە سنوورەکانی سوریاو تورکیاو ئێران. لە زۆر سەردەم و قۆناغ لە ساڵانی هەشتاکان بۆ دژایەتی یەکێتی چەندین حزب دەبوونە بەرەیەک بۆ لەناوبردنی یەکێتی، بەڵام ئەوێ رۆژێ و ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوان نەیان دەزانی یەکێتی نیشتمانی رەگ و ریشەی لەگەڵ خاک و خوێن و هەوا تێکەڵ بووەو خاوەنی دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیانن. خاوەنی رێبازی نەپساوەی جەنابی مام جەلالن. ئەوێ رۆژێ دوژمنانی کوردایەتی بەدەستی کورد لەژێر ناوی پێشمەرگایەتی (٣) پێشمەرگەی خاکی و کوردپەروەری یەکێتیان شەهید کرد لە گوندی تەللخێمی گچکە بەناوەکانی (کەریم سارۆخ - حەیدەر عەلی - لوقمان عەزیز) شەهید لوقمان لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو دڵسۆز بۆ کوردایەتی چەکی شەرەفی کردبۆوە شان، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو بە غیرەت بوو، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەوانەی هەمیشە بەفیتی بێگانە دەستیان سوورە بە رۆڵەی کورد لە ٢٩-١٢-١٩٨٥ شەهید لوقمان و هاوڕێکانی گەیشتنە کاروانی نەپساوەی هەمیشە نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: لوقمان عەزیز نادر سەفەر
- ناسراوەبە: لوقمان مەخمووری
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای مەخموور
- عەشیرەت: پاڵانی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- لە ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ئەمنی مەخموورەوە دەستگیر دەکرێت دواتر رەوانەی دائیرەی ئەمنی موسڵ دەکرێت.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٣
- دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (١)
- جگەلەخۆی برایەکی بەناوی مەسعود ناسراو بە مامە قلە شەهیدە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەوانە: شەڕی هیران - شەڕی جادەی کەرکووک - تەعریبەکان - یەدیقوو - زیارەت - قەراسنج.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٩-١٢- ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندە تەللخێمی گچکە

## شەهید (هەرمان)

# لوقمان قادر ئیسماعیل قادر



شەهید هەرمان کوڕێکی جوان و ریش دار، هێمن و لەسەرخۆ، خوێندەوارو رۆشنبیر، کەم دوو، بەڵام بۆ هەر پرسیارێک وەڵامی گونجاوی خۆی هەبوو، گەنجێکی رووخۆش و کراوەبوو هەربۆیە پێشمەرگە رێزیان لێ داناو گوێیان لە رێنمایی و قسەکانی دەگرت، ئەو ئارەزووی خوێندنەوەی پەرتووک و بەدواداچونی هەبوو لە هەواڵی رۆژانەو گوێگرتن لە رادیۆ تا بێ هەواڵ نەبێت لە دنیای ناوەوەو دەرەوە، هەموو ئەو هەوڵانەی شەهید هەرمان رەنگدانەوەی باشی هەبوو بۆ هاوسەنگەرانی تائەوانیش خۆیان پڕچەک بکەن بە زانست و زانیاری نوێ. بەهۆی ئاستی رۆشنبیری لە ساڵی ١٩٨٦ رەوانەی خولێکی گشتی سەربازی ـ رۆشنبیری کرا بۆ وڵاتی ئێران. دواتر شەهید هەرمان کرایە رێکخەری کەرتی (١) لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. ئەو بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕاپەرین و رزگارکردنی چەند فەرمانگەیەکی میری لەناوشاری هەولێر. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لەدوای ڕاپەرین لە ١٤ـ٥ـ١٩٩٢ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: لوقمان قادر ئیسماعیل قادر
- ناسراو بە: هەرمان
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردیش ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: کورد جاف
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵی شەهید: تەنها یەک منداڵی هەیە بەناوی (زاگرۆس)

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٨٢
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی ١٩٨٢ بۆ ١٩٨٣زیندانی بووە سەرەتا لەهەولێرو دواتر لە کەرکووک
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (١) کە ئەوکات هەڤاڵ سوارە بیستانە فەرماندەی کەرتەکەیان بوو
- ناوبراو لەژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە
- شەهید هەرمان لەمانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٦خولێکی سەربازی تەواو کردووە لە ئێران.
- لە ڕاپەرین بەشداری کردووەو لە دائیرەی مەنزومە بەسەختی بریندار بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٤ـ٥ـ١٩٩٢
- شوێنی شەهید بوون: سەر ڕێگای کەرکووک.

## شەهید (خاڵە مامەند مەنتک)

# مامەند عومەر حەمەدەمین



خانەوادەیەکماندوو لە ڕێگای کوردایەتی و پێشمەرگایەتی، بنەماڵەیەک تینووی شۆڕش و کوردایەتی، ئەوان لەسەر خاک و نیشتمان قوربانی زۆریان داو کۆڵیان نەدا، بۆیە ئەوانەی هەمیشە دڵسۆزی و ئینتیمای نیشتمانیان بەهێزبووە تارادەی شەهید بوون لە پێناو رزگاری نەتەوەیی و خاک زوو ئیبرازبوونەو لەناو میللەتەکەیان بەگەورەیی ماونەتەوە، یەکێک لەو شەهیدانەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کە هەمیشە لەکاری ڕێکخستن و نهێنی تا سەر ئێسقان وردەکارو نهێنی پارێزو دڵسۆزو خەمخۆر بووە، دواتریش لە تەمەنیکی کەم واتە لاوێکی خوێن گەرم دەبێتە پێشمەرگەی ئەیلوول: بۆدرێژە پێدانی پیشمەرگایەتی پاش هەرەس ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەریزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان دەکات و دەبێتە پێشمەرگە، زۆر ئازایانە بەشداری لەچەندین چالاکی دەکات. تا ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەبات دەگوازێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پلەی فەرماندەی کەرتی پی دەدەن لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.شەهید خاڵە مامەند لەبەر دەست پاکی و دڵسۆزی بۆ نیشتمانەکەی لەزۆر قۆناغ بەتایبەتی دوای ڕاپەرین متمانەی پارێزگاری دام و دەزگاو یەکە ئیدارییەکانی پێ سپێردراوە، شەهید خاڵە مامەند تا شەهید بوونی لەبەر دڵسۆزی و خۆڕاگری پلەکانی پیشمەرگایەتی بریوە تا جێگر لیوای ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بەڵام سەد حەیف و مخابن لەبەرەبەیا نی ١٩٩٤/١٢/٢٧ شەهید دەکرێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: مامەند عومەر حەمەدەمین
- ناسراو بە: خاڵە مامەند مەنتک
- ساڵی لە دایک بوون: ١ ـ٧ـ١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرمەزرا ـ ناحیەی دارەتوو ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر

ـ عەشیرەت: مەنتک
ـ ئاستی خوێندن: تەنها دەیزانی بخوێنێتەوەو بنووسێ
ـ باری خێزانی: خێزاندار بووە
ـ ناوی هاوسەری شەهید: بەفرین سلێمان
ـ ناوی منداڵەکانی شەهید: ڕەوەز ـ هێلین ـ ئاریان ـ ئاری ـ سارا
ـ ناوبراو لە تەمەنی لاویەتی دەستی داوەتە چەک و دژی کوردکوژەکانی بەغدا دەبێتە پێشمەرگە لەلای شەهید (سلێمان سادق)ی ئامۆزای.
ـ لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو کاتەی شۆڕش هەرەس دێنێ و دەچێتە ئێران تاماوەیەکی زۆر لە ئێران لە ئۆردوگاکان دەمینیتەوە.
ـ لەپاش نسکۆ وڵاتی ئێران لەسەر بڕیاری ڕژێمی بەعس تەسلیم بە عێراقی دەکاتەوەو دەگوازرێتەوە بۆ شاری سەماوە.
ـ بەڵام شەهید لە ساڵی ١٩٧٧ کە دەزانێ شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە زوو خۆی دەگەیەنێتە ناو ریزەکانی ڕێکخستنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ شەهید (ستار سادق)ی ئامۆزای کە ئەویان لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئەندام بووە دواتر ئەو ئامۆزایەی لە سێدارە درا.
ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: مانگی (٢)ی ساڵی ١٩٧٨
ـ لایەنی سیاسی: بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان
ـ ئۆرگان: هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
ـ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی چەکداری گواستۆتەوە ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ـ لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرایە فەرماندەی کەرتی (٦) لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر.
ـ دواتر شەهید دەگوازرێتەوە بۆکەرتی (٢) تا دواجار لە ساڵی (١٩٨٧) دەگوازریتەوە بۆ کەرتی (٤)ی (بەردەبان)
ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە لەوانە: لێدانی ئەمنەکانی ناوشاری هەولێر، گرتنی ناحیەی (بێتواتە): لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک، گرتنی (١١٢) ڕەبایە، داستانی ڕزگاری شەڕی قەیوان ماوەت، شەڕی یانزە ڕۆژەی مەڵبەندی سێ، گرتنی ناحیەی (تەق تەق). گرتنی قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسوور) گرتنی ناحیەی (هیران) گرتنی هاوینە هەواری سەری ڕەش لێدانی بیرەنەوتەکانی (ساقیە) لێدانی ڕەبایەکانی هەولێر ـ پردێ، گرتنی سەیتەرەکانی سەر ڕێگای مەخموور ـ کارگەی قیر، گرتنی گوندی مەسلووبەو ناحییەی دێگەڵە
ـ شەهید لەبەهاری ١٩٩١ بەشداریەکی بەرچاوی هەبوو، لە ڕاپەڕینە شکۆدارە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان بەشداری کردووە لەئازادکردنی شاری هەولێر و کەرکووکی قودسی کوردستان
ـ لەداستانی دەربەندی کۆڕێ بەشداری کردووە و ڕۆڵی کارای بینیوە.
ـ هاوڕێی گیانی بەگیانی شەهید ڕێبازو مەلا سلێمان بوو هەردەم لەگەڵ شەهید ریباز بەیەکەوەبون..
ـ شەهید لە هێزی دەشتی هەولێر دەکرێ بە فەرماندەی بەتالیۆنی (٧)
ـ شەهید لەناوشاری هەولێر پاراستنی هەموو دام و دەزگاکانی پێ سپێردرابوو چونکە پیاوێکی دەست

پاک و ئەمین بوو.

- شەهید لەبەرگری کردنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەبەرەکانی شەڕ لە پیرداود بەرەنگاری رژیم بۆتەوە.

- لەژیانی پێشمەرگایەتی شەهید دووجار بەخەستی بریندار بووەو چەندین جاریش بەسووکی بریندار بووە.

- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون ٢٧-١٢-١٩٩٤

- شوێنی شەهید بوون: هەورازە نەفتە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٣-١-٢٠١٥ لە ژمارە (٦٥٨٦) لە لاپەڕە (٩)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە..

شەهید (مەجیدە سۆر)

# مەجید رەحمان محەمەد ئەمین ئۆمەر



(مەجید رەحمان محەمەد ئەمین ئۆمەر) ناسراو بە "مەجیدە سۆر" ناوبراو لە خێزانێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز هاتۆتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە تێکەڵ بەکاری رێکخستن و دواتر پەیوەندی کردووە بەشاخەوە بۆتە پێشمەرگە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە قۆناغەکانی بڕیوە بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ کردووە، پێشمەرگەیەک ئازاو بەهیمەت، و بەدڵسۆزیەوە دەیروانیە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و رێگاچارەسەری گونجاو بۆیان. لە نەبەردی و چالاکییەکانیش تا، بڵێی بەغیرەت و ورە بەرزبووە، هەربۆیە پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕی تا جێگری فەرماندەی تیپ و تەنانەت بڕیاری فەرماندەی تیپی بۆ دەرچوو، بەڵام مەرگ مەودای نەدا زیاترخەبات بکات لە پێناو ئازادی گەلەکەی. لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (فەرهاد ئیسماعیل) پێشمەرگەی قوەتی دەشتی هەولێر لە ئەوێ رۆژێ وتی: شەهید مەجیدە سوور زۆر برادەرم بوو، ساڵی ١٩٨١ لە قوەتی خۆشناوەتی ناسیم شەهید مەجید لەگەڵ شەهید عومەر عەوێنە ـ خالید حاجی لەیەک کەرت بوون، شەهید مامۆستا حەمیدی نفوسیشیان لەگەڵ بوو، فەرماندەی کەرتەکەشیان ناوی (خالید رۆستەم) بوو، هەموویان رێکخستنی خەتی گشتی بوون، هەمان ساڵ لەگەڵ مامۆستا حەمید جەولەیەکی شەمامک و کەندێناوەیان کرد چەندین جەیش شەعبیان چەک کردبوو، بۆ ئەو کات دەستکەوتی گەورەبوو. ناوبراو زۆر خاسیەت و سیفەتی جوانی لەناخدا کۆبووبۆوە، کەسێکی جوامێرو شەرم بەخۆبوو، لەناو هێزی پێشمەرگەش کەسێکی خۆشەویست و کراوە بوو. بەڵام زوو شەهید بوو ئەگینا تواناو هێزی زیاتری تێدابوو بۆ خزمەتی نەتەوەکەی.. ئەوەندە ماوە بڵێم هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید مەجیدە سوورو تێکڕای شەهیدانی کوردستان

- ناوی تەواو: مەجید رەحمان محەمەدئەمین ئۆمەر
- ناسراو بە: مەجیدە سۆر

- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تۆغەران
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- عەشیرەت: بلباس
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی سیانی خێزان: مەیاس عوسمان سەعید
- ناوی منداڵەکان: عەزیمە، لایەقە، سەرکەوت.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٧
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: کۆتای ساڵی ١٩٧٩لە وەرتێ برادەرێکی لەگەڵ بوو بەناوی سەید کەمال لە هەرێمی (٧) بەرپرسەکەیان (عەریف عەلی رەحیم (١)
- دواتر شوێنی پێشمەرگایەتی قوەتی خۆشناوەتی پاشان لە ساڵی ١٩٨١ لە تیپی ٨٣ی هەورێ کەرتی (١) دواتر تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- یەک جار بریندار بووە لە سنووری سەری رەش.
- دوا پلەی جێگری تیپی (٨٥) بەڕانەتی بوە، دواتر بڕیاری فەرماندەیی تیپی بۆ دەرچووە بەسەردا شەهید بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢١-٤-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی کەپەنک رەش
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و شەڕی دەستەویەخەی کردووە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/١/٣٠ لە ژمارە (٧١٨١) لە لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایتەوە...

شەهید (ڕەوەند)

# مەشعان سەلیم ڕەسول عەزیز




شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێرەولەوێ باس دەکرا بەنهێنی و ببووە مقۆ مقۆی ئەوانەی پێشتر لەکاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتتر ئەوانەی لە باڵی مەکتەبی سیاسی نزیک بوون خەریکی دروست کردنەوەی ڕایەڵەو بازنەی ڕێکخستن بوون، لەلایەکی تر چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی لە دێهات و گوندەکان چەکی شەرەف و تێکۆشانیان لەشان کردوو بوونە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان، جاڕی شۆڕشی نوێیان بەگوێی خەڵک ڕاگەیاند.. یەکێک لەو گەنجە رووح سووکانەی گوندی (قوچ)ی کەندێناوە لەسەردەستی (مەلا عەبدوڵڵای گعێتلی) هاتە مەیدانی کاری ڕێکخراوەیی ئەویش شەهید (مەشعان سەلیم ڕەسول عەزیز) ناسراو بە (ڕەوەند) بوو. ناوبراو بۆ ماوەی (٢) ساڵ دڵسۆزانەو دەرویشانە ئەوەی پێی دەسپێردرا رەتی نەدەکردەوە دەیان جار لەمەرگ گەڕاوەتەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەشاخ دەکات و سەرەتا لە تیپی ٨٣ی هەورێ دەبێتە پێشمەرگەو ئازایانە بەرخودان دەکات. پێشمەرگەیەک بەمانای وشە پێشمەرگە، ئازاو دڵسۆزو دەست پاک، ئەو بەشداری شەڕی هاوکاری براکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کردووە لە ساڵی ١٩٨٢، ئەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی گەورەی کردووەو هەرگیز لە گوللەی دوژمن نەترساوە هەربۆیە پلەی فەرماندەی مەفرەزەی پێ دراوە. بەڵام بەداخەوە لە ٢٢-١٢-١٩٨٤ لە نەبەردییەک لە سنووری بەڕانەتی گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درووود لە گیانی پاکت پێشمەرگە خاکیەکەی تیپە جەرگ هەژێنەکەی (٨٥)ی بەڕانەتی....

- ناوی تەواو: مەشعان سەلیم ڕەسول عەزیز
- ناسراو بە: ڕەوەند
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قوچ - کەندێناوە - هەولێر.

- باری خێزانی: سەڵت
- عەشیرەت: سیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: تیپی (٨٣)ی هەورێ
- دواتر گواسترایتەوە بۆ تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە (قەندیل و بالیسان)
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- دواپلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە (شەڕەکانی پشتیوانی لە سنووری ئێران لە ساڵی ١٩٨٢- بالیسان - بێتواتە - شەقڵاوە - کەندێناوە - گەزنە - گەڕەکی کورانی هەولێر - خەستەخانەی جمهوری - چەندین چالاکی تر.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٢-١٢-١٩٨٤
- شوێنی شەهید بوون: سنووری بەڕانەتی

شەهید (هەڵۆ)

# مەعروف یابە قادر حەسەن



ناوی هەلۆ رێک بە باڵای کورە جووتیارێکی پونگینەی قەراج بـڕاوە، بوێر وەک هەڵۆ، ئازا وەک هەلۆ، بەهیمەت وەک هەڵۆ، ئەمانە وشەی دروستکراو نین بۆ شەهید (مەعروف یابە) قەراجی، بەڵکو پێشمەرگەیەک هەرگیز لە گوللەی دوژمن نەترساوە، هەرگیز حسابی بۆ پیلانەکانی بەعسییەکان نەکردووە، تەنها ئەو هاوڕێیانەی بەتایبەت لە چالاکییەکانی ناوشار لەگەڵی بوون دەزانن چۆن بەعسیەکانی ریسوا دەکردو مەخزنەکەی خالی خالی دەکردەوە لەدەمی پیاوانی رژێم. مێژوو۔ قەلای هەولێر۔ منارەی چۆڵیش شایەدی بۆ دەدەن شەهید هەڵۆو مەفرەزە تایبەتیەکەی کاک کۆسرەت لەشاری هەولێر چۆن ئەمنەکانیان بە سزای گەل و نیشتمان دەگەیاند. ئەو ماوەیەک پێشمەرگەبوو لە کەرتی (١)ی شەهید کاوە لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، بەڵام بۆ تەمبێکردنی مەفرەزەخاسەو پیاوانی رژێم شەهید هەڵۆو چەند پێشمەرگەیەکی تر لەسەر راسپاردەو بریاری مەڵبەندی هەولێر ناردرانەوە ناوشارو قەیسەریان لە بەعسییەکان کردبووە کونە مشک. بەڵام بەداخەوە لە چالاکییەکی کەم وێنەدا دەستگیر دەکرێن و لە ٤۔٦۔١٩٨٨ لە سێدارەدراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزار سڵاو درووود لە گیانی پاکی شەهید هەڵۆ و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: مەعروف یابە قادر حەسەن
- ناسراو بە: هەڵۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١۔٧۔١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: پونگینە ۔ قەراج ۔ مەخموور ۔ هەولێر
- عەشیرەت: گەلاڵی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: بێریڤان، ئیڤان، ئیمان
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣ لە رێگای (م. محەمەد حوسێن)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- سەرەتا پەیوەندی کردووە بە شەهید محەمەد شینە
- درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لەکەرتی (١) شەهید کاوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- ناوبراو جگە لەخۆی برایەکی شەهیدە بەناوی (زرار بابە قادر)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- رۆژومانگ وساڵی شەهید بوون ٤ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سەربازگەی رەشکین

شەهید (مەغدید قەڵەو)

# مەغدید برایم عومەر ئیبراهیم



ئەو دەرچووی زانکۆی سلێمانی بوو، ئەو لاوێکی قسە خۆش و نوکتەزان و دەم بەخەندەو کەسایەتییەکی خۆشەویست بوو، تەمەنی تەنها بیست و پێنج ساڵ بوو چەکی کوردایەتی کردە شان و بوو بە پێشمەرگە لە قوەی دەشتی هەولێر ئەم لاوەش (مەغدید برایم عومەر ئیبراهیم) ناسراو بە "مەغدیدە قەڵەوە" ناوبراو لە خانەوادەیەکی هەژارو نیشتمانپەروەر هاتۆتە دنیا، ئەو جیاواز لە هاوڕێیانی بەهۆی چوار ساڵی خوێندنی لە زانکۆی سلێمانی هەمیشە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان بۆ بێزارنەبوونی دەورووبەری نوکتەی تازەی بۆ دەهۆنینەوە، لایەنی کۆمەڵایەتی و جەماوەری زۆر بەهێز بوو، لەم بارەیەوە هەڤاڵ (فاتح مەلا قەرە) سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر دەربارەی شەهید مەغدید وتی: من زۆر هاوڕێی شەهید مەغدید بووم ئەو کادیری کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەیەکی سادەو خاکی و خۆشەویست بوو، کادیرێکی رۆشنبیرو لاوێکی هۆشیار بوو، زوو تێکەڵ بە جەماوەرو دانیشتوانی گوندنشینەکان دەبوو، شەهید مەغدید دەنگی زۆر خۆش بوو بۆ گۆرانی وتن، لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرو خاوەن شەهیدن، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو زوو شەهید بوو.. هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی شەهید مەغدیدو سەرجەم شەهیدانی کوردستان......

- ناوی تەواو: مەغدید برایم عومەر ئیبراهیم
- ناسراو بە: مەغدید قەڵەو
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایک بوونی: گوندی تەللخێمی گەورە ـ ناحیەی گوێڕ ـ قەزای مەخموور
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری ـ زانکۆی سلێمانی
- عەشیرەت رۆژبەیانی

- باری خێزانی سەڵت
-ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ۱۹۷۹
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ۱۹۸۱ سەرەتا لەقوەی دەشتی هەولێرو دواتر تیپی (۸٦)ی دەشتی هەولێرو پاشان گواستراوەتەوە بۆ تیپی ۸۷ی قەرەچوغ.
- جگە لە خۆی (۳) برای تری شەهیدە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٦ـ ۸ـ ۱۹۸۵
- شوێنی شەهیدبوون: نزیک گوندی سێچارە.

### شەهید (مەولودی رابەر سیاسی)

# مەولود حوسێن ڕەسول فەتاح



هاوڕێم دەمەوێ چەند وشەیەک لە حزوور گەورەییت بنووسم، بەڵام نازانم لە کوێی تەوەری ژیانت باس بکەم، ناکرێ باسی شۆڕشگێڕی و خەبات و ماندووبوونی خانەوادەکەت نەکەم ناکرێ باسی (١٤) مانگی رێک بەبێ نازی باوکت کە تازە چاوت بۆ ژیان هەڵێنا بوو، حەرەس قەومیەکان هەستی مرۆڤایەتیان لە گیان نەبوو باوکتیان لێ دوورخستیەوە لەم ساتەوە تۆ هەستی بێ باوکی بۆ پاشەڕۆژ بووە سەرە داوێک کەبپرسی هۆکار چییە؟ خاک و نیشتیمان زۆر لەمێژە قوربانیت بۆ دەدەین بێ باوک دەبین بێ ناز دەبین لە خۆشی و دەست کەوتەکانی ژیان بێ بەش دەبین، هەموو ئەمانە بۆ شەهید مەولود بوونە دۆسیە و خەمێک تا تەمەنی هەرزەکاری و بتوانی پێشڕەوی لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ناو هەولێر بکات و دەوری باڵای هەبێت..ناسینی من لەگەڵ شەهید (مەولود)دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ لە شاری کۆیە ئەو پێشمەرگەیەکی سادە و رووخۆش و دەم بەخەندە و بە مانای وشە رۆشنبیر.. شەهید راستە پێشمەرگەی دێرین بوو وەلێ هەرگیز خۆی بە کەسێکی ماندوو نەدەزانی خۆی فەرز نەدەکرد و خۆی لەکەس بە گەورەتر نەدەزانی.. ئەو رابەری سیاسی بوو هەمیشە بە زانیاری و هەگبەی پڕ وشەوە دەهاتە کۆبوونەوەکانەوە. ئەو خۆشەویستی پێشمەرگەکانی فەرماندەی دووی هەولێر بوو.مرۆڤێک لێوان لێو لە پاکی، لێوان لێو لە دڵسۆزی، لێوان لێو لە سادەیی. کەسێکی خۆنەویست، کادیرێکی بە ئەزموون بوو لە بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی، ئەوەی من بیرم مابێت زۆرتر گوێی دەگرت نەک قسە بکات لە زۆر هەڵوێست و پێشهاتەکان رای جیاوازی خۆی هەبوو، دووربین بوو هەمیشە بە هێوری و هادئی لە کێشەکانی دەڕوانی و دواتر رای خۆی دەووت.. لە دەوام و ئەرکی پێشمەرگایەتی زۆر بە دیسپلین و گوێڕایەڵ بوو زۆربەی کاتەکان لەبارەگای لەشکر بوو.. شەهید مەولود لە هەر بارەگایەک دەوامی بکردبایە ستافی ئەو هێزە یان ئەو لەشکرە مورتاح دەبوون، چونکە ناوبراو ئەوەندە دڵسۆز بوو هەمیشە دڵی بە

پێشمەرگەو بارەگاوە بوو.. برام بنوو بە ئاسوودەیی بنوو پشوو بدە ئارام بە هاوڕێ و هاوسەنگەرانت بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشان.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەولود حسێن و تێکڕای شەهیدانی ڕێگای کوردستان.

ناوی تەواو (مەولود حسێن ڕەسول فەتاح)

ـ ناسراو بە مەولودی رابەرسیاسی

ـ لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٣ شارۆچکەی (دبس) ئەوکاتەی کاکە مەولود چاو بۆ ژیان هەڵدێنێ باوکی زیندانی

دەکرێت بۆماوەی (١٤) مانک لەنازی باوکی بێ بەش دەبێت. دواتر دەگوازرێنەوە بۆ گوندی گردلانکەی ناحیەی قوشتەپەی هەولێر

ـ تا ئامادەیی خوێندووە.. سەرەتایی لەگوندی شێخانانی سەربەناحیەی قوشتەپە و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٩پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە لە شانەی ئاگرین..

ـ لە ساڵی هەشتاکان سەرپەرشتی زۆربەی خۆپیشاندانەکانی هەولێری کردووە..

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەوە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٣)

ـ بەشداری زۆربەی شەڕو چالاکییەکانی ئەوکاتەی کردووە تا ساڵی ١٩٩١

ـ لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین و رزگارکردنی هەولێرو کەرکووکی کردووە..

ـ پلەکانی پێشمەرگایەتی بریوە لە رابەر سیاسی کەرتەوە تا رابەر سیاسی لەشکر لە فەرماندەی ٢ی هەولێر.

ـ بەداخەوە لە پارێزگاری لە حکومەتی هەرێم شەوی ١١ لەسەر ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩٩ بەسەختی بریندار دەبێت لە چیای کوزینەی قەندیلەوە بۆ ماوەی ١١ ساڵ لە جێگا دەکەوێت تا ٣-٧-٢٠١٠ گیان دەبەخشێت.. دەچێتە کاروانی نەمرانەوە.

ـ ئەم نووسینە لە بەرواری ١٥-٥-٢٠١٥ لەژمارە (٦٦٨٠) لە لاپەرە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

### شەهید (مەولودە سوور)

# مەولود خدر سمایل قادر




لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسول عەلی) سەرەڕای قەیرانێکی دارایی بۆ میللەت و حکومەت بەگشتی، بەڵام نووسینگەی ئەوکاتی سەرۆکی حکومەت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدان و لێقەوماوان هەمیشە کراوەو هەماهەنگ بوون و ئەوپەڕی کارئاسانیان دەکرد بۆ زۆربەی توێژو فەرمانبەران بەگشتی. ئەم دەست کراوەییەی سەرۆکی حکومەت زۆر لە گروپە توندڕەوەکانی کوردستانی تووشی مەلەل کردبوو هەربۆیە هەمیشە بۆی لە بۆسەو دانانی لوغم و T.N.T بوون. هەموو ئەو ڕێگری و کۆسپانەی بۆ جەنابیان دروست دەبوو ئەو بە پرۆژەو خزمەتگوزاری و هاوکاری هەژاران وەڵامی دەدانەوە. لەڕۆژی ٧ـ٩ـ١٩٩٥ لەسەر ڕێگای عەنکاوەی هەولێر خوانەناس و ئەوانەی باوەڕیان بە یەکترقبوڵ کردن و خۆشەویستی مرۆڤەکان نییە هەڵسان بە دانانەوەی T.NT بۆ ئۆتۆمۆبێلەکانی سەرۆکی حکومەت لەئەنجامدا شەهیدو برینداری دەستەی پارێزگاری لێ کەوتەوە یەکێک لەو شەهیدانە (مەولود خدر سمایل) شیواشۆکییە. ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو بەهیمەت بوو، لە شۆڕشی نوێش ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبووە لە ڕێکخستنەکانی ناوشارو دڵسۆزانەو خۆنەویستانە ئەرکەکانی سەرشانی مەیسەر کردووە. شەهید مەولودە سوور لە ساڵی ١٩٩١ دەبێتە پێشمەرگەیەکی چاپووک و ئەزمووندار لەبواری سەربازی، ئەو لەدەستەکەی سەرۆکی حکومەت کاروانی خەبات و مەردایەتی درێژە پێ داوە، بەڵام شەم شەمەکوێرەکانی جەهل و تاریکی و ئەوانەی خۆشەویستی مرۆڤیان لاگرنگ نییە نەیانهێشت تەمەنی کاکە مەولود بەردەوام بێت تا پارێزگاری لەخاک و نەتەوەکەی بکات.. ڕوحت شادو ئارامگەت ئارام کوڕە ئازاکەی هەولێر.

- ناوی تەواو: مەولود خدر سمایل قادر
- ناسراو بە: مەولودە سوور

- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شیواشۆک ـ قەزای کۆیە
- عەشیرەت: مەرزانی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: فاتیمە خدر قادر
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شادیە، سروشت، شنۆ، دیاری، سەعدیە، هەڵمەت، هەلۆ، هێرۆ، خدر
- شەهید مەولود بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە لە ساڵی ١٩٧٣ تا ساڵی ١٩٧٥ واتا نسکۆ پێشمەرگە بووە لای شەهید عەریف جەمیل
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- لە دوای راپەرین بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لەحکومەتی هەرێم کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٩ـ١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: سەر رێگای عەنکاوە
- بەر تەقینەوە کەوت لەگەڵ رەتلی ئوتۆمبێلەکانی سەرۆکی حکومەت بەڕێز کاک کۆسرەت

## شەهید (ئاراس)

# مەولود هەمزە عومەر عەبدوڵڵا



لە سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەی خەباتی سیاسی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال لەم هەولێرە کۆمەڵێک گەنجی بزێو، چاپووک، چاونەترس، دڵسۆز، پێشڕەوایەتی خوێندنکاران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵەیان دەکرد لە دژی ڕژێم. یەکێک لەو لاوە خوێندکارانەی خانەی مامۆستایانی هەولێر کە ببووە درک بۆ پیاوانی ڕژێم و داروودەستەکەی بەعس، شەهید (مەولود هەمزە) بوو. بۆ ئەم مەبەستە کادیری ڕۆژە سەختەکان (مەلا ئاوات) دەربارەی شەهید مەولود وتی: شەهید مەولود هەمزە گەنجێکی وشیارو بە جووڵە بوو، دڵسۆز بوو، لە مردن نەدەترسا، بۆ پەیوەندی و پەیوەندی دروست کردن هەڵسوڕاو بوو، ئەوێ ڕۆژێ سەرەتای خەباتی چەکداری بوو، زۆر نەبوو شۆڕش شکستی هێنابوو، بێ ئومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، بەڵام شەهید مەولود ئومێد بەخش بوو، ئەو کۆڵی نەدەدا، بیرمە بۆ یادی ٧ی نیسانی ١٩٧٧ وتی هاوڕێیان بیرۆکەیەکم هەیە بەعسییەکان دەیانەوێ هەرچی خوێندکارانی خوێندنگاکانی هەولێر هەیە بە ڕێپێوان بیانبەن بۆ بەردەم فرقەی بەعسی لەم ڕۆژە دەبێ بەپەلە ئامادەییەکان و پەیمانگاکان لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی (ی،ن.ک) ئەمڕۆ گەورەترین مزاهەرەو ناڕەزایی دەربڕین، ئەو دەمەی ئەم قسەی کرد (بەندەو فەرهاد کاوانی و وریای حەوێز جوکل، برایەکانی حەمید کەریم شانەو عەزیز حەسەن ناسراو بە حەوێز کاریتانی، ڕزگار زاهیر کۆیی و ئەحمەدی مەلا کەریم و چەندین هاوڕێی تر) بووین وتی هەر خوێندنگایەک (٢) کادیری ڕێکخستن سەرپەرشتی بکات بەمەرجێک ئەو کادیرانە بەهەتاف و گوتنەوەو سروودە کوردییەکان دەستپێ بکەن و یەکسەر ئەوان خۆیان ون بکەن. تا نەکەونە دەست و ئیحتراف نەکەن، ئەم بەرنامەیەی سەرکەوتنی بەدەست هێناو دەسەڵاتدارانی هەولێری تووشی شۆک کرد. جا شەهید مەولود هەمزە چالاکی و کاری ڕێکخراوەی ئێگجار زۆرە، لە کۆتاییدا سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ شەهید مەولودو سەرجەم شەهیدانی کوردستان..

ـ ناوی تەواو: مەولود هەمزە عومەر عەبدوڵڵا

- نازناو: ئاراس
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی کێلە سپی قەزای کۆیە پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری خانەی مامۆستایانی هەولێر.
- عەشیرەت: هەمەوەند
- باری خێزانی: سەڵت
-ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٥
- ساڵی زیندانی: ١١ـ٥ـ ١٩٧٧
- ساڵی بڕیاری لە سێدارەدران: ٢٩ـ٦ـ١٩٧٧ لە شاری کەرکووک
- ئەو رۆژەی براوەتە ژووری خنکاندن: ٢٠ـ٧ـ ١٩٧٧
- ئەو رۆژەی لە سێدارە دراوە: ٢١/٢٢ـ٩ـ١٩٧٧ لە بەندیخانەی موسڵ

دوا پلەی: ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بووە.

## شەهید (نەبەز)

# موتەلیب عەبدولمەجید پیرداود



دەشتی هەولێر بۆ یەکێتی بۆ کوردایەتی بۆ خەبات و تێکۆشان بست بەبستی پیرۆزو جێگای شانازیمانە، گوندەکانی سنووری قوشتەپە بۆ ئەوێ ڕۆژێ هەستی نەتەوایەتیان، بەرخودانیان، بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی دەهاتنە کۆڕی خەبات و چەکی شەرەف تێکۆشانیان دەکردە شان، کوڕە ئازاکانی سنووری گوندەکانی قوشتەپە ڕۆژ بە ڕۆژ لە چالاکی و داستانی نوێ لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ی قەرەچوغ هەڵدەکشاو چالاکییەکانیان ئەوەندە زۆر بوو بە ئەژمار نەدەهات، مێژووی شۆڕشی نوێ شایەدە ساڵانی هەشتاکان بۆ مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە چالاکی و داستانەکان هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوەی مەڵبەندەکانی تر بوون.. یەکێک لەو پێشمەرگە ئازاو چاونەترسانە شەهید (نەبەز) بوو ناوبراو پێشمەرگەیەکی خاکی و قارەمان و خۆشەویست بوو، پێشمەرگەیەک هێور و هێمن و بە وەفا بەرامبەر بە هاوڕێیانی، پێشمەرگەیەک لە ئەرک و واجبات گوێڕایەڵ وگوێ ڕاگر، پێشمەرگەیەک بە ئەخلاق و بێ ئاریشە، ناوبراو لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو کوردپەروەر لە سنووری سێبیرانی هەولێر چاوی بۆ کوردایەتی هەڵێناوە، خانەوادەی شەهید لە شۆڕش و کوردایەتی هەوڵ وخەبات و تێکۆشانیان بێ سنوور بووە، هاوڕێیەکی شەهید بەناوی (بەهرۆز گردەسۆری) پێشمەرگەی دێرین لەبارەی شەهیدەوە وتی: نەبەز پێشمەرگەیەکی جیاواز لە هەڵسوکەوت، لە ئازایی لە گفتوگۆ، لە دۆستایەتی لە پاکی، لە لایەنی کۆمەڵایەتیش زۆر کراوەو بە ئسلوب لە کاتی گفتۆگۆ هەمیشە بەڕێزەوە تەماشای بەرامبەرەکەی دەکرد، بۆ چاونەترسی و دڵسۆزی دەتوانم بڵێم شەهید نەبەز نموونەی پێشمەرگەی ئازاو قارەمانی بوو لە هێرشەکان لە پێشەوەی پێشەوە بوو، لەگەڵ خەڵکی گوندنشینەکان زۆر کراوە بوو، ئەوەی لە یادم ناچێت و بۆتە گرێ لە دڵم وتی بە هرۆز ئەگەر ئەمجارە لە هەر شەڕێک (قەمەت) دەست کەوت دەبێ بۆ من بێت منیش بەڵێنم پێدا ئەو شەڕەی گوندی (ساقیە) هاتە پێش و

هەردوو تیپی (٨٦ و ٨٧) بەیەکەوە لەم داستان بەشداریمان کرد، بەڵام داستانێک بوو ئاگر باران بوو ئەو رەبیانەی بۆ کەرتەکەی ئێمە دانرابوو زوو گرتمان و دەست کەوتمان هەبوو لەوانە من دوو (قەمەم) لای خۆم هەڵگرت لە کاتی کشانەوەمان چووم بۆ لای کەرتەکەی نەبەز پرسیارم کرد ووتم نەبەز لە کوێیە قەمەم بۆ هێناوە وتیان بە داخەوە نەبەز شەهید بووە بەراستی هەواڵێکی جەرگبڕ بوو، چونکە لەگەڵ من زۆر هاوڕێ بوو وەک برا وابووین.. لە م داستانە دوژمن زیانی گەورەی بەر کەوت. هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید نەبەز و سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردو کوردستان.

- ناو: موتەلیب عەبدولمەجید پیرداود

ناسراو بە: نەبەز

- تەمەن: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سێبیرانی عەدۆ - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر

- باری خێزانی: سەڵت

- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی

- عەشیرەت: بامەندی

- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٣

- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥ لە کەرتی (٤) دواتر گواسترایەوە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) تا رۆژی شەهید بوونی

- ژمارەیەک لەو شەڕانەی بەشداری تیاکردووە لەوانە: گرتنی رەبیەکانی نێوان قوشتەپە - پردێ - گرتنی قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسوور - لێدانی هێزی تەواری رێگای کوران - شەڕی کارگەی قیری هەولێر- زۆربەی ئەو شەڕانەی سنووری مەڵبەندی ٣ی ئەوکات - شەڕەکانی ناو هەولێر

- ساڵرۆژی شەهید بوون: شەوی ٦ لەسەر ٧-١١-١٩٨٧

- شوێنی شەهیدبوون: گوندی ساقیە

- لەم داستانە (١١) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون و ٢٥ پێشمەرگەش بریندار بوون.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/٨ لە ژمارە (٦٨٩٢) لە لاپەڕە (٩)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە.

## شەهید (سەرهەنگ)

# مەجید حوسێن خدرحوسێن



شەهید (مەجید حوسێن خدر) دیبەگەیی لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو کوردپەروەری شۆڕشگێڕ هاتۆتە دونیاوە، ئەوان لە شۆڕشەکانی کورد هەمیشە هاوکارو پشتیوانی بەردەوامی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنە نهێنییەکانی کوردایەتی بوونە. ئەو بەهۆی دڵسۆزی و دیسپلینی پێشمەرگایەتیەوە لە قوەی قەرەچوغ دەگوازرێتەوە کەرتی تایبەتی کۆمیتەی سەرکردایەتی.... بەبێ گومان ئەستەمە لە سنوورێک شارەزانەبیت و هەموو چواردەوریشت دوژمن بێت بتوانی پێشمەرگایەتی بکەیت، بەڵام بۆ ئەوێ ڕۆژێ کە شەهید مەجید دیبەگەیی و هەڤاڵانی لە بادینان بوون توانیان چەندین چالاکی دیار بەرامبەر دوژمن ئەنجام بدەن. بەهۆی ئازایەتی و قارەمانیەتی ناوبراو لە ماوەیەکی کەمدا پلەی فەرماندەی کەرتی پێ درا. ئەو پێشمەرگەیەکی خاکی و بێ دەنگ و بەرەوشت بوو، ئەوفەرماندەو پێشمەرگەیەکی دلێرو بە هەیبەت و هیمەت بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە ڕێکەوتی ٢٠-١-١٩٨٨ کەوتنە کەمینی جاشەکانی سنوورەکە لە چیای گارە لە گوندی کافیا سنووری بادینان.. هەزاران درورد لە گیانت ئەی هەڵگری بیرو بازووی هەژاران و چەوساوەکانی کوردستان..............

- ناوی تەواو: مەجید حوسێن خدرحوسێن
- ناسراو بە: سەرهەنگ
- ساڵی لە دایک بوون: ١٠-٩- ١٩٦٧
- شوێنی لەدایک بوون: ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سورچی - ئاری کوتکی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ٧ـ٦ـ١٩٨٣
- ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦ لە قوەی قەرەچوغ دواتر گواسترایەتەوە کەرتی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە دۆری بیاوێ..
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٠ـ١ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: چیای گارە ـ گوندی کافیا ـ دەڤەری بادینان
- لەم شەڕەدا هاوڕێیەکی تری بەناوی (سەربەست کەرکووکی) گەیشتە کاروانی نەمرانەوە

## شەهید (محەمەد توورەقی)

# محەمەد پیرداود خدر ئیبراهیم



لە دێر زەمانەوە لە رژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراقەوە کوردبوون باجی خۆی داوەو هەمیشە زەوی و خاکی کوردان بەر شالاوی داگیر کردن بۆتەوە لەلایەن بەعسی و عەرەبە شۆڤێنیەکانەوە بەتایبەتی سنووری قەراج و مەخموور، تەنانەت رژێمی سەدام دەیویست بە کیمیاوی کورد قڕان بکات، ئەویٚ رۆژیٚ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون بۆ تۆڵەی هەڵەبجەی شەهید دەیان چالاکی گەورەیان دژی بەعسییەکانی سنووری گوندەکانی مەچلوبەو دەوروبەری ئەنجام دا، بەڵام بەداخەوە یەکێک لەو شەهیدە قارەمان و ئازایانەی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر شەهید (محەمەد تورەقی) بوو بەخوێنی خۆی وەلائی کوردبوونی بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان دووپات کردەوە لە سنووری مەچلوبە. ناوبراو فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس، بەغیرەت و بە هیمەت وەک دەڵێن کوری رۆژی تەنگانە بووە، لە رووی کۆمەلایەتی زۆر بە پەیوەندی و کراوەو خۆشەویست بووە.. لەبەر ئازایی و دڵسۆزی و راستگۆیی پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو جێگری کەرتی بڕی لە تیپە دوژمن بەزێنەکەی ٨٦ی دەشتی هەولێر. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای پێشمەرگەی ئازاو دلێر نادات تا خەونە وەنەوشەییەکانی کورد لەبەرزترین چڵدا لەنگەر بگریٚ و بگات بەئاواتەکانی. روحت شاد شەهیدی تۆڵەسێن.

- ناوی تەواو: محەمەد پیرداود خدر ئیبراهیم
- ناسراو بە: محەمەد توورەقی
- تەمەن: ١٩٥٦
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی شەمعوناوە
- دواتر ژیانیان لە گوندی سوێری بەسەر بردووە.

- عەشیرەت: نانەکەلی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: خەیار محەمەد محەمەدئەمین
- ناوی منداڵەکان: بڕوا، رووناک، ژیلوان.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨
- زیندانی سیاسی بووە لە بەندینخانەی ئەبوغرێب حکوم درا بە موئەبەد ماوەی چوار ساڵ و سێ مانگ دەستگیر کراوە دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووەو ئازاد کراوە
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣ تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر کەرتی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەوانە: شەڕی سەرکردایەتی، شەڕی گردە رەشەی گەورە، شەڕی رێگای کەرکووک هەولێر.، شەڕی مەچلوبەی عەرەبان، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- لە ماوەی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.
- دوا پلەی جێگری کەرت بووە لەشاخ
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٧- ٣- ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: گوندی مەچلوبە

## شەهید (مامۆستا محەمەد)

# محەمەد جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد




سەیری ئەم پیرە هەولێرە بکەن بزانن چ پیاوێکی کوردپەروەرو دڵسۆزو چاونەترسی لەئامێز گرتبوو مام(جەمیل عەبدوڵڵا قەشقەیی باوکی شەهیدان (خارە یوسف و مامۆستا محەمەد) وتبووی خۆزگە هەموو کوڕەکانم لەڕێگەی کوردایەتی و شۆڕش وەکو (محەمەد) شەهید ببن نەک بەمردنی خۆیان کۆتایی بە ژیانیان بێت. ئەمە ئەوپەڕی هەستە بەرامبەر خاک و نەتەوەو نیشتمان، هەربۆیەش کوڕەکانی (مامۆستا محەمەد و خارە یوسف) تێکۆشان و بەرخودانیان کرد تا شەهید بوون لە پێناو ئازادی و رزگاری نەتەوەیی. ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ رابردووی ژیانی پێشمەرگانەو سیاسی و کاری رێکخراوەیی شەهید محەمەد جەمیل قەشقەیی دەبینین هەر لە شۆڕشی ئەیلوول ئەو دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ نەسرەدین مستەفا رۆڵی باشی بینیوە وەک کادیرێکی سیاسی تا نسکۆی شۆڕش، کە شۆڕش ئاشبەتاڵی پێ کرا ئەو خەباتی سیاسی گواستەوە بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵانی گوندەکانی (قەشقە سارتک) و گوندەکانی ئەم دەڤەرە، کە شۆڕشی نوێ هەڵگیرسا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتە مەیدانی خەبات ئەو لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کرد لەگەڵ شەهید (محەمەد زەنگەنە) بوونە سەرمەشق و دڵسۆزانە هاتنە دەست و دەیان لاوی ئەوێ رۆژێ لەسەر دەستی ئەوان فێری ئەلف و بێی سیاسەت بوون. ئەوەندە چالاک و نیشتمانپەروەر بوو گوێی بە هەڕەشەکانی دوژمن نەدەدا تا لە رۆژی ١١-٥-١٩٧٧ لە ناو قوتابخانە دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستگیری دەکەن سەرئەنجام (٢) مانگ لەئەمنی هەولێرو(١) مانگ لە هەیئەی خاسەی کەرکووک دواتر دەگوازرێتەوە بۆ بەندینخانەی ئەبوغرێب بێ ئەوەی هیچ زانیارییەک بدرکێنێ و ناوی کەس بهێنێ لە ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنە گشتییەکە دەکەوێ و ئازاد دەکرێ. بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٧-٧-١٩٨٠ لەگەڵ دوو هاوڕێی رێکخستنی لەشاری سلێمانی بەر دەستڕێژی گوللەکانی ملازم محسین دەدرێن و شەهید دەکرێن.. دروود

بۆ گیانت مامۆستا.. روحت شاد پیاوە فێرخوازە نیشتمانپەروەرەکە.
- ناوی تەواو: محەمەد جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد
- ناسراو بە: مامۆستا محەمەد
- تەمەن: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قەشقە - ناحیەی قوشتەپە - قەزای بنەسڵاوە - پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: بەدریە رەشید حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکان: سەروین - شێروان
- لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی دەکات پەیوەندی دەکات بە پارتی دیموکراتی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٧٠ بووە بەمامۆستا لە گوندی قەشقە
- لە ساڵی ١٩٧٤ بووە بە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول لە بەشی سیاسی کاری کردووەلەگەڵ هاوڕێی (نەسرەدین مستەفا)
- پاش نسکۆ گەڕایەوەو وەک مامۆستای گوندی (سارتک) دەست بەکار بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦ لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کاری رێکخستنی نهێنی کاری کردووە لەگەڵ شەهید محەمەد زەنگەنە.
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- پلەی رێکخستن: لێپرسراوی شانەی ناوشار بووە
- پەیوەندی و هاوڕێیەتی بەهێزی لەگەڵ شەهیدی فەرماندە (عەلی ساڵح) هەبووە و هاوکاری زۆری مەفرەزەکەی ناوبراوی کردووە.
- لە ١١- ٥-١٩٧٧ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر لەناو قوتابخانە دەستگیر دەکرێ بۆماوەی (٢) مانگ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر لە ژێر ئەشکەنجەو ئازار دەیهێڵنەوە و دواتر رەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکووک دەکەن تا مانگێک ئازاری دەدەن، دواتر رەوانەی بەندینخانەی ئەبوو غرێبی دەکەن و بڕیاری موئبەدی بۆ دەردەچێ و کەدەکاتە زیندانی بۆماوەی (٢٠) ساڵ دوو ساڵ حکومەکە دەباتە سەر دواتر بەر لێبووردنی گشتی ساڵی ١٩٧٩ کەوت.
- لە ١٦- ٨-١٩٧٩ ئازاد کرا.
- دووبارە پەیوەندی بە رێکخستن دەکاتەوە ئەمجارە زیاتر بایەخ بە رێکخستنەکان دەدات..
- جگە لەخۆی برایەکی بەناوی (خاڵە یوسف) شەهیدە
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوونی: ١٧-٧-١٩٨٠
- شوێنی شەهید بوون: شاری سلێمانی
- لەلایەن: ملازم محسین بەر دەسترێژی گوللە دەدرێن کە (٣) کادیری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون (مامۆستا زرار ئەحمەد، کاکە سوور خەڵکی سلێمانی بووە.

## شەهید (محەمەد شینە)

# محەمەد حەسەن شینە عەولا



وەک چۆن قەڵای هەولێر بەرزو پیرۆزە ناوەکەی، وەک چۆن منارەی هەولێر سەربڵندو رووگەشە، شەهیدانی یەکێتیش هەمیشە سەربەرزو لەیادو رووگەشن. بۆیە یادوبیرەوەری و یادگارییەکانیان هەمیشە ون نابن. لاتان سەیر نەبێ لە نووسین و بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەو شەهیدەکانی یەکێتی زۆر خاسیەتیان لەیەک دەچێ وەک (ئازایی، جوامێری، ئاستی رۆشنبیری، سادەیی، خۆڕاگری) ئەمە قوتابخانەی مام جەلالە پەروەردەکەی دروستە بۆ پێگەیاندنی سەرکردەو کادیران و پێشمەرگەکانی ئەوێ رۆژێ. دەمانەوێ باس لە ژیاننامەی شەهیدێک بکەم کەمدوو، ئازا، قارەمان، سەربازی ون لە تێکۆشان ئەویش (شەهید محەمەد شینە)یە. ئەولە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆزو کارامە لەبواری کوردایەتی پەروەردە بووە، بەپاکی بۆ خاک و نیشتمان تێکۆشان هەربە پاکیش لەیەک خێزان چوار شەهیدیان بەخشی بەخاک، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، گوندی گردەسۆر لانەو بارەگای پێشمەرگە بووە، زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە، دانیشتوانی ئەم گوندەش خۆیان پێشمەرگەیان زۆر بووە، هەربۆیە هەورازو نشێویان زۆر بینیوە لەسەر شۆڕش و کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، فەرماندەو پێشمەرگەی زۆر قارەمانیان هەبووە، نکۆڵی ناکرێ لە دڵسۆزی خزمانی گردەسۆر، یەکێک لەو شەهیدانە فەرماندە (محەمەد شینە) بوو، وەک هاورێیانی باس دەکەن بەراستی فەرماندەی دڵسۆزو کارامەو مەند بوو لە بواری سەربازی، جگە لەوەی کادیرێکی هۆشیارو خوێندەوارو جەماوەری بوو، فەرماندەیەکی عەسکەری ئازاو چاونەترس بووە. هەر لەبەر چاپووکی و بوێری خۆی پلەکانی بەشایستەیی بریوە تا فەرماندەی تیپی تایبەتی تۆپخانەی شۆڕش لە سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێر. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نابەرامبەرو سەخت لە بالیسان بەهۆی تۆپبارانەوە شەهید دەبێت.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید محەمەد شینەو سەرجەم شەهیدانی

کوردستان.
- ناوی تەواو: محەمەد حەسەن شینە عەولا
- ناسراو بە: محەمەد شینە
- تەمەن: ١٩٥٦
- شوێن لە دایک بوون: گوندی گردەسۆر - ناحیەی قوشتەپە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: دەلۆ
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی منداڵەکان: کاروان، گرنگ
- ساڵی ١٩٦٢ لە گوندەکەی خۆیان چۆتە بەرخوێندن و سەرەتایی لەوێ تەواو دەکات بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە شاری هەولێر- ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی لەهەولێر تەواو کردووە
- لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەکات.
- لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو رژێم پەیوەندی بە شۆڕش کردووە، لە تۆپخانەی شۆڕشدا ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی هەڵسووڕاندووە.
- پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە بۆ هەولێر و بوو بەفەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆستە و گەیاندن هەولێر دامەزرا.
- لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی کردووە بە رێخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- بە هۆی چاودێری و فشاری زۆرەوە لەلایەن رژێمەوە راژەکەی گواستەوە بۆ کۆیە، بەڵام هەر وازیان لێ نەهێنا و وازی لە وەزیفە هێنا.
- لە ساڵی ١٩٨٠ لە فەرمانگەی رێگاوبانی هەولێر دامەزرا، کرایە سەرۆکی بەرپرسی چاودێرەکان لە ناوچەی خەلیفان.
- لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.
- سەرەتا وەک ئەندامی کەرتی رێکخستنی هەولێر کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ لە کاری رێکخستنەوە گواسترایەوە بەشی عەسکەری کرایە فەرماندەی کەرتی (٢) شەهید کاوە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە گواستراوەتەوە وەک جێگری تیپ دەست بەکار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ مەڵبەندی ٣ی هەولێر گواسترایەوەو کرایە فەرماندەی تیپی تۆپخانەی مەڵبەند.
- چوارەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- ساڵی شەهید بوون: ٢٦-٢-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: بالیسان
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٢٩ لە ژمارە (٧٠٧٨) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایتەوە...

### شەهید (پوشۆ)

# محەمەد سدیق حەسەن ئۆمەر حەسەن



شەهید (محەمەد سدیق حەسەن) سەر بەشاخی ناسراو بە پوشۆ لە خانەوادەیەکی هەژارو کەم دەرامەت هاتۆتە دنیاوە، لاوێکی کەمدوو هێمن و رەوشت بەرز بووە لە تەمەنی لاویدا، هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی بۆخاک هاندەر بووە لە ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بە رێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بکات، لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دواتر کاری رێکخراوەیی گواستۆتەوە بۆشاخ و بۆتە پێشمەرگەو لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی کراوەبە کادیری کۆمەڵایەتی لە سنووری تیپی (٨٧) قەرەچوغ.لەرووی جەماوەرییەوە کادیرێکی هۆشیارو پەیوەندییەکی فراوانی هەبووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر. بۆ زانیاری زیاتر لەسەرشەهید بوونی، پێشمەرگەو کادیری دێرین (فەرهاد ئیسماعیل) لە کۆمێنتێک لەسەر شەهید (پوشۆ سەربەشاخی) نووسیویەتی: روحی شادبێ، بەندەو شەهید سولە قۆریتانی و شەهید پوشۆو شەهید هاشم شەمامکی ئەو رۆژەی پوشۆ شەهید بوو بەیەکەوە بووین، پێش نیوەڕۆ لە گوندی سۆربەش بووین نزیک گوندی داڵداغان بریار وابوو بۆ ئێوارەکەی بگەڕێنەوە بەستی شەرغە، شەهید پوشۆ داوای لە شەهید سولە کرد بیگەینێتە گوندی سیراوە من و شەهید هاشم شەمامکی لە گوندی سۆربەش ماینەوە، ئەوان دەبوو بۆ دوای نیوەڕۆ بێنەوە لای ئێمە لەناکاو کۆپتەرێکی زۆر هاتنە سەر گوندی سیراوەو ماستاوە بۆردمانی ئەو دەشتەی کرد ژمارەیەک پێشمەرگەی حزبی شیوعی شەهید کرد. دوای رۆیشتنی کۆپتەرەکان شەهید سولە جەنازەی شەهید پوشۆی هێناوە لای ئێمە بەراستی رۆژێکی ناخۆش بوو. هەزاران درود لە گیانت کادیرو پێشمەرگەی رۆژانی سەختی خەبات...

ناوی تەواو: محەمەد سدیق حەسەن ئۆمەر حەسەن

ـ ناسراو بە: پوشۆ

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەربەشاخ - کەندێناوە
- عەشیرەت: سیان
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- ناوبراو کادیر بووە لە سنووری دەشتی هەولێر بەتایبەتی سنووری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٣-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: شەمامک
- لەئەنجامی ڕمی کردنی فڕۆکەکانی ڕژێم لە سنوورەی شەمامک ناوبراو شەهید بوو.

شەهید (شاخەوان عەباس)

# محەمەد عەباس عەوڵا



بیروباوەڕی کوردایەتی تۆخ بۆ ئەوێ ڕۆژێ زۆر سەخت ودژوار بوو، ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ زوو تێکەڵی سیاسەت و بەرخودان و کاری ڕێکخراوەیی بوون، ئەوانەی خۆیان ڕووبەڕووی مەرگ دەکردەوە، ڕۆژانە لەم پیرە هەولێرە بە ژمارە زۆر نەبوون، ئەوانەی لە سەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە ڕەمزو دروست کردنی شانە نهێنییەکانی ناوشاری هەولێر، دڵسۆزو ئازاو چاونەترس و ئازا بوون، لە هەمووی گرنگتر بەگیانی برایەتی و یەکتر قبوڵ کردن کاروباری حزبییان بە گروپ بەڕێوە دەبردو ئەوکاتی دوژمن تەنگەتاو ببوو لەکارەکانی ئەم ڕێکخستنە سەرەتاییە، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان گەشەی باشی بە خۆی بینی تا ١٣-٥-١٩٧٧ چەندین شانەی ڕێکخستن کەشف بوون فەرمانی دەستگیر کردنیان بۆ دەرچوو، هەندێکیان دەستگیرکران و هەندێکیان خۆیان شاردەوە خۆیان ون کرد لەبەرچاوانی پیاوانی ڕژێم، بەڵام شەهیدان (محەمەد عەجەم، ڕێباز، شەهید شاخەوان) و چەند هاوڕێیەکی تر خۆیان گەیاندە شاخ و بوونە پێشمەرگە، شەهید شاخەوان یەکێک لەو لاوانە بوو بە ڕەمزی جوامێری و مقاوەمەت وچاونەترسی ئەژمار دەکرا. ئەوەندە دڵسۆزو خاکی و کوردپەروەر بوو، ئەوەندە خۆڕاگرو گیانفیدا بوو گوێی بە مەترسییەکانی ڕژێم نەدەدا، لە کۆتایی ساڵی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ڕابەرایەتی زۆربەی خۆپیشاندانەکانی هەولێری دەکردو چاونەترسانە هوتاف و دروشمی جوانی دەوتەوە، ئەو تەمەنی تەنیا پانزدە بەهاربوو تێکەڵ بەکاری سیاسی بوو، ئەو پێشتریش لە شۆڕشی ئەیلوول ئەندامی (پ.د.ک) و کاری ڕێکخراوەی لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردبوو، ئاوارەی ئۆردوگای (بەهرام لە دیزفول) لە ئێران بوو، ئەزموونی شۆڕشگێڕی هەبوو، تێکەڵ بوونێک لە ئاستێکی بەرز، بەرزتر لە فڕین، خۆشەویستیەک تا ئاستی قوربانی دان، ئەو خۆشەویستیەی شەهید

بۆ خاک هەبیوو لەدژی نەیارانی کورد لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ مەشق و ڕاهێنان لەسەر چەکی قورس چۆتە (لوبنان) بۆ بەدەست هێنانی ئازادی بۆ تاکی کوردی، شەهید شاخەوان هەورازو نشێوی زۆر بینیوە، یەکێک بووە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کە لەسەرەتادا زۆربەی ژیانی بە پارتیزانی لە سنووری دێدەوان و بەستی شەرغەو دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی بەسەر بردووە، ناوبراو کادیرێکی بە ئەزموون و فەرماندەیەکی عەسکەری چاونەترس و خۆڕاگربووە، کادیرێکی ڕۆشنبیرو جەماوەری و پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو لەگەڵ گوندنشینەکان، لەسەرووی هەمووی پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو نهێنی پارێز بووە. لە زیندانیش هاوڕێیانی زۆر لێ ڕازی بوونە، هەمیشە ڕێنمایی و هۆشداری داوە بەئەوانەی ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون. وەک لە ژیاننامەکەی لە خوارەوە ئاماژەم پێ داوە لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی ساڵانی سەرەتای شۆڕش بەشداری کردووە وەک کادیرێکی پێشکەوتوو لە سەرکردایەتی ئەوێ ڕۆژێ، لەبەر ئازایی و لێهاتوویی و خۆشەویستی لەناو کادیر، لەهەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، بەڵام بەداخەوە تیرۆریستانی جەهل و تاریکی شەمشەمەکوێرەکانی بەناو ئیسلامی لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە ١-٢-٢٠٠٤ لە هۆڵی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان تەقاندەوە، بووە هۆی شەهیدبوونی شەهیدی سەرکردە (شاخەوان عەباس) و ژمارەیەک کادیری پێشکەوتوو ئەندام و لایەنگرو هاووڵاتی، بۆ زیاتر ناساندن و خۆڕاگری و دڵسۆزی شەهید شاخەوان هەڤاڵ (دکتۆر ئەرسەلان بایز) سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی من نووسیویەتی: شەهید شاخەوان گەنجێکی باڵا مام ناوەندی، قژ پڕی ڕەشی سمێڵ گەورە، لە خێزانێکی جووتیاری هەژار، بڕواو متمانە بەخۆ، کوردو نیشتمانپەروەر، بزێو، هەتا بڵێی هەڵسوڕاوو چالاک لە نێو پۆل و قوتابخانە و قوتابیان و گەنجان. دەم بە خەندەو ڕوو خۆش، لە زیندان خۆڕاگرو قارەمان لە پێشمەرگایەتی خاکی و ئازاو چاو نەترس. لە ساڵی ١٩٧٤ لە شۆڕش بە هۆی چەند برادەرێکەوە لە چۆمان (محەمەد عەباس) دواتر ناسراو بە (شاخەوان) و (عومەر حەمەد)م ناسی. ڕاستە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. بەڵام دواتر وردە وردە بەلای بیروباوەڕی چەپ و سۆسیالستی شکانەوە. بۆیە لەنێو گفتۆگۆ و دانیشتنەکانماندا ئاشنای یەکترو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە بواری بیرکردنەوەدا لە یەکتر نزیک بووینەوە. بە حوکمی ئەوەی (بەندە) ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆمەڵەی هەولێر بووم لەناو شۆڕش کە (شەهید مامۆستا (جەمیل ڕەنجبەر) لێپرسراومان بوو. بۆیە هەردووکیانم خستە ئەڵقەی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لای خۆم. بە درێژایی ئەو ساڵەی شۆڕش هەفتانە لە ژوورە بچکۆڵانەکەی خۆم لە چۆمان کۆدەبووینەوەو ئەو کتێبانەمان دەخوێندەوە کە باسی لە چەپ و سۆسیالستی و شۆڕشی گەلان دەکرد. بەرەبەری هەرەسی شۆڕش هەردووکیان بوون بە ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە. دوای هەرەسیش (شاخەوان) گەڕایەوە شاری هەولێرو لە شانەیەکی حزبی کاری دەکرد کە پێکهاتبوو لە (قاسم عەزیز، شاخەوان عەباس، عەلی بەگ بایز، هاشم حوسێن). دوای ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و گرتنی ژمارەیەک لە هاوڕێیان. دەستێکی نا پاک و بە کرێ گیراو لە ڕێگای (ئەمنی بەلدەی) هەولێر هەرسێ هاوڕێی یەکەمی شانەکەی بەگرتندا. لە گرتووخانەی ئەمنی عامەی بەغدا یەکترمان دیتەوە، هەر یەکەمان لە ژوورێکی (ئینفرادی) لە تەنیشت یەکتر بووین. بەبەر چاوی خۆمەوە ڕۆژانە دکتۆر دەهات بۆ تیمارکردنی برینەکانی (شاخەوان) کە لە ئەنجامی ئازارو ئەشکەنجەدان دووچاری بوو بوو. بەڵام ئەو پیاوە کێوێک بوو لە خۆڕاگری و پاراستنی

ڕێکخستنە نهێنییەکان. گەلێ جار بە گۆرانی قسەمان لە گەڵ یەکتر دەکردو دڵنیایی دەکردینەوە کە هەرگیز کۆڵ نادات و لە زرەی زنجیر ناترسێت. سەرەنجام هەرسێکیان (شاخەوان، قاسم عەزیز، عەلی بەگ باین) دوای خۆ ڕاگرییان و ساغ نەبوونەوەی هیچ بەڵگەنامەیەک لەسەریان ئازاد کران. دوای ئازاد کردنی لە زیندان (شاخەوان) بوو بە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترس فەرماندەیەکی خاکی. دۆستی هەموو جووتیارانی دەشتی هەولێر. لە شاریش میوانی هەمیشەیی ماڵە شەهیدو بریندارەکان. (شاخەوان) لە برا براتر بوو بۆ من. لە کەس کەستر بوو بۆ من. ئێمە هەرسێکمان (شاخەوان، خەسرەو شێرە، ئەرسەلان باین) سێ برای گیانی بە گیانی بووین. بەڵام حەیفێ دەستی تیرۆر گەیشتە گیانی هەردووکیان و لێم دابڕان. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان.

- ناوی تەواو: محەمەد عەباس عەوڵا
- ناسراو بە: (شاخەوان عەباس)یان قائید
- تەمەن: ١٩٥٢
- شوێنی لە دایک بوون: سەعدوناوەی شاری هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر لە ساڵی ١٩٧٣
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: ئاواز عەبدوڵڵا، ئامۆزای خۆیەتی
- ناوی منداڵەکان: هاوێژ، هێور، هاوێر
- عەشیرەت: جاف
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخراوی سیاسی: ١٩٦٦ یەکێتی قوتابیانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٦٧ بۆتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان
- لە ساڵی ١٩٦٩شەهید شاخەوان لەگەڵ هاوڕێیان (سەعدی خەلیل، عەلی جوکل، شەهید ڕێباز، شەهید عەبدولڕەزاق، لەلایەن بەعسەوە دەستگیر دەکرێن.
- ساڵی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: ١٩٧٢
- ساڵی ١٩٧٤ بۆ ماوەی ساڵێک لە دیوانیە بۆتە سەرباز دواتر وازی هێناوە. لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە لقی کشتوکاڵی هیران بە فەرمانبەران دامەزراوە. موچەی مانگانەی (١٨) دینار بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ پاش نسکۆ ئاوارەی ئێران بووە، لە ئۆردوگای بەهرام لە دیزفول گیرسایەوە.
- هەرلە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و دامەزراوەتەوە لە لقی کشتوکاڵی دیبەگە.
- لە ٢٠ی ١ی ساڵی ١٩٧٦ لە دیبەگە دەستگیر دەکرێ لەگەڵ (عەلی بەگ و قاسم عەزیز) لە ئەمنی هەولێر بۆ ئەمنی بەغدا تا ٢٦ی ٢ی ١٩٧٦، بەڵام هیچ وشەیەک نادرکێنی، بەعسییەکان پێی دەڵێن تۆ لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵە دەستگیر کراوی.
- پاش ئازاد کردنی دەچێتەوە سەرکاری پێشووی لە دیبەگە، بەڵام دواتر خۆی نەقل دەکات بۆ لقی کشتوکاڵی پیرمام.
- هەر لە ناوەڕاستی مانگی ٥ ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرایە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی هەولێرو لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی ناوشاری هەولێری پێسپێردرا.

- له ١٣- ٥- ١٩٧٧ فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەردەچێت لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی تر لەوانە شەهید ڕێبازو جەمیل ڕەنجبەر.
- له ١٦- ٥-١٩٧٧ پەیوەندی دەکات به هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەبێته کادیر له هەرێمی دەشتی هەولێر.
- له مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٧ له یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان له برادۆست کرایه کارگێڕی لقی (٤)ی هەولێر وەک نوێنەری هەولێر دەست بەکار بووە.
- له مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٨ بەشداری کردووه له یەکەم کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی کۆمەڵه له تۆکان.
- له مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٠ بەشداری خولێکی عەسکەری دەکات له باشووری لوبنان.
- له مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨١ کراوه به ئامر قوەی دەشتی هەولێر.
- له کۆتایی ساڵی ١٩٨١ کرایه فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- دواتر له ساڵی ١٩٨٣ کراوه به فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
- شەهید شاخەوان له شەڕی بالیسان له ٢٧-٤-١٩٨٣ پەنجەیەکی دەستی بریندار بووە.
- له ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراوی ڕێکخراوی (١) بووه ئەوکات له سوسێ.
- له دوای ڕاپەرین ساڵی ١٩٩١ کراوه به لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر کەبارەگاکەی له شەقلاوه بووە.
- له کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردرا به ئەندامی سەرکردایەتی له ساڵی ١٩٩٢.
- دواتر به ئەندامی پەرلەمانی کوردستان له خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ دانرا.
- له ساڵی ١٩٩٨ کراوه به لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر له کۆیه.
- له ساڵی ٢٠٠٠ کرایه بەرپرسی مەکتەبی مافی مرۆڤ.
- له ساڵی ٢٠٠١ له کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووباره به ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە
- شەهید خاوەنی پەرتووکێکه بەناوی (سەفەری کوردایەتی، بیرەوەرییەکانی شارو شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠
- له ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری سەدان داستان و شەڕو چالاکی جۆراوجۆری کردووە، سەرپەرشتی زۆر چالاکی کردووه
- له ماوەی ٢٧ ساڵی خەبات و تێکۆشان له شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرتووەو سەرکەوتووانه کارەکانی بەرێوه بردووە.
- له یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ له تەقینەوه تیرۆریسته خۆکوژییەکەی ناو هۆڵی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لەگەڵ ژمارەیەک کادیری پێشکەوتوو هاووڵاتی شەهید بوون.

## شەهید (سەفینە شێت)

# محەمەد عەبدولڕەحمان عەزیز تەها




بەبێ گومان وشەی شێت لە فەرهەنگی شۆڕش دا بەو پێشمەرگە قارەمان و چاونەترس و شێر ئاسایانە دەوترا کە هەمیشە لە هێرشەکانی سەر دوژمن شێتانە تەئکیدیان لەسەرئەوە دەکردەوە دەبێ ئەوان لە دەستەی هجوم بن و لە پێشەوەی پێشەوە بن واتە غیرەتیان لێ دەتکا، لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیان پێشمەرگەی شێر وشەی (شێت) نازناویانە.. یەکێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزو ئازاو چاونەترسانەی خۆشناوەتی کە تەمەنی زۆرکەم بوو شەرەفی بوونی بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە باڵا بڕا شەهید (محەمەد عەبدولڕەحمان عەزیز تەها) ناسراو بە (سەفینە شێت). ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی و داستانی گەورەی کردووە لە سەردەمی شاخ و هەورازو نشێوی زۆربینی کۆڵی نەدا. ئەوەندە ئازاو بەغیرەت و بەهیمەت بووە لە تەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە. لە قۆناغی پێشمەرگایەتی بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووەو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان. لە ٣١ی ئابی خوێناوی هەڵوێستی هەبووەو ئاوارەی سنووری سلێمانی بووە ئەوکاتیش بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لە دژی جەندرمەکانی سەربازی عێراقی تێکۆشاوە، لەهەڕەشەکانی جوندولئیسلام ویژدانی خۆی بەرامبەر خاک ئاسوودە کردووەو بەرگرییەکی بێ وێنەی کردووە لە سنووری هەورامان. دوا هەڵوێست و دواقۆناغی بەرگری شەڕی دژ بەداعش و نائیسلامەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بوو کەلە زۆربەی میحوەرەکانی کوردستان لەگەڵ لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسول عەلی) تێکۆشاو سڵی لە مردن نەکردەوە. بەڵام بەداخەوە لە سنووری داقوق گوندی سەعد گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. درووود لە گیانی ئەفسەرە ئازاکەی خۆشناوەتی کاکە سەفینە شێت..

- ناوی تەواو: محەمەد عەبدولڕەحمان عەزیز تەها

- ناسراو بە: سەفینە شێت
- تەمەن: ١-٧- ١٩٧٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کەوەرتیان - قەزای شەقڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: بێریڤان
- ناوی منداڵەکانی شەهید: تەنها یەک منداڵی هەیە بەناوی (لۆلان)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی (٩١)ی سەفین
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی کردووە وەک: شەڕی بەنەباوێ، قۆپی جوانەگا، گوندی باویان، گۆجار، شەڕەکانی سەرکردایەتی، سەرگەڵوو بەرگەڵوو، دەشتی کۆیە، کونەکۆتر، دۆڵی خۆشناوەتی، هیران، ئاقوبان، زیارەت، دۆڵی بالیسان، هەورێ، کلاوقاسم، کەپکی حەمەد ئاغا، رزگارکردنی شاری سلێمانی، زۆربەی شەڕەکانی دژ بە داعش.
- ناوبراو (٣) جار بریندار بووە لە (بەنەباوێ قۆپی جوانەگا- شەقڵاوە وهیران.
- لە راپەرین بەشداری کردووەو رۆڵی کارای هەبووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان.
- لەدوای ٣١ی ئاب چەندین پلەو ئۆرگانی سەربازی بڕیوە تا پلەی ئەفسەری نەقیب
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: لیوای (٣)ی تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٦-٣-٢٠١٥
- شوێنی شەهید بوون: داقوق - گوندی سەعد لە شەڕی داعش

## شەهید (محەمەد عەلی وەرتی)

# محەمەد عەلی عوسمان عەلی



دەڤەرێک سەرتاپای گیانبازی و بەرخودان و قوربانی دان بێت، دەڤەرێک خاوەنی لەشکرێک پێشمەرگەو فەرماندەی سەرەتایی شۆڕش بێت و خەون و ئاواتیان بینینی قۆناغی رزگاری بێت، خەونیان بینینی ئازادی و ڕا دەربڕین بێت لە ژێر ئالای کوردستانێک حکومرانیەکەی خۆماڵی بێت.کەچی کورد خۆی دەستی نەیارانی پەلکێش بکات برای خۆی شەهید بکات بۆ بەدەست هێنانی سەروەت و سامانی میللەتێک کە سەدان ساڵە رژێمە یەک لە دوایەکەکانی زوڵم و ستەمی لێ دەکەن ئەمە کارەساتەو مێژوو ئەم خیانەت و گەندەڵی و قورغکاریە وەک خۆی دەنووسێتەوە. ئێمەش دەمانەوەێ مێژووی شەهیدەکانمان بنووسینەوە. بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بزانن رۆڵەکانی پێش ئەوان بە چ سەختیەک دوێنیان گەیاندۆتە ئەمرۆ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەهیدێکی دەڤەری باڵەکایەتی و وەرتێ پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی کەرتی (٧)ی تیپی کارۆخی ئەوێ رۆژێ هەڤاڵ (حارس ئەحمەد ئاغا) دەربارەی شەهید وتی: باس کردن لەسەر شەهیدێکی فەرماندەی وەکو (محەمەد عەلی وەرتی) وائاسان نییە، چونکە جگە لەوەی زۆر قارەمان و چاونەترس و خۆڕاگر بوو زۆربەی خاسیەتە جوانەکان لەم پیاوە مێرخاسە کۆببۆوە دڵسۆز، کارامە، دڵساف، رووخۆش، خۆنەویست، جەماوەری، کراوە، کۆمەڵایەتی، ئەو پێشمەرگەیەکی خاوەن هەڵوێستی سەردەمی شاخ بوو لە زۆر داستان و نەبەردی و چالاکی بەشداری کردووەو کۆڵی نەداوە تەنانەت ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ئێمە بوو لە شەڕی هاوکاری برایانی رۆژهەڵات لەدژی رژێمی ئەوکاتی ئێران.لەدوای ڕاپەرینیش بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشان، وێڕای لایەنی پێشمەرگایەتی دەمەوێ بڵێم کەسایەتی بەهێزی دەڤەری باڵەکایەتی بوو بۆ ئاشتەوایی و لێک نزیک بوونەوەی ئەوانەی کێشەی کۆمەڵایەتیان هەبوو. لە رووی جەماوەرییەوە کەسێکی خۆشەویست و مەجلیس گەرم بوو لێبووردە بوو

خاوەن هەڵوێست و رای تایبەتی خۆی بوو. بەڵام بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی براکوژی شەڕێکی سەپاو بەسەر یەکێتی و میللەتەکەمان شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: محەمەد عەلی عوسمان عەلی
- ناسراو بە: محەمەد عەلی وەرتی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ١ـ١٩٦٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی وەرتی، قەزای چۆمان، باڵەکایەتی، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: عائیشە ساڵح حەسەن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: دلاوەر، دلاران، گوڵاڵە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی/ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢ لە قوەتی کارۆخ بۆتە پێشمەرگەو بەشداری لە شەڕی هاوکاری برایانی رۆژهەڵات کردووە دژی ئێران.
- دواترلە تیپی (٧٨)ی کارۆخ کەرتی (١) درێژەی بە خەبات داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگایەتی کردووە.
- ناوبراو (١) جار بریندار بووە لە گوندی ئێنزێ
- لە شاخ دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٨٨ لێپرسراوی هێزەکانی بەرگری بووە. رۆڵی کارایان هەبووە لەدوا بەرگری لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەری جاوڵ
- لەڕاپەرین بەشداری کاریگەری کردووە لە ساڵی ١٩٩١
- لە دوای ڕاپەرین چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە لە کەرت و تیپ و هێز و لەشکر.
- دوا پلەی فەرماندەی سەرلەشکر بووە. پێش ئەوەی شەهید بێت بە بروسکەی جیهاز بڕیاری بۆ دەرچوو بوو کە بۆتە سەرلەشکر.
- ماوەیەک جێگری میحوەر بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٠ـ١١ـ١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: چیای رۆڵە

شەهید (سامان)

# محەمەد عەزیز کەریم زەمان




زۆر جار لێرەو لەوێ کەباس لە گوندی گردعازەبان دەکرێ دەڵێن یەک گۆڕستان شەهیدیان بەخشیوە بە خاک و کوردستان، بەڵێ دانیشتوانی ئەم گوندە خوێن بەخشە لەسەرەتای شۆڕشەکانی کورد ئەوان هەستی کوردانەو هزریان تێکەڵ بە کاری سیاسی و مەیدانیەن لە خەبات کردن لە سنوورەکە پشکی شێریان بەرکەوتووە، لەسەرکورد بوونیان باجی گەورەیان داوەو هەمیشەش دڵسۆزی خانەوادەی سەید عەزیز سەید کەریم گردعازەبانی لە لووتکەدا بووە. یەکێک لەو شەهیدانەی لە دوای ڕاپەرین چەکی لەشان کرد تا نەیارانی کورد پێ نەخەنە سەرخاکی پیرۆزی کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەدەستی کورد شەهید کراو گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمران ئەم پێشمەرگەو گەنجە خێر لەخۆنەدیوە کاکە محەمەد سەید عەزیزە کە هەموو خواست و ویستەکانی بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازادو خۆشگوزەران بوو، بەڵام بەداخەوە لە میحوەری کانی قرژاڵە شەهید بوو.. هەزاران درووود لە گیانت پێشمەرگەی ڕاپەرین و پێشمەرگەی بەرگریکار لە دەستکەوتەکان.

- ناوی تەواو: محەمەد عەزیز کەریم زەمان
- ناسراو بە: سامان
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٧٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردعازەبان
- عەشیرەت: بەرزنجی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩٢

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩٣ لەدەستەی بەڕێز مام غەفوور
- بەشداری ژمارەیەک بەرگری کردووە لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم
- (٥) براشەهید بەناوەکانی (١- ملازم عەبدولسەمەد. ٢- نەجات ناسراو بە دارا. ٣- ئەحمەد ناسراو بە بروسک. ٤- تەیب ناسراو بە سەرباز. ٥- محەمەد ناسراو بە سامان)
- (١٥) مین شەهیدی خانەوادەکەیانە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ برینداربووە
- ڕۆژومانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٨-١٢- ١٩٩٤
- شوێنی شەهیدبوون: میحوەری کانی قرژاڵە

شەهید (محەمەد عوسمان)

# محەمەد عوسمان حەمەد عوسمان



دۆڵی خانەقا بۆ شۆڕش و کوردایەتی ئەوێ ڕۆژێ مەکۆی خەبات و پشت و پەنای یەکێتی بوو، لەمێژووی دروست بوونەوەی شۆڕشی نوێ زۆر شوێن و هەوار هەیە جێگای شانازی یەکێتییەکانن، دۆڵی خانەقاش بە سمبول و لانەی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە ئەژمار دەکرێ، خەڵکەکەی جێگای ڕێزو مایەی سەرفرازی گەلە ستەمدیدەکەمانن، ئەوان لە پێناوی شۆڕش و کوردایەتیدا قوربانی زۆریان دا، ئەوان هەرگیز بێ تاقەتی داینەگرتوون، بەڵکو ببوونە دایەنمۆو هاوکاری خەڵکی تێکۆشەر، خانەوادەیەک لێوان لێو لە دڵسۆزی و قوربانی بەخش لە دۆڵی خانەقا، بنەماڵەیەک گۆشکراو بەرێبازە پیرۆزەکەی (مام) ئەویش خانەوادەی (مام عوسمان حەمەد) بوون تا ئەوساتە هەرگیز پشتیان لە شۆڕشی نوێ و خەباتی نەتەوەیی نەکردووە. بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (مستەفا سەکری) لێپرسراوی پێشووی مەڵبەندی (٦)ی سۆران دەربارى شەهید وتی: شەهید محەمەد عوسمان خانەقایی یەکێک بوو لە پێشمەرگەو فەرماندە هەرە بەجەرگ و ئازاو دلێرەکانی دەڤەری باڵەکایەتی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ناوبراو بە عەقڵ گەورەو پەروەردەی خێزانێک بوو کە هەموو ئەندامەکانی لەیەکتر دڵسۆزترو کوردپەروەرتر بوون، هیچ پێشمەرگەیەک نییە لەدەڤەری باڵەکایەتی و بەتایبەت لە دۆڵی خانەقا ماڵی شەهید محەمەد بەماڵی خۆی نەزانێت. شەهید جگە لەخۆی لە ساڵی ١٩٧٧ برایەکی تری بەناوی (عالی) شەهید بوو، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان سڵی لە مردن نەدەکردەوە، هەمیشە پێشبڕکێی بوو لە هەڵکوتانە سەر مۆڵگەو ڕەبیەکانی ڕژێم هەربۆیەش لە ڕاپەڕینیش بە پێوە شەهید بوو. هەزاران دروود لە گیانی پاکی شەهید محەمەدو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: محەمەد عوسمان حەمەد عوسمان
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایک بوون: خانەقا ـ رواندز
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: سوەیلە ئەلیاس شێخ
- ناوی منداڵەکانی شەهید: دلۆڤان، شاخەوان، ڤیان، ئەڤین، ژیان
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٠ـ٥ـ ١٩٧٧
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ٢٥ـ٧ـ١٩٧٩ لەهەرێمی (٧) باڵەکایەتی دەستەی هەڤاڵ (قادر خەبات) بووە پێشمەرگە.
- ئۆرگان: قوەتی کارۆخ
- شوێنی پێشمەرگایەتی: لە سنووری باڵەکایەتی
- ماوەی ساڵێک زیاتر لەدەستەکەی هەڤاڵ قادر خەبات مایەوە.
- سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بریندار دەبێ.
- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٦ ناوبراو دەگوازرێتەوە تیپی (٩١)ی سەفین
- لە ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە تیپی (٧٨)ی کارۆخ کەرتی (١) پاش ماوەیەک دەکرێتە جێگری فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە هەرلە تیپی ٧٨ی کارۆخ دواتر لەبەر ئازایەتی و چاونەترسی پلەکانی تر دەبڕێت تا فەرماندەی (کەرت)
- لەداستانی گرتنی (٢٢) رەبیەکەی دوژمن لە دۆڵی خانەقا بەسەختی بریندار بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی گرنگی کردووە، لەوانە شەڕەکانی سەرکردایەتی، گرتنی ٢٢ رەبیەکانی دۆڵی خانەقا، قەیوان ماوەت، سنووری خۆشناوەتی، ڕانیەو بیتوێن، زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی (مەڵبەندی ٣ی هەولێر)
- دوو جار بریندار بووە لە دۆڵی خانەقا.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩ـ٣ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: بارەگای ئەمن و ئیستغباراتی پۆلیسی باسرمە.

## شەهید (محەمەد غەفوور مەنتک)

# محەمەد غەفوور ئەحمەد



سەرەتای ساڵی هەشتاویەک بوو، شۆڕش شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو، ناوی پێشمەرگە زۆر پیرۆز بوو. سیمای پێشمەرگە فرە جوان و پاک بوو، بیرتانە لە گوندو لادێکان دەیان وت پێشمەرگە هاتۆتە خوارێ، بیرتانە دەیان وت پێشمەرگەی یەکێتی جیاوازن لە گفتوگۆ لە جلوبەرگ لە ئەتەکێتی میوانداری و پێشوازیا.. رێک لەم کاتە لە سەرکردایەتیەوە بۆ بناری دێدەوان گەنجێکی گەنم رەنگ و باریک و قەشەنگی موو رەش وەکو فەرماندەی مەفرەزە بە بڕیاری شۆڕش بۆ چالاکی بۆ هۆشیاری و ناساندنی ناسنامەی یەکێتی و پەیڕەو پرۆگرامی شۆڕشی نوێ وەک چالاکوانێکی پێشمەرگە بۆ ماوەیەک لە سنووری دێدەوان و مەنتکایەتی ئەو بەرنامەیەی بۆی هاتبوون پەخش و نمایشیان کرد.. ئەم گەنجەش محەمەد غەفوور ئەحمەد مەنتک دووشیوانی بوو.. شەهید هەرچەندە بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردبوو شارەزا بوو بەبیری پێشمەرگایەتی، بەڵام ئەو ماوەی لە سەرکردایەتی بوو پەروەردەی لایەنی فکری و کۆمەڵایەتی و عەسکەری راهێنرابوو تا لە ئەرکی رۆژانەدا وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێ کارەکانی مەیسەر بکات... وەکو گوێبیستی هاورێکانێ بوومە گەنجێک ئازا لە بڕیاردان.. دڵسۆز بۆ خاک.. دەست پاک بۆ شۆڕش.. لە رووی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەدۆست و برادەرایەتی بووە هاوکار بووە بۆ دەورووبەری... لای هەموو لایەک ئاشکرایە ئەو بۆ مەبەست و بەرژەوەندی و لە بەر هەژاری نەبووە بە پێشمەرگە، بەڵکو خۆشەویستی نیشتمان و ئەو غەدرە زۆرەی حکومەتی بەعس لە رۆڵەی کوردی دەکرد هاندەری بوو ببێتە پێشمەرگە.. ئەگینا دۆست و هەڤاڵانی باش دەزانن ئەو کاتی خاوەن ئۆتۆمۆبێل و داهات و نووسینگەی کار بوو بە ژمارە لە نموونەی ئەو زۆر کەم و دیاربوون.. بۆیە ئەوانەی بۆخاک تێکۆشان و ئینتمایان بۆ گەلەکەیان بە پاکی راگەیاند ئێستا لە دنیایەکەی تر ئاسوودەن و بە ئارامی

خەوتوون.. محەمەد غەفوور مەنتک لە ٢٢ی ١٠ی ١٩٨٢ لە گوندی سابلاغ بەدەستی بەعسیە جاشەکان لە کەمینێک لەگەڵ (٤) هاوڕێی تر گەیشتنە کاروانی شەهیدانەوە.. درووود بۆ گیانی پاکی شەهید محەمەد غەفوور مەنتک و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان.. مامە گیان بە ئارامی بنوو کوڕەکانت برازایەکانت کەس و کارت رێبازە پیرۆزەکەت بەرنادەن..

ناوی تەواو: محەمەد غەفوور ئەحمەد

- ناسراوە بە محەمەد غەفوور مەنتک
- ساڵیلەدایک بوون: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایک بوون: لە گوندی دووشیوان لە دایک بووە
- تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە.
- عەشیرەت: مەنتک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: عەتیە عەبدوڵڵا حەسەن
- لە دوایی خۆی چوار کوڕی بە ناوەکانی ماهیر - زاهیر - فاخیر - زانا جێهشتووە..
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و پێشمەرگەیەکی بوێر بووە.


لە ساڵی ١٩٧٩ دوو جار لەلایەن دەزگاکانی بەعس زیندانی کراوە لە ئەمنی قوشتەپە..

- لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ کردووە.
- لەسەرەتی ساڵی ١٩٨١ لەبارەگای سەرکردایەتی بۆتە پێشمەرگە
- دواتر درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات لە تیپی ٩٠ باواجی. لای بەڕێز (سمکۆ دزەیی)
- لەماوەیەکی کەم لەبەرئازایی و چاپووکی کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە..
- بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- برایەکی تری (بەناوی زرار غەفوور ئەحمەد) لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە شەهید کراوە..
- ساڵ و مانگ و رۆژی شەهید بوون: لە ٢٢- ١٠- ١٩٨٢ لەلایەن بە عسیەکان شەهید کرا لەگەڵ ٤ پێشمەرگەی تر
- شوێنی شەهید بوون: لە گوندی سابڵاغی نزیک هەولێر

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٤-١٠-٢٠١٤ لەژمارە (٦٥١١) لە لاپەڕە (٦)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

## شەهید (محەمەد بی کەی سی)

# محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر



دەمانەوێ باس لە سیڤی شەهیدێک بکەین کە باکگراوندێکی دەوڵەمەندی هەیە لە چالاکی و ئازایەتی و قارەمانیەتی، باسکردن لە شەهیدێک کە هەموو ژیانی لێوان لێوە لە کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمان، ئەو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی ئاسایی نەبوو لە کاتی هێرش و نەبەردییەکاندا چاونەترسی و هەڵۆ ئاسا هێرشی دەبرد بۆ سەر مۆڵگەو سەنگەرەکانی دووژمن، فەرماندەی کەرتێکی ئەوسای شەهید (محەمەد شێخ وەسانی) بۆی گێرامەوە وتی ناوبراو جێگرکەرتی من بوو هەتا بڵێی فەرماندەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ و دڵسۆزو راستگۆبوو، هەتا بڵێی ئازاو قارەمان و تێکۆشەر بوو، ئەوەی ترس بوو لەگیانی نەبوو، هەموو کات ئامادەو لەسەردەست بوو بۆ بەرگری بۆ هێرش، بەڕاستی خۆنەویست و کارا بوو لە بواری سەربازی، لەناو هێزی پێشمەرگەش پیاوێکی خۆشەویست و رێزلێگیراو بوو، ماوەیەکی زۆر لای ئێمە بوو لە مەکتەبی عەسکەری و تیپی (٨٣)ی هەورێ، زۆر جەربەزە بوو، زۆر خۆڕاگر بوو، توانایەکی لە رادەبەدەری هەبوو لە رۆیشتن هەردەم لە پێشەوەی پێشی هەڤاڵانی بوو، عەدەد (بی کەی سی) یەکی بە تواناو سەلیقەو بەئەزموون بوو، هەڤاڵ (عەزیز خۆشناو) پێشمەرگەی دێرین لەسەر نەبەردیەکی راپەرین کە لەگەڵ شەهید (محەمەد شێخ وەسانی) بووە وتی: بەهاری ساڵی ١٩٩١ بوو خەڵک بەرەو ئێران هەڵدەهات و روحی مقاومەت نەمابوو خەڵک دوای ئەوەی کە خەبەریان پێگەیشتبوو کە موجاهیدی خەلق لە دەورووبەری کەرکووک خەڵکێکی زۆری کوشتبوو لە هە موو لایەکەوە خەڵک بەرەو سنوورەکان هەڵدەهات، ئێمە بارەگامان لە ئۆردوگای (شکارتە) بوو شەهید (محەمەد b k c) فەرماندەمان بوو بەرە بەرە ناوچەکە چۆڵ دەبوو تا وای لێهات یەک کەس لە ناوچەکە نەمابوو ناوەش ناوەش بە شەهید محەمەد یان دەگوت برام خەڵک هەمووی رۆیشت بۆچی ئیمەش نەڕۆین، قابیلە لەو هەموو حیزبانە خۆ کوردستان

تاپۆی ئێمە نییە کاک محەمەدیش دەیگۆت: لەوە خۆشتر نییە لە شوێنێک شەڕ بکەین هاووڵاتی مەدەنی لێ نەبێت بە کەیفی خۆمان شەڕ دەکەین و لەوە ناترسین دواتر حکومەت خەڵکی بکوژێت لێرە شەڕ دەکەین و ناڕۆین ئێرە چۆڵ بکەین تا ماوین ناتوانین جارێکی تر پێمان بنێینەوە خاکی کوردستان، بۆیە ئەو ناوچە شاخاویانە شەڕی باشیان تیا ئەکرێت و دڵنیا بن سەریش دەکەوین و سەرکەوتن بۆ ئێمەیە ئەوە بوو دووجار لە جیاتی کشانەوە بەرەو سنووری ئێران بڕیاریدا بەرەو لای حکومەت بڕۆین تاوەکو زووتر پێشی لێ بگرین و نەهێڵین زیاتر بێتە پیشەوە ئەوە بوو بەرێکەوتین لە ئۆردوگا سەرەتا بۆ سەروچاوە دواتر بۆ حاجیاوا دواتر بەرەو مەفرەقی چوار قورنە دواتر بۆ لای گردجان و قەرەنیاغاو کانیماران لەوێش بەرەو قەمتەران هەر چاوەڕوانمان ئەکرد لە کوێ لێمان دەدرێت، چونکە سوپای عێراق بە رێکەوتبوو بەرەو رانیە ئەوە بوو لە کلکەی قەمتەران لەگەڵ قافلەیەکی عەسکەری روبەڕووی یەکتر بووینەوە و لەسەر چەقی جاددە بوو بە شەڕێکی سەخت دوای نزیکەی سەعاتێک هێزەکەی دوژمن تێک شکاو دەسکەوتمان سەیارەیەکی ئیفا بوو کە گازو بە نزینی بار کردبوو ئەوە بۆ ئێمە باشترین دەسکەوت بوو هەر لەو رۆژە کە ژمارەمان (١٧) پێشمەرگە بووین ئێمەی کردە (٣) بەش من و حسێن هەرتەلی چووینە نزیک جاددە کە بەشێک چووینە سەر چیای زەرتکان بەشێکیش لە سەر جاددە کە ماینەوە لە قەمتەران هەر هەمان رۆژ شەهید (عەلی نەبی)ش هاتە فریامان ئەوانیش نزیکەی (١٥) پێشمەرگەیەک دەبوون شەهید عەلی نەبی بە شەهید محەمەد b k c دەگووت کاک محەمەد دەبێت لێرە بمرین ناهێڵین دوژمن پێی بنێتە حەوزی بیتوین بە راستی رۆژی پیاوی مەرد بوو ئەوە بوو کاک ئاکۆی عەباسا غاش هاتوو دۆشکەیەکی پێ بوو دەورێکی باشی دیت لەوێ سەنگەری شەڕمان لێداو دوا سنوورمان بۆ بەعس دانا هاوکات شەڕی کۆڕێش بوو لە وێش سەرکەوتنێکی باش بە دەست هاتبوو ئەوەش زیاتر بووە هۆی خۆڕاگری ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە شەهید محەمەد b k c ماندوو نەدەبوو بێزار نەدەبوو هەر شوینێکت پێ بسپاردبایە جێگای متمانەی تەواو بوو هەموو سوپای عیراق لێی کۆبووبایەوە بیری لە کشانەوە نەدەکردەوە بە راستی پێشمەرگەیەک بوو بە مانای وشە فەرماندەیەکی خۆنەویست تا بڵێی ئازاو چاونەترس زۆریش لەخەمی پاراستنی هاوڕێکانی بوو هەمیشە لە شوێنە ترسناکەکان خۆی پێشمان دەکەوت ئەگەر باسی هەموو چالاکی و نەبەردی و داستانەکانی ئەم شەهیدە فەرماندەیە بکەین رۆمانێکە و پڕە لە سەروەری، سڵاو لە گیانی پاکی بێت.........

- ناوی تەواو: محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر
- ناسراو بە: محەمەد بی کەی سی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخ وەسانان - ناحیەی بالیسان - قەزای شەقڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: حەلیمە محەمەد حەسەن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: قارەمان، سەنگەر، سوەیلە، سروە، سنەوبەر، سنوور
- ماوەیەک لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی ئێران دەبن

- دوای نسکۆ گەڕاونەتەوە کوردستان و ڕەوانەی خوارووی عێراق کراون تا ساڵی ١٩٧٧
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٨
- ئۆرگان: هەرێمی (٨)ی هەولێر
- ساڵی ١٩٧٩ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە
- ماوەیەک لای شەهیدی سەرکردە سەید کەریم بووە لە مەکتەبی عەسکەری ـ ئەوکات بارەگای مەکتەب لە بالیسان بووە.
- لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە جێگری کەرتی (١) لە تیپی (٨٣)ی هەورێ کە هەڤاڵ (ڕزگار هاودیانی) فەرماندەی کەرت بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨کراوەتە فەرماندەی کەرت هەر لە تیپی ٨٣ی هەورێ
- ناوبراو بەهۆی بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی ڕژێم بریندار بووە لە بەردەسن لە (بناری چیای شۆپە)
- لە دوای ئەنفالەکان یەکێک بووە لە فەرماندەکانی ڕەتڵی پارتیزانی خۆشناوەتی ـ شاورێ
- لە شەڕێکی سەخت لەکاتی پارتیزانی برییندار دەبێ و پێشمەرگەیەک بەناوی (غازی خالید بیراوەیی) شەهید دەبێ و هەڤاڵ (حاجی شێخ وەسانیش) بریندار دەبێ.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە: شەڕی دۆڵی سماقوڵی، بەنەباوێ، گرتنی بێتواتە، گرتنی قۆپی سوور، نەبەردییەکانی دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئالانە، شاخی کۆڕەک، دۆڵی ئاکۆیانی ڕواندز، بەرگرییەکانی سنووری بێتواتە، شەڕی شیشارو قەیوان، ماوەت و شەڕەکانی داستانی ڕزگاری، شەڕەکانی دوای کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ لە دۆڵی بالیسان و ئاکۆیان و تەواوی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر. شەڕەکانی (کونەکۆتر، گرتنی دێگەڵە، سادر، چەکوچ، گرتنی تەقتەق
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری تیپی ٨٣ی هەورێ
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی چەند شوێنێکی پێ سپێردراوە سەرپەرشتی بکات لە سنووری خۆشناوەتی، ناحیەی بێتواتە، سەروچاوەو شکارتە. ڕۆڵی قارەمانانەی بینیوە لە ڕزگارکردنی ئەم شوێنانە.
- لە پەلەماردانەوەی ڕژێم لە کۆڕەوەکە شەهید دەوری کاریگەری هەبووە لە سنووری قەمتەران سەنگەری لێ داوە شەڕێکی سەختی بەرامبەر دوژمن کردووە.
- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی بەتالیۆنی (٦١)ی هەورێ بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ١ـ٦ـ١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: گوندی وەرێ

### شەهید (رەهێڵ)

# محەمەد قادر نادر




رون و ئاشکرایە کاری رێکخراوەیی لە ئەوێ رۆژێی شاری هەولێر کارێکی سەخت و بەرەنگاربوونەوەیەکی چاونەترسانەی لێوان لێو لە دڵسۆزی بوو بەرامبەر ئینتماو خۆشەویستی بۆخاک، کارکردن و چالاکی ئەندامان و کادیرانی رێکخستنەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر ئەکتیڤ و چالاک بوون، کە سەدامییەکان لە هەموو کەلەن و قوژبنێک موختارو جاسوس و پیاوی خراپی خزاندبۆوە ناو ماڵ و فەرمانگەکانی میری سەرەڕای هەموو ئەو بەربەست و رێگریانە رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و ئۆرگانەکانی تری یەکێتی رژێمیان تووشی شۆک کردبوو، لەگەڵ ئەمەش ئەندامان و کادیران لێرەو لەوێ دەستگیر دەکران وەلێ زۆربەی زۆری ئیعترافی نەدەکردو بەر لێبووردنی گشتی دەکەوتن، هەندێکیانیش بەڵگەیان لەدەست یان ماڵ و شوێنی کاریان لەدەست دەگیراو پاشان لە سێدارەدەدرا. یەکێک لەو شەهیدە قارەمان و بە هەڵوێستەی کۆمەڵەی رەنجدەران شەهید (محەمەد قادر نادر)ـە. ناوبراو بەرپرسی رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو لە هەولێر. ئەو کادیرێکی بەهەڵوێست و خاوەن رای تایبەتی خۆی بووە، ئەو بەمەردی ژیاو بە سەربڵندیش لە سێدەرایان دا. هاوڕێیانی بەندینخانە شایەدی بۆدەدەن لەناو سجن هەوڵ و کۆششی لەگەڵ داون تا تەنەزول نەکەن و نەکەونە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەکانی سەدامیەکان، ناوبراو کەسێکی خاکی و هێمن و بەرەوشت بووە، هەڤاڵ (بەکر ئەحمەد یەعقوب) کادیری رێکخستنە نهێنییەکانی ئەوێ رۆژێی ناوشارو پێشمەرگەی دێرین دەربارەی شەهید محەمەد قادر ناسراوە بە (ڕەهێل) وتی: سەرەتای ناسینمان لەگەڵ یەک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفراسی سێی کۆمەڵە، بەڵام کارکردنمان بۆ دوای پەیوەندی کردنی هەڤاڵ کاک (کۆسرەت) و هاوڕێکانی بوو بە هێزی پێشمەرگەوە و تەسلیم کردنی رێکخراوی هەولێر بە پۆلێک خەڵکی دڵسۆزی ئەو رێکخراوە کە من و ئەو یەکێک بووین لەوانە، ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک خەباتی سەختی نهێنیمان لە شاری هەولێر بە یەکەوە کرد،

ناتوانم پێناسەی قارەمانیەتی و جوامێری و ئازایەتی و دڵسۆزی ئەو تێکۆشەرە بە چەند وشەیەک بە چەند دێڕێک پێناسە بکەم، چونکە خەباتی نهێنی ناوشارەکان ئەوەندە ئاسان نەبوو، تەنها ئەو کەسانە شاهێدی قسەکانمن کە لەو بوارەدا کاریان کردووە، شەهید محەمەد قادر سەرکردەکی بوێری ڕەنجدەران بوو، شەهید بوونی لەو ڕێبازەدا گەواهی قسەکانمن، لەو ماوەیەدا بە هەوڵ و توانای برادەرانی ڕێکخراو توانرا ڕێکخراوێکی نموونەیی بین و درێژە پێدەری هەڤاڵ (کۆسرەت) و هاوڕێکانی بین، شان بە شانی مەڵبەندی سێ هاوکاریان بین، ئەندامانی ڕێکخراوی ئەو کاتە بە سەرپەرشتی شەهید (حەیدەر جوکل) بوو، زۆر بەداخەوە ماوەیەکی کورت و بە هۆی جموجۆڵمانەوە کەوتنە ژێر چاودێری ئەمنی بەعسیەکان و دەرئەنجام فەرمانی گرتنمان بۆ دەرچوو تەنها شەهید (محەمەد) نەبێت، بەندە ماوەی مانگێک بەنهێنی مامەوە و مۆری ڕێکخراو ڕێکخستنەکانم هەموو تەسلیم بە شەهید کرد، هەر چەندە گومان لەسەر ئەویش هەبوو کە ئاشکرا بووبێت، بەڵام چار نەبوو لەبەر بەرژەوەندی ڕێکخراو مایەوە، بە حەقیقەت لە ماوەی ئەو ساڵە زۆر بە ڕێکوپێکی توانی ڕێکخراو ببات بەڕێوە بێ کەم و کورتی و شوێن پەنجەو هەوڵ و تێکۆشانیش ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە خەباتی کودایەتی و ڕەنجدەران، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٦ دەستگیر دەکرێ و لە ٢٩ـ١٢ـ١٩٨٧ لە بەندینخانەی ئەبوغرێب لە سێدارە درا. هەزاران درووت لە گیانت شەهید (محەمەد قادر) روحت شادو ئارامگەت ئارام کادیرە بە هەڵوێستە خەمخۆرەکەی کۆمەڵە.

- ناوی تەواو: محەمەد قادر نادر شەریف
- ناسراو بە: ڕەهێل
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی تەیراوەی هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی ئامادەیی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: لائیقە سابیر ڕەشید
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هێمن، هێرش، هەڵۆ، هێڤی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٥
- لایەنی سیاسی: (یەکێتی) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- مائمور بەدالەی خەستەخانەی جمهوری هەولێر بوو.
- ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- لەمانگی (٣)ی ساڵی ١٩٨٦لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستگیرکراوە
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ٢٩ـ١٢ـ١٩٨٧
- شوێنی لە سێدارەدان: بەندینخانەی ئەبوغرێب

## شەهید (محەمەد بەحرکەیی)

# محەمەد مستەفا عەلی




شەهید (محەمەد مستەفا عەلی) ناسراو بە محەمەد بەحرکەیی لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزو کوردپەروەر هاتۆتە دنیاوە، ئەو لەتەمەنی لاوی پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، لاوێک چاونەترس، باوەڕبەخۆ، ئیرادەیەکی بەهێز، دواتر لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان ئازایانە چەکی شەرەفی کردە شان، لە شاخ وەکو چیایەکانی کوردستان بەهێزو سەربڵند بوو، لە دوای ڕاپەڕینیش لە بەرگری لە حکومەتی هەرێم شێر ئاسا هەڵمەتی دەبرد، ئەو باکی نەبوو لە گوللەو ترسی نەبوو لە شەهید بوون. ناوبراو کەسێکی کراوەو سادەو بێ ئاریشە بوو، تەمەنی جوانی و لاوی خۆی لە پێناو شۆڕش و کوردو کوردستان بەخشی. بەڵام بەداخەوە لە هەڵمەتی پاک کردنەوەی شەمشەمە کوێرەکانی جوندولئیسلام لە ناوچەی هەورامان لە ڕێکەوتی ٢٨ـ ٣ـ٢٠٠٣ شەهید دەبێ و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید محەمەد بەحرکەیی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: محەمەد مستەفا عەلی
- ناسراو بە: محەمەد بەحرکەیی
- تەمەن: ١٩٦٠
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی بەحرکە
- ئاستی خوێندن: تا چواری ئامادەیی خوێندووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: چیمەن بەکر ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکان: بەشدار، ئەسرین، سەرکار، ئاشنا، ڕۆشنا، پێوەر، تارا.

- عەشیرەت: گەردی
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتیەوە: ١٩٨٢
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و شەڕو چالاکی هەمەجۆری ناوشار کردووە لەوانە، داستانی سماقوڵی، گرتنی هیران و نازەنین، لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک، شەڕی قۆپی جوانەگا، گرتنی شارۆچکەی تەق تەق، داستانی سەری رەش، لێدانی رەبیەکانی جادەی کۆیە، زیاتر لە ١٠ چالاکی ناوشار،
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٧) جار بریندار بووە.
- شەهید باوکی لە ساڵی ١٩٦٧ تیرۆر دەکرێ لە لایەن حزبێکی کوردییەوە.
- شەهید لە ساڵی ١٩٩١ رۆڵی گرنگی بینیوە لە ڕاپەڕین.
- بەهۆی سیاسییەوە ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە.
- چەندین پلەی سەربازی وەرگرتووە لە دوای ئاوارەیی.
- لە ساڵی ١٩٩٩ بەشداری خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی کردووە بە پلەی ئەفسەر بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە
- لە ساڵی ٢٠٠٢ پلەی پاش خولی تەرقیە بۆتە مقدم
- دوا پلەی جێگری لەشکری (١) بووە لە فەرماندەی دووی هەولێر
- لە رێکەوتی ٢٨- ٣-٢٠٠٣ لە پاککردنەوەی تیرۆریستانی جوندولئیسلام شەهید بوو.
- شوێنی شەهید: ناوچەی هەورامانی سنووری هەڵەبجە.
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٧/١٤ لە ژمارە (٧٠١٨) لە لاپەڕە (١٢)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (محەمەد سیاسی)

# محەمەد مستەفا مەلا ڕەسوڵ




ڕاستگۆیی و پاکی بوون لەسەرجەم کایەکانی ژیان گرتنەبەری گەیشتنە بە بەرهەمی ئاسوودەیی لە کەناری ئارام و دڵێکی ئاسوودە لە بازنەیەکی کراوەی دنیادا، خۆشەویستی نیشتمان و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خاک ئەوکاتانەی نیشتمان لەژێر مەترسی داگیرکردن و فشاری زولم دایە ئەوکاتانە دڵە پاک و راستگۆیەکان هاوکات زەنگی ویژدان و ئینتمابوون بۆ خاک لێ دەدات. چەند دڵخۆشم کە دەڵێن فلان پێشمەرگەی دانەبڕاوە یان پێشمەرگەی دێرینەو خیانەتی نەکردووە لە شۆڕش و کورد،ئێستاکە زۆر کەس ئەم قسەی من بەیەک فلسی سوتاو ناکڕن دەلێن (کێ کردی و جاش خواردی) واتە ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ هیلاک و پارتیزان و پێشمەرگە بوون ئێستا زۆربەیان لەبارێکی خراپ و ژیانێکی ناخۆش دەژین، بەڵام ئەوانەی ڕاوی پێشمەرگەو خانەوادەی پێشمەرگەیان دەدا ئێستا ئەوان خاوەنی پێشمەرگەن و سەرشانیان پرە لە نەجمەی ڕەنگاوڕەنگ و هەرئەوانن خاوەن ڤێلاو پرۆژەو بندیوار، لە ڕاستیدا لەمەیدانی کاردا ئێستا ئەوە دەبینین!!!! بەڵام من دەڵێم ئەگەر پێشمەرگەو شۆڕش نەبووایە ڕاپەڕین و ئازادی و دەستکەوتەکانی دوای ڕاپەڕین نەدەبیندران، ئێستاکەش خەباتکارو پێشمەرگە دێرینەکان ویژدانیان، دڵیان، باوەڕیان ئاسوودەو خۆشەویستیان بۆ ئەو کوردستانە زۆرە، وەلێ ئەوانەی بوونەتە فیرعەون و بازرگان دەروونیەن نەخۆشن و پارە چاوی کوێرکردوون بۆیە ئینتماو خۆشەویستیان نەماوە بەرامبەر خاک و نیشتمان، ئەگەر چاوێک بە دەڤەری سنووری تیپەکانی باڵەک و کارۆخ و ڕواندزو کۆڕەک بخشێنین سەدان فەرماندەی کردۆتە قوربانی خاک بۆ ئەوەی تەنها نیشتمان ڕزگار بێت. یەکێک لەو شەهیدانە (محەمەد سیاسی)یە. ناوبراو هەتا بڵێی پیاوێک راستگۆ، پاک، خاکی، جوامێر، ناوبراو لە رووی ئەدای پێشمەرگایەتیەوە زۆر لێهاتوو، زۆر ئازا، بەهیمەت و بە غیرەت، فەرماندەیەک خۆشەویست

و خۆنەویست لەناو هێزی پێشمەرگەو خەڵک بەگشتی. لەداستان و نەبەردی و چالاکییەکان لەپێشەوەی پێشەوەی شەڕگەکاندا بوو، بەڵام سەد حەیف و مخابن لە شەڕێکی نەخوازراوی داسەپاو بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شەڕی ناوخۆ لە زینی وەرتێ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: محەمەد مستەفا مەلا ڕەسول
- ناسراو بە: محەمەد سیاسی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی وەرتێ
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندارە
- ناوی هاوسەری شەهید: مریەم عومەر ئەحمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: جووتیار، کرێکار، هاوار، بەختیار، دیمەن، دێرین
- ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوول: ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ پێشمەرگە بووە.
- شوێنی پێشمەرگایەتی: سنووری وەرتێ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستنی لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزە پێشمەرگەی کوردستان: ١٩٧٩
- ئۆرگان: هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ - لە مەفرەزەی شەهید سمایل وەرتی
- لە ساڵی ١٩٨٤ لە تیپی (٧٣) هەڵەموند درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ تا ڕاپەڕین لە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بووە.
- لەشاخ دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە.
- لە دوای ڕاپەڕین لە هێزی ٣٧ی هەڵەموند بووە.
- دواتر لە لەشکری کارۆخ بەردەوام بووە.
- لە تەشکیلاتی هێزەکان لە هێزی ٣٧ی کارۆخ درێژەی داوەبە پێشمەرگایەتی.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ واتە پێش شەهید بوون لە لەشکری (کارۆخ) بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری وەک کردووە. وەک شەڕەکانی (هەڵەموند، گەرووی مەنجەڵ، داستانی رزگاری، خۆشناوەتی، کۆنەکۆتر، سادر.
- بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لەدوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.
- لە دوای ڕاپەڕین دوا پلەی فەرماندەی هێز بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ١٠/١١-١٢-٢٠٠٠
- شوێنی شەهید بوون: لە زینی وەرتێ - چیای هەڵەموند

## شەهید (محەمەد بالیسانی)

# محەمەد مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا



پاش نسکۆ کوردستان تروسکایی و رووناکی لێ بەدی نەکرا، خەڵک و هاووڵاتیان بەرگی خەفەت و غەمباریان پۆشی بوو، کوردستان بەگشتی بێ ئومێد ببوو، ئاسمانی کوردستان هەورێکی رەشی تەنی بوو، بێ هیوایی و بێ ئومێدی میوانی هەموو ماڵە کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو. بەمانای وشە ژیان هیچ بوونێکی نەمابوو، ئا لەم وەزعە نالەبارو بێ هیوایە بۆ نەتەوەی کورد گەنجێکی بزێوی تەمەن ٢٨ ساڵ بۆ ٢٩ ساڵی لەدەڤەری خۆشناوەتی لەگوندی بالیسان جاری شۆڕشی نوێ و رێکخستنێکی نوێی بەگوێی گەنجانی سنوورەکە ڕاگەیاندن و لێرەو لەوێ ئەم گەنجە چاونەترسە بەرگی نائومێدی بەهیوایەکی زۆرەوە فڕێدا و وتی شۆڕش لێرەوە دەست پێ دەکەین و ئێمەش وەکو میللەتی کورد مافی ژیان و مافی سیاسی خۆمان هەیە. ئەم لاوە خوێن گەرمەش (محەمەد مستەفا محەمەد بالیسانی) بوو. ناوبراو لەشۆڕشی ئەیلوولیش پێشمەرگەو کادیرێکی دڵسۆزو دۆستی نزیکی هەڤاڵ (مام جەلال) بوو. دەتوانین بڵێین شەهید محەمەد بالیسانی یەکێک بووە لە مەفرەزە سەرەتاییەکان لە سنوورەکە چەکی شەرەفی شۆڕشی نوێی لەشان کردووەو کاری نهێنی رێکخستنەوەی رێکخستنەکانی مەیسەر کردووە. گەنجێکی راستگۆ، دڵسۆز، بوێر، قارەمان، بۆ ئەو سەردەمەی کە دوژمن زۆر تۆڕی جاسوسی لە شارو گوندەکان تەنی بوو ئەوانەی خەریکی کاری سیاسی بوون بەژمارە زۆر کەم بوون، بەڵام خۆڕاگری ئەوان و چاونەترسی رێکخستنەکانی ئەوکات کە دەگێڕنەوە خۆی لەخۆیدا بەرخودان و مل خشان بوو لە چەقۆیەکی تیژ. شەهید محەمەد بالیسانی بەحەق کارێکی وای کرد لەرووی هۆشیاری و کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە دوژمنی تووشی شۆک کرد، چونکە بە رۆژ پارتیزان و بە شەو لەهەموو شوێنێک بوو جارِی راگەیاندن و هۆشیارکردنەوەو ئاشنا کردنی پەیڕەو پرۆگرامی شۆڕش. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژنەبوو لەسنووری گوندی کانیبەرد بەچەکەوە کەوتە ناو بۆسەی خۆفرۆشان و دەستگیرکراو دواتر

پاش (٥) مانگ لە سێدارە درا، لە بەندینخانەی موسڵ..

- ناوی تەواو: محەمەد مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: محەمەد بالیسانی
-ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٤٨
- شوێنی لەدایک بوون: بالیسان
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: بسریە قادر ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شێرزاد، ئازاد، خانزاد
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە لە ساڵی ١٩٦٨تا ساڵی ١٩٧٤
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٧٧
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان
- یەکەم کەس بووە لەسنووری بالیسان و شەقڵاوە باسی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ و رێکخستنەکانی کردووە لەم دەڤەرە.
- رۆژو مانگ و ساڵی دەستگیر کردنی: ٧-٣- ١٩٧٨ بەچەکەوە دەستگیرکراوە.
- شوێنی دەستگیر کردنی: گوندی کانی بەرد
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ٩-٨-١٩٧٨
- شوێنی لە سێدارەدان: بەندینخانەی موسڵ

## شەهید (حاجی نور)

# محەمەد مینە برایم ئەحمەد



لە رۆژی ٧ـ١٠ـ١٩٨٦ رژێم بەهەموو هێزوچەکی پێشکەوتووی ئەوسا هێرشی کردە سەرقۆپی ئەستێرێ کە تیپی (٧٤)ی باڵەک بەسەرپەرشتی فەرماندەی تیپ (برایمی حاجی کوێخا) نەیانهێشت دوژمن یەک بست بچییتە پێشەوە، ئەوانەی پێشمەرگە بوون و ئەوانەی خەڵکی ئەم شوێنە بوون دەزانن هێزەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک چ هێرشێکی قورس و هاوەن و تۆپبارانێکی سەختیان لەسەر بوو، بەڵام خۆڕاگری برا پێشمەرگەکان و هاندان و ورەبەخشی (برایمی حاجی کوێخا) بۆ پێشمەرگەکان هەندەی تر جۆش و هێزی بەرئەوان دەهێنایەوە. لەیادی ئەم داستانە مەزن و پرسەرەوەریەی هێزی پێشمەرگە جێگای خۆیەتی باسێک لە ژیانی شەهیدێکی دۆڵی باڵەییان بکەین ئەویش (محەمەد مینە برایمە) ناسراو بە (حاجی نور) ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازا، خۆڕاگر، خۆشەویست، گوێڕایەڵ، زۆر سیفەتی جوان لەم پێشمەرگە مەردو دڵسۆزە کۆببۆوە. یەکێک بوو لە پێشمەرگە نزیکەکانی شەهید برایمی حاجی کوێخا. هەموو هەوڵ و کۆششێکی حاجی نور گەیشتن بوو بە رۆژگارێک ئازادی هەبێ و کورد بەمافی خۆی بگات. لەژیانی پێشمەرگایەتی سەختی و دژواری زۆری بینی، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەدا. بەڵام بەداخەوە لەم داستانەی قۆپی ئەستێرێ شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. روحت شاد و ئارامگەت ئارام پێشمەرگە قارەمانەکەی دۆڵی باڵەییان....

- ناوی تەواو: محەمەد مینە برایم ئەحمەد
- ناسراو بە: حاجی نور
- ساڵی لەدایک بوون: ٢٤ـ٤ـ١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرکان، چۆمان، قەسرێ، دۆڵی باڵەییان
- عەشیرەت: باڵەک

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئایش ڕەسول حەمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هەڵاڵە، وریا، جەلال، نوری
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٢
- ئۆرگان:تیپی (٧٤)ی باڵەک کەرتی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید حاجی نور بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووەو رۆڵ و پێگەی لەناو سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە دیار بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧-١٠-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: دۆڵی باڵەییان داستانی قۆپی ئەستێرێ هەرلەم داستانە شەهیدی فەرماندە (برایمی حاجی کوێخا) شەهید بووە.پێشمەرگەیەکی تریش بەناوی (ڕەسول حەمەدەمین) و (دوو هاووڵاتی) تریش شەهید بوون.

## شەهید (مامۆستا محەمەد سەرسپی)

# محەمەد ئیسماعیل مەحمود حەسەن




مامۆستا (محەمەد سەرسپی) پیاوێک پۆڵاین وەک قەڵای هەولێر، شامێرێک و شاکوڕێک بۆ شۆڕش و کوردایەتی، خۆڕاگر وەک چیای سەفین و هندرێن و هەیبەت سوڵتان، دڵسۆزو بەوەفا بۆ نیشتمان و نەوەی نوێ، خەمی ئەو خەمی نەوەکانی لادێ نشین و منداڵە چاوگەشەکانی پێشمەرگە بوو ئەوسا لەشاخ هەربۆیە لە شۆڕشی ئەیلوول وانەبێژوو مامۆستایەیەکی خەمخۆر بوو، لەدەسپێکی شۆڕشی نوێ وەک کادیرێکی بەئەزموونی رێکخستنە نهێنییەکان شانی کوردانەی دا بەر چالاکی و هۆشیارکردنەوەی لاوەکان کە هەرگیز نەبنە جاش و بەعسی، ئەو داینەمۆو کۆڵەگەیەکی سەرەکی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، مامۆستا (محەمەد سەرسپی) بەشایەدی دۆست و هاوڕێیانی کەسێکی لێوان لێو بووە لە کوردپەروەری و دڵسۆزی و حەق خوازی، کەسێک بووە سادەو خاکی و مرۆڤ دۆست، مامۆستا محەمەد سەرسپی ئەوکات لەبیری دەوڵەتی کوردی و گەیشتن بە مافە سەرەتاکانی میللەتی کورد بووە . لەلایەکی تر نهێنیپارێز و راستگۆ و خۆڕاگر لە زیندانەکانی بەعس، مەگەر بەس جەللادەکانی بەعس بزانن مامۆستا لە زیندان چ ورە پۆڵاین و چ کوردپەروەرێک بووە کە تۆزقاڵێک سەری نەوی نەکرد لە ئاست پۆستاڵە گڵاوەکانی ئەم خوێن مژانە، ئەوێ رۆژێ لەم هەولێرە مامۆستا (محەمەد سەرسپی) و هاوڕێکانی کە گروپێک بوون ترس و تۆقی بەعسیەکانیان بەلانابوو بەهەندێ چالاکی بەهاوکاری پێشمەرگە بەچکە بەعسی و جاشە خۆفرۆشەکانی لەپێناو بڕێک پارە خۆیان فرۆشتبوو تووشی شۆک کردبوو. ئەوان لە پێناو رێکخستنەکان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان کردە قەڵغان تا دوژمن بزانێ شۆڕش وکوردایەتی بە لە سێدارەدانی ئەوانیش بەردەوامەو هەر ئەندام و کادیرێک مامۆستا محەمەد سەرسپی و هاوڕێیانی ئەون. روحت شاد مامۆستای کوردایەتی، ئارامگەت ئارام کوڕە دڵسۆزو بەئەمەک و گیانفیدایەکەی هەولێرو هەولێرییەکان.

- ناوی تەواو: محەمەد ئیسماعیل مەحمود حەسەن
- ناسراو بە: مامۆستا محەمەد سەرسپی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٤٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی داڵداغان ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: سورچی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: زەکیە عومەر سەلیم
- ناوی منداڵەکانی شەهید: دلۆڤان، ئاڤان، ئەردەلان
- لە ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی مامۆستایانی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٧٠ بە ئەندامی مەکتەبی ڕاپەراندن هەڵبژێردرا.
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە: ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ واتە تا نسکۆی شۆڕش.
- ساڵی پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان: ١٩٧٦
- ناوبراو بەرپرس و کادیرێکی دیارو کارای یەکێتی مامۆستایان بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەک خۆی شاردۆتەوە لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بەهۆی ئاشکرابوونی هەندێک لە ڕێکخستنەکان.
- بەهۆی دڵسۆزی و ئەو بەرپرسیاریەتەی لەسەرشانی بوو بەردەوام بوو لەکاری ڕێکخستن بێ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەهزری هەبێ.
- ئەندامی ڕێکخراوی ناوشار بووە، ماوەیەک سەرپەرشتیاری ڕێکخراو بووە
- لە ١٣ـ٥ـ١٩٨٨ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستگیرکرا.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی گوللەباران کردن: لە ٢٨ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی گوللە باران کردن: دائیرەی ئەمنی هەولێر
- ئەم هەڤاڵانەشی لەگەڵ لە سێدارەدران (حەسەن محەمەد حەسەن، نورەدین سەعید حوسێن، موحسین قادر سێوێ، تەحسین دەرگەڵەیی)

## شەهید (مەحمود پاکستانی)

# مەحمود خدر باسە جبرائیل



پێشمەرگەیەک لە دڵسۆزی وئەمەک وخاکی بوون و شۆڕشگێڕی زیاتر هیچ ئینتمایەکی نەبوو بۆ نیشتمان. ئەو هەژاربوو لە خەڵکی هەژار تێدەگەیشت، ئەو لە جوانی خاک و نیشتمانی دەڕوانی بۆیە پاش ساڵێک ژیان لە وڵاتی پاکستان لە ڕاپەڕینەکەوە گەڕایەوە کوردستان و هەندەرانی نەگۆڕیەوە بە خاکی سوتماکی کوردستان، ئەم پێشمەرگەیەش (مەحمود خدرباسە جبرائیل) ناسراو بە (مەحمود پاکستانی)یە لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین (حەمەدەمین تەللخێمی) لەسەر شەهید "مەحمود پاکستانی" وتی: ناوبراو پێشمەرگەیەکی زۆر دڵسۆزو بە ئەمەک و بێ کێشە بوو، ساڵی ١٩٨٩ لە ڕەزاییەی ئێران بەیەکەوە بوین ڕێک ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە بوو لەبەردەم چەند فەرمانگەیەکی حکومی و نوێنەرایەتی دەوڵەتانی بیانی بە دروشم و هوتاف لێدان نارەزایی دەردەبڕی و دەیووت بۆ بەدەنگ نایەن لەم کارەساتە گەورەیە. من ئەوەندەی پاکستانیم ناسیبێ لە دڵسۆی زیاتربۆ کوردایەتی هیچ مەبەستێکی تری نەبوو، هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی شەهید (مەحمود پاکستانی) و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: مەحمود خدر باسە جبرائیل
- ناسراو: بە مەحمود پاکستانی
- تەمەن: ١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قولتەپە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر.
- عەشیرەت: خەیلانی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: کوێستان عەلی محەمەد

- ناوی منداڵەکان: کارۆخ، کارزان، کاروان
-ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٦
- ئەو ئۆرگانانەی ناوبراو پێشمەرگایەتی تیا کردووە: تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوغ - تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- ماوەیەک لە کەرتی (٣) بووە.
- یەک جار بریندار بووە.
- (دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی)
- لە دوای ڕاپەڕین ئەندامی کەرت بوو لە کۆمیتەی کاسبکاران
- دواپلەی (رابەر سیاسی) بووە لە هێزی ئامادەی هەولێر لە ساڵی ١٩٩٥
- شەهید لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و شەڕو چالاکی کردووە لەوانە: داستانی قەیوان ماوەت، داستانی بنەباوێ، شەڕەکانی سەرکردایەتی، شەڕی رەبیەکانی سێ قۆچان، شەڕەکانی بەستی شەرغە، لە دوای ڕاپەڕین بەرگری لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-٧- ١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی شێخە شەل - بحرکە

شەهید (محێدین ماستاوەیی)

# محێدین ئەحمەد عومەر



(محێدین ئەحمەد ماستاوەیی) لاوێکی بزێو، جوان، عەشقی ئەو بۆ کوردستان، بۆ کوردایەتی جیاوازبوو، ئەو هەستێکی زیاد لە پێویستی بۆ پێشمەرگایەتی هەبووە! لیوا (حەسەن عەوێنەیی) پێشمەرگەی دێرین لەبارەی ماستاوەیی وتی: ساڵی ١٩٨٤ بوو شەهید محێدین هات بۆ پێشمەرگایەتی ئێمەش وتمان تەمەنت جارێ ماوە بڕۆوە، چونکە خەباتی پێشمەرگایەتی سەختەو دوورودرێژەو بەشی تۆش دەکات لەقۆناغێکی تر خزمەت بکەیت، دەبێ ئەوەی دەبێتە پێشمەرگە چەکی خۆی هەبێت گەڕاوە. سەرەتایی ساڵی ١٩٨٥ هاتەوە بۆ پرس کردن و ئاگادارکردنەوەی شۆڕش وتی دەبێ بچم ناوی خۆم بنووسم لەو فەوجانە کەچەکیان دامێ هاتمەوە بۆ لای ئێوە وەرم دەگرن دیارە ئەوکات بڕیاری سەرووی بۆ وەرگیرابوو چەک و تاقمێکی خاوێنی هێناوو بوو، بوو بە پێشمەرگە. بەڵام چ پێشمەرگەیەک ئازا، چاونەترس، بە جووڵە ئەوەندە چالاک و قارەمان بوو بە ماوەیەکی کەم لە هەردوو تیپی ٨٦ و٨٧ ناسرا. ئەو زۆر حەزی لە چالاکی ناوشار بوو. زوو تێکەڵ دەبوو لە شەڕو هێرشەکان تووڕە دەبوو لە دەستەی هجوم نەبوایە، هەموو سیفاتە جوانەکانی مرۆڤایەتی تێدابوو بۆیە کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزە. بەڵام بەداخەوە خائینانی کورد سەرجەم خەونەکانیان لەبار بردو شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە لەگەڵ کادیری پێشکەوتوو شەهید (جامی) لە سنووری گوندی پاڵانیان.

- ناوی تەواو: محێدین ئەحمەد عومەر
- ناسراو بە: محێدین ماستاوەیی
- تەمەن: ١٩٦٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی ماستاوە - ناحیەی شەمامک - پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- عەشیرەت: گەردی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک کچی هەبووە بەناوی (بێخاڵ)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٥
- سەرەتا لە تیپی ٨٥ بەڕانەتی بۆتە پێشمەرگە
- ساڵی ١٩٨٦ گواسترایەتەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٥)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری دەیان شەڕو چالاکی و نەبەردی کردووە.
- ناوبراو (٢) جار بریندار بووە لەجادەی موسڵ ـ ناوچەی بەڕانەتی
- ڕۆژو ساڵی شەهید بوون: ١٦ـ ٦ـ ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی پالآنیان ـ گوندی مورتکە

شەهید (هێمن)

# محێدین محەمەد سلێمان هەمزە



سۆزو خۆشەویستی و ئینتما بۆ خاک ئەگەر لەناخەوە هەڵنەقولێ و لەناخەوە ئاراستەت نەکات ئەوا دەربرینی ئەو سۆزە عەتفێکی کاتیەو بۆمەرامێکی تایبەت و ماوەییە، بۆیە ئەوانەی دەیان ویست شەرەفی کوردایەتیان بە باڵا ببڕێت و ببنە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ خۆشەویستی خاک تێکەڵ بە هزرو ویژدان و جەستەیان دەبوو، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی پێشمەرگەو فەرماندەکانی یەکێتی بدەینەوە دەبینین ئازایەتی و غیرەتیان لێ دەتکاو خوێنیان دەبەخشی بەخاک تا گەلە ستەم دیدەکەیان بۆنی ئازادی و بۆنی خاکێکی رزگارکراو بکەن. ئەو یەکێتیەی دوژمنی هێنا بووە لەرزین و فیشەک لەئاست پێشمەرگەکانی یەکێتی تووشی شەرمەزاری ببوو. یەکێک لەو پێشمەرگانەی کەتەمەنی پێشمەرگایەتی نەگەیشتە ساڵێک، بەڵام خۆڕاگری و ئازایەتی ئەم شێرئاسایەی گوندی عاڵڵایی کەندێناوە ببووە جێگای دڵخۆشی هەڤاڵانی، ئەم پێشمەرگەیەش (محێدین عاڵڵایی) بوو. ناوبراو پێشمەرگەیەکی سادەو خۆشەویست و لێبوردە بوو. پێشمەرگەیەک تا رۆژی شەهیدبوونی بەوپەڕی لەخۆبوردەییەوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکرد.. روحت شادو ئارامگەت ئارام شەهیدە بەوەفاکەی رێبازی (مام).


ناوی تەواو: محێدین محەمەد سلێمان هەمزە

- ناسراو بە: هێمن
- ساڵی لەدایک بوون: ٢٦-١-١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی عاڵڵا - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور
- عەشیرەت: سنجاوی
- ئاستی خوێندن: تا ناوەندی خوێندووە

- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٥ـ٥ـ١٩٨٥
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠ـ ٦ـ ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ـ کەرتی (٢)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەر ئەرک و واجبێکی پێشمەرگانەی پێ سپاردرا بێت وەک خۆی جێبەجێ کردووە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٠ـ٧ـ ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: کلکەی شەکرۆک ـ گوندی بەرەکە ـ شەقڵاوە.

## شەهید (مزەفەر مەنتک)

# مزەفەر حامید مەجید



زۆرن ئەوانەی لە تەمەنی لاوێتیدا شۆڕش، خەبات، رزگاری نەتەوە، ئازادی ڕادەربرین وەک باوەڕێک لە هزریان دەخولایەوە.
زۆرن ئەوانەی ئەوێ رۆژێ بۆ بەرگری لە گوندنشینەکان و کۆچەرییەکان خۆیان خەڵتانی خوێن و گیانیان دەکردە قوربانی
منالآنی بێنازی دەشتی هەولێر، لەوێشەوە بۆ منالآنی دەشتی کۆیە.. ئەو کاتانەی سەرانی ڕژێم لەوپەڕی بەهێزی دابون داروبەردی ئەم وڵاتە سوتماکە تەنانەت لەمالەکانی خویان نەیان دەوێرا باسی درندەیی و کارە قێزەونەکانی بەعس بکەن. ئا لەو کاتە لاوێکی گەنم رەنگ و تۆزێک کورتەبالآو خوێن شیرین، بەڵێ ئەوکات زوو زوو خۆی بە کۆڵانەکانی کوران، باداوە، مەنتکاوە، کوردستان، دەکردو ئێوارەکەی ئێزگەی گەلی کوردستان بەدەنگە زولآڵەکەی فەرهاد سەنگاوی چالاکی پێشمەرگەی دەخوێندەوە بەتایبەت کەرتەکانی شەهید سابیر ڕەسول و خاڵە مامەند مەنتک لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ئەوێ رۆژێ شەهید مزەفەر مەنتک و هاوڕێکانی پشکی شێریان لە چالاکییەکانیان بەر دەکەوت، ساڵەکانی ٨٥ و ٨٦ بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پڕ چالاکترین ساڵ بوون رۆژ نەبوو کورە ئازاکانی هەولێر چەندین دەستکەوتی هەمەجۆری چەک و تەقەمەنی و ئوتۆمۆبێلیان نەبێ جگە لە بە سزا گەیاندنی پیاوانی رژێم..
شەهید مزەفەر حامید مەجید تا بڵێی ئازا، بوێر، چاونەترس، هێمن و لەسەرخۆ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی کە ٧ ساڵ بێ دابران ئەوەی منی سەرسام کرد لەکاتی نووسینی ئەم ٢ ژیاننامەی شەهیدە کە شەهیدان مزەفەرو سەرباز دووشیوانی دوو دوانەی وەک یەک کە لە قۆناغی ژیان و پێشمەرگایەتی لەیەک چوونە (بوونیان بەپێشمەرگە لەرێزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان، دواتر بەیەکەوە پەیوەندیان

کردووه بە (ی. ن. ک) لە شەڕی منارە بەیەکەوە بریندار دەبن، لە پرۆسەی هاوسەرگیری بەیەک شەو ئاهەنگ دەکەن. لە شەڕەکان زۆربەی بەیەکەوە بوونە، بەیەکەوە شەهید دەکرێن، لە گۆڕستانی گوندی دووشیوانی مەنتکان لەتەک یەک بەخاک دەسپێردرێن.. سەری رێزو نەوازش بۆ شەهید مزەفەرو سەرجەم شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دادەنوێنین..

- ناوی تەواو: مزەفەرحامید مەجید
- ناسراو بە مزەفەر مەنتک
- لە ساڵی ١٩٦٢ لەدایک بووە
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دووشیوان: ناحیەی قوشتەپە: قەزای بنەسڵاوە: پارێزگای هەولێر
- عەشیرەتی: مەنتک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار بووە:
- لە ساڵی ١٩٧٩ لەسنووری هەرێمی (٨)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) بۆتە پێشمەرگە
- لە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ - کەرتی (٣)
- لە شەڕی منارە بەسەختی بریندار بووە
- بەشداری شەڕەکانی (داستانی بێتواتە، گرتنی رەبایەکانی نێوان تەکەور باوەقوب، لێدان و گرتنی رەبایەکانی گوندی سێقوچان، شەڕی مەچلوبە، لێدانی بازگەی هەولێر، لێدانی بازگەی لەتیفاوە، لێدانی مەفرەزەی ئەمن لە فلکەی زراعە، لێدان و بۆسەی درۆپەو بەردەباز، شەڕی چیایی قەرەچوغ، شەڕی منارە، شەڕەکانی قەمبەر، سێکانی، نێرەگین.
- شەهید لە پاش خۆی کۆرپەیەکی چاوگەشی بۆکوردستان و (ی.ن.ک) بەناوی کانیاو بەجێ هێشت
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٦/٢/٢٢
- شوێنی شەهید بوون: لەنێوان کونە گورگ - دارەتوو. فەرماندەی مەفرەزە (سەرباز دووشیوانی) لەگەڵ شەهید بووە.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ١٢-١٢-٢٠١٤ لە ژمارە (٦٥٥٣) لە لاپەڕە (٨)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

شەهید (خاڵە مست)

# مستەفا ئەحمەد مام کاک




بەبێ گومان کە باسی شۆڕش و کوردایەتی دەکەین لێرەو لەوێ ناکرێ و نابێ تیشک نەخەینە سەر ڕۆڵ و پێگەی خزمانی باڵەکایەتی لەناویاندا گوندی (وەرتێ) چونکە سەرهەڵدان و ناڕەزایی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان بەرامبەر ڕژێم لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول خەباتێکی تازەو سەرەتایی بوو. ئەوان ستەم و زوڵمی بەعسییەکانیان قبوڵ نەبوو، ئەگەر فلاش باگێک بۆ مێژووی ئەم دەڤەرە بکەین دەبینین زۆرترین کات ناوچەی ئازاد بووە، لەو پێناوەش سەدان ڕۆڵەی قارەمان و فەرماندەی وەک سمایل وەرتی و ڕەحمانی حاجی خدرو برایمی حاجی کوێخا و دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی تر کە ناکرێ ناوی هەموویان بهێنین، بەڵکو تەنها مێژوو شایەدە کەئەم دەڤەرە چەند دڵسۆزانەو خۆنەویستانە بەرخودانیان کردووە. ئەمجارەیان ئاماژە بە ڕۆڵ و کارایی شەهیدێکی وەرتێ دەکەین کە ئەویش (مستەفا ئەحمەد مام کاک)ـە ناوبراو هەر لە سەرەتای تەمەنی تێکەڵ بەکاری سیاسەت و ڕێکخراوەیی بوو، لەکاری ڕێکخستن و نهێنی دا کادیرێکی خۆڕاگرو نهێنی پارێزبوو وەک هەڤاڵانی باسیان کرد بۆم زۆر سەرکەوتوو بووە هەمیشە کاری ڕێکخستنەکانی بەرەو پێشەوە بردووە. لەقۆناغی شاخ و پێشمەرگایەتی پیاوێکی دلێرو ڕاستگۆ و ڕەوشت بەرز بووە. لە دوای ڕاپەرینیش لە زۆربەی بەرگری و هێرشەکانی ڕژێمی سەدام شوێن و پێگەی خاڵە مست دیارو ڕێزلێگیراو بووە، هەر لەبەر لێهاتوویی کراوەتە فەرماندەی تیپ لە دوای ڕاپەڕین، بەڵام ئەفسووس کە داخێکی گرانە ویست و داخوازی ئەویش نەبوو لە شەڕێکی داسەپاو بەسەر یەکێتی لە شەڕی ناوخۆ لە شاخی ڕۆڵە شەهید دەبێت و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. ڕوحت شادو جێگات بەهەشت فەرماندە خاکیەکەی باڵەکایەتی و وەرتێ هەمیشە لانەی شێران.

- ناوی تەواو: مستەفا ئەحمەد مام کاک
- ناسراوە بە: خاڵە مست

- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧- ١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزانداربووە
- ناوی هاوسەری شەهید: پیرۆز سلێمان ئیسماعیل
- ناوی منداڵەکانی شەهید: عومەر، دلزار، نزار، ئاجەر، کۆچەر
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٨٥
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٣) تیپی مەڵبەند ئەوکات شەهید رەحمانی حاجی خدر فەرماندەی کەرت بوو- محەمەد کاک هەمزە خەڵکی گوندی گولانی دۆڵی شاورێ بوو فەرماندەی تیپ بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٨ لە هێزی بەرگری پێشمەرگە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی و بەرگری کردووە.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرین و رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کردووە
- لە دوای ڕاپەرین لە لەشکری کارۆخ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا پلەی فەرماندەی تیپ بووە لە لەشکری کارۆخ لە دوای ڕاپەرین
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-١١-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: شاخی رۆڵە

شەهید (مستەفای مامە مینە)

# مستەفا حەمەدەمین ڕەسوڵ شێخە



خزمانی گوندی کۆیلە بەهۆی جوامێری و هەیبەتی فەرماندە شەهید (برایمی حاجی کوێخا) کاریگەرییەکی زۆر لەسەر پێشمەرگەو جەماوەرو لادێ نشینەکانی ئەم دەڤەرە هەبوو، لەرووی دیسپلین و گوێڕایەڵی ئەم دەڤەرە بۆ شەهید (برایم حاجی کوێخا) مەیدانەکە لەباربوو هەربۆیە ڕەنگدانەوەی بەرگری و تەنانەت هێرشەکانیش جیاوازبوون لەگەڵ سنوورو دەڤەرەکانی تر، چونکە ئەوان یەک دەست و یەک دەنگ هاوڕا بوون بۆ سەرکەوتنی فەرماندەکەیان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی. دەمەوێ لە چەند دێڕێک شایستەبێ بە یادو یادەوەری شەهید (موستەفا مینە) بەرزو شکۆدار ڕابگرین چونکە ناوبراو پێشمەرگەو فەرماندەیەکی دڵسۆزو بەئەمەک و خۆڕاگری کەرتەکەی شەهید برایم بوو.. پێشمەرگەی دێرین لیوا (ڕەسول قەندە) دەربارەی شەهید وتی: شەهید مستەفای مینە فەقێ ڕەسول ناسراو بە مستەفای مامە مینە لە ساڵی ١٩٧٦ لە سەرەتای دروست بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکان بۆتە پێشمەرگە لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شەهید لە بنەماڵەی شەهید حاجی کوێخای کۆیلەیە، ئامۆزای هەردوو شەهیدی فەرماندە برایمی حاجی کوێخاو ڕەسووی حاجی کوێخایە. دەیان شەهیدیان لە بنەماڵە و گوندەکەیان هەیە، شەهید مستەفا پیاوێکی بە هیمەت و ئازاو چاونەترس بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی، لەکاتی تەنگانەدا هەردەم پاڵپشتی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بوو لە ساڵی ١٩٨٠ لەشەڕێکدا هەڤاڵ (حەسەن حەمە) بریندار بوو کە هیچ ڕێگایەک نەبوو بۆ گواستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات لە بارەگاکانی خۆمان چارەسەرمان بۆ دەکرد، شەهید مستەفا دەورێکی باڵای هەبوو بۆ دەربازکردن و ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات واتە ئێران.هەر لە بیرمە کاک (حەسەن حەمە)مان وەکو داربەست لەسەر پیلمان بوو بەرەو سنووری ئێران شەهید مستەفا لەهەر هەنگاوێک اللەوئەکبری دەوت و سڵاواتی لێدەدا بۆ پێدانی

وره به برا پێشمەرگەکان چونکە ڕێگاکە زۆر سەخت و دژوار بوو لەبەر بەفرو باران تەنانەت لەبەرسەختی ڕێگە جارێکیان لە نیوەی ڕێگا کە کاک حەسەن حەمەمان گێڕایەوە بۆ بارەگایەکەمان، ئەوە یادگارییەکی لەبیرنەکراوە لەگەڵ شەهید مستەفا مینە تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆر کەم بوو. لەمانگی (٩) ساڵی ١٩٨٠ خۆی و هاوڕێیەکی بەناوی (ڕەسول) کەوتنە کەمینی ڕژێمی بەعس و شەهید بوون چوونە کاروانی نەمرانەوە. روحیان شادو ئارامگەیان ئاسوودە بێت...

- ناوی تەواو: مستەفا حەمەدەمین ڕەسول شێخە
- ناسراو بە: مستەفا مینە یان مستەفای مامە مینە
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کۆیلە
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری خێزان: فاتیمە تەها مینە
- ناوی منداڵەکانی شەهید: مەسعود
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاییەکان دواتر هەرێمی (٧)
- ناوبراو فەرماندەی جێگری کەرت بووە لە هەرێمی (٧) کە ئەوکات برایمی حاجی کوێخا فەرماندەی کەرت بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لە نێوان گوندی جەلک و پیرانان
- لەماوەی (٤) ساڵی خەبات و پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستانی کردووە لەوانە: گابیرێز لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٦، نەبەردی گوندی کریسکان ساڵی ١٩٧٨، هاوکاری حزبی دیموکرات ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆماوەی (٢) مانگ نەگەڕاوەتەوە، شەڕی ناوچەی شێنێ ساڵی ١٩٧٩، شەڕێکی سەخت لە نێوان گوندی جەلکان و گوندی پیرانان ساڵی ١٩٧٩
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٩-٩-١٩٨٠
- شوێنی شەهید بوون: شارۆچکەی قەسرێ

### شەهید (مستەفا مینە)

# مستەفا حەمەدەمین مستەفا خدر



قۆپی ئەستێرێ لە دۆڵی باڵەییان کە ئیستا بۆتە قۆپی شەهیدان مێژوویەکی پڕ شکۆو سەروەری بۆ شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی و باڵەکایەتی تۆمار کردووە، وەنەبێ ئەم قۆپە برین و سۆیەکی زۆری بۆ خزمانی باڵەکایەتی جێنەهێشتبێ وەلێ ئەوکات بۆ شۆڕش و کوردایەتی قەڵای مێران و قۆپێکی گرنگ بوو لەرووی سەربازی، بۆیە (شەهید برایمی حاجی کوێخاو) پێشمەرگەو هەڤاڵەکانی لەم دەڤەرە بەردەوام چاویان لەسەر بوو، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر رۆژی شەهید بوونی (مستەفا مینە) پێشمەرگەی دێرین و یەکێک لە برینداربووەکانی شەڕی قۆپی شەهیدان هەڤاڵ (لوقمانی شەهید برایمی حاجی کوێخا)یە دەربارەی شەهید (مستەفا مینە) وتی: دۆڵی باڵەییان بەو پێیەی دەرگای شۆڕش بوو، بۆیە دوژمن لە پیلاندابوو بۆ داگیرکردنی، ساڵێک پێشتر دوژمن هێرشێکی بەربڵاوی کرد، بەڵام لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک و هێزی بەرگری ناوچەکەو بە فەرماندەیی شەهید (برایمی حاجی کوێخا) تێک شکا. ساڵێک دواتر و لەبەرواری ٩-٥-١٩٨٧ دوژمن هێرشێکی بەربڵاوی دەستپێ کردەوە لەرێگای شەش فەوجی جاشەوە، بەڵام ئەمجارەشیان لەسەر دەستی قارەمانەکانی باڵەک و بەفەرماندەی شەهید ڕەسووی حاجی کوێخا تێک شکا. هەروەها هەڤاڵ لوقمان وتی شانازی دەکەم بەخۆم و شەهید مستەفا حەمەدەمین ناسراو بە مستەفا مینە لەهەمان شوێنی شەهید بوونی باوکم خوێنمان ڕشت، هێشتا دنیا رووناک دانەهاتبوو تەقە دەستیپێ کرد، من لە ئەستێرێی پشتی ماونان بووم لای دۆشکەکە لەگەڵ شەهید ڕەسول، شەهید ڕەسول پێشتر بۆ بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکان سەرکەوتوو بوو، تەقە بەسەرمنداو بەئاراستەی ماونان تێدەپەڕین، بیرم کردەوە کە دوژمن سەرکەوتووەو شوێنی ئێمەی گرتووە، بۆیە منیش بستوو بستوو سەرکەوتم تا گەیشتمە شاخی پاشکەندی پشتی گۆڕەوەخین، لەوێ شەهید ئەحمەد خدر بانگی کردم و گوتی کاکە دوژمن ئەو قۆپەی گرتووە، واتە قۆپی کوزەکاری پشت رێگای کۆڕێ، دەنگی تەقە لە نێوان

دوژمن و ئێمە دەهات، گوتم ئەی ئەوانە کێن ؟ گوتی مام ڕەسول و مستەفا مینەن. من شەهید ئەحمەد خدرم جێهێشت بەئاراستەی ئەوان، هەرچەندە گوتی مەچوو دوژمن لێت دیارە، بەڵام من هەر چووم، لە خوارەوەش دوو گوللە ئارپیچیم لەگەڵ خۆم هێنابوو، لەرێگا گەیشتمە (ئازاد)ی برام گوتی دەچم فیشەک دێنم، گەیشتمە لایان دیاربوو فیشەکیان پێ نەمابوو، منیش لە تەنیشت ئەوان دامەزرام، کاک سلاح کۆیلەیی لە تەنیشتمان و (کۆرەک)ی ئامۆزام لەولاتر. شەڕ بەردەوام بوو، دوژمن بەمەسافەی ١٠٠ مەتر لێمان دوور بوو، بەسەر ئێمە مسەیتەر بوون هێشتان رۆژ دەرنەکەوتبوو، شەهید مستەفا بی کەی سی پێبوو، گوتی کاک رەسوو تەماشاکە شریتێک بیکەیسی تەقاند، تەقەی دوژمن ئێمەی شپرزە کردبوو چونکە ئێمە کەوتبووینە بەردەم ئەوان. بەڕاستی سەرسام بووم بە ئازایەتی ئەوان، بەداخەوە بەهۆی دەستڕێژی زۆری ئەوان شەهید مستەفا مینە گوللەی بەرکەوت و شەهید بوو. کاتێک ئەو برادەرانەی بۆ بەردی ماستان دانرابوون کەدەکەوێتە پشت ئەو شوێنەی دوژمن دزەی بۆ کردبوو، زانیان کە ئەوە دوژمنە دزەی کردووە نێوان ئەوان و برادەرانی خوارەوە، ئیتر پڵنگ ئاسا هێرشیان سەربەرەوخوار دەستپێکردوو توانیان شوێنەکە لە دوژمن پاک بکەنەوە.. لەم رۆژەدا سڵاو دەنێرم بۆ روحی پاکی فەرماندەی قارەمانی تیپی ٧٤ی باڵەک شەهید مستەفا حەمدەمین.

- ناوی تەواو: مستەفا حەمەدەمین مستەفا خدر
- ناسراو بە: مستەفا مینە
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی کۆیلە - دۆڵی باڵەییان
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: دەیزانی بخوێنێتەوە
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شەهاب، کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠
- ئۆرگان: هەرێمی (٧)
- دواتر لە تیپی (٧٤)ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- یەکەمین شەهیدی ئەم خانەوادەیە
- جێگری کەرت بووە لەکەرتی (١) لای شەهید فەقێ بوورەیی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٩-٥-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: قۆپی ئەستێرێ دواتر ئەم قۆپە بووە قۆپی شەهیدان

شەهید (حاجی مستەفا سوور)

# مستەفا مەلا ڕەسوڵ حاجی




ئەوانەی دانیشتووی دەڤەری باڵەکایەتی و(وەرتێن). دەزانن چەند قارەمان شۆڕەسوارێکی ئەم دەڤەرە لە دوای نسکۆ واتە ساڵی ١٩٧٥ ئەوان هەربەشاخەوە بوون و تەسلیم بە ڕژێم نەبوونەوەو ساڵی ١٩٧٦ یەکسەر پەیوەندیان بە شۆڕش کردەوە خەبات درێژەی هەبووەو نەسرەوتن تا سەرکەوتن هەڤاڵ (قادر خەباتی) ڕەحمەتی یەکێک بووە لە پاش نسکۆ چاوی بەشار نەکەوتۆتەوەو یەکسەر بۆتەوە بەپێشمەرگە. یەکێکی تر لەگەڵ چەحماخەی شۆڕش دەستی داوەتە چەک و بەڵێنی بەخاک دا شەهید بێت تا نەوەی نوێ با ئاسوودەیی ژیان بەرنەسەر ئەویش شەهید (مستەفا مەلا ڕەسول) وەرتییە. ناوبراو بەهۆی ئازایەتی و پشوو درێژی لەخەبات و بەرخودان لەئەوێ ڕۆژێ کرایە فەرماندەی مەفرەزە و زۆر جوامێرانە ئەرکی سەرشانی جێبەجێ کردووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درورد لە گیانت پێشمەرکەی ئازاو دلێر.

- ناوی تەواو: مستەفا مەلا ڕەسول حاجی
- ناسراو بە: حاجی مستەفا سوور
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٣٦
- شوێنی لەدایک بوون: وەرتێ
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامان حاجی حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: محەمەد، ئەحمەد، حاجی
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلوول: ١٩٧٤ بۆ ساڵی ١٩٧٥
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦

- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٧٦
- ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتاکانی سنووری باڵەکایەتی
- پلە: فەرماندەی مەفرەزە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو بەشداری چەند داستانێکی کردووە. وەک هندرێن، کۆڕەک، دڕەبی
- جگە لەخۆی دوو کوڕی بەناوی (ئەحمەد و محەمەد) شەهیدی سەنگەری یەکێتین
- یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێیە لە سنووری باڵەکایەتی و وەرتێ.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١- ٣- ١٩٧٧
- شوێنی شەهید بوون: چیای دڕەبی

## شەهید (سەرباز دووشیوانی)

# مستەفا ئەحمەد مستەفا



ئەوێ ڕۆژێ بناری دێدەوان وەک قەلایەک، وەک شورایەک، وەک لانەیەک بۆ کوردایەتی بۆ شۆڕش قەڵغانێک بوو نەیارانی کورد دەیانویست پەی پێ ببەن و هەستی کوردایەتی لەم دەڤەرە لاوازبکەن.. وەلێ لاوانی مەنتکایەتی لە شۆڕشەکانی کورد بە بوونیان بە چالاکیان بە هێزو بازوویان زۆر نەخشی ناوازەیان پەخش و بڵاوکردەوە..شەهید سەرباز دووشیوانی لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان لەگەڵ ژمارەیەک لاوی دەڤەرەکە بوونە پێشمەرگە.. زۆر ئازایانە لە ماوەیەکی کەم دا چەندین چالاکی دیارو بەرچاویان ئەنجام دا لە ناوشاری هەولێر، ئەوەی لای من ماوەتەوە وەک بیرەوەری شەهید سەربازو شەهید مزەفەر مەنتک دوو شەهیدی دووانەی لێک چوون وەک.. لەیەک ڕۆژو بەروار بوونەتە پێشمەرگە، ئەوکاتانەی برینداربوونە بەیەکەوە برینداربوونە، لەیەک ڕۆژو بەروار ئاهەنگی ژن هێنانیان لە گوندی دووشیوان بۆ بەڕێوە چووە، مخابن بەیەکەوەش شەهید دەکرێن.. شەهید سەرباز لە خانەوادەیەکی خاکی و پێشمەرگەو تێکۆشەرو نان دەری شۆڕش پەروەردە ببوو بۆیە ئەوەی من لەبارەی شەهیدم زانیوە کادیرێکی زۆر شارەزا لە بواری سەربازی و کۆمەڵایەتی بووەو هەوڵی زۆری لەگەڵ هەڤاڵانی داوە بۆ ئەوەی زۆرترین هاووڵاتی و دانیشتوانی گوندەکان ڕێزیان لێ بگیرێ و خزمەت بکرێن، لە لایەکی تر پێشمەرگەیەکی چاپووک و ژیر بووە لە بەرنامەو پلان دانان ئەمەش وای کردبوو سەرووی خۆی حساب بۆ راو بۆچوونەکانی بکەن و بایەخی پێ بدەن.. لە ماوەیەکی کەم پلەکانی جێگری مەفرەزەو فەرماندەی مەفرەزەی بڕیوە، نەمری بۆ شەهیدان، ڕوو ڕەشی بۆ خیانەتکارانی گەل و شۆڕش..

- ناوی تەواو: مستەفا ئەحمەد مستەفا
- ناسراو بە سەرباز دووشیوانی، یان سەرباز مەنتک

- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی دووشیوان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەتی: مەنتک
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- لە ساڵی ١٩٧٩ لە سنووری هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە لە ریزەکانی حزبی سۆشیالستی کوردستان
- لەناو ریزەکانی حزبی سۆشیالست وەک فەرماندەیەکی ئازاو خۆڕاگر حساب بۆ کراو بوو زۆر بایەخیان پێ دەدا.
- تا ساڵی ١٩٨٣ دواتر سەنگەری خەباتی گواستەوە بۆ ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- لە شەڕی منارە بەسەختی بریندار بووە
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە
- بەشداری شەڕەکانی (داستانی بێتواتە، گرتنی رەبایەکانی نێوان تەکەور باوەقوب، لێدان و گرتنی رەبایەکانی گوندی سێقوچان، شەڕی مەچلوبە، لێدانی بازگەی هەولێر، لێدانی بازگەی لەتیفاوە، لێدانی مەفرەزەی ئەمن لە فلکەی زراعە، لێدان و بۆسەی درۆپەو بەردەباز، شەڕی چیای قەرەچوغ، شەڕی منارە، شەڕەکانی قەمبەر، سێکانی، نێرەگین.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٣)
رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩٨٦/٢/٢٢
- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی کونە گورگ و دارەتوو
- پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (مزەفەر حامید دووشیوانی) لەگەڵی شەهید دەبێت.

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٧-٢-٢٠١٥ لە ژمارە (٦٦١٦) لە لاپەڕە (١١)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە..

## شەهید (بڕیار)

# مەسعود حەمە عەلی حوسێن



هەر لە سەرەتای دروست بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان واتە چل و یەک ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی نوێ بەخوێن بەخشین هاتە مەیدانی سیاسی بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان، ئەو هەرێمەی ئێستا بەرهەمی شەهیدانی شۆڕشی نوێ و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بەبێ لام و جیم، ئەوێ رۆژێ تەنهاو تەنها پارتیزانەکانی یەکێتی بوون نیشتمانیان چۆڵ نەکردو ببوونە درک بۆ نەیارانی کورد، حزبی شەهیدان لە زۆر قۆناغ شەهیدی بەخشیوە لە بەرامبەر دوژمنی سەرسەختی عێراق، لە ئیسلامیە توندڕەوەکانی جوندولئیسلام، لە پاراستنی حکومەت و پەرلەمان لە دوای ڕاپەڕین. یەکێک لەو شەهیدانەی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەت خوێنی بەخشی (مەسعود حەمە عەلی حوسێن) ناسراو بە (بڕیار ئاوماری) ناوبراو لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو ماندووی ڕێبازەکەی مام جەلالن. ئەو لەتەمەنی گەنجی تێکەڵ بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە. دواتر بۆتە پێشمەرگە لە هێزی ئامادەی دوژمن بەزێن. بەڵام بەداخەوە لە خیانەتە گەورەکەی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانی ئەم شەهیدە قارەمانەو تێکڕای شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

- ناوی تەواو: مەسعود حەمە عەلی حوسێن
- ناسراو بە: بڕیار
- تەمەن: ١-٧-١٩٧٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاومار - ناحیەی سێگردکان - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩٤ هێزی ئامادەی کاک ئاسۆ مامەند
- (٥)مین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٣١ی ئاب، ١٩٩٦

شەهید (مامە قلە)

# مەسعود عەزیز نادر سەفەر



پێشمەرگەیەک، کەسایەتییەک، خەمخۆرێک، لەتەمەنی (١٨) ساڵی لەخەمی خاک و لە خەمی شارەکەی واتە مەخموورو دەبێتە پێشمەرگەو ئازایانە خەبات دەکات تا گەل و نیشتمانەکەی لە ژێر دەستەیی رزگاری بێت، ئەم پێشمەرگەو تێکۆشەرە (مەسعود عەزیز نادر سەفەرە) ناسراو بە "مامە قلە" ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردووی شەهیدی نەمر لە چەند قۆناغێک وەک فریاد رەسێک بە تەنگ شاری مەخموور هاتووەو رۆڵی کارای بینیوە لە چالاکی و چاوساغی هێزی پێشمەرگەو هەمیشە خۆشی لە پێشەوەی پێشەوە بووە. وەک قۆناغی پێش راپەڕین چەندین چالاکی تیا ئەنجام داوە، لە پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق، لە بەرگری لە هاتنی داعش و دواجار لە رزگارکردنەوەی شاری مەخموور لە دەستی داعشەکانی جەهل و تاریکی.. لەلایەکی تر وەک کەسایەتییەکی سنوورەکە هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشییەکانی سنوورەکە بەشداری باشی هەبووە بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کەسایەتییەکی تایبەتمەندو خۆشەویست بووە. بەڵام بەداخەوە لە رزگارکردنەوەی چەند گوندێکی قەراج بەر لوغمی داعشەکان کەوت و خۆی و چەند پێشمەرگەیەک لە ٢٤ـ٨ـ٢٠١٤ گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران درood لە گیانتان شەهیدانی دەستی تیرۆر..

- ناوی تەواو: مەسعود عەزیز نادر سەفەر
- ناسراو بە: مامەقلە
- ساڵی لەدایک بوونی: ١ـ١ـ ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: قەزای مەخموور
- عەشیرەت: پاڵانی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری: حەلیمە ئەحمەد حەسەن

- ناوی منداڵەکانی شەهید: عەزیز، شێخ مەحمود، زریان، ئارام، هێرۆ، نێرگز، شەیما، چراخان، ئالان، نارین.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- کەرتی (١) کە ئەوکات هاورێ کاوە لێپرسراوی ئەوکەرتە بووە.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ دەگوازرێتەوە بۆ تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (١) کە شەهید محەمەد شینە لێپرسراوی ئەو کەرتە بووە، دواتر شەهید مەلاعەزیز بەردەسپی بەرپرسی ئەم کەرتەی گرتۆتە ئەستۆ.
- شەهید مامەقلە لەماوەی پێشمەرگایەتی لەپێش راپەرین بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە.
- شەهید لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە بەتایبەتی لە ئازاد کردنی مەخموورو قەراج و داستانی کۆرێ.
- لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری لە ساڵی ١٩٩٢ دەکرێتە فەرماندەی کەرت لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر لە بەتالیۆنی شەهید فاقە مەخمووری.
- لە پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق ناوبراو رۆڵی گرنگی هەبووە لە رزگار کردنی مەخموور.
- لە دەسپێکی هاتنی داعش بۆ سنووری مەخموور مامە قلە وەک پێشمەرگەو خەمخۆرێک بەردەوام لە پێشەوەی پێشەوە بووە و هەموو لایەک دەزانن چەند ئازاو بەغیرەت بووە.
- لە رزگارکردنەوەی قەزای مەخموور لە چنگی داعشەکان ماڵەکەی ببووە جێگای نەخشە دانانی هێزەکانی پێشمەرگەو دژە تیرۆرو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک.
- جگە لەخۆی برایەکی شەهیدە بەناوی (لوقمان)
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٤-٨-٢٠١٤ بە هۆی تەقینەوەی لوغم
- شوێنی شەهید بوون: شارەدێی قەراج
- شەیانی باسە ژمارەیەک پێشمەرگەی لەگەڵ شەهید بوو.
- شەهید مامە قلە دوا پلەی (مقەدەمی) خانەنشین بوو.

شەهید (مامۆستا زانا)

# مەسعود عوسمان عەلیساڵح



ئەوانەی بڕیاری بوونیان بە پێشمەرگایەتی دەدا لە شارەوە بۆ شاخ بڕیارەکە هاکەزایی و سەرپێی نەبوو، بەڵکو زۆربەی زۆری لەریزی ڕێکخستنەکان و کاری حزبی ڕێک خرابوون، واتە ئەندامی ڕێکخستن بوون بەتایبەتی ئەوانەی خوێندکاربوون و شۆڕش هانی دەدان بەردەوام بن لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن. (مامۆستا زانا)ش ئەندامێکی چالاکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەو لە خانەوادەیەکی جووتیاری گوندی قازیخانەی سنووری ناحیەی قوشتەپە چاوی بۆ ژیان هەڵێنابوو. ناوبراو پەرۆش بوو بۆ شۆڕش و کوردایەتی هەر لە تەمەنی هەرزەکاریەوە، بەڵام خوێندن بەربەست بوو زوو ببێتە پێشمەرگە، هەڤاڵ (ڕزگار هاودیانی) فەرماندەو پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختی خەبات و هاوڕێی شەهید زانا وتی: ساڵی ١٩٨٥ ـ ١٩٨٦ کاتێ وەکو کادیری ڕێکخستنی کۆمەڵە هاتە تیپی ٨٣ هەورێ یەکترمان ناسی، شەهیدی نەمر کەسێکی زۆر لەسەرخۆو هێمن بوو لە هەڵسوکەوت. زۆر بەڕێزبوو بەرامبەر کەسانی تر، کەسێکی گوێڕایەڵ و بە دیسپلین بوو لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی سەرووی خۆی، دڵسۆزو جدی بوو لەئەنجامدان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە ڕووی ڕێکخراوەیی، کادیرێکی ڕۆشنبیرو ماندوونەناس هەمیشە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری هێزی پێشمەرگە بوو، کە زۆرجار باس دەکرا ئێمە هێزێکی ئازاو قارەمان و شۆڕشگێڕمان هەیە، بەڵام ئەوە بەس نییە، بەڵکو دەبێ لەڕووی تیۆریەوە هێزێکی فکری دروست کەین کە گۆش کرابن بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێشکەوتنخواز، لەکاری پێشمەرگایەتی هەمیشە لەڕیزی پێشەوە لەهەموو ئەو جەولانەی ئەمان کرد شەهید زانا ئامادەیی دەبوو کەسێکی ئازاو قارەمان بوو دەیگووت ئێمە قسەی زۆر دەکەین دەبێ هەندێ کرداریشمان هەبێ بۆیە ئامادەبوونی من گرنگە. کەسێکی ڕۆشنبیر بوو هەمیشە هەوڵی خوێندنەوەی دەدا بۆ زیاتر خۆپەروەردە کردن، ئازایەتی شەهید زانا زیاتر لە شەڕی سەرکردایەتی

بەدیارکەوت کە لەوێ دواجار لەو شەڕە قورس و نابەرامبەردا چاوی لێک نا و بۆهەتا هەتایێ جێهێشتین.
سڵاو لە گیانی پاکی شەهید و تەمەن درێژی بۆ منداڵە چاوگەشەکانی..
- ناوی تەواو: مەسعود عوسمان عەلی ساڵح
- ناسراو بە: مامۆستا زانا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی قازیخانە، ناحیەی قوشتەپە
- عەشیرەت: پاڵانی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی لە دوبز، ناوەندی لە قوتابخانەی ئازادی لەگەڕەکی ئازادی، ئامادەیی لە خوێندنگای نیزال لە گەڕەکی زانیاری. ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای مامۆستایان تەواو دەکات. بۆ ماوەی (٣) ساڵ لەگوندی (سارتک) مامۆستا بووە لە قەزای دۆکان،
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: ئامینە ئیسماعیل کەریم
- ناوی منداڵەکانی: ڕێباز، ڕۆژان، ڕێبوار
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٧ لە ڕێگای شەهیدی سەرکردە (عەبدولڕەزاق)
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢ سەرەتا دەچێتە بالیسان
- ئۆرگان: تیپی (٨٣)ی هەورێ - ناوبراو کادیری ڕێکخەر بووە
- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی ٨٣ی هەورێ بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.لەوانە داستانی ڕزگاری، چیای نووسەت، گەرەوان، دێگەڵە، بنەباوان، سماقوڵی.
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ١٦-٣-١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سەرکردایەتی: چیای ورچەچ

### شەهید (مشیر مەخمووری)

# مشیر سەلیم محەمەد



خانەوادەیەک تێکڕا پێشمەرگە، خانەوادەیەک دڵسۆز بۆ نیشتمان، خانەوادەیەک پەیوەست بەخاک، ئەبێ ئەم خانەوادەیە لە چ فێرگەیەکی کوردایەتی گۆش و پەروەدە کرابن، بە بێ گومان ئەم فێرگەیەش ئۆرگانەکەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و رێبازەکەی (ی.ن.ک)ـە بۆ زانیاری خوێنەران و دۆستانی یەکێتی ئەم خانەوادەیە هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە ئەویش خانەوادەی شەهیدی کۆڵنەدەر (موشیری حاجی سەلیم)ـە کە سێ برای تری ئێستا کەمئەندامی سەنگەری پێشمەرگایەتین. ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەرگیز حسابی بۆ رژێم و پیاوانی بەعسییەکان نەکردووە، بەردەوام لە چالاکی فەردی و مەفرەزەی بچووک بچووک بۆ گورز وەشاندن لە دوژمن لەناوشار بوو، مەخمووریەکان شایەدی بۆئەم کەڵە پیاوە دەدەن چۆن بەعسیەکانی مەخمووری بەسزای گەل و نیشتمان دەگەیاند، چەندین سەیارەو پارچە چەکی نایابی بۆ شۆرش و هاورێ پێشمەرگەکانی دەستەبەر دەکرد، لەراستیدا نووسین لەسەر شەهید موشیر ناتوانین حەقی خۆی پێ بدەین.

- ناوی تەواو: مشیر سەلیم محەمەد
- ناسراو بە: مشیر مەخمووری
- تەمەن: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: قەزای مەخموور
- عەشیرەت: رۆژبەیانی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ـ لە رێگای هەڤاڵ (عەبدە گۆج)

- له ساڵی ١٩٨١ چەکێکی جەیش شەعبی برد لەسەر بڕیاری یەکێتی، بەڵام پاش شەڕێکی دەستەویەخە بە برینداری دەستگیر دەکرێت لە بناری قەرەچوغ دەستگیر دەکرێ ڕەوانەی هەئیەی کەرکووک دەکرێت تاوەکو (٢٧ـ ٧ ١٩٨٢) دواتر بەر لێبووردنی تایبەت کەوت و ئازاد کرا.
- له مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەرتی (١) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر
- له ٥ـ٨ـ١٩٨٣ بریندار بووە لە سکەی قیتاری نێوان جادەی هەولێر ـ کەرکووک
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- له ژیانی پێشمەرگایەتی ٣جار بریندار بووە
- (٣) برای کەم ئەندامی سەنگەرن واتە شەهیدی زیندوون.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ٩ـ ١٩٨٣
- شوێنی شەهید بوون: گوندی ئازی کەند بناری قەرەچووغ

شەهید (زیرەک)

# مەعروف کەریم سەعید مەولود



شاعیری نەتەوەیی (شێرکۆ بێکەس) راستی وت: مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە، گڕی برواى رەنجدەران و هەژارە، بەڵێ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی هەلگری بیری هەژارو رەنجدەرو چەوساوەکانی کوردستان بوو، بەتەئکید ئەوانەی پەیوەندیان بەشۆڕشەوە دەکرد هەستیان بە ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکرد کە رژێم تاک لایەنە زوڵم لە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان دەکات. ساڵی ١٩٨٧ لە شاری هەولێر گەنجێکی زۆر روویان لەشاخەکانی کوردستان کردوو بوون بە پێشمەرگە لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی، یەکێک لەو لاوانە (مەعروف کەریم سەعید) باداوەیی بوو تەمەنی تەنها ١٩ بەهار بوو پەیوەندی بەتیپی (٨٦) دەشتی هەولێر کرد بەکەرتی (٤)ی دوژمن تۆقێن.هەر ئەم ساڵی پەیوەندی کرد شەڕی داستانی (١١) رۆژەی سماقوڵی دەستی پێ کرد بەیەکێک لە گەورە داستانەکانی مەڵبەندی (٣) ئەژمار دەکرێ کە دوژمن بە هەموو شێوەیەک وەک دەڵێن ئاسن و ئاگری دەباراند، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی سەلماندیان رێبازە پیرۆزەکەی مام تێدەکۆشێت لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی کوردستان، لەم داستان مێژووییە شەهید زیرەک باداوەیی بریندار بوو، ئەم خانەوادەیە چەندین شەهیدیان هەیە و خەبات و تێکۆشانیان بەردەوام بەرز راگرتووە، بەڵام بەداخەوە لە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ٣١-٣-١٩٩١ لە راوە دوونانی بەعسییەکان لە زورگەکانی دیبەگە گەیشتە کاروانی نەمرانەوە..

ناوی تەواو: مەعروف کەریم سەعید مەولود

- ناسراو بە: زیرەک
- تەمەن: ١٠-١١-١٩٦٨
- شوێنی لە دایک بوون: باداوە - هەولێر

- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک کوری هەیە (ئالان)
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٦
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- کەرتی (٤)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕی کردووە لەسنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە شەری ١١ رۆژەی سماقولی لە قۆپی سوسێ.
- ناوبراو خاوەنی (٧) شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٣-١٩٩١
- شوێنی شەهید بوون: ناو زوورگەکانی دیبەگە
- هەر لەم شەڕە ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون لەوانە: زاهیر هەمزە ساڵح ئیلنجاغی - جەلیل حەمەد ساڵح ئیلنجاغی - شێرکۆ ئۆمەر وەسمان ئیلنجاغی.

## شەهید (مەغدیدە قەڵەو)

# مەغدید تۆفیق خدر عەبدولڕەحمان



هەستێکی چەند جوانە تەئکید بیت بوون بە پێشمەرگە یەکسانە بە شەهید بـوون، بڕیاردان بۆ پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکسانە بە شەهیدبوون، ئەمە ئەوپەڕی دڵسۆزییە بۆ ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ پێشمەرگە بوون لەمەرگ نەدەترسان و کێبڕکێ شەهیدبوونیان دەکرد تا گەل بژی، فاشییەکان ریسوا و زەلیل بن، یەکێک لەو شەهیدانەی لەپێناو خاک و خەڵک مەردانە چەکی شەرەفی کردە شان و بووبە پێشمەرگە، پێشمەرگەیەک ئازاو بەغیرەت وبە هیممەت، تێکۆشەرو بەهیبەت، خۆشەویستی ناوجەماوەرو هێزی پێشمەرگە شەهید (مەغدید تۆفیق خدر عەبدولڕەحمان) ناسراو بە مەغدیدە قەڵەو یان مەغدید قوشاغلوییە، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەغدیدو تێکڕای شەهیدان.

- ناوی تەواو: مەغدید تۆفیق خدر عەبدولڕەحمان
- ناسراو بە: مەغدیدە قەڵەو یان مەغدید قوشاغلوی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قوشاغلو ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بندیان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە: زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە ١٩٨٣ تا ١٩٨٦

- (٤) مین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- دوا پلەی: فەرماندەی مەفرەزە بووە
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٤) کەندێناوە لە تیپی (٨٧) قەرەچوغ
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢ـ١٠ـ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی ئیلنجاغ

## شەهید (میکایل شیواشۆکی)

# میکائیل سمایل ئەحمەد محەمەد




لە ئەنجامی گەڕان بەدوای ژیاننامەو بەدوداچوون لەسەر فەرماندەو پێشمەرگەی سەرەتای تەشکیلاتی قوەتەکان فەرماندە (مکائیل شیواشۆکی) هەموو ڕاو بۆچوونەکان کۆک بوون کەناوبراو پێشمەرگەیەکی شەرم بەخۆ، خۆنەویست، تا بڵێ ئازاو چاونەترس و دەست گەرم لە هێرش و نەبەردییەکان، پیاوێک کەم دوو، بەڵام قسەخۆش، بەڕێزو جوامێر، خاسیەتێکی تایبەتی هەبووکە دەگمەنن ئەوانەی ئارەزووی پلە ناکەن، بەڵام شەهید مکائیل هەرگیز بەدوای پلەو خۆ دیارخستن نەبووە، وەلێ ئەو سێ پلەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی وەرگرتووە تا شەهیدبوونی ئازایەتی و خۆڕاگری و خۆشەویستی ناو پێشمەرگە ئەو پلانەیان بەسەر فەرز کردووە. فەرماندەیەک بەکردەوە سەلماندبووی کوڕی رۆژی تەنگانەیە، فەرماندەیەک دڵسۆزی و ڕەوشت بەرزی سەلماندبووی ئەو لەکوێ بێت سەرکەوتن لەوێیە. لەژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بریندارببووەو ناخۆشی زۆری بینیوە کەس گوێی لێ نەبووە ئەو فەرماندەیە گلەیی بکات یان ناڕازی بێت، بەڵکو بەداخ بووە بەشداری ئەو داستان و نەبەردیانەی نەکردووە کە ئەو برینداری ماوەی پێ نەداوە بەشدار بێت. بەهۆی ئازایەتی و خۆڕاگری و ئەزموونی پێشمەرگایەتی لەهەر ئۆرگانێک یان سنوورو میحوەرێک فەرماندەو پێشمەرگەی ئازایی پێویست با ئەویان دەگواستەوە بێ ئەوەی لاری هەبێ و نارازی بێ فەرمانی سەرووی خۆی وەک یاساو ڕێسا مەیسەر دەکرد..بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لەداستانی (گەرەدێ) شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

- ناوی تەواو: مکائیل سمایل ئەحمەد محەمەد
- ناسراو بە: میکایل شیواشۆکی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایک بوون: گەڕەکی سەرباغ ـ قەزای کۆیە
- عەشیرەت: ئاغا سوری
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سەوزە حەمەدەمین
- ناوی منداڵەکانی شەهید: ئاوارە
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٨
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ لەبارەگای سەرکردایەتی لای شەهید مەلاحەسەن
- ئۆرگانی دواتر: قوەتی (کۆسرەت) کە ئەوکات هەڤاڵ شەهید مەلا حەسەن مەسئووڵی قوەتی کۆسرەت بووە.
- لەگەڵ دروست بوونی یان تەشکیلەی تیپەکان ناوبراو گواسترایەوە تیپی (٩٣) کۆیە لە ساڵی ١٩٨٢
- لە ساڵی ١٩٨٣ ناوبراو دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی (١) تیپی (٩٣)ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٥ ماوەیەکی کەم لە دەستەکەی بەڕێز هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی بووە لە مەڵبەندی (٣)ی هەولێر
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر کەرتی (٦) کە ئەوکات شەهید فوئادە گچکەی گۆمەشین فەرماندەی کەرت بووە، کە فوئاد گۆمەشینی شەهید دەبێ شەهید میکائیل لە ساڵی ١٩٨٧ جێگر کەرتی کاک جەلال ئیلنجاغی بووە.
- هەر لە ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە تیپی (٨٥) بەڕانەتی لەوێ دەکرێتە فەرماندەی کەرت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ناوبراو: چەندین جار بریندار لە (باداوان، لە داستانی ١٣ رۆژەی بەنەباوێ، دەربەند، کونەکۆتر)
- دوا پلەی فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- رۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٧ـ٣ـ ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: گەڕەدێ

## شەهید (موحسین سیاسی)

# موحسین جەرجیس سۆفی فەقێ



ئازایەتی و کۆڵنەدانی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی یەکێتی بەندیخانەی ئەبوغرێبی تووشی شۆک کردبوو!! مەگەر تەنها جەللادەکانی سەدامی فاشی بزانن ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەندینخانەی ئەبوغرێب چەند خۆڕاگرو قارەمان بوون، سەرەڕای قورسترین ئەشکەنجەو ئازارو لێدان بەدەم سروودو دروشمەکان یان لە سێدارە دەدران یان ئازاد دەکران، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک وشەش بدرکێنن.یان ناوی یەک هاوڕێی خۆیان ئاشکرا بکەن. یەکێک لەو ئەندامە چالاک و کارایانەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە شەوڕۆژی بۆ خەبات و تێکۆشان لەشاری هەولێر خستبووە سەریەک شەهید (موحسین جەرجیس سۆفی) بوو. ناوبراو لە خانەوادەو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو دڵسۆز بۆ قەزیەی نەتەوایەتی هەمیشە پێشەنگ و کارا بوونە... ئەوێ ڕۆژێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئۆرگان و شانەبەندی ڕێکخراوەیی لە هەموو شارو گەڕەک و لادێ نشینەکان هەبوو بۆ بەهێزبوونی بیری نەتەوایەتی و خۆشەویستی خاک و بڵاوبوونەوەی هەستی نیشتمانی، بۆ زانیاری زیاتر بەرپرسی کەرتەکەی شەهید (موحسین سیاسی) کە هەڤاڵ (وەرزێر خدر) کادیرو پێشمەرگەی دێرین بووە وتی: شەهید موحسین یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانم بوو زۆر کات لەماڵی ئەو کارەکانی ڕێکخستنمان تاووتوێ دەکرد، ئەو زیاتر لەناو خەڵکە ڕۆشنبیرەکە جموجۆڵی ڕێکخستنی هەبوو، خۆی شیعری دەنووسی و لەگەڵ ئەدەب ئاشنایەتی باشی هەبوو، لە ڕووی سیاسی شارەزایی باشی لە مارکسیزم هەبوو، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی وەک ڕێکخراوی چینایەتی لەنێو بۆتەی خەباتی نەتەوەیی یەکێتی دەناسی و زۆر شێلگیرانە کاری بۆ دەکرد،لە چوارچێوەی کەرتێکی ڕێکخستنی ناوشار، ئەو جگە لەوەی ئەندامی کەرت بوو لەم کەرتە هەڵسوڕاوێکی بەهێزی ڕێکخراوەیی بوو. ئەوکات من بەرپرسی ئەو کەرتەبووم لە پاش چوونە

دەرەوەی من شەهید ناسر شەیدا بووە لێپرسراویان کە سەربە کۆمیتەی (ڕاپەڕین) بوو شەهید حەسەن کوێستانی بەرپرسی کۆمیتەکە بوو. چەند کارێکی پێشمەرگانەیان لەناوشار ئەنجام دا بەو چەکانەی بۆمان ناردبوون، لەیەکێک لەو کارانانەمان بەهۆی بڕوا کردن لەلایەن هاوڕێکانەوە کەشف بوون و گیران، بەوهۆیەوە کەرتێکی تریش لەناوشار کە کاک ئەبو خەڵەف لێپرسراوی بوو لەگەڵ هەڤاڵ ئازاد جوندیانی کە ئەندامی کۆمیتە بوو لەو کۆمیتەیە کەوتنە بەرشاڵاوی گرتن و هەڵاتن بۆ شاخ، هاوکات کەرتێکی تریش لە کۆمیتەی (ئاگر) کەشف بوون لە کەرکووک، بەڵام پەیوەندی بەوان نەبوو. (٥) لەو هاوڕێیانە ئەمری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو کە بریتی بوون لەوانە (ناسر شەیدا، موحسین جەرجیس، خدر عیسا، سەید محەمەد، عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا) لە سجنی ئەبوو غرێب بوون دواتر گواسترانەوە بەندینخانەی موسڵ. بەهۆی ئەو نامانەی لەسەر پەڕی سیگاری جگەرە دەیان نوسی بۆ یەکێتی لێیان کەشف بوو. بەڵام بەداخەوە شەهید موحسین لە بەندینخانەی ئەبوغرێب لە سێودارە دەدرێت. هەزاران درووود لە گیانت ئەی قارەمانەکەی زیندان.

- ناوی تەواو: موحسین جەرجیس سۆفی فەقێ
- ناسراو بە: موحسین سیاسی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦١
- شوێنی لە دایک بوون: هەولێر
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: قۆناغی یەکەمی پەیمانگا، بەشی ئیدارە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧
- ناوی ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- شوێنی کاری ڕێکخراوەی و ناوی ڕێکخراو: هەولێر - کۆمیتەی ڕاپەڕین
- ماوەیەک شەهید (ناسر حەمەدەمین) سەرپەرشتی کاری ڕێکخراوەی کردوون.
- ڕۆژو مانگ وساڵی دەستگیرکردنی: ١٦-٧-١٩٨١
- دوا پلەی ئەندامی کەرت بووە لە کۆمیتەی ڕاپەڕین کە شەهید حەسەن کوێستانی بەرپرسی کۆمیتە بووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدانی: ٢٨-١٠-١٩٨٣
- شوێنی لە سێدارەدانی: بەندینخانەی ئەبو غرێب

شەهید (ئارام)

# موحسین حەمەد ساڵح حەمەد



شەرەفێکی گەورەو پیرۆزە مرۆڤ لەسەرخاک و ژینگەی خۆی شەهید بێ و پەیام بداتە دوژمنانی جێهێشتن و زەوت کردنی خاک کارێکی ئاسایی و یاسایی نییە، سەروەتێکی بەنرخە بۆ خانەوادەو کەسوکار شەرەفی شەهادەت بۆ رۆڵەکەت تۆمار بکرێ، خوێن بەخشین و قوربانی دان لە پێناو نەتەوەکەت تەنها بەر ئەو خانەوادانە دەکەوێ کە پیرۆزی خاک و ئینتمایی نەتەوەییان بەهێزەو خۆشەویستییەکی رەهایان لە هزردا دەخولێتەوە مەگەر بەس ئەوانەی نیشتمانپەروەرن هەست بەو ئەوینە بکەن.ئەوێ رۆژێ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەوپەڕی باوەڕبوونیان بەبەرگری و سەندنەوەی مافەکانی کورد لەچوارچێوەی گفتوگۆو دانیشتن و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەیان ویست بگەنە ئامانجێک نەتەوەی کورد لەسایەو سێبەری پشووێک بدات، بەڵام رژێم دەیویست گفتوگۆیەکان بەلارێدا ببات و قەزیەی کورد لەسەر نەخشەش بسڕێتەوە هەر بۆیە پەنای بۆ شەڕ بردەوەو هەموو هێزوو تواناکانی دژی پێشمەرگە بەکارهێنا لە دوای مفاوەزات لە سنووری گوندەکانی مەنتکایەتی رژێم هێرشێکی درندانەو بەربڵاوی کردە سەر پێشمەرگەکانی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) کە فەرماندە (باقی بارزانی) سەرپەرشتی ئەم نەبەردییەی دەکرد لە گوندی (ئازیانە) وێڕای ئەوەی ئەم کەرتە قارەمانە شێر ئاسا هاتنە دەست و شەڕێکی کەم وێنەیان ئەنجام دا.. ئەم نەبەردیە بە خوێنی فەرماندە باقی بارزانی و موحسین حەمەد ئیلنجاغی و چەند هاووڵاتیەکی سڤیلی گوندی ئازیانە هاتە تۆمارکردن. شەهید موحسین لاوێکی خوێن گەرم و ئازاو بەغیرەتی کەرتی (٢) بوو، تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها یەک ساڵ بوو، بەڵام زۆر گوێڕایەڵ و خۆڕاگرو خۆشەویست بوو، بەداخەوە لەم داستانە شەهید بوو گەیشتە کاروانی هەمیشە سەروەران.

- ناوی تەواو: موحسین حەمەد ساڵح حەمەد
- ناسراو بە: ئارام
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٥

- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئیلنجاغ ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شێخان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر- کەرتی (٢) شەهید باقی فەرمانده‌ی کەرتەکەیان بووە
- ناوبراو بەشداری چەند چالاکییەکی کردووە لە تەمەنی یەک ساڵی پێشمەرگایەتیدا.
- جگە لەخۆی (١١)مین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧ـ٣ـ١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: داستانی گوندی ئازیانە
- لەم داستانە فەرماندە باقی بارزانیش شەهید بوو.

شەهید (موحسین دێمەکاری)

# موحسین مەولود حوسێن حاجی




ئینتماو خۆشەویستی خاک و کوردایەتی بۆ ئەوێ ڕۆژێ هەڵگری بیروباوەڕی زۆر لە گەنجەکانمان بوو، کەبتوانن لەم ڕێگایەوە مافەکانی کوردبوون کە چەندین ساڵ زەوت کرابوو بگێڕنەوە بۆ خاوەن ماف، ئەو سەردەمە تاکە ڕێگا بۆ دژایەتی بەعسیەکان کاری ڕێکخستن و بوون بە پێشمەرگایەتی بوو، بۆیە لاوەکانمان بەوپەڕی دڵسۆزی و ئینتماوە پەیوەندیان بە شۆڕش دەکرد. یەکێک لەو لاوە خوێن گەرم و دڵسۆزانەی ڕێبازی (مام) شەهید (موحسین مەولود حوسێن حاجی) ناسراو بە (موحسین دێمەکاری) بوو. ناوبراو گەنجێکی دڵسۆزو بەئەمەک و وەفاداربوو بۆ شۆڕش و کوردایەتی، گوێڕایەڵ بوو بۆ ڕاسپاردەکانی سەرووی خۆی، ئەو تەمەنی پێشمەرگایەتی نزیکەی ساڵێک بوو، بەڵام بەداخەوە لە داستانی گرتنی دێگەڵە کە یەکێکە لە داستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر گرنگ و جێگای بایەخ بوو سەرکەوتنی گەورە بەدەست هات و دەستکەوتی زۆری چەک و تەقەمەنی کەوتە دەستی پێشمەرگە. جاش و سەربازێکی زۆر ورەیان رووخاو خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد. ئەم داستانەش بەخوێنی کاکە موحسین دێمەکاری و چەند پێشمەرگەیەکی تر نەخشێندرا. هەزاران درووود بۆ گیانی شەهید موحسین و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.....

- ناوی تەواو: موحسین مەولود حوسێن حاجی
- ناسراو بە: موحسین دێمەکاری
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دێمەکار - ناحیەی دیبەگە - قەزای مەخموور - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بندیان

- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی هەر لەگوندی دێمەکار خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: سەرەتای ساڵی ١٩٨٦
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٦
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤)
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- ئەو ماوەیەی پێشمەرگە بووە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٧/٢٨-٩-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: داستانی گرتنی دێگەڵە.

### شەهید (سەید مورسەڵ)

# مورسەڵ حوسێن مورسەڵ زەمان



لاوێکی خوێن گەرم و خوێندەواری ئەم دەڤەرەی شەمامکی هەولێر کەلەتەمەنی سەرەتای جوانی و هەڵکشان بوو بەرەو لووتکە، کۆمەڵێک ئاواتی هەمە جۆرو خەونی وەنەوشەیی و بەدیهێنانی ناوبانگی وەرزشی بوو بۆ نەتەوەکەی، بۆ شارەکەی تا لەم مەیدانە ئەسپی خۆی تاو بدات و ببێتە پێشەنگ بۆ ئەو نەتەوەیەی زەمەنێکە کۆشش دەکات تا بەیداخەکەی لەنەتەوە یەکگرتوەکانی جیهان بەرزو بەرزتر بشەکێتەوە، ئەو لەبواری وەرزش یەکێک بووە لە باشترین یاریزانەکانی کوردستان و هەولێر بەتایبەتی، ئەو بۆ یانەی هەولێر چەندین نازناوی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەو لە زۆر یانەی تر یاری کردووە بەتایبەتی لە دوو یانە گەورەکەی (بروسک، هێرش) ناوبراو لەسەرەتایساڵی ١٩٧٢ تێکەل بەکاری سیاسی و کاری رێکخراوەیی بوو لە رێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی) بەوەش نەوەستا لەبەر دڵسۆزی و بەئامانج گەیشتنی پرۆسەی سیاسی لە ساڵی ١٩٧٦ خۆی گەیاندە هەڤاڵانی سەرکردایەتی لە سوریاو بووە یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە رابەرایەتی جەنابی مام جەلال. ئەم پێشمەرگەیەش (سەید مورسەل سەید حوسێن مورسەڵ) گردعازەبانیە برای خالە سەید مەجیدی گردعازەبان ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی هەولێر بووە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٤. روون و ئاشکرایە لەسەردەمی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە ئەم خانەوادەیە بەردەوام لەگەڵ جەنابی مام جەلال بوونە.. خانەوادەی سەیدەکانی گرد عازەبان رۆڵ و پێگەو مەکانیان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دیارو بەرچاو بووە. تاوەکو ئێستا (١٧) شەهیدی سەنگەریان بەخشیوە بە کوردو کوردستان، ئەوەی شایانی باس و دلخۆشیە یەکەم ئامێری ئێستگەی شۆڕش هاتۆتە کوردستان لە سوریاوە بە کۆڵی شەهید (سەید مورسەڵ) گەیشتووە، دواتر بۆ گەیاندنی پەیامی شۆڕش و

هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دێهاتەکان ناوبراو وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان دێ بەدێ گەڕاوەو پەیام و پەخشنامەی شۆڕشی نوێی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٣-٢-١٩٧٨ لەلایەن جاسوسێک خەبەریان لێ دەدرێ و دوژمن بە هێزو کۆپتەرێکی زۆر داخلی سنووری گوندی سماقە دەبن لە شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر سەید مورسەڵ و پێشمەرگەیەکی تر بەناوی (قادر) شەهید دەکرێن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مورسەل و تێکرای شەهیدانی کوردو کوردستان.

- ناوی تەواو: مورسەڵ حوسێن مورسەڵ زەمان
- ناسراو بە: سەید مورسەڵ
- تەمەن: ١٩٤٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردعازەبان
- ئاستی خوێندن: سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو دەکات.
- باری خێزانی: سەڵت
- لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٥ دەبێتە فەرمانبەر لە (مسلحە نقل الرکاب) لە هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٢
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی ١٩٧٦ بە هەڤاڵانی سەرکردایەتی لە سوریا.
- لە ساڵی ١٩٧٦ لە سوریا داخلی خولێکی سەربازی دەبێت.
- یەکەمین کەس بووە لە وڵاتی سوریاوە ئامێرەکانی ئێستگەی شۆڕشی نوێی بەکۆڵ گەیاندۆتە کوردستان.
- (١٧) هەمین شەهیدی سەنگەری خانەوادەکەیانە.
- یەکێک بووە لە باشترین وەرزشکارەکانی شاری هەولێرو کوردستان.
- لە تەمەنی وەرزشکاری خۆی یاری بۆ یانەکانی (هەولێر، بروسک، هێرش) کردووە
- چەندین نازناوی بۆ یانەی هەولێر بەدەست هێناوە.
- ساڵی شەهید بوون: ٣-٢-١٩٧٨
- شوێنی شەهید بوون: سنووری گوندی سماقە

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٢/١٠ لە ژمارە (٦٨٩٤) لە لاپەڕەی (ستادیۆم)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە.

## شەهید (کاردۆ)

# مشیر محەمەد سادق حوسێن



بەڵێ وەکو باقی لاوانی تری کوردستان لە کۆتا رۆژی ساڵی ١٩٨٦ خەون و ویستی شەهید مشیر محەمەد ئەوەبوو ئازادی و فەراهەم بوونی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بێتە کایەوە، خەون و داخوازی ئەوەبوو ئەو میللەتەی دەمێکە دوژمنان دەیچەوسێننەوە لە ساڵی ئایندە خەندە بگەڕێتەوە سەر لیوانیان، ئەم خەونانە گەرچی نەهاتەدی، بەڵکو خۆی و دوو هاوڕێی تری لەسەر دەستی جاشەکانی سنوورەکە بوونە قوربانی خاک و ئازادی و دیموکراسی... بەڵێ شەهید موشیر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەرو برا پێشمەرگە هاتۆتە دنیاوە. ئەوان هەمیشە دۆست و لایەنگرو هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوونە .لەسەر رێبازی کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە و کۆڵیان نەداو بەردەوام بوون لە خەبات و تێکۆشان.. ناوبراو لەچەند قۆناغێکی شۆڕش و کوردایەتی لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان رۆڵ و کاریگەری هەبووە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو لە سنووری مەچلوبە لەگەڵ دوو هاوڕێی تری گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە.. دروود لە گیانت ئەی پێشمەرگە خاکیەکەی تیپی ٨٥ی بەرانەتی.. بەئارامی بنوو ئێستا لە سایەی خوێنی ئێوەی شەهیدان.. دەسەڵاتێکی کەمتەرخەم هەیە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان...؟

- ناوی تەواو: مشیر محەمەد سادق حوسێن
- ناسراو بە: کاردۆ
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٤
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گردعازەبان ـ ناحیەی شەمامک ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: شوان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی گردعازەبان تەواو کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨١
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی ٨٣ی هەورێ
- ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دروست بوونی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی شەهید مشیر دەگوازرێتەوە ئەم تیپەو لە کەرتی (١)ی شەمامک کە ئەوکات شەهید مەجیدە سوور فەرماندەی کەرت بووە .درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.
- لە ساڵی ١٩٨٤ ماوەیەک لە لقی (٤)یەکێتی شۆڕشگێڕان درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.
- لە ساڵی ١٩٨٥ بۆچوون و رای نزیک بوو لە ئاڵای شۆڕش و دواتر کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی هۆشیارو کراوەی سەردەمی خۆی بوو.
- سێیەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوونی: ٢٩-١٢-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون نزیک گوندی مەچلوبە
- کەوتنە ناو کەمینی جاشەکانی مەنتیقە لەگەڵ دوو هاوڕێی تری
- ناوبراو لە تەمەنی سیاسی ماوەیەک پەیوەندی بە حزبی شیوعی کوردستان کردووە.

## شەهید (نادر عەشائیر)

# نادر قادر مەحمود نانەکەلی



بۆ گەیشتن بە ئازادی نیشتمان و بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی، نەتەوەی کورد زۆر قوربانی داوە، تاوەکو ئێستا بە ئازارترین نەتەوەیە کە دەورووبەرەکەی بەهەموو شێوەیەک ئازاری داوین و دەمان چەوسێننەوە، تەنانەت سەرەتاترین مافی مرۆڤ ئاخاوتنی زمانەکەیەتی کەچی لە پارچەکانی کوردستان زمانی دایک و خوێندن بەکوردی قەدەغە کراوە.. بۆ رزگاری کوردستانی عێراق شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال درێ بەشەوە زەنگی تاریکی داو شۆڕش کڵپەی سەندو ئەو ترس و تۆقاندنەی میللەتەکەمان هەیبووبە دەستپێکردنی شۆڕش تا ئاستێکی باش رەوییەوە و خەڵکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر پەیوەندیان بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ لاوێکی گەنم رەنگ، لاوێکی خوێن گەرم، لاوێک ئازاو چاونەترس لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو هەژاری گوندی توورەقی نزیک هەولێر بەناوی (نادر قادر مەحمود) بووە پێشمەرگە، پێشمەرگەیەک گوێڕایەڵ، سادە، قسە خۆش، بە دیسپلینی پێشمەرگانەوە کارەکانی رای دەکرد. وەک هاوڕێیانی دەگێڕنەوە لە چالاکی و شەڕەکان دەوری کاریگەری هەبووە.. لە ساڵی ١٩٩٧ لە گوندی گۆمەشینی کۆیە بە هۆی تەشکیلاتی تازەی هێزەکەمان هێزی ٢٤٣ شەهید نادرم ناسی ئەوکات جێگر تیپ بوو، من ئەوکات یاریدەدەری هێز بووم، ناوبراو کەسێکی زۆر ئیداری و بێ کێشە بوو بە هۆی ئازایی و چاپووکی خۆی کرایە فەرماندەی تیپ، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوازراوی داسەپاو بەسەر حکومەتی هەرێم لە چیای کوزینەی قەندیل شەهید دەبێ و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهید نادرو سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردستان..

- ناو: نادر قادر مەحمود نانەکەلی

- نازناو: نادر عەشائیر
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٧٠
- لە گوندی: توورەق
- پارێزگای: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی شەشەمی سەرەتایی
- خێزاندارە: خاوەنی (٦) منداڵە بەناوەکانی (هیوا، بارزان، کارزان، رێباز، نەورۆز، کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٥
- شوێنی پەیوەندی: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر- سەرەتا کەرتی ٤ی بەردەباز دواتر گواستراوەتەوە کەرتی ٢ی دێدەوان
- ئەو شەڕانەی بەشداری کردووە لە پێش ڕاپەرین: سەری رەش، سەرکردایەتی، داستانی سماقوڵی ١١ رۆژ، ماجیداوە گوێڕ، قەیوان ماوەت داستانی رزگاری، شەڕی تەق تەق، گرتنی ناحیەی دێگەڵە، مەچلوبە، سەرگەڵو، بەرگەڵو، زۆربەی شەڕەکانی ناو هەولێر، لە دوای ڕاپەڕینیش بەشداری لە رزگارکردنی هەولێرو کەرکووک و سەرجەم ئەو شەڕانەی بەرۆکی یەکێتی و حکومەتی هەرێمی گرتووە رۆڵی کاریگەرو بەرچاوی هەبووە..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بە سەختی بریندار بووە.
- لەسەر هەڵوێستی سیاسی ئاوارە بووە.
- دوا پلەی (فەرماندەی تیپ) بووە لە فەرماندەی (٢)ی هەولێر
- رێکەوتی شەهید بوون: شەوی ١٠لەسەر١١ی مانگی ١٢ی ٢٠٠٠
- شوێنی شەهید بوون: قەندیل گوندی کوزینە
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٥/٨/٦ لە ژمارە (٦٧٤٦) لە لاپەڕە (٨)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

# شەهید (حاجی نادر)

# نادر ئیسماعیل نادر




(نادر ئیسماعیل نادر) ناسراو بە (حاجی نادر قەشقەیی) ناوێکی دیارو کەسایەتییەکی جوامێر لە سنووری هەولێر ئەو بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە ساڵی ١٩٤٩ وەک خۆبەخشێک لە ڕێزی سوپا شارەزاییەکی باشی لە چەک و دانانەوەی لوغم و نیشانشکێنی پەیدا کردبوو، دواتر لە شۆڕشی ئەیلوول بۆتە پێشمەرگەو دڵسۆزانە ئەسپی خۆی تاوداوە، لە مەجالی پێشمەرگایەتی بەکۆمەڵێک شارەزایی لەبواری چەک و تەقەمەنی قۆناغەکانی بڕیبوو. پیاوێکی سادەو خاکی و ڕاستگۆ بووە سەرەتا لەگەڵ خۆی ئینجا لەگەڵ هاوڕێکانی، لەگەڵ پێشمەرگەکانی زۆر دۆست و هاوڕێ بووە . پێشمەرگەی دێرین (ئەشقی عوسمان عەلی لەک) لەیەکەم ڕۆژی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە لەگەڵ شەهید حاجی نادر قەشقەیی تا ڕۆژی شەهیدبوونی ناوبراو بەیەکەوە بووینە بۆ زیاتر زانیاری لەسەر شەهید وتی: ئێمە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیمان کرد بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرەتا لە تیپی (٩٣)ی کۆیە بووینە پێشمەرگە کە ئەوکات (شێخ شەماڵ) سەرتیپ بوو. دواتر حاجی نادرو پێشمەرگەکانی گواسترایینەوە سەرکردایەتی لە زەڵێ و ناوزەنگ بۆماوەی (٣) مانگ ماینەوە، پاشان لەسەر بڕیاری جەنابی مام جەلال گواسترایینەوە تیپی (٩٠)ی باوجی کە ئەوکات (ملازم سمکۆ) سەرتیپ بوو. لە ساڵی ١٩٨٢ تیپی (٩٠)ی باوجی چوون بۆ شەڕی کونە مشکە بۆ پشگیری لە کوردانی ڕۆژهەڵات (دیموکراتەکان) ئێمە وەک مەفرەزەکەی (حاجی نادر) ماینەوە لە ناوچەکە، لەم سەروبەندە حاجی نادر بیرۆکەی چالاکییەکی بڕیار لێدا لەسەر جادەی کۆیە نزیک گوندی باوەقوب لەماوەیەکی کەمدا لەنەبەردییەکی پێشمەرگانەدا (٢) ئیقەی عەسکەریمان تەفرو توناکردو سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێنا زەرەرو زیانێکی گیانی و مادی زۆریان لێ کەوت. لەدوای ئەم چالاکییە چووینە گوندی (ڕەسول بچکۆڵ) لەوێ لەگەڵ (محەمەد غەفوور مەنتک)یەکمان گرتەوە، بۆ ڕۆژی دواتر محەمەد غەفوور پێشمەرگەیەکی خزمی خۆی چوونە هەولێر چالاکییەکیان ئەنجام

دابوو سەیارەیەکی لانکرۆزەری مرورو دەمانچەیەک و جیهازێکیان هێنابوو هاتنە گوندی بیستانەو لەوێ یەکمان گرتەوە، دواتر بۆ گوندی دووشیوانی مەنتکان بە رێکەوتین هەرلە دووشیوان لەگەڵ محەمەد غەفوور رێک کەوتن و رۆیشتین بەرەو هەولێر بۆ کوشتنی دوو ئەمنی بەعسی کە جیرانی دۆستێکی حاجی نادربوون، بەڵام بەداخەوە لە ناو گوندی سابلاغ لە شەوی ٢١/٢٢ـ١٠ـ١٩٨٢ کەوتینە ناو کەمین و بۆسەی جاش و ئەمنەکانی قوشتەپە لەم شەڕەدا هەڤاڵان (نادر قەشقەیی ـ محەمەد غەفوور مەنتک ـ محەمەد سەعید ـ محەمەد مەحمود ـ عوسمان عەلی باوکم شەهید بوون. (کاوە سیامەند ـ بەندە ـ سیامەند حوسێن) برینداربووین. دەربارەی حاجی نادر هەتا بڵێی فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس بوو، فەرماندەیەکی پارتیزان و شۆڕشگێڕبوو، زۆر گونجاو ئیداری بوو، قسەخۆش و مەجلیس خۆش بوو، خۆشەویست و خۆنەویست بوو، زۆر جەماوەری و ناخ پاک بوو. راستگۆ و بە وەفا بوو بۆ هاوڕێیانی.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی حاجی نادر زۆر کورت بوو لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. لەم ماوە کەمەدا چەند چالاکییەکی ترمان ئەنجام دا، بەڵام ناکرێ باس بکرێ،، لەم کەمینەی گوندی سابلاغ باوکیشم شەهید بوو. هەزاران درورد بۆ گیانی شەهید حاجی نادرو هاوڕێکانی.

- ناوی تەواو: نادر ئیسماعیل نادر
- ناسراوە بە: حاجی نادر
-ساڵی لەدایک بوون: ١٩٣٢
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قەشقە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: لەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- دوو هاوسەری هەبووە بەناوەکانی (بەدریە ئیبراهیم بایز) و (لەیلێ سمکۆ)
- ناوی منداڵەکانی شەهید: جادر، جەواد، شوان، شاهین، شێروان، دێدەوان، دیار، دلێر، نەزیرە، ناسکە، پەخشان، دیمەن، دالیا.
- لە تەمەنی (١٧) ساڵی وەک خۆبەخشێک لەسەر داوای خۆی دەچێتە ڕێزی سوپاوە لە دوای (٥) ساڵ خزمەت بەگومانی پەیوەندی بە حزبی (شیوعی)یەوە بۆماوەی (٨) مانگ زیندانی دەکەن و دواتر ئازادی دەکەن، بەڵام هەربەو بیانووە دەری دەکەن لە ڕێزی سەربازی.
- لە ساڵی ١٩٦٣ لە شۆڕشی ئەیلوول دەبێتە پێشمەرگە لە ناوچەی چەمی ڕێزان و ناوچەی دەشتی هەولێر درێژە بە خەبات دەدات تاوەکو ساڵی ١٩٦٨ دواتر دەگوازرێتەوە لێژنەی جووتیاران تاوەکو ساڵی ١٩٧٥
- لە دوای ئاشبەتاڵ ئاوارەی ئێران بووە، بەڵام پاش (٢) مانگ دەگەڕێتەوە هەولێر.
- لەدوای گەڕانەوەی لە ئێران واتە پاش ئاشبەتاڵ دەبێتە فەرمانبەر لە شارەوانی هەولێر.
- لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو بە جووڵە بووە.
- لەماوەی پێشمەرگایەتیدا لە شۆڕشی ئەیلوول شارەزایی زۆرباش پەیدا دەکات لە دانانەوەی بۆمب و لوغم و نیشانشکێنی، چەندین چالاکی گرنگ ئەنجام دەدات لەدەشتی هەولێرو ناحیەی پردێ و لە زۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر ئەو بەشداری کردووەو کاریگەری زۆری هەبووە.
- لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦

پەیوەندی دەکات بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٧٧ دەکەوێتە بەر شاڵاوی گرتن کەئەوکاتی ژمارەیەکی زۆر لەکادیرو ئەندامی کۆمەڵە دەستگیرکران ناوبراو بەیەک ڕۆژ لەگەڵ شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەستگیرکران. بۆماوەی (١١) مانگ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر و هەئیەی خاسەی کەرکووک مانەوە دواتر بەهۆی ئەوەی هیچیان لەسەر کەشف نەبوو ئازاد کران.
- جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ماوەی (٣) مانگ دەستگیر دەکرێ بەبڕیاری مدیر ئەمنی هەولێر، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە ئازاد دەکرێ.
- شەهید نادر قەشقە لەبەهاری ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوە بەتیپی (٩٣)ی کۆیە دوای ماوەیەک دەگوازرێتەوە تیپی (٩٠) باوەجی دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە
- لەو ماوە کەمەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەک دەکات وەک شەڕی باداوەی ناو هەولێر- لێدانی ناقیلەکانی سەر ڕێگای پیرەر باوەقوب - کەمینی گوندی سابلاخ کە لەم شەڕەدا شەهید بوو.
- ڕۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١/٢٢-١٠-١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سابلاخ سەر بە ناحیەی قوشتەپە
- جگە لەخۆی فەرماندەیەکی تربەناوی (محەمەد غەفوور مەنتک) و (٣) پێشمەرگەی تر شەهید بوون ژمارەیەک پێشمەرگەی تر بریندار بوون.

## شەهید (نامیق تاڵەبانی)

# نامیق کەریم سمایل مەولود




شەهید نامیق تاڵەبانی یان نامیق تەق تەقی ناوێکی دیار لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سنووری دەشتی هەولێر، ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلوولیش پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس بووە هەر بۆیە لە شەڕێکی سەخت و دژوار زۆر بە سەختی بریندار دەبێت لە چیای کێوە ڕەش، لە دروست بوونی کۆمەڵەی مارکسی لینین ناوبراو ئەندام و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە لە شارۆچکەی تەق تەق. پانزدە ساڵ لەمەوبەر بەڕێز مەلابەختیار لە (٢١) مین ساڵیادی شەهید نامیق تاڵەبانی دەڵێ: شەهید نامیق تەق تەقی لە ١٢ـ١٢ـ١٩٧٧ لەگەڵ خۆم شەهید بوو لە گوندی کانی سووری دەشتی کۆیە، ئەو ڕۆژگارە ڕۆژگاری هەرەس بوو، ڕۆژگاری نائومێدی بوو، ڕۆژگاری ژیلەمۆی خەبات بوو، ئەو ڕۆژگارەبوو بوون بە پێشمەرگە دەیان خەڵکی لەسەر دەخزایە زیندانەوە، پێشمەرگەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان بێ گوێدانە شەهید بوون، یان ئەشکەنجەدانی کەسوکاریان هاتنە شاخەکانەوە بوون بە پێشمەرگە وەک کێوی بەرەنگاری بەرامبەر ڕژێم لە دژی تەعریب و ڕاگواستن و چەوساندنەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا. شەهید نامیق تەق تەقی یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٧٣ دەوری باشی بینیوە لە ڕێکخستنەکان.لەسەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٧ بەبڕیاری سەرکردایەتی خۆم ومەفرەزەیەک هاتین بۆ سنووری دەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتی جەولەو سەردانی زۆرترین گوندەکانمان کرد، دواتر بڕیاری سەرکردایەتیمان بۆهات بگەڕێینەوە قەرەداغ بۆ بینینی شەهیدی نەمر کاکە ئارام لە ١٢ـ ١٢ـ ١٩٧٧ لە گوندی کانی سوور تووشی بۆسەو کەمین هاتین، بەڵام بەداخەوە نامیق تەق تەقی خۆی بەشەهید کردن دا تامن شەهید نەبم واتە خۆی دا بەر ڕێژنەی گوللەکان تا بەرمن نەکەوێ، بەڕاستی ئەمە لووتکەی وەفاو لووتکەی دڵسۆزی و لوتکەی قارەمانیەتی شەهید نامیقە تا بەرپرسەکەی شەهید نەبێ، زۆر دەگمەنە ڕووداوی وا لە جیهاندا، من لە کتابەکەی خۆم یاخی بوونی مێژوو فەسلێک لە کتابەکەم بەناوی (کانی سوورو شەهید نامیق) کردووە،ئەم ڕووداوە هەرگیز لە

بیرناکرێ.سەری ڕێزو نەوازش نەوی دەکەین بۆ شەهید نامیق و تێکڕای شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.
- ناوی تەواو: نامیق کەریم سمایل مەولود
- ناسراو بە: نامیق تاڵەبانی
- تەمەن: ١٩٥٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تاڵەبانی گەورە - ناحیەی تەق تەق - قەزای کۆیە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی (٥) سەرەتایی خوێندووە لە قوتابخانەی زێرین لەتەق تەق.
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نازدار حوسێن حەمە بۆر
- ناوی منداڵەکان: تەنها یەک منداڵی هەیە بەناوی (هیوا)
- ساڵی پەیوەندی بە شۆڕش ١٩٦٩ بە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دۆڵی خەلەکان لەگەڵ (ڕەئیس ئەحمەدی) خوارزای.
- بۆ ماوەی (١١) مانگ زیندانی دەکرێن لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە لە ڕایەت لەلایەن پارتی، لە ١١ی ئازار ساڵی ١٩٧٠ ئازاد دەکرێت، بەڵام ڕەئیس ئەحمەدی خوارزای شەهید دەکەن.
بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە تا نسکۆ لە شەڕی کێوە ڕەش بەسەختی بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگای مامۆستا حەمید کەریم شانە پەیوەندی بە ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دەکات. دواتر شەرەفی ئەندامی پێ دەبەخشرێت.
- لەگەڵ دروست بوون و دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندی دەکات.
- لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر داواکاری سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پەیوەندی دەکات بەشاخەوە لەگەڵ هاوڕێی بەردەوامی کوردایەتی شەهید (عەلی ساڵح)
- دەبنە یەکەمین مەفرەزەی سەرەتایی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە سنووری دەشتی هەولێرو کۆیە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ لەسەر داواکاری سەرکردایەتی یەکێتی مەفرەزەیەک دەچن بۆ لای شەهید ئارام پێکهاتبوون لە (شەهید عەلی ساڵح - شەهید شاخەوان عەباس - شەهید ڕێباز - شەهید نامیق تاڵەبانی) لە یاخسەمەر هەڤاڵان دلێری سەید مەجید و هاوڕێ جەبار پێشوازیان لێ دەکەن و دواتر یاوەریان دەبن بۆ ناوچەی قەرداغ.
- لەهەمان ساڵ هەڤاڵ مەلابەختیار جەولەیەکی (٣) مانگی بۆ دەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتی دەکات لەم جەولەیە شەهید نامیق تاڵەبانی دەمێنێتەوە لە دەستەکەی مەلابەختیار لەبەر شارەزایی و ئازای. پاشان سەرکردایەتی بڕیار دەدات مەلابەختیار بگەڕێتەوە ناوچەی قەرەداغ بۆ بینینی شەهید ئارام، لە ڕێگادا لە گوندی (کانی سووری) دەشتی کۆیە تووشی شەڕ دەبن لەم شەڕەدا (نامیق تاڵەبانی) شەهید دەبێت و (ئەحمەد سماقەیی) بە سەختی بریندار دەبێت.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٢-١٢-١٩٧٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی کانی سوور - دەشتی کۆیە
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٢/١٦ لە ژمارە (٧١٩٦) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (وریا)

# نەجات رەحمان عەبدوڵڵا شێخە




ئەو لە بنەماڵەیەکی جووتیاری گوندی مەلاقەرەی ناوچەی کەندێناوە لەدایک بووە، ئەم خانەوادەیە لەگەڵ زۆربەی دانیشتوانەکەی گوندی مەلا قەرە لە شۆڕشەکانی کورد هاوکارو پشتیوانی شۆڕش بوونە، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی ئازایان بەرخودانیان کردووە ئەویش خانەوادەی شەهید (نەجات ڕەحمان عەبدوڵڵا شێخە)یە ئەو کاتەی شەهید نەجات پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی دەکات دەچێتە تیپی (٨٥) بەڕانەتی کەرتی (٢) کە ئەوکات مەلا برایم مەلاقەرەو نەعمان قاسم لەم کەرتە پێشمەرگە بوون بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (نەعمان قاسم) پێشمەرگەی دێرین وتی: شەهید نەجات ڕەحمان ناسراو بە وریا کورێکی روح سووک، ئازاو چالاک، گورجوگۆڵ، بێباک لە دوژمن. ئەو پێشمەرگەیەکی بەوەفا بوو لەگەڵ هاورێ و هەڤالانی، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتیەوە زۆر جدی و بە ئیلتیزام بوو، خۆڕاگروو کوڕی ڕۆژی تەنگانەبوو، لەهێرش و هەڵمەت بردن لە پێشەوەی پێشەوە بوو.لەڕاستیدا بەهۆی دڵسۆزی و سادەیی بەماوەیەکی کەم بووە خۆشەویستی ناو پێشمەرگەکانی کەرتی (٢) لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی. لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆر نەبەردی و چالاکی کرد. بەڵام بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕین لە شەڕێکی نەخوازراو داسەپاو بەسەر حکومەتی هەرێم و یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەهید کراو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزار درووود لەگیانت پێشمەرگە خاکیەکەی کەندێناوە.

- ناوی تەواو: نەجات رەحمان عەبدوڵڵا شێخە
- ناسراو بە: وریا
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مەلا قەرە، کەندێناوە، مەخموور

ـ عەشیرەت: شێخ مەموند
ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ ناوی منداڵەکان: شەرمین، شەوین
ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢ لەرێگای هەڤاڵان (نەعمان قاسم) و(کاکلە رەش) پەیوەندی بە رێکخستن کردووە.
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ سەرەتا لە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (٢) ئەوکات فەرماندەی کەرتەکە ئەحمەد کوردە بووە لەم کەرتەش خزمەکانی لەوێ بوون وەک (مەلا برایم مەلا قەرە، نەعمان قاسم، یاسین مەلا ئیسماعیلی کوڕە خاڵی
ـ دواتر دەگوازرێتەوە تیپی٨٧ی قەرەچوغ، کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
ـ یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار برینداربووە لە ماجیداوە ـ کارگەی قیرِ ـ هەولێر
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری هەردوو تیپی کردووە.
ـ لەدوای ڕاپەرین دواپلەی سەرتیپ بووەو لە لەشکری یەکگرتوو پلەی ملازمی یەک بووە.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٣ـ١٢ـ١٩٩٣
ـ شوێنی شەهیدبوون: چیای هەیبەت سوڵتان

شەهید (دارا)

# نەجات عەزیز کەریم زەمان




شەهید دارای سەید عەزیزی گردعازەبان کە ئامادەیی تەواو کرد، پەیوەندی بەشاخ کردوو بووە یەکێک لە پێشمەرگە دڵسۆزو دیارەکانی سنووری هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوغ، بەهۆی دیسپلینی پێشمەرگایەتی و قارەمانیەتی جێگای خۆی لەناو هێزی پێشمەرگە کردەوە، بووە جێگای متمانەی سەروو. پێشمەرگەیەکی ئەوێ رۆژێ مەفرەزەکەی شەهید دارا کە ئێستا پلەی مقەدەمەو فەرماندەی فەوجی تایبەتە لە لیوای (٧)ی تایبەت ئەویش هەڤاڵ (قادر شێخانی)یە وتی: شەهید دارا گردعازەبانی هاورێ و هاوسەنگەرم بوو ماوەیەکی زۆر فەرماندەی مەفرەزەمان بوو، کورێکی رۆشنبیرو خوێندەوارو تێگەیشتوو بوو، زۆر هێمن و لەسەرەخۆبوو، فەرماندەیەکی ئازاو خۆڕاگرو بە ئەمەک و دڵسۆز بوو بۆ کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شەهید چەند خاسیەتێکی تایبەتی هەبوو هەرگیز تووڕە نەدەبوو، حەزی لە چای بە ئاگری داران بوو، دەنگی زۆر خۆش بوو بۆ گۆرانی ئەو حەزی لە دەنگی حەسەن زیرەک بوو بەتایبەتی ئەو مقامەی کە دەڵێ هەر (بەتەمای دووشەشم) باوەڕ بکەن ئێستاش کە گوێم لەم گۆرانیەی حەسەن زیرەک دەبێ شەهید دارام بیردێتەوە. لەسەرکەوتنەکانیش من گۆرانی شادی و بەندم بۆ دەووت، ئەو پێشمەرگەو کادیرێکی خۆشەویست و خۆنەویست بوو هەرگیز وای نیشان نەدەدا کە ئەو مەسئوولمانە و یان ئەو کەسێکی خوێندەوارە بگرە بەچاوی هاورێ و برا سەیری هەموومانی دەکرد.. بەشەهید بوونی کەلێنێکی گەورەی خستەناو ریزی هێزی پێشمەرگەو بەتایبەت تیپ و کەرتەکەمان.. روحت شاد هاورێ و فەرماندە دڵسۆزەکەم...

- ناوی تەواو: نەجات عەزیز کەریم زمان
- ناسراو بە: دارا
- ساڵی لە دایک بوون: ١-١-١٩٦١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دووگردکان

ـ عەشیرەت: بەرزنجی
ـ باری خێزانی: سەڵت
ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر
ـساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٥
ـ ئۆرگان: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
ـ دواتر گواسترایەتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٥)
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە بەنموونە (لێدانی بازگەی هەولێر، لێدانی ڕەبیەکانی سەر ڕێگای پردێ، لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکووک، داستانی بەنەباوێ، شەڕەکانی سەرکردایەتی،
ـ (٥) براشەهید بەناوەکانی (١ـ ملازم عەبدولسەمەد. ٢ـ نەجات ناسراو بە دارا. ٣ـ ئەحمەد ناسراو بە بروسک. ٤ـ تەیب ناسراو بە سەرباز. ٥ـ محەمەد ناسراو بە سامان)
ـ ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بوو لە کەرتی (٥) کە کاک نەسروڵڵا ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت بوو.
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١ـ٨ـ ١٩٨٨
ـ شوێنی شەهید بوون: داستانی کونە کۆتر

## شەهید ( مەلا نەجم)

# نەجم ئەحمەدحوسێن مستەفا



مەلا نەجمی بالیسان یەکێک بووە لە کەسایەتی و پیاوێکی شەهم ودیار لە دەڤەری خۆشناوەتی و ڕۆڵ پێگەی ئایینی، سیاسی، ڕۆشنبیری دواجار فەرماندەیەکی سەربازی لێهاتووی دەڤەرەکە بووە. ناوبراو لە سەرجەم کایەکانی ژیان باکگراوندێکی کامڵی هەبوو و بەردەوامیش لەهەوڵی خوێندنەوە گەیشتن بوو بە زانیاری گشتی، شەهید مەلا بەهۆی دڵسۆزی و دیسپلینی سەداسەد لەو ئەرکەی پێ دەسپێردرا وەک خۆی جێبەجێی دەکرد هەربۆیە حزب بەپەرۆشەوە شوێن و ئۆرگان و بەرپرسیاریەتی دەخستە ئەستۆ نەک ئەو بەدوای پۆست و پلە بگەڕێت و داواکار بێت وەک دەگێڕنەوە هەموو ئەو پلانەی وەریگرتووە ئەو بێ ئاگا بووە تا بریاری پێ دەرچووە. لەرووی کۆمەڵایەتی و سەردان و بەسەرکردنەوە کادیرێکی دەگمەن و سەر ڕاست و ڕاستگۆبووە لەگەڵ خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگەی دێرین و زیندانیانی سیاسی و خەڵک و جەماوەردا. دۆستی هەژاران و خەڵکی لێقەوماوان بووە. جێگای خۆیەتی بڵێین جگە لە ماڵەکەی خۆی ماڵە برایەکانی لانەو مەکۆی حەوانەوەی پێشمەرگەو نان دەرێکی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگە بووە. بۆ زانیاری زیاتر پێشمەرگەو کادیری ئەوێ ڕۆژێ هەڤاڵ (نەهرۆ سەعید سۆفی) هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید مەلا نەجم وتی: مەلا نەجم: پیاوێکی شۆڕشگێڕو هۆشیارو دڵسۆزو خاوەن پێگەیەکی کۆمەلایەتی گەورەی ناوچەکە بوو، شەهید مەلا نەجم تەنها پیاوێکی ئایینی نەبوو زۆر ڕۆشنبیر بوو زانیاری تەواوی لە ئەدەب و هونەر و ئاوازدانانیش هەبوو، هەروەها زانیاری تەواوی لە فەلسەفەی مارکسیزم و لینینزم هەبوو، هەردەم وا دەردەکەوت کە سەرکردەیە. من لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی گوندی حوجران بە دیدەنی شاد بووم، دوای ئەنفالەکان کە ئاوارەی وڵاتی ئێران بووین، باری ئابووری زۆربەمان زۆر خراپ بوو، شەهید مەلا نەجم و کاک مەلا مستەفا و کاک مەلا حسامەدین سێ هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر بوون، وەک کاسبی لە سنووری ئێران.تورکیا کتابی بەنرخیان دەهێناو

دەبرد بۆ بژێوی ژیانیان، ئەرک و تەکلیفیان لەسەر کەس نەبوو، لە ساڵی ١٩٩٣ کارگێڕی مەڵبەندی سۆران بووم بەڕێزیان لێپسراوی کۆمیتەی شەقڵاوە بوو، هەر زوو پەیوەندییەکانی فراوان و توندو تۆڵ کرد، زۆر هەوڵی دەدا لە سنوورەکە خزمەت بکات و کادیرەکان پەروەدە بکات و پێیان بگەیەنی، کادیرو فەرماندەیەکی چالاک، ماندوو نەناس، دڵسۆز، بووە جێگەی سەرنجی مەڵبەندو ناوچەکە بوو. هەموومان بووین بە هاوکارو پشتیوانی پێشنیار کرا بۆ کارگێڕی مەڵبەند، بە داخەوە بەروارەکەم لەبیر نیە ئەو ڕۆژەی بەیانیەکەی پێشنیار کرا بۆ پلەی کارگێڕی مەڵبەندی سۆران، بۆ ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ فەرمانی کارگێڕیمان بۆ هێناوە مەڵبەند، لەبەر ئەوەی جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەک بوو، لە دوای فەرمانی کارگێڕییەکەی لە کۆبوونەوەی کارگێڕانی مەڵبەند بڕیارماندا بکرێتە لێپسراوی بەشی ڕێکخستن، هاوڕێ نزیکەکانی ئەو کاتەی شەهید زۆر بوون، بەڵام لەمن و شەهید تەحسین کاوانی و شەهید کارزان و کاک عەبدوڵڵا کانی بەردی و کاک تەها کانی بەردی و هاوڕێ حاجی مەسیفی و کاک محەمەد سەلیم زۆر نزیک بوو.لە گەرمەی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، مەڵبەندی شەشی سۆران هەڵوەشاوە، شەهید مەلا نەجم وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو بە دیار کەوت و بووە جێگەی متمانەی برادەران، لە کاری ڕێکخستنەوە گواستراوە بۆ کاری پێشمەرگایەتی، بووە یەکێک لە دیارترین کادیرو فەرماندەی ناوچەکە، ڕۆڵی زۆر قارەمانانەی بینی لە شەڕەکانی گەردەلول و دواتر کەپکی حەمەد ئاغا، بە داخەوە هەر لەو شەڕە نەگریسەدا کە سەدان ڕۆڵەی کوردبوونە قوربانی، لە ڕۆژی ٣٠-١٠-١٩٩٧ هەواڵی شەهید بوونی مەلا نەجمی قارەمانمان بیست هەموومانی هەژاند، هەر چەند باسی ئەو جوامێرە بکەین ناتوانین مافی خۆی بدەینێ، لە پاکی و دڵسۆزی و شۆڕشگێڕی و قارەمانەیەتیدا، سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مەلا نەجم و گشت سەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: نەجم ئەحمەد حوسێن مستەفا
- ناسراو بە: مەلا نەجم
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی بالیسان کە ئێستا بۆتە ناحیە - قەزای شەقڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: حەلیمە ئەحمەد حەمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شاهۆ، شالاو، ئاراس، ئیرۆن
- ساڵی ١٩٧٢ دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد ناوبراو خراوەتە بەرخوێندنی مەلایەتی، بۆ خوێندن زۆربەی شاروچکەی کوردستان گەڕاوە.
- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٩
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە)
- لەسەردەمی خەباتی نهێنیدا بەشداری دوو کۆنفڕانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ لە گوندی حوجرانی بناری سەفین بوو بە ئیمام و خەتیب و ڕۆژانی هەینی خەڵک لەهەولێرو شوێنەکانی ترەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لەخوتبە حەماسەت و خولقێنەکانی مەلا نەجم.

- دوای کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان لەگەڵ پۆلێک مامۆستای ئایینی تر بڕیاریان دا پەیوەندی بکەن بە هێزی پێشمەرگەوە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٨٧
- بیرۆکەی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی کوردستانی خستەبەردەم سەرکردایەتی یەکێتی و جەنابی (مام)
- بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی زانایان لە ١٠-٨-١٩٨٧ لەلایەن مام جەلال پەسند کراو مەلا نەجم خۆی بووبە ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری.
- ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو بەشداری شەڕەکانی کێل کێل، سەری جوانەگا، دۆڵی ئالآنەی کردووە، مەلا نەجم دەوری کارای هەبووە لە تۆپخانەی شۆڕش.
- دوای ڕاپەڕین کرایە بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران و لێپرسراوی عەسکەری
- لەقۆناغی شەڕی داسەپاو بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەلانەجم کرایە بەرپرسی میحوەری شەقڵاوەو دواتر کرایە سەرلەشکری (١٧)ی هەورێ و لەتەواوی شەڕەکان ناوبراو ڕۆڵی فەرماندەیەکی ئازاو دلێری بینیوە.
- دوای دروست بوونی تەشکیلاتی فەرماندەییەکان مەلا کرایە ئەندامی فەرماندەیی (١) لەهەمان کات بەرپرسی میحوەری بالیسان
- مەلا نەجم لەقۆناغی دووەمی گەردەلوول جارێکی تر تواناو لێهاتوویی خۆی بۆ خاک و (ی.ن.ک) دووپات کردەوە.
- مەلا بەشداری یەکەم خولی کادیرانی کردووەو لەکاتی وەرگرتنەوەی بڕوانامەکە هەڤاڵ مام جەلال نازناوی مەلای سیانزە عیلمی پێ بەخشی..
- مەلا هەمیشە هاوڕێیەکی خۆشەویستی نووسەران و هونەرمەندان و زانایان بوو بەردەوام شیعرەکانی نالی و مەحوی و سالم و کوردی بەسەر زارەوە بوو.
- هەموو خەڵکی ناوچەکە پرس و ڕاوێژیان پێ دەکردوو لەقسەی دەرنەدەچوون.
- (١٣٥) کێشەی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی ئەو چارەسەر کراون لە ناوچەکە.
- ڕۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٣٠-١٠-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: لە گۆڕبەشیلانی بەنی هەریر
- لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ..

### شەهید (نەریمان مەولود)

# نەریمان مەولود محەمەد




روون و ئاشکرایە لە دروست بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هەمیشە خوێنی بەخشیوە لە پێناو پاراستنی خاک و سەروەت و سامانی میللەتەکەی و کۆمەڵگا بەگشتی.. هەربۆیەش بە حزبی شەهیدان ناسراوە ئەوەی یەکێتی جیادەکاتەوە لە حزبەکانی تر لە خەبات و تێکۆشان هەمیشە فەرماندەو سەرکردەکانی لە پێشەوەی پێشەوە بوونە. ئەوەی یەکێتی جیادەکاتەوە لە حزب و لایەن و بزووتنەوەکانی تر شەفافی و ئازادی و ڕادەربرینە لەمەیدانی کاردا.. لەوەتەی دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی داعش بەرۆکی کوردستانی گرتووە ئەوە یەکێتیە، ئەوە پێشمەرگەکانی یەکێتییە بەرەنگاری پیلانەکانی داعش بوونەوەو ستۆپیان بە داعش کرد.. ئەوە پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون بە هەموو لایەکیان راگەیاند داعش ئەوە نییە هەرچی بیەوێ بیکات و بیگرێ و داگیری بکات.. یەکێک لەو شەهیدانەی کە شەڕی دەستەو یەخەی لەگەڵ دڕندەکانی داعش کردو خانوو بە خانوو گوند بە گوند وەک بەورئاسا داعشەکانی بە دۆشکەکەی راودەنا.. ئەوە شەهید نەریمان بوو پەیامی بۆ هەندێک لایەن و پێشمەرگەکانیان هەبوو شەهیدبوون شەرەفە نەک بەدەستەوەدانی خاکێک سەدان ساڵە کورد خەونی پێوە دەبینی و ئێستا بۆ داعشی جێ دێڵن، بۆیە شەڕبکەین تا ئەو دوژمنە لە ناو دەبەین، هەر واش بوو شەهیدبوونی خۆی کردە پەیامێکی راستگۆیی بۆ پاراستی ئەو خاکەی سەدان ساڵە خەونمان پێوە دەبینی.. روحت شاد کاکە نەریمان.. لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە بەبەهەشتی بەرینت شاد بکات.

ـ نەریمان مەولود محەمەد: ناسراوە بە نەریمان دۆشکە.

ـ لە ١ـ٧ـ١٩٦٩ لە گوندی سماق شیرین سەربە قەزای کۆیە لە دایک بووە.

ـ قۆناغی ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە.

ـ له ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک)وە دەکات
ـ له ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕین دەکات و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕزگارکردنی هەولێرو کەرکووک.
ـ له ساڵی ١٩٩١ دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لەبەرەی کوردستانی لە سنووری خەبات..
ـ دواتر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە.
ـ له ساڵی ١٩٩٢ دەگوازرێتەوە دەستەی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا فەرماندەی تیپ..
ـ له ساڵی ١٩٩٨ بەشداری خولی فەرماندەیی کردووە لە قەڵاچۆڵان دەرچووە بە پلەی ملازم.
ـ له ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩ دەگوازرێتەوە بۆ کەتیبەی ڕەشاشات. دواتر دەگوازرێتەوە بۆ لیوای ٣ی تایبەتی جێگری سەرۆکی هەرێم..
ـ دوا پلەی فەرماندەی فەوجی ٢ لە لیوای ٣ی تایبەت.
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ شەهید نەریمان لە دوای خۆی ٣ کوری بۆ یەکێتی و کوردایەتی بە ناوەکانی (فەرمان ـ هەڵۆ ـ دابان) جێ هشتووە.
ـ ناوی هاوسەری شەهید: خەرمان محەمەد ئیسماعیل
ـ شەهید (٥) جار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندا بووە
ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣٠ـ١ـ٢٠١٥
ـ شوێنی شەهید بوون: تەللوەرد کەرکووک
ـ ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٤ـ٤ـ٢٠١٥ لەژمارە (٦٦٦٢) لە لاپەرە (٦)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

## شەهید (ناله)

# نەعمان زرار حەمشین مەحمود



ئەستەمە بتوانین وشە بهۆنینەوە بارتەقای شەهیدێک تەمەنی تەنها (١٦) بەهاربێت و هزرو بیری گۆش کرابێت بە پەیڕەوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ڕێبازی (مام) ڕێگا نیشاندەری خەبات و بەرخودانی میللەتێک بێت ئەمڕۆ لەسایەیی ئەو دووربینەی ئەوێ ڕۆژێی (مام جەلال) سەرەتا ڕاپەرین و دواتر پەرلەمان و حکومەتی لێکەوتەوە. شەهیدێک ئازایەتی و قارەمانیەتی و خۆڕاگری لێ دەتکاو هەرگیز لە شەڕو داستان و نەبەردییەکان نەترساو باکی نەبوو لە شەهید بوون. ئەم هەڵۆبەرزە فرەش شەهید (نەعمان زرار حاجی قەلایی) بوو. هەڤاڵ (کۆچەر عەبدوڵلا) رابەر سیاسی کەرت لە تیپی (٩٣) ی کۆیەی ئەوێ ڕۆژێ دەربارەی شەهید وتی شەهید (نەعمان) پێشمەرگەو فەرماندەیەکی هەتا بڵێی ئازاو بوێر بوو، نموونەی پێشمەرگەی گوێڕایەڵ بوو، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتیەوە هەر ئەرکێکیان پێ سپاردبا وەک خۆی جێبەجێی دەکرد بەبێ دوو دڵی، لە رووی کۆمەڵایەتی کوڕێکی سادەو رووخۆش بوو، پەیوەندییەکی بەهێزو فراوانی لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە هەبوو. کوڕێکی دەست و داوێن پاک بوو، ئەگەر لەداستانی سەری ڕەش شەهید نەبووایە پێشنیار کرابوو بکرێتە جێگری کەرت. بەڵام بەداخەوە گیانی پاکی سپارد بە نیشتمان.


ناوی تەواو: نەعمان زرار حەمشین مەحمود

- ناسراو بە: ناله
- ساڵی لەدایک بوون: لە نفوس تۆمارکراوە بە (١٩٦٧)، بەڵام خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایک بووە.
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی حاجی قەلا ـ قەزای کۆیە
- عەشیرەت: حەیدەری
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار بوو، بەڵام کەسێکی بەئاگاو وریا بووە.
- باری خێزانی: سەڵت

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان: کۆتایی ساڵی ١٩٨١
- ئۆرگان: سەرەتا لە هەرێمی (٨)ی هەولێر ـ قوەی حاجی قەڵا
- دواتر لە تیپی (٩٣) کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- شەهید نەعمان بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپی (٩٣)ی کۆیەی کردووە لەوانە: بەشداری شەڕی هاوکاری برایانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٨٢، شەڕی دۆڵی خەلەکان و گرتنی ڕەبیەکان، شەڕی گرتنی ناحیەی دێگەڵە، شەڕی گرتنی ناحیەی هیران، شەڕەکانی قەیوان ماوەت و سەرکردایەتی، شەڕەکانی بناری قەندیل، دۆڵی زارگەلی، شەڕی پرینگان، شەڕی (١٣) ڕۆژەی بەنەباوێ لە دۆڵی سماقوڵی، دواجار شەڕی داستانی سەری ڕەش.
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە. ئامۆزایەکی بەناوی (خەبات کۆیی) لە تیپی (٢٥) خاڵخاڵان شەهید بووە لە شیوەسوور.
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٢) تیپی (٩٣)ی کۆیە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٢٧/٢٨ـ١ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانی سەری ڕەش

شەهید (نەوزاد ساتۆری)

# نەوزاد مەولود سلێمان عەبدوڵڵا



ئەو تەمەنی تەنها (١٦) بەهاربوو پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کردلە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٤). ئەو نەونەمامی خانەوادەیەکی هەژارو کوردپەروەری گوندی (ساتۆری) سنووری خەبات بوو، ئەو لە بیری ئازادی و رزگاری نەتەوەکەی ببووە پێشمەرگە تا هەرچی خەون و خولیاکانی نیشتمانی و کوردایەتی هەیە لە رێگای بەرخودان وخەباتەوە پێشکەش بەگەلەکەی بکات، ئەویش شەهید (نەوزاد مەولود سلێمان عەبدوڵڵا) ساتۆری بوو.. هیواو ئاواتی ئەوەبوو دژبە رژێمی سەدان تێبکۆشێ، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی چەند مانگێک بوو. هەزار درووود لە گیانت ئەی کوڕە ساکارەی ساتۆری...

- ناوی تەواو: نەوزاد مەولود سلێمان عەبدوڵڵا
- ناسراو بە: نەوزاد ساتۆری
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ساتۆر - ناحیەی خەبات - قەزای هەولێر
- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٦
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (٤)
- جگە لەخۆی (٤) شەهیدیان لەخانەوادەکەیان هەیە.
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: نزیک گوندی باغەمرە نەرمەی نزیک ناحیەی دارەتوو

## شەهید (نەوزاد کاوانی)

# نەوزاد یوسف مستەفا وسو




له مێژووی شۆڕشەکانی کورد بەگشتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە تایبەتی، مێژووی خەباتی نەپساوەی کاوانییەکان پڕاوپڕە لە سەروەری وخەبات و تێکۆشان، لێوان لێوە لە قوربانی وخوێن بەخشین، ئەو هەورازو نشێوانەی دەبوونە کۆسپ لەبەردەم کاوانییەکان بەدیقەت و دڵسۆزی و سەروەت و سامانی خۆیان ئاریشەکانیان چارەسەر دەکردو هەرگیز باکیان بە توندوتیژیەکانی بەعس نەبوو. هەرگیز ژێردەستەیان قبوڵ نەبوو، یەکێک لەو خانەوادانە بنەماڵەی مام یوسف کاوانی بوو واتە باوکی شەهیدی فەرماندە (تەحسین کاوانی) ئەوان سەرجەم برایەکان پێشمەرگە بوون و رۆڵیان هەبووە لەزۆر داستان و شەڕو چالاکییەکان. لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئاماژە بە ژیاننامەکەی بدەین شەهید (نەوزاد یوسف مستەفا) کاوانیە ناوبراو پێشمەرگەیەکی گەنج و چاوکراوەو دڵسۆز بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نیشتمان و خاکە سوتماکەکی کوردستان. ئەو پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵی کەرتی (۲)ی تیپی (۹۱)ی سەفین بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە تا دوا داستان کەبەداستانی (۱۱) رۆژەی سماقوڵی ـ بنەباویێ ناسراوە، داخی گران بۆ ئەم پێشمەرگە گەنجە جوانە گەیشتە کاروانی هەمیشە نەمرانەوە.

ـ ناوی تەواو: نەوزاد یوسف مستەفا وسو

ـ ناسراو بە: نەوزاد کاوانی

ـ ساڵی لەدایک بوون: ۱ـ۷ـ۱۹٦٥

ـ شوێنی لەدایک بوون: باوزێ


ـ عەشیرەت: خۆشناو

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- باری خێزانی سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: مانگی (٤) ساڵی ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٩١)ی سەفین کەرتی (٢)
- زیندانی بووە لەگەڵ خانەوادەکەی لە ساڵی ١٩٨١ بۆ ماوەی یەک مانگ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکەی کردووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-٩-١٩٨٧ لە داستانی (١١) رۆژەی سماقوڵی
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سووسێ

شەهید (ملازم هەژار)

# نەجمەدین محەمەد حەسەن حوسێن



شەهید (نەجمەدین محەمەد حەسەن گەرەوانی) خانەوادەیەک تێکرِا پێشمەرگەو خەباتکارو نیشتمانپەروەر، خانەوادەیەک دڵسۆز بۆ خاک و کوردایەتی، بەهۆی ئەوەی ناوچەکەیان ئازاد کراوبوو زۆربەی گەنجەکان لەتەمەنی هەرزەکاری پەیوەندیان بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەکردو ئەسپی خۆیان لە مەیدانی کوردایەتیدا تاودەدا، لەدژی ستەم و زۆرداری دەجەنگان و رواندزییەکان پەرۆش بوون بۆ ئازادی و گەیشتن بە مافە رەواکانی گەلی کورد بەگشتی. ئەگەر باسی ژیاننامەی شەهید ملازم هەژار بکەین وەک لە سیڤیەکەی خوارەوە هاتووە لەتەمەنی (١٤) ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووەو هەرگیز نەیان ویستووە لەژێر چەپۆکی رژێم ژیان بەسەرببەن هەر بۆیە پاش ئەنفالەکان بەخانەوادەوە ئاودیوی ئێران بوونە، ئەوان لەسەر کوردایەتی و شۆڕشدا هەورازو نشێوی زۆریان بینیوە، لەسەر یەکێتی بووندا خوێنیان بەخشیوە بەخاک. بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (عەبدولڕەحمان مسلح حەمەدەمین) فەرماندەی لیوای (٤)ی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن و هاورێ و هاوسەنگەری شەهید وتی: ملازم هەژار لەبواری سەربازی نموونەی فەرماندەی ئازاو گیانبازو فیداکارو خۆڕاگرو پشوو درێژو ورەبەرز بوو، تا بڵێی فەرماندەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ و بە ئەزموون و سەرکەوتووبوو. ناوبراو فەرماندەیەکی خۆنەویست و خاکی و خۆشەویستی هەڤاڵەکانی بوو، شەهید هەژار جگە لە بواری سەربازی کادیرێکی بەتواناو بەئەزمون بوو لە ناو رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا دەورێکی باڵای هەبوو لە چارەسەری کێشەکاندا، جەماوەر رێزێکی تایبەتیان بۆ دادەنا. ملازم هەژار ماوەی (٥) ساڵ لەگەڵ ئێمە بوو لە هێزی (١٢)ی ئامادە، لەشکری (٤)، لە لەشکری (١)ی تایبەت، فەرماندەی (٥٧)ی سۆران. بەهۆی ئازایی و دڵسۆزی و خۆڕاگری پلەکانی سەربازی بڕی تا فەرماندەی هێزی کوبرا. لە

شەڕێکی داسەپاو نارەوا بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گەلەکەمان لەگەڵ (٦) هەڤاڵی تر لە زینی وەرتێ دەرەداسن شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو درووود لە گیانی پاکی شەهید مولازم هەژارو تێکڕای شەهیدانی کوردستان..

- ناوی تەواو: نەجمەدین محەمەد حەسەن حوسێن
- ناسراو بە: ملازم هەژار
- ساڵی لەدایک بوون: ١-١-١٩٧٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی گەرەوان - دۆڵی ئاکۆیان
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: نەخشین عەبدوڵڵا خدر
- ناوی منداڵەکانی شەهید: هەرێم، هێلین، هێژین
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٥
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەران)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگە لە کەرتی گەرەوانی هێزی بەرگری
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ هەموو هێزە بەرگرییەکان بەفەرمی بوونە پێشمەرگەو بەشداری زۆربەی بەرگری و نەبەردییەکانیان کرد بەتایبەتی شەڕەکانی (سادر - چەکوچ) لەکاتی ئەنفال.
- لەکۆتایی شەڕەکانی ئەنفال لەگەڵ خانەوادەکەی ئاودیوی سنووری ئێران بوونە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەسنووری تیپەکەی.

بەشداری ڕاپەرین دەکات و لە شەڕەکەی کۆرێ دەورێکی کاریگەری هەبوو، لەدوای ڕاپەرینیش بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی لە یەکێتی و دەستکەوتەکانی حکومەت کردووە.

- ناوبراو (٢) جار بریندار بووە جاری یەکەم لە ٢-٨-١٩٩٥ لە رواندز لە رەش مالوک جاری دووەم لە ساڵی ١٩٩٦ هەر لە رواندز.
- ناوبراو بەشداری چەندین خولی هۆشیاری و سەربازی کردووە لەوانە خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلان لە ساڵی ١٩٩٩ تەواو کردووە پلەی ملازمی پێیەخشرا - بەشداری خولی جیهازی کردووە.
- دوا پلەی فەرماندەی هێزی کوبرا بووە لە فەرماندەیی سۆران
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: شەوی ٧/٨-١٢-٢٠٠٠
- شوێنی شەهید بوون: زینی وەرتێ - دەرە داسن

## شەهید (ئاسۆ موعەلیم)

# نوری سابیر عومەر غەیبە




ئاسۆ موعەلیم کێوێک لە خەبات و تێکۆشان، دنیایەک لە هەورازو نشێوی سەخت، ئاسۆ موعەلیم یانی ورەو هێزو مقاوەمەت، ناوبراو لە تەمەنی ١٨ ساڵی هاتە ناوکایەی رێکخستن و کاری نهێنی. بەهۆی چالاکی و بزێوی لە ناوشار پاش دووساڵ پەیوەندی بەشاخ کردو بووە یەکێک لەپێشمەرگە جوان و ئازاکانی یەکێتی لە دۆڵی شاورێ. لەسەردەمی شاخ وەک پێشمەرگەیەکی خوێندەوارو رۆشنبیر هەمیشە خەریکی خۆپێگەیاندن و خوێندنەوەو نووسین بوو، لە شەڕو هەڵمەت بردنیش پڵنگ ئاسا شوێن دەستی دیاربوو لە هێرشەکان ـ لەقۆناغی دوای ئەنفال و پارتیزانی لە سنووری هەولێر بۆ ماوەی (١٤) مانگ لەگەڵ سەرکردەی خاکی و رەمزی مقاوەمەت شەهید رێبازو هەڤاڵانی تر لە سنووری هەولێر مانەوە مەگەر بەس خۆیان باسی مەرگەسات و برسیەتی و گەرماو سەرماو سۆڵەی ئەم (١٤) مانگە بگێڕنەوە، شەهید ئاسۆ بەرگەی هەموو ناخۆشییەکانی سەردەمی شاخی گرت و کۆڵی نەدا، لە راپەرینیش بەشداری کاریگەری هەبوو لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان، لەسەردەمی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم وەک ئەفسەرێکی ئاسایش و پیاوێکی وریا رۆڵ و پێگەی دیاربوو، لەدوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە ئاوارەیی فەرماندەیەکی کارامەو هۆشیاری فەرماندەیی دووی هەولێر بوو، لەدوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق لەمەڵبەندی ٣ی رێکخستنی هەولێر لێپرسراوی کۆمیتەی (٣)ی گەڕەکی برایەتی هەولێر بوو، ناوبراو لە وێستگەکانی ژیانی سیاسی لەزۆر بوار کاری کردووەو سەرکەوتنی گەورەی بۆ میللەتەکەی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدەست هێناوە، سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیەی ژیان زانکۆی سلێمانی بەشی زمانی ئینگلزی تەواو کرد.. بۆ زانیاری زیاتر لە کاک (بورهانی سەعید سۆفی) مان پرسی دەربارەی شەهید ئاسۆ موعەلیم وتی: لە دوای ئەنفالەکان شەهید ئاسۆ (١٤) مانگ پارتیزان بوو کادیرێکی ئازاو دڵسۆز بوو، ئەو ماوەیەی لە پارتیزانی بەیەکەوە بووین تەنانەت یەک رۆژیش ئەو تێکۆشەرە بێزاری خۆی دەرنەبڕی و بە ورەیەکی زۆر بەرزەوە بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشان دا. بەڵام شەمەکوێرەکانی جەهل و

تاریکی تیرۆریستانی بێ ناسنامە خەون وخولیاکانی ئاسۆ موعەلیمیان لەگۆڕنا لە یەکی شوباتی ٢٠٠٤ لەبارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر بەر تەقینەوە کەوت و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

- ناوی تەواو: نوری سابیر عومەر غەیبە
- ناسراو بە: ئاسۆ موعەلیم
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی سێتاقان - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: زێد بەگی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: ڤیان غلام سەلیم
- ناوی منداڵەکان: ئیڤان، ئاڤان، ساڵح، وەشەن.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی سلێمانی - بەشی زمانی ئینگلیزی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ یەکەم جار لە دۆڵی شاوریێ لە گوندی بەردانکە) بۆتە پێشمەرگە
- یەکەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بریندار بووە.
- لەتەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ و سەرکردایەتی و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ رابەری سیاسی کەرت بووە لەکەرتەکەی هەڤاڵ شەفیق چاوشین
- ماوەیەک بەرپرسی دارایی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو.
- لە داستانی ١١ رۆژەی سماقوڵی دەوری فەرماندەی بینیوە ٢٣ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو ٣ شەهید بوون ١٤ پێشمەرگەش بریندار بوون یەکیان بەخۆی بوو
- بۆ ماوەی (١٤) مانگ پارتیزان بووە لەگەڵ شەهید رێبازو هەڤاڵەکانی تری.
- لە پارتیزانی کرایە فەرماندەی کەرتی یەک
- لە ساڵی ١٩٩٨ خولی ئەفسەرانی ناوخۆی لە قەڵاچۆلان تەواو کردووە لەیەکەمەکانی خولەکە بووە.
- دواپلەی سەربازی لە سلکی ئاسایش (مقدم) بوو
- دواپلەی لە حزب ئەندامی مەڵبەند بوو
- ماوەیەک لێپرسراوی کۆمیتەی (٣)ی رێکخستنی برایەتی بووە لە شاری هەولێر
- لە ساڵی ١٩٩٩ ئەندامی بەشی زانیاری فەرماندەیی دووی هەولێر بوو
- مەدالیای پارتیزانی لەلایەن بەرێز مام جەلال پێ بەخشرابوو.
- مەدالیای سەرۆکی حکومەت بەرێز کاک کۆسرەتی پێ بەخشراوە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هوما بوو.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: تەقینەوەکەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر.

شەهید (نوری حەداد)

# نوری محەمەدئەمین خدر ئەستی



گەڕانەوە بۆ مێژووی شەهید بوونی شەهید (نوری حەداد) لەمەفرەزەکەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ باسکردنە لە (٤١) ساڵ لەمەوبەر، ئەوێ ڕۆژێ کە شەهید نوری شەهید بوو تەنها چوارمانگ و هەژدە ڕۆژ بوو شۆڕشی چەکداری بەڕێبەرایەتی جەنابی (مام جەلال) ڕاگەیاندرابوو، لێرەو لەوێ چەند مەفرەزەیەکی چەند کەسی بچووک بچووک بوونیان هەبوو ئەوانیش هەموو چەکیان نەبوو هەر بۆ ئەم مەبەستە مەفرەزەکەی ئیبراهیم عەزۆش لەهەوڵی هێنانی چەک بوون لەسەر سنوور، دەمانەوێ تیشک بخەینە سەر ژیاننامەی شەهیدێک لەمەفرەزەکەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ئەویش شەهید (نوری حەداد)ـە ناوبراو گەنجێکی خوێن گەرم و چاوکراوەو زمان زان، شارەزا لە چەندین چەکی بچووک و گەورە بەهۆی مەشق و ڕاهێنان لە سوریاو لەلایەن فەڵەستینەکانەوە. هەموو ئەو ئەزموون و ڕابردووە چەکداریەی ببووە جێگای متمانەو پشت بەستن لەلایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی، بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (عادل موراد) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەردانێکم بۆماڵیان لێم پرسی چۆن شەهید (نوری حەدادت) ناسی؟؟ وتی کە یەکێتی دامەزرا لە ١ـ٦ـ١٩٧٥ لە یەکەم کۆبوونەوە دوای شەش مانگ بڕیاردرا یەکێتی خۆی سازبدات بۆ شۆڕش، دەستمان کرد بەکۆکردنەوەی چەک لە کاتێکدا پەیداکردنی چەک زۆر ئەستەم بوو، ئەوێ ڕۆژێ دۆستمان زۆر کەم بوو. دەسەڵاتی بەغداش لەڕووی سەربازییەوە زۆر بەهێزبوون کۆنترۆڵی سەر سنووریان کردبوو، خەڵکمان وەردەگرت لە (قامشلی) لە ئێرانەوە خەڵک بە تەیارەو ئۆتۆمبێل و زۆربەشی بە پێ دەهاتن بۆ لامان لەناویاندا بەرپرس و پێشمەرگەی تیابوو، من پێم وایە هەڤاڵ (نوری کەشخە) کەتازە زانیم لە ئێوە لەهەولێر بە (نوری حەداد) ناسراوە یەکێک بوو لە کەسانەی بە (پێ) هاتبوو لە یەکێک لە ئوردوگاکانی ئێران، بەڵام دڵنیانیم لەکام ئۆردوگا بوو ئەوان شەش کەس بوون، هەموو ئەوانەمان کۆکردنەوە کۆبووینەوە لەگەڵیان ژمارەیان (٧٠) کەس دەبوو، شەهید ئیبراهیم عەزۆ وتی من لەم (٧٠) کەسە (٣٠) کەسیان لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ ناو خاکی

عێراق، چونکە دەرچوونی (٧٠) کەس بەیەکەوە بەباش نازانم لەبەر کۆپتەرو حەوانەوەو قیادە موئەقەتە لەلایەکی تر ئەرکێکی قورس دەبێت، وەهەم بۆ پارتیزانیش کێشەمان بۆ دروست دەبێ. چونکە دەبوایە لە سوریاوە بۆ وڵاتی تورکیاو لەوێشەوە بۆناو خاکی عێراق بچین ئەوەش ئاسان نەبوو. هەڤاڵ ئیبراهیم عەزۆ عەسکەری بووپلەی نەقیبی هەبوو خوێندنەوەی باشی هەبوو بۆ مەسایلی سەربازی گوتی نابێ لە (٣٠) کەس زیاتر بین، دوای ئەوە (٧) کەس بەزۆری خۆیان خستە دوای شەهید ئیبراهیم عەزۆوە بوون بە (٣٧) کەس. دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن و ڕەوانەی بنکەیەکی سەربازی مەشقمان کردن لە (دیمەشق) لای فەڵەستینییەکان نزیکەی (٢٠) شەو بەردەوام بوون لە ڕاهێنان و مەشقی سەربازی. دوای ئەوە لە مانگی (٥)ی ساڵی ١٩٧٦ هێنامانن بۆ (قامشلی) جارێکی تر بۆ (دێریک) کە شارێکە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا، ئیتر لە ڕووی پێداویستی سەربازی و جلوبەرگەوە ئامادەمان کردن کۆتا شەو لەگەڵ ئەم (٣٧) کەسە لە ماڵی پیاوێک کۆبووینەوە لە قامشلی بەناوی (خەلیل سوور) ناوبراو خەڵکی سوریا بوو. پێم وایە ئێستا لە هۆڵەندا نیشتەجێیە، ئەم شەوە هەڤاڵان (مام جەلال و نەوشێروانی رەحمەتی و عەبدولڕەزاق)یش هاتن قسەو گفتوگۆمان کرد لەسەر چۆنیەتی چالاکی و جووڵانەوەیان لەناو خاکی عێراق. هەر لەوێ شەهید ئیبراهیم عەزۆ ئەوانی کردە گروپ گروپ یان چەند شانەیەکی چوار کەسی و پێنج کەسی دەربارەی شەهید نوری کە ئێمە پێمان دەووت نوری کەشخە ئەم ناوەش شەهیدی سەرکردە ملازم سەید کەریم ناوی نا (کەشخە). لەڕاستیدا هەم ئیبراهیم عەزۆ هەم ملازم سەید کەریم زۆر کەیفیان بە هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی شەهید نوری بوو بەتایبەتی دوای تەواو کردنی خولە سەربازیەکە واتە زۆر (رایان) لێ بوو. ملازم سەید کەریم زۆر گاڵتەو قسەی خۆشی لەگەڵ شەهید نوری دەکرد دەیگووت تۆ زۆر کەشخەی زۆر قۆزی هی شاخ نیت هی شاریت و ئەتوو زوو شەهید دەبی. من ئەمڕۆ زانیم ناوی تەواوی نوری محەمەدئەمین خدر)ە ئەوان بەڕاستی پاڵەوان بوون من تا سەر سنووری تورکیا لەگەڵیان چووم گەیشتنە سەرئاوێک خوداحافیزیم لێ کردن لەوێوە هەندێ دۆستی خۆمان هەبوون لە ڕێکخستنەکانی حزبی (D.D.Q.D) واتە (دە دە قە دە) زۆر شۆڕشگێڕبوون پاش ماوەیەک گەیشتنە پشتی زاخۆ لەوێ وە دەستیان بە جەولەو هەندێ چالاکی کرد. شەهید ئیبراهیم عەزۆ کوڕێکی هەبوو بەناوی (عەبدولڕەحمان) بە پێ هاتبووە شاری سلێمانی لەوێ شەهید بوو یەک کەسی لەگەڵ بوو ئەویش کاکە نوری حەداد بوو جا نازانم شەهید نوری لەگەڵ ئەو شەهید بوو یان لەگەڵ (٣٧) کەسەکە.. ئێمە ئەو مەفرەزەیەمان ناردەوە کەیەکەم مەفرەزەی ڕێگە پێدراو فەرمی یەکێتی و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون یەکەم مەفرەزە بوون شەهید بوون ئەم مەفرەزەیە کەگەیشتنە ناو خاکی کوردستان بۆ دژایەتی و ململانێی هیچ کەس و لایەک نەبوو، بەڵکو تەنها بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعس بوو، نەمانزانی کە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویمان ئاراستە دەکەن بۆزانیاری هەموو لایەک قیادە مەوقتە عەشایرو هۆزە کانیان هاندابوون کە هێزی چەکدار لێرەوە تێدەپەڕن سەر بە ڕژێمی بەعس و کاری تێکدەرانە دەکەن (سەر بۆ ئێمە چەک و پارەش بۆ ئێوە) بەم شێوەیە ئەم مەفرزەیە تووشی ئەم کارەساتە بوون و شەهید بوون. دەمەوێ بڵێم شەهید نوری کوڕێکی دڵسۆزو ئازاو بەهیمەت بوو، گەنجێکی جوان و ڕێک بوو، زۆر باوەڕی بەخۆی بوو، هەمیشە ورەو قەناعەتی بەهێز بوو بۆ ئایندەی کورد و شۆڕش.. روحی شەهید نوری کەشخەو هەڤاڵەکانی شادو ئاسوودە بێت. هەروەها مامۆستا (جەمال مەولود) ناسیاوی ماڵی شەهید نوری وتی: هەرچەندە من پەیوەندی هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەهید نوری حەداد ڕاستەوخۆ نەبوو، بەڵام دۆستایەتیەکی باشم لەگەڵ برایەکانی و خانەوادە تێکۆشەرەکەیان هەبوو،ئەوەی من بیزانم شەهید نوری حەداد پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لەکاتی خۆی سەربازی حکومەتی عێراقی بووەو پاشان

سوپای بەجێهێشتووەو بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، لەدوای هەرەس و نوشستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ شەهید نوری حەدادو کۆمەڵێک پێشمەرگەی قاڵبووی خەباتی چەکداری شارەزا لە پرەنسیپی سەربازی و لە ڕێگەی بانگەوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای دامەزراندنی لە ڕێگای بەیاننامەیەک لە ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی سوریا شەهید نوری خۆی گەیاندۆتە وڵاتی سوریا، پاش مەشق و ڕاهێنانی هونەری جەنگی لەلایەن چەند ئەفسەرێکی کوردی سوپای عێراق بەسەرکردایەتی شەهید (ئیبراهیم عەزۆ) دەگەڕێنەوە کوردستان بۆ درێژەدان بەشۆڕش و مقاوەمەت و بەرەنگاری سیاسەتی ڕژێمی عێراقی رابردوو لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی (تعریب و تبعیس و تهجیر)، بەڵام بەداخەوە و هەزار حەیف ومخابن تەواوی مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) هەموویان قەتل وعام دەکرێن لەلایەن ناحەزانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خەونی خەبات و تێکۆشانی ئەو هەڵۆ سوورانە بەئەنجام نەگەیشت.. روحی شەهید نوری حەدادو هاوڕێکانی شادو ئارام و یادیان بەخێر دەتوانم بڵێم شەهید نوری یەکەم شەهیدی یەکێتییە لە سنووری شاری هەولێر لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

- ناوی تەواو: نوری محەمەدئەمین خدر ئەستی
- ناسراو بە: نوری حەداد
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٤٥
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی هەوار غەر، قەراج، قەزای مەخموور
- عەشیرەت: گەردی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: سامیە سلێمان حوسێن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: محەمەد، سۆزان
- ناوبراو لە کۆتایی شەستەکان پەیوەندی بە هێزەکانی فەڵەستین کردووە وەک فیدائیەک خەباتی کردووە دژی ئیسرائیل، سەرەتا خولی دژە فرۆکەی بینیوە لەگەڵ چەندین خولی سەربازی بۆ شارەزابوون لە بواری چەک و تەقەمەنی. لە شەرێک شەهید نوری هاوکات لەگەڵ هاوڕێیانی فرۆکەیەکی جەنگیان خستە خوارەوە.. لەبەر گرنگی چالاکییەکەو خستنە خوارەوەی ئەم فرۆکەیە مەلیکی ئوردن سەعاتێکی گران بەهای کردۆتە دیاری بۆ شەهید نوری حەداد..پێش شەهید بوونی ئەم سەعاتەی بەدیاری داوەتە مامۆستا مەهدی تەللخێمی کەدەکاتە خوارزای..
- شەهید نوری حەداد (٥) زمانی زانیوە (عەرەبی - تورکی - فارسی - عیبری - کوردی)
- لەشۆڕشی ئەیلوول بەشدارییەکی کاریگەرو بەرچاوی کردووە چونکە شارەزا بووە لە چەکی دژە فرۆکە.
- سەردەمێک ئاوارەی ئێران بوو.
- لەگەڵ دەستپێکی شۆڕش شەهید نوری پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ کردوو لە ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی سوریا بووە بە یەکێک لە پێشمەرگەی ئازاکانی مەفرەزە سەرەتاکان لای شەهید ئیبراهیم عەزۆ.
- مەبەستی هێنانی چەک لەسورباوە دەچنە ناوچەی هەکاری لەوێ هێزەکانی قیادە مەوقەتە بۆسەیان بۆ دادەنێنەوە فەرماندە ئیبراهیم عەزۆ و مەفرەزەکەی شەهید دەکەن.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩-١٠-١٩٧٦
- شوێنی شەهید بوون: ئەشکەوتی بافی - لە جۆڵەمێرگ - لە هەرێمی هەکاری

## شەهید (هاشم شەمامکی)

# هاشم حەمەدەمین جەمیل سادق



ئەگەر فلاش باگێک بە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بکەین دەبینین لە لیستی شەهیدانی دەیان سەرکردەو سەدان فەرماندەو تێکۆشەری ئازاو بوێری شارو شارۆچکەکانت بەرچاو دەکەوێت خەسڵەتی یەکێتی وا بووە فەرماندەو بەرپرسەکانی لە شەڕو چالاکییەکان لە پێشەوەی پێشەوە بن، بۆیە زۆرترین شەهیدی کوردستان بەر یەکێتی دەکەوێ و بە حزبی شەهیدان ناسراوە.. یەکێک لەو شەهیدانەی شاری هەولێر کە بە شەهیدی خەڵک و جەماوەر ناسراوە شەهیدی فەرماندەو پارتیزان (هاشم شەمامکی) یە ناوبراو وێڕای ئەوەی فەرماندەیەکی ئازاو بوێرو چاپووک بوو کادیرێکی رۆشنبیر و جەماوەری و کۆمەڵایەتی و سەردەمی بووە بۆیە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو.. شەهید هەمیشە وەکو مامۆستا بووە بۆ پێشمەرگەکانی بۆ پێگەیاندنیان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریان، تەنانەت لە جەولەو بەسەرکردنەوەکان ئەو لە دانیشتن و گردبوونەوەکانی لادێ کان کۆبوونەوەی نیمچە فراوانی رێک دەخست و تیشکی دەخستە سەر بابەتی گەرماوگەرمی ئەوساکەو نەخشەرێگای یەکێتی بۆ باس دەکردن.. لە سەردەمی پارتیزانیش ئەو دەورێکی باڵای هەبوو بۆیە دوژمن فۆکسی خستبووە سەر ناوچەی شەمامکی هەولێرو دەورووبەری.. بەڵام بەداخەوە شەش مانگ و دوو رۆژ پێش راپەڕینی هەولێر لە شەڕێکی دەستەو یەخە شەهید دەکرێت. هەڤاڵ (فەرهاد ئیسماعیل) کادیرو پێشمەرگەی دێرین وتی شەهید هاشم شەمامکیم لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەیی رابردوو زۆربەی ئەو گەنجانەی بەعسی بوونیان رەت دەکردەوە ئێواران لە گازینۆی شەوانی هەولێر بەیەک دەگەیشتین منیش وەکو گەنجی ئەو سەردەمە دەچوومە ئەو شوێنە، چەند جارێ شەهید هاشمم بینی، بەڵام تەنها سڵاوو چاک و چۆنی بوو لە نزیکەوە یەکترمان باش نەدەناسی تا دوای قۆناغی ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر لەیەکتر نزیک بووینەوە، بووینە هاوڕێ و هاوسەنگەری یەکتری و برادەرایەتیمان زۆر خۆش بوو. ساڵی ١٩٨١ مانگی (٨)یەکەم جارلە پێشمەرگایەتی لە گوندی شێنێ یەکتریمان دی کەتازە هاشم هاتبووە دەرەوە منیش چەندمانگێ پێش

ئەو هاتبووم بۆ دەرەوە، دواتر گواسترراینەوە قوەتی دەشتی هەولێر من لەکەرتی قوەت بووم هاشمیش لە کەرتی یەک بوو تا ساڵی ١٩٨٤ بەیەکەوە لە کەرتی رێکخستنی دەشتی هەولێر بووین لەیەک پۆل بووین بەناوی پۆلی زوورگە زراو هەردووکمان کادیری رێکخستن بووین لە شەمامک. لێرەوە زیاترو زیاتر شەهید هاشمم باشتر ناسی، پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و خۆڕاگرو خوێندەوار بوو باوەڕ ناکەم لە ژیانی پێشمەرگایەتی کەس لێی عاجز بووبێت، کەسایەتییەکی بەرزی هەبوو فەقیر دۆست بوو لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو ئاغا بوون، بەڵام هەرگیز هەستم نەکرد بەدەوڵەمەندی و ئاغایەتی خۆی بنازێ، تا بڵێی سادەو خاکی بوو پێشمەرگەیەکی ئازاو خۆشەویستی ناو کەرتەکەی بوو، بەماوەیەکی کورت کرایە فەرماندەی کەرت. من زیاتر لەماوەی (٤) ساڵ دەتوانم بڵێم شەو و رۆژ بەیەکەوە بووین. شەهید هاشم چەندین جار بریندار‌بوو، ئێستاش لە گێڕانەوەی یادو بیرەوەرییەکانم ناتوانم ناوی شەهید هاشم نەهێنم، چونکە لە خۆشی و ناخۆشییەکان بەیەکەوە بووین.لە کۆتایی دەلێم هەزاران هەزار جار روحت شاد کادیرو فەرماندەی رۆژانی سەختی خەبات.

- ناوی تەواو: هاشم حەمەدەمین جەمیل سادق.
- ناسراو: هاشم شەمامکی.
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٨
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی خەزنەی ناوچەی دەشتی هەولێر.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
- ساڵی ١٩٧٧پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکات.
- ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
- وەک کادیر لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر کاری کردووە..
- سەرەتا کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٦) لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ..
- لە ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە جێگری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ..
- ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە فەرماندەی تیپی ٨٨ی شەمامک..

بەشداری زۆربەی شەڕەکانی ئەوکاتی کردووە وەک:. بەرگریکردن لە ناوچەکانی کوردستانی ـ ئێران ئازاد کردنی شارۆچکەی تەق تەق و دێگەڵە و سەری رەش و بەرگریکردن لە سماقوڵی و بارەگای مەڵبەند لە دۆڵی بالیسان.. شەڕەکانی بەرگری لە بارەگای سەرکردایەتی و شەڕی قۆپی جوانەگاو گەرووی مەنجەڵان. چەندین شەڕی تر لە هەولێرو دەوروبەری..

- شەهید وێڕای ئازایی و چاونەترسی کادیرێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیری زۆر باش بووە هەر بۆیە لەم سەردەمە بە یەکێک لە کادیرە خۆشەویستەکانی خەڵک ئەژمار دەکرا..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار دەکرێت..
- لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شەهید رێبازو مەفرەزەکەی شەهید وەک فەرماندەی پارتیزان دەگەڕێتەوە دەشتی هەولێر.. بەڵام بەداخەوە لە ١٩ـ٩ـ ١٩٩٠ لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا لەگەڵ سەدان جەیش و جاش رووبەڕوو دەبنەوە مخابن شەهید دەکرێت لەگەڵ هاوڕێیەکی تری بەناوی (ئیسماعیل مورتکەیی) هـەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هاشم شەمامکی و سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردستان..
- ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٩ـ٥ـ٢٠١٥ لە ژمارە (٦٦٩٢) لە لاپەڕە (٧)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

شەهید (هاشم رەشید)

# هاشم رەشید نادر حەمەدەمین



بێگومان داستانی سەری رەش بەیەکێک لە گەورەترین دەستکەوت و سەروەرییەکانی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر لە ئەوێ رۆژێ ئەژمار دەکرێ، بووە سەرکەوتنێکی کەم وێنە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سەدان پارچە چەک و دەستکەوتی تری سەربازی و گرتنی چەندین دیلی سەربازو بەسزا گەیاندنی دەیان خۆفرۆش. کەئەوێ رۆژێ دوژمن بەم سەرکەوتنە لووتی شکا. بەڵام بەداخەوە لەم داستانە (١٣) پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێک لەو شەهیدانە (هاشم ڕەشید نادر)ە لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین و بەشداربوویەکی داستانەکەی سەری رەش هەڤاڵ (سەید کەمال جەباری) وتی: ئێوارەی ٢٨/٢٧ی مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٨ زستان و بەفرێکی ئێجگار سەخت و دژواربوو، ئێمە بەشداربووین لە گرتنی داستانە مەزنەکەی سەری رەش کە روون و ئاشکرایە چ سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزی پێشمەرگەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەم سەرکەوتنە دوژمنی تووشی شۆک کردو بەغدای هەژاند، من نامەوێ باسی چالاکییەکەو دەیان چیرۆکی تراژدیاو سەدان بیرەوەری مێژوویی بەدوای خۆی نەخشاند، بەڵکو دەمەوێ باسی دوا چرکەکانی شەهیدبوونی هاوڕێ و هاوسەنگەری قارەمانم شەهید (هاشم ڕەشید خەزنەیی) بکەم. لە گەڕانەوەمان لە گرتنی داستانی سەری رەش هەندێ هاوڕێمان تووشی دۆخێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوون، خۆم زۆربەی دیمەنە تراژدیایەکانم بەچاوی خۆم بینی، شەهید هاشمم بەرچاوکەوت و وەزعی خراپ بوو چوومە لای و سەریم خستە سەر رانم زۆری نەبرد شەهید بوو، زۆر بۆی بێ تاقەت بووم، خۆشم وەزعم زۆر خراپ بوو دەستم لە گیرفانی نا تەنها (٣) دینارو نامەیەک و وێنەی خۆشەویستەکەی بۆی ناردبوو لە گیرفانی بوو. سەیرم کرد زیاتر بمێنێمەوە منیش تەواو دەبووم، چونکە سەرماو سەهۆڵ بەندیەکە یەکسەر دەیبەستای. تووشی شەهید ئیسماعیل عەسکەری بووم هەندێک مێووژو کێکی دامێ باشتر بووم، بۆ مێژوو دەڵێم ئەگەر ئەو مێوژوو کێکەی شەهید ئیسماعیل نەبووایە منیش وەکو باقی شەهیدەکان منیش کۆتایی بە ژیانم دەهات.. درووود بۆ گیانی شەهید هاشم و هەر

(١٢) شەهیدەکەی داستانی سەری رەش. ڕوو رەشیش بۆ جاش و خۆفرۆشان.
- ناوی تەواو: هاشم رەشید نادرحەمەدەمین
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی خەزنە - ناحیەی شەمامک
- عەشیرەت: شێخانی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٥
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٥) تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی کردووەو رۆڵی قارەمانانەی تیا بینیوە.
- لە لێدانی رەبیەکانی سنووری ساقیە بریندار بووە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨-١- ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: داستانە گەورەکەی سەری رەش
- ناوی شەهیدەکانی ئەم داستانە مەزنە. (جەمال حەمەد پیرداود - رەمزی جەبار عەلی - سۆران ئیسماعیل شەوگێڕی - شێرزاد عەبدولسەمەد تۆفیق - عەزیز مەولود رەسوڵ - عوسمان مامەند عومەر - فەخرەدین ساڵح ئەحمەد گۆمەشینی - کەمال عەزیز ئەحمەد - نوعمان زرار حەمشین - هاشم رەشید نادر - هێرش سوار ئەحمەد شەوگێڕی - عەلی مەحمود کەریم مەخمووری - عەدنان سەمەد تۆفیق)

شەهید (هاشم جیهاز)

# هاشم عومەر عوسمان وەسمان



هاشم گیان لە کوێی خەبات و بەرخودان و تێکۆشانت دەست پێ بکەم، قۆناغەکانی ژیانی تۆ زۆرجار هەورازو نشێوی وای تێکەوتووە مەگەر بەس ئیرادەو توانا و ئینتما بەهێزەکەت بۆ ئەوێ رۆژێی کوردایەتی و نیشتمان تۆیان بەو دایک و باوکەی لەژیانیان بۆجارێکیش دڵیان ئاسوودە نەبوو هاتیتەوە بەردیدەو بەر سۆزی مهرەبانیان. تۆ جارێک ئاوارەی ئێران بوویت لەپاش نسکۆ لەگەڵ خانەوادەکەت جارێک ئاوارەی خوارووی بەغدابوویت لەسەر شۆڕش جارێک (١٤) مانگ پارتیزان، جگە لەئێوە کەسی تر نەمابوو تەنانەت چۆلەکەو کۆترو رەشوێلەکانیش لە ئێوە یاخی بوون، جارێکی تریش ئاوارە بوون لە قۆناغی شۆڕشی نوێ لەدوای پارتیزان. جارێکیش بۆ بادینان دواجاریش بێ سەروشوێن کردن لە شوێن و شارو مەفتەنی باب و باپیران، بەڵام ون بوونێک وەڵامەکەی (٢٠) ساڵە دەست ناکەوێ هاشم گیان. تۆ فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس و قارەمان بوویت هەرگیز لەمەرگ نەترسای، هەرگیز لەئاست گوللە خۆت نەوی نەکردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو نەبەردی گەورەت کردووە کەسیش ناتوانێ کوردایەتیت پێ بفرۆشێتەوە، چونکە خۆت بەخاوەنی شۆڕش و کوردایەتی زانیوە. بەڵام بەداخەوە نەیارانی ئازادی نەیارانی خۆشگوزەرانی چاویان بەئازایت، بەدڵسۆزیت، بە مەردایەتیت هەڵنەهات. لە رۆژێکی شومی وەک ٣١ی ئابی ١٩٩٦ خەونە گڵاوەکانیان بە ون بونی تۆو سەدانی تریان شەهید کرد، بەڵام ئەوان نەیانتوانی دەنگی ئازاد کپ بکەن، راستیەکان بشێوێنن، هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) فەرماندەی دێرین و پارتیزان دەربارەی (هاشم جیهان) وتی: (ئەی شەهیدی بێ سەروشوێن، رەنگی ئاسۆت کردۆتە خوێن، لە رەفتارو هەڵسوکەوت هێدی و هێمن، لەسەنگەردا خۆڕاگرو قارەمان و دوژمن بەزێن). شەهید هاشم جیهاز فەرماندەیەکی دڵسۆزو ئازا بوو، لەرووی سەربازی و پارتیزانی بەئەزموون و پشوو درێژ بوو لەکاتی تەنگانەدا ورەو بڕوای لێ دەباری هەمیشە هیوا بەخش بوو. لەناو جەماوەر خۆشەویست بوو، چونکە

مرۆڤێکی بەحورمەت بوو پاک و رەوشت بەرز بوو،خاوەن هەڵوێستێکی بەرزبوو، دژی خۆدەرخستن و خۆهەڵکێشان بوو، بەکردەوە سەلماندبووی جێگای متمانەو برواو پشت بەستن بوو، لەناو هاورێ و هاوسەنگەرانی بەو کارە جوانانەی تا بڵێی خۆشەویست وئازابوو. هەزار رەحمەتت لێ بێت ئەی فەرماندە قارەمانەکەی شاخ و شارو پارتیزان.


- ناوی تەواو: هاشم عومەر عوسمان وەسمان
- ناسراو بە: هاشم جیهاز
- تەمەن: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دۆنگزاوا - بناری سەری رەش - ناحیەی مەسیف - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: هەژار - هانا - هاژە - هاوکار
- لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەهۆی ئەوەی باوکی شەهید هاشم پێشمەرگە بووە خانەوادەکەیان رەوانەی خوارووی عێراق دەکرێن لە دیوانیە دەگیرسێنەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ شەهید هاشم ژیانی هاوسەری پێک دێنێ.
- لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستن دەکات.
- لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە سەربازی عێراقی و دەچێتە خولی فێربوونی جیهاز و دەکرێتە عەدەد جیهاز.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨١ لە زەڵێ
- لە ساڵی ١٩٨٢ گواسترایەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەتەوە تیپی مەڵبەند بە عەدەد جیە
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە عەدەد جیهاز
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٥) بەرانەتی بۆماوەیەکی کەم
- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ هەر بە عەدەد جیهازی
- لە ساڵی ١٩٨٧ بە فەرماندەی کەرت رەوانەی بادینان کرا لەگەڵ رەتلی رائید جەلال
- لەشاخ پلەکانی فەرماندەی مەفرەزەو فەرماندەی جێگری کەرت و فەرماندەی کەرتی بڕیوە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ کە هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە سەر سنوورەکان شەهید هاشم و ژمارەیەک فەرماندەو پێشمەرگە لەسنووری هەولێر بە پارتیزانی بۆ ماوەی (١٤) مانگ مانەوە. ناوبراو لەماوەی پارتیزانی جیگری رەتلی قەرەچوغ بووە واتە جێگری کاک بێستوون خدر.
- لە ساڵی ١٩٩٠ بۆجاری دووەم ژیانی هاوسەری پێک هێناوەتەوە نیشتەجێی شاری مهاباد بووە لە ئێران
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕاپەرین و رزگارکردنی شاری هەولێرو کەرکووکی قودسی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٢ فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە هێزی ١١ی سەفین
- لە تەشکیلاتی قیادەی مەنتیقەی هەولێر کراوە بەجێگری فەوج ئەوکات خدر سوارە فەرماندەی فەوج بووە.

- ماوەیەک فەرماندەی تیپی بەڕانەتی بووە
- دوا پلەی ئەندامی لەشکری (١٨)ی بەڕانەتی بووە.
- مەدالیای زێرینی پارتیزانی پێشمەرگایەتی هەڤاڵ مام جەلال وەرگرتووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی بێ سەروشوێن بوونی: ٣١ی ئابی ١٩٩٦
- شوێنی بێ سەروشوێن کردنی: هەولێر

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٩/١ لە ژمارە (٧٠٦٠) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

## شەهید (هاوار ڕەحمان)

# هاوار ڕەحمان قادر ئەحمەد



یەکی شوباتی ساڵی (٢٠٠٤) تیرۆریستانی نەفام و دوور لەئاینی ئیسلام، تێگەیشتنیان لە ڕۆژی ئاشتەوایی و بەیەک گەیشتن ئەوان هاتن هەولێریان خەڵتانی خوێن کردو سەدان منداڵیان هەتیوو کرد، سەدان دایکیان جەرگ سووتاو کرد، دەیان هاوسەریان بێ بەش کرد لەنازی هاوسەرەکانیان، دەپرسین ئەوان ئامانجیان پەخش کردنی ڕێساکانی ئیسلامە یان تێکدانی بنەماکانی ئاینی ئیسلام و پەرتەوازەکردنی تاکی موسڵمانە، لەیەکەم ڕۆژی جەژن بەوپەڕی کەیف خۆشی پیاوانی ئایینی و خەڵک و کادیرو جەماوەر کۆمەڵ کۆمەڵ بەزەردەخەنەوە دەهاتن بۆ مەڵبەندی (٣)ی هەولێر تا شادی و خۆشی ئاوێزانی یەکتر بکەن و جەژنە پیرۆزە لەیەکتر بکەن، کەچی تاریک پەرستان و شەمشەمە کوێرەکانی جەهل و تاریکی نەیانهێشت هەولێر دەست لەملانێی قەڵاو منارە بکات، ئەم دڕندە کێویانە نەیانهێشت خەندەو پێکەنینەکانی شاخەوان عەباس و خەسرەو شێرەو دێدەوان و ئەوانی تر لەناو هۆڵی مەڵبەند لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەدڵی خۆیان بەردەوام بێت و بگات بە سەرجەم دایکانی شەهیدان و پێیان بڵێن ئێمە بەڵێن دەدەین ڕێبازە پیرۆزەکەی مام بەرنادەین وخەبات درێژەی دەبێ.. لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ژمارەیەکی زۆر کادیرو هاووڵاتی و ئەندام شەهید بوون، بۆ ئەم جارەیان دەمەوێ تیشک بخەمە سەر ژیاننامەی شەهیدێک لەو شەهیدانەی ئەم تەقینەوە تیرۆریستیە ئەویش شەهید (هاوار ڕەحمان)ـە ناسرابوو بە هاواری کاک (عەدنان موفتی) بۆیە بەوناوە ناسرابوو ناوبراو بەرپرسی دەستەکەی کاک عەدنان بوو، شەهید هاوار کەسێکی کراوەو ڕاستگۆ و بەڕەوشت بوو، پێشمەرگەیەکی سەر ڕاست و بەسەلیقەو متمانەی بەرپرسی مەڵبەندوو هەموو کادیرێکی یەکێتی بوو. ئەو زوو دەکەوتە نێو دڵان و زوو تێکەڵ دەبوو، زۆر سیفەت و خاسیەت لەئەو هەبوو لە بەرپرسی حیمایەی مەسئوولەکانی تر نەبوو، کەسێکی بەڕێزو ڕێزی زۆری بۆ خەڵک هەبوو، لەژیانی پێشمەرگایەتی (١٣) ساڵی خەباتی لەکوێ بوایە زۆر بەزەحمەت دەستبەرداری

دەبوون ئەمەش نیشانەی دڵسۆزی و وەفاو ئەمەک و خۆنەویستیە کە هاواری شەهید هەیبوو.. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو تیرۆریسان خەون و خولیاکانیان لە گۆڕناو شەهیدیان کرد. روحت شادو ئارامگەت ئاسوودە کوڕە جوامێرەکەی یەکێتی.


- ناوی تەواو: هاوار ڕەحمان قادر ئەحمەد
- ساڵی لەدایک بوون: ١-١-١٩٦٩
- شوێنی لەدایک بوون: ئاڵتوون کۆپری
- ئاستی خوێندن: سێیەمی ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: خانم نەجم حوسێن
- ناوی منداڵەکانی شەهید: بنار، هێور، محەمەد، ڤێنوار، بەیار
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٩١
- لایەنی سیاسی: حزبی سۆشیالستی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٩١
- ئۆرگان: لێپرسراوی دەستەی پاسەوانی بەڕێز دکتۆر مەحمود بووە.
- بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی لەناو حزبی سۆشیالستی کوردستان تا ساڵی ١٩٩٣
- لە ساڵی ١٩٩٣ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو ڕێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەولێر جێدەهێڵێ و هەڵوێست وەردەگرێ خۆی دەگەیەنێتە ناوزەنگ.
- لەگەڵ گەردەلولی یەکەم دەگەڕێتەوە شاری کۆیە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و درێژەی بەخەبات دەدات.
- ماوەیەک لەگەڵ بەڕێز(مامۆستا موحسین) بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە کۆیە.

ماوەی چەندین ساڵ بەرپرسی دەستەی پاسەوانی بەڕێز کاک عەدنان موفتی بووتا ڕۆژی شەهید بوونی.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١-٢-٢٠٠٤
- شوێنی شەهید بوون: هۆڵی بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر
- تەقینەوەی مەڵبەندی ٣ بەدەستی تیرۆریستانی جەهل و تاریکی شەهید بوو.

شەهید (هەژاری لاوان)

# هەژار ئەنوەر مەجید




دەزانم خزم زۆر ئەستەمە کە من بتوانم ئێستا لە حزوری پاکیت چەند وشەیەک بنووسم هەرهیچ نەبێ حەق بدەم بەم هەموو دڵسۆزیەت، ئەم هەموو پاکیەت، ئەم هەموو وەفایەت بەرامبەر بە کادیرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.. بەرامبەر ئەو پەیوەندییە فراوانیەیی کە دروستت کردبوو لەگەڵ حکومەت لەگەڵ پەرلەمان، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەگەڵ حزب و لایەنەکان، تۆ بەردەوام بیرۆکەت هەبوو بۆ چالاکی بۆ کار، بۆ نمایش، بۆ پرسە نیشتمانییەکان، بۆ بەشداری لە کەمپین و کۆنفرانسەکان، هاوڕێم دەزانی زۆربەی هاوڕێ و هاوپیشەکانت سەرسام بوون بە هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانی تۆ.. کە هەرگیز وشەی نەخێر لای تۆ بەرامبەر کارو چالاکییەکان نەبوو.. تۆ هاوکارو کاریگەری بەردەوامی کەمپینەکانی کۆمەک و داکۆکیکەری کوردانی باکوورو ئێزدی و خۆرئاوا چەندین کەمپین بۆ پشتگیری سیاسی و ڕێکخراوەی بووی.. چالاکی و جووڵەو کارەکانی تۆ تەنها بۆ کوردستانی عێراق نەبوو، بەڵکو لەچلەی ماتەمینیەکەت بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆوە کە تۆ بێ جیاوازی کارت بۆ لاوان و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە. بەشداربووانی ماتەمینی چلەکەت نوێنەرانی کوردستانی گەورە بە وتارو پەخشان و شیعر دڵگرانی خۆیان دەربڕی.. تۆ زادەو پەروەردەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوویت، تۆ لە قوتابخانەی مامی گەورەمان گۆش و پەروەردە کرابووی بۆیە سەر ڕاست و چاپووک و کراوە بوویت، تۆ هەستی لێبووردەیت ئەوەندە زۆر بوو هەربۆیە خۆشەویستیت گەیشت بووە لووتکە، تۆ لە پەیڕەوانی ڕێکخراوی سۆشیاڵ دیموکرات بوویت.. باوەڕی نەگۆڕت سەلماند بە مافەکانی ژنان، ئازادی تاک، بیروڕای ئازاد، خۆپیشاندان و کەمپینەکان شاهێدیت بۆ دەدەن چەند ئازاو بوێر بوویت.. بەڵام بەداخەوە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکێکی نیشتمانی لەشاری کەرکووک شەهید دەبێ و دەچێتە کاروانی

نەمرانەوە.. شایەنی باسە یەکەم شەهیدی چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی بوو، درووود بۆ گیانی پاکی شەهید هەژار مەنتک و سەرجەم شەهیدانی کاروانی رزگاری....

- ناوی تەواو: هەژار ئەنوەر مەجید
- ناسراو بە: هەژاری لاوان
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٨١
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری قۆناغی ١٠ی ئامادەیی پیشەسازی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ٢٠٠٣ بە مەڵبەندی (٣) رێکخستنی هەولێری (ی.ن.ک)
- ساڵی ٢٠٠٧ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ (هێرۆخان) بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریە (٣) منداڵی چاوگەشە بەناوەکانی (محەمەد، ئەحمەد، ژیار)
- سەرۆکی رێکخراوی سەلامەتی مرۆیی بوو.
- ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان بوو.
- بڕوانامەی لە پەرەپێدانی کاری رێکخراویی وەرگرتووە.
- بڕوانامەی خولی مافی مرۆڤ لە یووئێن وەرگرتووە.
- بڕوانامەی خولی (کێشەی منداڵان) لەلایەن رێکخراوی (سی. جی. سی) وەرگرتووە.
- دەستەی دامەزرێنەری (تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بوو..
- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی چالاکوانانی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بووە..
- ئەندامی هەڵمەتی ٢٥ ساڵی بۆ پەرلەمانی کوردستان بوو.
- لە رۆژی ٢٣-٨-٢٠١٤ لە شاری کەرکووک لە کردەوەیەکی تیرۆرستی شەهید دەکرێ و ماڵئاوایی لە خانەوادەو هاورێیانی بەگشتی کرد..
- ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٠١٥/٧/٣٠ لە ژمارە (٦٧٤١) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

شەهید (هەینی جیهاز)

# هەینی محەمەد عوسمان مەولود



شەهیدی ڕێگای ڕزگاری و نەتەوەیی (هەینی جیهاز) لە خانەوادەیەکی خاوەن هەڵوێست و جووتیاری خەمخۆری شۆڕش لە گوندی دووگردکانی نزیک قوشتەپە لە دایک بووە. ناوبراو هەر لە سەرەتای تەمەنی تێکەڵ بە کاری ڕێکخستن و جموجۆلی ئۆرگانی بۆتەوە. دواتر دەبێتە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر، وەلێ پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆزو عەقڵ کراوەی سەردەمی خۆی، لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتی هەتا بڵێی گوێڕایەڵ و بێ ئاریشە بووە. ناوبراو خۆشەویستی ناو جەماوەرو هاوڕێیانی بووە، بەڵام بەداخەوە خۆفرۆشانی میللەتەکەمان هەرچی خەون و خولیای هەبوو لە گۆڕیان نا و گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەینی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.

- ناوی تەواو: هەینی محەمەد عوسمان مەولود
- ناسراوە بە: هەینی جیهاز
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دووگردکان، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر
- باری خێزانی: سەڵت
- عەشیرەت: سنجاوی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ١٩٨٣ سەرەتا لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرکەرتی (٤)
- دواتر گواسترایەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچووغ
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- (٤) جار بریندار بووە.
- شەهید بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی (٣)ی هەولێری کردووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٧ی قەرەچووغ
- مانگ و ساڵی شەهیدبوونی: مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: سێبیران

# شەهید (دکتۆر هەمزە)

# هەمزە عەباس عوسمان خدر



شەهید دکتۆر (هەمزە عەباس گابەرەکەیی) لە خانەوادەیەکی پێشمەرگەو خاوەن هەڵوێستی سیاسی کوردانەی دەڤەری کەندێناوە گۆش و پەروەردە کراون، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان خزمانی سیان هەورازو نشێویان زۆر بینیوە و زۆرێک لە نەوەکانیان پێشەنگی ڕێکخستن و دەوری کاریگەریان هەبووە لەناو هێزی پێشمەرگەدا، بەهەمان شێوەش لە شەهید بوونیش پشکی شێریان بەرکەوتووە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەهید (هەمزە عەباس عوسمان خدرسیان) پەیوەندیمان بەهەڤاڵ " سەردار چاوڕەش " پێشمەرگەی دێرین کردو وتی: شەهید هەمزە دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوو دواتر لە ساڵی ١٩٨٣ هاتە شاخ و بووە پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەشار لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کاری کردبوو زۆرترین ئەندامی بۆ ڕێکخستنەکان ڕێکخستبوو واتە ناسراو بوو، ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەهێزبوو واتە کادیرێکی پێگەیشتوو تێگەیشتوو بوو، پێشمەرگەیەکی هێورو بێ دەنگ و بێ ئاریشە بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتی پیاوێکی بە پەیوەندی و بە جوولە بوو، بەمانای وشە پیاوێکی خۆشەویست و کراوەو مەقبول بوو، لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا پیاوێکی بەهیمەت و بەهیبەت بوو، چارەسەری بۆ کێشەکان هەبوو، لە مەجالی تەندروستی زۆر سوودی هەبوو بۆ پێشمەرگە، چونکە دەرچووی پەیمانگای تەندروستی بوو، دوا پلەی کارگێڕی ناوچەی (١)ی شۆڕشگێڕان بوو. بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی سەخت و دژواردا لە ڕێکەوتی ٢١ـ٤ـ١٩٨٥ لە گوندی کەپەنک ڕەش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر گەیشتنە کاروانی نەمرانەوە. هەزاران درود بۆ گیانی شەهید هەمزەو تێکڕای شەهیدان.

- ناوی تەواو: هەمزە عەباس عوسمان خدر
- ناسراو بە: دکتۆر هەمزە
- تەمەن: ١ـ٧ـ١٩٥٥

- شوێنی لە دایک بوون: گوندی گابەرەکە، ناوچەی کەندێناوە
- ئاستی خوێندن: پەیمانگای تەندروستی لە بەغداد تەواو کردووە
- عەسیرەت: سیان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: لەعلی حەمەد عەلی سیان
- ناوی منداڵەکان: بەناز، بێگەرد، بەیان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨١
- ناوی ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٣
- شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێری کردووە.
- دوا پلەی کارگێڕی ناوچەی (١)ی شۆڕشگێڕان بووە لە سنووری تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢١-٤-١٩٨٥
- شوێنی شەهید بوون: گوندی کەپەنک ڕەش
- لە شەڕی دژ بە پیاوانی ڕژێمی بەعس ئەوانەی لەگەڵ ناوبراو شەهید بوون لەم شەڕە (شەهید یەحیا حەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە بەختیار) -(مەجیدە سوور) - (ئەحمەد عەزیز ناسراو بە ئەحمەدە سوور) -(شەهید عەبدولڕەزاق ساڵح جەمال ئەنوەر) چەند پێشمەرگەیەک لەم شەڕە بریندار بوون لەوانە (فاتح مەلا قەرە، بۆتان، حاجی سەباح گعێتلی، سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل) دوو هەڤاڵ بەدیل گیران دواتر یەکێکیان ئازاد کراو هەڤاڵ (یاسین قەراجی) لە سێدارە درا..

- ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٠١٦/١٢/١ لە ژمارە (٧١٣٢) لە لاپەڕە (١٢)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە...

## شەهید (هۆشیارە سوور)

# هۆشیار عەبدولکەریم عەبدولقادر ڕەسوڵ



ئەو تەمەن و هزرو ئاستی هۆشیاری ڕێک وەک ناوەکەی بوو، بیرکردنەوەو تێڕوانینی بۆ سیاسەت و نیشتمان و کوردایەتی ڕەهەندێکی ئەوتۆی هەبوو لەزۆر بوار پرس ورای وەردەگیرا واتە بۆ ئەوێ ڕۆژێ کادیرێکی کامل و باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتنی زۆر بوو، زۆر خاسیەت و سیفەتی جوانی هەبوو، بەمانای وشە دڵسۆزو خەمخۆری شۆڕش و کوردایەتی بوو، لەرووی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی جەماوەری پانتاییەکی زۆری داگیرکردبوو بەتایبەتی لەگەڵ لادێنشین و ئەوانەی لە هەولێرەوە واتە لەشارەوە دەهاتن زوو دەچووە دڵیانەوەو گفتوگۆیەکی تەرِو بەرِی لەگەڵ دەکردن و باسی هەڵگیرسانی شۆڕش و هۆکاری شۆڕشی بۆ شی دەکردنەوەو ئامانجی پێشمەرگایەتی بۆ هەموو ئەوانەی دەهاتنە ناوچەئازاد کراوەکان بە زمانێکی پاراو بۆی روون دەکردنەوە. هەموو خەمی شەهید وشیار ئەوەبوو چۆن ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری هێزی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و هانیان بدات چون پێشمەرگە پڕچەکی زانست و زانیاری و خوێندنەوە بکرێت. پێشمەرگەی دێرین و ڕێبەری سیاسی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر لە ئەوێ ڕۆژێ هەڤاڵ (مامۆستا تەحسین کەریم) لەبارەی شەهید هۆشیار وتی: کەیەکەم جار چاوم بە شەهید (هۆشیار) کەوت لە گوندی بەلەبان لەگەڵ قوەتی دەشتی هەولێر بوو، یەکسەر بیرم کەوتەوە ئەوە کوری مامۆستا (عەبدولکەریم زێدبەگیە) کە مامۆستامان بوولە قوتابخانەی ناوەندی سەیداوە، لە شەهید شاخەوان عەباسم پرسی ئەوە کوڕی مامۆستا (عەبدولکەریم)ـە وتی بەڵێ، من هاوپۆلی حاکم سەرداری برای بووم. شەهید شاخەوان وتی ئەو ڕێبەری سیاسی قوەتەکەمانە، لەسەرەتا بۆم دەرکەوت کە پیاوێکی بەتواناو دڵسۆزە، چونکە ئەو پیاوە لەدایک بوون و خوێندنی لەشار تەواو کردووە، چۆن ئەوا گونجاوە لەگەڵ ئەم ژیانە سەختەو نەهامەتیە، ماندوو برسی و پڕ ئازار دیارە ئەم پیاوە خاوەن بیروباوەڕ هەڵگری دواکەوتوی ڕێبازێکی پۆڵاینە. لەرووی خوێندەواری دەرچووی کۆلیژی کوشتوکاڵ بوو. بەتواناو دڵسۆزو خەمخۆرو بە پەرۆش بوو لەکارەکەی پێ سپاردرابوو وەک (ڕێبەری سیاسی). لەرووی تواناو

شیکردنەوەی بابەت و ڕێبازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هێزەکەو جەماوەری ناوچەکە کە تیایدا جووڵەی لێ دەکرا. ڕاستە کادیری سیاسی بوو، بەڵام شان بەشانی پێشمەرگە لە چالاکی و جموجۆڵە عەسکەرییەکان بەشداری دەکرد، شەهید هۆشیار هەتا بڵێی ڕێزدارو خۆشەویست بوو لەناو پێشمەرگەو ناو جەماوەر. جگە لەوەش یەکێ بوو لەو فەرماندانە ڕەوانەی خولێکی (تایبەت) بەکاتیۆشا کراو بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگەو مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، ناوبراو یەکێ بوو لە عەدەد هاوەنە شارەزاکانی مەڵبەند دەورێکی باشی هەبوو لەسەر، فەرماندەو پێشمەرگەیەکی دەست و دەم و داوێن پاک بوو، ناوبراو خۆشەویست بوو، بەتوانا لەڕاپەراندنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی جوان بەبێ کەم وکوری، شەهید هۆشیارو هەڤاڵەکانی (شەهید شاخەوان، ئەحمەد قەمبەری و هاوڕێ کاوەو خاڵە یوسف و فەقێ گۆمەشینی و فوئادو دەشتی موهەندیس، شەهید بەکر ئیلنجاغی و چەتۆ موهەندیس بوون بەهەموو هێزو تواناو بیرکردنەوەیان توانیان بناغەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٨٧ی قەرەچوغ دابمەزرێنن. ڕوحی شەهید وشیارە سوورو تێکڕای شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شادو ئاسوودە بێت.

- ناوی تەواو: هۆشیار عەبدولکەریم عەبدولقادر ڕەسول
- ناسراو بە: هۆشیارە سوور
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: هەولێر - گەڕەکی تەیراوە
- باری خێزانی: سەڵت
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ - زانکۆی سلێمانی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: هاوینی ساڵی ١٩٨٠
- ئۆرگان: قوەتی دەشتی هەولێر، کە ئەوکات شەهید شاخەوان فەرماندەو بەرپرسی قوەتەکە بوو.
- ناوبراو خولی سەربازی بینیوە بەتایبەتی لەسەر چەکی (کاتیۆشا)
- لەماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتی زۆربەی کات لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە لە تیپەکانی (٨٦ی دەشتی هەولێر، تیپی ١٢ی سۆران، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی)
- لە ساڵی ١٩٨٨ بەرپرسی دەستەی کاتیۆشای مەڵبەندی ٣ی بووە تا کشانەوەی مەڵبەندی(٣) ناسرابوو (کاتیۆشای تۆڵە)
- شەهید هۆشیار بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو بەڕانەتی و تیپی ١٢ی سۆرانی کردووەو ڕۆڵی کارای هەبووە لە زۆربەی داستان و چالاکییەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر بەگشتی.
- لەمانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی پەڕینەوەیان بۆ سنووری بەڕانەتی کەوتۆتە کەمینی مەفرزە خاسەکانی سەربە دائیرەی ئەمنی هەولێرو دەستگیر دەکرێ.
- سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی گرتووخانەی(سماوە) دەکرێن لەباشووری عێراق.
- شەهید هۆشیار تا مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر بینراوە، بەڵام دوای ئەم بەروارە چارەنووسی نادیارە.

شەهید (هیمداد چاوشین)

# هیمداد جەلال مەولود



شەهید هیمداد جەلال مەولود ناسراو بە (هیمداد چاوشین)، لەساڵی ١٩٧٦ لەبنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەر لەشاری هەولێر چاوی بەدنیا هەڵێناوە، لەساڵی ١٩٩١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات و لەساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، لەبەتالیۆنی یەکی هێزی بیست و یەکی سەفین، دەبێتە پێشمەرگە. پاشان لەکاتی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەقیادەی مەنتیقەی هەولێر، پێشمەرگەیەکی چالاک دەبێت.

دواتر لەساڵی ١٩٩٦ پەیوەندی بەهێزی مام غەفور دەکات و لەوێدا درێژە بەژیانی پێشمەرگایەتی دەدات و تا کاتی شەهیدبوونی، لەگەڵ هێزەکەی مام غەفور دەمێنێتەوە، لەبەر ئازایی و گیانفیدایی و قارەمانێتی، بەخێرایی چەند پلەیەکی پێشمەرگایەتی وەردەگرێت. بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە. لەژیانی پێشمەرگایەتیدا، جارێک بریندارببووە.

مەخابن لە شەڕی سماقوڵی سوسێ، لە شەوی شەش لەسەر حەوتی مانگی یانزەی ١٩٩٧ دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. شەهید هیمداد چاوشین، پلەی فەرماندەی کەرت بووە، هەمیشە خۆشەویست و خۆنەویست بووە.

ناو: هیمداد جەلال مەولود

ناسراو بە: هیمداد چاوشین

تەمەن: ١٩٧٦/٧/١

شوێنی لە دایکبوون: هەولێر

ئاستی خوێندن: ناوەندی

عەشیرەت: سارمەمی

باری خێزانی: سەڵت

ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٩٣
لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ئۆرگان: فەرماندەیەکانی هەولێر لە کۆیە
ناوبراو لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزی کراوەتە فەرماندەی کەرت
لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە
رۆژو مانگ و ساڵی شەهیدبوون: ٦/٧ ١١ ١٩٩٧
شوێنی شەهیدبوون: میحوەری سماقوڵی سوسێ

## شەهید (هۆشیار شێروانی)

# هۆشیار مەغدید ئیسماعیل محەمەد



پێشمەرگەو شەهید دوو وشەی ئاوێتەو هاورێ و چارەنووسیان لەکۆتایی بەندە بەداهاتوو. هەردوو وشە ئامانجیان پاراستن و یەکرێزی و خۆشەویستیە بۆ خاک. بۆیە خۆشەویستی پێشمەرگە بۆ خاک خۆشەویستیە بۆ شەهید بوون کەواتە ئەوانەی رێگای خەبات و بەرخودان لە پێناو نیشتمان هەڵدەبژێرن ئەم رێگایەشیان روونە بۆ شەهید بوون لە پێناو پیرۆزیەکان و فەراهەم بوونی ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی، ماف............ هتد. ئەگەر فلاش باگێک بۆ بەرگرییەکانی برا پێشمەرگەکانمان بکەین لە شەری داعش دەبینین ئەوانەی شەهید بوون ئازایەتی و خۆنەویستی و قارەمانیەتیان لێ دەتکاو هەرگیز حسابیان بۆ گوللەی شەمشەمە کوێرەکانی داعش نەدەکرد.. یەکێک لەو پێشمەرگە دلێرانەی لیوای (٣) ی تایبەتی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت رەسول عەلی) شەهید هۆشیار مەغدید ئیسماعیل بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کردووە بەتایبەتی بەرگرییەکانی بەرامبەر دەوڵەتی بەناو ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). خانەوادەی ناوبراویش لە کوردایەتی و شۆرشگێری هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بوونە. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی کاکە هۆشیار درێژ نەبوو لە ٥-٨-٢٠١٤ لە سنووری گوندی کوشاف ناحیەی گوێری سەر بە قەزای مەخموور گەیشتە کاروانی نەمرانەوە... هەزار دروود لە گیانت ئەی شەهیدی رێگای رزگاری.

- ناوی تەواو: هۆشیار مەغدید ئیسماعیل محەمەد
- ناسراو بە: هۆشیار شێروانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٣-١-١٩٨١
- شوێنی لەدایک بوون: پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار بووە.
- عەشیرەت: شێروانی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: شۆخان محەمەد مەجید
- ناوی منداڵەکانی شەهید: شادیا، ئەمیر، شاهنیاز.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٩٩ لە کۆمیتەی ڕێکخستنی (٤)ی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ٢٠٠٨
- شوێنی پێشمەرگایەتی: فەوجی (٤) لیوای (٣) تایبەتی پاسەوانی بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسول عەلی
- لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی شەڕی داعش کردووە.
- دوا پلەی (عەریف) بووە
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٥-٨- ٢٠١٤
- شوێنی شەهید بوون: کوشاف - گوێر - مەخموور

## شەهید (وریا قووت)

# وریا قادر سەعدی حەمید



شەهید (وریای مام قادر) سوێری لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٧٥ لەکاری ڕێکخستن لەم هەولێرە لەگەڵ ستافێکی گەنجی بەتوانا ئەسپی خۆیان لەمەیدانی کوردایەتی زۆربە چاکی تاودەدا تا ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەشاخ کردو بوو بە پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ. ئەو لە ژیانی سیاسی و کادیری و پێشمەرگایەتی کەسێکی بێ ئاریشەو دەست پاک و خاوەن هەڵوێستێکی جوامێرانەو ئینتمایەکی جوانی کوردایەتی بوو. لەزۆر قۆناغی سەختی کوردستان ئەو وەک پۆڵا بەرەنگاری سەختییەکانی ژیان و سیاسەت بۆتەوە، لەژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی چەندین پۆستی وەرگرتووە دوا پلەی لێپرسراوی کۆمیتەی (٤) ڕێکخستنی هەولێر بووە لە ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو تیرۆریستانی نەفام لە یەکەم ڕۆژی جەژن لە یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ خۆکوژێک لەبارەگای مەڵبەند خۆی تەقاندەوە بووە هۆی شەهید بوونی کاکە وریاو دەیان شەهیدی تر. هەڤاڵ ئازاد چاوشین دەربارەی شەهید وریا وتی: شەهید (وریا قادر سەعدی) سەرەتایی ناسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی بالیسان، هەر لە سەرەتای ناسینم خۆشمویست، چونکە کەسێکی خاکی و تا سەر ئێسقان بەبیرو بڕوا، ورد لەهەنگاونان، بێ منەت لە دەورووبەر، چونکە ئەوەی هەیبوو بەماڵی باوکیشیەوە پێشکەشی شۆڕشی کردبوو هیچ دەستکەوتێکی شەخسی لەپاڵ نەبوو. لە دوای ساڵی ١٩٨٥ تا شەهید بوونی لە یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ زۆر لەیەکتری نزیک بووین بەتایبەتی لە دوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ماڵ و منداڵەکانمان لە یەک خانوو جێگیر کردبوو، شەهید وریا لەگەڵ هاوڕێیەکانی خاوەنی گیرفان نەبوو، خەمخۆرو بەوەفا بوو لەگەڵ هاوڕێیانی، لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ دەورووبەری لە پێشەوەی پێشەوە بوو شەو هەبووە تا بەیانی بەدیار هاوڕێیەکی نەخۆشەکی نەخەوتووە. لە پێشمەرگایەتیش ئازاو بە هیمەت بووە. بەرامبەر دایک و باوک و برایەکانی زۆر مولتەزیم بوو، خێزان

و منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست، تا شەهید بوونی کادیرێکی دەست و دەم و داوێن پاک بوو. روحی شادو ئارامگەی ئارام بێت هەزاران سڵاو و درووود بۆ گیانی شەهید وریاو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: وریا قادر سەعدی حەمید
- ناسراو بە: وریا قووت، یان وریا بچووک، یان وریای مام قادری سوێری
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سوێری ـ ناحیەی شەمامک ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: بلباس
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی بازرگانی (خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (قەریەتاغ) تەواو کردووە، ناوەندی لە قوتابخانەی ئازادی تەواو کردووە، دواناوەندی بازرگانی لە هەولێر تەواو کردووە.
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: خوناو ئەحمەد قادر
- ناوی منداڵەکان: رۆزا، رەند، راز، راسا.
- لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی دەکات بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان تا نسکۆی شۆڕش
- لەمانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هاوڕێیانی (مەسعود عەقاری، ئیسماعیل شێخ محەمەد ناسراو بە ئیسماعیل مرور) پەیوەندی دەکەن بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.
- شەهید وریا لەهەمان کات فەرمانبەر بووەو بەهۆی نەبوونی بە (بەعس)ی چەندین جار نەقل کراوە
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٠ دەبێتە پێشمەرگە لە ئیدارە لە ناوزەنگ
- لە ساڵی ١٩٨٢ دەگوازرێتەوە کەرتی رێکخستنی شەقڵاوە کە ئەوکات (حاجی مەمۆ) سەرپەرشتی ئەو کەرتەی دەکرد. شەهید وریا وەک ئەندامی ئەو کەرتە چالاکانە لە سنووری (گڕاو، بەڕانەتی) دەورێکی کاریگەری هەبووە.
- شەهید وریا لە شەڕی خواکورک لە ساڵی ١٩٨٨ دەورێکی کاریگەری هەبووە لەگەڵ ئەم هەڤاڵانە (سامانی مەلا گچکە، شەهید وەستا فەتاح، رەوەند، پشکۆ، زریان، تاتەواو بوونی ئەم داستانە دەمینێنەوە، دواتر ئاودیوی ئێران دەبن تاوەکو ساڵی ١٩٩١.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە هەولێر دەکات.
- ماوەیەک لە کۆمیتەی مەکتەبی سیاسی کاری کردووە.
- لە ژیانی کاری رێکخراوەیی و کاری رێکخستن چەندین پۆستی بینیوە وەک (لێپرسراوی کۆمیتەی ئاوارەکانی هەولێر لە رانیەوە بەرپرسی کۆمیتەی (٢)ی ئاوارەکانی هەولێر لە کۆیە.
- پاش گەڕانەوەی مەڵبەندی (٣)ی رێکخستن لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ هەولێر ناوبراو کرایە بەرپرسی کۆمیتەی (٤)ی رێکخستن
- بەداخەوە لە تەقینەوەکەی (١)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لەبارەگای مەڵبەندی (٣)ی هەولێر شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە.

## شەهید (وشیار مامەسێنی)

# وشیار سابیر ڕەسول حەوێز



بێ گومان پەنابردن بۆ پێنووس بۆ نووسینێک لەسەر خەبات و تێکۆشانی شەهیدێک کارێکی ئاسان نییە وەلێ ئەوەی جێگای داخە ناساندنی شەهیدێک لە شەڕگەیەکی نەخوازراوی داسەپیوی وەک شەڕی ناوخۆ ئەرک و قووڕسایی پێنووس گرانترو قورستر دەکات، شەڕێک ویست و داخوازی گەلی لەسەر نەبێت، شەڕێک دوژمنی سەرسەختی کورد بەدەستی کورد بێتە مەیدان و دەستت بگرێ و پیرۆزییەکانت لەناو ببات و برایەکانت بە فڕۆکە هەپرون هەپرون بکات، ئەمە هەست و ئینتمای کوردایەتیت لەکوێی نیشتمان جێگای دەبێتەوە ... شەهیدێک دوژمنی سەدامی قبوڵ نەبێت و ئەو شارەی لێی لە دایک بووە جێ بێڵێ و ئاوارەی شارێکی تربێت و خیانەت و ژێردەستەیی ڕەت بکاتەوە، کارەساتتر لەوەی ئەمجارەیان دوژمنێکی تر لە وڵاتێکی تر بەدەستی کورد پۆستاڵی ڕەشی پیسیان خاکی کورد گڵاو بکات و تەنها بە فڕۆکە لە ماوەی هەفتەیەک سەدان دایکی ڕەش پۆش کرد، سەدان منداڵی چاوگەشی هەتیوو کرد، پیرۆزی خاک و ئینتمای شۆڕش و کوردایەتی لەکام مادەو برگەی ئەم حزبە جێگای دەبێتەوە . یەکێک لەو شەهیدانەی هەموو خەون و خولیایەکی لە چوارچێوەی هەرێمێکی سەربەخۆ، هەرێمێک ئازادی و سەروەری لێ بەرقراربێت، زەمانی شیرینی دایک دانی پێ بنرێت، چیتر ڕۆڵەی کورد بیر لە خیانەت و شەڕو ئاشوب نەکاتەوە .ئەم شەهیدەش (وشیار سابیر ڕەسول) مامەسێنی بوو، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٧ تێکەڵ بەکاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی بوو، لەدوای ڕاپەڕین چەکی شەرەف و تێکۆشانی کردە شان تا لە دژی بەعسیە خوێن مژەکان خەبات بکات، لەماوەی (٧) ساڵی پێشمەرگایەتی لە دوای ڕاپەڕین بەشداری زۆربەی بەرگرییەکانی کردووە لە شەڕی سەدامیەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوەی باوەڕی پێ نەبوو شەڕی نەگریسی ناوخۆ بوو کەچی بە بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە دۆڵی هیران نزیک گوندی (گەڕۆتە) لە ٨ـ١١ـ١٩٩٧ شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە..

ـ شەهید: وشیار سابیر ڕەسول حەوێز

- ناسراو بە: وشیار مامەسێنی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧- ١٩٦٨
- شوێنی لەدایک بوون: سەرگەڕان
- عەشیرەت: مامەسێنی
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: پەیمان تاهیر خدر
- ناوی منداڵەکانی شەهید: رەهێل، رابەر، کۆچەر
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٧
- ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان:
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (١)
- ماوەی چەند مانگێک پێشمەرگە بووە دواتر حزب رەوانەی شاری کردۆتەوە.
- ناوبراو بەشداری راپەرینی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ تا دوای ٣١ی ئاب لەدەستەی پاسەوانی بەرێز سەعدی پیرە بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ گواسترایتەوە دەستەی تایبەتی پاسەوانی بەرێز کاک کۆسرەت
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٨-١١-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: دۆڵی هیران - گوندی گەرۆتە

شەهید (وشیار ئیلنجاغی)

# وشیار عەبدولڕەحمان بایز کاوێس



گوندی ئیلنجاغی شێخانان یان ئیلنجاغی شەهیدان لە دەشتی کۆیە خاوەنی (٤٥) شەهیدی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانن و خاوەنی (٩) شەهیدی شۆڕشی ئەیلوولن. خزمانی ئیلنجاغی لە سنووری کۆیە هەستی نیشتمانی و کوردانەیان هەمیشە بالأنسیان لە هەڵکشان دابووە. ئەوەی دەمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین دووەمین شەهیدە لە (٤٥) شەهیدەکەی شۆڕشی نوێ لەرێکەوتی ٨ـ٨ـ١٩٨٢ کاتژمێر(٣)ی پاش نیوەڕۆ فەرماندەی کەرتی (٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆ رایی کردنی کارێکی پێشمەرگانە شەهیدان (وشیارە سوور ـ رێباز خەزنەیی ـ وریا تەللخێمی) رادەسپێرێ لە گوندی بەردەسپی شەرغەوە بچن بۆ گوندی سارتک، ئەوان بەرێ کەوتن، بەڵام لە نێوان گوندی کانی سلێمانەو سارتک (٣) هەلیکۆپتەر (٢) جەنگی و (١) بارهەڵگر دەگەنە سەریان لە نزیک (کەلی سوور)، پاش شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر لەگەڵ ئەو جوندیانەی هەلیکۆپتەرەکە دابەزاندبوون، دواتر هەرسێ پێشمەرگەکە شەهید دەبن و هەلیکۆپتەرێک دادەبەزی و جەنازەکانیش دەبات و تاوەکو ئێستاش گۆڕیان ونە. لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین (فاتح مەلاقەرە) وتی: بەڵێ ئەوانە پێشمەرگەی زۆر ئازاو بەجوولەو چالاک بوون، هەرسێ هاوڕێی یەکتربوون ئامادەییان تەواو کردبوو، بەیەکەوەش لەیەک ساڵ ببوونە پێشمەرگە، هەرچەندە ماوەی بوونیان لە پێشمەرگایەتی زۆر نەبوو، بەڵام لەم ماوەیە چالاکی زۆریان هەبوو، دروود بۆ گیانی هەرسێکیان و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

ـ ناوی تەواو: وشیار عەبدولڕەحمان بایز کاوێس

ـ ناسراو بە: وشیار ئیلنجاغی لە پێشمەرگایەتی. لەبواری ئەدەبیش لە شیعر نووسین ناسراو بوو بە (سۆران)

- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئیلنجاغ ـ ناحیەی تەق تەق ـ قەزای کۆیە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی کشتوکاڵی کەلەک
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧ لەرێگای براگەورەکەی کاک گوشاد
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: نەورۆزی ١٩٨١ لە هەرێمی (٨)ی هەولێر
- لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨١ لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکێتی وەک کارمەند کاری کردووە لەگەڵ مامۆستا بورهان قانع
- لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٨٢ گواسترایەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کەرتی (٢)
- شەهید لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی مەیدانی و ناوشاری کردووە لە کەندێناوە ـ قەراج کۆیە ـ تەق تەق ـ بەستی شەرغە، لەسەر رێگای پردێ لەگەڵ (رێبازو وریا) بۆ هێنانی سەیارەو چەک جلوبەرگی ژنان دەپۆشن دیارە بۆ ئەوکات هەموو پێشمەرگەیەک چەکی نەبووە ئەوان لەم چالاکییە سەیارەو چەک دەستکەوتیان دەبێ...
- شەهید وشیار(٢)ـەمین شەهیدی ئیلنجاغیەکانە لە (٤٥) شەهیدەکەی شۆڕشی نوێ
- شەهید برایەکی تری لە شۆڕشی ئەیلوول بە برینداری بەدیل دەگیرێ دواتر رژێم لە سێدارەی دەدات.
- شەهید گەنجێکی رۆشنبیرو خوێنەرێکی باش و دەستێکی باڵای هەبوو لە شیعر نووسین.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون. ٨ـ٨ـ١٩٨٢
- شوێنی شەهید بوون: بەستی شەرغەی ـ کەڵی سوور

## شەهید (یاسین موعەلیم)

# یاسین برایم عومەر ئیبراهیم




پێشمەرگەیەک بەوەفا بۆ گەلەکەی، دڵسۆز بۆ خاکەکەی، نهێنی پارێز، جوامێر لەگەڵ هەڤاڵانی، ئەو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر چاوی بۆ ژیان و نەتەوەکەی هەڵێناوە، ئەو بەڵێنی بەخاک ونیشتمان و خانەوادەکەی دابوو یان گەیشتن بەئازادی یان شەهید بوون. ئەو پێشمەرگە قارەمانەش (یاسین برایم عومەر) ناسراو بە (یاسین معلم)ـە ئەم خانەوادەیە لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی، لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەورازو نشێویان زۆر بینیوە، لەیەک خێزان (٤) برا شەهید بوون، پێشمەرگەی دێرین (رەشاد گەلاڵی) بۆی گێڕامەوە و وتی: پلە (حەمدیە)ی دایکیان هەمیشە دڵی لەناو دەستی بووە پێش شەهید بوونی یاسین معلم بانگی شەهید رەنجەی کردبوو کە فەرماندەی کەرت بوو پێی وتبوو: دووجار جەرگم داخ بووە دەبێ زۆر ئاگات لە یاسین بێت، شەهید رەنجەش وتبووی ئەگەر رەنجە شەهیدبێت ئەگینا ئەوکاتە یاسین شەهید دەبێ کە لەگەڵ رەنجە بێت. ئەوکات تۆش گلەیی مەکە، شەهید رەنجە خاوەن بەڵێن بوو لە داستانی سێگردکان بەیەکەوە شەهید بوون. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید یاسین موعەلم و تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: یاسین برایم عومەر ئیبراهیم
- ناسراو بە: یاسین موعەلم
- تەمەن: ١٩٥٧
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی تەللخێمی گەورە ـ ناحیەی گوێڕ ـ قەزای مەخموور.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: رۆژبەیانی
- باری خێزانی: خێزاندار

- ناوی خێزان: سەلمە رەمەزان ئیبراهیم
- ناوی منداڵەکان: ئارام، ئەڤین، ئاشتی، دەشتی، جێگر.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨١ لە قوەی دەشتی هەولێرو دواتر تیپی ٨٦ دەشتی هەولێرو کاتی شەهید بوونی لە کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ بووە.
- جگە لە خۆی (٣) برای تری شەهیدە
- دوا پلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لە کەرتی (٢) تیپی ٨٧ی قەرەچوغ
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ١٠ـ٧ـ ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی سێگردکان ـ سنووری دەشتی کۆیە

### شەهید (یاسین چل هەوێزەیی)

# یاسین پیرداود حەمەد پیرداود



شەهید (یاسین پیرداود) ناوێکی دیارو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەست و فەرماندەیەکی بەئەزموونی ناو هێزی پێشمەرگە بووە. لەناو یەکێتی ئازایەتی و رەبیەگرتن و چالاکی ناوشار ببووە پێشبڕکێ و ململانێیەکی تەندروست بۆ دەست وەشاندن لە رژێمی بەعس. ئەو چالاکی و شەڕانەی کورانی هەولێر ئەنجامیان دەدا ئەوێ رۆژێ بۆ هەر چالاکییەک ئەگەر دەق نووسێکی باش هەبێت ئەوا تەنها لەسەردەمی شۆڕشی نوێ بە چاوساغی و ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەدان فیلمی نایابی لێ بەرهەم دێت. ئەوەی مەبەستمە بیلێم شەهید (یاسین)یەکێک لەو پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزانە بووە هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوەی سەنگەرو رەبیەگرتن و چالاکییەکان بووە. ناوبراو کەسێکی دڵسۆزو خۆڕاگرو کوردپەروەر بووە هەربۆیە لەناو پێشمەرگەو دۆست و هەڤاڵانی ڕێزلێگیراو بووە. لەرووی دیسپلینی پێشمەرگایەتیەوە کەسێکی خەمخۆرو گوێڕایەڵ بووە، یەکێک لەو فەرماندەی مەفرەزانە بووە هەرگیز لە شەڕدا نەدۆڕاوەو نەشکاوەو پاشەکشەی نەکردووە، لە پێشمەرگایەتی هەورازو نشێوی زۆر بینی رۆژ دوای رۆژیش سوورتر بوو لەسەر خەبات و بەرخودان. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا لە شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر لەگەڵ (٣) کۆپتەر تا دواهەناسە شەڕیان کرد لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لە ٢٨ـ٥ـ١٩٨٧ لە گوندی تۆغەران شەهید بوون. روحت شادو ئارامگەت ئاسوودە کوڕە ئازایەکەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی..

- ناوی تەواو: یاسین پیرداود حەمەد پیرداود
- ناسراو بە یاسین چل هەوێزەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی چلهەوێزە


- عەشیرەت: فەقێ مەرکی
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢
- لایەنی سیاسی: حزبی سۆشیالستی کوردستان

ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی (٨) کەرتی (٦) کە شەهید دکتۆر رەشید بەرپرسی کەرتەکەبوو

- لە مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٨٤ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو (یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.)
- ئۆرگان: تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی کەرتی (٣) کە هەڤاڵ بورهانی سەعید سۆفی بەرپرسی کەرتەکە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی کردووە لەوانە: گەرەکی کوران ـ گەزنە
- رەبیەکانی هیران ـ زیارەت ـ دۆڵی سماقوڵی بەحرکە، پیرزین.
- ناوبراو (٢) جار بریندار بووە لە (دۆڵی سماقوڵی بیستانە)
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە لەکەرتی (٣)
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٨ـ٥ـ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی نۆغەران
- دوو پێشمەرگەی تر شەهید بوون بەناوەکانی (عوسمان محەمەد ناسراو بە شێرۆ مرور) و(رەمەزان عەلی تەرجانی)

### شەهید (جوامێر)

# یاسین سەعید جوامێر دەلۆ



ئەوێ رۆژێ گەنجێکی شەهم و بەمانای وشە جوامێر لە دەرگای کوردایەتی دا، ئەو دەرچووی کۆلیژو کەسێکی رۆشنبیرو کراوەی سەردەمی خۆی بوو. ئەوینی خاک و نیشتمان یان هەست کردن بە ئینتمای کوردایەتی، یان ستەم و زۆرداری بەعسییەکان هانی شەهید (جوامێر)یان دا تێکەڵ بە سیاسەت و کاری رێکخراوەیی بێت.ئەمانەو چەندین لایەنی تری شۆڕشگێڕی و کوردایەتی وایان لە جوامێر کرد خەباتی کاری نهێنی ئەنجام بدات تا گەلەکەی لە ستەمکاری رزگاری بێت. پاشان شۆڕش و شاخ گەڕەکیان بوو جوامێرێک بێتە شاخ جوامێرێک بەرز وەک سەفین سەخت و خۆڕاگر وەک هەندرێن، بەرزتر لە دێدەوان، ئارامتر وەک شەهید ئارام ئازاتر وەک سەردارو فاقە مەخمووری رۆشنبیر وەک شەهیدان رێبازو نوری نانەکەلی. ئەویش کوڕە جووتیارێکی گوندی دارەتووی نزیک هەولێر بوو لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە لەو پیرە هەولێرەی کە یەکێتی رووبارێک خوێنی بۆ بەخشیوە، ئەو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەملازم خولەوە کرد لە ناوچەی خۆشناوەتی ئەویش شەهید (یاسین سەعید جوامێر) ناسراو بە جوامێر بوو. ناوبراو کە پەیوەندی کرد بە پێشمەرگایەتی کەسێکی سادەو ساکار نەبوو، بەڵکو کادیرێکی دڵسۆزو شارەزابوو بەکاری رێکخستن و کاری رێکخراوەیی، لەلایەکی تر ئاستی رۆشنبیری و دەرچووی کۆلیژی ئیدارەو ئیقتساد بوو، هەر بۆیە شۆڕش بە بایەخەوە باوەشی گەرمی بۆ کردەوە. ئەو فەرماندەیەکی چالاک و بەرەوشت و بەدیقەت بوو، ئەو فەرماندەیەکی تێکۆشەرو خاکی و سادەو خۆنەویست بوو، لەلایەکی تر هەڵسوکەوت و رێزگرتنی بۆ بەرامبەرەکەی بێ سنوور بوو جا لە هەر پلەوپایەک و تەنانەت کەسێکی سادەی هاوولاتیش بووایە. ئەو فەرماندەیە ئەوەندە قسەخۆش و مەجلیس کراوە بوو ئەو لەکوێ با پێشمەرگەکان لەوێ بوون. ئەو لەکوێ با خەڵکی دێهات و پیاوماقوڵان لەوێ بوون. لەرووی جەماوەری و کۆمەڵایەتی کەسێکی خاوەن کەسایەتی و جێگای متمانەی خەڵک و سەرووی خۆی بوو، بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو تا خەون و خواستەکانی بۆ بەرەو پێشبردنی شۆڕش و کوردایەتی مەیسەر بکات. هەڤاڵ (مامۆستا بەکر مستەفا) پێشمەرگەی دێرین دەربارەی شەهید جوامێر وتی: کاک

جوامێر خەڵکی هەولێرو گوندی دارەتوو بوو لەخێزانێکی جووتیاری کوردپەروەر بوو، لە ساڵی ١٩٨١ کە شەڕی عێراق و ئێران بوو شەهید جوامێر پەیوەندی گرتبوو لەگەڵ شەهید ملازم خولە، کە فەرماندەی تیپی ئێمە بوو لە خۆشناوەتی، دیارە شەهید جوامێر ببوو بە سەرباز بەهۆی شەهادەکەیەوە داخیلی خولێکی (سارۆخی دژە فڕۆکە) بوو لەخولەکەدا بە پلەی (ئیمتیان) دەرچوو بوو، بەڵام بەردەوام نەبوو لەسەربازی پەیوەندی کرد بەشاخ و بووە پێشمەرگە بە کلاشنکۆف و شەش مەخزەن بە فیشەکەوە بۆ ئەم سەردەمە زۆر گرنگ بوو، یەکەم جار لەبناری شاخی ئاوەگرد ئێمە لە نازەنین ئەهاتین بۆ سماقوڵی ئەویش لە سماقوڵی ئەهات بۆ لامان لە نیوەی رێگا تووشمان بوو لەگەڵ من گەڕایەوە، باسی شەهید ملازم خولەی کرد وتم لەگەڵمانە دوایی ئەیبینی، پرسیاری زۆرم لێ کرد دیاربوو کەسێکی بەئاگاو شارەزا بوو و بەقەناعەتەوە هاتبوو ئامادەی هەموو شتێک بوو بۆ خزمەتی کوردایەتی، شەهید جوامێر گەنجێکی زۆر قۆزو قیافەیەکی زۆر رێک و جوانی هەبوو هەر دەتگووت بۆ پێشمەرگایەتی دروست بووە، زۆر چوست و چالاک بوو، هەر لەسەعاتی یەکەمی پێشمەرگایەتی دەتگوت چەندین ساڵە پێشمەرگە بووە، لێزان بوو لەچەک، لە شەڕ، لە ئیدارەدان، لە رۆیشتن، خۆشەویست و خۆنەویست، زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە لەناو هێزەکەمان، زۆر بە مشورو ئیداری بوو، رەوشت بەرزو دەم بەخەندە بوو، هەموو پلەکانی بڕی بووە سەرپەرشتیاری تیپی ٩١ی سەفین بەداخەوە لەرێکەوتی ٢٤ـ٦ـ ١٩٨٧ لە گوندی نازەنین شەهید دەبێ و دەگاتە کاروانی نەمرانەوە....

- ناو: یاسین سەعید جوامێر دەلۆ
- ناسراو بە: جوامێر
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٦
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی دارەتوو ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی ئیدارەو ئیقتساد ـ موسڵ
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی خێزان: نەسرین فەتاح مستەفا
- ناوی منداڵەکان: روا ـ زیلان ـ بەندی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٧
- لە رێکخستن پەیوەندی بە شەهید ملازم خولەوە هەبووە
- ساڵی بوون پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨١ دەبێتە پێشمەرگە لە قوەتی خۆشناوەتی لەلای شەهید خولە لە دۆڵی سماقوڵی
- لە ١٠ـ١١ـ١٩٨٣ ئەو کاتەی شاخی (مۆتە) لە دۆڵی بالیسان بە شەهید جوامێر سپێردرا بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد لەگەڵ هەڤاڵانی کەرتەکەی ئەوکات ناوبراو فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی (٨٣)ی هەورێ
- لە تیپی ٨٣ی هەورێ دواتر دەگوازرێتەوە تیپی ٩١ی سەفین
- جگە لە خۆی دوو شەهیدی بنەماڵەکەیان هەیە بەناوی (خەبات و هیمداد)
- دوا پلەی فەرماندەی جێگری تیپ بووە لە تیپی (٩١)ی سەفین
- رۆژو مانگ وساڵی شەهید بوون: ٢٤ـ٦ـ ١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: گوندی نازەنین

### شەهید (یاسین قەراجی)

# یاسین سدیق حوسێن خدر



لە ٢١ـ٤ـ١٩٨٥ رژێمی سەدام و خۆفرۆشانی بەهێزێکی ژمارە زۆرو جۆرەها چەکی قورس و سووک هێرشیان کردە سەر گوندی (کەپەنک رەش) کە هێزێکی پێشمەرگەی لێ بوو لە ناویاندا فەرماندە (مەجیدە سۆری نۆغەران) کە ئەوکات جێگری تیپ بوو، رژێم بە بەرنامەو پیلانی دڕندانەی خۆی دەیویست سەرجەم هێزەکەی پێشمەرگە بکوژێت و بەدیل بگرێت، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئازایانەو قارەمانانە دابەشی سەرجەم خانووەکانی گوندەکە بوون و بەرگریان کرد، بەڵام بەرگریەک دوژمن تووشی دارمان و سەرسامی ببوون تا لە مەجالێک پێشمەرگەکان بۆ سەلامەتی خەڵکی گوند رێگایەکیان کردەوەو خۆیان دەرباز بکەن.. ئەوەی جێگای دڵخۆشیە دوژمن زیانێکی زۆری پێگەیی و بەداخەوە لەم داستان و بەرگریە هێزی پێشمەرگەش چەند شەهیدێکی بەخشی بەخاکی کوردستان لەوانە (مەجیدە سۆر، دکتۆر هەمزەی گابەرەکە، جەمال ئەنوەر، یەحیا حەمەد عەبدوڵڵا، ئەحمەد عەزیز، عەبدولڕەزاق ساڵح، شەهید یاسین سدیق بە برینداری کەوتە دەست رژێم و دواتر لە سێدارەدرا لە بەندینخانەی ئەبوغرێب. کاکە یاسین پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین و ئازاو چاونەترس بوو.. خۆشەویستی نیشتمان و ئینتمای بۆ یەکێتی نیشتمانی رۆژ دوای رۆژ لە بەرزبوونەوەدا بوو. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو زوو شەهید بوو.. هەزاران سڵاو درووود لە گیانی ئەم شەهیدەو تێکڕای شەهیدانی کوردستان.

- ناوی تەواو: یاسین سدیق حوسێن خدر
- ناسراو بە: یاسین قەراجی
- ساڵی لەدایک بوون: ١ـ٧ـ ١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی برایم باوڵ ـ قەراج ـ مەخموور
- عەشیرەت: مامەسێنی

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: حەسیبە سەعید مەحمود
- ناوی منداڵەکانی شەهید: سروە، حەربیە، چیمەن، بەشدار، هەژار
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢
- ئۆرگان: یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: ٥ـ٦ـ١٩٨٤
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە گوندی (پۆرپیجە) و (شێخانان)
- لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکات بەشداری کارای هەبووە لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
- لە بەرواری ٢١ـ٤ـ١٩٨٥ لە داستانی کەپەنک رەش کەوتە دەستی رژێم و جاش و سەربازانی سەدام. هەر لەم شەڕەدا فەرماندە مەجیدە سۆر نۆغەرانی و چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون و دوژمنیش زەرەرو زیانێکی زۆری بەرکەوت.
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارە دانی: ٩ـ٣ـ ١٩٨٦
- شوێنی لە سێدارەدان بەندینخانەی ئەبوغرێب
- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٧/٤/١٩ لە ژمارە (٧٢٤٥) لە لاپەڕە (١٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایتەوە...

## شەهید (یاسین مورتکەیی)

# یاسین قادر ئەحمەد قادر




شەهیدی مەفرەزە سەرەتاکانی هەرێمی (٨)ی هەولێر
سی و نۆ ساڵ لەمەوبەر واتە ١٩-١٠-١٩٧٧لاوێکی جوان و رۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەی پەیمانگای مامۆستایان خەڵکی گوندی مورتکەی نزیک قوشتەپەی هەولێر بوو لە نەبەردیەکی قارەمانانەو لە شەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ هێزێکی گەورەی جەیش و جاش و عەسکەری لە گوندی نازەنین رووبەڕووبوونەوەو تێکۆشان تا شەهید بوون ئەویش شەهید (یاسین قادر) مورتکەیی بوو، هاوڕێیەکی تری لەگەڵ شەهید بوو بەناوی (ملازم جەمال ئەحمەد بەنا). شەهید یاسین پێشمەرگەیەکی ئازاو بەغیرەت و ئەمەکدار بوو بەرامبەر شۆڕش و خاک و نیشتمان، ئەو کادیرێکی ئاست بەرزو رەوشت پاک وجەماوەری بوو، هەمیشە هزرو بیری لای هۆشیاری نەتەوەکەی بوو تا خەبات بکەن دژی زۆرداری و بەعسیە شۆڤێنیەکان. هەستی کوردایەتی و ئازاری نیشتمان شەهید یاسینی هاندابوو ببێتە یەکێک لەو پێشمەرگانەی شەرەفی مەفرەزە سەرەتاکانی بەباڵا ببڕێت. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا خەون و خولیاکانی کوردایەتی و پێشمەرگانەی بەخەبات و بەرخودان بێنێتە دی و شەهید بوو. هەزاران دروود لە گیانت ئەی فەرماندە تێکۆشەرەکەی رۆژانی سەختی خەبات.. بنوو بەئارامی بنوو، پشوو بدە ئێستا هەرێمێک هەیە بەناوی کوردستان

- ناوی تەواو: یاسین قادر ئەحمەد قادر
- ناسراوە بە: یاسین مورتکەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥
- شوێنی لەدایک: گوندی مورتکە - ناحیەی دارەتوو - پارێزگای هەولێر

- عەشیرەت: شێخ مەموندی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: گولیخان رەحمان عەلی
- ناوی منداڵەکانی شەهید: بێخاڵ، ئەڤین، دانا
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازا بووە لە شۆڕشی ئەیلوول
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان: ١٩٧٦ لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی بناری قەندیل لەگەڵ هەڤاڵان (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە)
- ناوبراو لە هەرێمی (٨)ی هەولێر پێشمەرگە بووە.
- یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- ڕۆژومانگ و ساڵی شەهید بوون: ١٩-١٠-١٩٧٧
- شوێنی شەهید بوون: نازەنین

### شەهید (یاسین کەریم)

# یاسین کەریم مام زێندین



ئەم خاکە زۆر دەمێکە تێنووە بە خوێن، زۆر دەمێکە هەوڵ و کۆششی بۆ دەدرێ بۆ رزگاربوون، وەلێ رزگاری و ئازادی و سەربەخۆبوون هەر بە خوێن نایەتە بەرهەم، ئەگەر هەوڵە دبلۆماسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە میکانیزم و سیستەم رێک نەخرێن، ئەوێ رۆژێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەنانەت گوندوشاخەکان پشت و پەنای بوون، سیاسەت و چالاکییە عەسکەرییەکانی دوژمن و وڵاتانی دراوسێ تووشی سەرسام و شۆک کردبوو، هەوڵە دبلۆماسیەکانی مام جەلال بۆ ئەوێ رۆژێ! جێگای بایەخ بوو.. هەربۆیە پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکێتی لە هێرش و پەلامارو بەرگری جیاوازبوون، کادیرو سەرکردەو سکرتێری یەکێتی جیاوازبوون لە هزرو رۆشنبیری و ئەتەکێتی حـــزبایەتی لە حزب و لایەنەکانی تر.. هەموو ئەو هۆکارو جیاوازیانە خەڵک و جەماوەری شارو شاخی هاندەدا ببنە پێشمەرگە لە رێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.یەکێک لەو خوێندکارانەی ئەوێ رۆژێ کە خانەوادەکەیان گۆش و پەروەردەکرابوون بەبیری کوردایەتی و دڵسۆزی و ئاشنا بوون بە خاک و نیشتمان، خانەوادەی کاکە (یاسین کەریم مام زێندین) ناوبراو خوێندکاری شەشەمی ئامادەیی بوو، بەڵام لەرێزەکانی رێکخستنی خوێندکاران بۆ خۆپیشاندان و چالاکییە جۆر بە جۆرەکانی ناوشار دەورو کاریگەری هەبوو.. هەر بۆیە دوژمن هەمیشە چاودێری دەکرد- لەلایەکی تر ناوبراو دوو برای تری بەناوەکانی (م. محسین کەریم) و (م. تەحسین کەریم) کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی بوون لە شاخ.. هەربۆیە لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە چەندین جار بانگ دەکراو هەڕەشەیان لێ دەکرد دواجار فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت و ناوبراو ئازایانە خۆی رزگار دەکات و پەیوەندی بە شۆڕش دەکات لە ساڵی ١٩٨٦ لە سنووری گوندەکانی مەنتکایەتی و بناری دێدەوان دەبێتە پێشمەرگە وەلێ بەداخەوە دوژمنانی گەل و نیشتمان خیانەتکارانی کورد ئەو خەونەی کاکە یاسینیان لە گۆڕنا تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها (٢) ساڵ بوو. ئەم فەرماندەو پێشمەرگانە لەکاتی شەهید بوونی شەهید یاسین بەشداری ئەم شەڕەیان کرد لە سنووری نێوان گوندی دووشیوان و

میرەکان لە بەرواری ٢٨ـ ٦ـ١٩٨٨ یاسین شەهید دەکرێت و چەند هەڤاڵێکی تر بریندار دەبن.. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید یاسین و سەرجەم شەهیدانی رزگاری کوردستان... ١ـ قارەمان شینە. ٢ـ کەریمە رەش. ٣ـ کەریمە قووت. ٤ـ نەریمان باشتەپە بریندار بوو. ٥ـ فەتاح داربەسەری بریندار بوو. ٦ـ قادر کادیر. ٧ـ شەهید یاسین کەریم. ٨ـ بەختیار. ٩ـ شێرۆی لای شەهید رێباز. ١٠ـ فەهد عەلی مەولود. ١١ـ رەسول جەلال سۆفی برایمی بریندار بوو. ١٢ـ سەردار عەزیز. ١٣ـ..............................

- ناوی تەواو (یاسین کەریم مام زێندین)
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٣
- شوێنی لە دایک بوون: هەولێر ـ گەڕەکی سەیداوە
- باری خێزانی: سەڵت بووە
- ئاستی خوێندن: خوێندکاری شەشەم بووە
- عەشیرەت: دزەیی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٤
- ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی: ١٩٨٦
- شوێنی پێشمەرگایەتی: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- ساڵی شەهیدبوون: ٢٨ـ٦ـ١٩٨٨
- شوێنی شەهید بوون: نێوان گوندی دووشیوانی مەنتکان و گوندی میرەکانی شیخی

ئەم نووسینە لەبەرواری ١/١٠/٢٠١٥ لە ژمارە (٦٧٨٣) لە لاپەڕە (١٠)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە.

## شەهید (یاسین شێخ شەروانی)

# یاسین ئەحمەد مەولود




یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەنێوان ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٩ سەدان داستان و نەبەردی و چالاكی لێرەو لەوێ لە شاخ و شار لە چیاو دۆڵ و شەقام و كۆڵان نەماوە یەكێتی داستانی لێ تۆمار نەكردبێ، وەلێ باسمان لەسەر شەهید بوونی پێشمەرگەیەكە كە لەم گوندە داستانێكی كەم وێنەی لێ تۆمار كرا، بەس لە ئاسمان (١٤) هەلیكۆپتەرو فرۆكەی جەنگی بەئاسمانەوە كوێرانەو دڕندانە مووشەك بارانی ئەم گوندەی دەكرد. گوند گوندی شێخ شێروانە سەربە ناحیەی شەمامك، لەهەمان كات كاتی نانی بەیانیە، پێشمەرگەو خەڵكی گوندی بێ ئاگاو خەریكی خوانی بەیانین، كابان و ژنە تێكۆشەرەكانی گوندی شێخ شێروان بەوپەڕی هەستی نیشتمانی و هەستی كوردانەیان بەدەستێك نانی تیری گەرم و بەدەستێك ماستی مەڕە كۆڕەو لە هەندێ ماڵیش لۆرو پەنیر دەهێنرانە سەر سفرە، ئا لەو كاتە فەرماندەكانی پێشمەرگە چ فەرماندەی مەفرەزەكان چ جێگر كەرتەكان بەهەڵەداوان لە زۆربەی دەرگای ماڵەكانیان دا قوەت هات وەرنە دەرەوە. هێزەكانی پێشمەرگە لەچەند كەرتێكی تیپەكانی ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٦ی دەشتی هەولێر لەم گوندە خۆڕاگرە بوون. لەگوندەكانی هێلەوەو سیاو هەندێك هێزی یەكێتی لێ بوو لەگەڵ هێزێكی هەرێمی حزبی شوعی. دوژمن نەگەڕایەوە پێشڕەوی كرد بۆ ناو گوند، بەڵام كەرتەكانی ناو گوند و پێشمەرگەكانی تر لە كەرتەكانی تر پلانیان وابوو تەقە نەكەن تا دێنەناو گوند ئەوە بوو چەند ئیڤایەك هاتن و نەگەڕانەوە كوڕانی یەكێتی لێیان هاتنە دەست و تەخت و تەراجیان لە گۆڕنان.. ئیدی شەڕ بەردەوام بوو، دوژمنیش بەهێزێكی ئێجگار زۆر لە سەربازو جاش و مەفرەزە خاسەكان و دەیان دەبابەو ناقیلەو هێزی پیادە لە هەوڵی پێشڕەوی بوون، بەڵام هێزی پێشمەرگە ورەی پۆڵاینی وەك چۆن هەر بەرزبوو بەبەرزیش مایەوە تا مەغریب شەڕ بەردەوام بوو.. بەڵام بەداخەوە لەم داستانە مەزنە پێشمەرگەی قارەمان و ئازاو دلێر (یاسین شێخ شێروانی) شەهید بوو گەیشتە كاروانی نەمرانەوە. ناوبراو

کەسێکی ڕەوشت بەرز، چاونەترس، بەهیمەت و بەغیرەت. یەکێک بوو لە باشترین عەدەد ئارپیچییەکان. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی درێژ نەبوو.. خانەوادەی ناوبراو لەسەر کوردبوونیان ئەشکەنجەو نەهامەتیان زۆر بینیوە. ڕوحت شاد کاکە یاسینی تێکۆشەر. ئارامگەت ئارام پێشمەرگە خاکیەکەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.......

- ناوی تەواو: یاسین ئەحمەد مەولود
- ناسراو بە: یاسین شێخ شەروانی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٦٣
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی شێخ شێروان
- عەشیرەت: سارمەمی
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار بووە
- ناوی هاوسەری شەهید: خانم عوسمان محەمەد
- ناوی منداڵەکانی شەهید: بێخاڵ، فریال، دەلال
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥
- ئۆرگان: تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری ماوەیەکیش لە کەرتی (١) بوو کە شەهید مەلا عەزیز بەردەسپی فەرماندەی کەرتەکە بوو.
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی کردووە و ڕۆڵی کارای هەبووە لە هێرش و بەرگرییەکانی سنووری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ١١-١١-١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی شێخ شێروان

شەهید (مام دارا)

# یاسین یوسف مستەفا وسو




ئەو کاروان سەرایەی یەکێتی لە (٤٠)ساڵی رابردوو ئۆباڵی شۆڕشەکەی خستە ئەستۆی خۆی، ئەگەر ئامارێکی وردو بەدیقەت کار لەسەر مێژووی پێشمەرگەو شەهیدانی بکات دەبینین خەڵکێکی زۆر سواری شەپۆلی فکرو پەیڕەو ئینتماو دڵسۆزی و خاکی بوونی ئەوێ رۆژێ یەکێتی بوونە، بێ ئەوەی بەرژەوەندی و سوودمەندی لەدەوری یەکێتی کۆیان بکاتەوە.یەکێتی بوون ئەوێ رۆژێ شەرەفێکی گەورەو باوەڕێکی بەتینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، یەکێتی بوون هی ئەم و ئەو نەبوو بەڵکو یەکێتی بوون خاوەنەکەی هەڵگری بیروبازووی رەنجدەران و جووتیاران و سەرجەم توێژو چینەکانی خەڵکی کوردستان بوو. لەم کاروان سەرایە سەدان خانەوادە قوربانی زۆریان بەخشی بەیەکێتی و خاک و کوردایەتیەک لەپێناو ئازادی و سەرفرازی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. یەکێک لەو خانەوادانەی خۆشناوەتی لە گوندی کاوانیان ماڵی مام (یوسف مستەفا کاوانی) باوکی سێ شەهید شەهیدان (تەحسین کاوانی و نەوزاد کاوانی و مام دارا کاوانی)یە باوکیشیان لەبیستنی هەواڵی شەڕێک کە کورەکانی لەم شەڕەدا بوون وەک هەورە بروسکە لێ بدات تووشی دارمان بوو زۆری نەخەیاند ماڵئاوایی لە خزمان و خانەوادەکەی کرد. ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین (یاسین یوسف مستەفا) ناسراو بەمام دارایە هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە بۆتە پێشمەرگە لەشۆرشی ئەیلوول و دواتر لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) پێشمەرگەیەک خاکی، سادە، بێ دەنگ، دڵسۆز، پاک، هەرچی سیفەتی جوان هەیە لەمام دارا هەبوو، لەبەر ئازایەتی کرایە فەرماندەی کەرتی (٢) لە تیپی (٩١)ی سەفین. تا ساڵی ١٩٨٥ دواتر بیرو باوەڕو فکری سیاسی گۆڕا بۆ (ئاڵای شۆڕش) ناوبراو لەدوای ڕاپەڕین لەناو ڕیزەکانی یەکێتی درێژەی بەخەبات و پێشمەرگایەتی دا تا پلەی فەرماندەی فەرماندەیی (٨)ی بیتوێن. بەڵام بەداخەوە لە کارەساتێکی دڵتەزێن لە ڕێکەوتی (٢٠-١٢-٢٠٠٣) گەیشتە کاروانی نەمرانەوە هەزار سڵاو درووود بۆ گیانت ئەی فەرماندە ماندوونەناسەکەی یەکێتی.

- ناوی تەواو: یاسین یوسف مستەفا وسو
- نازناو: یاسین کاوانی ناسراو بە (مام دارا)
- ساڵی لە دایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی کاوانیان - ناحیەی هیران - قەزای شەقڵاوە - پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: خۆشناو
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەر: حەلیمە رەشید حەمەدەمین
- یەک کوڕی هەیە بەناوی (شکار)
- بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە بۆ ماوەی یەک ساڵ پێشمەرگە بووە.
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨١
- لەسەرکردایەتی لە زەڵێ بۆتە پێشمەرگە
- دواپلەی فەرماندەی کەرتی ٢ بووە لە تیپی ٩١ی سەفین
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ چۆتە ناو ئالای شۆڕش لە خواکورک بووە
- سێیەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی (٢) برای تری شەهیدە
- لەدوای ڕاپەڕین بەشداری کردووە و کراوەتە فەرماندەی هێز
- لەژیانی پێشمەرگایەتی لەدوای ڕاپەڕین چەندین پلەی بڕیوە تا فەرماندەی فەرماندەیی (٨)ی بیتوێن
- ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی: ٢٠-١٢-٢٠٠٣
- شوێنی ماڵئاوایی: چوارقورنە

شەهید (مەلای مەحمودی)

# یەحیا مەحمود حەمەدەمین مەحمود



مێژووی پڕ سەروەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پڕاو پڕە لە داستان و نەبەردی و چالاکی ئەوتۆ رژێم و نەیارانی یەکێتی ئەسڵەن بیریان بۆ نەچووە لە ئەنجامدانی، شەهیدی وای بەخشیوە بەو خاکە سوتماکە لەڕاستیدا مرۆڤ پێنووسەکەی لەئاستیدا شەرمەزارە وشە و رستە بخاتە سەر تێنووس و وەسفێک بهۆنێتەوە شایستەو لایەق بێت بەو بەورئاسایانەی ئەوێ رۆژێ تەنها لە پێناو نیشتمان چەکی شەرەفیان کردبووە شان. یەکێک لەو پێشمەرگەو فەرماندە چاونەترسانەی کە هەموو تەمەنی جوانی بەخشی بەرێبازی مام و کوردایەتی شەهید (مەلای مەحمود) بوو ناوبراو یەکێک بووە لە پیاوە نازدارەکانی سنووری باڵەکایەتی و باڵەییان، زۆر سیفەت و خاسیەتی ناوازەی تیابوو کە لە زۆر کەس نەبوو. بۆ زیاتر ناساندن و قسەکردن لەسەری هاوڕێ و هاوسەنگەری هەڤاڵ د. رێبین محەمەد سۆفی کادیرو پێشمەرگەی شاخ لە ئەوێ رۆژێ و مامۆستای زانکۆ لە ئێستا دەربارەی شەهید وتی: بێگومان، ناوبانگ دەرکردن بەری خەبات و ماندوبوونی کەسە تێکۆشەرەکانە. مەلای مەحمودیش، لە ناوچەکەی خۆی وەک فەرماندەیەکی یەکێتی هەر لەخۆڕا هەڵنەکەوتبوو، بەڵکو ئەوە بەری پڕ لەرەنج و خەبات و هەوڵو تێکۆشانی نزیکەی هەموو تەمەنی بوو. لەبەرئەوە، لە چەند لایەکی ژیانیدا، لێهاتوویی جۆراوجۆری لێدەرکەوتبوو، کە لە کەسایەتیەکی سادە، خۆشەویست، خۆنەویست، ئازا و لەخۆبووردو، باش هەڵسوڕانی پێشمەرگەو هاوسەنگەرانی، رەنگیاندابۆوە. لەڕاستیدا، مەلای مەحمود، لە بنەماڵەیەکی جووتیاری هەژاری گوندی سەرکان لەدایک بووە. ئەو گوندەی دەیان پێشمەرگەی قارەمانی بۆ شۆڕش و کوردایەتی پێگەیاندووە، لە دۆڵی باڵەییان کەوتۆتە بناری شاخی شەگەور، بەلای رۆژئاوادا. ئەو گوندە، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا، (٨٠ ٩٠) خێزانی تیادا ئەژیا، هەموویان سەر بە عەشیرەتی باڵەک بوون. رووباری رێچۆکە، لە شاخی گەماسۆڵەوە بەخوار گوندەکەدا دەڕوات، جگە لەوش (٦ ٨) کانی لە ناو گونددا هەبوو. بۆیە

دانیشتوانەکەی بەگشتی خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون. لەرووی کارگێڕییەوە، سەر بە قەزای چۆمانە. لە رووی سیاسییەوە، رژێمی بەعسی لەناوچوو لەهاوینی ساڵی ١٩٧٧ دا، ئەو گوندە جوان و سەربەرزەی تەخت کردو خەڵکەکەی راگوێزا بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان. مەلا مەحمود لە تۆڵەی ئەوە، هەر لەو ساڵەدا چەکی مەردایەتی لە شان کرد و لە ڕیزی هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستی بەخەباتی چەکداری کرد. لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگری هەر زوو پلە بە پلە لەپێشمەرگایەتی سەرکەوتووە، لە شاخ تا فەرماندەی کەرت رۆیشتوە، لەدوای راپەڕینیش پلەی باڵاتری وەرگرتووە. دیارە، لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێدا یەکێتی پێویستی بە جۆرە کەسانێک بووە، کە ئازاو دلێر بوون. مەلا مەحمود، بەشاهێدی هاوسەنگەرانی فەرماندەیەکی یەکجار ئازاو بوێر بووە، لەچەند نموونەیەکدا، ئاماژە بە هەندێ لەو شەڕ و پێکدادانە دەکەین، کە ناوبراو لە ناویاندا رۆڵی سەرەکی هەبووە. لە ساڵی ١٩٨٣ دا، لە شەڕی رزگار کردنی بێتواتە، لەگرتنی رەبیەی (کڵاوی دێوانە)دا لەسەر شاخی ماکۆک بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە، کە قورسترین شەڕی تیادا کراوە، لە ساڵی ١٩٨٥ دا، بەسەرپەرشتی شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی تیپەکانی مەڵبەندی سێی هەولێر بەهاوبەشی لە دۆڵی خانەقا (٨) رەبیەی دوژمنیان گرت، مەلا مەحمود یەکێک لەو فەرماندانە بوو، کە رۆڵێکی قارەمانانەی گێڕاوە، لە ساڵی ١٩٨٦دا، بەشداری شەڕی (١٠٠) رۆژەی شەرگەی قەیوان ـ ماوەتی کردووە، هەروەها، لە رۆژی ١٩٨٧/١٠/٢دا، تیپەکانی مەڵبەندی سێی هەولێر بەهاوبەشی لە دوو قۆڵەوە، لە لای رواندز لەلایەک و لە دیوی دۆڵی ئالانە ـ خەلیفان لەلایەکی تر پەلاماری چیای کۆڕەکیان دا، گرتنی رەبیەی (ملتۆکل)، کە لەپشتی رواندز بوو، دەبابەی تێدا بووە، بە کەرتی چواری تیپی (٧٨)ی کارۆخ سپێردراوە، کە مەلا مەحمود فەرماندەی بووە، ناوبراو ئەگەرچی لە ئارپێجی تەقاندندا نیشانە شکێن بوو، بەڵام ئەوجارەیان لەو چالاکییەدا (٤١) گولەی لە رەبیەکە دەگرێ، کەچی هیچیان ئامانجەکە نابپێکێ، لە داخاندا دەمانچەکەی قەدی خۆی رادەکێشێ تا خۆی بکوژێ، بەڵام هاوسەنگەرانی زوو دەگەنە لای و رێگەیان بەو کارەی نەداوە، دواتر داوای نارنجۆکی هەموو پێشمەرگەکان دەکات، (ئەو کات هەموو پێشمەرگەیەک چەند نارنجۆکێکی لە قەدی خۆی دەبەستا بۆ کاتی پێویست لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەدا بەکاریان دەهێنا) هەموویان بۆ کۆکردبۆوە، ئینجا لەگەڵ چەند هاوسەنگەرێک بە نارنجۆک پەلاماری ئامانجەکەیان داوەو گرتوویانە. ئیدی مەلا وەک نەریتی خۆی، لە دوای هەر سەرکەوتنێک بەسەر دوژمندا، دەستی لە بنا گوێی دەناو حەیرانێکی تێهەڵدەکرد، لەوەشیاندا هەر وایکردووە. شیاوی وەبیرهێنانەوەیە، لە ساڵی ١٩٨٧دا، کوردستان دووچاری ترسناکترین بارودۆخی شەڕ هاتبوو. بەمشێوەیە، لە ١٩٨٧/٤/١٦دا، سوپای رژێمی بەعس بە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی، بۆردومانی دۆڵی بالیسانی کرد، دواتر لە ١٩٨٧/٥/٢٧دا، دیسان بەچەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەر دۆڵی مەلەکان و گوندەکانی، ئیدی لەم هێرشانەدا سەدان کەس لە پێشمەرگە و هاووڵاتی شەهید و بریندار بوون. لە هەمان کاتیشدا کورد و شۆڕشەکەی لەو دەمیدا لە رووی سیاسیەوە هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو، جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەویش لەبەر دۆستایەتی کوردی نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو حزبی بەعس لەوکاتیدا دوژمنی هاوبەشیان بوو. لە کاتێکدا من لە مانگی ١٩٨٧/٨دا، رابەری سیاسی تیپی (٧٨)ی کارۆخ بووم، مەڵبەندی سێ داوایان لێکردم بەخۆم و هێزێکەوە بچمە دیوی ئێران بۆ هێنانی چەک و تەقەمەنی. دیارە پێشتر، هەردوو لایەن یەکێتی و کۆماری ئیسلامی لەسەر جۆر و بڕەکەی رێککەوتبوون. منیش،کە زانیم ئەو ئەرکە زۆر گەورەو گرنگە،

بۆیە بڕیارمدا کەرتی چواری تیپی (٧٨)ی کارۆخ لە گەڵ خۆمدا ببەم، چونکە مەلا مەحمود فەرماندەی ئەو کەرتە بوو، زۆر برادەرم بوو، پیاوێکی ئیداری و دڵسۆز بوو، زۆر ئیشکەر بوو. زۆر جار بەخۆی گسکی لەبارەگا دەدا و هەمیشە بەخاوێنی رایدەگرت. بەمجۆرە ئەو بەردەوام دەیویست خزمەتی خەڵک بکات، نەک خەڵک خزمەتی بکەن. هەروەک، مەلا لەکەرتەکەیدا (٣٠) پێشمەرگەی یەکجار باشی هەبوو، لەهەمان کاتیشدا، زۆربەیان شارەزای بارلێنان و وڵاخداری بوون. لەبەرئەوە، لە پرۆسەی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی لە ئێرانەوە بۆ گوندی مەلەکانی سنووری مەڵبەندی سێ، کە نزیکەی شەش مانگی پێچوو، زۆر سەرکەوتوبوون. بەکورتی، لەو پرۆسە ئیدارییەدا، مەلا مەحمود رۆڵی سەرەکی گێڕا، چونکە هەردەم لەجوولە دابوو، هیچ دانەدەنیشت، هەر خەریکی ئیدارەدانی پرۆسەکەو کاروانچیان بوو. لە ئەنجامدا سەدان باری هێستر چەک و تەقەمەنیمان هێنایە کوردستان، کە لە بەرەنگاربوونەوەی شەڕی ئەنفالەکاندا سوودی زۆری لێوەرگیرا. لە کۆتاییدا، وتەیەکی فەرەنسی هەیە، دەڵێ: ناخۆشی پیاو دروست دەکات، بەختیش دڕندە دروست دەکات. ئیدی مەلا مەحمودیش، لە ناو گەرمەی رووداوە ناخۆشەکاندا گەورە بووبوو، بۆیە ئەو پیاوە تێکۆشەرەی لێ دەرچوبوو، سەد مخابن لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو. بەڵام ئەوەی جێی داخە، جۆری شەهید بونیشی هەر زۆر ناخۆش بوو، چونکە ئێستاشی لە گەڵدابێ، کەس نازانێ گۆڕەکەی لەکوێیە! هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو قارەمانە.

- ناوی تەواو: یەحیا مەحمود حەمەدەمین مەحمود
- ناسراو بە: مەلای مەحمودی
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٥١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی سەرکان، دۆڵی باڵەییان، پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: باڵەک
- ئاستی خوێندن: لەمەلایەتی خوێندویەتی لە وەسان
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی هاوسەری شەهید: هەمین ئەحمەد فەقێ رەسول
- ناوی منداڵەکانی شەهید: عەبدولڕەحمان
- لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری شۆڕشی کردووە ماوەی (٢) ساڵ لە سنووری دیلمان
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٦
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١-١٠-١٩٧٦
- ئۆرگان: سەرەتا لە مەفرەزە سەرەتاییەکان دواتر لەگەڵ تەشکیلاتی هەرێمەکان لە هەرێمی (٧) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ماوەیەک بەرپرسی (مەرجەبی چەک) بووە لە قاسمە رەش
- لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ ماوەی (٢) رۆژ زیندانی بووە لای بەرەی جود، بەڵام بە ئازایەتی خۆی خۆی ئازاد کردووە.
- ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە بەرپرسی بەندینخانەی مەڵبەندی (٣) کە ئەوکات لە وەرتێ بووە و کراوەتە فەرماندەی (مەفرەزە) لەگەڵ کاک کەمال خۆشناو.

- له کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٤) لە تیپی (٧٨)ی کارۆخ.
- له شەڕی قەیوان ماوەت برایەکی بەناوی (محەمەد) شەهید بووە.
- لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لەوانە: کارۆخ، گابرێز، قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، داستانی سەری ڕەش، چەکوش، سادر، داستانی کۆڕێ. چەندین داستان و نەبەردی تر کەناکرێ ئاماژەی پێ بکرێ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، قەندیل، لێدانی چەند رەبایەک لە رواندز، دۆڵی خانەقا)
- خولی مینی بینی بوو، خولی فریاگوزاری سەرەتای تەندروستی بینی بوو، شارەزایەکی باشی هەبوو لە تەداوی و ددان کێشان و دەرزی لێدان.
- بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە لە ڕاپەرین و رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە کەرکووکی قودسی کوردانەوە.
- لەدوای ڕاپەرین لێپرسراوی میحوەری شەقڵاوە بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ فەرماندەی بەتالیۆن بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ جێگری فەوجی عامیەی رواندز بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ بەرپرسی میحوەری پیرزین - هەولێر بووە لە لەشکری (٤) تا رۆژی شەهید بوونی.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٣١-٨-١٩٩٦
- شوێنی شەهید بوونی: هەولێر (بێ سەروشوێن بووە تاوەکو ئێستا)

## شەهید (مامۆستا ڕێبوار)

# یوسف تاهیر ئەحمەد داود



ئەو تەنها تەمەنی پێشمەرگایەتی (٣) ساڵ بوو، بەڵام بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێرو هەلاج ودابانی کردبوو، ئەو تەمەنی پێشمەرگایەتی تەنها (٣) ساڵ بوو، بەڵام دەیان چالاکی دەستەویەخەی ئەنجام داوە کەباس کردنیان وەک چیرۆک و ڕۆمان وایە.. لە ژیانی سێ ساڵ پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووەو هەلیکۆپتەرێکیشی خستۆتە خوارەوە ئەویش شەهید (یوسف تاهیر ئەحمەد) قوشاغلوی بوو. گرنگترینیان ئەو شەڕە بوو سێ هەلیکۆپتەر بۆ ماوەی سێ سەعات زیاتر لە شەڕێکی نابەرامبەرو دژوار لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت کە لەم شەڕە شەهید یوسف بەرگریەکی مەیدانی و قارەمانیەتیەکی وای تۆمار کرد (٣) هەلیکۆپتەر کە دەیانزانی بەسەختی برینداره‌و دەیان ویست بەدەستی بیگرن هەلیکۆپتەرێک ویستی دابەزێ و دووانەکەی تر چاودێریان دەکرد ڕێک لە نزیک (کەلی چرکنە)ی بەستی شەرغەوە. یوسفیش وتبووی تازە من هەر شەهید دەبم بەبرینداری جاسوسەی کلاشنکۆفەکەی ڕێک ئاراستەی جەستەی شوفێرەکە دەکات و پەنجەی لێدەدا کەکۆپتەرەکە کەوت و دوانەکەی تر مشەوەش بوون ئاگایان لە یوسف نامینێ بەهەر حاڵ کۆپتەرەکە لەکار کەوت وئەویش لەبەر مەشغولی ئەوان خۆی ڕزگار کرد..ناوبراو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو بەغیرەت بوو بۆیە هەر زوو کرایە فەرماندەی مەفرەزە.. بەڵام بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٥ـ٧ـ١٩٨٧ لەناوشاری هەولێر لە چالاکییەک شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەمرانەوە

- ناوی تەواو یوسف تاهیر ئەحمەد داود
- ناسراو بە: مامۆستا ڕێبوار
- ساڵی لەدایک بوون: ١٩٦٤
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قورشاغلو ـ ناحیەی قوشتەپە ـ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایان

- عەشیرەت: بندیان
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی ١٩٧٨
- دواتر پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) ١٩٧٩ کردووە.
- ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە (تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی تیپ)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێرو سەرکردایەتی لەوانە (شەڕی بەنەباوێ، شێراوە، عەوێنەو شێخ شەروان، زمارە، گردە رەشە، سێ گردکان، قەشقەو خورخور، سماقوڵی، داستانی رزگاری و قەیوان ماوەت، هەلاج و دابان، دەیان چالاکی ناوشاری هەولێر شەڕی دەستەویەکانی هەولێر زۆرن ناوبراو بەشداری تیا کردووە.
- لە ماوەی ٣ ساڵی ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (گوندی عاڵلا چەغەمیرە، گوندی سێبیران ئاغای کاخدر، لەناوشاری هەولێر، بەستی شەرغە)
- دواپلەی فەرماندەی مەفرەزە بووە
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٥-٧-١٩٨٧
- شوێنی شەهید بوون: شاری هەولێر - نزیک یاریگای نێودەوڵەتی هەولێر

شەهید (خارە یوسف)

# یوسف جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد



حزبی شەهیدان و ڕێبازی بەرخودان لە پێناو ڕزگاری خاک و فەراهەمی ئازادی ئینتماو هەستی نیشتمانی هەموو پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە شاخ تا تاکی کورد لەژێر زەبرو زەنگی بەعسییەکان ڕزگاری بێت، ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ ڕوح و هەستیان گیانفیدای کوردستان دەکرد هەرگیز سڵیان لەمەرگ و مردن نەدەکردەوە، هەربۆیە لەکاتی هێرش و گرتنی ڕەبیەو مۆڵگەکانی ڕژێم کوڕانی یەکێتی بەور ئاسا ڕووبەڕووی ئەوان دەبوونەوە. یەکێک لەو فەرماندە ئازاو چاونەترسانەی تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر شەهید خارە (یوسف جەمیل قەشقەیی) بوو. ئەو فەرماندەیەکی لێهاتوو ـ کارامە ـ دەست پاک ـ جوامێرو کۆمەڵایەتی ـ خاکی و خۆنەویست ـ تا بڵێی جەماوەری. لەڕووی ئەتەکێتی جل وبەرگەوە زۆر تایبەت مەندوو ڕێک پۆش بووە، واتە لەڕووی پاک و خاوێنی سیماو جلەکانیەوە دەتوانین بڵێین زۆر شاز بووە. ئەگەر باسی خانەوادەکەی بکەین شۆڕشگێڕو کوردپەروەر، دڵسۆزو هاوکار بۆ شۆڕش و کوردایەتی، شەهید خارە یوسف جگە لە خۆی برایەکی بەناوی (محەمەد جەمیل) کادیرێکی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو بەر دەستڕێژی گوللەکانی (ملازم محسین) کەوت لە شاری سلێمانی و شەهید بوو. بەڵام بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی فەرماندە خاکیەکەی دەشتی هەولێر خاڵە یوسف درێژ نەبوو لە ڕێکەوتی ٢٢ـ١٠ـ١٩٨٦ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە. درووود بۆ گیانت ئەی شەهیدی قارەمان و کوڕی ڕۆژی تەنگانە.

- ناوی تەواو: یوسف جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد
- ناسراوە بە: خارە یوسف
- تەمەن: ١٩٥٥
- شوێنی لە دایک بوون: گوندی قەشقە ـ ناحیەی قوشتەپە ـ قەزای بنەسڵاوە ـ پارێزگای هەولێر

ـ عەشیرەت: لەک
ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
ـ باری خێزانی: خێزاندار
ـ ناوی خێزان: ناهیدە مەحمود عەبدوڵڵا
ـ ناوی منداڵەکان: فێنک ـ ناسکە ـ پێشرەو ـ رێبین ـ غەمگین
ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٦
ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ٢٨ـ٩ـ١٩٨١
ـ سەرەتا لە قوەتی دەشتی هەولێرو دواتر تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی (٢) درێژەی بە خەبات داوە.
ـ ئەو شەڕانەی بەشداری تیاکردووە " شەڕەکانی هێزی پشتیوانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٢ـ شەڕەکانی بێتواتە ـ شەڕی قەیوان ماوەت ـ شەڕی مەلاک ئاغاو بناری قەرەچووغ ـ شەڕەکەی گوندی قەشقە لە ساڵی ١٩٨٥ـ شەڕی رەبیەکانی رێگای کۆیە، هەولێرـ شەڕەکانی رەبیەکانی هەولێر ـ کەرکووک، شەڕی قاتعی ئەبو جەعفەر مەنسوور ـ لێدانی بیرە نەوتیەکانی کەرکووک ـ شەڕی گوندی ئیلنجاغ ـ چەندین شەڕو داستان و نەبەردی تر لە سنووری مەڵبەندی ٣ی هەولێر.
ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندا بووە.
ـ دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی.
ـ ناوبراو زیندانی کراوە لە ئەبوغرێب حوکمی موئەبەدی بۆ دەرچووە، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە.
ـ دوا پلەی فەرماندەی کەرتی (٢) بووە لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.
ـ رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٢ـ١٠ـ ١٩٨٦
ـ شوێنی شەهید بوون: گوندی ئیلنجاغی دەشتی کۆیە

ـ ئەم نووسینە لە بەرواری ٢٠١٦/١١/٢٠ لە ژمارە (٧١٢٢) لە لاپەڕە (١٣)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایتەوە...

### شەهید (یوسف دەرگەڵەیی)

# یوسف حەمەد عەبدوڵڵا عومەر



شەهید یوسف دەرگەڵەیی پیاوێک تا سەر ئێسقان دەوڵەمەند لە وشەو زاراوەو پەرتووک، کادیرێک لێوان لێو لە زانست و زانیاری. کوڕە هەژارێکی هەولێر، بەڵام دەوڵەمەند لەبیرکردنەوەو هەستی نیشتمانی، رەهەندی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری شەهید یوسف دەرگەڵەیی هەگبەکەی پڕاو پڕ بوو لە تێگەیشتن. ئەو کەسێکی خاکی و سادەو مرۆڤ دۆست بوو، ئەو باوەڕی تەواوی بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و ئازادی ڕا دەربرین هەبوو، ناوبراو سڵی لە مردن و شەهید کردن نەدەکردەوە، چونکە گەڕەکی بوو میللەتەکەی دەبێ بەهۆشیاری و ئاستی بەرزی رۆشنبیریەوە بچنەبەرپەتی سێدارە تا نەیارو دوژمن بزانن گەلێک هەیە لەمافەکانی خۆش نابێت، بەدرێژایی تەمەنی شەهید یوسف خەباتی کردووەو زیندانی بووە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە. بۆ زیاتر زانیاری هەڤاڵ (فاروق جەمیل) وەزیری دادی پێشووی حکومەتی هەرێم و هاوڕێی شەهید وتی: ئاشانایەتیم لەگەڵ برای بەڕێزم شەهید یوسف دەرگەڵەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧ کە کۆلیژی (حقوقم) تەواو کرد لە زانکۆی بەغدا و گەڕانەوەم بۆ هەولێر بەحکومی ئەوەی لە سەرەتای لێک ترازانی باڵی (مەکتەبی سیاسی) لەمەلامستەفاوە من لەگەڵ ئەو باڵە کارم دەکرد. لەکاری رێکخراوەیی لێپرسراوی کۆلیژی حقوق بووم، کە کۆلیژم تەواو کردو گەڕامەوە هەولێر ئەبووایە لەسەرشارە خۆشەویستەکەی خۆم درێژە بەکاری رێکخراوەیی و حزبی بدەم. ئەوە بوو لە لێژنەی ناوچەی فەرمانبەران ناوچەی هەولێر دەستم بەکار کردوو شەهید (ئەحمەد ڕەشوانی) سەرپەرشتی دەکرد. پاش ماوەیەکی کورت کاک ئەحمەد ڕەشوانی لەلایەن (مەلاییەکانی) ئەوکاتە شەهیدکراو بڕیاردرا من لە شوێنی ئەو دابنێن وەکو ئەندامی ناوچەی هەولێر دەست بەکاربم، لێپرسراوی لێژنەی فەرمانبەرانم کەوتە ئەستۆ.ئەوەی لەبیرم مابێت ئەندامانی لێژنەکە شەهید یوسف دەرگەڵەیی و خوالێخۆشبوو محەمەد

حەسەن و بەڕێز محەمەد مەنگوری بوون. هەر هەفتەی جارێک کۆبوونەوەمان دەکرد لەماڵی ئەم بەڕێزانە، ئەوکاتە ئەم کارانە نەختێک سەخت بوو، چونکە (مەلاییەکان) ئەوکاتە هەوڵی کوشتن و ئازارو بەندی ئەوکەسانەیان دەدا جموجۆڵ و چالاکیان هەبوو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی لە هەولێر، ماوەی ساڵێک بەیەکەوە کارمان کردووە. تێبینیم لەسەر ئەم کەڵە پیاوە ئەوەیە: شەهید یوسف دەرگەڵەیی پیاوێکی زۆر بەرەوشت و بەڕێز بوو، کادیرێکی ڕۆشنبیرو ئەدیب دۆست بوو، لەکاری رێکخستنەکان کادیرێکی کەم وێنەبوو، پاراستنی نهێنییەکان لای زۆر پیرۆز بوو، لەکاتی کۆبوونەوەکان ئێمە زۆر گوێمان لە ئەو دەگرت، چونکە رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی زۆر بەسوود بوون وەکو ئەوەی ئەو بەرپرسمان بێت، چونکە ئاستی رۆشنبیری زۆر بەرز بوو. ئەو زیاتر لەناو مامۆستایان دەورێکی باڵای هەبوو، هەڵە نەبم لەو کۆنفرانسەی لەشاخ بەسترا بۆ یەکێتی مامۆستایان هەڵبژێردرا بە سکرتێری یەکێتی مامۆستایان. دوای تەواوبوونی گفتوگۆی بەغداو (ی.ن.ک) لە ساڵی ١٩٨٥ بە مەبەستی چوونم بۆشاخ لە بازگەی هەولێرو کۆیە دەستگیرکرام هەمان رۆژ یان دووەم رۆژ لەپاش من شەهید یوسف دەستگیرکرا. بەڵام بەداخەوە لە ژێر ئەشکەنجەو لێدان گیانی سپارد.. دەتوانم بڵێم من و شەهید یوسف دوای گفتوگۆی یەکێتی و بەغدا یەکەم وەجبە بووین دەستگیر کراین. روحی ئەوو تێکڕای شەهیدان شادو ئارام بێت...

- ناوی تەواو: یوسف حەمەد عەبدوڵڵا عومەر
- ناسراو بە: یوسف دەرگەڵەیی
- ساڵی لەدایک بوون: ١٠-٨-١٩٤٣
- شوێنی لەدلیک بوون: گەڕەکی قشڵەی هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان - بەشی وەرزش
- باری خێزانی: خێزاندار بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام داوە.
- ناوی هاوسەری شەهید: حەیات عەلی ئەلیاس
- ناوی منداڵەکانی شەهید: خەرمان، نەبەز، سروشت، شنە، رەگەز
- تەمەنی تەنها (٥) ساڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە.
- پاش مردنی باوکی ماڵیان دەگوازرێتەوە گوندی (دەرگەڵە)
- ژیان بۆ ئەم خانەوادە کورد پەروەرو دڵسۆزە سەخت و دژواردەبێ بەبێ باوک و بەخێوکەر.
- لە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)
- لەناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەبێتە کادیرێکی بەرچاوو دیارو گوێ لێراگیراو.
- لە ٥-٨-١٩٦١ یەکەم کۆبوونەوەی بەناوی لێژنەی رواندز دەبەستێ بڕیاری مانگرتن دەدەن لەدژی دەسەڵاتی میری لەهەمبەر هەندێ بڕیارو رێنمایی کە لە بەرژەوەندی توێژی هەژاران و قوتابیان نەبوو.
- لەمانگی ٣ی ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ (٢٠) هەڤاڵی تر دەستگیردەکرێ لە بەندینخانەی رواندز دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ناوشاری هەولێر.
- ناوبراو ئەندامی لێژنەی ناوچەی (پ.د.ک) بووە.
- لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی رواندز بووە.
- لەژیانی حزبی و رێکخراوەیدا چەندین پۆست و پایەی وەرگرتووەو خزمەتی زۆری تیا کردووە.
- لەشەوی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣ دەستەیەک لە پۆلیسی بەعس دەستگیریان کردووە لەسەر نووسین و

قسه کردن لەسەر بابەته نەتەوەییەکان.
- لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ ساڵی ١٩٦٩ کراوەتە ئەندامی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٧٠ (نەفی) کراوە بۆ پارێزگای رومادی بەهۆکاری ئەوەی جەلالی بووە.
- لە ٢١-١١-١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و باسی سجن و باسی ئەو رۆژگارەی ئەوکات دەکات،لەوێش واتە لەشاخ (٣) مانگ دەستگیری دەکەن لە (رایات) کەدەزانن لەسەر جەلالیەت گیراوە زۆر ناخەینێ شۆڕش شکست دێنێ
- پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ رژێمی بەعس (٢) مانگ بەندی دەکات
- شەهید یوسف چەندین بەرهەمی ناوازەی سیاسی و ئەدەبی هەیە، بەڵام یەکەم بەرهەمی لەژێر ناوی (دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە) چاپ کردووە.
- کتێبێکی هەیە لە ژێرناوی (هەولێر لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٦٩) دەزگای سەردەم بۆی چاپ کردووە.
- ناوبراو چەندین بەرهەمی لەدوای خۆی جێ هێشتووە.
لەسەرەتایی دەسپێکردنەوەی شۆڕش پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات.
- لە ساڵی ١٩٧٦ رۆڵێکی کارای لە پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان گێڕاو لەگەڵ هەریەک لە محەمەد مەلا حوسێن لە سلێمانی و عەبدولقادر مەلا عومەر لە کەرکوک و ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری بوون بۆ جێبەجێ کردنی کۆنگرەی مامۆستایان. لێژنەی ئامادەکار تا بەستنی کۆنفرانس لێپرسراوەتی سکرتاریەتیان پێ سپێردرا.
- دەرگەڵەیی هەم وەکو کادیرێکی هەڵکەوتوو پێشکەوتووی کۆمەڵەی رەنجدەران ئەسپی خۆی لە مەیدانەکە تاودا هەم وەکو هەڵسوڕاوێکی یەکێتی مامۆستایان لە کاری رێکخراوەیدا رەقم بوو.
- لە کۆنفرانسی یەکێتی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٨٠ کە لە ناوزەنگ بەسترا بە سکرتێری یەکێتی مامۆستایان هەڵبژێردرا.
- لە ساڵی ١٩٨٢ لە کۆنفرانسی دووەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئەوکات لە بالیسانی ناوچەی خۆشناوەتی بەسترا دوبارە شەهید یوسف بە سکرتێر هەڵبژێردرایەوە.
- ئەندامی کۆنفرانسی ساڵی ١٩٨٤ی یەکێتی بووە.
- بەهۆی ئەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی بێ سنوور بوو رژێم بەردەوام فۆکسی خستبووە سەرلە ٢٨-٥-١٩٨٥ مەفرەزەیەکی ئەمنی هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی و دەستگیری دەکەن هەر ئەم رۆژە لە ژێر ئەشکەنجە گیانی پیرۆزی دەگاتە کاروانی نەمران.
- لە کۆنفرانسی سێیەمی یەکێتی مامۆستایان وەک رێزلێنانێک بە سکرتێری فەخری هەڵبژێردرایەوە.
- رۆژو مانگ و ساڵی لە سێدارەدان: ٢٨-٥-١٩٨٥
- شوێنی لە سێدارەدان: دائیرەی ئەمنی هەولێر

## شەهید (هەورۆ حەسەن)

# یوسف حەسەن حوسێن حەمەدەمین



گەنجێکی رۆشنبیرو هزرکراوەی پێگەیشتوو تێگەیشتوو، لاوێک پێنووسەکەی لە وشەی جوان و تێڕوانینی نووکی پێنووسەکەی جگە لە خۆشەویستی بۆ خاک و خۆشەویستی بۆ رۆمانسیەت هیچی تری نەدەنووسی نەبادا نەشمیلە چاوڕەشە بەخاڵەکەی نیشتمان دڵی گەرد بگرێ، نەبادا هەورو بارانی ئەوێ رۆژێی ئاکۆیان لەسەر ئاسمانی رواندز بارانەکەی قەتیس بکات، بەڵێ لەوەسف و باسکردنی شەهید هەورۆ لە تەمەنێکی کورت لەچوارچێوەی پەروەردەیەکی تەندروست کەسایەتییەکی شەهم و رێزلێگیراوی بۆ خۆی نەخشاند بوو لەبەرامبەر ئەو هەموو رێزەی لە خەڵکەکەی دەگرت. لەماوەیەکی زوو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی گەشە پێ داو بووە ئازیزترین پێشمەرگە لە سنووری تیپی (١٢)ی سۆران بۆ زانیاری زیاتر هەڤاڵ (بێباک رواندزی) کارگێڕی مەڵبەندی شەشی سۆران وتی: شەهید (هەورۆ) لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر چاوی بەدنیا هەڵێناوەو پەروەردەو گۆش کراوە، شەهید هەر لەتافی لاویەتیدا لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی یەکێتی لە ژێر کاریگەری براگەورەکەی کاک (هەڵۆ حەسەن) کادیری کۆمەڵە بوو لە سنووری تیپی (١٢)ی سۆران، شەهید هەورۆ هەر زوو لەبەر دڵسۆزی و بزێوی لەکاری رێکخستن دەکەوێتە ژێرچاودێری رژێمی بەعسی فاشی، بۆیە شەهید بڕیار دەدا ببێتە پێشمەرگە لەتەک براگەورەکەی و خاڵەکانی لە تیپی (١٢)ی سۆران، شەهید لە ژیانی پێشمەرگایەتی دا زۆر جدی و دڵسۆزو ئەرکەکانی پێشمەرگایەتی مەیسەر دەکرد. ناوبراو هەر زوو تێکەڵ بوو بووە خۆشەویستی ناو هاوڕێیان و خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکە. شەهید هەورۆ لە رێکەوتی ٢-٨-١٩٩٥ لەبەرگری کردن لەشەرعیەت و سەروەری یاسا لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە کە ژمارەیان (٧) کەس بوون شەهید بوون گیانی خۆیان بەخت کرد، دیارە شەهید بوونی هەورۆ وەک هاوڕێ و کەسێکی زۆرنزیک لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان کەلێنێکی گەورە و برینێکی قووڵ و سارێژنەکراوبوو، یادیان بەخێرو کاروانیان بەردەوام.

- ناوی تەواو: یوسف حەسەن حوسێن حەمەدەمین
- ناسراو بە: هەورۆ حەسەن
- ساڵی لەدایک بوون: ١-٧-١٩٧١
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ئاکۆیان - قەزای رواندز - پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی
- باری خێزانی: خێزاندار، ساڵی ١٩٩٣ پرۆسەی هاوسەرگیری کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٣
- لایەنی سیاسی: یەکێتی نیشتمانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٧
- ئۆرگان: تیپی (١٢)ی سۆران کەرتی (٤)ی شەهیدان
- لە ساڵی ١٩٨٨ لەبەر دڵسۆزی و متمانەو لێهاتوویی کراوەتە (عەدەد جیهان)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەند چالاکییەکی پێشمەرگانەی کردووە وەک: شەڕەکانی کاتی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی ئاکۆیان، شەڕەکانی چەکوچ، سادر - شەڕەکانی راپەڕین و بەرگرییەکانی لە شاری رواندز.
- ناوبراو بەشداری لە راپەرین دەکات و رۆڵی کارای دەبێت لەسنووری چالاکی ئۆرگانەکەیدا.
- لە ساڵی ١٩٩٣ بۆتە ئەفسەری هەواڵگری فەوجی (سیدەکان) لەسنووری لیوای (٣٣)ی سۆرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٤کراوەتە ئەندامی ئیدارەی لەشکری رواندز.
- شەهید هەورۆ لاوێکی رۆشنبیرو قەلەم بەدەستێکی رەنگین و خاوەن دەیان هۆنراوەی بەپێزی خۆشەویستی و نیشتمانی بووە.
- رۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢-٨-١٩٩٥
- شوێنی شەهید بوون: رواندز

# شەهید (هەڵۆ)

# یوسف خدر سادق قادر



شەهید (یوسف خدر) ناسراوە "بە هەڵۆ" هەر لە تەمەنی هەرزەکاری جیاواز لە دەوروبەری تێڕوانین و مەنتقی بیرکردنەوەی بۆ کوردایەتی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش هەبوو.هەمیشە بۆچوونەکانی هەستی شۆڕشگێڕی و قارەمانیەتی لەناخی چەکەرەی دەکردوو هاوتەمەنەکانی هاندەدا بۆ ئەوەی ملکەچی بەعسییەکان نەبن.. هاورێ و هاوتەمەن و پێشمەرگەی دێرین هەڤاڵ (جەلال شێراوەیی) دەربارەی ناوبراو وتی: شەهید یوسف لە بنەماڵەیەکی دڵسۆزی کوردایەتی و دەروێشانەی ڕێبازی مام پەروەردە ببوو، بۆیە هەرلە سەرەتاوە وەک گەنجێکی چالاک دەرکەوت، ئەو دەستێکی باڵای هەبوو لە نەخشاندنی وێنەی جوان و هۆنینەوەی شیعری جوان، ئەو لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردبە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەرێمی ٨ی ئەوکات و نەهاتەوە تا ساڵی ١٩٨٢ بەفەرمانی شۆڕش هاتنە خوارەوە لەگەڵ شەهید (ئیسماعیل خۆشناو) بۆ ئەنجام دانی چالاکی... دوا نیوەڕۆی ٧-٤-١٩٨٢ شەهید یوسف داوای کرد بمبینێ منیش چووم یەکتریمان بینی باسی شۆڕش و بەرەو پێشچوونەکانی ڕێکخستنەکان و تەشکیلاتەکانی ئەوسای بۆ کردم.. بەڵام بەداخەوە دوای چەند سەعاتێک هەواڵیان پێ دام کە چەند چەکدارێک هاتوون شەهید یوسف و شەهید ئیسماعیلیان بردووە. دوای (٦) مانگ هەواڵی دۆزینەوەی تەرمەکانیان لەیەک گۆڕ لە نزیک سێقوچان هات و ئەمەش کارەساتێکی گەورە بوو لە خانەوادەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت.. ئەوەی بەیادگاری لەهزرم ماوەتەوە هی شەهید یوسف زۆر شتی جوان هەیە، بەڵام شیعرێکی بۆ خۆشەویستەکەی نوسیبوو کە دەڵێ: ڕووت بەرەو رووی گشت ڕووگەشێ، هەر ڕووتە ڕوو ڕووت ئەدرەوشێ، بەرەو ڕووت ڕەوا نییە بەچ ڕوویەک ڕوو ڕاوەستێ... هەزار دروود لەگیانت ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە..

- ناوی تەواو: یوسف خدر سادق قادر
- ناسراو بە: هەڵۆ

ـ ساڵی لە دایک بوون: ١ـ٧ـ١٩٥٨

ـ شوێنی لە دایک بوون: ناحیەی عەینزالە ـ پارێزگای موسڵ ـ بەڵام دوای (٢٥) ڕۆژ لەپاش لە دایک بوونی ماڵیان گەڕاوەتەوە گوندی شێراوەی سەربەناحیەی قوشتەپەی هەولێر.

ـ عەشیرەت: سارمەمی

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ باری خێزانی: سەڵت

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

ـ ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: مانگی (١١)ی ساڵی ١٩٨٠

ـ ئۆرگانی پێشمەرگایەتی: هەرێم (٨)ی هەولێر لای شەهید شاخەوان و شەهید ڕێباز

ـ لە ساڵی ١٩٨١ ڕەوانەی ئێران کراوە بۆ خولی سەربازی

ـ یەکەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە:

ـ ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٧/٨ـ٤ـ١٩٨٢ پێشمەرگەیەکی تری لەگەڵ بوو بەناوی (ئیسماعیل خدر خۆشناو) ئەویش شەهید کرا.

ـ شوێنی شەهید بوون: ڕێگای سەرەکی پردێ ـ گردە سۆر ـ دەکاتە پشتی گوندی سێقوچانی سەربەناحیەی قوشتەپە: پاش شەش مانگ جەنازەکەیان دۆزرایەوە و جەنازەی شەهید یوسف لە گۆڕستانی (پردێ سەید ئەحمەد) نێژرا.

## شەهید (یوسف بی کێسی)

# یوسف مەحمود وسو



بێگومان باڵەکایەتی و باڵەکییەکان لە رەورەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەتایبەتی رۆڵ و پێگەو جێ دەستیان هەمیشە دیار بووە. ئەوان لەدەستپێک و ساتە چارەنووسسازەکانی کوردایەتی بوونەتە جێگای دڵ خۆشی بۆ شۆڕش، ئەگەر فلاش باگێک بکەین بۆ مێژووی باڵەکییەکان دەبینین لەرووی جوگرافیەوە لانەو مەکۆی حەوانەوەی پێشمەرگە بووەو هەربۆیە لەهەموو قۆناغەکان زۆرترین پێشمەرگەیان هەبووە، یەکێک لەو پێشمەرگانەی بەجوانی گۆش و پەروەردە ببوو لەسەر رێبازەکەی مام شەهید (یوسف بی کێسی) بوو، ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو، گوێڕایەڵ و بەئەزموون بوو لەکاتی شەڕەکان. لەرووی کۆمەڵایەتی پێگەیەکی بەهێزی هەبوو چ لەناو هێزی پێشمەرگە، چ لەناو خزمانی باڵەک، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی نەخوزراو و داسەپیوو بەسەر هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٧-١١-١٩٩٧ گەیشتە کاروانی نەمرانەوە، روحت شاد و ئارامگەت ئارام ئەی هەڤاڵی یەکێتی.

- ناو: یوسف مەحمود وسو
- ناسراو: یوسف بی کێسی
- تەمەن: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی مێرگە، چۆمان
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- عەشیرەت: باڵەک
- باری خێزانی: خێزاندار
- ناوی منداڵەکان: سەنگەر، سەرباز، ئاواز، ئاوات

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٧٩
- شوێنی پێشمەرگایەتی: کەرتی (٧) هەرێمی (٧)
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دەڤەرەکەی کردووە.
- دووەمین شەهیدی بنەماڵەکەیانە
- دواپلەی لە دوای ڕاپەڕین فەرماندەی کەرت بووە.
- ساڵی شەهید بوون: ٧-١١-١٩٩٧
- شوێنی شەهید بوون: چیای سەفین

- ئەم نووسینە لەبەرواری ٢٠١٦/٨/١٨ لە ژمارە (٧٠٤٨) لە لاپەڕە (١١)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەتەوە...

شەهید (یونس جامی)

# یونس جامی جوکل ئیبراهیم فەندی



پێگەو رۆڵ و خەبات و بەرخودانی ناسرییەکان لە دەڤەری کەندێناوە تەنها مێژوو شایەدەو دەزانێ رۆڵەی ناسریەکان لە پێشمەرگایەتی و بەتایبەت لە قوربانی دان یەک گۆڕستان شەهیدیان هەیە... تەنها مێژوو دەزانێ دانیشتوانی گوندی ناسر چەند پەرۆشی پێشمەرگەو پەرۆشی شۆڕش و کوردایەتی بوونە. خەڵکی ئەم گوندە تێکۆشەرە بێ مجامەلەو پیاهەڵدان چ ئەوانەی لە رێکخستنی شار بوون چ ئەوانەی پێشمەرگە بوون لە شاخ بەعسی و جاشە خۆفرۆشەکانیان تووشی شۆک و تۆقین کردبوو، لە شار شەهید حەیدەر جوکل لە شاخ فەرماندە عومەر ناسرو هەڤاڵانی ئەمانە قەیسەریان لە دوژمن کردبووە کونە مشک. رۆژگارێک ناوهێنانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەکانی تەنها خەڵکی ئازاو دڵسۆزو کوردپەروەر وقارەمان دەیتوانی و جورئەت بکات باسی بکات، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆکە لەپاڵ ناوی شەهیدێکی یەکێتی ناوی جاش و بەعسیەک لە لیستی وەزارەتی شەهیدان دا یەک مووچەو یەک ئاست سەیردەکرێن. مادام باسی گوندی ناسرمان کرد لە کەندێناوە ناکرێ باسی شەهید (یونس جامی جوکل ئیبراهیم فەندی) نەکەین ناوبراو پێشمەرگەیەکی روح سووک وئازاو قارەمانی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ بووە. ئەو هەمیشە داکۆکی لەخەڵکی هەژارو چەوساوەکان کردووە، پێشمەرگەیەکی بە دیسپلین وخۆنەویست بووە، لەماوەیەکی کەمی تەمەنی پێشمەرگایەتی ئاشنایەتی لەگەڵ زۆربەی هەڤاڵانی پێشمەرگە پەیدا کردبوو. بەڵام بەداخەوە لەئەنجامی هەڵەیەکی تەکنیکی هاورێیەکی پێشمەرگەوەلە گوندی دۆرەزە شەهید بوو گەیشتە کاروانی نەپساوەی سەروەران. درووود لە گیانت کورە ئازاکەی گوندی ناسر.

- ناوی تەواو: یونس جامی جوکل ئیبراهیم فەندی
- ساڵی لە دایک بوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایک بوون: گوندی ناسر ـ ناحیەی دیبەگە ـ قەزای مەخموور ـ پارێزگای هەولێر
- عەشیرەت: دزەیی

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- باری خێزانی: سەڵت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٤
- سەرەتا لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی (تیپ)
- دواتر دەگوازرێتەوە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ - کەرتی (٤)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی چالاکی و نەبەردی و داستانەکانی سنووری تیپەکانی کردووە.
- جگە لە خۆی (٦)ـەمین شەهیدی خانەوادەکەیانە وەک (١- حەیدەر جوکل) مامی (٢- سەعید جوکل) مامی (٣- سەباح جوکل) برای (٤- شێرزاد ئیبراهیم) ئامۆزایی (٥- کارزان ڕەحمان)
- ڕۆژو مانگ و ساڵی شەهید بوون: ٢٦-٤- ١٩٨٦
- شوێنی شەهید بوون: گوندی دۆرەزە
- ناوبراو لەلایەن هاوڕێیەکی تری پێشمەرگە بەهەڵە شەهید کرا....

# نمونەیەک لەو لاپەڕانەی
# ڕۆژنـامەی کوردستانی نوێ
# کە وێنەی شەهیدانی هەولێری
# تێدا بڵاوکراوەتەوە


شەهیدێكی شوێن بزر
پێشمەرگەیەك بەتەنیا ڕووبەڕووی سوپای بەعس بۆوە
مەولودی ڕابەرسیاسی
دوای ١١ ساڵ
لەیادی چوار ساڵەی مەرگی پێشمەرگەیەكدا

سوارچاکی خەباتەکان

# لەیادی ٣٨ ساڵەی شەهیدبوونی حەمە غەفوور ئاغجەلەری دا



## لەیادی شەهید حەویز سەردێڵی



## شەهید زیاد گەزنەیی پارتیزانە دلێرەکە



## شەهیدی فەرماندە کەمال حەمەدەم





یەکێک لەسەرکردە بەشدارەکانی شۆڕشی نوێ

# شەهیدی فەرماندە ئەنوەری مەجید سوڵتان

شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان

## شەهیدی فەرماندەو پارتیزان هاشم شەماڵکی



## شەهید خەلیل و ڕووداوەکەی ناڵی پەرزووت

## شەهید مام مەولود

بیرەوەریی پێشمەرگە

## یەکێتی و ڕاگەیاندنەکەی لەپاش ٤٠ ساڵی دامەزراندنیدا

## مام عەلی شۆڕشگێڕان، کادرێک براو بڕ لەبوێری

# لە یادی لەسێدارەدانی شەهیدانی ڕێکخراوی سلێمانی-دا




# شەهیدان لەتیف عەباس و ملازم مەهدی






# چەند پەیڤێک لە عوزری مامۆستا ڕۆژگار-دا





## مەڵۆ بەرزە فرەکەی سەقین
# یادی ٢١ ساڵەی شەهیدبوونی فەرماندە گۆران عەتاڵابەیی



# شەهیدی فەرماندە موزەفەر حامید مەنتک






# گۆچی دوایی تێکۆشەری ئامراو وریا سەعاتچی

# خوێندکاری جوامێری ئیسماعیل ئاغجەلەری



# شەهید مەلا سڵێمان ئەمەڵێک لەخەبات و بەرخودان



# زامی جەستەی فەرماندەیەک




# لەچاڵی پێشمەرگەی دێرین خالە مستی هەرتەلی - دا





# هەڵۆکان نانیشنەوە











# شەهید عەبدوڵڵا نموونەی هەڵوێستەکان



## لەیادی ٢٨ ساڵەی شەهید عەبدولرەحماندا



### ئەوزانەی ئەمەکتی لەخاچەوە دەگەیاندە هێز

## شەهید رەزیز لەکتێبەکەیدا ڕۆڵی ئازاد عومەری نرخاندووە



## ئەو ڕۆژانەی بەکوردستانم بەخشین







# لەیادی ١٣ ساڵەی پۆلێک لەشەهیدانی دەستی تیرۆر

# ململانێ لەگەڵ مەرگدا

## شەهید شێخە
## نموونەی ئەفسەری ئازا



# لەیادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڕێکخراوی سلێمانی


# مەخموری، پەورەکەی شۆڕشی نوێ

لەدووەمین ساڵیادیدا

## عەقید سەروەت شەهیدی ڕێبازی مام

7

## بەیتێک بۆ شەهیدانی ١٧ی کانوون



## شەهیدانی پشدەر



## فەرماندەی ئاو شەهید دەشتی موهەندیس



## لەچلەی تێکۆشەرێکی دێریندا





لەیادی ٣٨ ساڵەی شەهیدبوونیدا

## ڕێبەرو سەرکردەی خوێندکاران

بەختیاری حەمە کوردستانی

## لەپێناو بەختیاریی گەلەکەیدا شەهید بوو

## شەهید شەریف حەمان لەهەڵوێستێکی چارەنووسسازدا

# لەیادی ٢٨ ساڵەی شەهیدبوونی ئەشەهیدارەکەی کۆیە



## فەرماندەیەکی لاو

# لە[١٨]ی مین ساڵیادی شەهیدبوونی هاوار هیرانی‌دا






## لەحزووری یادەوەریی شەهیدانی هەڵۆ مەزەدا

# شەهیدان فەرهاد ئیسماعیل و عەمرۆ عوسمان






## قادر خەبات سیمبولی خۆڕاگری

# لەدووەم ساڵیادی مەرگی هەڵۆکەی قەندیل-دا








## بۆ چلەی مەرگی بیلال کاوانی



# شەهید یاسین، خوێندکارەکەی ڕیزلێ مام







شەهید حەمە بڕنەو

شەهید جەمال غۆشغاو

لەچوارەم ساڵیادی شەهید ...دا

لەیادی ٣٢ ساڵەی شەهیدبوونی محەمەد ...دا

لەیادی شەهیدبوونی عەزیز سایرەدا




بۆ مەرگی پێشمەرگەیەکی پارتیزان
پێگەو بارەگاکانی سەرەتای شۆڕش لەبیرەوەریدا

## پەیامێک بۆ مەرگی هاوڕێم عەقید بەکر



[illegible]

# [illegible]



[illegible]







## ساڵیادی مەرگی کاکە نەهرۆ





# کەوتگەی سەربەرزی شەهیدانی ڕاپەڕین یادگاری شۆڕشی شەهیدان و شانی هەمو خزمەتیکن

## لەیادی سێ ساڵەی مەرگی تۆدا
## مامۆستا عەزیز، ئەزیز لەدڵی هەمووانداا



## لەبرکەکەی خاک بەشتوێن یادی کرا
## بۆ شەهید شەریف سوور



## لەساڵیادی شەهید کەمال تەرگەلیدا
## هەمیشە ئەستێرەیەک لەئاسمانی کەرکوکدا دەدرەوشێ



## شەهید خالید سێلۆچانی سالێکی تر لەبیر ناکەین



# چەند وێنەیەک لە
# شەهیدانی (ی.ن.ک) لە هەولێر



شەهید رەحمانی حاجی خدرو کۆمەڵێک پێشمەرگە



هەڤاڵ مام جەلال . شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری




**له راستەوە شەهید نەجات، سەعید پیرداود، شەفیق چاوشین، فاخیر صاڵح، شەهید پوشۆ. گوندی مورتکە ساڵی ١٩٨٤**



**لە ناویاندا شەهید ئەحمەد مستەفا، نەوشیروان موستەفا، کۆمەڵێک پێشمەرگە**



شەهید شەهریار، شەهید دکتۆر کاوە



لە ڕاستەوە: حسێن بندایزی، تحسین کاوانی، مولازم عومەر، سمایل وەرتی، سەعید حەمە زیاد، کاک کۆسرەت،
١٩٨٧.٤.٢٩ سەرکەوتنی داستانی رزگاری




**شەهید سەرداری سەعید سۆفی و بەختیار کاوانی**




**لەراستەوە بورهان سەعید سۆفی، شەهید ڕێباز، ئەحمەد خدر، ئازاد محەمەد،م. ئەبوزێد، ئەوەی دانیشتووە غەوسەیە.**



له راستەوە: مولازم کەمال و شەهید سەلام مەرزانی



لەڕاستەوە شەهید مەلا غەفور،شەهید عەلی ساڵح، شەهید سابیر رەسوڵ، راوەستاوەکە یاسین ڕەسول . تاران ساڵی ١٩٨١



شەهید زیاد شەقڵاوەیی . شەهید دلشادی حەمەد شەقڵاوەیی . ڕێباز بێرکۆتی . فریدون هورمزیار. ساڵی ١٩٨٧ هیران




لە ڕاستەوە، تۆفیق کانی وەتمان، شەهید ئازاد حەمە گەمحان،حەمید قالە دزەیی، شەهید جەعفەر گجیل




**شەهيد سەعدى گەرمکى و ژمارەیەک پێشمەرگە**



**لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەرین**




شەهید ڕێباز خەزنەیی و کۆمەڵێک پێشمەرگە



لە ڕاستەوە، کاوە کوێخا سادق، شەهید فوئادە گچکە،شەهید ئەکرەم، شەهید هیوا قەشقەیی ساڵی ١٩٨٣ بالیسان.



شەهید رێباز و مەفرەزەیەک پێشمەرگە



لەراستەوە  شەهید تەحسین کاوانی، شەهید حوسێن بندایزی، مام جەلال، مامۆستا بەکر، شەهید سمایل وەرتی، کەمال حاجی ئاغا



له راستەوە: فەرهاد کاوانی - شەهید ڕەشاد مراد



لەراستەو. شەهید شاهۆ عەبدوڵڵا.شەهید حەمید قادر .شەهید مستەفا ئەحمەد . هەرسێکیان خەڵکی گوندی گەرەوانن



شەهید رێباز . شەهید سابیر ڕەسوڵ . ئازاد عوسمان . حەسەن . بەکر مستەفا



لەچەپەوە بۆ ڕاست پیرداود، تارق، ئاوات، شەهید فاقە، بەکر گردەسۆری، شەهید جەوادە شێت، شەمسەدین، سەید کەمال جباری، زیرەک



کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەجوغ کەرتی ٧ی شەهید هاشم جیهاز



کۆچەر عەبدوڵلا . شەهید سالارە سور . ئازاد حەمید



شەهید یاسین موعەلیم . کەریمە ڕەش . بەکر گردەسۆری



کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ۹۱ی سەفین لەناویاندا بەکر ئەحمەد یەعقوب



شەهید وشیار و کۆمەڵێک پێشمەرگە



کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر




کۆمەڵێک کادیرو پێشمەرگە لەناویاندا شێخ چاپوک ۱۹۸۷.۷.۲۱ گوندی توتمێ



کۆمەڵێک پێشمەرگەی کەرتی سێ



شەهید فاقە مەخموری و کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگە



لەراستەوە . شەهید رێباز. مامۆستا موحسین . شەهید ئەحمەد خان



شەهید فەقی بورەیی، شەهید رەسوڵ



کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر لە دەڤەری بادینان - لەناویاندا سەباح مەنتک



شەهید ئیسماعیل مورتکەیی  و چەند پێشمەرگەیەک



لە ڕاستەوە: مامۆستا بەکر. کاکە عەبە . ئەرسلان بایز . مولازم خولە ناونگ ساڵی ١٩٨١



**شەهید زیادەی سێگردکان و کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر**



**شەهید حاجی ئەکرەم، شەهید مەلا برایم مەلا قەرە، ئومێد عیسا**



شەهیدان کەمالی حاجی ئاغا . قادر خەبات . عەبدولرەزاقی سەرکردە



شەهید محەمەد عوسمان . عومەر داروسەلامی . شێخ سەلاح دارسلامی - شەهید حسێن وەردی ساڵی ١٩٨٦ وەرتێ



شەهیدان لوقمان عەزیز و مامە قلەی برای



عەبدولواحید ئیدریس شەریف، شەهید سەردار



شەهیدان عومەر و شەهید مەولود



عەلی هەژار - کۆمەڵێک کادیر




شەهیدان فەقێ گۆمەشینی . فوادە گچکە . مەریوان . دەشتی مهندیس



شەهید عیزەدین دیبەگەیی، شەهید حاجی ئەکرەم، شەهید فوئاد قەشقە، (کاوە قەشقەیی بالیسان ١٩٨٣)



شەهیدان شاخەوان و خەسرەو دێدەوان



قاسم دزەیی، مولازم خولە، شەهید ڕێباز



شەهیدان عەبدورەزاق و ئازاد هەورامی



عەبدوڵڵا قەساب . سمایل وەرتی . رەسوی حاجی کوێخا



**شەهیدان دکتۆر رەشید . شێروان**




**قادر شێخانی . شەهید دارا گرد عازەبانی**




شەهیدان دڵشاد حەسەن و شەهید جەلال حاجی



قارەمان شینە ـ شەهید رەوەند



شەهیدان جەلالی حاجی گەلاڵی و شەهید کوێستانی



کەریم مەناف . مەلا برایم . حەیدەر مەنتک



شەهیدان تەحسین کاوانی . سۆران مەسیحی



قادر خەبات . شەهید مولازم سەید کەریم



شەهید عەبدولرەزاق و ژمارەیەک هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی . لەگەڵ مام جەلال




لەراستەوە شەهید قەندیل، دکتۆر هیوا، زرار جۆلا، کەماله درێژ، دلێره قووت، بەڵێن . ساڵی ١٩٨٥ . شوشان



کاک کۆسرەت - شەهید عەبدورەزاق - دوو هەڤاڵی تر



لەراستەوە شەهید مزەفەر حامید، شەهید سەرباز دووشیوانی، محەمەد مەولودی رەحمەتی، مستەفا مەنتک



شەهید ئاوارە، مستەفا، یونس بەکر، شینەی سکرتاریەت



کۆمەڵێک پێشمەرگە لەکاتی نان خواردن



شەهید یوسف دەرگەڵە و کۆمەڵێک هاورێ




کاک کۆسرەت . شەهیدان د.چیا . حەسەن کوێستانی





حەسەن عەوێنە، شەهید عومەر عەوێنە



سکتان سالی ١٩٨٨ شەهید پێشرەو رابەر سیاسی ٩٩ی بیتوێن ، بەکرەسوور




بارەگای تیپی ٨٣ی هەورێ بالیسان ١٩٨٢



پارتیزانەکانی هەولێر لەناویاندا بورهانی سەعید سۆفی - جەلال ئیلنجانی



شەهید حاجی نادر و کۆمەڵێک پێشمەرگە



١. شەهید خدر خورمەڵەیی ٢. فەرهاد کادیر ٣. شەهید شاخەوان عەباس ٤ . نەناسراوە ٥. شەهید مەریوان




له راستەوە .د.هیوا، کاک. ئەسعەد، د. ریبوار، کەریم حەسەن



لەراستەوە شەهید مزەفەر دووشیوانی، عەلی پۆریجە، کوێخا قادری بردبڕ



له راستەوه نەجمەدین خالید - شەهید عزیز سابیر



له راستەوه دلێر تەق تەقی، شەهید نەهرۆ قەسرۆکی




شەهید تەحسین کاوانی . کاک کۆسرەت



شەهید تەحسین کاوانی . مامۆستا تەحسین کەریم .
جەبار کاوانی ـ١٩٨١ بالیسان



شەهید برایمی حاجی کوێخاو کۆمەڵێک پێشمەرگە



شاهۆ مستەفا . شەهید خاڵە سیسۆ




پارتیزانەکانی ڕەتڵی دەشتی هەولێر



شەهید ڕێباز و شەهید خاڵە مامەند مەنتک



شەهید خاڵە سیسۆ ،شەهید پۆلا



شەهید حەیدەر و پێشمەرگەی دێرین سەعیدە سۆر



شەهید حاجی ئەکرەم، مەلابەختیار



شەهید جەوهەری ناسکە ـ نەوشێروان مستەفا



پێشمەرگەکانی سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر



پۆلێک لە پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی



تیپی ٨٧ قەرەچوغ ساڵی ١٩٨٦ لەراستەوە فەرهاد کادیر غەفور قۆریتانی شەهید سولە قۆریتانی



سابیر رەسوڵ و کۆمەڵێک پێشمەرگە




شەهید عەبدولرحمانی شێخانان، مەلا جەباری برایم باول، رەشاد گەڵاڵی، ساڵی ١٩٨٧ شێخ وەسانان



لەراستەوە: شەهید رێباز، شەهید سەرداری سەعید سۆفی، شەهید شاخەوان، فەیسەڵ عباس، لەتیف سووری باشتەپە




شەهید سمایل وەرتی و مامۆستا سەیفەدین



لەراستەوە شەهید کەمال مەسیفی،
سەعید مەسیفی




شەهید سەلام شیواشۆکی . مامە ریشە



شەهیدی سەرکردە عەبدولرەزاق - شەهید خاڵە سیسۆ



چالاک، فاتح مەلاقەرە، مەحمود، موسڵح، سەلاح




جەواد بەحرکەیی . شەهید عەقید دڵشاد . سابیر کاریتانی




ئەسوەد حەسەن . شەهید شەهریار . دلاوەر.



هەرێم کەمال ئاغا . شەهید دکتۆر هیوا



شەهید شەفیق برایم - چەند پێشمەرگەیەکی تر



شەهید شاخەوان عەباس و شەهید دلێری مەلاشینەی قەشقە



کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەولێر



شەهید عەریف ئەکرەم . سابیر بۆتانی



شەهید عەلی ئاوماڵی و شەهید عەلی ساڵح



ژمارەیەک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر



لای ڕاست خالد سدیق (هەژار)، کاوە محەمەد ئەمین، شەهید شیروان مەغدید ...



حەمە هێلەوە، شەهید حەیدۆ مخموری، سابیر کەرکوکی . مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٨ بالیسان گوندی سویریە



لای راست بورهان سەلام -وشیار حاجی قەلایی -ابوزید - شەهید خەلیل چاوڕەش -کاسکیت لەسەرەکە شەهید مەمەند شیوەجانی



شەهید هەورۆ حەسەن، هەلۆ حەسەن



شەهید هاشم جیهاز و مامۆستا خەتاب



شەهید مەناف و شەهید عومەر عەوێنە لەگەڵ کاک کۆسرەت



شەهید رەنجەو شەهید محەمەد شینە



**خالید ئەحمەدی ڕەحمەتی، شەهید سەرباز دووشیوانی، سەباح مەنتک**




**شەهید فواد قەشقەیی - کۆمەڵێک فەرماندە و پێشمەرگە**



شەهیدان سەربازگراوی . سەلاح دیلمانی



شەهیدان حاجی شێخ وەسانی و محەمەد بیکەیسی




شەهیدان جەوهەر و یاسین شێخ شێروانی



شەهید یاسین و یوسف شینە مەنتک



بارەگای پێشمەرگە - خانوێک ناوچەی (خەتی)ی بالیسان (شەقلاوە) لە هەشتاکان




خانەوادەیەک تێکڕا شەهید



**رەهبەری سەید برایم و کۆمەڵێک پێشمەرگە**



**شەهید فقێ گۆمەشین . هیدایەت ئیلنجاغی**




دەستەی تیپی ٩١ی سەفین ـ هیران



شەهیدان فوادە رەش و ساڵح هەنارەیی



شەهیدان سمایل وەرتی ـ حەسەن کوێستانی




لەراستەوە شەهید سمایل وەرتی، شەهید ڕێباز، هاورێ ستار مەخموری ١٩٨٢ وەرتێ



فەیسەڵ عەباس . شەهید مەجیدە سۆری نۆغەران




شەهیدی سەرکردە دکتۆر خالید و نوسەر خالید دلێر



شەهیدان هاشم شەمامکی . ڕێباز خەزنەیی




**رزگار هاودیانی، قادر خەبات، خەسرەو**



**رزگار هاشم دیبەگەیی، شەهید مەلا برایم، سەفین مەلاقەرە**



شەهید محەمەد بیکەیسی و هاورێکانی لە شەوی پێش ڕاپەڕین




کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەولێر لە بادینان



شەهید فاروق جەبار، فەیسەل . جوتیار



لەراستەوە، شەهید مستەفا، شەهید حەمەد بیکەیسی، عەلی ئاربێجی،رەسوڵ حەسەن، مەلا کۆدۆ، شەهید برایمی
حاجی کوێخا، دانیشتوو، ٧. شەهید رەسوڵ حاجی خدر



ساڵی ١٩٨٥ گوندی دالداغان..مامۆستا محەمەد، فەرهاد کادیر، مەلا برایم مەلاقەرە، ڕەشۆ مەخموری



شەهید حاجی نوری، دوو هەڤاڵی تر



ستافێک پێشمەرگە شەهیدان شاخەوان و ئیسماعیلی تیایە شینەی سکرتاریەت تیمار دەکەن بریندار بووە



١٩٨٣.٥.١١ گوندی وەرتێ، ئازاد سماقولی، سەید ئەحمەد، عومەر ئاغای جیهاز، شۆرش سەید مەجید، شەهید باقی شێروانی، سەعید پیرداودی،جەحفەر جاوشین ، فارس محەمەد سادق



شەهید فاروق جەبار و دکتۆر زریان و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر



لە چەپەوە ١. شۆرشی سەید مەجید ٢. کاک ئازادی سماقولی ٣. خوالێ خۆشبێت ٤. شەهید باقی شێروانی ٥. شێرزاد رەنجەرۆ ٦. کاک کاکەمین



شەهید تەحسین کاوانی و کۆمەڵێک پێشمەرگە



لە راستەوە: بەختیار کاوانی ، شەهید سەردار، ئەیوب



شەهید هیوای مەلا شینەو جەلال شوشە



ئازاد جوندیانی . خالە سەید مەجید . شەهید حەسەن کوێستانی



کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ٧٤ی باڵەک لەناویاندا دکتۆر رێبوار



هەژار کانیمارانی، بەکر مستەفا، شەهید سابیر رەسوڵ، مزەفەر چاوشین شەهید شیخ سلێمان دانیشتوەکان کاک، دلشاد رانیەیی شەهید م کاوە کەماڵ مەلەکی ١٩٨٠



شەهید کاردۆ گەلاڵی،چەند هاوڕێییەکی شەهید




هەڤال مام جەلال و ژمارەیەک پێشمەرگەی سەرەتایی



کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی ٧



هەڵۆ حەسەن، شەهید ووشیارە سوور



شەهید خالیدە رەش - هاوسەرەکەی سەروەر وەسمان



نەریمان ساڵەیی، شەهید خەبات، شەهید هاشم شەمامکی، کۆسرەت رەسوڵ، قارەمان شینە، شەهید فاروق، سوارە بێستانە، فەرهاد کادیر ١٩٨٩ . نۆکان




شەهید دکتۆر رەشید و کۆمەڵێک پێشمەرگەی دەشتی هەولێر گوندی بەلەبان



نەوشیروان مستەفا. کۆسرەت رەسوڵ . مولازم عومەر . شەهید سمایل وەرتی




عەزەی داودەی - شەهید رەحمان سەیدە- هەڤاڵ مام جەلال



مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ناویاندا کۆمەڵێک شەهید



ژمارەیەک پێشمەرگە لەناویاندا کۆسرەت رەسوڵ - نەوشیروان موستەفا - شەهید رەحمان سەیدە



مەفرەزەیەک پێشمەرگە کەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری



کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەولێر لەناویاندا شەهید فوئاد مشاری



لەڕاستەوە: شەهید حاکم شێرزاد، شەهید دیار ئاشگەیی، شەهید تەحسین کاوانی، شەهید شاخەوان عەباس، حاجی مەسیفی، لادێ شەقلاوەی، دانیشتوو سەعدی مزوری




فەتاح - عەبدوڵڵا، شەهید رەمزی، شەهید فوئاد مشاری،




ئەو چایخانەیەی لە سوریا بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ درا